گوڵاوی سەرمۆر

ژیننامەی پێغەمبەری مەزن

نووسینی: صفی الرحمن المبارکفوری

وەرگێڕانی: بکر حمە

تصویر ابو عبد الرحمن الكردي

منتدى اقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

گوڵاوی سەرمۆر

ژیننامەی پێغەمبەری مەزن

صلی اللّه علیه وسلم

نووسینی

صفی الرحمن المبارکفوری

وەرگێڕانی

بکرحمه صدیق عارف

مبارک فوری، صفی الرحمن، ۱۹۴۳-
Mubarak Puri, Safial - Rahman
گولاوی سەرمور / نووسینی صفی الرحمن المبارکفوری؛ وەرگیراتی بکرحمه صدیق عارف.ـ تهران: احسان، ۱۳۸۲.
۶۱۳ ص.
ISBN 964-356-150-X
فهرستنویسی براساس اطلاعات فیپا.
عنوان اصلی:الرحیق المختوم.
کتابنامه به صورت زیرنویس.
۱. محمد (ص)، پیامبر اسلام، ۵۳ قبل از هجرت - ۱۱ق.-- سرگذشتنامه. ۲. اسلام -- تاریخ -- از آغاز تا ۴۱ ق. الف. عارف، بکر محمد صدیق، مترجم، ب. عنوان. ج. عنوان: سیره رسول الله (الرحیق المختوم).
BP ۲۲/۹/م۲ر۳.۴۷ ۲۹۷/۹۳
۱۳۸۲
کتابخانه ملی ایران م۸۲-۴۰۰۴۵

نشر احسان
تاران ـ ناصر خسرو ـ تەلەفوون: ۳۹۰۲۷۵۰

ناوی کتێب : گوڵاوی سەرمۆر (ژیننامەی پێغەمبەری مەزن)
نووسینی : صفی الرحمن المبارکفوری
وەرگێرانی : بکرحمه صدیق عارف
بڵاوکار : نەشری ئیحسان
نۆرەی چاپی یەکەم : ۱۳۸۲ هـ ش ١٤٢٤ هـ ق ۲۰۰۳ م
تیراژ : ۳۰۰۰ دانە
ژمارەی نێونەتەوایەتی ٩٦٤-٣٥٦-١٥٠-X 964-356-150-X
قیمەت: ۳۵۰۰ تمەن

وتــەی بــەڕێز:

شـێـخ محمد علـی حــەرەكـان

ئــەمینداری گشتی ڕابیطـەی جیهــانی ئیسلامــی

سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان ، بەدیهێنـەری ئاسمانـەكان و زەمین ، دانـەری تاریكـایی و ڕۆشـنـاییەكان ، خـوای گـەورە سـلاوات بـدات لەسـەر سەروەرمان محمد ﷺ دوایینی هـەموو پێغەمبەران ، بەڕاسـتی مرۆڤگـەلی مژدەداو ئاگاداركردەوە ، بەڵێنیداو هەڕەشەكانی گەیانـد ، بەهۆی ئەوەوە خـوای گـەورە مرۆڤایەتی لە سەرلێشێواوی ڕزگاركرد ، هیدایەتیدان بۆ ڕێگـای ڕاسـت، ڕێگـای ئـەو پـەروەردگارەی كـە هەرچـی لـە ئاسمانـەكان و زەمیندایـە مـوڵكی ئـەوە ، بێگومان هەموو كارو كردەوەیەك بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە ، پاشان:

كەخوای گەورە تكاو پلەبەرزەكەی بەخشی بەموحەممەد ﷺ و ڕێنومایی موسڵمانانی كـرد بـۆ خۆشەویسـتی ئەوزاتـەو شـوێنكەوتنی كـرد بەبەشـێك لـە خۆشەویستی خۆی ، وەكو فەرموویەتی: ﴿ قُلْ إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ﴾ آل عمران/٣١.

واتە: ئەی موحەممەد ﷺ پێیان بڵێ: ئەگەر ئێوە خوای گەورەتان خـۆش دەوێت ئەوا شوێن من بكەون ، لەگوناهەكانتان خۆش دەبێت . ئەمـە یـەكێك بـوو لەو هۆیانەی دڵـەكانی تامـەزرۆی ئـەو خۆشەویستییە دەكرد ، دەستی دەگـرت بەو هۆیانەوە كەئەو پەیوەندیە بەهێزتر دەكات . هـەر لـە سـەرەتای ئیسـلامەوە موسڵمانان پێشبڕكێیان دەكرد بۆ دەرخستنی سیما جوانەكانی و بڵاوكردنەوەی سـیرەتی بۆنخۆشـی ، ئـەو سـیرەتەی كـە بریتـییـە لەوتـەو كـردەوەو ڕەوشـتە بەرزەكانی ، هەروەكو عائشەی هاوسەری ﵂ فەرموویـەتی: بەڕاسـتی ڕەوشـتی قورئـان بـوو، قورئـانیش پـەڕاوی خـوای گـەورەو وشـە تەواوەكانیـەتی ، كـێ بتوانێـت وەهابێـت بێگومـان دەبێتـە كـامڵترین و خۆشەویسـتترین كـەس لای بەندەكانی خوا.

موسڵمانان بەبەردەوامی وابەستەی ئەم خۆشەویستی‌یە بوون کە لەئاکامدا کۆنگرەی ئیسلامیی یەکەمی (سیرەتی پێغەمبەری ﷺ لە پاکستان ساڵی ١٣٩٦ کۆچی لێ هاتە کایەوە ، لەو کۆنگرەیەدا (رابطە) چەند خەڵاتێکی ماددی تەرخان کرد بەبڕی (١٥٠) هەزار ریاڵی سعودی بۆ باشترین (٥) باسی یەکەم سەبارەت بەسیرەتی پێغەمبەر ﷺ بەم مەرجانەی خوارەوە:

(١) باسەکە تێروتەواو بێت لەگەڵ ڕیزکردنی ڕووداوە مێژوویییەکان بەپێی ڕوودانیان.

(٢) باسێکی باش بێت و پێشتر بڵاونەکرابێتەوە.

(٣) لێکوڵەر ئاماژە بکات بەهەموو ئەو دەستنووس و سەرچاوە زانستیانەی کە لە باسەکەیدا پشتی پێ بەستون.

(٤) لێکوڵەر باسێکی تێروتەسەلی ژیانی خۆی بنووسێت و باس لە پلەوپایەو لێهاتنە زانستی‌یەکانی خۆی بکات و، ئەگەر هەیبوو ئاماژە بەنووسراوەکانی تری بکات.

(٥) باسەکەی بەنووسینێکی ڕوون بنووسێت و بەئاسانی فۆتۆ کۆپی بکرێت.

(٦) باسەکانی بەزمانی عەرەبی و زمانە زیندوەکانی تر وەربگێڕێت.

(٧) باسەکان لەسەرەتای مانگی ڕەبیعی دووەمی ساڵی (١٣٩٦)ی کۆچیەوە وەردەگیرێن و لەسەرەتای مانگی موحەڕڕەمی ساڵی (١٣٩٧) کۆچیدا کۆتاییان دێت.

(٨) باسەکە تەسلیم بەئەمینداریێتی گشتی ڕابیطەی جیهانی ئیسلامی دەکرێت لەزەرفێکی داخراوداو ئەمینداریێتی گشتی ژمارەیەکی یەك لە دوای یەکی تایبەتی بۆ دادەنێت.

(٩) باسەکان لەلایەن دەستەیەك لە زانایانی گەورەوە پێداچوونەوەی لەسەر دەکرێت.

ئەم ئاگادارینامەیە پاڵپێوەنەرێکی گەورەبوو بۆ ئەو زانایانەی کە خۆشەویستی خواو پێغەمبەر ﷺ لە دڵیاندا بوو بۆ ئەوەی پێشبڕکێ بکەن لەو

بوارەداو ، (رابطە)ش خۆی ئامادە کرد بۆ وەرگرتنی باسەکان بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی و ئۆردی و چەند زمانێکی تر.

هەندێك برای بەرێز باسەکانیان بەو زمانانە نارد ، ژمارەیان گەیشتە (١٧١) باس ، لەوانە:

(٨٤) باس بەزمانی عەرەبی، (٦٤) باس بەزمانی ئۆردی ، (٢١) باس بەزمانی ئینگلیزی ، تەنها یەك باس بەزمانی فەرەنسی و باسێکیش بەزمانی (هوسادی).

رابیطە هەستا بەپێکهێنانی لیژنەیەك لەگەورە زانایان بۆ لێکۆلینەوەی باسەکان و ڕێکخستنیان بەپێی شیاوبوونیان، بۆ سەرکەوتن و وەرگرتنی خەلاتەکە، ناوی سەرکەوتوەکانیش بەم شێوەیە بوو:

(١) وەرگری خەلاتی یەکەم (**شێخ صفی الرحمن المبارکفوری**) لەزانکۆی سەلەفی . هیندستان . بڕی خەلاتەکەی پەنجاهەزار ڕیاڵی سعودی بوو.

(٢) وەرگری خەلاتی دووەم (**دکتۆر مەجید عەلی خان**) لەزانکۆی ناوخۆیی ئیسلامیی نیودلهی . هیندستان . بڕی خەلاتەکەی چل هەزار ڕیاڵی سعودی بوو.

(٣) وەرگری خەلاتی سێهەم (**دکتۆر نەسیر ئەحمەد ناسر**) سەرۆکی زانکۆی ئیسلامی پاکستان ، بڕی خەلاتەکەی سی هەزار ڕیاڵی سعودی بوو.

(٤) وەرگری خەلاتی چوارەم ، (**پرۆفیسۆر حامید محمد مەنصور لیمود**) لەکۆماری میسری عەرەبی ، بڕی خەلاتەکەی بیست هەزار ڕیاڵی سعودی بوو.

(٥) وەرگری خەلاتی پێنجەم (**پرۆفیسۆر عبدالسلام هاشم حافز**) لە مەدینەی مونەوەرەی میرنشینی عەرەبی سعودی ، بڕی خەلاتەکەی دە هەزار ڕیاڵی سعودی بوو.

رابیطە لەکۆنگرەی ئاسیایی یەکەم لە شەعبانی ساڵی ١٣٩٨ کۆچی لە شاری کەراچی ناوی سەرکەوتوەکانی ئاشکرا کردو لەکاتی خۆیدا ناویان لە رۆژنامەکاندا بلاو کرایەوە.

بەو بۆنەیەوە ئەمینداریّتی گشتی رابیطە لە مەککەی موکەڕڕەمە ئاهەنگێکی گەورەی ساز کرد بە سەرپەرشتی خاوەن شکۆی مەلەکی ، (میر سعودی کوڕی عبدالمحسن کوڕی عەبدولعزیز) جێگری میرنشینی ناوچەی مەککەی موکەڕڕەمە ، لەجیاتی خاوەن شکۆ (میر فەوازی کوڕی عەبدولعەزیز) میری ناوچەی مەککەی موکەڕڕەمە .

بەڕێزیان هەستان بە دابەش کردنی خەڵاتەکان بەسەر خاوەنەکانیاندا لە ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی (١٢)ی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ١٣٩٩ کۆچی ، لەو ئاهەنگەدا ئەمینداریّتی گشتی ئاشکرای کرد کە هەڵدەستێت بەچاپ کردنی باسە سەرکەوتووەکان و بڵاوکردنەوەی بەچەند زمانێك ، بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە نۆبەرەی ئەو چاپە دەخەینە بەردەم خوێنەری بەڕێز بەچەند زمانێکی جیاواز ، ئەمەش باسەکەی (شێخ صفی الرحمان المومبارکفوری) یە، لە زانکۆی سەلەفی – هیندستان – کە پلەی یەکەمی وەدەست هێناوە ، دوای چاپی ئەم باسە ، باسەکانی تریش سەرەیان دێت .

لەخوا دەپاڕێینەوە بەڕەزامەندی خۆی هەموو کردەوەکانمان لێ وەربگرێت ، بەڕاستی خودا گەورەترین پشتیوان و فریادڕەسە ، دروود لەسەر گیانی پاکی پێغەمبەر ﷺ و ئال و بەیت و هاوەڵەکانی .

ووتـەی نـووسـەر

سوپاس بۆ ئەو خوایەی پێغەمبەرەکەی بەڕێنموویی و ئایینی ڕاستەقینە نـارد بـۆ ئـەوەی سـەروەربێت بەسـەر ئایینـەکانی تـرداو کـردی بەشـایەت و مژدەدەرو بێدارکەرەوەی خەڵك و بانگخوازی ڕێگـەی خـوداو چرای درەخشـان و سەرقافڵەی چاکەخوازی بۆ هـەموو ئەو کەسـانەی ئومێدیان بەڕەزامەنـدی خـواو ڕۆژی دوایی هەیەو زۆر یادی خوا دەکەن و کانیاوەکانی ڕەحمـەت و ڕەزامەنـدی خۆی بۆ دەرهێنان.

مایـەی خۆشحاڵی و خۆشنوودیە کە ڕابیگـەی جیهـانی ئیسـلامی دوای کۆنگرەی سیرەتی پێغەمبـەر ﷺ لەمانگی ڕەبیعـی یەکـەمی سـاڵی١٣٩٦ کۆچیدا لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی هەستا بەسازدانی ئەو پێشبڕکێیە بـۆ سیرەتی پێغەمبـەر ﷺ و بـە مەبەسـتی گورجکردنـەوەی نووسـەرەکان و ڕێکخسـتنەوەی چالاکی فیکریـان، مـن بەڕاستی بەبایـەخێکی زۆرەوە سـەیری دەکـەم ، لەوانەیـە زمان نەتوانێت وەسفی بەهاکەی بکات.

سـیرەتی پێغەمبـەر ﷺ و پێشـڕەوێتی ئـەو پێشـەوا مەزنـە ﷺ ، ئەگـەر بەووردی سەرنجی لـێ بدەین تـەنها تاکە سەرچاوەیە : کە کانیاوەکـانی ژیـانی موسـڵمانانێ جیهـانی ئیسـلامی لێـوە هەڵـدەقوڵێت و ئاسـوودەیی کۆمـەڵگای تێدایە.

ئـەوە مایـەی خۆشـحاڵی و خۆشـبەختیمە کەلـەم پێشـبڕکێ پـیرۆزەدا بەشـداری بکـەم ، بـەڵام مـن لەکوێـدام هـەتا بتـوانم تیشـك بخەمـە سـەر ژیـانی سـەروەری هـەموان ﷺ ، مـن پیـاوێکم ئاسـوودە دەبم کـە لـەو ڕووناکیـیـە وەردەگرم، هەتاکو لە تاریکستانی ئەنگوستە چاودا تێدانەچم و بەئوممەتی ئـەو بـژیم و لەئوممـەتی ئـەوبم ، کـە دەشمـرم خـوا لـە گوناهـەکانم خـۆش ببێـت بەشەفاعەتی ئەو بم بەخشێت.

ووتەیەکیش هەیە پێویستە بیڵێم سەبارەت بەبەرنامەی من لەم باسەدا " من پێش ئەوەی دەست بکەم نووسینی ئەم باسە پێم باشبوو کە لـە قەوارەیەکی

مامناوەندیدا بینووسم و خۆم لە درێژەپێدانی بێسوودو کورتکردنەوەی بێمانا دوور بخەمەوە . بەلاّم تێبینیم کرد ڕاجیاوازی زۆرهەیە لەنێوان سەرچاوەکاندا لەسەر ڕیزکردنی ڕووداوەکان ، یان لە وردو درشتی باسەکاندا ، لەو جێگایانەدا لێکۆڵینەوەی وردم کردوەو چاوم گێڕاوەتەوە بەهەموولایەکی باسەکەدا ، پاشان ڕای پەسەندم نووسیوەو خۆم پاراستووە و لەهێنانەوەی بەڵگەی زۆر ، چونکە دەبێتە هۆی درێژە پێدانێکی بێزارکەر ، بەڵێ!

لەهەرشوێنێکدا خوێنەر هەست بەنامۆیی باسەکە بکات بەڵگەم هێناوەتەوە ، یان بینیبێتم کە نووسەرانی تر ڕای جیاوازیان هەیە هەمان شتم کردووە.

خوایە لە دونیاو ئاخیرەتدا لەخێر بەشم بدە. تەنها تۆ بەڕەحم و بەبەزەییت ، خاوەن عەرشی مەجید هەرخۆتیت.

ڕۆژی هەینی ١٣٩٦/٧/٢٤ کۆچی

١٩٧٦/٧/٢٣ زایینی.

سەفی ڕەحمان ئەلموبارەکفوری

زانکۆی سەلەفی / هیندستان

جێگــەوتەی عــەرەب و تیرەکــانی

سیرەتی پێغەمبەر ﷺ لەڕاستیدا بریتییە: لەو پەیامەی پێغەمبەر ﷺ بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هێنای و لەتاریکییەوە بەرەو رووناکی ڕزگاری کردن ، لە کۆیلایەتی کردن بۆ مرۆڤ ، ڕزگاری کردن بەرەو عەبدایەتی کردن بۆ خوا ، کەواتە ناتوانین وێنەی ڕاستەقینەی بهێنینە پێش چاومان هەتاکو لەنێوان ڕۆژگاری پێشهاتنی پەیامەکەو دوای هاتنیدا بەراوردێك نەکەین ، بۆ ئەو مەبەستە بەشێك تەرخان دەکەین بۆ تیشك خستنەسەر تیرەکانیعەرەب و گۆڕانکاریەکانی ژیانیان لە پێش ئیسلامداو ئەو بارودۆخەی موحەممەدی تێدا کرا بەپێغەمبەر ﷺ.

شــوێنــی عـــەرەب

عەرەب لەزمانەوانیدا: بریتییە لە ساراو بیابان و ئەو دەشتە وشکەی هیچ ئاوێکی تێدانیەو ڕووەکی تێدا ناڕوێت. لەدێر زەمانەوە ئەو ناوە براوە بەسەر دورگەی عەرەبدا ، هەروەکو بەسەر خەڵکی ئەو ناوچەیەشدا براوە کە لەوێدا نیشتەجێ بوون.

دوورگەی عەرەب لە ڕۆژئاواوە دەریای سوورو نیمچە دورگەی سەیناء و لە ڕۆژهەڵاتەوە کەنداوی عەرەبی و بەشێکی زۆری باشووری عێراق و لە باشورەوە دەریای عەرەب و لە باکوورەوە وولاتی شام و بەشێك لە وولاتی عێراق دەورەیان داوە ، ڕووبەرەکەی لەنێوان یەك ملیۆن میلی چوارگۆشە هەتا ملیۆنێك و سێسەد هەزار میلی چوارگۆشە دەبێت.

دورگەی عەرەب گرنگیەکی تایبەتی هەیە بەتایبەتی لەڕووی جێگەوتەی سروشتی جوگرافیەوە" بەڵام لەناوەوە بەبیابانێکی لماوی چواردەوری دراوە ئەمەش بووەتە بەربەستێکی سروشتی سەخت و نەیهێڵاوە بێگانە داگیری بکات و بەئاسانی دەستی بەسەردا بگرێت ، بۆیە دەبینین لەمێژەوە خەڵکی دوورگەی عەرەب ئازادانە ژیانیان بەسەر بردوە، لەکاتێکدا کە لەدوولاوە دووئیمپراتۆریەتی گەورە لێیانەوە نزیك بوون ، ئەگەر ئەو بەربەستە سروشتییە نەبوایە هەرگیز نەیاندەتوانی بەرگە بگرن.

لەڕووی دەرەکیشەوە ، کەوتۆتە نێوان ئەوچەند کیشوەرە ناسراوەی دونیای ئەوساوە ، کە بەدەریایی و ووشکایی پێکەوە گرێی داون ، باکووری

دوورگـەی عـەرەب دەروازەی چـوونە ژوورەوەیـە بـۆ کیشـوەری ئـەفریقا، بـاکووری ڕۆژهەلاتیشی کلیلی دەروازەی ئەوروپایە، ڕۆژهەلاتی دەریای عەجەم و ڕۆژهـەلاتـی ناوەڕاسـت و دووری لێ دەکاتــەوەو بــەرەو هیندسـتان و وولاتــی چــین دەڕوات ، هەروەها لەڕێگەی دەریاوە بەهەموو کیشوەرەکانەوە بەستراوە، ڕاستەوخۆ کەشتـی ئەو کیشوەرانە دەتوانن لەبەندەرەکانی دوورگەی عەرەبیدا لەنگەر بگرن.

لەبەرئـەوە بـاکوورو باشـووری دورگەکـە لـەدێرەوە جێگەوتـەی گـەلان و سەنتەری ئالوویری بازرگانی و ڕۆشنبیری و ئایین و هونەرەکان بووە.

تــیرەکـانی عــەرەب

مێژوونووسان تیرەکانی عەرەبیان بەپێی بنەمالە کردوە بە سێ بەشەوە:

١ . **عەرەبی بائیدە (العرب البائدة)**: بریتین لەو عەرەبە کۆنانەی کە زانیاری ووردو تەواو لەبارەی ژیانیانەوە نازانرێت وەکو تیرەکانی (عاد) و (ثمود) و (طسم) و (جدیس) و (عملاق) و... هتد.

٢ . **عەرەبی عاربە (العرب العاربة)**: بـریتین لـەو تـیرە عەرەبانـە کـە لەپشتی (یعرب)ی کوڕی (یشجب)ی کوڕی (قحطان) کەوتوونەتەوەو بە عـەرەبی قەحطانی ناسراون.

٣ . **عــەرەبی موســتەعرەبە (العـرب المسـتعربة)**: ئەوتیرانـەن کـە لەپشـتی ئیسـماعیل کەوتونەتـەوە ـ خێـڵ و تـیرەی زۆریـان لێبۆتـەوە ، بەعـەرەبی عـەدنانی ناسراون ، عەرەبی عاریبەش ـ کە خێڵی قەحتانن ـ خـەڵکی ولاتـی یەمـەنن ، تـیرەو خێڵەکانیان پەرش و بلاو بونەتەوە ، تەنها دوانیان ناسراون :

أ ـ **حیمیــەر** : ئـەم لقانـە یـان نـاودارن (زەیـد) ، (جـەمهور) ، (قەزاعـە) ، (سەکاسك).

ب. **کــەهلان** ، بـەناوبانگترین لقـەکانی: (هەمـدان) ، (ئـەنمار) ، (طـیء) ، (مـذحج) ، (کنـدة) ، (لخـم) ، (جـذام) ، (ئـەزد) ، (ئـەوس) ، (خـەزرەج) ، لـە کـوڕانی (جفنە) میرەکانی شام .

لقەکانی (کەهلان) کۆچیان کرد بۆ یەمەن و لەدوورگەی عەرەبیدا بلاوەیان لێ کـرد ، کـۆچـی زۆربـەیان پـێش لافاوەکـە بـوو لەوکاتـەدا بـەهۆی فشـارو زەبـری ڕۆمەکانەوەو دەست بەسـەراگرتنیانەوە بەسـەر ڕێگا بازرگانیە دەریاییەکاندا هیچ بازرگانیەکی ئەمان سوودی نەبوو.

لەدواییشدا کێبڕکێی نێوان (کەهلان)و(حیمیەر) بووەهۆی ئەوەی (کەهلان) ناوچەکە بەجێبهێڵن و تەنها (حیمیەر) ی تێدا بمێنێتەوە.

دەتوانین کۆچکردوەکانی لقی (کەهلان) بکەین بە چوار بەشەوە:

١. ئوزد: ئەم کۆمەڵە لەسەر ڕای گەورەکەیان (عەمران)ی کوڕی (عەمر) ی (مزیقباء) کۆچیان کردوە بۆ وولاتی (یەمەن)و لەوێ بەخەڵکانی تر گەیشتوون ، پاشان بەرەو باکور هەڵکشاون ، ئەمەش ناوی ئەو شوێنانەیە کە لەدوا ئارامگەیاندا نیشتەجێ بوون .

(ثعلبة)ی کوڕی (عەمر) بەرەو حیجاز لای داوە ، لەنێوان (ثعلبیة) و (ذیقار) دا کۆچ و باری خستووە ، کە کوڕەکەی گەورەبوو دەسەلاتی پەیداکرد ، بەرەو مەدینە کەوتە ڕێ ، لەوێ نیشتەجێ بوون و کردیان بەشوێنی خۆیان ، (ئەوس) و (خەزرەج) هەردوکیان کوڕی (حارثة)ی کوڕی (ثعلبة)ن و لەم خێڵەن.

(حارثة)ی کوڕی (عەمر) کە (خزاعە)ییەو کوڕانی لەناوچەی حیجازە ، لەناوچەی (مر الظهران) دابەزیون ، پاشان هاتن (حەرەم)یان کردەوەو لە (مەککە) دا نیشتەجێ بوون (جەرهەمی)یەکانیان لێ دەرکردن.

(عمران)ی کوڕی (عەمر) لە (عومان) دابەزین ، خۆی و کوڕەکانی لەوێ نیشتەجێ بوون ، بە(أزد)ی (شنوءة) ناسران.

(جفنە)ی کوڕی (عەمر) بەرەو شام کەوتەڕێ، خۆی و کوڕەکانی لەوێ هەواریان هەڵداو مانەوە. ئەم کابرایە باوکی میری (غەسانی) یەکانە ، ئەم ناوە ، لە بنەڕەتدا ناوی ئاوێکە لە حیجاز ناسراوە بە (غسان) ، پێش ئەوەی بەرەو شام بکەونە ڕێ لە سەرەتادا لەوێ دابەزیون و ئەو ناوەیان بەسەردا بڕاوە.

٢ . (لخم) و (جذام): (نصر)ی کوڕی (ربیعە) بابە گەورەی مەلیکەکانی (مناذرة) و (حیرة) لەماندا هەڵکەوتووە.

٣ . خێڵی (طیء): لەدوای کۆچ وڕەوی (ئوزد) بەرەو باکوور، ئەمانیش کەوتنەڕێ لەهەردوو شاخی (أجا) و (سلمی) هەواریان خست ، هەتا دوو شاخەکە ناویاننرا (طیء).

٤ . (کندە): ئەمان لە (بحرین) دابەزین ، پاشان بەناچاری ڕۆشتن بۆ (حضر موت) لەوێش ئۆقرەیان نەگرت ، چوونە (نجد)، لەوێ حکومەتیان پێکەوەنا ، بەلاّم پاشان ڕووخا.

تیرەیەکی تر هەیە لە (حیمیەر) هەرچەندە ڕاجیایی هەیە لە بنەچەیاندا. لە ڕەگ و ڕیشەدا (قضاعة)یین، ئەمانیش یەمەنیان بەجێهێشت، لەدەشتی (سەماوە)ی عێراق نیشتەجێ بوون.[1]

بەلاّم عەرەبی (مستعربە) باپیرە گەورەیان، سەروەرمان ئیبراهیمە ﷺ کە خەڵکی عێراقە، خەڵکی شوێنێکە بەناوی (ئور) دەکەوێتە کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری فورات، لەنزیك کوفە، پشکنین و هەڵکۆڵین و لێکۆڵینەوەی شوێنەوارناسەکان زانیارییەکی زۆرفراوانیان دەرخستووە لەبارەی ئەم شوێنەو بنەماڵەی ئیبراهیم ﷺ و بارودۆخی ئایینی و کۆمەلاّیەتی لەو وولاّتەدا[2].

وەك زانراوە، ئیبراهیم ﷺ لەوێوە کۆچی کردوە بۆ(حەران) و لەوێشەوە بۆ (فەلەستین)، ئەو شوێنەی کردە بنکەی بانگەوازەکەی و گەشتی بەهەر چوارلادا دەکرد[3]، جارێکیان چووە (میصر) لەوکاتەدا (فیرعەون)ی میصر ویستی دەست درێژی بکاتە سەر (سارە)ی خێزانی، بەلاّم خوای گەورە پاراستی، (فیرعەون) زانی کە (سارە) پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ خوادا هەیە، وەکو ڕێزێك بۆ ئەو، هاجەرەی کچی خۆی کردە کارەکەری[4]، (سارە) خانیش خواستی بۆ (ئیبراهیم) ﷺ[5].

ئیبراهیم ﷺ گەڕایەوە بۆ فەلەستین، لە (هاجەرە) ئیسماعیلی بوو، ئەوجا (سارە) غیرە گرتی، بۆیە (ئیبراهیم)، (هاجەر)و کوڕەکەی دورخستەوە بۆ حجازو لە شیوێکی بێ ئاوی بێکشتوکاڵی نزیك کەعبەدا نیشتەجێی کردن، ئەو کاتە ئەو شوێنە تەپۆلکەیەکی ڕووت بوو سێلاّوی باراناو لە هەردوولاوە لێی کەندڕ دەکرد، هەردووکیانی لەلای سەرووی مزگەوتەکەوە لەسەر زەمزەم دانا، لەو ڕۆژەدا (مەککە) کەسی تێدا نەبوو، شوێنێکی ووشکی بێ ئاو، ئیبراهیم پریاسکەیەك خورماو جەوەنەیەك ئاوی لەلا دانان و خۆی گەڕایەوە بۆ فەلەستین، چەند ڕۆژێك

---

1 / بۆ ئەم مەبەستە سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە (محاضرات تاریخ الأمم الإسلامیة) نووسینی (خضری بەگ) ١/١١-١٢، (جەرگەی دوورگـەی عـەرەب) لاپەڕە (٢٢١-٢٢٥). چاوگە مێژوویـیەکان سەبارەت بەکات و شوێنی کۆچ کردنـی ئـەم تیرانـە ڕاجیاوازی زۆریـان هەیـە ئێمـەش پـاش ڕامـان و هەڵسـەنگاندنی ڕایـەکان، ئـەوەمان پەسەندکرد کە بەڵگەی بەهێز پشتیوانی لێ دەکات

2 / سەرچاوە (تفهیم القرآن) نووسـنیی (ئەبوئـەعلای مـەودودی) ١/٥٥٣/ ، ٥٥٤- ٥٥٥- ٥٥٦ (هەنـدێك لـە سەرچاوە مێژووییەکان دەڵێن (إبراهیم . ع . کوردەو خەڵکی ناوچەی نەینەوای عێراقە . وەرگێڕ)

3 / هەمان سەرچاوە (١/١٠٨) .

4 / ئەوەی دەزانرێت، هاجەر ژنەکۆیلە بووە، بەلاّم زانای گەورە قازی محمد سلێمان مەنصورفوری لێکۆڵینەیەکی لەو مەسەلەیەدا کردووەو دەڵێت (هاجەر) ژنێکی ئازاد بووەو کچی فیرعەون بووە . سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە (رحمە للعالمین ٢/٣٦-٣٧)...

5 / هەمان سەرچاوە ٢/٣٤، بۆ ماناى دووروودرێژی بەسەرهاتەکە سەیری (صحیح البخاری ١ ٤٧٤ بکە)

گوزەری کردو تویشوی ژن و منالەکە تەواو بوو ، لەویدا بەفەزلی خواوە ئاوی زەمزەم تەقی و بوو بەقووتێکی ڕۆژانەیان تاماوەیەکی تر بڕی پێکردن ، ئەو بەسەرهاتەش باسی لێوە کراوە بەدرێژی[1].

پاشان خێلێکی یەمانی هاتن کە (جورهم)ی دووەم بوون ، پاش وەرگرتنی مۆڵەت لەدایکی ئیسماعیل لە مەککە نیشتەجێ بوون ، دەڵێن : ئەوانە پێش ئەو دەمە لەشیوو دۆڵەکانی دەوروبەری مەککەدا بوون ، ڕیوایەتەکەی (بوخاری) ڕاشکاوانە دەڵێ : ئەم خێڵە دوای (ئیسماعیل) هاتوونەتە مەککەو پێش ئەوەی ببێتە لاو ، بەڵام هاتوچۆی شیوەکەیان کردوە[2].

ئیبراهیم چەند جارێك سەردانی مەککەی دەکرد تا هەواڵی (هاجەر)و کوڕەکەی بزانێت ، وە لێ نازانرێت ژمارەی هاتوچۆکانی چەند بوون . ڕیوایەتە مێژووییەکان دەڵێن : چوارجار بووە.

خوای گەورە لە قورئاندا باسی ئەوە دەکات کە لەخەودا پیشانی ئیبراهیمی داوە دەبێت ئیسماعیلی کوڕی سەرببڕێت . ئیبراهیم ﷺ لەخۆ بوردوانە هەستا بەجێبەجێ کردنی فەرمانەکەی خوا ﴿ فَلَمَّا أَسْلَمَا وَتَلَّهُ لِلْجَبِينِ {١٠٣} وَنَادَيْنَاهُ أَنْ يَا إِبْرَاهِيمُ {١٠٤} قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ {١٠٥} إِنَّ هَذَا لَهُوَ الْبَلَاء الْمُبِينُ {١٠٦} وَفَدَيْنَاهُ بِذِبْحٍ عَظِيمٍ {١٠٧}﴾ الصافات .

لە (سفر التكوين)دا هاتووە: ئیسماعیل سیانزە ساڵ لە ئیسحاق گەورەتر بووە ، ڕەوتی چیرۆکەکەش واپیشان دەدات ، ئەم ڕووداوە پێش لەدایك بوونی (ئیسحاق) بووبێت ، چونکە مژدەدان بە لەدایك بوونی (ئیسحاق) بەدوای چیرۆکەکە هاتووە.

ئەم بەسەرهاتە بەلایەنی کەمەوە باسی یەك گەشت دەکات . پێش ئەوەی ئیسماعیل ببێتە لاو، بەڵام گەشتەکانی تر، (بوخاری) بەدوورو درێژی لە (ابن عباس)ە وە[3] دەیگێڕێتەوە ، کورتەکەی ئەمەیە ، کاتێك ئیسماعیل پێگەیشت و لە (جرهم)ە وە فێری عەرەبی بوو، خۆشیانویست و ژنیان دایە . پاشان دایکی وەفاتی کرد ، ئیبراهیم هەستی کرد کەدەبێت سەر بداتەوە لە ئیسماعیل بەتایبەتی

---

[1] سەیری (صحيح البخاری) بکە (كتاب الانبياء ١ ٤٧٤ ٤٧٥)
[2] ، هەمان سەرچاوە
[3] (ج) ١ ٤٧٥ . ٤٧٦

پاش ژنهێنانی ، کە سەری دایەوە ئیسماعیل لەماڵەوە نەبوو، ژنەکەی دەرگای لێ کردەوە پرسیاری ژیانی لێ کردن ، ژنەکە زۆر سکاڵای کردو وتی: ژیانمان تاڵەو کەم دەستین ، ئەنجا ئیبراهیم وەسیەتی کرد بۆ ئیسماعیل: کە لاشیپانی دەرگای ماڵەکەی بگۆڕێت ، کە ئیسماعیل هاتەوە لەقسەکەی باوکی حاڵی بوو ژنەکەی تەڵاق داو ژنێکی تری هێنا کچی (مضاض)ی کوڕی (عەمر) بوو، گەورەو سەرداری (جرهم)ە[1].

دوای ئەم ژنهێنانەش جارێکیتر ئیبراهیم سەری دایەوە ، ئەمجارەش ئیسماعیلی نەبینیەوە ، پرسیاری حاڵی ماڵەکەی لە ژنەکەی کرد ، ئەویش زۆر وەسف و سەنای کردو ڕازی بوو ، ئیبراهیم وەسیەتی کرد بۆ ئیسماعیل کە لاشیپانی دەرگاکەی قایم بکات و نەیگۆڕێت .

جاری سێیەم کەهاتەوە ئیسماعیلی بینی لەژێر خێوەتەکەیدا خەریکی دروست کردنی تیربوو لەنزیك ئاوی زەمزەمەوە ، کەبینی خێرا لەبەری هەستاو بەئەرکی باوك و کوڕایەتی هەستا، ئەم بەیەکگەیشتنەیان دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی درێژ بوو، کەم باوك هەیە بتوانێت ئەوەندە ئارام بگرێت لەسەر نەبینینی ڕۆڵەکەی ، ڕۆڵەیەکی چاکی هۆشیارو ژیر، هەرلەو ماوەیەدا پێکەوە کابەیان بنیاتنا ، پاشان بانگی خەڵکی کرد بۆ حەجی ماڵی خوا بەو شێوەیەی خوای گەورە فەرمانی پێ دابوو.

لە کچەکەی (مضاض) خوای گەورە دوانزە کوڕی بە ئیسماعیل بەخشی[2] کە بریتی بوون لە :

(نابت یان أبنالوط ، قیدار ، ئەدبائیل ، مبشام ، مشماع ، دوما ، میشا ، حدد، یتما ، یطور ، نفیس ، قیدمان) لەو دوانزە کوڕە ، دوانزە خێڵی گەورە دروست بوو ، هەموویان لەمەککەدا نیشتەجێ بوون ، بۆ ماوەیەك ، ژیانیان لەسەر بازرگانی بەڕێوە دەچوو، لەیەمەنەوە بۆ شام و میصر، پاشان ئەم خێڵانە بڵاوبوونەوە بەهەموو شوێنێکی دوورگەی عەرەبداو هەندێکیشیان لێچووە دەرەوەی دورگە ، پاشان نەبەتیەکان جگە لە ڕۆڵەکانی (نابت) و(قیدار) ئەوانی دیکە هەواڵیان نەما.

---

[1] / قلب جزيرة العرب ص ٢٣٠

[2] / هەمان سەرچاوەی پێشوو

شارستانێتی نەبەتیەکان لەباکوری حیجاز دەرکەوت ، دەسەلاتێکی بەهێزیان دروست کردو دەوروبەر سەریان بۆ نەوی کردن ، (بطراء) یان کردە پایتەختی خۆیان ، هەتا هاتنی رۆمەکان کەس نەیتوانی رووبەڕوویان بوەستێت ، کە ڕۆمەکان هاتن دەوڵەتەکەیان لەناو بردن .

مامۆستا (سليمان الندوى) پاش لێکۆڵینەوەیەکی وورد دەڵێت: مەلیکەکانی غەسان و ئەنصاریەکانی ئەوس و خەزرەج لە (آل قحطان) نین. بەڵکو لەکوڕانی (نابت) کوڕی (ئیسماعیل)ن ، ئەوەش نەوەی ئەوانە لەناوچەکەدا ماوەتەوە[1] .

بەلاّم (قیدار)ی کوڕی (ئیسماعیل) ، کوڕەکانی لە مەککەدا مانەوەو وەچەی تریان لێکەوتەوە هەتا سەر (عدنان) بیست و یەکەمین باپیرەی زنجیرەی پشتاو پشتی پێغەمبەرە ﷺ .

دەگێڕنەوە لەپێغەمبەر ﷺ کەباسی ڕەچەڵەکی خۆی دەکرد هەتا دەگەیشتە (عدنان) نەدەوەستا ، کە دەگەیشتە عەدنان ، دەوەستا دەیفەرموو خزمناسەکان بەهەڵەدا چوون[2] ، هەندێك لە زانایان لەگەڵ ئەوەدان کە دەکرێت نەسەبی پێغەمبەر ﷺ لە پێش عەدنانیشەوە بێت بۆیە ئەو باسەی پێشەوە بەلاواز دەزانن و دەڵێن: لەنێوان (عەدنان) و (ئیبراهیم) دا عليه السلام بەڕاست و دروستی چل باوك هەیە[3] .

بەشەکانی (معد) لە (نزار)ە وە بوون بە چەند لقێکەوە ، وتراوە (معد) کوڕی تری نەبووە ، (نزار)یش چوار کوڕی بووە ، چوارخێڵی گەورەیان لێکەوتۆتەوە: (إياد) و (انمار) و (ربيعه) و (مضر) ، ئەم دوانەی دواوەیان لق و پۆپی زۆریان لێ بوەتەوە ، لە (ربيعه) ئەم لقانە کەوتووەتەوە :

(اسد بن ربيعه) و (عنزه) و (عبد القيس) و هەردوو کوڕەکەی (وائل و بكر) ، (تغلب) و (حنيفه) و هتد .

تیرەکانی (مضر) بوون بەدوو بەشی گەورەوە:

(قيس عيلان بن مضر) ، بەشەکانی (إلياس بن مضر) ،

لە قەیسی عیلان : (بنو سليم) و (بنو زهران) و (بنو غطفان) و ، لە (غطفان) یش ، (عبس) و (ذبيان) و(أشجع) و (غنى) و کوڕی (أعصر) کەوتنەوە.

---

1 / تاريخ ارض القرآن ٢ ٧٨ ٨٦

2 الطبري ج ٢ ١٩١-١٩٤ الأعلام ٥ ٦

3 رحمة للعالمين ح ٢ ٧ ،١٧ ١٦،١٥،١٤،٨

له (إلياس)ی کوڕی (مضر) : (تميم بن مره) و (هذيل بن مدركة) و (بنو أسد) و بەشەکانی (كنانه بن خزيمه) و له (كنانه)ش (قريش) که کوڕەکانی فەهری کوڕی (مالك)ن کەوتنەوە.

(قريش) بوون بەچەند تیرەیەکی جیاجیا بەناوبانگترینیان:

(جمح) و (سهم) و (عدی) و (مخزوم) و (تيم) و (زهره) و بەشەکانی (قصی بن كلاب) و (عبدالدار بن قصی) و (أسد بن عبدالعزى) و (عبد مناف بن قصی).

(عبد مناف) چوار لقی لێ بوەوە : (عبد شمس) و (نوفل) و (المطلب) و (هاشم) ، پێغەمبەرمان ﷺ له بنەماڵەی (هاشم)ە[1].

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (خوای گەورە لە ڕۆڵەی ئیبراهیم ئیسماعیلی هەڵبژارد ، لە ڕۆڵەی ئیسماعیل (کنانە)ی هەڵبژارد ، لە ڕۆڵەکانی کنانە قوڕەیشی هەڵبژارد، لەقوڕەیش بەنوهاشمی هەڵبژارد. منیشی له (بنو هاشم) دا هەڵبژارد[2].

هەروەها له (العباس بن عبد المطلب)ە وە دەڵێت:

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ((خوای گەورە هەموو مەخلوقاتی دروست کرد ، منی لەباشترینیاندا داناو لەباشترینی هەردوو تاقمەکەشدا هەڵی بژاردم ، پاشان هۆزەکانی دەستەبژێن کرد منی لەناو باشترین هۆز دانا، پاشان دەستەبژێنی بنەماڵەکانی کردو منی لەباشترین بنەماڵەدا دانا ، من باشترین گیانم و لە باشترین بنەماڵەیانم))[3] ، کاتێك نەوەکانی (عەدنان) زۆربوون پەرش و بڵاوبوونەوە بە هەموو لایەکی ناوچەکانی عەرەبدا بڵاوبوونەوەو بەدوای شوێنی تەڕایی و لەوەڕدا دەگەڕان.

خێڵی (عبد القيس) و لقەکانی (بەکر)ی کوڕی (وائل) و (تميم) کۆچیان کرد بۆ (بەحرەین) و لەوێ نیشتەجێ بوون.

خێڵی (بەنو حەنیفە)ی کوڕی (مصعب)ی کوڕی (عەلی)ی کوڕی (بەکر) بەرەو (یەمامە) چوون و لە (حجر) نیشتەجێ بوون ، پاشماوەی (بەکر)ی کوڕی (وائل) بەدرێژایی زەوی لە (یەمامە)وە هەتا (بەحرەین) و(سیف کاظمة) و بەرەو کەناری دەریاو دەوروبەری ڕەشەخاکی عێراق و (أبلە) و (هيت) بارگەیان لێ خست ، (تغلب) یش لە دورگەی (فراتی) نیشتەجێ بوون ، هەندێك تیرەیان هاومالی خێڵی (بەکر) بوون. (بەنو تەمیم) لەسارای (بەسرە) نیشتەجێ بوون ، (بەنو سەلیم)

---

[1] محاضرات تاريخ الأمم الإسلامية ، نووسینی (الخضري)١ ١٤،١٥
[2] مسلم له (وائله)ی کوڕی (سقع)ەوە ریوایەتی کردووە ، ٢ ٢٤٥، هەروەها (ترمذي)٢ ١ ٢٠١
[3] ترمذي ریوایەتی کردووە ٢ ١ ٢٠١

یش چوونه نزیك مەدینە ، لە (وادی القری) وە هەتا خەیبەرو ڕۆژهەلاتی مەدینەو سنوری (جبلین) و کۆتای (الحرَة) درێژ بوونەوە.

(ثقیف) لە تائیف نیشتەجێ بوون ، (هوازن)یش لە ناوچەکانی (أوطاس)ی ڕۆژهەلاتی مەککەو لەسەرە ڕێگەی نێوان مەککە و (بەصرە)دا نیشتەجێ بوون.

(بەنو ئەسەد) لە ڕۆژهەلاتی (تیماء) و ڕۆژئاوای (کوفە)دا نیشتەجێ بوون ، لەنێوان ئەوان و (تیماء)دا ، ئاواییەکانی (بحتر)ی (طیىء)دا هەبوون ، دووری نێوان ئەوان و (کوفە) (٥) پێنج شەو ڕێگە بوو ، (ذبیان) لە نزیك (تیماء) ەوە هەتا (حوران) بارگەیان لێخست

لقەکانی (کنانە) لە (تهامە) مانەوە ، (قورەیش) لەناو مەککەو دەوروبەریدا مانەوە ، لەناو خۆیاندا پەرش و بلاًوو ناکۆك بوون ، هەتا (قصی) کوڕی (کلاب) یان تێدا هەلکەوت ، کۆی کردنەوە ، کردنی بەیەك ، ئەم کارە ڕێزو حورمەتی پێدان و بەرزی کردنەوە لەناو خەلکیدا [1].

حوکمداریی و میرنشینایەتی لەناو عەرەبدا

کاتێك دەمانەوێت باسی عەرەب لەپێشهاتنی ئیسلامدا بکەین ، پێویستە وێنەیەکی بچوکی مێژووی حوکمدارێتی و میرنشینایەتی و هۆزو تیرەو ئایینەکان لەناو عەرەبدا بخەینەڕوو ، هەتاکو بتوانین بەئاسانی لەو بارودۆخە تێ بگەین کە هاوکاتی هاتنی ئایینی ئیسلام بووە .

لەکاتی هاتنی ئایینی ئیسلامدا دەسەلاًتدارانی جەزیرە دووبەش بوون: هەندێکیان مەلیکی دانراوبوون، لەڕاستیدا سەربەخۆ نەبوون ، هەندێکیان سەرۆکی خێل و تیرەکان بوون ، وەکو مەلیکەکان مافی تایبەتی و مزەی خۆیان هەبوو. زۆرینەی ئەوانە سەربەخۆبوون ، لەوانەشە هەندێکیان سەر بەمەلیکە دانراوەکان بووبن، مەلیکەکانیش بریتی بوون لە (آل غسان) و مەلیکەکانی (حیرە) ، جگە لەمانە ئەوانی تر داروعەسای مەلیکایەتیان نەبووە.

---

[1] کتێبی (محاضرات تاریخ الأمم الإسلامیة، نووسینی (الخضري)١ ١٥-١٦

مـەلیـکی یـەمـەن

کۆنترین گەلێك لەیەمەندا بووبن خێڵی (سبأ)ن ، کە لەعەرەبی (عاربە)ن ، باس و خواسیان بەهۆی لێکۆلینەوەیەکی ئاسەوارناسی‌یەوە دۆزراوەتەوە کە پێش (٢٥) سەدە پێش زایین کراوە ، شارستانێتی و هەژموونی دەسەلاتیان (١١) سەدە پێش زایین دەستی پێ کردووە ، دەکرێت ڕۆڵـی دەرکەوتنیان بەم شێوەیە ئەژمار بکرێت:

١ـ سـەدەکانی پـێش سـاڵی (٦٥٠) پ.ز ، لـەو ماوەیـەدا بـە مەلیکـەکان دەوترا: (مەکرەب سەبەء) شاری (صرواح) پایتەختیان بووە ، دووریـی ئاسـەواری ئەو شـارە ڕۆژە ڕێیەکە لەبەشـی ڕۆژئـاوای ناوچـەی (مـأرب)ەوە ، بەعـەرەبی پێـی دەڵێن: (خریبە) لە زەمانی ئەواندا بەنداوی گەورەی (مأرب) دروست کراوە ، ئەم بەنداوە گرنگی‌یەکی تایبەتی هەیە لە مێژووی یەمەندا ، ووتـراوە :ـ (سبأ)یـەکان ئەوەندە دەسەلاتیان هەبووە زۆر ناوچەی عـەرەبیان خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیان و ژێر دەستەیان کردوون .

٢ـ لەسـاڵی (٦٥٠) پ.ز هـەتا سـاڵی (١١٥) پ.ز ، وازیـان لـە شـۆرەتی (مکـرب) هێنـاو خۆیـان بەمەلیکـەکانی (سـبأ) نـاوزەد کـردو لـەجیاتی (صـرواح) ، (مأرب)یان کردە پایتەختی خۆیان ، ئێستا کەلاوەی (مأرب) لە ڕۆژهـەلاتی شاری (صنعاء)ی پایتەختی یەمەنەوە (٦٠) میل دوورە .

٣. لەساڵی (١١٥) پ.ز هەتا ساڵی (٣٠٠) زایین، لەو دەمـەدا خێڵی (حمـیر) دەستیان گرت بەسەر مەملەکەتی (سبأ)دا، ئەوانیش لەجیاتی (مأرب)، (ریدان) یان کرد بەپایتەختی خۆیان، لە دواییدا ناوی (ریدان) یان گۆڕی بۆ(ظفار) ئاسەواری ئەم شارە ئێستاکە لەسەرچیای (مدور)ە لـەنزیك (بریم)دا ، لەو ساتەنەدا دەوڵـەتی (حمیر) بەرەو هەرەسهێنان و لێکهەڵوەشان ملی‌نا، هەرچی جموجوڵی بازرگانیشە تووشی شکست و زیان دەبوو، ئەوەش چەند هۆیەکی هەبوو:

یەکەم / کۆنترۆل کردنی بەشی باکور لەلایەن (أنباط) یەکانەوە .

دووەم / داگیرکردنـی ڕێگـای بازرگـانی دەریـایی لەلایـەن ڕۆمەکانـەوە بـە تایبەتی پاش دەست بەسەراگرتنی (میصر) و(سوریا) و باکوری (حیجاز) .

سـێیەم / نـاکۆکی و دووبـەرەکی نێـوان تیرەکـانی خۆیـان ، ئـەم هۆیانـە کارێکیـان کـرد (آل قحطـان) یـان پەرتـەوازە کـردو ناچـاربوون کـۆچ ڕەوبکـەن و بەووڵاتاندا ! بلاوەی لێ بکەن.

٤. لەساڵی (٣٠٠) زایینەوە هەتا ئەوکاتەی ئایینی ئیسلام چووە یەمەنەوە ، لەو کاتانەدا کۆمەڵێ ڕووداوو ئاڵۆزیی ڕوویانداو چەند جەنگێکی ئەهلی بەرپابوو ئەمەش وای لێکردن ببنە شوێنی چاوتێبڕینی بێگانەو لە کۆتاییشدا سەربەخۆیی خۆیان لە دەست بدەن ، لەو سەردەمەدا ڕۆمەکان چوونە شاری (عەدەن)ەوە ، بە کۆمـەکی ئـەوان ، حەبەشیەکان توانیـان بـۆ یەکـەمجار لـە سـاڵی (٣٤٠)ی زایینـدا یەمەن داگیر بکەن ، هۆی ئەو داگیرکردنەش ناکۆکی نێوان هـەردوو خێڵـی (همدان) و(حمیر) بوو، تا ساڵی (٣٧٨)ی زایین بەردەوام بوو پاشـان یەمـەن سـەربەخۆیی وەرگرتــەوە، دوای ئــەوە درزکەوتــە بەنداوەکــەی (مــأرب) ە وە، هــەتا ئــەوەبوو کارەسـاتی هەرەسـە گەورەکـەی بەسـەردا هـات ، کـە لەقورئانـدا بـە (سـیل العـرم) ناوبانگی هەیە ، ئەم هەرەسە لەساڵی (٤٥٠) زایینـدا هـەتا (٤٥١) ی زایینـدا بووەو بۆتـە هـۆی وێرانکردنـی زەوی وزارو مـەزرای ناوچـەکەو ژێـرەو ژووری کـردوەو گـەلانی دەورو بەریشـی ئـاوارە کـردووە ، لەسـاڵی (٥٢٣)ی زایینـدا (ذونـواس)ی جولەکە شالاوێکی نارەوای کردە سەر گاورەکانی (نجران)و ویسـتی بە زۆر لەسـەر ئایینی گاورایەتی وەریان بگێڕێت ، کاتێك بەگوێیان نـەکرد ئـەویش شیوێکی زۆر گەورەی بۆ هەڵکەندن و ئاگری تێ بەرداو هەموویانی فڕێدایـە نـاوی ، ئـەم ڕووداوە لە سوورەتی (البروج) دا ئاماژەی پێکراوە کە دەفـەرموێت : ﴿ قُتِلَ أَصْحَابُ الْأُخْدُودِ ﴾. لەتوڵەی ئەوەدا (نەصرانی) یەکان کەوتنە چالاکی و حەزی پاوان خوازیان تێدا بزواو کەوتنە داگیرکردن و فراوانکردنی ناوچەکانی ژێر دەسـەڵات بەسەرکردایەتی ئیمپراتۆری ڕۆمەکان ، حەبەشیەکانیان دژ بە عەرەب هانداو گەلـە کەشـتیەکیان بۆ ئامادەکردن ، (٧٠) حەفتا هەزار سەربازی حەبەشی لەکەنارەکانی یەمەن دابەزین و بۆ جاری دووەم داگیریان کرد بەسەرکردایەتی (أربـاط) لەسـاڵی (٥٢٥) ی زایینـدا ، ماوەیەك (أرباط) حاکمی یەمەن بوو، هەتا یەکێك لەسەرکردەکانی سوپاکەی بەناوی (ئەبرەهــە) کوشــتی و چــووە شــوێنەکەی و مــەلیکی حەبەشەشــی ڕازی کــرد ، (ئەبرەهە) ئەو کەسـەیە کـە خـەڵکی خڕ کردەوە بۆ ڕووخاندنی کابـەی شـەریف و، خۆی و سەربازەکانی لە قورئاندا بە (اصحاب الفیل) ناسراون.

پاش ڕووداوی (الفيل) یەمەنیەکان داوای کۆمەکییان لە (فارسەکان) کرد، ئەوانیش یارمەتیاندان هەتاکو لەیەمەن دەریانپەڕاندن و لەساڵی (٥٧٥)ی زایینـدا بەسـەرکردایەتی (معـد یکـرب) کـوڕی (سـیف ذی یـزن الحمـیری) سـەربەخۆییان وەرگرتـەوەو بـوو بەمـەلیکیان، (معـد یکـرب) هەنـدێك لـە حەبەشـیەکانی وەکـو خزمەتگوزار لەدەوروبەری خۆیدا هێشتبۆوە، تاڕۆژێکیـان کوشتیان، بەکوشتنی ئەو ئیتر مەلیکایەتی لە بنەماڵەکەیدا پووکایەوە، (کیسرا)ی فارس کاربەدەستێکی فارسی تێدا هێشتەوە، لەو کاتەوە دەسەڵات لە یەمەندا بەدەست فارسەکانەوە بوو، یەك لـەدوای یـەك دەسـەڵاتدارە فارسـەکان فـەرمانڕەواییان دەکـردن، هەتا دوایـین سەرکردەیان کە ناوی (بازان) بوو، ئەم پیاوە لەساڵی (٦٢٨)ی زایینـدا، باوەڕی بەئیسلام هێناو موسوڵمان بوو، بە موسوڵمان بوونی (بازان) هـەژموونی دەسـەڵاتی فارسەکان لە یەمەندا کۆتایی پێهات.[1]

---

[1] لەم بارەیەوە سەیری ئەم سەرچاوانە بکە، (تفهیم القرآن) ٤ ١٩٨،١٩٧،١٩٦،١٩٥، هـەروەها (تاریخ ارض القرآن) ج١ لە لاپەڕە ١٣٣، هەتا کۆتایی، لەبارەی دیاری کردنی ساڵەکانەوە ڕاجیاوازیەکی زور لـە سەرچاوە مێژووییەکاندا هەیە کـار گەیشتۆتە ڕادەیەك هەندێ لەو نووسەرانە ووتوویانە ئەم باسانە جگە لە ئەفسانە شتێکی تر نیـیە

مەلیکی حیره

فارسەکان فەرمانڕەوایی عێراق و دەوروبەریان دەکرد تا لە (٥٥٧ ـ ٥٢٩) پ ز دا کە (کۆرشی گەورە) بوو بەمەلیك و هەموویانی یەکخست ، کەس نەیدەتوانی ململانێیان لەگەڵدا بکات ، هەتاکو سالی (٣٢٦) پ.ز لەو کاتەدا ئەسکەندەری مەقدۆنی هات دەسەلاّت و شەوکەتی نەهێشتن و (دارای یەکەم)ی پاشای فارسەکانی شکاند . دوای ئەوە وولاّت پارچەپارچە بوو هەرپارچەی کەوتەدەست مەلیکی خێلێك. ئەم شێوازە بەردەوام بوو تاسالّی (٢٣٠) زایین ، لە سەردەمی ئەو مەلیکانەدا (قەحطانی) یەکان کۆچیان کردو بەشێك لە گوندەکانی ناوچەی عێراقیان داگیرکرد . بەدوای ئەواندا ئەو (عەدنان)یانەی کۆچیان کردبوو هاتن و کەوتنە ململانێ لەگەڵیاندا هەتا بەشێك لە دورگەی فوراتیان داگیر کردو تیایدا نیشتەجێ بوون .

لەسالّی (٢٢٦ز) داو لەسەردەمی (ئەردەشێر)ی دامەزرێنەری دەولّەتی ساسانیدا . جارێکی تر فارسەکان هێزیان پەیدا کردەوەو ، هەرچی عەرەبی نیشتەجێی سنووری فارس هەبوو هەموویانی خستەوە ژێر ڕکێفی خۆیانەوەو ئەمە بووە هۆی ملکەچ کردنی خەڵکی (حیره) و (ئەنبار) . بەلاّم (قضاعة) کۆچیان کرد بۆ شام ، هەر لە سەردەمی (ئەردەشێر)دا (جذيمة الوضاح) بوو بە سەرپەرشتیاری (حیره)و شوێنەکانی تری وەك بیابانی عێراق و دورگەو خێڵەکانی (ربیعه) و (مضر) . (ئەردەشێر) بڕوای وابوو کەناتوانێت ڕاستەوخۆ حوکمی خێڵە عەرەبەکان بکات و نەهێڵێت توخنی سنوورەکانی بکەون و، دەبێت لە خۆیان یەکێکی عەرەب بکاتە سەرۆکیان ، بۆ ئەوەی عەرەبەکان نەتوانن دەستدرێژی بکەنە سەریان و لەلایەکی ترەوە رۆمەکانیان پێ بترسێنێت . لەولاشەوە کە ڕۆمەکان عەرەبەکانی شامیان وابەستەی خۆیان کردبوو . فارسەکانیش عەرەبی عێراقیان کردە دۆستی خۆیان بۆئەوەی بەربەستی عەرەبی شام بکەن ، لەلای مەلیکی (حیره)ش کۆمەڵێك سەربازی فارسیان هێشتبۆوە ، بۆ تەمێ کردنی ئەو عەرەبە دەشتەکیانەی نیازخراپیان دەکرد . سالّی (٢٦٨ ز) (جذيمة) مرد

لەدوای مردنی (جذیمة) (عەمر)ی کوڕی (عدی) کوڕی (نفر اللخمی) بووە سەرپەرشتیار ، ئەمە یەکەم سەرکردەی (لەخمی)یەکان بوو لەسەردەمی کیسرا (سابور)ی کوڕی (ئەردەشێر)دا . میرایەتی (حیرە) لەبنەماڵەی (لەخمی)یەکاندا بەردەوام بوو ، هەتا فارسەکان خۆیان (قباذ)ی کوڕی (فیروز) یان دانا . لە سەردەمی ئەمدا (مەزدەك) دەرکەوت ، کە بانگەشەی بۆ بەرەڵلایی سێکسی دەکرد ، (قباذ)و کۆمەڵێکی زۆر لە ڕەعیەتەکەی شوێنی کەوتن ، بەوەشەوە نەوەستا نامەی نارد بۆ (منذر) کوڕی (ماء السماء) ، کە میری (حیرە) بوو. داوای لێ کردبوو شوێنی ئەو ڕێبازە بکەوێت ، بەلاّم ئەو پیاوێکی گرژ بوو قەبووڵی نەکرد ، (قباذ) لە میرایەتی (حیرە) لای بردو ، (حارث)ی کوڕی (عەمر)ی کوڕی (حجر)ی کندی لە جێگەیدا دانا . پاش ئەوەی ڕازی بوو ئەو ڕێبازە بەرەڵلاّییە وەربگرێت .

پاش (قباذ)ی کیسرا ، (نەوشیروان) جێگەی گرتەوە زۆر ڕقی لە بەرەڵلاّیی بوو ، بۆیە (مەزدەك)و زۆرێك لە شوێنکەوتوەکانی کوشت و لەناوی بردن و(منذر)ی گێرایەوە بۆ میرایەتی (حیرە) . داوای کرد لە (حارث)ی کوڕی (عمرو) بگەڕێتەوە بۆ لای ، بەلاّم ئەو نەگەڕایەوەو پەنای برد بۆ (دار الکلب) و لەوێ مایەوە ، هەتا مرد.

مەلیکایەتی دوای (منذر) لە (عقبە)دا مایەوە هەتا گەیشتە (نعمان)ی کوڕی (منذر)، (کسری) بەهۆی پڕوپاگەندەکەیەوە کە (زید)ی کوڕی (عدی العبادی) هەڵی بەستبوو. لە (نعمان) تووڕەبوو، ناردی بەشوێنیدا، (نعمان) خۆی و ماڵ و منالّەکانی بە نهێنی ڕوویان کردە لای (هانیء) کوڕی (مسعود) سەرۆکی (آل شیبان) لەوێ ژن و منالّەکانی داناو خۆی چوو بۆلای کیسرا. ئەویش بەندی کرد هەتا مرد، دوای ئەو (إیاس)ی کوڕی (قبیصە)ی (طائی) کردە میری (حیرە)و فەرمانی پێدا کە ژن و منالّەکانی (نعمان)ی لە (هانیء) وەربگرێتەوە ، (هانیء) غیرەتی جوڵاو نەیدایەوە، مەلیك فەرمانی شەڕی ڕاگەیاند، ماوەیەکی نەبرد کۆمەڵێك سەربازی کیسرا گەیشتن و بوونە پشتیوانی (إیاس) . لە (ذی قار)دا شەڕی زۆر قورس ڕوویدا ، لەئاکامدا هۆزی (شەیبان)ی سەرکەوتن و ئەمە یەکەم جار بوو (عەرەب) بەسەر (فارس)دا سەربکەون، ئەم شەڕە پاش ماوەیەکی کەم لە لە دایك بوونی پێغەمبەر ﷺ ڕووی داوە، چونکە (٨) هەشت مانگ بەسەر ویلایەتی (إیاس)دا گوزەرا بوو، کە پێغەمبەری ئیسلام ﷺ لەدایك بوو.

دوای (إياس) كيسرای فارس ، سەركردەيەكی فارسی لەسەر يەمەن دانا، لەساڵی (٦٣٢) زاييندا مەليكايەتی گەڕايەوە بۆ بنەماڵەی عەرەبی (لەخم) ، (منذر)ی ناسراو بە (معرور) ميری (حيرە) بوو، تەنها (٨)مانگ بەسەر ئەم[1] ميرايەتيەدا گوزەرابوو (خاليد)ی كوڕی (وەليد) بەخۆی و سوپای ئيسلامەوە هەڵيان كوتايە سەری.

مەليكی شام

لەو كاتەدا كە عەرەب سەرقاڵ بوون بە كۆچ و ڕەوی خێڵەكانەوە ، چەند لق و پۆپێكی خێڵی(قضاعة) نزيك شام بووبونەوەو نيشتەجێ بووبوون ، ئەوانە (سليح)ی كوڕی (حلوان) كە(ضجعم) لەوانەو بە(ضجاعمة) ناسراون ، ئەمانە هەموويان ڕۆمەكان پێكيان هێنان بۆ ئەوەی نەهێڵن عەرەبی دەشتەكی تر نزيكی ناوچەكە بكەونەوەو لەلايەكی تريشەوە ئامادەی كردن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی فارسەكان ، مەليكێكيان بۆ دانان ، ئەمە چەند ساڵێك دەوامی هەبوو ، (زياد)ی كوڕی (هبولە) بەناوبانگترين ميريان بوو ، ڕۆژگاری دەسەلاتيان بەسەرەتاكانی سەدەی دووەمی زايين هەتا كۆتاييەكەی مەزەندە ئەكرێت ، دەسەلاتيان بەهاتنی (آل غسان) كۆتايی هات ، (آل غسان) بەسەر (ضجاعمة)دا سەركەوتن و ڕۆمەكانيش كرديانن بەمەليكی شام ، بنكەو بارەگايان يان لە (دومه الجندل) بوو ، (غساسنە)كان كاربەدەستی ڕۆمەكان بوون ، هەتا شەڕی (يەرموك) ڕوويدا لە ساڵی (١٣)ی كۆچيداو دوا مەليكيان كە (جبلە)ی كوڕی (أيهم) بوو، ملی بۆ ئيسلام كەچ كردو لەسەردەمی ميری موسوڵمانان (عمر)ی كوڕی (خطاب)دا (خوای لێ ڕازی بێت) موسوڵمان بوو.[1]

---

[1] / بڕوانە كتێبی (محاضرات تاريخ الأمم الإسلامية) نووسينی (الخضری) ١/٣٢،٣١،٣٠،٢٩

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ٢٤١، كتێبی (ارض القرآن)٢/٨٢،٨١،٨٠

میرنشینی له حیجازدا

(ئیسماعیل ﷺ) بەدرێژایی هەموو تەمەنی زێوانی کابەی پیرۆزی بەدەست بوو[1]، لە تەمەنی (١٣٧) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد[2]. پاشان دوان لە کوڕەکانی (نابت) دوای ئەو (قیدار) هەندێك دەڵێن بەپێچەوانەوە . زێوانیان کرد . دوای ئەوان . باپیرەیان (مضاض)ی کوڕی (عمرو)ی (جورهومی) وەری گرت و لەدەست ئەواندا بوو ، ڕۆڵەکانی ئیسماعیل پلەو پایەیەکی بەرزیان هەبوو . چونکە باوکیان لە بیناکردنی کابەدا کاری کردبوو ، لە کاتێکدا هیچ دەسەلأتێکیشیان نەبوو[3].

ڕۆژگار تێپەڕی دەوری ڕۆڵەکانی ئیسماعیل ﷺ بەرەو کزی و لاوازی دەچوو ، پێش (بختنصر) ڕۆڵی (جرهم) تەواو لاواز بوو ، ئەستێرەی سیاسی (عەدنان) یش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەدرەوشایەوە لەئاسمانی مەککەدا ، بە بەڵگەی ئەوەی کاتێك (بختنصر) لە (ذات عرق)دا دای بەسەر عەرەبەکاندا. سەرکردەی عەرەب لەو کاتەدا (جرهمی) نەبوو[4].

لە شەڕی دووەمی (بختنصر) دا (ساڵی٥٨٧ پ.ز) (بنو عدنان) بلأوەیان لێ کردو هەندێکیان چون بۆ یەمەن ، (برمیاه)ی پێغەمبەریش (معد)ی برد بۆ شام . کە فشارو زەبرو زەنگی (بختنصر) نەما ، (معد) گەڕایەوە بۆ (مەککە) و لەوێ جگە لە (جرشم)ی کوڕی (جرهم) کەسی نەبینیەوە ، بۆیە کچەکەی خواست کە ناوی (معانە) بوو ، کوڕێکی لێ بوو ناویان نا (نزار)[5].

دوای ئەوە کاروباری (جرهم) لەمەککەدا خراپ بوو ، تەنگەتاو بوون ، کەوتنە زوڵم کردن لەوانەی دەهاتن بۆ مەککەو ماڵی کابەیان بۆ خۆیان حەڵاڵ کردبوو[6]. ئەم کارە ڕقی (عدنانی)یەکانی هەستاند . ڕقیان لێ دەخواردنەوە . کاتێك (خزاعە) لە (مر الظهران) نیشتەجێ بوون . بینیان عەدنانیەکان لە (جرهم)یەکان

---

[1] قلب جزيرة العرب . لاثةرة ٢٣٠-٢٣٧

[2] سفر التكوين ٢٥ ١٧

[3] /قلب جزيرة العرب لاپەڕە٢٣٠-٢٣٧ (ابن هشام) ١ ١١١-١١٣ ، (ابن هشام) تەنها باسی وبلایەتی,نابت)ی کوڕی (إسماعيل) دەکات

[4] هەمان سەرچاوە

[5] رحمة للعالمين ٢ ٤٨

[6] / قلب جزيرة العرب ل ٢٣١

بێزارن ئەمەیان بەهەلزانی بە یارمەتی چەند لقێکی (عدنان) کە بریتی بوون لە (بنو بکر بن عبدمناف بن کنانە) کەوتنە دژایەتی کردنی (جرهم)و توانیان لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی زاییندا لە شاری مەککە دەریان بکەن و دەسەڵات بگرنە دەست.

لەوکاتەدا کە (جرهم)یەکان پاشەکشەیان دەکرد بیری زەمزەمیان پڕ کردەوە و لەگەڵ زەوی تەختیان کردو هەندێك شتیان تێدا شاردەوە، (ابن اسحاق) دەڵێت: (عمر)ی کوڕی (حارث)ی کوڕی (مضاض الجرهمی)[1] هەردوو ئاسکە ئاڵتونیەکەی کابەو[2] بەردەکەی (الرکن الأسود)ی لەبیری زەمزەمدا شاردەوە، خۆی و هەرچی (جرهمی) هەیە لەگەڵیدا بەرەو یەمەن هەڵاتن ، دوای ئەوە بەهۆی جێ هێشتنی مەککەوە تووشی خەم و پەژارەیەکی زۆربوون لەوبارەیەوە (عمرو) ووتوویەتی[3]:

كأنْ لم يكنْ بينَ الحَجونِ إلى الصفا أنيسٌ ولم يسمُر بـمكةَ سامرُ
بلى نحنُ كُنـا أهلها فأبادنا صروفُ الليالي والجدودُ العواثرُ

ڕۆژگاری ئیسماعیل ﷺ بە (١٠) سەدە پێش زایین مەزەندە دەکرێت . بۆیە سەقامگیر بوونی (جرهم)یەکان لە مەککەدا نزیکەی (٢١) سەدەیە . بۆ ماوەی (٢٠) سەدە حوکمڕانی مەککەیان کردووە ، خوزاعە تەنها خۆیان حوکمیان دەکردو بواریان نەدەدا (بنو بکر) هیچ دەسەڵاتێکیان هەبێت ، لەگەڵ ئەوەشدا تیرەکانی (مضر) سێ بواریان هەبوو:

یەکەم/ خەڵکیان لەعەرەفەوە بەرەو موزدەلیفە دەبرد ، ڕۆژی (نفر)یش لە (مینا) ئیجازەیان پێدەکردن، دوای ئەوان (بنو غوث)ی کوڕی (مره) لەتیرەکانی (الیاس)ی کوڕی (مضر) دەهاتن و پێیان دەوترا: (صوفه)، واتای (اجازه) ئەوە بوو، ڕۆژی (نفر) کەس ڕەجمی نەدەکرد هەتاکو پیاوێك لە (صوفه) ڕەجم نەکات ، کە خەڵك لە ڕەجم دەبوونەوە ، بیانویستایە (نفر) بکەن لە (مینا)وە ، (صوفه) ئەمبەرو ئەوبەری عەقەبەیان دەگرت و نەیاندەهێشت کەس بگوزەرێت هەتا خۆیان

---

[1] ئەم پیاوە (مضاض الجرهمي) گەورە نیيە کە پێشتر لەچیرۆکی (إسماعیل) دا (ع) باسی هات

[2] / مسعودی دەڵێت فارسەکان لەسەرەتای هەموو ساڵێکدا ماڵ و سامان و گەوهەرێکی زۆریان دەبەخشی بەکابە . ساسانی کوڕی بابەك دووئاسکی ئاڵتوونی و شمشێرێك و بڕێکی زۆر ئاڵتوونی لەکابە دانا ، کەچی (عمر) هەمووی فڕێدایە بیری زەمزەمەوە ، بڕوانە (مروج الذهب) ١ ٢٠٥

[3] ابن هشام ١ ١١٤-١١٥

تێنەپەڕینایە . دوایئەوە ڕێگەی خەڵکی تریان دەدا . کە (صوفە)ەکان نەمان (بنو سعد)ی کوڕی (زید مناة) لە (تمیم) جێیان گرتنەوە.

دووەم/ ئیفازە (الأفاضة) هەر لەبەرەبەیانی قوربانییەوە هەتاکو (مینا) بە دەست (بنی عدوان) وە بوو .

سێیەم/ دواخستنی مانگە حەرامەکان بۆ تیرەی (بنو تمیم)ی کوڕی (عدی) بوو[1] لە (بنی کنانە).

دەسەڵاتی (خزاعە) بەسەر مەککەدا(٣٠٠) ساڵی خایاند[2]، لەکاتی حوکمڕانی ئەماندا (عدنانی)یەکان لەناوچەی (نجد) و (عێراق) و (بەحرەین)دا بڵاوبونەوە، لە ناوچەی مەککەدا چەند تیرەیەکی قورەیش مانەوە کە بریتی بوون لە (حلول) و (حرم) و چەند بنەماڵەیەکی خۆیان لە(بنی کنانە)دا . ئەمانە لەکاروباری مەککەو (بیت الحرام)دا هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو، هەتا سەردەمی (قصی) کوڕی (کلاب) هات[3] .

لەبارەی (قصی)یەوە دەڵێن: شیرەخۆرە بووە کەباوکی مردووە ، دایکی شووی کردووە بەپیاوێکی تیرەی (بنی غدرە) ناوی (ربیعە)ی کوڕی (حرام)ە و بردوویەتی بەرەو وولاتی شام کە ماڵی لەوێ بووە ، کاتێك (قصی) گەورە دەبێت دەگەڕێتەوە بۆ (مەککە) ، لەو کاتەدا (حلیل)ی کوڕی (حبشە) لەخێڵی (خوزاعە) والی مەککە بوو ، (قصی)ی داوای (حبی) کچی (حلیل)ی کرد ، (حلیل) ڕازی بوو لێی مارە کرد[4] ، کە (حلیل) مرد شەڕێك لەنێوان (خزاعە) و (قریش)دا قەوما ، کۆتایی بەوە هات کە (قصی) بووە سەرکاری مەککەو (بیت) پێکەوە ، لەبارەی ئەم جەنگەوە سێ گێڕانەوە هەیە:

یەکەم: کاتێك (قصی) ماڵ ومناڵی زۆربوو ، کوڕەکانی زۆربوون و پلەو پایەی بەرز بووەوەو (حلیل) لاواز بوو ، بڕوایان وابوو ئەوان شایستەترین کەسن بۆ کابە لە (خزاعە)و(بکر)یش ، چونکە قوڕەیش سەروبەندی (آل إسماعیل)ن ، بۆیە

---

1 / ابن هشام ١/٤٤-١١٩-١٢٠-١٢٢
2 / معجم البلدان و یاقوت مادة (مكة)
3 / محاضرات تاریخ الأمم الإسلامیة للخضري ١/٣٥،وإبن هشام ١/١١٧
4 / ابن هشام ١/١١٧-١١٨

کاتێك لەبارەی دەرکردنی خێڵی (بنو بکر) و (خزاعه)وە قسەیان کرد لەگەڵ هەندێك پیاوی قورەیشی و(بنی کنانه)دا، هاتن بە دەمیانەوەو لە مەککە دەریانپەڕاندن .[1]

دووەم : بەپێی ڕیوایەتێك (خزاعه) وەسیێتی کرد بۆ (قصی) پاش مردنی خۆی ببێتە سەروکاری کابەو شاری مەککە.[2]

سێیەم: (حلیل) ویلایەتی ماڵی خوای دابوو بە(حبی) کچی ، ئەویش (أبو غبشان)ی خزاعی کرد بە وەکیلی خۆی ، (أبوغبشان) زێوانی کابەی دەکرد (حلیل) مردو (قصی) سەروکاری (بیت) یان لە (ابوغبشان) بە جامێك (خمر) کڕیەوە ، (خزاعه) بەم کڕین و فرۆشتنە ڕازی نەبوون ویستیان (قصی) یش دور بخەنەوە ، (قصی) قورەیش و (بنی کنانه) ی لێ کۆکردنەوەو لە مەککە دەری پەڕاندن.

هەرچۆنێك بووبێت ، کە حلیل مردوە، (صوفه) ئەوەیان کردوە کە کردویانە ، (قصی) و هەرچی قورەیشی (بنی کنانه)ی لەگەڵدا بووە . پێیان دەڵێن: ئێمە لە ئێوە شیاوترین بۆ ئەم کارە ، شەڕدەقەومێت ، (قصی) هێز کۆدەکاتەوە ، لەو لاشەوە (خزاعه) و (بنو بکر) خۆیان دژ بە (قصی) ئامادە دەکەن . (قصی) دەڕواتە سەریان و شەڕیان لەگەڵ دەکات ، جەنگێکی زۆر قورس بەرپا دەبێت و لە یەکتری دەکوژن ، پاشان سوڵح دەکەن ، بڕیار دەدەنە دەست (عەمر)ی کوڕی (عوف) کە یەکێکە لە (بنو بکر) ، ئەویش بڕیار ئەدا کە (قصی) شیاوترە لە (خزاعه) بۆ سەروکاری کابەومەککە ، هەرخوێنێکیش (قصی) ڕشتبێتی وەك زامێکەو دەخرێتە ژێر پێیەوە ، ئەو خوێنەش (خزاعه) و (بنو بەکر) ڕشتویانە دەبێت خوێنەکەی بدەن ، دەبێت لەوەودواش بوار بدرێت (قصی) حوکمداری کابە بکات ، لەو ڕۆژە بەدواوە (عمرو) ناونرا بە (شداخ)[3] ، ئەم ڕووداوی دەست بەسەرا گرتنەی مەککەو کابەی شەریف لەلایەن (قصی)یەوە لەناوەڕاستی سەدەی (٥)ی زایینیدا سالی (٤٤٠ز)[4] بوو ، بەم جۆرە دەسەڵاتی تەواوی مەککەو کابە کەوتە دەست (قصی)و خێڵی قورەیشەوە ، لەڕووی ئاینیشەوە قورەیش بوون بەخاوەنی مەککەو عەرەب لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێدەکردن ، ئەوەی (قصی) کردی بریتی

---

[1] / هەمان سەرچاوەی پێشوو ١/١١٧-١١٨
[2] / هەمان سەرچاوە ١/١٨٨
[3] / ابن هشام ١ ١٢٣-١٢٤
[4] / قلب جزیرة العرب ل ٢٣٢

بوو لە کۆ کردنەوەی خێڵەکەی لەناو مەککەداو ئەو شارەی بۆکردن بە چوار بەشەوە هەر تیرەیەکیانی لە شوێنێکدا نیشتەجێ کرد، دانی‌نا بەمانگەکانی حەرامداو بە (آل صفوان) ڕازی بوو، هەروەها (عدوان)و(مرە)ی کوڕی (عوف)ی لەجێگەو مەقامی خۆیاندا هێشتەوە . چونکە ئەوەی بە (دین) دەزانی و ڕێگەی نەدا بە گۆڕانی[1].

یەکێکی تر لەکارەکانی (قصی) دامەزراندنی (دارالندوە) بوو لەبەشی سەرەوەی کابەداو دەرگاکەی خستەسەر کابە . ئەم جێگەیە شوێنی کۆبونەوەی قوڕەیش بوو ، بڕیاری گرنگی تێدا ئەدرا ، ئەو (دار الندوە)یە چاکەی زۆری بەسەر قوڕەیشەوە هەیە ، چونکە یەکێتی بڕیارو هەڵوێستیانی پاراستبوو هەموو کێشەکانی بەئاشتی بۆ یەکلا دەکردنەوە[2]، (قصی) چەند دیمەنێکی بەشان و شەوکەت و تەشریفاتی هەبوو ، لەوانە:

(١) سەرۆکایەتی (دار الندوە) ، لەم (دار)ە دا کۆدەبونەوەو بڕیاری گرنگیان دەداو ژن و ژنخوازیان تێدا دەکرد.

(٢) ئالا ، هیچ ئالایەکی جەنگ نەدەبەسترا بەدەستی (قصی)یەوە نەبێت.

(٣) دەرگاوانی کابە تەنها بەو دەکرایەوە، هەرئەوخزمەتی دەکردو خزمەت گوزاری بۆ دادەنا.

(٤) زێوانی کابە ، ژمارەیەك بیروچاڵاویان بۆحاجیان دروست دەکردو پڕیان دەکرد لە ئاو، هەندێك خورماو ترێیان بۆدادەنان، خەڵکی کەدەهاتن بۆ مەککە لێیان دەخوارد[3].

(٥) میوانداری حاجیان ، ئەمەش بەشێوەیەك بوو خواردنیان بۆ دروست دەکردن ، (قصی) بۆ دابینکردنی ئەم میوانداریە ، باجی لەسەر ماڵ و موڵکی قوڕەیش دانابوو . بە نرخەکەی ئەو خواردنەی دابین دەکرد بۆ حاجیان ، بە تایبەتی ئەو کەسانەی لێیان دەخوارد کە بژێویان لاوازو نەدار بوون[4].

---

1 ابن هشام ١ ١٢٤-١٢٥

2 ابن هشام ١ ١٢٥ محاضرات تأريخ الامم الإسلامية . نووسینی الخضري ١ ٣٦، وة ,اخبار الكرام) ل ١٢٥

3 محاضرات تأريخ الأمم الإسلامية ، نووسینی الخضري ١ ٣٦

4 ابن هشام ١ ١٣٠ و دوای ئەوە

(قصی) خاوەنی هەموو ئەمانە بوو ، (عبد المناف)ی کوڕی هەر لە ژیانی خۆیدا شانو شەوکەتی پەیداکرد ، هەروەها (عبد الدار بکره)ش کە برای بوو ، جارێکیان (قصی) پێی ووت : دەتگەیەنم بەم خێڵە ، بائەوان لەتۆ زیاتریش بن ، وەسیەتی کرد کە هەرچیەکی هەیە لە بەرژەوەندییەکانی قورەیش بیدرێتی ، (دارالندوه) و (دەرگاوانی) و (ئالآ) و (زێوانی) و (میوانداری) پێبەخشی ، (قصی) لە ژیانیدا هیچ کارێکی (عبد المناف)ی ڕەت نەدەکردەوە ، کاروفرمانەکانی هەر لە ژیانی خۆیدا وەکو دینێکی پیرۆزی لێهات، کە (قصی) لەناوچوو ، کوڕەکانی بڕیاریاندا هیچ ناکۆکیەکیان لەنێواندا نەبێت ، بەڵام کە (عبدمناف) مرد کوڕەکانی لەگەڵ ئامۆزاکانیاندا کە کوڕی (عبدالدار) بوون کردیانە کێبڕکێ لەسەر پلەوپایە ، لێرەوە قورەیش بوو بەدوو تاقمەوە، خەریکبوو شەڕ لەنێوانیاندا بقەومێت ، بەڵام سوڵحیان کردو پلەو پایەکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کرد ، (زێوانی) و (میوانداریی) درایە دەست کوڕانی (عبد مناف) ، (دارالندوه)و (ئالآ)و (دەرگاوانی) یش کەوتەدەست کوڕانی (عبدالدار)، پاشان کوڕانی (عبدمناف) تیروپشکیان کرد بۆ (هاشم)ی کوڕی (عبدمناف) دەرچوو ، بەدرێژایی تەمەنی (هاشم) زێوانی و میوانداریی حاجیانی دەکرد ، کە مرد (مطلب)ی برای چووە جێگەکەی ، دوای ئەو (عبد المطلب)ی کوڕی (هاشم)ی کوڕی (عبد مناف) باپیری پێغەمبەر ﷺ چووە جێگەکەی ، بەوشێوەیە کوڕانی ئەوکارەیان دەکرد، هەتا ئەو کاتەی ئیسلام هات سەروکاری کابە بەدەست (عباس)ی کوڕی (عبد المطلب)ەوە بوو [1].

جگە لەو دەسەڵاتانە ، قورەیش کۆمەڵێك دەسەڵاتی تری بۆ خۆی پاوەن کردبوو، لەنێوان خۆیان دەوڵەتێکی بچوکیان دروست کردبوو یان بە دەستەواژەیەکی ڕاستتر نیمچە دەوڵەتێکی دیموکراتی ، کۆمەڵێك دەزگاو دامەزراوی حکومیی تێدابوو وەك شێوازی پەرلەمانی ئێستاو دام ودەزگاکانی ، ئەوەش نمونەیەك لەو پلەوپایانە :

(١) (إیسار) واتە دانانی تیروپشك بۆ (إستقسام) قیسمەت وەرگرتن ئەم کارەیان بە دەست (بنی جمح)ە وە بوو .

---

[1] هەمان سەرچاوە

(٢) ماڵ و سامان کۆکردنەوەو دەست بەسەراگرتنی بەمەبەستی ڕێکخستنی (نذر) و (قربات) کە بۆ بتەکانیان تەرخان کرابوو ، هەروەها چارەسەری کێشەکان خەڵك و دادبینی ، ئەمەیان کاری (بنی سهم) بوو .

(٣) شورا ، لەناو خێڵی (بنی أسد)دا بوو .

(٤) (الأشناق) واتە ڕێکخستنی کاری خوێن خۆش کردن بەپارەو دانانی باج ، ئەویش لەناو خێڵی (بنی تیم)دا بوو.

(٥) (العقاب) واتە هەڵگرتنی ئالأی خێڵ ، ئەمەش لەناو خێڵی (بنی أمیە) دابوو.

(٦) (القبە) واتە ڕێکخستنی کاری سەربازی و سەرکاری وولاٌخ وئەسپی جەنگی ، ئەوەش بەدەست خێڵی (بنی مخزوم)ە وە بوو.

(٧) (السفارە) وەکو باڵوێزی ئێستا لەناو (بنی عدی)دا بوو[١].

---

[١] / تاريخ ارض القرآن ٢/١٠٦،١٠٥،١٠٤

فەرمانڕەوایی لەناوچەکانی تری عەرەبنشیندا

پێشتر باسی کۆچی خێڵە قەحتانی و عەدنانیەکانمان کردو ، ووتمان کە ناوچە عەرەبنشینەکان لەنێوان خۆیاندا دابەشبوون ، خێڵەکانی نزیك (حیرە) سەر بەمەلیکی (حیرە) بوون کە عەرەب بوو ، ئەوانەشیان کە لە شام بوون سەر بە (غەسان) یەکان بوون ، ئەم وابەستەییەش کردەیی نەبوو بەڵکو زیاتر شەکڵی و ڕواڵەتی بوو ، ئەو خێڵانەش لەناو قوڵایی بیاباندا ئازاد بوون ، هەموو ئەو خێڵانەش خێلێك بەڕێوەی دەبردن ، خێڵ حوکومەتێکی بچوك بوو، بنەمای قەوارەی سیاسیان بریتی بوو لە یەکێتی دەمارگیری ، بەرژەوەندی هاوبەش بۆ پاراستنی زەوی و خاك و پاراستنی لە دەستدرێژی خەڵك.

سەرۆکی خێڵەکان لەپلەی مەلیکدا بوون لەناو شوێنکەوتوانیاندا ، هەموو خێڵ لە شەڕو ئاشتیدا بەگوێی سەرۆکەکەیان دەکردو بۆساتێکیش لەقسەی دەرنەدەچون ، سەرەك خێڵ ئەوەندە لە حوکمدا تاکڕەوبوو بەئەندازەی دکتاتۆرێکی بەهێز ، کە توڕە دەبوو هەزاران شمشێر بەدەست لەگەڵیدا تووڕە دەبوون بێ ئەوەی پرسیار بکەن هۆی توڕەبوونەکە چی‌یە ، هەندێ جاریش کێبڕکێی نێوان ئامۆزاکان وای دەکرد کە لەڕووی خەڵکیدا کاری باش بکەن وەکو، بەخشندەیی‌و ڕێزگرتنی میوان و سەخاوەتمەندی و ئارامی و ئازایەتی نواندن و بەرگری کردن لەخەڵکی ، ئەمانەش بۆئەوە بوو خەڵکی بە چاکە باسیان بکەن و سوپاسیان بکەن ، بەتایبەتی شاعیرەکان کە زمانحاڵی خێڵ بوون لەو زەمانەدا، بەشێوەیەك پلەوپایەیان تائاستی ڕکەبەرەکان بەرز دەبۆوە.

سەرکردەو پیاوماقوڵەکان مافی تایبەتیان هەبوو، لە هەموو تالانی و دەسکەوتێکی جەنگی چواریەکیان دەبردو هەرچیەکیشیان بە دڵ بوایە پێش دابەش کردن دەستیان بەسەردا دەگرت ، هەر تالانیەکیش پێش گەیشتن بەناو جەرگەی خێڵەکەی تر دەست بکەوتایە دەبووە موڵکی ئەوان ، هەر جۆرە تالانیەکیش بەکەڵکی دابەش کردن نەهاتایە هەر بۆ سەرۆك خێڵ دادەنرا وەکو وشترو ئەسپ وشتی تر. شاعیرێکی عەرەب بە سەرەك خێڵەکەی دەڵێت:

لك المربـــاع فينـــا والصفـــايـــا وحكمك والنشيطـــة و الفضـــول[1]

---

1 / ئەی سەرەك خێڵ (مرباع)ی ئێمەو (صفی)و (حوکم)و (نشیطة)و (فضول) هەرهی تۆیە، مرباع: چواریەکی تالانیە، (صفی) هەرتالانیەك پێش دابەشکردنی بەئارەزووی سەرۆك خێڵ هەڵبژێرێت، (النشیطة) تالانی پێش گەیشتن بە ناوجەرگەی خێڵ، (فضول) تالانیەکە لەتوانادا نەبێ دابەش بکرێ وەکو ووشترو ئەسپ

بـارودۆخـی سیـاسـی

باسـی فـەرمانڕەوا عەرەبـەكانمان كـرد ، ئێسـتاش باسـی بـارودۆخی ڕامیاریان دەكەین ، هەرسێ ناوچە هاوسنوورەكەی بێگانە لە ڕووی سیاسیەوە لە حاڵەتی داڕمان و هەرەسی تەواودا بوون ، خەڵكی بووبوون بەدوو چینەوە (ئاغا) و (كۆیلـە) ، یـان دەسـەڵاتدارو بێ دەسەڵات ، ئاغایـان بەتایبـەتی بێگانـەكان هـەموو دەستكەوتێك بۆ ئەوان بوو ، كۆیلەكانیش هەرچی باری نەهامەتی‌یە لەسەر شانیان بـوو ، بـە دەسـتەواژەیەكی تـر خـەڵكی بـوو بوونـە مەزرایـەك و بـەروبومیان بـۆ حوكمدارەكان بەرهەم دەهێنا ، ئەوانیش لەئارەزوو شەهوەتبازیدا بەكاریان دەهێنا و زوڵمیـان پـێ دەكـردو دەسـتدرێژیان پـێ دەكـردە سـەر خـەڵك ، خـەڵكیش لـە كوێرەوەریـدا گێنگڵیـان ئـەدا ، بـاری نەهامـەتی‌و سـتەمەیەك لـەدوای یەكـەكان بەسـەریاندا دەبـاری و نـەیان دەتـوانی سـكاڵاوگازەندە بكـەن ، زوڵـم و ئـازارو ئەشكەنجەی هەمەجۆر بێزاری‌كردبوون ، چونكە دەسەڵات تاكڕەوی بـوو ، مافـەكان ژێرپـێ خرابـوون ، خێڵـە دراوسـێكانی ناوچـەكە لـەناو شـەپۆلی خواسـت و ئارەزووەكانیاندا ئەمسەرو ئەوسەریان دەكرد ، جارێك دەیاندایە پاڵ خەڵكی عێراق ، جـارێكی تـر بایـان دەدایـەوە بـەلای خـەڵكی شـام دا، لەناوجەرگـەی دورگـەی عەرەبیشدا خێڵەكان پەرتەوازەو پەرشوبڵاو بووبوونەوە، شەڕی خێڵ و تیرەگەرێتی هەناوی خواردبوون، هەروەكو شاعیرێكیان وتوویەتی:

وما أنـــا إلا مِنْ غُـــزِيةٍ إنْ غَـــوَتْ   غَوَيْتُ وإنْ تَـــرشُدْ غُـــزِيَةُ أرشُـــد *

مـــەلیكێك نـــەبوو پشـــتیوانی لـــەو ســـەربەخۆییەیان بكـــات ، یـــان هـــیچ مەرجەعێكیان نـەبوو كـە لـەكاتی لێقەوماندا پشت و پەنایان بدات و بەهانایانـەوە بچێت .

حوكومەتی حیجازیش لەلایـەن عەرەبـەوە بەچاوی ڕێزەوە سـەیر دەكرا ، زیـاد لـەوەش جگـە لەسـەركردەیەك وەكـو زێـوان و كلیلـدارێكی ئـایینی سـەیریان دەكردن ، لەڕاستیدا ئەو حكومەتە تێكەڵەیەكی دووسەرە بوو لەنێوان سەرۆكایەتی دنیایی و سەرۆكایەتی ئایینیدا ، بەناوی ئایینەوە حوكمی عەرەبی دەكرد لەبەردەم

* واتە من هیچ نیم جگە لەتاكێكی خێڵی(غزیە) شوێنی ئەو كەوتووم. ئەگەر خێڵی(غزیە) سەری لێ بشێوێت منیش سەرم لێدەشێوێت خۆ ئەگەر خێڵی(عزیە) سەرفرازو هۆشمەند بن منیش وەك ئەو سەرفرازو هۆشمەند دەبم

حاجیان و دیدەنیکەرانی کابەدا خۆی بەحوکمداری حەرەم دادەناو سەرپەرشتی کارو فرمانی دەکردن ، شەریعەتی ئیبراهیمیان ﷺ جێبەجێ دەکرد ، وەکو پێکهاتی ئێستای پەرلەمان داموودەزگایان دامەزراند بوو بەلأم ئەم حکومەتە لاوازو بێ دەسەلأت بوو نەیدەتوانی بەئەرکەکانی خۆی هەستێت ، ئەمەش بەئاشکرا لە شالأوی حەبەشیەکاندا دەرکەوت

ئاینەکانی عەرەب

لەکاتێکدا کە ئیسماعیل ﷺ بانگەشەی عەرەبی کرد بۆ ئاینیەکەی باوکی ﷺ ، زۆرینەی عەرەبەکان بەدەمیەوە هاتن و خوای تاك و تەنهایان دەپەرست و ملیان بۆ کەچ کرد ، رۆژگارێکی زۆر بەسەریاندا گوزەرا ئەوەی بیستبویان لە بیریان چوەوە ، بەلأم یەکتاپەرستی و هەندێك دروشمی ئاینی ئیبراهیمیان تێدا مابوو ، هەتا ئەوکاتەی (عەمر)ی کوڕی (لحی) سەرۆکی (خزاعە) هاتە ناویان ، ئەم کابرایە زۆر چاکەخوازو خێرکەرو وابەستەی کاروباری ئاین بوو، بۆیە خەڵکی خۆشیان ویست ، ملیان بۆ کەچ کردو وایاندەزانی کە ئەم پیاوە زانایەکی بەرزەو یەکێکە لە وەلیەکان ، پاشان (عەمر) سەفەرێکی کرد بۆ شام ، سەیری کرد ئەوان بت پەرستن ، ئەمیش بەچاکی زانی ، چونکە وولأتی شام مەنزڵگای هاتنە خوارەوەی کتێبە ئاسمانیەکان و پێغەمبەرانە (سەلامی خوایان لەسەر بێت) ، بۆیە بتێکی بەناوی (هبل) لەگەڵ خۆیدا هێنایەوەو لەناوەڕاستی کابەدا داینا ، دوای ئەوە کەوتە بانگەشەکردنی خەڵکی مەککە بۆ بت پەرستی، ئەوانیش هاتن بەدەمیەوەو شوێنی کەوتن ، پاشان خەڵکی (حیجاز)یش شوێن مەککەییەکان کەوتن ، چونکە ئەوان چاودێری کابەو خەڵکی حەرەم بوون .[1]

(مناة) لەکۆنترین بتەکانیان بوو ، لەناوچەی (مشلل) بوو لەسەر کەناری دەریای سوور لەنزیك (قدید)ەوە ، پاشان خەڵکی (طائف) (لات) یان هەڵبژارد ، (وادي النخلە)ش (عزی)یان کردە خوای خۆیان ، ئەم سیانە گەورەترین بت بوون ، پاشان بتپەرستی زیادی کرد، بت و بتخانە ژمارەیان لە (حجاز)دا هەمووجێیەکی گرتەوە ، دەگێڕنەوە گوایە (عەمر) لەلایەن پەریەوە هەواڵی پێدراوە کە بتەکانی

---

[1] کتیبی (مختصر سیرة الرسول) ، نووسینی شێخ (محمد عبد الوهاب) ل ١٢

خێڵی نوح ﷺ (وەد)و (سواع)و (یغوث)و (یعوق)و (نسر) لە (جدە) کراون بەژێر گڵەوە هات و دەریهێنان و بردنی بۆ (تهامە)، کەوەرزی حاجیان هات هەریەکەیانی‌دا بە خێڵێك و بردیانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان ، ناوچەکە وای لێهات هەموو ماڵێك بتێکی تێدابوو، مزگەوتی (حەرام)یان پڕ کردبوو لە بت ، کە پێغەمبەر ﷺ فەتحی مەککەی کرد لە دەوروبەری کابەدا (٣٦٠) بتی لێبوو ، هەموویانی خست و پاشان فەرمانی‌دا فڕێ درانە دەرەوە و سوتێنران [1] .

بەو شێوەیە شیرك وبتپەرستی بوونە دیارترین سیمای ئایینی خەڵکی سەردەمی نەفامی، ئەو خەڵکە نەفامە وایاندەزانی هێشتا لەسەر ئایینی ئیبراهیمن.

عەرەبە موشریکەکان دابونەریت و مەراسیمی تایبەتیان هەبوو لەبت پەرستیدا ، زۆربەیان (عەمر) دای هێنابوون ، عەرەبەکان وایاندەزانی هەرچی (عەمر)ی کوڕی (لحی) دای بهێنێت بیدعەیەکی چاکەو دەستکاری کردنی دینی ئیبراهیم نی‌یە ، ئەمەش چەند شێوەیەکە لە ڕێ و ڕەسمی بتپەرستی :

(١) پەنایان بۆ ئەو بتانە دەبردو بەندایەتیان بۆ دەکردن ، هاواریان بۆ دەبردن ، نزاو لاڵانەوەیان لەبەردەمدا دەکردن لەکاتی پێگیراندا ، بۆ پێویستی ڕۆژانە داوایان لێ ئەکردن ، بڕوایان وەهابوو ئەو بتانە لای خوا تکایان بۆ دەکەن ، ئاواتەکانیان بۆ بەدی دەهێنن.

(٢) لە دورەوە حەجیان بۆ دەکردن و تەوافیان بەدەوردا دەکردن ، ملیان بۆ کەچ دەکردن و سوژدەیان بۆ دەبردن .

(٣) چەندین جۆر قوربانیان بۆ سەر دەبڕین ، بەمەبەستی نزیك بوونەوە ، بەناوی ئەوانەوە ئاژەڵەکانیان سەردەبڕی و دەیانکردە قوربانی ، ئەم دوو جۆرە سەر بڕینە، خوای گەورە لەقورئاندا باسی فەرمووە ﴿وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ﴾ المائدة/٣ [2] ، هەروەها ئایەتی ﴿ وَلاَ تَأْكُلُواْ مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللّهِ عَلَيْهِ ﴾ الانعام ١٢١ [3]

(٤) جۆرێکی تری خۆ لەخوا نزیك کردنەوە ئەوەبوو، هەندێك خواردن و خواردنەوەیان تەرخان دەکرد بۆ بتەکانیان ، هەروەها هەندێك بەروبومی

[1] کتیبی (مختصر سیرة الرسول) ، نووسینی شێخ (محمد عبد الوهاب) ل ١٣، ٥٠،٥١،٥٢،٥٤
[2] واتە ئەو ئاژەڵانەی لەبەردەم بتەکاندا و بۆ ئەوان سەر بڕابێ
[3] واتە لە گۆشتی ئەو ئاژەڵانە مەخۆن کە ناوی خوای لەسەر نەهێنراوە

ئـاژەڵ و كشـتوكاڵيان بـۆ دادەنـان ، بـۆ خۆشـيش بەشـێكيان دادەنـا بـۆ پـەروەردگار! زۆربـەی جـار بەهـەر هۆيـەك شـتێك بۆخـوا بووبێـت دەيانـدا بەبتەكانيان ، بەڵام شتێك بۆ بتەكانيان دانابێت نەيان ئەدا بەخوای گەورە! خـوای گـەورە فەرموويـەتی: ﴿وَجَعَلُواْ لِلّهِ مِمِّا ذَرَأَ مِنَ الْحَرْثِ وَالأَنْعَامِ نَصِيبًا فَقَالُواْ هَذَا لِلّهِ بِزَعْمِهِمْ وَهَذَا لِشُرَكَآئِنَا فَمَا كَانَ لِشُرَكَآئِهِمْ فَلاَ يَصِلُ إِلَى اللّهِ وَمَا كَانَ لِلّهِ فَهُوَ يَصِلُ إِلَى شُرَكَآئِهِمْ سَاء مَا يَحْكُمُونَ﴾ الأنعام/ ١٣٦ [1].

(٥) نەزركردن جۆرێكی تر بوو لەخۆ نزيك كردنەوە، ئەويش نەزر كـردن لـە بـەرو بوم و ئاژەڵدا ، ﴿ وَقَالُواْ هَـــذِهِ أَنْعَامٌ وَحَرْثٌ حِجْرٌ لاَّيَطْعَمُهَا إِلاَّ مَنْ نَشَاء بِـــزَعْمِهِمْ وَأَنْعَامٌ حُرِّمَتْ ظُهُورُهَا وَأَنْعَامٌ لاَّيَذْكُرُونَ اسْمَ اللّهِ عَلَيْهَا افْتِرَاء عَلَيْهِ سَيَجْزِيهِم بِمَا كَانُواْ يَفْتَرُونَ ﴾ الأنعام/١٣٨ [2].

(٦) ئەو قوربانيانە (**بحيرة**)و (**سائبة**)و (**وصيلة**)و (**حام**) بوو، (ابن إسحاق) دەڵێت:

(**بحـيرة**) ڕۆڵـەی سائبەيە ، كـە بريتـی‌يـە لـە وشـترێك دوای دە وشـتری مـێ هاتبێت بێ ئەوەی نێريان تێدابێت ، ئەم وشترە نە كەس سواری بـووە ، نـە تـووكی بڕاوەتەوە ، جگە لە ميوان كەس شيرەكەی نەخواردوە ، هەرچی مێيەك دوای ئەوە دروست ئەبێت گوێی كەل دەكەن ، پاشان دەخرێتە دوای دايكی ، ئەمـە (**بحـيرة**)ی كچی (**سائبة**)يە ،

(**وصـيلة**)ش مـەڕێكی مێيـە بـە (٥) سـك مـێی بـوو بێـت و لەنێويانـدا نێـر نـەبێت پێـی دەڵـێن (**وصـيلة**) دوای ئەوە هەرچـی لـەدايك دەبێـت تـەنها نێرينـە لێـی دەخوات مەگەر مێيەك مردار بوايەتەوە ئەوجا نێرومێ لێيان دەخوارد

(**حام**)يش وشـترێكە (دە) بێچووی مێينـەی لەسـەريەك بوو بێت بێ ئـەوە نێرينەيان لەنێواندا هەبێت و پشتی ئەستور بووبێت بۆ بار ، نەبڕابێتـەوە ، بەڕەڵڵا كرابێتە ناو ووشترگەلەكەی ، لەو بارەيەوە خوای گەورە فەرموويەتی : ﴿ مَاجَعَلَ اللّهُ

[1] واتـە لـە بـەروبووم و ئاژەڵـەكانيان پشكيان بۆ خوا دانابوو، بەحسابی خۆيـان دەيـانووت ئەمـەيان بۆ خواو ئەمەشيان بۆ بتەكانيان، ئەوەی بۆ بتەكانيان بوو ئاگاتە لای خوا، ئەوەش بۆ خوايە هەردەچێ بۆلای بتـەكانيان، خراپ حوكميان دەكرد

[2] واتـە دەيـانوت ئەمانـە ئاژەڵ و بـەروبومن تـەنها بەكەسـێكی دەرخـوارد ئـەدەين خۆمـان ئارەزوومـان لێ بـێ، هەنـدێ ئاژەڵيشـيان سـواربوونی قەدەغـەبوو، هەنـدێ تريشـيان لـەكاتی سـەربڕيندا ناوی‌خوايـان لێنـەدەهێنان، پێيانەوە هەڵدەبەست

من بَحِيرَةٍ وَلاَ سَآئِبَةٍ وَلاَوَصِيلَةٍ وَلاَحَامٍ وَلَـكِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ يَفْتَرُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ وَأَكْثَرُهُمْ لاَ يَعْقِلُونَ ﴾ المائدة/١٠٣، هەروەها فەرموویەتی: ﴿ وَقَالُواْ مَافِي بُطُونِ هَـذِهِ الأَنْعَامِ خَالِصَةٌ لِّذُكُورِنَاوَمُحَرَّمٌ عَلَى أَزْوَاجِنَا وَإِن يَكُن مَّيْتَةً فَهُمْ فِيهِ شُرَكَاء سَيَجْزِيهِمْ وَصْفَهُمْ إِنَّهُ حِكِيمٌ عَلِيمٌ ﴾ الأنعام/١٣٩ ، وە لەبارەی (انعام) شتی تریش وتراوە[1] ، (سعید)ی کوڕی (مسیب) دەڵێت: ئەم ئاژەڵانە بۆ (طاغوت)ەکانیان دادەنران[2] ، لە فەرموودەی (صحیح)دا هاتووە بە (مرفوع)یی کە (عمرو)ی کوڕی (لحی) یەکەم کەس بوو ئاژەڵی بەڕەڵڵای تەرخان کرد بۆ بتەکان[3]، عەرەب ئەوکارەیان دەکرد لەگەڵ بتەکانیاندا ، بۆچونیان وابوو ئەوە لە خوایان نزیك دەکاتەوەو تکایان بۆ دەکات ، هەروەکو لەقورئاندا هاتووە ﴿مَا نَعْبُدُهُمْ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَا إِلَى اللَّهِ زُلْفَى﴾ الزمـر/٣، هەروەها دەفەرموێت: ﴿ وَيَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَضُرُّهُمْ وَلاَ يَنفَعُهُمْ وَيَقُولُونَ هَـؤُلاء شُفَعَاؤُنَا عِندَ اللّهِ ﴾ يونس/١٨.

عەرەب تیروپشکیان هەبووە (الأزلام) ، (زلم) دەفرێکە هیچ پشکێکی لەسەر نیە ، (ازلام) لەکاتی خۆیدا سێ جۆر بووە ، جۆرێکیان (بەڵێ) و (نا)ی تێدابوو ، هەرکارێکیان بویستایە وەکو سەفەر ، یان ژنهێنان ، ئەگەر (بەڵێ) بەدەستدا بهاتایە کارەکەیان دەکرد ، وەئەگەر (نا) بهاتایە ئەوا کارەکەیان دوا دەخست بۆ ساڵێکیترو ڕایاندەکێشایەوە، جۆرێکی تریان (ئاو) و (خوێنبایی) تێدا بوو، جۆرێکی تریان (لە ئێوە) یان (لە غەیری ئێوە) یان (ملصق)ی تێدابوو. لەمەدا ئەگەر گومانیان لەوەچەو ئەسڵی هەرکەسێك ببوایە دەچونە لای (هبل) بە سەد ووشترەوە ، دەچوونە بەردەم خاوەن دەفرەکەو دەیاندایە ، ئەگەر (لە ئێوە) دەرچوایە دەبوە ناوەند، ئەگەر لە (غەیری ئێوە) دەرچوایە دەبووە هاوپەیمان ، ئەگەر (ملصق) دەرچوایە وەك خۆی دەمایەوە نەڕەچەڵەکی هەبوو نەپشتیوان[4].

(میسر) و (قداح)یش لەم کارەوە نزیك بوون و جۆرێك بوون لە قومارکردن ، بەو قومارە گۆشتی وشترەکانیان دابەش ئەکرد ، عەرەب باوەڕیان بەهەواڵدانی

---
[1] / ابن هشام ٨٩/١، ٩٠.
[2] / صحیح بخاري ٤٩٩/١
[3] / هەمان سەرچاوە
[4] / محاضرات تأريخ الأمم الإسلامية ، نووسینی (خضري بەگ) ٥٦/١، هەروەها ابن هشام ١ ١٥٢ - ١٥٣

کـاهن وعـەراف و ئەستێرەناسـەکان هـەبوو. (کـاهن) بـەکوردی بـە – کـاهین– دەگوترێت (کولەوەنانی) : ئەوکەسە بوو هەواڵی داهاتووی گـەردوونی بـە خـەڵك دەداو دەیـوت غـەیب دەزانم . هەنـدێك لـەو کاهینانـە دەیـانوت: جنۆکـەمان هەیـەو هەواڵمان دەداتێ . هەندێکیان بانگەشەی زانینـی غـەیبیان دەکـرد ، هەندێکیشـیان دەیـانوت: بـەهۆی پێشـەکی و سـەرەتای شـتەکانەوە دەتـوانن هـەواڵ بـدەن بـەو کەسەی کە پرسیاریان لێ دەکەن یـان کارێـك دەکـەن ئەمانـەیان (عـەراف) بوون ، بۆ نموونە:

عـەرافێك دەیـوت مـن دەزانم فـلانـە شـت کـێ دزیویـەتی و لـەکـوێدا شاردویەتیەوە ، (منجم – ئەستێرەناس)یش ئـەو کەسـە بوو کـە لـە ئەستێرەکان وورد ئەبووەوە ، کاتی جولانـەوەو دەرکەوتنی دەزانین و بۆ ئـەوەی هـەواڵی دونیـاو ڕووداوەکـانی گەردوون لـەداهـاتودا بەخـەڵك ڕابگەیەنێت[1] ، باوەڕ کردن بەهـەواڵی ئەستێرەناسەکان باوەڕ کردنە بە ئەستێرەکان ، لە ئیمان بەئەستێرەوە باوەڕیان بە (انواء) هەبوو ، واتە هەڵهاتن و نیشتنی ئەستێرە لە بەرەبەیاندا ، دەیانوت: بەهۆی هەڵهاتنی فلانـە ئەستێرەوە بـاران بـاری ، یـان بـەهۆی ئـاوا بونی فلانـە ئەستێرەوە باران باری[2] ، هەروەها (طيرة)یان هەبوو ، واتە ڕەشـبینی ، لـەوەوە هـاتبوو. ئـەهاتن باڵندەیەکـیان هەڵدەفرانـد، یـان ئاسکێکیـان. ڕاودەنـا ئـەگـەر بـەلای ڕاسـتدا بڕۆشتایە ، کارەکـەی خۆیان دەکردو بەباشیان دەزانـی ، خۆ ئـەگـەر بـەلای چـەپدا هەڵبهاتایە ئـەوا وازیان لێ دەهێناو بەڕەشبینیەوە سەیریان دەکرد. خۆ ئەگەر لە بەردەمیانـەوە بڕۆشـتایە، بەهـەمان شـێوە ڕەشـبین دەبـوون و دڵیـان دادەگـیرا. هەروەهـا بـە قـاچ هەڵواسـینی کەروێشکیان بەڕەشـبینی دەزانـی ، هەنـدێك ڕۆژو مـانگ و ئاژەڵ و گـەڕەك و ژنیـان بـە شـووم دەزانـی ، باوەڕیـان بەتەنینـەوەی بـەلا هەبوو ، باوەڕیان وابوو کوژراو لەگۆڕدا ناحەسێتەوە هەتاکو تۆڵەی دەسەنرێتەوە ، ڕۆحی کوژراو دەبێتە بایەقوش و لـەچۆڵەوانیدا ڕۆژانە دەخوێنێت و دەڵێت: ئاوم بدەنێ ، ئاوم بدەنێ ، کە تۆڵەی سەندرایەوە ئیتر دەحەوێتەوە[3] .

---

[1] / مرقاة المفاتيح . شرح مشكاة المصابيح ٢ ٢ ، ٣

[2] (صحيح مسلم) بەشی (كفر من قال مطرنا بالنوء ، كتاب الإيمان ١ ٥٩)

[3] / صحيح البخاري ٢ ٨٥١ ، ٨٥٧ ، بەپەراوێزی (شێخ ئەحمەد عەلی سەهارەنفوری)

خەڵکی سەردەمی نەفامی لەسەر ئەوحاڵەتە بوون و هەندێك لە پاشماوەی ئایینی ئیبراهیمیان دەست پێوە گرتبوو ، وەکو بەگەورە زانینی (بیت) و تەواف کردن و حەج وعەمرەو وەستان لە عەرەفەداو ، موزدەلیفەو هەدیەکردنی قوربانی و، بەڵێ لەو بوارە چەندین جۆر داهێنانیان کردبوو ، لەوانە قورەیش دەیان وت : ئێمە رۆڵەی ئیبراهیم و خەڵکی حەرەم و خاوەنی بەیت و دانیشوانی مەککەین ، ئەوەی مافی رەوای ئێمەیە ، ئەو مافە بۆ عەرەب رەوا نی یە ، خۆیان ناونابوو (الحمس) جێگەیەکی تایبەتیان بۆ خۆیان دانابوو ، دەیانوت: ئێمە لە حەرەم ناچینە دەرەوە ، لەکێوی عەرەفە نەدەوەستان و (إفاضة) یان نەدەکرد ، بەڵکو بەجیا دەهاتنەوە بۆ (مزدلفە)و لەوێ (إفاضة) یان دەکرد ، ئەم ئایەتە لەسەر ئەوان هاتە خوارەوە ﴿ ثُمَّ أَفِيضُواْ مِنْ حَيْثُ أَفَاضَ النَّاسُ﴾ البقرە/١٩٩[1] ، واتە: ئەی خەڵکی قورەیش ئێوەش (إفاضة) بکەن هەروەکو خەڵك (إفاضة) دەکات.

هەروەها دەیانوت: پێویستە (حمس)ەکان لەکاتی (إحرام)دا شیری وشتر بخۆنەوەو چەورایی دروست نەکەن و نەچنە دەوارێکەوە لەتاڵی موو دروست کرا بێت و دەبێت نەچنە ژێر سێبەریشەوە ، ئەگەر چوونە ژێرسێبەر دەبێت بچنە ژێر سێبەری خانووی گڵەوە[2].

هەروەها دەیانوت: ئەوانەی کە دێن نابێت لەو خواردنە بخۆن لەکاتی ئیحرامدا، کەپێش ئیحرام بەستن هێناویانە ئەگەر بۆحەج یان بۆ عەمرە هاتبوون[3].

هەروەها ئەمریان دەکرد بەسەر خێڵەکانی تردا کە دەبێت بەجلی (حمس)ەوە (احرام) ببەستن و تەواف بکەن، ئەگەر هیچیان دەست نەکەوت ئەوا پیاوان بە رووتی و ژنانیش بەزنجیر بەندێکی کون کونەوە تەوافیان دەکرد ، ژنان لە تەوافدا دەیانوت :

اليوم يبدو بعضه أو كله ۝ وما بدا منه فلا أحله

کە ژن و پیاو بەم شێوەیان دەکرد ، ئایەت هاتە خوارەوە ﴿ يَا بَنِي آدَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ ﴾ الأعراف/٣١، واتە: ئادەمیزاد، لەتەواف و هاتووچۆی

---

[1] / ابن هشام ١٩٩/١ صحيح البخاري ٢٢٦/١

[2] / سەرچاوەی یەکەم .

[3] / سەرچاوەی یەکەم

مزگەوتدا خۆتان جوانکەن ، ئەگەر پیاوێك یان ژنێك زاتی بکردایە بەو جلەی خۆیەوە تەوافی بکردایە کە پێوەی هاتووە بۆ مەککە ، ئەوا دەبوایە دوای تەوافەکە فڕێی بدات و کەسیش سوودی لێ نەدەبینی[1].

هەروەها لەکاتی (إحرام)دا قورەیش لە دەرگاوە نەدەهاتنە ماڵی خۆیان ، بەڵکو لە پشتی ماڵەکەیانەوە کونێکیان دەکردە دیوارەکەو لەوێوە هاتوچۆیان دەکرد ، ئەم ووشکی و خۆڕەتاندنەیان بەخواپەرستی و چاکە دەزانی ، ئەوە بوو قورئانی پیرۆز لێی قەدەغە کردن.

ئایینی شیرك و بتپەرستی و باوەڕبوون بەخورافەو شتی پڕوپوچ ئایینی زۆرینەی عەرەب بوو، جولەکەو گاورو ئاگرپەرست و سائیبەکان توانیبوویان بێنە ناو خاکی عەرەبەوە.

جولەکە دوو ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو – کە بەلایەنی کەمەوە – لە دورگەی عەرەبیدا دەیانبینی:

یەکـــەم: لەســەردەمی ڕزگــارکردنی فەلەســتینەوە بەدەســتی بــابلی و ئاشووریەکان جوولەکە کۆچیان کرد ، ئەو کۆچە بەهۆی فشارەوە بوو ، وولاتیان وێران و پەیکەرەکەیان بەدەستی (بوختەنەسر) لەساڵی (٥٨٧ پ.ن) تێکشکێنرا ، زۆربەیان کرانە کۆیلەو بران بۆ بابل ، هەندێکیان فەلەستینیان بەجێهێشت و چون بەرەو (حیجاز)و لەبەشی سەرەوەیدا نیشتەجێ بوون[2].

دووەم : لە داگیرکردنی (فلسطين) لەلایەن ڕۆمەکانەوە دەست پێدەکات ، بە سەرکردایەتی (بنطس)ی ڕۆمانی لە ساڵی (٧٠) زاییندا ، لەئەنجامی ئەو فشارەدا لەسەر جولەکەو ڕوخاندنی پەیکەرەکەیان هەندێك هۆزی جوولەکە چوون بەرەو حیجاز ، لە (یثرب) و(خیبر) و(تیماء) جێگیر بوون ، گوندو قوللەو قەڵاو بینایان دروست کرد ، لە ڕێگەی ئەم کۆچەریانەوە ئایینی جوولەکە بەناو هەندێك هۆزی عەرەبدا بڵاوبووەوە ، بە شێوەیەك شان و شەوکەتی سیاسیان هەبوو پێش هاتنی ئیسلام و لەکاتی هاتنیدا ، کە ئایینی ئیسلام هات ، خێڵە ناودارەکانی جوولەکە بریتی بوون لە (خیبر) و (بنونضير) و (المصطلق) و (قريظة) و (قينقاع) ،

---

[1] / ابن هشام ١/٢٠٣،٢٠٢– صحيح البخاري ١/٢٢٦

[2] / (قلب جزيرة العرب) ل ١٥١

(السمهودي) له (وفاء الوفا)دا (ل . ١١٦) دەڵێت: ژمارەی تیرەو هۆزەکانی جوولەکە لە (بیست) زیاتر بوون[1].

بەهۆی (تبان أسعد ابی کرب)ە وە ئاییینی جوولەکە گەیشتە یەمەن ، ئەم پیاوە بۆ شەڕ بەرەو (یثرب) چوو بوو، لەوێ بوو بوو بەجولەکەو لەگەڵ خۆیدا دوو زانای جوولەکەی لە (بنو قریظة)ەوە هێنا بۆ یەمەن ، بەوهۆیەوە لە یەمەندا جوولەکایەتی بڵاوبۆوە، دوای خۆی کە (یوسف ذونواس)ی کوڕی بوو بە سەرداری یەمەن ، هێرشی کردە سەر گاورەکانی (نەجران)و بانگی کردن بۆ ئاییینی جولەکە ، کە بەگوێیان نەکرد ، شیوێکی پڕ لەئاگری بۆ دروستکردن و ژن و منداڵ و گەورەو بچوك و پیرو گەنجی گاوری تێ فڕێدا ، دەڵێن ژمارەی کوژراوەکان لە (٢٠ ــ ٤٠) هەزارە ، ئەم ڕووداوە لە ئەکتۆبەری ساڵی (٥٢٣) زاییندا ڕووی داوە[2]. قورئان لە سورەتی (البروج)دا بەشێك لەم کارەساتەی باس کردووە .

سەبارەت بەئاییینی نەسرانی (گاورایەتی) لەڕێگەی داگیرکردنی (حەبەشە) و (ڕۆمەکان)ەوە بۆ وولاتی عەرەب هاتووە . یەکەم داگیرکردنی یەمەن لە لایەن (حەبەشەوە) ە وە ساڵی (٣٤٠)ی زایین بوو، تا ساڵی (٣٧٨)ی زایین بەردەوام بوو[3] لەو زەمانەدا مژدەی ئاییینی مەسیحی لەیەمەندا دەنگی دایەوەو بڵاوبوەوە ، لەو ڕۆژگارانەدا ، پیاوێکی خواپەرستی زاهیدی دۆعاگیرای خاوەن کەرامەت بەناوی (فیمیون) دێتە نەجران ، خەڵکی ناوچەکە بانگ دەکات بۆ ئاییینی گاورێتی (مەسیحی) ، کە خەڵکی نەجران دەبینن پیاوێکی ڕاستگۆو دیندارە زوو بەدەمیەوە چوون و باوەڕیان بەئاییینی مەسیحیەت هێنا[4].

کەحەبەشیەکان لەدژە کارەکانی (ذونواس)دا یەمەنیان داگیرکرد، ئەبرەهە توانی دەسەڵاتی تێدا دابمەزرێنێت و بەچالاکیەکی زۆرەوە ئاییینی مەسیحی بڵاو بکاتەوە، ئەوەندە چالاکی زۆربوو (کابە)یەکی لە رکابەری (کابەی شەریفدا) لە یەمەن دروستکرد، بۆ ئەوەی ڕووی خەڵکی لەماڵی خوا وەرچەرخێنێت بەرەو یەمەن و (کابەی شەریفە)ش بڕوخێنێت ، ئەوەبوو خوای گەورە کردی بەپەندی زەمانە.

---

[1] / (قلب جزيرة العرب) ل ١٥١

[2] / تفهيم القرآن ٢٩٧،٢٩٨/٦ ـ هەروەها (ابن هشام) ٣٦/٢٠،٢١،٢٢،٢٧،٣١،٣٥/١

[3] / تفهيم القرآن ٢٩٧/٦

[4] / (قلب جزيرة العرب) ل ١٥١

هەروەها عەرەبە غەسانییەکانی دراوسێی ڕۆمان بەهۆی هاوسێیەتی و نزیکیانەوە بوون بەمەسیحی ، لەگەڵ هۆزەکانی (تغلب) و (طیء)دا ، نەك هەر ئەوە ، بەڵکو هەندێك لە میرەکانی (حیرەش) بوون بە گاور.

سەبارەت بەئایینی ئاگرپەرستی تەنها لەناو ئەوخێڵە عەرەبانەدا هەبوو کە دراوسێ و نزیکی فارسەکان بوون ، لە عێراقی (عەرەب) و لە بەحرەین (الأحساء) و (هجر)و هەموو دراوسێ نزیکەکانیان لەکەناری کەنداوی عەرەبدا، هەروەها کۆمەڵێك پیاوی تریش لەسەردەمی دەسەڵاتی فارسەکاندا چوونەسەر باوەڕی ئاگر پەرستی.

سابئی‌یەکانیش ، بەپێی قسەی ئاسەوارناس و لێکۆڵینەوە مێژووییەکان دەڵێن: ئەوە ئایینی کلدانیەکانی گەلی ئیبراهیم بوە ، زۆرێك لە خەڵکی شام سابئی بوون ، بەهەمان شێوە یەمەنی‌یە کۆنەکان، بەهاتنی ئایینی (جولەکە)و (مەسیحی) ی بونیادو بنەمای ئایینەکە کەوتۆتە لەرزین و لەسەرپێ نەوەستاوەو چالاکیەکانی خامۆش بۆتەوە ، بەلاَم هەندێکیان بەتێکەڵاوی لەگەڵ ئاگرپەرستەکاندا مانەوە یان دراوسێیەتیان دەکردن ، لەوانە خەڵکی ڕەشەخاکی عێراق و کەنارەکانی کەنداوی عەرەب[1].

---

[1] تاريخ ارض القرآن ٢ ١٩٣-٢٠٨

بـارودۆخـی ئـایینی

کاتێك ئایینی پیرۆزی ئیسلام هات ، ئەوە حاڵی ئایینەکانی عەرەب بوو ، هـەموو ئـەو ئایینانـە تووشـی لێـك هەڵوەشـان هـاتبوون و عـەمبارەپۆ بووبـوون . موشریکەکان دەیـانوت: ئێمە لەسەر ئایینی ئیبراهیمین ﷺ ، لەکاتێکدا کە هیچ پابەندی بنەما ڕەوشتی‌یەکانی ئەو ئایینە نەبوون ، لادان و تاوانەکانیان گەلێ زۆر بوو. بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار خورافەی ئایینی و داب و نەریتی بتپەرستەکانیان تێدا بـڵاو بووبـوەوە ، بەشـێوەیەك کاریگەریـەکی زۆری لەسـەر ژیـانی کۆمەڵایـەتی و سیاسی یان بەجێ هێشتبوو.

جولەکـەش دەسـتیان دابـوە ڕیابـازی و خۆسـەپاندن ، سـەرکردەکانیان کرابوونە خواو دەپەرستران ، دەستیان وەردەدایە کاروباری خەڵکی و لەسەر چپەی سـەرلێوان و خورپـەی دڵیشـیان سەرزەنشـتیان دەکـردن، هـەموو خـەمێکیان خـڕ کردنـەوەی ماڵ و سـامان و سـەرۆکایەتی بـوو ، با ئاینیش زایـەبێت و کـوفرو بـێ باوەڕی و سوکایەتی بەفەرمانە پیرۆزەکانی خوای تێدا بێت.

نەصرانیەتیش (مەسیحایەتی) یان (گاورایەتی) وەك بتپەرستی لێ هـاتبوو کـەس لێـی حـاڵی نـەدەبوو ، تێکەڵەیەکی نامۆیـان لـەنێوان خـواو مرۆڤدا دروست کردبوو ، لەناخی عەرەبە دیندارەکاندا ئەم بۆچوونانە هیچ کاریگەریەکی نەبوو ، نە دەگونجان و نەیانـدەتوانی واز لـەژیانی خۆیـان بهێـنن بـۆ ئـەو ژیانـەی مەسـیحیەت داوایان لێ دەکات.

حـاڵی ئایینـەکانی تـری عـەرەب وەکـو موشـریکەکان وەهـابوو، بـیر کردنـەوەیـەکی هاوچەشـن بـوو، یـەك عەقیـدەیان هـەبوو، داب و نەریتیشـیان لەیـەك دەچوو.

چەند دیمەنێك
لە کۆمەڵگای عەرەبی
سەردەمی نەفامیی

دوای قسەوباس لەسەر دورگەی عەرەبی و باری ئایین تێیدا ، ئەوە ماوە کە قسەیەك لەسەر باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕەوشتی بکەین ، بەکورتی لەسەر ئەوەش دەدوێین:

باری کۆمەڵایەتی

لەناو عەرەبدا چەند ناوەندێکی هەمەچەشن هەبوو ، حاڵی هەندێکیان لە هەندێکی تریان جیابوو ، لەناو (أشراف)دا پەیوەندی پیاو لەگەڵ کەسوکاریدا لە بەرزترین پلەی پێشکەوتن دابوو، ژن ئازادی و ئیرادەیەکی سەربەخۆی هەبوو ، ڕێزی لێدەگیرا لەپێناویدا شیر هەڵدەکێشراو خوێن دەڕژێرا ، ئەگەر پیاوێك بیویستایە لەناو عەرەبدا پلەوپایەیەکی چاك و ڕێزێکی هەبێت ، دەبوایە زۆربەی کات گوتاری لەگەڵ ژندا بێت ، ئەگەر ژن خواستی لەسەربوایە خێڵەکانی لەسەر ئاشتی کۆ دەکردەوە ، یان فیتنەو ئاژاوەیەکی گەورەی تێدا دروست ئەکردن و دەیدان بە شەڕ ، لەگەڵ ئەمانەشدا بەبێ ململانێ پیاو سەرداری ماڵ بوو، خاوەنی بڕیاری کۆتایی بوو . لەهەڵبژاردنی هاوسەردا دەبوایە ژن بێدەنگ بێت و لەقسەی کەسوکاری دەرنەچێت و لەژێر چاودێری ئەواندا شووی بکردایە ، ئەوەحاڵی (اشراف) پیاوماقوڵان بوو. لەناوەندەکانی تردا جۆرێك لەتێکەڵاوی هەبوو ، لەنێوان ژن و پیاودا ، دەتوانین بڵێین گەیشتبووە ئاستی بەدڕەوشتی و بەڕەڵلایی ، (ابو داود) لە عائشەوە ﷺ دەگێڕێتەوە ، کە ژن هێنان لەجاهیلیەتدا بەچوار شێوە بووە ، یەکێکیان بەوشێوەیە بووە کە ئێستا هەیە ، پیاوێك لەپیاوەکەی تر داوای خوشکەکەی یان کچەکەی دەکرد ڕازی دەبوو مارەی دەکرد ، جۆرێکی تر: پێی دەوترا ژن هێنانی (استبضاع) واتە: کاتێك ژن لە (عادە)ی مانگانەی خۆی پاك دەبۆوە ، پیاوەکە پێی دەوت بڕۆ لەگەڵ فلانە پیاو (بنوو) ، ئەو ماوەیە مێردەکەی نەدەچووە لای ، هەتا دەرئەکەوت کە ژنەکە دوو گیانە ، ئەوجا ئەگەر مێرد بیویستایە دەچووە لای ، ئەمەیان بۆیە دەکرد تاڕۆڵەیەکی وەجاخ زادەیان لێ بکەوێتەوە ، جۆرێکی تر لە هاوسەرێتی بریتی بوو

لەوەی ژمارەیەك لە پیاو (کەمتر لە دە کەس) دەچوونە لای ژنێك و هەموویان لەگەڵی دەنوستن ، ئەگەر سکی پڕ بوایەو منداڵەکەی ببوایە ، چەند ڕۆژێك چاوەڕوانیان دەکرد ، پاشان ژنەکە دەینارد بەدوای پیاوەکاندا ، ئەوانیش نەیاندەتوانی نەیەن ، ئەوسا ژنەکە پێی دەوتن: ئێوە دەزانن چیتان کردووە ، ئەمە ڕۆڵەی تۆیە فلانە کەس ، بە ئارەزووی خۆی یەکێکیانی هەڵدەبژاردو دەبو بەباوکی منداڵەکە ، جۆری چوارەمی هاوسەرگرتن بریتی بوو لەوەی کۆمەڵێك پیاو دەچوونە لای ژنێك و کاری سێکسییان لەگەڵ دەکرد ، ئەو جۆرە ژنانەش کە بەدخوو داوێن پیس بوون ، خۆیان بۆ هەموو کەسێك دەدا بەدەستەوە ، ئەمانە لەسەر دەرگای ماڵەکانیان چارۆکەی سووریان هەڵواسی بوو بۆئەوەی بناسرێنەوەو هەر کەسێك بیویستایە بڕواتە لایان ، کە سکی پڕبوایە ئەو پیاوانەی کۆدەکردەوەو سەرناس (قائف)ی بانگ دەکرد ، (قافە) کەسانێك بوون شارەزایی یان هەبوو لەناسینەوەی ڕەگەزدا ، ئەویش لەهەر کامێکیان بچوایە دەیوت منداڵەکە هی تۆیە ، ئیتر بەناوی ئەوەوە بانگ دەکراو کابراش نکوڵی نەئەکرد ، کەخوای گەورە پێغەمبەری نارد ﷺ هەمووجۆرە هاوسەرێتیەکانی تری هەڵوەشاندەوەو تەنها ئەو هاوسەرێتییەی ئەمڕۆی ئیسلامی هێشتەوە[1].

هەندێجار لێواری شمشێرو نووکی ڕم ژن و پیاوی کۆدەکردەوە ، پیاوانی لە شەڕدا سەرکەوتوو ژنانی ژێرکەوتوانیان بۆ خۆیان حەڵاڵ دەکردو کۆیلەیان دەکردن ، ئەو منداڵانەی لەو جۆرە ژنانە دەبوو تاکۆتایی تەمەنیان لەکەو شوورەییان بەشوێنەوە بوو.

لەجاهیلیەتدا فرەژنی سنووریی نەبوو، دوو خوشکیان پێکەوە دەخواست ، باوەژنی خۆیان دەخواست کاتێك باوکیان تەڵاقی بدایە یان بمردایە (سورة النساء ٢٢-٢٣) تەڵاقیش بەدەست پیاوانەوە هیچ سنورێکی نەبوو[2].

زیناو بەدڕەوشتی ئەوپەڕی گرتبوو ، لەزۆربەی جێگەدا باوبوو، ناتوانین هیچ ناوەندو توێژێك جیابکەینەوە ، جگە لەهەندێك ژن و پیاوی ڕەوشت بەرز کە دەروونیان ئەوەی قەبووڵ نەدەکرد ، ژنە ئازادەکان کەمتر ئەو کارەیان دەکرد ،

---

1 أبو داود ، كتاب النكاح

2 هەمان سەرچاوە، (باب) نسخ المراجعة بعد التطليقات الثلاث

کارەساتەکە لە (کەنیزەك) دابوو، پێدەچێت زۆرینەی خەڵکی جاهیلی بەعەیبی نەزانی بێت ئەو فاحشەیە لەگەڵ جاریەدا بکات ، (ابو داود) لە (عمرو)ی کوڕی (شعیب)ە وە لە باوکیەوە ئەویش لەباپیریەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: جارێکیان پیاوێك ووتی: پێغەمبەری خوا ﷺ فلأنە منالْ کوڕی منە، چونکە لەجاهیلیدا لەگەڵ دایکیدا دروست بووم، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: لەو بارەیەوە هیچ سکالأیەك وەرناگیرێت لە ئیسلامدا ، کاروباری جاهیلیەت بەسەرچوو ، منالْ هی پەردەیە ، مرۆڤی بەدخوش دەستبەسەرە ، هەروەها ململانێی (سعد)ی کوڕی (أبی وقاص) و (عبد بن زمعە) لە بارەی کوڕی کەنیزەکەکەی (زمعە) وە کە ناوی (عبدالرحمن بن زمعە)یە دیارەو دەزانرێت [1] .

پەیوەندی پیاو بەمناڵەکانیەوە چەند شێوەیەکی هەبوو، هەندێکیان دەیانوت:

إنــما أولادنـــا بينن أكبـــادنـــا تمشي على الأرض

واتــە: مناڵـەکانمان لەناوماندا جگەرگۆشـەمانن و بەسـەر زەویـدا دێـن و دەچن.

هەندێکیان کچیان زیندە بەچاڵ دەکرد لەبەر ئابڕووچوون و هەژاریی ، کوڕیش لەبەر هەژاریی دەکوژران (قورئان (٦ـ ١٥١) (١٦ـ ٥٨) (١٧ـ ٣١) (٨١ . ٨) بەلأم ناکرێت بڵێن ئەوە نەریتێکی سەرانسەری بووە ، چونکە زۆر پێویستیان بە کوڕ هەبووە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمن.

مامەڵەی پیاو لەگەڵ براو ئامۆزاو خێڵەکەیدا زۆر بەهێزو پتەو بوو ، ئەوان بۆ خاتری خێلأیەتیو دەمارگیری هۆز دەژیان و دەمرن ، گیانی کۆبوونەوەو یەکگرتن لەناو ڕۆڵەکانی خێلێکدا زۆر بەهێزبوو، ئەوەش دەمارگیری زیاتر دەکردن بۆ ڕەگەزو خزمایەتی، لەسەر ئەو پەندە دەڕۆیشتن کەدەڵێت: (پشتیوانی لەبراکەت بکە ، زاڵم بێت یان مەزڵوم) بەو مانا ڕواڵەتی ئەو پەندەیان جێبەجێ دەکرد، کە دووربوو لەو چاکسازییەی ئیسلام کردی لەدەقەکەدا کە بریتییە لەرێگەنەدان بە زوڵم کردن لەکەسانی دیکە ، ململانێ لەسەر پلەوپایەو کورسی زۆرجار ڕۆڵەکانی یەك باوکیشی ئەدا بەشەڕ ، هەروەکو لە کێشەی نێوان (اوس و خزرج) و (عبس و ذبیان) و(بکر و تغلب) دا هەبوو .

---

[1] / أبو داود ، (باب) الولد للفراش

پەیوەندی نێوان خێڵەکان بێ شێرازە لێکپچڕاو بوو، لەشەڕی یەکتریدا شەکەت بووبوون ، ترسان لە هەندێك داب و نەریتە هاوبەشەکانیان بەهۆی (ئایین) و (ئەفسانە) وە لەو شەڕەنگێزییەی کەم کردبوونەوە ، هەندێ جاریش (پشتیوانی لە یەك) و (پەیمان بەستن) خێڵە دژ بەیەکەکانی دەخستەوە یەك ، مانگە جەنگ تێدا حەرام کراوەکان گەورەترین ڕەحمەت و یارمەتی بوو بۆ ژیان و بژێویان.

بەکورتی، حاڵەتی کۆمەڵایەتی لەداکەوتنێکی ترسناکدا بوو، نەزانیی چوارلای تەنیبوون ، مرۆڤەکان وەك ئاژەڵ ملیان بۆ خورافات کەچ کردبوو ، ژن دەفرۆشراو دەکڕا وەکو شمەك ، پەیوەندی نێوان ئەندامانی کۆمەڵ پچڕابوو ، هەموو خەمێکی حوکومەتەکانیش ئەوەبوو گەنجینەکانیان پڕبکەن لەماڵ و سامانی ڕەعیەت ، یان جەنگ و هەرایان بۆ بنێنەوە.

بارودۆخی ئابووری

بارودۆخی ئابووریش ، وابەستەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی بوو ، ئەگەر سەیری بژێوی عەرەبەکان بکەین زیاتر ئەم خاڵەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ، بازرگانی گەورەترین هۆ بوو بۆ دەوڵەمەند بوون و دابین کردنی پێداویستیەکانی ژیان ، یەك سەفەری بازرگانی بەبێ بەرقەراربوونی ئاشتی و.هێمنی هەرگیز نەدەکرا ، ئەوەش لە دوورگەی عەرەبیدا نەدەکرا مەگەر لە ڕۆژانی مانگە حەرامەکاندا ، لەم مانگانەدا بازاڕە بەناو بانگەکانی عەرەب دائەمەزرێنران وەکو (عكاظ) و(ذی المجان) و(مجنة) و هەندێکی تر.

لەبارەی پیشەسازیەوە عەرەب لەهەموو میللەتان دواکەوتووتر بوون ، هەرچی پیشەسازیەکیش لەناویاندا هەبوو وەك چنین و دروومان و پێستە خۆش کردن لەناو خەڵکی (یەمەن) و (حیرە) و دەوروبەری شامدا بوو، لەناو دوورگەی عەرەبیدا کشتوکاڵ و زەوی کێڵی و ئاژەڵ بەخێوکردن هەبوو ، زۆربەی ژنانی عەرەب خەریکی ڕستن و چنین بوون ، بەڵام هەموو ئەو کەلوپەلانە لەبەردەم هەڕەشەی تالان و برۆی جەنگدا بوون ، ڕووتی و برسێتی و هەژاری دەردی زۆرینەی کۆمەڵ بوو.

ڕەوشـــــت

نکوڵی ناکرێت لەوەی کە لەسەردەمی جاهیلیەتدا کۆمەڵێك ڕەوشتی نزم و خراپەی واهەبوو دژ بە هەموو عەقڵێکی دروست بوو، ویژدان قەبوڵی نەدەکرد ، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك ڕەوشتی بەرزیان تێدابوو مرۆڤی جوان دەکردو مایەی سەرسامیو سەرسوڕمان بوو، لەو ڕەوشتانە :

١ـ **بەخشـــندەیی**: زۆر لەناوخۆیاندا شانازیان بەم خەسڵەتەوە دەکرد ، نیوەی شیعرەکانیان لەسەر ئەم خەسڵەتە ئەهۆنیەوە ، وەسفی خۆیان و خراپەی خەڵکی تریان تێدا دەوت ، جاری وادەبوو لەڕۆژێکی سەرماو سۆڵەو برسێتیدا پیاوێك میوانێکی دەهات ، هیچ لەماڵەکەیدا نەبوو بیداتێ جگە لە وشترەکەی کە ژیانی خۆی وخێزانەکەی لەسەر وەستابوو، خەسڵەتی بەخشندەیی دەیگرت و وشترەکەی بۆ میوانەکەی سەر دەبڕی ، لەوەش گەورەتر زۆرجار بۆ خوێن خۆشکردنی چەندین باری قورس و ماڵ و سامانێکی زۆریان خەرج دەکرد ، بۆئەوەی دڵۆپێك خوێن نەڕژێت مرۆڤێك زایەنەبێت و بەمەشەوە فەخروشانازیان دەکرد بەسەرسەرکردەو سەرۆکەکانی تردا .

لەئاکامی بەخشندەیی خۆیاندا وەسفی (مەی) یان دەکرد ، نەك لەبەر زاتی (مەی) یەکە ، بەڵکو لەبەرئەوەی ڕێگەیەکەیە بۆ بەخشندە بوون لەسەر خودی خۆیان ، بۆیە بەداری مێویان دەوت (الکرم) ، بەو مەیەشیان دەوت کەلێی دروست ئەکرا (بنت الکرم) ، ئەگەر سەیری دیوانەکانی سەردەمی نەفامیی بکەیت چەند باسێکی گرنگ لەشانازی بەخۆوە کردن و وەسف و سەناکردن دەبینیت ، (عەنتەرەی) ی کوڕی (شداد)ی (عبسی) لە(معلقه) کەیدا دەڵێت:

ولَقَدْ شرِبْتُ مِنَ المُدامَةِ بَعدَما	رَكَدَ الهواجرُ بالمَشُوفِ المُعْلَمِ
بزُجاجَةٍ صَفْراءَ ذات أسِرَةٍ	قُرِنَتْ بأزهَرَ بالشَمالِ مُفَدَمِ
فاذا شَرِبتُ فانني مُستَهلِكٌ	مالي ، وَعِرضي وافرٌ لم يُكْلَمِ
وإذا صَحَوتُ فما أقصِرُعن ندًى	وكما علمْتِ شمائلي وتكرُمي

هەر لەئاکامی ئەو بەخشندەییەی کە هەیانبوو خۆیان بە قومارەوە سەرقاڵ دەکرد، چونکە وایاندەزانی ڕێگەیەکە بۆ بەخشندەبوون و هەرچیەکیان بېردایەتەوە

دەیانبەخشی بەهەژاران ، یان هەرپشکێکی سەرکەوتوان زیادبوایە دەبەخشرایەوە ، بۆیە دەبینی قورئان نکۆڵی لەهەندێك قازانجی قومارو مەی خواردنەوە ناکات و دەفەرموێت : ﴿وَإِثْمُهُمَآ أَكْبَرُ مِن نَّفْعِهِمَا﴾ البقرة/٢١٩ واتە: بەڕاستی زیانیان لە سوودیان زیاترە .

٢ ـ **وەفاداری و ئەمەك شوناسی** . وەفاداری وەکو ئایین دەستی پێوە دەگیرا ، بە لایانەوە ئاسان بوو بۆ وەفادارییی منالی خۆیان بکوژن وماڵیان کاول بکەن ، لەو بارەیەوە ئەوەندە بەسە کە بەسەرهاتی (هانیء)ی کوڕی (مسعود الشیبانی) و (السموأل) ی کوڕی (عادیا) و (حاجب)ی کوڕی (زرارە التمیمی) بزانین.

٣ـ **دەروون بەرزی و قەبووڵ نەکردنی زوڵم و ژێردەستەیی** . لەئەنجامی ئەوەدا ئازایەتیەکی لەڕادە بەدەریان هەبوو ، غیرەت پەروەر بوون ، زوو هەڵدەچوون ، وتەیەکیان بژنەوتایە بۆنی بێغیرەتیو ترسنۆکی و مل نەوی کردنی تێدابێت شمشێریان هەڵدەکێشاو شەڕیان دەکرد ، لەو پێناوەشدا چەندین جەنگ و هەرایان بەرپا کردووەو باکیان نەبووە لە هیچ قوربانیەك .

٤ـ **سەرڕاستی و بەدەمەوەچوونی کار**، ئەگەر نیازی هەرکارێکیان بکردایەو گەورەییان تێدا ببینیایە ، هیچ هۆیەك ساردی نەدەکردنەوە ، گیانیشیان لە مەترسیدا بوایە بەدەمیەوە دەچوون.

٥. **ئارامگرتن و لەسەرخۆیی و ئاغریی**، هەمیشە شانازیان پێوە دەکرد ، ئەم سیفەتەیان بەگەورەیی تێدا بوو زۆر ئازاو نەبەرد بوون لە جەنگدا.

٦ ـ **وەك خەڵکێکی خێڵەکی و دەشتەکی سادەو بێ گرێ بوون**، بەجەنجاڵیەکانی شارستانێتی سەرقاڵ نەبووبوون و فڕوفێڵیان نەدەزانی ، دەرەنجامی ئەوەش ، ڕاستگۆیی و سپاردەناسی سیفەتیان بوو. حەزیان لەخیانەت و بێئەمەکی نەبوو.

دەبینین ئەم ڕەوشتە بەرزانە – لەگەڵ مەوقیعیەتی دوورگەی عەرەب لە جیهاندا – بوونە هۆی هەڵبژاردنی پێغەمبەر ﷺ بۆ هەڵگرتن و لەئەستۆگرتنی پەیامی خوایی و سەرکردایەتی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگای بەشەریی، چونکە ئەو ڕەوشتانە هەرچەندە هەندێکیان لەکۆتاییدا ئەنجامی خراپیان هەبوو، بەلام لەکۆی

هەمویدا کۆمەڵێك ڕەوشتی بەنرخ بوون ، بەسوودێکی گشتی گەورەو دەگەڕانەوە بۆ کۆمەڵگا ئەگەر دەستکاریەکیان بکرایە ، ئەوەش ئیسلام لە ئەستۆی گرت .

لەوانەیە دوای وەفاداری بەسوودترین ڕەوشتی عەرەب نەفس بەرزی بێ لەگەڵ بەدەمەوە چوونی کارو ڕاپەڕاندنی ، چونکە ناکرێت شەڕەنگیزی و فەسادو خراپە ڕیشە کێش بکرێت و دادی لەجێگەدا بچێنرێت بەو سیفەتانە نەبێت.

بەدەر لەو سیفەتانە سیفەتی ڕەوشتی بەرزی تریان هەبوو لێرەدا جێگەی باس نی‌یە.

ڕەچەڵەکی پێغەمبەر ﷺ و بنەماڵەکەی

ڕەچەڵەکی پێغەمبەر ﷺ

ڕەچەڵەکی پێغەمبەر سێ بەشی هەیە:

بەشێکیان هەموو سیرەتناس و ڕەچەڵەك زانەکان یەکدەنگن لەسەری ، ئەوەش ئەو بەشەیانە کەدەگەڕێتەوە سەر (عدنان) ، بەشێکیشیان جێگەی ڕا جیایی یە ، هەندێکیان لەسەری وەستاون و هەندێکی تریشیان قسەیان لەسەرکردووە ، ئەمەشیان سەبارەت بەبەشی سەرەوەیە تا ئیبراهیم ، بەشێکیان گومانمان نی‌یە کە شتی هەڵەی تێدانیە ، ئەوەش هەواڵی پێش (ئیبراهیم) ، هەتا دەگاتە (ئادەم) ، پێشتر چەند ئاماژەیەکمان لەو بارەیەوە کرد ، ئەمەش درێژەکەیەتی:

بەشی یەکەم : موحەممەد ﷺ کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی (عبد المطلب)ە کە ناوی (شیبە)یە ، کوڕی هاشم کە ناوی (عمرو)ی کوڕی (عبدمناف)ە کە ناوی (المغیرە)یە ، کوڕی (قصی) کە ناوی (زید)ە ، کوڕی (کلاب)ی کوڕی (مرە)ی کوڕی (کعب)ی کوڕی (لؤی) کوڕی (غالب)ی کوڕی (فهر) ئەم پیاوە ناوی (قریش)ە ، خێڵی قوریش ناوەکەی لەوەوە هاتووە ، کوڕی (مالیك)ی کوڕی (النضر) کە ناوی (قیس)ە ، ی کوڕی (کنانە) کوڕی (خزیمە) کوڕی (مدرکە)، کە ناوی (عامر)ە کوڕی (إلیاس) کوڕی (مضر) کوڕی (نزار) کوڕی (معد) کوڕی (عدنان)ە [1].

بەشی دووەم: سەرەوەی عەدنان ، (عەدنان) کوڕی (أد) کوڕی (همیسع) کوڕی (سلامان) کوڕی (عوص) کوڕی (بوز) کوڕی (قموال) کوڕی (أبی) کوڕی (عوام) کوڕی (ناشد) کوڕی (حزا) کوڕی (بلداس) کوڕی (یدلاف) کوڕی (طابخ) کوڕی (جاحم) کوڕی (ناحش) کوڕی (ماخی) کوڕی (عیض) کوڕی (عبقر) کوڕی (عبید) کوڕی (الدعا) کوڕی (حمدان) کوڕی (سنبر) کوڕی (یثربی) کوڕی (یحزن) کوڕی (یلحن) کوڕی (ارعوی) کوڕی (عیض) کوڕی (یشان) کوڕی (عیصر) کوڕی (أفناد) کوڕی (إیهام) کوڕی (مقصر) کوڕی (ناحث) کوڕی (زارح) کوڕی (سمی) کوڕی (مزی) کوڕی (عوضة) کوڕی (عرام) کوڕی (قیدار) کوڕی (إسماعیل) کوڕی (ئیبراهیم) عليه السلام [2].

---

[1] / إبن هشام ١/١،٢ (تلقیح فهوم اهل الأثر) ٥،٦ . رحمة للعالمین ٢/١١،١٢،١٣ ج١ ، ٥٢

[2] / شێخی عەلامە (احمدسلیمان المنصورفوری) ئەم بەشەی بەگێڕانەوەی کلبی نووسیوە، لەگەڵ (إبن سعد) بە لێکۆڵینەوەیەکی وورد ، رحمە للعالمین ٢/١٤، ١٥،١٦،١٧ لە سەرچاوەکانیشدا جیاوازیان زۆرە

بەشی سێیەم: سەروی ئیبراهیم ﷺ ، کە کوڕی (تارح) کە ناوی (آزر)ە کوڕی (ناحور) کوڕی ساروع ـ یان ساروغ ـ کوڕی فالخ کوڕی (عابر) کوڕی (شالخ) کوڕی (أرفخشد) کوڕی (سام) کوڕی (نوح) ﷺ کوڕی (لامك) کوڕی (متوشلخ) کوڕی (أخنوخ) ـ کە دەڵێن ئیدریسە ﷺ کوڕی (یرد) کوڕی (مهلائیل) کوڕی (قینان) کوڕی (ئانوشه) کوڕی (شیت)ە کوڕی (ئادەم)ە ﷺ.

بنەماڵەی پێغەمبەرێتی

بنەماڵەی پێغەمبەر ﷺ بەبنەماڵەی (هاشمی) ناسراوە ، بەهۆی (هاشم)ی باپیریەوە کەکوڕی (عبد مناف)ە ، کەواتە باباسێکی (هاشم)و ئەوانەی دوای ئەو بکەین:

١. هاشم ـ هەروەکو لەسەرەتادا ووتمان ـ چاودێرو زێوانی کابەی بەدەست بوو ، لەکاتێکدا کە (بنو عبدمناف) لەگەڵ (بنو عبدالدار) لەسەر دابەشکردنی پلەو پایەکان ڕێکەوتن ، (هاشم) پیاوێکی ناودارو دەوڵەمەند بوو، یەکەم کەس بوو شۆربای بۆ حاجیان دروست کرد ، ناوی (عمرو) بوو ، بۆیە ناوی نرا (هاشم) چونکە نان بدەیی بوو ، یەکەم کەسێك بوو کە کاروانی بازرگانی شام و یەمەنی ڕێکخست بۆ قورەیش لەم بارەیەوە شاعیرێك دەڵێت :

عمرو الذی هشم الثـريد لقـومه قـوم بمكـة مسنتيـن عجـاف
سنـت اليـه الرحلتـان كلاهمـا سفـرالشتـاء ورحلـة الأصياف

لەبارەی بەسەرهاتی ئەو پیاوەوە ، دەڵێن : جارێکیان بەبازرگانی چوو بۆ شام ، کە گەڕایەوە بۆ مەدینە (سلمی)ی کچی (عمرو)ی خواست کە یەکێك بوو لە (بنی عدی بن النجار) ـ لەلای ژنەکەی مایەوە ، پاشان چوو بۆ شام ، ژنەکەی سکی بە(عبدالمطلب)ە وە پڕ بوو ، لەو سەفەرەدا (هاشم) لە (غزە)ی خاکی فەلەستین کۆچی دوایی کرد ، لە ساڵی (٤٩٧ زاییندا) (عبد المطلب) لە دایك بوو ، ناوی‌نا (شیبە) چونکە چەند تاڵێکی سپی لە سەریدا بوو[1] ، (سەلمی)ی دایکی لە یەثریب مایەوە لەماڵی باوکی‌دا بەخێوی کرد ، هیچ کەسێك لە کەس و کاری هاشم لە شاری (مەککە)دا بەمەیان نەدەزانی.

---

[1] / إبـن هشـام ٢،٣،٤/١ تلقيح فهوم اهـل الأثـر ل٦، پوختـەی (السـير للطبري) ل٦، رحمـة للعـالمين ١٨/٢، سەرچاوەکان ڕاجیاییان هەیە لەناو بردنەکاندا بۆیە لە هەندێ سەرچاوەدا ناوەکان کەوتوون .

(هاشم) چوار کوڕی هەبوو کە بریتی بوون لە : (أسد) و (أبو صیفی) و (نضلة) و (عبدالمطلب).

لەگەڵ (٥) کچدا کە بریتی بوون لە : (شفاء) و (خالدە) و(ضعیفة) و (رقیە) و (جنە)[1].

٢ـ عبد المطلب ، پێشتر زانیمان کە چاودێری و زێوانی کابە لە دوای (هاشم) کەوتە دەست (عبدالمطلب)ی کوڕی (عبدمناف) ، ئەم پیاوە مرۆڤێکی بەرێزو پایەدار بوو قوڕیش ناویان نابوو (فیاض) چونکە زۆر نان بدە بوو، کاتێك (شیبە). عبدالمطلب ـ گەورەبوو، (المطلب) بیستیەوەو ناردی بەشوێنیدا ـ کەهات بینی چاوی پڕبوو لە ئاو ، باوەشی پێداکرد ، لەپشت خۆیەوە لەسەر وولاْخەکەی داینا ، (عبدالمطلب) ڕازی نەبوو هەتا دایکی مۆڵەتی نەدا ، دایکیشی نەیویست بینیرێت . (المطلب) پێی ووت: ئەم کوڕە بۆلای ماڵ و موڵکی باوکی دەڕواتەوە ، بۆلای (بیت الحرام) . ئەنجا مۆڵەتی‌دا، کە لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە بۆ مەککە لەپشت خۆیەوە سواری کردبوو خەڵکی ووتیان: ئەوە (عبد المطلب)ە ، ئەویش وتی: دایك ڕۆڵەڕۆتان بۆ بکات ئەوە برازامە کوڕی (هاشم)ە ، (عبد المطلب) لای مایەوە ، هەتاکو پێگەیشت . دوای ئەوە (المطلب) لە (بردمان)ە خاکی یەمەن مرد، (عبد المطلب) هاتە جێگەی، ئەوەی باوو باپیرانی دەیانکرد، ئەم لەوان زیاتری دەکرد ، پلەوپایەو ناودارییەکی پەیداکرد کەس پێش خۆی نەیبوو ، خەڵکی خۆشیان دەویست ، سامی لەدڵی خەڵکدا هەبوو[2].

کە (المطلب) کۆچی‌دوایی کرد، (نوفل) هەڵی کوتایە سەر (عبدالمطلب) و کەلو پەل و شمەکی ئەوی زەوتکردو بردی بۆ خۆی ، (عبدالمطلب)یش داوای کرد لە قوڕەیش پشتیوانی لێبکەن تا ئەو کەلوپەلە لەمامی بسەنێتەوە ، وتیان: ئێمە ناتوانین خۆمان فڕێ دەینە نێوان تۆو مامت ، ئەنجا نامەی نووسی بۆ خاڵوانی لەخێڵی (بنی النجار)و بەچەند شیعرێك نامەیەکی بۆ هۆنینەوە ، خاڵەکەی (ابو سعد)ی کوڕی (عدی) و (٨٠) سوارەی لەگەڵ خۆیدا هێنا نەوەستان هەتا (ابطح)ی نزیك مەککە لەوێ دابەزین ، (عبدالمطلب) یان پێگەیشت ، پێی وت: خاڵە .. حەز

---

[1] / إبن هشام ١/١٣٧، رحمة للعالمين ١/٢٦، ٢/٢٤ .

[2] / إبن هشام ١/١٣٧، ١٣٨ .

دەکەم لە ماڵەکەم دابەزیت ، ئەویش وتی: نەخێر سوێندبێت هەتا بە(نوفل) نەگەم وازناهێنم . کەوتەڕێ هەتا گەیشتە ئەنجومەنی قورەیش و ڕیش سپیانیان لەوێ بوون ، (نوفل) هەستایە سەرپێ ، (أبوسعد) شمشێری لێ هەڵکێشا ووتی : (نوفل)، سوێندبێت بەخاوەنی بەیت ئەگەر ئێستا ئەوکەلوپەلە نەدەیتەوە دەست ئەو خوشکەزایەم بەم شمشێرە ئەتکوژم ، (نوفل) وتی: هەمو کەلوپەلەکانم داوەتەوە بە(عبد المطلب) ، ڕیش سپیەکانی قورەیش شایەتیان بۆدا ، ئەنجا (أبوسعد) هاتە دەرەوەو لەماڵی (عبدالمطلب) دابەزی سێ ڕۆژ مایەوە ، عەمرەی کردو گەڕایەوە بۆ مەدینە ، کە ئەوە ڕوویدا ، (نوفل) پەیمانی بەست لەگەڵ (بنی عبد الشمس) کوڕی (عبدمناف) دژ بە (بنی هاشم) ، کەخێڵی (خزاعە)ش بینیان (بنی النجار) هاتن بە دەم (عبد المطلب)ە وە ، وتیان: چۆن کوڕی ئەوانە کوڕی ئێمەشە ، حەق وایە ئێمە زیاتر بچین بەهانایەوە –چونکە دایکی عبد مناف لەوانە – چوونە ناو (دار الندوە) پەیمانیان بەست لەگەڵ (بنی هاشم) دژ بە (بنی عبدالشمس) و (نوفل) ، هەر ئەم پەیمانە بوو لەئاکامدا بووە هۆی (فتح)ی مەککە ، هەروەکو لە دواییدا باسی دەکەین[1] .

[1] / کورتەی کتێبی (سیرة الرسول) نووسینی (شێخ محمد عبد الوهاب) ل ٤١–٤٢.

گـرنگـتریـن ڕووداوێك بەسەر (عبد المطلب) دا هاتبێت لەبارەی (بیت)ە وە دوو شت بوو[1] :

هەڵكەندنی بیری (زەمزەم) و ڕووداوی (الفیل) ،

خۆلاسەی یەكەم ئەوەیە :

(عبـدالمطلب) لەخـەودا فـەرمانی پێكـرا لەشـوێنێكی دیـاریكراودا بیرێـك هەڵكەنێت ، دەستی كرد بەهەڵكەندن ، ئەوشتانەی تێدا دۆزیەوە كە لە كاتی خۆی (جـرهم) یـەكان تێیـدا حەشـاریان دابـوو وەكـو: (شمشـێرو قـەڵغان و دوو ئاسـكە ئاڵتونیەكـەو شمشـێرەكانی دا لـە دەرگـای كابـەو دوو ئاسكەكەشـی بەدەرگاكـەدا كردو دەسـتی كرد بە دابەشـكردنی ئاوی زەمزەم بـۆ حاجیـان ، كە ئاوی زەمـزەم دەركەوت قوڕەیش دەستیان كرد بە ململانێ لەگەڵ (عبـد المطلـب) داو پێیـان وت: بمانكە هاوبەشی خۆت ، وتی: قـەبوڵی ناكـەم ، ئەمـە كـارێكی تایبەتـە بەخۆمـەوە ، وازیـان لێ نـەهێنا هـەتا بردیانـە لای فاڵگرەوەكـەی (بنـی سـعد) ، نەگەڕانـەوە هـەتا خوایگەورە ئەوەی نیشاندان كەئاوی زەمزەم تایبەتە بە (عبد المطلب)ە وە، لەوێدا (عبد المطلب) ئاهی كرد ئەگەر خوا (١٠) كوڕی پـێ ببەخشـێت كە بتـوانن پشـتی بگرن ئەوا یەكێكیان لەپاڵ كابەدا بكاتە قوربانی.

كورتەی ڕووداوی دووەم ئەوەیە :

(ئەبرەهـەی سـەباحی حەبەشـی) جێگـەداری (نجاشـی) لەیەمەنـدا ، كاتێـك سەیری كرد خێڵەكانی عەرەب ڕوودەكەنە كابە ، كڵێسایەكی لە (صنعاء)دا دروست كرد ، بۆ ئەوەی ڕوویان لە كابە وەربگێڕێت ، كابرایەكی خێڵی (كنانـە) ئەمـەی بـەر گوێ كەوتبوو ، چوو بووە ناو پەرستگاكەو پیسایی تێدا كردبوو، كە ئەبرەهە بە مەی زانی ڕقی هەستا ، بە سوپایەكی زەبەللاحی شەست هەزار كەسیەوە بە نیازی ڕووخانـدنی كابـە كەوتـە ڕێ ، لـەناو سـوپاكەدا (٩) یـان (١٣) فیلـی تێـدا بـوو ، ئەبرەهـە سـواری فیلـە گەورەكـەیان بـوو كەوتـەڕێ تاگەیشـتە ناوچـەی (مەغمـەس) لەوێدا سوپاكەی كۆ كردەوە ، فیلەكانی ئامادە كرد بۆ شالاوبردن و خۆشی سازدا بچێتە ناو مەككەوە ، لەكاتێكدا كە لە شیوی (محسر) دا بـوون لـەنێوان (مزدلفە) و (منـی)دا ، فیلەكە ڕۆیشت و ڕاست نەبۆوە بەرەو كابە ، كە ڕوویان پێدەكردە باكورو

---

[1] إبن هشام ١/١٤٢.١٤٧

باشور یان ڕۆژهەڵات ڕای دەکرد کە ڕوویان وەردەچەرخاند بەرەو کابە چۆکی دادەدا ، لەو حاڵەتەدا هەموو فیلەکان مانیان گرتبوو ، خوای گەورە باڵندەیەکی زۆری ناردە سەریان ، وورده بەردی بەسەردا باراندن تەفروتووناى کردن وەکو کای خوراویان لێ هات ، باڵندەکانیش وەك پەڕەسێلکە وەهابوون ، هەرباڵندەیەك سێ بەردی هەڵگرتبوو ، بەردێك بە دەنووك ، دووبەردی وەك دەنکە نۆکیش بەقاچیانەوە ، بەر هەرکەسێکیان بکەوتایە پەلوپۆی دەشکاندو لەناوی دەبرد ، هەموویان بەرنەکەوتن ، زیندوەکان بەشپرزەیی تێکڕژان و ڕایانکرد شەپۆلیان ئەدا ، بەملاولادا دەکەوتن و هەڵنەدەستانەوە ، ئەبرەهەش (خوا) دەردێکی بۆ نارد سەرپەنجەکانی ڕزین ، کە گەیشتەوە (صنعاء) وەك جوجك بچوك بوو بوەوە ، دڵی وەستاو مرد.

قورەیش بەدەوروبەری شیوو دۆڵەکانی مەککە بڵاوەیان کردبوو خۆیان دابووە پاڵ شاخەکان ، لە ترسی سوپاکە ، کە سوپاکە تەفرو تونا بوو ، ئەوانیش بە سەلامەتی گەڕانەوە بۆ ناوماڵەکانیان[1].

ئەم ڕووداوە لەمانگی (محرم)دا بوو، پێش لەدایك بوونی پێغەمبەر ﷺ بە (٥٠) یان (٥٥) ڕۆژ - بەپێی ڕای زۆرینە- کەبەرامبەرە لەگەڵ سەرەتای مانگی مایسی ساڵی (٥٧١ز)دا، ئەمە نوقلانەیەکی خێربوو خوای گەورە بەخشی بەپێغەمبەر ﷺ و بنەماڵەکەی ، چونکە کاتێك سەیری (بیت المقدس) دەکەین دەبینین موشریکانی دوژمنی خودا هەڵیان کوتایە سەر ئەم قیبلەیە ، لەکاتێکدا خەڵکەکەی موسڵمان بوون هەروەکو لەسەردەمی (بوختەنەسر)دا ڕوویدا ، ساڵی (٥٨٧ پ.ز) و ڕۆمەکانیش لەساڵی (٧٠ز) دا، بەڵام دەبینین (کابە) لەکاتێکدا کە جێنشینەکانی موشریك بوون کەچی نەسرانیەکان نەیانتوانی زاڵ بن بەسەریدا ، لە بارودۆخێکدا ئەم ڕووداوە ڕوویدا ، هەواڵەکە گەیشتە زۆرینەی شارنشینەکانی ئەوکاتە ، کە پەیوەندیەکی پتەویان لەگەڵ ڕۆمەکاندا هەبوو ، فارسەکانیش لەبۆسەدا بوون بۆیان وچاوەڕوانی چارەنووسی ڕۆمەکانیان دەکرد، دوای هەواڵەکە خێرا فارسەکان هاتن بۆ (یەمەن) ، ئەم دوو دەوڵەتە نوێنەرایەتی جیهانی شارستانیان دەکرد، ئەم ڕووداوە سەرنجی دونیای بەلای خۆیدا ڕاکێشاوەو بەڵگەی ئەو شەرەف و پیرۆزیە گەورەیە بوو کە خوا بەخشیویەتی بە (بیت الله) و

---

[1] / إبن هشام ٤٣/١ هەتا ٥٦ ، هەروەها (تفهيم القرآن) ٤٦٢/٦٦ هەتا ٤٦٩

ئەوەش دەسەلمێنێت ئەوە تەنها ماڵێکی (مقدس)ە لەسەر زەویداو هەر کەسێکی خەڵکی ئەم (بیت)ە ، بانگەشە بۆ (نبوة) بکات جەخت لەسەر ئەو ڕووداوە دەکاتەوە ، ئەمە لێکدانەوەی فەلسەفەی شاراوەی خواییە بۆ پشتیوانی و پشتگیری کردنی خوای گەورە بۆ موشریکەکان و دژ بەکۆمەڵێك ئیمانداری مەسیحی بەشێوەیەك لەسەرو جیهانی دونیاوە بێت ، عبدالمطلب (١٠) دە کوڕی هەبوو ، بریتی بوون لە:

(حارث) و (زبیر) و (ابوطالب) و (عبدالله) و (حمزة) و(ابو لهب) و (غیداق) و(مقوم) و (صفار) و (عباس) ، گوتراویشە گوایە (١١) کوڕ بوون ، یانزە هەمیان ناوی (قثم) بووە ، هەندێکی تر دەڵێن (١٣) بوون ، (عبد الكعبه) و (حجل) یان بۆ زیاد کردوە ، وتراوە (عبدالكعبه) (مقوم)ە و ، (حجل)یش (غیداق)ە ، لەناو کوڕەکانیدا کەسێك نییە بەناوی (قثم)ە وە ، (٦) کچیشی هەبووە: (أم الحکیم) - بیضاء ، و (وبره) و (عاتكه) و (صفیه) و (أروی) و (أمیمه)[1].

٣- (عبدالله) باوکی پێغەمبەرە ﷺ ، دایکیشی (فاطمة)ی کچی (عمرو)ی کوڕی (عائذ)ی کوڕی (عمران)ی کوڕی (مخزوم)ی کوڕی (یقظة)ی کوڕی (مره)یە، (عبدالله) باشترین کوڕی (عبدالمطلب) بوو لە هەمووشیان خۆشەویستتر بوولای (عبدالمطلب) ، شۆرەتەکەی (ذبیح)ە ، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کاتێك کوڕی دەیەمی بوو ، زانی کە دەتوانن پشتی بگرن ، هەواڵی نەزرەکەی پێدان ، ناوی لە تیرو پشکەکاندا نووسین ، تیرەکەی لێدا ، بۆ عبدالله دەرچوو ، (عبدالمطلب) عەبدوڵڵای کوڕی بردو چەقۆیەکی هێناو بردیە بەردەم کابە بۆ سەربڕینی ، قوڕەیش و خاڵەکانی عەبدوڵڵا لەخێڵی (بەنی مەخزوم) و (أبو طالب)ی برای نەیانهێشت ، (عبدالمطلب) پێی وتن : چی بکەم لەنەزرەکەم ؟ وتیان: بڕۆ بۆلای ژنە فاڵگرەوەکەو پرسیاری لێ بکە ، ئەویش چووە لای ، فەرمانیدا کە تیروپشکەکە بۆ عەبدوڵڵا و (دە) وشتر بکرێت ، ئەگەر تیرو پشکەکە کەوتە سەر عەبدوڵڵا (دە) وشتری تری بۆ زیاد بکەن هەتاکو پەروەردگاری ڕازی دەبێت! ، ئەوجا ئەگەر کەوتە سەر وشترەکان با سەریان ببڕێت ، (عبدالمطلب) گەڕایەوە تیروپشکی کرد بۆ (عەبدوڵڵا) و (دە) وشتر ، کەوتە سەر (عەبدوڵڵا) ، ئەمەی دووبارە کردەوە هەمووجارێك لەسەر عەبدوڵڵا دەردەچوو ئەویش (دە) (دە) وشتری زیاد دەکرد ، کە وشترەکان ژمارەیان

---

[1] بڕوانە (تلقیح فهوم أهل الأثر) ل (٨،٩) هەروەها (رحمة للعالمین) ٥٦،٦٦/٢

گەیشتە (١٠٠) دانە . تیروپشکەکە بۆ وشترەکان دەرچوو ، هەموویانی کردە قوربانی . ئەنجا وازی لێ هێنان و نەیهێلا مرۆڤ و ئاژەڵی دڕندەیان لێ نزیك بێتەوە ، تا ئەوکاتە حەقی خوێنی مرۆڤ (دە) وشتر بوو لەناو قوڕەیشدا ، دوای ئەو ڕووداوە بوو بە (١٠٠) وشتر . کە ئیسلامیش هات قەبوڵی کرد ، لە پێغەمبەریشەوە ﷺ دەگێڕنەوە . فەرموویەتی : (أنا إبن الذبيحين) واتە: من کوڕی هەردوو (ذبیح)ە کەم . کە (إسماعیل) و (عەبدوڵلا)ی باوکیەتی [1].

(عبدالمطلب) ، (ئامینە)ی کچی (وەهەب)ی هەڵبژارد بۆ هاوسەرێتی (عەبدوڵلا) ی کوڕی ، ئامینە لەو ڕۆژەدا بەڕێزترین ئافرەتی قوڕەیش بوو لەبنەماڵەو پلەی کۆمەلاّیەتیدا ، باوکی سەرۆکی (بنی زهرە) بوو خاوەنی بنەماڵەو ڕەچەڵەك و پلەوپایەوە بوو ، (عەبدوڵلا) لە مەککە ئامینەی گوێزایەوە . پاش ماوەیەکی کەم (عبدالمطلب) ، عەبدوڵلای نارد بۆ مەدینە خورمایان بۆ بکرێت . لەوێ مردوە ، ڕیوایەتێکی تر دەڵێت ناردی بۆ بازرگانی بۆ وولاّتی شام . لەگەڵ کاروانێکی قوڕەیشدا بوو. کە لەمەدینە دابەزین نەخۆش کەوتوو ، هەرلەوێ وەفاتی کرد ، لە ماڵی (النابغة الجعدی) ئەسپەردە کرا بەپێی ڕایی مێژوونوسان ، لەوکاتەدا (عبدالله) تەمەنی (٢٥) ساڵ بوو ، مردنەکەشی پێش لەدایك بوونی پێغەمبەر بووە ﷺ ، گێڕانەوەیەکیش دەڵێت: دوای لەدایك بوونی پێغەمبەر ﷺ بەدوومانگ وەفاتی کردووە [2] کەهەواڵی گەیشتەوە مەککە (آمنة) بەجوانترین شیعر بۆی لاوانەوە، ووتی:

عفا جانب البطحاء من إبن هاشم — وجاور لحداً خارجاً في الغماغم
دعته المنايا دعوة فأجابها — وما تركتُ في الناسِ مثل إبن هاشم
عَشيّة راحوا يحملون سريره — تعاوره أصحابه في التزاحُم
فإن تك غالته المنايا وريبها — فقد كان معطاءً كثير التراحم [3]

ئەوەی لە (عەبدوڵلا) بەجێما، (٥) وشترو، مێگەلێك و، کەنیزەکێکی حەبەشی بوو بەناوی (بەرەکە) شۆرەتەکەی (أم أيمن) ە ، ئەم ژنە دایەنی پێغەمبەر بوو ﷺ.[1]

---

[1] / بڕوانە (إبن هشام) ١/١٥١ تا ١٥٥، (رحمة للعالمين) ٨٩،٩٠/٢، (سيرة الرسول) نووسینی (شێخ عبدالله) ل ١٢ ، ٢٢ ، ٢٣
[2] / بڕوانە إبن هشام ١٥٦،١ ـ ١٥٨، (فقه السيرة) نووسینی (الغزالي) ل٤٥، (رحمة للعالمين) ٢، ٩١
[3] / بڕوانە (طبقات ابن سعد) ٦٢،١

لەدایبك بوون و چل ساڵ پێش پێغەمبەرێتی

(لەدایبك بـوون)

سـەروەری پێغەمبـەران ﷺ لەشیوی (بنـی هاشـم)ی مەککـە ، سـەرلەبەیانی دووشەممە (٩)ی ڕەبیعی یەکـەمی ساڵـی (فیل)ە کە لـەدایبك بوو ، چل ساڵ بوو سـەردەمی مـەلیکی کیسـرا (نەوشیروان) تێپـەڕی بـوو، ئـەو ڕۆژە بەرامبـەرە لەگـەڵ (٢٠) یان (٢٢)ی مانگی (چوار)ی ساڵی (٥٧١)ی زایین، بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی زانـای گـەورە (محمـد سـلیمان المنصـورفوری) و لێکۆڵـەری بـواری گەردونناسـی (محمود پاشا) کردوویانە[٢] .

(إبـن سـعد) دەگێڕێتـەوە کـە دایکـی پێغەمبـەر ﷺ وتویـەتی: کـە (محمـد) لـەدایك بـوو نورێك لـە داوێـنم دەرچـوو کۆشـکەکانی شـامی ڕوونکـردەوە، ئیمـامی ئەحمەد لە (عرباض)ی کوڕی (ساریە) وە شتێکی نزیك لەوە دەگێڕێتەوە[٣] .

دەگێڕنـەوە پـێش لـەدایبك بـوونی پێغەمبـەر ﷺ هەنـدێك پێشـبینی ڕووی داوە لەوانـە ، چـواردە باڵەکۆنـەی هەیوانەکـەی کیسـرا کەوتۆتـە خـوارەوەو ئـەو ئاگرەی هەزار ساڵ بوو دەیانپەرست کوژایەوە ، کڵێساکانی دەوروبەری دەریاچەی (سـاوە) ڕووخـان ، پـاش ئـەوەی کـە درزیـان بردبـوو ، ئیمـامی (بەیهـەقی) ئەمـەی گێڕاوەتەوە[٤] ، هەرچەندە (محمد الغزالی) دان بەمەدا نانێت[٥] .

کە لەدایبك بوو، دایکی ناردی بەشوێن (عبدالمطلب)ی باپیریدا بۆ ئـەوەی مـژدەی ئـەم کوڕەزایـەی بـدەنێ ، (عبـدالمطلب) لـەئامێزی گـرت و بـردی بـۆ کابـەو سوپاسی خوای کردو پاڕایەوە ، نـاوی (محمـد)ی بـۆ هەڵبـژارد ـ شایانی وتنە ئەم ناوە لەناو عەرەبدا باونەبوو . لە حەوتودا خەتەنەی کرد کە ئەمە دابی عەرەب بوو[٦] .

لەدوای دایکی، یەکەم ژنێك کە شیری‌دا بە (محمد) ﷺ (ثویبة)ی کەنیزەکی (أبو لهب) بوو ، شیری کوڕێکی خۆی دایە ناوی (مسروح) بوو، پێشتریش شیری بە (حمزە)ی کوڕی (عبد المطلب) مـامی پێغەمبـەر ﷺ دابـوو، پاشتریش شیری دا بە (أبو سلمە) کوڕی (عبد الأسد المخزومی)[٧] .

---

[1] بڕوانە (مختصر سیرة الرسول) (عەبدوڵلای نەجدی) ل١٢، تلقیح فهوم اهل الأثر ل٤، (صحیح مسلم) ٢ ٩٦

[2] بڕوانە (محاضرات تاریخ الأمم الإسلامیة) نووسینی الخضري ١ ٦٢، رحمة للعالمین ١ ٣٨،٣٩

[3] بڕوانە (مختصر سیرة الرسول ﷺ) نووسینی شێخ (عبدالله النجدی) ل١٢ ، (إبن سعد) ١ ٦٣

[4] هەمان سەرچاوەی یەکەم

بڕوانە (فقه السیرة) نووسینی (محمد الغزالی) ل ٤٦

[٥] إبن هشام ١ ١٥٩،١٦٠ (محاضرات تاریخ الأمم الإسلامیة (الخضـري) ١ ٦٢، ووتەیـەك هەیە دەڵێ بە خەتەنە کراوی لەدایبك بووە، بڕوانە (تلقیح فهوم اهل الاثر)ل٤، (إبن القیم) دەڵێ فەرموودەیەکی ڕاست لـەو بارەیـەوە نـی‌یـە بڕوانە (زاد المعاد) ١ ١٨

[7] بڕوانە (تلقیح فهوم اهل الأثر ل ٤)، (مختصر سیرة الرسول ﷺ) نووسینی شێخ (عبدالله النجدی) ل ١٣

لەناو (بنی سعد) دا

نەریتی عەرەب وەهابوو شارنشینەکانیان دەگەڕان بۆ دایەن بۆ منداڵەکان لەبەر ئەوەی لە نەخۆشی شار بە دور بن ، هەتاکو جەستەیان پتەوو بازویان بەهێز بێت و ، هەر لەمنداڵییەوە زمانی عەرەبی بەپاراوی فێربن ، (عبد المطلب) بەدوای زۆر دایەندا گەڕا بۆ پێغەمبەر ﷺ، دایەنێکی لەخێڵی (بەنی سعد)بۆ دۆزیەوە ، ناوی (حلیمە) کچی (ابو ذؤیب) بوو ، هاوسەرەکەی ناوی (الحارث) کوڕی (عبد العزی) شۆرەتی (أبو کبشە) بوو لەهەمان خێڵ.

پێغەمبەر ﷺ لەوێ چەند خوشك و برایەکی شیریی هەبوو ، لەوانە (عبداللە) کوڕی (حارث) ، (انیسە) کچی (الحارث) و ، (حذافة) یان (جذامة) کچی (الحارث) ـ ناوی ڕاستەقینەی (شیماء)ە ، ئەم ژنە هەمووجارێك پێغەمبەر ﷺ ، هەروەها (ابو سفیان) کوڕی (الحارث) کوڕی (عبد المطلب) ئامۆزای پێغەمبەرە ﷺ ، لە باوەش دەگرت.

(حمزە)ی مامی پێغەمبەر ﷺ لای دایەنێك بوو لەهەمان خێڵی دایەنەکەی پێغەمبەر ﷺ خێڵی (بنی سعد) کوڕی (بکر)ە ، دایەنەکەی لەوکاتەدا شیری‌دا بە پێغەمبەر ﷺ کە لەئامێزی (حلیمە)دا بوو ، بەم شێوەیە (حمزە) برای شیریی پێغەمبەرە ﷺ لە دوو سەرەوە ، لەسەری (ثویبة) و سەری (سعدیە)وە [1].

(حلیمە) لەبارەی بەرەکەت و پیرۆزی پێغەمبەرەوە ﷺ شتی سەیر دەگێڕێتەوە ، باوازی لێ بهێنین خۆی بەدرێژی بۆمان باس بکات ، (إبن إسحاق) دەڵێت:

(حلیمە) دەیوت: کە لەگەڵ هاوسەرەکەی و کوڕێکی شیرەخۆرەیداو کۆمەڵێك ژنی تری خێڵی (بەنی سەعدی کوڕی بەکر)دا دەڕواتە دەرەوە بەمەبەستی وەرگرتنی منداڵە شیرە خۆرەکان ، حەلیمە وتی: ئەو دەرچونەمان لەساڵێکی وشکیدا بوو هیچ لەماڵدا نەبوو، دەڵێت: بەسواری گوێدرێژێکی سپی دەرچوین مەشکەیەکمان پێبوو سوێندبێت دڵۆپێکی تێدا نەبوو، نەماندەتوانی هیچ شەوێك بخەوین لەبەر گریانی ئەو منداڵەمان کە لەتاو برسێتی دەیکرد ، مەمکەکانم ئەوەندە شیریان تێدا نەبوو تێری بکەن ، مەشکەش هیچ شتێکی تێدا نەبوو بیدەمێ ،

---

[1] / زاد المعاد ١/١٩

چاوەڕوانی بارانبارین و بوژانەوە بوین ، بەسواریی ئەو گوێدرێژە چوومە دەرێ ، گوێدرێژەکەم ئەوەندە لاوازبوو هاوەڵەکانم بەزەییان پێمدا دەهاتەوە ، هەتا گەیشتینە مەککە بەشوێن منالە شیرەخۆرەکاندا دەگەڕاین ، ژنمان تێدا نەبوو پێغەمبەری نیشان بدرێت و قەبوڵی بکات ، چونکە دەیانوت بێ باوکە ، هۆکەشی ئەوەبوو ئێمە چاوەڕوانی یارمەتیەك بوین لە باوکی مناڵەکەوە ، دەمانوت ئەم مناڵە بێ باوکە ، دەبێت دایك و باپیرەی بتوانن چی بکەن ؟

بۆیە حەزمان لێ نەبوو ، ژنمان تێدا نەما ساوایەك هەڵنەگرێت من نەبێت ، کە خۆمان کۆکردەوە وتم بە هاوسەرەکەم: سوێند بێت بەخوا پێم ناخۆشە لەگەڵ هاوەڵەکانمدا بگەڕێمەوەو مناڵێکم وەرنەگرتبێت ، بەخوا دەڕۆم ئەو مناڵە بێباوکە هەڵدەگرم ، هاوسەرەکەی وتی: قەیدی نییە ، بەڵکو خوای گەورە بەهۆیەوە بەرەکەتێ بنێرێت بۆمان ، حەلیمە دەڵێت: چووم و هێنام ، هیچ پاڵی پێوە نەنام بۆ هەڵگرتنی تەنها ئەوە نەبێت کە مناڵی ترم دەست نەکەوت ، دەڵێت: وەرم گرت و گەڕامەوە نێو کاروانەکەم ، هەر کەخستمە باوەشم مەمکەکانم شیریان لێ دەچۆڕا ، ئەوەندەی خواردەوە تا تێر بوو ـ ئەنجا براکەشی مژی تا تێر بوو ـ پاشان نووست ، پێشتر هەرگیز لەگەڵی نەدەنووستین ، مێردەکەم هەستا چوو بۆ لای مەشکەکەوە سەیری کرد پڕە ، دەستی پێدا هێنا شیری لێ هاتە دەرەوە ، تێری لێ خواردەوە منیش تێر بووم ، خۆشترین شەومان کردەوە ، حەلیمە دەڵێت: کە ڕۆژ بوەوە مێردەکەم وتی: ئەرێ حەلیمە دەزانی! سوێند بێت بەخوا شنەیەکی پیرۆزمان بەرکەوتووە ، حەلیمە دەڵێت : وتم: منیش ئاوات دەخوازم وابێت ، حەلیمە دەڵێت: پاشان دەرچوین ، من سواری گوێدرێژەکەم بووم ، مناڵەکەشم لەگەڵ خۆمدا سوار کرد ، سوێند بێت بەخوا بەسواریی ئەوەندە ڕۆشتم گوێدرێژی کەسیان ئەو ماوەیان نەدەبڕی ، وای لێ هات هەندێك لە هاوەڵەکانم دەیانوت: ئەرێ کچەکەی (ابی ذؤیب) ، دایك ڕۆڵە ڕۆت بۆ بکات!

کەمێك لەسەرمان بوەستە ، ئەمە ئەو گوێدرێژە نەبوو کە پێی هاتیت لەگەڵماندا؟

منیش پێم دەوتن: بەرێ وەڵڵا ! ئەوە خۆیەتی ، ئەوانیش دەیانوت: سوێند بێت شتێکی لێ هاتووە ، حەلیمە دەڵێت " پاشان گەیشتینەوە ماڵەکانی خۆمان لە ناوچەی (بەنی سەعد) ، پێم وانییە هیچ زەویەکی خودا هەبوو بێت لەوە

وشك و بیٚئاوتر ، دوای ئەوە میٚگەلەکەم بەو شیٚوەیەی دەمان برد بەتیٚری و گوانی پڕ لە شیرەوە دەگەڕایەوە ، دەمان دۆشی و لیٚمان دەخواردەوە ، هیچ کەسیٚك لەوان یەك دلۆپی لەگوانی میٚگەلەکەیدا نەئەدۆشی و، گوانی میٚگەلەکانیان هیچی تیٚدا نەبوو ، وای لیٚ هاتبوو ئامادەبوان دەیانوت بەشوانەکانیان: هاوار بۆ ئیٚوە لەو شویٚنەدا میٚگەلەکە بەڕەڵلاٚ بکەن کەشوانەکەی کچی (أبی ذؤیب) تیایدا میٚگەلەکە ئەلەوەڕیٚنیٚت ، ئەمجارەش میٚگەلەکانیان بەبرسیٚتی و گوانی خاڵیەوە دەگەڕانەوە ، میٚگەلەکەی منیش بە تیٚریی و گوانی پڕ لە شیرەوە دەهاتنەوە ، بەردەوام نازو نیعمەتی خودامان بەسەرخۆمانەوە دەبینی هەتا دوو ساڵ و شیر بڕینەوەکەی پیٚغەمبەر ﷺ گوزەرا کە گەورە بوو لە مناڵەکانی تر نەدەچوو ، هیٚشتا نەگەیشبووە دوو ساڵ مناڵیٚکی قەڵەوو جوان بوو ، حەلیمە دەڵیٚت: هیٚنامانەوە بۆلای دایکی و سور بووین لەسەر ئەوەی لامان بمیٚنبیٚتەوە ، بەهۆی ئەو بەرەکەتەوە کە بەسەرماندا ڕژابوو ، قسەمان لەگەڵ دایکیدا کردو ، من پیٚم وت: حەزدەکەم کوڕەکەمم لەلا بەجیٚ بهیٚڵیت هەتا گەورە دەبیٚ، چونکە لەپەتای ناو مەککە ئەترسم، حەلیمە دەڵیٚ: زۆر نەماینەوە هەتا جاریٚکی دی پیٚی داینەوەو لەگەڵ خۆمان هیٚنامانەوە[1].

بەو شیٚوەیە پیٚغەمبەری خوا ﷺ لەناو خیٚڵی (بنی سعد)دا مایەوە ، هەتا ساڵی چوارەم یان پیٚنجەمی[2] تەمەنی لەو ساڵەدا ڕوداوی سنگ لەت کردن ڕووی‌دا ، (مسلم) لە (أنس)ە وە دەگیٚڕیٚتەوە لە پیٚغەمبەرەوە ﷺ کە جاریٚکیان جبرەئیل هاتە خزمەتی ، لەکاتیٚکدا کە لەگەڵ مناڵەکانی تردا یاریی دەکرد ، گرتی و دای بەزەویدا ، سنگی لەت کردو ، دڵی دەرهیٚنا خویٚن پارەیەکی تیٚدا دەرهیٚنا ، فەرمووی : ئەمە پشکی شەیتانە لە تۆدا ، پاشان دڵەکەی لە تەشتیٚکی ئاڵتونی پڕ لە ئاوی زەمزەمدا شۆرد ، پاشان هیٚنایەوەیەك و ، خستیەوە شویٚنی خۆی ، بە هەڵەداوان مناڵەکان ڕایانکرد بۆ لای دایکی ـ واتە دایەنەکەی ـ وتیان : محمد کوژرا ، کە هاتەوە لایان چون بە دەمیەوە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو[3].

---

[1] / إبن هشام ، ١٦٢،١٦٣،١٦٤/١

[2] ئەمە ڕای زۆرینەی سیرەت نووسەکانە، ڕەوتی گیٚڕانەوەکەی (إبن إسحاق) ئەوە دەگەیەنیٚ کە لە ساڵی سیٚیەمدا ڕووی دابیٚ ، بڕوانە (سیرەتی إبن هشام) ١٦٤،١٦٥/١

[3] صحیح مسلم ، باب الإسراء ١ ٩٣

بەرەو دایکە بەسۆزەکەی

دوای ئەو ڕووداوە حەلیمە زۆر لە محمد ئەترسا هەتا گێڕایەوە بۆ دایکی. لای دایکی مایەوە هەتا تەمەنی گەیشتە شەش ساڵ[1] ئامینە پێی باش بوو لەیادی کۆچی مێردەکەیدا سەردانی گۆڕەکەی بکات لە یەثریب ، لە مەککە دەرچوو ، ماوەیەکی پێنج سەد کیلۆمەتری دایەبەر ، محمدی بێ باوك ڕۆڵەکەیەتی ﷺ و کارەکەرەکەیان (أم أیمن) و (عبدالمطلب)ی سەرپەرشتیاری لەگەڵدا بوو ، لەوێ مانگێك مایەوە ، پاشان گەڕایەوە: لەڕێگەی گەڕانەوەدا نەخۆشیی لەکۆڵی نەبووەوە ، هەر لەسەرەتای ڕێگەوە لەگەڵیدا بوو ، لە (ئەبواء)ی نێوان مەککەو مەدینە کۆچی دوایی کرد[2].

بەرەو لای باپیرە سۆزدارەکەی

(عبدالمطلب) هێنایەوە بۆ مەککەو، هەموو هەست و سۆزێکی دڵی دابوە کوڕەزا بێ باوکەکەی . کە تووشی کارەساتێکی نوێ بوو برینە کۆنەکانی هێنایەوە سۆ ، ئەوەندە بەزەیی بەودا هاتەوە بەئەندازەی ئەوە بەزەیی بە ڕۆڵەکانی خۆیدا نەدەهاتەوە ، هەرگیز بەتەنها جێی نەدەهێشت و، ڕێزی ئەدا بەسەر منالەکانی خۆیدا ، (ابن هشام) دەڵێ : (عبدالمطلب) هەمووجارێك لەسێبەری کابەدا فەرشێکی بۆ ڕادەخرا ، کوڕەکانی لەدەوری ئەو فەرشە دادەنیشتن، کەچی پێغەمبەر ﷺ هێشتا منالێکی تازە پێگەیشتوو بوو دەچووە پالی باپیرەی ، مامەکانی دەیانویست دووری بخەنەوە (عبد المطلب) پێی دەوتن: واز لەو کوڕەم بهێنن سوێند بێت شان و شەوکەتێکی هەیە ، پاشان لەگەڵی دادەنیشت ، دەستی بەسەریدا دەهێناو دڵی پێخۆش دەکرد[3].

لە تەمەنی هەشت ساڵ و دوومانگ و دە ڕۆژدا (عبد المطلب)ی باپیرەی پێغەمبەر ﷺ لە مەککە کۆچی دوایی کرد ، پێشتر وای بەباشزانی کە بیخاتە ژێر ڕکێف و چاودێری (ابو طالب)ی مامیەوە[4].

---

[1] تلقیح فهوم الأثر ل٧، إبن هشام ١٦٨.١

[2] /إبن هشام ١٦٨.١، تلقیح فهوم اهل الأثر ل٧، کۆباسەکانی (تاریخ الأمم الإسلامیة) للخضري ١ ٦٣، ,فقه السیرة)ة غەزالی ل٥٠

[3] / إبن هشام ١٦٨/١

[4] / تلقیح فهوم الأثر ل ٧ ، إبن هشام ١٦٩/١

بۆ ئـامێزی مـامـه بـهبهزهییهکـهی

(أبو طالب)یش بهجوانترین شێوه مـافی برازایـهتی پێداو. خستیه نێو کوڕهکانی خۆی و. پێش ئهوانیشی خست ، رێزێکی تایبهتی دایه ، بۆ ماوهی چل سـاڵ پشـتی گـرت و. پاراسـتی و. خۆشـی و ناخۆشـی لهبـهر خـاتری ئـهوبوو . لـه شوێنی خۆیدا کورتهیهك لهوهش دهدوێین.

داوای باران بـارینی پێ دهکهن

(ابـن عسـاکر) دهگێڕێتـهوه لـه (جلهمـه)ی کـوڕی (عرفطـة)وه فـهرموی: کاتێك چوومه مهککه خهڵکهکهی له وشکی و بێ بارانیدا دهژیان ، خێڵـی قوڕهیش وتیان:

ئهرێ ئهبو تاڵیب ! دهشت ودهرمان بێ ئاوه ، ماڵ و منداڵمان وشك بوونهوه ، ئادهی دۆعا بارانهیهك بکه ، (ابو طالب) هاته دهرهوه منداڵێکی لهگهڵدا بوو . وهکو خۆرێکی تێر وابوو که تازه چهند پهڵه ههورێکی سورباوی لهسهر لاچوبێت و چهند منداڵێکی تری بهدهوردا بوو ، ئهبو تاڵیب دهستی گرت و. پشتیدا بهدیواری کابهوه ، پهنای بۆ پهنجهی منداڵهکه برد . لهو کاتهدا پهڵهی هـهور بهئاسمانـهوه نـهبوو ، لـه چـهند گۆشـهیهکی ئاسمانـهوه پهڵـه هـهور پهیـدا بـوو. لێزمـهی کـردو ئـاو تـهقی ، شیوهکه پڕ بوو له ئاوو دهشت و دهر سهوز بوهوه . (ابـو طالـب) لهدێڕێکدا ئاماژه بهمه دهکات و دهڵێت:

وأبيض يستسقي الغمام بوجهه ثمال اليتامى عصمةً للأرامل [1]

---

[1] / (مختصر سيرة الرسول ﷺ) نووسينی (عبدالله النجدي) ل ١٦،١٥

بـوحـــەیرای ڕاهـیـب

کاتێك پێغەمبەر ﷺ تەمەنی گەشتە دوانزەساڵ – وتراویشە دوومانگ و دە ڕۆژیش[1] (أبوطالب) لەگەڵ خۆیدا بۆ بازرگانی بردی بۆ شام ، هەتا گەیشتنە بوسرا – کە سەر بە شامەو بەشێکە لە(حوران) ، لەو کاتەدا بەشێك بوو لەو ناوچە عەرەبیەی کەوتبوە ژێر دەسەلاّتی ڕۆمەکانەوە ـ لەو شوێنەدا ڕاهیبێك هەبوو بە (بوحەیرا) ناوی دەرکرد بوو ، ناوی (جرجیس) بوو ، کە کاروانەکە گەیشت (بوحەیرا) چوە دەرەوە بۆلایان ، ڕێزی لێنان، پێش ئەوکاتە (بوحەیرا) نەدەهاتە دەرەوە بۆلایان و پێغەمبەری خوای بە سیفەتەکانیدا ناسیەوە ، دەستی گرت و وتی بە (أبوطالب): ئەمە سەرداری جهانیانە ، خوای گەورە ئەم مرۆڤە بەرەحمەت دەنێرێت بۆ جیهانیان ، (أبو طالب) وتی: تۆ چۆن دەزانیت؟ بوحەیرا وتی: کاتێك ئێوە لە عەقەبەوە هاتن دارو بەرد نەما کڕنووش نەبات ، ئەوانە جگە لە پێغەمبەر کڕنووش بۆ کەس نابەن ، من بەهۆی مۆری پێغەمبەرێتیەوە دەیناسمەوە کە وەکو وێنەی سێوێك لەسەر دەفەی شانیەتی و باسەکەی لە کتێبەکانماندا هەیە ، داوای کرد لە (أبوطالب) خێرا بیگێڕێتەوەو ، نەیبات بۆ شام ، لە ترسی جولەکە ، بۆیە مامی لەگەڵ چەند کوڕێکیدا ناردیەوە بۆ مەککە[2].

جـەنگـی فوجـار (الفُـجّـار)

لەتەمـــەنی (١٥) ســاڵیدا بـوو، جـــەنگی (فجـار) لـــەنێوان قــوڕەیش و هاوپەیمانـەکانی خێڵـی کەنانـە لەلایـەك و لـەنێوان (قـیس)ی (عـیلان)دا ڕوویدا ، سەرکردەی قوڕەیش و هەموو کەنانـە (حـرب)ی کـوڕی (أمیـە) بـوو بـەهۆی تـەمـەن و ئـەو پلەوپایـە کۆمەلاّیەتیـەوە کـە لەناویانـدا هـەیبوو ، لـە سـەرەتای ڕۆژەکەیـدا ـ سـەرکەوتن بـۆ (قـەیس) بـوو بەسـەر کەنانـەدا ، تـانزیکی نیـوەڕۆ کەنانـە سـەرکەوت بەسەر (قیس)دا، ئەو جەنگە ناونرا جەنگی (فجار) چونکە حورمەت و سنوورەکانی تێدا شکاو لەمانگە حەرامەکاندا بوو ـ پێغەمبەر ﷺ لەو جەنگەدا بەشدار بوو، تیری بۆ ئامۆزاکانی ئامادە دەکرد.[3]

---

[1] (ابن الجوزي) لە (تلقيح فهوم اهل الأثر ل ٧) دا وتوویەتی

[2] (مختصرسيرة الرسول) نووسینی (شێخ عبدالله النجدی، ل١٦، إبن هشام ١ ١٨٠،١٨١،١٨٢،١٨٣، لە (کتاب الترمذي) دا هاتووە کە بیلالی لەگەڵدا ناردووە، (تحفة الأحوذي) ئەمەش هەڵەیەکی ڕوونە، چونکە پێدەچێت بیلال لەوکاتەدا لەدونیادا نەبووبێت، ئەگەر لەژیانیشدا بووبێت لەگەڵ مامی و نەبوبەکردا نەبووە، (زاد المعاد) ١ ١٧

[3] إبن هشام ١ ١٨٤،١٨٥،١٨٦،١٨٧، قلب جزيرة العرب ل٢٦٠ ، کۆباسەکانی (تاريخ الأمم الإسلامية) نووسینی (الخضري) ١ ٦٢

پەیمانی فضول

دوای ئەوجەنگە لە(ذی القعدة)ی حەرامدا پەیمانی (فضول) مۆرکرا، خێڵەکانی قورەیش لەسەری کۆبوونەوە لەوانە: بەنو هاشم ، بەنو عبد المطلب ، ئەسەدی کوڕی عبد العزی ، زوهرەی کوڕی کیلاب ، تەیمی کوڕی موڕڕە ، لەبەر پلەوپایەو ڕیش سپێتی (عبدالله بن جدعان) لەماڵەکەی ئەودا کۆبوونەوە ، پەیمانیانداو کۆبوونەوە لەسەر ئەوەی هەر ستەمدیدەیەکیان لەمەککەدا بینی لەسەری بکەنەوە ، دەبوونە داردەست دژ بە ستەمکارەکە هەتا مافەکەیان لیٚ وەردەگرتەوە ، پێغەمبەر ﷺ ئەو پەیمانەشی بینی ، پاش ئەوەی خوای گەورە بە نیعمەتی پێغەمبەرێتی ڕێزی لیٚ گرت فەرموی: لە ماڵەکەی عەبدوڵلاّی کوڕی جەدعاندا پەیمانێکم دیوە بەلامەوە لە (حمر النعم) خۆشترە ، ئەگەر لە ئیسلامیشدا بۆی بانگ بکرێم ، بەدەمیەوە دەڕۆم .[1]

گیانی ئەو پەیمانە دژ بەو دەمارگیریە بوو کەسیستمی خێلاّیەتی دەیوروژاند ، لەبارەی هۆی ئەو پەیمانەوە وتراوە ، پیاوێکی زوبێدی بەشمەکەوە دێتە مەککە ، (عاص)ی کوڕی (وائل)ی (سەهمی) لێی دەکڕێت و، پارەکەی ناداتیٚ ، ئەویش هانای برد بۆ هاوپەیمانەکانی (عبدالدار)و(مخزوم)و(جمح) و (سهم) و (عدی) و ئەوان گوێیان پێنەداو نەهاتن بەهانایەوە ، چووە سەر بەرزاییەکەی (أبی قبیس) ، بەدەنگی بەرز دەستی کرد بەخوێندنەوەی چەند شیعرێك و باسی لە ستەمدیدەیی خۆی دەکرد ، (زبیر)ی کوڕی (عبدالمطلب) چوو بەپیریەوەو وتی: بۆچی ئەم پیاوە پشت گویٚ خراوە؟ تائەوانەی لەپەیمانی (فضول)دا ناویان هاتبوو کۆبوونەوە ، چوونە لای (عاصی)ی کوڕی (وائل) و مافەکەیان لێوەرگرتەوە پاش ئەوەی پەیمانەکەیان بەست[2].

---

[1] . إبن هشام ١١٣/١، ١٣٥، (مختصر سيرة الرسول) نووسينى (شيخ عبدالله النجدى) ل٢١،٣٠
[2] هەمان سەرچاوەی کۆتایی ل ٣٠،٣١

ژیـانی کـوێـرەوەری

پێغەمبەر ﷺ لە سەرەتای تەمەنیدا کارێکی دیاری کراوی نەبوو ، بەڵام بە ڕیوایەتی جۆراوجۆر دەڵێن شوانی بۆخێڵی (بەنیسەعد) کردوە[1]، لەناو مەککەشدا بەپارەیەکی کـەم[2] بـۆ مەککەییـەکان شـوانی کـردووە . لەتەمـەنی بیسـت و پێنج ساڵیدا وەك بازرگانێك بەماڵی خەدیجەوە (ڕەزای خوای لێبێت) چوو بۆ شـام . (إبن إسـحاق) دەڵێـت : خەدیجەی کچـی خوەیلیـد ئافرەتێکی بازرگـانی خـاوەن مـاڵ و پلەوپایە بوو، پیاوانی بە کرێ دەگرت بەپارەی خۆی و، قازانج بەشەراکەتی لەگەڵ دەکردن ، قورەیش خێڵێکی بازرگان بوون، جاکاتێك هەواڵی ڕاستگۆیی و سپاردە پـاکیی و ڕەوشـت بـەرزی پێغەمبـەر ﷺ بـەخاتوو خەدیجـە گەیشـتەوە نـاردی بەشـوێنیدا ، داوای لێ کـرد کـە بازرگـانی بکـات و هاموشـۆی شـام بکـات، لـە بەرامبەریشدا قازانجی باشتری دەداتێ لەوەی دەیدا بە بازرگانەکانی تر. پێغەمبەر ﷺ داواکەی خەدیجەی پەسەندکرد ، لەگەڵ غولامێکی ئەودا کە ناوی (مەیسـەرە) بوو ، بەو پارەیەوە بەرەو شام کەوتـەڕێ و ، غولامەکـەی خەدیجـەش (ڕەزای خـوای لێبێت) لەگەڵی دەرچوو[3].

خـوازبێنی خـەدیجـە (ڕەزای خـوای لێ بێت)

کاتێـك گەڕایـەوە بـۆ مەککـە ، خەدیجـە (ڕەزای خـوای لێ بێـت) ئەمانـەت و بەرەکـەتی زۆری لەپارەکـەدا بینـی ، کـە پێشـتر شـتی وای نـەدیبوو . غولامەکەشـی هەرچی دیبوو لە پێغەمبەر ﷺ بۆی گێڕایەوە لە خۆشخوانی و سیفاتی ڕێزدارانەو ، بیرێکی پەسەندو ڕاستگۆیی و ڕەوییەیەکی دەستپاکانە ، ئەوەی بەشـوێنیدا دەگـەڕا دۆزیەوە . پێشتریش ئاغاو سەرەك خێڵە قورەیشییەکان داوایان کردبـوو – پێیـان ڕازی نـەدەبوو– ڕازی دڵـی خـۆی باسـکرد بـۆ (نەفیسـە) کچـی (مەنیـە)ی دەسـتە خوشـکی، نەفیسـە چـوو بـۆلای پێغەمبـەر ﷺ و قسـەی لەگەڵـدا کـرد کـە خەدیجـە بخوازێت. پێغەمبەر ﷺ ڕازیی بوو، قسەی لەگەڵ مامەکانیدا کرد . مامەکانی چوون بۆلای مامی خەدیجەو خوازبێنیان کرد، دوای ئەوە ڕێ و ڕەسمی ژنهێنانەکە تەواو

---

[1] إبن هشام ١ ,١٦٦

[2] / (فقه السيرة) نووسینی محمد الغزالي

[3] / إبن هشام ١ ١٨٧، ١٨٨

بوو، (بنو هاشم) و (مضر) ئامادەی عەقدەکە بوون ، ئەمە پاش گەڕانەوەی بوو لە شام بە دوو مانگ ، بیست وشتری بۆ کردە مارەیی ، تەمەنی خەدیجە (ڕەزای خوای لێ بێت) لەوکاتەدا چل ساڵ بوو . لەو ئان و ساتەدا لەڕووی عەقڵ و بنەچەو سەروەتەوە چاکترین ژنی خێڵەکەی بوو . یەکەم ژن بوو پێغەمبەر ﷺ خواستی و ژنی بەسەردا نەهێنا هەتا وەفاتی کرد[1] .

جگە لە (ئیبراهیم) هەموو منداڵەکانی پێغەمبەر ﷺ لە خەدیجەن . یەکەمجار (قاسم)ی لێ بوو . شۆرەتی (أبو القاسم) لەمەوەیە ، پاشان (زەینەب) و (ڕوقیە) و (أم کلثوم) و (فاطمة) و (عبدالله) کە شۆرەتی (طیب)ە و (طاهر)یشی هەبوو . هەموو کوڕەکانی لە منداڵیدا مردوون ، بەڵام کچەکانی هەموویان بەئیسلامدا گەیشتن و موسڵمان بوون و کۆچیشیان کرد ، بەڵام هەر لە ژیانی پێغەمبەردا ﷺ وەفاتیان کرد ، جگە لە فاطمة (ڕەزای خوای لێ بێت) کە شەش مانگ دوای خۆی وەفاتی کرد[2] .

---

[1] إبن هشام ١ ١٨٩،١٩٠، (فقه السيرة)ی محمد الغزالي ل ٥٩، تلقيح فهوم أهل الأثر ل٧

[2] هەمان سەرچاوەی یەکەم ١ ١٩٠ـ١٩١، دووەم ل٦٠و، (فتح الباري) ٧ ٥٠٧، لەنێوان سەرچاوەکاندا جیاوازییەکی کەم هەیە ڕاستترینیانمان وەرگرتووە

بنیاتنانی کابە و کێشەی ناوبژیوانیەکە

لە تەمەنی سی و پێنج ساڵی تەمەنی پێغەمبەردا ﷺ قورەیش دەستی کرد بە بنیاتنانی کابە ، چونکە تا ئەو کاتە هێشتا کابە وشکە کەڵەکێك بوو کەمێك لەسەروو بالآی مرۆڤەوە بوو . بەرزیەکەی لەسەردەمی (إسماعیل)ە وە نۆ باڵ بوو ، بنمیچی نەبوو . چەند دزێك گەنجینەکەی ناویان دزی بوو . لەگەڵ ئەوەشدا – بە پێی ئەوەی ئاسەوارێکی کۆن بوو بەهۆی ڕێچکەی ئاوو بارانەوە – تووشی داڕمان و داخوران هاتبوو ، دیوارەکانی درزیان بردبوو ، پێنج ساڵ پێش پێغەمبەرێتی ﷺ سێلاوێکی خوڕ مەککەی ڕامالی بوو . بەرەو مالی خودا هاتبوو . کابە خەریکبوو بە تەواوی بڕوخێت . بۆیە قورەیش ناچاربوون لەترسی ڕووخان تازەی بکەنەوە . بڕیاریان وابوو مالی حەلآڵ نەبێت چیدی تیٚ نەخەن و ، مارەیی زۆرە ملیٚ و کڕین و فرۆتی سوو ، مافی خەڵکی تێکەلآو نەکەن ، لە ڕووخاندنیشی دەترسان . بۆیە وەلیدی کوڕی موغەیرەی مەخزومی دەستی کرد بەڕووخاندنی و کە خەڵکی تریش بینیان ئەو هیچی لیٚ نەهات بەدوایدا دەستیان کرد بەڕووخاندنی کابەو ، لەسەری بەردەوام بوون تاگەیاندیانە بناغەکەی ئیبراهیم ﷺ پاشان ویستیان دەست بکەنەوە بەبنیاتنانەوەی . دیوارەکانی کابەیان دابەشکرد هەربەشێکیان دانا بۆ خێڵێك ~~تابنیاتی~~ بنێتەوە ، هەرخێڵەو لەلای خۆیەوە بەردی کۆدەکردەوەو دەستیان کرد بەبیناکردنەوەی کابە ، وەستای بیناکە کابرایەکی ڕۆمی بوو ناوی (باقوم) بوو، کاتێك دیوارەکە گەیشتە ئاستی دانانی بەردە ڕەشەکە ڕاجیاوازیی دروست کرد لەوەدا کەکیٚ شەرەفی دانانی بەردەکەی پیٚ ببڕێت ، مشت و مڕەکە چواریان پێنج شەو بەردەوام بوو ، تا دەهات گەرمتر دەبوو ، بەشێوەیەك خەریك بوو لەناو حەرەمدا جەنگێکی خوێناوی بەرپا ببێت ، بەلآم (أبو أمیە)ی کوڕی موغیرەی مەخزومی پێشنیازی ئەوەی بۆ کردن کە کەسێك بکەن بەناو بژیوان کە یەکەم کەس بێت لە دەرگاکەی مزگەوتەوە بێتە ژورەوە . ئەوانیش ڕازی بوون . ویستی خودا وابوو ئەو کەسە پێغەمبەر بوو ﷺ . کەبینیان هاواریان کرد: ئەوە پیاوە دەست پاکەکە هات ، پیٚی ڕازین ، ئەوە محمدە ، کە گەیشتە لایان ، مەسەلەکەیان تێگەیاند ئەویش داوای پارچە قوماشێکی کرد ، بەردەکەی خستە ناویەوە ، داوای

کرد لە سەرەك هۆزە پێکداهاتوەکان هەموویان چمکی قوماشەکە بگرن ، پێی ووتن بەرزی بکەنەوە ، تا ئاستی شوێنەکەی ، ئەنجا بەدەستی خۆی هەڵی گرت و لەجێگەی خۆیدا داینا . ئەمە شێوازێکی ژیرانە بوو قورەیش پێی ڕازی بوو.

کەلەبەری (طيبة) لای قورەیشەوە کورتی دەهێنا ، بۆیە لەلای سەرەوە بەشی شەش باڵ هێنایانە پێشەوە ، ئەمە بە (حجر) و (حطيم) ناوزەدە ، دەرگاکەیان لە زەوی بەرز کردەوە بۆ ئەوەی هەر کەسێك خۆیان نەیانەوێت نەڕواتە ژوورەوە ، کە دیوارەکانی پانزە باڵ بەرز بوەوە لەسەر شەش ستوون بنمیچەکەیان بۆ دانا.

دوای تەواوبوون کابە شێوەیەکی چوارگۆشەی وەرگرت بەرزیەکەی (١٥) مەتر بوو ، درێژی ئەو باڵەی کە بەردە ڕەشەکەی تێدا بوو ، لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا ١٠ بە ١٠ مەتر بوو، بەردەکە لە بەرزیی مەترونیوێکەوە لە تەوافگەکەوە دانرابوو ، ئەو لایەش دەرگاکەی تێدا بوو لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا ١٢ بە ١٢ بوو ، دەرگاکەی دوو مەتر بەرز بوو ، لە دەرەوەش بینایەك چواردەوری دابوو ژێرەکەی ، تێکڕای بەرزیەکەی (٠,٢٥ م)و تێکڕایی پانیەکەشی (٠,٣٠م) بوو، پێیان دەوت (شاذورات) ، لەڕاستیدا ئەوە بنەڕەتی (بيت) بوو کەچی قورەیش وازیان لێهێنا بوو.[1]

---

[1] لەبارەی وردودرشتی بیناکردەوەی کابەوە بڕوانە (إبن هشام) ١٩٢,١٢ هەتا ١٩٧، هەروەها (فقه السيرة)ی غەزالی ٦٢. ٦٣ . (صحيح بخاري) باب فچل مکەو بنیانها ١ ٢١٥ و کۆباسەکانی (تاريخ الأمم الإسلامية) نووسینی (خضري) ٦٤،٦٥،١

ژیننامەیەکی خێرای پێش بوون بە پێغەمبەر ﷺ

ژیانی پێغەمبەر ﷺ باشترین خەسڵەتی توێژەکانی ئوممەتی هەڵگرتبوو ، نموونەیەکی بەرز بوو لەبیری ڕاست و، دیدی ڕێك و ڕاست ، خوا زیرەکی و فیکر ڕەسەنی و ڕێکسازیەکی زۆری لە ئامرازو ئامانجدا پێ بەخشیبوو، ئەو بێدەنگیە درێژخایەنەی یارمەتی تێڕامانی زۆرو ئالۆودایی بیرو دۆزینەوەی ڕاستی ئەدا ، بەو عەقڵە تێرو سروشتە پاك و بێگەردەی خۆی لاپەڕەکانی ژیان و کاروباری خەڵك و بارودۆخی کۆمەڵانی خەڵکی خوێندبووەوە ، بەلای هیچ جۆرە خورافەیەکدا نەدەچوو ، لەسەر بنەمای بەرچاو ڕوونی لە کاروباردا هاوبەشی ژیانی خەڵکی دەکرد ، هەر چاکەیەکی بەدی بکردایە بەشداری تێدا دەکرد ، وەگەرنا دەگەڕایەوە باری گۆشەگیرییەکەی خۆی ، هەرگیز مەی نەدەخواردەوەو ، هەر قوربانیەکیش لەبەر دەستدا بدرایە بەزەویدا لێی نەدەخوارد ، ئامادەی بۆنەو ئاهەنگە بت پەرستیەکان نەدەبوو ، بەڵگە هەر لەسەرەتای نەشونمایەوە ڕقی دەبووەوە لەو پەرستراوە پووچەڵانە، شت نەبوو لەوانە بێزارتربێ لەدڵیدا ، تاقەتی بیستنی سوێندخواردنی نەبوو بە (لات) و (عوززا)[1].

گومانی تێدا نی یە کە قەدەری خوایی پاراستوویەتی ، کاتێك ڕەوتی نەفس و ئارەزووی دەجولا بۆ سەیرکردنی هەندێك لە لەزەتەکانی دونیاو، ڕازی دەبوو بە شوێنکەوتنی هەندێك لە باوە ناباشەکان ، ئیدی چاودێری خوایی دەهاتە گۆڕێ و نەیدەهێشت ئەوکارە بکات ، (ابن الأثیر) دەگێڕێتەوە: پێغەمبەر ﷺ فەرموی: (هەرگیز من ئەو کارانەی سەردەمی نەفامیم بەدڵدا نەهاتوە دووجار نەبێت ، هومووو جارێکیش خوای گەورە دەیپاراستم ، دوای ئەوە ئیتر هیچ بەدڵمدا نەهات هەتا خوای گەورە پەیامی بۆناردم ، شەوێکیان بەو شوانەم وت کە لەگەڵمدا مێگەلەکەی دەلەوەڕاند لەسەرو مەککەوە چاوێکت لەمەڕەکانم بێت هەتا دەچمە مەککەو شەوانە دەکەم هەروەکو گەنجانی مەککە دەیکەن" وتی بڕۆ ، دەرچووم هەتا گەیشتمە یەکەم ماڵی مەککە گوێم لە لێدانی جوزەلە بوو ، وتم : ئەوە چیە؟ وتیان : ئەوە شایی فلانە بۆ فلانە کەس ، دانیشتم بۆ گوێگرتن ، خوای گەورە

[1] قسە و باسەکەی لەگەڵ بوحەیرا دا بەڵگەیە لەسەری ، بڕوانە (ابن هشام) ١٢٨/١

گوێیەکانمی داخست تانووستم ، خەبەرم نەبۆوە هەتا گەرمی خۆرەتاو هەڵی ساندم ، گەڕامەوە بۆلای هاوەڵەکەم پرسیاری لێکردم ، منیش هەواڵەکەم دایە ، پاشان شەوی دی هەمان شتم وتەوە ، چوومە ناو مەککەوە وەکو شەوی یەکەمم لێ هاتەوە . دوای ئەوە ئیتر هیچ خراپەیەك نەهات بەدڵمدا)[1]

هەروەها (بوخاری) دەگێڕێتەوە لە (جابر)ی کوڕی (عبدالله)وە ، دەڵێت: کاتێك کابە بنیاتنرا پێغەمبەرﷺ و (عباس) بەردیان دەگواستەوە ، (عباس) وتی بە پێغەمبەر ﷺ کراسەکەت بئاڵێنە لەملت لەزبریی بەردەکان دەتپارێزێت ، کراسەکەی هەڵدایەوە دەستبەجێ لەهۆش خۆی چوو ، چاوەکانی بۆ ئاسمانیان دەڕوانی ، پاشان هۆشی هاتەوەو فەرمووی: کوا کراسەکەم ، کراسەکەم ؟

ئەوجا ئیتر کراسەکەی لەبەر کرایەوە[2] ، لە گێڕانەوەیەکیشدا ، دوای ئەوە هیچ کاتێك عەورەتی دەرنەکەوتووە[3].

پێغەمبەر ﷺ لەناو قەوم وخزمانیدا بەکۆمەڵێك ڕەوشتی بەرزو خۆشخوانیو ڕێزدارانە ناسرابوو ، پیاوترین مرۆڤی خێڵەکەی بوو ، لە هەموویان بەڕەوشتترو ، بە ئارامترو، ڕاستگۆترو، نەرم و نیانترو ، خێرەومەندترو ، کارچاکترو ، پەیمان پارێزترو، سپاردە پارێزتر بوو ، هەتا خەڵك ناویان نا بە (ئەمین) دەست پاك ، بەهۆی ئەو هەموو هەڵس و کەوتە چاك و خەسڵەتە باشانەیەوە بوو ، بەڕاستی هەر وەکو دایکی ئیمانداران خەدیجە (ڕ) دەفەرموێت : خەمەکانی لەکۆڵ دەناو ، برسیی تێردەکرد، میوانی خۆشنوود دەکردو یارمەتی تەواوی بێنەوایانی دەدا[4].

---

1 / لەبارەی ڕاستێتی ئەو فەرموودەیەوە جیاوازی هەیە ، حاکم و زەهەبی بەڕاستی دەزانن ، (إبن کثیر) یش لە (البدایەوالنهایە) بەلاوازی دادەنێ ٢ ٢٨٧

2 صحیح ابخاري ، باب بنیان الکعبة ٥٤٠/١

3 هەمان سەرچاوە لەگەڵ شەرحی قەستەلانیدا

4 صحیح البخاري ٣/١

(ئـەشكـەوتى حـەراء) و
سێبـەرى پێغـەمبـەرێتى و پەيـامى ئاسمـان

كاتێـك تەمـەنى پـيرۆزى لـە چـل سـالْ نزيـك بـووەوە ، تێرامانـەكانى ڕابووردووى ، بيرى كەنارگيرى و خۆ دوورخستنەوەى لادروست كردبوو ، ژيانى گۆشـەگيرى لا خۆشەويسـت كردبـوو . هـەمووجارێك خورماو ئاوى لەگـەلْ خۆيدا دەبردو دەچوو بۆ ئەشكەوتى حەڕاء لەكێوى نوور ، ئەم كێوە دوومیل لە مەككەوە دووره . ئەشكەوتێكى بچوكە درێژيەكەى چواربالْ و، پانيەكەشى يەك بالْ و سىْ چارەكە بالْى ئاسنە ، هاوسەرەكەشى لێيـەوە نزيـك بـوو ، مانگى ڕەمـەزانى لـەوىْ بەسـەر دەبـرد ، نـانى دەدا بـە هـەر هـەژارێك ڕووى تـىْ بكرداىـە ، كاتـەكانى بەخواپەرستى و بيركردنەوە لە دەوروبەرو ديمەنەكانى گەردوون بەسەردەبرد . لەو توانا داهێنـەرەى پشتەوەى دروسـت كراوەكان وورد دەبۆوە . لەهـەمان كاتدا دلْ ئـارام نـەبوو لـەو بيروبـاوەڕى شـيركە لـەق و لـۆق و ، ڕوبينـا بۆشـانەى گەلەكـەى لەسەرى بوو، بەلأم هيچ ڕێبازێكى ڕوون و بەرنامەيەكى ديارىى كراوو ، ڕێگەيەكى ئامانجدارى لەبەردەستدا نەبوو دلْى پێى ئارام ببێت و پێى ڕازى بێت[1] .

هەڵبژاردنى پێغەمبەريش ﷺ بۆ ئەو ژيانە گۆشەگيريە ، خواستێكى خوايى لـە پشـتەوە بـوو ، بـۆ ئـەوەى سـازى بكـات بـۆ كـارە گەورەكـە ، هـەرگيانێكيش چاوەڕوانى ئەوەى لىْ بكرێت كەكاريگەرى هەبێت لەسەر واقيعى ژيانى مرۆڤايـەتى و بـەرەو ئاڕاسـتەيەكى تـر وەرى چـەرخێنێت پێويسـتە ئـەو گيانـە هەنـدێك كـات خەڵوەت كێشى بكات و ، لەسەر قاڵبەكانى زەوى و هەراو هورياو خەمەكانى ژيـان و خەمە بچوكوكانى خەڵك خۆى دابڕێت.

بـەو شـێوەيە خـواى گەورە پلانـى بـۆ محمـد داڕشـت ﷺ لەكاتێكدا كـە بـۆ سـپاردە گەورەكـەو ، گـۆڕينى ئاڕاسـتەى زەمـين و ، ڕێككردنـەوەى ڕێبـازى مێـژوو ئامـادەى دەكـرد ، ئـەم گۆشـەگيريەى بـۆ ڕێكخسـت پـێش پىْسـپاردنى ئـەركى پەيامەكە بەسىْ سالْ ، يەك مانگ لەو گۆشەگيريە تێپەڕى كـرد ، لەگـەلْ گيانى ئـەو بوونە ڕەهايەدا ، لەو غەيبە شاراوەيەى پشت سروشت ورد ئەبوەوە ، هـەتا كاتى ئەوە هات ، مامەڵە لەگەلْ ئەو غەيبەدا بكات .[2]

---

[1] رحمة للعالمين ١ ٤٧ ، ابن هشام ١ ٢٣٥ ، ٢٣٦ ، فى ظلال القرآن ، جزء ٢٩ ١٦٦

[2] هەمان سەرچاوەى دوايى ٢٩ ١٦٦ ، ١٦٧

جبریل ﷺ بەنیگاوە دادەبەزێت

که چل ساڵی لەتەمەن تەواوکرد ، ئەمەش چلەپۆپەی کامڵبوونی مرۆڤە ، گوتراویشە لەو تەمەنەدا پێغەمبەران ڕەوانە دەکرێن . لەو تەمەنەیدا ئاسەوارەکانی پێغەمبەرێتی لەپشت ئاسۆی ژیانەوە خەریك بوو ڕەنگی ئەدایەوە و دەدرەوشایەوە ، ئەو ئاسەوارانەش بریتی بوون لە خەونەکان ، هیچ خەونێکی نەدەبینی مەگەر وەك سپێدەی بەیان دەهاتەدی ، شەش مانگ بەسەر ئەو حاڵەدا تێپەڕی کرد ، ماوەی پێغەمبەرێتیش (٢٣) ساڵە ، ئەم خەونانە بەشێکن لە (٤٦) بەشی پێغەمبەرێتی ، کە ڕەمەزانی ساڵی سێیەمی گۆشە گیریەکەی گوزەرا لە ئەشکەوتی (حەڕاء)دا خواستی خواوەند وەهابوو ، کە بەشێك لەڕەحمەتی خۆی بڕژێنێت بەسەر خەڵکی سەر زەویدا، ئەوەبوو بە پێغەمبەرێتی شکۆمەندی کرد، جبریل ﷺ چەند ئایەتێك لە قورئانی بۆ هێنایە خوارەوە[1] .

پاش ڕامان و وردبوونەوە لەبەڵگەو نیشانەکان دەتوانین ئەو ڕۆژە دیاری بکەین بە شەوی دوو شەممەی بەرواری بیست و یەکی مانگی ڕەمەزان ، کە بەرامبەرە لەگەڵ (١٠) ئۆگستسی ساڵی (٦١٠)ی زایین ، لەوکاتەدا بەڕێکی تەمەنی پیرۆزی چل ساڵی قەمەریی و شەش مانگ و ، دوانزەڕۆژ بووە ، ئەوەش دەکاتە (٣٩) ساڵی خۆریی و سێ مانگ و دوانزە ڕۆژ[2] .

---

[1] (ابن حجر) دەڵێت بەیهەقی گێڕاوێتیەوە کەماوەی خەونەکانی (٦) مانگ بووە، بینا لەسەرنەوە دەست پێکردنی پێغەمبەرێتی بەخەون لەمانگی لەدایك بوونەکەیدا دەستی پێکردووە کە ڕەبیعی یەکەمە ، پاش تەواو کردنی چل ساڵ و، دەست پێکردنی نیگای بێداریش لەڕەمەزاندایە (فتح الباری) ١ ٢٧

[2] مێژوونوسان لەو یەکەم مانگەدا کەخوای مەزن شکۆنامەی پێغەمبەرێتی داوە بەپێغەمبەر ﷺ و، دابەزینی نیگادا جیاوازیان هەیە، کۆمەڵێکی زۆر بۆئەوە دەچن کە لەمانگی ڕەبیعی یەکەمدابێ، کۆمەڵێکی تریش پێیان وایە کە لە ڕەمەزاندایە، کەمینەیەکیش دەڵێن مانگی ڕەجەبە (بڕوانە مختصر سیرە الرسول . نوسینی شێخ عبدالله بن محمد بن عبدالوهاب النجدی ل٧٥) ئێمە ڕای دوەممان بەلاوە پەسەندە . واتە مانگی ڕەمەزانە . بەبەڵگەی ئایەتی ﴿ شهر رمضان الذی أنزل فیه القرآن ﴾ البقرة/١٨٥ هەروەها ئایەتی ﴿ إنا أنزلناه في لیلة القدر ﴾ القدر ١ زانراویشە کە شەوی قەدر لەڕەمەزاندایە ، ئەم شەوە لەم ئایەتەشدا ئاماژەی پێ کراوە ﴿ إنا أنزلناه في لیلة مبارکة إنا کنا منذرین ﴾ الدخان/٣ ، هەرلەبەر ئەوەش پاڵدانی بەحەڕانەوە لە ڕەمەزاندا بوو، هەرلەوێداو لەو مانگەدا جبریل دابەزیە سەری وەك زانراوە

پاشان گوتەبێژان لەدیاریکردنی ئەو ڕۆژەشدا ڕاجیاوازن، وتراوە ڕۆژی حەوتەمە، وتراویشە ڕۆژی حەڤدەهەمە، وتراویشە ڕۆژی هەژدەهەمە (بڕوانە مختصر سیرەالرسول) (کەباسکرا) ل٧٥، هەروەها (رحمە للعالمین ١ ٤٩) ، (الخضری)یش لەکۆباسەکانیدا سورە لەسەرئەوەی کە ڕۆژی (١٧) هەمە، (محاضرات تأریخ الامم الاسلامیة) نووسینی (الخضری) ١ ٦٩

بەلام ئێمە پێمان وایە کە ڕۆژی (٢١) هەمە، لەگەڵ ئەوەشدا کەسمان نەدیوە لە سیرەتناسەکان ئەمەی وتبێ ، لەگەڵ ئەوەدا کە هەموویان یان زۆرینەیان لەسەر ئەوەن کە پەیامداربوونی لە ڕۆژی (٢) شەممەدا بووە، ئەوەی پاڵپشتیانە ئەو فەرموودەیە کەپێشەوایانی فەرموودە لە(أبی قتادە) (ر) دەیگێڕنەوە پرسیارکرا لە پێغەمبەر

باگوێ بگرین بۆ عائشه (ڕ) تا بەسەرهاتی ئەو ڕووداوەمان بۆ بگێڕێتەوە کە بریتی بوو لەکلێپەیەکی نووری لاهوت و، دەستی کرد بەکردنەوەی دەروازەی تاریکستانەکانی کوفرو سەرلێشێواوی . هەتا ئاراستەی ژیانی گۆڕی و، ڕێڕەوی مێژووی وەرچەرخاند . عائشه (ڕ) دەفەرموێت:

سەرەتا کە نیگا بۆ پێغەمبەر هات ﷺ بەخەونی سالْحان دەستی پێکرد . هەرخەوێکی دەبینی وەکو سپێدەی بەرەبەیان دەهاتەدی . پاشان ژیانی گۆشەگیری لا خۆشەویست بوو . بەتەنها لە ئەشکەوتی حەڕائدا دەمایەوە . چەندین شەو لەوێدا دەمایەوە پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ ناو ماڵ و منالْی و، تویشوی بۆ هەڵبگرێت . پاشان دەگەڕایەوە لای خەدیجەو بەهەمان شێوە تویشوی وەردەگرت . هەتا هەق و ڕاستی بۆهات لە ئەشکەوتی حەڕائدا . فریشتەکە هاتە لای فەرمووی: اقْرَأْ. دەفەرموێت : وتم: نازانم بخوێنم . گرتمی و گوشیمی بەخۆیەوە تا هەناسەم توندبوو . پاشان بەریدام و فەرمووی: اقْـرَأْ، وتم: من خوێندەوارنیم . گرتمی و گوشیمی بەخۆیەوە بۆجاری سێیەم، پاشان بەریدام و، فەرمووی: ﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ {١} خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ {٢} اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ {٣}﴾[١]. واتە: بخوێنە بەناوی پەروەردگارتەوە . کە مرۆڤی لەخوێنپارە بەدی هێناوە . بخوێنە هەر پەروەردگاری تۆ شکۆدارە . پێغەمبەر ﷺ بەو چەند ئایەتەوە گەڕایەوە دڵی دەلەرزی . هاتەوە بۆ ماڵەوە بۆلای خێزانی . (خەدیجەی کچی خوەیلد) فەرمووی: دامپۆشن . دامپۆشن . دایانپۆشی هەتا ترسەکەی نیشتەوە، بە خەدیجەی فەرموو: ئاخۆ ئەمە چی بێت تووشم هاتووە ؟ ئەنجا بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوەو فەرمووی: بەڕاستی ترسم هەبوو شتێکم لێ قەومابێت . خەدیجە فەرمووی: نەخێر .

ﷺ لە بارەی ڕۆژووی ڕۆژی دووشەممەوە، فەرموی (لەو ڕۆژەدا لەدایك بووم و نیگام بۆ هات . لەدەربڕینێکدا ئەوە ڕۆژێکە تیایدا لەدایك بوم و بوم بەپێغەمبەر یان نیگام بۆهات) صحیح مسلم ١٬٣٦٨، احمد ٢٩٧، ٢٩٩، البیهقی٥ ٣٠٠،٣٦٨، الحاكم ٢ ٢٦٠٢ ڕۆژی دووشەممەی ڕەمەزانی ئەو ساڵ . . تەنها لەگەڵ ڕۆژی (٧) دا ڕێك دەکەوێت. لەگەڵ چواردەو، بیست و یەك و، بیست و هەشتدا، ڕیوایەتە ڕاستەکانیش بەڵگەن لەسەرئەوەی شەوی قەدر لە شەوە تاکە کۆتاییەکانی ڕەمەزاندا نەبی ڕوونادەن . لەو شەوانەشدا ئاڵوێر دەکات، ئەگەر بەراوردێك بکەین لەنێوان ئایەتی ﴿إنا أنزلناه في ليلة القدر﴾ هەروەها گێڕانەوەی فەرموودەکەی (ابی قتادە) کە بە پێغەمبەر بوونی پێغەمبەر ﷺ لەڕۆژی دووشەمم دا بووەو لەنێوان ژمێریی ساڵنامەی زانستیدا کە تیایدا دووشەممە کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ڕەمەزانی هەمان ساڵەوە ئەوەمان بۆ دیاری دەکات کەپێغەمبەربوونی پێغەمبەر ﷺ لە شەوی بیست و یەکی ڕەمەزاندا بووە

[١] ئایەتەکان تا ﴿علم الإنسان ما لم يعلم﴾ هاتە خوارەوە

سوێندبێت هەرگیز خوای گەورە سەرت شۆڕ ناکات، تۆ پەیوەندی خزمایەتی بەجێدەهێنیت، یارمەتی نەدار دەدەیت ، هەژار تێردەکەیت و ڕێز لەمیوان دەگریت و ، یارمەتی لێقەوماوان دەدەیت.

خەدیجە (ڕ) لەگەڵ خۆیدا بردیە دەرەوە هەتا گەیشتە ماڵی (ورقە)ی کوڕی (نوفل)ی کوڕی (اسد)ی کوڕی (عبد العزى) کە ئامۆزای خەدیجە بوو (ڕ) - پیاوێك بوو لە سەردەمی جاهیلیدا ببوە فەلە ، بە(عیبری)یش دەینوسی ، چەندەی بیویستایە ئینجیلی بەعیبری دەنوسیەوە ، پیاوێکی بەتەمەن بوو چاوی لەدەست دابوو، خەدیجە پێی ووت: ئامۆزا ! گوێ لە برازاکەت بگرە ، وەرەقە پێی وت: ئەرێ برازا چی دەڵێیت؟ پێغەمبەری خوا ﷺ چی دی بوو بۆی گێڕایەوە ، وەرەقە پێی وت: ئەمە ئەو (ناموس)ەیە کەخوا بۆ موسای ناردە خوارەوە. خۆزگە لەو ڕۆژگارەدا گەنج بوومایە ، بریا ئەوکاتە زیندوو بوومایە کاتێك گەلەکەت وەدەرت دەنێن ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئایا بەڕاستی شار بەدەرم دەکەن؟ وەرەقە وتی: بەڵێ ، هیچ پیاوێك پەیامی لەو شێوەیەی تۆی نەهێناوە دوژمنایەتی لەگەڵدا نەکرا بێت ، ئەگەر فریای ئەو ڕۆژە کەوتم پشتیوانیەکی گەورەت لێ دەکەم . پاشان وەرەقە زۆری نەخایاند کۆچی دوایی کردو نیگاش دابڕا [1].

(طبری) و (ابن هشام) دەڵێن: پێغەمبەر ﷺ پاش ئەوەی لەناکاو نیگای بۆ هات لە ئەشکەوتەکە چووە دەرەوەو پاشان گەڕایەوەو گۆشەگیری درێژە پێدا ، لە پاش ئەوە گەڕایەوە بۆ مەککە ، گێڕانەوەکەی (طبری) تیشك دەخاتە سەر هۆی دەرچوونەکەی پێغەمبەر ﷺ ئەمەش دەقەکەیەتی:

پاش باسی هاتنی نیگا ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (لە هەموو دروست کراوەکانی خوادا شت نەبووە لەلام لە شاعیر یان شێت زیاتر ڕقم لێیان بوو بێتەوە ، چاوم بەرایی نەدەهات سەیریان بکەم ، دەفەرموێت: وتم: مەحاڵە قوڕەیش من بە شاعیر یان شێت ناوزەد بکەن! دەڕۆمە سەر ئەوکێوە بەرزەوخۆمی لێوە فڕێ دەدەم ، خۆم دەکوژم و دەحەوێمەوە ! دەفەرموێت: بەو مەبەستەوە چوومە دەرەوە ، گەیشتمە دامێنی چیاکە گوێم لێ بوو دەنگێك لە ئاسمانەوە دەڵێت: ئەی

---

[1] ، صحیح البخاری ۲.۳/۱ بوخاری دەریهێناوە لەگەڵ بوونی جیاوازیەکی کەم لەدەربڕینەکەی هەردوو کتێبی (التفسیر) و(تعبیر الرؤیا)

محەممەد!! تۆ پێغەمبەری خودایت ، من جبرەئیلم ، فەرمووی: سەرم بەرزکردەوە بۆ ئاسمان بینیم جبریلە پێیەکانی لە ئاسۆگەی ئاسمان توندکردووەو دەڵێت: ئەی موحەممەد! تۆ پێغەمبەری خوایت ، من جبریلم. دەفەرموێت وەستام سەیرم ئەکرد ، ئەوەی بۆی هاتبووم لەبیری بردمەوە ، لەشوێنی خۆم نەدەجولاَم ، چاوم دەگێڕا بەئاسۆکانی ئاسماندا سەیری هەر لایەکم دەکرد جبریلم دەبینی ، ڕەق وەستام نە بۆ پێشەوە ، نە بۆ دواوە جوڵەم نەدەکرد ، تا ئەوکاتەی پیاوەکانی خەدیجە هاتن بە شوێنمدا و گەشتمەوە شاری مەککە من هەر لە شوێنی خۆمدا وەستابووم ، پاشان جبریل ﷺ دیار نەماو منیش گەڕامەوە بۆماڵەوە)[1] چوومە لای خەدیجە خۆم بە لایدا لارکردەوەو سەرم خستە کۆشی ، وتی: (أبا القاسم)! لەکوێ بویت؟ سوێند بێت ناردم بەشوێنتدا هەتا گەیشتنە مەککەو گەڕانەوە بۆ لای من ، پاشان منیش ئەوەی بینیبوم بۆم گێڕایەوە ، وتی: مژدەت لێ بێت ئامۆزا ، خۆت قایمکە ، سوێندم بەوکەسەی گیانی خەدیجەی بەدەستە ئومێددەخوازم تۆ ببیتە پێغەمبەری ئەم ئوممەتە[2]، پاشان هەستاو چوو بۆلای وەرەقەو هەواڵەکەی پێدا ، وتبووی: (قدوس) (قدوس) ، سوێند بەوکەسەی گیانی وەرەقەی بەدەستە ، ناموسە گەورەکەیە هاتووە ، هەر ئەوەیە کە هاتوە بۆ موساش ﷺ ، ئەو پیاوە پێغەمبەری ئەم ئوممەتەیە ، ئەی خەدیجە پێی بڵێ: باخۆی قایم بکات ، خەدیجە (ر) گەڕایەوەو وتەکانی وەرەقەی بۆ گێڕایەوە ، کە پێغەمبەر ﷺ چلە کێشیەکەی تەواوکردو گەڕایەوە – بۆ مەککە – وەرەقەی پێگەیشت ، پاش ئەوەی هەواڵەکەی لە خۆی بیست وتی: سوێندم بەوکەسەی گیانی منی بەدەستە ، تۆ پێغەمبەری ئەم ئوممەتەیت، ئەو ناموسە هەرە گەورەیەت بۆ هاتووە کە هات بۆ موساش ﷺ[3]

---

[1] / دەقەکەی طبری ٢٠٧/٢
[2] / دەقەکەی (إبن هشام) ١، ٢٣٧-٢٣٨
[3] . کورتەی (إبن هشام) ٢٣٨/١

پـچــڕانی وەحـــی

سـەبارەت بـەماوەی پچـڕانی وەحـی ، (إبـن سـعد) لـە (إبـن عبـاس)ەوە دەگێڕێتـەوە کـە چـەند ڕۆژێك بـووە[1] ، پاش چاوگێڕانی خێرا بەهـەموو باسـەکەدا هـەر ئەمـە پەسـەندە ، بـەڵام ئـەو گوتـەیـەی کـەدەڵێت بۆمـاوەی سێ‌سـاڵ یـان دووسـاڵ ونیـو بەردەوام بووە بـەهیچ جۆرێك ڕاست نی‌یـە ، ئێرەش جێگـەی ڕەتکردنـەوەی ئـەوە نیـە. ئەوەنـدە هەیـە لـەماوەی دابڕانەکـەدا پێغەمبـەر ﷺ بەخـەمباری و ماتیـەوە دانیشـتبوو، سەرسوڕمان و واق وڕمان دایگرتبوو ، (بوخاری) دەگێڕێتەوە لە (کتاب التعبیر)دا ئەمـە دەقەکەیەتی: (وەحـی بـۆ ماوەیـەك وەسـتا هـەتا پێغەمبـەر ﷺ خـەمباربوو بـە شێوەیەك چـەندجارێك دەچـووە سـەر لوتکـەی شـاخێکەوە تـاخۆی فـڕێ بداتـە خـوارەوە[2] هـەر کەدەگەیشتە لوتکەی چیاکە بۆ ئەوەی خۆی فڕێ بدات جبریل ﷺ خۆی نیشـان دەدا، دەیفەرموو: ئەی موحوممەد بەڕاستی تۆ پێغەمبـەری خودایت ، ئیتر بێ تاقەتیەکـەی دەڕەویـەوەو ، دەروونـی هـێمن دەبـوەوەو دەگەڕایـەوە ، دابڕانـی وەحیەکـە بیخایەندایـە هەمان کاری دووبارە دەکردەوەو کە دەگەیشتە لوتکەی چیاکە جبریل ﷺ جارێکی‌تر خۆی نیشان دەدایەوەو هەمان شتی پێ دەوتەوە[3].

جبریـــل ﷺ جارێکی تر وەحی دەهێنێتە خوارەوە

(إبـن حجـر) دەڵێـت: وەسـتانی وەحـی بـۆ چـەند ڕۆژێك لەبەرئـەوە بـوو کـە پێغەمبەر ﷺ ترس و لەرزەکەی بنیشێتەوەو، ئارەزووی دیداری نوێی تێدا دروست بێتـەوە[4]، کـە چـیدی تارماییـەکانی سەرسـامی ڕەویـەوەو ، هێماکـانی ڕاسـتی دەرکەوت ، پێغەمبەر ﷺ باوەڕی یەقینی پەیداکرد کە بۆتە پێغەمبەری خـودا ، ئەو کەسەش هاتۆتە لای باڵوێزی وەحیەو هەواڵی ئاسمانی بۆ دەهێنێت و ئالوودە بون و چاوەڕوانیشی بۆ هاتنی وەحی بووە هۆیەك بۆ دامەزراندن و ئەگەری هاتنـەوەی بۆ جارێکی تر ، ئەوەبوو جارێکی‌تر جبریل هاتەوە بۆلای ، (بوخـاری) دەگێڕێتـەوە لە (جابر)ی کوڕی (عبدالله)وە کـەگوێی لێ بوو پێغەمبـەر ﷺ جارێکیان باسـی کـاتی هاتنە خوارەوەی نیگای دەکرد ، فەرمووی:

---

[1] / فتح الباري ١ ٢٧، ١ ٣٦٠

[2] , لە هەندێ نووسخەدا لە جیاتی (عدا)ی عەرەبیەکە وشەی (غدا) هاتووە

[3] / صحیح البخاري ، التعبیر باب أول ما بدیء به رسول الله من الوحی الرؤیا الصالحة ٣٤/٢.

[4] فتح الباري ١، ٢٧

(جارێكیان بەڕێگادا دەڕۆیشتم گوێم لەدەنگێك بوو لەئاسمانەوە هات ، سەرم بەرز كردەوە بۆ ئاسمان ، بینیم هەمان ئەو فریشتەیە كە لە ئەشكەوتەكەی حەرائدا هات بۆلام لەسەر كورسیەك دانیشتوە لەنێوان ئاسمان و زەوییدا ، دەستەو ئەژنۆ نەویمەوە هەتا كەوتمە سەرزەوی ، هاتمەوە ماڵەوە وتم: داملپۆشن، داملپۆشن ، داملپۆشن ، خوای گەورە ئایەتی نارده خوارەوە: ﴿يَا أَيُّهَا الْمُـــدَّثِّرُ﴾ هەتا ئایەتی ﴿فَاهْجُرْ﴾ ، دوای ئەوە بەدوای یەكدا بەگەرم و گوڕی وەحی هاتە خوارەوە)[1].

چەند باسێك لە ڕوونكـردنــەوەی بەشەكـانی وەحیدا

پێش ئەوەی باس لە وردو درشتی ژیانی پەیام و پێغەمبەرێتی بكەین ، پێمان باشە بەشەكانی وەحی بزانین بەوپێیەی سەرچاوەی پەیامەكەو وزە بەخشی بانگەوازەكەیە ، (إبن القيم) لەباسی پلەكانی وەحیدا دەڵێت:

یەكەمیــان: خەونی ڕاستەقینەیە، ئەم جۆرەش سەرەتای دەستپێكردنی وەحی بوو.

دووەمیــان: ئەو بەشانەی كە فریشتەكە دەیخستە مێشك و دڵیەوە بێ‌ئەوەی بیبینێـت ـ هــەروەكو پێغەمبــەر ﷺ فەرموویــەتی: (روح القــدس) فــووی كــردوە بەدەروونمدا كە هیچ نەفسێك نامرێت هەتا ڕۆزیەكەی تەواو نەكات ، لەخوا بترسن و، بەرێكوپێكی بەدوایدا بگەڕێن ، درەنگ هاتنی ڕۆزی واتان لێ نەكات كە بەتاوان كردن بەدوایدا بگەڕێن ، چونكە ئەوەی لای خودایە بەتاعەت نەبێت ناسەندرێت.

سێهــەم: پێغەمبەری خوا ﷺ هەندێك جار جبریلی لەشێوەی پیاوێكدا دەبینی و گفتوگۆی لەگەڵدا دەكرد بێداربوو كە قسەی لەگەڵدا كرد ، لەوحاڵەتەدا هەندێك جار هاوەڵانیش دەیانبینی.

چـوارەم: هەندێجار لەشێوەی دەنگی زەنگێكدا دەهات ، ئەمەشیان لە هەموویان قورستر بوو كە فریشتەكەی لەگەڵدا دەهات ، تاڕادەیەك نێو چاوانی ئارەقەی لێ دەچۆڕا لە ڕۆژی زۆر ساردیشداو ، ئەو وڵاخەی بەسەریەوە بوو لەو كاتەدا چۆكی دادەدایە سەر زەوی ، جارێكیان وەحی بۆهات ڕانی لەسەر ڕانی (زەید)ی كوڕی (ثابت) دانابوو ، ئەوەندە قورس بوو خەریك بوو ئازاری بدات.

---

[1] / صحيح البخاري ، كتاب التفيير ، باب ﴿ والرجز فاهجر ﴾ ٧٣٣/٢

پێنجـــــەم: فریشـتەکەی لـە وێنـەی ڕاسـتەقینەی خۆیـدا دەبینـی ، ئەونـدە مەشیئەتی خـودای لەسـەر بـوو وەحـی بـۆ دەهێنـا ، هـەروەکو خـوای گـەورە لـە سورەتی (النجم)دا باسـی کـردوە ، تـەنها دووجـار بـەم شـێوەیە ڕووی داوە وەحـی بێتە خوارەوە.

شـەشـەم: ئەوەی خوای گەورە بۆی ناردووە، لە بەرزیی ئاسمانەکانەوە شەوی بڵندبوونەوە وەك فەرزکردنی نوێژو پەرستشی تریش.

حەوتـەم: کەلامی ڕاستەوخۆی خـوای گـەورە بـۆ پێغەمبـەر ﷺ هـەروەکو لەگـەڵ (موسـا)ی کـوڕی (عمـران)دا قسـەی فـەرموو ، ئـەم پلەوپایەیـە بـەڕوونی و یـەکلایی بڕاوەتـەوە بـۆ موسـا ؈ لـەدەقی قورئانـداو ، بـۆ پێغەمبــەری خۆشمـان ﷺ لـە ڕووداوی شەوڕەویدا ، هەندێك لەزانایان پلەی تریشیان بۆ زیادکردوە وەکو قسەی ڕاستەو خۆی بـیٚ (حجاب) لەگـەڵ بەنـدەدا ، ئەمـەش مەسـەلەی ڕاجیاوازیی نێـوان (سەلەف) و (خەلەف)ە ، لەگەڵ پوختەیەکی ئاسانی باسی پلەی یەکەم و هەشتەمدا کۆتایی هات[1].

---

[1] بڕوانە (زاد المعاد ، ١ ١٨)

فـەرمانی بانگـەوازکـردن بۆ لای خواوەند ،

بــاسـەکـانی

پێغەمبەری خوا ﷺ لەچەند ئایەتێکدا چەندفەرمانێکی پێگەیشت لەوانە :
﴿ يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ {١} قُمْ فَأَنذِرْ {٢} وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ {٣} وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ {٤} وَالرُّجْزَ فَاهْجُرْ {٥} وَلَا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ {٦} وَلِرَبِّكَ فَاصْبِرْ {٧} ﴾ ئەمانە کۆمەڵێك فەرمانن بە ڕواڵەت ئاسان و سادەن ، بەلاَم بە مەوداوو مەبەست قووڵن ، کاریگەریان لەسەر ناخ و حەقیقەت گەلێك گەورەیە .

١ـ مەبەستی ئاگادارکردنەوەکە ئەوەیە کەکەس لەیاخی بوان بەجێ نەهێڵێت لەجیهانی بونەوەردا ئاگاداریان نەکاتەوە لەئاکامە خراپەکانی یاخی بوون هەتا ئەو کاتەی ڕاتەکاندن و هوشیار بوونەوەکە لەدڵیدا ڕوودەدا

٢ـ مەبەست لەگەورە زانینی پەروەردگار ئەوەیە: کە هیچ کەسێك خۆی بەگەورە نەزانێت ، گەورەیێتی تەنها بۆ خودای تاك و تەنها بمێنێتەوە.

٣ـ مەبەستی جل و بەرگ پاککردنەوەو وازهێنان لەهەموو چەپەڵیەك ئەوەیە کە بگاتە پاککردنەوەی ناخ و دەرەوەو دەروون پاکژی لەهەموو پیسیو چەپەڵیەك و بەرزبوونەوە تابەرزترین پلەوپایە لەژێر ڕەحمەتی زۆری خواوەندو ڕێنومایی نوورەکەیدا ، تاببێتە بەرزترین نموونە لەکۆمەڵگای مرۆڤیداو. دلاَن بەلای خۆیدا کەمەندکێش بکات و، سەرلێشێواوانیش سامیان لێ بنیشێت و ، دونیا لە هەموو لایەکەوە ڕووی تێ بکەن.

٤ ـ مەبەست لە بەزۆر نەزانینی نازو نیعمەتەکانیش بۆ ئەوەیە مرۆڤ کردەوە و کۆششەکانی خۆی بەگەورەو زۆر نەزانێت ، بەڵکو هێشتا دەبێت هەوڵ بدات کار لە دوای کار بکات و هەوڵ و قوربانی و کۆششی زۆر بکات ، پاشان ئەوەش لەبیر خۆی بباتەوەو لەپێناویی خوادا هەست کردن بەماندوو بوونی تێدا نەمێنێت.

٥ . لەکۆتا ئایەتەکەشدا ئاماژەیەکی تێدایە بۆ ئەو ئازارەی توشیان دەبێت لەلایەن سەرسەختەکانەوە لە بێ گوێیی و سووکایەتی پێکردن و گاڵتەجاڕی و ، هەتا هەوڵدان بۆ کوشتنی خۆی و هاوەڵەکانی و" فەوتاندنی هەموو ئیماندارانی

دەوروبـەری ، پاشـان خـوای گـەورە فـەرمان دەدات کـە بەهـەموو توانایەکـەوە دان بـەخۆدا بگریـت ، نـەك لەبـەر حـەزی دەروونیـی خـۆی بـەڵکو لەبـەر ڕەزامەنـدی پەروەردگارەکەی

(الله أکبر)! ئەم فەرمانانە لەڕواڵەتدا چەندە سادەن و لەهەمان کاتدا چەند کاریگـەرو سـەرنج ڕاکێشـن ، کاریگـەریان چـەند قووڵـە ، چـەندە گەورەشـن کاتێـك گەردەلوولێکی بەهێز دروست دەکەن و هەردوو دوونیا دەهێننەوەیەك و یەکانگیری یەکتریی دەکەن .

هـەمان ئـەو ئایەتانـە چـەندین ماددەی بانگـەوازو پێڕاگەیاندنیان تێدایـە ، خـودی بێدارکردنەوەکە دەخوازێت کە هەنـدێك کـار هـەبێت پاداشـتی خاوەنەکـەی سـزا بێـت ، لەبەر ئـەوەی هـەموو کەسێك دەزانێت کـە لەدونیادا پاداشـتی هـەموو کەسێك نادرێتەوە لەسەر ئەوەی دەیکات ، بەڵکو لەوانەشە نەکرێت مرۆڤ پاداشـتی هـەموو کارەکـانی وەربگرێـت ، بێـدار کردنـەوە دەخوازێـت کـە ڕۆژێـك هـەبێت بـۆ پاداشـت جگـە لـە دونیـا ، ئەمەشـە کـە بـە ڕۆژی قیامـەت یـان (جـزاء) یـان (دیـن) ناودەبرێـت ، ئەمـەش دەخوازێـت کـە ژیـانێکی تـر هـەبێت جگـە لـەم ژیانـەی ئێمـەی تێدا دەژین ، ئەویش قیامەتە.

ئایەتەکانی تریش داوادەکەن لەبەندەکان یەکتاپەرستی ساغ بن و هـەموو کارو بارەکان بۆ خواوەندی گەورە بگێڕنـەوەو ، واز لـە نـەفس ڕازیـی کـردن و خـەڵك ڕازی کردن بهێنن بۆ ڕازی کردنی خودا.

کەواتە ئەو بابەتانە لەم چەند خاڵدا خەست دەبنەوە:

أ ـ یەکتاپەرستی .

ب ـ باوەڕ بەڕۆژی دوایی .

ج ـ هەستان بەخۆ پاکژکردن ، ئەوەش بەوازهێنان لەکاری خراپ و بەدو هەستان بەکردنی چاکەو کارە خێرەکان.

و ـ باوەڕبوون بەوەی کە هەموو کاروبارێکی دونیا بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە .

هـ ـ ئەمانە دوای باوەڕ هێنان دێن بە پەیامەکەی موحەممەد ﷺ و چوونە ژێر باری ئاراستەو فەرمایشتە بە پێزەکانی.

سـەرەتای ئایەتـەکان بانگەشـەیەکی بالأیـان لـەئامێزگرتووە بـەبڕیاری پەروەردگاری بالأدەست ، پێغەمبەر ﷺ دانرا کە بەئەو ئەرکە گەورەیە هەستێت و لەناو جێگەی گەرم و گوڕو خەوی درێژخایەنـدا ، خوایگەورە دەریکێشایە نێو جیهادو تێکۆشـان و زەحمەت : ﴿ يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ {١} قُمْ فَأَنذِرْ {٢}﴾ ، هەروەکو گوترا بێت: ئەو کەسەی بۆ خۆی بژی بەبێ کێشە دەژی ، بەلأم تۆ ئەی موحەممەد کە ئەم ئەرکە گەورەیەت هەلگرتووە لەخەوت چی؟ لەحەوانەوەت چی؟ یان لەجێگەی گەرم و نەرم و ، ژیانی هێمنانەو، ڕابواردنێکی پڕ چێژت چی' هەستە بۆ ڕاپەڕانـدنی ئەوکارە گەورەیەی چاوەڕێتە ، بۆ ئەو بارەگرانەی بۆت دانراوە ، هەستە بۆ کۆشش و زەحمەت ، بۆ هەولْ و ماندوو بوون ، هەستە کاتی خەوو حەوانەوە کۆتایی هات ، لە ئەمڕۆ بەدواوە جگە لە شەونخونی بەردەوام و، جیهادی درێژخایـەن و پڕ لە زەحمەت هیچی تر نییە ، هەستە ڕاچەنەو خۆت ئامادە بکە بۆ ئەو کارە

بەڕاستی وشـەیەکی گـەورەو ترسـناکە ، لـەنێو گـەرم و گـوڕی جێگـەو لـە مـالْێکی هـێمن و ئـامێزێکی گەرمـەوە دەری دەکێشـێت و، پـالْی پێوەدەنێـت بـۆ ململانێیەك ، لەنێوان کێشمە کێش و هێنان و بردندا ، لەنێوان ڕاکێشان و بـەردانی مرۆڤەکان و واقیعی ژیانیشدا وەکو یەك.

پێغەمبەری خوا ﷺ لەوەلأمدا هەستایە سەرپێ ، تاماوەی زیاتر لە بیست سالْی تەواو بەپێوە بوو! ئارام نەبووەوو نەحەوایەوە ، نە بۆخۆی و نـە بۆ کەس و کـاری نـەژیا ، هەسـتاو دەسـتی کـرد بەبانگـەواز بـۆلای خواوەنـد ، ئـەو قورسـاییە گرانەی لە ئەستۆ گرت و قورسـایی سـپاردە گەورەکـەی ئـەم سـەر زەمینـەو، ئۆبـالْی هەموو مرۆڤایەتی، باری گرانی بیروباوەڕ ، باری خەبات و تێکۆشـان لە بـوارە جیـا جیاکاندا نوچی پیْدانـەدا ، لـەناو شـەڕە درێژخایەنەکەدا بۆمـاوەی زیـاتر لەبیست سالْ مایەوە ، لەوماوەیەدا هیچ کارێك لە کـارێکی تـری نـەدەکرد ، لـەو کاتـەوە ئـەو بانگـەوازە ئاسمانیـە شـکۆدارەی بیسـت و ، ئـەو ئەرکـە پڕ مەترسیەی وەرگـرت .. خوای گەورە لەجیاتی ئێمەو هەموو مرۆڤایەتی باشترین پاداشتی بداتەوە[1].

ئـەو چـەند لاپەڕەیـەی دوایـیش جگـە لەوێنەیـەکی بچـووکی ئاسـانی ئـەو جیهـادە درێژخایەنـە پڕ لـە زەحمەتـە نـەبێت ، کـە پێغەمبـەر لـەو ماوەیـەدا پێـی هەستاوە ، چیدی نییە.

---

[1] / في ظلال القرآن ، تەفسیری هەردوو سوورەتی (المزمل) و (المدثر) ج ١٦٨/٢٩ ، ١٦٩ ، ١٧٠، ١٧١، ١٨٢

﴿ ڕۆڵ و قـۆناغـەکـانی بـانگـــەواز ﴾

دەکرێـت سـەردەمی بانگـەوازە موحەممەدیەکـە بکـەین بـە دوو ڕۆڵـی سەرەکی کە هەریەکێکیان بەتەواوی لەوی تریان جیایە ، ئەوانیش:

١ ـ ڕۆڵی مەککەیی ، کە نزیکەی سیانزە ساڵە.

٢ ـ ڕۆڵی مەدینەیی ، دە ساڵی تەواوە.

پاشـان هەریـەکێك لـەو دوو ڕۆڵـە چەند قۆنـاغێکی تێدایـە هـەرقۆناغێك تایبەتمەنـدێتی خـۆی هەیـە جیایـە لـە قۆناغـەکانیتر ، ئەمـەش بـەڕوونی دەردەکەوێت لەو بارودۆخەی کە بانگەواز لەو دوو ڕۆڵدا پێیدا گوزەراوە:

دەکـرێت ڕۆڵـی مەککی بکەین بە سـێ قۆنـاغی سـەرەکیـەوە :

قۆناغی بانگەوازی نهێنی ، سێ ساڵە.

١. **قۆناغی ئیعلانکردن بانگەواز لەمەککـەدا ، لەسـەرەتای سـاڵی چـوارەمی پێغەمبەرێتیەوە هەتا کۆتایی ساڵی دەیەم.**

٢. **قۆناغی بانگەواز بۆ دەرەوەی مەککـەو ، بڵاوبوونـەوەی لەناویانـدا ، لـە کۆتاییەکانی ساڵی دەیەمی پێغەمبەرێتیەوە بۆ کۆچکـردنی پێغەمبـەر ﷺ بەرەو مەدینە.**

٣. **سەبارەت بەقۆناغەکانی ڕۆڵی مەدینە لـەکاتی خۆیـدا دێینـەوە سـەری.**

قـــۆنـــاغی یـــەكـــەم

﴿ جیـــهـــادی بـــانگـــەواز ﴾

سیّ ساڵ بانگـەوازی نهێنـــی

وەکو زانراوە کە مەککە مەڵبەندی ئایینی عەرەبەکان بوو ، زێوانەکانی کابـەو پـارێزەرو چـاودێری بتـە پیرۆزەکـانی تـری تێـدا بـوو . شـوێنێکیش وابـیّ گەیشتن بەئامانجی ئیسلاح کردن تیایدا گرانتر دەبێت و. وەك لەوەی لێوەی بەدوور بێت، کارەکە پێویستی بەهیمەتێکە بەلاّو کارەساتەکان نەیلەرزێنن . لەبەردەم ئەو بارودۆخەدا پێویست وابوو کە بانگەوازکە لەسەرەتایدا بەنهێنی بڕوات . بۆ ئەوەی خەڵکی مەککە نەوروژێن.

ئـەوەی یەکــەم

حاڵەتێکی سروشتی‌یە کەپێغەمبەر ﷺ ئیسلامەکەی بۆ نزیکترین کـەس لـە خۆی و خزم و خوێش و هاوڕێیانی ڕانوێنێت ، ئەوەبوو بانگی کردن بۆ ئیسـلام . هەرکەسێکی بناسیایەو بیزانیایە کەخێری تێدایە یان دەیناسین بانگی دەکـردن . بە خۆشەویستی خوداو ڕاستی و چاکە دەیناساندن ، ئەوانیش بەهۆی ڕاستگۆیی و چاکەخوازێتیەوە دەیانناسـی، ئەوانـەی ڕۆژێك لەڕۆژان گومانیـان نـەبووبێت لـە گەورەیـەتی پێغەمبـەر ﷺ و مـەزنێتی عـەقڵی و ڕاستێتی هەواڵەکانی باوەڕیـان پـیّ دەهێنا ، ئەمانە لەمێژووی ئیسلامەتیدا بەپێشینە یەکەمینەکان ناسراون (السابقون الأولـون) لـە پێشـەنگی هەموویانـەوە هاوسـەری پێغەمبـەر ﷺ خەدیجـەی دایکـی ئیمانـداران (ڕ)و . غولاّمەکـەی (زەیـد)ی کـوڕی (حـارثـە)ی کـوڕی (شـەرحەبیل)ی (کەلبی) و[1] (عەلی کوڕی ئەبو تالیبی) ئامۆزای کەتا ئەوکاتـە منالێك بـوو لەئامێزو چـاودێری پێغەمبــەردا ﷺ دەژیـا، هــەروەها (ئەبوبـەکری ســدیق)ی دۆســتی و خۆشەویستی ، ئەمانە لە یەکەم ڕۆژەکانی بانگەوازدا باوەڕیـان هێنـاو موسـوڵمان بوون[2] .

پاشان ئەبوبەکر لەبانگکردندا بۆ ئیسلام کەوتە چالاکی نواندن . پیاوێکی ئاسـانگیرو خۆشەویسـت و هـۆگری خـەڵك بـوو ، ڕەوشـت بـەرزو چاکەخواز بـوو ،

[1] / ئەم پیاوە پێشتر ئەسیر کرابوو، کرابووە کۆیلە، خەدیجە کڕیبویـەوەو، بەخشیبوی بەپێغەمبـەرﷺ . جارێکیـان باوکی زەیدو مامەکەی هاتبوونە لای پێغەمبەرﷺ تا بیبەنەوە بۆ ناو گەل و خێڵەکەیان. بەلاّم (زەیـد) پێغەمبـەری هەڵبژارد ﷺ بەسەر باوك و مامیدا، بۆیە بەپێی نەریتی ئەوکاتـەی عـەرەب کردیـە کوڕی خـۆی، لەبەرئـەوە دەیـان وت زەیدی کوڕی موحەممەد، تا ئیسلام هات و یاسای بەڕۆڵە کردنی پوچەڵکردنەوە

[2] / رحمە للعالمین ١/٥٠

پیاوانی خێڵەکەی دەهاتنە لای و هۆگری دەبوون ، بەهۆی زانست و بازرگانیەکەی و . مەجلیسی گەرمیەوە ، دەستی کرد بەبانگکردنی ئەوانەیان کە متمانەی پێیان هەبوو لەژێر فەرمانی دەرنەئەچوون . بەو بانگەشەیەی ئەبوبەکر . (عوثمان)ی کوڕی (عففان)ی (ئومەوی) و(زبیر)ی کوڕی (عەوام)ی (اسد)ی و(عبد الرحمان)ی کوڕی (عوف) و (سعد)ی کوڕی (ابی وقاص)ی (زهری)و (طلحة)ی کوڕی (عبدالله)ی (تمیمی) موسوڵمان بوون .

ئەو هەشت کەسە کە پێش خەڵك کەوتن لە موسوڵمان بووندا ، بوونە نەوەی یەکەم و پێشڕەوانی ئیسلام .

ئەوانەش لە موسوڵمانە سەرەتاییەکان بوون . (بلال)ی کوڕی (رباح)ی (حەبەشی) . بەدوای ئەواندا ئەمینداری ئوممەت[1] (ابو عبیده)ی کوڕی (جەڕراح) لەخێڵی (حارث)ی کوڕی (فەهرو) . (ابو سلمه)ی کوڕی (عبد الأسد)و . (ارقم)ی کوڕی (ابو ارقم)ی (مەخزومی)ان و. (عوثمان)ی کوڕی (مەظعون) و هەردوو براکەی (قدامە) و (عبدالله)و ، (عبیدە)ی کوڕی (حارث)ی کوڕی (مطلب)ە کوڕی (عبدالمناف) و (سعید)ی کوڕی (زید)ی (عدوی) و ، هاوسەرەکەی (فاطمة)ی کچی (خطاب)ی (عدوی) خوشکی (عمر)ی کوڕی (خطاب) و. (خباب)ی کوڕی (ارت) و (عبدالله)ی کوڕی (مسعود)ی (هزلی) و خەڵکی تریش.

ئەمانە بریتی بوون لە (السَّابقُون الأوَّلـوُن) واتە پێشینە یەکەمینەکان ، ئەمانە لە لق و پۆپەکانی قورەیش بوون . (إبن هشام) بەزیاتر لە چل کەس[2] ئەژماری کردوون . لە باسی هەندێکیشیاندا قسەو تێبینی هەیە .

(إبن إسحاق) دەڵێت: پاش ئەوەی پۆل پۆل خەڵك موسوڵمان دەبوون لە ژن و پیاو هەتا ناوی ئیسلام لەناو مەککەدا بڵاوبوەوەو خەڵك قسەوباسیان لێدەکرد[3].

ئەوانە بەنهێنی موسوڵمان بووبوون. پێغەمبەریش ﷺ بەنهێنی کۆ بوونەوەی لەگەڵدا دەکردن و ڕێنوومایی دەکردن ، چونکە هێشتا بانگەواز نهێنی و تاکە کەسیی بوو ، (نیگا)ش بەدوای یەکدا بەگەرمی دوای سورەتی (المُدَّثر) دەهاتە خوارەوە ، ئەو ئایەت و پارچە سورەتانەی لەو ڕۆژگارەنەدا دەهاتە خوارەوە کورت

---

[1] لەبارەی ئەم شۆرەتەوەو بڕوانە (صحیح البخاری)، مناقب ابی عبیده بن الجراح ١/ ٥٣٠
[2] بڕوانە سیرەتی إبن هشام ١/٢٤٥ هەتا ٢٦٢
[3] هەمان سەرچاوە ١ .٢٦٢

بوون و، چەند برگەو وەستانێکی جوانیان تێدابوو، بەئاوازێکی هێمن و سەرنج ڕاکێشی هاوچەشن لەگەڵ ئەو کەش و هەوایەدا چرپەیەکی ناسکی دەکرد، باسی دەروون پاککردنەوەو قەدەغەکردنی پیسی بەچەپەڵیەکانی دونیای تێدابوو. وەسفی بەهەشت و دۆزەخی بەشێوەیەك دەکرد وەکو لەبەرچاو بن. دەستی ئیماندارانی دەگرت بۆ کەش و هەوایەکی تری جیا لەو واقیعە مرۆڤیەی تێیدا دەژیان.

نـوێــژ

نوێـژ یەکێك بوو لەو شتانەی هەر لەسەرەتادا فەرمانی لەسەر دابەزی. (مقاتل)ی کوڕی (سلیمان) دەڵێت: لە سەرەتای ئیسلامدا خوای گەورە دووڕکات نوێژی بەیانی و دووڕکات نوێژی خەوتنانی فەرز کرد، بەبەڵگەی ئایەتی: ﴿وسَبِّحْ بحَمْدِ رَبِّكَ بالعَشِيِّ والإبْكَــارِ ﴿٥٥﴾﴾ غـافر. (إبن حجر) دەڵێت: گومانی تێدانییە کە پێغەمبەر ﷺ پێش شەوڕەوی نوێـژی کـردوە، هەروەها هاوەڵانیش، جیاوازی لەوەدایە ئایا (٥) نوێژەکە ئەوکاتە واجب بوو بوون یان نەء؟ گوتراوە کە نوێـژێکی پێش خۆر هەڵهاتن و نوێژێکی پێش خۆرئاوا بوون فەرز بووە (تەواو).

هەروەها (حارث)ی کوڕی (أسامە) لە ڕێگەی (إبن لهیعە) وە بە (موصول)یی لە زەیدوە دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەرەتای هاتنی وەحیدا جبریل (ع) هاتەلای، دەست نوێژی فێرکرد، کە لە دەست نوێژ بوەوە بەمشتێك ئاو داوێنیشی پاك کردەوە، (ابن ماجە)ش بەم مانایە ڕیوایەتێکی کردوە. بەهەمان شێوە لە (براء) ی کوڕی (عازب) و (إبن عباس)ەوە. لەفەرمودەیەکی (إبن عباس)دا هاتوە، ئەمەش لە سەرەتای فەرز بوونەکەدا بووە[1].

(إبن هشام) دەڵێت: کەکاتی نوێـژ دەهات پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەکانی دەچوونە شیوەکان، بە دوور لەچاوی قوڕەیشیەکان نوێژەکانیان بەنهێنی دەکرد. جارێکیان (ابو طالب) پێغەمبەر ﷺ و عەلی بینی بوو نوێـژیان کردبوو. قسەی لەگەڵدا کردبوون، کە بەڕوونی لەمەسەلەکە تێگەیشتبوو داوای لێکردبوون کەدامەزراو بن[2].

---

[1] مختصر سیرة الرسول ﷺ نوسینی شێخ عەبدوڵلای نەجدی ل ٨٨

[2] إبن هشام ١ ٢٤٧

هەواڵەکە بە سەرجەمیی دەگاتە قورەیش

پاش سەیرکردنی چەندلایەنێکی ڕووداوەکان دەردەکەوێت کە بانگەواز – لەو قۆناغەدا – با نهێنی و تاکە کەسیش بووبێت . بەلاّم هەواڵەکانی گەیشتبوەوە قورەیش کەچی گوێیان پێ نەئەدا.

(محمدالغزالی) دەڵێت: ئەم هەواڵانە دەگەیشتەوە بەقورەیش بەلاّم هیچ گرنگیان پێ نەدەدا ، لەوانەیە وایان زانیبێت (محمد ﷺ) یەکێکە لە (دیانەکان) ، کە ئەوانە بوون لەبارەی خوایەتی و مافەکانیەوە قسەوباسیان دەکرد. وەکو گوتەکانی (أمیه)ی کوڕی (صلت) و (قس)ی کوڕی (ساعده) و (عمرو)ی کوڕی (نفیل)و هی تریش، بەلاّم بەنهێنی سوسەی بلاّوبوونەوەی هەواڵ و پەرشبوونی ئاسەوارەکەیان دەکردو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چاوەڕوانی چارەنووس و بانگەوازەکەیان دەکرد[1].

***** ***** ***** *****

سێ ساڵ تێپەڕی بانگەواز هێشتا لە قۆناغی تاکە کەسی و نهێنیدا بوو، لەو ماوەیەدا کۆمەڵێك ئیمانداری باش لەسەر بنەمای برایەتی و هاوکاریی و گەیاندن و پشتیوانی کردنی پەیامەکە پەروەردە بوون . پاش ئەوە (نیگا) هاتە خوارەوە داوای دەکرد لەپێغەمبەر ﷺ لەبەرامبەر خێڵەکەیدا خۆی ئاشکرا بکات و، ڕووبەڕوی بیرو باوەڕە پووچەکەیان بێتەوەو شالاّو بکاتە سەر بتەکانیان.

---

[1] فقه السيرة ل ٧٦

قـۆنـاغـــی دووەم

﴿ بـــانگـــەوازی ئـــاشكـــرا ﴾

یەکـەم فەرمانی .. ئاشکـرا کـردنی بـانگەواز

لەو بارەیەوە یەکەم ئایەت دابەزی ئایەتی ﴿وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ {٢١٤}﴾ بوو لە سوورەتی (الشعراء) ، ئەو سوورەتەی ئەم ئایەتەی تێدایە سورەتی (الشعراء) ە ، لە سەرەتاکەیدا باسی (موسا ﷺ) هاتووە هەر لەسەرەتایی بەپێغەمبەر بونیەوە هەتا کۆچ کردنی لەگەڵ بەنی ئیسرائیلداو، رزگاربونیان لە فیرعەون و تاقمەکەی و، نغرۆکردنی فیرعەون و دەستەکەی لەگەڵیداو، ئەم چیرۆکە باس لەهەموو ئەو قۆناغانە دەکات کە (موسا ﷺ) پێیدا گوزەراوە ، سەبارەت بە بانگەوازکردنی فیرعەون و گەلەکەی بۆ لای خوای گەورە.

پێم وایە ئەم وردو درشتیە لەکاتێکدا هێنراوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێدرا بانگەشەی گەلەکەی بکات بۆ لای خوا، بۆئەوەی نموونەیەك لەبەردەم خۆی و هاوەڵەکانیدا هەبێت لە بەدرۆخستنەوەو چەوساندنەوەی خەڵك بۆیان لەگەڵ ئاشکرا کردنی بانگەوازەکەیانداو، هەتا لەم سەرەتایەوە بەرچاو ڕونیەکیان هەبێت لەسەر داهاتووی بانگەوازەکەیان .

لەلایەکی ترەوە باسی چارەنووسی بەدرۆخەرەوانی پێغەمبەرانی تێدایە ، وەك گەلی نوح و، عاد و، ثمود و، گەلی ئیبراهیم و، گەلی لوط ، خاوەن ئەیکەکان – زیاد لەوەش باسی فیرعەون و گەلەکەی باسکراوە – بۆئەوەی یاخیبوانیش بزانن کاتێك ئەوانە لە پەیامی بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەران بەردەوام دەبن چ چارەنووسێك چاوەڕێیانەو، هەتا ئیماندارانیش بزانن کە چارەنووسی باش چاوەڕوانی ئەوانە نەك یاخیبوان.

بـانگـەواز لەنـاو خزمـاندا

یەکەم کارێك پێغەمبەری خوا ﷺ کردی پاش هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتە ، ئەوە بوو خێڵی بەنوهاشمی بانگ کرد ، ئەوانیش ئامادەبوون ، چەند کەسێکی کوڕانی (عبد المطلب)ی (عبد مناف)یشیان لەگەڵدا بوو ، چل و پێنج پیاو دەبوون ، (أبو لهب) هاتە پێشەوە وتی: ئەمانە هەموو مام و ئامۆزاکانی تۆن ، قسە بکەو واز لە (صابییء)یەکان بهێنە ، ئەوەش بزانە خێڵەکەی تۆ توانای بەسەر هەموو عەرەبدا ناشکێت ومنیش نزیکترین کەسم دەستی تۆ بگرم ، کەسەکانی باوکی

خۆتـت بەسە ، خـۆ ئەگـەر لەسـەر ئـەم حاڵـەت بمێنیتـەوە ئـەوە بـەلای ئەوانـەوە ئاسانترە کەچەند بنەماڵیەکی قورەیش بە پاڵپشتی عەرەبەکان بدەن بەسەرتدا ، بەڕاستی کەسم نەدیوە شتێکی لـەوەی تـۆ خـراپتری بـۆ خزمـانی بـاوکی خـۆی هێنابێت ، پێغەمبەر ﷺ بێدەنگ بوو، لەو مەجلیسەدا هیچ قسەیەکی نەکرد.

پاشان جارێکیتر بانگیکردنەوەو فەرمووی: ((سوپاس بۆ خوایگەورە، حەمدو سەنای دەکەم، داوای کۆمەکیی لێدەکەم ، باوەڕم پێیەتی، پشتی پێ دەبەستم، شایەتی دەدەم جگە لەخوای تاك وتەنها هیچ خوایەکیتر ڕاست نیە، هاوبەشی نیە، پاشان فەرمووی : پێشڕەو هەرگیز درۆ لەگەڵ کەسەکانی خۆیدا ناکات ، سوێندم بەو کەسەی جگە لەو خوایەکیتر ڕاست نیە ، من پێغەمبەری خوام بۆلای ئێوە بەتایبەتی و، بۆلای خەڵك بەگشتی نێرراوم ، سوێند بەخوا دەمرن هەروەکو چۆن دەخەون، زیندووش دەکرێنەوە هەروەکو چۆن لەخەو هەڵدەستن و، لەسەر کردەوەکان لێتان دەپرسرێتەوە، چارەنووس یان بەهەشتی هەمیشەییە یان دۆزەخی هەمیشەیی)) .. ئەبو تاڵیب وتی: چەندە پێمان خۆشە یارمەتیت بدەین و، بەئامۆژگاریەکانت ڕازین ، ئای کەچەندە متمانەشمان بەقسەکانت هەیە ، ئەمانەش کەسەکانی باوکی تۆن لێرە کۆبوونەتەوە ، من یەکێکم لەوانە بەلاّم لەوان خێراتر دێم بەدەمتەوە ، بڕۆ بەردەوامبە لەسەرئەوەی فەرمانت پێدراوە، سوێندبێت بەخوا بە بەردەوامی دەبمە قەڵغانت و دەتپارێزم، بەلاّم نەفسم ڕێگەم نادا لەئاینی (عبد المطلب) جیاببمەوە.

(ئەبو لەهەب) وتی: وەڵلاّهی ئەمە زۆرخراپە، خەڵکینە دەستی بگرن پێش ئەوەی بەرۆکی خەڵکیتر بگرێت، ئەبوتاڵیبیش وتی: سوێندبێت بەخوا هەتا لەدونیادا بین بەرگری لێ دەکەین.[1]

---

[1] / ابن الأثیر ، فقه السیرة ل ٧٧ ، ٧٨

لەسەر كێوی سەفا

پاش ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ دڵنیابوو لەپەیمانەكەی ئەبو تاڵیب بە پاراستنی، لەكاتێكدا كە فەرمانی خوا ڕادەگەیەنێت ، ڕۆژێكیان چووە سەر كێوی (سەفا) و هاواری كرد: (یا صباحاه) بنەماڵكانی قورەیشی لێ كۆبووەوە ، بانگی كردن بۆ یەكتاپەرستی و باوەڕ بەپەیامەكەی و ڕۆژی دوایی ، (بوخاری) لە (إبن عباس)وە بەشێكی ئەو بەسەرهاتە دەگێڕێتەوە ، دەڵێت: كە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ﴿ وأنذر عشيرتك الأقربين ﴾ پێغەمبەری خوا ﷺ چووە سەر كێوی سەفا ، هاواری كرد: ئەرێ خێڵی بەنی فەهر! خێڵی بەنی عەدی لقەكانی قورەیش)) ، هەتا كۆبونەوە ، ئەو كەسەش خۆی نەهاتایە كەسێكی دەنارد بزانێت چیە ، قورەیش و ئەبو لەهەب هاتن ، فەرمووی: (ئەگەر هەواڵتان بدەمێ چەند سوارێك لەودیو ئەو دۆڵەوە دەیەوێت بدات بەسەرتاندا، باوەڕم پێدەكەن ؟) وتیان: بەڵێ، جگە لەڕاستی هیچی ترمان لێ نەبینیوێت، فەرمووی: من ئاگاداری ئێوە دەكەمەوە لە سزایەكی توند)) ئەبولەهەب وتی: ئەمرۆش دەستت بە قوڕدا چێت ، بۆ ئەمە ئێمەت كۆكردۆتەوە؟ ئەنجا فەرمووی ﴿ تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ ﴾ هاتە خوارەوە.[1]

هەروەها (مسلم) لە (أبی هریرە) وە (ڕ) بەشێكی ئەو ڕووداوەمان بۆ دەگێڕێتەوە ، دەڵێت: كاتێك ئەم ئایەتە ﴿ وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ ﴾ هاتە خوارەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ گوتارێكی ئاڕاستەی گشت و تایبەت كرد ، فەرمووی: (خێڵی قورەیش خۆتان لەدۆزەخ ڕزگار بكەن ، خێڵی بەنی كەعب! خۆتان لە دۆزەخ ڕزگار بكەن ، فاتمەی كچی موحەممەد! خۆت لە دۆزەخ ڕزگار بكە ، سوێندم بەخوا من لەبەردەم خوادا هیچ بەدەست نیم ، تەنها ئەوەیە ئێوە خزمن منیش ئەو پەیوەندی خزمایەتیە زیندوو دەكەمەوە))[2].

ئەم ئامۆژگاریە بەرزانە جوانترین شێوەی گەیاندن بوو ، پێغەمبەر ﷺ بۆ نزیكترین كەسی خۆی ڕوون كردەوە ، كە متمانەدان بەو پەیامە زیندوكردنەوەی پەیوەندی نێوان ئەوان و خۆیەتی ، بۆیە دەمارگیرێتی خزمایەتی كە بنەمای ژیانی عەرەبی لەسەر دامەزرا بوو لەناو گەرماو گەرمی ئەم ئاگادار كردنەوە خواییەدا توایەوە .

---

[1] / صحيح البخاري ٧٠٢/٢ ، ٧٠٣ ، ریوایەتەكە لە (صحيح)ی موسلیمیشدا دەرهێنراوە ١١٤،١

[2] / صحيح مسلم ١١٤،١ ، صحيح البخاري ٣٨٥،١ ، ٧٠٢/٢ ، مشكاة المصابيح ٤٦٠،٢ .

بەدەنگی بەرز گوتنی حەق و دژەکاری موشریکان

هێشتا ئەم دەنگە سەداو دەنگدانەوەی لەمەککەو دەوروبەریدا مابوو ، ئایەت هاتە خوارەوە: ﴿ فَاصْدَعْ بِمَا تُؤْمَرُ وَأَعْرِضْ عَنِ الْمُشْرِكِينَ {٩٤}﴾ الحجر . ئیدی پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی کرد بەهەڵماڵینی رووی رەشی پڕوپوچێتی و بێسەرو بەرێتی شیرك و، بەهای راستەقینەی بتەکانی باس دەکردو ، نموونەی لەسەر دەستەوسان بوونیان دەهێنایەوەو ، بەبەڵگەوە روونی دەکردەوە کە هەرکەسێك بیانپەرستێت و بیانکاتە هۆی گەیشتن بە پەروەردگار ، ئەوە لە گومڕابوونێکی رووندایە.

جامی توورەیی مەککەییەکان پڕبوو، دەنگوباس و نارەزایی پەیدا بوو ، ئەوەتا گوێیان لێیە یەکێك بەئاشکرا باس لە سەرلێشێواوێتی بتپەرستان دەکات ، وەك هەورە بروسکە چەخماخەی دەداو ئەو کەشوهەوا لە دێر زەمانە هێمنەی شڵقاند بەسەریەکدا ، قورەیش راچەنی و خۆی ئامادەکرد بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو شۆرشە هەڵگیرساوە ، کە وا خەریکە نەریتە باوەکانیان رادەماڵێت.

قورەیش راچەنی چونکە دەیزانی کە مانای بەیەکخوایەتی (اللهُ)و ، باوەڕ بوون بەپەیام و رۆژیدوایی مانای ملکەچی تەواوو خۆ بەدەستەوەدانی رەها دەگەیەنێت ، بەشێوەیەك کەخۆیان هیچ خواست و ویستێکیان لەسەر خۆیان و ماڵیان نامێنێت ، سەرباری غەیری خۆیان ئەمەش مانای سفربوونی دەسەلات و لووت بەرزیان بەسەر غەیری عەرەبدا دەگەیەنێت ، کەپێشتر مۆرکێکی ئایینی هەبوو ، دەبێت لەمەودواش رەزامەندی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ بخەنە پێش رەزامەندی خۆیانەوەو ، واز لەو ستەمە بهێنن کە لەخەڵکی رەش و رووتیان دەکردو، ئەو خراپانەی کە بەیانی و ئێوارە ئەنجامیان دەدا ، ئەم مانایەیان باش دەزانی بۆیە دەروونیان قەبووڵی ئەوبارە سەرشۆڕیەی نەدەکرد، نەك لەبەر رێزداریی و خێرو چاکەیان ﴿ بَلْ يُرِيدُ الْإِنسَانُ لِيَفْجُرَ أَمَامَهُ {٥}﴾ القيامة، ئەوەیان بەباشی دەزانی ، بەڵام چی بکەن لەبەردەم پیاوێکی راستگۆی دەستپاکدا ، کە نموونەی بەرزترین بەهای مرۆڤی و بنەماکانی رەوشتەو ، پێشتر هاو وێنەو هاوتایان لەمێژووی باوو باپیرانی گەلانی تردا نەبینیوە؟ چی بکەن؟ واق وڕما بوون ، ناهەقیشیان نەبوو لەوەدا.

پاش هێنان و بردنی زۆر چاریان نەما جگە لەچوونە لای (ابو طالب)ی مامی، بۆئەوەی داوای لێبکەن دەستی برازاکەی بگرێت لەو بارەداو. پێیان وابوو کە شێلگیرانە تر قسە بکەن و بڵێن: بانگەشە بۆ وازهێنان لە خواکانیان ، باس کردنیان بە بێکەڵك و بێتوانایی قسەوتن و سووکایەتی کردنە بەخواکان و، بەگەمژەزانینی ئەو باووباپیرانەیە کە لەسەر ئەو ڕێبازە بوون ، ئەم ڕێگەیان پێ باش بوو خێرا دەستیان کرد بەگرتنە بەری.

شاندێکی قوڕەیش بۆ لای ئەبو تالیب

(إبن إسحاق) دەڵێت: چەند پیاوێك لەگەورەکانی قوڕەیش چوونە لای ئەبو تالیب ، وتیان: ئەبو تالیب برازاکەت قسە بەخواکانمان دەڵێت ، ئایینەکەمانی عەیبدار کردووە ، عەقڵمان بەسووك دەزانێت ، باپیرانمان بەسەرلێشێواو دەزانێت ، یان دەستی بگرە ، یان وازمان لێ بهێنە باخۆمان لەگەڵیدا یەکلای بکەینەوە ، تۆ بۆ خۆت وەك ئێمەیت ، کەواتە ئێمە لەکۆڵ تۆشی دەکەینەوە ، لە وەڵامدا ئەبوتالیب بەنەرمیی وەڵامی دانەوەو ، بەشێوەیەکی جوان دەستی پێوەنان و ئەوانیش بڵاوەیان کرد ، پێغەمبەریش ﷺ لەکارەکەی خۆی بەردەوام بوو ، ئایینی خوای ڕوون دەکردەوەو ، بانگەشەی بۆ دەکرد[1].

ئەنجوومەنی ڕاوێژکاریی ڕێگەگرتن لە حاجیان بۆ گوێ نەگرتن لە بانگەواز

لەوچەند ڕۆژەدا مەسەلەیەکیتر قوڕەیشی سەرقاڵ کردبوو ، ئەویش ئاشکرا کردنی بانگەواز بوو . کە پێش وەرزی حەج چەند مانگێکی بەسەر تێپەڕی بوو ، قوڕەیش دەیزانی شاندەکانی عەرەب لە هەمووولایەکەوە دێن بۆ لایان ، پێیان وابوو کەدەبێت شتێك بەو شاندە عەرەبانە بڵێن لەبارەی موحەممەدەوە ﷺ هەتاکو بانگەوازەکەی هیچ کاریگەریەکی لەسەر دەروونیان نەبێت . لەگەڵ وەلیدی کوڕی موغەیرە کەوتنە قسەوباس لەسەر ئەو مەسەلەیە . وەلید پێی وتن: با یەك ڕاتان هەبێت لەسەری ، ڕا جیاواز مەبن و هەندێکتان یەکتری بەدرۆ بخەنەوەو ، قسەی یەکتری ڕەت بکەنەوە ، وتیان : تۆ ئەو قسەیە بڵێ ، وتی: نەخێر ئێوە بیڵێن! من دەبیستم ، وتیان: دەڵێن: فاڵگرەوەیە ،

[1] إبن هشام ١/ ٢٦٥

وتـی: نەخێر سوێند بێت بەخوا فاڵگرەوە نییە ، ئێمە فاڵگرەوەمان دیوە ، ئەو قسانە نەدەنگی فاڵچییەو نەسەروای ئەوە ،

وتیان: کەواتە شێتە ،

وتـی: شێتیش نییە ، ئێمـە شێتمان دیـوەو دەیناسین ، ئەو دڵـەڕاوکـێ و فێ لێهاتن و تێکچوونی شێتی نییە ،

وتیان: دەڵێین: شاعیرە ،

وتی: شاعیریش نییە ، ئێمە هەموومان کێش و سەرواوو کورت و درێژو شێوازەکانی شیعر دەزانین ، ئەوە شیعر نییە ،

وتیان : دەڵێن جادووگەرە ،

وتـی: وەڵڵاهـی جادووگـەریش نـییـە ، ئێمـە جادووگـەرو جادوەکانیانمان بینیوە ، ئەمە گرێ و فووپێدانی ئەوان نییە ،

وتیان: کەواتە چی بڵێن ؟

وتی: سوێندم بەخوا قسەکانی شیرینیەکیان تێدایە ، بنەڕەتەکەی ڕەگی داکوتاوەو، لق و پۆپەکەشی بەروبومدارە، ئێوە هەرچیەك لەوقسانە بکەن دەزانرێت کەڕاسـت نییـە ، نـزیکترین قسـەیەکیش لەگوتـەکانی ئـەوەوە جادوگەریـە ، بڵـێن: گوتەیەکی هێناوە جادووە ، جیاوازی دەخاتە نێوان کوڕو باوك و، مرۆڤ و براکەی و، ژن و مێردو ، مرۆڤ و خێڵەکەیەوە ، بەم قسەیە بڵاوەیان لێ کرد[1] .

هەندێك ڕیوایـەتیش دەڵێـت: کاتێك وەلید هەموو قسەکانی ئەوانی ڕەت کردەوە ، وتیان: ئەو ڕایەی خۆتمان پێ بڵێ کەگومانی تێدا نەبێت ، پێی وتن: لەسەرم بوەستن تابیرێکی لێ بکەمەوە ، وەلید بیری دەکردەوە ، هات و ئەو ڕایەی پێ وتن کە پێشتر باسکرا[2] .

لەبارەی وەلیدەوە خوای گەورە شانزە ئایەتی لەسورەتی (اُلمدَّثر) لە (١١-١٦) ، ناردە خوارەوە، لەسۆنگەی ئایەتەکاندا شێوازی بیرکردنەوەی وەلید دیارە، دەفەرموێت : ﴿ إِنَّهُ فَكَّرَ وَقَدَّرَ {١٨} فَقُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ{١٩} ثُمَّ قُتِلَ كَيْفَ قَدَّرَ{٢٠} ثُمَّ نَظَرَ{٢١} ثُمَّ عَبَسَ وَبَسَرَ {٢٢} ثُمَّ أَدْبَرَ وَاسْتَكْبَرَ {٢٣} فَقَالَ إِنْ هَذَا إِلَّا سِحْرٌ يُؤْثَرُ {٢٤} إِنْ هَذَا إِلَّا قَوْلُ الْبَشَرِ {٢٥}﴾.

---

[1] . هەمان سەرچاوە ١/ ٢٧١

[2] بڕوانە (فی ظلال القرآن) ٢٩/١٨٨

واته: وەلید بیری کردەوەو ئەندازەگیری بۆ کرد ، خوا بیکوژێت چۆن بیری کردەوەو ئەندازەگیری کرد ، پاشان خوا بیکوژێت چۆن ئەندازەگیری کرد ، پاشان ڕووی گرژ کردو پەلەی کرد ، پاشان پشتی هەڵکردو بەلووت بەرزیەوە وتی: ئەمە جگە لە جادویەکی زاڵکراو چیدی نىیە ، ئەمە جگە لەقسەی مرۆڤ چیدی نىیە.

پاش ئەوەی کە ئەنجوومەن لەسەرئەو بڕیارە یەکدەنگیان کرد دەستیان کرد بەجێبەجێ کردنی ، لەسەر ڕێگەی هاتووچۆی خەڵك دادەنیشتن لەو وەرزەدا ، هەر کەسێك بەلایاندا دەگوزەرا وریایان دەکردەوە لەپێغەمبەر ﷺ و باسی خراپی ئەویان بۆ دەکرد[1].

ئەوەی کاری هەرەگەورەی لەئەستۆ گرتبوو (أبو لهب) بوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ لەو وەرزەدا بەدوای خەڵکیدا دەچووەماڵەکانیان و لە (عکاظ) و (مجنة) و (ذی المجاز) پێیان دەگەیشت و بانگی دەکردن بۆلای خوا، (أبولهب)یش بەدوایەوە بوو ، دەیوت : خەڵکینە بەگوێی مەکەن ئەو پیاوە هەڵگەڕاوەیەکی درۆزنە[2].

ئەمەش کارێکی کرد لەو وەرزەدا عەرەب باسی پێغەمبەر ﷺ ببەنە دەرەوە و ، باس و خواسی لەهەموو شوێنەکانی وڵاتی عەرەبدا بڵاوبووەوە.

---

[1] / إبن هشام ١ ٢٧١

[2] ، ئەم کردەوەیە ترمذی ریوایەتی کردوە لە طارقی کوڕی عبداللە ی محاربیەوە/الإمام احمد ٤٩٢ ، ٣٤١/٤ لە مەسنەلەکەیدا هاتووە

چەند شێوازێك بۆ ڕووبەڕووبونەوەی بانگەواز

کاتێك قورەیش سەیری کرد هیچ یەکێك لەو هۆیانە موحەممەد ﷺ لانادەن لە بانگەوازەکەی ، جارێکی تر کەوتنە بیرکردنەوە ، بۆ سەرکوتکردنی ئەو بانگەوازە چەند شێوازێکیان هەڵبژارد ، کە لەم خاڵانەدا خۆی دەبینیەوە :

١. گاڵتە پێکردن و سووکایەتی کردن و، بە درۆ خستنەوەو پێ پێکەنین و، بەمەش مەبەستیان سەرشۆڕ پێکردنی موسڵمانەکان و، لاوازکردنی هێزە مەعنەویەکەیان بوو ، پێغەمبەریان ﷺ بەتۆمەتی بێ مانا و ، جنێوی هەرزەیانە تاوانبار دەکرد ، بەشێت بانگیان دەکرد: ﴿ وَقَالُواْ يَا أَيُّهَا الَّذِي نُزِّلَ عَلَيْهِ الذِّكْرُ إِنَّكَ لَمَجْنُونٌ ﴾ الحجر ٦، مۆرکی جادوویی و درۆیان دەدایە پاڵی ﴿ وَعَجِبُوا أَن جَاءهُم مُّنذِرٌ مِّنْهُمْ وَقَالَ الْكَافِرُونَ هَذَا سَاحِرٌ كَذَّابٌ﴾ ص ٤، بەتێڕوانینی داخ لەدڵانەو هەڵچونێکی خێراو شێتانەوە مامەڵیان لەگەڵدا دەکردو ڕوویان دەدایە ﴿ وَإِن يَكَادُ الَّذِينَ كَفَرُوا لَيُزْلِقُونَكَ بِأَبْصَارِهِمْ لَمَّا سَمِعُوا الذِّكْرَ وَيَقُولُونَ إِنَّهُ لَمَجْنُونٌ ﴾ القلم/٥١ ، ئەگەر دانیشتایەو هاوەڵە هەژارەکانی بەدەوریدا خڕبونایەتەوە گاڵتەیان پێدەکردن و دەیانوت: ئائەمانە هاونشینەکانی موحەممەدن کەخوا فەزڵی داون بەسەر ئێمەدا ﴿ مَنَّ اللَّهُ عَلَيْهِم مِّن بَيْنِنَا ﴾ الانعام ٥٣، خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿أَلَيْسَ اللَّهُ بِأَعْلَمَ بِالشَّاكِرِينَ ﴾ الانعام ٥٣، واتە: ئایا خوای گەورە زاناتر نیە بەو کەسانەی سوپاسگوزارن؟ ئەوانە هەروەکو خوای گەورە بۆمان باس دەکات ﴿ إنَّ الذين أجْرَموا كانوا منَ الذين آمنوا يضحكون ، وإذا مَرُّوا بهِمْ يَتغامَزون ، وَإذاآنقَلَبوا إلى أهلهِمُ أنقَلَبُوا فَكِهين ، وإذا رأوهم قالوا إنَّ هؤلاء لضالون ، وما أُرسلوا عليهم حافظين ﴾ المطففين ٢٩_٣٣

٢. شێواندنی فەرمایشتەکانی و وروژاندنی گومان و ، بڵاوکردنەوەی پڕو پاگەندەی درۆ، هەواڵی ناڕاست لەبارەی ئەو فەرمایشتانەوەو ، دەربارەی زاتی کەسێتی خۆی و، زۆرکردنی ئەو هەولانە بۆئەوەی عەوامی خەڵك بواری نەمێنێت بیر لە بانگەوازەکەی بکاتەوە ، لەبارەی قورئانەوە دەیانوت: ﴿ وَقَالُوا أَسَاطِيرُ الْأَوَّلِينَ اكْتَتَبَهَا فَهِيَ تُمْلَى عَلَيْهِ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴾ الفرقان ٥ واتە: ئەمە ئەفسانەی گەلانی پێشینەو نوسیویەتیەوەو بەیانی و ئێوارە بەسەریدا دەخوێنرێتەوە، یان﴿ إِنْ هَذَا إِلَّا إِفْكٌ افْتَرَاهُ وَأَعَانَهُ عَلَيْهِ قَوْمٌ آخَرُونَ ﴾ الفرقان ٤ واتە: ئەو قورئانە جگە لەهەڵبەستراوێك چی‌تر نیەو چەند کەسێکی تر یارمەتیان داوە ، هەروەها دەیان وت:﴿ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ ﴾ النحل ١٠٣ واتە: بێگومان ئەو قورئانە مرۆڤ، فێری کردوە ، هەروەها لەبارەی

پێغەمبەرەوە ﷺ دەیانوت: ﴿ مَالِ هَذَا الرَّسُولِ يَأْكُلُ الطَّعَامَ وَيَمْشِي فِي الْأَسْوَاقِ ﴾ الفرقان ٧ واتە: ئەم پێغەمبەرە چیەتی ، وەكو خەڵكی ئاسایی دەخوات و بەبازاڕدا دێت و دەچێت . لە قورئانیشدا نموونەی زۆر هەیە بۆ ڕەتدانەوەی هەواڵەكانیان پاش هێنانی یان نەهێنانی.

٣. دژایەتی كردنی قورئان و وێناكردنی بەئەفسانەی پێشینان و. سەرقاڵ كردنی خەڵك پێیانەوە. دەڵێن جارێكیان (نضر)ی كوڕی (حارث) بە قوڕەیشیەكانی وت: ئەریٚ خێڵی قوڕەیش! شتێكتان بەسەردا هاتووە وا هێشتا نەتانتوانیوە چارە دۆزی بۆ ئەو پیاوەبكەن ، موحەممەد لەناوتاندا غولامێكی منداڵ بوو ڕەزامەندترینتان بوو، ڕاستگۆترینتان بوو ، لەهەمووتان سپاردەناستر بوو ، تا ئەوكاتەی تاڵی سپیتان لەڕیشیدا بینیو ئەوەی بۆی هێنان كەهێناویەتی ، وتتان: جادوگەرە ، سوێند بەخوا جادووگەرنیە ، ئێمە جادوگەران و فوكردن و گرێكانمان دیوە ، وتتان: فاڵگرەوەیە سوێندم بەخوا فاڵگرەوەش نیە . ئێمە فاڵگرو ورتەورت و سەرواكانیانمان دیوە ، وتتان: شاعیرە . نەخێر سوێندم بەخوا شاعیریش نیە ، ئێمە شیعرو جۆرەكانی و كێش و سەرواكانیمان دیوە ، وتتان شێتە ، سوێندم بە خوا شێتیش نیە ، ئەو پیاوە تەنگە نەفەس بوون و خوت خوتەو . تێكەڵ و پێكەڵیی شێتی نیە ، ئەریٚ خێڵی قوڕەیش سەیرێكی كاروباری خۆتان بكەن ، سوێندم بەخوا كارێكی گەورەتان بە سەردا هاتوە.

پاشان (نضر) چوو بۆ (حیرە) ، لەویٚ فێری حیكایەتی مەلیكەكانی فارس و، بەسەرهاتەكانی ڕۆستەم و ئەسپەندیار بوو. هەركاتێك پێغەمبەر ﷺ لەشوێنێكدا دانیشتایە بۆ یادخستنەوەی خواو ئاگاداركردنەوە لەهەڕەشەو تۆڵەی خوایی. (نضر) لەپشتیەوە دەوەستاو دەیوت: وەڵلاهی موحەممەدو قسەكانی لە من باشتر نیە ، پاشان دەستی دەكرد بەباسی مەلیكەكانی فارس و ڕۆستەم و ئەسپەندیارو پاشان دەیوت: ئیدی موحەممەد بە چ شتێك قسەكانی لەقسەكانی من باشترن؟![1].

گێڕانەوەكەی (إبن عباس) دەڵێت : (نضر) چەند كەنیزەكێكی كڕی بوو ، لەهەركەسێكی ببیستایە حەزی بەلای پێغەمبەردا هەیە ﷺ یەكێك لەو كەنیزەكانەی بۆ دەنارد خواردنی دەدایەو شەرب نۆشی پێدەكردو گۆرانی بۆ دەوت هەتا وای لیٚ

---

[1] / إبن هشام١ ٢٥٨، ٣٠٠، ٢٩٩، تفهیم القران ٤ ٩، ٨، هەروەها . مختصر سیرە الرسول ﷺ نوسینی (شێخ عەبدوڵلای نەجدی) ل١١٨، ١١٧

دەکرد حەزی لە ئیسلام نەدەما ، لەبارەی ئەوەوە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ﴿ وَمن النّاسِ من يشْتري لهْوَ الْحديث لِيُضلَّ عن سَبِيل اللّــه ﴾ لقمـان/٦ [1]، واتـە: هەنـدێك كـەس مەجلیسی گاڵتەو گەپ بەپارە ساز دەكات بۆ ئەوەی سەر لەخەڵکی تێك بدات.

٤ـ هەوڵیانـدا سـەوداگەریەك بکـەن تیایـدا ئیسـلام و جاهیلیـەت لـەنیوەی ڕێگادا یەك بگرن ، بەوەی موشریكان واز لەهەندێك لەو حاڵەتانەی ئێستایان بهێنن و ، پێغەمبەرش ﷺ واز لەهەندێك داخوازیی خۆی بهێنێت ﴿وَدُّوا لَوْ تُدْهِنُ فَيُدْهِنُونَ﴾ القلـم/٩ واتـە: حـەزیان دەکـرد تـۆ کـەمێك نـەرم بیـت تائـەوانیش شـل بوونایـە ، گێڕانەوەیەكیش هەیە (إبن جريـر) و (طبرانـی) گێڕاویانەتەوە دەڵێت: موشـریکان داوایان خستە بـەردەم پێغەمبـەر ﷺ کە ئەو ساڵێك خواکانی ئەوان بپەرستێت و، موشـریکانیش ساڵێك خواکەی ئەم بپەرستن گێڕانەوەیەكی (عبـد بـن حميـد)یـش هەیـە دەڵێت: موشـریکان وتیـان ئەگـەر تـۆ بـەخواکانی ئێمـە ڕازیـی بیـت ئێمـەش خواکەی تۆ دەپەرستین[2].

هەروەها (إبن إسحاق) بەسەنەدێكی خۆی دەڵێت: لەکاتێکدا کە پێغەمبـەر ﷺ بە دەوری کابـەدا تـەوافی دەکـرد ، ئـەم موشـریکانە ڕێگـەیان گـرت ـ (أسـود)ی کـوڕی (أسـد)ی کـوڕی (عبـدالعزی) و (ولیـد)ی کـوڕی (سـفیرە) و (أمیـە)ی کـوڕی (خلـف) و (عـاص)ی کـوڕی (وائـل)ی سـەهمی . ئەمانـە شـەوکەت دارەکـانی خێڵـی خۆیان بوون . وتیان: موحەممەد وەرە با ئەوە بپەرستین کە تۆ دەیپەرستی ، تۆش ئەوەی ئێمە بپەرستە ، بەو شێوەیە هەردوولامان لەو مەسەلەیەدا هاوبەش دەبین ، ئەگەر ئەوەی تۆ دەیپەرستیت خێری تێدا بێت پشکێکمان بەردەکەوێت ، ئەگـەر ئـەوەی ئێمـەش خێـری تێـدابێت تـۆ پشـکێکت بەردەکـەوێت ، خـوای گـەورە لەبارەیانەوە ئەم سورەتەی دابەزاند ﴿ قُلْ ياأيُها الكافرون، لاأعبدُ ماتَعْبُدون ﴾ الكافرون[3]، خوای گەورە بەم جیا بوونەوە یەکلاکەرەوەیە کۆتایی بەو دانوستانە پێکەنیناویەی موشریکان هێنا ، لەوانەشە جیاوازیەکە لەوەدابێت کە موشریکان دوای ئەو هەوڵە هەوڵی تریشیان دابێت.

[1] / تفهيم القرآن ٤.٩

[2] / تفهيم القرآن ٦/٥٠١.٢٠٥

[3] / إبن هشام ٣٦٢.١

ئـەشكـە نجـەدان

موشریكان لە سەرەتای ساڵی چوارەمی پێغەمبەرێتیەوە وردە وردە زیاتر كاریان كرد لەسەر ئەو شێوازانەی پێشتر باسمان كرد بۆ وەستاندنی بانگەواز ، هەتا تێپەڕبوونی چەند هەفتەو مانگێك لەسەری بەردەوام بوون ، هێشتا سەریان نەكردبووە چەوساندنەوەو ئەشكەنجەدان ، بەڵام كاتێك بینیان ئەو شێوازانە ڕێگە لەبانگەوازی ئیسلامی ناگرێت ، جارێكیتر كۆبوونەوە، لیژنەیەكی (١٥) كەسیان دروستكرد لە گەورەكانی قورەیش، سەرۆكەكەیان (أبو لهب)ی مامی پێغەمبەر بوو ﷺ ، پاش ڕاوێژو بیركردنەوە ئەو لیژنەیە بڕیارێكی یەكلاكەرەوەی دژ بەپێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵەكانی دا ، ئەو لیژنەیە بڕیاریدا كەم و كووڕی نەكات لەدژایەتی كردنی ئیسلام و ئازاردانی پێغەمبەرەكەی و ئەشكەنجەدانی شوێنكەوتوانیداو بە چەندین شێوەو جۆر ئازارو ئەشكەنجەیان بدات[1]

بڕیاریانداو سووربوون لەسەر جێبەجێ كردنی، سەبارەت بە موسڵمانەكان . بەتایبەتی لاوازەكانیان . ئەشكەنجەدانیان ئاسان بوو، سەبارەت بەپێغەمبەریش ﷺ كەسێتیەكی سەربەرزو سەنگین و كەم وێنەبوو، لەبەرچاوی دۆست و دوژمنانیشدا گەورە بوو، بەچاوی ڕێزەوە سەیر دەكرا ، مەگەر مرۆڤە سووك و دەروون نزمەكان وەگەرنا كەس زاتی نەدەكردو نەیدەتوانی كاری ناشیرین و سوكایەتی بەرامبەر بكات ، لەگەڵ ئەوانەشدا لەپەنای ئەبوتاڵیبدا بوو ، (أبو طالب) یش یەكێك بوو لە پیاوە ماقوڵەكانی مەككە ، وەجاخزادە بوو ، لەنێوان خەڵكیدا ڕیش سپی و قسە بیسراو بوو ، كەس نەیدەتوانی قسەی بشكێنێت یان دەست بۆ سایەی درێژ بكات ، ئەم ڕەوشە قورەیشی بەدگومان و هەراسان كردبوو، بەڵام ئەو ئارامگرتنە هەتاكەی لەبەردەم بانگەوازێكدا كە چاوی لە دووی سەرۆكایەتی ئایینی و ، سەرمەشقەیەتی دونیاشیانە.

دەستیان كرد بەدەستدرێژ كردنە سەر پێغەمبەر ﷺ و، لەسەرو هەموویانەوە ئەبو لەهەب ، ئەم پیاوە هەر لەڕۆژی یەكەمەوەو پێش ئەوەی قورەیش ئەو نیازە بكات ئەم هەڵوێستەی هەبوو ، پێشتریش باسمان كرد كە پێغەمبەر ﷺ لە دیوەخانی بەنی هاشم و، سەركێوی سەفادا چیكرد ، لەهەندێك گێڕانەوەدا هاتووە – كاتێك پێغەمبەر ﷺ لەسەر سەفا بوو – (ئەبو لەهەب) بەردێكی هەڵگرت بۆ ئەوەی بیدا بە پێغەمبەردا ﷺ [2].

---

[1] / رحمة للعالمين ١ ٥٩، ٦٠

[2] تفهيم القرآن ٩/٤

(ابـو لهـب) هـەردوو کچـەکەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ، (رقیـە) و (أم کلثـوم)ی خواستبوو بۆ هەردوو کوڕەکەی خۆی، (عتبە) و (عتیبـە) لـەپێش پێغەمبەرێتیدا ، لـە دوای هـاتنی پێغەمبـەرێتی بەتوندوتیژیـەوە هـەردوکیانی بـە (عتبـە)و(عتیبـە) تەلاقدا [1].

کاتێك عەبدوڵلاّ – کوڕی دووەمی پێغەمبـەر ﷺ وەفاتی کرد – ئەبولەهەب قریوەی لێدەهات و ڕایدەکرد بۆلای هاوەلاّنی و دەیوت ئەوە موحەممەدە ، تەمەنی دوابڕاو بوەو نەوەی نیە [2].

پێشتریش وتمان کە (ابو لهب) لە وەرزی حەج و نێو بازاڕەکاندا هەمیشە بە دوای پێغەمبەرەوە بوو ﷺ ، بۆ بە درۆخستنەوەی ، (طارق)ی کوڕی (عبـدالله)ی (محاربی) دەگێڕێتەوە: کارەکانی (ابو لهب) لە بەدرۆخستنەوەدا نەوەستابوو بەڵکو بەرد بارانیشی دەکردو قاچی پیرۆزی بریندار دەکرد [3].

(أم جمیل)ی ژنی (ابو لهب) کە ناوی (اروی)ی کچی (حرب)ی کوڕی (أمیە) یەو خوشکی (ابو سفیان) ە . لە دژایەتی کردنی پێغەمبەردا ﷺ هیچی لە مێردەکەی کـەمتر نـەبوو ، دڕك و داڵـی دەهێنـاو شـەوانە لەسـەرە ڕێگـاو بـەردەرکی ماڵەکـەی پێغەمبـەردا ﷺ دای دەنـا. ژنێکـی زمان سەڵیتەو دەم پـیس بـوو ، بوختـان و درۆی زۆری بەدەم پێغەمبەری خواوە ﷺ دەکردو ئاگری شـەڕی هەڵدەگیرساندو. جەنگی کوێرانەی دژ بە پێغەمبەر ﷺ دەوروژاند . بۆیـە قورئـانی پیرۆز بـە (حمالـة الحطـب) ناوی بردووە.

کاتێـك (أم جمیـل) بیسـتی کـە لەبارەیـەوە قورئـان هاتۆتـە خـوارەوە هـات بۆلای پێغەمبەر ﷺ لەناو مزگەوتەکەی کابەدا دانیشـتبوو ، ئەبوبـەکری صدیقیشـی لەگەڵـدا بـوو ، پـڕ بەدەسـتی بـەردی پـێ بـوو ، هاتـە سەرسـەریان و وەسـتا چـاوی دەگێڕا بۆ پێغەمبەر ﷺ ، جگە لە ئەبوبەکر کەسـی تـری نـەدەبینی، وتـی: ئەبوبـەکر: کوا هاوەڵەکەت ؟

بیستومە گوایە قسەی پێ وتووم، سوێندبێت ئەگەر بیدۆزمەوە ئەم بەردانە دەکێشم بەدەم و چاویدا، سوێندبێت شاعیریشم، ئەنجا ئەم شیعرەی وت:

مُذَمَّمـًا عصینـــا و أمـــرَهُ أبَینـــــا وَ دِینَـــهُ قَلَـــیْنـــا

---

[1] / تفهیم القرآن ٦.٢٠٥،٥٠١

[2] / إبن هشام١ ٣٦٢،

[3] / رحمة للعالمین ٦٠،٥٩/١

پاشان ڕۆشت ، ئەبوبەکر فەرمووی : پێغەمبەری خوا ئایا دەزانیت کە نەیبینیت ؟ فەرمووی: نەیبینیم ، خوای گەورە لەئاستی مندا کوێری کرد[1].

هەروەها (ئەبوبەکری بەززار) ئەم بەسەرهاتە دەگێڕێتەوە ، تیایدا هاتووە کاتێک بەسەر ئەبوبەکرەوە وەستا وتی: ئەرێ ئەبوبەکر هاوەڵەکەت هەجووی کردوین ، ئەبوبەکر فەرمووی: نا سوێندبێت بەپەروەردگاری ئەم خانووە ، نە شیعر دەبێژێت و نە لەدەمی دێتە دەرەوە . (أم جميل) وتی: تۆ کابرایەکی باوەڕ پێکراویت.

(أبو لهب) هەموو ئەوکارە خراپانەی دەکرد لەکاتێکدا مام و دراوسێی پێغەمبەر بوو ﷺ ، ماڵەکەی لکابوو بەماڵەکەی پێغەمبەرەوە ﷺ ، وەکو هەموو دراوسێکانی تری ئازاریان دەدا کاتێك لە ماڵەوە بوایە.

(إبن إسحاق) دەڵێت : ئەوانەی لەماڵەکەیدا ئازاری پێغەمبەری خوایان دەدا ﷺ بریتی بوون لە (أبولهب) و(الحكم)ی کوڕی (أبی العاص)ی کوڕی (أميه) و ، (عقبه)ی کوڕی (أبی معيط) و، (عدی) کوڕی (حمراء الثقفی) و (إبن الأصداء الهذلی) ـ ئەمانە دراوسێی بوون . کەسیان لێ موسوڵمان نەبوو جگە لە (الحكم)ی کوڕی (أبیالعاص)[2]، یەکێکیان پیسی ئاژەڵی لەکاتی نوێژکردندا دەکرد بە سەریدا ، یەکێکی تریان هەمووی دەخستە ماڵەکەیەوە، هەتا وای لێهات ژوورێکی تەرخان کردبوو بۆ نوێژکردن بۆئەوەی لێیانەوە دیارنەبێت . پێغەمبەری خوا ﷺ هەر کاتێك ئەو پیسییەیان لەبەر ماڵەکەیدا فڕێدایە، بەسەرەدارێك دووری دەخستەوە و لەبەر دەرگاکەیدا دەوەستاو، پاشان دەیفەرموو: ئەرێ خێڵی (عبد مناف) ! ئەمە چۆن دراوسێیەتیەکە ؟ پاشان پیسیەکەی لەسەر ڕێگەکە لادەبرد[3].

(عقبه)ی کوڕی (أبی معیط) شتێکی زیاد کردبوو لەسەر سەختی و ناپوختیدا . (بوخاری) دەگێڕێتەوە لە (إبن مسعود)ەوە رضي الله عنه دەڵێت : کە پێغەمبەر ﷺ لەناو (بيت)دا نوێژی دەکرد (أبوجهل) و هاوڕێکانی دانیشتبوون ، هەندێکیان بەوانی تریان دەوت: کێ دەتوانێت پاشەڕۆی ئاژەڵ بهێنێت و لەکاتی سوژدەدا بیخاتە سەرپشتی موحەممەد ، سەرسەخترین کەسی خێڵەکە (عقبه)ی کوڕی (أبی معیط)[4] هەستاو سەیرێکی کرد ، هەتا پێغەمبەری خوا ﷺ سوژدەی برد پاشماوە

---

[1] / سەیری (سيره إبن هشام) ٣٣٦،٣٣٥/١

[2] ئەو پیاوە باوکی خەلیفەی ئومەوی (مەروان)ی کوڕی (حەکەم)ە

[3] / إبن هشام ٤١٦،١

[4] لە (صحيح البخاري)دا ئەمە بەڕاشکاوی هاتووە ٥٤٣،١

سەروپێیەکەی لەنێوان هەردووشان و پشتی پیرۆزی‌دا دانا ، منیش سەیرم ئەکرد ، بریا دەسەلاتم هەبوایە ، دەڵێت: (أبوجهل) و تاقمەکەی دەستیان دەکردە پێکەنین و بەدەم گەمەو گاڵتەوە بەلای یەکتریدا لارئەبونەوە ، هێشتا پێغەمبەری خوا ﷺ لە سوژدەدا بوو، سەری بەرز نەکردبوەوە هەتا (فاطمة) هات و پیسیەکەی لەسەر پشتی لابرد ، پێغەمبەر ﷺ سەری بەرز کردەوە ، پاشان فەرمووی: (اللهم علیك بقریش) واتە: خوایە خۆت چارەی قورەیش بفەرموو ، ئەمەی سێ‌جار وتەوە ، ئەوان ئەم نزایەیان بەلاوە سەخت بوو ، (إبن مسعود) دەفەرموێت : قورەیش بڕوای وابوو کە دۆعا لەمەککەدا گیرادەبێت ، پاشان پێغەمبەر ﷺ لەنزاکەدا ناوی بردن فەرمووی خوایە خۆت چارەی ئەمانە بکە (أبو جهل) و (عتبە) کوڕی (ربیعە) و (شیبە) کوڕی (ربیعە) و (ولید) کوڕی (عتبە) و (أمیە) کوڕی (خلف) و (عقبە) کوڕی (أبی معیط) ناوی حەوتەمیشی بردبوو بەلاّم ڕاوی لەبەری نەکردووەو دەڵێت : سوێندم بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە هەموو ئەوانەی پێغەمبەری خوا ﷺ ناوی بردبوون بەکوژراوی لە (قلیب)ی بەدردا هەموویانم بینی[1].

(ئومەییە)ی کوڕی (خەلەف) هەرکاتێك پێغەمبەری خوای ببینیایە ﷺ لاقرتێی پێدەکردو خراپەی دەوت ، لەبارەیەوە ئایەت هاتە خوارەوە: ﴿ وَيلٌ لِكُلِّ هُمَزةٍ لُمزةٍ ﴾ (إبن هشام) دەڵێت: (الهمزە) ئەو کەسەیە کە بەئاشکرا جنێو بدات و ، چاوشۆڕی پێ بکات و لاقرتێی پێ بکات. (اللمزە)ش ئەوکەسەیە بەنهێنی کەسانی تر عەیبدار دەکات و ئازاریان دەدات[2].

خۆ (أبی) کوڕی (خلف)ی براشی لەگەڵ (عقبە)ی کوڕی (أبی معیط) دا یەك ڕیز بوون . جارێکیان (عقبە) لای پێغەمبەری خوا ﷺ دانیشت و گوێی بۆ گرت ، کە ئەو هەواڵە گەشتەوە بە (أبی) سەرزەنشتی کردو ڕەخنەی لێگرت و داوای لێکرد کە تف بکات لە پێغەمبەر ﷺ . ئەویش تفی تێکرد . هەر خودی (أبی) جارێکیان پارچە ئێسقانێکی وردوخاش کردو پاشان بەرەو ڕووی پێغەمبەر ﷺ بەهەوادا فووی لێکرد[3].

(أخنس)ی کوڕی (شریق)ی (ثقفي) لەو کەسانە بوو ئازاری پێغەمبەریان دەدا ﷺ ، قورئانی پیرۆز بە نۆ خاڵ ئەم پیاوەی وەسف کرد ، کە بەڵگەن لەسەر ئەو

---

1. صحیح البخاري ، کتاب الوضوء ، باب إذا القی علی المصلی قذر او جیفة ٣٧/١
2. ابن هشام ١ ٣٥٦،٣٥٧
3. هەمان سەرچاوە ١ ٣٦١،٣٦٢

حاڵەتەی هەی بووە ، لەم ئایەتەدایە : ﴿ وَلَا تُطِعْ كُلَّ حَلَّافٍ مَّهِينٍ {١٠} هَمَّازٍ مَّشَّاءٍ بِنَمِيمٍ {١١} مَّنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ أَثِيمٍ {١٢} عُتُلٍّ بَعْدَ ذَلِكَ زَنِيمٍ {١٣} ﴾ القلم .

هەندێ جار ئەبوجەهلیش دەهاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ گوێی لەقورئان دەگرت ، پاشان هەڵدەستا باوەڕی نەدەهێناو ملکەچیش نەدەبوو ، پیاوێکی بێ ئەدەب و بێ باك بوو، بەقسە ئازاری پێغەمبەری دەدا ﷺ ڕێگەی دەگرت لە ڕێبازی خوایی ، پاشان دەچوو فیزیدەکرد بەوکارەیەوە ، شانازیی دەکرد بەوکردە شەڕەنگێزەیەوە ، هەر وەکو شتێکی باشی کردبێت ، ئەم ئایەتە لەبارەی ئەوەوە هاتە خوارەوە: ﴿ فلا صدق ولا صلى ﴾ هتد[1].

هەر لەیەکەم ڕۆژەوە کە پێغەمبەری بینی ﷺ لەحەرەمدا نوێژی دەکرد ڕێگەی لێ دەگرت ، جارێکیان بەلای پێغەمبەردا تێپەڕی نوێژی دەکرد لەو شوێنەدا (ابو جهل) وتی: ئەی موحەممەد (من نەموت ئەمکارە نەکەیت ، هەڕەشەی لێکرد پێغەمبەری خواش ﷺ لەگەڵی توندبوو پیایدا هەڵشاخا، وتی: ئەی موحەممەد بەچی هەڕەشەم لێ دەکەیت ؟ سوێندبێت من لەمابەینی ئەم دووشیوەدا زۆرترین پیاوم بەدواوەیە ، ئایەت هاتە خوارەوە ﴿ فَلْيَدْعُ نَادِيَه ﴾[2] ، لەگێڕانەوەیەکی تریشدا پێغەمبەر ﷺ بەرۆکی (ئەبو جەهل) ی گرت و ڕایوەشاندو فەرمووی: ﴿أَوْلَى لَكَ فَأَوْلَى {٣٤} ثُمَّ أَوْلَى لَكَ فَأَوْلَى {٣٥}﴾ دوژمنی خوا وتی: هەڕەشەم لێ دەکەیت موحەممەد؟ سوێندبێت نە تۆ نە خواکەت ناتوانن هیچ شتێك بکەن ، منیش پایەدارترین کەسی نێوان ئەم دوو کێوەم[3] .

(أبو جهل) بەم پیاهەڵشاخانە وەنەبێت هۆشی بەبەردا هاتبێتەوە، بەڵکو لە دوایدا زیاتر سەرسەخت بوو، (مسلم) لەئەبو هورەیرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە فەرمویەتی : ئەبوجەهل وتی: موحەممەد لەنێوان ئێوەدا نێوچەوانی دەخاتە سەر زەوی ؟ وترا: بەڵێ، وتی: سوێندم بەلات و عوززات ، ئەگەر بینیم پێ دەخەمە سەر گەردنی ، لە پڕێکدا (أبو جهل) هاتەوە ، دەستی بەدەموچاویەوە گرتبوو ، تاقمەکەی وتیان: ئەوە چیتە (أبو الحكم)؟ وتی: لەنێوان من و ئەودا چاڵێکی پڕ لە ئاگر پەیدابوو پریشکی ئەدا، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەگەر لێم نزیك ببوایەتەوە فریشتە پرزۆڵ پرزۆڵیان دەکرد[4] .

---

[1] في ظلال القرآن ٢٩ ,٢١٢
[2] هەمان سەرچاوە ٣٠ ٢٠٨
[3] هەمان سەرچاوە ٢٩ ٣١٢
[4] (مسلم) لە (صحيح) ەکەیدا گێڕاویەتەوە

ئەم دەستدرێژیانە تایبەت بوون بەپێغەمبەرەوە ﷺ لەگەڵ کەم وێنەیەتی کەسێتی‌یە پڕ لە ڕێزو سامیەکەی لەناخی خەڵکانی گشتی و تایبەتیدا لەگەڵ ئەو بەرگریەی (أبو طالب) لێی دەکرد کە گەورەترین پیاوی ڕێزداری مەککە بوو، بەڵام ڕەوشەکە بۆ موسوڵمانان . بەتایبەتی لاوازەکانیان لێپێچانەوە بەرامبەریان سەخت ترو تاڵتر بوو، لەهەمان کاتدا هەرخێڵێك تاکە موسوڵمانبوەکانی خۆی بە چەندین جۆر ئەشکەنجە دەدا ، ئەو کەسەش خێڵی نەبوایە ئەوباش و ئاغاکان بەچەندین شێوە ئەشکەنجەیان دەدان، ئەوەندە ترسناك بوو دڵی ئارامگریش حەوسەڵەی بیستنی نیە.

ئەبو جەهل هەرکاتێك بیبیستایە یەکێك موسوڵمان بووە ئەگەر خاوەن پلەو پایەو بەرگری بوایە سەرزەنشتی دەکردو ڕەخنەی لێدەگرت و هەڕەشەی خەسارۆ مەندی ماڵ و سامان و پلەوپایەی لێ دەکردو. ئەگەر لاوازیش بوایە لێی دەداو هەڵی دەخەڵەتاند[1].

مامی (عثمان)ی کوڕی (عفان) ﷺ دەیپێچا لەحەسیرێکی دروستکراو لەگەڵای دار خورما پاشان لە ژێریەوە قانگی دەدا [2].

کاتێکی (أم مصعب)ی کوڕی (عمیر) بیستی کوڕەکەی موسوڵمان بووە ، بێ نان و ئاوی کردو لەماڵەوە دەری کرد ، لەکاتێکدا کە خۆشترین گوزەرانی هەبوو ، پێستی لەشی وەك کارژی مار هەڵی دابوو.[3]

(بیلال)یش کە کۆیلەی بەردەست (أمیە)ی کوڕی (خلف الجمحی) بوو ، ئومەییە پەتێکی دەخستە ملی‌و ، دەیدایە دەست منالان و، بەدەوری شاخەکانی مەککەدا دەیانگێڕا، بەشێوەیەك ئاسەواری پەتەکە لەسەر ملی دیاربوو . ئومەییە هەموو جارێك دەیبەستەوە بەدار لێی ئەداو، ناچاری دەکرد لەبەر گەرمای خۆردا دانیشێت، هەندێك جاریش بەزۆر برسیی دەکرد لەوانەش سەختتر لەگەرمای نیوەڕۆدا کەخۆر گەرم دەبوو بیلالی دەهێنایە دەرەوە لەسارای مەککەدا پاڵی دەخست ، پاشان فەرمانی ئەدا بەردێکی گەورەیان دەخستە سەرسنگی، پاشان پێی دەوت: سوێندم بێت، ئەوە حاڵت دەبێت تادەمریت یان کافر دەبیت بە ئایینی موحەممەد ، لات و عوززا دەپەرستیت ، ئەویش دەیوت: (أحد ، أحد) ، هەتا

---

[1] ابن هشام ١ ٣٢٠

[2] رحمة للعالمین ١ ٥٧

[3] هەمان سەرچاوە ١ ٥٨. هەروەها (تلقیح فهوم اهل الأثر) ل٦٠

جارێکیان ئەبوبەکر ﷺ بەلایدا تێپەڕی و بینیی ئەوانە چی‌دەکەن لە بەرامبەر ئەو غولامە ڕەش پێستە کڕیەوە، گوتراویشە کڕیویەتیەوە بە حەوت یان پێنج ئۆقیە زیوو، پاشان ئازادی کردووە[1].

عەمماری کوڕی یاسریش ﷺ کۆیلەی (بنی مخزوم) بوو. خۆی و باوکی و دایکی موسڵمان بوون، موشریکان – لەسەروو هەموویانەوە أبوجهل– بەرەو (أبطح) دەیانبردنە دەرەوە کاتێك کە لمەکە سوور دەبوەوە ، بەو گەرمایە ئازاریان دەدان ، پێغەمبەری خوا ﷺ بەلایاندا تێپەڕی پێی فەرموون: ئال و بەیتی یاسر ئارام بگرن! ژوانی ئێوە بەهەشتە . یاسر لەژێر ئەشکەنجەدا وەفاتی کرد ، ئەبو جەهلیش یەك نێزەی‌دا لەدامێنی سومەییە -دایکی عەممار- و شەهیدی کردو ، بووە یەکەم شەهیدی ئیسلام. سزاکەی لەسەر عەممار توندکرد ، جارێك بە گەرماو جارێکیش بەدانانی بەردێکی سورەوەبوو لەسەر سنگی و جارێکی تریش بە تەنگەنەفەس کردن سزایان دەدا ، دەیانوت: وازت لێناهێنین هەتا جنێونەدەی بە موحەممەد ، یان لەبارەی لات و عوززاوە قسەی باش بکەیت . بەناچاری ڕازی بوو. پاشان بەدەم گریەو عوزر خواییەوە هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ . خوای گەورە ئایەتی ناردە خوارەوە ﴿ مَن كفَر باللّه من بعْد إيْمانه إلاَّ مَنْ أُكْرِهَ وَقَلْبُهُ مُطْمَئنٌّ بالإيْمان ﴾ النحل ١٠٦ [2].

هەروەها (ابو فکیهە) کە ناوی (أفلح) بوو ، کۆیلەی (بنی عبدالدار) بوو . بە گوریس قاچیان دەبەستەوەو پاشان لەسەر دەم بەزەویدا ڕایان دەکێشا [3].

(خباب)ی کوڕی (أرت)یش کۆیلەی (أم أنمار)ی کچی (سباع)ی خوزاعی بوو، موشریکان چەندین جۆری ئەشکەنجەیان دەدا . قژی سەریان دەگرت و ڕایاندەکێشا . ملیان بادەدا بەتوندی و چەندجارێك لەسەر سکڵی گەشکراو دایان دەنا. پاشان بەردێکیان لەسەر سنگی دانا ، بۆ ئەوەی نەتوانێت هەستێتەوە[4].

(زنیرە) و (نهدیە) و کچەکەیان و (أم عبیس) کۆیلە بوون و موسڵمان بوو بوون ، موشریکان بەهەمان ئەو شێوەیەی باسمان کرد سزای ئەمانیشیان دەدا .

---

[1] رحمة للعالمين ١ ٥٧، تلقيح الفهوم ل٦١ ، إبن هشام ١ ٣١٨،٣١٧

[2] إبن هشام ١ ٣١٩، ٣١٢٠، فقه السيرة نوسيني محمد الغزالي ل٨٢ . (العوفي) هەمدیّ لەوانەی گێڕاوەتەوە لە (إبن عباس)ەوە . بڕوانە (مختصر السيره للشيخ عبدالله) ل٩٢

[3] رحمة للعالمين ١ ٥٧ ، من إعجاز التنزيل ل ٥٣

[4] هەمان سەرچاوە ١/٥٧ ، تلقيح فهوم اهل الأثر ل٦٠

کەنیزەکێکی (بنی مؤمل) . کەخێڵێکن لە (بەنی عەدی) موسڵمان بووبوو ، (عومەر)ی کوڕی (خەتاب) – کە لەوکاتەدا هێشتا موشریك بوو– دەکەوتە لێدانی ، هەتا بێتاقەت ئەبوو، ئەنجا دەیوت : وازم لێ نەهێنا لەبەرئەوە نەبێت کە بێتاقەت بووم[1].

(ابوبکر) ئەو کەنیزەکانەشی کڕی و ڕزگاری کردن، هەروەکو چۆن (بلال) و (عامر)ی کوڕی (فهیرە)ی کڕیەوە [2].

هەندێك لەموشریکان چەند هاوەڵێکیان دەخستە ناو پێستی وشترو مانگاوەو، دوای ئەوە فڕێیان دەدانە بەر گەرماکەوە ، زرێبەندی ئاسنینیان دەکردە بەری هەندێکی ترو لەسەر گابەردی زۆر گەرم دایان دەنان[3].

لیستی ئەوانەی لە پێناوی خوادا ئەشکەنجەدەدران زۆرن ، بە هەرکەسێکیان بزانیایە کە موسڵمان بووە ڕێگەیان پێدەگرت و ئازاریان دەدا.

---

1 . رحمة للعالمين ١/٥٧ ، ابن هشام ١/٣١٩

2 / إبن هشام ١/٣١٨,٣٠٩

3 / رحمة للعالمين ١/٥٨

مـالـەکـەی ئـەرقـەم

لەبەردەم ئەو هەموو چەوساندنەوەیەدا پێغەمبەر ﷺ بەدانایانە نەیدەهێشت بەگوتارو کردار شوێنکەوتوانی ئیعلانی خۆیان بکەن و ، بەنهێنی نەبوایە لەگەڵیان کۆ نەدەبوەوە، چونکە ئەگەر بەئاشکرا لەگەڵیان کۆببوایەتەوە موشریکان نەیاندەهێشت پرۆسەی خۆپاککرنەوەو فێرکردنی کیتاب و داناییان لەگەڵدا ئەنجام بدات ، کە لەوانەبوو ئەوە ببێتە هۆی پێکدادانی هەردوولا، ئەو ئاشکرا کردنە لەساڵی چوارەمی پێغەمبەرێتیدا بەکردەیی ڕوویدا ، لەکاتێکدا کە هاوەڵان لە (شیعاب) کۆببوونەوەو، بەنهێنی نوێژیان دەکرد ، هەندێك لە بێ باوەڕانی قورەیش بەدیانکردن، جنێویان پێدان و شەڕیان لەگەڵدا کردن. (سعد) ی کوڕی (أبی وقاص) دای لە یەکێکیان و خوێنی لەسەری هێنا ، ئەوە یەکەم خوێنێك بوو کە لەپێناوی ئیسلامدا ڕژێنرا [1].

گومانی تێدانیە کە ئەگەر پێکدادانەکە زۆر ببوایەو درێژەی پێدرایە دەبووە هۆی تێکشکاندنی موسڵمانەکان و تەفروتونا کردنیان . بۆیە خۆلادان کارێکی ژیرانە بوو، زۆرینەی هاوەڵان ئیسلامەتی و خواپەرستی و بانگەوازو کۆ بونەوەکانی خۆیان بەنهێنی دەکرد. بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ لەناو موشریکاندا بەئاشکرا بانگەشەی و خواپەرستی خۆی دەکرد ، هیچ شتێك بەری پێنەدەگرت ، بەلاّم بە نهێنی کۆبوونەوەی لەگەڵ موسوڵمانەکاندا دەکرد . ئەوەش بۆ بەرژەوەندی ئەوان و ئیسلامیش بوو، خانوەکەی (أرقم)ی کوڕی (أبی الأرقم)ی مەخزومی لەسەر گردی (سەفا) بوو ، لەبەرچاوی زاڵمان و دیوەخانەکانیان دوور بوو . پێغەمبەر ﷺ لە ساڵی پێنجەمی پێغەمبەرێتیەوە کردبوویە مەڵبەندێك بۆ بانگەوازەکەی و ، کۆبوونەوەی لەگەڵ موسوڵمانەکاندا [2].

---

[1] / إبن هشام ٢٦٣/١، مختصر سيرة الرسول . لمحمد بن عبد الوهاب . ل٦٠
[2] / هەمان سەرچاوەی دوایین ل٦١.

کـۆچی یـەکـەم بـەرەو حـەبـەشـە

سەرەتای چەوساندنەوەکان لە ناوەندو کۆتایی ساڵی چوارەمی پێغەمبەرێتیدا بەکزی دەستی پێکرد ، پاشان ڕۆژ لەدوای ڕۆژو مانگ لەدوای مانگ زیاتر بوو هەتا لەناوەڕاستی ساڵی پێنجەمدا توندو تیژتر بوو ، هەتا جێگەیان لە مەککەدا پیّ لەق بوو ، ناچاری کردن بیر لەکارێك بکەنەوە کە لەو سزا سەختە ڕزگاریان بکات ، ئا لەوساتە پڕ لە نەهامەتیە تاریکەدا سورەتی (الكهف) هاتە خوارەوە، وەکو وەڵامێك بۆ هەموو ئەو پرسیارانەی موشریکان لە پێغەمبەریان کردبوو ﷺ ، سورەتەکە سیّ چیرۆکی تێدابوو ، چەند ئاماژەیەکی کاریگەری تێدابوو لەلایەنی خواوەندی گەورەوە بۆ بەندە ئیماندارەکانی ، بەسەرهاتی هاوەڵانی ئەشکەوتەکە ڕێنومایی دەکات بۆ کۆچکردن و وازهێنان لە شوێنی کوفرو دەست درێژی لەئایین و مەترسی لەسەر ئایینەوە بەپشت بەستن بە خوای گەورە ﴿وَإِذِ اعْتَزَلْتُمُوهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ إِلَّا اللَّهَ فَأْوُوا إِلَى الْكَهْفِ يَنشُرْ لَكُمْ رَبُّكُم مِّن رَّحْمَتِه وَيُهَيِّئْ لَكُم مِّنْ أَمْرِكُم مِّرْفَقًا﴾ الكهف /١٦.

چیرۆکی (خضر) و(موسا)ش عليه السلام ، ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو جارێك بارودۆخ بەپێی ڕووکاری دەرەوە بەرێوە ناچێت و بەهەمان شێوە نایەتە دی ، لەوانەیە ئەنجامەکە بەتەواوی پێچەوانەی ڕووکارەکە بێت ، ئەمەش ئاماژەیەکی نهێنی تێدایە بۆ ئەو جەنگەی کە دژ بەموسڵمانەکان دەکرێت کە لەداهاتودا ئاکامەکەی هەڵدەگەڕێتەوەو ، ئەو زاڵمە موشریکانەش ، ئەگەر باوەڕ نەهێنن ، لەبەردەم ئەو مرۆڤە لاوازە تێکشکاوانەدا شکست دەهێنن .

هەروەها چیرۆکی (ذی القرنین) ئەوە دەگەیەنێت خوای گەورە سەرزەمین دەکاتە میراتگری ئەو بەندانەی خۆی دەیەوێت ، ڕزگاربوونی ڕاستەقینەش لە پێناوی ئیماندایە نەك کوفر، خوای گەورەیش هەمیشە – سات ناساتێك– یەکێك لەو بەندانەی خۆی دەنێرێت بۆ ڕزگارکردنی ژێردەستەکان لە (یأجوج)و (مأجوج) ی ئەو ڕۆژگارە، ئەوانەش کە شایستەی میراتگریی سەرزەمینن بریتین لە بەندە ساڵحەکانی خوا، پاشان سورەتی (الزمر) هاتەخوارەوە ئاماژەیەکی تێدایە بۆ کۆچ کردن و، ئەوەش ڕادەگەیەنێت کە سەرزەمین بەر تەسك نیە : ﴿لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا فِي هَذِهِ

الدُّنْيَا حَسَنَةٌ وَأَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةٌ إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ﴾ الزمر ١٠
پێغەمبەری خوا ﷺ دەیزانی (أصحمه)ی (نەجاشی) مەلیکی حەبەشە مەلیکێکی دادپەروەرە، لەسایەیدا زوڵم لەکەس ناکرێت ، بۆیە فەرمانیدا بە موسوڵمانەکان بەخۆیان و ئایینەکەیانەوە هەڵێن بەرەو حەبەشە.

لە رەجەبی ساڵی پێنجەمی پێغەمبەرایەتیدا یەکەم پۆلی هاوەڵانی نارد بەرەو حەبەشە . کە پێکهاتبوو لە (١٢) پیاوو چوار ژن . سەرۆکەکەیان (عثمان)ی کوڕی (عفان) بوو ، خاتوو (رقیه)ی کچی پێغەمبەر ﷺ و هاوسەری لەگەڵدا بوو . پێغەمبەر ﷺ لەبارەیانەوە فەرمووی : (ئەوە یەکەم ماڵە لەدوای ماڵەکەی ئیبراهیم و لوط ، (سەلامی خوایان لەسەر) کۆچی کردبێت)[1].

ئەو پۆلە بەشێوەی دزەکردنێکی شەوانە بەڕێ کەوتن هەتا قورەیش پێیان نەزانێت . بەرەو دەریا ڕۆشتن . ڕوویان کردە کەناری (شعیبە) . قەدەر دوو کەشتی بازرگانی بۆ ژێر بارخستن بەرەو حەبەشە هەڵی گرتن و قورەیش پێی نەزانین ، بەدوایاندا بەڕێ کەوتن ، بەڵام کاتێك قورەیش گەیشتە کەناری دەریا ، موسوڵمانەکان گەیشتبونە شوێنی ئارامیی‌و ، لەناو حەبەشەدا بەجوانترین شێوە میوانداریان کرابوو[2].

لە ڕەمەزانی هەمان ساڵدا پێغەمبەر ﷺ بەرەو حەرەم دەرچوو . لەوێدا ژمارەیەکی زۆری قورەیش وەستا بوون ، ئاغاو قسەبیسراوەکانیان تێدابوو، لە ناویاندا مایەوە ، دەستی کرد بەخوێندی سورەتی (النجم) ، ئەو بێباوەڕانەش پێشتر هیچیان لەبارەی کەلامی خوداوەندەوە نەبیستبوو ، چونکە شێوازی بەردەوامیان بریتی بوو لەو قسەیەی کە بەگوێی یەکدا چرپاندبوویان ، دەیانوت : ﴿ لا تَسْمَعُوا لِهَذَا الْقُرْآنِ وَالْغَوْا فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ ﴾ فصلت/ ٢٦ ، کاتێك کە لەناکاودا ئەم سورەتەی بەسەردا خوێندنەوەو ، بۆ یەکەمجار وتەیەکی خودایی قەشەنگ و سەرنج ڕاکێش بەر گوێیان کەوت – کە زمان و دەربڕین دەستەوسان بوو لە پەی بردن بەجوانی و گەورەییەکەی – سەراسیمەی بوون و هەریەکەیان کەوتنە گوێ بۆ هەڵخستنی‌و.

---

[1] / مختصر سيرة الرسول . نوسینی شیخ عبدالله ی نەجدی ل ٩٢،٩٣، هەروەها (زادالمعاد)١/٢٤، رحمة للعالمين١/٦١

[2] / رحمة للعالمين١/٦١، زاد المعاد ١/٢٤

جگە لەواق ورمان هیچی دییان بەبیردا نەدەهات، هەتا لەکۆتایی سورەتەکەدا کۆمەڵێك زەنگی خەتەرناکی دڵهەژێنی دا بەگوێیانداو پاشان فەرمووی : ﴿ فَاسْجُدُوا لِلَّهِ وَاعْبُدُوا ﴾ النجم ٦٢، پاشان کڕنووشی برد ، کەس خۆی پێنەگیراو هەموو سوژدەیان برد . لەڕاستیدا ئەوە کاریگەریی جوانبێژی هەق بوو کە سەرسەختی و لوت بەرزی ملهوڕان و گاڵتەجاڕانی هێنا بەچۆکدا ، ئەوە بوو خۆیان پێنەگیراو سوژدەیان بۆ خواوەندی گەورە برد[1] .

کاتێك هەستیان کرد بەقورسیی کەلامی خودا زمانیان لوولی خواردو لەدەستیان دەرچوو ، ئەوکارەیان کرد کەهەموو تواناتیان خەرج کردبوو بۆ سڕینەوە و لەناوبردنی ، لەهەموولایەکەوە لۆمەو سەرزەنشت ڕووی تێکردن، لەو کەسە موشریکانەوە کە دیمەنەکەیان نەدیبوو ، ئیدی موشریکان کەوتنە هەڵبەستنی درۆ بەدەم پێغەمبەرەوە ﷺ کە گوایە بەوشەی ڕێزلێنان باسی بتەکانی ئەوانی کردووەو ، لە بارەیانەوە فەرموویەتی: (تلك الغرانقةُ العلى ، وانَّ شفاعَتهُنَ لَترتَجى) ، ئەم هەڵبەستراوە ڕوونەیان هێنا ، بۆ ئەوەی عوزر خواهی بهێننەوە لە بەرامبەر ئەو سوژدەیەدا کە لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ بردبوویان ، ئەمەش لەبارەی خێڵێکی درۆزنەوە هیچ سەیر نیە کە فێری تێچاندن و درۆ هەڵبەستن بووبن [2] .

ئەم هەواڵە گەیشەوە بەکۆچکردوەکانی حەبەشە ، بەڵام بەشێوەیەکی جیا لە شێوە ڕاستەقینەکەی وایان پێگەیشتبوو کە قوڕەیش موسوڵمان بووە ، بۆیە لە شەوالی هەمان ساڵدا گەڕانەوە بۆمەککە ، ماوەی یەك سەعات پێش گەیشتنە مەککە ، ڕاستیی مەسەلەکەیان زانی ، هەندێکیان جارێکیدی گەڕانەوە بۆ حەبەشە ، ئەوانی دیکەش یان بەنهێنی ، یان لەپەنای پیاوێکی قوڕەیشدا چوونەوە مەککە[3] .

پاشان بەڵاو چەوساندنەوەی قوڕەیشیەکان لەسەریان توندبوو ، خێڵەکانیان هەڵیان کوتایە سەریان . قوڕەیش میواندارییی کردنی نەجاشیان بەلاوە گران بوو ، پێغەمبەر ﷺ چارێکی تری نەبوو جگە لەوەی ئاماژە بکات بەکۆچێکی تر بۆ حەبەشە ، ئەم کۆچەی دووەم زۆر لەکۆچی یەکەم سەختتر بوو، چونکە

---

[1] / (بخاری) بەسەرهاتی سوژدە بردنەکە بەکورتی لە (إبن مسعود) و (إبن عباس) وەرگێڕاوەتەوە ، بڕوانە باب سجدة النجم، باب سجود المسلمین والمشرکین١/١٤٦، باب ما لقي النبي ﷺ وأصحابه في المشرکین بمکة ١ ٥٤٣

[2] تفهيم القرآن ٥/١٨٨، لێکۆڵەروان لە مەسەلەی بەسەرهاتی (غرانقە) دا ئەم بۆچوونەیان هەیە

[3] هەمان سەرچاوە ٥ ١٨٨، زاد المعاد ١ ٢٤، ٢ ٤٤، ابن هشام١ ٣٦٤

قوڕەیش بەئاگا هاتبووەوو بڕیاری ڕێگەگرتنی دابوو. بەڵام موسوڵمانەکان خێراتر دەرچوون ، ئەم جارەش خوای گەورە سەفەرەکەی بۆ ئاسان کردن، پێش ئەوەی دەستی قوڕەیشیان پێ بگات ، خۆیان گەیاندە نەجاشی.

لەم جارەشدا لەپیاوان هەشتاو سێ کەس کە (عمار) یان تێدابوو (هەر چەندە گومانیشی تێدایە) لەگەڵ دوانزە یان نۆزدە ژندا کۆچیان کرد[1] ، عەللامە (محمد سلیمان المنصور فوری) جەخت لەسەر ڕای یەکەم دەکاتەوە[2].

داوێکی قوڕەیش بۆ کۆچکەرانی حەبەشە

موشریکان لەسەر دڵیان زۆرگران بوو کە کۆچکەران پەناگەیەکیان دەست کەوێت بۆ خۆیان و ئایینەکەیان ، بۆیە دوو پیاوی زبری ژیریان هەڵبژارد کە بریتی بوون لە: عەمری کوڕی عاص و عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی ڕەبیعە – پێش ئەوەی موسوڵمان بن – چەندین دیاری جوانیان پێدا ناردن بۆ نەجاشی و بەتریکەکانی دەوروبەری ، پاش ئەوەی ئەم دوو پیاوە دیاریەکانیان دایە دەست بەتریکەکان ، ڕێککەوتن لەسەرئەوەی داوابکەن لەنەجاشی کە ئەو موسوڵمانانە دوور بخاتەوە ، هەردوکیان هاتنە لای نەجاشی ، دیاریان پێشکەش بەویش کردو پاشان قسەیان لەگەڵدا کردو وتیان:

(ئەی مەلیك ، چەند گەنجێکی سەرلێشێواو هاتونەتە وڵاتەکەت ، ئەوانە لە ئایینی گەلەکەیان جیابونەتەوە ، نەهاتوونەتە نێو ئایینەکەی تۆ ، ئایینێکی داهێنراوی خۆیان هێناوە ، نە ئێمە نە تۆ نایزانین ، ئێمە پیاوماقوڵانی خێڵەکانی خۆیانمان بەدوادا ناردوون لەباوان و مام و خێڵەکانی خۆیان، بۆئەوە بیاندەیتەوە دەستیان ، ئەوان باشتر دەیانناسن و چاکتر دەزانن لەسەر چی ڕەخنەیان لێدەگرن و سەرزەنشتیان دەکەن :

بەتریکەکان وتیان : ئەی مەلیك ئەم دوانە ڕاست ئەکەن!

بیاندەرەوە دەستیان ، با بیانگێڕنەوە بۆ لای خێڵ و وڵاتی خۆیان ،

بەڵام نەجاشی پێی وابوو کەدەبێت کێشەکە تاووتوێ بکرێت و گوێ لە هەموولایەك بگیرێت، ناردی بەشوێن موسوڵمانەکاندا، بانگێشتی کردن ، هەموویان

---

[1] . بڕوانە (زاد المعاد) ١/٢٤، رحمه للعالمين ١/٦١

[2] / بڕوانە دوا سەرچاوە

هاتن ، هەموویان لەسەر ڕاستی گوتن ڕێککەوتبوون ئاکامەکەی هەرچییەك بێت ، نەجاشی پێی وتن: ئەم ئایینە چییە کەئێوە خۆتان لە گەلەکەتان پێ جیا کردۆتەوەو بەو پێیە نەهاتوونەتە نێو ئایینەکەی من و ئایینی هیچ میللەتێك ؟

جەعفەری کوڕی ئەبو تالیب کە ـ قسەکەری موسوڵمانەکان بوو ـ وتی:

ئەی مەلیك ، ئێمە خەڵکێکی نەفام بووین ، مردوومان دەخواردو بتمان دەپەرست ، کردەوەی خراپمان دەکرد ، پەیوەندی خزمایەتیمان دەپچڕاندو ، لەگەڵ دراوسێدا خراپ بووین ، بەهێزەکانمان لاوازەکانمانی دەخوارد، لەسەر ئەوحاڵەتە بوین ، هەتا خوای گەورە لەخۆمان پێغەمبەرێکی بۆ ناردین ، باوان و ڕاستگۆیی سپاردە ناسێتیی و داوێن پاکیەکەی دەناسین ، بانگی کردین بۆ پەرستنی خوداو یەکتاپەرستیو ، وازهێنان لەو داروبەردانەی خۆمان و باوو باپیرانمان دەمانپەرست و فەرمانی پێداین ڕاستگۆبین ، سپاردە پارێزبین و، پەیوەندی خزمایەتی بەجێ بهێنین و ، چاك بین لەگەڵ دراوسێداو ، دەست هەڵگرین لە حورمەت شکێنی و خوێن ڕشتن و، وازبهێنین لەفاحیشەو، قسەی ناڕاست و، خواردنی ماڵی بێباوك و، تۆمەتبارکردنی ئافرەتانی داوێن پاك و ، فەرمانی پێداین تەنها خودا بپەرستین و، هاوبەشی بۆ پەیدا نەکەین و نوێژ بکەین و زەکات بدەین و ڕۆژو بگرین . لەسەر ئەو ئایینە خواییە کە بۆی هێناین شوێنی کەوتین و، هاوبەشمان بۆ خوا دانەناو هەرچییەکمان لەسەر حەرامکرا حەرامامان کردو ، هەرچییەکیشمان بۆ حەڵاڵکرا حەڵاڵمان کرد ، کەچی خێڵەکەمان بە گژماندا هاتن ، خێڵەکەمان تووشی بەڵایان کردین ، بۆئەوەی بمانگێڕنەوە بۆ سەر بتپەرستی و حەڵاڵ کردنەوەی ئەو شتە پیسانەی حەرامامان کرد بوو ، کاتێك زۆریان بۆ هێناین تەنگەتاویان کردین و زوڵمیان بەرامبەر کردین و نەیانهێشت ئایینداریی خۆمان بکەین . ئیدی دەرچوین بەرەو وڵاتەکەت ، تۆمان بەسەر خەڵکی تردا پەسەند کردو ، حەزمان لەنزیکی تۆ کردو ، ئاواتمان خواست کە لای تۆ ستەممان لێ نەکرێت.

نەجاشی پێی وت: ئایا شتێکت لەبەرە لەوەی خودا بۆ پێغەمبەرەکەتانی ناردووە ؟ **جەعفەر** فەرمووی : بەڵێ !

نەجاشی پێی وت : بۆم بخوێنە .

سەرەتای (سوورەتی مەریەم)ی بۆ خوێندەوە ، سوێندبێت نەجاشی ئەوەندە گریا هەتا ڕیشی تەڕبوو، کەشیشەکانیش ئەوەندە گریان هەتا سەحیفەکانی بەردەمیان تەڕبوو . پاشان **نەجاشی** پێی وتن : سوێند بێت ئەمەو ئەوەی عیسا

هێناویەتی لەیەك چاوگەوە هاتوە ، بەنوێنەرەکانی قورەیشی وت: بڕۆنەوە ، سوێند بێت هەرگیز ئەمانەتان پێ نادەمەوە ڕووی کردە (عەمر)ی کوڕی (عاص) و هاوەڵەکەی . هەتا چوونە دەرەوە ، (عەمر) بە (عبدالله)ی وت : سوێند بەخوا سبەینێ وابۆیان دێمەوە لە ڕەگەوە دەریانکێشم ، (عبدالله) پێی وت: شتی وانەکەیت ، ئەوانە خزمن با لەگەڵ ئێمەشدا جیاواز بن ، بەڵام (عەمر) لەسەر ڕاکەی سوور بوو ، بۆ سبەینێ وتی بە **نەجاشی** : ئەی مەلیك . ئەمانە لەبارەی عیسای کوڕی مەریەمەوە شتی خراپ دەڵێن ، نەجاشی ناردیەوە بەشوێنیانداو لەبارەی مەسیحەوە پرسیاری لێ کردن ، موسوڵمانەکان ترسان ، بەڵام بە یەکدەنگی بڕیاریاندا ڕاستگۆبن و هەرچیەکیش ڕوبدات گوێ نەدەنێ ، کە چوونە لای و پرسیاری لێکردن ،

جەعفەر وتی : ئەوە دەڵێین کە پێغەمبەرەکەمان ﷺ بۆی هێناوین ، عیسا بەندەو پەیامبەرەو ڕوح و وتەی خوداوەندە ، داویەتی بەمەریەمی داوێن پاك .

نەجاشی دارێکی لەسەر زەوی هەڵگرت ، پاشان وتی: سوێند بەخودا ئەوەی عیسای کوڕی مەریەم گوتویەتی لەم دارە تێنەپەڕیوە ، بەتریکەکانی کەوتنە مقۆ مقۆ ، وتی : سوێند بەخوا هەرچیەك بکەن ئەوە هەڵوێستی منە.

پاشان وتی بەموسوڵمانەکان : ئێوە لەخاکی مندا لە ئەماندان ، هەر کەسێك قسەتان پێ بڵێت باجی لێ دەسەنرێت ، ئەمەی سێ جار وتەوە ، پێم خۆش نیە بەئەندازەی شاخێك ئاڵتوونم هەبێت و ئازاری ئێوە بدەم.

پاشان وتی بەدەست و پێوەندەکانی : دیاریەکان بدەنەوە بەو دوانە ، پێویستم پێیان نیە ، وەڵڵاهی کە خوا موڵکەکەی پێدامەوە بەرتیلی لێ وەرنەگرتم ، تامنیش بەرتیلی تێدا وەربگرم ، لەبارەی بەگوێی کەسی نەکرد ، تامنیش لە فەرمانی ئەودا بەگوێی خەڵکی بکەم ، (ام سلمه) کە ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە دەڵێت : ئەو دوانە بە سەرشۆڕیەوە دیاریەکانیان درایەوە بەسەریاندا، ئێمەش لە باشترین جێگەو لەنزیك چاکترین دراوسێوە بوین[1] .

ئەمە گێڕانەوەکەی (إبن إسحاق)ە، کەسیتر دەڵێن: ناردنی شاندەکەی (عەمر) بۆلای نەجاشی دوای بەدر بووە ، هەندێکی تر دەڵێن دووجار بووە بە وەفد[2] بەڵام ئەو پرسیارو وەڵامانەی لەگفتوگۆی نێوان نەجاشیو جەعفەردا ڕوویدا لە وەفدەکەی

---

1 . إبن هشام . بەکورت کراوەیی ١/٣٢٤، ٣٣٥، ٣٣٧.٣٣٨

2 / کورتکراوەی (سیره) نوسینی شیخ عبدالله نەجدی ل٩٦. ٩٨ . لەو لاپەڕانەدا وردو درشتی پرسیارەکانی تێدایە

دووەمدا هەمان ئەو پرسیارو وەڵامانەیە کە (إبن إسحاق) باسی کردون . پاشانیش ناوەڕۆکی ئەو پرسیارانە دەڵێت :- کە لەیەکەم چاوپێکەوتندا بووە لەگەڵ نەجاشیدا - فیلی موشریکان شکستی هێنا ، داوەکەیان دۆڕاو ، بۆیان دەرکەوت کەناتوانن داخی دڵی خۆیان هەڵڕێژن ، مەگەر لەژێر دەسەلاتی خۆیاندا، بۆیە بیرۆکەیەکی ترسناکیان بۆ هات، پێیان وابوو ڕزگاربوون لەو مرۆڤە بلیمەتە بەدەست کۆتاکردنی دەبێت ، یان کوشتنی بەلام چی بکەن (أبو طالب) دەوری داوە ناهێڵێت دەستیان بیگاتێت ؟ بڕیاریاندا لەو بارەیەوە قسە لەگەڵ (أبو طالب) دا بکەن .

قورەیش هەڕەشە لە (أبو طالب) دەکات

ئاغاکانی قوڕەیش هاتنە لای ئەبوتالیب و پێیان وت : (أبو طالب) تۆ پیاوێکی بەتەمەنیت و خاوەن پلەوپایەیت لەناو ئێمەدا ، داوامان لێ کردیت دەستی برازاکەت بگریت نەتگرت ، سوێندبێت ئێمە ئارامیمان لێبڕا ، لەقسەوتن بە باوانمان و، گاڵتەکردن بەعەقڵمان و، لەکەدارکردنی خواکانمان، وازناهێنین تادەستی نەگریت ، یان دائەبەزینە مەیدانی تۆو ئەویش ، تایەکێکمان لەناو دەچین.

(أبو طالب) ئەو هەڕەشە نواندنەی قوڕەیشیی بەلاوە گەورە بوو، ناردی بەشوێن پێغەمبەردا ﷺ و پێی وت: ئەرێ برازاکەم خزمەکانت هاتنە لام ، ئەوەو ئەوەیان پێ وتم ، منیش و خۆیشت بهێڵە کارێکم پێ مەکە نەتوانم هەڵی بگرم ، پێغەمبەری خوا ﷺ وایزانی مامی پشتی تێ کردوەو، لەلاوازیدا پشتیوانی ئەوی پێ ناکرێت ، فەرمووی: مامەکەم! سوێند بێت بەخوا ئەگەر لەسەر دەستی ڕاستم خۆرو لەسەر دەستی چەپم مانگ دابنێن لەپای ئەوەدا واز لەم کارە بهێنم ، ئەوە هەرگیز دەست بەرداری نابم . هەتا خوای گەورە سەری دەخات یان لەپێناویدا دەڕۆم . پاشان دڵی گەرم بوو گریاو، هەستا، کە ڕۆشت (أبو طالب) بانگی کرد، کە گەڕایەوە پێی وت : برازاکەم بڕۆ حەز بەچی دەکەیت بیڵێ ، سوێندم بەخوا ناتدەم بە دەست کەسەوە[1] ، ئەنجا ئەم بەیتەی وت:

والله لن يصلـــوا إليك بجمعهم — حتى أوسد في التراب دفينـــا

فأصدع بأمرك ماعليك غضاضة — وأبشر وقر بذاك منك عيوناً [2]

---

1. إبن هشام ١/٢٦٥،٢٦٦ .

2. مختصر سيرة الرسول نوسینی (شێخ محمد عبدالوهاب) ی نەجدی ل٦٨

جارێکی تر قورەیش لەبەردەم (أبو طالب) دا

کاتێك قورەیش بینیان پێغەمبەر ﷺ بەردەوامە لەسەر کارەکەی و ، زانیان کە (أبو طالب)یش ئامادەنیە پشتی بەر بدات و، بڕیاریداوە کە لێیان جیابێتەوەو دژایەتیان بکات لەسەرئەوە ، (عمارە)ی کوڕی (وەلید)ی کوڕی (مغیرە)یان بردە لای و پێیان وت: ئەم کوڕە پێکەوتووترین گەنجی قورەیش و جوانترینیانە ، بیبە بۆخۆت لای خۆت ڕاگیری بکەو پشتیوانی بکە ، بیکە بە کوڕی خۆت ، برازاکەی خۆتمان بدەرە دەست چونکە دژی ئایینی تۆو ئایینەکەی باوو باپیرانی تۆیەو ، یەکدەنگی خێڵەکەتی شێواندوەو بە بێ‌عەقڵیان دەزانێت ، ئێمەش دەیکوژین ، ئەوجا دەبێتە پیاوێك بەپیاوێك (أبوطالب) وتی: ئای کە سەودایەکی خراپم لەگەڵدا دەکەن ، کوڕەکەتانم دەدەنێ بۆ ئەوەی بەخێوی بکەم بۆتان ، منیش کوڕەکەمتان بدەمێ بۆ ئەوەی بیکوژن ، سوێندم بەخوا هەرگیز شتی وانابێت . (مطعم) ی کوڕی (عدی) کوڕی (نوفل)ی کوڕی (عبدمناف) وتی: سوێندبێ (أبو طالب) خێڵەکەت لەگەڵتدا بەویژدان بوون و، هەوڵیشیاندا بۆ ڕزگاربونت لەو شتەی حەزت لێ‌ی نیە، وادەبینم کە تۆ ناتەوێ هیچیان قەبوڵ بکەیت ، (أبوطالب) وتی: وەڵڵاهی ئێوە هەرگیز لەم کارەدا لەگەڵ من بەویژدان نەبوون . بەڵام تۆ بڕیارت داوە من سەرشۆڕ بکەیت وخێڵەکەم بهێنیتە سەرم ، بڕۆ چیت لەدەست دێ بیکە[1].

سەرچاوە مێژووییەکان کاتی ئەو دووشاندەیان دیاریی نەکردووە ، بەڵام پاش ڕامان لە بەڵگە بەردەستەکان دەردەکەوێت کە هەردووکیان لە ناوەڕاستی ساڵی شەشەمی پێغەمبەرێتیدا بوون و ، ماوەی نێوان هەردوو شاندەکەش زۆر کەم بوە.

پیرۆکەی ستەمکاران بۆ لەناو بردنی پێغەمبەر ﷺ

پاش شکستهێنانی دووشاندەکەی قورەیش کەوتنەوە سەر توندوتیژیی دڕندەیەتی خۆیان بەشێوەیەکی توندتر لەپێشوو، لەماوەی ئەوچەند ڕۆژەشدا پیرۆکەی لەناو بردنی پێغەمبەر ﷺ بەشێوازێکی تر پەیدا بوو ، ئەم پیرۆکەیەو ئەو دڕندەیەتیەبوو کەبووە هۆی بەهێزبوونی ئیسلام بەدوو پاڵەوانی شکۆداری خەڵکی مەککە، ئەوانیش:(حمزە)ی کوڕی (عبدالمطلب) و(عمر)ی کوڕی (خطاب) بوو رضي الله عنهما.

لە نموونەی ئەو دڕندەیەتیە جارێکیان (عتیبە)ی کوڕی (أبی لهب) هاتە لای پێغەمبەر ﷺ و وتی: من باوەڕم نیە بە ﴿ وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَى ﴾ و ﴿ثُمَّ دَنَا فَتَدَلَّى﴾ ، ئەنجا کەوتە ئازاردانی و ، کراسەکەی دڕاندو، تفی لێکرد، بەڵام تفەکەی بەر

---

[1] . إبن هشام ١ ٢٦٦، ٢٦٧

نەکەوت ، ئەنجا پێغەمبەر ﷺ دۆعای لێکردو فەرمووی: خوایە سەگێك لە سەگەکانی خۆتی تێبەردە ، ئەوەبوو دۆعاکەی پێغەمبەر ﷺ گیرابوو، جارێکیان (عتیبە) لەگەڵ چەند کەسێکی قورەیشدا چووبوونە دەرەوە تاگەیشتبوونە شوێنێك لە شامدا پێی دەڵێن (زرقاء) ، لە شەودا شێرێك بەسەریاندا دەگەڕێت ، ئنجا (عتیبە) دەڵێت: ماڵوێران خۆم ، وەڵلاهی ئێستا ئەو شێرە دەمخوات ، هەروەکو موحەممەد دۆعاکەی لێکردم ، کوشتمی لەکاتێکدا کە ئەو لە مەککەیەو، منیش لە شام ، شێرەکە هەڵمەتی بردە سەری لەناو ئەوانی تردا سەری لێکردەوەو کوشتی[1]

نموونەی تریش دەگێڕنەوە کە (عقبە)ی کوڕی (أبی معیط) لەکاتی سوژدە بردندا پێی نایە سەر ملی پیرۆزی هەتا چاوەکانی ئاویان لێ تکایە خوارەوە[2].

بەڵگەش لەسەر ئەوەی سەرانی ستەمکار نیازی کوشتنیان هەبوو ، ئەو گێڕانەوەی (إبن إسحاق)ە ، کە لەفەرمودەیەکی درێژدا دەیگێڕێتەوە ، دەڵێت: ئەبو جەهل وتی: ئەریْ خێڵی قورەیش، ئەو موحەممەدە جگە لە لەکەدارکردنی ئاینەکەمان و، قسەوتن بە باپیرانمان و، گاڵتەکردن بەعەقڵمان و، سووکایەتی کردن بەخواکانمان هیچی تر ناکات ، من پەیمان دەدەم بەخوا بەبەردێکەوە بۆی دادەنیشم پێم هەڵنەگیرێت، لەگەڵ سوژدە بردنیدا دەیدەم بەسەریدا ، ئەوجا یان لەگەڵمدا بێن یان دەستم بگرن ، با ئیتر دوای ئەوە (بنو عبدمناف) چی دەکات بیکات ، وتیان: وەڵلاهی هیچت لێ ناکەین ، بڕۆ چیت دەوێت بیکە.

کە ڕۆژ بوەوە (أبوجهل) هەروەکو باسی کردبوو بەردێکی هەڵگرت ، دانیشت و چاوەڕوانی پێغەمبەری دەکرد ﷺ ، پێغەمبەر ﷺ وەك هەموو ڕۆژێك بەرەبەیان هات ، دەستی کرد بەنوێژ ، قورەیشیش لەیانەکانیاندا دانیشتبون ، چاوەڕوانی کارەکەی (أبوجهل) یان دەکرد ، کە پێغەمبەر ﷺ سوژدەی برد ، (أبو جهل) بەردەکەی هەڵگرت ، پاشان بەرەو ڕووی پێغەمبەر چوو ﷺ ، هەر کەلێی نزیك بوەوە سەری شۆڕ کردو بە زەردهەڵگەڕاوی گەڕایەوە ، لەترساندا دەستی بە بەردەکەوە ڕەق بوو بوو ، تا بەردەکەی فڕێدا ، چەند پیاوێکی قورەیش چوونە لای پێیان وت : (أبا الحکم) ئەوە چیتە ؟ وتی: هەستام ئەوەی پێ بکەم کە دوێنی بە ئێوەم وت ، کە لێی نزیك بوومەوە نێرە وشترێکی گەورە بەری ڕێگەکەی لێگرتم ، شتی وەك ئەوە گەردن بەرزم نەدیبوو ، وێنەی ئەو قەدو کەڵبەو دەم و ددانەم بەرچاو نەکەوتبوو ، خەریك بوو بمخوات .

---

[1] تفهیم القرآن ٦,٥٢٢ . من الإستیعاب . والإصابة ، دلائل النبوة ، الروض الأنف ، مختصر سیرة الرسول نوسینی (شێخ عەبدوڵلای نەجدی) ل١٣٥

[2] هەمان سەرچاوەی دوایی ل١١٣

(إبن إسحاق) دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ بۆی باس کردم و فەرمووی ئەوە جبریل بوو ﷺ ئەگەر نزیك تر ببوایەتەوە دەیبرد[1].

دوای ئەوە ، ئەوەی ئەبوجەهل کردی بەپێغەمبەر ﷺ ، بوە هۆی موسوڵمان بوونی (حەمزە) ﷺ کە باسەکەی دێت.

سەرانی قورەیشیش هێشتا خەریك بوو بیرۆکەی لەناوبردنەکە لەدڵیاندا دەگەیشت ، (إبن إسحاق) لە (عبدالله)ی کوڕی (عەمر)ە وە دەگێڕێتەوە ، دەڵێت: چوومە لایان لە (حجر) کۆببوونەوە ، باسی پێغەمبەری خوایان کرد ﷺ وتیان : هەرگیز نەماندیوە ئەوەندەی ئەو پیاوە لەگەڵ کەسی تردا دان بەخۆدا بگرین ، لەسەر کارێکی زۆر گەورەش ئاراممان گرتوە ، لەوکاتەدا پێغەمبەری خوا ﷺ دەرکەوت ، هات هەتا رووکنی وەرگرت ، پاشان بەلایاندا گوزەراو تەوافی کرد ، بەهەندێك قسەی بێ تام لاقرتێیان پێکرد ، ئەوەم لەنێوچەوانی پێغەمبەردا ﷺ بەدی کرد ، کەجارێکیتر بە بەردەمیاندا هاتەوە ، هەمان شتیان کردەوە ، دیسان و لەدەموچاویدا هەستم پێکردەوە ، پاشان بۆ جاری سێیەم تێپەڕیەوە بەهەمان شێوەیان کردەوە ، هەستاو پاشان فەرمووی : (ئەرێ تاقمی قورەیشیان ئایا گوێ دەگرن ، سوێندم بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ، قوربانیم هێناوە بۆ سەر بڕین) قورەیش قسەکەیان بەجددی وەرگرت، هەتا وایان لێ هات هەروەکو باڵندە لەسەر سەریان نیشتبێتەوە نەدەجوڵان ، بەشێوەیەك توندوتیژترینیان لە باشترین جێگەدا دایناو وتی: (أبو القاسم) تکایە بلاوەی لێ بکەن سوێند بێت بە خوا تۆ پیاوێکی نەزان نیت.

بۆ سبەینێ کۆبوونەوە باسیان دەکرد ، لەپڕ لێیانەوە دەرکەوتەوە ، بە هەموویانەوە هەڵیانکوتایە سەری ، چواردەوریان گرت ، یەکێکیان یەخەی کراسەکەی گرت ، ئەبوبەکر نەیهێشت ، دەگریاو دەیوت: ئایا پیاوێك دەکوژن کە تەنها دەڵێت خوا پەروەردگارمە؟ ئەنجا بلاوەیان لێ کرد.(إبن عمرو) دەڵێت: ئەمە سەختترین هەڵوێست بوو من لە قورەیشم بینی ، کە لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ کردبێتیان[2]. (بەکورتی کۆتایی هات).

لەگێڕانەوەکەی بوخاریدا لە عروەی کوڕی زوبێرەوە هاتوە ، دەڵێت: ووتم بە (عمرو)ی کوڕی (عاص) هەواڵم بدەرێ لەبارەی توندترین کاری موشریکانەوە کە لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ کردبێتیان وتی: کاتێك پێغەمبەر ﷺ لە ژووری کابەدا نوێژی دەکرد (عقبە)ی کوڕی (ابی معیط) هات ، کراسەکەی ئالاند لە ملی ، توند گرێیدا ،

---

1 إبن هشام ١ ٢٩٨،٢٩٩

2 إبن هشام ١ ٢٨٩،٢٢٩٠

ئەبوبەکر پەیدابوو هەردوو شانی (عقبە)ی گرت و، لە پێغەمبەری دووریخستەوە ﷺ و فەرمووی: ئایا ئێوە پیاوێك دەکوژن کە تەنها دەڵێت خوا پەروەردگارمە؟[1].

لە فەرموودەکەی (اسماء)یشدا: دەنگێك کەوتە بەرگوێی ئەبوبەکر ، وتی: ئەبوبەکر بگە بە هاوڕێکەت ، ئەنجا لای ئێمە خێرا دەرچوو ، چوار پرچی شۆڕی بەسەرەوە بوو ، لەگەڵ دەرچوونەکەیدا هاواری ئەکرد : ئایا پیاوێك ئەکوژن : تەنها لەبەر ئەوەی ئەڵێت خوا پەروەردگارمە ؟ ئەنجا قورەیشیەکان سەرقاڵی بوون و هاتن بەرەو رووی ئەبوبەکر ، کەهاتەوە لامان هیچی بەسەرەوە نەمابوو ، پێمان نەزانی تاهاتەوە لامان[2] .

موسوڵمـــان بوونی (حـــەمزە ﷺ)

لەناو ئەو کەشوهەوا پڕ لە هەوری ستەم و دەستدرێژیەدا بروسکە چەخماخەی داو ڕێگەی ژێر دەستەکانی ڕۆشن کردەوە، ئەو ڕووداوەش بریتی بوو لەموسڵمانبوونی حەمزە ﷺ، لەکۆتاییەکانی ساڵی شەشەمی پێغەمبەرێتیدا موسوڵمان بوو، زیاتر پێدەچێت لەمانگی (ذی الحجة) دا موسوڵمان بووبێت.

هۆی موسوڵمان بونیشی ئەوەیە جارێکیان (أبوجهل) بەلای پێغەمبەردا ﷺ تێپەڕی لە (سەفا) بوو ، دەستی بۆ بردو ئازاریدا ، پێغەمبەری خوا ﷺ بێ دەنگ بوو هیچی نەوت ، پاشان (أبوجهل) بەردێکی کێشا بەسەری پیرۆزیدا بریندار کرد، هەتا خوێنی لێهات، ئەنجا وازی لێ هێناو چووەوە یانەی قورەیشیان لەناو کابەداو ، لەگەڵیان دانیشت ، کەنیزەکێکی (عبداللە)ی کوڕی (جدعان) ماڵەکەیان لەسەر (سەفا) بوو چاوی لێبوو، حەمزە لە ڕاو دەگەڕایەوە تیروکەوانەکەی لەملدا بوو، کەنیزەکە چوو بەدەمیەوەو چی لە (أبو جهل) دی بوو بۆی گێڕایەوە ، حەمزە تووڕە بوو – نەبەردترین و ئازاترین گەنجی قورەیشیی بوو – بەپەلە ڕۆشت ، لەگەڵ کەس نەوەستا ، خۆی ئامادە کردبوو بۆ (أبو جهل) کە پێی گەیشت لێی بدا ، کەچووە مزگەوتەوە لەسەر سەری وەستاو ، پێی وت: وەستای فیتنە ، ئایا جنێو بە برازاکەم دەدەیت لەکاتێکدا من لەسەر ئایینی ئەوم ؟ پاشان بە کەوانەکەی کێشای بەسەریدا بە خراپی بریندای کرد ، چەند پیاوێك لەخێڵی (بنی مخزوم) – خێڵەکەی أبو جهل– ورووژان و، (بنو هاشم) – خێڵی حەمزە –

---

[1] . صحيح البخاري ، باب ماذكر مالقي النبي ﷺ واصحابه من المشركين بمكة ١ ٥٤٤

[2] . مختصر سيرة الرسول ، نوسينی شێخ عبداللە ی نەجدی ل ١١٣

ورووژان ، (أبو جهل) هاواری کرد: واز له (أبو عماره) – واته حەمزە – بهێنن ، چونکە جنێوی خراپم بە برازاکەی داوە[1].

لە سەرەتا موسوڵمان بوونی حەمزە بریتی بوو لە تووڕە بوونی پیاوێك لەبەر سوکایەتی کردن بەکەسەکەی ، پاشان خوای گەورە دڵی گوشاد کردو دەستی گرت بەم پەیامە پیرۆزەوە[2] ، موسوڵمانەکانیش زۆر شانازیان پێوە دەکرد.

موسوڵمان بوونی (عومەر) ی کوڕی (خەطاب) ﷺ

هەر لەو کەش و هەوا پڕ لە جەورو ستەمەدا بروسکەیەکی‌تر چەخماخەی‌داو ، ڕووناکیەکی زۆرتری هەبوو لە چەخماخەی یەکەم ، ئەویش موسوڵمان بوونی عومەری کوڕی خەتاب بوو ﷺ ، لەمانگی (ذي‌الحجة)ی ساڵی شەشەمی پێغەمبەرێتیدا موسوڵمان بوو[3]، ئەمەش پاش سێ ڕۆژ بوو لە موسوڵمان بوونی حەمزە ﷺ[4] ، پێشتر پێغەمبەر ﷺ نزای کرد بوو بۆ موسوڵمان بوونی: (ترمذی) لە (إبن عمر)ەوە دەری هێناوەو بەڕاستی دەزانێت ، هەروەها (طبرانی) لە (إبن مسعود) و (أنس)ەوە دەگێڕێتەوە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (خوایە بە خۆشەویستترینی یەکێك لەم دوو پیاوە ئیسلام سەربخەیت : بە عومەری کوڕی خەتاب یان بە (أبی جهل)ی کوڕی هشام) دەرکەوت خۆشەویسترینیان عومەری کوڕی خەتابە ﷺ[5].

پاش چاوگێڕانیش بەهەموو ڕیوایەتەکاندا کە لەبارەی موسوڵمان بونیەوە گێڕاونەتەوە دەردەکەوێت کە بەشێوەیەکی لەسەرخۆ ئیسلامەتی چووەتە دڵیەوە ، پێش ئەوەی باسی کورتەی بەسەرهاتەکە بکەین پێمان باشە ئاماژە بە سیفاتە سۆزداریی و پڕ لە هەستەکانی بکەین ﷺ.

عومەر ﷺ بەتەبیعەت تیژیی و ئازایەتی ناسراو بوو، چەندین جار موسوڵمانەکان ئازاریان بەدەستی چەشتبوو، دیارە کە لەناخیدا هەستێکی دژبەیەك لە کێشەدا بوو ، ڕێزگرتنی لەو نەریتانەی باووباپیران دایان نابوو ، ئالوودەبوونی لەگەڵ ئارەزوەکانی سەرخۆش و ڕابواردنیشدا ، پاشان سەرسوڕمانی بەڕەقی موسوڵمانەکان و بەرگە گرتنیان لەبەردەم بەڵاکاندا لەپێناو بیروباوەڕدا ، پاشان ئەو هەموو گومانەی ڕووی کردبووە دڵی – وەك هەموو بیرمەندێك – لەوەدا کە لەوانەیە ئەوەی ئیسلام

---

1 مختصر سيرة الرسول ﷺ نوسینی (شێخ محمد بن عبد الوهاب) ل٦٦، رحمه للعالمين ١ ٦٨، إبن هشام ١ ٢٩١

2 ڕیوایەتێك بەڵگەیە لەسەری شێخ عەبدوڵلای نەجدی باسی کردوە لە (مختصر السيره)دا ل١٠١

3 تاريخ عمر بن خطاب نوسینی (إبن الجوزي) ل١١

4 باسی ئەوەش دێت

5 الترمذي ، أبواب المناقب ، مناقب ابی حفص ، عمر بن الخطاب ٢ ٢٠٩

خەڵکی بۆ بانگ دەکات گەورەترو پاکتربێت لەهی تر ، بۆیە کەهەڵدەچوو بەزوویش خاو دەبووەوە . (وتەی محمد غەزالی‌یە)[1].

کورتەی گێڕانەوەکان پاش کۆکردنەوەی هەموویان – لەبارەی موسوڵمان بونیەوە ئەوەیە شەوێکیان بەناچاری لە ماڵ دەچێتە دەرەوە– دەچێتە ناو حەرەم و ، دەڕواتە ناو سیتری کابەوە ، لەوێدا پێغەمبەر ﷺ نوێژدەکات و تازە دەستی کرد بوو بە خوێندنی سورەتی (الحاقە) . عومەر گوێی لێ دەگرێت ، دەکەوێتە ژێر کاریگەری وشەکانیەوە ، دەڵێت: لەدڵی خۆمدا وتم : وەڵڵاهی هەروەکو قورەیش دەڵێن ، ئەمە شاعیرە ، ئەنجا ئەمەی خوێندەوە : ﴿ إِنَّهُ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ {٤٠} وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَاعِرٍ قَلِيلًا مَا تُؤْمِنُونَ {٤١} ﴾ الحاقە ، دەڵێت: وتم فاڵگرە ، فەرموی : ﴿ وَلَا بِقَوْلِ كَاهِنٍ قَلِيلًا مَا تَذَكَّرُونَ {٤٢} تَنزِيلٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ {٤٣} ﴾ هەتا کۆتایی سورەتەکە دەڵێت : ئیدی ئیسلام چووە دڵمەوە[2].

ئەوە کەوتنی یەکەم تۆوی ئیسلام بوو لەدڵی عومەردا ﷺ ، بەڵام توێکڵی ڕەوتە جاهیلیەکەو، دەمارگیریە باوەکەو، شانازی کردن بەئاینی باپیرانەوە بەسەریدا زاڵ بوو بوو، هەمیشە دەی چرپاند بەگوێی دڵیدا ، شێلگیرانە دژ بە ئیسلام کاری دەکردو ، گوێی نەئەدایە ئەو هەستەی لەپشت ئەو توێکڵەوە خۆی حەشار دابوو.

هەر لەبەر ئەو تەبیعەت توندی و دژایەتی کردنەی بۆ پێغەمبەر ﷺ ، جارێکیان شمشێری هەڵگرت و بەنیازی لەناو بردنی پێغەمبەر ﷺ چووە دەرەوە . لە ڕێگەدا (نعیم)ی کوڕی (عبدالله النحام العدوی) بینی[3]، یان پیاوێك لەخێڵی (بنی زهرە)[4] . یان پیاوێك لەخێڵی (بنی مخزوم)[5]، پێی وت: نیازی کوێت هەیە (عومەر)" وتی : ئەمەوێت موحەممەد بکوژم ، کابرا وتی: ئیدی چۆن لەدەست (بنی هاشم) و (بنی زهرە) قوتارت دەبێت ئەگەر موحەممەد بکوژیت؟ عومەر پێی وت: هەرچی سەیرت دەکەم تۆش وازت

---

[1] فقه السیرة ل ٩٣،٩٢

[2] / تاریخ عمربن الخطاب نوسینی (ابن الجوزی) ل٦، ریوایەتێکی (ابن إسحاق) کە لە (مجاهد) و (عطاء)ەوە دەیگێڕێتەوە لەمەوە نزیکە ، بەڵام لەکۆتاییەکەیدا لەو جیایە ، سەیرکە (سیرە إبن هشام) ١ ٣٤٦-٣٤٨، هەروەها ئەوەی (إبن الجوزی) لە(جابر)ەوە هێناویەتی لەمەوە نزیکە، ئەویش لەکۆتاییدا جیادەبێتەوە، بڕوانە (تاریخ عمربن الخطاب) ل٩ . ١٠

[3] . ئەمە لەسەر ریوایەتەکەی (إبن إسحاق)ە ، سەیرکە (إبن هشام)١، ٣٤٤

[4] / ئەمەی لە(انس)ی کوڕی (مالیك)ەوە گێڕاوەتەوە، بڕوانە (تاریخ عمربن الخگاب) ل١٠ و، مختصر سیرە الرسول نوسینی شێخ عبدالله ی نەجدی ل١٠٣

[5] / ئەوەی لە (إبن عباس)ەوە گێڕاوەتەوە ، بڕوانە دوا سەرچاوە ل١٠٢

لەو ئایینە هێناوە کە لەسەری بویت ، کابرا پێی وت: ئەرێ عومەر هەواڵێکی سەیرترت پێ بڵێم ! خوشکەکەت و زاواکەت وازیان هێناوەو چوونە سەر ئایینی موحەممەد ، عومەر بەڕەقی و تورەییەوە هەستا چوو بۆماڵی خوشکەکەی ، خەبابی کوڕی ئەرەتیان لەلابوو هەردووکیانی فێری قورئان دەکرد ، لاپەڕەیەکیش لە سورەتی (طـه) پێ بوو بۆی دەخوێندنەوە ، لەپشتیانەوە بۆی دەخوێندنەوە ، کە خەباب هەستی کرد بەهاتنی عومەر لەماڵەکەدا خۆی حەشاردا ، (فاطمة)ش . خوشکەکەی عومەر . لاپەڕەکەی شاردەوە . کاتێکیش عومەر لە دەرگای ماڵەکە نزیك بووبووەوە گوێی لەدەنگی خەباب بوو بۆی دەخوێندەوە ، کە هاتە ژوورەوە وتی: ئەو دەنگە چی بوو کە لەئێوەم دەبیست؟ وتیان: تەنها قسەوباسێکی نێوان خۆمان بوو ، وتی: لەوە دەچێت لەئایینی خۆتان هەڵگەڕابنەوە ، زاواکەی پێی وت: ڕات چییە ئەگەر ڕاستی لەئایینەکەی تۆدا نەبێت؟ عومەر هەر ئەمەی بیست هەڵی کوتایە سەری و بەتوندی لێیدا ، (فاطمة)ی خوشکی ویستی لەژێر دەستیدا مێردەکەی دەربهێنێت ، زللەیەکی توندی کێشا بەدەم و چاوی ئەویشدا خوێنی لێهات . لە گێڕانەوەکەی (إبن إسحاق)دا دەڵێت: لێیداو بریندارى کرد . ئەنجا (فاطمة) بە تورەییەوە پێی وت: ئەرێ عومەر چیت دەوێت ئەوەتا هەق لە ئایینەکەی تۆدا نییە ، شایەتیدا جگە لە خوا هیچ پەرستراوێکی تر مافی پەرستنیان نیەو ، شایەتی بدە کە موحەممەد پێغەمبەری خوایە.

کە عومەر نائومێد بوو ، بینی خوێن لە دەم و چاوی خوشکەکەی دێتە خوارەوە پەشیمان بوەوەو شەرم دایگرت ، وتی: ئەو نوسراوەم بدەنێ کە لاتانە با بیخوێنمەوە ، خوشکەکەی وتی: تۆ پیسی ، تەنها پاکان دەستی لێدەدەن ، هەستە خۆت بشۆ ، هەستاو خۆی شۆرد ، ئەنجا نوسراوەکەی بەدەستەوە گرت ، خوێندیەوە :﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ ﴾ وتی: ئەمانە کۆمەڵێك ناوی پاك و پیرۆزن ، پاشان (طـــه)ی خوێند ، هەتا گەیشتە ﴿ إِنَّنِي أَنَا اللَّهُ لا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدْنِي وَأَقِمِ الصَّلاةَ لِذِكْرِي ﴾ (طـه : ١٤)، وتی: ئای ئەم گوتانە کە جوان و شکۆدارن ، ئادەی موحەممەدم نیشان بدەن.

کە (خباب) قسەکەی عومەری گوێ لێ بوو هاتە دەرەوە ، وتی: مژدە بێت عومەر ، لە خوا داواکارم کەنزاکەی پێغەمبەر ﷺ بێ بۆت کە شەوی پێنج شەممە فەرمووی: (خوایە ئیسلام سەربخە بەعومەری کوڕی خەتاب یان بەئەبوجەهلی کوڕی هشام) پێغەمبەری ﷺ خواش لەناو ئەو خانوەدایە کە لەناو قەدی (سەفا) دایە.

عومەر شمشێرەکەی بەدەستەوە گرت ، چووە ماڵەکە ، دای لە دەرگا ، پیاوێك لە کونی دەرگاکەوە سەیری کرد ، بینی عومەرە شمشێرەکەی بەدەستەوەیە ، خێرا

هەواڵی‌دا بە پێغەمبەر ﷺ ، هەموویان کۆبوونەوە ، حەمزە پێی وتن: چیتانە ؟ وتیان: عومەرە ، وتی: جابا عومەر بێت ، ئادەی دەرگاکەی بۆ بکەنەوە ، ئەگەر خێری بوێت بۆی دەکەین ، ئەگەر بۆ شەڕیش هاتبێت بە شمشێرەکەی خۆی دەیکوژین ، پێغەمبەری خوا ﷺ وەحی بۆ دەهات ئەنجا هاتە دەرەوە لە ژوورەکەدا عومەری بینی ، بەرۆك و تاقمەکەی عومەری گرت و بەتوندی ڕای وەشاند ، پێی فەرموو: هێشتا واز ناهێنیت (عومەر) هەتا سەرشۆڕیەکەی (وەلید)ی کوڕی (موغەیرە)ت بەسەردا نەیەت ؟ خوایە ! ئەوە عومەری کوڕی خەتابە ، خوایە بە عومەری کوڕی خەتاب ئیسلامەکەت سەر بڵند بکە ، عومەر دەستبەجێ فەرموی: (أشهد أن لا إله إلا الله ، وأنّك رسول الله) موسوڵمان بوو موسوڵمانەکانی ناو ماڵەکە دەستیان کرد بەگوتنی (الله أكبر) بەشێوەیەك خەڵکی مزگەوت گوێیان لێیان بوو[1].

بەڕاستی عومەر خاوەنی ئازایەتیەکی کەم وێنە بوو ، موسوڵمان بوونی هەرایەکی لەناو موشریکاندا دروست کرد سەرشۆڕو زەلیلی کردن و ، پۆشاکی سەر بڵندی و پایە بەرزی و ئاسوودەیی بەموسوڵمانانیش بەخشی.

(إبن إسحاق) بە سەنەدێکی خۆی لە (عمر)ە وە دەگێڕێتەوە ، عومەر فەرموی: کە موسوڵمان بووم توندو تیژیی و دوژمنایەتی خەڵکی مەککەم کەوتەوە بیر بۆ پێغەمبەر ﷺ ، دەڵێت : وتم : ئای ئەبوجەهل ، خێرا چووم تەقەمدا لە دەرگاکەیان هاتە دەرەوە ، وتی: بەخێر بێیت ، چی تۆی هێناوە بۆ ئێرە ؟ وتی: هاتووم پێت بڵێم کە باوەڕم هێناوە بە خواو موحەممەدی پێغەمبەری و، متمانەشم داوە بەو پەیامەی هێناویەتی ، دەڵێت : دەرگاکەی بەسەردا داخستم و، وتی : خوا لەناوت بەرێت ، بەڕاستی شتێکی خراپت هێنا[2].

(إبن جوزی) دەڵێت: عومەر فەرمووی : هەرپیاوێك موسڵمان ببوایە پیاوانی لێ کۆ دەبوەوە لێیان دەداو ئەویش لێی دەدان ، کاتێك موسڵمان بووم چووم بۆ لای خاڵم ، کە (عاصی) کوڕی (هاشم)ە ، هەواڵم دایە چووە ژورەوە ، دەفەرموێت چووم بۆ لای گەورە پیاوێکی قوڕەیش ، کە لەوانەیە ئەبوجەهل بێت ، هەواڵم دایە ، ئەویش لە داخاندا چووە ژوورەوە[3].

هەروەها (إبن هشام) و (إبن الجوزی)یش بەکورتی دەگێڕنەوە، کە عومەر رضي الله عنه موسوڵمان بوو هات بۆ لای (جمیل)ی کوڕی (معمر الجمحی) – دەم نەوێستاوترین

---

[1] / تاریخ عمر بن الخطاب ل٧،١٠،١١ ، مختصر سیرە الرسول نوسینی شێخ عبدالله ی نەجدی ل١٠٢،١٠٣، إبن هشام ١/٣٤٤-٣٤٦

[2] / دوا سەرضاوة ١/٣٤٩، ٣٥٠

[3] ، تاريخ عمر بن الخطاب ، نوسینی (إبن الجوزی) ل٨

پیاوی قورەیش بوو – عومەر هەواڵی دایە کە موسوڵمان بوە ، (جمیل) بەدەنگی بەرز هاواری کرد (إبن الخطاب)یش لە ئایین هەڵگەڕایەوە ، عومەر بەدوایەوە بوو دەیوت: درۆ ئەکا من موسوڵمان بووم ، لێی ورووژان ، کەوتە شەڕ لەگەڵیاندا هەتا خۆر لەسەریان گەرم بوو ، ئیدی عومەر ماندوو بوو دانیشت . هاتنە سەری ، پێی وتن : چیتان لە دەست دێت بیکەن ، سوێند بەخوا دەخۆم ئەگەر سێ سەد پیاو بوینایە یان بۆمان بەجێ دەهێشتن یان دەبوایە بەجێتان بهێڵایە[1].

دوای ئەوە موشریکان چون بۆ ماڵەکەی ویستیان بیکوژن . (بوخاری) لە (عبداللە)ی کوڕی (عمر)ە وە دەگێڕێتەوە فەرمووی: لەکاتێکدا عومەر بەترسەوە لە ماڵەکەیدا بوو، (عاص)ی کوڕی (وائل السهمی) . (أبو عمرو) هات بۆ لای ملوانکەیەکی جوان و کراسێکی ڕووپۆش بە ئاوریشمی لەبەردا بوو ، لەخێڵی (بنی سهم) بوو ، ئەمانە لە جاهیلیەتدا پشتیوانی ئێمە بوون ، پێی وت: چیتە؟ فەرموی: خێڵەکەت ئەڵێن : ئەگەر موسوڵمان بوبم دەمکوژن ، وتی ڕێگەیان پێ نادرێت بگەنە لات . پاش ئەوەی ئەم قسەیەی کرد ئیتر دڵنیا بووم . (عاص) چووە دەرەوە ، بینی خەڵکی ناو دۆڵەکەیان پڕکردوە ، پێی وتن : بۆ کوێ ئەچن ؟ وتیان: ئەوە عومەری کوڕی خەتابە لە ئایین هەڵگەڕاوەتەوە . وتی: ڕێگە نیە ، ئیدی خەڵکەکە بیرێکیان کردەوە[2]. لەگێڕانەوەیەکی (إبن إسحاق) دا: وەڵڵاهی وەکو پۆشاکێك وابوون لەسەری لاچووبن[3]

ئەمە سەبارەت بە موشریکان ، سەبارەت بە موسوڵمانەکانیش ، موجاهید لە (إبن عباس)ەوە ئەگێڕێتەوە : دەڵێت: پرسیارم کرد لە عومەری کوڕی خەتاب ، بەهۆی چیەوە ناونرایت (الفاروق) فەرمووی: حەمزە پێش من بە سێ ڕۆژ موسوڵمان بوو . پاشان بەسەرهاتی موسوڵمانبوونەکەی بۆ گێڕایەوەو لەکۆتاییدا فەرموی : وتم : واتە دوای ئەوەی موسوڵمان بووم . پێغەمبەری خودا ئایا ئێمە بژین و بمرین لەسەر هەق نین ؟ فەرموی : بەڵێ ! سوێندم بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ، ئێوە بژین و بمرن لەسەر هەقن ، فەرمووی ، منیش وتم : ئیتر بۆچی خۆمان بشارینەوە ؟ وتم : سوێندم بەو کەسەی تۆی بەهەق ناردووە دەڕۆینە دەرەوە ، بردمانە دەرەوە لە دوو ڕیزدا ، حەمزە لەیەکێکیاندا بوو ، منیش لەوی تریاندا بووم دەنگی پێمان لە خرمەی هاڕینی باراش دەچوو، هەتا چووینە مزگەوتەوە . دەفەرموێت: قورەیش سەیری من و

---

1. هەمان سەرچاوە ل٨ ، إبن هشام ١ ٣٤٩,٣٤٨
2. إبن هشام ١ ,٣٤٩
3. صحيح البخاري . باب إسلام عمر بن الخطاب . ١ ٥٤٥

حەمزەیان دەکرد ، تووشی خەمۆکیەك بوون پێشتر شتی وایان بەسەردا نەهاتبوو ، لەو رۆژەوە پێغەمبەر ﷺ ناوی نام (الفاروق)[1].

(إبن مسعود) یش ﷺ دەیفەرموو: نەماندەتوانی لەپاڵ کابەدا نوێژ بکەین هەتا عومەر موسوڵمان بوو[2].

لە (صهیب)ی کوڕی (سنان الرومی)یەوە ﷺ فەرموی: کە عومەر موسوڵمان بوو ئیسلامەتی دەرکەوت و، بەئاشکرا بانگی بۆ دەکراو، لە دەوری کابە بەئەڵقە دادەنیشتین ، تەوافی بەیتمان دەکرد ، هاوتاییمان دەکرد لەگەڵ ئەوانەدا کە لەگەڵماندا توند بوون و ، ڕەدی هەندێك لەوانەشمان دەدایەوە کە قسەیان دەکرد[3].

هەروەها لە (إبن مسعود)ەوە فەرمووی: لەو کاتەوە عومەر موسوڵمان بوو سەرمان بڵند بوو[4].

نوێنـەری قورەیش لەبـەردەمی پێغـەمبـەری خـوادا ﷺ

پاش موسوڵمان بوونی ئەو دووپاڵەوانە ڕێزدارە – حەمزەی کوڕی عەبدول موتەلیب و عومەری کوڕی خەطاب ﷺ – هەوری خەمەکان دەڕەوینەوە موشریکانیش بۆ سزادان و ئەشکەنجەدانی موسوڵمانەکان بەئاگا هاتنەوەو ، هەوڵیاندا سەودایەك لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ بکەن بەڕشتنی هەر نازو نیعمەتێك پێویست بکات بەسەریدا ، هەتا وازی پێ بهێنن لە بانگەوازەکەی ، ئەو هەژارانە بەوەیان نەدەزانی هەرچیەك خۆری لەسەر هەڵدێت لەبەردەم بانگەوازەکەیدا بەهای باڵی مێشولەیەکی نیە ، هەرچیەکیان ویست نائومێد بوون و شکستیان هێنا.

(إبن إسحاق) دەڵێت: (یزید)ی کوڕی (زیاد) لە (محمد)ی کوڕی (کعب القرظی) یەوە بۆی گێڕایەوە وتی: (عتیبە)ی کوڕی (ربیعە) ، پیاوماقوڵێك بوو، جارێکیان لەیانەکەی قورەیشدا وتی: ئەی خێڵی قورەیش بۆ نەچم بۆلای موحەممەدو قسەی لەگەڵدا بکەم ؟ . لەوکاتەدا پێغەمبەر ﷺ بەتەنها لە مزگەوتەکەدا بوو . (عتیبە) وتی: دەچم هەندێك پێشنیار دەخەمە بەردەستی لەوانەیە بەهەندێکیان ڕازی بێت ، چی ویست دەیدەینێ و ، وازمان لێ بێنێت ؟ ئەمە کاتێك بوو حەمزە موسوڵمان بوو بوو، هاوەڵانی پێغەمبەریش ﷺ زیاترو

[1] تاریخ عمر بن الخطاب نوسینی إبن الجوزی ٦–٧
[2] مختصر سیرة الرسول . نوسینی شێخ عبدالله ی نەجدی ل١٠٣
[3] تاریخ عمر بن الخطاب ، نوسینی (إبن الجوزی) ل١٣
[4] صحیح البخاری . باب إسلام عمر بن الخطاب ١ ٥٤٥

زۆرتر دەبوون ، وتیان : ئەی بۆ نا ، (أبو الولید) هەستە برۆ بۆلای ، قسەی لەگەڵدا بکە ، (عتبە) چوو بۆلای ، هەتا لەنزیکیەوە دانیشت ، وتی: ئەریّ برازا ، تۆ خۆت دەزانی چ پلەو پایەیەکت لەناو خێڵ و چ رێزێکت لەناو خزماندا هەیە ، ئەوەی تۆ هێناوتە بۆ کەسەکانت کارێکی گەورەیەو بەهۆیەوە دوبەرەکیت تێخستوون ، گاڵتە بەعەقڵیان دەکەیت ، ئایینی باووباپیرانت عەیبدار کردووە ، هەرچیەکیش باپیرانیان کردویانە تۆ بە کوفری دەزانیت ، گوێم لێ بگرە هەندێك کاروبار دەخەمە بەردەستت بیرێکی لێبکەیتەوە ، لەوانەیە هەندێکیان قەبوڵ بکەیت ، دەڵێ ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : (أبو الولید) هەر چیەکت هەیە بیڵێ گوێم لێتە ، وتی : برازا ، ئەو شتەی تۆ هێناوتە ئەگەر ماڵت پێی دەوێت ، هەمووومان ماڵ و سامانی خۆمانت بۆ کۆدەکەینەوە هەتا دەبیتە دەوڵەمەندترینمان ، ئەگەر گەورەییت دەوێت دەتکەینە سەرۆکی خۆمان ، هیچ کارێك بە بێ تۆ ناکەین ، ئەگەر مەلیکایەتیت دەوێت دەتکەینە مەلیکی خۆمان ، ئەگەر ئەوەش بۆت دێت رێیەکە و ناتوانیت دووری بخەیتەوە لە خۆت ئەوا حەکیمت بۆ بانگ دەکەین ، ماڵ و سامان خەرج دەکەین هەتا چاك دەبیتەوە ، چونکە لەوانەیە تووشی شتێك هاتبیت یان هەروەکو ئەوەی پێ وت : هەتا (عتبە) لە قسەکانی بوەوە ، پێغەمبەر ﷺ بە تەواوی گوێی لێ گرتبوو ، فەرمووی : (أبو الولید) لێ بویتەوە ؟ وتی : بەڵێ ، فەرموی : تۆش گوێ لە من بگرە ، وتی: باشە ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ ، حم (١) تَنْزِيلٌ مِنَ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ (٢) كِتَابٌ فُصِّلَتْ آيَاتُهُ قُرْآناً عَرَبِيّاً لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ (٣) بَشِيراً وَنَذِيراً فَأَعْرَضَ أَكْثَرُهُمْ فَهُمْ لا يَسْمَعُونَ (٤) وَقَالُوا قُلُوبُنَا فِي أَكِنَّةٍ مِمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ﴾ فصلت ، پاشان پێغەمبەر ﷺ لەسەر خوێندنەوەکەی بەردەوام بوو ، (عتبە) گوێی لێ گرتبوو ، دەستی خستبوە پشتی و پاڵی پێوە دابوەوە ، گوێی لێ دەگرت ، پاشان پێغەمبەر ﷺ گەیشتە سوژدە کە سوژدەی برد ، پاشان فەرموی (أبو الولید) ئەوەیە کە بیستت ، ئەوە تۆو ئەو ، (عتبە) هەستاو چوو بۆلای هاوەڵەکانی ، هەندێکیان بەیەکتریان وت : سوێند دەخۆین بەخوا ئەو رەنگ و رووەی (أبو الولید) هەیەتی ئەوەنە بوو کە پێی رۆیشت ، کە هاتەوە لایان دانیشت ، وتیان : ئەوە چیتە (أبو الولید) ؟ وتی: من گوێم لەقسەیەك بوو ، سوێند بەخوا هەرگیز لەو جۆرەم گوێ لێ نەبوە ، وەڵڵاهی ئەوە نە شیعرە ، نە جادووە ، نە فاڵە ، ئەی خێڵی قورەیش بەگوێم بکەن و ئەمە بخەنە گەردنی من ، واز لەو کابرایە بهێنن و خۆتانی لێ کەنار بگرن ، وەڵڵاهی ئەو قسەیەی من لێم بیست لە داهاتوودا شەوکەتێکی گەورەی دەبێت ، ئەگەر عەرەب

لەناوی بەرن ئەوا بە غەیری خۆتان لەكۆڵتان دەبێتەوە ، ئەگەر بەسەر عەرەبیشدا زاڵ بێت ئەوا موڵكی ئەو موڵكی ئێوەشە ، سەربەرزی ئەو هی ئێوەیە و ، دڵخۆشترین كەس دەبن بە ئەو . وتیان : وەڵڵاهی (أبو الولید) ئەڵێی بە زمانی سیحری لە تۆش كردوە ؟ (عتبە) وتی: ئەوە ڕای منە لەبارەی ئەو پیاوەوە ، چیتان پێ باشە ئەوە بكەن [1].

لە ریوایەتێكی تردا (عتبە) گوێی گرتبوو هەتا پێغەمبەر گەیشتە ئایەتی: ﴿ فإن أعْرَضُوا فَقُلْ أنذَرْتُـكم صاعِقة مِثْلَ صاعقة عادٍ وَ ثَمُـود ﴾ ئیدی (عتبە) بەترس و لەرزەوە هەستاو، دەستی خستە سەردەمی و دەیوت: بیكە بەخاتری خوداو خزمایەتی! لەترسی هەڕەشەكە هەستابوو . ئەوەی وتبوو بەقورەیش كە وتبووی.[2]

(ئەبو طالب)

(بەنی هـاشم) و (بەنی عبد المطلب) كۆ دەكاتەوە

ئاراستەی بارودۆخ و ڕەوشەكە گۆڕانی بەسەردا هات ، بەلأم هێشتا (أبو طالب) ترسی لە برازاكەی هەبوو كە موشریكان شتێكی لێ بكەن ، كە سەیری ڕووداوەكانی پێشتری دەكرد . كاتێك موشریكان هەڕەشەی شەڕیان لەگەڵدا كردبوو، پاشان هەوڵی سەودایاندا لەگەڵیدا بە (عمارە)ی كوڕی (ولید) هەتا پێغەمبەریان بداتێ بیكوژن . هەروەها ڕۆشتنی (ابوجهل) بۆلای بەبەردێك بیكوژێت و، هەوڵی (عقبە) بۆ خنكاندنی برازاكەی بەجلەكانی خۆی و خەریك بوو بیخنكێنێت و هەروەها دەرچوونی (إبن الخطاب) بەشمشێرەكەیەوە بۆ كوشتنی برازاكەی . ئەبوطالب بیری لەو ڕووداوانە دەكردەوەو ، بۆنی شەڕێكی دەكرد دڵی هێنایە لەرزە ، بۆی ساغ بوبوەوە كە موشریكان بڕیاری شاردنەوەی ئۆباڵی ئەم دەدەن و، برازاكەی دەكوژن ، ئەوجا (حەمزە) یان (عومەر) یان هەر كەسێكی تر هیچ دادێكی نادەن ئەگەر كەسێك هەڵی كوتایە سەر برازاكەی و لە ناكاودا كوشتی.

(ابوطالب) لەمە دڵنیابوو، لەسەر هەقیش بوو، ئەوان بەئاشكرا كۆبوونەوە بۆ كوشتنی پێغەمبەر ﷺ ، قورئان ئاماژەی كردووە بەو بڕیارەی قورەیش و فەرمویەتی : ﴿أم أبـرَموا أمْراً فإنـا مُبْرَمونْ ﴾ الزخرف/٧٩ كەواتە دەبێت (أبو طالب) چی بكات !

---

[1] / إبن هشام ١ ٢٩٣.٢٩٤
[2] , تفسیر ابن كثیر ٦ ١٥٩ . ١٦١

که بینی قورەیش گردبونەتەوە دژ بەبرازاکەی ، هەستا لەناو بنەماڵەکەیدا لە (بنی هاشم) و بنی (عبد المطلب) کە هەردوو ڕۆڵەی (عبد مناف) بوون ، بانگی کردن بۆ بەرگری کردن لە برازاکەی و پشتیوانی کردنی ، ئەوانیش بە موسوڵمان و کافرەوە وەك دەمارگیریی هاوسێیەتی عەرەبی هاتن بەدەمیەوە ، تەنها (ابو لهب)ی برای نەبێت ، کە لەوان جیابوەوەو لەگەڵ قورەیشدا بوو [1].

پەیوەندی دابڕینی گشتی

سەبارەت بەموشریکان ، چوار ڕووداوی گەورە لەماوەی چوار هەفتەدا ، یان لە کەمترین ماوەدا ڕوویاندا ، لەوانە ، موسوڵمان بوونی حەمزە ، پاشان عومەرو ، پاشان ڕەتکردنەوەی سازشی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵیانداو، پاشان یەکگرتنی (بنو مطلب) بە موسوڵمان و کافرەوە بۆ پاراستنی ژیانی پێغەمبەرو بەرگریی لێ کردنی ، موشریکان سەرسام بووبوون ، ناهەقیشیان نەبوو ، ئەوان دەزانن ئەگەر موحەممەد بکوژن خوێنی هەمویان لەشیوی مەککەدا دەڕژێت ، لەوانەشە ببێتە هۆی لە ڕەگەوە دەرکێشانیان ، ئەوەیان دەزانی بۆیە بیریان لەزوڵمێکی تر دەکردەوە جگە لە کوشتن ، بەلاّم کاریگەرتر لەوەی دوایی کردیان.

پەیمانـنامەی ستەم و دەست درێژی

هەموو قورەیش لە (ضیف)ی (بنی کنانە) لە شیوی (المحصب) کۆبونەوەو پەیمانیاندا دژ بە (بنی هاشم) و (بنی عبد المطلب) کە ئیتر لەمەودوا نە ژن و ژنخوازی و، نە کڕین و فرۆشتن و ، هاودەمیی کردن و، تێکەلاّوی و، هاتوچۆو ، قسەیان لەگەڵدا نەکەن ، هەتا پێغەمبەریان تەسلیم نەکەن بۆ کوشتنی ، لەو بارەیەوە پەیماننامەیەکیان نووسی چەند بەڵێن و پەیمانێکی تێدابوو کە (هەرگیز هیچ جۆرە سوڵحێکیان لەگەڵدا نەکرێت و ، بەزەییان پیایاندا نەیەتەوە ، هەتا پێغەمبەریان تەسلیم دەکەن بۆ کوشتنی)

(إبن القیم) دەڵێت گوتراوە: کە (منصور)ی کوڕی (عکرمە)ی کوڕی (هاشم) نوسیویەتی ، گوتراویشە کە (نضر)ی کوڕی (حارث) نوسیویەتی ، بەلاّم قسەی ڕاست ئەوەیە کە (بغیض)ی کوڕی (عامر)ی کوڕی (هاشم) نوسیویەتی ، پێغەمبەر ﷺ نزای لێ کردوە هەردوو دەستی ئیفلیج بوون [2].

---

[1] إبن هشام ١/٢٦٩، مختصر سیرة الرسول ، نوسینی عبدالله ی نەجدی ل ١٠٦

[2] زاد المعاد ٢ ٤٦

ئەو پەیمانە تەواوبوو بەسترا ، نووسخەکە بەدیواری ناوەوەی کابەدا هەڵواسرا ، هەموو (بنو هاشم) و(بنو عبدالمطلب) بە کافرو موسوڵمانەوە لایەنگر بوون جگە لە (ابو لهب) بۆیە هەموویان لە شیوی (أبوطالب) دا سەرەتای شەوی مانگی (المحرم) ساڵی حەوتەمی پێغەمبەرێتی بەندی کران.

سێ ساڵ لە شیوی (أبو طالب) دا

ئابڵوقەکە توندبوو ، هەموو ئاوو خۆراکێکیان نەما ، موشریکان نەیان دەهێشت هیچ خۆراك و کڕین و فرۆشتن و بازرگانیەك بێتە مەککەو نەیکڕن ، هەتا وای لێهات زۆریان بۆهات کەوتنە خواردنی گەڵای دارو چەرم ، بەشێوەیەك لەپشت شیوەکەوە دەنگی ئاهوحەسرەتی ژن و منداڵەکانیان دەبیسرا کە لەبرساندا هاواریان دەکرد ، مەگەر بە – نهێنی– وەگەرنا هیچ شتێکیان پێ نەدەگەیشت ، لە ڕۆژانی مانگە حەرامکراوەکاندا نەبێت نەیاندەتوانی هیچ ڕۆژێك بۆ شت کڕینیش بێنە دەرەوە ، ئەو کاتانە شمەکیان لەو کاروانانە دەکڕی کە لە دەرەوە دەهاتنە ناو مەککە ، خەڵکی مەککەش نرخی شتەکانیان بەکڕین بەرز دەکردەوە بۆ ئەوەی پێیان نەکڕدرێت.

حەکیمی کوڕی حوزام پێدەچوو گەنمی پێ بێت بۆ خەدیجەی پوری ، ڕ. جارێکیان (أبوجهل) هاتە سەر ڕێ و لێی نەدەبووەوە نەیدەهێشت تا (أبو البختری) کەوتە نێوانیان و ، یارمەتیدا گەنمەکە بۆ پوری بەرێت.

(أبو طالب) زۆر لەگیانی پێغەمبەر ﷺ دەترسا ، بۆیە کاتێك خەڵك بەرەو خەوتن دەڕۆشتن فەرمانی دەدا بە پێغەمبەر ﷺ لە جێگەکەیدا بنوێت ، هەتا ئەو کەسەی نیازی کوشتنی هەیە ئەوە ببینێت ، کە خەڵك دەخەوتن فەرمانی دەدا بەیەکێك لە کوڕەکانی یان براکانی یان ئامۆزاکانی تا لەسەر جێگاکەی پێغەمبەر ﷺ بخەون ، ئەنجا دەی وت بە پێغەمبەر ﷺ کە لەسەر جێگای یەکێکیان بخەوێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ و موسوڵمانەکان لە ڕۆژانی وەرزی حەجدا دەچوونە دەرەوە ، بەخەڵك دەگەیشتن بانگیان دەکردن بۆ ئیسلامەتی ، پێشتریش وتمان کە (أبولهب) چی دەکرد.

هەڵوەشاندنەوەی پەڕەی پەیمانەکە

سێ ساڵی ڕەبەق تێپەڕی کرد ڕەوشەکە وەکو خۆی بوو . لەمانگی موحەڕڕەمی[1] ساڵی دەیەمی پێغەمبەرێتیدا ڕووداوی هەڵوەشاندنەوەی پەڕەکەو دڕاندنی پەیمان نامەکە ڕوویدا ، ئەمەش لەبەرئەوە بوو کەهەندێك لەقوڕەیش پێی ڕازی بوون و هەندێکێشیان پێی ڕازی نەبوون ، بۆیە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەیان دەدا.

ئەوەی بەوکارە هەستا (هشام)ی کوڕی (عمرو) لە (بني عامر بن لؤي) بوو . شەوانە بەنهێنی خواردنی دەبرد بۆ شیوەکە . ئەم پیاوە چوو بۆلای (زهير)ی کوڕی (أبي أميه المخزومي) . دایکی (عاتکە)ی کچی (عبد المطلب) بوو، پێی وت: ئەی زوهەیر ، من بەتەنها چی بکەم ؟ وەڵڵاهی یەك پیاوی ترم لەگەڵدا بوایە ئەو پەیماننامەیەم ئەدڕاند ، وتی: من پیاوێکم دۆزیەوە ، وتی کێیە ؟ وتی: منم ، زوهەیر وتی: کەواتە پیاوی سێیەمم بۆ بدۆزەرەوە.

چوو بۆ لای (أبو البختري)ی کوڕی (هشام) . چی وتبوو بە (مطعم) بەویشیی وت ، وتی: جا کەس هەیە هاوکاری ئەم کارە بکات ؟

وتی: بەڵێ ، وتی: کێیە ؟

وتی: (زهير)ی کوڕی (أميه)و، (مطعم)ی کوڕی (عدي) و، منیش لەگەڵتدام.

وتی: پێنجەممان بۆ پەیدا بکە.

چوو بۆ لای (زمعە)ی کوڕی (أسود)ی کوڕی (المطلب)ی کوڕی (أسد) ، قسەی لەگەڵدا کردو ، باسی خزمایەتی و مافەکانی بۆ کرد . پێی وت: ئایا بۆ ئەو کارەی منی بۆ بانگ دەکەی کەسی تر هەیە ؟

وتی: بەڵێ و ناوی ئەوانی تریشی وت، ئەنجا لە (الحجون) کۆبوونەوەو، پەیمانیان بەست لەسەر هەڵوەشاندنەوەی پەڕەی پەیماننامەکەو ، زوهەیر وتی: من دەست پێ دەکەم و یەکەم کەستان دەبم بۆ ئەو کارە.

بۆ ڕۆژی سبەینێ کەچوونە یانەکانی خۆیان . زوهەیر هاتەدەرەوە ملوانکەیەکی لەملدا بوو ، حەوت جار تەوافی کرد بەدەوری کابەدا ، پاشان ڕووی کردە خەڵك و، وتی: ئەی خەڵکی مەککە ڕەوایە ئێمە نان بخۆین و، جل لەبەر بکەین و، کەچی (بەنی هاشم)یش بەرەو فەوتان بڕۆن و . نەکەس شتیان پێ بفرۆشێت و نەکەس شتیان لێ بکڕێت ؟

[1] بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە(ابوطالب) پاش هەڵوەشاندنەوەی لاپەڕەکە بەشەش مانگ مردووە، ڕاستترینیش ئەوەیە لەبارەی مردنی (ابو طالب)ەوە کە لەمانگی (ڕەجەب) دا بوە، ئەوەش دەڵێ لە ڕەمەزاندا مردوە، مانای وایە پاش هەڵوەشاندنەوەی لاپەڕەکە بە هەشت مانگ و چەند ڕۆژێ مردوە

وەڵلاهی دانانیشم هەتاکو ئەو پەڕە ستەمکارە دوابڕاوە نەدڕێنرێت.

(أبو جهل) – کە لە گۆشەی مزگەوتەکەدا دانیشتبوو – وتی: درۆ ئەکەیت ، وەڵلاهی نابێت بدڕێت ، (زومعە) هەڵیدایەو وتی: وەڵلاهی (أبو جهل) تۆ درۆ ئەکەیت ، ئێمە ڕازی نەبووین بەنووسینی ئەو پەیماننامەیە کاتێك نوسراوە ، ئەنجا (أبو البختری) وتی: (زمعە) ڕاست ئەکا . ئێمە ڕازی نابین بەوەی تێیدا نوسراوەو دانی پێدا نانێین.

(مطعم)ی کوڕی (عدی) وتی: ئێوە ڕاست ئەکەن هەرکەسێکیش وەك ئێوە نەڵێت خۆی و ئەوەی نوسیویەتی دەدەینە دەست خوا.

ئەنجا (هشام)ی کوڕی (عمرو)یش بەو شێوەیەی وت.

ئەبوجەهل وتی: ئەمە کارێکە بەشەو تەگبیری بۆ کراوە ، لەشوێنێکی تردا پرس و ڕای لەسەر کراوە ، (أبوطالب)یش لەلایەکی مزگەوتەکەدا دانیشتبوو ، هات بۆ لایان چونکە خوای گەورە هەواڵی دابوو بەپێغەمبەر ﷺ کە پەڕەی پەیماننامەکە چی لێهاتووەو ، چۆن خۆرەی بۆ ناردووەو ، هەرچی باسێکی تێدایە لە ستەم و دابڕینی پەیوەندی خزمایەتی و زۆرداریی خواردوویەتی جگە لە باسی خودای گەورە ، ئەم هەواڵەی‌دا بەمامی، (ابو طالب) هەستاو چوو بۆلای قورەیش و هەواڵی پێدان کە برازاکەی ئەوەو ئەوەی فەرمووە . ئەگەر درۆی کرد ئێمە لادەچین خۆتان چاری بکەن ، ئەگەر ڕاستیشی کرد دەبێت لەو ستەم و دابڕینە پاشگەز ببنەوە ، وتیان: بەڕاستی بە ویژدانیت.

پاش ئەوەی گفتوگۆ لەنێوان ئەو کۆمەڵەو (أبوجهل)دا بەردەوام بوو، (مطعم) هەستا پەڕەکە بدڕێنێت ، سەیری کرد خۆرە هەمووی خواردووە جگە لە وشەی پیرۆزی (باسمك اللهم) و، هەرچیەك ناوی خودای تێدا بووبێت نەیخوارد بوو.

پاشان پەڕەی پەیماننامەکە هەڵوەشێنرایەوەو ، پێغەمبەر ﷺ و ئەوانەی لە شیوەکەدا لەگەڵی بوون هاتنە دەرەوە ، موشریکان نیشانەیەکی گەورەی پێغەمبەرێتی موحەممەدیان بینی ﷺ ، بەڵام هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَإِنْ يَرَوْا آيَةً يُعْرِضُوا وَيَقُولُوا سِحْرٌ مُسْتَمِرٌّ﴾ القمر/٢ ، بەو نیشانە گەورەیەش ملیان نەداو کوفرەکەیان خەستتر بووەوە[1].

---

[1] / وردو درشتی ئەم دابڕینە لە (صحیح البخاری)دا کۆکردەوە، باب نزول النبی بمکە ١ ٢١٦، باب تقاسم المشرکین علی النبی ١/٥٤٨، هەروەها (زاد المعاد) ٢/٤٦، وە ابن هشام ١/٣٥١,٣٧٤ – ٣٧٧، هەروەها (رحمە للعالمین) ١/٦٩,٧٠، هەروەها (مختصر سیرە الرسول) (نوسینی عەبدوڵلای نەجدی) ل ١٠٦ـ١١٠، هەروەها (مختصرالسیرە) نوسینی (شێخ محمد بن عبدالوهاب النجدی) ل٦٨–٧٣، لەنێوان ئەو سەرچاوانەشدا جیاوازیەکی زۆرکەم دەبینرێ، ئێمەش ئەو ڕایەمان پەسەند کردووە، کە پاش تێڕامان بە لامانەوە باشتربوە

دوایین شاندی قورەیش بۆ لای (أبو طالب)

پێغەمبەری خوا ﷺ لە شیوەکە هاتە دەرەوەو ، دەستی کردەوە بەکارەکەی خۆی ، قورەیشیش هەرچەندە وازیان لەدابڕینەکە هێنابوو، بەلاّم هێشتا کاریان دەکرد بۆ فشار خستنەسەر موسڵمانەکان و ڕێگەگرتن لەڕێبازی خودا، (أبو طالب)یش بەردەوام چوار دەوری برازاکەی دابوو ، بەلاّم تەمەنی لە هەشتا تێپەڕی بوو ، ئازارو ئەشکەنجەو ڕووداوە گەورە یەك لەدوای یەکەکانی ئەو چەند ساڵە – بەتایبەتی ئابلۆقەی شیوەکە – جومگەکانی لاوازو بێ هێز کردبوو ، پشتی چەماندبووەوە . هێشتا چەند مانگێك بەسەر هاتنە دەرەوەیدا نەڕۆشتبوو لە شیوەکە . نەخۆشی بەرۆکی گرتبوو لێی نە ئەبووەوە . ئیدی موشریکان لە شۆرەتی خۆیان دەترسان لەناو عەرەبدا کەئەگەر دوای مردنی (أبو طالب) شتێکی لێ بکەن حورمەتیان دەشکێت ، بۆیە جارێکی تر هەوڵیاندا بە ئامادەبوونی (أبو طالب) شاندێکی تر بنێرن بۆ قسەکردن لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ و ئەوەی بدەنێ کە پێشتر رازی نەبوون بیدەنێ . شاندێکیان نارد کە دادەنرێت بەدوایین شاند بۆلای (أبو طالب).

(إبن إسحاق) و هەندێکی تر دەڵێن: کە (أبوطالب) کەوتە جێگەو ، هەواڵی کەفتەکاربوونی گەیشتەوە بەقورەیش هەندێکیان بەیەکتریان دەوت: (حمزە) و (عمر) موسوڵمان بوون ، هەواڵی موحەممەدیش بەناو هەموو تیرەکانی قورەیشدا بلاّوبۆتەوە . با بڕۆین بۆ لای (أبو طالب) ، بەڵکو دەستی ئەو بگرێت و . خاتری ئێمەش بگرێت ، وەڵلاّهی هیچ متمانەیەکمان نیە کە لە دواڕۆژدا هەموو شتێکمان زەوت نەکەن ، لە دەربڕینێکی تردا : بەڕاستی ئەترسین ئەم پیرە پیاوە بمرێت و . ئەو پیاوە (موحەممەد ﷺ) شتێکی لێ بێت و عەرەبیش ئێمەی پێ عەیبدار بکات و پێمان بڵێن : وازیان لێ هێنا تا مامی مرد ئەنجا دەستیان بۆ برد.

چوون بۆلای (أبوطالب) و قسەیان لەگەڵدا کرد . شاندەکە پیاوماقوڵانی قورەیش بوون بریتی بوون لە: (عتبە بن ربیعە) و (شیبە بن ربیعە) و (أبو جهل بن هشام) و (أمیە بن خلف) و (أبوسفیان بن حرب) لەگەڵ چەند پیاوماقوڵێکی تریاندا – نزیکەی بیست و پێنج کەس دەبوون – وتیان : (أبو طالب) خۆت دەزانیت کە لەناو ئێمەدا چ پلەوپایەیەکەت هەیە ، خۆشت دەبینیت کە چیت لێ هاتووە . دەترسین شتێکت لێ بێت و دەزانی کێ لەنێوان ئێمەو برازاکەتدایە ، بانگی بکە ، چی لەلای ئێمەیە بیدەرێ ، چ مافێکی ئێمەش لای ئەوە بۆمان وەرگرە ، باوازمان لێ بهێنێت و ئێمەش وازی لێ دەهێنین ، واز لە ئایینەکەمان بهێنێت ، ئێمەش واز لە

ئایینەکەی ئەو دەهێنین ، (أبوطالب) ناردی بەشوێنیدا ، هات بۆلای ، پێی وت: برازاکەم ، ئەمانە پیاوماقوڵانی خێڵەکەتن ، لەبەر تۆ کۆبوونەتەوە ، تا هەق و حساب لەگەڵ یەکتریدا بکەن ، پاشان هەواڵی ئەوەی پێدا کە ئەوانە بۆچی هاتوون ، لەگەڵ دەست نەهێنانە ڕێگە لەلایەن هیچ لایەکەوە بۆ لاکەی تر.

پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموون: پێتان چۆنە ئەگەر گفتێکتان بدەمێ باسی بکەن ، بەو گوتەیە دەبنە خاوەنی هەموو عەرەب و، عەجەمیش ملتان بۆ دەدەن ، لە دەربڕینێکی تردا ، پێغەمبەر ﷺ ڕووی کردە (أبو طالب)و فەرمووی: ئەمەوێت ئەوان لەسەر وشەیەك ڕێك بکەون ، کە عەرەب ملیان بۆ کەچ بکات و، بەو پێیەی عەجەمیش جزیەیان بداتێ ، لەدەربڕینێکی تریشدا فەرمووی: مامە ، بۆچی بانگیان ناکەیت بۆ شتێك باشترە بۆیان؟ وتی: تۆ بۆ چیان بانگ دەکەیت؟ فەرمووی: بانگەشەیان دەکەم بۆ ووشەیەك بیڵێن تا بەووشەیە عەرەب ملیان بۆ بدات و، ببنە خاوەنی عەجەمیش ، دەربڕینێکیش هەیە، لە ڕیوایەتەکەی (إبن إسحاق) دا دەڵێت ، فەرمووی: یەك وشە هەیە بیڵێن ، دەبنە خاوەن هەموو عەرەب و، عەجەمیش ملتان بۆ کەچ دەکەن ، کە ئەم وتەیەی فەرموو ، هەموویان وەستان و سەرسام بوون ، نەیاندەزانی چۆن ئەو تەنها قسە بەسوودە ڕەت بکەنەوە تائەو ئاست و سنوورە ؟ پاشان (أبو جهل) وتی: ئەو وشەیە چیە؟ بەسەری باوکت دە وشەیشت دەدەینێ ، فەرمووی: بڵێن (لاإله إلا الله) و، واز لەوەبهێنن کە دەیپەرستن ، دەستیان کرد بەچەپڵەلێدان و، وتیان: ئەرێ موحەممەد تۆ ئەتەوێت هەموو خواکان بکەینە یەك خواوەند؟ بەڕاستی تۆ شتێکی سەیر ئەڵێیت.

پاشان هەندێکیان بەیەکتریان دەوت: سوێند بەخوا ئەو پیاوە هیچ شتێکتان ناداتێ لەوەی ئێوە دەتانەوێت ، بڕۆن بەدەم ئایینی باوو باپیرانتانەوە ، هەتا خوا ئەم کێشەیەتان بۆ یەکلا دەکاتەوە ، پاشان بڵاوەیان لێ کرد.

لەبارەی ئەوانەوە ئایەت هاتە خوارەوە: ﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ ، ص وَالْقُرْآنِ ذِي الذِّكْرِ {١} بَلِ الَّذِينَ كَفَرُوا فِي عِزَّةٍ وَشِقَاقٍ {٢} كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ فَنَادَوْا وَّلَاتَ حِينَ مَنَاصٍ {٣} وَعَجِبُوا أَن جَاءهُم مُّنذِرٌ مِّنْهُمْ وَقَالَ الْكَافِرُونَ هَذَا سَاحِرٌ كَذَّابٌ {٤} أَجَعَلَ الْآلِهَةَ إِلَهًا وَاحِدًا إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ عُجَابٌ {٥} وَانطَلَقَ الْمَلَأُ مِنْهُمْ أَنِ امْشُوا وَاصْبِرُوا عَلَى آلِهَتِكُمْ إِنَّ هَذَا لَشَيْءٌ يُرَادُ {٦} مَا سَمِعْنَا بِهَذَا فِي الْمِلَّةِ الْآخِرَةِ إِنْ هَذَا إِلَّا اخْتِلَاقٌ {٧} ﴾ ص[1].

[1] / إبن هشام ٤١٧/١ . ٤١٩، تفهيم القرآن ٣١٦،٤ – ٣١٨، (مختصر سيرة الرسول) نوسينی (شێخ عبدالله ی نەجدی) ل٩١

ساڵی ماتەمینی

کۆچی دوایی ئەبو طالب

نەخۆشی بەرۆکی (ابو طالب)ی بەرنەدا ، زۆری پێ نەچوو وەفاتی کرد لە مانگی ڕەجەبی[1] ساڵی دەیەمی پێغەمبەرێتیدا ، پاش شەش مانگ لەهاتنە دەرەوەیان لەشیوی ئەبو طالب[2]، وتراویشە: لەمانگی ڕەمەزانداو پێش وەفاتی خەدیجە ـ ڕ ـ بە سێ ڕۆژ وەفاتی کردوە.

لە (صحیح)یشدا هاتووە لە (المسیب)ەوە: کاتێك (أبو طالب) کەوتە گیانەڵا ، پێغەمبەر چووە لای ، (أبوجهل)یش لەلای دانیشتبوو ، فەرمووی: مامە ، بڵێ (لاإله إلاالله) ، بەم وشەیە داوای لێخۆش بونت بۆ بکەم لەلای خودا ، (أبوجهل) و (عبدالله)ی کوڕی (أمیە)ش دەیانوت: (أبو طالب) ، ئایا لە ئایینی (عبد المطلب) پەشیمان دەبیتەوە؟ وازیان لێ نەهێنا هەر قسەیان لەگەڵدا دەکرد تا دواوشەی پێ وتن: لەسەر ئایینی (عبد المطلب)م ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: داوای لێخۆش بونت لێ دەکەم هەتا لێم قەدەغە نەکرێت ، ئایەت هاتە خوارەوە: ﴿ مَاكَانَ لِلنَّبِيِّ وَالَّذِينَ آمَنُواْ أَن يَسْتَغْفِرُواْ لِلْمُشْرِكِينَ وَلَوْ كَانُواْ أُوْلِي قُرْبَى مِن بَعْدِمَا تَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُمْ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ ﴾ التوبة ١١٣، هەروەها ئایەت هاتە خوارەوە: ﴿ إِنَّكَ لَاتَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ ﴾[3].

پێویستیش ناکات باس لەدەست ڕۆیشتوویی (أبو طالب) بکەین ، بە ڕاستی ئەو قەڵایەبوو کە بانگەوازی ئیسلامی خۆیی پێ دەپاراست لەشاڵاوی گەورەو بێعەقڵەکانی قوڕەیش ، بەڵام لەسەر ئایینی پیرەکانی پێش خۆی مایەوە ، بەتەواوەتی ڕزگاری نەبوو ، لە (صحیح) داهاتووە لە (عباس)ی کوڕی (عبد المطلب) ەوە بەپێغەمبەری ووت ﷺ: نەتتوانی هیچ بۆ مامت بکەیت ، لەکاتێکدا ئەو پەرژینی تۆ بوو ، بۆ تۆو لەبەر تۆش توورە دەبوو؟ فەرمووی: (أبو طالب) لە تەنکاوی ئاگردا دایانناوە ، ئەگەر من نەبومایە ئەوا لەپلەی خوارەوەی دۆزەخدا دەبوو[4].

---

[1] / تأريخ الإسلام، نوسینی (شا ئەکبەرخان نەجیب ئابادی ١٢٠/١، لەسەرچاوەکانیشدا جیاوازیەکی زۆرهەیە سەبارەت بەومانگەی (ابوطالب)ی تێدا مردووە، ئەم ڕایەمان بەلاوە پەسەندترە چونکە زۆرینەی سەرچاوەکان لەسەرئەوە کۆکن کە شەش مانگ پاش ڕزگاربوون لەشیوەکی (ابو طالب) وەفاتی کردووەو، ئابڵوقەکەش سێ ساڵ بوە، ئەگەر ئابڵوقەکە شەوی بەدری موحەڕەمی ساڵی حەوت دەستی پێکردبێ ، ئەوا لەڕەجەبی ساڵی دەیەمی پێغەمبەرێتیدا کۆچی دوایی کردوە

[2] / مختصر سیره الرسول ، نوسینی شێخ عبدالله ی نەجدی ل١١١

[3] صحیح البخاری ، باب قصة ابی طالب ١ ,٥٤٨

[4] / صحیح البخاری ، باب قصة ابي طالب ١ ,٥٤٨

هەروەها لە (أبی سعید الخدری)یەوە ، دەڵێت کە گوێی لێ بوو پێغەمبەر ﷺ - باسی مامی لەلادا کرا - فەرمووی: بەڵکو تکا کردنم بۆی لە ڕۆژی قیامەتدا سوودی پێ ببەخشێت ، لە تەنکاوی ئاگردا دادەنرێت تا دەگاتە هەردوو قولە پێی[1].

دواماڵئاوایی خەدیجە -ڕ-

پاش کۆچی دوایی (ابوطالب) بەدوومانگ یان سێ مانگ - لەگەڵ بونی جیاوازی لەڕاکاندا - دایکی ئیمانداران خاتوو خەدیجەی گەورەژن (ڕەزای خوای لێ بێت) وەفاتی کرد ، کۆچی دواییەکەی لەمانگی ڕەمەزانی ساڵی دەیەمی پێغەمبەرێتیدا بوو ، لەو کاتەدا تەمەنی (٦٥) ساڵ بوو ، پێغەمبەریش ﷺ تەمەنی پەنجا ساڵ بوو[2].

خاتوو خەدیجە (ڕەزای خوای لێ بێت) یەکێك بوو لە نیعمەتە چاکەکانی خودا بەسەر پێغەمبەرەوە ﷺ ، بۆ ماوەی چارەکە سەدەیەك لەگەڵیدا مایەوەو هەمیشە لە ساتەکانی دڵەڕاوکێدا سۆزی بۆ دەنواندو لەکاتە سەختەکانیدا پشتیوانی دەکردو، لە گەیاندنی پەیامەکەیدا هاوکاریی دەکردو، لەقۆناغەکانی جیهادی سەختدا هاوبەشی دەکردو بەخۆیی و ماڵ و سامانی دڵنەوایی دەکرد ، پێغەمبەری خوا ﷺ لەبارەیەوە فەرمویەتی: (لە کاتێکدا کە خەڵك باوەڕیان پێ نەدەکردم ئەو باوەڕی پێهێنام ، کاتێك خەڵك بەدرۆیان دەخستمەوە ئەو متمانەی پێدەبەخشیم ، کاتێك خەڵك لە یارمەتی خۆیان بێ بەشیان کردم ، ئەو کردمیە هاوبەشی سامانەکەی خۆی، خوای مەزن منداڵەکانی ئەوی بۆ هێشتمەوەو ، لە غەیری ئەو نەیهێشتەوە)[3].

لە (صحیح)یشدا هاتووە لە (أبی هریرە)وە ؓ فەرمووی: جبریل ؑ هاتە لای پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوە خەدیجەیە ، بەڕێوەیە ، دەفرێکی پێیە یان پێخۆری تێدایە یان خواردن یان شەراب ، ئەگەر هاتەلات سڵاوی پەروەردگاری پێبگەیەنەو ، مژدەی بدەرێ بە بەهەشتێك کە نە دەنگە دەنگی تێدایە نە ماندوو بوون[4].

---

[1] هەمان سەرچاوە

[2] / (إبن الجوزی) لە (التلقیح)دا جەخت دەکاتەوە لەسەر مردنی (خەدیجە -ڕ- لە ڕەمەزانی ئەو ساڵەدا ل٧، هەروەها عەلامە (المنصور فوری) لە (رحمە للعالمین) ٢/١٦٤، چەندینی تر هەمان ڕایان هەیە

[3] / لە (مسند)ەکەیدا گێڕاوێتیەوە ١١٨/٦

[4] / صحیح البخاری ، باب ترویج النبی ﷺ خدیجة وفضلها ١ ٥٣٩

دابارینی خەمەکان

لەچەند ڕۆژێکدا ئەو دووڕووداوە خەمناکە ڕوویاندا ، هەستی خەم و ئازارەکان دڵی پێغەمبەریان ﷺ هێنایە لەرزە ، پاشان قورەیش کەوتنە داباراندنی کارەساتەکان ، زاتی زیاتریان دەکرد بەسەریدا ، پاش مردنی (أبو طالب) بە ئاشکرا ئازارو نارەحەتیان بۆ دروست دەکرد، خەمەکانی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کەڵەکە دەبوون ، هەتا بێئومێد بوو لێیان و کەوتەڕێ بەرەو (طائف) بەئومێدی بەدەمەوە هاتنی بانگەوازەکەی یان پەنادانی و پشتیوانی کردنی دژ بەخێڵەکەی، کەسی نەبینی جێگەی بکاتەوەو کەسیش پشتیوانی نەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ئازاریاندا ، کارێکیان پێکرد خێڵی قورەیش پێیان نەکردبوو.

چەند قورسایی ئازارەکانی خەڵکی مەککە بۆ سەر پێغەمبەر بوایە ، ئەوەندە لەسەر هاوەڵانی توند ئەبوو، هەتا جارێکیان ئەبوبەکری صدیق ﷺ پەنای برد بۆ کۆچکردن لە مەککە ، لەشار دەرچوو هەتا گەیشتە (برد الغماد)و دەیویست بەرەو حەبەشە بڕوات ، (إبن الدغنه) گەڕاندیەوەو پەنای‌دا[1].

(إبن إسحاق) دەڵێت: کاتێك (أبوطالب) وەفاتی کرد ، قورەیش ئەوەندە ئازاری پێغەمبەریان ﷺ دەدا لەژیانی (أبو طالب)یشدا هەرگیز ئەو زاتەیان نەدەکرد ، هەتا بێ عەقڵێك لە بێ عەقڵەکانی قورەیش ڕێگەی پێگرت و، خۆڵی کرد بەسەری پیرۆزیدا ، کە گەڕایەوە ماڵەوە ، خۆڵەکە هەر بە سەریەوە بوو ، یەکێك لەکچەکانی هەستا چوو بۆ لای و بەدەم گریانەوە سەرو دەم وچاوی سڕی ، پێغەمبەری خواش ﷺ پێی وت: کچم مەگری ، خوای گەورە باوکت دەپارێزێت ، لەبەر خۆیەوە دەیفەرموو: قورەیش کارێکیان نەکرد زۆر ئازارم بدات ، هەتا (أبو طالب) وەفاتی کرد[2].

بەهۆی بەدوای یەکدا هاتنی ئێش و ئازارەکان لەو ساڵەدا ، پێغەمبەر ﷺ ئەو ساڵەی ناونا ساڵی خەمەکان ، هەر بەو شۆرەتەشەوە لە مێژوودا ناسرا.

---

[1] / شا ئەکبرخان نەجیب ئابادی ڕاشکاوانە وتویەتی ئەم ڕوداوە لەوساڵەدا بوە، بڕوانە (تاریخ الإسلام) ١٢٠/١، بەسەرهاتەکە بە درێژی لە (إبن هشام) دا هاتوە ١/٣٧٢-٣٧٤، (صحیح البخاری) داهاتوە ٥٥٢/١،٥٥٣

[2] / إبن هشام /٤١٦/١.

خوازبێنی سەودە - ڕ -

لە (شەوال)ی ئەو ساڵەدا – واتە ساڵی (١٠)ی پێغەمبەرێتی– پێغەمبەری خوا (سودە)ی کچی (زمعە)ی خواست ، لەو ئافرەتانە بوو کە دەمێك بوو موسوڵمان بوو بوو ، کۆچی دووەمیشی کردبوو بۆ حەبەشە ، هاوسەرەکەی (سکران)ی کوڕی (عمرو) موسوڵمان بوو بوو لەگەڵیدا کۆچی کردبوو ، لەخاکی حەبەشە وەفاتی کردبوو، یان پاش گەڕانەوە بۆ مەککە ، کەگەیشتنەوە جێ ، پێغەمبەری خوا ﷺ خوازبێنی کرد ، ئەوە یەکەم ژنهێنانی پێغەمبەر بوو ﷺ دوای وەفاتی خەدیجە . پاش چەند ساڵێك سەرەکەی خۆی بەخشی بە عائشە[1].

هۆیەکانی دان بەخۆدا گرتن و دڵ قایم بوون

لێرەدا عاقڵ حەیران دەبێت و، مرۆڤە ژیرەکان لەنێوان خۆیاندا دەپرسن:

ئەو هۆکارانە چی بوون وایان لە موسوڵمانەکان کردبوو بگەنە ئەو ئاستە بەرزو سنووره سەر سوڕهێنەرە لەدڵ قایمیدا؟

چۆن ئارامیان گرت لەژێر ئەو چەوساندنەوەیەدا کە موچوڕك بە جەستەی مرۆڤدا دەهێنێت و، ولآت دەهێنێتە لەرزە؟

بەدەر لە ئەو هەستەی بەناخی دڵەکاندا دێت و دەچێت ، باشتر وایە کە ئاماژە بکەین بەهەندێك لەو هۆکارانە ، با بەشێوەیەکی خێراش بێت :

١. هۆی سەرەکی لەو مەسەلەیەدا بەپلەی یەکەم ، باوەڕبوونە بەخوای تاك و تەنهاو بەڕاستی ناسینی ، چونکە باوەڕی تەواو ئەگەر لەدڵەکاندا بچەسپێت لەشاخەکان قورستر دەبێت ، خاوەنی ئەو ئیمانە پتەوو ئەو یەکلابوونەوە تەواوە – زەحمەتەکانی دونیا هەرچەندە زۆرو گەورەو زەبەللاح بن – لەپاڵ باوەڕەکەیدا . وەك قەوزەیەکی سەر سێلاوێکی توند دەیانبینێت کە هاتبێت بەنداوە پتەوو قەلآ سەختەکان برمێنێت ، ئیدی گوێ نادا بەهەموو ئەو زەحمەتانە ، لەبەردەم شیرینی ئیمان و لەزەتی مل کەچی و خۆشی باوەڕەکەیدا خۆی دەگرێت ﴿ فَأَمَّا الزَّبَدُ فَيَذْهَبُ جُفَاء وَأَمَّا مَا يَنفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي الأَرْضِ كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللّهُ الأَمْثَالَ ﴾ الرعد/١٧.

لەم هۆکارە چەند هۆیەکی تریش دەکەونەوە کە ئەم دڵ قایمی و ئارامگریە بەهێز تر دەکەن ئەویش :

---

[1] / رحمة للعالمين ٢/١٦٥ تلقيح فهوم اهل الأثر ل١٠

٢. سەرکردایەتیەك دڵان کەمەندکێشی خۆی دەکات، پێغەمبەری خوا ﷺ سەرکردەی باڵای هەموو ئوممەتی ئیسلامیی بەڵکو هەموو مرۆڤایەتی بوو. مەزنترین سیفەتی لەجوانیی ڕەوشت و بەرزیی نەفس و ڕەوشت بەرزیی و پیاوەتی و سیفاتی ڕێزدارانەی تێدابوو، بەشێوەیەك دڵەکانی بۆلای خۆی کەمەندکێش دەکردو، نەفسەکان خۆیان دەکردە قوربانی . لە گەورەییدا مرۆڤی ئاشوفتە دەبوو، بەجۆرێك هیچ کەسێك ئەو شانو شەوکەتەی نەبوو . لە چڵە پۆپەی ڕێزو چاکەخوازی و خێرو شکۆداریدا بوو، ئەوەندە داوێنپاك و سپاردەناس و ڕاستگۆ بوو ، لەهەموو ڕووەکانی خێروچاکەوە بە شێوەیەك بوو تەنها ساتێك دوژمنەکانی گومانیان لێی نەبوو، چ جای دۆست و هاوەڵەکانی، وشەیەکی لەدەم دەرنەئەچوو لێی بێگومان نەبوونایە.

سێ کەسی قوڕەیش کۆبوونەوە، پێشتریش هەریەکێکیان بەنهێنیەوە گوێی گرتبوو بۆ قورئان خوێندنی پێغەمبەرو ﷺ پاشان نهێنیەکەیان ئاشکرا بوو . یەکێکیان پرسیاری کرد لە (أبو جهل) – کە یەکێك بوو لەو سێ کەسە – ڕات چۆنە سەبارەت بەوەی لە موحەممەدت بیست ؟ وتی: چیم بیست ؟ ئێمەو خێڵی (بنو عبدمناف) لەسەر پلەو پایە کێشەمان هەبوو ، نان بدەییان کرد ئێمەش کردمان ، کاروانیان بارکرد ئێمەش کردمان ، بەخشندەییان کرد ئێمەش کردمان ، هەتا لەکۆتایی کێبڕکێکەدا یەکسان بوین ، ئێمە وەکو ئەسپی پێشبڕکێ وابوین ، ئەنجا ئەوان وتیان: ئێمە پێغەمبەرمان هەیە لەئاسمانەوە وەحی بۆدێت ، ئیدی چۆن بەوەدا بگەین ؟ وەڵڵاهی هەرگیز باوەڕی پێ ناهێنین و متمانەی پێ نادەین[1] .

(أبو جهل) هەمووجارێك دەیوت: ئەی موحەممەد ئێمە تۆ بەدرۆ ناخەینەوە بەڵکو ئەو پەیامە بەدرۆ دەخەینەوە کە هێناوتە خوای مەزن ئایەتی ناردە خوارەوە: ﴿ فَإِنَّهُمْ لاَ يُكَذِّبُونَكَ وَلَكِنَّ الظَّالِمِينَ بِآيَاتِ اللّهِ يَجْحَدُونَ ﴾ الأنعام، ٣٣[2] .

ڕۆژێکیان بێ باوەڕەکان سێ جار لاقرتێیان پێکرد ، لە سێیەمدا فەرمووی : خێڵی قوڕەیش ، پەیامی لەناو بردنتانم پێیە ، ئیدی ئەو قسەیە هەموویانی گرت ، وای لێ هێنان سەرسەختترینیان بەجوانترین شێوە ڕووبەڕوی دەهات.

---

[1] / إبن هشام ١ ٣١٦

[2] (ترمذی) ریوایەتی کردوە لە ڕاڤەی سورەتی (الأنعام) دا ٢/١٣٢

کاتێك کە پاشماوەی سەروپێی ئاژەڵیان کرد بەسەریدا لەکاتی سوژدەدا نزای لێ کردن ، دوای ئەوە پێکەنینیان نەما ، تووشی دڵەڕاوکێ و خەفەت هاتن و ، دڵنیا بوون لەوەی کە تیادەچن.

پێغەمبەر ﷺ نزای کردبوو لە (عتبە)ی کوڕی (أبی لهب) باوەڕی تەواوی هەبوو ئەو دۆعایە گیرا دەبێت ، لەکاتێکدا کە شێرەکەی بینی وتی: سوێند بێت هەر ئەوکاتە . موحەممەد . کە لە مەککە بوو کوشتمی.

(ابی) کوڕی (خلف)یش هەڕەشەی کوشتنی لێکرد ، فەرمووی: بەڵکو (إنشاء الله) من ئەتکوژم ، کە لە ڕۆژی (ئوحود)دا (ابی) ملی بریندار بوو – برینەکەشی سەخت نەبوو – (ابی) ئەیوت: موحەممەد هەر لە مەککە پێی وتم: من تۆ ئەکوژم ، وەڵڵاهی ئەگەر تفیشم تێ بکات ئەمکوژێت[1]. ئەوا دێت.

(سعد)ی کوڕی (معاذ) – کاتێك لەمەککە بوو – بە (أمیە)ی کوڕی (خلف)ی وت: گوێم لێبوو پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: موسوڵمانەکان دەتکوژن ، بەتەواوی زەندەقی چوو بوو، بڕیاری دابوو لەمەککە نەچێتە دەرەوە ، کاتێك (أبوجهل) لە ڕۆژی بەدردا ناچاری کرد بڕواتە دەرەوە چوو باشترین وشتری لەمەککەدا کڕی تا بتوانێت پێی هەڵبێت ، ژنەکەی پێی وت: ئەبو سەفوان ، ئەرێ لەبیرت چوو کەبرا یەثریبیەکە چی پێ وتی؟ وتی: نەوەڵڵا لەبیرم نەچووە نامەوێت لەگەڵیدا دەرچم مەگەر لە نزیکەوە[2].

ئەوە حاڵی دوژمنەکانی بوو ، خۆ هاوەڵەکانی ، ئەوە وەکو گیان و ڕۆح چوو بووە جەستەیانەوە ، بوو بووە دڵ و چاو بۆیان ، خۆشەویستی ڕاستەقینە وەکو ئاوی خوڕ بەرەو لای دەڕژا ، وەکو موگناتیس چۆن ووردە ئاسن بۆ خۆی ڕادەکێشێت بەو شێوەیە دڵ و دەروونی ئەوانی بەلای خۆیدا کەمەندکێش کردبوو.

فَصُورَتُـــه هَيولى كُلِّ جِسْمٍ وَمغنــاطيسُ أفئدة الرِّجالِ

لەئاکامی ئەو خۆشەویستیە بێوێنەیەدا وایان لێ هاتبوو ، پێیان خۆش بوو لەگەردنیان بدرێت نەك نینۆکێکی پێغەمبەر ﷺ بریندار ببێت یان دڕکێك بە پێیدا بچێت.

---

[1] / إبن هشام ٨٤/٢

[2] / بروانة (صحيح البخاری) ٥٦٣,٢

ڕۆژێکیان لە مەککە ئەبوبەکری کوڕی (أبی قحافە) بە توندی لێی درا ، جا (عتبە)ی کوڕی (ربیعە) لێی نزیك بوەوەو ، بە دوو نەعلی زبر کەوتە لێدانی و، دەیهێنان بەدەم و چاویداو ، چووە سەر سکی و، وای لێهات دەم و چاوی نەدەناسرایەوە ، خێڵی (بنو تمیم) ئەبوبەکریان لەناو پارچە قوماشێکدا هەڵگرت ، تا بردیانەوە ماڵەکەی ، هیچ گومانێکیان نەمابوو کە دەمرێت ، سەر لەئێوارە کە هۆشی هاتەوە وتی: ئەرێ پێغەمبەری خوا ﷺ چی لێ بەسەر هاتووە ، جا بە زمانی بەدو هەرزەیانە کەوتنە گیانی و تانەیان لێدا ، پاشان هەستان و وتیان بە (أم الخیر)ی دایکی: بزانە بەڵکو شتێکی بدەیتێ بیخوات یان قومێك ئاوی بدەرێ ، کە دایکی چووە لای زۆری لێ پاڕایەوە شتێك بخوات ، کەچی ئەو دەیوت: ئەرێ پێغەمبەری خوا چی لێهات ؟ دایکی وتی: وەڵڵاهی نازانم هاوەڵەکەت چی لێ هاتووە ، پێی وت: بڕۆ بۆ لای (أم جمیل)ی کچی خەتاب و پرسیار لەو بکە ، دایکی چووە دەرەوە تاگەیشتە لای (أم جمیل) پێی وت: ئەبوبەکر هەواڵی موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا ئەپرسێت ، (أم جمیل) وتی: من نە ئەبوبەکر ئەناسم و نە موحەممەدی کوڕی عەبدوڵلا . ئەگەر پێت خۆشە لەگەڵت دێم بۆلای کوڕەکەت ، وتی: بەڵێ ، ئیدی پێکەوە ڕۆشتن تاگەیشتنە لای ئەبوبەکر سەیریان کرد نیوە گیانە ، (أم جمیل) نزیك بوەوەو ، هاواری لێ هەستاو ، وتی: وەڵڵاهی ئەو کەسانەی وایان لە تۆ کردووە تاقمێکی بێ باوەڕو لە سنوور دەرچوون و ، لە خوا دەپاڕێمەوە کە تۆڵەت بسێنێت ، (ئەبوبەکر) وتی: ئەرێ پێغەمبەری خوا چی کرد؟ وتی: ئەوە دایکت وەستاوە گوێی لێیە، ئەبوبەکر وتی: گوێ مەدەرێ لێی مەترسە .

(أم جمیل) وتی: لەش ساغەو هیچی نیە . ئەبوبەکر وتی: لەکوێیە ؟ وتی: لە ماڵی (إبن الأرقم) ە ، ئەبوبەکر وتی: ئاهم کردووە کە نەخواردن بخۆم و نە ئاو بخۆمەوە هەتا نەڕۆمە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ ، چاوەڕوانیان کرد ، هەتا ئەبوبەکر ئێشەکەی هێور بوەوەو ، خەڵك بێدەنگ بوون ، بردیانە دەرەوە ، چوونە ژێرباڵیەوە هەتا بردیانە ژوورەوە بۆلای پێغەمبەری خوا ﷺ [1].

لەچەند جێگەیەکی ئەم باسەدا قسە لەسەر دیمەنێکی خۆشەویستی و قوربانیدان دەکەین ، بەتایبەتی ئەو ڕووداوانەی کە لە ڕۆژی ئوحوددا ڕوویانداو ، کارەساتی خوبەیب و چەندین نموونەی تر.

---

[1] / البدایة والنهایة ٣/٣٠

٣. هەست کردن بەبەرپرسیارێتی . هاوەڵانی ڕێزدار بەتەواوی هەستیان دەکرد بەوبارە گەورەیەی کە لەسەرشانی مرۆڤایەتی دانراوە، ئەم بەرپرسیارێتیە هەرگیز بێلایەن وەستان و خۆڵ کەناردانی نیە ، ئەو کارەساتەی لەئەنجامی ڕاکردن و خۆ قوتارکردنەوە پەیدا دەبێت گەلێك زیاترن لەوانەی کە لەئەنجامی ئەو چەوساندنەوەیە تووشی دەبن و ئەو خەسارۆمەندیەی بەدوایاندا دێت – و بەدوای مرۆڤایەتیشدا دێت – ئەمەش هەرگیز ناپێورێت بەو زەحمەت و ماندوو بوونەی کە تووشیان دەبوو لە چوونە ژێرباری ئەو ئازارانەدا.

٤. باوەڕبوون بەڕۆژی دوایی – ئەمەش ئەو هەستەی تێدا بەهێز دەکردن – واتە هەست کردن بە بەرپرسیارێتی ، ئەوان لەسەر بڕوایەکی تەواوبوون بەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان هەڵدەستنەوە بۆ بەردەم بارەگای پەروەردگاری هەموو جیهان ، لەسەر هەموو کارە وردو گەورەکانیان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت یان ئەوەیە بەرەو دۆزەخ دەڕۆن ، یان بەرەو بەهەشتێکی نەبڕاوە ، ئیدی ژیانیان لەنێوان ترس و ئومێددا بەسەر دەبرد ، ئومێدیان بەڕەحمەتی خودایان زۆربوو ، لەسزاکەشی دەترسان و. بەم شێوەیە بوون: ﴿ وَالَّذِينَ يُؤْتُونَ مَا آتَوا وَّقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ أَنَّهُمْ إِلَى رَبِّهِمْ رَاجِعُونَ ﴾ المؤمنون/٦٠، دەشیانزانی کە دونیا بەخۆشی و ناخۆشیەکانیەوە لای خودا باڵی مێشوولەیەك ناهێنێت لە بەرامبەر ئاخیرەتدا ، ئەم مەعریفە قووڵ و بەهێزە هەموو زەحمەتەکانی دونیاو تاڵی و سوێریەکانی لەسەر ئاسان کردبوون ، بەشێوەیەك زۆرگوێیان نەئەدایە.

٥. قورئانی پیرۆز لەوماوە ناخۆشە ترسناکەدا ئایەت و سورەتەکانی دەهاتنە خوارەوەو بەڵگەسازیان دەکرد بۆ ڕاستیەکانی ئیسلام – ئەو ڕاستیانەی کە لەسەری دەڕۆشتن – بەچەند شێوازێکی سەرسوڕهێنەرو سەرنج ڕاکێش و ، ڕێنومایی موسوڵمانەکانی دەکرد بۆ کۆمەڵێك بنەما کە قەدەری خوا وابووە گەورەترین و جوانترین کۆمەڵگای مرۆڤیی لەسەر دروست ببێت لەهەموو دونیادا – ئەویش کۆمەڵگای ئیسلامیە – و هەست و نەست و ڕەوتی موسوڵمانەکان لەسەر ئارامیی و خۆ ڕاگریی ڕادەهێنێت . نموونەت بۆ دەهێنێتەوەو، باس حوکمەکەت بۆ روون دەکاتەوە: ﴿ أَمْ حَسِبْتُمْ أَن تَدْخُلُواْ الْجَنَّةَ وَلَمَّا يَأْتِكُم مَّثَلُ الَّذِينَ خَلَوْاْ مِن قَبْلِكُم مَّسَّتْهُمُ الْبَأْسَاء وَالضَّرَّاء وَزُلْزِلُواْ حَتَّى يَقُولَ الرَّسُولُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ مَتَى نَصْرُ اللّهِ أَلا إِنَّ نَصْرَ اللّهِ قَرِيبٌ ﴾ البقرة/٢١٤ ،

هەروەها ئایەتی :﴿ الم {١} أَحَسِبَ النَّاسُ أَن يُتْرَكُوا أَن يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لَايُفْتَنُونَ {٢} وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ {٣}﴾ العنكبوت.

ئەو ئایەتانە دادەبەزینە خوارەوە وەلامی بێدەنگکەری بیٚباوەڕو سەر سەختەکانی دەدایەوەو، هیچ بوارێکی فڕوفێڵی بۆ نەدەهێشتنەوە ، پاشان جارێکی تر لەئاکامی خراپ ئاگاداری ئەکردنەوە کە ئەگەر بێت و لەسەر لادان و سەرسەختی خۆیان بەردەوام بن ، هەندێك جار بەشێوەیەکی ڕوون وئاشکراو ، بە بەڵگە هێنانەوە لەسەر ڕۆژگارە یەك لەدوای یەکەکانی خوداوەند ، ڕووداوە مێژووییەکان کەبەڵگەن لەسەر یاسانوێنی خوداوەند سەبارەت بەپاڵگرو دوژمنەکانی خودا قسەی لەگەڵدا دەکردن ، هەندێك جاریش بەمیهرەبانی لەگەڵیان دەدواو ، مافی تێگەیاندن و ڕێنوێنی و ئاڕاستەکردنی پیٚدەبەخشین ، تا وازبهێنن لەو سەر لێشێواویە ئاشکرایەی تێیدا دەژین.

قورئانی پیرۆز دەستی موسوڵمانانی بەرەو جیهانێکی تر گرتبوو ، لە چەشمەندازەکانی گەردوون و، جوانیی پەروەردگارێتی و ، تەواوێتی خوداوەندو ، ئاسەواری بەزەیی و میهرەبانیی ، درەوشانەوەی ڕەزامەندی ئەوەندەی پیشان دەدان ئاواتی پیٚ بخوازن و هیچ لەبەردەمیاندا نەوەستێت.

لەدوو توێی ئەو ئایەتانەدا چەندین گوتاری تێدایە بۆ موسوڵمانەکان ، تیایدا مژدەیان دەداتیٚ بەڕەحمەت و، ڕەزامەندیی و بەهەشتی پڕ لە نازونیعمەتی نەبڕاوەو ، وێنەی دوژمنە بیٚباوەڕو ستەمکارەکانی پیٚ نیشان دەدان ، کە دادگایی دەکرێن و، سەروماڵیان تیایدا دەچێت و، لەسەر ڕوو بەرەو دۆزەخ پەلکێش دەکرێن گڕەی دۆزەخیان بەردەکەوێت.

٦. مژدەدان بەسەرکەوتن – لەگەڵ ئەوەشدا موسوڵمانەکان هەر لە یەکەم ڕۆژەوە کە توشی توندوتیژیی و چەوساندنەوە بوون – بەڵکو پێشتریش . دەیانزانی کە هاتنە ناو ئیسلام مانای هێنانی بەڵاو مردن نیە ، بەڵکو بانگەوازی ئیسلامی – هەر لەیەکەم ڕۆژیەوە – ئامانجی سەرکوتکردنی جاهیلییەتی نەفامان و سیستمە زاڵمەکەیان بوو ، یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانیشیی بریتی بوو لە بالادەست کردنەی هەژموونی خۆی بەسەر زەمین و هەڵوێستی سیاسیی لەجیهاندا ، بۆ ئەوەی پێشڕەوێتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بکات بەرەو ڕەزامەندی خوداو ، لە بەندەیی کردنی بەندەکانەوە دەریان بهێنێت بەرەو بەندەیی کردنی پەروەردگار ڕزگاریان بکات.

قورئانی پیرۆز بەم مژدانەوە دادەبەزی - جارێك بەڕاستەوخۆو جارێك بە لاوەکی - لەوکاتە سەختو کەمەرشکێنانەی دەستی نابوە بینی موسوڵمانەکانەوە ، خەریکبوو دەیخنکاندن و، لەناوی دەبردن ، ئایەتەکانی قورئان دادەبەزین باسی ڕووداوی پێغەمبەرە پێشینەکان و گەلەکانی پێشووی بۆ دەکردن کە هەڵدەستان بەدژایەتی کردن و بەدرۆخستنەوەیان ، ئەو ئایەتانە باسی لە ئەو حاڵەتانەی دەکرد کە هاوشێوەی تەواوی بارودۆخی موسوڵمانەکانی مەککە بوو لەگەڵ کافراندا ، پاشان باسی لەو ژانە دەکرد کە لەئەنجامی ئەو بارودۆخەدا تەفروتونا بوونی بێباوەڕان و ستەمکارانی لێ هاتە کایەوەو ، لەئاکامیدا بەندەکانی خوا بوونە میراتگری ماڵ و حاڵیان ، ئەو بەسەرهات و چیرۆکانە ئاماژەیەکی ئاشکرای تێدابوو بۆ شکستهێنانی خەڵکی مەککە لە داهاتوودا ، سەرکەوتنی موسوڵمانەکان و بانگەوازی ئیسلامیی.

لەو ماوەیەدا چەند ئایەتێك هاتە خوارەوە مژدەی سەرکەوتنی ئیماندارانی تێدا بوو:

﴿ وَلَقَدْ سَبَقَتْ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا الْمُرْسَلِينَ {١٧١} إِنَّهُمْ لَهُمُ الْمَنصُورُونَ {١٧٢} وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ الْغَالِبُونَ {١٧٣} فَتَوَلَّ عَنْهُمْ حَتَّى حِينٍ {١٧٤} وَأَبْصِرْهُمْ فَسَوْفَ يُبْصِرُونَ {١٧٥} أَفَبِعَذَابِنَا يَسْتَعْجِلُونَ {١٧٦} ﴾ الصافات ، هەروەها فەرمووی: ﴿ سَيُهْزَمُ الْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ الدُّبُرَ{٤٥} ﴾ ، وە فەرمووی: ﴿ جُندٌ مَّا هُنَالِكَ مَهْزُومٌ مِّنَ الْأَحْزَابِ {١١} ﴾ ص ،

لەبارەی ئەوانەشەوە کە کۆچیان کرد بۆ حەبەشە

﴿ وَالَّذِينَ هَاجَرُواْ فِي اللّهِ مِن بَعْدِ مَا ظُلِمُواْ لَنُبَوِّئَنَّهُمْ فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَلَأَجْرُ الآخِرَةِ أَكْبَرُ لَوْ كَانُواْيَعْلَمُونَ {٤١} ﴾ النحل ،

هەروەها لەبارەی چیرۆکی یوسفەوە پرسیاریان لێکرد، ئایەت هاتە خوارەوە :

﴿ لَّقَدْ كَانَ فِي يُوسُفَ وَإِخْوَتِهِ آيَاتٌ لِّلسَّائِلِينَ {٧} ﴾ يوسف ،

واتە: پرسیارکەران کە خەڵکی مەککەن هەموو شکستی براکانی یوسف دەبینن و، وەکو ئەوان ملکەچ دەبن ، لەباسی پێغەمبەرانی تردا فەرمووی:

﴿ وَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُواْ لِرُسُلِهِمْ لَنُخْرِجَنَّـكُم مِّنْ أَرْضِنَآ أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا فَأَوْحَى إِلَيْهِمْ رَبُّهُمْ لَنُهْلِكَنَّ الظَّالِمِين {١٣} وَ لَنُسْكِنَنَّـكُمُ الأَرْضَ مِن بَعْدِهِمْ ذَلِكَ لِمَنْ خَافَ مَقَامِي وَخَافَ وَعِيدِ {١٤} ﴾ ابراهيم .

لەکاتێکدا شەڕی نێوان فارسەکان و ڕۆمەکان هەڵگیرسابوو، موشریکان حەزیان بەسەرکەوتنی فارسەکان دەکرد چونکە موشریکبوون، موسوڵمانەکانیش حەزیان

بەسەرکەوتنی ڕۆمەکان بوو، بەو پێیەی باوەڕیان بەخوداو پێغەمبەران و وەحی و کتێبە ئاسمانیەکان و ڕۆژیی دوایی هەبوو . ئاکامەکە بەسەرکەوتنی فارسەکان کۆتایی هات ، خوای مەزن مژدەی سەرکەوتنی ڕۆمەکانی نارده خوارەوە لەچەند ساڵی داهاتوودا . هەرچەندە تەنها ئەو مژدەیەی تێدا نەبوو، بەڵکو مژدەی سەرکەوتنی ئیمانداراانیشیی تێدابوو کاتێك فەرمووی : ﴿ وَيَوْمَئِذٍ يَفْرَحُ الْمُؤْمِنُونَ {٤} بِنَصْرِ اللَّهِ ﴾ الروم.

خودی پێغەمبەر ﷺ بۆخۆی ناوبەناو لەو جۆرە مژدانەی دەدا. کە کاتێك وەرزی حەجیش دەهات و، لە بازاڕی (عكاظ) و (ذي المجاز)دا لەناو خەڵکیدا هەڵدەستایەوە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی تەنها مژدەی بەهەشتی پیّ نەئەدان و بەس، بەڵکو ڕاشکاوانە پێی دەوتن: خەڵکینە بڵێن : (﴿ لا إله إلاّ الله ﴾ ڕزگار دەبن ، دەبنە خاوەنی هەموو عەرەب ، عەجەمیش ملتان بۆ دەدەن ، کە مردیشن دەبنە میرو مەلیکی بەهەشت)[1] .

پێشتریش زانیمان کەپێغەمبەر ﷺ چۆن وەڵامی (عتبە)ی کوڕی (ربیعە)ی دایەوە کاتێك ویستی سەودای دونیایی لەگەڵدا بکات و ، ئەو تکاو ڕجایەی (عتبە) کردی پاش دەرکەوتنی ڕاستێتی پێغەمبەر ﷺ .

هەروەها دوا وەڵامی پێغەمبەر ﷺ بۆ دواشاندی قوڕەیش کەهاتنە لای (أبو طالب) ، ئەوەبوو پێی وتن کە تەنها یەك وشەیان لیّ داوا دەکات بیڵێن بۆ ئەوەی عەرەب ملیان بۆ کەچ بکات و ببنە خاوەنی عەجەمیش.

خەبابی کوڕی ئەرەت دەڵێت: چوومە خزمەت پێغەمبەر ﷺ بوردەکەی لە خۆی ئاڵاند بوو، لەژێر سێبەری کابەدا بوو، بەدەست موشریکانەوە ئازاری زۆرمان چەشتبوو، وتم: لەخوا ناپاڕێیتەوە بۆمان؟ دەموچاوی پیرۆزی سوور بووەوەو دانیشت، فەرمووی: گەلانی پێش ئێوە بەشانەی ئاسن گۆشت و ماسوولکەیان لە گۆشتیان جیادەکردەوە کەچی ئەوە لەدینەکەیان پەشیمانی نەدەکردنەوە ، خوای گەورەش ئەم دینەی خۆی سەردەخات ، هەتا وای لیّدێت سوار لە (صنعاء)ەوە بەرەو (حضرموت) دەڕوات لەهیچ ناترسێك جگە لەخوا - ڕوونکردنەوەی ڕاوی ئەوەشی زیادکردوە - هەروەها گورگیش بۆسەر مەڕەکانی[2]، لەگێڕانەوەیەکیشدا هاتووە . (بەلاّم ئێوە پەلە دەکەن)[3] .

---

[1] / (ترمذي) ریوایەتی کردوه . پێشتریش چەند جارێك باس کرا

[2] صحيح البخاري ١ ٥٤٣

[3] هەمان سەرچاوە ١ ٥١٠

ئەم مژدانە نهێنی و شاراوە نەبوون ، بەڵکو ئاشکراوو بلاوبوون ، بێ باوەڕان پێیان دەزانی ، هەروەکو موسوڵمانەکانیش دەیانزانی ، هەتا (أسود)ی کوڕی (مطلب) و هاونشینانی کە هاوەڵانی پێغەمبەریان دەبینی ﷺ لەسەر ئەوە لاقرتێیان پێدەکردن و دەیانوت: ئەوا مەلیکەکانی سەرزەمین بۆتان هات ، ئەوانە زاڵ دەبن بەسەر مەلیکەکانی کیسراو قەیسەردا ، پاشان فیکەیان دەکێشاو چەپڵەیان لێ دەدا[1].

لەبەردەم ئەم هەموو مژدانەدا بەداهاتوویەکی ڕووناك و پرشنگدار لە دونیادا ، لەگەڵ بوونی ئەو ئومێدە چاکە گەورەیە کە هەبووە لەو مژدانەداو تاپلەی گەیشتنە بەهەشت ڕۆشتووە ، هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ پێیان وابوو کە ئەو چەوساندنەوانەی بەسەریاندا دادەبارێت و ئەو کارەسات و بەلایانەی لە هەموو لایەکەوە چواردەوری گرتوون ، هیچ نین جگە لە (هەورێکی تەنکی هاوینەو پاش ماوەیەکی تر دەڕەوێتەوە).

بەو شێوەیە پێغەمبەر ﷺ هەمیشە گیانی ئیمانداران بەخۆشیەکانی ئیمان ئاو دەداو ، دڵ و دەروونیانی بەفێرکردنی دانایی و قورئانی پیرۆزو بە پەروەردەیەکی قووڵ ڕای دەهێنان ، دەروونەکانی بۆ پلەکانی بڵندیی ڕۆح و بێگەردیی دڵ و خاوێنی ڕەوشت و خۆ ئازادکردن لەدەسەڵاتی مادیگەرایی و بەرەنگاریی ئارەزووخوازی و گەڕانەوە بۆلای خاوەنی ئاسمانەکان و زەمین بەرز دەکردەوە کڵپەی دڵەکانی گەش دەکردەوەو لە تاریکستانەکانەوە دەری دەهێنان بۆ نێو نووری خودا فێری ئارامیی لەسەر ئازارو لێبوردنی جوان و ڕامکردنی دەروونی دەکردن ، بۆیە زیاتر دڵی هاوەڵان بەئایینەکەدا دەچەسپاو لە ئارەزوو بازی دوردەکەوتنەوە لەپێناوی خودا دەسوتان و حەزوشەوقیان بۆ بەهەشت زیاترو سووربوونیان لەسەر زانست و تێگەیشتن لە ئایین و خۆ سەرزەنشت کردن و نەفس پەروەردەکردن و زاڵبوون بەسەر سۆزداریداو جڵەوکردنی هەڵچوون و داچوون و خۆبەستنەوە بەئارامیی و هێمنی و لەسەرخۆیی ، تیایاندا زیاتر دەبوو.

---

[1] / فقه السيرة ل ٨٤

قـۆنـاغی سـێیـەم

﴿ بانگەوازی ئیسلام لە دەرەوەی مەککەدا ﴾

پێغەمبەر ﷺ لە (طائف) دا

لە (شەوال)ی[1] ساڵی (١٠)ی پێغەمبەرێتی (واتە لەکۆتایی مانگی (مەی) یان سەرەتایی یۆنیوی ساڵی ٦١٩ی زایین)دا ، پێغەمبەر ﷺ بەرەو (طائف) دەرچوو، ئەم شارۆچکەیە (٦٠) میل لەمەککەوە دوورە، بەپێ لەهەردوو سەرەوە ماوەکەی بڕی ، (زید)ی کوڕی (حارثة)ی غولامی لەگەڵدابوو ، لەڕێگەدا بەلای هەرخێڵێکیدا بگوزەرایە بانگی دەکردن بۆ ئیسلام ، کەسیان بەدەمیەوە نەهاتن . کە گەیشتە (طائف) چووە لای سێ برا لەخێڵی (ثقیف) ، ئەوانە بریتی بوون لە (عبد یالیل) و (مسعود) و (حبیب) کوڕی (عمرو)ی کوڕی (عمر)ی (ثقفي) بوون لەگەڵیان دانیشت و بانگی کردن بۆلای خوداو سەرخستنی ئیسلام ، یەکێکیان وتی: ئەگەر خوا تۆی ناردبێت شەرت بێت پۆشاکی کابە بدڕێنم ، ئەوی تریان وتی: جگە لە تۆ خوا کەسی نەدۆزیوەتەوە؟

سێیەمیشیان وتی: وەڵڵاهی هەرگیز قسەت لەگەڵدا ناکەم . ئەگەر تۆ پێغەمبەریت لەوە ترسناکتریت کە من ڕەتی قسەی تۆ بدەمەوە ، ئەگەر لەگەڵ خواشدا درۆ بکەیت پێویست ناکا قسەت لەگەڵدا بکەم ، ئیدی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی : ئەگەر ئەوەی دەتانەوێت بیکەن ئەوا تکاتان لێ دەکەم ئاشکرام مەکەن.

پێغەمبەرﷺ لەناو خەڵکی (طائف) دا (دە رۆژ) مایەوە ، پیاوماقوڵ نەما نەڕواتە لای و قسەی لەگەڵدا نەکات ، پێیان وت : لێرە بڕۆ دەرەوە ، ئەنجا گەنج و بێعەقڵەکانیان لێهاندا ، کەویستی بڕواتە دەرەوە ، کاڵ فام و کۆیلەکان کەوتنە دوای بەجنێودان و هاوار لێ کردن . هەتا خەڵکی لەدەور کۆبوەوە ، بەدوو ریز بە دەوریدا وەستان و کەوتنە بەردباران کردنی و قسەی ناشیرینیان پێدەوت ، قاچیان دایە بەربەرد ، هەتا نەعلەکانی پڕبوون لەخوێن . (زید)ی کوڕی (حارثة) ش خۆی دەدایە بەری . هەتا بەردێك بەر سەری کەوت و شکاندی ، بەشوێنیەوە بوون هەتا ناچاربوو خۆی بکات بەباخێکی (عتبە) و (شیبە)ی کوڕانی (ربیعە)دا ، کە سێ میل لە (طائف)ەوە دوورە ، کە چووە ناو باخەکەوە ئەوان گەڕانەوە ، پێغەمبەر ﷺ چووە ژێر دارمێوێك ، لەژێر سێبەرێکدا پاڵیدا بە دیوارێکەوە ، کە هێورو ئارام بوەوە ، نزا بەناوبانگەکەی کرد کە پڕیەتی لە خەمی دڵ و بێتاقەتی دەرهەق ئەو مامەڵە خراپەی تووشی هات و، بێزاربوونی لەدەست باوەڕ نەهێنانی هیچ کەسێك پێی ، ئەنجا فەرمووی:

---

[1] / (النجیب آبادي) لە (تاریخ الإسلام) دا ١٢٢/١، ڕاشکاوانە ئەم ڕایەی وتووە ، ئەمەش لای من پەسەندە

(خوایە ، لاوازی هێزو کەم توانایی و بێ دەسەلاتیم بەدەست خەڵکەوە بۆ لای تۆ دەهێنم ، ئەی بەبەزەیترینی هەموو بە بەزەییەکان ـ تۆ پەروەردگاری ژێردەستەکانی ، تۆ خاوەنی منی ، بەکێم دەسپێریت ؟ بەدووره کەسێك ئازارم بدات ؟ یان بە دوژمنێك کارت داوەتە دەست ؟ ئەگەر تۆ تووڕە نەبوبیت من باکم نیە ، بەلاَم بێ وەیی کردنی تۆ بۆ من دلگوشاد ترە ، پەنا دەگرم بەنووری رووی پیرۆزی تۆ کە هەموو تاریکستانەکانی رووناك کردۆتەوەو ، کاروباری دونیاو ئاخیرەتی لەسەر دامەزراوە لەوەی تووڕەیی خۆتم بەسەردا داباریّنیت ، یان خەشمت بم گرێت ، ڕازو نیاز هەر بۆ لای تۆیە هەتا ڕازی دەبیت ، (وَلاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَةَ إِلاّ بِكَ) .

کە هەردوو کوڕەکەی ڕەبیعە بەو شێوەیە بینیان بەزەییان پێیدا هاتەوە ، غولاٌمێکی نەسرانیان هەبوو ، ناوی (عداس) بوو ، بانگیان کرد ، پێیان وت: بڕۆ بۆشکێك لەو ترێیە ببە بۆ ئەو پیاوە ، کە بردی و داینا لەبەردەم پێغەمبەری خوادا ﷺ دەستی بۆ درێژ کردو فەرمووی: (بِسْمِ اللهِ) پاشان دەستی کرد بە خواردنی.

عەدداس وتی: خەڵکی ئەم شوێنە ئەو وتەیە بەکار ناهێنن ،

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: تۆ خەڵکی چ شوێنێکیت ؟

چ ئایینێکت هەیە؟

وتی: من نەسرانیم ، خەڵکی (نینوی)م ،

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: خەڵکی شاری پیاوە چاکەکەیت (یونس)ی کوڕی (مەتی) !

پێی وت : تۆ چوزانیت (یونس)ی کوڕی (مەتی) کێیە؟

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەو برای منە ، پێغەمبەر بوو، منیش پێغەمبەرم ،

ئەنجا (عداس) کەوت بەسەر دەست و قاچیداو کەوتە ماچ کردنی.

کوڕەکانی (ربیعە)ش یەکێکیان بەوی تریانی وت: ئەوە غولاٌمەکەشی لێ هەڵگێڕایەوە، کە (عداس) هاتەوە پێیان وت: دایکت ڕۆڵە ڕۆت بۆ بکات ئەوە چیە؟

وتی : گەورەم ، لەسەر زەمیندا لەم پیاوە باشتر نیە ، بەڕاستی هەواڵێکی پێداوم جگە لە پێغەمبەر کەس نایزانێت ،

پێیان وت: دایکت ڕۆڵە ڕۆت بۆ بکات (عداس) ، نەکەیت لە ئایینەکەت وەرت بگێڕێت ، ئایینەکەی خۆت باشترە لە ئایینەکەی ئەو.

پێغەمبەری خوا ﷺ پاش دەرچوونی لەباخەکە بەدڵشکاوی و خەمباریەوە بەرەو مەککە گەڕایەوە ، کە گەیشتە (قرن المنازل) خودای گەورە (جبریل)ی نارد بۆ لای ، فریشتەی شاخەکانی لەگەڵدا بوو ، داوای لێ کرد کە ڕێگەی بدات ئەو دوو کێوە بەسەر خەڵکی مەککەدا بهێنێتەوە یەك.

(بوخاری) ووردو درشتی چیرۆکەکە – بەسەنەدی خۆی – دەگێڕێتەوە:

لە (عروە)ی کوڕی (زبیر)ەوە ، جارێکیان عائشە (خوا لێی ڕازی بێت) بۆی گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی بە پێغەمبەر ﷺ : ئایا ڕۆژی خراپتر لە (أحد) ت بەسەردا هاتوە؟

فەرمووی: ئەوەی بینیم لەخێڵەکەت کە بینیم ، خراپترین شتێك لێم بینین ڕۆژی (عقبە) بوو ، کە خۆم پیشانی (عبد یا لیل)ی کوڕی (عبد کلال) داو ، بە هیچ شێوەیەك بەدەممەوە نەهات ، ئیتر بە کۆڵێك خەم و خەفەتەوە دەرچووم ، لە (قرن الثعالب) نەبێت هۆشم نەهاتەوە – کە ناسراویشە بە (قرن المنازل) – سەرم بەرزکردەوە بینیم هەورێك سێبەری بۆ کردووم لێی وورد بوومەوە ، سەیر دەکەم (جبریل)ی تێدایە ، بانگی لێکردم ، فەرمووی : خوای گەورە گوێی لە گوتەکانی گەلەکەت بوو کەپێیان وتی: ئەوە خودای گەورە فریشتەی بۆ ناردویت بۆ ئەوەی بەخواستی خۆت فەرمانی بەسەردا بدەیت ، ئەنجا فریشتەی شاخەکان بانگی کردم و سڵاوی لێکردم ، پاشان فەرمووی : ئەی موحەممەد ئەوە منم ، چیت دەوێت ، ئەگەر دەتەوێت ئێستا ئەو دووشاخەیان بەسەردا دەهێنمەوە ، دوو شاخەکەش (أبو قبيس) و (قيقعان) بوون، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (بەڵکو ئومێد دەکەم خوای گەورە لەپشتی ئەمانە نەوەیەك بخاتەوە بەتەنها خودای گەورە بپەرستێت و هیچ هاوبەشێکی بۆ بڕیار نەدات)[1].

لەو وەڵامەدا کە پێغەمبەر ﷺ دەیداتەوە کەسێتی بێ وێنەی دەردەکەوێت ، کە ئەوەندە لەسەر ڕەوشتێکی بەرز بوە دەرك بە سنوورەکەی ناکرێت.

پێغەمبەر ﷺ لە ئاقار ئەو سەرکەوتنە غەیبییەدا هۆشی بەبەردا هاتەوەو دڵی ئارام بوەوە، کەخوای گەورە لەسەروی حەوت ئاسمانەوە بۆی ناردبوو، پاشان بە ڕێ کەوت بەرەو مەککە، هەتا گەیشتە شیوی (النخلە)و چەند ڕۆژێك لەوێدا مایەوە

---

[1] صحيح البخاري ـ كتاب بدء الخلق ٤٥٨/١ ، مسلم ـ باب ما لقي النبي ﷺ من أذي المشركين والمنافقين ١٠٩/٢

، لەشیوی (النخلە) دووجێگە هەیە بۆ هەوارگە خستن باشە کە بریتین لە (السیل الکبیر) و (الزیمە) ، بەهۆی ئەو ئاوو لەوەڕە زۆرەوە کە تیایاندایە ، بەڵام سەرچاوەیەکمان نەبینی شوێنی هەوارگە خستنەکەی پێغەمبەرمان پێ بڵێت ﷺ.

لەو ماوەیەدا کە لەوێدا بوو ، خوای گەورە چەند کەسێکی لە پەرییان بۆ نارد ، خوای گەورە لە دوو شوێنی قورئاندا باسی کردوون ، لە سورەتی (الأحقاف) دا ﴿ وَإِذْ صَرَفْنَا إِلَيْكَ نَفَرًا مِّنَ الْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ الْقُرْآنَ فَلَمَّاحَضَرُوهُ قَالُواأَنصِتُوا فَلَمَّا قُضِيَ وَلَّوْا إِلَى قَوْمِهِم مُّنذِرِينَ {٢٩} قَالُوا يَاقَوْمَنَا إِنَّا سَمِعْنَا كِتَابًا أُنزِلَ مِن بَعْدِ مُوسَىمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ يَهْدِي إِلَى الْحَقِّ وَإِلَى طَرِيقٍ مُّسْتَقِيمٍ {٣٠} يَا قَوْمَنَا أَجِيبُوا دَاعِيَ اللَّهِ وَآمِنُوا بِهِ يَغْفِرْ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ وَيُجِرْكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ {٣١} ﴾ .

هەروەها لە سورەتی (الجن) دا: ﴿ قُلْ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ اسْتَمَعَ نَفَرٌ مِّنَ الْجِنِّ فَقَالُوا إِنَّا سَمِعْنَا قُرْآنًا عَجَبًا {١} يَهْدِي إِلَى الرُّشْدِ فَآمَنَّا بِهِ وَلَن نُّشْرِكَ بِرَبِّنَا أَحَدًا {٢}﴾ هەتا تەواوی ئایەتی ژمارە (١٥).

لە ڕەوتی ئەو ئایەتانەو ، هەروەها ڕەوتی ئەو گێڕانەوانەدا کە لەڕاڤەی ئەم ڕووداوەدا هاتووە ، ڕوون دەبێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ ئاگای لە ئامادەبوونی ئەو پەریانە نەبوەو، کاتێك پێی زانیوە کەخوای گەورە بەو ئایەتانە ئاگاداری کردۆتەوە ، ئەو ئامادەبوونەشیان یەکەم جار بووە ، ڕەوتی گێڕانەوەکانیش ئەوە دەخوازێت کە چەند جارێکی تریش هاتبنەوە.

بەڕاستی ئەو ڕووداوەش سەرکەوتنێکی‌تر بوو کەخوای گەورە لەگەنجینە شاراوەکانی خۆی ئەو سەربازانەی بەخشی بەپێغەمبەرﷺ کەکەس نازانێت ژمارەیان چەندە، پاشان ئەو ئایەتانەی لەوبارەیەوە هاتنەخوارەوە لە دووتوێیاندا چەندین مژدەی سەرکەوتنی بانگەوازەکەی پێغەمبەری تێدابووﷺ، کەهیچ هێزێکی گەردونیش ناتوانێت ڕێ لە سەرکەوتنی بگرێت: ﴿ وَمَن لَّا يُجِبْ دَاعِيَ اللَّهِ فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِي الْأَرْضِ وَلَيْسَ لَهُ مِن دُونِهِ أَولِيَاءُ أُوْلَئِكَ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ {٣٢} ﴾ الأحقاف ، هەروەها ﴿ وَأَنَّا ظَنَنَّا أَن لَّن نُّعجِزَ اللَّهَ فِي الْأَرْضِ وَلَن نُّعْجِزَهُ هَرَبًا {١٢}﴾ الجن.

لەبەردەم ئەم سەرکەوتن و مژدانەدا ، هەوری خەم و نائومێدیەکان ڕەوینەوە ، کە ماوەیەك بوو هەر لە ڕۆژی دەرچونیەوە لە (طائف) لاسەریان گرتبوو ، هەتا بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ مەککەو ، دەست بکات بە تێهەڵچونەوەی پیشاندانی ئیسلام و گەیاندنی پەیامی نەمری خودای بەچالاکی و دڵ گەرمیەکی زۆرەوە.

لەوێدا (زید)ی کوڕی (حارثة) پێی وت: چۆن دەڕۆیتەوە بۆ ناویان لەکاتێکدا کە ئەوان دەریان کردویت؟ مەبەستی قورەیش بوو. فەرمووی: ئەی زەید، ئەوەی تۆ دەیبینی خوای گەورە دەرووی خێری لێ دەکاتەوەو، پێغەمبەرو ئایینەکەشی سەر دەخات.

پێغەمبەری خوا ﷺ بەرەو مەککە کەوتەڕێ هەتا لەمەککە نزیك بوەوە، لە (حراء) مایەوە، پیاوێکی خێڵی (خزاعە)ی نارد بۆلای (أخنس)ی کوڕی (شریق) تا پەنای بدات، وتبوی: من پەیمانم داوە، پەیماندەریش ناتوانێت پەنای کەسی تر بدات. ئەنجا ناردی بۆ لای (سهیل)ی کوڕی (عمرو)، (سهیل) وتبوی: (بنی عارم) هەرگیز بەسەر (بنی کعب)دا پەنای کەس نادەن، ناردی بۆلای (مطعم)ی کوڕی (عدی) (مطعم) وتبوی: بەڵێ من پەنای دەدەم. پاشان چەکی بەست و کوڕان و خێڵەکەی بانگ کردو پێی وتن: چەك ببەستن، لەسەر ڕوکنەکانی (بیت) دا بوەستن، ئەوە من موحەممەدم پەنا داوە، پاشان ناردی بەشوێن پێغەمبەردا ﷺ کە بێتە ناو مەککەوە، تەشریفی هاتە ژورەوە زەیدیشیی لەگەڵدا بوو نەوەستا تاچوە (بیت الحرام)، (مطعم)ی کوڕی (عدی) چوە سەرپشتی وشترەکەی و هاواری کرد: ئەی خێڵی قورەیش، من موحەممەدم پەناداوە. هیچ کەسێك لە ئێوە هەڵنەکوتێتە سەری، ئەنجا پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشتە ڕوکنی کابەو وەری گرت و پاشان دوو ڕکات نوێژی کردو، گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، (مطعم)ی کوڕی (عدی) و کوڕەکانی بەچەکەوە چوار دەوریان گرتبوو، هەتا چووە ماڵەکەیەوە.

وتراویشە: کە (أبوجهل) یش دەڵێت: ئێمەش پەنای کەسێك دەدەین کە تۆ پەنای بدەیت[1].

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم پیاوەتیەی (مطعم)ی لەبەرچاو بوو، لەبارەی دیلەکانی بەدرەوە فەرموی: ئەگەر (مطعم)ی کوڕی (عدی) لەژیاندا بوایەو لەبارەی ئەم دیلانەوە قسەی بکردایە هەموویانم بۆ بەردەدا[2].

---

[1] . طولضنی وردو درشتی روداوةکةی (طائف) مان لةم سةرضاوانة نةکردوة، إبن هشام ١،٤١٩- ٤٢٢، زاد المعاد ٢،٤٧،٤٦، هةروةها (مختصر سيرة الرسول ﷺ) نوسينی شيخ عةبدوللا نةجدی ل ١٤١، ١٤٣، هةروةها (رحمة للعالمين) ١ ٧١-٧٤، هةروةها (تأريخ الإسلام) نوسينی (نجيب ئابادی) ١،١٢٤،١٢٣

[2] / صحيح البخاری ٢،٥٧٣

بانگ کردنی خێڵ و تاکەکان بۆ ئیسلام

لە مانگی (ذی القعدة)ی ساڵی (١٠) ی پێغەمبەرێتیدا . لەکۆتاییەکانی یۆنیۆ یان سەرەتاکانی یۆلیۆی ساڵی ٦١٩ی زاییندا ، پێغەمبەری خوا ﷺ گەڕایەوە مەککە ، بۆ ئەوەی سەر لەنوێ خێڵ و تاکەکانی قورەیش بۆ ئیسلامەتی بانگ بکات و، بەهۆی نزیکبوونەوەی وەرزی حەجەوە خەڵك بەپێ و سواری وشتری لەڕەوە لە هەموولایەکەوە دەهاتن بۆ بەجێهێنانی ئەرکی حەج و، بۆئەوەی سوودیان دەستکەوێت و ، لەچەند ڕۆژێکی دیاری کراودا یادی خوا بکەن ، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم دەرفەتەی قۆستەوە ، خێڵ بەخێڵ دەچووە لایان و باسی ئیسلامی بۆ دەکردن ، هەروەکو چۆن لە ساڵی چوارەمی پێغەمبەرێتیدا بانگی دەکردن.

ئەو خێڵانەی باسی ئیسلامی بۆ کردن

(زهری) دەڵێت: ئەو خێڵانەی کە ناوەکانیان هەیەو پێغەمبەری خوا ﷺ بانگی کردون بۆ ئیسلام و خۆی تەشریفی چوەتە لایان بریتین لە (بنو عامربن صعصعة) و (محارب بن خصفة) و (فزارة) و (غسان) و (مرّة) و (حنيفة) و (سليم) و (عبس) و (بنی نصر) و (بنو البكاء) و (كندة) و (كلب) و (الحارث بن كعب) و (عذرة) و (حضارمة) ، کەسیان نەهاتن بە دەمیەوە[1].

ئەو خێڵانەی (زهری) باسیان دەکات ، باس کردنی ئیسلام بۆیان لە یەك ساڵدا نەبوەو، لەیەك وەرزیشدا نەبووە ، بەڵکو لەنێوان ساڵی چوارەمی پێغەمبەرێتی تا دوا وەرزی پێش کۆچ کردن بووە ، ساڵێکی دیاری کراو نییە بۆ باسکردنی ئیسلام لەگەڵ خێڵێکی دیاریکراودا ، بەڵێ هەندێك خێڵ هەبووە (عەلامە المنصورفوری) دەڵێت: لە ساڵی (١٠)[2]ی پێغەمبەرێتیدا باسی ئیسلامی بۆکراوە. ئەمەش کورت کراوەکەیەتی:

١. خێڵی (بنو كلب) ، پێغەمبەر ﷺ چوەلای تیرەیەکیان ، پێی دەڵێن (بنو عبدالله) بۆلای خوا بانگی کردن و خۆی پێناساندن ، هەتا پێی دەگوتن: ئەی خێڵی (بنی عبدالله) خوای گەورە ناوێکی جوانی ناوە لەباوکتان ، کەچی هیچیان لێ وەرنەگرت.

٢. (بنو حنيفه) ، چووە ناو ماڵەکانیان بانگی کردن بۆلای خواو ، خۆی پێ ناساندن ، هیچ کەسێکی عەرەب لەمان خراپتر وەڵامیان نەدایەوە.

---

[1] (ترمذی) ئەمەی گێڕاوەتەوە، بڕوانە (مختصر سيره الرسول) نوسینی (شێخ عبدالله ی نەجدی) ل١٤٩
[2] رحمة للعالمين ٧٤/١، نەجیب ئابادیش پێی لەسەر دادەگرێ ، بڕوانە (تاريخ الإسلام) ١٢٥،١

٣. چوو بۆلای (بنی عامر بن صعصعه) . بانگی کردن بۆ لای خوا . خۆی پێ ناساندن . (بحیره)ی کوڕی (فراس) که یەکێك بوو لەپیاوەکانیان وتی: وەڵڵاهی ئەگەر دەستی ئەم کوڕەی قوڕەیش بگرم . هەموو عەرەبی پێ قووت دەدەم ، پاشان وتی: ڕات چی‌یه ئەگەر ئێمه بەڵێنت بدەینێ و، پاشان ئەگەر خوا سەری خستی بەسەر نەیارەکانتدا ، ئایا کارو باری دوای تۆ بۆ ئێمه دەبێت ؟ فەرمووی : کاروبار بۆ خودایه ، ویستی لەسەر کێ بوو لەسەر ئەوی دادەنێت ، ئەنجا (بحیره) وتی به پێغەمبەر ﷺ ، پێویستمان بەم کارەی تۆ نیه ، گوێیان پێنەدا.

که (بنو عامر) گەڕابوونەوە بۆ شوێنی خۆیان ، قسەیان کردبوو بۆ ڕیش سپیەکی خۆیان که لەبەر پیریی نەیتوانی بوو بڕوات بۆ حەج ، پێیان وت: کوڕێکی قوڕەیشی له (بنی عبدالمطلب) هاته لامان . دەیوت من پێغەمبەرم ، بانگی کردین بۆ ئەوەی پشتی بگرین و لەگەڵیدا بین و، بیهێنین بۆ شوێنی خۆمان ، کابرای پیرەساڵ کێشای بەسەری خۆیداو، پاشان وتی: ئەی خێڵی (بنی عامر) ئەرێ ناکرێت فریای کەون؟ ئەو پیاوە پەل و پۆکەی له (مطلب)ە؟ سوێندم بەو کەسەی گیانی فلانه کەسی بەدەستە ، هیچ نەوەیەکی (إسماعیل) ئەوە هەڵنابەستێت ، ئەوەش ووتوویەتی هەقه . ئەرێ لەوکاتەدا عەقڵتان لەکوێ بوو؟

ئیماندارانی دەرەوەی مەککە

هەروەکو پێغەمبەر ﷺ باسی ئیسلامی بۆ خێڵ و شاندەکان دەکرد ، خۆی بەتاکه تاکەی خەڵکیش دەناساند لەلای هەندێکیان وەڵامی باشی دەستکەوت ، چەندپیاوێکیش پاش ماوەیەکیکەم لەو وەرزە باوەڕیان پێهێنا، ئەمەش دیمەنێکی ئەوانە:

١. (سوید بن صامت) شاعیرێکی ژیری خەڵکی (یثرب) بوو ، بەهۆی ئازایەتی و شاعیرێتی و پلەوپایەو بنەماڵەکەیەوە ناویان نابوو (الکامل) ، بۆ (حەج) یان (عومرە) هاتبوە مەککه ، پێغەمبەری خوا ﷺ بانگی کرد بۆ ئیسلام ، پێی وت: لەوانەیه ئەوەی لای تۆیه لەوەبێت که لەلای منه ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی تۆ چیت پێیه؟ وتی: دانایی لوقمان، فەرمووی: بۆم باس بکه، باسی کرد، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەمه گوتەی جوانه، بەڵام ئەوەی لای منه جوانترە لەوە، ئەوەش قورئانێکه خوای گەورە بۆمی ناردۆته خوارەوە ، نوورو ڕێنوێنیه . ئەنجا هەندێك قورئانی بەسەردا خوێندەوەو ، بانگی کرد بۆ ئیسلام بوون ، موسوڵمان بوو ، وتی:

بەڕاستی ئەمە گوتەیەکی جوانە، کەڕۆیشتەوە بۆ مەدینە زۆری پیٚنەچوو لەرۆژی (بعاث)دا کوژرا[1]، موسوڵمان بوونەکەی سەرەتای ساڵی (١١)ی پێغەمبەرێتی بوو[2].

٢. (إياس)ی کوڕی (معاذ)، کوڕێکی گەنجی (يثرب)ی بوو، لەگەڵ شاندێکی خێڵی (اوس) دا هاتبوون بۆ ئەوەی پەیمان ببەستن لەگەڵ قوڕەیشدا دژ بە خزمانیان لە (خزرج)، ئەمەش پێش جەنگی (بعاث) بوو کە لەسەرەتای ساڵی (١١)ی پێغەمبەرێتیدا ڕوویدا ، چونکە ئاگری شەڕ لەنێوان هەردوو خێڵەکەی (يثرب)دا هەڵگیرسابوو. ئەوسیەکان لە خەزرەجیەکان کەمتر بوون . کە پێغەمبەری خوا زانی هاتوون بۆ مەککە چووە لایان و لەگەڵیاندا دانیشت و. پێی وتن: ئایا لەم هاتنەتاندا حەزتان لە چاکە هەیە ؟ وتیان: ئەوە چاکەیە چییە؟ فەرمووی: من پێغەمبەری خوام ، خوای گەورە منی ناردووە بۆ لای عەبدەکانی ، بانگیان دەکەم بۆ خواپەرستی و وازهێنان لە (شيرك)و ، (قورئان)ی بۆ ناردووم ، پاشان باسی ئیسلامی بۆ کردن و ، قورئانی بۆ خوێندنەوە ، (إياس) ی کوڕی (معاذ) وتی: خزمینە وەڵاهی ئەمە باشترە لەوەی بۆی هاتوون ، (أبو الحيسر) . (أنس بن رافع) . کە پیاوێك بوو لە شاندەکەدا . مشتێك خۆڵی (بطحاء)ی هەڵگرت و کردی بەدەم و چاوی (إياس)دا و ، وتی: وازمان لێ بێنە ، ئێمە بۆ کارێکی‌تر هاتووین ، (إياس) بێدەنگ بوو پێغەمبەری خوداش ﷺ هەستاو ، ئەوانیش بەبێ ئەوەی هیچ پەیمانێك لەگەڵ قوڕەیشدا ببەستن گەڕانەوە بۆ مەدینە.

پاش گەڕانەوەیان بۆ مەدینە زۆری پێ نەچوو (إياس) مرد ، لەکاتی سەرە مەرگدا زیکری (لاإله إلا الله) و (الله أكبر) و (الحمد لله) و (سبحان الله)ی دەکرد ، کەس گومانی نەبوو لەوەی کە بە موسوڵمانی مردووە)[3].

٣. (أبوذر الغفاري) . خەڵکی دەوروبەری (يثرب) بوو ، کاتێك هەواڵی وەحی بۆ هاتنی پێغەمبەر بەرگوێی کەوت (سويد)ی کوڕی (صامت) و (إياس)ی کوڕی (معاذ) بەهەمان شێوە کەوتە بەرگوێی (أبوذر)یش ئەمەش بووە هۆی موسوڵمان بوونی[4].

(بخاری) لە (إبن عباس)ە وە دەگێڕێتەوە:

---

[1] هەمان سەرچاوە ١ ٤٢٥ ٤٢٧، هەروەها (رحمه للعالمين) ١ ٧٤

[2] تاريخ الإسلام ، نوسینی (نجيب ئابادی) ١٢٥/١

[3] (إبن هشام) ١ ٤٢٧-٤٢٨، هەروەها (تاريخ الإسلام) نوسینی (نجيب ئابادی) ١ ١٢٦

[4] / هەمان سەرچاوەی کۆتایی ١ ١٢٨

ئەبوزەڕ وتی: من پیاوێکی (غەفاری) بووم ، هەواڵمان پێگەیشت کە پیاوێك لە مەککە دەرکەوتوە ، دەڵێت من پێغەمبەرم ، وتم بە براکەم: بڕۆ بۆلای ئەو پیاوەو قسەی لەگەڵدا بکەو، هەواڵەکەیم پێ بدەرەوە . پێی گەیشتبوو ، پاشان گەڕایەوە ، وتم چیت پێیە؟

وتی : وەڵڵاهی پیاوێکم دی فەرمان بەکاری چاك دەکات و نادەکات لە هەموو خراپەیەك ،

پێم وت : دڵم ئاو ناخواتەوە ، هەستام توێشەبەرەو دارێکم گرت بە دەستمەوە، بەرەو مەککە کەوتمەڕێ ، خۆم والێکرد کە نایناسم و ، حەزم لەچارەی نیە ، لەئاوی زەمزەمم خواردەوەو چوومە مزگەوت ، عەلی بەلامدا تێپەڕی کرد ،

وتی: پێدەچێت تۆ پیاوێکی نامۆ بیت؟

دەڵێت : وتم: بەڵێ ،

وتی: کەوتە ڕێ بۆماڵەوە ، منیش لەگەڵیدا ڕۆیشتم ، نە ئەو پرسیاری لە من کرد نە منیش هیچ پرسیارێکم لەو کرد ، کە ڕۆژ بوەوە چووم بۆ مزگەوتەکەو ، هەواڵم نەپرسی ، کەسیش نیە هەواڵی ئەوم بداتێ ،

دەڵێت: عەلی بەلامدا تێپەڕی وتی: ئایا هێشتا ماڵی کابرات نەدۆزیوەتەوە؟

دەڵێت وتم : نەء ،

وتی: کەواتە وەرە لەگەڵم ،

دەڵێت: پێی وتم: کابرا چیت ئەوێت ؟

چی تۆی هێناوە بۆ ئەم شارە؟

دەڵێت : پێم وت : ئەگەر لای کەس قسە نەکەی پێت ئەڵێم ،

وتی: باشە وادەکەم ،

دەڵێت : وتم : هەواڵمان پێگەیشتوە کەپیاوێك لێرە هەڵکەوتووە دەڵێت من پێغەمبەری خودام ، براکەم نارد بۆ لای قسەی لەگەڵدا بکات ، گەڕایەوەو ئاوی دڵی نەدام ، حەزم کرد خۆم بیبینم.

عەلی پێی وت ﷺ : ڕێگەت دۆزیوەتەوە ، ڕووی منیش لەوێیە ، چۆن من چوومە ژورەوە تۆش بڕۆ ژورەوە ، ئەگەر کەسێکم دی جێگەی مەترسی بێت بۆ تۆ

دەچمە پاڵ دیوارەکەو خۆم بەچاککردنی نەعلەکانمەوە خەریك دەکەم و ، تۆ بەڕێی خۆتەوە بڕۆ ، ئەو ڕۆشت ، لەگەڵیدا ڕۆشتم هەتا چووە ژورەوە ، لەگەڵیدا چوومە ژورەوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ ، عەرزم کرد: باسی ئیسلامم بۆ بکە ، بۆی باس کردم ، دەستبەجێ موسوڵمان بووم ، پێی فەرمووم: ئەبوذەڕ، ئەم کارە بپۆشەو بانهێنی بێت ، بگەڕێرەوە بۆ شارەکەت ، کە هەواڵی سەرکەوتنی ئێمەت پێگەیشت ئەوجا وەرەوە ، منیش وتم: سوێند بەو کەسەی تۆی بەهەق ناردوە لەناویاندا بەدەنگی بەرز هاوار ئەکەم ، ئەنجا چوومە مزگەوت قوڕەیشی لێ بوو ، وتم: ئەی خێڵی قوڕەیش ، من شایەتی دەدەم (أشهد أن لا إله إلاّ الله) و (أنّ محمداً عبده ورسوله) وتیان : ئادەی بڕۆنە گیانی ئەو هەڵگەڕاوەیە ، بۆم هەستان ، لێدانێك لێ درام کە بمرم ، عەباس فریام کەوت ، خۆیدا بەسەرمدا ، پاشان ڕووی تێکردن و فەرمووی :

دایك ڕۆڵە رۆتان بۆ بکات ئایا پیاوێکی غەفاری دەکوژن؟ لەکاتێکدا کە ڕێگەی بازرگانی و هاتوچۆتان بەسەر خێڵی غەفارەوەیە؟ ئیدی وازیان لێ هێنام ، کە رۆژ بوەوە ، گەڕامەوە ، ئەنجا هەمان وشەکەی دوێنێم وتەوە ، وتیان: ئادەی هەستن بۆ ئەو هەڵگەڕاوەیە ، وەکو دوێنێیان لێ کردمەوە ، عەبباس فریامکەوت ، خۆیدایەوە بەسەرمداو وەکو قسەکانی دوێنێی فەرمووەوە[1].

٤. (طفيل)ی کوڕی (عمرو)ی (دوس)ی ، پیاوماقوڵێکی شاعیرو ژیرو سەرۆکی تیرەی (دوس) بوو ، تیرەکەی لە هەندێ ناوچەی (یەمەن)دا میرنشینیەکی هەبوو ، لە ساڵی (١١)ی پێغەمبەرێتیدا هات بۆ مەککە ، خەڵکەکەی پێش ئەوە بگات بەخێرهاتنیان کرد ، جوانترین سلاّویان لێکردو بەشکۆدارترین شێوە ڕێزیان گرت و ، پێیان وت: ئەی (طفيل) ، تۆ هاتویتە ولاّتی ئێمە ، ئەم پیاوەی لەناوماندا دەرکەوتوە گێچەڵمان پێدەگێڕێت و، جیاوازی تێ‌خستوین، کاروبارمانی پەرتەوازە کردووە، گوتەکانی لەجادوو ئەچن ، کوڕ لەباوك و ، لەبراکەی و، هاوسەر لە یەکتری جیادەکاتەوە ، ئێمە بەهۆی ئەو پیاوەوە ترسمان هەیە لەسەر خۆت و خێڵەکەت ، لەبەرئەوە قسەی لەگەڵدا مەکەو گوێیشی لێ مەگرە.

(طفيل) دەڵێت: وەڵلاّهی وازیان لێ نەهێنام هەتا بڕیارمدا کە نەقسەی لەگەڵدا بکەم و نەبیدوێنم ، هەتا وام لێ هات کە چووم بۆ مزگەوت گوێم بەشتێك

---

[1] / صحيح البخاري ، باب قصة زمزم ٤٩٩/١–٥٠٠ ، باب إسلام ابی ذر ٥٤٤/١،٥٤٥

ئاخنی ، نه بادا شتێك له قسەكانیم بەرگوێ بكەوێت . دەڵێت: چوومە مزگەوت ، دەبینم لەپاڵ كابەدا نوێژ دەكات ، له نزیكیەوە ڕاوەستام ، خوا ویستی گوێم له هەندێك قسەی بێت ، بەڕاستی گوێم له وتەیەكی شیرین بوو . لەدڵی خۆمدا وتم: دایك ڕۆڵە ڕۆم بۆ بكات ، من پیاوێكی خاوەن عەقڵم و شاعیرم . چاك و خراپ له من ون نابن. چی ڕێگەم لێ دەگرێ كه گوێ له قسەی ئەم پیاوە بگرم ؟ ئەگەر پێم باش بوو وەری دەگرم ، خۆ ئەگەر خراپیش بوو ڕەتی دەكەمەوە ، وەستام هەتا گەڕایەوە بۆ ماڵەكەی ، شوێنی كەوتم تاچوە ژورەوەو چووم بۆلای و باسی هاتنی خۆمم بۆ كردو ، باسی ترساندنی خەڵك لەوو، ئاخنینی گوێم بەپارچە پەڕۆیەك پاشان گوێ گرتنم بۆ هەندێ لەگوتەكانی بۆ گێڕایەوەو ، پێم وت: باسی ئەم كارەی خۆتم بۆ بكە ، باسی ئیسلامی بۆ كردم ، قورئانی بەسەردا خوێندمەوە . وەڵڵاهی هەرگیز گوێم لەقسەی لەوە جوانتر نەبوو بوو ، كارنەبوو لەوە دادپەروەرانەتر . دەست بەجێ باوەڕم هێناو شایەتی هەقم داو ، پێم وت: من لەناو تیرەكەمدا قسەبیسراوم و، دەگەڕێمەوە بۆ لایان و، بانگیان دەكەم بۆ ئیسلامەتی ، دۆعام بۆ بكە بەڵگەیەكم هەبێت ، پێغەمبەری خوا ﷺ دۆعای كرد بەڵگەكەش ئەوەبوو خوای گەورە نورێكی وەك گڵۆپی لەنێوچەوانیدا خولقاند . وتی: خوایە بائەم بەڵگەیە له دەم وچاومدا نەبێت . چونكی دەترسم بڵێن: ئەوە خوا پێی نواندوە ، ئیتر نوورەكە چووە ناو قامچیەكەی ، باوك و هاوسەرەكەی بانگ كرد بۆ ئیسلام هەردووكیان موسوڵمان بوون ، خێڵەكەی لەموسوڵمان بووندا درەنگ هاتن بەدەمیەوە ، بەڵام هەر وازی لێ نەهێنان هەتا له دوای (خەندەق)[1]ە وە كۆچی كرد بۆ مەدینەو حەفتا یان هەشتا بنەماڵەی خێڵەكەی لەگەڵدا بوو ، له ئیسلامدا هەوڵ و خەباتێكی باشی كرد . له جەنگی ڕۆژی (یەمامە)دا شەهید بوو[2] .

٥. (ضماد الأزدي) : لەخێڵی (أزد شنوءة) ی یەمەن بوو، خەریكی نوشتە كردن بوو . گەیشتە مەككە گوێ لەبێ عەقڵەكانیان بوو دەیانوت: موحەممەد شێتە . وتی: ئەگەر من بڕۆمەوە لای ئەو كابرایە بەڵكو خودا لەسەر دەستی مندا شیفای بدات ، پێی گەیشت ، پێی وت: ئەی موحەممەد ، من نوشتە دەكەم . ئایا پێت

---

[1] بەلكو دواى (حديبية) ش هاتة مەدينةو خزمەت شيفەمبەريش ﷺ، سەيركة (إبن هشام) ٣٨٥/١

[2] إبن هشام ٣٨٢/١-٣٨٥، رحمةللعالمين ٨٢،٨١،١، مختصر سيرة الرسول ، نوسينى شيخ عبدالله ى نەجدى ل١٤٤ ، تاريخ الإسلام نوسينى (نجيب ئابادى) ١ ١٢٧

باشە بۆت بکەم ؟ پێغەمبەر ی خوا ﷺ فەرمووی: ((إن الحمد لله نحمده ونستعينه ، من يهد الله فلا مضل له ، ومن يضلله فلا هادي له ، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لاشريك له ، وأشهد أن محمداً عبده ورسوله ، أما بعد)).

وتی: ئەو وشانەم جارێکی تر بۆ بڵێرەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ سێجار بۆی وتەوە ، کابرا وتی: من گوێم لەقسەی فاڵگرو جادوگەرو گوتەی شاعیران بووە ، هەرگیز گوێم لە هاووێنەی ئەم قسانەی تۆ نەبووە، بەڕاستی گەشتونەتە فەرهەنگی دەریاکان ، دەستت بێنە با لەسەر ئیسلام بەیعەتت بدەمێ ، بەیعەتی دا بەپێغەمبەر ﷺ[1].

شەش شنەبای فێنك لە خاکی (یثرب)ەوە

لە وەرزی حەجی ساڵی (١١) ی پێغەمبەرێتیدا ، یۆلیۆی ساڵی ٦٢٠ی زایینی ، بانگەوازی ئیسلامیی چەند تۆوێکی چاکی بەدی کرد ، خێرا بوونە چەند درەختێکی بالأبەرز ، موسوڵمانان خۆیان خستە ژێرسێبەری فێنکی لەدەست گڕەی ستەم و ستەمی ساڵانی پێشوو.

یەکێك لە داناییەکانی پێغەمبەر ﷺ ئەوەبوو، کاتێك تووشی بەدرۆ خستنەوەو ڕێگە لێگرتن دەبووەوە ، لەلایەن خەڵکی مەککەوە ، لەتاریکایی شەودا بەسەر خێڵەکاندا دەگەڕا ، هەتا هیچ کەسێك لەموشریکەکانی مەککە نەتوانن ڕێگەی لێ بگرن[2].

بەو شێوەیە شەوێکیان دەرچوو ، ئەبوبەکرو عەلی لەگەڵدا بوو ، بەسەر ماڵەکانی (ذهل) و (شيبان) و (بن ثعلبة)دا گوزەراو لەبارەی ئیسلامەوە قسەی لەگەڵدا کردن ، لەنێوان ئەبوبەکرو پیاوێکی خێڵی (ذهل)دا پرسیارو وەڵامێکی خۆش ڕوویدا ، (بنو شيبان) یش وەڵامێکی ئومێد بەخشانەیان دایەوە ، بەڵام لە قەبوڵ کردنی ئیسلامدا وەستان[3].

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ بە(عقبە)ی (منى) دا تێپەڕی ، گوێی لەدەنگی چەند پیاوێك بوو قسەیان دەکرد[4]، چووە لایان ، شەش گەنجی (یثرب) یی بوون ، هەموویان لە (خزرج) بوون ، بریتی بوون لە:

---

[1] / (موسليم) ڕیوایەتی کردوە ، مشكاة المصابيح ، باب علامات النبوة ٥٢٥/٢

[2] / تاريخ الإسلام نوسینی (نجیب ئابادی) ١٢٩/١

[3] / بروانة ، مختصر سيرة الرسول ، نوسینی (شێخ عەبدوڵلای نەجدی) ل١٥٠ -١٥٢

[4] / رحمة للعالمين ٨٤/١

(اسعد بن زراره)	له خێڵی	(بنی النجار)
(عوف بن الحارث بن رفاعة ، إبن عفراء)	لەخێڵی	(بنیالنجار)
(رافع بن مالك بن العجلان)	له خێڵی	(بنی زریق)
(قطبة بن عامر بن جديدة)	له خێڵی	(بنی سلمه)
(عقبه بن عامر بن نابی)	لەخێڵی	(بنی حرام بن كعب)
(جابر بن عبدالله بن رئاب)	لەخێڵی	(بنی عبيد بن غنم)

یەكێك لەخۆشیەكانی خەڵكی (یثرب) ئەوەبوو، كە لە جوولەكە هاوپەیمانەكانیان دەبیست لە مەدینەدا كە یەكێك لە پێغەمبەران لەو ڕۆژگارانەدا دەردەكەوێت ، ئەوجا شوێنی دەكەوین ، ئەوجا ئێمە (جولەكە) لەگەڵ ئەو پێغەمبەرەدا دەبین ئێوە دەكوژین وەكو (عاد) و (إرم)[1].

كاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ پێیان گەیشت ، پێی فەرموون : ئێوە كێن ؟ وتیان: ئێمە چەند كەسێكی خەزرەجین ، فەرمووی: هاوپەیمانەكانی جولەكە؟ وتیان: بەڵێ ، فەرمووی: دادەنیشن قسەتان لەگەڵدا بكەم؟ وتیان: بەڵێ، لەگەڵیدا دانیشتن ، ئەنجا پێغەمبەر ﷺ كرۆكی ئیسلام و بانگەوازەكەی بۆ باس كردن و، بانگی كردن بۆلای خوای گەورە ، هەروەها قورئانی بۆخوێندنەوە . هەندێكیان بەئەوانی تریان وت: ئەری دەزانن وەڵڵاهی خەڵكینە ، ئەمە ئەو پێغەمبەرەیە كە جولەكە هەڕەشەیان پێی لە ئێوە دەكرد ، نەكەن بهێڵن پێشتان بكەون ، دەستبەجێ وەڵامی بدەنەوەو موسوڵمان بن.

ئەوانە پیاوە ژیرەكانی (یثرب) بوون ، دووبەرەكی و شەڕی ناوخۆ ماندووی كردبوون ، كە زۆر نەبوو گوزەرا بوو ، هەتا ئەو كاتەش كڵپەكەی بەهەڵگیرساوەیی مابووەوە ، ئومێدیان وابوو كە بانگەوازە ببێتە هۆیەك بۆ وەستاندنی شەڕ ، وتیان: ئێمە لەحاڵێكدا خێڵەكەمان بەجێهێشتوە هیچ خێڵێك لەوناوەدا بەئەندازەی ئەوان دوژمنایەتیان لەناودا نیە ، لەخودا داواكارین كە بەهۆی تۆوە كۆیان بكاتەوە ، دەچینەوە لایان ، بانگیان دەكەین بۆ لای تۆ ، ئەگەر لەسەر دەستی تۆدا یەك بگرن ، هەرگیز ڕێیان لەكەسێك ناكەوێت پایە بڵندتر بێت لە تۆ .

ئەو كۆمەڵە خەڵكە گەڕانەوە بۆ مەدینە پەیامی ئیسلامیان بۆ بردن ، وای لێهات ماڵێك لە ماڵەكانی (انصار)دا نەما باسی پێغەمبەری تێدا نەبێت ﷺ[2].

---

[1] / زاد المعاد ٢/٥٠، إبن هشام ٥٢١،٤٢٩/١

[2] هەمان سەرچاوە ٤٢٨/١-٤٣٠

خواستنی عائشه له لایەن پێغەمبەرەوە ﷺ

لەشەوالی ئەو ساڵەدا ـ ساڵی (١١)ی پێغەمبەریێتی ـ پێغەمبەری خوا ﷺ عائشەی (صدیقه)ی خوازبێنی کردو (ڕ) ، له شەوالی ساڵی یەکەمی کۆچیدا گواستیەوە[1].

شەوڕەوی و بڵند بوونەوە

لەو قۆناغەدا بانگەوازەکەی پێغەمبەر ﷺ لەنێوان سەرکەوتن و چەوساندنەوەدا بێ وچان ڕێگەی دەبڕی ، چەند ئەستێرەیکی کز لە ئاسۆیەکی دورەوە وەدیار دەکەوتن ، ئەوە بوو ڕووداوی شەوڕەوی و بڵند بوونەوە ڕووی‌دا.

بەچەند وتەیەکی جیاواز کاتی دیاری کردنەکەی قسەی لەسەرە:

١. وتراوە: شەوڕەوی لەیەکەم ساڵی پێغەمبەرێتیدا ڕوویداوە، ڕای (طبری)یە.

٢. وتراوە: پێنج ساڵ دوای پێغەمبەرێتی بووە ، (نەوەوی) و (قرطبی) ئەمەیان بە لاوە پەسەندترە.

٣. وتراویشە: لە شەوی (٢٧)ی مانگی رەجەبی ساڵی (١٠)ی پێغەمبەرێتیدا بوە ، (عەللامە المنصور فوری) ئەم ڕایەی پەسەند کردوە.

٤. وتراوە: پێش کۆچ بە (١٦) مانگ بووە ، واتە لە ڕەمەزانی ساڵی (١٢)ی پێغەمبەرێتیدا.

٥. وتراوە: پێش کۆچ کردن بەساڵێك و دوومانگ بووە ، واتە لە (محرم)ی ساڵی (١٣)ی پێغەمبەرێتیدا.

٦. وتراوە: ساڵێك پێش کۆچ کردن بووە ، واتە لە (ربیع الأول) ی ساڵی (١٣)ی پێغەمبەرێتیدا.

سێ گوتەی یەکەم بەوە ڕەت کراوەتەوە کە (خەدیجە) (ڕ) لە ڕەمەزانی ساڵی (١٠) پێغەمبەرێتیدا وەفاتی کردوە ، وەفات کردنەکەشی پێش فەرز کردنی (٥) نوێژەکە بووە ، ڕای جیاواز نیە لەوەدا کە فەرز کردنی پێنج نوێژەکە لە شەوی (إسراء)دا بووە[2].

بەڵام هەر سێ وتەکەی دواوە بەڵگەیەکم نەدی پەسەندی بکەم ، هەرچەندە ڕەوتی سورەتی (الإسراء) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی شەوڕەوی دواتر ڕوویداوە.

---

[1] / تلقیح فهوم اهل الأثر ل١٠، صحیح البخاری ٥٥١/١

[2] / بۆ ئەم ڕایانە بڕوانە، زادالمعاد ٤٩/٢، مختصر سیرەالرسول ، شێخ عەبدوڵڵای نەجدی ل ١٤٨-١٤٩، رحمه للعالمین ١ ٧٦، (تأریخ إلإسلام) نوسینی (نجیب ئابادی) ١٢٤،١

هەروەها پێشەوایانی (فەرموودە) وردو درشتی ئەم ڕووداوە دەگێڕنەوە ، ئێمەش زۆر بەکورتی دەیخەینە ڕوو:

(إبن القيّم) دەڵێت: ڕاست وەهایە کەپێغەمبەری خوا ﷺ بەجەستەی شەوڕەوی پێکراوە ، لەمزگەوتی حەرامەوە بۆ (بيت المقدس) ، بەسواری بوراق و بەهاوڕێیەتی (جبريل) ﷺ لە (بيت المقدس) دابەزیوە ، نوێژی بەئیمامەت بۆ پێغەمبەران کردوەو، جڵەوی بوراقیشی بەئەڵقەی دەرگاکەی مزگەوتەوە بەستۆتەوە.

پاشان هەر لەو شەوەدا لە (بيت المقدس)ەوە بۆ ئاسمانی دونیا بڵند کرایەوە ، (جبريل) ﷺ داوای کردنەوەی ئاسمانی یەکەمی کرد ، بۆی کرایەوە ، لەوێدا باوکی مرۆڤایەتی (ئادەم)ی بینی سڵاوی لێ کرد ، بەخێرهاتنی کردو ، وەڵامی دایەوە ، دانی نا بە پێغەمبەرێتیەکەیدا ، لەلای ڕاستیەوە خوای گەورە گیانی هەموو پێغەمبەرانی نیشانداو ، لەلای چەپیشیەوە گیانی تاوانبارانی نیشاندا.

پاشان بەرزکرایەوە بۆ ئاسمانی دووەم ، بۆی کرایەوە ، تیایدا یەحیای کوڕی زەکەریاو عیسای کوڕی مەریەمی بینی ﷺ ، پێیان گەیشت و سڵاوی لێ کردن ، وەڵامیان دایەوەو، بەخێرهاتنیان لێ کردو ، دانیان نا بە پێغەمبەرێتیەکەیدا.

پاشان بڵند کرایەوە بۆ ئاسمانی سێیەم ، یوسفی تێدا بینی ﷺ ، سڵاوی لێ کرد ، وەڵامی دایەوەو بەخێرهاتنی لێ کردو ، دانی نا بە پێغەمبەرێتیەکەیدا.

پاشان بەرز کرایەوە بۆ ئاسمانی چوارەم ، ئیدریسی تێدا بینی ﷺ ، سڵاوی لێ کردو ، بەخێرهاتنی لێ کردو، دانی نا بە پێغەمبەرێتیەکەیدا.

پاشان بەرز کرایەوزە بۆ ئاسمانی پێنجەم ، هاروونی کوڕی عمرانی تێدا بینی ﷺ ، سڵاوی لێکردو ، بەخێرهاتنی کردو ، دانی نا بە پێغەمبەرێتیەکەیدا.

پاشان بڵند کرایەوە بۆ ئاسمانی شەشەم ، بە موسای کوڕی عمران گەیشت ﷺ ، سڵاوی لێکردو ، بەخێرهاتنی کردو ، دانی نا بە پێغەمبەرێتیەکەیدا.

کە موسای بەجێهێشت ﷺ گریا ، پێی وترا: بۆچی دەگریت ؟ فەرمووی : دەگریم چونکە کوڕێك نێرراوە لەدوای منەوە ، ئەوانەی لەئوممەتی ئەو دەڕۆنە بەهەشتەوە لە ژمارەی ئەوانەی ئومەتی من زیاترن.

پاشان بەرزکرایەوە بۆ ئاسمانی حەوتەم ، گەیشت بە ئیبراهیم ﷺ ، سڵاوی لێکردو ، بەخێرهاتنی کردو ، دانی نا بە پێغەمبەرێتیەکەیدا.

پاشان بەرز کرایەوە بۆ (سدرة المنتهى) و، ئەنجا بڵند کرایەوە بۆ (البيت المعمور)

پاشان بەرز کرایەوە بۆ لای (الجبّار ﷻ) ، ئەوەندە لێی نزیك بووەوە هەتا بەئەندازەی دووکەوان یان کەمتری مابووەوە . ئەنجا ئەوەی ویستی (وەحی) کرد بۆ پێغەمبەر ﷺ ، (٥٠) نوێژی لەسەر کردە ئەرك ، گەڕایەوە هەتا بەلای موسادا تێپەڕی ﷺ ، پێی فەرموو : بەچی فەرمانی پێکردی ؟ فەرمووی بەپەنجا نوێژ ، فەرمووی : ئوممەتەکەت بەرگەی ئەوە ناگرێت ، بگەڕێرەوە بۆلای پەروەردگارت داوای لێ بکە سووکی بکات لەسەر ئوممەتەکەت ، لای کردەوە بەلای جبریلدا ، وەکو بیەوێت ڕای ئەو وەربگرێت ، ئاماژەی فەرموو: بەڵێ، ئەگەر حەزت لێ بێت ، جبریل بەرزی کردەوە هەتا چوە خزمەت خوای گەورە ، لەجێگەی خۆیدابوو . ئەمە قسەی بوخاریە لەچەند ڕێگەیەکەوە . ئەنجا دە نوێژی لەسەر کەمکردەوە، پاشان دابەزیەوە هەتا بەلای موسادا ﷺ تێ‌پەڕی، هەواڵی پێدا، فەرموی: بگەڕێرەوە لای پەروەردگارت و داوای سووك کردنی لێ بکە ، بەردەوام لەهاتوچۆدا بوو لەنێوان موسا ﷺ و خوای گەورەدا، هەتا بۆی کرد بەپێنج نوێژ، موسا ﷺ فەرمانی‌پێدا کەداوای سووککردن بکاتەوە ، فەرمووی: شەرم دەکەم لەپەروەردگارم بەڵام ڕازی دەبم و ملکەچم ، کە دورکەوتەوە بانگ وێژێك هاواری کرد: من بڕیاری فەریزەکەم داو سەرشانی بەندەکانم سووك کرد . تەواو[1] .

پاشان (إبن القيم) باس لە ڕاجیاوازیەك دەکات سەبارەت بەچاوپێکەوتنی پێغەمبەر ﷺ بۆ پەروەردگاری گەورە ، پاشان باسی قسەیەکی (إبن القيم)ی کردوە لەو بارەیەوە ، پوختەی قسەکە ئەوەیە کە بینین بەچاو لەبنەڕەتدا نەسەلماوەو ئەمە قسەیەکە هیچ یەکێك لەهاوەڵان نەیان فەرمووە ، ئەوەش باس دەکرێت لە (إبن عباس)ەوە کە بە ڕەهایی و بە دڵی بینیویەتی ، ئەوا یەکەم دژ بە دووەم نیە.

پاشان دەڵێت: ئایەتی ﴿ ثم دنا فتدلى ﴾ النجم/٨ ، ئەم نزیکبوونەوەیە ئەو نزیکبوونەوە نیە لە سورەتی (الإسراء)دا هاتووە . ئەوەی لەسوورەتی (النجم)دا هاتوە نزیکبوونەوەی (جبريل)ە ﷺ نزیکبوونەوەکەش ، هەروەکو عائشەو (إبن مسعود) دەڵێن : ڕەوتی ئایەتە بەڵگەیە لەسەری ، نزیك بوونەوەکە لەسورەتی (الإسراء)دا ڕوونە کەمەبەست پێی نزیکبوونەوەی پەروەردگاری گەورەو. لە سورەتی (النجم)دا باس لەوە ناکات ، بەڵکو ئەوەی تێدایە کە جارێکی تر لە (سدرە

---

[1] زاد المعاد ٢/٤٧،٤٨

المنتهى) بينيويەتيەوە ، ئەوەش (جبريل)ە ﷺ ، پێغەمبەر ﷺ دووجار لەسەر شێوەی پیرۆزی جبریلی بینیوە: جارێك لەسەر زەمین ، جارێکیش لە (سدرە المنتهى) ، (والله اعلم) . تەواو.[1]

ڕووداوی سنگ لەت کردنەکەش جارێکی تر لێی ڕووی دایەوە ، لەو سەفەرەدا کۆمەڵێك شتی جۆراو جۆری بینی:

شیرومەی خرایە بەردەستی ، شیرەکەی هەڵبژارد ، پێی وترا: ڕێگەی فیترەتت هەڵبژارد یان فیترەتت پێکا ، خۆ ئەگەر مەیەکەی هەڵبژاردایە ئوممەتەکەت سەری لێ تێکدەچوو.

هەروەها چوار ڕووباری بینی لە بەهەشتدا : دوو ڕووباری دیارو ، دوو ڕووباری نادیار . دوو دیارەکە بریتی بوون لە نیل و فورات ، ماناکەشی ئەوەیە کە پەیامەکەی نیشتەجێی ئەو دوو شیوە بەپیتە دەبێت لە نیل و فوراتداو ، خەڵکەکەی دەبنە هەڵگرانی ئیسلام نەوە لەدوای نەوە ، ماناکەی ئەوە نیە کە ئاوی ئەو دوو ڕووبارە لە بەهەشتەوە هەڵدەقوڵێت.

هەروەها مالیکی دەرگاوانی دۆزەخی بینی ، پێنەدەکەنی ، لە ڕووکاریدا گەشی و خۆشی دیار نەبوو ، هەروەها بەهەشت و دۆزەخی بینی.

هەروەها بخۆرانی ماڵی هەتیوانی بینی قاپۆڵەیان هەبوو وەك وشتر ، پارچە ئاگری وەك مشتە بەرد دەکرا بە دەمیانداو ، لە دەرچەیانەوە دەچووە دەرەوە.

سووخۆرەکانیشیی دەبینی سکیان گەورە بووبوو ، نەیاندەتوانی لە جێگەی خۆیان بجوڵێن، بۆ پیشاندانی دۆزەخ ئاڵ و بەیتی فیرعەون بەلایاندا تێدەپەڕین و پێیان پێدادەنان.

زیناکارەکانیشیی بینی گۆشتێکی پاکو قەڵەوو گۆشتێکی هەڵاوساوی بۆگەنیان لەبەردەستدا بوو ، لەگۆشتە پیسە بۆگەنەکەیان دەخواردو ، وازیان لە گۆشتە پاکە قەڵەوەکە هێنا بوو.

هەروەها ئەو ژنانەشی بینی کە منالی زۆڵ دەخەنەوە ، بە مەمکەکانیان هەڵواسرا بوون.

---

[1] /زادالمعاد٢/٤٧,٤٨ هەروەهاسەیرکە(صحیح البخاری)١/٥٠. ٤٥٥. ٤٥٦، ٤٧٠، ٤٧١، ٤٨١، ٥٤٨، ٥٤٩، ٥٥٠ ، ٢/٦٨٤، (صحیح مسلم) ١/٩١، ٩٢، ٩٣، ٩٤، ٩٥ ، ٩٦

هەروەها کاروانێکی خەڵکی مەککەی بینی لەچوون و گەڕانەوەدا بوو، وشترێکیان لەپێشەوە بوو دیاریی کرد، لەسەریان وەستا ئاوی لەدەفرێکی سەر داپۆشراویان خواردەوە ئەوان نووستبوون ، پاشان دەفرەکەی بە سەرداپۆشراوی هێشتەوەو ڕۆشت . ئەوەش بوو بەبەڵگەی بانگەوازەکەی لە بەرەبەیانی شەوی شەو ڕەیدا[1] .

(إبن القيم) دەڵێت: کاتێك پێغەمبەر ﷺ ڕۆژی کردەوە لەناو قورەیشدا هەواڵی پێدان ، کە خودا چی لە ئایەتە گەورەکانی خۆی نیشانداوە ، ئیدی بەدرۆخستنەوەو ئازاردان و زیان پێگەیاندنیان زیاتری کرد ، داوایان لێ کرد وەسفێکی (بيت المقدس) یان بۆ بکات ، خوای گەورە هێنایە پێش چاوی ، تا بەباشی دیاری کرد ، ئەنجا هەواڵی نیشانەکانی پێدان ، ئەوانیش نەیاندەتوانی بەرپەرچی یەك وشەی بدەنەوە ، ئەنجا هەواڵی ڕێگەی هاتن و چونی کاروانەکەشی پێدان و ، پێشیی وتن کە چ کاتێك دەگاتە جێ ، هەواڵیشی پێدان سەبارەت بە یەکەم وشتری پێش کاروانەکە ، هەواڵەکەش بەڕاستی وادەرچوو کە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی ، کەچی ئەو هەواڵە زیاتر تووڕەی کردن و ، زیاتر لە کوفرو بێباوەڕیدا نغرۆی کردن[2] .

گوتراوە: بۆیە (أبوبكر) ؓ ناونراوە (صدّيق) چونکە دەستبەجێ ئەم ڕووداوەی بەڕاست زانی ، لەکاتێکدا بەدرۆیان خستەوە[3] .

کورترین و گەورەترین وشە لەبارەی هۆو حیکمەتی ئەو گەشتەوە وترابێت ئەم ئایەتە پیرۆزەیە ﴿ لنريه من آياتنا ﴾ الأسراء (١) واتە: بۆ ئەوەی ئایەتی خۆمانی نیشان بدەین ، ئەمەش سوننەتی پێغەمبەرانە (س) فەرمویەتی : ﴿ وَكَذَلِكَ نُرِي إِبْرَاهِيمَ مَلَكُوتَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَلِيَكُونَ مِنَ الْمُوقِنِينَ {٧٥} ﴾ الأنعام ، واتە : بەو شێوەیە مەلەکوتی ئاسمانەکان و زەمینمان نیشانی ئیبراهیم داو ، بۆ ئەوەی یەقین پەیدا بکات ، هەروەها بە (موسا)ی فەرموو: ﴿ لِنُرِيَكَ مِنْ آيَاتِنَا الْكُبْرَى {٢٣}﴾ واتە : بۆ ئەوەی ئایەتە گەورەکانی خۆمانت نیشان بدەین ، مەبەستی ئەو (إرادە) یەشی ڕوون کردەوەو فەرمووی: ﴿ وليكون من الموقنين ﴾ ، پاش ئەوەی کە پێغەمبەران (س) پشت بەبینینی

---

[1] ، سەرضاوەكانی ثیشوو ، ابن هشام ١/٤٠٦،٤٠٤،٤٠٣،٤٠٢،٣٩٧

[2] / زاد المعاد/٤٨، هەروەها سەیرکە (صحيح البخاري) ، ٦٨٤/٢، و(صحيح المسلم) ١/ ٩٦، (إبن هشام) ٤٠٣،٤٠٢/١

[3] هەمان دوا سەرضاوە ٣٩٩/١

ئایەتە خواییەکان دەبەستن ئەوەندەیان زانیاری یەقین دەست دەکەوێت ئەندازەی نیە ، هەواڵیش وەك دیاری کردن نیە . ئەوانە ئەوەندە ئازار دەنۆشن کەس بەرگەی ناگرێت ، هەموو هێزەکانی دونیا لەبەردەمیاندا باڵی مێشوولەیەو باکیان لێی نیە با بەسزاو ئازاریش تاو بدرێن.

ئەو حیکمەت و نهێنیانەی لەپشت وردەکاری ئەم گەشتەوەن ، بواری باس لێکردنیان بریتیە لەپەرتووکی نهێنیەکانی شەریعەت ، بەڵام هەندێك ڕاستی سادە هەن کە لەکانیاوی ئەم گەشتەوە هەڵدەقوڵێن و بەقوڵپ دێنە دەرەوە بەرەو باخچەکانی سیرەتی پێغەمبەر ﷺ .

پێم باش کە بەکورتی هەندێکیان تۆمار بکەم :

خوێنەر لە سورەتی (الأسراء)دا دەبینێت کە خوای گەورە باسی بەسەرهاتی شەوڕەوی لەیەك ئایەتدا کردوە ، پاشان دەستی کردوە بەباسی ئابڕوچوون و تاوانەکانی جولەکەو . پاشان ئاگاداری کردنەوە کە ئەم قورئانە بۆ ئەو میللەتەیە کە شیاوترە لەوانەشە خوێنەر واهەست بکات کە هیچ پەیوەندیەك لەنێوان دوو ئایەتەکەدا نەبێت . لەڕاستیدا مەسەلەکە وانیە . خوای گەورە بەم شێوازە ئاماژە دەکات بەوەی کە شەوڕەوی بەرەو (بیت المقدس) بوە ، چونکە جولەکە لە سەرکردایەتی کۆمەڵگای مرۆڤیی وەلا دەخرێن ، بەهۆی ئەو تاوانانەوە کە هیچ بوارێکی بۆ مانەوەیان لەسەر ئەو پلەوپایە نەهێشتۆتەوە ، لە داهاتویەکی نزیکیشدا خوای گەورە ئەو پلەیە بە کردەیی دەبەخشێت بەپێغەمبەرەکەی ﷺ و. هەردوو پلەوپایەی بانگەوازی ئیبراهیمی بۆ کۆدەکاتەوە ، ئیدی کاتی گواستنەوەی سەرکردایەتی ڕۆحی هاتوە لە ئوممەتێکەوە بۆ ئوممەتێکی تر ، لە ئوممەتێکەوە کە مێژووی خۆی پڕکردووە لەناپاکی و فێڵ و تاوان و دەست درێژی ، بۆ ئوممەتێك کەچاکەو خێروبێری لێ دەڕژێت و پێغەمبەرەکەی ﷺ ڕۆژانە وەحی بۆ دادەبەزێت.

بەڵام ئەم سەرکردایەتیە چۆن دەگوازرێتەوە ، لەکاتێکدا کە پێغەمبەر ﷺ بە لانەوازی لەناو شاخەکانی مەککەدا خۆی حەشارداوە ، ئەم پرسیارە پەردە لە ڕووی ڕاستیەکی تریشدا هەڵدەماڵێت ، کە ئەوەیە ڕۆڵی ئەم بانگەوازە ئیسلامیە خەریکە بەرەو کۆتایی و تەواو بوون دەڕوات ، ئیدی ڕۆڵێکی تر دەست پێ دەکات کە لە ڕەوگەیدا جیایە لە ڕۆڵی یەکەم . لەبەرئەوەیە کە دەبینین هەندێك لە ئایەتەکان

ئاگاداركردنەوەیەكی ڕوون و هەڕەشەیەكی سەختی تێدایە سەبارەت بە موشریكان ﴿وَإِذَا أَرَدْنَا أَن نُّهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُواْ فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا الْقَوْلُ فَدَمَّرْنَاهَا تَدْمِيرًا {١٦}﴾ الأسراء ، واتە : ئەگەر ویستمان بڕیار بدەین بەفەوتاندنی هەر شارێك وا لە خۆشگوزەرانەكانیان دەكەین لە سنوور دەرچن ئەوسا بڕیاری خوایان بەسەردا دەچەسپێت و ماڵ وحاڵیان وێران دەكەین . ﴿وَكَمْ أَهْلَكْنَا مِنَ الْقُرُونِ مِن بَعْدِ نُوحٍ وَكَفَى بِرَبِّكَ بِذُنُوبِ عِبَادِهِ خَبِيرًا بَصِيرًا {١٧}﴾ الأسراء ، واتە: پاش نوح چەندین گەلی ترمان لەناو برد ، خوای تۆ بەسە بۆ ناسین و بینینی گوناهی بەندەكانی ، بەپاڵ ئەم ئایەتانە كۆمەڵێك ئایەتی تریش هەیە كە بنەماو بەندو پرەنسیپەكانی ژیار بۆ موسوڵمانان ڕوون دەكاتەوە كە كۆمەڵگای ئیسلامیانی لەسەر بنیات دەنرێت ، هەروەكو هاتبنە سەر زەویەك تیایدا كاروبار لە هەموو ڕوویەكەوە بەدەستی خۆیان بێت و، یەكەیەكی یەكگرتویان دروست كردبێت كە كاروباری كۆمەڵی لەسەر بەرێوە بچێت ، هەروەها ئاماژەیەكی تێدایە بۆ ئەوەی كە پێغەمبەر لەداهاتویەكی نزیكدا شوێن و پەناگەیەك دەدۆزێتەوە كە تیایدا نیشتەجێ ببێت و، ببێتە مەڵبەندێك بۆ بڵاوكردنەوەی بانگەوازەكەی لە هەموو جیهاندا ، ئەمەش یەكێكە لەنهێنیەكانی ئەم قۆناغە پیرۆزە ، پەیوەستە بە باسەكەمانەوە ، بۆیە بەباشمان زانی باسی بكەین.

هەر لەبەرئەم حیكمەتەو هاووێنەكانیەتی پێمان وایە كەدیاردەی شەو ڕەوی پێش بەڵێنی عەقەبەی یەكەم یان لەنێوان هەردوو بەڵێنی عەقەبەدا ڕووی داوە، (والله أعلم).

بەیعەتی عەقەبەی یەکەم

پێشتر وتمان کە شەش کەس لە خەڵکی (یثرب) لە وەرزی حەجی ساڵی (١١)ی پێغەمبەرێتیدا موسوڵمان بوون ، بەڵێنیاندا بەپێغەمبەر ﷺ کە پەیامەکەی بە کەسوکاریان بگەیەنن.

لەئاکامی ئەوەدا کە وەرزی داهاتوو هاتە پێشەوە . لە وەرزی حەجی ساڵی (١٢)ی پێغەمبەرێتیدا ، بەرامبەر بە ساڵی (٦١٢)ی زایین بوونە (١٢) پیاو ، پێنج کەسیان لەو شەش کەسە بوون کە پێشتر پەیوەندیان کردبوو بە پێغەمبەرەوە لە ساڵی رابوردوودا . شەشەمیان کە ئامادە نەبوو (جابر)ی کوڕی (عبدالله)ی کوڕی (رئاب) بوو . لەگەڵ حەوت کەسی تر کە بریتی بوون لە :

١. (معاذ)ی کوڕی (الحارث) ، (إبن العفراء) لە (بنی النجار) خەزرەجی
٢. (ذکوان)ی کوڕی (عبد القیس) لە (بنی زریق) خەزرەجی
٣. (عبادە)ی کوڕی (صامت) لە (بنی غنم) خەزرەجی
٤. (یزید)ی کوڕی (ثعلبة) هاوپەیمانی (بنی غنم) خەزرەجی
٥. (العباس)ی کوڕی (عبادە)ی کوڕی (حنظلة) لە (بنی سالم) خەزرەجی
٦. (أبوالهیثم)ی کوڕی (التیهانی) لە(بنی عبد الأشهل) ئەوسی
٧. (عویم)ی کوڕی (ساعدە) لە (عمرو بن عوف) ئەوسی

دوانەکەی کۆتایی لە (ئەوس) و ئەوانی تریش لە خێڵی (خەزرەج) بوون[1] .

ئەمانە لە (عەقەبە)ی (مینا)دا وەك بەیعەتی ژنان کە لەفەتحی مەککەدا دابەزی ، بەیعەتیان دا بە پێغەمبەر ﷺ.

بوخاری لە(عبادە)ی کوڕی (صامت)ەوە دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەرەوە ﷺ فەرمووی: وەرن ، بەیعەتم بدەنێ کە هاوەڵ بۆ خودا پەیدا نەکەن و دزی نەکەن و زینا نەکەن و ڕۆڵەکانتان نەکوژن و بوختانی دەست و داوێن هەڵنەبەستن و لەهیچ چاکەیەکدا سەرپێچیم نەکەن ، هەرکەسێك لەئێوە وادەی خۆی بردەسەر ئەوە پاداشتی لەسەرخوایە ، هەرکەسێکیش سنووری یەکێك لەوانە ببەزێنێت و لە دونیادا سزابدرێت دەبێتە مایەی سڕینەوەی گوناهەکەی ، هەرکەسێکیش سنووری بەزاندو خودا بۆی

[1] رحمة للعالمین ٨٥/١ . إبن هشام ١ ٤٣١،٤٣٢،٤٣٣

پۆشی ئەوا کاروبارو سەرەنجامی بۆلای خوا دەبێت ، ئەگەر ویستی سزای دەدات ، ئەگەر ویستیشیی لەسەر بوو لێی خۆش دەبێت ، فەرمووی : بەیعەتیان پێدا . لە ڕوو نوسێکی تردا دەڵێت : . لەسەر ئەوە بەیعەتمان پێدا[1] .

نوێنەری ئیسلام لە مەدینەدا

پاش ئەوەی بەیعەت تەواوبوو وەرزی حەجیش کۆتایی هات . پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ ئەو بەیعەتدەرانەدا یەکەم نوێنەری خۆی نارد بۆ (یثرب) ، بۆ ئەوەی شەریعەتی ئیسلام فێری موسوڵمانەکانی (یثرب) بکات و لەئاییندا شارەزایان بکات و هەستێت بە بڵاو کردنەوەی ئیسلام لەنێوان ئەو کەسانەدا کەهێشتا لەسەر شیرك مابوونەوە ، بۆ ئەو مەبەستەش گەنجێك لە گەنجە موسوڵمانە سەرەتاییەکانی نارد ، ئەویش (مصعب) ی کوڕی (عمیر)ی (عبدری) بووﷺ.

سەرکەوتنێکی کەم وێنە

(مصعب)ی کوڕی (عمیر) لەماڵی (أسعد)ی کوڕی (زرارە) دابەزی ، بە لێبڕانێکی زۆرەوە دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی ئیسلامەتی لەناو خەڵکی (یثرب) دا . تا بە پیاوە قورئان خوێنەکە ناسرا.

یەکێك لەجوانترین ئەوحاڵەتە سەرکەوتوانەی لەبانگەوازەکەیدا دەیگێڕنەوە ئەوەیە ، جارێکیان (أسعد)ی کوڕی (زرارە) بردیە دەرەوە بەرەو ماڵی (بنی عبدالأشهل) و (بنی ظفر)، چوونە ناوباخێکی (بنی ظفر)ەوە ، لەسەردەمی بیرێك دانیشتن ناوی بیری (مرّە) بوو، چەند پیاوێکی موسوڵمانیان لەدەور خڕ بوەوە . (سعد)ی کوڕی (معاذ) و (أسعد)ی کوڕی (حضیر) کە لەوکاتەدا لەسەر باوەڕی شیرك بوون . کە ئەم دووانە بەمەیان زانی (سعد) بە (أسید)ی وت: ئادەی بڕۆ بۆلای ئەو دوو پیاوە کە هاتوون لاوازو کەم دەستەکانمان گێل بکەن و پیایاندا هەڵبشاخێ و ، ڕێگەیان مەدە جارێکی بێنەوە ماڵەکەمان ، (أسعد)ی کوڕی (زرارە) کوڕی پورمە لەبەر ئەو ناتوانم ، ئەگەر وانەبوایە خۆم دەڕۆشتم.

(أسید) ڕمەکەی هەڵگرت بەرەو ڕوویان چوو ، کاتێك (أسعد) بەدی کرد وتی بە (مصعب): ئەوە گەورەی هۆزەکەیەتی دێتەلات ڕاستگۆیانە هەمووشتێکی پێ بڵێ .

---

[1] / صحيح البخاري ، باب بعد حلاوة الإيمان ٧/١، باب وفود الأنصار ١ .٥٥١,٥٥٠، واللقط من هذا الباب ، وباب قوله تعالى إذا جاءك المؤمنات ٢ ٧٢٧، باب الحدود كفارة٢ ,١٠٠٣

(مصعب) وتی: ئەگەر دانیشت قسەی لەگەڵدا دەکەم ، (أسید) هات و بەسەریانەوە وەستاو دەستی کرد بەقسە پیۆتنیان و وتی : چی ئێوەی هێناوەتە ئێرە؟ دەتانەوێت لاوازەکانمان فریو بدەن ؟ ئەگەر خۆتان خۆشدەوێت دور کەونەوە ، (مصعب) پێی وت : دانیشەو گوێمان لێ بگرە ، ئەگەر بەدڵت بوو وەری بگرە ، ئەگەر بەدڵیشت نەبوو چی دەکەیت بیکە. (اسید) وتی: باشت وت ، پاشان ڕمەکەی چەقاند بەزەیداو دانیشت. (مصعب) لەبارەی ئیسلامەوە قسەی بۆ کردو ، قورئانی بۆ خوێندەوە ، دەڵێت : سوێند بەخودا ، پێش ئەوەی قسە بکات ئیسلاممان لە ڕواڵەت و گەشی و بەدەمەوە هاتنیدا دەبینی . پاشان وتی: ئەم وتانە چەند جوان و شیرینن ؟ ئەگەر مرۆڤ بیەوێت بڕواتە ناو ئەم ئایینەوە چی دەکات ؟

پێیان وت : خۆت بشۆ ، جلەکانت پاکژکەرەوە ، پاشان شایەتومانی هەق بهێنە ، پاشان دوورکات نوێژ بکە ، هەستا خۆی شۆردو ، جلەکانی پاك کردەوەو ، شایەتومانی هێناو ، دوورکات نوێژی کردو ، پاشان وتی: پیاوێکی ترم لەگەڵدایە ئەگەر شوێناتن بکەوێت ، یەك کەسی خێڵەکەی نامێنێت شوێنتان نەکەوێت ، ئێستا ڕێگەتان نیشان دەدەم بۆ لای ئەو پیاوە . (سعد بن معاذ) ە . ڕمەکەی هەڵگرت و چوو بۆلای (سعد) لەناو خێڵەکەیدا بوو ، لەناو کۆڕیاندا دانیشتبوون، (سعد) وتی: سوێندبێت ئەم ڕەنگ و ڕووەی (اسید) ئەوە نەبوو کەپێیەوە ڕۆشت لای ئێوە.

کاتێك (اسید) گەیشتەوە کۆڕەکە (سعد) پێی وت: ئەرێ چیت کرد؟ وتی: قسەم کرد لەگەڵ هەردووکیاندا ، هیچ شتێکی وەهام لێ نەبینین ، ڕێگەم لێ گرتن وتیان : چی دەڵێیت وادەکەین .

بۆیان گێڕامەوە کە (بنی حارثة) چوون بۆ (اسعد)ی کوڕی (زرارە) تا بیکوژن . لەبەر ئەوەی دەیانزانی کە ئەو پورزای تۆیە . تا تۆڵەت لێ بکەنەوە ، ئیدی (سعد) هەستاو توورە بوو ، ڕمەکەی هەڵگرت و ، چوو بۆیان ، کاتێك کە هەردووکیان بینی بەئارامیی دانیشتبوون ، زانیی کە (اسید) ویستویەتی گوێیان لێ بگرێت ، بەسەر سەریانەوە وەستاو دەستیکرد بەقسە پیۆتنیان ، پاشان وتی: بە (اسعد)ی کوڕی (زرارە): (ابو امامة) ، سوێند بێت بەخوا ئەگەر خزمایەتی نێوانمان نەبوایە ئەوەم لێ قەبوڵ نەدەکردی ، ئایا تۆ کەسێك دەهێنیتە ماڵمان کە ئێمە پێمان خۆش نیە ؟

پێشتریش (اسعد) بە (مصعب)ی وتبوو: سوێند بە خوا ، پیاوێك بەڕێوەیە خێڵێك شوێنی کەوتون ، ئەگەر ئەمە شوێنت بکەوێت هیچ کەسێکی خێڵەکەی دوا ناکەوێت . (مصعب) وتی بە (سعد)ی کوڕی (معاذ): دادەنیشی قسەت بۆ بکەین ؟

ئەگەر پێت خۆش بوو قایل بە ، ئەگەر پێشت خۆش نەبوو ڕەتی کەرەوە ، (سعد) وتی: قسەیەکی باشت کرد ، پاشان دەستی خستە سەر ڕمەکەی و دانیشت و ، (مصعب) باسی ئیسلامی بۆ کردو ، قورئانی بەسەردا خوێندەوە ، دەڵێت: سوێند بە خوا پێش ئەوەی بێتە گۆ ئیسلامەتیمان لە ڕواڵەت و بەدەمەوە هاتنیدا بینی ، پاشان وتی: ئەریٚ ئێوە چی‌دەکەن ئەگەر موسوڵمان ببن وتیان: خۆت دەشۆریت و ، جلەکانت پاکژ دەکەیتەوە پاشان شایەتومانی هەق دەهێنیت ، پاشان دوو ڕکات نوێژ دەکەیت ، ئەویش وەهای کرد.

پاشان ڕمەکەی هەڵگرت و چووەوە بەرەو کوڕەکەی ، کە بینیان وتیان : سوێند دەخۆین بەخوا ئەم ڕەنگ و ڕووەی ئەوە نەبوو کە پێیەوە ڕۆشت.

کە وەستا بەسەریانەوە وتی : ئەی خێڵی (عبد الأشهل) ، ئایا ئێوە ڕاتان بەرامبەر بە من چۆنە لەناو خۆماندا ؟ وتیان : تۆ گەورەی ئێمەیت و ڕاوبۆچونت لە هەمووومان باشترەو لە هەمووومان قسە ڕۆشتووتریت ، وتی: گوتەی ژن و پیاوتان لەسەر من حەرامە هەتاکو باوەڕ دەهێنن بە خوداو پێغەمبەرەکەی ، ئیدی پیاوو ژنیان تێدا نەما موسوڵمان نەبن ، تەنها یەك پیاو نەبێت . ئەویش (أصیرم) بوو ، کە لە ڕۆژی ئوحوددا موسوڵمان بوو ، شەڕێکی باشی کردو شەهید بوو ، یەك سوژدەی بۆ خوا نەبرد بوو ، پێغەمبەر ﷺ لە بارەیەوە فەرمووی: ﴿ (أصیرم) ئەو پیاوە بوو کاری کەمی کردو پاداشتی زۆری پیٚ برا ﴾.

(مصعب) لە ماڵەکەی (أسعد)ی کوڕی (زرارە)دا مایەوەو خەڵکی بانگ دەکرد بۆ ئایینی ئیسلام ، تا وای لێهات ماڵی (أنصار)ەکان نەما پیاوو ژنی موسوڵمانی تێدا نەبێت ، جگە لەماڵی (بني أمیە)ی کوڕی (زید) و (خطمة) و (وائل) ، کە (قیس)ی کوڕی (أسلت)ی شاعیریان تێدا بوو . هەموویان بەگوێیان دەکرد . نەیهێڵا موسوڵمان ببن هەتا ساڵی شەڕی خەندەق کە ساڵی پێنجەمی کۆچییە.

پێش هاتنی وەرزی حەجی داهاتوو ، واتە حەجی ساڵی سیانزەهەم ، (مصعب) ی کوڕی (عمیر) گەڕایەوە بۆ مەککە ، مژدەی سەرکەوتنی دا بە پێغەمبەر ﷺ و بەسەرهاتی خێڵەکانی (یثرب)ی بۆ گێڕایەوەو باسی بەهرەی چاك و هێزو لێهاتنی خەڵکی شارەکەی بۆ کرد[1].

---

[1] / إبن هشام ١/٤٣٥ ، ٤٣٦ ، ٤٣٧ ٢ / ٩٠، هەروەها (زاد المعاد) ٢/٥١

بەیعەتی عەقەبەی دووەم

لەوەرزی حەجی ساڵی سیانزەهەمی پێغەمبەرێتیدا – یۆنیۆی ساڵی ٦٢٢ زایین – حەفتاو ئەوەندە کەس لەموسوڵمانەکانی (یثرب) هاتن بۆ حەج، لەگەڵ حاجیە موشریکەکانی خێڵەکانیاندا هاتبوون ، ئەو موسوڵمانانە لەنێوان خۆیاندا پرسیاریان دەکرد . کاتێك کە لە (یثرب) بوو یان هێشتا لە ڕێگەدا بوون . داخۆ تاکەی بێدەنگ بین لەوەی پێغەمبەر ﷺ بەناو شاخەکانی مەککەدا بگەڕێت و دەربکرێت و بترسێت ؟

کە گەیشتنە مەککە لەنێوان ئەوان و پێغەمبەردا ﷺ چەند پەیوەندیەکی نهێنی ئەنجامدرا، بووەهۆی ڕێککەوتنی هەردوولا لەسەرئەوەی لەڕۆژانی (تشریق) دا لەو شیوەدا کۆببنەوە کە دەکەوێتە (عەقەبە) لای (حجرە)ی یەکەمی (مینا)وە ، بەمەرجێك ئەو دانیشتنە لەتاریکی شەوداو بەنهێنیەکی تەواو ئەنجام بدرێت.

بالێگەڕێین سەرکردەیەکی ئەنساریی وەسفی ئەو کۆبوونەوە مێژووییەمان بۆ بکات ، کە ڕەوگەی خۆی لە ڕۆژانی ململانێی نێوان بتپەرستی و ئیسلامدا گۆڕی ، (کعب)ی کوڕی (مالك)ی ئەنساری ﷺ دەڵێت:

{چووین بۆ حەج کردن ، ژوانمان بەست لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ لە عەقەبەدا لە ناوەندی ڕۆژانی (تشریق)دا ئەوشەوە هاتە پێشەوە کە بەڵێنمان دابوو تیایدا بە پێغەمبەر ﷺ بگەین ، (عبداللە)ی کوڕی (عمرو)ی کوڕی (حرام)مان لەگەڵدابوو ، کە یەکێك بوو لە گەورەو پیاوماقوڵەکانمان ، لەگەڵ خۆماندا بردمان . ئێمە ئەم مەسەلەیەمان لە هەموو موشریکانی خێڵەکەمان شاردبۆوە . قسەمان لەگەڵیدا کردو پێمان وت: (أبو جابر): تۆ یەکێکیت لە گەورەکانی ئێمەو، پیاوماقوڵێکی ناومانی ، پێمان خۆش نیە بەو حاڵەتەییت و ببیتە سووتەمەنی دۆزەخ ، پاشان بانگمان کرد بۆ ئایینی ئیسلام و هەواڵی پێگەیشتنمان دایە لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ لە عەقەبە ، دەستبەجێ موسوڵمان بوو، لەگەڵمان هات بۆ عەقەبەو، یەکێك بوو لە نەقیبەکان }.

(کعب) دەڵێت: ئەو شەوە لەگەڵ خێڵەکەماندا لەناو کاروانەکەدا نوستین ، تاسێیەکی شەو تێپەڕی لەکاروان دەرهاتین بەرەو ژوانەکەی پێغەمبەر ﷺ بەڕێ کەوتین، بەدزیەوە وەك پشیلە دەربازبوین ، تاهەمووومان لەشیوەکەی (عەقەبە)دا کۆ بوینەوە ، ئێمە حەفتاو سێ پیاوو دوو ژنیشمان لەگەڵدابوو ، کەبریتی بوون لە (نسیبە)ی کچی (کعب) – دایکی عەمارە – لەخێڵی (مازن)ی کوڕی (نجار)و (أسماء)ی کچی (عمرو) – دایکی منیع – لەخێڵی (سلمە).

له شیوەکەدا کۆبووینەوە و چاوەڕوانی پێغەمبەرمان دەکرد ، هەتا تەشریفی هێناو، (عباس)ی کوڕی (عبد المطلب)ی مامی لەگەڵدابوو ، کە هەتا ئەوکاتە لەسەر ئایینی شیرك بوو . بەڵام حەزی دەکرد کە ئامادە ببێت بۆ کاری برازاکەی و ، لێی دڵنیابێت و ، یەکەم کەسیش بوو قسەی کرد[1] .

سەرەتـای گفتوگۆ و لێکدانەوەکەی (العباس) بۆ مەترسی بەرپرسیارێتیەکە

پاش ئەوەی ژمارەی ئامادەبوان تەواوبوو قسەوباسەکان بۆ بەستنی هاوپەیمانی ئایینی و سەربازیی دەستی پێکرد، یەکەم کەسێك قسەی کرد (العباس)ی کوڕی (عبد المطلب) بوو ، کە مامی پێغەمبەرە ﷺ ، دەستی کرد بە قسەکردن بۆ ئەوەی ڕاشکاوانە . باسی مەترسێتی ئەو بەر پرسیارێتیە بکات ، کە دەخرێتە سەرشانیان لە ئاکامی ئەم هاوپەیمانێتیەدا ، وتی :

{ ئەی گرۆی خەزرەج – لەو کاتەدا بە (أنصار)مان دەوت (خزرج) – بە (خەزەج) و (أوس)یشەوە ، ئێوە دەزانن کە موحەممەد کەسی ئێمەیە ، نەمانهێلاوە کەسێك لەوانەی لەسەر ئەم بیروباوەڕەی ئێمەیە دەستدرێژی بکاتە سەری ، ئەم لەناو خێڵەکەیدا سەربەرز پارێزراوە ، ئەم بۆ خۆی حەزی بەهاتنە لای ئێوەیە ، ئەگەر ئێوە دەزانن کە دەتوانن ئەو بەڵێنەی پێتانداوە بیبەنە سەرو، ڕێ لە نەیارەکانی بگرن و، ئەوە فەرموو بەرپرسیارێتی لەسەر شانی خۆتانە ، ئەگەر دەشزانن کە تەسلیمی دەکەن و پاش دەرچوونتان لێرە سەری شۆڕدەکەن ئەوا هەر لەئێستاوە وازی لێبهێنن ، چونکە لەناو خزم وحاڵی خۆیدا سەربڵندو پارێزراوە } .

(کعب) وتی: پێمان وت : هەرچیەکت وت گوێمان لێ بوو، پێغەمبەری خوا ئێستا جەنابت بفەرموو ، بۆ خۆت و خودای خۆت چیت پێ خۆشە ئەوە بکە[2] .

ئەم وەڵامە بەڵگەیە لەسەرئەو بڕیارو لێبڕان و ئازایەتی و باوەڕو دڵسۆزیەی ئەنسار لە بەرگەگرتنی ئەو بەرپرسیارێتیە گەورەیەو، چونە ژێرباری ئاکامە ترسناکەکەیدا هەیانبوە

پاش ئەوە پێغەمبەر ﷺ ڕونکردنەوەی خۆی بۆدان و، بەیعەت ئەنجامدرا.

---

[1] . إبن هشام ١، ٤٤٠، ٤٤١

[2] ، هەمان سەرچاوە ١/ ٤٤١، ٤٤٢

بەندەکانی بەیعەتەکە

پێشەوا ئەحمەد لە (جابر)ەوە بەدووروودرێژی دەگێڕێتەوە ،
جابر دەڵێت: وتمان: پێغەمبەری خودا ، لەسەر چی بەیعەتت پێ بدەین ؟
فەرمووی :

١. لەسەر بەگوێ کردن لە خۆشی و ناخۆشیدا .
٢. لەسەر خەرجی کێشان لە بوون و نەبونیدا.
٣. لەسەر فەرمان کردن بەچاکە و نا کردن لە خراپە.
٤. لەسەر ئەوەی کار بۆ خودا بکەن و ، گوێ لە قسەی لۆمەکاران نەگرن.
٥. لەسەر ئەوەی ئەگەر هاتمە لاتان پشتیوانیم لێ بکەن ، بەرگریم لێبکەن لەوەدا کە بەرگری دەکەن لەخۆتان و هاوسەرانتان و ڕۆڵەکانتان ، لەپای ئەوەدا بەهەشت هی ئێوەیە}[1].

لەگێڕانەوەکەی (کعب)دا – کە (إبن إسحاق) دەیگێڕێتەوە – لە بەندی کۆتاییدا (کعب) دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ قسەی کرد ، قورئانی خوێندەوەو ، بانگەشەی کرد بۆ لای خودا ، خەڵکی هاندا بۆ ئیسلامەتی ، پاشان فەرمووی: لەسەر ئەوە بەیعەتتان لەگەڵ دەبەستم کە بەرگریم بکەن لەوەدا بەرگریی لە ماڵ و منالی خۆتان دەکەن ، دەستبەجێ (البراء)ی کوڕی (معرور) دەستی هێناو وتی: بەڵێ، بەو کەسەی تۆی بەڕاستی کردووە بەپێغەمبەر بەرگریت لێ دەکەین وەك چۆن بەرگری لەخۆمان دەکەین ، ئەی پێغەمبەر بەیعەتمان لەگەڵ ببەستە ، سوێند بەخوا ئێمە پشتاوپشت کوڕانی جەنگ و شەڕ بوین.

(أبو الهیثم)ی کوڕی (التیهان) قسەکەی بە (البراء) بڕی و وتی: پێغەمبەری خودا ، لەنێوان ئێمەو جولەکەدا بەڵێننامەیەك هەیە ، ئەگەر ئەوان پچڕاندیان و ئێمەش لەگەڵ تۆدابین ، ئایا وازمان لێ ناهێنیت و بگەڕێیتەوە بۆ ناو خزمەکانت؟

دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ زەردەخەنەیەکی کرد ، پاشان فەرمووی: خوێن بە خوێنە ، وێرانکاری بەوێرانکاریە ، من لەئێوەم و ئێوەش لە منن ، جەنگ دەکەم لەگەڵ ئەو کەسەدا کە ئێوە جەنگی لەگەڵدا دەکەن ، ئاشتی دەکەم لەگەڵ ئەو کەسەدا کە ئێوە ئاشتی لەگەڵدا دەکەن[2].

---

[1] ئیمامی ئەحمەد بە (إسناد)ێکی (حسن) ڕیوایەتی کردوە، (الحاکم) و (إبن حبان) بەڕاستیان زانیوە. بڕوانە (مختصر سیرە الرسول)، شێخ عەبدوڵلای نەجدی ل١٥٥، هەروەها (إبن إسحاق) ڕیوایەتێکی لەو شێوەیە لە (عبادە بن صامت)ەوە دەگێڕێتەوە، دێڕێکی زیادەی تێدایە، (وهو ان لا ننازع الأمر اهله) بڕوانە (إبن هشام) ١ ٤٥٤

[2] إبن هشام ١، ٤٤٢

جەختكردنەوە لەسەر مەترسیداریێتی بەیعەتەكە

پاش ئەوەی قسەوباس كرا لەسەر مەرجەكانی بەیعەتەكەو بڕیاریاندا لەسەر مۆركردنی ، دوو پیاو هەستان لەوانەی كە نەوەی یەكەمی موسوڵمانەتی بوون و لە ساڵی (١١) و (١٢)ی پێغەمبەریێتیدا موسوڵمان بووبوون ، یەك لەدوای یەك هەستان ، بۆئەوەی هەریەكەیان ترسناكێتی مەسەلەكە بۆ ئەو خەڵكە ڕوون بكەنەوە . تا بەبەرچاو ڕوونیەكی تەواو نەبێت بەیعەتی پیێنەدەن و هەتا بشزانن كە ڕادەی قوربانی دانی ئەو خەڵكە چەندێكەو لەوەش دڵنیا بن.

(إبن إسحاق) دەڵێت : كاتێك كۆبوونەوە بۆ بەیعەتدان (العباس)ی كوڕی (نضلة) وتی: ئەریٚ ئێوە دەزانن لەسەر چی بەیعەت دەدەن بەو پیاوە ؟

وتیان : بەڵیٚ ، وتی: ئێوە بەیعەتی دەدەنیٚ لەسەر شەڕكردن لەگەڵ ڕەش و بۆری خەڵك ، ئێوە ئەگەر وادەزانن تالآنكردنی ماڵتان كارەساتەو بەكوژرانی پیاوماقولآنتان دەستبەجیٚ دەیدەنەوە دەست كافران ، ئەوە سوێند بەخوا ئەگەر وابكەن سەر شۆڕیی دونیاو قیامەت دەبینن ، خۆ ئەگەر وادەزانن بەڵێن دەبەنەسەر سەرباری لەناوچونی ماڵ و سامان و كوژرانی پیاوماقولآن . ئەوا دەست بدەنە دەستی ، چونكە بەڕاستی سوێندم بەخودا خێری دونیاو ئاخیرەتی تێدایە.

وتیان: ئێمە سەرباری كارەساتی ماڵ و سامان و كوژرانی پیاوماقولآن بەیعەت دەدەین ، ئەی پێغەمبەر ، ئەگەر ئێمە وەفاداریمان هەبێت چیمان بە چارەنووس دەبێت ؟

فەرمووی: (بەهەشت) ، وتیان دەستت بهێنە ، دەستی درێژ كرد ، هەموویان بەیعەتیان پێدا[1].

لەگێڕانەوەكەی (جابر)دا هاتوە ، فەرمووی : هەستاین بەیعەتی بدەینیٚ ، (أسعد)ی كوڕی (زرارە) كە لەو حەفتا كەسە كەم تەمەنتر بوو دەستی پێغەمبەری گرت ﷺ و وتی: خەڵكی (یثرب) بە كاوەخۆ ، ئێمە پشتی وشترەكانمان نەشكاندوە كەچوین بۆلای مەگەر زانیومانە كە ئەو پێغەمبەری خوایە ، دەركردنی ئەو لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا خۆ جیا كردنەوەیە لە هەموو عەرەب و ، كوژرانی باشەكانتان و ، شمشێرەكان دەتانبڕن و ، ئەگەر دان بەخۆدا دەگرن لەسەر ئەوانە فەرمون بەیعەتی بدەنیٚ و ، پاداشتان لای خودایە ، یان ئەوەیە لەخۆتان دەترسن ئەوە وازی لیٚ بهێنن ، ئەمە دەبێتە دەرفەت بۆتان لە لای خوا[2].

---

[1] / هەمان سەرچاوە ٤٤٦/١

[2] / ئیمامی ئەحمەد ریوایەتی كردوە لە فەرمودەیەكی (جابر)ەوە

بەستنی بەیعەتەکە

پاش دانپێدانانی بەندەکانی بەیعەتەکەو ، پاش ئەو جەختکردنەوەو دڵنیا بوونە ، ئیدی بەستنی بەیعەتەکە بە تەوقە دەستی پێکرد – (جابر) – پاش ئەوەی قسەکەی (سعد)ی کوڕی (زرارە)ی گێڕایەوە، وتیان : ئەی (أسعد) دەستتمان لەسەر لابدە . سوێند بەخوا واز لەم بەیعەتە ناهێنین و ، بەجێی ناهێڵین[1].

ئیدی (أسعد) زانی کەڕادەی ئامادەیی خەڵکەکە چەندە بۆ قوربانیدان لەو ڕێگەیەیەداو لەوە دڵنیابوو ، . ئەم بۆخۆی بانگخوازێکی گەورەبوو ، لەگەڵ (مصعب)ی کوڕی (عمیر)دا بوو ، بێگومان سەرۆکی ئایینی ئەو بەیعەتدەرانە بوو . یەکەم کەس بوو بەیعەتیدا . (إبن إسحاق) دەڵێت : (بنو النجار) دەڵێن (ابو امامە) واتە (أسعد)ی کوڕی (زرارە) یەکەم کەس بوو دەستی هێنا بۆ بەیعەت[2].

پاش ئەوەش بەیعەتە گشتیەکە دەستی پیٚکرد ، (جابر) دەڵێت : پیاو لەدوای پیاو هەڵدەستاین و بەیعەتمان لێ وەردەگیرا پێغەمبەریش ﷺ لەپای ئەوەدا بەڵێنی بەهەشتی پێدەداین[3].

بەڵام بەیعەتی هەردوو ژنەکە کە ئەو ڕووداوەیان بینی تەنها بەگفت بوو. پێغەمبەری خوا ﷺ هەرگیز تەوقەی لەگەڵ هیچ ژنێکی بێگانەدا نەکردوە[4].

دوانزە نەقیبەکە

پاش ئەوەی بەیعەت تەواوبوو پێغەمبەر ﷺ داوای هەڵبژاردنی (١٢) سەرۆکی کرد بۆ ئەوەی ببنە نەقیب بەسەر کەسەکانیانەوەو، بۆ ئەوەی لەجیاتی ئەوان بەندەکانی ئەم بەیعەتە جیٚبەجیٚ بکەن ، وتی بەخەڵکەکە: ئادەی دوانزە کەسم لە خۆتان بۆ بهێننە دەرەوە تا ببنە نەقیب بەسەرتانەوە.

دەستبەجیٚ هەڵبژێرران ، بریتی بوون لە (٩) کەسی خەزرەجی و (٣) کەسی ئەوسی ، ئەمەش ناوەکانیانە:

نەقیبەکانی خەزرەج

١. (أسعد)ی کوڕی (زرارە)ی کوڕی (عدس).
٢. (سعد)ی کوڕی (ربیع)ی کوڕی (عمر).

---

[1] هەمان سەرچاوە
[2] / (إبن إسحاق) دەڵیٚ (بنو عبدالأشهل) دەڵێن بەڵکو (ابوالهیثم بن التیهان) بوە، هەروەها (کعب)ی کوڕی (مالك) دەڵیٚ بەڵکو(البراء)ی کوڕی (معرور) (إبن هشام١/٤٤٧) دەڵێم لەوانەیە ئەوان ئەو گفتوگۆی بەیعەتەیان حلێب کردبیٚ ، وەگەرنا باشترین کەسیٚ بۆ پێش خستن لەو شوێنەدا (أسعد)ی کوڕی (زرارە)یە، (والله أعلم)
[3] (مسند) ی ئیمامی ئەحمەد
[4] . سەیرکە (صحیح مسلم) باب (کیفیة بیعة النساء) ٢ ١٣١

٣. (عبدالله)ی کوڕی (رواحه)ی کوڕی (ثعلبة).
٤. (رافع)ی کوڕی (مالك)ی کوڕی (عجلان).
٥. (البراو)ی کوڕی (معرور)ی کوڕی (صخر).
٦. (عبدالله)ی کوڕی (عمرو)ی کوڕی (حرام).
٧. (عباده)ی کوڕی (الصامت)ی کوڕی (قیس).
٨. (سعد)ی کوڕی (عباده)ی کوڕی (دلیم).
٩. (المنذر)ی کوڕی (عمرو)ی کوڕی (خنیس)

نەقیبەکانی ئەوس

١. (أسید)ی کوڕی (حضیر)ی کوڕی (سماك).
٢. (سعد)ی کوڕی (خیثمة)ی کوڕی (حارث).
٣. (رفاعه)ی کوڕی (عبد المنذر)ی کوڕی (زبیر)[1].

کاتێك ئەم نەقیبانە هەڵبژێرران پێغەمبەر ﷺ بەڵێننامەیەکی تری لێ وەرگرتن ، بەو سیفەتەی کە سەرۆك و بەرپرسن.

هەروەها پێی فەرموون : ئێوە وەك کەفالەتیی حەوارییەکانی (عیسا)ی کوڕی (مەریەم) دەبنە کەفیلی سەر گەلەکەتان ، منیش کەفیلی ئوممەتەکەی خۆمم . واتە موسوڵمانەکان. وتیان : بەڵێ وایە[2].

فێڵبازێك پەیماننامەکە ئاشکرا دەکات

کاتێك کە پەیماننامەکە بەسترا ، خەڵکەکە خەریك بوو بڵاوەیان لێ دەکرد ، فێڵبازێك قاوی لێدان ، ئەو ئاشکرا کردنە لە کاتی دواساتی دانیشتنەکەدا بوو ، نەدەکرا هەموو سەرکردەکانی قورەیشیی بەنهێنی پێ ئاگاداربکرێت تا لەناکاودا لەناو شێوەکەدا بدەن بەسەر موسوڵمانەکاندا ، ئەو فێڵبازە چووە سەرگردۆلکەیەك و بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد: ئەرێ خەڵکی شار ، بۆ نایەن بۆ سەیری موحەممەدو شوێنکەوتوانی ؟ ئەوەتا بۆ جەنگی ئێوە کۆبوونەتەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : { ئەوە دڕندەکەی عەقەبەیە ، سوێندم بەخودا کە دەستم بەتاڵ بوو ئەوجا دەزانم چیت بەسەردەهێنم } پاشان فەرمانیدا بە پەیماندەرەکان بڵاوەی لێ بکەن بەرەو کاروانەکانیان[1].

---

1. وتراوە لە جیاتی (رفاعه) ، (ابو الهیثم)ی کوڕی (التیهان) بوە
2. / إبن هشام ١.٤٤٣، ٤٤٤، ٤٤٦

ئامادەگی ئەنسارەکان بۆ لێدانی قورەیش

کاتێك دەنگی ئەم فێڵبازە کەوتە بەرگوێ، (عباس)ی کوڕی (عبادە)ی کوڕی (نضلة) وتی: سوێندم بەو کەسەی تۆی بەهەق ناردووە ، ئەگەر ئارەزوو بکەیت سبەینێ بە شمشێرەکانمان ئەدەین بەسەر خەڵکی (منی)دا ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: {ئێمە هێشتا فەرمانی ئەوەمان پێ نەدراوە ، بەڵام ئێوە بگەڕێنەوە بۆ مەنزڵگاکانتان} ئیدی ئەوانیش گەڕانەوەو نووستن هەتا بەیانی[٢].

قورەیش نارەزایی دەردەبڕێت بۆ سەرۆکەکانی (یثرب)

کاتێك ئەم هەواڵە کەوتە بەرگوێی قوڕەیشەکان ، تووڕەی کردن و تووشی خەم و خەفەت و دڵەڕاوکێی کردن ، چونکە ئەوان دەیانزانی کە ئاکامی ئەوجۆرە بەیعەتانە چی دەبێت ، دەشیانزانی ئەنجامەکانی بۆ ماڵ و گیانیان چەندە خراپ دەبێت ، بۆیە هەر کەڕۆژ بووەوە شاندێکی گەورەی سەرکردەو لەخوا یاخیەکانی مەککە بەرەو خێوەتگاکانی (یثرب) بەڕێ کەوتن ، بۆ ئەوەی نارەزایی توندی خۆی لەسەر ئەو پەیماننامەیە بخاتە ڕوو بۆیان ، شاندەکە وتی :

خێڵی خەزرەج ، هەواڵمان پێگەیشتوە کە ئێوە هاتوون بۆلای ئەو پیاوەی خزمی ئێمە ، بۆ ئەوەی لەژێر دەستی ئێمە دەری بکەن و بەیعەتی بدەنێ بۆ جەنگ کردن لەگەڵماندا ، ئێمەش سوێندتان بۆ دەخۆین کام خێڵی عەرەب هەیە حەز ناکەین بەئەندازەی ئێوە ناخۆشیی بکەوێتە نێوانمانەوە[٣]، لەکاتێکدا موشریکە خەزرەجیەکان هیچیان لەبارەی ئەم بەیعەتەوە نەدەزانی ، چونکە لەکەشێکی نهێنی تەواوداو لەنێوە شەودا ئەنجام درابوو ، ئەو موشریکانە کەوتنە سوێند خواردن: کە هەرگیز شتی وانەبوە و، ئێمە پێمان نەزانیوە ، هەتا هاتنە لای (عبدالله)ی کوڕی (ابی)ی کوڕی (سلول) ، ئەو وتی: ئەمە قسەیەکی پووچە ، شتی وانەبوە ، خێڵەکەی من ناکرێت شتی وەها بکەن ، ئەگەر من لە (یثرب) بومایە خێڵەکەم بەبێ پرسی من شتی وەهایان نەدەکرد.

موسوڵمانەکانیش سەیری یەکتریان دەکردو ، خۆیان بێدەنگ کرد ، هیچ یەکێکیان بە بەڵێ یان نەو وەلامیان نەدانەوە.

ئیدی سەرکردەکانی قوڕەیش باوەڕیان کرد بەموشریکان و بە نائومێدی گەڕانەوە.

---

[1] زاد المعاد ٢ ٥١

[2] . إبن هشام ١ ٤٤٨

[3] / هەمان سەرچاوە ١ ٤٤٨

دڵنیابوونی هەواڵەکە لای قورەیش و
ڕاوەدونانی بەیعەتدەران

سەرکردەکانی قورەیش خەریکبوو تەواو باوەڕیان دەکرد کە هەواڵەکە درۆیە ، گەڕانەوە بۆ مەککە ، بەڵام هەر سوسەیان دەکردو بەشوێنیدا دەچوون و لێی ورد دەبونەوە. تابۆیان ساغ بوەوە کەهەواڵەکە ڕاستەو بەیعەتەکەش بەکرداری ڕووی داوە ، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە حاجیان بەرەو شوێنی خۆیان گەڕابوونەوە ، ئیدی سوارەکانیان کەوتنە شوێن (یپرب)ی‌یەکان ، بەڵام پاش ئەوەی لەدەست دەرچوو بوون . بەڵام توانیان (سعد)ی کوڕی (عبادە) و (المنذر)ی کوڕی (عمرو) بەدی بکەن ، شوێنیان کەوتن ، (المنذر) هەڵات ، بەڵام (سعد) یان گرت ، بەقەیتانی نەعلەکانی دەستیان بەگەردنیەوە بەستەوە ، دەستیانکرد بەلێدانی و بەقژی سەری ڕایانکێشا تا کردیان بەناو مەککەدا ، لەو کاتەدا (مطعم)ی کوڕی (عدی) و (الحارث)ی کوڕی (حرب)ی کوڕی (امیه) هاتن و ڕزگاریان کرد لەدەستیان. چونکە (سعد) کاروانەکانی ڕێگەی مەدینەی بۆ پەنادەگرتن کاتێك ئەنساریەکان سەیریان دەکرد وا (سعد) دیار نیە پرس و ڕایان کرد کە بەدوایدا بگەڕێنەوە ، لەم کاتەدا لێیانەوە دەرکەوت ، ئیتر بە یەکەوە گەیشتنەوە مەدینە[1].

ئەمە بەیعەتی عەقەبەی دووەم بوو . کە بەبەیعەتی عەقەبەی گەورە ناسراوە. لە کەش و هەوایەکدا سازدرا کە پڕی بوو لە سۆزی خۆشەویستی و بۆ یەکتربوون و سەرجەم گردکردنی پارچەکانی تری موسوڵمانان و ، متمانەو ئازایەتی و نەبەردی لەو ڕێگەیەدا . ئیمانداریکی خەڵکی مەدینە سۆزی دەجولاّ بۆ برا ئیمانداره لاوازه مەککەییەکەی و لەسەری دەکردەوەو لە ستەمکارەکەی تووڕە دەبوو . لەبەر خوا خۆشەویستی بۆی دەجولاّ.

ئەم هەست و سۆزە بەرەنجامی ڕەوتێکی بەرگوزاری نەبوو کە پاش چەند ڕۆژێك دامرکێتەوە ، بەڵکو سەرچاوەکەی بریتی بوو لەباوەڕ بەخوداو پێغەمبەران و کتێبەکانی ، باوەڕێك لەبەردەم هەرهێزێکی زاڵم و ستەمکاردا نەجوڵێت ، بیرو باوەڕێك کە ڕەشەباکەی هەڵی کرد شتی سەیر بهێنێتە کایەوە ، بەو باوەڕە ئیمانداران توانیان لەسەر لاپەڕەکانی مێژوو چەندین پرۆسە ئەنجام بدەن، چەندین شوێنەواری وەهای تێدا جێ بهێڵن ، کە لە کۆن و نوێدا هاووێنەی نەبوو بێت و، لە داهاتووشدا مەحاڵ بێت شتی وەها ڕوو بدات.

---

[1] زاد المعاد ٥١/٢، (إبن هشام) ١ ٤٤٨، ٤٤٩، ٤٥٠

سەرەتاکانی کۆچ

پاش ئەوەی کە بەیعەتی عەقەبەی دووەم تەواوبوو ، ئیسلامیش سەرکەوتنی بەدەست هێنا لەدامەزراندنی نیشتمانێکدا بۆ خۆی لەناوەندی بیابانێکدا کە شەپۆلی دەخوارد لە کوفرو نەفامیدا . ئەویش پڕ مەترسیترین دەستکەوت بوو کە لەسەرەتای بانگەوازدا دەست ئیسلام کەوت . ئیدی پێغەمبەری خوا مۆڵەتیدا بە موسوڵمانەکان کۆچ بکەن بۆ ئەو نیشتمانە.

مانای کۆچ جگە لە بەفیڕۆدانی بەرژەوەندی و قوربانیدان بەماڵ و رزگاربوونی گیان چیدی نەبوو ، لەگەڵ هەست بەوەی کە هەموو ئەو ماڵ و سامانە تالآن دەکرێت ، سەرباری ئەگەری تیاچوون لەسەرەتا یان کۆتایی ڕێگەداو ، دەیانزانی کە بەرەو چارەنووسێکی نادیار دەڕۆن و . لێیان ڕوون نیە کە چ دڵەڕاوکێ و ناخۆشیەك دێتە ڕێگەیان.

موسوڵمانەکان کەدەستیان کرد بەکۆچ کردن و . ئەمانەشیان دەزانی . موشریکانیش هەر کاتێك هەستیان بەمەترسی بکردایە هەوڵیان دەدا نەهێڵن بڕۆنە دەرەوە ، ئەمەش چەند نموونەیەکە لەوە :

١. (ابو سلمه)و هاوسەرو کوڕەکەی یەکەم کۆچکەر بوون . ساڵێك پێش عەقەبەی هەرە گەورە بەپێی ڕاوو بۆچونی (إبن إسحاق) کۆچی کرد . کەویستی لە مەدینە دەربچێت ژن براکانی پێیان وت : هەقمان نیە بەخۆتەوە ، بەلآم چۆن ڕێگە دەدەین خوشکەکەمان بەریت بەرەو ولآتێکی تر؟ بۆیە ژنەکەیان لێ سەندەوە ، کەسوکاری (أبوسلمه) تووڕە بوون ، وتیان: ئێمەش ڕێگە نادەین کوڕەزاکەمان لەگەڵ ژنەکەدا بێت کە ئێوە نەهێڵن لەگەڵ کوڕەکەماندا بڕوات ، هەریەکە پەلی کوڕەکەی بەلای خۆیدا ڕاکێش دەکرد ، ئەوە بوو لە ژنەکەیان سەندو بردیان . (أبو سلمه)ش بە تەنها بەرەو مەدینە بەڕێ کەوت . (أم سلمه)ش دوای کۆچکردنی هاوسەرەکەی و وون بونی کوڕەکەی هەموو بەیانیانێك دەچوە سارای (أبطح) تێر دەگریا تا ئێوارێ . حاڵ و گوزەرانی بەم شێوەیە تا یەك ساڵ گوزەراند ، تا دڵی یەکێك لە خزمانی نەرم بوو ، وتی: ئەرێ ناکرێت ئەم ژنە هەژارە دەرکەن بەرەو لای مێردەکەی ؟ ئێوە جیاتان کردەوە لە مێردو منداڵەکەشی ، ئەوانیش وتیان پێی : ئەگەر پێت خۆشە بڕۆ بۆلای مێردەکەت ، (أم سلمه) هەستا کوڕەکەی لە خزمانی مێردەکەی سەندەوەو ، کەوتەڕێ بەرەو مەدینە . کۆچێك ماوەکەی پێنج سەد کیلۆمەترە . یەك بەندەی خوای لەگەڵدا

نەبوو ، تا گەیشتە ناوچەی (التنعیم) لەوێدا (عثمان)ی کوڕی (طلحة)ی کوڕی (أبی طلحة)ی بینی ، کە لەحاڵی تێگەیشت بەڕێی کرد تا گەیاندیە مەدینە ، کاتێك سەیرێکی (قباء)ی کرد پێی وت: پیاوەکەت لەو گوندەدایە، پشت بەخوا بڕۆ ناویەوە ، ئنجا خۆی بەرەو مەککە گەڕایەوە[1] .

٢. کاتێك (صهیب) ویستی کۆچ بکات ، کافرانی قورەیش پێیان وت: کەهاتیتە ناومان خزمەتکارێکی کەم دەست بویت ، لەناو ئێمەدا ماڵ و سامانەکەت زۆر بوو ، گەیشتیتە ئەم حاڵەت ، پاشان دەتەوێت بەخێزان و ماڵەوە دەرچیت؟ سوێند بێت هەرگیز شتی وانابێت . (صهیب) پێی وتن: ئەگەر ماڵەکەتان بدەمێ وازم لێ دەهێنن ؟ وتیان: بەڵێ ، وتی: ئەوە منیش ماڵ و سامانەکەم بەخشی بەئێوە . ئەو هەواڵە گەیشتەوە بە پێغەمبەر ﷺ فەرموو بووی: بەڕاستی (صهیب) قازانجی کرد ، بەڕاستی (صهیب) قازانجی کرد[2] .

٣. (عمر) ی کوڕی (خطاب) و (عیاش)ی کوڕی (أبی ربیعه) و ، (هشام) ی کوڕی (عاصی) کوڕی (وائل) ئەوانیان دانا لە شوێنێك بەیەکتری بگەن لەبەرەبەیاندا ، پاشان لەوێوە کۆچ بکەن بەرەو مەدینە ، (عمر) و (عیاش) لەکات و شوێنی دیاری کراودا بەیەکگەیشتن کەچی (هشام) دیار نەبوو.

کە گەیشتنە مەدینەو لە (قباء) دابەزین ، (أبو جهل) و (حارث)ی برای چوون بۆ لای (عیاش) کە دایکی هەرسێکیان یەکێکە . پێیان وت: دایکت ئاهی کردوە کە شانە بەر سەری نەکەوێت و نەچێتە بەر سێبەر هەتا تۆ دەبینێت ، (عیاش) دڵی نەرم بوو ، (عمر) ﷺ فەرمووی: (عیاش) سوێندم بەخوا ئەوانە دەیانەوێت لەسەر ئایینەکەت هەڵت بگێڕنەوە وریایان بە ، سوێندم بەخوا ئەگەر ئەسپێك بداتە سەری دایکت شانە هەڵدەگرێت ، سوێند بێت ئەگەر گەرمای مەککە لێی بدا ڕادەکاتە بەر سێبەر ، (عیاش) بەگوێی (عمر)ی نەکردو لەبەر سوێندەکەی دایکی لەگەڵیاندا گەڕایەوە ، (عمر) پێی وت: مادامەکی دەڕۆیتەوە ئەو وشترە هێمنە چاکەی من بەرە ، پشتی بەرنەدەیت ، ئەگەر گومانت بەشتێك برد خۆت پێ دەرباز بکە . بەسواری وشترەکە گەڕایەوە ، تاگەیشتنە نیوەی ڕێگە ، (أبو جهل) پێی وت: ئەرێ (عیاش) بەڕاستی لەسەر پشتی ئەم وشترە بێ تاقەت بووم ، سوارم ناکەیت لە پشت خۆتەوە؟

---

[1] / إبن هشام ١، ٤٦٨، ٤٦٩، ٤٧٠

[2] / هەمان سەرچاوە ١ ٤٧٧

(عیاش) وتی: بەڵێ باشە ، وشترەکەی دانیشاند ویستی لەسەری دابەزێت ، کە نزیکی زەوی بوەوە پەلاماریانداو دەست و قاچیان بەست ، دوای ئەوە بەڕۆژی ڕووناك کردیان بەناو شاری مەککەدا دەیانوت بە خەڵك : خەڵکی مەککە ، سەرلێشێواوەکانتان ئاوا لێ بکەن ، هەروەکو ئێمە کردمان[1].

ئەمە سێ حاڵەت بوون بۆ هەرکەسێك موشریکان پێیان بزانیایە کە دەیەوێت کۆچ بکات بۆ مەدینە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵك پۆل پۆل بەدوای یەکدا کۆچیان دەکرد ، پاش دوومانگ و چەند ڕۆژێك لەدوای بەیعەتی عەقەبەی گەورەوە لەناو مەککەدا جگە لە (پێغەمبەر ﷺ) و (أبوبکر) و (علی) کەس نەمابۆوە ، کە بەفەرمانی پێغەمبەر ﷺ بە کارەکان هەڵدەستان ، مەگەر کەسێك موشریکان بیانگرتایە ، پێغەمبەریش ﷺ یاتاخ و کەل و پەلی پێچابوەوە چاوەڕوانی دەکرد تا فەرمانی پێ بکرێت بەدەرچوون ، (أبوبکر) یش کەل و پەلی ئامادە کرد[2].

(بخاری) لە (عائشە)وە دەگێڕێتەوە ، فەرموویەتی : پێغەمبەر ﷺ فەرمووی بە موسوڵمانەکان من ماڵی کۆچەکەتانم دیوە باخی خورمای زۆری تێدایە ، هەندێك کۆچیان کرد بەرەو مەدینە ، زۆرینەی ئەوانەش کۆچیان کردبوو بەرەو حەبەشە گەڕانەوە بۆ مەدینە ، (ابوبکر)یش خۆی ئامادە کرد بەرەو مەدینە بەڕێ بکەوێت ، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو ، جارێ پەلە مەکە ، تکادەکەم مۆڵەتم بدرێت، (أبوبکر) پێی فەرموو: دایك و بابم بە قوربانت بێت ، ئایا ئومێد دەکەیت کە مۆڵەت بدرێیت ؟ فەرمووی: بەڵێ ، ئیتر (أبوبکر) خۆی هێشتەوە بەدیار پێغەمبەرەوە ﷺ بۆ ئەوەی هاوڕێیەتی بکات ، پێشتریش بۆ ماوەی چوار مانگ دوو وشتری چاکی دابەستبوو بەگەڵای (سمر)[3].

---

[1] / (هشام) و (عیاض) لەکۆت و زنجیری کافراندا مابوونەوە، تا پێغەمبەر ﷺ کۆچی کرد، جارێکیان فەرموی - کێ دەتوانێ (عیاض) و (هشام) م بۆ بهێنێ؟ وەلیدی کوڕی وەلید وتی: من دەیانهێنم بۆت پێغەمبەری خوا ، وەلید بە پەنامەکی هاتەوە ناو مەککە، ژنێکی بینی خۆراکی بۆ دەبردن شوێنی کەوت تا جێگەکەیانی دۆزیەوە، لەخانویەکی بێ بنمیچدا گیرابوون، کە ئێوارە داهات بەسەر دیوارەکەیدا سەرکەوت کۆت و زنجیرەکانی پچڕاندو سواری وشترەکەی خۆی کردن تامەدینە ، سەیرکە (إبن هشام)١/٤٧٤، ٤٧٥، ٤٧٦، هاتنی (عمر) یش بۆ مەدینە لەگەڵ (٢٠) هاوەڵی تردا بوو (صحیح البخاری) ١/٥٥٨.

[2] / زاد المعاد ٢/٥٢٥

[3] / صحیح البخاری ، باب هجره النبی ﷺ و اصحابه ١/٥٥٣

له (دار الندوه) دا ﴿ پەرلەمانی قورەیش ﴾

کاتێك موشریکان هاوەڵانی پێغەمبەریان دەبینی ﷺ خۆیان ئامادە کردوەو دەرئەچن و، ماڵ و منالّ سامانەکەیان بەرەو ئەوس و خەزرەج دەبەن، خەم و دڵەڕاوکێیەکی دایگرتن، تووشی خەمۆکیەك بوون شتی وەهایان بەخۆیانەوە نەدیبوو ، مەترسیەکی گەورە هاتبوە پێشیان، کەهەڕەشەی لەقەوارە ئابووری و بتپەرستیەکەیان دەکرد، دەرکیان کردبوو بەگەورەیەتی کەسێتی پێغەمبەر ﷺ و کاریگەرێتی لەسەر خەڵك و تێروتەواوێتی سەرکردەیی ڕێنومایی مرۆڤەکانداو، ئەو لێهاتن و هیممەت و ڕاسانی‌و گیان فیداییەی هاوەڵانی هەیانبوو لەڕێگاکەیداو ، ئەو تواناو هێزو دەسەلاّتەی (أوس) و (خزرج) هەیانەو، ئەو حەزی ئاشتی و چاکسازیەی ژیرەکانی هەردوو خێڵەکە هەیانە بۆ نەهێشتنی جیاوازی نێوانیان ، پاش ئەوەی چەندین ساڵی پێشتر شەڕی ناوخۆیان دی بوو.

هەروەها دەیانزانی کە مەدینە چ جێگەوتەیەکی ستراتیژی گرنگی هەیە سەبارەت بەو ڕێگە بازرگانیەی کە بەکەناری دەریای سووردا لە یەمەنەوە بەرەو شام دەڕوات ، خەڵکی مەککەش ساڵانە بڕی چارەکە ملیۆنێك دیناری ئاڵتون بازرگانییان بەرەو شام دەبرد، ئەمە جگە لەو بڕەی دەستی خەڵکی (طائف) و شوێنەکانی تر دەکەوت ، دیاریشە کەبنەڕەتی بازرگانی لەوشوێنەدا پشتی بە ئاسایشی ئەوڕێگەیە بەستبوو.

شاراوەش نەبوو لای قورەیشیەکان کەبانگەوازی ئیسلامی لە(یثرب)دا چڕ دەبێتەوە ، ئەوجا چ مەترسیەکی دەبێت و خەڵکەکەیان چ ڕووبەڕوو بوونەوەیەکیان لەگەڵدا دەکەن.

ئیدی موشریکان بەتەواوی هەستیان کرد بەو مەترسیەی هەڕەشە دەکات لەقەوارەیان، دەگەڕان بەشوێن باشترین ئامڕازدا کەئەو مەترسیە لەخۆیان دور بخەنەوە، کە هۆ سەرەکیەکەی هەڵگری ئالاّکەیەتی ئەویش پێغەمبەری ئیسلامە ﷺ.

لە ڕۆژی (٥) شەممەی (٢٦)ی مانگی (صفر) ساڵی (١٤) هەمی پێغەمبەرێتیدا ، هاوڕێك لەگەڵ (١٢)ی مانگی دیسەمبەری ساڵی (٥٧٠)ی زایینی[1] واتە پاش نزیکەی

[1] / ئەم مێژووەمان پاش لێکۆڵینەوەیەك وەرگرت کە (عەلامە) (محمد سليمان المنصور فوری) لە (رحمه للعالمين) دا تۆماری کردوە ، ١/٩٥، ٩٧، ١٠٢، ٢/٤٧١

دوومانگ و نیو لەبەیعەتی عەقەبەی گەورە . پەرلەمانی مەککە (دارالندوە) لەسەرەتای ڕۆژەکەیدا[1] ترسناکترین کۆبوونەوەیان ئەنجامدا لەمێژووی خۆیاندا ، لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەری هەمووتیرە قوڕەیشیەکان ئامادەبوون ، بۆ ئەوەی بکۆڵنەوە لەنەخشەیەکی یەکلا کەرەوە کە هەڵگری ئاڵای بانگەوازە ئیسلامیەکە لەناو بەرێت و ، بۆ هەتا هەتایی نووری تیشکەکەی بکوژێننەوە.

سەرە زۆر دیارەکانی ئەو کۆبوونەوە ترسناکە لە نوێنەرانی قوڕەیش بوون کە بریتی بوون لە :

(١) (أبو جهل)ی کوڕی (هشام) لەجیاتی تیرەی (بنی مخزوم).

(٢) (جبیر)ی کوڕی (مطعم) و(طعمیة)ی کوڕی (عدی) و (الحارث)ی کوڕی (عامر) ، لەجیاتی (بنی نوفل) کوڕی (عبد مناف).

(٣) (شیبە) و (عتبە) کوڕانی (ربیعە) بوون، (أبو سفیان)ی کوڕی (حرب)، لە جیاتی (بنی عبد الشمس)ی کوڕی (عبد مناف).

(٤) (النضر)ی کوڕی (حارث) ئەو کەسە بوو کە سەروپێی ئاژەڵی کرد بەسەری پێغەمبەردا ﷺ ، لەجیاتی (بنی عبد الدار).

(٥) (أبو البختری) کوڕی (هشام) ، (زمعە)ی کوڕی (أسود) و ، (حکیم)ی کوڕی (حزام) لەجیاتی (بنی أسد)ی کوڕی (عبد العزی).

(٦) (نبیە) و (منبە) هەردوو کوڕەکەی (الحجاج) . لەجیاتی (بنی سهم).

(٧) (أمیە)ی کوڕی (خلف) ، لەجیاتی (بنی جمح).

کاتێك هاتن بۆ (دار الندوە) شەیتان لەشێوەی پیاوێکی شکۆداردا هاتە ڕێگەیان ، تاجە گوڵینەیەکی بەسەرەوە بوو، لەبەردەکەیدا وەستابوو ، وتیان: ئەم پیاوە پیرە کێیە ؟ وتی: پیرە پیاوێکی نەجدیم بیستم کە خۆتان بۆچی ئامادە دەکەن، ئامادەبووم تاگوێم لەگوتەکانتان بێت، بەڵکو لەئامۆژگاری و بۆچوونەکانی خۆی بێبەشتان نەکات، وتیان: قەیدی نیە وەرە ژوورەوە. لەگەڵیاندا چوە ژوورەوە.

[1] / ئەوەی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کۆبوونەوەکە لە سەرەتای ڕۆژدا ئەنجام دراوە ، ئەو ریوایەتەیە کە (إبن إسحاق) دەیگێڕێتەوەو دەڵێ: جبریل هەواڵی ئەو پیلانەیدا بەپێغەمبەرﷺ و مۆڵەتی پێدا کەکۆچ بکات، پاشان ئەو ڕیوایەتەش کە (بوخاری) دەیگێڕێتەوە لە فەرموودەیەکی (عائشە)وە کەپێغەمبەرﷺ لە قرچەی نیوەڕۆدا هات بۆ لای (ابوبکر) و پێی فەرموو

قسەوباسی پەرلەمانیی و
کۆدەنگی لەسەر بڕیارێکی زاڵمانە بۆ شەهیدکردنی پێغەمبەر ﷺ

هەرئەوەندەی ئەندامانی کۆبوونەوەکە تەواوبوون دەستکرا بەپێشنیارو چارەسەرەکان ، گفتوگۆ درێژەی کێشا ، (ابو الأسود) وتی: لەم شارەدا دەری دەکەین و لێرە نایهێڵین ، گویٚ نادەینێ بۆکویٚ دەڕوات ، یان لەکوێدا دەگیرسێتەوە ، ئەو کاتە بارودۆخمان چاك دەبێت و وەك جارانمان لێ دێت.

پیرە پیاوە نەجدیەکە وتی: نەخێر ئەوە ڕایەکی باش نیيە ، ئەدی نابینن قسەی چەند شیرین و کاریگەرە ، چەندە بەتوانایە لە کەمەندکێش کردنی دڵی مرۆڤەکاندا ؟ سوێند بێت ئەگەر وابکەن بڕواتە ناو هەرخێڵێکی تری عەرەب ئەوجا حاڵتان خراپتر دەبێت ، پاشان پێش خۆیان دەدات بۆ سەر ئێوە ، هەتاکو پێتان پێدا دەنێت لە وولاتی خۆتاندا ، ئەوجا چی بوێت پێتان دەکات ، ڕایەکی تر بڵێن.

(ابو البختری) وتی: لە زنجیرە بەندی ئاسنیدا بیبەستنەوەو ، لەژوورێکدا دایبنێن ، پاشان چاوەڕێی بکەن تاوەکو چارەنووسی شاعیران ـ زهیرو نابغە ـ ی لێ دێت ، هەر کەسێك بەو توونی مەرگەدا بڕوات تووشی دەردەسەری ئەوان ئەبێت.

پیرە نەجدیەکە وتی : نا نا سوێندتان بۆ دەخۆم کە ئەوە ڕایەکی پەسەند نیە ، سوێندبێت ئەگەر ـ وەکو خۆتان دەڵێن ـ بیبەستنەوە ـ ئەوا لە پشت دەرگاوە خۆی قوتار دەکات بۆلای هاوەڵەکانی و، لەوانەیە بدەن بەسەرتانداو لە دەستانی بسێنن ، پاشان بەهۆیەوە زۆر بن و بەسەرتاندا زاڵ بن، بەڕاستی ئەمەیان ڕا نیيە ، ڕایەکی تر بڵێن.

پاش ئەوەی پەرلەمانی قورەیش ئەم دوو پێشنیارەی ڕەتکردەوە ، پێشنیارێکی گوناهکارانەی خرایە بەردەست هەموو ئەندامەکانی ڕەزامەندیان نواند لەسەری ، ئەو پێشنیارە سەرکردەی تاوانبارەکانی مەککە (أبو جهل)ی کوڕی (هشام) خستیە ڕوو، (أبو جهل) وتی: سوێندم بەخودا من ڕایەکم هەیە باوەڕ ناکەم هێشتا ئێوە ڕێتان لێی کەوتبێت ، وتیان چییە (أبا الحکم)؟ وتی: پێم وایە لە هەر تیرەیەك گەنجێکی ئازای جوامێری بەجەرگ بهێنین و ، هەریەکەیان شمشێرێکی بڕندەی بدەینە دەست ، ئەوانە بڕۆنە سەری و ، بەیەکەوە بیدەنە بەر شمشێرو بیکوژن ، ئەوجا ڕزگارمان دەبێت ، ئەگەر وایانکرد خوێنەکەی بەناوخێڵ و تیرەکاندا بڵاوەدەکات، ئەوجا (بنو عبدمناف) ناتوانن شەڕ لەگەڵ هەموو تیرەکاندا بکەن و، داوای (فدیە)مان لێدەکەن ئێمەش دەیاندەینێ.

پیره نەجدیەکە وتی: ئەمە قسەی تەواوە ، منیش تەنها ئەم ڕایەم پێ پەسەندە ، ئیدی پەرلەمانی مەککە یەك دەنگیاندا بەو بڕیارە تاوانکاریەو، نوێنەرەکان گەڕانەوە بۆماڵەکانیان ، دەستبەجێ دەستیان کرد بەجێبەجێ کردنی ئەم بڕیارە[1].

کۆچ کردنی پێغەمبەر ﷺ

کاتێك کە بڕیارە تاوانکاریەکە دەرچوو بەکوشتنی پێغەمبەر ﷺ ، جبریل ﷺ بە (وەحی) خوای گەورەوە دابەزیە خوارەوە بۆلای و هەواڵی پیلانەکەی قوڕەیشیی پێ ڕاگەیاندو ، هەواڵیشیی دایە کەخوای گەورە مۆڵەتی پێداوە کۆچ بکات و کاتی کۆچەکەشی بۆ دیاری کردوەو پێی فەرموو: ئەمشەو لەناو ئەو جێگەیەتدا مەمێنە کە شەوانی تر تیایدا دەمایتەوە[2].

بۆ نیوەڕۆ پێغەمبەر ﷺ چوو بۆ لای (أبوبكر) ﷺ . بۆ ئەوە ڕێك بکەوێت لەگەڵیدا لەسەر قۆناغەکانی کۆچەکەیان ، (عائشە) (ڕ) دەگێڕێتەوەو دەڵێت: لەماڵەکەی (أبوبكر)دا دانیشتبوین ، لە قرچەی نیوەڕۆدا بوو کەسێك هات و وتی بە (أبوبكر) : ئەوە پێغەمبەری خوایە ، سەروچاوی پۆشیوە ، ئەمە لەکاتێکدا بوو کە هەرگیز لەو کاتەدا نەدەهات بۆلامان ، خێرا (أبوبكر) هەستاو فەرمووی: دایکم و بابم بەقوربانی بێت ، سوێند بێت دیارە شتێکی گرنگ هێناویێتی لەم کاتەدا.

(عائشە) دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ هات ، داوای مۆڵەتی هاتنە ژوورەوەی کرد ، (أبوبكر) فەرمووی: ئەوانە هەموو کەسی خۆتن ، دایك و بابم بەقوربانت بێت ، پێغەمبەری خوا فەرمووی : مۆڵەتی دەرچوونم پێدراوە ، (أبوبكر) فەرمووی : کەواتە هاوڕێیەتی سەفەرت دەکەم ، دایك و باوکم قوربانت بێت ؟ پێغەمبەری خوا فەرمووی : بەڵێ[3].

پاش ڕێککەوتن لەسەر پلانی کۆچکردنەکە ، پێغەمبەری خوا ﷺ گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی ، چاوەڕوانی هاتنی شەوی دەکرد.

---

[1] سةيركة (إبن هشام) ١/ ٤٨٠، ٤٨١، ٤٨٢

[2] إبن هشام ١ ٤٨٢ ، زاد المعاد ٢ ٥٢

[3] صحيح البخاري ، باب هجرة النبي ﷺ واصحابه ١/٥٥٣

گەمارۆدانی ماڵەکەی پێغەمبەر ﷺ

گەورە تاوانبارانی قورەیش ڕۆژەکەیان بەخۆسازدان بۆ نەخشە داڕێژاوەکەوە بەسەربرد کە پەرلەمانی مەککە (دارالندوە) سەرلەبەیانیەکەی پەیمانی لەسەردابوو، بۆ ئەو مەبەستەش یانزە سەرۆك لەو گەورە تاوانبارانە دانرابوون کە بریتی بوون لە:

١. (أبو جهل) کوڕی (هشام).

٢. (الحکم) کوڕی (أبی العاص).

٣. (عقبە) کوڕی (أبی معیط).

٤. (النضر) کوڕی (حارث).

٥. (أمیە) کوڕی (خلف).

٦. (زمعە) کوڕی (أسود).

٧. (طعیمة) کوڕی (عدی).

٨. (أبو لهب).

٩. (أبی) کوڕی (خلف).

١٠. (نبیە) کوڕی (الحجاج).

١١. براکەی (منبە) کوڕی (الحجاج)[1].

(إبن إسحاق) دەڵێت: کاتێك کە تاریکایی شەوداهات چاودێری دەرگای ماڵەکەیان کرد تا بخەوێت ، ئەوجا بدەن بەسەر ماڵەکەیدا [2].

متمانەو بڕوای تەواویان هەبوو بەسەرکەوتنی ئەم پیلانە خراپەیان ، تاوای لێ هات (أبوجهل) بەشێوەیەکی لەخۆبایی بوون و گاڵتەجاڕیەوە بەهاوەڵەکانی بڵێت: موحەممەد دەڵێت ئەگەر لەسەر ئەوکارە شوێنی بکەون دەبنە مەلیکی عەرەب و عەجەم ، پاشان زیندوو دەکرێنەوە دوای مردن ، ئەوجا باخچەی هاووێنەی باخچەکانی ئوردنتان پێ دەدرێت ، ئەگەر وانەکەن لەناودەچن ، پاش مردنیش زیندوو دەکرێنەوە پاشان ئاگرتان بۆ داخ دەکرێت و تیایدا دەسوتێنرێن[3].

کاتی جێبەجێ کردنی ئەو پیلانە دوای نیوەشەو بوو، بەبێداریی مانەوە چاوەڕوانی سەعاتی سفریان دەکرد ، بەڵام خودا باڵادەستە بەسەر هەمووشتێکدا ، موڵکی ئاسمانەکان و زەمینی بەدەستە ، هەرچییەکی خواست دەیکات ، ئەو پەنای مرۆڤان دەدات بەبێ ئەو کەس ناتوانێت پەنا بدات ، ئەوجا ئەو کارەی کرد کە پێشتر پێغەمبەرەکەی پێ دواند بوو ﴿ وَإِذْ يَمْكُرُ بِكَ الَّذِينَ كَفَرُواْ لِيُثْبِتُوكَ أَوْ يَقْتُلُوكَ أَوْ يُخْرِجُوكَ وَيَمْكُرُونَ وَيَمْكُرُ اللّهُ وَاللّهُ خَيْرُ الْمَاكِرِينَ ﴾ الأنفال/ ٣٠.

---

[1] / زاد المعاد ٥٢/٢

[2] / إبن هشام ٤٨٢/١

[3] / هەمان سەرضاوە ٤٨٣/١

پێغەمبەرماڵەکەی بەجێ دەهێڵێت

لەگەڵ ئەوەدا کە قورەیش بەتەواوی خۆیان بۆ پیلانەکە سازکردبوو کەچی بەتەواوی شکستیان هێنا، لەوکاتە تەنگەتاوەدا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی بە (علی) کوڕی (أبی طالب): { لەجێگاکەی مندا بنوو، خۆت بەم بوردەیەی من داپۆشە کە (حضرمی) یەکی سەوزە ، لە ژێریدا بنوو ، دڵنیابە شتێکت تووش نابێت کە پێت ناخۆش بێت } پێغەمبەر ﷺ نەریتی وابوو کە بخەوتایە لەژێر ئەو بوردەیەدا دەنووست [1].

پاشان پێغەمبەر ﷺ چووە دەرەوە ، بەنێوان ڕیزەکانیاندا تێپەڕی ، مشتێك خۆڵی هەڵگرت پڕاندی بەسەریاندا ، ئیدی خوای گەورە لەئاستیدا هەموویانی کوێر کردو نەیانبینی ، ئەم ئایەتەی دەخوێند: ﴿ وَجَعَلْنَا مِن بَيْنِ أَيْدِيهِمْ سَدًّا وَمِنْ خَلْفِهِمْ سَدًّا فَأَغْشَيْنَاهُمْ فَهُمْ لاَ يُبْصِرُونَ ﴾ يس/٩، پیاویان تێدا نەبوو کەخۆڵ بەسەریەوە نەبێت . پێغەمبەر ﷺ چوو بۆ ماڵی (أبوبکر) . لەکوخێکی ماڵی (أبوبکر)ەوە . بەشەو دەرچوون هەتا گەیشتە ئەشکەوتی (ثــور) بەرەو ڕووی (یەمەن) [2].

جەنگاوەرە ئابڵوقەدەرەکانیش چاوەڕێی سەعاتی سفر دەکەن ، پێش هاتنی کاتی دیاریکراو نیشانەی بێ ئومێدی و شکستیان تێدا دەرکەوت . پیاوێك کەلەوێدا لەگەڵیان نەبوو هاتەلایان و کەبینی لەبەردەم دەرگاکەی ماڵی پێغەمبەردا ﷺ وەستاون ، پێی وتن: چاوەڕێی چی دەکەن ؟ وتیان: موحەممەد ، کابرا وتی: دەك داوەشێن و خوا لەناوتان بەرێت ، وەڵڵاهی ئێستە بەبەردەمتاندا دەرچوو ، خۆڵی کردوە بەسەر هەموتانداو ، چوو بەدەم کاری خۆیەوە ، وتیان: وەڵڵاهی نەمانبینیوە ، ئنجا هەستان و تەپوتۆزەکەی سەریان تەکاند.

بەڵام لەکونی دەرگاکەوە سەیرێکیان کرد (علی) یان بینی ، وتیان : سوێندبێت ئەوە موحەممەدە نووستووەو بوردەکەی داوە بەخۆیدا ، بەو شێوەیە نەجوڵان تارۆژ بوەوە ، ئنجا (علی) لەجێگەکە هەستاو هاتەدەرەوە، کەوتە بەردەستیان، لەبارەی پێغەمبەرەوە ﷺ پرسیاریان لێکرد ، وتی: هیچ لەو بارەیەوە نازانم [3].

---

1. ، هەمان سەرچاوە ٤٨٢/١ ، ٤٨٣
2. هەمان سەرچاوە ٤٨٣/١ ، زاد المعاد ٢ ٥٢
3. ، هەمان دوو سەرچاوەی پێشوو

له ماڵەکەوە بۆ ئەشکەوت

پێغەمبەری خوا ﷺ له شەوی (٢٧)ی مانگی(صفر)ی ساڵی (١٤)ی پێغەمبەرێتی بەرامبەر بە ١٢-١٣ای سێبتێمبەری ساڵی ٦٢٢ی[1] زاییینی ماڵەکەی بەجێ هێشت و چوو بۆ ماڵی هاوەڵەکەی (ابوبکر) کە خەڵك له هاوڕێیەتی و ماڵ و سامانی ئەمین بوون. پاشان لەدەرگایەکی پشتەوە ماڵەکەیان بەجێهێشت ، تا بەپەلە لەمەککە دەربچن پێش ئەوەی بەرەبەیان هەڵبێت.

لەکاتێکدا کە پێغەمبەر ﷺ دەیزانی قوڕەیش سەرومڕانە بەشوێنیدا دەگەڕێن و ، یەکەم ڕێگاش کە زەینی ئەوانی بەلادا بچێت لەسەرەتادا ڕێگەی سەرەکیە کە بەرەو باکوورو مەدینە دەچێت ، کەچی ئەم ڕێگەیەکی تەواو پێچەوانەی هەڵبژارد ، کە ڕێگەی باشووری مەککەیەو ، بەرەو یەمەن دەچێت ، بەدرێژی (٥) میل ڕێگەی گرتەبەر ، تاگەیشتە شاخێك ناسرابوو بەشاخی (ثور) ، شاخێکی بەرزە ، ڕێگاکەی زۆرسەخت و ناخۆشە ، تاشە بەردی زۆرەو سەرکەوتن پیایدا زەحمەتە ، لەبەرئەوە پێیەکانی پێغەمبەر ﷺ بریندار بوون - گوتراویشە : لەسەر لاپێ دەڕۆیشت تا شوێنەوارەکەی بسڕێتەوە بۆیە قاچی پیرۆزی داماڵرابوو ، هەرکامیان بێت ، (ابوبکر) لەکۆڵی گرت کەگەیشتە شاخەکەو ، خۆی لێ توند کردەوە تاگەیاندیە ئەشکەوتێك له لوتکەی شاخەکەدا ، ئەو ئەشکەوتە له مێژوودا بە ئەشکەوتی (ثور) ناسراوە[2].

لەناو ئەشکەوتەکەدا

کە گەیشتە نزیك ئەشکەوتەکە ، (ابوبکر) وتی: سوێند بەخوا ناڕۆیتە ژورەوە دەبێت لەپێشدا من بڕۆم ، نەبادا شتێکی تێدابێت با بەرمن بکەوێت ، چووە ناوی دەستێکی پێداهێنا ، دیوارەکەی کونێکی تێدابوو کراسەکەی دڕاندو کونبڕی کرد ، دووکونی تری تێدا مابوو هەردووقاچی خستە سەریان ، پاشان وتی بەپێغەمبەر بفەرموو بۆ ژورەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ چووە ژورەوە ، سەری خستە سەرکۆشی ئەبوبەکرو نوست ، قاچێکی ئەبوبەکر کە لەکونەکەدا بوو شتێك پێوەیدا ، له جێگەی خۆی نەجولاً نەبادا خەبەری بێتەوە ، لەتاو ئازار دڵۆپێك فرمێسکی چاوی کەوتە سەردەموچاوی پێغەمبەر ﷺ ، فەرمووی: چیە (ابوبکر) وتی: گەزراوم ، دایك و بابم بەقوربانت بێت ، پێغەمبەر ﷺ تفی کردە سەری چاك بووەوەو ئازاری نەما[3].

---

[1] / رحمه للعالمین ١ ،٩٥، سەرەتا ئەو مانگی (صفر)ە لەساڵی چواردەهەمی پێغەمبەرێتیەوە دەست پێ دەکات ئەگەر سەرەتایی ساڵی بەمانگی (محرم) دابنێین ، خۆ ئەگەر سەرەتایی ساڵ لەوێوە دابنێین کە خوای گەورە (وەحی) نارد بۆ پێغەمبەر ﷺ بەبێگومان ئەو مانگی (صفر)ە لەساڵی سیانزەهەمەوە دەست پێ دەکات ، زۆرینەی ئەوانەی لە سیرەدا دەنوسن کە لەوانیە ئەم ڕایە پەسەند بکەن ، زۆرجار هەڵەدەکەن له ڕێکخستنی ڕووداوەکاندا ، ئێمە لێرەدا سەرەتای ساڵمان بەمانگی (محرم) داناوە

[2] / رحمه للعالمین ١ ٩٥ ، مختصر سیره الرسول نوسینی شێخ عەبدوڵلای نەجدی ل ١٦٧

[3] / (رزین) لەعومەری کوڕی خەتابەوە ﷺ ڕیوایەتی کردوە، دوای ئەوە ژاری مارەکە گەڕایەوەو ئاوسکی لەکاتی وەفاتی‌دا و ئەوەش هۆی مردنی بوو ، بڕوانە (مشکاه‌المصابیح) ، باب مناقب (ابی بکر) ٢/٥٥٦

سیٚ شەو لە ئەشکەوتەکەدا مانەوە ، شەوی هەینی و شەوی شەممەو شەوی یەك شەممە[1] ، (عبدالله)ی کوڕی (ابوبکر) لەلایان دەمایەوە ، عائشە دەڵێت: (عبدالله) کوڕێکی گەنجی وریای ژیر بوو ، لە سەحەردا لای ئێمە دەردەچوون لە مەککە ڕۆژی دەکردەوە ، هەرچی هەواڵێکی ببیستایە کە شەو داهات دەیهێنایەوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ ، (عامر)ی کوڕی (فهیرە)ش غولامی (ابوبکر) بوو مێگەلێکی لەو دەوروبەرەدا دەلەوەڕاند ، کاتی خەوتنان مێگەلەکەی لێ نزیك دەکردنەوە تا شیریان دەخوارد ، ئەنجا پێش تاریك و ڕوونی بەیانی دەگەڕایەوە بەرەو مەککە ، (عامر) هەموو شەوێکی ئەو سیٚ شەوە بەم شێوەیەی دەکرد ، هەمووجارێکیش (عامر)ی کوڕی (فهیرە) بە مێگەلەکەیەوە شوێنی (عبدالله)ی کوڕی (ابوبکر) دەکەوت کە لەمەککە دەرئەچوو بۆئەوەی جێگە پێیەکانی بسڕێتەوە[2].

کاتێك قوڕەیش دڵنیابوو لەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەدەست دەرچوو لە شەوی جێبەجیٚ کردنی پیلانەکەدا شێت بوون ، یەکەم شتێك کردیان لێدانی (علی) بوو، ڕاپێچیان کرد بەرەو مەککە ، ماوەیەك بەندیان کرد ، بەئومێدی ئەوەی هەواڵێکی لێوە وەربگرن لەبارەی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەکەیەوە[3].

کاتێك کە هیچیان لە (علی) دەستنەکەوت ڕۆشتن بۆ ماڵی (ابوبکر) ، لە دەرگایاندا ، (أسماء)ی کچی (ابوبکر) هاتە دەرەوە ، پێیان وت: کوا باوکت ؟ وتی: سوێند بەخوا نازانم باوکم لە کوێیە ؟ (ابوجهل) . کە پیاوێکی دەم پیسی هەرزەگۆ بوو . دەستی بەرز کردەوە شەپازلەیەکی لێدا گوارەکەی گوێی کەوتە خوارەوە[4].

لەدانیشتنێکی خێرای نائاساییدا قوڕەیش بڕیاری بەکارهێنانی هەموو ئامرازێکی‌دا بۆ گرتنی ئەو دوو پیاوە ، بۆیە هەموو ئەو ڕێگانەی لەهەر چوارلاوە دێنە سەر مەککە ، خستیانە ژێر چاودێریەکی توندی چەکدارەوە ، هەروەها بڕیاری خەلاٚتێکی گەورەی‌دا کە بریتی بوو لە دیاریی (١٠٠) وشتر بۆ هەریەکێك کە بتوانێت یەکێك لەو دوانە بەزیندوویی یان بەمردوویی تەسلیم بە قوڕەیش بکاتەوە[5].

ئیدی هەرچی سوارچاك و پیادەو پێهەڵگریان هەیە کەوتنە گەڕان ، بەشاخ و دۆڵ و دەشت و گردۆلکەدا ، بەلاٚم بیٚ هوودە بوو.

---

[1] / سەیری (فتح الباری) بکە ٢٣٦/٧.
[2] / (إبن هشام) ٤٨٦/١
[3] / رحمە للعالمین ٩٦/١
[4] / (إبن هشام) ٤٨٦/١.
[5] / بڕوانە (صحیح البخاری) ٥٥٤/١

موشریكان هەتا دەمی ئەشكەوتەكەش هاتن ، بەڵام خودا باڵادەستە ، (بوخاری) دەگێڕێتەوە لە (انس)ەوە لە (ابوبكر)ەوە ﷺ دەڵێت: لە ئەشكەوتەكەدا لەگەڵ پێغەمبەردا بووم ﷺ . سەرم بەرز كردەوە قاچ و قولی موشریكەكانم بینی، وتم: پێغەمبەری خوا ﷺ خۆ ئەگەر یەكێكیان سەیری خوارەوە بكات دەمانبینێت ، فەرمووی : بێدەنگ بە (ابوبكر) ، ئێمە دوانین خودا سێهەممانە ، لە دەربڕینێكی تردا : (ابوبكر) چی دەڵێیت لەبارەی دووكەسەوە كە سێیەمیان خودا بێت !![1]

بەڕاستی موعجیزەیەك بوو كەخودا پێغەمبەرەكەی پێ شكۆداركرد ﷺ ، لە كاتێكدا كەچەند هەنگاوێكیان مابوو بگەنە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەكەی كەچی گەڕانەوە.

كەوتنە ڕێ بەرەو مەدینە

كاتێك كەكەف و كۆی گەڕانی موشریكان دامركایەوە، كاری مەفرەزەكانی گەڕان كۆتایی هات ، وروژانی قورەیش پاش ئەو ڕاونانە سێ ڕۆژە سەرسەختانەیە هێور بووەوە بەبێ هیچ ئەنجامێك ، ئیدی پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵەكەی خۆیان ئامادە كرد بۆ دەرچوون بەرەو مەدینە.

(عبدالله)ی كوڕی (اریقط اللیثي)ی بەكرێ گرتبوو ، كە ڕێبەرو شارەزای ڕێگە بوو . تا ئەوكاتە موشریك بوو، ئەمان متمانەیان پێی هەبوو ، هەردوو وشترەكەی خۆیان دابوو بەدەستی و بەڵێنیان بەیەكتری دابوو كە دوای سێ شەوو بە هەردوو وشترەكەوە بێتە بەردەم ئەشكەوتەكە ، كاتێك كە شەوی دووشەممە هات ، سەرەتای ڕەبیعی یەكەمی ساڵی (١)ی كۆچی / بەرامبەر بە (١٦)ی سێبتێمبەری ساڵی (٦٢٢)ی زایینی ، (عبدالله)ی كوڕی (اریقط) بەخۆی و وشترەكەوە هات بۆلایان ، لەوێدا (ابوبكر) وتی بەپێغەمبەر ﷺ: دایك و باوم بەقوربانت بێت ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ، یەكێك لەو دوو وشترە هەڵبژێرە ، ئەنجا باشترینیانی لێ نزیك كردەوە ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بە نرخی خۆی.

(أسماء)ی كچی (ابوبكر)یش (ر) خۆراكەكەی بۆ هێنان و ، بیری چووبوو بیخاتە توێشە بەرەیەكەوە، كەبەڕێ كەوتن، چوو ویستی خۆراكەكە بخاتە كەشكۆڵێكەوە ، سەیری كرد توێشە بەرەی نی‌یە ، ئیدی پشتێنەكەی كرد بەدوو پارچەوە خۆراكەكەی

---

[1] / (صحیح البخاری) ١/٥١٦، ٥٥٨، ترسەكەی (ابوبكر) لەبەرخۆی نەبوو، بەڵكو ئەو گێڕانەوەیە كە دەڵێ . كاتێ ئەبوبەكر پێهەڵگرانی بینی خەمی پێغەمبەری لێنیشت ﷺ و پێی فەرموو ئەگەر من بكوژرێم یەك پیاوم ، بەڵام ئەگەر تۆ بكوژرێیت یەك ئوممەت دەفەوتێت ، لەوێدا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ﴿ لاتحزن إن الــــه معنــــا ﴾ ، بڕوانە مختصر سیرە الرسول نووسینی شێخ عەبدوڵلای نەجدی ل١٦٨

کردە یەکێکیان و وەك کەشکۆڵ هەڵی واسی ، پارچەکەی تریشی کردەوە بە پشتوێن ، لەوێدا ناونرا بە (ذات النطاقین)[1].

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ و (أبوبکر) ﷺ بەڕێ کەوتن ، (عامر)ی کوڕی (فهیرە)یش لەگەڵیاندا کەوتەڕێ ، ڕێبەرەکە ، (عبدالله)ی کوڕی (اریقط) ، ڕێگەی کەنار دەریای پێگرتن.

یەکەمجار کە لەئەشکەوتەکەوە دەرکەوتن ڕووی کردە باشوور بەرەو یەمەن و ، پاشان ڕووی کردە ڕۆژئاوا بەرەو کەنار دەریا ، تاگەیشتە ڕێگەیەك کەسی پێدا نەچوو بوو ، لەنزیکی کەناری دەریای سورەوە ڕووی کردەوە باکورو ، بەڕێیەکدا ڕۆشت - مەگەر بەکەمیی - وەگەرنا کەس ڕێی لێ نەکەوتبوو.

(إبن إسحاق) باسی ئەو شوێنانەی کردوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەو ڕێگەیەدا پیایدا گوزەراوەو دەڵێت : کاتێك ڕێبەرەکە دەریکردن بەرەو خواروی مەککە کەوتنەڕێ ، پاشان بەڕێی کردن بەرەو کەنار دەریا تا لەڕێگە لایاندا لە خوارووی (عسفان)ە وە ، پاشان خستنیە ڕێ بەرەو خواروی (امج) ، پاشان بەڕێی خستن تا لە ڕێگە لای دایەوە پاش ئەوەی کە لە (قدید) گوزەرا ، ئەنجا لەوێش دەری کردن کەوتنە ڕێ بەرەو (خرار) ، ئەنجا بەرەو (ثنیة المرة) ، پاشان بەرەو (لقف) ، ئەنجا لە دەروازەی (لقف) دەرچوون و ، چوونە ناو دەروازەی (مجاج) ، پاشان بەرەو (مرجح مجاج) پاشان چوونە (مرجح ذی العضوین) ، پاشان بۆ (بطن ذی الکشر) ، پاشان بەرەو (جداجد) ئەنجا بەرەو (الأجرد) ، پاشان بۆ (ذا سلّم) ، لە (بطن أعداء مدلجة تعهن)ە وە بەرەو (عبابید) ، پاشان لە (الفاجه) تێپەڕین ، پاشان دابەزینە ناو (العرج) ، پاشان بەڕێ کەوتن بەرەو (ثنیة العائر) - لەلای ڕاستی ڕەکوبەوە - هەتاکو دابەزینە ناو (بطن رئم) و پاشان گەیاندنیە (قباء)[2].

ئەمەش نموونەیەکە لەو ڕووداوانەی لەڕێگەدا بەسەریاندا هات :

١- (بوخاری) دەگێڕێتەوە لە (أبوبکر)ی (صدّیق)ەوە ﷺ دەڵێت: ئەو شەوە بەڕێ کەوتین تاسبەینێ گەرمای نیوەڕۆ بەڕێوە بوین ، ڕێگە چۆڵ و هۆڵ ، کەسی بە سەرەوە نەبوو ، بەردێکی درێژمان بینی سێبەرێکی هەبوو هێشتا خۆر نەچوو بووە سەری ، دابەزین ، لەژێریدا شوێنێکم چاککرد بۆ پێغەمبەر ﷺ تا لەسەری بخەوێت ، فەروەیەکم لەسەری داخست و ، وتم : لێرە بخەوە پێغەمبەری خوا ﷺ ،

---

[1] / صحیح البخاری ١/٥٥٣ ، ٥٥٥ ، هەروەها إبن هشام ١ ،٤٨٦
[2] / إبن هشام ١ ٤٩١ ، ٤٩٢

من باوەشێنت دەکەم ، نوست ، هەستام باوەشێنی بکەم ، بینیم وا شوانێك مێگەلەکەی داوەتە بەرو بەرەو بەردەکە دێت . دەیویست وەك ئێمە بحەوێتەوە ، پێم وت : تۆ شوانی کێیت ؟ وتی : شوانی پیاوێکی مەککەیی یان مەدینەییم ، وتم : ئایا مێگەلەکەت شیریان تێدایە ؟ وتی: بەڵێ ، وتم : ئایا دەیاندۆشیت ؟ وتی : بەڵێ ، مێیەکی گرت ، وتم: گوانی مێیەکە لە خۆڵ و موو پیسیی بتەکێنە . کەمێك شیری دۆشیە ناو دەفرێکی پێستەوە ، خۆشم دەفرێکی ئاوم پێبوو ، بردم بۆ پێغەمبەر ﷺ تالێی تێراوبێت دەستنوێژی لێ هەڵبگرێت ، هاتمەوە بۆلای پێغەمبەر ﷺ پێم ناخۆش بوو هەڵی بسێنم ، وەستام تاخۆی هەستا ، ئاوەکەم کرد بەسەر شیرەکە تا بەشی خوارەوەی سارد بوەوە ، وتم: بخۆرەوە پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەوەندەی خواردەوە تا تێر بوو ، پاشان فەرمووی : ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە کە برۆین ؟ وتم : بەڵێ ، دەڵێت: ئیدی بەڕێ کەوتین[1].

٢. نەریتی (أبوبكر) ﷺ وابوو لە پشت پێغەمبەرەوە دەڕۆشت ﷺ ، پیر دەهاتە بەر چاوو دەناسرا ، بەلام پێغەمبەری خوا ﷺ گەنج دیاربوو نەدەناسرا ، کەسێك کە بە (أبوبكر) دەگەیشت پێی دەوت: ئەو پیاوە کێیە لەگەڵتدایە؟ دەیوت: ئەم پیاوە ڕێنومایی ڕێگەم بۆ دەکات ، پرسیارکەر وایدەزانی مەبەستی ڕێگەیە، مەبەستیشی ڕێگەی ڕێنومایی چاکە بوو[2].

٣. (سراقە)ی کوڕی (مالك) شوێنیان کەوتبوو . سوراقە دەڵێت : لەکاتێکدا کە لەناو خێڵەکەمدا (بنی مدلج) دانیشتبووم ، پیاوێك هاتەلام وتی: (سراقە) ئێستە من لەکەنار دەریاوە تارمایی چەند پیاوێکم بینی ، وابزانم موحەممەدو هاوەڵەکانی بن ، (سراقە) دەڵێت: ئیتر زانیم کە ئەوانن ، پێم وت : نا ئەوان نین ، بەلام تۆ فلان و فلانت بینی لەبەرچاوی خۆمانەوە دەرچوون ، پاش کەمێك مامەوە ، دوای هەستام ، فەرمانمدا بە کەنیزەکەکەم کە ئەسپەکەم بۆ دەرکات لە پشت گردێکەوە بۆم ڕاگرێت ، ئنجا ڕمەکەم هەڵگرت و لەپشتی ماڵەکەمەوە دەرچووم ، ڕمەکەم سەروخوار کردەوە ، تاگەیشتمە ئەسپەکەم سواری بووم ، بەڕێ کەوتم زانیم کە نزیکی کردومەتەوە تاچەند هەنگاوێکم مابوو بگەمە لایان ، ئەسپەکەم سەرسمێکی داو لەسەری کەوتمە خوارەوە، جارێکیتر سوار بوومەوە، وامدەزانی نزیکم دەکاتەوە تاچەند هەنگاوێکم مابوو لێیانەوە، ئەسپەکەم سەرسمێکی تری داو

---

[1] / صحيح البخاري ١/٥١٠
[2] / بوخاری ئەمەی لە (انس)ەوە گێڕاوەتەوە ١/٥٥٦

کەوتمە خوارەوە، هەستام، دەستم برد بۆ هەگبەی تیرەکانم ، تیرەکانم دەرهێنا تیرو پشکم کرد، ئایا ئەوانە زیانم پێ دەگەیەنن یان نەء ؟ ئەوەم بۆ دەرچوو کەپێم ناخۆشە ، جارێکی تر سواربومەوەو گوێم نەدا بەتیروپشکەکە ، ئەسپەکە نزیکی کردمەوە تائەوەندەی گوێم لە خوێنەوەکەی پێغەمبەر بوو ﷺ و لای نەدەکردەوە ، بەلاّم (ابوبکر) زۆرلای دەکردەوە . ئنجا هەردوو دەستی ئەسپەکەم بەناو لمەکەدا ڕۆچوون تا سەر ئەژنۆیان ، کەوتمە خوارەوە ، ئاوزەنگیم لێدا هەستایەوە ، خەریکبوو دەستەکانی لە لمەکە دەردەهێنا ، کە بەپێوە وەستا شوێن دەستەکەی لەسەر زەویەکە تەپو تۆزێکی پرشنگدار وەك دووکەڵی لێوە دەردەچوو ، دیسانەوە تیروپشکم کردەوە ، ئەوەم بۆ دەرچوو کە پێم ناخۆشە ، هاوارم لێ کردن کە پەنام بدەن ، وەستان ، سواری ئەسپەکەم بووم تاگەیشتمە لایان ، پاش ئەوەی کە بەسەرمدا هات گەشتمە ئەو بڕوایەی ، کە پێغەمبەر ﷺ و پەیامەکەی سەردەکەون ، عەرزم کرد: پێغەمبەری خوا خێڵەکە خەلاّتیان داناوە بۆ هەر کەسێك تۆ بدۆزێتەوە ، هەواڵی ئەوەم پێدان کە خەڵکی دەیانەوێت چییان لێ بکەن ، نان و خۆراکم خستە بەردەستیان گوێیان نەدایەو ، هیچ پرسیارێکیشیان لێ نەکردم ئەوەندە نەبێت : پێیان وتم : خەڵکمان لێ چەواشە بکە ، داوام لێ کرد کە نوسراوێکی دڵنیابوونم بۆ بنوسێت ، فەرمانیدا بە (عامر)ی کوڕی (فهیره) ، ئەویش لەسەر پارچە قوڕێك بۆی نووسیم ، پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆشت [1] .

لە ڕیوایەتێکی تری (ابوبکر)ە وە دەڵێت: کەوتینە ڕێ ، خەڵکەکەش بەدواماندا دەگەڕان کەس لەوان نەیتوانی پێمان بگات جگە لە (سوراقە)ی کوڕی (مالك) کوڕی (جعشم) کە سواری ولاّخەکەی بوو بوو ، وتم : پێغەمبەری خوا ئەرێ ئەو ئەسپ سوارە خەریکە پێمان دەگات ، فەرمووی : ﴿ لاتَحْزَنَ إنّ اللّهَ مَعَنا ﴾ [2].

(سوراقە) گەڕایەوە بینی خەڵك بەشوێن پێغەمبەردا دەگەڕێن ﷺ ، ئەویش پێی دەوتن کە تازە فریایان ناکەون و لە دەستیان دەرچوون ، ئەو پیاوە بەیانیەکەی بەدوایاندا دەگەڕا کەچی سەر لەئێوارە پاسەوانی دەکردن [3] .

---

[1] / هەمان سەرچاوە ٥٥٤/١، شوێنی خێڵی (بنی مدلج) لەنزیك (رابغ)ە وە بوو ، سوراقە لەو شوێنەوە شوێنیان کەوتبوو کە لە (قدید)ە وە سەردەکەوتن . زاد المعاد ٥٣/٢ ، وا دەرئەکەوێت ڕۆژی سێیەم بوبێ

[2] / صحیح البخاری ٥١٦/١

[3] / زاد المعاد ٥٣/٢.

٤. لەو سەفەرەیدا پێغەمبەر ﷺ بەلای خێوەتەکەی (أم معبد)ی خوزاعیدا تێپەڕی کرد ، ژنێکی کەڵەگەتی بەتاقەت بوو لەناو خێوەتەکەیدا بوو، نان وئاوی دەدا بە هەرکەسێك بەوێدا بڕۆشتایە ، پرسیاریان لێ کرد ، ئایا هیچی لەلایە؟ وتی: سوێند بەخوا هەرچیەکم ببوایە پێم دەدان ، ئەوەتا مەڕەکانم لاوازن ، ئەم ساڵە ساڵی وشکیی بوو.

پێغەمبەری خوا ﷺ سەیری مەڕێکی کرد لە خوار خێوەتەکەوە ، پێی فەرموو: ئەرێ (أم معبد) ئەی ئەو مەڕە چیە ؟ وتی: ئەوە لەبەر لەڕیی لەمێگەلەکە جێماوە ، فەرمووی : ئەی شیری تێدایە ؟ (أم معبد) وتی: بەخوا لەوە لاوازترە شیری تێدابێت ، فەرمووی : مۆڵەتم دەدەیت بیدۆشم .؟ وتی: بەڵێ بەقوربانت بم ، ئەگەر شیری تێدا دەبینی بیدۆشە ، پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی پیرۆزی هێنا بەگوانەکەیدا ، ناوی خوای هێناو دۆعای کرد ، گوانەکەی پڕ بوو ، لێی دەچۆڕا ، داوای دەفرێکی کرد کە کۆمەڵێك تێر بکات ، ئەوەندەی تێ دۆشی سەر ڕێژ بوو، دای بە (أم معبد) لێی خواردەوە تا تێر بوو ، ئەنجا دای بەهاوەڵەکانی تا ئەوانیش تێر بوون ، پاشان خۆی خواردیەوە ، ئەنجا جارێکی تر گوانەکەی تێدا دۆشیەوە ، تا دەفرەکە پڕبوو ، ئەنجا (أم معبد) یان بەجێ هێشت و ڕۆشتن.

زۆری پێنەچوو (أبو معبد)ی مێردی گەڕایەوە چەن بزنێکی وشك هەلاتوی لاوازی دابوە بەرخۆی ، کە شیرەکەی بینی سەری سوڕما ، وتی: ئەمەت لەکوێ بوو؟ لەکاتێك دا کە مەڕەکە لاوازە ، هیچ شیریش لەماڵەکەدا نەبوو؟ (أم معبد) وتی: نەوەڵلا ئەوەندە نەبێت پیاوێکی پیرۆز بەئێرەدا تێپەڕی کرد قسەی ئاواو ئاوای دەکرد ، ئەوە حاڵ و وەزعی بوو ، (أبو معبد) وتی: سوێند بەخوا ئەمە ئەو پیاوەیە کە قوڕەیش بەدوایدا دەگەڕێت ، ئەرێ (أم معبد) بۆم وەسف بکە پیاوێکی چۆن بوو؟ بەپیاهەڵدانێکی جوان وەسفی کرد بەزمانێکی شیرین باسی کرد گوێگر وای دەزانی مرۆڤەکەی لەبەردەمدایە . ئەو وەسفانە لەکۆتایی باسەکە باس دەکەین ، (أبو معبد) وتی: وەڵلاهی ئەمە پیاوەکەی ناو قوڕەیشە کە ئەوەیان وتوەو دەیڵێن لەبارەیەوە ، ئەڵێی بڕۆم لەگەڵیدا بم ، هەرکاتێك بوارم هەبوو مەرج بێت شوێنی بکەوم ، پاش ماوەیەك لەدەوروبەری مەککەدا ڕۆژانە گوێیان لەدەنگێك بوو بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد قسەکەرەکەیان نەدەبینی دەیوت :

جزى اللّه رَبُّ العَرشِ خَيْرَ جزاءه رفيقـــين حلاّ خَيْمَتي أُمِّ مَعْبَدِ
هُما نَزَلا بـــالبِرّ وارتَحَـــلا بـــه وأفلح مـــن أمسىٰ رفيق محمَّدِ
فيا لقصَيٍّ مـــا زوى اللّهُ عنكـــم به من فعـــالٍ لايُحاذى وسؤدد
ليهن بنى كعب مكـــانُ فتـــاقم ومقعدُها للمؤمنين بـــمرصَـــد
سلوا أختكم عن شاتها وإنـــائها فإنكُم إنْ تسألوا الشـــاةَ تَشْهَدِ

(اسماء) دەڵێت: نەماندەزانی کە پێغەمبەر بەرەو کوێوە دەرچووە ، جنۆکەیەك لە خوارووی مەککەوە پەیدابوو ئەم دێرە شیعرانەی دەوتەوە ، خەڵکیش بەشوێنیدا دەڕۆشتن تەنها گوێیان لە دەنگەکە بوو کابرایان نەدەبینی ، تا لە سەرەوە بۆی دەردەچوو ، (اسماء) دەڵێت: کە گوێمان لەو شیعرە بوو ئیتر بۆمان دەرکەوت کە بەرەو مەدینە تەشریفی ڕۆشتوە[1].

٥- لەڕێگەدا پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشت بە (أبا بريدة) ، کە سەرەك خێڵێك بوو ، بۆ گەڕان بەدوای پێغەمبەردا ﷺ دەرچوو بوو ، لەگەڵ (ابوبكر)دا ، بەو ئومێدەی ئەو خەڵاتە گەورەیەی دەستکەوێت کە قورەیش ڕایگەیاندبوو ، کە ڕووبەڕووی پێغەمبەر ﷺ بوەوە ، دەستبەجێ لەشوێنی خۆیدا لەگەڵ حەفتا پیاوی خۆیدا موسوڵمان بوون ، پاشان مێزەرەکەی داگرت و، بەستی لەڕمەکەی و کردی بەپەرچەم کەڕاگەیاندنێك بێت بۆ ئەوەی مەلیکی ئاسایش و ئاشتی هاتوە تا دونیا پڕبکات لە دادودادپەروەری[2].

٦- هەر لە ڕێگادا پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشت بە(الزبير) ، کە لەقافڵەیەکی موسوڵماناندا بوو ، بازرگان بوون تازە لە شام دەگەڕانەوە ، (الزبير) پێغەمبەری خواو ﷺ (ابوبكر)ی بە بەرگی سپی پۆشی [3].

[1] / زاد المعاد ٥٣/٢ ، ٥٤
[2] / رحمه للعالمين ١٠١/١
[3] / بوخاری ئەوەی لە (عروه)ی کوڕی (الزبير)ەوە گێڕاوەتەوە

دابەزین لە (قباء)

لە ڕۆژی دوو شەممەی (٨)ی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی (١٤)ی پێغەمبەرێتی - کە ساڵی یەکەمی کۆچییەو بەرامبەرە لەگەڵ (٢٣)ی سێپتێمبەری ساڵی (٦٢٢)ی زایین - پێغەمبەری خوا ﷺ لە (قباء) دابەزی[1].

(عروە)ی کوڕی (الزبیر) دەڵێت : موسوڵمانەکان هەواڵیان بیستبوو کە پێغەمبەر ﷺ لە مەککە دەرچوە ، هەموو بەیانیانێ دەهاتنە دەرەوە ، چاوەڕوانیان دەکرد تا گەرمای نیوەڕۆ ، ڕۆژێکیان پاش چاوەڕوانیەکی زۆر گەڕانەوە بۆماڵەوە ، کاتێك کەچوونەوە ماڵەکانیان ، پیاوێکی جولەکە بەسەر یەکێك لە دار خورماکانیانەوە بوو ، سەیری دەکرد ، پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵەکانی بینی لەناو تراویلکەدا سپییان دەکردەوە ، کابرای جولەکە خۆی پێ نەگیراو بەدەنگی بەرز هاواری کرد ، ئەی خێلەکانی عەرەب ، ئەوە باپیرەتانە کە چاوەڕوانیتان دەکرد ، موسوڵمانان هەموو بەرەو چەکەکانیان وروژان[2].

(إبن القیم) دەڵێت: لەناو خێڵی (عمرو)ی کوڕی (عوف) سروودی (وجبت) و (الله أکبر) دەبیسرا ، موسوڵمانان بەهاتنی پێغەمبەر لەخۆشیدا تەکبیرەیان دەکردو ، چونە دەرەوە بۆ بەخێرهاتنی، چوونە خزمەتی و سڵاوی پێغەمبەرانەیان لێ کرد ، ئەڵقەیان بە دەوریدا بەست و لەدەوری خڕبوونەوە ، ئارامیی لێ نیشتبوو ، (وەحی) بۆ دابەزی : ﴿ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَمَوْلَاهُ وَجِبْرِيلُ وَصَالِحُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمَلَائِكَةُ بَعْدَ ذَٰلِكَ ظَهِيرٌ﴾ التحریم/٤[3].

(عروە)ی کوڕی (زبیر) دەڵێت : چوونە خزمەت پێغەمبەر ﷺ ، بەلای ڕاستدا لای دا ، تا لەناو خێڵی (بنی عمرو)ی کوڕی (عوف)دا دابەزی ، ئەمە لە ڕۆژی دوو شەممەی مانگی ڕەبیعی یەکەمدا بوو ، ئەنجا ئەبوبەکر هەستا بۆ خەڵکەکەو ، پێغەمبەری خواش ﷺ بەبێدەنگی دانیشتبوو ، هەندێك لەو ئەنساریانەی کە هێشتا

---

[1] / رحمە للعالمین ١ ١٠٢ لەو ڕۆژەدا پێغەمبەر ﷺ تەمەنی پیرۆزی (٥٣) ساڵی تەواو بوو بێ زیادوکەم ، (١٣) ساڵی تەواویش گوزەرابوو بەسەر بەپێغەمبەر بونیدا بەپێی ڕای ئەوانەی دەڵێن لە (٩)ی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی (٤١)ی فیلدا ، شکۆدار بووە بەپێغەمبەرێتی، ئەوەش کە دەڵێت لە ڕەمەزانی ساڵی (٤١) ی فیلدا شکۆدار بووە بەپێغەمبەرێتی . بەپێی ئەم ڕایە . لەم ڕۆژەدا . دوانزە ساڵ و پێنج مانگ و (١٨) ڕۆژ یان (٢٢) ڕۆژی تەواو تێپەڕ بووە بەسەر پێغەمبەرێتیەکەیدا ﷺ

[2] / صحیح البخاری ١/٥٥٥

[3] / زاد المعاد ٢/٥٤.

پێغەمبەری خودایان نەدیبوو ، دەهاتنە خزمەتی بۆ سڵاو لێکردنی – لە ڕوونوسێکدا – دەهاتنە لای (أبوبکر) ، تا خۆر بەر پێغەمبەر کەوت ﷺ ، ئەنجا بە کراسەکەی سێبەری کرد بۆ سەری ، ئیدی لەوێدا خەڵك زانیان کامەیان پێغەمبەری خوایە[1].

هەموو خەڵکی مەدینە هاتبوونە دەرەوەی شار بۆ پێشوازی ، ڕۆژێکی کەم وێنە بوو کە هەرگیز مەدینە لە مێژوودا شتی وای بەخۆوە نەدیبوو ، جولەکەش ڕاستگۆیی مژدەکەی (حبقوق) پێغەمبەریان بینی کە دەڵێت: (خودا لە تەیمانەوە هات و ، قدوسیش لە شاخی فارانەوە)[2].

پێغەمبەری خوا ﷺ لە (قباء) لە ماڵی (کلثوم)ی کوڕی (الهدم) دابەزی ، وتراویشە لە ماڵی: (سعد)ی کوڕی (خیثمة) دابەزیوە ، یەکەم ڕاستترە ، (علی) کوڕی (أبی طالب) یش لەمەککەدا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ مایەوە ، هەتاکو سپاردەکانی پێغەمبەر ﷺ ی دایەوە کە خەڵك لەلای دایان نابوو ، پاشان بە پێ کۆچی کرد بۆ مەدینە ، لە (قباء) پێیان گەیشت ئەویش لە ماڵی (کلثوم)ی کوڕی (الهدم) دابەزی[3].

پێغەمبەری خوا ﷺ لە (قباء) چوار ڕۆژ مایەوە: دووشەممەو سێشەممەو چوار شەممەو پێنج شەممە[4]، مزگەوتی (قباء)ی دروست کردو نوێژی تێدا کرد ، ئەوە یەکەم مزگەوت بوو لە دوای پێغەمبەرێتیدا بنیاتنرا بێت لەسەر تەقوا ، کە ڕۆژی پێنجەم هات ڕۆژی هەینی بوو ، بەفەرمانی خوا سوار بوو ، (أبوبکر) یش لە پشتیەوە بوو ، ناردی بەشوێن ماڵی (بنی نجار)ی خاڵوانی - دا هەموویان بە چەکەوە هاتن ، بەرەو مەدینە کەوتەڕێ ، لەخێڵی (بنی سالم) کاتی جومعە هات ، هەموویانی کۆکردەوە لەناو مزگەوتی شیوەکەدا - نزیکەی سەد پیاو دەبوون[5].

---

[1] / صحیح البخاری ١/٥٥٥

[2] / صحیفه (حبقوق) (٣ ٣)

[3] / زاد المعاد ٢ ٥٤ ، إبن هشام ١/٤٩٣ ، رحمە للعالمین ١/١٠٢

[4] ، ئەمە ریوایەتەکەی (إبن إسحاق)ە ، سەیرکە (إبن هشام) ١/٤٩٤ ، عەللامە (المنصور الفوری) ئەم ڕایەی پەسەند کردووە ، بڕوانە (رحمە للعالمین) ١/١٠٢ ، لە (صحیح البخاری) یشدا هاتوە کە (٢٤) شەو لە (قباء) دا ماوەتەوە ، ١/٦١ هەروەها دەڵێن لە دە شەو زیاتر ١/٥٥٥ ، چواردە شەو ١/٥٦٠ ، (إبن القیم) ئەم ڕایەی کۆتایی پەسەند کردوە ، لەکاتێك دا کەخۆی دەڵێت ڕۆژی دابەزینی لە (قباء) ڕۆژی دووشەممە بوو ، ڕۆژی دەرچوونیشی ڕۆژی هەینی بوو ، بەیەکیشەوە لە (١٢) ڕۆژ تێناپەڕێت ئەگەر باسەکە دوو هەفتە بێت

[5] / (صحیح البخاری) ١/٥٥٥ ، ٥٦٠، زاد المعاد ٢/٥٥ ، إبن هشام ١/٤٩٤ ، رحمە للعالمین ١/١٠٢

چوونە ناو مەدینە

پاش ئەنجامدانی نوێژی هەینی پێغەمبەر ﷺ چووە ناو مەدینە ، لەو ڕۆژەوە (يثرب) ناونرا بە (مدينة الرسول) شارەکەی پێغەمبەر ﷺ، بەکورتی ناونرا (مدينة) بەڕاستی ڕۆژێکی پیرۆزبوو، هەموو ماڵ و ڕێگاوبانەکان دەزرنگایەوە بەدەنگی سوپاسگوزاری و تەسبیحات کردن ، کچانی ئەنساریش بەم دێرە شیعریە لەخۆشیدا گۆرانیان دەوت :[1]

أشرق البــدر علــينــا   من ثنيــات الـــوداع
وجب الشكــر علــينا   مــا دعــا للّـــه داع
أيهــا المبعــوث فينــا   جئت بــالأمر المطــاع

ئەنساریەکان خاوەن سەروەت و سامانی زۆر نەبوون ، کەچی هەموو یەکێکیان حەزی دەکرد پێغەمبەر ﷺ لەماڵەکەی دابەزێت ، بەلای هەر ماڵێکی ئەنسارییدا دەگوزەرا جڵەوی وشترەکەیان دەگرت و پێیان دەوت: وەرە بۆلای ئەم هەموو حەشامات و تواناو چەك و هێزو دەسەلاتە ، ئەویش خۆش خۆش دەیفەرموو: وازی لێ بهێنن ئەوە فەرمانی پێدراوە ، وشترەکە ڕۆشت تاگەیشتە ئەم شوێنەی ئێستای مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ و چۆکی دادا ، لەسەری دانەبەزی هەتا جارێکی هەستایەوەو کەمێکی تر ڕۆیشت ، ئەنجا گەڕایەوەو هاتەوە شوێنی یەکەم و چۆکی داو دانیشت .

ئەنجا پێغەمبەر ﷺ لەسەری دابەزی ـ ئەم شوێنەش لەناو خێڵی (بني النجار)ی خاڵوانیدا بوو.

ئەوەش ڕێنومايیەکی خوایی بوو ، چونکە خۆی حەزی دەکرد لەلای خاڵۆوانی دابەزێت بۆ ڕێز لێ گرتنیان ، خەڵك کەوتنە قسەوباس لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ بۆ ئەوەی لای ئەوان دابەزێت ، (أبوأيوب الأنصاري) خێرا دەست پێشخەری کرد بۆ جڵەوی وشترەکەو بردیە ماڵەکەی خۆیەوە ، پێغەمبەری خوداش ﷺ فەرمووی ، مرۆۆ دەبێت لەگەڵ ولاخ و کەل و پەلەکەی خۆیدا بێت ، (اسعد)ی کوڕی (زراره)ش هات جڵەوی وشترەکەی گرت و بەلایەوە بوو [2].

---

[1] / (إبن القيم) دەڵێت وتنی ئەو شیعرانە لە ڕۆژی گەڕانەوەی (تبوك) دابوە و بەهەڵەدا چووە ئەو کەسەی وا بزانێت لەڕۆژی تەشریف هێنانیدا بوە بۆ مەدینە (زادالمعاد٣/١٠)، بەلام (إبن القيم)یش بەڵگەیەکی دڵنارامکەری لەوبارەیەوە نەهێناوە، عەللامە (المنصور فوري) دەڵێت ئەوە شیعری پێشوازی مەدینەیە، چەند بەڵگەیەکیشی هێناوە کە ناکرێت بدرێتەوە بەسەر خاوەنەکەیدا . بڕوانە (رحمه للعالمين) ١٠٦/١

[2] / رحمة للعالمين ١٠٦/١ ، زاد المعاد ٥٥/٢

له ریوایەتەکەی (انس)دا کە لای (بوخاری)یە هاتووە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: چ ماڵێك نزیکە ؟ (أبوأیوب) وتی: ماڵەکەی من پێغەمبەری خوا ﷺ ، ئەمەش دەرگاکەیەتی ، فەرمووی: کەواتە هەستە جێگەیەکمان بۆ ئامادە بکە ، وتی: کەواتە پشت بە خوا هەستن [1].

پاش چەند ڕۆژێکی تر (سودە)ی هاوسەری و هەردوو کچەکەی (فاطمة) و (أم کلثوم) و (أسامە)ی کوڕی (زید) و (أم أیمن) گەیشتن . (عبدالله)ی کوڕی (أبوبکر) هەموویانی هێنابوو بەمناڵەکانی (أبوبکر)یشەوە . هەروەها عائشەیان تێدا بوو . بەلاّم (زەینەب)ی کچی پێغەمبەر ﷺ کە ژنی (أبی العاص) بوو مێردەکەی نەیهێشتبوو تا لەدوای شەڕی (بدر)ەوە ئەویش کۆچی کرد [2].

(عائشە) دەڵێت : کە پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشتە مەدینە ، (أبوبکر) و (بلال) نەخۆش کەوتن . چوومە لایان وتم : بابە . چیتە ؟ ئەریْ : (بیلال) چیتە ؟ عائیشە دەڵێت : هەر کاتێك (أبوبکر) (تا) بیگرتایە ئەم شیعرەی دەخوێندەوە :

كُـــل إمرئٍ مصبّحٍ في أهله   والموت أدنى من شراك نعله

(بیلال)یش کەنەخۆشیەکەی لەکۆڵ بوایەتەوە، سەری دەردەهێناو دەیوت:

ألا ليت شعري هل أبيتن ليلة   بواد وحولي أذخر و جليلُ
وهَـــل أرَدن يوماً ميـــاه مجنَّة   وهل يَبْدونْ لي شامةٌ وطفيلُ

عائشە دەڵێت : هاتم بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و هەواڵم پێدا ، ئەویش ئەم نزایەی کرد بۆ مەدینە : (اللهم حبب إلينا المدينة كحبنا مكة أو أشد حباً . و صححها . و بارك في صاعها ومدّها ، وأنقل حمّاها ، فأجعلها بالجحفة) [3] واتـە: "خوایە ، مەدینەشمان لەلا خۆشەویست بکە بەئەندازەی خۆشەویستی مەککەو زیاتریش و ، ڕاساڵیکە ، گەزو پێوانە و مامەڵەی پیرۆز بکە ، بیپارێزیت بیخەیتە (جحفە) وە .

تائێرە بەشێك لەژیانی پێغەمبەر ﷺ کۆتایی هات و ، خولێکی بانگەوازی ئیسلامی کۆتایی هات . کە خولی بانگەوازی مەککەیە.

---

[1] / صحیح البخاری ١/٥٥٦
[2] زاد المعاد ٢ ٥٥
[3] / صحیح البخاری ١ ٥٨٨ . ٥٨٩

﴿ ژیـــان لەنـــاو مـــەدینـــەدا ﴾

دەکرێت سەردەمی قۆناغی مەدینەیی بکەین بە سێ بەشەوە :

١. قۆناغێك کە چەند کێشەو ئاشوبێکی تێدا وروژێنراو لە ناوخۆوە چەندین کۆسپ و تەگەرە دانران و دوژمنان هەڵیانکوتایە سەر مەدینە بۆ لەریشە دەرهێنانی سەوزاییەکانی شار ، ئەم قۆناغە کۆتایی دێت بە سوڵحی (حودەیبیە) لە مانگی (ذی القعدة)ی ساڵی (٦) کۆچیدا .

٢. قۆناغی شەڕوەستان لەگەڵ سەرکردایەتی بتپەرستیداو ، لە ڕەمەزانی ساڵی (٨) کۆچیدا، کۆتایی دێت بەفـەتحی مەککـە ، ئەمەش قۆنـاغی بانگـەوازی مەلیکەکانە بۆ ئیسلام.

٣. قۆناغی پۆل پۆل موسوڵمان بوونی خەڵك ، ئەمەش قۆناغی هاتنی شاندی خێڵ و تیرەکانە بۆ مەدینە ، ئەم قۆناغە تا کۆتایی ژیانی پێغەمبەر ﷺ درێژ دەبێتەوە لە ڕەبیعی یەکەمی ساڵی (١١) ی کۆچیدا .

قۆناغی یەکەم

بارودۆخی ئەو کاتەی مەدینە لەکاتی کۆچکردنەکەدا

کۆچ کردن تەنها مانای ئەوە نەبوو ، کە ڕزگاربوون بێت لە گۆبەنگ و گاڵتە جاڕی بتپەرستان و بەس ، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا کۆچکردن بریتی بوو لەبنیاتنانی کۆمەڵگای نویێ لەولاتێکی هێمندا، لەبەرئەوە بوو بەئەرك لەسەر هەموو موسوڵمانێکی خاوەن توانا کە بەشداری بکات لە دروستکردنی ئەو نیشتمانە نوێیەداو هەوڵی پتەو کردن و بەرزکردنەوەی پلەوپایەی بدات .

گومانی تێدانیە کەپێغەمبەری خوا ﷺ تەنها پێشەواو سەرکردەو ڕێنوما بوو لە بنیاتنانی ئەو کۆمەڵگایەدا، هەموو مەسەلەکان بەبێ سێودوو بۆلای خۆی دەگەڕایەوە.

ئەو خەڵکانەی کە پێغەمبەر ﷺ لەمەدینەدا ڕووبەڕوویان دەبوەوە سێ جۆر بوون ، هەریەکێك لەو جۆرانە جیاوازیەکی ئاشکرای هەبوو لەگەڵ ئەوانی تردا ، هەر جۆرێك پرسیارو کێشەیەکی تایبەتی ڕووی تێ دەکرد کە جیا بوو لەوانی دی . ئەو سێ جۆرەش بریتی بوون لە :

١ . مرۆڤە پوختە بەڕێزەکانی هاوەڵی (ڕ) .

٢ . ئەو موشریکانەی کە هێشتا باوەڕیان نەهێنا بوو ، ئەمانە تیرەو هۆزەکانی مەدینە بوون .

٣ . جولەکە ،

أ , ئەو مەسەلانەی ڕووبەڕووی هاوەڵەکانی دەبوەوە بریتی بوو لە بارو دۆخی شاری مەدینە ، کە سەبارەت بەئەوان جیابوو لەو بارودۆخەی کە لەمەککەدا بینیبوویان ، ئەوان لە مەککەدا با لەدەوری یەك وشەش کۆبوێتنەوەو ، بەدیهێنانی یەك ئامانجیش مەبەستیان بووبێت ، بەلام بەچەند ماڵێکی جیاوازو دورلەیەك دابەش بووبوون ، ژێردەست و چەوساوە بوون ، هیچ کاروبارێکیان بەدەستەوە نەبوو ، بەڵکو کاروبار بەدەست دوژمنەکانیانەوە بوو ، لەبەرئەوە ئەو موسوڵمانانە نەیاندەتوانی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی نوێ دروست بکەن بەو کەرەستانەی ، کە هەر کۆمەڵگایەکی مرۆڤی لە دونیادا ناتوانێت دەستبەرداری ببێت ، لەبەرئەوە دەبینین سورەتە مەککەییەکان باس لە وردو درشتی پرەنسیپە ئیسلامیەکان دەکەن ، لەگەڵ ئەو یاسایانەی کە لەسەر ئاستی تاك کاری پێ دەکرێت و ، هاندانی تاك بۆ چاکەو خێرو بنەماکانی ڕەوشت و ، دورکەوتنەوە لە خراپەو تاوانەکان .

بەڵام لە مەدینەدا هەر لەیەکەم ڕۆژەوە کاروبارەکان بەدەست خۆیانەوە بوو ، هیچ کەس باڵادەست نەبوو بەسەریانەوە . پێویست بوو لەسەر شانیان کە ئیدی بە مەسەلەکانی ژیاریی و ئاوەدانی و ، گوزەران و ئابووری و سیاسەت و حکومەتداری و مەسەلەی شەڕو ئاشتییەوە سەرقاڵ بین ، لەگەڵ پاڵاوتنێکی تەواوی مەسەلەکانی حەڵاڵ و حەرام و خواپەرستی و ڕەوشت و هەرچی مەسەلەیەکیتر کە پەیوەندیدار بێت بە مەسەلەکانی ژیانەوە .

کاتی ئەوە هاتبوو کەکۆمەڵگایەکی نوێ دروست بکەن، کۆمەڵگایەکی ئیسلامی ، لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا جیابێت لە کۆمەڵگای نەفامیو، ناوازە بێت لەناو هەر کۆمەڵگایەکی تری جیهانیداو ببێتە نوێنەری ئەو بانگەوازە ئیسلامیەی لەپێناویدا موسوڵمانەکان چەندین جۆری چەوساندنەوەو ئەشکەنجەیان چەشت لەمەودای (١٠) ساڵدا .

شاراوەش نیە کە پێکهێنانی هەر کۆمەڵگایەك لەسەر ئەو شێوازە ناکرێت بە ڕۆژێك ، یان مانگێك ، یان ساڵێکیش ئەنجام بدرێت ، بەڵکو پێویستی بەکاتێکی دوورو درێژ هەیە ، کە تیایدا یاسادانان و نوسینەوەو هۆشیارکردن و مەشق پێکردنی لەسەرخۆ ئەنجام بدرێت ، سەبارەت بەیاسا کە خودای گەورە خۆی ڕێکی خست ، پێغەمبەری خواش ﷺ جیبەجێی دەکردو ، ڕێنومایی بۆدەکردو ، عەقڵ و پەروەردەی موسوڵمانی لەسەر پێدەگەیاند ﴿ هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُوا عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ ﴾ الجمعة ٢، واتە: خوای گەورە لەناوەندی نەخوێندەواراندا پێغەمبەرێکی لەخۆیان نارد ، ئایەتەکانی ئەویان بەسەردا دەخوێنێتەوەو پاکیان دەکاتەوەو فێری کیتابی خوداو داناییان دەکات ، هاوەڵانیش بە دڵ و گیان ڕوویان کردبوە خوای گەورە ، خۆیان بەئەحکامەکانی دەڕازاندەوەو مژدەیان پێدەدات : ﴿وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَاناً ﴾ الأنفال / ٢، واتە: کاتێك ئایەتەکانیان بەسەردا دەخوێنرایەوە باوەڕیان زیادی دەکرد . ئەم باسانەش جێگەی قسەوباسی ئێمە نین ، بۆیە بەپێی پێویست ئاماژەی بۆ دەکەین .

گەورەترین شت سەبارەت بەموسوڵمانەکان کە پێغەمبەر ﷺ ڕووبەڕووی دەبوەوەو، هەرئەوەش لەسەر ئاستە باڵاکە جێگەی مەبەست بوو لە سەرووی بانگەوازی ئیسلامی و، پەیامی موحەممەدەوە ﷺ . ئەمەش کێشەیەکی ناکاوی سەرپێی نەبوو . جگە لەوانە چەندین کێشە هەبوو پێویستی بەچارەسەری پەلە هەبوو .

کۆمەڵی موسوڵمانان دووبەش بوون :

بەشێکیان لە خاك و ئاوو ماڵ و حاڵی خۆیاندا بوون ، ئەوەندەیان بەلاوە گرنگ بوو کە پیاو لەماڵی خۆیدا بیوەی بێت ، ئەوانە ئەنساریەکان بوون ، لەناو خۆیاندا دوژمنایەتیەکی هەمیشەیی و لێك دوریەکی تەواویان هەر لەدێر زەمانەوە هەبوو ، لەپاڵ ئەمانیشەوە بەشێکی تر هەبوون ، ئەمانیش کۆچکەران بوون . هەموو شتێکیان لەدەست چووبوو . تەنها خۆیان دەرچوو بوون بۆ مەدینە ، شوێن و پەناگەیەکیان نەبوو ، کارێکیشیان نەبوو گوزەرانی خۆیانی پێ بە ڕێ بکەن ، ماڵ و سامانێکی ئەوتۆشیان نەبوو حاڵی خۆیانی پێ ڕاست بکەنەوە ، ژمارەی ئەو پەنابەرانە کەم نەبوو ڕۆژ بە ڕۆژ زیادیان دەکرد ، پێشتریش مۆڵەتی کۆچ درابوو بەهەموو ئەو کەسانەی باوەڕیان بەخواو پێغەمبەرەکەی هێناوە ، زانراویشە کەشاری مەدینە سەروەت و سامانێکی زۆری نەبوو ، بەو کۆچ کردنە هاوسەنگی ئابووری شارەکە لاسەنگ بوو ، لەوکاتە تەنگانەیەشدا هێزە نەیارەکانی ئیسلام نیمچە ئابلۆقەیەکی ئابووریان لەسەر دانابوو ، بۆیە بارودۆخ خراپتر بوو، دەرامەتیش کەم بوەوە.

ب / کۆمەڵەیەکی تر . کە بریتی بوون لە موشریکانی ناو خێڵەکانی مەدینە ، هیچ دەسەلاَتێکیان بەسەر موسوڵمانەکاندا نەبوو ، تیایاندا هەبوو لەسەر گومان دەژیاو دوودڵ بوو لەوەی واز لەئاینی باووباپیرانی بهێنێت ، بەلاَم هیچ جۆرە دژایەتی و ڕقەبەرایەتیەکی بەرامبەر بەئیسلام و موسوڵمانەکان نەبوو ، زۆریان پێ نەچوو موسوڵمان بوون مرۆڤی ئاین پەروەریان لێ دەرچوو .

تیایشیاندا هەبوو کەدوژمنایەتی و ڕقێکی زۆری لەدڵدا بوو بەرامبەر بە پێغەمبەر ﷺ و موسوڵمانان ، بەلاَم کەسێکیان نەیدەتوانی دژ بەموسوڵمانەکان بوەستێت ، بەڵکو ناچاربوو خۆشەویستی و دڵسافی خۆی بەپێی بارودۆخەکە نیشان بدات. لەسەرووی ئەوانەوە (عبدالله)ی کوڕی (أبی) وەستابوو ، کەپاش جەنگی (بعاث) هەردوو خێڵی (أوس) و (خزرج) لەسەر سەرۆکایەتی ئەو ڕێك کەوتبوون و ، پێشتریش بەو شێوەیە لەسەر سەرۆکایەتی هیچ کەسێ کۆ نەبووبونەوەو ، جێگەو پلەوپایەیان بۆ ڕازاندبۆوە ، بۆ ئەوەی بیخەنە سەر کورسی و تاجی مەلیکایەتی لەسەر دابنێن ، خەریکبوو دەبوە مەلیکی مەدینە بەهۆی هاتنی ناکاوی پێغەمبەر ﷺ و لێتەکینەوەی خێڵەکەی لێی ، (عبدالله) پێی وابوو کە پێغەمبەر ﷺ مەلیکایەتی لێ زەوت کردوە. بۆیە لەناخەوە دژایەتی پێغەمبەری دەکرد ﷺ . کە بینی بارودۆخەکە ڕێگەی موشریك بونی نادات و بەرژەوەندیە دونیاییەکانی خۆی

لە دەست نەدات ، دوای جەنگی بەدر ئیسلامەتی خۆی دەرخست، بەڵام لەدڵدا بەکافری مایەوە، دەرفەتی بۆ نەدەرەخسا کە فرتوفێڵێك بەکاربهێنێت دژ بەپێغەمبەر ﷺ و موسوڵمانەکان نەیکات ، . هاورێکانیشی لەو سەرانەی کە بێبەش بووبوون لەگەڵ خۆیدا بەشداریان دەکردو پشتیوانی جێبەجێ کردنی پلانەکانی ئەویان دەکرد ، هەندێ جاریش هەرزەو دەروون نەخۆشە موسوڵمانەکانیان بەکاردەهێنا وەك کرێگرتەی خۆیان ، بۆ جێبەجێ کردنی نەخشەکانیان.

ج / کۆمەڵی سێیەم بریتی بوون لە - جولەکە - هەروەکو پێشتریش باسمان کرد ، ئەمانە لەرۆژگارەکانی چەوساندنەوەی ئاشووری و رۆمانیدا لایان دابوو بەلای (حجاز) داو، لەڕاستیدا عیبری بوون ، بەڵام پاش پاشە کشەکەیان بۆ حیجاز شەقڵی عەرەبیان وەرگرت لە جلوبەرگ و زمان و ژیاریاندا، تاوای لێ هات ناوی خێڵ و کەسەکانیشان بوو بەعەرەبی، لەگەڵ عەرەبەکاندا پەیوەندی ژن ژنخوازی و خزمایەتیان دروستکرد ، بەڵام هەر بە ڕەگەزە دەمارگیریەکەی خۆیان مانەوەو لەگەڵ توخمی عەرەبدا هەرگیز تێکەڵنەبوون، بەڵکو هەمیشە شانازیان بە ڕەگەزە ئیسرائیلیە جولەکایەتیەکەی خۆیانەوە دەکردو بەچاوێکی سووکایەتی زۆرەوە سەیری عەرەبەکانیان دەکرد تا ڕادەیەك پێیان دەوتن (أمیّ) نەخوێندەوار ، بەمانای گەمژەیی و وەحشیگەری و دواکەوتوو ، پێیان وابوو هەمووماڵی عەرەب بۆ ئەوان ڕەوایەو ، چۆن پێیان خۆشە دەتوانن بیخۆن : ﴿ قَالُواْ لَيْسَ عَلَيْنَا فِي الأُمِّيِّينَ سَبِيلٌ ﴾ آل عمران/٧٥، واتە: (جولەکە دەیانوت ئێمە سەبارەت بەئوممیەکان دەربەستی هیچ نین)، هیچ تاقەتێکی ئەوەیان نەمابوو ئایینەکەیان بڵاوبکەنەوە بەڵکو ئایینیان کردبوە ، فاڵگرتنەوە جادوگەری و فوپیاکردن و نوشتەو شتی لەو جۆرەو ، بەو شێوەیە خۆیان بەخاوەن زانست و ڕێزو پێشڕەویی ڕۆحانیی دەزانی ./

لەشێوازی کاسپی و گوزەراندا شارەزابوون ، بازرگانی دانەوێڵەو خورماو شەراب و کاڵایان بەدەستەوە بوو، دانەوێڵەو کاڵاو شەرابیان دەهێناو خورماکەیان دەنارد ، جگە لەمانە کاری تریشیان هەبوو ، قازانجی دوو ئەوەندەیان لە بەشێکی زۆری عەرەب وەردەگرت و ، بەوەشەوە نەدەوەستان ، بەڵکو سووخۆریشیان دەکرد ، قەرزیان دەدا بە پیرو پیاوماقوڵانی عەرەب ، بۆ ئەوەی شاعیران پیایاندا هەڵدەن و ، لەناو خەڵکیدا بەپارە خەرجکردنی بێهودەو بێکەڵك شۆرەت و ناوبانگ پەیدا بکەن ، پاشان دەچوون زەوی وزارو مەزراو باخچەکانی ئەو سەرە عەرەبانەیان بە ڕەهن دەگرت ، پاش ماوەی چەند ساڵێك تێدەپەری دەبووە موڵکی خۆیان .

جولەکە پیلانگێڕو ئاژاوەچی و سەرسەخت و خراپەکار بوون ، لەنێوان خێڵە عەرەبە دراوسێکاندا دوژمنایەتی و کێشەیان دروست دەکرد، هانی هەندێکیان دەدا دژ بەوانی تریان بەفێڵی پەنامەکی وەها ئەو خێڵانە هەستیان پێ نەدەکردو ، دەکەوتنە جەنگی خوێناوی بەردەوام لەگەڵ یەکتریدا ، بەردەوام جێگە دەستی جولەکە بۆ ئاگری شەڕ ، ئاژاوەکەیان گەشتر دەکردەوە هەرکاتێك بینییان خەریکە دەکوژێتەوە ، پاش ئەم هەموو فێڵو تەڵەکەیە کە لەهەمەوولایەکەوە دەست دابویە، لەئاستی ئەو ڕووداوانەدا کە بەسەر عەرەبدا دەهات بێدەنگ دەبوون، بەڵێ هەمیشە قەرزی سوداری زۆریان پێدەدان تاکو خەرجی شەڕیان بۆ ئاسان بکەن ، بەمکارە دوو سوودیان دەستدەکەوت ، کە لەلایەکەوە قەوارە جولەکەیتیەکەی خۆیان دەپاراست و لەلایەکی تریشەوە، بازاڕی سوودیان دەجولاًندو، سوودەکەیان بە چەندین چەندانە دەخواردو ، سامانێکی زۆریان دەست دەکەوت .

لەناو (یثرب) دا سێ هۆزی جولەکەی بەناوبانگی تێدا بوو:

١. (**بنو قینقاع**) ، کە هاوپەیمانی (خەزرەج) یەکان بوون و دانیشتووی ناو شاری مەدینە بوون.

٢. (**بنو النضیر**).

٣. (**بنو قریظة**) ، ئەم دوو هۆزەی دوایین هاوپەیمانی (أوس) بوون ، ماڵەکەیان لە قەراغ شاردا بوو ، ئەم هۆزانە بوون ، کە هەر لەدێر زەمانەوە جەنگی نێوان (أوس) و (خەزرەج) یان دەوروژاند ، بەخودی خۆشیان لە جەنگی (بعاث) دا بەشداریان کردبوو ، هەرلایەکیان لەگەڵ هاوپەیمانی خۆیاندا .

بێگومان چاوەڕوان دەکرا کە جولەکە بەچاوی ڕق و کینەوە نەبێت سەیری ئیسلام نەکەن ، پێغەمبەریش ﷺ لە ڕەگەزی ئەوان نەبوو تا سوکنایی دڵیان بێت و واز لەو دەمارگیریە بهێنن کە زاڵ بووبوو بەسەر دەروون و عەقڵیەتیاندا ، پاشان ئیسلامیش بانگەوازێك بوو بۆ ڕێکخستن و ئاشناکردنی دڵەکان بەیەکترو ، بۆ کوژاندنەوەی ئاگری دوژمنایەتی دووبەرەکیی و ، بانگەشەی دەکرد بۆ سپاردە ناسیی لەکاروبارو ، بۆ پابەندبوون بەخواردنی ماڵی حەلاڵ ، ئەمانەش مانای ئەوەبوو، کە چیدی لەمەودوا هۆزە عەرەبەکان بەیەکتر ئاشنا دەبنەوەوە، ڕزگاریان دەبێت لە میکرۆبەکانی جولەکەو چالاکیە بازرگانیەکانیان دەوەستێتو لەو ماڵی سوودە بێبەش دەبن کەسەروەت و سامانەکەیانی لەسەر وەستاوە ، بەڵکو لەوانەیە ئەو هۆزانە بێداربینەوە، مەسەلەی ئەوماڵە سوانەی جولەکە وەریانگرتوەو ، هەستن بەگێڕانەوەی ئەو زەوی و باخ و بێستانەی لەدەستیان داوەو لەباتی سوودا داویانە بەجولەکە.

جولەکە ئەم هەموو لێکدانەوانەیان بۆخۆیان کردبوو، هەر لەوکاتەوە کە دەیانزانی ئیسلام دەیەوێت ئارامی لەناو (یثرب)دا بەرقەرار بکات ، لەبەرئەوە دوژمنایەتی و کینەیەکی زۆریان لە دڵدا هەڵگرتبوو بۆ ئیسلام و پێغەمبەر ﷺ لەو کاتەوە کە چوونە ناو (یثرب) ەوە ، هەرچەندە تاماوەیەك زاتی دەرخستنی ئەو ڕق و کینەیان نەکرد تا ماوەیەك .

ئەوەش لە ڕیوایەتێکی (إبن إسحاق) دا دەردەکەوێت کە دەڵێت:

لەدایکی ئیمانداران (صفیة) وە (ڕەزای خوای لێبێ)، (إبن إسحاق) دەڵێت:

(صفیة) کچی (حیي) کوڕی (اخطب) بۆی گێڕامەوەو وتی:

خۆشەویسترین منالی باوکم و، (أبو یاسر)ی مامم بووم ، هەرگیز نەمبینیون منالێکی تری خۆیان پێ بێت و من لەگەڵ خۆیاندا نەبەن ، دەڵێت : کاتێك پێغەمبەری خوا ﷺ هات بۆ مەدینە ، لە (قباء) لەماڵی (بنی عمرو)ی کوڕی (عوف) دابەزی ، لە بەرەبەیانێکی تاریکدا باوکم (حیي) کوڕی (أخطب) و مامم (ابو یاسر)ی کوڕی (أخطب) چوون بۆلای ، (صفیه) دەڵێت : نەگەڕانەوە تا خۆرئاوابوون، دەڵێ : وەك دوو پەك کەوتەی تەمبەڵی بەسەریەکدا کەوتوو لەسەرخۆ دەهاتن ، (صفیه) دەڵێت : ئامبازیان بووم وەك جاران، سوێند بەخوا کەسیان لایان لێ نەکردمەوە ، لەگەڵ ئەو هەمووخەمەدا کەهەیانبوو، ئەنجا گوێم لێ بوو مامم بەباوکمی وت : ئەرێ ئەوە خۆی بوو ؟

وتی : ئەرێ وەڵڵا خۆی بوو ، مامم وتی : تۆ دەیناسیت و دڵنیاییت ؟

باوکم وتی : بەڵێ ، مامم وتی : چی لەدڵتایە بۆی ؟

باوکم وتی : سوێند بێت تا لە ژیاندا بم دژایەتی دەکەم[1] .

ڕیوایەتەکەی (بوخاری) یش بە هەمان شێوە بەڵگەیە کە لەبارەی ئیسلام بوونی (عبدالله)ی کوڕی (سلام) وە ﷺ دەیگێڕێتەوە . ئەم پیاوە یەکێك بوو لە زانا بلیمەتەکانی جولەکە ، کاتێك کەلە (بنی النجار) بیستبووی بەتەشریف هێنانی پێغەمبەر ﷺ بۆ مەدینە بەخێرایی هاتبوو، چەند پرسیارێکی لێکردبوو کە جگە لەپێغەمبەر کەس ناتوانێت وەڵامی بداتەوە ، کاتێك وەڵامی پرسیارەکانی بیست دەستبەجێ باوەڕی پێ هێنابوو ، پاشان وتبووی بەپێغەمبەر ﷺ: جولەکە گەلێکی بوختانکەرن ، ئەگەر بزانن موسوڵمان بووم پێش ئەوەی تۆ پرسیاریان لێ بکەیت

---

[1] / (إبن هشام) ١ ، ٥١٨ ، ٥١٩

ئەوا لای جەنابت درۆم بەدەمەوە هەڵدەبەستن ، بۆیە پێغەمبەر ﷺ ناردی بەشوێن جولەکەدا هاتن ، ئەنجا (عبداللە)ی کوڕی (سلام) هاتە ژورەوە ، پێغەمبەر ﷺ ڕووی کردە جوەکان و فەرمووی : (عبداللە)ی کوڕی (سلام) لەناوتاندا پیاوێکی چۆنە ؟

وتیان زاناترین کەسی ئێمەیەو کوڕی زاناترین کەسمانە ، باشترینمانەو کوڕی باشترینمانە . (لەگێڕانەوەیەکی تردا) گەورەمانەو کوڕی گەورەمانە (لە گێڕانەوەیەکی تردا) باشترینمانەو کوڕی باشترینمانە ، ڕێزدارترینمانەو کوڕی ڕێزدارترینمانە ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەی ئەگەر زانیتان کە موسوڵمان بوە ؟

وتیان : پەنا دەگرین بە خوا لە شتی وەها (دووجار تا سێجار ئەمەیان وتەوە) . ئەنجا (عبداللە)ی کوڕی (سلام) هاتە دەرەوە ، وتی: (أشهد أن لا إله ألاّ اللّه وأشهد أنَّ محمداً رسول الله) . هەموویان وتیان : خراپترینمانە کوڕی خراپترینمانەو ، دەستیان کرد بەجنێو پێدانی. لە (دەربڕینێکیشدا) وتی: خێڵی جولەکە لەخوا بترسن، سوێندم بەو خودایەی کەجگە لەئەو کەسیتر خودانیە ئێوە دەزانن کە ئەو پیاوە پێغەمبەری خوایەو، بەڕاستی هاتووە، کەچی پێیان وت: تۆ درۆ دەکەیت[1] .

ئەمە یەکەم ئەزموون بوو ، کە لە یەکەم ڕۆژی چوونە مەدینەوە پێغەمبەری خوا ﷺ لە جولەکەی وەرگرت .

ئەمە سەبارەت بەناوخۆ ، لە ڕووی دەرەکیشەوە ، دیارە کە سەرسەختترین هێزی دژ بەئیسلام بریتی بوو لە قوڕەیش ، کە لەماوەی دە ساڵدا ، لەو کاتەوە کە موسوڵمانەکان لەبن دەستیاندا بوون . هەموو جۆرەکانی تۆقاندن و هەڕەشەو تەنگەتاو کردن و سیاسەتی برسیی کردن و ئابلۆقەدانی دژ بەئەوان تاقیکردەوە ، چەندین جۆری ئەشکەنجەو ئازاروبەلاّیان بەسەرداهێنان و، جەنگێکی دەروونی سەرومڕو پڕو پاگەندەیەکی بەرفراوانی بەرنامە بۆ دارێژراویان لەگەڵدا ئەنجامدان و ، پاشانیش کە موسوڵمانەکان کۆچیان کرد بەرەو مەدینە (قوڕەیش) هەستا بە دەست بەسەراگرتنی ماڵ و سامانیان و نەیهێشت ژن و منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیاندا ببەن و هەستا بەسزادان و گرتنی ئەو کەسانەی توانایان بەسەریاندا هەبوو ، بەوەشەوە نەوەستان ، بەڵکو پیلانیان دانا بۆ کوشتنی پێشڕەوی بانگەوازەکە ﷺ و لەناوبردنی بانگەوازەکەو ، هیچ کەم تەرخەمیەکی نەکرد لە جێبەجێ کردنی ئەم پیلانەدا . پاش

[1] / سەیرکە (صحيح البخاري) ٤٥٩/١ ، ٥٥٦ ، ٥٦١

ئەمانە . کە موسوڵمانەکان خۆیان ڕزگارکرد بەرەو شوێنێك کە پێنج سەد کیلۆمەتر لە مەککەوە دوورە . بەحوکمی ئەو پلەوپایە سەرکردایەتیە دونیایی و سەرمەشقییە ئاینییەی هەیانبوو لەناو عەرەبدا هەستان بەڕۆڵی سیاسیانەی خۆیان، بەو سیفەتەی کەنیشتەجێ حەرەم و دراوسێی ماڵی خواو سادینەکانیشن ، بۆیە موشریکەکانی تری ناودورگەی عەرەبیان فریودا دژ بەخەڵکی مەدینە ، تا شاری مەدینە وای لێهات ، بوو بەنیمچە دابڕاوێکی مەحکەم ، داهاتی کەم بوەوە ، لەکاتێکدا کە ژمارەی پەنابەران ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر دەبوو ، گومان نیە کە (حاڵەتی جەنگ) دەبێت ڕوویدات لەنێوان زاڵمانی خەڵکی مەککەو موسوڵمانەکانی نێو نیشتمانە نوێیەکەیاندا ، بۆیە گێلیە کە ئۆباڵی خەتای ئەو جەنگە بخرێتە ئەستۆی موسوڵمانەکانەوە [1] .

موسوڵمانەکان مافی خۆیان بوو کەدەست بەسەر ماڵ و سامانی موشریکەکاندا بگرن ، هەروەکو ئەوان ماڵ و سامانی ئەمانیان تالاّن کردو ، بەرپەرچی ئازارو ئەشکەنجەکانیان بدەنەوەو ، کۆسپ لەڕێی ژیانیاندا دروست بکەن هەروەکو موشریکان وایانکرد لە موسوڵمانەکان و هەوڵیاندەدا ڕێگەیەك بدۆزنەوە بۆ تەفروتونا کردنی موسوڵمانەکان و لەبن هێنانی بەرو بومیان .

ئەمانە ئەو کێشەو دۆزانە بوون کە پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ هاتنیدا بۆ مەدینە ڕووبەڕوویان دەبوەوە .

پێغەمبەری خوا ﷺ هەستا بەڕۆڵی پەیامدارێتی و سەرکردایەتی لە مەدینەدا ، بەئەندازەی شایستەیی هەر کۆمەڵێك بەزەیی و ڕەحمەت یان توندی و هەق لێ کردنەوەی پێدان . گومان نیە کە ڕەحمەت زۆرتربوو لەتوندو تیژیەکانی . هەتا لەماوەی چەند ساڵێکدا جڵەوی کاروبار گەڕایەوە دەست ئیسلام و هەڵگرانی ، خوێنەرانی بەڕێزیش ئەم ڕاستیانە لەم لاپەڕانەدا دەبینن :

بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نوێ

وەکو وتمان هاتنی پێغەمبەر ﷺ بۆ شاری مەدینە ، لەناو (خێڵی بنی النجار)دا لە ڕۆژی هەینی (١٢)ی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی (١)ی کۆچیدا بوو بەرامبەر بە (٢٧) سێپتێمبەری ساڵی (٦٢٢)ی زایین ، لە زەویەکی بەردەم ماڵی (أبو أیوب)دا دابەزی و فەرمووی: خوایاربێت ئێرە مەنزڵگایە، پاشان چووە ماڵی (أبی أیوب).

[1] / دوا وتە لێرەدا هی (محمد الغزالی) یە لە (فقه السیرة) ١- ل١٦٢

بنیاتنانی مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ

دوای ئەوە ، یەکەم هەنگاوی پێغەمبەر ﷺ ، بریتی بوو لە دروست کردنی مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ لە ئەو جێگەیەدا کە وشترەکەی چۆکی دادا ، فەرمانی دا بە بنیاتنانی مزگەوت ، زەویەکەی لە دوو کوڕی بێ باوك کڕی ، خۆشیی بەشداری کرد لە بنیاتنانەکەداو ، خشت و بەردی دەهێنا و دەیفەرموو :

اللهم لاعيش إلا عيش الآخرة فـاغفر للأنصـار والمهاجرة

هەروەها دەیفەرموو :

هـذا الحمـال لاحمـال خيبر هـذا أبـرُّ ربنـا و أطهـر

ئەمەش بوبوە هۆی زیاتر چالاك کردنی هاوەڵان لە بینا کردنەکەداو، هەیانبوو دەیوت:

لَئـن قَعدنـا والنـَّبيُّ يعمَل لـذاك منـّا العملُ المضلَّلُ

لەو شوێنەدا گۆڕی موشریکان و کەلاوەی کۆن و خورماو درەختی غەرقەی تێدابوو ، پێغەمبەر ﷺ فەرمانیدا، گۆڕەکان دەرهێنرانەوەو، کەلاوەکان تەختکران و، دارودرەختەکانیش بڕران ڕیزکران لەبەردەم قیبلەی مزگەوتەکەدا، ئەوکاتە (بيت المقدس) قیبلە بوو ، هەردوو پایەکەی لەبەرد بوو ، دیوارەکانیشی لەخشت و قوڕو ، سەرەکەیشی بەگەڵای دارخورما گیرابوو، ستونەکانیشی ساقی دارخورما بوو. زەمینەی مزگەوتەکەش لم و چەو بوو، سێ دەرگای بۆکرا، درێژیەکەی لە قیبلەگاکەوە بۆ کۆتاییەکەی سەد باڵ دەبوو ، هەردوولاکەشی بەو ئەندازەیە یان کەمتر ، بناغەکەی نزیکەی سێ باڵ دەبوو .

بەپەنایەوە چەند ماڵێك دروست کران ، ماڵەکانی (الحجر) ، کە لەخشت بوون و سەریشیان بە لق و پۆپ و گەڵاو ساقی دارخورما گیرابوو ، ئەمانە (حجر) ژووری هاوسەرەکانی بوو ﷺ ، پاش تەواوبوونی ژوورەکان ، ئیدی پێغەمبەر ﷺ لە ماڵی (أبو أيوب) ەوە گواستیەوە بۆ ئەوێ[1] .

مزگەوتیش تەنها بۆ بەجێهێنانی نوێژەکان نەبوو بەس ، بەڵکو زانکۆیەك بوو ، موسوڵمانەکان تیایدا فەرمایشت ئامۆژگاریەکانی ئیسلامیان تێدا وەردەگرت و ببوە سەکۆیەك بۆ بەیەك گەیشتن و هۆگریی و یەکترناسینی هەموو توخمە جیاوازە خێڵەکیەکان ، کەدەمێك بوو جەنگ و ڕەوتی دەمارگیری نەفامیانەی ناوخۆیان دووبەرەکیی خستبوە ناویانەوە ، هەروەها مزگەوت بوو بووە بنکەیەك

---

[1] / صحيح البخاري ١\٧١ ، ٥٥٥ ، ٥٦٠ ، زاد المعاد ٢ ٥٦

بۆ بەڕێوەبردنی هەموو کاروبارەکان و دەرچوونی بڕیارەکان و پەرلەمانێك بۆ بەستنی ئەنجومەنی ڕاوێژو جێبەجێ کاری .

لەگەڵ ئەوەشداماڵێك بوو بۆ نیشتەجێ بوونی ژمارەیەکی زۆر لەو کۆچکەرە پەنابەرە هەژارانەی لەناو شاری مەدینەدا نە ماڵیان هەبوو نە کەس و کارو نە کوڕوکاڵ.

هەر لەسەرەتای کۆچەوە بانگ دانرا ، ئەو ئاوازە بڵندە جوانەی ڕۆژانە پێنج جار ئاسۆکانی دەوروبەری دەهەژاندو . هەموو جیهانی بوونەوەری پێدەزرنگایەوە ، بەسەرهاتی خەونەکەی (عبدالله)ی کوڕی (زید)ی کوڕی (عبد ربە)ش لەو بارەیەوە زانراوە، (ترمذی) و (أبو داود) و(أحمد) (إبن خزیمە) ڕیوایەتیان کردوە[1] .

بە برا کردنی موسوڵمانەکان

هەروەکو پێغەمبەر ﷺ هەستا بەبنیاتنانی مزگەوت وەکو مەڵبەندێکی کۆ بونەوەو پێك ئاشنابوون . هەستا بەکارێکی تریش کە لەجوانترین ئاسەوارەکانی مێژووە ، ئەویش بریتیە لە برایی کردنی نێوان کۆچەرو ئەنساریەکان ، (إبن القیم) دەڵێت : پاشان لە ماڵی (انس)ی کوڕی (مالك)دا ، کۆچکەران و ئەنساریەکانی کرد بە برا ، نەوەد کەس دەبوون ، نیوەیان کۆچکەرو نیوەکەی تریشیان ئەنسار بوون ، لەسەر بەدەمەوەچونی یەکتری کردنی بەبراو ، بەدەر لەخزمانیش دوای مردن میراتگری یەکتربن ، تا جەنگی بەدر هات و ، ئایەت هاتە خوارەوە فەرمووی : ﴿وَأُوْلُواْ الأَرْحَامِ بَعْضُهُمْ أَوْلَى بِبَعْضٍ﴾ الانفال ٧٥ ، کە میرات بردنی ڕەتکردەوە بەبێ پەیوەندی برایەتی . گوتراویشە کە برایەتی دروست کرد لەنێوان کۆچکەران و ئەنسارەکاندا بۆ جاری دووەم ، بەڵام دیارە ڕای یەکەم پەسەندە ، کۆچکەرانیش برایەتی ئیسلام و برایەتی هاوماڵی و خزمایەتی و کەسایەتییان پێ باشتر بوو لە دروست کردنی هەر برایەتیەکی جیا لە کۆچکەران لەگەڵ ئەنساریەکاندا[2] .

مانای ئەو برایەتیەش بریتی بوو لەوەی ـ هەروەکو موحەممەد غەزالی وتویەتی ـ کە پێویستە دەمارگیریی جاهیلیەت بتوێتەوە ، دەمارگرژی نەمێنێت مەگەر بۆ ئیسلام و جیاوازی و هەڵاواردنی باوان و ڕەنگ و نیشتمان وەلانرێت و کەس پێشی کەسێکی تر نەکەوێت مەگەر بە پیاوەتی و لە خوا ترسان .

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم برایەتیەی کرد بە عەقدێکی کارا ، نەك قسەیەکی بێ بناغە ، کردی بەکارێك وابەستەی خوێن و ماڵ و ببێت نەك تەنها سڵاوێك بێت و زمان ئاڵ و وێری پێ بکات و هیچ شوێنەوارێکی نەبێت .

---

[1] ، بڕوانە (بلوغ المرام) نوسینی (إبن حجر العسقلانی) ل١٥
[2] زاد المعاد ٢، ٥٦

بەڕاستی سۆزی خۆبەخت کردن و بەدەم یەکەوە چون و هۆگری کردن تێکەڵاو بوو بوو لەگەڵ ئەو برایەتیەداو کۆمەڵگای نوێی پڕ کردبوو لەجوانترین نموونەی هەڵس وکەوت [1].

(بوخاری) دەگێڕێتەوە ، کاتێك ئەو کۆچکەرانە هاتنە مەدینە ، پێغەمبەری خوا ﷺ برایەتی دروست کرد لەنێوان (عبد الرحمن) و (سعد)ی کوڕی (الربیع)دا . وتی بە (عبد الرحمن) من لە هەموو ئەنسارەکان زیاتر ماڵ و سامانم هەیە ، ماڵەکەم دابەش دەکەم نیوەی بۆ من و نیوەکەی تریشی بۆ تۆ ، دوو ژنیشم هەیە سەیریان بکە کامەیانت پێ باشە بۆت تەڵاق دەدەم ، کە عیددەی بەسەرچوو بیخوازە ، (عبد الرحمن) پێی وت: خوا کەس و خێزان و ماڵ و منداڵت لێ پیرۆز بکات ، ئەرێ بازاڕەکەتان لە کوێیە ؟ بازاڕەکەی (بنو قینقاع) یان پێ نیشاندا ، کە گەڕایەوە لە بازاڕ گوارەو ئاڵتونێکی باشی پێ بوو ، پاشان بەردەوام بوو ، پاشان جارێکیان هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ زەرد هەڵگەڕا بوو ، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو : ئەرێ چیتە ؟ وتی: ژنم هێناوە، پێی فەرموو: چیت بۆ کردووە بەمارەیی؟ وتی: گوڵێکی ئاڵتون [2] .

هەروەها (أبو هريرە) دەڵێت: ئەنسارەکان وتیان بە پێغەمبەر ﷺ ، دار خورماکانمان بۆ دابەش بکە لەنێوان ئێمەو براکانماندا ، فەرمووی: نەخێر ، وتیان : کەواتە یارمەتیمان بدەن ، ئێمەش لەبەروبوومدا هاوبەشتان دەکەین ، وتیان: گوێڕایەڵین [3] .

ئەمەش بەڵگەیە لەسەرئەو خۆشحاڵیو ڕێزلێنانەی ئەنسارەکان کردوویانە بۆ برا کۆچکەرەکانیان ، لە قوربانیدان و خۆبەختکردن و خۆشەویستی و دڵپاکی ، ئەوەش دەردەخات کە کۆچکەران چەندە پێزان بوون بۆ ئەو ڕێزلێنانەو ، چۆن خراپ بەکاریان نەهێناوەو، هەر ئەوەندەیان بردوە بەشیان بکات و ڕاگیریان بکات.

بەڕاستی ئەو برایەتی کردنە داناییەکی کەم وێنەو ، چارەسەرێکی جوان بوو بۆ زۆرێك لەو کێشانەی کە موسوڵمانان ڕووبەڕووی دەبوونەوە ، کە پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردن

---

[1] / فقه السيرة ل ١٤٠ - ١٤١

[2] / صحيح البخاري / باب إخاء النبي ﷺ المهاجرين والأنصار ٥٥٣/١

[3] / صحيح البخاري ٣١٢/١

بەڵگەنامەی هاوپەیمانێتی ئیسلامی

هەروەکو پێغەمبەری خوا ﷺ هەستا بەبەستنی برایەتی نێوان ئیمانداران ، هەستا بەبەستنی پەیماننامەیەکیش کە هەموو جۆرەکانی هەستی نەفامی و ڕەوتی خێڵگەری تێدا وەلانان و، بواری نەهێشتەوە بۆنەریتی نەفامی ، ئەمەش چەند بەندێکە بە کورتی:

ئەمە نوسراوێکە لە موحەممەدی پێغەمبەرەوە ﷺ لەنێوان ئیمانداران و موسڵمانانی قورەیش و (یثرب)و شوێنکەوتوەکانیانو ئەوانەی جیهادیان لەگەڵدا دەکەن:

١. هەموویان یەك ئوممەتن .

٢. کۆچکەرانی قورەیش لەسەر ماڵی خۆیان دەبن ، خوێنی یەك دەدەن ، فیدیەی ئەسیرەکانی خۆیان دەدەن بەچاکەو ، دادپەروەریش لەنێوان ئیمانداراندا ، هەر تیرەیەکی ئەنساریەکانیش لەسەرحاڵی خۆیان دەبن خوێنی کوشتنە یەکەمینەکان دەدەن بەیەك . هەرتایەفەیەکی ئەوانیش دەبێت فیدیەی ئەسیرەکانیان بدەن بەچاکە ودادپەروەریش بکەن لە نێوان ئیمانداراندا .

٣. دەبێت ئیمانداران هەرکەسێکی قەرزارو خاوەن مناڵیان لەناوخۆیاندا بینی فیدیەی بۆ بدەن یان یارمەتی بدەن بە چاکە.

٤. دەبێت ئیمانداران دژ بەوکەسانە ببنەوە کە دەست درێژی دەکەنە سەریان ، یان کەسێك داوای بەرگری و لابردنی زوڵمێك یان تاوانێك بکات یان دەست درێژیەك یان خراپەیەك لەگەڵ ئیمانداراندا بکات و هاوکاریی بکرێت.

٥. دەست لەناو دەستە بۆ هەرکەسێك دژ بەکۆمەڵ بێت ، بامناڵی یەکێکیشیان بێت.

٦. نابێت ئیماندارێك ئیماندارێکی تر بکوژێت لەبەر کافرێك .

٧. نابێت ئیماندار پشتیوانی کافرێك بکات دژ بە موسوڵمانێك .

٨. زیممەتی خودایی مافێکە پەنای بچوکترین کەسیان دەدات .

٩. هەرکەسێك سەر بەئێمە بێت لە جولەکە ، ئەوا پشتیوانی و پێشڕەوێتی دەکەین، زوڵمیان لێ ناکرێت و کەسیش گەلەکۆمەکیان دژ ناکات.

١٠. ئاشتیی موسوڵمانەکان یەکێکەو، نابێت ئیماندارێك ئاشتی بکات و ئەوی دی نەیکات ، لەکاتی شەڕکردنیش لەپێناوی خوادا هەمان شتە ، مەگەر بە یەکەوەو بەدادپەروەرانە لەنێوان هەموولایەکدا ئەنجامی بدەن.

١١. ئیمانداران وەکو یەکن لەوەدا کە خوێنیان ڕشتوە لە پێناوی خوادا .
١٢. نابێت هیچ موشریکێك ماڵ و سامانێك یان کەسێکی قورەیشی پەنا بدات ، نابێت ڕێ بگرێت لە ئیماندارێك .
١٣. هەرکەسێك بەناهەق وبیگوناه بەقەستی ئیماندارێك بکوژێت دەکوژرێتەوە ، مەگەر کەس و کاری کوژراوەکە ڕازی بن بە سوڵح کردن لێی خۆش بن.
١٤. هەموو ئیماداران لەسەر ئەم دەستورەن بۆیان نیە دژی بوەستنەوە.
١٥. هیچ ئیماندارێك بۆی نیە پشتیوانی پەیمانشکێنێك بکات و ڕێگەی بکاتەوە ، هەر کەسێك پشتیوانی بکات یان ڕێگەی بکاتەوە ئەوا نەفرەت و توورەیی خودای بەسەردا ببارێت لە ڕۆژی قیامەتدا ، هیچ گوتەو شایەتێکی لێ وەرناگیرێت .
١٦. ئێوە ئەگەر لە هەر شتێکدا جیاواز بوون ، ئەوا دەبێت بیگێڕنەوە بۆ خودای گەورەو پێغەمبەرەکەی (محمد ﷺ) [1] .

---

[1] / (إبن هشام) ١/٥٠٢ ، ٥٠٣

کاریگەری هۆ دەروونیەکان لە کۆمەڵگادا

بەم دانایی و زیرەکیە بێ وێنەیە . پێغەمبەر ﷺ بنەماکانی کۆمەڵگایەکی نوێی دامەزراند ، ئەم دیاردەیەش شوێنەوارێکی تری ئەو مانا جوانانە بوو کە ئەو مرۆڤە بەرزانە بەهۆی ڕێزو شکۆداری پێغەمبەرەوە ﷺ هەیانبوو .

پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر زانست و پەروەردەو دەروون پاکی و ڕەوشتە جوانەکان ڕای هێنابوون . بەئەدەبی خۆشەویستی و برایەتی و بەرزی و شکۆداری و خواپەرستی و ملکەچی بۆ خوا پەروەردەی دەکردن .

جارێکیان پیاوێك پرسیاری لێ کرد : کام جۆری ئیسلامەتی چاکە ؟

فەرمووی: نان بدەیت ، سلاو بکەیت لەو کەسەی دەیناسیت و لەوەش نایناسیت[1] .

(عبداللە)ی کوڕی (سلام) دەڵێت : کاتێك پێغەمبەر ﷺ تەشریفی هێنا بۆ مەدینە چوم بۆ خزمەتی ، کە دەم و چاویم بینی ، دەستبەجێ زانیم کە ئەوە دەم وچاوی مرۆڤی درۆزن نیە . یەکەم شت کە فەرمووی : خەڵکینە سلاوبکەن . نان بدەن . پەیوەندی خزمایەتی پتەوبکەن ، بەشەواندا کاتی خەوتنی خەڵك نوێژبکەن . ئەوجا بەباشی دەڕۆنە بەهەشتەوە[2] .

هەروەها دەیفەرموو: (هەر کەسێك دراوسێیەکەی لە خراپەکانی بێوەی نەبێت ناڕواتە بەهەشتەوە)[3] .

هەروەها دەیفەرموو: (موسوڵمان ئەو کەسەیە کە موسوڵمانان بێوەی بن لە دەست و زوبانی)[4] .

هەروەها فەرموویەتی: (هیچ یەکێك لە ئێوە باوەڕەکەی تەواونیە هەتا ئەوەی بۆخۆی پێی خۆشە بۆ براکەشی پێی خۆشبێت)[5] .

فەرمووشیەتی: (ئیمانداران وەکو یەك پیاو وەهان ، ئەگەر چاوێکی گل بکات هەمووگیانی ئێش دەکات ، خۆ ئەگەر سەریشی ئێشی کرد ئەوا هەمووگیانی دەداتە ئازار)[6] .

---

[1] (صحيح البخاري) ٦/١ ، ٩
[2] (ترمدی) ریوایەتی کردوە لەگەڵ (إبن ماجة) و (الدارمی) ، مشكاة المصابيح ١٦٨/١
[3] (مسلم) ریوایەتی کردوە ، مشكاه المصابيح ٢ ٤٢٢
[4] (صحيح البخاری) ١ ٦
[5] (صحيح البخاری) ١ ٦
[6] (مسلم) ریوایەتی کردوە ، مشكاه المصابيح ٢ ٤٢٢

هەروەها دەیفەرموو: (ئیماندار بۆ ئیماندار وەك خشتی دیوار وەهایە کە یەکتریان گرتبێت)[١] .

فەرمووشیەتی: (کینەو ڕقەبەرایەتی یەکتری مەکەن ، چاوچنۆکی بەیەك مەبەن ، چاڵ بۆیەك هەڵمەکەنن ، ببنە بەندەی خوداو برای یەکتری و بۆ هیچ موسوڵمانێك ڕەوا نیە زیاتر لە سێ ڕۆژ قسە لە براکەی دابڕێت)[٢] .

هەروەها دەیفەرموو: (موسوڵمان برای موسوڵمانە ، نە زوڵمی لێ دەکات و نە سەری شۆڕدەکات ، هەرکەسێك بەدەم پێداویستی برا موسوڵمانەکەیەوە بڕوات خودای گەورەش بەدەم پێداویستی ئەوەوە دەڕوات ، هەرکەسێکیش ناخۆشیەك لەسەر موسوڵمانێك نەهێڵێت خوای گەورە ناخۆشیەکی قیامەتی لەسەر لادەبات ، هەر کەسێکیش لەکەی موسوڵمانێك بپۆشێت خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا لەکەکانی ئەو دەپۆشێت)[٣] .

هەروەها دەیفەرموو: (بەزەییتان بەخەڵکی زەویدا بێتەوە تا ئەو کەسەی لە ئاسماندایە ڕەحمتان پێ بکات)[٤] .

هەروەها دەیفەرموو: (ئیمانداران ئەو کەسە نیە کە خۆی تێر دەبێت و ئاگای لێیە کە دراوسێیەکەشی برسیە)[٥] .

دیسان دەیفەرموو: (جنێودان بەئیماندار فاسق بوونەو، شەڕ لەگەڵ کردنیشی کوفرە)[٦] .

پێغەمبەری خوا ﷺ ، لادانی کۆسپەکانی ڕێگەی بە سەدەقە دادەناو ، وەکو بەشێك لە بەشەکانی ئیمان سەیری دەکرد[٧] .

هەروەها هانی دەدان لەسەر خەرجی کێشان و، ئەوەندە باسی لایەنە باشەکانی دەکرد لەخۆشیدا دڵی گەشکەی دەکردو دەیفەرموو . سەدەقە گوناهەکان دەسڕێتەوە، هەروەکو ئاو ئاگر خامۆش دەکات [٨] .

هەروەها فەرموویەتی : (هەر موسوڵمانێك موسوڵمانێکی تر لەسەر ڕووتی بپۆشێت ، خوای گەورە بەسەوزیی بەهەشت دەیپۆشێت ، هەر موسوڵمانێکیش

---

1 / (متفق علیه) مشکاة المصابیح ٢ ٤٢٢ ، صحیح البخاری ٢. ٨٩٠

2 صحیح البخاری ٨٩٦/٢

3 (متفق علیه) ، (مشکاة المصابیح) ٤٢٢،٢

4 / (سنن أبي داود) ٣٣٥،٢ ، (جامع الترمذی) ١٤/٢

5 . (البیهقي) لە (شعب الإیمان) دا ڕیوایەتی کردوە ، (مشکاة المصابیح) ١٢/١ ، ١٦٧

6 / صحیح البخاری ٨٩٣/٢

7 / فەرمودەکە لەو بارەوە لە (صحیحین) دا ڕیوایەت کراوە ، بڕوانە (مشکاة المصابیح) ١٢،١، ١٦٧

8 / (أحمد)و(ترمذی) و (إبن ماجة) ڕیوایەتیان کردوە ، مشکاة المصابیح ١٤.١

لەسەر برسێتی موسوڵمانێك تێر بكات ، خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا لە (رحيق المختوم) تێراوی دەكات)[1] .

هەروەها فەرموویەتی: (خۆتان لەئاگر بپارێزن ، با بەلەتە خورمایەكیش بێت ، ئەگەر نەبوو بەوشەیەكی جوان)[2] .

بەپاڵ ئەوەشەوە بەگەرمی هانی دەروون بەرزیی دەداو ، باسی شكۆداری ئارامگری و قایل بوونی دەكردو . سواڵ كردنی بەڕووزەردی و ئابڕووچوون و شێوانی دەم و چاوی سواڵكەر دادەنا[3] . مەگەر كەسێك زۆر ناچاربێت . هەروەكو چۆن لەبارەی چاكەو پاداشتی حاڵەتەكانی عیباداتەوە قسەی بۆ دەكردن . هەروەها بەشێوەیەكی تۆكمە پابەندی نیگای ئاسمانی دەكردن قورئانی دەخوێندەوە بەسەریانداو . ئەوانیش دەیانخوێندەوە . تائەم پێوتنەوەیە ببێتە مایەی بێداركردنەوەیان سەبارەت بەو مافانەی كە لەسەریانە . وەكو ئەركی بانگەوازو ، گەیاندنی پەیام.

بەو شێوەیە ورەو وزەكانیانی بەرز كردەوەو . بە بەرزترین بەهاو پلەو نمونەی جوان دەوڵەمەندی كردن ، تاوای لێهات بوونە وێنەیەك لە چڵەپۆپەیەكدا وەستان كە هێشتا مرۆڤایەتی بەخۆیەوە نەیدیوە .

(عبدالله)ی كوڕی (مسعود) (ڕ) فەرمویەتی: هەركەسێك دەیەوێت ڕەویە وەربگرێت بارەویەی كەسێك وەربگرێت كەمردووە، چونكە زیندوو متمانەی سەر لێنەشێوانی پێ ناكرێت ، ئەوە هاوەڵانی موحەممەد ﷺ ، باشترین مرۆڤی ئوممەت بوون ، ساغترین دڵ و ، قوڵترین زانست و ، كەمترین ئەركیان هەبوو ، خوای گەورە هەڵی بژاردن بۆ هاوەڵێتی پێغەمبەرەكەی و سەرخستنی ئایینەكەی ، كەواتە ئێوەش ڕێزیان بگرن و شوێنیان بكەون . چەندە دەتوانن دەست بگرن بە ڕەوشت و سیرەتیانەوە ، چونكە ئەوانە لەسەر ڕێنومایی ڕاست و ڕەوا بوون[4].

پاشان ئەو پێغەمبەرە سەركردە گەورەیە ﷺ ئەوەندە خەسڵەتی مەعنەوی و دیارو ، تێرو تەواوی و بەهرەو گەورەیی و فەزیلەت ڕەوشت بەرزی و كردەوەی چاكی تێدابوو ، دڵانی بەلای خۆیدا كەمەندكێش دەكردو . گیانی مرۆڤەكانی ئاشوفتەی خۆی كردبوو ، وتەیەكی لەدەم دەرنەچوو خێرا هاوەڵەكانی ﷺ

---

[1] ، (سنن أبي داود)و(جامع الترمذي)،(مشكاة المصابيح) ١٦٩/١

[2] / (صحيح البخاري) ١٩٠/١، ٨٩٠/٢

[3] / لەو ڕووەوە سەیركە (ابو داود) و(ترمذی) و(نەسائی) و(إبن ماجة) و(دارمی) ، بڕوانە مشكاة المصابيح ١٦٣/١

[4] / (رزین) ریوایەتی كردوە ، (مشكاه المصابيح) ٣٢/١

دەستبەجێ فەرمان بەردارییان دەکردو ، هەر ڕێنومایی و ئامۆژگاریەکی بکردنایە خۆیان پێ دەڕازاندەوە .

بەو جۆرە کارانە پێغەمبەر ﷺ توانی لەمەدینەدا کۆمەڵگەیەکی نوێ بنیات بنێت ، کە جوانترین و شکۆدارترین کۆمەڵگا بێت لەمێژووداو، چارەسەرێك دابنێت بۆ کێشەکانی ئەو کۆمەڵگایە ، تا لەسایەیدا مرۆڤایەتی ئاهێك هەڵبکێشێت، پاش ئەوەی کە لەناو تاریکستان و ئاڵو وێرەکانی ڕۆژگاردا شکستەو ماندووبوو.

بەم جۆرە وورەبەرزیەوە توخمە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا گەشتنە پلەی تەواوێتی و ڕووبەڕووی هەموو تەوژمەکانی ڕۆژگار بوونەوەو ئاڕاستە پێ گۆڕین و ڕەوگەی مێژووشی لەگەڵ خۆیدا وەرچەرخاند.

پەیماننامەیەك لەگەڵ جولەکەدا

پاش ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ کۆچی کرد بۆ مەدینەو ، دڵنیابوو لە چەسپاندنی بناغەکانی کۆمەڵگای نوێ ، کەبریتی بوو لەدامەزراندنی یەکێتیەکی عەقیدەیی سیاسیی و نیزامی لەنێوان موسوڵمانەکاندا ، پێی وابوو کە دەبێت هەستێت بەڕێکخستنی پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ناموسوڵمانەکانیشدا ، لەو بوارەشدا خەمێکی هەبوو کە بریتی بوو لەدابینکردنی ئاسایش و ئاشتی و ئاسوودەیی و خێروچاکە بۆ هەموو مرۆڤایەتی ، لەگەڵ یەکخستنی ناوچەکە لەیەك پەیماننامەدا ، بۆیە لەو بوارەدا یاسای لێبوردن و لێخۆشبونی هێنایە کایەوە کە پێشتر لەو جهانی پڕ لەدەمارگیری و خۆسەپاندنەدا باونەبوو .

نزیکترین کەسانێکی لەو جۆرەش کەدراوسێی مەدینە بوون لە ناموسوڵمانەکان ، بریتی بوون لە جوولەکە ـ هەروەکو پێشتر باسمان کرد ـ ئەمانە هەرچەندە لە دڵەوە دژایەتی موسوڵمانەکانیان دەکرد ، بەڵام هێشتا هیچ جۆرە بەرەنگاری و دژایەتیەکیان دەرنەخستبوو . پێغەمبەری خوا ﷺ پەیماننامەیەکی لەگەڵدا مۆرکردن و تەواوی ئازادی پێدان لەماڵ پەیداکردن و ئایینداری خۆیانداو ، هیچ پەنای نەبردە بەر سیاسەتی دورخستنەوە یان دەست بەسەرا گرتن یان ڕکابەرێتی.

ئەم پەیماننامەیە وەکو بەشێك لەو پەیماننامەیە هاتە گۆڕێ کە لەنێوان موسوڵماناندا بەسترا بوو، هەروەکو پێشتر باسی لێوەکرا ، ئەمەش گرنگترین بەندەکانی ئەو پەیماننامەیە : ـ

بەندەکانی پەیماننامەکە

١. جولەکەکانی (بنی عوف) ئوممەتێکن لەگەڵ ئیمانداراندا ، جولەکە ئاینی خۆیان هەیەو موسوڵمانەکانیش ئاینی خۆیان هەیە ، موسوڵمانەکان و هاوپەیمانەکانیشیان ئایینی خۆیان هەیە ، غەیری خێڵی (بنی عوف) یش هەمان حاڵەتیان هەیە .

٢. جولەکە خەرجی خۆیان لەسەر خۆیانە ، موسوڵمانەکانیش خەرجی خۆیان لەسەر خۆیانە.

٣. هەمویان پشتگیری یەکتری دەکەن دژ بە هەرکەسێك دژایەتی ئەو پەیماننامەیە بکات .

٤. لەنێواندا مۆچیاری و ئامۆژگاری و چاکەکردن هەیە بەبێ هیچ جۆرە خراپەکاریەك.

٥. هەموو کەسێکی ستەملێکراو پشتیوانی لێ دەکرێت .

٦. جولەکە لەگەڵ ئیمانداراندا یەکدەنگ دەبن چەندە جەنگیان لەگەڵدا بکرێت.

٧. زەوی ناو شاری (یثرب) حەرامە لەپێناو بەرقەرارکردنی ئەم پەیماننامەیەدا.

٨. هەرچیەك ڕوودات لەنێوان مۆرکەرانی ئەم پەیماننامەیەدا لە شەڕو دەمەقاڵی کەترسی لێکەوتنەوەی خراپەی لێ بکرێت ، ئەوا ڕووبەڕووی پەڕاوی خودای گەورەو، پێغەمبەری خودا ﷺ دەکرێتەوە بۆ چارەسەر کردنی .

٩. هیچ قورەیشیەك و هاوپەیمانێکیان نابێ لە مەدینەدا پەنا بدرێن.

١٠. هەمویان دەبێت پشتیوانی یەکتری بکەن دژ بەوانەی هەڵدەکوتنە سەر (یثرب) ، هەرکەسە بەپێی بوون و توانای خۆی.

١١. ئەم پەینماننامەیە چاوپۆشی ناکات لە زاڵم و تاوانبار [١] .

بەبەستنی ئەم پەیماننامەیە مەدینە و دەوروبەری بووە دەوڵەتێکی یەکگرتوو کە پایتەختەکەی شاری مەدینەیەو سەرۆکەکەیشی - ئەگەر دروست بێت بڵێین - پێغەمبەر بوو ﷺ، بڕیاری یەکلایی و دەسەلأتی بالأدەست تیایدا کەوتە دەست موسوڵمانەکان و ، بەو شێوەیە مەدینە بووە پایتەختێکی ڕاستەقینەی ئیسلام.

بۆ فراوانکردنی ناوچەی ئاشتی و ئاسایش ، پێغەمبەری خوا ﷺ بەڵێنی‌دا لە داهاتوودا هاوشێوەی ئەم پەیماننامەیە بەپێی بارودۆخەکە لەگەڵ هۆزەکانی تردا ببەستێت ، باسی ئەوەش لەدواییدا دێت .

---

[١] بروانە إبن هشام ١ ٥٠٣ ، ٥٠٤

خەباتی خوێناوی

(شەڕ فرۆشتنی قوڕەیش بە موسوڵمانەکان لەدوای کۆچەوەو پەیوەندی کردنیان بە (عبدالله)ی کوڕی (أبی) یەوە)

وەکو وتمان ئەوەی کافرەکانی مەککە کردیان بەموسوڵمانەکان لە بەلاو ئازارو ئەشکەنجەدان دژ بەموسوڵمانەکان و ئەوەش کە لەکاتی کۆچکەردنیدا پێیان کردن و . شایستەی ئەوەی کردن کە دەستیان لێ بکرێتەوە و شەڕیان لەگەڵدا بکرێت . سەرباری ئەوە هێشتا هۆشیان نەهاتبوەوەو وازیان لە دەستدرێژی نەدەهێنا ، بەڵکو هەرکە زانیان موسوڵمانەکان دەربازبوون و ڕێ و شوێنێکی نیشتەجێ بوونیان لە مەدینەدا دۆزیوەتەوە ، ئەوەندەی تر ڕقیان هەستاو ، نامەیان نووسی بۆ (عبدالله)ی کوڕی (أبی) کوڕی (سلول) . لەوکاتەدا موشریك بوو بەسیفەتی ئەوەی سەرۆکی ئەنسار بوو پێش کۆچ کردنی پێغەمبەر ﷺ بۆ مەدینە . دیارە کە هەموویان پێش ڕۆیشتنی پێغەمبەر ﷺ لە دەوری خڕبوونەوەو خەریك بوو دەیانکردە سەرۆکی خۆیان . بە تەشریف بردنی پێغەمبەر ﷺ ئەو هەلەی لەدەست چوو . لەنامەکەدا ڕاشکاوانە بەخۆی و هاوڕێکانیان وتبوو: .

ئێوە ڕێگەی ئەو پیاوەی لای ئێمەتان کردۆتەوە ، ئێمەش سوێند دەخۆین یان دەبێت شەڕی لەگەڵدا بکەین یان دەبێت دەری بکەن . یان بە هەموومانەوە دێینە سەرتان . هەتا دەتانکوژین و، ژن وماڵتان حەلاڵ دەکەین[1] .

لەگەڵ گەیشتنی ئەو نامەکەدا (عبدالله)ی کوڕی (أبی) دەستی کرد بەجێبەجێ کردنی فەرمانی برا موشریکە مەکەییەکانی ، داخی زۆریشی لە دڵدا بوو بۆ پێغەمبەر ﷺ ، کە دەیبینی بەهاتنی موڵك و دەسەلاتی نەما . (عبد الرحمن)ی کوڕی (کعب) دەڵێت : کاتێك ئەو نامەیە گەیشتە دەست (عبدالله)ی کوڕی (أبی) . ئەو بتپەرستانەی لەگەڵیدا بوون خێرا کۆبوونەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ . کە ئەو هەواڵە گەیشت بە پێغەمبەر ﷺ بینینی و فەرمووی پێیان : (هەڕەشەکانی قوڕەیش ئەوەندە کاری تێ کردوون ، ئەوەندەی بەخۆتانی دەکەن ئەوان ئەوەندەیان پێ ناکرێت ، دەتانەوێت شەڕ لەگەڵ ڕۆڵەو براکانی خۆتاندا بکەن ، کە ئەوەیان لە دەمی پێغەمبەر ﷺ بیست بلاوەیان لێکرد)[2] .

---

1 (أبو داود) باب خبر النضير

2 (أبو داود) باب خبر النضير

(عبدالله)ی کوڕی (أبی) کوڕی (سلول) کە بینی هاوڕێیەکانی خاوو خلیچك بەدەمیەوە هاتن شەڕی نەکرد ، بەڵام دیارە کەدەستی تێکەڵاو کردبوو لەگەڵ قوڕەیشدا، هەر دەرفەتێکی ببینیایە دەیقۆستەوە بۆ ئاژاوەنانەوە لەنێوان موسوڵمانان و موشریکانداو ، جولەکەکانیشی لەخۆ گرتبوو ، بۆئەوەی لەسەر ئەو خراپەکاریە یارمەتی بدەن ، بەڵام دانایی پێغەمبەر ﷺ لەئاستێکدا بوو نەخشەکانی پووچەڵ دەکردنەوە [1].

ڕاگەیاندنی ڕێگە گرتن لە زیارەتی کابە

پاش ماوەیەك (سعد)ی کوڕی (معاذ) بۆ عومرە کردن بەرەو مەککە کەوتە ڕێ ، لە ماڵی (امیە)ی کوڕی (خلف) لە مەککە لایدا ، وتی بە ئومەییە : بەڵکو دەرفەتێکم بۆ وەربگری تەوافێکی کابە بکەم ، بە ڕۆژی ڕووناك بردیە دەرەوە ، (أبو جهل) یان پێگەیشت وتی : ئەرێ (أبو صفوان) ئەوە کێیە لەگەڵتدا ؟ وتی: ئەوە (سعد)ە ، (أبو جهل) وتی: کە دەتبینم ئەو پیاوە لادەرانەتان پەنا داوەو ئێستاش تەواف دەکەیت خەریکە کوێراییم دابێت و ، وتوشتانە پشتیوانیان دەکەن و یارمەتیان دەدەن ، سوێند بەخوا ئەگەر لەگەڵ (أبو صفوان)دا نەبوویتایە بەسەلامەتی نەدەگەیشتیتەوە بۆ مەدینە ، (سعد)یش بەدەنگی بەرز پێی وت و نەڕاندی بەسەریا: سوێندم بەخودا ئەگەر ڕێگەم لێ بگریت ، منیش ڕێگەی هاتوچۆی مەدینەت لێ دەگرم کە زۆر لەوە سەختترە بۆت [2].

قوڕەیش هەڕەشــە لــە کۆچکــەران دەکــات

پاشان قوڕەیش هەواڵیان نارد بۆ موسوڵمانەکان و پێیان وتن : وانەزانن کە چوونەتە (یثرب) لە دەستمان قوتارتان بوە ، دێینە سەرتان ڕیشە کێشتان دەکەین لەناو ماڵەکانتاندا وشك و تەڕتان قات و قڕ دەکەین [3].

ئەوە تەنها هەڕەشەیەکی ڕووت نەبوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ دڵنیابوو کە قوڕەیش شتێك دەکەن بۆیە خۆی شەونخونی دەکرد ، یان هاوەڵان پاسەوانیان دەکرد ، (مسلم) لە (صحیح)ە کەیدا دەگێڕێتەوە لە (عائشە)ە وە (ڕ)کە فەرموویەتی:

---

[1] لەو بارەیەوە بڕوانە (صحيح البخاري) ٢ ٦٥٥ ٦٥٦ ، ٩١٦ ، ٦٢٤
[2] (صحيح البخاري) ، كتاب المغازى ، ٥٦٣/٢
[3] رحمة للعالمين ١ ١١٦

پێغەمبەر ﷺ خۆی لەدەروازەی چوونە ژوورەوەی مەدینەدا ئێشکگری دەکرد، ئەنجا فەرمووی : خۆزگە پیاوچاکێك ئەمشەو پاسەوانیی دەکردم ، (عائشە) دەڵێت: لەم قسانەدا بوین ، گوێمان لەدەنگی ڕاکێشانی چەك بوو ، فەرمووی: ئەوە کێیە ؟ وتی: (سعد)ی کوڕی (أبی وقاص) ە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی بەم شەوە چی تۆی هێناوەتە ئێرە ؟ وتی: دڵم ترسی لێ نیشت بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ ، هاتم پاسەوانیی بکەم ، پێغەمبەری خوا ﷺ نزای خێری بۆ کرد ، ئەنجا نووست [1].

ئەم پاسەوانێتیە تەنها چەند شەوێك نەبوو ، بەڵکو شەوانە بەردەوام بوو ، لە (عائشە) ەوە (ڕ) دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ شەو پاسەوانیی دەکرد ، هەتا ئایەت هاتە خوارەوە : ﴿ واللە یعصمك من الناس ﴾ ئیدی پێغەمبەری خوا ﷺ سەری لە کلاوڕۆژنەکە هێنایە دەرەوەو فەرمووی بەخەڵك: (خەڵکینە بڵاوەی لێ بکەن و بڕۆنەوە خوای گەورە من دەپارێزێت) [2].

مەترسیەکە تەنها لەسەر پێغەمبەر نەبوو ﷺ ، بەڵکو موسوڵمانەکانیشی گرتبووەوە ، (أبی) کوڕی (کعب) (ڕ) دەگێڕێتەوە: کە پێغەمبەری خوا ﷺ هاوەڵەکانی هاتنە مەدینەو ئەنساریەکان پەنایاندان ، ئیدی عەرەب چوار دەوریان گرتن ، موسوڵمانەکان بەچەك و تفاقی شەڕەوە نەبوایە نەدەنوستن.

مۆڵەتدان بە شەڕ کردن

لە ئەم بارودۆخە پڕ مەترسیەدا کە هەڕەشەی لە قەوارەی موسوڵمانەکان دەکرد لەناو مەدینەدا ، ئەوەشی دەگەیاند کە قوڕەیشیەکان نایەنەوە بەهۆشی خۆیانداو ، واز لەو سەرسەختیەی خۆیان ناهێنن ، خوای گەورە مۆڵەتی شەڕکردنیدا بەموسوڵمانەکان و ، نەیکردە ئەرك بەسەریانەوەو فەرموی : ﴿ أُذِنَ لِلَّذِينَ يُقَاتَلُونَ بِأَنَّهُمْ ظُلِمُوا وَإِنَّ اللَّهَ عَلَى نَصْرِهِمْ لَقَدِيرٌ ﴾ الحج.٣٩ ، واتە : مۆڵەت درا بە ئەوانەی ماوەیەکە شەڕیان لەگەڵ دەکرێت و ستەملێکراون ، خوای گەورە باڵادەستە بۆ سەرخستنیان .

خوای گەورە ئەم ئایەتەی لەناو کۆمەڵە ئایەتێکی تردا ناردە خوارەوە کە ئەم مۆڵەت پێدانە بۆ لابردنی ناهەقیی و بەرقەرار کردنی دروشمە گەورەکانی

---

[1] ، (مسلم) باب فضل (سعد) کوڕی (أبي وقاص) ٢٨٠/٢ دەقەکە هی ئەوە ، هەروەها (صحیح البخاري) ـ باب الحراسة في الغزو في سبیل الله ٤٠٤/١

[2] / جامع الترمذی . أبواب التفسیر ١٣٠/٢

خودا بوو ، خوای گەورە فەرمووی : ﴿ الَّذِينَ إِن مَّكَّنَّاهُمْ فِي الْأَرْضِ أَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ وَأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنكَرِ ﴾ الحج/٤١ . واتە : ئەو ئیماندارانە کەسانێکن ئەگەر لەسەر زەمیندا سەریان بخەین نوێژ دەکەن و زەکات دەدەن و فەرمان بەچاکە دەکەن و نا لە خراپەکاری دەکەن .

ڕاستیەکەو گومانی تێدانیە کە ئەو مۆڵەتدانە لەمەدینەداو دوای کۆچ هاتۆتە خوارەوە، نەك مەککە ، بەڵام بەتەواوی ناتوانین کاتی هاتنە خوارەوەکەی دیاریی بکەین.

مۆڵەتی شەڕکردن هاتە خوارەوە . بەڵام لەو بارودۆخەدا کە قورەیش بەدەسەڵات و هێزی خۆیدا زۆری دەنازی ، پێویست بوو کە دەست بگرن بەسەر ڕێگەی بازرگانی مەککەو شامداو ، بۆیە پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەو دەست بەسەرا گرتنە دوو نەخشەی دانا :

یەکەم / بەستنی پەیماننامەی هاوپەیمانێتی یان دەست درێژی نەکردن لەگەڵ هۆزەکانی نزیك ئەو ڕێگەیەدا ، یان ئەوانەدا کە لە نێوان ئەو ڕێگەیەو مەدینەدا نیشتەجێ بووبوون ، پێشتر باسی پەیماننامەکەیمان کرد لەگەڵ جولەکەدا ، هەروەها پەیماننامەی هاوپەیمانەی یان دەستدرێژی نەکردنی بەست لەگەڵ خێڵی (جهینە) ، پێش دەست پێکردنی چالاکی سەربازیی . ئەو ماڵانە جێگەو ماڵەکانیان بەسێ قۆناغ لە مەدینەوە دووربوون ، لەکاتی ناردنی مەفرەزە سەربازیەکاندا پەیماننامەی لەگەڵ ئەوانەدا بەست .

دووەم / ناردنی چاودێری یەك لە دوای یەك بۆ سەر ئەو ڕێگەیە .

غەزاو سریەکانی پێش بەدر[1]

بۆ جێبەجێ کردنی ئەو دوو نەخشەیە لەناو موسوڵمانەکاندا چالاکی سەربازیی کرداریی دوای هاتنە خوارەوەی ئایەتی مۆڵەتەکە دەستی پێکرد ، دەستیان کرد بەچەند جوڵانەوەیەکی سەربازیی وەك دەوریەی چاودێری کردن ، ئەو دەوریانە کاریان بریتی بوو لە دۆزینەوەو زانینی ڕێگاکانی دەوروبەری مەدینەو ، ئەو تولە ڕێگانەی کە دەچوونەوە سەر مەککەو ، بەستنی پەیماننامە لەگەڵ ئەو هۆزانەی لەسەر ئەو ڕێگەیە بوون و . خۆدەرخستن بەڕووی موشریکانی (یثرب) و جولەکەکانی و عەرەبە دەشتەکیەکانی دەوروبەریدا ، کە موسوڵمانەکان بەهێزن و ، وەکو جاران کەمدەست و لاوازنین و . پەیامێکی ئاگادار کردنەوەش بێت بۆ قورەیش لەسەر ئەو ملهوڕیەی هەیەتی ، تا بە ئاگا بێتەوە لەو بیٚباکی و لەخۆبایی بونەی خۆی و هەست بکات بەگەورە بوونی ئەو مەترسیەی ڕووی کردۆتە ئابووریەکەی و شێوازی گوزەرانی و مل بدات بۆ ئاشتی و وازبهێنێت لە شەڕ فرۆشتن بەموسوڵمانەکان لەناو خانەو لانەی خۆیانداو، وازبهێنێت لەدژایەتی کردنی ئایینی خوداو ، ئەشکەنجەدانی ئیماندارانی ناو مەککە ، بۆ ئەوەش موسڵمانەکان ئازادبن لەگەیاندنی پەیامی خوداوەند بە هەموولایەکی دورگەی عەرەبیدا .

ئەمەش چالاکی ئەو سریانەیە بە کورتی:

١. سریەی (سیف البحر) ، لە ڕەمەزانی ساڵی (١)ی کۆچیدا بوو ـ بەرامبەر بە مارتی ساڵی (٦٢٣)ز ـ پێغەمبەر ﷺ حەمزەی مامی کردە سەرۆکی ئەم سریەیە ، سی کەسی لە کۆچکەران نارد لەگەڵیدا ؛ بۆ ڕێگەگرتن لە کاروانێکی قورەیش کە لە شامەوە دەهاتەوە ، کاروانەکە (أبو جهل)ی کوڕی (هشام) ی لەگەڵدا بوو بە سێ سەد چەکدارەوە ، گەیشتنە (سیف البحر) لە ناوچەی (العیص) دا[2] ، هەردوولا بە یەکگەیشتن ڕیز بوون بۆ شەڕ ، (مجدی) کوڕی (عمرو الجهنی) کە هاوپەیمانی هەردوولا بوو کەوتە بەینەوە ، لەنێوانیاندا وەستا ، بەو هۆیەوە شەڕ ڕووی نەدا . ئاڵاکەی (حەمزە) یەکەم ئاڵابوو کە پێغەمبەر ﷺ بەستبووی ، ئاڵایەکی سپی بوو ، بەدەست (أبو مرثد کناز) کوڕی (حصین الغنوی) یەوە بوو.

---

[1] مێژووناسان بەو دەرچونانە دەڵێن (غزو) (غزا) کەپێغەمبەر ﷺ خۆیی تێدا چووبێتە دەرەوە ، جا جەنگی تێدا کردبیٚ یان نەء، هەردەرچونێکیش یەکێك لە سەرکردەکانی دەرچوبیٚ پێیان وتوە (سریە)

[2] / العیص . بەکەسرە . شوێنێکە دەکەوێتە نێوان (ینبع)و(مروە) بە ڕووی دەریای سوردا.

٢. سریەکەی (رابغ) ، لە شەوالی ساڵی (١) ی کۆچیدا ـ ئەپریلی ساڵی (٦٢٣ز) ـ پێغەمبەری خوا ﷺ، (عبیدە)ی کوڕی (حارث)ی کوڕی (المطلب) نارد بەشەست سواری کۆچکەرانەوە ، گەیشت بە (أبو سفیان) . بە دووسەد کەسەوە ـ لەناو (رابغ) دا . هەردوولا بەرامبەریەك وەستان دەستیان کرد بە شەڕەتیر . بەڵام جەنگی ڕووبەڕوو بوونـەوە ڕووی نەدا .

لەو (سریە) دا دووکەس لەسوپای مەککە هاتنە ناو موسوڵمانەکان ، ئەوانیش بریتی بوون لە (مقداد)ی کوڕی (عمرو البهرانی) و (عتبە)ی کوڕی (غزوان المازنی) ، پێشتریش موسوڵمان بوو بوون ، لەگەڵ کافراندا چووبوونە دەرەوە تا دەستیان لە شوێنێك گیر بێت بۆ گەیشتن بە موسوڵمانەکان ، ئاڵاکەی (عبیدە) سپی بوو ، (مسطح)ی کوڕی (أثاثة)ی کوڕی (المطلب)ی کوڕی (عبد مناف) هەڵی گرتبوو .

٣. سریەی (الخرّار) ، لە (ذی القعدة)ی ساڵی (١)ی کۆچیدا ـ بەرامبەرە لەگەڵ مایۆی ساڵی (٦٢٣ز) ـ پێغەمبەر ﷺ ، (سعد)ی کوڕی (أبی وقاص)ی لەگەڵ بیست سواردا نارد بۆ ڕێگەگرتن لە کاروانێکی قوڕەیش ، بەڵێنی لێ وەرگرتن کە لە (الخرّار) نەگوزەرێن ، کەوتنەڕێ بە شەو دەڕۆشتن و بە ڕۆژ کەمینیان دادەنا ، تا لە ڕۆژی پێنجەمدا گەیشتنە (الخرّار) ، هەواڵیان پرسی کاروانەکە ڕۆژێك پێش ئەمان دەرچوو بوو .

ئاڵاکەی (سعد) (ڕ) سپی بوو ، (مقداد) ی کوڕی (عمرو) هەڵی گرتبوو.

٤. غەزای (ابواء) یان (ودّان) [1] ، لە (صفر)ی ساڵی (٢)ی کۆچیدا ـ بەرامبەر بە ئۆگستۆسی ساڵی (٦٢٣ز) ـ پێغەمبەر ﷺ خودی خۆی چووە دەرەوە ، پاش ئەوەی (سعد)ی کوڕی (عبادە)ی لەدوای خۆی لە مەدینە بەجێهێشت ، لەگەڵ (حەفتا) پیاوی تایبەتی کۆچکەراندا چوە دەرەوە ، بۆ ڕێگە گرتن لە کاروانێکی قوڕەیش کە گەیشتبوە (ودّان) ، بەڵام پێیان نەگەیشت لەو غەزایەدا پێغەمبەری خوا ﷺ پەیماننامەیەکی هاوپەیمانی لەگەڵ (عمرو)ی کوڕی (مخشی الضمری) دا بەست کە لەو ڕۆژگارەدا سەرۆکی خێڵی (بنی ضمرة) بوو ، ئەمەش دەقی پەیماننامەکەیە :

---

[1] / (ودّان) . شەدە لەسەر دالەکە بێت . شوێنێکە لەنێوان مەککەو مەدینەدا ، لەنێوان (ودّان) و (رابغ) دایە بەدیوی مەدینەدا (٢٧) میلە دوورە ، (ابواء) یش شوێنێکە لە نزیك (ودّان) ەوە .

(ئەمە نووسراوی موحەممەد پێغەمبەری خودایە بۆ (بنی ضمرة) . ئەوان بێوەی دەبن لە ماڵ و حاڵی خۆیاندا تا دەریای صوفە ئاوی تێدابێت . پشتیوانی دەکرێن دژ بە هەر کەسێك لەگەڵیاندا بجەنگێت جگە لە دژایەتی ئایینی خودا ، ئەگەر پێغەمبەریش ﷺ ئەوانی بانگکرد بۆ پشتیوانی لێ کردنی دەبێت هاوکاریی بکەن)[1] .

ئەمە یەکەم غەزایە کە پێغەمبەر ﷺ خۆی پێی هەستابێت ، ماوەی (١٥) شەوی پێچوو ، ئاڵاکەی سپی بوو ، (حمزە)ی کوڕی (عبد المطلب) هەڵی گرتبوو.

٥. غەزای (بواط) ، لە مانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی (٢)ی کۆچیدا - بەرامبەر بەمانگی سێبتێمبەری ساڵی (٦٢٣ ز) - پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ دووسەد هاوەڵیدا چووە دەرەوە بەمەبەستی ڕێگە گرتن لە کاروانێکی قوڕەیشی کە (أمیە)ی کوڕی (خلف)ی تێدا بوو ، لەگەڵ سەد پیاوی قوڕەیشی و ، دوو هەزارو پێنج سەد وشتر ، پێغەمبەر ﷺ لەلایەکی ترەوە گەیشتە (بواط) لەڕێگەی (رضوی)[2] وەو لەئەنجامدا بەکاروانەکە نەگەیشتن .

لەو غەزایەدا پێغەمبەر ﷺ، (سعد)ی کوڕی (معاذ)ی بەسەر مەدینەوە بەجێهێشت، ئاڵاکەی سپی بوو، بەدەست (سعد)ی کوڕی (أبی وقاص)ەوە بوو ﷺ.

٦. غەزای (صفوان) . لەمانگی ڕبیعی یەکەمی ساڵی (٢) ی کۆچیدا - بەرامبەر بە ساڵی (٦٢٣) ز - (کرز)ی کوڕی (جابر الفهری) بەهێزێکی سووکەڵەی موشریکانەوە هێرشێکی هێنایە سەر لەوەڕگەکانی مەدینەو ، هەندێك مەڕو ماڵاتی بەتاڵانی برد . پێغەمبەری خوا ﷺ حەفتا پیاوی لەگەڵ خۆیدا بردو کەوتە ڕاوەدونانی ، تاگەیشتە شیوێك پێی دەڵێن: (صفوان) بەڕووی بەدردا ، بەڵام بە (کرز)و تاقمەکەی نەگەیشت ، ئەوەبوو بەبێ شەڕ گەڕایەوە ، ئەم غەزایە بە ناوی غەزای بەدری یەکەمیش ناوی دەبرێت .

لەم جەنگەدا (زید)ی کوڕی (حارثة)ی بەسەر مەدینەوە دانا ، ئاڵاکە سپی بوو ، (علی) کوڕی (ابو طالب) هەڵی گرتبوو (ڕ) .

---

1 / بڕوانە (المواهب اللدنیە) ١/٧٥ . و شەرحەکەی نوسینی / زەرقانی

2 / (بواط) . (ضمة) لەسەر بائەکە بێت . لەگەڵ (رضوی) دوو گردە شاخن بەشێکن لە شاخی (جهینة) ، بەرەو ڕێگەی شام ، لە نێوان (بواط) و (مدینة) دا چوار شەو و ڕۆژ ڕێگەیە .

٧. غەزای (ذی العشیرة). لە جەمادی یەکەم و ، جەمادی ئاخیرەتی ساڵی (٢) ی کۆچیدا - بەرامبەر بە نۆڤەمبەرو دیسەمبەری ساڵی (٦٢٣)ز - پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ (١٥٠) کەس ، هەندێك دەڵێن (٢٠٠) کەسی کۆچکەراندا چوە دەرەوەو ، بە زۆر کەسی نەبرد ، بە نۆرە سواری نۆ وشتر دەبوون ، دەیانویست ڕێگە لە کاروانێکی تری قورەیش بگرن ، کە بەرەو شام دەچوو ، هەواڵی دەرچوونی لە مەککەوە هات کە بڕێکی زۆر پارەی قورەیشی تێدایە ، کە پێغەمبەر ﷺ گەیشتە (ذی العشیرة)[1] ، بینی بەچەند ڕۆژێك پێشتر تێپەڕ بوون ، هەر ئەم کاروانە بوو ، کە بۆی چووە دەرەوەو کاتێکیش گەڕایەوە بووە هۆی ڕوودانی غەزای بەدری گەورە .

دەرچوونی پێغەمبەر ﷺ لەکۆتاییەکانی مانگی جەمادی یەکەمدا بوو ، گەڕانەوەشی لە سەرەتای مانگی جەمادی ئاخیرەدا بوو . هەروەکو (إبن إسحاق) دەڵێت . لەوانەیە هەرئەمەش بووبێتە هۆی جیاوازی ڕاوبۆچوونی سیرەت نووسەکان لەبارەی دیاریکردنی ئەو مانگەوە.

لەم غەزایەدا پێغەمبەر (أبو سلمە)ی کوڕی (عبد الأسد المخزومی) دانا بەسەر مەدینەوە ، ئاڵاکە لەم جەنگەشدا سپی بوو ، (حمزە)ی کوڕی (عبد المطلب) هەڵی گرتبوو (ڕ) .

٨. سریەی (نخلە). لەمانگی ڕەجەبی ساڵی (٢)ی کۆچیدا - بەرامبەر بە یەنایەری ساڵی (٦٢٣ز) - پێغەمبەر (عبد الله)ی کوڕی (جحش الأسدي) نارد بۆ (نخلە) لەگەڵ (١٢) پیاوی کۆچکەردا، هەر دووکەسەو بەنۆرە سواری وشترێك دەبوون .

پێغەمبەری خوا ﷺ نوسراوێکی بۆ نووسیی و ، فەرمانی پێدا ، تا ماوەی دوو ڕۆژە ڕێ نەیکاتەوە ، پاشان سەیرێکی بکات ، (عبدالله) ڕۆشت ، پاش دوو ڕۆژەڕێ نامەکەی کردەوە ، ئەمەی تێدا نوسرا بوو :

(هەرکاتێك سەیری ئەم نووسراوەی منت کرد ، بڕۆ هەتا دەگەیتە (نخلە) لەنێوان مەککەو تائیفدا ، چاودێریەکی کاروانەکەی قورەیش بکەو ، هەواڵمان بۆ بهێنەرەوە، (عبدالله) پاش خوێندنەوەی نامەکە وتی: بەسەرچاوان) ، ئینجا هەواڵەکەیدا بەهاوڕێکانی ، زۆری لەکەسیان نەکرد ، وتی : هەرکەسێك حەزی لە شەهید بوونە باهەستێت ، هەرکەسێکیش لە مردن دەترسێت بانەیەت ، بەڵام خۆم هەڵدەستم ، ئیدی هەموویان هەستان ، لەکاتی ڕێگە ڕۆشتندا (سعد)ی کوڕی (أبی وقاص) و (عتبە)ی

---

[1] (العشیرە) ناوچەیەکە لە نزیك (ینبع)ەوە

کوڕی (غزوان) وشترەکەیان لێ ون بوو بە دوایدا دەگەڕان . بەو هۆیەوە دواکەوتن ، (عبدالله)ی کوڕی (جحش) کەوتەڕێ تا گەیشتە (نخله) لەوێ دابەزی . کاروانێکی قوڕەیش بەوێدا تێپەڕی . شەراب و بەردی بەنرخ و شمەکی بازرگانی پێبوو . (عمرو)ی کوڕی (الحضرمی) و (عثمان) و (نوفل)ی هەردوو کوڕی (عبدالله)ی کوڕی (مغیره) و (الحکم)ی کوڕی (کیان) غولامی (بنی المغیره) یان لەگەڵدا بوو ، موسوڵمانەکان کەوتنە مشتومڕ لەنێوان خۆیانداو وتیان : ئێستا ئێمە لەدوایین ڕۆژی ڕەجەبداین کە مانگێکی حەرامە . ئەگەر شەڕی تێدا بکەین ئەوا سنووری مانگەکەمان بەزاندووە . ئەگەر ئەمشەویش وازیان لێ بهێنین ئەوا دەگەنەوە حەرەم ، بۆیە بڕیاریاندا کە لێیان بدەن . یەکێکیان تیرێکی دا لە (عمرو)ی کوڕی (الخضرمی) و کوشتی ، ئەنجا (عثمان) و (الحکم) یشیان بەدیلی گرت و . (نوفل) ڕای کرد . پاشان بەکاروانەکەی (عمرو) و دوو دیلەوە گەڕانەوە بۆ مەدینە . پێنجیەکیان لێ جیاکردەوە ئەوە یەکەم پێنجیەك بوو لەئیسلامدا . هەروەها یەکەم کوژراو بوو لە ئیسلامداو ، یەکەم دیلیش بوو لە ئیسلامدا .

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو کارەی پێ ناخۆش بوو ، فەرمووی : من فەرمانم پێ نەدابوون بە شەڕکردن لەمانگی حەرامدا ، سەبارەت بەکاروان و هەردوو دیلەکەوە وەستاو هیچی نەکرد.

موشریکانیش لەو ڕووداوەدا دەرفەتێکی باشیان دەستکەوت بۆ تاوانبار کردنی موسوڵمانەکان بەوەی گوایە شتێکیان حەلاڵ کرد کەخوا حەرامی کردوە ، قسەو قسەلۆکی زۆری تێداکرد ، تا وەحی هاتەخوارەوەو ئەو قسەو قسەلۆکانەی یەکلاکردەوەو جەختی لەسەرئەوە کرد . کەئەوەی موشریکان دەیکەن زۆر گەورەترە لەوەی موسوڵمانەکان کردوویانە ....

﴿ يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ وَكُفْرٌ بِهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِ مِنْهُ أَكْبَرُ عِندَ اللَّهِ وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ ﴾ البقرة ٢١٧ . واتە : پرسیارت لێدەکەن لەبارەی مانگی حەرامەوە کە ئایا شەڕ تێیدا حەرامە یان نەء ، بڵێ : کوشتار تێیدا تاوانێکی گەورەیە ، هەروەها دژایەتی کردنی ڕێبازی خوداو و کافر بوون پێی و دەرکردنی خەڵکەکەی لە مزگەوتی حەرام گەورەترە لەو تاوانەی موسوڵمانەکان کردویانە . ئاشووب و ئاژاوەگێڕیی لە کوشتن خراپترە .

وەحی لێرەدا بەئاشکرا دەڵێت ئەو گۆبەنگەی موشریکان ناویانەتەوە بۆ وروژاندنی گومان و دڵەڕاوکێ لەسیرەتی ژیانی چەکدارە موسوڵمانەکاندا هیچ بەهانەیەکی نیە ، چونکە حورمەتە پیرۆزەکان لە دژایەتی کردنی ئیسلامدا هەموو

شکێنراون و ، خەڵکەکەی چەوسێنراونەتەوە ، ئایا کە موسوڵمانەکان بڕیار درا لەسەر بەسەراگرتن و زەوت کردنی ماڵ و موڵکیان وکوشتنی پێغەمبەرەکەیان لەناو مزگەوتی حەرامدا تاوان نەبوون ؟ کەواتە ئەو هۆیە چیە ئێستاکێ پیرۆزی گێڕاوەتەوە بۆ ئەو حورمەتانە و شکاندنیان لە ئەمڕۆ دا بوەتە تاوان ؟

گومانی تێدانیە کە ئەو پڕوپاگەندەیە موشریکان بلاّویان کردەوە جۆرێك بوو لە بێ مێشکی و ڕووهەڵماڵراوی ، دوای ئەوە پێغەمبەر ﷺ هەردوو دیلەکەی بەڕەڵلاّ کردو ، خوێنی کوژراوەکەشی دا بە کەس و کارەکەی .[1]

ئەمانە گرنگترین سریەو غەزاکانی پێش جەنگی بەدر بوون ، لەهیچ یەکێکیاندا ماڵ تالاّنکردن و پیاوکوشتن ڕووی نەدابوو ، مەگەر دوای ئەو تاوانانەی کە موشریکان لە ژێر سەرۆکایەتی (کرز)ی کوڕی (جابر الفهری)دا ئەنجامیاندا ، کەواتە دەست پێشخەریەکە لەموشریکانەوە بوو لەگەڵ ئەو هەموو کاروکردەوە ناشیرینانەی کە پێشتریش ئەنجامیان دابوو .

پاش ئەو دەست وەشاندنەی سریەکەی (عبداللە)ی کوڕی (جحش) ترسی موشریکان زیادی کردو ، لە بەردەمیاندا مەترسیەکی گەورەو ڕاستەقینە بەرجەستە بوو ، ئەوەی لێی ترسابوون هاتەدی ، بۆیان دەرکەوت کە شاری مەدینە لە وریایی و بۆسەیەکی مەحکەمدان و ، چاودێری هەموو جموجوڵێکی بازرگانیان دەکەن و ، دەتوانن تا ماوەی (٣٠٠) میل داکشێن بەرەو مەککەو ، لێیان بکوژن و دیلیان لێ ببەن و ، ماڵیان تالاّن بکەن و ، بەبێوەیی بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان ، موشریکان هەستیان کرد کە بازرگانیەکەی بەرەو شامیان لەبەردەم مەترسیەکی هەمیشەییدایە ، بەلاّم لەجیاتی ئەوەی بەئاگاییەوەو ڕێگەیەکی نەرم نیانی بگرن ، وەکو چۆن خێڵی (جهینە) و (بنو ضمرة) ئەو ڕێگەیان گرت ـ کەچی زیاتر ڕق ئەستوور بوون و ، گەورە و سەرکردەکانیان بڕیاری جێبەجێ کردنی هەڕەشەکانی خۆیاندا بە قڕ کردنی موسوڵمانەکان لەخانەی خۆیاندا ، هەر ئەم کەللە شەقیە بوو ڕاپێچی کردن بۆ بەدر، خوای گەورە دوای سریەکەی (عبداللە)ی کوڕی (جحش) مۆڵەتی شەڕ کردنی پێدا بوون لە شەعبانی ساڵی (٢) ی کۆچیدا پێدا بوون ، لەو بارەیەوە چەند ئایەتێکی ناردە خوارەوە ﴿ وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ وَأَخْرِجُوهُم مِّنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ وَلاَ

---

[1] / درێژەی باسی ئەم سریە و غەزایانەمان لە (زاد المعاد) ٨٣/٢ ، ٨٤ ، ٨٥ ، هەروەها (إبن هشام) ٥٦١/١ ، تا ٦٠٥، هەروەها (رحمە للعالمین)ەوە وەرگرت /١١٥، ١١٦، ٢١٥/٢، ٢١٦، ٤٦٨، ٤٦٩، ٤٧٠، لە سەرچاوەکانیشدا جیاوازیەك هەیە لە ریزکردنی ئەو غەزاو سریانەدا ، دیاریکردنی ئەوانەش کە لەدەرەوەیدان ، لەوەشدا پشتمان بەلێکۆلینەوەکەی (عەللامە إبن القیم) و (عەللامە المنصور فوری) بەست

تُقَاتِلُوهُمْ عِندَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ حَتَّى يُقَاتِلُوكُمْ فِيهِ فَإِن قَاتَلُوكُمْ فَاقْتُلُوهُمْ كَذَلِكَ جَزَاء الْكَافِرِينَ {١٩١} فَإِنِ انتَهَوْاْ فَإِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ {١٩٢} وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّى لاَ تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلّهِ فَإِنِ انتَهَواْ فَلاَ عُدْوَانَ إِلاَّ عَلَى الظَّالِمِينَ {١٩٣} وَقَاتِلُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُواْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبِّ الْمُعْتَدِينَ {١٩٠} ﴾ واته: لەپێناوی خودا شەڕ بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە شەڕتان لەگەڵدا دەکەن ، دەست درێژی مەکەن ، خوای گەورە دەست درێژکارانی خۆش ناوێت ، لەکوێدا بەدیتان کردن بیانکوژن . وەدەریان بنێن هەروەکو ئێوەیان دەرکرد ، ئاشوب لە کوشتن خراپترە ، لەپاڵ مزگەوتی حەرامدا شەڕیان لەگەڵ مەکەن ئەگەر ئەوان شەڕیان کرد بیانکوژن ، ئەوە سزای کافرانە ، ئەگەر وازیان هێنا ئەوە خودای گەورە لێبوردەو بەبەزەییە ، شەڕیان لەگەڵدا بکەن تا ئاشووب دروست نەبێت و ملکەچ بوون تەنها بۆ خودا بێت ، ئەگەر ئەوان وازیان هێنا ئەوا دەست درێژی ڕەوا نیە ، مەگەر بۆ سەر زاڵمان .

پاشان زۆری پێ نەچوو خوای گەورە چەند ئایەتێکی لە جۆری تر بۆ ناردنە خوارەوە ، کە فێری شێوازی شەڕیان دەکات و ، هانیان دەدات ، هەندێك لە ئەحکامەکانیان بۆ ڕوون دەکاتەوە ﴿ فَإِذا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ حَتَّى إِذَا أَثْخَنتُمُوهُمْ فَشُدُّوا الْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاء حَتَّى تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا ذَلِكَ وَلَوْ يَشَاء اللَّهُ لَانتَصَرَ مِنْهُمْ وَلَكِن لِّيَبْلُوَ بَعْضَكُم بِبَعْضٍ وَالَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَلَن يُضِلَّ أَعْمَالَهُمْ {٤} سَيَهْدِيهِمْ وَيُصْلِحُ بَالَهُمْ {٥} وَيُدْخِلُهُمُ الْجَنَّةَ عَرَّفَهَا لَهُمْ {٦} يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن تَنصُرُوا اللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ {٧} ﴾ محمد[1] . واتە : ئەگەر کافرانتان بینی بدەن لەملیان تا زاڵ دەبن بەسەریاندا بیانبەستنەوە ، جا یان بەریان بدەن یان خوێن باییان لێ وەربگرن لە فیدیەدا بیاندەن تا ئەو کاتەی جەنگ کۆتایی دێت ، بەو شێوەیە گەر خودا بیەوێت سەرتان دەخات بەسەریاندا ، بۆ ئەوەی بە هەندێکیان ئەوانی دی تاقی بکاتەوە ، ئەوانەش کە لەپێناوی خوادا شەهید بوون خودا پاداشتیان زایە ناکات ، ڕێنومایيان دەکات و کاروباریان چاك دەکات و ، دەیانخاتە ئەو بەهەشتەوە کە بۆی باس کردوون . ئەی ئیمانداران ئەگەر ئایینی خودا سەربخەن ، خودای گەورەیش ئێوە سەر دەخات و پێەکانتان دەچەسپێنێت .

پاشان کەوتە سەرکۆنەکردنی ئەو کەسانەی بەبیستنی فەرمانی شەڕ دڵیان کەوتە لەرزەو هەڵلەرزین : ﴿ فَإِذَا أُنزِلَتْ سُورَةٌ مُّحْكَمَةٌ وَذُكِرَ فِيهَا الْقِتَالُ رَأَيْتَ الَّذِينَ فِي

[1] ، مامۆستا سەیید ،ابو الأعلى المودودي) لێکۆڵینەوەیەکی بەبەڵگەوە ئەنجامداوە ، تیایدا دەڵێت کە سورەتی (محمد) پێش جەنگی بەدر هاتۆتە خوارەوە ، بڕوانە (تفهيم القرآن) ٥ ١١ ، ١٢ .

قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يَنظُرُونَ إِلَيْكَ نَظَرَ الْمَغْشِيِّ عَلَيْهِ مِنَ الْمَوْتِ ﴾ محمد ، واتە: ئەگەر سورەتێکی موحکەم بهاتایە خوارەوەو باسی شەڕی تێدابوایە ، دەتبینی ئەوانەی دڵیان نەخۆشە بەشێوەیەك سەیرت دەکەن ، دەڵێتی زەندەقیان چووە .

واجب بوونی جەنگ و خۆ بۆ ئامادەکردنی بەپێی بارودۆخی ئەوکاتە زۆر جێگەی خۆی بوو ، ئەگەر سەرکردەیەك هەبوایە کوڕی ڕۆژگار بێت فەرمانی دەدا بە سەربازەکانی کەئامادەباشی وەربگرن بۆ هەموو بارێکی نائاسایی ، بارو دۆخەکە دەیخواست کەشەڕێکی خوێناویی لەنێوان هەق و ناهەقدا ڕووبدات. قورسایی ڕووداوەکە سریەی (عبدالله)ی کوڕی (جحش) لێدانێکی سەختبوو حورمەت و لووت بەرزی موشریکانی شکاندو ، ئازاری پێگەیاندن و ، وای لێکردن دەتوت لەسەر سکڵ دەژین.

ئایەتەکانی فەرمان بەشەڕیش لەناوەڕۆکدا شەیپوری نزیك بوونەوەی شەڕیان لێدەداو، نیشانیان دەدا کە سەرکەوتن و زاڵبوونی کۆتایی بۆ موسوڵمانەکانە ، سەیرکە چۆن خوای گەورە فەرماندەدا بەدەرکردنی موشریکان هەروەکو چۆن ئەوان ئەمانیان دەرکردو ، فێریشان دەکات کە ئەحکامەکانی سوپای سەرکەوتوو لەگەڵ دیلەکاندا چۆنە ، چۆن دوژمن کەفتەکار دەکەن و زاڵ دەبن بەسەریاندا ، تا ئەوکاتەی جەنگ کۆتایی دێت، ئەمانە هەموو ئاماژەی سەرکەوتنی کۆتایی موسوڵمانەکانی تێدایە، بەڵام ئەمانە هەموو بەشاراوەیی مانەوە. بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بەئەندازەی دڵگەرمی خۆی لەپێناو خوادا بجەنگێت .

لەو ڕۆژانەدا – لە شەعبانیساڵی (٢)ی کۆچیدا – بەرامبەر بە فەبرایەری ساڵی (٦٢٤ز) – خوای گەورە فەرمانیدا بەوەرچەرخاندنی ڕووگە (قیبلە) لە (بیت المقدس)ەوە بۆ (بیت الحرام) ، ئەمەش سوودەکەی ئەوەبوو ئەو دڵ نەخۆش و دووڕووە جولەکانەی هاتبوونە ناو ڕیزەکانی موسوڵمانانەوە بۆ نانەوەی پشێوی هەموویان دەرکەوتن و ئاشکرابوون وگەڕانەوە سەردۆخی جارانی خۆیان و، بەو شێوەیە ڕیزەکانی موسوڵمانان لە بەشێکی زۆری تاقمی خیانەتکارو خراپەکار ڕزگاری بوو پاك بوەوە .

لە وەرچەرخانی قیبلەشدا ئاماژەیەکی نهێنی تێدایە بۆ دەست پێکردنی قۆناغێکی نوێ ، کە بەگرتنە دەستی ئەو قیبلەیە کۆتایی دێت ، سەیر نیە کە قیبلەی کۆمەڵێك بەدەست کۆمەڵێکی ترەوە بێت ! خۆ ئەگەر بە دەستیشیانەوە بێت دەبێت ڕۆژێك لە ڕۆژان لەدەستیان دەربهێنرێت و ڕزگار بکرێت .

پاش ئەم فەرمان و ئاماژانە چالاکی موسوڵمانەکان پەرەی‌سەند، ئارەزوویان بۆ جیهاد کردن لەپێناوی خواو گەیشتن بەدوژمندا لەشەڕێکی یەکلاکەرەوەدا ، زیادی کرد.

غـــەزای گـــــەورەی بـــــەدر

یەکەم جەنگی یەکلاکەرەوەی ئیسلام

هۆیەکانی غەزاکە

هەروەکو لەباسی غەزای (العُشیره)دا باسمان کرد کاروانێکی قوڕەیش لە مەککەوە بۆ شام لەدەست پێغەمبەر ﷺ قوتار بوو ، کە کاتی گەڕانەوەی لە شامەوە بۆ مەککە نزیك بوەوە . پێغەمبەری خوا ﷺ (ظلمة)ی کوڕی (عبدالله) و (سعید)ی کوڕی (زید)ی نارد بەرەو باکور ، بۆئەوەی سوسەیەکی ئەو ناوچەیە بکەن . گەیشتنە ناوچەی (حوراء) لەوێ مانەوە هەتا (ابو سفیان) بەکاروانەکەوە بەوێدا تێپەڕی کرد ، خێرا گەڕانەوە بۆ مەدینەو ، هەواڵەکەیاندا بە پێغەمبەر ﷺ ، کاروانەکە پێکهاتبوو لە سامانێکی زۆر گەورەی خەڵکی مەککە ، هەزار وشتری بارکراو بە ماڵ ، بەهایان لە پەنجا هەزار دینار ئاڵتوون کەمتر نەدەبوو ، تەنها چل پاسەوانیشیان لەگەڵدا بوو.

دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ سەربازگەی مەدینەو دەست وەشاندنیش لەو کاروانە لە ڕووی سەربازی و سیاسیی و ئابووریەوە گورزێکی کەمەرشکێن دەبوو ، ئەگەر موشریکان ئەو سامانەیان لەکیس بچوایە ، لەبەرئەوە پێغەمبەر ﷺ لەناو موسوڵماناندا بانگی کردو فەرمووی: ئەوە کاروانەکەی قوڕەیشە ماڵ و سامانی ئەوانی تێدایە ، بڕۆنە دەرێ بۆیان سابەڵکو خودا بیکات بەدەستکەوتتان .

هیچ کەسێکی بەدەرچوون ناچار نەکرد ، بەڵکو وازی لێهێنان بۆ حەزی خۆیان ، چونکە چاوەڕوانی نەدەکرد بەو شێوەیە هەڵتەقێت بەڕووی سوپای مەککەدا . لەجیاتی دەست بەسەراگرتنی کاروانەکە . ئەو پێکدادانە توندوتیژە لە شەڕی بەدردا بقەومێت ، هەروەها زۆرێك لە مەدینە مانەوە چونکە پێیان وابوو ئەم دەرچوونە وەکو دەرچوونی سریەکانی تری پێغەمبەرە ﷺ ، بۆیە پێغەمبەریش ﷺ سەرزەنشتی هیچ کەسێکی نەکرد کە نەهاتبێت بۆ ئەو غەزایە.

هێزی سوپای ئیسلام و دابەشکردنی سەرکردایەتیەکان

پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی ئامادەکرد بۆ دەرچوون ، سێسەدو چواردە تا (١٧) کەسی لەگەڵ خۆیدا برد (٣١٣ ، ٣١٤ پیاو) ٨٢ یان ٨٣ یان ٨٦ کەس لە کۆچکەران و ، (٦١) کەس لە (ئەوسیەکان) و (١٧٠) کەسیش لە خەزرەجیەکان ،

ئەو دەرچوونەیان ، ئەوەندە بەهەند وەرنەگرت و ، ئامادەگی باشیان بۆ نەکرد ، تەنها دوو ئەسپ سواریان لەگەڵدا بوو ، (زبیر)ی کوڕی (عوام) و (مقداد)ی کوڕی (أسود الکندی) و حەفتا وشتریان پێ بوو هەردوو تا سێ پیاو بەنۆرە سواریان دەبوون ، پێغەمبەری خودا ﷺ لەگەڵ (علی) و (مرثد)ی کوڕی (ابي مرثد)ی (غنوی)دا بە نۆرە سواری یەك وشتر دەبوون .

(ابن أم مکتوم)ی بۆ نوێژو ئیمامەت بەسەر مەدینەوە بەجێ هێشت ، کە گەیشتنە (الروحاء) ئەوجا (أبو لبابە)ی کوڕی (عبد المنذر)ی ناردەوەو ، کردیە سەرداری مەدینە .

ئاڵا گشتیەکەشی کە ڕەنگی سپی بوو دایە دەست (مصعب)ی کوڕی (عمیر)ی (القرشی العبدری).

سوپاکەشی کرد بەدوو کەتیبەی سەرەکیەوە :

١. کەتیبەی کۆچکەران، ئاڵاکەیانی دایەدەست (علی) کوڕی (أبي طالب) (ڕ).

٢. کەتبەی ئەنسار ، ئاڵاکەیانی دایە دەست (سعد)ی کوڕی (معاذ).

(زبیر)ی کوڕی (عوام)ی کردە سەرۆکی بەشی ڕاست ، (مقداد)ی کوڕی (عمرو) یشی کردە سەرۆکی بەشی لای چەپ ئەم دوانە هەروەکو وتمان تەنها دوو ئەسپ سواری ناو سوپاکەی پێغەمبەر بوون ﷺ . لەناوەڕاستیشدا (قیس)ی کوڕی (أبی صعصعە)ی دانا ، سەرکردایەتی گشتیش وەك سەرۆکی باڵادەست خۆیەوە بوو ﷺ .

سوپای ئیسلام بەرەو بەدر دەجوڵێت

پێغەمبەری خوا ﷺ بەو سوپا نائامادەوە کەوتەڕێ ، لە(نقب)ی مەدینە دەرچوو ، بەسەر ئەو ڕێگە سەرەکیەدا ڕۆشت کە بەرەو مەککە دەچێت ، تاگەیشتە بیری (الروحاء) کەمێك لەوێ مایەوەو ، ڕێگەی مەککەی خستەلای دەستی چەپیەوە لایدا بەلای ڕاستدا لەسەر (نازیە ـ مەبەستی گەیشتن بوو بە بەدر ـ لایەکی گرت ، هەتا گەیشتە شیوێك پێی دەڵێن : (رهقان) لەنێوان (نازیە) و تەنگەبەری (صفراء) دا ، پاشان بەناو تەنگەبەرەکەدا تێپەڕی تا نزیك بوەوە لە (الصفراء) ، لەوێدا (بسیس)ی کوڕی (عمر الجهینی) و (عدی) کوڕی (أبي الزغباء الجهني)ی نارد بۆ بەدر تا هەواڵگۆیەکی لەبارەی کاروانەکەی قورەیشەوە بۆ بکەن .

جاردەرێك لە مەككەدا

سەبارەت بەهەواڵی کاروانەکە ـ کە (ابو سفیان) بەرپرسی بوو ـ زۆر خۆی دەپاراست . (ابو سفیان) دەیزانی کە ڕێگەی مەککە پڕیەتی لە مەترسی و زوو زوو گوێی هەڵدەخست بۆ هەواڵ و. پرسیاری دەکرد لەهەر ئەسپ سوارێك کەپێی بگەشتایە، زۆری پێ نەچوو هەواڵگرەکانی هەواڵیان پێدا کەموحەممەد ﷺ هاوەڵەکانی کۆکردۆتەوە تادەستێ لەکاروانەکە بوەشێنن، دەستبەجێ کابرایەکی بەکرێ گرت ناوی (ضمضم)ی کوڕی (عمرو الغفاری) بوو ناردی بۆ مەککە، تا لەوێ دەست بکات بەهاوار هاوار کەفریای کاروانەکەیان بکەون و، نەهێڵن دەست موحەممەد ﷺ و . هاوەڵەکانی بکەوێت . (ضمضم) بەسواری وشترەکەیەوە هەر لە دۆڵەکەی سەرەتای مەککەوە بەپێوە وەستاو، لوتی وشترەکەی قلیشاندبوو . جلەوی وولاخەکەی بەرەڵلا کرد بوو، یەخەی دادڕیبوو . هاواری دەکرد . خێڵی قورەیش . قوڕ بپێون . قوڕ بپێون . ماڵ و سامانەکەتان کە لەگەڵ (ابو سفیان) دایە . موحەممەدو هاوەڵەکانی ڕێگەیان پێگرتوە . بڕوا ناکەم پێیان بگەن ـ فریاکەون . فریاکەون .

خەڵکی مەككە خۆیان ساز دەكەن بۆ شەڕ

دەستبەجێ خەڵك بەپەلە هاتنەدەرەوەو وتیان: لەموحەممەدو هاوەڵەکانی وایە ئەمەش کاروانی (حضرمی) یەکەیە ؟ شتی وانابێت . دەبێت بزانێت کەوانیە ، یەك یەك و دوودوو هاتنە دەرەوە . ئەو کەسەش خۆی نەهاتایە کەسێکی دەنارد ، خۆیان ئامادەکرد بۆ دەرچوون . جگە لە (ابی لهب) هیچ کەس لە سەرانی قورەیش دوانەکەوت ، لەجیاتی خۆی پیاوێکی نارد کە قەرزاری بوو ، هەرچی هۆزو تیرەی دەوری خۆیان هەیە کۆیان کردەوە ، هەموو تیرەکانی قورەیش کەوتنە ڕێ جگە لە (بنی عدی) کە هیچ کەسێکیان ئامادە نەبوو.

ژمارەی سوپای مەككە

ئەم سوپایە لە سەرەتای بەرێکەوتنیدا هەزارو سێ سەد کەس بوو ، سەد ئەسپ سوارو شەش سەد زنجیربەندیان لەگەڵدابوو، ژمارەی وشترەکانیان ئەوەندە زۆر بوو بەتەواوی نەدەزانران ، سەرکردەی گشتیان (ابو جهل)ی کوڕی (هشام) بوو . ئەوانەی پێداویستیان بۆ سوپاکە ئامادەکردبوو نۆکەس بوون لەسەرانی قورەیش . ڕۆژێك نۆ وشترو ڕۆژێکیش دە وشتریان بۆ سوپاکە سەردەبڕی.

گیروگرفتی هۆزەکانی (بنی بکر)

کاتێك ئەم سوپایە کەوتەڕێ ، قورەیش وەبیری کەوتەوە کە لەگەڵ (بنی بکر)دا دوژمنایەتی و شەڕیان هەیە ، لەوە دەترسان کە لەپشتەوە لێیان بدەن و ، بکەونە نێوان دوو ئاگرەوە ، خەریکبوو ئەوە پەشیمانیان بکاتەوە ، بەلاَم لەوکاتەدا ئیبلیس لە شێوەی (سراقە)ی کوڕی (مالك)ی کوڕی (جعشم المدلجی)دا - کە سەرۆکی خێڵی (کنانە)یە - هاتە لایان و پێی وتن: من دڵنیاتان دەکەم لەوەی کە (کنانە) لە پشتەوە بێت بۆتان و شتێکتان لێ بکات کە پێتان ناخۆش بێت .

سوپای مەککە دەکەوێتە جووڵە

ئیدی لە ماڵ دەرچوون ، هەروەکو خودای گەورە دەفەرموێت : ﴿ بَطَراً ورِئاءَ الناسِ وَيَصُدُّون عَن سَبيلِ الله ﴾ ، کەوتنە ڕێ هەروەکو پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت : (بەچەك و تفاقیانەوە بۆ جەنگان لەگەڵ خوداو پێغەمبەرەکەیدا کەوتنە ڕێ) ، ﴿وَغَدَوا على حرْدٍ قَادرين ﴾ ، دەستیان کردە جووڵە بەرەو لایی پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵەکانی ، چونکە زاتی ئەوەیان کردوە پەلاماری کاروانەکەیان بدەن ، بەشێوەیەکی زۆر خێرا سوپاکە بەرەو باکوورو ئاڕاستەی بەدر کەوتەڕێ ، ڕێچکەی شیوی (عسفان) یان گرتەبەر ، پاشان (قدید) و (جحفە) و لەوێدا لەلایەن (أبو سفیان)ەوە نامەیەکیان پێگەیشت کە تیایدا پێیان دەڵێت: ئێوە بۆ ئەمە دەرچوون کە کاروانەکەو پیاوەکانتان و ماڵ و سامانەکەتان ڕزگار بکەن ، ئەوە خودا ڕزگاری کرد کەواتە بگەڕێنەوە.

کاروانەکە دەرباز دەبێت

(أبو سفیان) کاروانەکەی بەڕێگەی سەرەکیدا دەبرد ، بەلاَم بەوریایی و خۆ پارێزیەوە ، چالاکیەکی زۆری دیدەوانیانەی ئەنجام دەدا ، کە لەبەدر نزیکبوەوە کەوتەپێش کاروانەکەوە، تالەوێدا (مجدی) کوڕی (عمرو)ی بینی ، لەبارەی سوپاکەی مەدینەوە پرسیاری لێکرد ، وتی : کەسێکم نەدیتوە نەیناسم ، لەپشت ئەو گردەو دوو وشترسوارم بینی وشترەکانیان لەپشت ئەو گردەوە یخ دابوو ، پاشان کەمێك ئاویان بردو ڕۆشتن ، دەستبەجێ (أبو سفیان) چووە شوێنی یخ دانەکەیان و ، کەمێك لە پشقلی وشترەکانی هەڵگرت و تێکیدا ، بینی ناوکی تێدایە ، وتی : وەڵلاهی ئەمە ئالفی شاری (یثرب)ە ، خێرا گەڕایەوە بۆ لای کاروانەکەو ، ئاڕاستەی کاروانەکەی کردە ڕووەو ڕۆژئاواو ڕێگەی کەنار دەریا ، ئیدی لە ڕێگە سەرەکیەکە لای داو خستیە لای چەپیەوە ، بەو شێوەیە کاروانەکەی لە دەست سوپای موسوڵمانەکان قوتارکرد ، دوای ئەوە ئەو نامەیەی نووسی بۆ مەککەییەکان کە لە ناوچەی (الجحفە)دا بارگەیان خستبوو.

بڕیاردانی سوپای مەککە بە گەڕانەوە و
دروست بوونی دووبەرەکی تیایدا

که سوپای مەککە نامەکەی پێگەیشت خەریکبوو بگەڕێتەوە ، لەوێدا (أبو جهل) بە لووت بەرزی و لەخۆبایی بونێکەوە هەستایە سەرپێ‌و وتی : سوێند بەخوا ناگەڕێینەوە تا نەچینە سەر ئاوی بەدر ، سێ ڕۆژ تیایدا دەمێنینەوەو ئاژەڵ سەر دەبڕین و ، مەی دەخۆینەوە ، کەنیزەکەکان گۆرانیمان بۆ دەڵێن و سەمادەکەن و هەموو عەرەب هەواڵی ئەم هاتن و کۆبوونەوەیەمان ببیستن و بەبەردەوامی لێمان بترسن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (أخنس)ی کوڕی (شریق) داوای کرد بگەڕێینەوە کەچی کەسیان بەگوێیان نەکرد ، خۆی و کوڕەکانی و (بنی زهرە) گەڕانەوە چونکە هاوپەیمان و سەرۆکیان بوو لەم خۆ ئامادەکردنەدا ـ بۆیە یەك کەسی خێڵی (زهرە) شەڕی بەدری نەدی و نزیکەی سێ سەد پیاو دەبوون ، (بنو زهرە) ڕاووبۆچوونەکانی (اخنس)ی کوڕی (شریق) یان پێ خۆش بوو ، بۆیە بەبەردەوامی قسە بیسراو شکۆدار بوو لەناویاندا .

(بنوهاشم) یش ویستیان بگەڕێنەوە ، (ابو جهل) پیایاندا هەڵشاخاو وتی : ئەم تاقمەمان لێ جیا نابێتەوە تا دەگەڕێینەوە بۆ مەککە .

سوپای مەککە دوای گەڕانەوەی (بنو زهرە) ژمارەیان هەزار چەکدار دەبوو ـ بەرەو بەدر کەوتە ڕێ ـ بەردەوام بوو تا گەیشتە نزیکی بەدرو لەوێ دابەزین ، لە پشت گردێکەوە کە دەکەوێتە (العدوە القصوی) لەسەر سنووری شیوی بەدر دابەزین.

تەنگــاویی هەڵــوێستی سوپــای ئیسلامــی

هەواڵگری سوپای مەدینە هەواڵێکیان هێنا بۆ پێغەمبەر ﷺ ـ کە هێشتا لە شیوی (ذفران) دابوو ـ سەبارەت بە دەربازبوونی کاروانەکەو هاتنی سوپاکەی مەککە ، پاش وورد بوونەوە لەو هەواڵانە تەواو دڵنیابوو کە هیچ بوارێك نەماوە بۆ خۆ لادان لەجەنگێکی خوێناوی و پێویستە لەو شەڕە بەگیانێکی لەخۆ بوردوانەو ئازایانەو بەغیرەتانەوە بڕۆنە پێشەوە ، چونکە گومانی تێدانیە کە ئەگەر واز لە سوپای مەککە بهێنرێت بەو ناوچەیەدا بگەڕێت ئەو مەسەلەیە پلەوپایەی سەربازیی قورەیش بەهێز دەکات و دەسەڵاتی سیاسیانەی بەرفراوانتر دەکات و ، هەڵوێست و بڕیاری موسوڵمانەکانیش لاوازو سووك دەکات ، بەڵکو لەوانەش لەوەودوا بزاڤی ئیسلامیی ببێتە جەستەیەکی بێ گیان و، هەرکەسێك ڕقی لە ئیسلام بێت لە ناوچەکەدا زاتی ئەوە بکات شەڕی پێ بفرۆشێت .

پاش هەموو ئەوانەش ، چ کەسێك دەتوانێت دەستی سوپاکەی مەککە بگرێت لە هەڵکوتانە سەر شاری مەدینەو شەڕەکە نەگوێزرێتەوە بۆ پاڵ قەڵاو قوللەکانی مەدینەو ، هەڵنەکوتێتە سەر خەڵکی مەدینە لە شارەکەی خۆیاندا ؟ نەخێر ، ئەگەر سوپای مەدینە هیچ جۆرە پەشیمانیەکی نیشان بدایە ، گەورەترین کاریکەری خراپی دەبوو لەسەر سام و هەیبەت و ناوبانگی موسوڵمانەکان.

ئەنجوومەنی ڕاوێژکاریی

بەهۆی ئەو گۆڕانکاریە ترسناکە ناکاوەوە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاریی سەربازیی باڵای دامەزراند ، تیایدا ئاماژەی کرد بۆ ڕەوشە دروست بوەکە ، ڕا گۆڕینەوەی لەگەڵ سەرکردەکانیدا ئەنجامدا ، لەوێدا دڵەلەرزە کەوتە دڵی هەندێك خەڵکەوەو ، لەو شەڕە خوێناویە ترسان ، ئەمانە ئەو کەسانە بوون کەخودا لە بارەیانەوە فەرمووی : ﴿ كَمَا أَخْرَجَكَ رَبُّكَ مِن بَيْتِكَ بِالْحَقِّ وَإِنَّ فَرِيقاً مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ لَكَارِهُونَ {٥} يُجَادِلُونَكَ فِي الْحَقِّ بَعْدَمَا تَبَيَّنَ كَأَنَّمَا يُسَاقُونَ إِلَى الْمَوْتِ وَهُمْ يَنظُرُونَ {٦}﴾ الأنفال ، سەبارەت بەسەرکردەکانی سوپاکەش ، ئەبوبەکر (ڕ) لەناویاندا هەستاو کۆمەڵێك قسەی باشی کرد ، پاشان (عمر)ی کوڕی (خطاب) هەستاو قسەی باشی کرد ، پاشان (مقداد)ی کوڕی (عمرو) وتی : پێغەمبەری خوا بڕۆ بەدەم ئەو کارەوە کە خودا نیشانی داویت ، ئێمە لەگەڵتدا دەبین ، وەڵڵاهی ئەوەت پێ ناڵێین کە (بنو إسرائیل) بە موسایان وت : بڕۆ تۆو خوداکەت شەڕبکەن ئێمەش لەگەڵتان شەڕدەکەین، سوێندم بەوکەسەی تۆی بەهەق ناردوە ئەگەر بمانبەیت بۆ (برك الرماد)یش ئەوا سەرسەختانە لەگەڵت دێین هەتا دەیگەیتێ ، ئەنجا پێغەمبەری خوا ﷺ گوتەیەکی جوانی پێ فەرموو دوعای خێری بۆ کرد، ئەو سێ سەرکردەیە لە کۆچکەران بوون ، کۆچکەرانیش کەمینەی سوپاکە بوون ، پێغەمبەری خوا ﷺ حەزی دەکرد ڕای سەرکردە ئەنسارییەکان بزانێت ، چونکە ئەوان زۆرینەی سوپاکەی بوون و ، قوورسایی شەڕەکەش دەکەوتە سەرشانی ئەوان ، لەگەڵ ئەوەشدا دەقەکانی پەیماننامەی عەقەبە نەیکردبووە ئەرك لە سەریان کە شەڕ لەدەرەوەی شارەکەیاندا بکەن ، پاش گوتەی ئەو سێ سەرکردەیە فەرمووی: (خەڵکینە ڕای خۆتانم پێ بڵێن) مەبەستی ئەنسارییەکان بوو ، ئیدی (سعد)ی کوڕی (معاذ) سەرکردەو هەڵگری ئاڵای ئەنسارییەکان دەرکی پێکرد کە مەبەستی ئەوانە ، وتی: وەڵڵاهی دەڵێی مەبەستت ئێمەیە پێغەمبەری خوا ؟ فەرموی : بەڵێ .

(سعد) وتی: ئێمە باوەڕمان پێت هێناوە ، متمانەمان پێداویت ، شایەتیمان داوە ئەوەی تۆ هێناوتە ڕاستیە ، لەسەر ئەو بنەمایە پەیمان و بەڵێنمانداوە کە گوێڕایەڵت بین پێغەمبەری خوا ، بڕۆ بۆ ئەو مەبەستە خۆت دەتەوێت ، سوێندم بەو کەسەی تۆی بەهەق ناردوە ، بماندەیت بە گژ ئەو دەریایەدا لەگەڵت دێین و ، یەك پیاومان دواناکەوێت و، ناترسین لەوەی سبەینێ بچین بەگژ دوژمندا ، ئێمە لەم جەنگەدا دان بەخۆدا دەگرین ، ڕاستگۆین لە ڕووبەڕوو بونەوەدا ، بەڵکو خوای گەورە بەهۆی ئێمەوە شتێکت نیشان بدات کە دڵ و چاوتی پێ خۆشنوود بێت ، بمانخەرە ڕێ لەسەر بەرەکەتی یەزدان .

لە ریوایەتێکشدا (سعد)ی کوڕی (معاذ) وتی بەپێغەمبەری خوا ﷺ : لەوانەیە ترست لەوە هەبێت کە ئەنسارییەکان تەنها ئەوە بە ئەرك دەزانن کە لە ماڵ و حاڵی خۆیاندا پشتت بگرن ، ئەوە من لەجیاتی ئەوان قسە دەکەم و وەڵام دەدەمەوە ، بڕۆ بۆ ئەو کارەی خۆت پێت باشە ، ئەوەی کە تۆ بیبەیت بەلامانەوە خۆشترە تا ئەوەی بەجێی دەهێڵیت ، فەرمایشت بفەرموو بەهەر شتێك کاری ئێمەش بەدوای فەرمانی تۆوەیە ، سوێندم بەخوا ئەگەر بڕۆیت هەتا دەگەیتە (برك الرماد)ی (غمدان) یش لەگەڵت دێین ، وەڵڵاهی ئەگەر بچیتە ئەو دەریایەوە لەگەڵت دێین .

ئیدی پێغەمبەرﷺ بەو قسانەی (سعد) زۆر دڵخۆش بوو ، پاشان فەرمووی: (بکەونە ڕێ مژدەتان لێ بێت ، خوای گەورە مژدەی تێکشکاندنی یەکێك لەو دوو تاقمەی پێداوم - وەڵڵاهی دەڵێی دیمەنی کوشتارگەی ئەو تاقمەم لە پێش چاوە) .

سوپای ئیسلام درێژە بە ڕۆشتنی دەدات

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ لە (ذفران) ڕۆشت ، بە لاپاڵێکدا ڕۆشت پێی دەڵێن (الأصافر) ، پاشان بەرەو خوار بوەوە بۆ شوێنێك پێی دەڵێن (الدیە) ، ئەنجا (الحنان)ی خستە لای دەستی ڕاستیەوە - کە بریتییە لە گردێکی لماوی گەورەی بەقەد شاخێك - پاشان لە نزیك چاوگەکانی (بدر)ە وە دابەزین .

پێغەمبەر ﷺ هەڵدەستێت بە پرۆسەیەکی دیدەوانی

لەوێدا پێغەمبەر ﷺ خۆی و هاوەڵەکەی ئەشکەوتی (أبوبکر الصدیق)(ر) ، هەستان بەئەنجامدانی کارێکی دیدەوانی و چاودێری کردن ، لەکاتێکدا کە دەسوڕانەوە بەدەوری سەربازگەکەدا پیاوێکی پیری دەشتەکیان بینی ، پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری لێ کرد لەبارەی قورەیش و موحەممەدو هاوەڵەکانیەوە پرسیاری لەبارەی هەردوو سوپاکەوە لێ کرد لەبەر نهێنی پاراستن ـ بەڵام کابرای پیر وتی : هەواڵتان پێ نادەم هەتا پێم نەڵێن ئێوە کێن ؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ئەگەر هەواڵمان بدەیتێ پێت دەڵێن ، کابرا وتی : مانای وایە ئەمەیان بەوەیان ؟ فەرمووی : بەڵێ .

پیاوە پیرەکە وتی : هەواڵم زانیوە کە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەکانی فلانە ڕۆژو فلانە ڕۆژ دەرچوون ، ئەگەر ئەم هەواڵە ڕاست بێت کە پێم گەیشتوە ئێستا ئەو لە فلانە شوێن و فلانە شوێندایە . ئەو شوێنەی وت کە سوپاکەی مەدینەی تێدا بوو . هەروەها هەواڵم پێگەیشتوە قورەیش ڕۆژی ئەوەندەو ئەوەندە لە مەککە دەرچوون ، ئەگەر ئەو هەواڵە ڕاست بێ کە بە من گەیشتوە ئەوا ئێستا لە فلانە شوێن و فلانە شوێندان ـ دەقاو دەق ئەو شوێنەی وت کە سوپاکەی مەککەی تێدا بوو ـ .

کە کابرا لە قسەکانی بوەوە ئەنجا وتی : ئەی ئێوە کێن ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : (ئێمە لە ئاوەوە هاتوین) ، پاشان کابرایان بەجێ هێشت ، کابرای پیرەیش لەبەر خۆیەوە دەیوت : ئاو ؟ تۆ بڵێی ئاوی عێراق بێت ؟

به دەست خستنی گرنگترین زانیاریی

لە بارەی سوپاکەی مەککەوە

لەئێوارەی ئەو ڕۆژەدا پێغەمبەر ﷺ سەرلەنوێ هەواڵگرەکانی ناردەوە بۆ زانینی هەواڵەکانی دوژمن ، سیٚکەسی کۆچکەران هەستان بەئەنجامدانی ئەوکارە ، (علی) کوڕی (أبیطالب) و، (الزبیر)ی کوڕی (عوام) و، (سعد)ی کوڕی (أبی وقاص) لەگەڵ چەند هاوەڵێکی تردا ، چوونە سەر ئاوەکەی بەدر ، دوو غولامیان بینی ئاویان دەبرد بۆ سوپاکەی مەککە ، هەردوکیان گرتن و ، هێنایانن بۆ لای پێغەمبەر ﷺ لەو کاتە نوێژی دەکرد ، لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کردن بۆ قسە لێدەرهێنان ، دوو غولامەکە وتیان: ئێمە ئاوگێڕی قوڕەیشین ناردوویانین بۆ ئاو هێنان . ئەوانەی لێیان دەپرسینەوە . باوەڕیان بەم قسانە نەکرد حەزیان دەکرد خزمەتکاری (أبو سفیان) بن . بۆئەوەی دەست بەسەر کاروانەدا بگرن - بۆیە زۆر بەتوندی لێیاندا ، تا ناچاریان کردن کە بڵێن: ئێمە خزمەتکاری (أبو سفیان) ین، ئیتر بەرەڵایان کردن.

کە پێغەمبەر ﷺ لە نوێژەکەی بووەوە سەرزەنشتی کردن و فەرمووی: کە ڕاستیان وت لێتاندان کە درۆیان لەگەڵدا کردن بەرەڵاتان کردن ، سوێند بەخودا ڕاستیان وت ، ئەوانە خزمەتکاری قوڕەیش بوون .

پاشان هەردوو غولامەکەی بانگ کردوو فەرمووی پێیان : هەواڵی قوڕەیشم پیٚ بڵێن ، وتیان : ئەوان لە پشتی ئەو گردەوەن کە لە (العدوه القصوى) وەدیارە . فەرمووی : ژمارەیان چەندە ؟ وتیان : زۆرن . فەرمووی : ژمارەیان چەندە ؟ وتیان نازانین، فەرمووی: ڕۆژی چەند وشتر سەردەبڕن؟ وتیان: ڕۆژێك (٩) دانەو ڕۆژێکیش (١٠) دانە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : سوپای قوڕەیش لەنێوان نۆ سەد تا هەزار کەسن ، پاشان پێی فەرموون ، لە پیاو ماقوڵانی قوڕەیش کێیان لەگەڵدایە ؟ وتیان : (عتبە) و (شیبە) هەردوو کوڕەکەی (ربیعە) و، (أبو البختری) کوڕی (هشام) و(حکیم)ی کوڕی (حزام) و (نوفل) ی کوڕی (خویلد) و، (الحارث)ی کوڕی (عامر) و ، (طعیمة)ی کوڕی (عدی) و ، (النضر)ی کوڕی (الحارث)و (زمعە)ی کوڕی (الأسود) و، (أبو جهل)ی کوڕی (هشام) و، (أمیە)ی کوڕی (خلف) و، چەندین پیاوی تر کە ناویان بردن .

پێغەمبەری خوا ﷺ ڕووی کردە سوپاکەی خۆی و فەرمووی پێیان : (ئەوە مەککەیە جگەرگۆشەکانی خۆی فرێداوەتە بەر دەستتان) .

بــاران بــارين

لەو شەوەدا خودای گەورە بارانێکی باراند ، بوو بە ڕەهێڵەو تۆف بۆ موشریکان و نەیهێلاْ بێنە پێشەوە، بۆ موسوڵمانەکانیش بووە نەرمە بارانێك و پاکی کردنەوەو پیسی و چەپەڵی شەیتانی لێ دورخستنەوەو زەوی بۆ پتەو کردن لمەکەی بۆ سفت و ساف کردن و پێیانی پێ جێگیرکردن و ڕێگەی بۆ خۆشکردن و دڵەکانی پێ ڕاگیرکردن.

سوپای ئیسلام پێشڕەوی دەکات بۆ گرنگترین خاڵە سەربازیەکان

پێغەمبەری خوا ﷺ سوپاکەی جولاند ، بۆ ئەوەی پێش موشریکان بگەنە ئاوی بەدرو نەهێڵن ئەوان دەستی بەسەردا بگرن ، لەگەڵ کاتی خەوتنانداندا چووە بەشی خوارەوەی ئاوەکانی بەدر ، لێرەدا (الحباب)ی کوڕی (المنذر) وەکو شارەزایەکی سەربازیی هەستاو وتی : پێغەمبەری خوا ، ئایا ئەم شوێنە کەهەڵت بژاردووە ، بە وەحی بۆت هاتۆتە خوارەوەو ، ئێمە بۆمان نیە کەقسەی تێدا بکەین ؟ یان ڕاو بۆچوون وفێڵێکی سەربازیەو بەس ؟ فەرمووی: ئەمە ڕاوبۆچوون و تەکنیکی سەربازیەو پلانی شەڕە ، ئەنجا وتی: کەواتە پێغەمبەری خوا ئەم شوێنە گونجاو نیە ، بفەرموو خەڵکەکە هەسێنە تا دەڕۆینە نزیکترین ئاو لە قوڕەیشەوە لەوێ دادەبەزین و هەموو چاوگەکانی تر پڕ دەکەینەوەو دەیڕوخێنین و ، لەسەر ئەوەی خۆشمان ئەستێڵێك دروست دەکەین و پڕی دەکەین لە ئاو ، ئەنجا شەڕ دەکەین لەگەڵیان ، ئێمە ئاو دەخۆینەوەو ئەوان ناتوانن بیخۆنەوەو شەکەت ئەبن ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئاماژەت بۆ ڕایەکی باش کرد .

ئیدی پێغەمبەری خوا ﷺ سوپاکەی هەستاند ، تاهاتنە نزیکترین چاڵاو لە دوژمنەوە ، لەنیوە شەودا لەوێ دابەزین ، پاشان ئەستێڵەکەیان دروست کردو ، هەموو چاوگەکانی تریان پڕ کردەوە .

بنکەی سەرکردایەتی

پاش ئەوەی موسوڵمانەکان لەسەر ئاوەکە دابەزین ، (سعد)ی کوڕی (معاذ) پێشنیاری ئەوەیکرد بۆ پێغەمبەر ﷺ ، کە موسوڵمانەکان بنکەیەکی سەرکردایەتی بۆ دروست بکەن ، بۆ حاڵەتی ناکاوی و ئەگەریی ڕووداني هەر تێکشکانێك بەر لە سەرکەوتن ، وتی بەپێغەمبەر ﷺ: (پێغەمبەری خوا، پێت چۆنە کوخێکت بۆ دروست بکەین و کەلوپەل و تفاقەکەت بۆ ئامادەبکەین، پاشان ڕووبەڕووی دوژمنەکەمان

دەبینەوە، ئەگەر خوا کردی و سەرکەوتین بەسەر دوژمنەکەماندا ، ئەوە بەدڵی خۆمانە ، خۆ ئەگەر سەریش نەکەوتین ئەوا کەلوپەلەکەت بپێچەرەوەو سواری وڵاخەکەت ببەو بگەڕێرەوە بۆلای ئەوانی ترمان کە بەجێمان هێشتن . سوێندبێت بەخوا چەند کەسێکمان لەدوا بەجێماوە لەئێمە زیاتر تۆیان خۆش دەوێت و ئەگەر بیانزانیبایە تۆ تووشی شەڕدەبیت هەرگیز دوا نەدەکەوتن ، خوای گەورە بەهۆی ئەوانەوە دەتپارێزێت ، ئەوان گوێڕایەڵیت دەکەن و ، لەگەڵتدا خەبات دەکەن .

پێغەمبەری خوا ﷺ زۆری پێ خۆش بوو ، دۆعای خێری بۆکردن ئیدی موسوڵمانەکان کوخێکیان لەسەر گردێکی بەرز بۆ دروست کردو ، کەوتە باکووری ڕۆژهەلاتی مەیدانی شەڕەکەوەو بەسەر گۆڕەپانی شەڕەکەدا دەیڕوانی ، هەروەها چەند گەنجێکیان هەڵبژارد لە ئەنساریەکان بەسەرپەرشتی (سعد)ی کوڕی (معاذ) بۆ چوار دەوری کوخەکەو پاراستنی پێغەمبەری خوا ﷺ .

سازدانی سوپاکەو بەسەر بردنی شەو

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ سوپاکەی سازکردو[1] چووە شوێنی شەڕەکەو بە دەستی ئاماژەی دەکرد بۆ چەند جێیەك دەیفەرموو : خوا یار بێت سبەینێ ئەوە شوێنی کوژرانی فلأنە کەسە ، خوا یاربێت سبەینێ ئەوەش شوێنی کوژرانی فلأنە کەسە[2] ، پاشان لە بن ساقی درەختێکدا دەستی کرد بە نوێژ کردن . موسوڵمانەکانیش ئەو شەوەیان بەشێوەیەکی هێمن و بێخەم بەسەر برد ، تەواو ئارام بوونەوە ، پشووی تەواویاندا ، ئاواتەخواز بوون سبەینێ مژدەکانی پەروەردگار بەچاوی خۆیان ببینن : ﴿ إِذْ يُغَشِّيكُمُ النُّعَاسَ أَمَنَةً مِّنْهُ وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُم مِّن السَّمَاء مَاء لِّيُطَهِّرَكُم بِهِ وَيُذْهِبَ عنكُمْ رِجْزَ الشَّيْطَانِ وَلِيَرْبِطَ عَلَى قُلُوبِكُمْ وَيُثَبِّتَ بِهِ الأَقْدَامَ {١١} ﴾ الأنفال ، واتە: کاتێك کە خەوەنوچکە دەیبردنەوەو شلی کردن و بەتەواوی پشوتانداو باران دەباری بەسەرتاندا ، بۆ ئەوەی پاکتان بکاتەوەو پیسی شەیتانتان لێ دور بخاتەوەو دڵەکانتان دامەزراو بکات و پێیەکانتان دامەزرێنێت .

ئەو شەوە شەوی هەینی بوو، بەرواری حەڤدەی ڕەمەزانی ساڵی دووەمی کۆچی ، پێغەمبەری خوا ﷺ لە (٨) یان (١٢) ی ئەو مانگەدا لەشاری مەدینە دەرچوو بوو.

---

[1] / بڕوانە (جامع الترمذی) لە (باب الجهاد) ، (باب ما جاء في الصف والتعبئة) ٢٠١/١

[2] / (مسلم) ڕیوایەتی کردوە لە (انس) ، بڕوانە (مشكاة المصابيح ٥٤٣/٢

سوپاکەی مەککە لە مەیدانی شەڕدا و
کەوتنەوەی دووبەرەکی لەناویاندا

قورەیشیش ، شەویان لە (العدوه القصوى) کردەوە ، کە ڕۆژ بوەوە پۆلەکانیان کەوتنە ڕێ و لەڕێی (الکثیب)وە دابەزینە شیوەکەی (بدر) ، چەند کەسێکیان هاتن لە ئەستێڵکەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئاو بخۆنەوە ، فەرمووی: وازیان لێ بهێنن ، هەرچییەکیان هاتە سەرئاوەکە کوژراو نەگەڕایەوە ، جگە لە (حکیم)ی کوڕی (حزام) کە نەکوژراو دوای ئەوە موسوڵمان بوو ، موسڵمانێکی باشی لێ دەرچوو . ئەم پیاوە کە زۆری بۆ بهاتایەو سوێندی بخواردایە ، دەیوت : سوێندم بەو کەسەی کە ڕۆژی بەدر ڕزگاری کردم ، کە قورەیش هێور بوەوە (عمیر)ی کوڕی (وهب)ی (جمحی) بۆ ئەوەی ژمارەی سوپاکەی مەدینە بزانن ، لە دوورەوە (عمیر) بەدەوری سوپاکەدا هات و چوو ، پاشان گەڕایەوە بۆلایان و پێی وتن: موسوڵمانەکان سێ سەد کەسن ، کەمتر یان زۆرترن لەو ژمارەیە ، بەڵام کەمێك لەسەرم بوەستن تا بزانم لەشوێنی دیکەوە بۆسەیان نیە یان کۆمەکیان بۆ نەهاتوە ؟ بەناو شیوەکەدا ڕۆشت هەتا دورکەوتەوە ، هیچی بەدی نەکرد ، گەڕایەوە بۆ لایان وتی: هیچم نەدی ، بەڵام خێڵی قورەیش بەڵاو کارەساتێکم دی مەرگیان هەڵگرتبوو ، (یثرب) مەرگی ناکاویان هەڵگرتوە، کۆمەڵێکم دی جگە لە شمشێرەکان هیچ پشت و پەناگەیەکیان نیە ، وە دەزانم هەتا هەریەکێکیان کەسێك لە ئێوە نەکوژێت ناکوژرێت ، خۆ ئەگەر ژمارەیەکتان لێ بکوژن ئیدی ژیان هیچ مانایەکی نیە ، ئێوەش پرس و ڕایەکی خۆتان بکەن .

لەوێدا چەند نەیارێکی تریش دژ بە (أبو جهل) ڕاستبوونەوە ـ کە بەرگرییەکی سەرسەختی لەسەرکردنی شەڕەکە دەکرد ـ ئەو نەیارانە داوایان دەکرد سوپاکە بگەڕێتەوە بۆ مەککە بەبێ شەڕکردن ، (حکیم)ی کوڕی (حزام) بەناو خەڵکیدا دەگەڕاو ، هاتە لای (عتبه)ی کوڕی (ربیعه) و پێی وت : (أبو الولید) تۆ ریش سپی قورەیشیت ، گوێ لە قسەت دەگرن ، ئەگەر ڕێگایەکی خێرت نیشاندەم بەگوێم دەکەیت ؟ وتی : ئەو ڕایە چی‌یە (حکیم) ؟

(حکیم) وتی: ئەو خەڵکە بگەڕێنیتەوە بۆ مەککە ، خوێنی هاوپەیمانەکەشت (عمرو)ی کوڕی (الحضرمی) لەئەستۆ بگریت ـ کە لە سریەکەی (النخله) دا کوژرا ـ (عتبه) وتی: وامنیش ئەوەم کردو تۆ زامنی من بویت، کێشەکەم لە هاوپەیمانەکەمدایە کە دەبێت من خوێنەکەی بدەم و هەرچی زیانێکی ماددیشی لێکەوتووە بۆی ببژێرم.

پاشان (عتبه) بە(حكيم)ی وت: بڕۆلای (أبا الحنظلية) - (أبا جهل) - (الحنظلية) مەبەستی دایکی بوو، بەڕاستی جگە لەئەو ترسی کەسم نیە مەسەلەکە تێك بدات.

پاشان (عتبه)ی کوڕی (ربيعه) هەستاو وتارێکیداو وتی : ئەریٚ خێڵی قوڕەیش ، ئەگەر ئێوە بگەن بە موحەممەدو هاوەڵەکانیشی هیچی ئەوتۆتان دەست ناکەوێت ، سوێند بێت ئەگەر لێیان بکوژن ، بەدڵێك سەیرتان دەکات وەکو ئامۆزای یان خاڵۆزایەکی یان کەسێکی عەشرەتەکەیتان کوشتبێت ، داواتان لێدەکەم بگەڕێنەوە وازبهێنن لە موحەممەدو بزانن لەگەڵ عەرەبدا چی دەکات ، ئەگەر ئەوان لەناویان برد ئەو خواستی ئێوەیە ، ئەگەر واش نەبوو ئەوا پێتان دەگاتەوەو شتێکتان پیٚ ناکرێت لەگەڵیدا .

(حکیم)ی کوڕی (حزام) ڕایکرد بەرەو لای (أبو جهل) - و قەڵغانەکەی هەڵگرتبوو - وتی (أبو جهل) : (أبو الحكم) (عتبه) منی نارد بۆلای تۆ ئەمەو ئەوەت پیٚ بڵێم ، (أبو جهل) فووی تێکراو وتی: وەڵڵاهی ئەم پیاوە هەر لەگەڵ موحەممەدو هاوەڵەکانی بینی چاوبەستی لیٚکرا ، نەخێر شتی وانیە ، وەڵڵاهی ناگەڕێینەوە تا خوا بەلایەکماندا دەیخات ، (عتبه) هیچی نیە ، ئەوەندە نەبێت کە موحەممەدو ڕەش و ڕووتەکانی دەوروبەری بینیوەو . کوڕەکەی ئەویشیان لەگەڵدایە کە ناوی (حذيفة) یە ، کاتێك موسوڵمان بوەو کۆچی کردوە لەگەڵ موحەممەددا - لە لەناوچونی کوڕەکەی دەترسێت و بەوە دەتانترسێنێت .

کاتێك کە قسەکەی (أبو جهل)ی پیٚگەیشت کە وتبوی : جادوەکەی هەڵاوساوە ، (عتبه) وتی : دەبێت (أبو جهل) بزانێت کیٚ جادوەکەی هەڵاوساوە ، من یان ئەو ؟ (أبو جهل) دەست و بردی کرد نەبادا ئەم ناڕەزاییە گەورەتر ببێت ، لە دوای ئەم قسەوباسە ناردی بەشوێن (عامر)ی کوڕی (الحضرمي) دا . کە برای (عمرو)ی کوڕی (الحضرمي) بوو ، ئەو پیاوەی کە لە سریەکەی (عبدالله)ی کوڕی (جحش) دا کوژرابوو - پێی وت : - عوتبە - ئەوە هاوپەیمانەکەتە دەیەوێت خەڵکی بگێڕێتەوە ، خۆشت بەچاوی خۆت تۆڵەی خۆتت بینی ، هەستە مردوەکەت بلاوێنەوە ، بۆ مەرگی براکەت بگری ، (عامر) هەستا ، سەری پەتی کردو ، هاواری کرد : ئەی هاوار بۆ عەمر ، ئەی هاوار بۆ عەمر ، خەڵکەکەی گەرم کردو ، دڵنیابوون لەو شەڕەی ڕووی تیٚ کردوون ، هەموو بیرکردنەوەیەکی ئاسایی لیٚ تێکدان کە پێشتر (عتبه) بانگەشەی بۆ دەکردن و ، دەنگی ناڕەزایی کپ بوەوەو سوودی نەبوو .

هەردوو سوپاکە لە یەکتر دەرکەوتن

کاتێك کە موشریکەکان دەرکەوتن و ، هەردوو کۆمەکەکە یەکتریان بینی ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : (خوایە ، ئەوە قوڕەیشە بەفیزو شانازیەوە بەرەو ئێرە دێت ، بەرەنگاری تۆ دەبێتەوەو پێغەمبەرەکەت بەدرۆ دەخاتەوە ، خوایە چاوەڕوانی ئەو سەرکەوتنەم کە بەڵێنت پێداوم ، خوایە ئەم سەرلەبەیانیە سەریان شۆڕکە) . پێغەمبەر ﷺ لەدورەوە - (عتبە)ی کوڕی (ربیعە)ی بینی لەناو سوپاکە بەسەر وشترێکی سورباوەوە بوو . فەرمووی : (ئەگەر لەناو ئەو خەڵکەدا خێر هەبێت لەو پیاوەدایە . کە بەسەر ئەو وشترە سورباوەوەیە ، خۆ ئەگەر بەگوێی بکەن ڕزگاریان دەبێت).

پێغەمبەری خوا ﷺ ریزەکانی موسوڵمانەکانی ڕێککردو ، لەو کاتی ڕێککردنەدا شتێکی سەیر ڕوویدا ، پێغەمبەری خوا ﷺ تیرێکی بەدەستەوە بوو بەکلکی تیرەکە ریزەکانی ڕێك دەکرد . (سواد)ی کوڕی (غزیە) لە ریزەکە کەمێك هاتبوە پێشەوە ، پێغەمبەر ﷺ بەکلکی تیرەکە دای لە سکی و پێی فەرموو: (سواد) ڕێك بوەستە ، (سواد) وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ بەڕاستی ئازارت دام ، تۆڵەم دەوێت ، پێغەمبەری خوا ﷺ کراسەکەی هەڵدایەوەو سکی پیرۆزی بۆ دەرخست و فەرمووی: فەرموو هەقی خۆت بکەرەوە . (سواد) باوەشی پێداکردو ، سکی پیرۆزی پێغەمبەری ماچ کرد ﷺ. فەرمووی: (سواد) چی وای لێ کردی ئەم کارە بکەیت ؟ وتی : پێغەمبەری خوا ، ئەوە دەبینیت کە هەردوو سوپاکە بەرامبەر یەك وەستاون ، ویستم دوا هەڵوێستم ئەوە بێت کە پێستم بەر پێستت بکەوێت ، پێغەمبەری خوا ﷺ دۆعای خێری بۆ کرد .

کە ریزەکان ڕێك بوون فەرمانیدا بەسوپاکەی کە شەڕ دەست پێنەکەن ، تا دوا فەرمانی لێ وەرنەگرن ، پاشان فەرمانێکی تایبەتی سەبارەت بەشەڕ بۆ دەرکردن، فەرمووی: ئەگەر زۆریان بۆ هێنان تیربارانیان بکەن، تیرەکانتان بهێڵنەوە[1] ، شیر هەڵمەکێشن تادێنە سەرتان[2] ، ئەنجا گەڕایەوە بۆ ناو کوخەکە، خۆی و ئەبوبەکر بوون، (سعد)ی کوڕی (معاذ) بەمەفرەزەکەیەوە لەسەر دەرگای کوخەکەدا وەستان بۆ پاراستن.

---

[1] / صحيح البخاري ٥٦٨/٢.

[2] / سنن أبي داود له (سل السيوف عند اللقاء) ١٢/٢

لەناو موشریکەکانیشدا (أبو جهل) لەو رۆژەدا نوقلانەی لێدەداو دەیوت: خوایە کامەیان سیلەی خزمایەتی دەپچڕێنی و ، شتێکی بۆ هێناوین کە نایزانین ، ئەم بەرەبەیانە لە ناوی بەریت ، خوایە کێمان لای تۆ خۆشەویسترەو زیاتر تۆ لێی ڕازیت ئەمڕۆ سەری بخە ، لەبارەی ئەم نوقلانە لێدانەی (أبو جهل)ە وە بوو ، ئایەت هاتە خوارەوە ﴿ إِن تَسْتَفْتِحُواْ فَقَدْ جَاءكُمُ الْفَتْحُ وَإِن تَنتَهُواْ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَإِن تَعُودُواْ نَعُدْ وَلَن تُغْنِيَ عَنكُمْ فِئَتُكُمْ شَيْئًا وَلَوْ كَثُرَتْ وَأَنَّ اللّهَ مَعَ الْمُؤْمِنِينَ {١٩}﴾ الأنفال، واتە موشریکان ـ ئەگەر ئێوە نوقلانەی سەرکەوتنی خۆتان لێبدەن ئەوا سەرکەوتن و ڕزگاربوون بەڕێوەیە ، ئەگەر وازبهێنن ئەوە باشترە بۆتان ، خۆ ئەگەر بگەڕێنەوە ئێمەش دێینەوە بۆتان ، ئەوسا ئەو کۆمەڵەشتان ناتوانێت هیچتان بۆ بکات با زۆریش بێت ، خوای گەورەش لەگەڵ ئیمانداراندایە.

کاتی سفر و یەکەمین سووتەمەنی جەنگ :

یەکەم قوربانی جەنگەکە (اسود)ی کوڕی (عبدالاسد المخزومی) بوو. کابرایەکی دڕندەی بێ ڕەوشت بوو . لەناو سوپاکەدا هاتە دەرەوەو وتی: ئاهم کردووە یان دەبێت لەو ئەستێڵکە ئاو بخۆمەوە . یان دەبێت تێکی بدەم ، یان دەبێت لەو پێناوەدا بمرم .(حەمزە) بۆی چووە دەرەوە کە بەیەکگەیشتن (حەمزە) شمشێرێکی لێدا لاقی لەڕانی کردەوە بەو حاڵەوە خەریکبوو دەگەیشتە ئەستێڵکەکە . لەسەر گازی پشت کەوت و خوێنی لاقی ڕووەو هاوەڵەکانی فیچقەی کرد ، ئەنجا لەسەر دەست بەرەو ئەستێڵکە ڕۆشت دەیویست سوێندەکەی بەجێ بهێنێت بەڵام (حەمزە) کەوتە سەری شمشێرێکی لێداو خستیە ناو ئەو ستێڵکەکەوەو کوشتی.

شەڕە شمشێر

ئەمە یەکەم کوشتن بوو کە ئاگری شەڕەکەی هەڵگیرساند ، دوای ئەو سێ کەس لەچاکترین سوارچاکانی قوڕەیش هاتنە دەرەوە ، هەرسێکیان لەیەك بنەماڵە بوون ، بریتی بوون لە (عتبە) و (شیبە)ی برای هەردووکیان کوڕی (ربیعە) بوون ، لەگەڵ (ولید)ی کوڕی (عتبە)دا ، کە لەریزەکە هاتنە دەرەوە داوای شەڕە شمشێریان کرد ، سێ گەنجی ئەنساری بۆیان چوونە دەرەوە، (عوف) و(معوذ) و هەردوو کورەکەی (الحارث) و (عفراء) ناوی دایکیان بوو ـ لەگەڵ (عبدالله)ی کوڕی

(رواحه) دا ، پێیان وتن : ئێوه کێن ؟ وتیان : چەند کەسێکی ئەنسارین وتیان : ئێوه هاوشانی ڕێزداری ئێمەن ، کارمان بەئێوه نیه ، ئامۆزاکانی خۆمانمان دەوێت ، پاشان یەکێکیان هاواری کرد : موحەممەد ، لەناو خزمانی خۆماندا هاوشانمان بۆ بنێره دەرەوه ، ئەنجا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : (عبیده)ی کوڕی (حارث) هەسته ، (حمزة) هەسته ، (علی) هەسته ، کاتێك هەستان و لێیان نزیك بوونەوه پێیان وتن : ئێوه کێن ؟ هەواڵیان پێدان . وتیان : بەڕاستی ئێوه هاوشانی ڕێزدارن ، ئەنجا (عبیده) کە بەتەمەنترینی هەرسێکیان بوو کەوتە شەڕ لەگەڵ (عتبه)ی کوڕی (ربیعه) و (حمزه) ش لەگەڵ (شیبه) و (علی)یش لەگەڵ (ولید)دا [1] ، (حمزه) و(علی) زۆریان پێنەچوو بەرامبەرەکانی خۆیان کوشت ، بەڵام (عبیده) و بەرامبەرەکەی دوو شمشێریان دا لەیەکتر هەریەکەیان بەرامبەرەکەی خوێناوی کرد ، پاشان (علی) و (حمزه) هەڵیان کوتایه سەر (عتبه) و کوشتیان و (عبیده) یان هەڵگرت ، قاچی برابوەوه ، زمانی شکاو بێدەنگ بوو ، چوار تا پێنج ڕۆژ له ڕووداوی بەدر له (الصفراء) وەفاتی کرد ، لەکاتێکدا کە موسڵمانەکان له ڕێگەی گەڕانەوەدا بوون بەرەو (مدینه) .

(علی) سوێندی بەخودا دەخوارد کە ئەم ئایەتە لەبارەی ئەوانەوه هاتۆتە خوارەوه: ﴿ هذان خصمان اختصموا في ربهم ﴾ ئایەتەکە . واتە : ئەمانە دوو ڕکابەر بوون لەسەر خودای خۆیان ململانێی یەکتریان کرد .

شاڵاوی گشتی

کۆتایی ئەم شەڕە شمشێرە سەرەتایەکی خراپ بوو بۆ موشریکان ، هەر لێرەوه باشترین شۆڕە سوارو سەرکردەی خۆیان لەدەستدا ، تەواو شێت و هار بوون ، بەیەك جارەکی شاڵاویان هێنایە سەر موسڵمانەکان ، موسوڵمانەکانیش پاش داوای یارمەتی له پەروەردگاریان ، هانایان بۆ برد ، دڵیان بۆ یەکلایی کردەوەو ، له هەڵوێستی بەرگریدا بوون ، بەدەم وتنی (احد) (احد)ە وە زیانی باشیان گەیاند بەبێ باوەڕان .

[1] ئەمە گوتەی (ابن اسحاق)ەو، لەگێڕانەوەیەکی (احمد) و (ابی داود)دا ،(عبیده) لەگەڵ (ولید) دا شەڕی کردووە ، (علی)یش لەگەڵ (شیبه) و (حمزه)ش لەگەڵ (عتبه)دا ، بڕوانە (مشکاة المصابیح) ٢/ ٣٤٣

پێغەمبەر ﷺ لەخوا دەپاڕێتەوە

پێغەمبەری خوا ﷺ هەر لەکاتی گەڕانەوەیەوە دوای ڕێککردنی ڕیزەکانی سوپاکەی لە پەروەردگاری دەپاڕایەوە کە ئەو بەڵێنەی بۆ بهێنێتە دی وادەی پێداوەو دەیفەرموو : (خوایە ئەو داخوازیەم بۆ بهێنەجێ، خوایە داوای وادەو بەڵێنەکەت لێدەکەم) . دۆعای کرد تاشەڕ گەرم بوو، بگرەو بەردەو سەداو شەیپوری شەڕ بەرز بووەوە ، بەیەکدا هاتن ، دەنگی شەڕ گەیشتە گومبەدی ئاسمان ، ئەنجا فەرمووی : (خوایە ئەگەر ئەمڕۆ ئەم کۆمەڵە ئیماندارە لەناو بچن ئیدی تۆ ناپەرسترێیت ، خوایە ئەگەر ویستت لەسەر بێت لەمەودوا هەرگیز ناپەرسترێت) . زۆر لەخوا پاڕایەوە تا بووردەکەی لەسەر شانی پیرۆزی کەوتە خوارەوە ، (ابوبکر) جارێکی دی خستیەوە سەرشانی و فەرمووی : ئیتر بەسە پێغەمبەری خوا ، بەڕاستی زۆر لە خودای خۆت پاڕایتەوە .

خوای گەورە نیگای نارد بۆ فریشتەکانی و فەرمووی : ﴿أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُوا الَّذِينَ آمَنُوا سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ الَّذِينَ كَفَرُوا الرُّعْبَ﴾ الأنفال ١٢، واتە : من (خوداوەند) لەگەڵتانم ئێوەش ئیمانداران قایمکەن ، ترس و بیم دەخەمە دڵی بێ باوەڕانەوە ، هەروەها بە پێغەمبەری فەرموو : ﴿ أَنِّي مُمِدُّكُمْ بِأَلْفٍ مِنَ الْمَلَائِكَةِ مُرْدِفِينَ ﴾ الأنفال/٩ ، من (پەروەردگار) بەهەزار فریشە پشتیوانیتان لێ دەکەم ، واتە فریشتەکان پۆل بەدوای پۆلدا دێن بۆ پشتیوانیتان .

دابەزینی فریشتەکان

پێغەمبەری خوا ﷺ وەنەوزێك بردیەوەو، پاشان سەری بەرزکردەوە ، فەرمووی: (ابوبکر) مژدە بێت ، ئەوە سەرکەوتنی خوایی بەرێوەیە ، ئەوە جبریلە جڵەوی ئەسپەکەی گرتووە ، سەرشانی تۆزی بەسەرەوەیە .

پاشان پێغمبەری خوا ﷺ لە کوخەکە هاتە دەرەوە بەچەك و قەڵغانەوە ، بە پەلە هەنگاوی ناو فەرمووی : ﴿ سَيُهْزَمُ الْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ الدُّبُرَ ﴾ القمر ٤٥، واتە: خوا یار بێت ئەو تاقمە دەبەزن و ڕادەکەن، پاشان مشتێ خۆڵی هەڵگرت و ڕووەو سوپاکەی قورەیش فرێدا، موشریك نەما هەندێك لەو تەپوتۆزە نەچێت بەدەم و لوت وچاویدا ، لەو بارەوە ئایەت هاتە خوارەوە ﴿ فَلَمْ تَقْتُلُوهُمْ وَلَكِنَّ اللَّهَ قَتَلَهُمْ وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ رَمَى﴾ الانفال /١٧، واتە : تۆ فڕێت نەدا ، ئەوە خودا بوو فڕێیدا.

هێرشی دژەوانە

ئیدی پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بەسوپاکەی کە یەرچە هێرش دژەوانە بکەن ، فەرمووی : دەستیان لەسەر توندبکەن و ، هانیدان بۆ جەنگ و فەرمووی : سوێندم بەو کەسەی گیانی موحەممەدی بەدەستە هەر یەکێك لە ئێوە ، ئەمڕۆ شەڕ بکات و ڕوو بە ڕوویان بوەستێت ، ڕانەکات و بکوژرێت خوای گەورە دەیخاتە بەهەشتەوە . لەکاتێکدا کەهانی دەدان بۆ شەڕکردن لەگەڵ کافران. فەرمووی : هەستن بڕۆن بەدەم بەهەشتێکەوە کە پانتاییەکەی بەئەندازەی ئاسمانەکان و زەمینە ، (لەوێدا) (عمر)ی کوڕی (حمام) وتی : بەخ بەخ ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : چی وای لێکردی کە بڵێیت بەخ بەخ ؟ وتی : سوێند بێت بەخوا تەنها ئەوەپاڵی پێوەنام کەئومێدم وایە لەو کەسانەبم، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : تۆ لەو کەسانەیت ، (عمیر) چەند دەنکە خورمایەکی لەمشتدا بوو، دەستی کردبوو بە خواردنیان ئەنجا دەیوت ئەگەر من بمێنم تا ئەم هەموو دەنکە خورمایە دەخۆم ئەوە ژیانێکی درێژخایانە هەمووی فڕێداو ، چووە ناو شەڕەکە شەڕی کرد هەتا کوژرا [1] .

بەهەمان شێوە (عوف)ی کوڕی (الحارس) ـ ابن عفراء ـ پرسیاری لێکرد وتی : پێغەمبەری خوا ، چ شتێکی بەندە خوای گەورە دەخەنێنێت !

فەرمووی : خۆ فڕێدانە ناو دوژمن بەسەری ڕووتەوە ، ئەنجا زرێبەندەکەی داکەندو فڕێیدا ، شمشێری دەرهێنا دەستی کرد بەشەڕ هەتا کوژرا .

کاتێك کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بەپەرچە هێرش ، شاڵاوەکانی دوژمن گەرم و گوڕیان نەمابوو ، خاوبوووبوونەوە ، ئەم نەخشە ژیرانە ڕۆڵی زۆری هەبوو لە بەرز کردنەوەی هەڵوێستی موسڵمانەکاندا ، کاتێك کەفەرمانی توندکردنەوەو دەست لێداگرتنیان بۆ دەرچوو چالاکی و گوڕی شەڕکردینان هێشتا لە سەرەتادا بوو ، بۆیە هەستان بەشالاوێکی ڕامالەری ترسناك ، شمشێریان بەهەموولایەکدا ڕادەوەشاندو هەر سەر بوو دەپەڕی ، جموجوڵیان زیاترو توندتربوو کەبینیان پێغەمبەری خوا بە زرێبەندەکەیەوە قەڵەمبازی داو فەرمووی : ﴿سَيُهْزَمُ الْجَمْعُ وَيُوَلُّونَ الدُّبُرَ﴾ موسڵمانەکان شەڕێکی بەهێزیان کرد ، فریشتەکانیش پشتیوانیان کردن ، لەگێڕانەوەکەی (ابن سعد) داهاتووە لە(عکرمە)ە وە دەڵێت : لەو شەڕەدا

---

[1] مسلم ریوایەتی کردووە ٢/ ١٩٣ ، مشكاة المصابيح ٢/ ٣٣١

سەری خەڵك دەپەڕی کەس نەیدەزانی کێ لێی داوە ، دەستی مرۆڤ دەقرتاو نەدەزانرا کێ لێی‌داوە، (ابن عباس) یش فەرمویەتی: لەکاتێکدا کە موسڵمانێك بەشوێن موشریکێکدا ڕای دەکرد گوێی لە وەشاندنی دەنگی قامچی بوو بەسەر سەریەوە هاواری دەکرد : حەیزوم هات ، سەیرێکی کابرای موشوریکی کرد لە بەردەمیدا کەوتووە ، ئەنجا پیاوە ئەنساریەکە چووە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە، فەرمووی: ڕاست دەکەیت ، ئەوە کۆمەکی ئاسمانی سێیەم بوو هات [٢] . (ابوداود المازنی) دەڵێت : لەناو شەڕەکەدا شوێن کابرایەکی موشریك کەوتم تاشمشێرێکی لێبدەم ، کەچی پێش ئەوەی من شمشێرەی لێبدەم سەری کابرا پەڕی ، ئیدی زانیم کە شمشێرەکەی من نەیکوشت . پیاوێکی ئەنساریش (عباس)ی بەدیلی دابویە بەری خۆی و هێنایە بەردەم پێغەمبەر ﷺ ، (عباس) وتی : وەڵڵاهی ئەم کابرایە منی ئەسیر نەکردووە . بەڵکو پیاوێکی قژ کورتی جوان خاس بەسەر ئەسپێکی مارۆوە بوو ئەسیری کردم ، ئێستا ئەو کابرانیە لەناو سوپاکەدا نابینم . کابرای ئەنساری وتی: پێغەمبەری خوا من خۆم دیلم کردووە ، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو : بێدەنگبە خوای گەورە بەفریشتیەکی ڕێزدار پشتیوانی کردویت .

ئیبلیس لە گۆڕەپانی شەڕ پاشەکشە دەکات

کاتێك ئیبلیس بینی فریشتەکان چی بەموشریکەکان دەکەن بەرودوا تێی تەقاند تا ئەوکاتەش لەشێوەی (سراقە)ی کوڕی (مالك الجعشم المدلجی)دا لەگەڵ موشریکاندا مابوەوە ، (الحرس)ی کوڕی (هشام) وایدەزانی کە خودی (سراقە)یە بۆیە دەستەودامێنی بوو، نەیدەهێشت بڕوات ، ئەویش بۆکسێکی‌دا لەسەر سنگی (الحارس) خستی‌و ڕایکرد، موشریکەکانی پێیان وت : سوراقە بۆ کوێ ڕائەکەیت ، ئەی تۆ نەبووی کە دەتوت من پەنادەری ئێوەم و بەجێتان ناهێڵم ؟ وتی ئەوەی من ئەبینم ئێوە نابیینن . من لەخودا دەترسم ، بەڕاستی خوا خاوەن سزای توندە ، پاشان ڕای کردو هەتا خۆی فڕێدایە ناو دەریاوە .

---

[٢] مسلم هاوشێوەی ئەمەی گێراوەتەوە ٢/ ٩٣ لەگەڵ هی تریش .

شكستی كەمەرشكێن

ئیدی شپرزەیی و نیشانەكانی ژێركەوتن لەناو موشریكاندا دەركەوت و ، ریزەكانیان لەبەردەم ئەم شالأوە توندو تۆڵەكانی موسڵمانانەدا هەرەسی هێناو شەڕ لەكۆتایی نزیكبووەوەو موشریكان كەوتنە خۆ قوتاركردن و هەلأتنی بێ بەرنامەو موسڵمانەكانیش كەوتنە سەریان هەندێكیان لێكوشتن و هەندێكیشیان بەدیلی گرت تا بەتەواوی تێكیان شكاندن .

مانەوەی (ابو جهل)

ستەمكاری هەرە گەورە (ابوجهل) ، كە لە سەرەتادا نیشانەی شپرزەیی و بێ سەروبەری لەریزەكانیدا بینی هەوڵیدا لەسەرەتاوە ڕای بگرێت ، دەستی كرد بە هاندانی سوپاكەی ، بەدڕندەیەتی و لەخۆبایی بوونێكەوە پێی وتن : گوێ مەدەنە ڕاكردنی سوراقە ، ئەو لەگەڵ موحەممەددا وادەی هەبوو ، تەنانەت كوژرانی (عتبە) و (شیبە) و (ولید)یش نەتانترسێنێت ئەوانە پەلەیان كرد، سوێندبێت بە(لات) و (عزی) ناگەڕێینەوە تا هەموویان دەسبەست نەكەین ، نامەوێت بیانكوژن ، بەڵكو دەبێت بیانگرن ، تا پیشانیان بدەین چ كارێكی خراپیان كردووە .

بەلأم زۆری پێنەچوو ڕاستی ئەو لەخۆبایی بوونەی ئاشكرابوو، ئەوەندەی نەبرد ریزەكانیان لەبەردەم شالأوی بەجەرگانەی موسڵمانەكاندا تێكشكاو خۆی نەگرت ، بەڵێ چەند كەسێكی موشریكی بەدەورا مایەوە ، بە شمشێرو ڕمەكانیان پەرژینێكیان بۆ دروست كرد ، بەلأم گەردەلوولی شالأوەكە ئەوەشی تێكشكاند بەسەریەكداو لەبنەوە دەریانكێشان ، ئەنجا (ابوجهل) خۆی تەنها مایەوە ، موسڵمانەكان بینیان بەسەر ئەسپەكەیەوە دەهات ودەچوو، دوو غولامی ئەنساری چاوەڕوانی ڕژاندنی خوێنی بوون.

كوژرانی (ابو جهل)

(عبدالرحمن) ی كوڕی (عوف) دەڵێت : لەناو ریزەكاندا شەڕم دەكرد ، بەلای ڕاست و چەپی خۆمدا لام كردەوە ، دوو كوڕی منالْكارم بینی و ترسام لەوێدا شتێكیان لێبێت ، یەكێكیان بەدزی هاوەڵەكەیەوە پێی وتم : ئەرێ مامە ، ئەبو جەهل كامەیە ؟ وتم : كوڕم چی لێ ئەكەیت ؟ منالەكە وتی : بیستومە جنێوی داوە بە پێغەمبەر ﷺ ، سوێندم بەو كەسەی گیانی منی بەدەستە تارماییەكەی

ببینم یان دەیكوژم یان دەبێت بمكوژێت ، بەڕاستی سەرم سوڕما لەو ئازایەتیە ، دەڵێت : ئەنجا ئەوی تریشیان ئیشارەتێكی لێكردم ، هەمان شتی هاوەڵەكەی پێ وتم : منیش (ابوجهل) م بینی بەناو خەڵكەكەدا دەهات و دەچوو ، پێم وتن : ئەوەتا دەبینن ؟ ئەوە (ابوجهل) ە ، دەڵێت : هەڵیان كوتایە سەری و دایانە بەر شمشێرو كوشتیان ، ئەنجا ڕۆشتنەوە بۆلای پێغەمبەر ﷺ ، پێی فەرموون: كامتان كوشتان ؟ هەریەكەیان وتی : من كوشتومە فەرمووی: شمشێرەكانتان سڕیوە؟ وتیان: نەخێر، پێغەمبەری خوا ﷺ سەیری هەردوو شمشێرەكەی كرد، فەرمووی : هەردووكتان كوشتوتانە. پێغەمبەر ﷺ فەرمانیدا بەداڕشتنی كەل و پەلەكەی (ابوجهل) بۆ (معاذ)ی كوڕی (عمرو)ی كوڕی (جموح) ، دوو كەسەكەش (معاذ)ی كوڕی (عمرو)ی كوڕی (الجموح) و (معوذ) كوڕی (عفراء) بوون [1].

(ابن اسحاق) دەڵێت : (معاذ)ی كوڕی (عمرو) كوڕی (جموح) وتی : گوێم لێ بوو دەیانوت . (ابوجهل) لە بن درەختێكی دڕكاویدایە ، شمشێر بەدەستەكانیان چواندبوو بەدڕكی دەوری درەختەكەو وەدەیانوت : (ابوالحكم) كەس نایگاتێ ، كە ئەوەم بیست ، بوو بە خەمم بۆیە بۆی چووم ، كە لێی نزیك بوومەوە شمشێرێكم دا لە قاچی پەڕاندم ، قاچی بەو شێوەیە لەبەرچاوم وەكو دەنكۆڵەیەك وابوو لەژێر لێدانێكدا دەرپەڕێت . دەڵێت : (عكرمە)ی كوڕی شمشێرێكیدا لە لاشانم قۆڵم پەڕی بەپێستی لاتەنیشتمەوە مایەوە ئەو برینە ماندووی كردم ، ئەو ڕۆژە بەو شێوەیە لەگەڵ شەڕكردندا بەدوای خۆمدا ڕام دەكێشا ، كە زۆر ئازاری دام خستمە ژێر پێم و ڕامكێشا تا لێبوەوە و فڕێمدا [2] ، بەو حاڵەوە (معوذ)ی كوڕی (عفراء) بەلای (ابوجهل)دا تێپەڕی ، شمشێرێكی لێدا خستی ، بەنیوە گیانی بەجێی هێشت ، (معوذ) بەردەوام بوو لەشەڕ تا شەهید كرا .

كە شەڕ تەواوبوو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموی : كێ دەتوانێت هەواڵێكی (ابوجهل) بزانێت كە چی لێ بەسەر هاتووە ؟ خەڵك بڵاوەیان لێكرد بەدوای (ابو جهل) دا . (عبدالله)ی كوڕی (مسعود) ڕەزای خوای لێ بێت ، چووە سەری لە دوا هەناسەیدا بوو ، پێی نا بەسەر گەردنیدا ڕیشی گرت ، بۆ ئەوەی سەری لە لاشەی

---

[1] صحيح البخاري ١/٤٤٤/ ، ٢٢/٥٦٨ مشكاة المصابيح ٢/٢٣٥ دیارە كەپێغەمبەر داڕنینی كەلوپەلەكانی (ابو جهل)ی بەیەكێكیان سپاردوە ، چونكە ئەوی تر لە جەنگەكەدا شەهید كراوە

[2] ئەو (معاذ) ناوە (ڕەزای خوای لێ بێت) تا سەردەمی خەلیفە (عوسمان) ی كوڕی (عەففان) (ڕەزای خوای لێبێت) ژیا

جیا بکاتەوە ، وتی: خوا سەری شۆڕ کردیت ئەی دوژمنی خوا ، وتی : بە چی سەری شۆڕکردم؟ من جگە لەپیاوێك کە قەومەکەی کوشتویانە چیدی هیچ لەکەیەکم لەسەر نییە ، یان سەرباری ئەوەی پیاوێکتان کوشتوە ؟ هەروەها وتی : خۆزگە کردەیەك بیکوشتمایە پاشان وتی: پێم بڵێ کێ سەرکەوتووە ؟ وتی : خوداو پێغەمبەرەکەی ﷺ ، لەوکاتەدا کە (ابن مسعود) قاچی خستبووە سەر گەردنی وتی: بە(ابن مسعود) هەی شوانی مێگەل لە شوێنێکی بەرزدا راوەستاویت - (عبدالله)ی کوڕی (مسعود) لە مەککەدا شوانی مێگەل بوو - پاش ئەم قسانە (ابن مسعود) سەری لەلاشەی جیاکردەوەو ، بردی بۆلای پێغەمبەری خوا ﷺ و وتی : پێغەمبەری خوا ، ئەوە سەری دوژمنەکەی خوایە ، پێغەمبەری خوا ﷺ سێجار فەرمووی: (هو الله الذي لا اله الا هو) ؟ پاشان فەرمووی : (الله اكبر ، الحمد لله الذي صدق وعده ، ونصر عبده ، وهزم الاحزاب وحده) ئادەی نیشانم بدەن ، دەڵێت : ڕۆشتین لاشەکەیمان پیشاندا فەرمووی : ئەمە فیرعەونی ئەم ئوممەتە بوو .

چەند دیمەنێکی ئیمانیی لەم جەنگەدا

پێشتر باسی دوونمونەی جوانمان کرد لەلایەن (عمیر)ی کوڕی (الحمام) و (عوف)ی کوڕی (الحارث) - ابن الفراء - ، لەو جەنگەدا چەند دیمەنێکی سەرنج ڕاکێش وەدەرکەوت ، کە تیایدا هێزی بیروباوەڕ خۆی دەنوێنێت ، لەو جەنگەدا باوکان بە ڕۆڵەکانیان گەیشتن ، برا بە برا دەگەیشت بیروباوەڕیان یەك نەبوو ، شمشێر یەکلایی کردنەوە ، ژێردەستەکان ڕووبەڕووی سەردەستەکانیان بوونەوەو ، داخی دڵی خۆیان پێ ڕشتن.

1. (ابن اسحاق) لە (ابن عباس)ە وە دەگێڕێتەوە ، کە پێغەمبەر ﷺ بەیارانی فەرموو : من دەزانم هەندێك لە پیاوەکانی (بنی هاشم) و هی تریش بەزۆرە ملێ لەگەڵ ئەوانەدا هێنراون ، هیچ کارێکیان نیە بە شەڕکردن لەگەڵ ئێمەدا ، هەر کەسێك لەخێڵی (بنی هاشم)ی بینی نەیکوژێت ، هەرکەسێك (ابو البختری) کوڕی (هشام)ی بینی نەیکوژێت ، هەرکەسێك (عباس)ی کوڕی (عبدالمطلب)ی بینی با نەیکوژێت ، ئەو پیاوە بە زۆر هێنراوەتە دەرەوە . (ابو حذیفة)ی کوڕی(عتبة) وتی : ئایا ئێمە باوان و ڕۆڵەو براو خێڵەکەی خۆمان بکوژین و ، واز لە (عباس) بهێنین ؟ وەڵڵاهی ئەگەر پێی بگەم

بەشمشێر لەتی دەکەم ، ئەم قسەیە گەیشتووە بەپێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : بە (عمر)ی کوڕی (خطاب) : (ابو حفص) ئەریٚ دەکرێت مامی پێغەمبەر بەشمشێر لە دەم و چاوی بدرێت؟ (عمر) فەرمووی : پێغەمبەری خوا ، رێگەم بدە بدەم لە گەردنی ، وەڵڵاهی دووڕوو بوەتەوە .

(ابو حذیفة) هەمووجارێك دەیووت: زۆر لەو قسەیە دەترسام کە لەکاتی خۆیدا کردم ، پێم وایە مەگەر شەهیدی وەگەرنا هیچ شتێك نایسڕێتەوە ، ئەوەبوو لەشەڕی (یمامە)دا بەشەهیدی سەری نایەوە .

٢. قەدەغە کردنی کوشتنی (ابو البختری)یش لەبەر ئەوەبوو کە لەمەککەدا لە هەموو قوڕەیشیەکان زیاتر ئازاردانی پێغەمبەری پیٚ ناخۆش بوو، هیچ ئازاری نەدەداو، پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ شتێکی خراپی پیٚنەگەیشتوە لەلایەن (ابو البختری)یەوە ، ئەو پیاوە یەکێك بوو لەو کەسانەی کە هەستان بۆ دڕاندنی پەیماننامەی پەیوەندی بڕین لەگەڵ (بنی هاشم) و (بنی عبد المطلب) دا.

کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە شەڕەکەدا (ابوالبختری) کوژرا ، هۆکەشی ئەوەبوو کە (مجذر)ی کوڕی (زیاد)ی (بلوی) لەناو شەرەکەدا پێی گەیشتبوو ، هاورێیەکی لەگەڵدا بوو ، پێکەوە شەڕیان دەکرد ، (مجذر) پێی دەڵێت : ئەی (ابو البختری) پێغەمبەری خوا لێی قەدەغە کردوین تۆ بکوژین ، (ابوالبختری) وتی : ئەی هارێکەم ؟ (مجذر) وتی : نەخێر واز لەهاورێکەت ناهێنین ، ئیدی (ابوالبختری) وتی : وەڵڵاهی دەبێت هەردووکمان پێکەوە بمرین ، پاشان دەستیان دایە شەڕ لەگەڵ یەکتردا ، (مجذر) ناچاربوو بیکوژێت .

٣. (عبدالرحمن)ی کوڕی (عوف) و (امیە)ی کوڕی (خلف) لەسەردەمی جاهیلیدا لە مەککە هاورێی یەك بوون ، لە ڕۆژی شەڕی بەدرا (عبدالرحمن) بەلایدا تێپەڕی لەگەڵ (علی) کوڕیدا وەستابوو، دەستی گرتبوو، (عبدالرحمن) یش چەند قەڵغانێکی دەستکەوتی پێبوو ، وتی بە(عبدالرحمن) : هیچت پێیە بۆ من ؟ خۆ من لەهەموو ئەو قەڵغانانەی دەستت باشترم ، بەڕاستی هەرگیز ڕۆژی وەك ئەمڕۆم نەدیوە ، ئایا پێویستتان بە شیر نیە ؟ مەبەستی ئەوەبوو کە هەر کەسێك دیلی کردووە بە وشترێکی شیردەری چاك فیدیەی دەداتیٚ - (عبدالرحمن) قەڵغانەکانی فڕێداو پاشان وتی : ئومەییە پێی وتم : لەوکاتەدا من لەنێوان ئومەییەو کوڕەکەیدا وەستابووم : ئەو پیاوەتان کیٚ بوو کە

پەڕی سیمرغی دابوو لە بەرۆکی ؟ وتم : ئەوە (حزە)ی کوڕی (عبدالمطلب) بوو ، وتی : هەرچیمان بەسەردا هات ئەو پیاوە پێی کردین.

(عبدالرحمن) دەڵێت: هەردووکیانم دایەبەرخۆم لەدوورەوە بیلال هەردووکیانی بینی کە لەگەڵمدا بوون. ئومەییە لەمەککەدا بەبەردەوامی ئەشکەنجەی بیلالی دەدا ، بیلال هاواری کرد : هەی سەری کوفرو بێباوەڕی (ئومەییە)ی کوڕی (خلف) خوا بمکوژێت ئەگەر نەیکوژم ، وتم : کوڕە بیلال نەکەی ، ئەوە دیلی منە ، وتی : خوا بمکوژێت ئەگەر نەیکوژم ، وتم : ئەرێ کوڕی ژنە ڕەشەکە گوێت لێمە ؟ ئەو هەر وتی : خوا بمکوژێت ئەگەر نەیکوژم ، پاشان بەدەنگی بەرز هاواری کرد ، ئەی ئەنسارەکانی خودا ، ئەمە سەری کوفر (امیە)ی کوڕی(خلف) ە ، بمرم ئەگەر نیکوژم ، دەڵێت : چوار دەوریان گرتین و خستیانە نێوکەوانەوە ، من بەرگریم لێدەکرد ، دەڵێت : پیاوێکیان لەناکاو شمشێرێکیدا لە قاچی کوڕەکەی خستی ، (امیە) هاوارێکی وای کرد شتی وام هەرگیز گوێ لێ نەبووبوو ، منیش وتم : خۆت قوتارکە ئێمە ناتوانین ڕزگارت بکەین ، ئەنجا ئەوان هەڵیان کوتایە سەریان دانیانە بەر شمشێر هەتا ساردیان کردنەوە ، هەموو جارێ (عبدالرحمن) دەیوت : خوا ڕەحم بە بیلال بکات ، بێ قەزابێت ، من قەڵغانەکانیشم لەکیس چوو ، لە دیلەکانیشمدا دڵی ئێشاندم .

لە(زاد المعاد) یشدا هاتووە ، کە(عبدالرحمن)ی کوڕی (عوف) بە(امیە)ی وت : دانیشە ئەویش دانیشت (عبد الرحمن) خۆیدا بەسەریدا ، لەژێر (عبد الرحمن) یشەوە دایانە بەر شمشێر هەتا کوشتیان لەهەندێك شوێنەوە قاچ و قۆڵی (عبد الرحمن) یشیان بریندار کرد [1] .

٤. (عمر) کوڕی (خطاب) ﷺ لەو ڕۆژەدا خاڵی خۆی کوشت ، کە ناوی (العاص) کوڕی (هشام)ی کوڕی (المغیرە) بوو.

٥. (ابوبکر)ی (الصدیق) (ر) لەناو شەڕەکەدا هاواری کرد لە کوڕەکەی (عبد الرحمن) کە لەو کاتەدا لەگەڵ موشریکاندا بوو ، وتی : پیسی خراپ چیت کرد لە ماڵ و سامانەکەم ؟ (عبدالرحمن) یش وتی :

لـــم یبق غـــیر شکـــة و یعبوب وصـــارم یقتـــل ضلال الشیب

٦. کە موشریکان دەستیان هەڵگرت و تەسلیم بوون ، پێغەمبەری خوا ﷺ لە کوخەکەیدا بوو، (سعد)ی کوڕی (معاذ)یش بەشمشێرەکەی دەستی

---

[1] زاد المعاد ٢/ ٨٩

پاسەوانیی بەردەرگاکەی دەکرد ، پێغەمبەری خوا ﷺ لەڕەنگ و ڕووی (سعد) دا ئەوەی دەخوێندەوە کە پێی ناخۆشە ئەوانەیان دیل کردووە، پێی فەرموو: ئەریْ (سعد) دەڵێی ئەو بارو دۆخەت پیْناخۆشە ؟ وتنی : بەڵیْ پێغەمبەری خوا. ئەمە یەکەم کارەساتە کە بەسەر موشریکاندا هاتبێت ، کوشتنیانم بەلاوە چاکتر لە هێشتنەوەیان .

٧. شمشێرەکەی (عکاشە)ی کوڕی (محصن الاسدی) لەو ڕۆژەدا قرتا ، هاتە لای پێغەمبەر ﷺ ئەویش کۆتەرە دارێکی دایەو فەرمووی : (عکاشە) بەمە شەڕ بکە ، کە لەپێغەمبەری خوای وەرگرت ﷺ ڕای وەشاند . بەدەستیەوە بوو بەشمشێرێکی درێژی، ڕەقی بڕندە . شەڕی پیْکرد تا خودای گەورە فەتحی نارد بۆ موسڵمانەکان ، ئەو شمشێرە ناونرا بوو (العون) ، پاشانیش لەلای مایەوە شەڕی پێدەکرد ، تا لە جەنگەکانی هەڵگەڕاوەکاندا شەهید کرا.

٨. پاش تەواوبوونی شەڕەکە (مصعب)ی کوڕی (عمیر العبدری) بەلای براکەیدا تێپەری کە ناوی (ابو عزیز) بوو ، بەدەست یەکێك لە ئەنساریەکانەوە دیل کرابوو، (مصعب) بە ئەنساریەکەی وت: توند دەستی بگرە ، دایکی دەوڵەمەندە، بەڵکو لەباتی ئەودا خوێنباییت بداتیْ ، (ابو عزیز) وتی بە (مصعب) ئەمەیە وەسێتی تۆ بۆ من ؟

(مصعب) وتی : ئەو کابرا ئەنساریە برای منە نەك تۆ .

٩. کاتێك کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانیدا بە ئەسپەردەکردنی لاشەی موشریکان لە (قلیب)داو لاشەی (عتبە)ی کوڕی (ربیعە) یان ڕاکێشا بەرەو (قلیب) ، پێغەمبەر ﷺ سەیرێکی دەم و چاوی (ابو حذیفة)ی کوڕی کرد ، بینی زەرد هەڵگەرابوو فەرمووی: (ابو حذیفة) ئەڵێی لەبارەی باوکتەوە شتێکت لەدڵدایە ؟ وتی: نەخێر پێغەمبەری خوا ، سوێند بەخوا هەرگیز بەدگومانیم بۆ دروست نەبووە لەکوژرانی باوکمدا ، بەلاّم سەیرم دەکرد ، کە باوکم خاوەن عەقڵ ئاغریی و ئازایی و ڕێزێکی تایبەتیە ، ئاواتم و خواست کە ئەوە ڕێنومایی بکردایە بۆ ئیسلام ، کاتێك کەبینیم کوژرا ، ئەوەم بیرکەوتەوە کە ئەو لەسەر کوفرو مردوە ئەوە زۆر ناڕەحەتی کردم ، پێغەمبەری خوا ﷺ گوتەیەکی جوانی پیْ فەرموو ، دۆعای فێری بۆ کرد .

تەرمەکانی هەردوولا

شەڕەکە بەشکاندنێکی خراپی موشریکان و سەرکەوتنێکی گەورەی موسڵمانان کۆتایی هات لەموسڵمانەکان (١٤) چواردەکەس شەهیدبوون . شەش کۆچەری و هەشت ئەنساریی.

موشریکانیش تووشی زیانێکی گەورە هاتن . حەفتایان لێ‌کوژراو حەفتاشیان لێ بەدیل گیرا . زۆرینەشیان سەرکردەو فەرماندەو پاڵەوانەکانی قورەیش بوون .

کەجەنگەکە کۆتایی هات پێغەمبەری خوا ﷺ بەسەر کوژراوەکانەوە وەستاو پێی فەرموون: بەراستی ئێوە خراپترین کەسی پێغەمبەرەکەتان بوون . بەدرۆتان خستمەوە لەکاتێکدا خەڵك هات بەدەممەوە، سەرتان شۆڕکردم لە کاتێکدا کە خەڵك پشتیوانیان لێ‌کردم ، دەرتان کردم کەچی خەڵك جێگەی کردمەوە . پاشان فەرمانیدا - رایان کێشان و خستنیانە یەکێك لە چاڵەکانی بەدرەوە .

لە (ابي طلحة)ەوە . پێغەمبەر ﷺ لە رۆژی بەدردا فەرمانیدا ، بیست و چوار فەرماندەی قورەیشیان فرێدایە ناو پەنا شیوێکی بەدرەوە . نەریتی وابووە بەسەر هەر کۆمەڵێکدا سەربکەوتایە لە ساراکەدا سێ‌شەو دەمایەوە ، لە ڕۆژی سێیەمدا کەلە بەدر بوون فەرمانیدا کاروانەکەی رێکخەن، پاشان رۆشت هاوەڵەکانی بەدواییدا رۆشتن، چووە سەرچاڵی گۆڕەکان و. دەستی کرد بە بانگ کردنیان هەریەکەیان بەناوی خۆیان و باوکیانەوە ، فلانی کوڕی فلان ، فلانی کوڕی فلان ، ئایا باشتر نەبوو ئەگەر بەگوێی خوداو پێغەمبەرەکەیتان بکردایە ؟ ئەوە ئێمە بەمە گەیشتین کە خودا بەڵێنی پێدابووین ، ئایا بەڕاستی ئێوەش بەوە گەیشتن کەخودا وادەی پێدابوون؟ (عمر) ﷺ وتی: پێغەمبەری خوا چ جەستەیەکی بێ گیان قسەی کردووە ؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : سوێندم بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئێوە باشتر لەوان ئەو قسانەی من نابیستن . لەگێڕانەوەیەکی تردا ، بەڕاستی ئێوە زیاتر لەوان نابیستن ، بەڵام ئەوەیە کەناتوانن وەڵام بدەنەوە [1] .

---

(١) متفق عليه ، مشكاة المصابيح ٢ ٣٤٥

(مەككە) هەواڵی ژێرکەوتنەکەی پێدەگات

موشریكان لەمەیدانی بەدردا بەشێوەیەکی ناڕێك هەڵاتن و بەشیوو دۆڵەکاندا پەرش و بڵاوبوونەوەو بەترسەوە بەرەو مەککە ڕایاندەکردو لە شەرماندا نەیاندەزانی چۆن بڕۆنە مەککەوە .

(ابن اسحاق) دەڵێت : یەکەم کەسێك هەواڵی کارەساتەکەی گەیاندە مەککە (الحسیمان)ی کوڕی (عبدالله الخزامی) بوو . وتیان: چ هەواڵێکت پێیە ؟ وتی: (عتبە)ی کوڕی (ربیعە) و (شیبە)ی کوڕی (ربیعە) و (ابوالحکم) کوڕی (هشام) و (امیە)ی کوڕی (خلف) کوژراون لەگەڵ چەند پیاوێکی تردا کە - ناوی بردن - کەدەستی کرد بەژماردنی سەرکردە کوژراوەکانی قوڕەیش ، (صفوان)ی کوڕی (امیە) کە لە (الحجر)دا دانیشتبوو ، وتی : وەڵلاهی عەقڵ نایگرێت ئادەی هەواڵی منی لێ بپرسن . وتیان : ئەی (صفوان)ی کوڕی (امیە) چی لێهات ؟ وتی : ئەوەتا لە (حجر)دا دانیشتووە ، وەڵلاهی چاوم لێ بوو باوك و براکەی بەیەکەوە کوژران .

(ابو رافع) غوڵامەکەی پێغەمبەر ﷺ دەڵێت : خزمەتکاری (عباس) بووم . هاتبوە ناومانەوە بۆ ئەهل و بەیت ، (عباس) موسڵمان بوو ، (ام الفضل)و منیش موسڵمان بووین . (عباس) ئیسلام بوونەکەی شاردبۆوە (ابولهب) نەچوو بوو بۆ شەڕی بەدر . کە هەواڵەکەی بەدر هات دەمکوت بوو سەری شۆڕ کرد ، هەستمان بەخۆشی و سەربەرزی دەکرد . من پیاوێکی لاوازبووم دەفرم دروست دەکرد . لە ژوورەکەی زەمزەمدا هەڵم دەکۆڵی . سوێندبێت لەوێدا دانیشتبووم خەریکی هەڵکۆڵینی دەفرەکانم بوو (ام الفضل) یش لەپاڵمدا دانیشتبوو ، ئەو هەواڵەی پێمان گەیشت زۆر دڵی خۆش کردبوین ، (ابو لهب) بەبێزاری و بێتاقەتیەکی زۆرو داخ لەدڵیەوە بەرەو لای ئێمە دەهات ، هات و لەپاڵ (حجر)دا دانیشت . پشتی کردە من . لەوحاڵەدا دانیشتبووم ، خەڵك وتیان: ئەوە (ابوسفیان)ی کوڕی (حارث) ی کوڕی (عبدالمطلب) هات ، (ابولهب) پێی وت : ئادەی وەرە بۆلام . سوێند دەخۆم هەموو هەواڵەکەت لەلایە ، دەڵێت : لەلای دانیشت . خەڵك لەدەوری کۆ بوونەوەوە ، وتی : برازا هەواڵم بدەرێ بزانم بارودۆخەکە چۆن بوو؟ (أبو سفیان) وتی : وەڵلاهی هەر ئەوەندەمان خۆش بوو چووینە شەڕەکەوە خێرا شانمان بۆ شل کردن . بەئارەزووی خۆیان لێیان کوشتین و بەدیل گرتین ، وەڵلاهی سەرباری ئەوەش من لۆمەی کەس ناکەم ، هەندێك پیاومان پێگەیشت سەرتاپا سپی بەسواری ئەسپی مارۆوە لەنێوان ئاسمان و زەمیندا وەستابوون . وەڵلاهی ئەوانە هیچیان نەهێشت ، هیچ کەسیش نەیدەتوانی بەرامبەریان بوەستێت .

(ابو رافع) دەڵێت : چمکێکی (حجر)م بەرز کردەوەو وتم : وەڵڵاهی ئەوانە فریشتە بوون . دەڵێت: (ابولهب) دەستی بەرزکردەوەو یەك زللەی توندی لێدام . منیش ڕەتم دایەوە . هاتە گیانم دامی بەزەویدا ئەنجا کەوتە لێدانم . من پیاوێکی لاواز بووم ، (ام الفضل) هەستا کۆڵەکەیەکی هەڵگرت و کێشای بەسەریدا . خوێنی لێهێناو پێی وت: کە زانیت ئاغای لێرەنیە بێکەس کوژت کرد ، (ابو لهب) سەری شۆڕکردو لێیدا ڕۆیشت ، سوێند بەخوا تەنها حەوت شەوی تر ژیاو ، خوای گەورە گەڕو گولی کردو کوشتی . (ئەوەش دەردێکە عەرەب نوقلانەی شەڕی پێ لێدەدەن . بۆیە کوڕەکانیشی وازیان لێهێنا . تاماوەی سێ ڕۆژ کەس نزیکی تەرمەکەی نەدەکەوتەوەو کەسیش هەوڵی نەدەدا بینێژێت کەکوڕەکانی لەقسەو باسی خەڵك ترسان . ئیتر هەستان چاڵێکیان بۆ هەڵکەند بەدار پاڵیان پێوەنا بۆناو چاڵەکەو لەدورەوە خۆڵیان بۆ فڕێدا تابەتەواوی دایانپۆشی).

بەم شێوەیە . خەڵکی ، هەواڵی شکستەکەی مەیدانی بەدریان پێگەیشت . ئەم هەواڵە کاریگەریەکی زۆرخراپی کردە سەریان ، گەشتە رادەیەك شین و واوەیلایان قەدەغە کرد بۆ مردوەکانیان ، نەبادا موسڵمانەکان ئۆخەی بکەن .

یەکێك لەو نوکتە خۆشانە کە ڕوویدا ئەوەبوو . (اسود)ی کوڕی (عبدالمطلب) سێ کوڕی لە شەڕی بەدرا بەرکەوتبوون و کوژرا بوون ، زۆر حەزی دەکرد بۆیان بگری ، چاوی کوێر بوو . شەوێك گوێی لەلاوانەوەیەك بوو . غولامەکەی نارد؟ وتی بەڵکو ئەمە خوایە ڕێگەی لاوانندنەوەیان دابێت . ئەرێ تۆ بڵێی ئەمە قوڕەیش بن و بۆ کوژراوەکانیان بگرین؟ بەڵکو ساخوا ڕێگەم بدەن بگریم بۆ (أبي حكمية)ی کوڕم . خەریکە جەرگم دەسوتێت . غولامەکەکە گەڕایەوەو وتی : ئەو لاوانەوەیە شینی ژنێکە بۆ وشترە ونبوەکەی دەگری، ئیتر (اسود) خۆی پێنەگیراو ئەم شیعرەی وت:

اتبكـــي أن تضـــل لهـــا بعير ويمنعهـــا من النوم السهود
فـــلا تبكي على بكر ولكن على بدر تقـــاصرت الجدود
علـــى بدر سراة بني هصيص ومخـــزوم ورهط أبي الوليد
وبكي ان بكيت علـــى عقيل وبكي حارثـــاً أسد الاسود
وبكـــيهم . ولا تسمي جميعاً ومـــالأبي حيكمة من نديد
ألا قد ســـاد بعدهم رجـــال ولولا يوم بدر لـــم يسودوا

(مەدینە) هەواڵی سەرکەوتنەکەی پێدەگات

کە خودای گەورە سەرکەوتنی بەخشی بەموسڵمانان ، پێغەمبەری خوا ﷺ دوو مژدەدەری نارد بۆ خەڵکی مەدینە، بۆئەوەی بەخێرایی مژدەکە یان پێ بگەیەنێت ، (عبداللە)ی کوڕی (رواحە)ی نارد بۆ خەڵکی سەرەوەو (زید)ی کوڕی (حارثة) یشی نارد بۆ خەڵکی خوارەوە .

جولەکەو دووڕووەکان کەوتبوونە جموجووڵ لەناومەدینەدا بە بڵاو کردنەوەی پڕوپاگەندەی درۆ ، زیاد لەوەش هەواڵی شەهید بوونی پێغەمبەریان بڵاوکردەوە ﷺ کاتێك کە یەکێك لە دووڕوان (زید)ی کوڕی (حارثة)ی بینی بە سواری ((القصوراء) وشترەکەی پێغەمبەرەوە بوو ، وتی : ئەریٚ وەڵڵا موحەممەد کوژراوە ، ئەوەش (قصوراء)ەو دەیناسینەوە ، ئەوەش (زید) ە لە ترساندا نازانێت چی بڵێت و سەری شۆڕ کردەوەو شکاوە .

کە هەردوو پیاوە کە گەیشتنە مەدینە موسڵمانان دەورەیان دان ، گوێیان گرت بۆ بیستنی هەواڵەکە ، تا بەتەواوی دڵنیابوون لە سەرکەوتنی موسوڵمانان ، ئیتر خۆشی هەموولایەکی گرتەوە ، هەموولایەکی مەدینە پڕ بوو لە دەنگی (لاالەالاالله و اللەاکبر) سەرانی ئیماندران - ئەوانەی لەمەدینەدا بوون - هاتنە دەرەوە بۆ سەر ڕێگاکانی شار بە مەبەستی پێشوازی کردن و پیرۆزبایی کردن لە پێغەمبەری خوا ﷺ ، بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەوە .

(اسامە)ی کوڕی (زید) دەڵێت: لەکاتێکدا کە تازە (رقیە)ی کچی پێغەمبەری خوامان ﷺ ئەسپەردە دەکرد کە خێزانی (عفان)ی کوڕی (عفان) بوو ، هەواڵی سەرکەوتنەکەمان پێگەیشت ، ئەوکاتە پێغەمبەری خوا ﷺ من و (عثمان)ی هاوسەری بەدیاریەوە دانابوو .

سوپاکەی پێغەمبەر ﷺ بەرەو مەدینە بەرێ دەکەویت

پێغەمبەری خوا ﷺ سێ ڕۆژ دوای کۆتایی هاتنی جەنگەکە لە بەدر مایەوە ، پێش بەرێکەوتنی لەشوێنی مەیدانی شەڕەکە ڕاجیاوازی لەنێوان سوپاکەدا لەسەر مەسەلەی دەستکەوتی شەڕ دروست بوو ، کە جیاوازیەکە توندتر بوو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی‌دا هەرچی کۆکراوەتەوە بیگێڕنەوە . هەموو دەستکەوتەکانیان هێنایەوە . پاشان وەحی هاتە خوارەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە :

لە (عبادە)ی کوڕی (صامت)ە وە دەڵێت : لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ دەرچووم ، شەڕی بەدرم لەگەڵدا بینی ، خوای گەورە کافرانی ژێرخست ، هەندێك لە موسڵمانەکان ڕاودویان کەوتن هەندێکیان لێ کوشتن و هەندێکیان بەدیلی لێگرتن . کۆمەڵێکی تریش چوون بۆ کۆکردنەوەی دەستکەوت و تالآنی ، هەندێکی تریش چواردەوری پێغەمبەریان دابوو ﷺ نەبادا دوژمن پەلاماری بدەن لەناکاودا ، هەتا شەو داهات ، ئەوانەی کە تالآنی شەڕەکەیان کۆ کردبووەوە ، لەبەینی خۆیاندا دەیانوت : خۆمان کۆمان کردۆتەوەو ، بەش کەسی پێوە نیە ، ئەوانەش کە بەدوای دوژمندا ڕایان کردبوو هەڵیاندایەو وتیان : ئێوە لەئێمە شیاوترنین ، ئێمە بووین دوژمنمان دوورخستەوەو ڕاومانناین ، ئەوانەش کە چواردەوری پێغەمبەریان گرتبوو ﷺ وتیان : ئێمەش لەوە دەترساین کە لەناکاودا بێنە سەر پێغەمبەر ﷺ بۆیە بەوەوە سەرقاڵ بووین، خوای گەورە ئایەتی ناردەخوارەوە: ﴿ يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنْفَالِ قُلِ الْأَنْفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ ﴾ الانفال ١، واتە: پرسیارت لێدەکەن ئەی موحەممەد لەبارەی ئەنفالەوە ، تۆش بڵێ : ئەنفال بۆ خوداو پێغەمبەرەکەیەتی لەخودای گەورە بترسن و نێوەندی خۆتان چاك بکەن و، بەگوێی خواو پێغەمبەرەکەی بکەن . ئەگەر بەڕاستی ئیماندارن ، ئیدی پێغەمبەری خوا ﷺ لەنێوان موسڵماناندا دابەشی کرد [1].

پاش سێ ڕۆژەکەی بەدر پێغەمبەر ﷺ سوپاکەی جوڵاند بەرەو مەدینەو ، دیلە موشریکەکانیشی پێ بوو ، هەروەها ئەو برە ئەنفالەشی پێ بوو کە لەکافرانی شەڕی بەدردا دەستی کەوتبوو ، (عبداللە)ی کوڕی (کعب)ی کردبووە بەرپرس بەسەریەوە . کە لەتەنگاوی (الصفراء) دەرچوون . لەسەر گردۆڵکەیەکی نێوان تەنگاوەکەو (نازیە) پاش ئەوەی کە پێنجیەکی لێدەرکرد ئەنجا دەستکەوتەکەی

---

[1] (احمد) دەریهێناوە ٥/ ٣٢٣ ، ٣٢٤ ، هەروەها (حاکم) ٢ ٣٢٦

بەیەکسانی دابەش کرد ، کە گەیشتنە ناوچەی (الصفراء) پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیدا بەکوشتنی (نظر)ی کوڕی (حارث) ، ئەم کابرایە هەڵگری ئاڵای موشریکان بوو لە شەڕی بەدرا ، یەکێك بوو لە تاوانبارە هەرە گەورەکانی قوڕەیش و خراپترین هەڵوێستی هەبوو بەرامبەر بەئیسلام و زۆر ئازاری پێغەمبەری خوای دەدا ﷺ ، (علی) کوڕی (ابو طالب) دای لەگەردنی .

کە گەیشتنە ناوچەی (عرق الظبیة)ش فەرمانیدا بەکوشتنی (عقبە)ی کوڕی (ابي معیط) ، پێشتریش باسمان کرد کە چۆن ئازاری پێغەمبەری دەدا ﷺ ، هەر ئەم بوو لەکاتی نوێژدا سەروپێی ئاژەڵی کرد بەسەر سەری پیرۆزی پێغەمبەردا ﷺ ، ئەوەبوو عەباکەی لە ملی پێغەمبەری ئاڵاندو ویستی بیتاسێنێت و ، خەریك بوو بیکوژێت ئەگەر ئەبوبەکر نەبوایە ﷺ ، کە فەرمانیدا بەکوشتنی وتی : کوڕەکانم کێیان هەیە ئەی موحەممەد ؟ فەرمووی : دۆزەخ [1] . (عاصم)ی کوڕی (ثابت الانصاري) کوشتی ، گوتراویشە (علی) کوڕی (ابو طالب) .

کوشتنی ئەو دوو ستەمکارە لە ڕووی سەربازییەوە پێویست بوو ، ئەوانە تەنها دیلی جەنگ نەبوون ، بەڵکو بە زاراوەی نوێ تاوانباری جەنگ بوون .

شاندەکانی پیرۆزبایی

کە پێغەمبەر ﷺ گەیشتە (روحاء) سەرانی موسڵمانەکانی پێگەیشت ، ئەوانەی کە پێشتر لەگەڵ بیستنی مژدەی سەرکەوتنەکەدا بەهۆی دوونێرراوەکە هاتبوونە دەرەوەی شار - هاتنە خزمەتی بۆ پیرۆزبایی کردن ، لەوێدا (سلمە)ی کوڕی (سلامە) پێی وتن: لەسەرچی پیرۆزبایمان لێدەکەن ؟ وەڵڵاهی ئەوانەی شەڕمان لەگەڵداکردن چەند پیرە پیاوێکی سەرساف بوون وەك وشتر . پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی کرد بەپێکەنین ، پاشان فەرمووی: برازا ، خۆ ئەوانە ئەنجوومەنی قوڕەیش بوون.

(اسید)ی کوڕی (حضیر) یش وتی: پێغەمبەری خوا ، سوپاس بۆ ئەو خودایەی سەری خستیت ، دڵی ئارام کردیت ، وەڵڵاهی پێغەمبەری خوا ، هەرگیز دواکەوتنم لە بەدردا لەبەرئەوە نەبوو کە پێم وابووبێت شەڕ دەکەیت لەگەڵ دوژمندا ، بڕوام وابوو کە مەسەلە کاروانەکەیە بۆیە نەهاتم ، ئەگەر بمزانیبایە بەدوژمن دەگەیت هەرگیز دوا نەدەکەوتم ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ڕاست دەکەیت .

---

[1] خاوەنی سەرچاوە (صحیح)ەکان ئەمەیان ریوایەت کردووە ، بروانە (سنن ابی داود) لەگەڵ پەراوێزەکەی

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ بەسەرکەوتوویی و سەری بەرزەوە چووە ناو مەدینەوە، هەرچی دوژمنی ناوەوەو دەرەوە هەبوو زەندەقیان لێی چوو بوو ، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی مەدینە موسڵمان بوون ، لەوکاتەوە (عبدالله)ی کوڕی (ابی) و تاقمەکەی بە ڕواڵەت و ئاشکرایی هاتنە ناو ئیسلامەوە .

دیلەکان دوای خۆی بەڕۆژێك گەیشتنەوە مەدینە، دابەشی کردن بەسەر هاوەڵانیداو وەسیەتی خێری بۆ کردن . هاوەڵان خۆیان خورمایان دەخواردو ، لەبەر وەسیەتەکەی پێغەمبەر نانیان دەدا بەدیلەکان .

مەسەلەی دیلەکان

کە پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشتەوە مەدینە . لەبارەی دیلەکانەوە ڕاوێژی بە (ابوبکر)ی هاوەڵی کرد ﷺ، فەرمووی : پێغەمبەری خوا ، ئەوانە ئامۆزاو براو خزمانی عەشرەتن ، من پێم باشە فیدیەیان لێ وەربگریت ، بەو پارەیەی وەری دەگرین هێزمان دەبێت بەسەر کافراندا . سا بەڵکو خوا هیدایەتیان بداو ببنە پشتیوانێك بۆ ئێمە.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی بە (عمر)ی کوڕی(خطاب) تۆچی دەڵێیت ؟ (عمر) وتی : وەڵڵاهی من لەگەڵ ڕایەکەی (ابوبکر) دانیم . پێم وایە کە تۆ بوار بدەیت من فلانە کەسی خزمم بکوژم . (علی)ش (عقیل)ی کوڕی (ابوطالب) بکوژێت و (حمزة)ش فلانە کەسی برای بکوژێت . تاپیشانی بدەین لای خوای خۆمان کە هیچ دڵ نەرمیەکمان تێدا نییە بەرامبەر بەموشریکان . ئەمانەش سەران و پێشڕەو سەرکردەکانی کوفرن.

(عمر) دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ مەیلی بەلای ڕایەکەی (ابوبکر)دا بوو ، قسەکەی منی بەدڵ نەبوو . خوێنبایی لێ وەرگرتن ، بۆ ڕۆژی سەرلەبەیانی چوومە خزمەت پێغەمبەر ﷺ بینیم لەگەڵ ئەبوبەکردا دەگریان ـ وتم : پێغەمبەری خوا تۆو هاوەڵەکەت بۆچی دەگرین ؟ ئەگەر گریانم بۆ هات منیش دەگریم . وەگەرنا خۆم دەگریەنم بۆ گریانی ئێوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : سەبارەت بە مەسەلەی دیلەکان کە هاوەڵەکانت ڕای خۆیان وت : بە وەرگرتنی خوێنبایی ، کەچی سزاکەیانم پێ نیشاندرا لە ئەو درەختە لێمانەوە نزیکتربوو . ئاماژەی بۆ درەختێکی نزیك کرد[1].

---

[1] تاریخ عمر بن الخطاب ، نوسینی (ابن الجوزی) ل ٣٦

خوای گەورە ئایەتی ناردە خوارەوە : ﴿ مَا كَانَ لِنَبِيٍّ أَنْ يَكُونَ لَهُ أَسْرَى حَتَّى يُثْخِنَ فِي الْأَرْضِ تُرِيدُونَ عَرَضَ الدُّنْيَا وَاللَّهُ يُرِيدُ الْآخِرَةَ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ . لَوْلَا كِتَابٌ مِنَ اللَّهِ سَبَقَ لَمَسَّكُمْ فِيمَا أَخَذْتُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ الانفال ٦٧ ـ ٦٨ واتە: بۆ هیچ پێغەمبەرێك نیە کە دیل گل بداتەوە تاکاتێك پایەدارو جێگر دەبێت لە زەویدا ، مەگەر کەل و پەل و شمەکی دونیاتان دەوێت ؟ خۆ خوای گەورە ئەو جیهانی دەوێت بۆتان و سەرفرازی قیامەتی ئێوەی مەبەستە ، خوا بالأدەست و دانایە ، خۆ ئەگەر بریارادەی خودا نەبوایە لەسەر ئەو شتانەی کە وەرتانگرت لەبەرامبەر ئازادکردنی دیلەکانەوە ئەوە تووشی سزایەکی سەخت دەبوون.

ئەو (کتاب)ە ش کە لە ئایەتەدا دەڵێت : پێشتر هاتووە مەبەست پێی ئایەتی : ﴿فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاءً﴾ محمد ٤ ، واتە : یان منەتیان بەسەردا بکەن بەریان بدەن ، یان فیدیەیان لێ بسێنن ، ئایەتەکە باسی مۆڵەتی وەرگرتنی فیدیەی تێدایە وەگەرنا سزا دەدران ، سەرزەنشتەکە بۆ ئەوە دابەزی ، چونکە ئەوان پێش جێگیر بوون و پایەداربوون دیلیان گلدایەوەو ، پاشان فیدیەیان وەرگرت لەو تاوانبارانەی کە دیلی شەڕ نەبوون ، بەڵکو تاوانباری جەنگ بوون ، ئەوانە یاسای نوێش وازیان لێناهێنێت و دادگاییان دەکات ، زۆرجاریش حوکمی دادگا لەبارەیانەوە کوشتن یان بەندیی کردن دەبێت هەتا مردن .

ئەوەبوو بڕیارەکە بەپێی بۆچوونەکەی (ابوبکر) (ڕ) جێگیربوو ، قسەیان لە دیلەکان وەرگرت ، هەر فیدیەیەکیش چوارهەزار درهەم بوو تا سێ هەزاردرهەم و تا هەزاردرهەم، خەڵکی مەککە خوێندەواریان هەبوو خەڵکی مەدینە خوێندەواریان نەبوو ، هەرکەسێکیان نەیتوانیایە فیدیە بدات، دە منالیان دەدایە دەست فێری خوێندەواریان بکەن ، کە فێری بکردنایە بەرەڵلای دەکردن.

پێغەمبەری خوا ﷺ بەبێ بەرامبەر هەندێکی تر لەدیلەکانی ئازادکرد ، لەوانە (المطلب)ی کوڕی (حنطب) و(صیفی) کوڕی (ابی رفاعە) و (ابوعزە الجمحی) ئەمەی بە ئەسیری گرتەوە لە ئوحودداو کوشتی و باسەکەی لەدواییدا دێت

(ختنە ابی العاص) یشی بەرەڵلا کرد بەمەرجێك دەستبەرداری (زینب) ببێت. پێشتریش (زینب) پارەومالی ناردبوو بۆ بەردانی (ابی العاص) ملوانکەیەکی تێدانابوو کەلای خەدیجە بوو ، بەو ملوانکەیەوە شووی کردبوو (ابی العاص) کاتێك پێغەمبەر ﷺ ملوانکەکەی بینی دلی نەرم بوو ، داوای کرد لەهاوەڵانی کە (ابی العاص) بەربدەن بەمەرجێك ڕێگە بدات کە (زینب) کۆچ بکات بۆ مەدینەو

دەستبەرداری ببێت ، (ابو العاص) ڕازی بوو ، پێغەمبەریش بەریدا و (زید)ی کوڕی (حارثة) و پیاوێکی تری ئەنساری نارد بەشوێن زەینەبی کچیداو پێی فەرموون : لە (بطن یأجج) بمێننەوە تا زەینەب بەوێدا دەگوزەرێت لەگەڵ خۆتاندا بیهێننەوە. هەردووکیان دەرچوون و لەسەرەوە لەگەڵ خۆیاندا هێنایانەوە ، بەسەرهاتی کۆچەکەی زەینەب زۆرو دورو درێژو خەمناکە .

(سهیل)ی کوڕی (عمرو) لەناوو دیلەکاندا بوو ، وتاربێژێکی کارامەبوو ، (عمر) فەرمووی : پێغەمبەری خوا هەردوو دانی پێشەوەی (سهیل)ی کوڕی (عمرو) دەربهێنە بازمانی تێی بگیرێت و ، بۆ ئەوەی لەمەودوا لەهیچ شوێنێکدا نەبێتە هۆی شێواندنی دەم و چاوی مرۆڤ و ، خەشم و قینی خوا لە ڕۆژی قیامەتدا.

(سعد)ی کوڕی (النعمان) چوو بۆ (عومرە) لەوێ (ابو سفیان) گرتی و بەندی کرد ، (عمرو) کوڕی (ابوسفیان) لەناو دیلەکاندا بوو، ناردیانەوە بۆ (ابو سفیان) ئەویش لە بەرامبەریدا (سعد)ی بەرەڵلا کرد .

قورئان لەبارەی شەڕەکەوە دەدوێت

لەبارەی ئەو جەنگەوە سورەتی (الانفال) هاتە خوارەوە ، ئەم سورەتە قسە لێکردنێکی خوداییە - ئەگەر ڕاست بێت بڵێین - لەبارەی ئەو جەنگەوە ، ئەم شێوە لێدوانە زۆر جیایە لەو گوتانەی کە مەلیك و سەرکردەکان دوای سەرکەوتن لێی دەدوێن .

خوای گەورە باری سەرنجی موسڵمانەکان - یەکجار - ڕادەکێشێت بۆ ئەو کەم و کورتی و لاوازیە ڕەوشتیانەی کەهێشتا تیاندا مابووەوەو ، هەندێکیان لێوەشایەوە ، بۆئەوەی هەوڵبدەن خۆیان کامڵتر بکەن و دەروونیان پاکژ بکەنەوەو لەو کەم و کورتیانە.

پاشان باسی پشتیوانی خوداوەندو سەرخستنی خۆیی بۆ موسڵمانەکان کردو تا لەخۆیان بایی نەبن و بەئازایەتی و قارەمانێتی خۆیان بوغرا نەبن و تووشی فیزو دەمار زلی نەبن و ، پشت بەخودای گەورە ببەستن و ، ملکەچ بن بۆ فەرمانی خوداو پێغەمبەر ﷺ .

پاشان ئەو ئامانج و مەبەستە گەورەانەی ڕوون کردەوە کە لەپێناویدا پێغەمبەر ﷺ ئەم غەزا خوێناویە ترسناکەی ئەنجامداو ، ڕێنومایی کردن بۆ ناسینی ئەو خەسڵەت و ڕەوشتانەی بوونە هۆی سەرکەوتن لە شەڕەکاندا.

پاشان گوتاری ئاراستەی موشریکان و دووڕووان و جولەکەو دیلەکانی شەڕەکە کردو ، ئامۆژگاریەکی باشی کردن ، بەشێوەیەك کە ڕێنومایییان بکات بۆ ملکەچ بوون بۆ ڕاستی و وابەستە بوون پێیەوەوە .

پاشان لەبارەی دەستکەوتی شەڕەوە گوتاری ئاڕاستە کردن و ، پرەنسیپ و بنەما سەرەکیەکانی ئەم مەسەلەیەشی بۆ کردن بەیاسا .

پاشان هەموو ئەو یاسایانەی بۆ ڕوون کردنەوە کە تایبەتن بەجەنگ و ئاشتیو، لەو قۆناغەدا زۆر پێویست بوو کە بانگەوازی ئیسلامی پێدا دەگوزەرا ، تاجەنگی موسڵمانەکان جیاوازیەکی هەبێت لەگەڵ ئەو جەنگانەدا کەخەڵکی جاهیلیەت ئەنجامیان دەداو ، بالأدەستی و گەورەێتی ئەوان دەرکەوێت لە ڕەوشت و بەهاو نموونە جوانەکانداو ، بۆ دونیاش بسەلمێنێت کە ئیسلام تەنها بۆچوونێکی تیۆریی نیە و بەس ، بەڵکو بە شێوەیەکی کرداریی شوێنکەوتوانی ڕادەهێنێت لەسەر ئەو بنەماو پرەنسیپانەی بانگەشی بۆ دەکات .

پاشان لەسەر چەند بەندێکی یاساکانی دەوڵەتی ئیسلامی پەسەندکرد کە لەڕووی مافەوە جیاوازی دەکات لەنێوان دانیشتوانی نێو سنوورەکانی و نیشتەجێیانی دەرەوەی سنوری دەوڵەتی ئیسلامیدا.

لەساڵی دووەمی کۆچیشدا ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان و سەرفیترە فەرز کران و ، پشکی جۆرەکانی تری زەکاتیش دیاریکران و ، بەو پێیە فەریزەی زەکات و پشکەکانی باسیان لێوەکراو بوونەهۆی بار سووککردنی بژێوی ئەو کۆچکەرە پەنابەرانەی کە نەیاندەتوانی هیچ جۆرە کاسبیەك بکەن .

یەکێك لەجوانترین هەڵوێستەکان ئەوەبوو کە یەکەم جەژنێك لە ژیانی موسڵمانانەدا بریتی بوو لەو جەژنەی کەوتە مانگی شەوالی ساڵی دووەمی کۆچی ، لەئاکامی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەدا کە لەبەدردا بەدەستیان هێنا ، چەندە جوانە جەژنی لەو شێوەیە پڕ لەئاسوودەیی و خۆشی خودا بیهێنێت و نێوچەوانیان بەتاجی سەرکەوتن وسەربڵندی برازێنێتەوە .

چەند گەورەە ئەو دیمەنی نوێژانەی ئەنجامیان دەدا پاش دەرچوونیان لەماڵەکانیان . بە ڕەزامەندی خودا پڕ دەبوو . ئاشوفتەی بەزەیی و ڕەزامەندی ئەو دەبوون لەدوای ئەو نازو نیعمەتانەی بەسەریاندا ڕژاندی و ، سەری خستن و باسی کردن و فەرمووی : ﴿ وَاذْكُرُوا إِذْ أَنْتُمْ قَلِيلٌ مُسْتَضْعَفُونَ فِي الْأَرْضِ تَخَافُونَ أَنْ يَتَخَطَّفَكُمُ النَّاسُ فَآوَاكُمْ وَأَيَّدَكُمْ بِنَصْرِهِ وَرَزَقَكُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴾ الانفال ٢٦ واتە : لە یادتان بێت ، کاتێك ئێوە کەمینەیەکی لاوازو ژێردەست بوون و لەوە دەترسان خەڵك لە زەوی خۆتاندا وەدەرتان بنێن ، کەچی خودای گەورە پەنای دان و سەری خستن و لە ڕۆزی جوان بەشی دان ، سا بەڵکو سوپاسی خودا بکەن .

چالاكی سەربازیی لەنێوان بەدر و ئوحوددا

غەزای بەدر یەكەم ڕووبەڕوو بوونەوەبوو لەنێوان موسڵمانان و موشریكاندا ، جەنگێكی یەكلاكەرەوە بوو ، دەسەڵات و سەركەوتنێكی وای بەخشی بە موسڵمانەكان كە هەموو عەرەب شایەتیان بۆ بدەن ، ئەوانەی كە زۆر بێ تاقەت بوون بەئەنجامی شەڕەكە بریتی بوون لەوانەی ڕاستەوخۆ شەڕەكەیان دۆڕاندبوو ، لە موشریكان ، یان ئەوانەی سەركەوتن و سەرفرازی موسوڵمانەكانیان بەگوررزی كەمەرشكێن بۆ قەوارەی ئاستی و ئابووری خۆیان دەزانی كە ئەوانیش جولەكە بوون ، هەر لەوكاتەوە كە موسڵمانەكان لەجەنگی بەدرا سەركەوتنیان بەدەست هێنا ئەو دووتاقمە ڕق و كینە داخی دڵیان كەف و كوّی دەدا دژ بە موسڵمانەكان : ﴿لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِّلَّذِينَ آمَنُوا الْيَهُودَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُوا﴾ المائدة ٨٢ واتە: دەبینیت كە داخ لەدڵترین كەس بەرامبەر بە ئیمانداران جولەكە و موشریكانن ، تاقمێكی كەش دروست بوون بۆ هاوپشتی ئەم دوو تاقمەی تر ئەمانە بەڕواڵەت هاتنە ناو ئیسلام ، لەناو مەدینەدا هیچ ڕێزو هەیبەتێكیان نەمابوو ئەوانیش (عبدالله)ی كوڕی (ابی) و تاقمەكەی بوون ، ئەم تاقمە ڕق و كینەیان لەوان كەمتر نەبوو .

تاقمی چوارەمین بریتی بوون لە عەرەبە دەشتەكیەكانی دەوروبەری مەدینە ، مەسەلەی كوفرو ئیمان بەلایانەوە زۆر گرنگ نەبوو ، بەڵام خەڵكی تالأنی و فەرهود بوون ، ئەمانە دڵەڕاوكێیان پێ كەوتبوو، بەم سەركەوتنە شڵەژان ، لەوە دەترسان كەلە مەدینەدا دەوڵەتێكی بەهێزی وەها دروست ببێت ئەو هێزو دەسەلأتەیان نەهێڵێت كە لە ڕێگەی تالأنكارییەوە دەستیان دەكەوت ، بۆیە كەوتنە ڕقەبەرایەتی لەگەڵ موسڵمانەكانداو بوون بە دوژمنیان.

بەم شێوەیە لە هەمولایەكەوە مەترسی چواردەوری موسڵمانەكانی دابوو ، لە هەمولایەكەوە ، بەڵام لە شێوازی مامەڵەدا جیاوازیان هەبوو لەگەڵ موسڵماناندا ، هەر كۆمەڵێكیان ڕێگەی تایبەتی خۆی گرت بۆگەیشتن بەئامانجەكانی خۆی ، لەكاتێكدا كە خەڵكی دەوروبەری مەدینە خۆیان بەموسڵمانی دەردەخست لە ژێریشەوە ڕێگەی پڕ لە پیلان و دەسیسەو شەڕ پێفرۆشتن و ڕقیان دەگرتەبەر، گروپێكی جولەكە دوژمنایەتی خۆیان ئاشكرا دەكردو، بێشەرمانە ڕقەبەرایەتیو كینەیان دەنواند، مەككەش هەڕەشەی لێدانێكی تۆڵەی كەمەرشكێنی دەكردو

بانگەشەی بۆ تۆڵەسەندنەوە دەکرد، خۆی ئامادە دەکردو شەیپوری جەنگی گشتی لێدەداو، زمانحاڵی دەنارد بۆ موسڵمانەکان تاپێیان بڵێت:

ولابـــد من يوم اعر محجل   يطول استمـــاعي بعده للنوادب

هەرواش بوو، قورەیش کەوتە پێش جەنگێکی ترسناک بەرەو قەڵاکانی مەدینە ، ئەو شەڕەش لە مێژوودا بە شەڕی (احد) ناسراوەو ، ڕۆڵێکی خراپی هەبوو لەسەر هەیبەت و ناوبانگ و سامی موسڵمانەکان.

موسڵمانەکان ڕۆڵی گرنگیان بینی لەزاڵ بوون بەسەر ئەو مەترسیانەدا کەتیایدا بلیمەتیی سەرکردایەتیی پێغەمبەر ﷺ لەحاڵەتی وریایی و پارێزی لەو مەترسیانەو بەرنامە دانان بۆ زاڵ بوون بەسەریدا دەرکەوت ، لەم چەند درێژەی دواییدا چەند دیمەنێکی بچوکیان دەخەینە ڕوو ،

غەزای (بنی سلیم) لە (كدر) دا

یەکەم هەواڵێکی هەواڵگرەکانی مەدینە گەیاندبێتیان بەپێغەمبەر ﷺ دوای جەنگی بەدر ئەوە بوو ، کە تیرەی (بنی سلیم) لەناو خێڵی (غطفان)دا هێزەکانیان کۆ دەکەنەوە بۆ هەڵکوتانە سەر مەدینە ، پێغەمبەر ﷺ بە دووسەد سوارەوە لەناکاو دای بەسەر ئەو تیرە خۆئامادەکردوانەداو لەناو جێگەکانی خۆیاندا شپرزەی کردن ، لە شوێنێکدا کەپێی دەڵێن (الكدر) جۆگە ئاوێکی (بنی سلیم) بوو لە (نجد) ، لەسەر ڕێگەی بازگرانی ڕۆژهەڵاتی نێوان مەککەو شام ، لەوێدا گەیشتە سەریان (بنو سلیم) فریانەکەوتن و هەڵاتن و لە شیوەکەدا پێنج سەد وشتریان بەجێهێشت و دەست سوپای مەدینە کەوت ، پێغەمبەری خوا ﷺ پاش ئەوەی پێنجیەکی لێدەرکردو دابەشی کردن بەسەر موسڵمانانەکاندا ، هەر پیاوێکیان دوو وشتری بەرکەوت ، غولامێکیشیان دەستگیرکرد ناوی (سیار) بوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ ئازادی کرد ، لەو جێگە و ماڵانەدا سێ ڕۆژ مایەوەو پاشان گەڕایەوە بۆ مەدینە.

ئەم غەزایە لەشەوالی ساڵی(٢)ی کۆچیدا بوو ، پاشگەڕانەوە لە بەدر بە حەوت ڕۆژ ، لەو شەڕەدا لەدوای خۆی (سباع)ی کوڕی (عرفظه)ی بەجێهێشت بەسەر شانی مەدینەوە دەشڵێن : (ابن ام مكتوم)ی بەجێهێشتووە [١].

[١] زاد المعاد ٢ ، ٩٠ ، ابن هشام ٢/٤٣ ، ٤٤ ، مختصر سيرة الرسول ، نووسينی شێخ عەبدوڵڵای نەجدی ل ٢٣٦

پیلانێك بۆ تیرۆركردنی پێغەمبەر ﷺ

لەئەنجامی شكستەكەی بێباوەڕاندا لەشەڕی بەدر ، زۆر ڕقیان هەستابوو ، مەككە وەكو ئاوی سەرئاگر كولْ قولْپی دەدا دژ بەپێغەمبەر ﷺ ، تا دوو پاڵەوانیان نەخشەیان دانا بۆ لەناوبردنی ئەوكەسەی جیاوازیی تێداناونەتەوەو ئەو شكستەی بەسەردا هێناون بەڕای ئەوان گوایە ئەوكەسە (پێغەمبەرە ﷺ)، پاش غەزای بەدر بە چەند ڕۆژێك (عمیر)ی كوڕی (وهب) الجمحی، لەگەڵ (صفوان)ی كوڕی (امیە) لەپاڵ دیواری كابەدا دانیشتبوون (عمیر) یەكێك بوو لەپیاوە شەیتان و فێڵبازەكانی قوڕەیش و لەناوشاری مەككە زۆر ئازاری پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەكانی دەدا، (وهب) ی كوڕیشی لای موسڵمانەكان دیل بوو، باسی كوژراوەكانی قولەیب و كارەساتەكانی كرد، (صفوان) وتی: سوێندبێت دوای ئەوان ژیان هیچ مانایەكی نییە.

(عمیر) پێی وت: وەڵڵاهی ڕاست دەكەیت ، سوێندبەخوا منیش ئەگەر ئەوقەرزەم لەسەر نەبوایەو ماڵ و منداڵەكەم نەبوایە كە دەترسم بمرن ، ئێستا سوار دەبووم دەچووم موحەممەدم دەكوشت ، بەهانەشم هەیە ، كوڕەكەم لای ئەوان دیلە.

(صفوان) ئەمەی بەهەلزانی و وتی: من قەرزەكەت دەدەمەوە ، خاوو خێزانیشت لەگەڵ خاوو خێزانی خۆمدا دەبن ، تا لە ژیاندا بن و دڵیان دەدەمەوە ، هەرچیەكم هەبێت دەیاندەمێ .

(عمیر) پێی وت : با ئەم مەسەلەیە لەنێوان من و تۆدا بێت ، وتی : باشە .

پاشان (عمیر) فەرمانیدا شمشێرەكەیان بۆ تیژو ژەهراوی كرد ، ئەنجا كەوتەڕێ بەرەو مەدینە ، گەیشتە مەدینە لە كاتێكدا كەلە (پاڵ دەرگای مزگەوتەكەدا بوو ، وشترەكەی ڕادەگرت ، (عومەر)ی كوڕی (الخطاب) ، لەگەڵ كۆمەڵە موسڵمانێكی تردا خەریكی باسی شەڕەكەی بەدر بوون لە دورەوە بینی ، (عومەر) (ڕ) فەرمووی: ئەوە (عمیر)ە سەگی دوژمنی خودایە ، بۆ شەڕ نەبێت هیچی بەدەستەوە نیە ، پاشان چوو بۆلای پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوە دوژمنی خوایە شمشێری بەدەستەوەیە هاتووە بۆ مەدینە ، فەرمووی : بۆم بكەرە ژوورەوە ، كە (عمیر) هات ، عومەر (ڕ) بەقایشی شمشێرەكەی دەسبەستی كردو ، بەپیاوێكی ئەنساری وت: بڕۆنە ژوورەوە لای پێغەمبەری خودا بوەستن و ، ئاگاتان لەم پیاوە خراپە بێت ، دڵنیانەبن لێی ، پاشان بردیە ژوورەوە ، كە پێغەمبەری ﷺ بەو شێوە بینی فەرمووی : (عمر) دەستی بكەرەوە ، ئەنجا ڕووی

کردە (عمیر) و فەرمووی : نزیك بەرەوە ، نزیك بووەوە ، (عمیر) وتی: (انعموا صباحا) ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : خوای گەورە بەسلاوێکی تر فێری کردووین کە لەوەی تۆ باشترە ، بەسلاو فێری کردووین ، ئەمە مەرحەبایی خەڵکی بەهەشتە .

پاشان فەرمووی : (عمیر) چی تۆی هێناوە ؟ (عمیر) وتی: هاتووم بۆلای ئەو دیلەی لاتانە بەڵکو لەگەڵیدا چاك بن ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ئەی ئەو شمشێرە چیە لەخۆت داوە ؟ وتی : خوا لەناوی بەرێت چ شمشێرێکە ، ئەمە چی بۆ ئێمە کردووە؟ فەرمووی : ڕاستم لەگەڵدا بڵێ بۆچی هاتویت ؟ عمیر وتی : تەنها بۆ ئەوە هاتووم.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: نەخێر وانیە ، ڕۆژێکیان تۆو (صفوان) لەپاڵ دیواری کابەدا دانیشتبوون ، باسی کوژراوەکانی (قلیب) تان دەکرد ، پاشان تۆ وتت : ئەگەر قەرزم بەسەرەوە نەبوایەتەو لەماڵ و منالم نەترساما یە ئێستا دەچووم موحەممەدم دەکوشت . ئەوەبوو (صفوان) قەرزو بژێوی ماڵ و منالەکانتی لە ئەستۆی گرت لەسەر ئەوەی تۆ من بکوژیت ، دڵنیاشبە خودا ناهێڵێت تۆ من بکوژیت .

(عمیر) وتی : شایەتی دەدەم کە تۆ پێغەمبەری خوایت ، پێغەمبەری خوا ئێمە هەموومان بەدرۆمان دەخستیتەوە کە تۆ هەواڵت لەئاسمانەوە پێدەگەیشت و نیگات بۆ دەهات ، ئەم مەسەلەیە تەنها لەنێوان من و (صفوان)دا بوو ، وەڵلاهی ئەم هەواڵە جگە لەخودا کەس بەتۆی نەگەیاندوە . سوپاسی خوادەکەم کە ڕێنوێنی کردم بۆ ڕێبازی ئیسلامەتی و ، ملی ئەم ڕێیەی پێگرتم ، پاشان شایەتومانی بەهەقی هێنا ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: براکەتان تێبگەیەنن لە ئاینەکەیی و ، فێری قورئان خوێندنی بکەن و ، دیلەکەشی بۆ بەربدەن .

(صفوان) یش لەمەککە زوو زوو دەیوت بەخەڵکی مەککە : مژدە بێت هەواڵێکی ئەوەندە خۆش دەبیستن ڕووداوێك تۆڵەی بەدرتان لەبیر دەباتەوە ، هەمووجارێك پرسیاری لەرێبواران و ئەسپ سواران دەکرد لەبارەی (عمیر)ە وە . تا یەکێکیان هەواڵی موسڵمان بوونەکەی دایە ، (صفوان) سوێندی خوارد کە قسەی لەگەڵدا نەکات و ، هیچی نەداتێ .

(عمیر) هاتەوە بۆ مەککەو مایەوەو خەڵکی بانگ دەکرد بۆ ئیسلامەتی ، لەسەر دەستیدا زۆرکەس موسڵمان بوو[1].

---

[1] ابن هشام ، ٦٦١/١ ، ٦٦٢ ، ٦٦٣

غەزای (بنو قینقاع)

پێشتر باسی ئەو پەیماننامەیەمان کرد کە پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ جولەکەدا بەستی ، زۆر سوور بوو ، لەسەر جێبەجێ کردنی ئەو خاڵانەی لەپەیماننامەکەدا هاتبوون . هەرواش بوو هیچ موسڵمانێك کارێکی نەکرد پێچەوانەی دەقێکی پەیماننامەکە بێت . بەلاّم جولەکە ، کە مێژووی خۆیان پڕکرد بوو لەخیانەت و ناپاکی و پەیمانشکێنی ، زۆری پێنەچوو چوونەوە سەرحاڵەتە کۆنەکانی خۆیان و . دەستیان کرد بەپیلان و گۆبەنگنانەوەو شەڕ فرۆشتن و ئاژاوەگێڕی و شڵەقاندنی ریزەکانی موسڵمانان ، ئەمەش چەند نموونەیەکە :

نموونەیەك لە فرت و فێڵی جولەکە

(ابن اسحاق) دەڵێت : (شاس)ی کوڕی (قیس)* جولەکە بوو . زۆر بە تەمەن بوو . زۆریش بێباوەڕ بوو، ڕق و کینەی لەدڵدا بوو بەرامبەر بەموسڵمانان و، حەسوودی پێ دەبردن ، جارێکیان بەلای کۆمەڵێك لەهاوەڵانی پێغەمبەردا ﷺ تێپەڕی ، لە ئەوس و خەزرەجدا دانیشتبوون قسەوباسی خۆیان دەکرد، زۆری پێناخۆش بوو کە بەو شێوەیە ئەوانی بینی وەکو برا لەژێر سێبەری ئیسلامدا دەژیان، پاش ئەو دوژمنایەتیەی کە لەسەردەمی جاهیلیەتدا هەیانبوو ، وتی: ئەوە خێڵی (قیلە) لەم شارەدا پێکەوە دانیشتوون . وەڵلاهی ئەگەر ئاوابن ئێمە هیچ بڕیارێکمان بۆ جێبەجێ ناکرێت ، وتی بەگەنجێکی جولەکە کە لەگەڵیدا بوو . بڕۆ بۆلایان ، لەگەڵیان دانیشە ، پاشان باسی ڕۆژی (بعاث) بکەو پێشتر چی ڕوویداوە ، هەندێك لەو شیعرانەی ئەو کاتانەیان بەسەردا بخوێنەرەوە . گەنجە چی پێ وترا بوو ئەنجامیدا ، ئیدی ئەوان کەوتنە قسەوتن بەیەك و ، شانازی بەخۆوە کردن . تا دوو پیاویان ئامبازی یەکتری بوون و دەستیان کرد بەشەڕە قسە، پاشان یەکێکیان وتی بەئەوی تریان: ئەگەر حەزتان لێیە شەڕی ئەهلی هەڵدەگیرسێنینەوە، هەردوولا تووڕەبوون هەستانەوە بۆ یەکترو وتیان بەیەك : دەست بدەنە چەك ، چوونە دەرەوە بۆ شەڕ خەریك بوو شەڕ هەڵگیرسێت .

هەواڵ گەیشتەوە بەپێغەمبەر ﷺ لەگەڵ کۆچکەراندا چوو بۆ لایان، تا گەیشتە لایان ، فەرمووی : گرۆی موسڵمانان ، بۆ خاتری خوا ، تازە دەست دەکەنەوە بەقسەوباسی سەردەمی جاهیلیەت ؟ لەکاتێکدا کە من هێشتا لەناوتاندام ، پاش ئەوەی خودا ڕێنومایی کردن بۆ ئیسلام و ڕێزی لێنان و ، بەئایینی ئیسلام پەیوەندی جاهیلیەتی بڕی و ، لەکوفر ڕزگاری کردن و ، دڵی هەمووتانی کرد بە یەك ؟

ئیدی خەڵکەکە زانیان کە ئەمە لەشەیتانەوە بووەو ، دەسیسەی دوژمنانیانە ، دەستیان کرد بەگریان ، پیاوانی هەردوولا دەستیان کردەوە ملی یەك، پاشان ملیان کەچ کردەوەو لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ بلاوەیان لێکردو دڵ و دەروونیان پاك بوەوە لە فێڵی (شاس)ی کوڕی (قیس) [1].

ئەمە نمونەیەك بوو لەو کارانەی جوولەکە پێی هەڵدەستان و هەوڵیان دەدا بەهۆیەوە ئاژاوەو شەڕ لەناو موسڵماناندا دەست پێ بکەن و ، کۆسپ دابنێن لەبەردەم ڕێبازی بانگەوازی ئیسلامیدا ، هەر لەو ڕێگەیەوە چەندین پلان و نەخشەیان هەبوو ، پڕوپاگەندەی درۆیان بلاودەکردەوەو ، ڕۆژی نیوەڕۆ باوەڕیان دەهێنا ، ئێوارەکەی کافر دەبوونەوە ، بۆئەوەی گومان لەدڵی مرۆڤە دڵ لاوازەکاندا بچێنن ، دەستیان دەنوقاند لە بەرامبەر ئەوانەدا کە باوەڕیان هێنابوو پەیوەندی داراییان لەگەڵیاندا هەبوو ، قەرزیان لە لای هەر موسڵمانێك بوایە شەوو ڕۆژ دەچوونە سەری ، ئەگەر قەرزاریشیان بوونایە دەیانخواردو بە ناهەقی نەیاندەدایەوەو ، دەیانوت : کاتێك تۆ قەرزت لای ئێمە هەبوو کە لەسەر ئایینی باوو باپیرانی خۆت بویت ، ئێستاکە وازت هێناوە هەقمان نیە بەسەرتەوە [2].

ئەمە ڕەفتاریان بوو لە پێش شەڕی (بدر)دا ، سەرباری ئەو پەیماننامەیەی کە لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ بەستبوویان ، پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵەکانی ئارامیان لەسەری دەگرت ، نەبادا شتێك ڕوو بدات و مەبەستیان بوو کەهێمنی و ئاشتی ناوچەکە بپارێزن.

---

[1] ابن هشام ١/٥٥٥ ، ٥٥٦

[2] زانایانی بواری تەفسیر چەندین نموونەیان باس کردوە لەکردەوەکانیان (تەفسیری سورەی (ال عمران) دا

بنو قینقاع پەیمان دەشكێنن

كاتێك (بنو قینقاع) بینیان كەخودای گەورە سەركەوتنێكی گەورەیدا بە موسڵمانان لەشەڕی بەدراو ، دەسەڵاتیان پەیدا كردو سام و شەوكەتیان چووە دڵی گەورەو بچوكەوە ، ئاستی ڕق و كینەیان زیاتری كردو بەئاشكرا دوژمنایەتیان دەكردو دەستدرێژی ئازاردانیان كەوتە بەرچاوان.

لە هەموویان كینە لە دڵترو داخ لە دڵتر (كعب)ی كوڕی (اشرف) بوو . دوایش باسەكەی دێت . هەروەها خراپترین و شەڕەنگێزترین تایەفەی جولەكە (بنو قینقاع) بوون . نیشتەجێی ناو شاری مەدینە بوون . لە گەڕەكێكدا بوون بەناوی خۆیانەوە ناویان نابوو . - زۆربەیان زەرەنگەرو ئاسنگەرو وەستای قاپ و قاچاخ بوون . لەبەرە ئەم ڕەوشتەیان هەموو یەكێكیان چەكی جەنگی هەبوو . ژمارەی شەڕكەرانیان حەوت سەد كەس دەبوون ، ئازاترین جولەكەی مەدینە بوون ، یەكەم تاقمیش بوون كە وادەو بەڵێنیان شكاند لەناو جولەكەدا.

كاتێك كەخودای گەورە موسڵمانەكانی لە شەڕی بەدرا سەرخست ، ملهوڕیی ئەمان زیادی كرد ، دەستیان كرد بەزیاتر شەڕفرۆشتن و ڕق هەستاندنی موسڵمانان . ئاژاوەیان دەنایەوە . گاڵتەیان پێدەكردن . وای لێهات شەڕیان بە ژنە موسڵمانەكان دەفرۆشت.

كاتێك كە مەسەلەكە گەورە بوو دەست درێژیەكانیان توندتر بوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ كۆی كردنەوەو . وتاری بۆدان و بانگەشەی كردن بۆ مەنتیقی عەقڵ و ڕێنوێنی و . ئاگاداری كردنەوە لە هەر دەست درێژی و دوژمنكاریەك . بەڵام ئەوان لە شەڕەنگێزی و لووت بەرزیدا پێی زیاتریان لێ ڕاكێشا.

(ابوداود) و ئەوانی تر دەگێڕنەوە لە(ابن اسحاق)ە وە (ر) دەڵێت: كە پێغەمبەری خوا ﷺ لەشەڕی بەدردا سەركەوت بەسەر قوڕەیشداو، گەڕایەوە بۆ مەدینە، جولەكەكانی لەبازاڕی (بنو قینقاع)دا كۆكردەوە، پێی فەرموون : خێڵی جولەكە ، ملكەچ بن پێش ئەوەی ڕووداوێكی وەك ئەوەی قوڕەیشتان بەسەردابێت . وتیان : ئەی موحەممەد ، لە خۆت بایی مەبە كەچەند پیاوێكت لەقوڕەیش كوشتوە ، ئەوانە هەرزەبوون شەڕیان نەدەزانی ، ئەگەر شەڕمان لەگەڵدا بكەیت ئەوجا دەزانیت كە خەڵكی شەڕكەر ئێمەین ، تۆ تا ئێستا شەڕت لەگەڵ خەڵكی وەك

ئێمەدا نەکردووە ، خوای گەورە ئایەتی ناردە خوارەوە : ﴿ قُلْ لِلَّذِينَ كَفَرُوا سَتُغْلَبُونَ وَتُحْشَرُونَ إِلَى جَهَنَّمَ وَبِئْسَ الْمِهَادُ قَدْ كَانَ لَكُمْ آيَةٌ فِي فِئَتَيْنِ الْتَقَتَا فِئَةٌ تُقَاتِلُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَأُخْرَى كَافِرَةٌ يَرَوْنَهُمْ مِثْلَيْهِمْ رَأْيَ الْعَيْنِ وَاللَّهُ يُؤَيِّدُ بِنَصْرِهِ مَنْ يَشَاءُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَعِبْرَةً لِأُولِي الْأَبْصَارِ ﴾ آل عمران ١٢،١٣ [١]. واتە : بڵێ بە بێباوەڕان ژێردەکەون و حەشر دەکرێن بەرەو دۆزەخ و خراپترین شوێن . لەو دووکۆمەڵەدا کە بەیەکگەیشتن بەڵگەو پەندێکی تەواوی تێدا بوو بۆ ئێوە ، کۆمەڵێکیان لەپێناوی خوادا جەنگی دەکردو ، کۆمەڵێکیشیان کافر بوون ، بەو ئەندازەیە کۆمەڵێکی تریان بەچاوی خۆیان دەبینی ، خوای گەورە خواستی لەسەر بێت پشتیوانی هەرکەسێك دەکات خۆی بیەوێت ، ئەمە پەندی تێدایە بۆ بینایان .

وەڵامی (بنو قینقاع) بۆ ئەم ئایەتانە ڕاگەیاندنی جەنگ بوو . بەڵام پێغەمبەر ﷺ ڕقەکەی خواردەوەو موسڵمانیش دانایان بەخۆیاندا گرت . چاوەڕوانی ڕۆژگار بوون ، زۆری پێنەچوو لەناو مەدینەدا (بنو قینقاع) ئاژاوەو پشێویان دروست کردو ، بە دەستی خۆیان چاڵی مەرگیان بۆ خۆیان هەڵکەندو، ڕێگاکانی ژیانیان لەخۆیان بڕی .

(ابن هشام) لە (ابی عون)ەوە دەگێڕێتەوە ، جارێکیان ژنە عەرەبێك شمەکی هێنابوو، لە بازاڕی (بنو قینقاع) فرۆشتی ، لای کابرایەکی زەڕەنگەر دانیشت ، چەند جولەکەیەك داوایان لێکرد کە دەموچاوی خۆی دەربخات ، ڕازی نەبوو ، زەڕنگەرەکە لایەکی کراسەکەی بەستەوە بەپشتیەوە ژنەکە ئاگای لێنەبوو . کە هەستا عەورەتی دەرکەوت . جولەکەکانت کەوتنە گاڵتەو پێکەنین ، ژنەکە هاواری لێ هەستا ، پیاوێکی موسڵمان ئامبازی زەڕەنگەرە جولەکەکە بوو کوشتی ، جولەکەکانی تر هەڵیان کوتایە سەر پیاوە موسڵمانەکەو کوشتیان ، کەسوکاری پیاوە موسڵمانەکە هانای هێنا بۆ موسڵمانەکان دژ بە جولەکە شەڕ دەستی پێکرد لەنێوان ئەمان و جولەکەی (بنو قینقاع) دا [٢].

---

[١] سنن ابی داود لەگەڵ (عون المعبود) ٣/١١٥ ، ابن هشام ١/٥٥٢
[٢] ابن هشام ٢/٤٧ ، ٤٨

ئابلۆقەدان و خۆ بەدەستەوەدان و دەرکردن

ئیدی پێغەمبەر ﷺ ئارامی لێ بڕا ، (لبابە)ی کوڕی (عبد المنذر)ی بەسەر مەدینەوە داناوئالآی موسڵمانای‌دا بەدەست (حمزە)ی کوڕی (عبد المطلب)ە وە ﷺ سەربازانی خودای ڕێکخست بەرەو (بنو قینقاع) کەبینیان واسوپای موسڵمانەکان هات، ڕایانکردە ناو قەلآکانیانەوە. موسڵمانان بەتوندی ئابلۆقەیاندان، ئەم ڕووداوە لەڕۆژی شەممەی نیوەی مانگی شەوالی ساڵی (٢)ی کۆچیدا بوو. ئابلۆقەکەکە ماوەی (١٥) ڕۆژی خایاند تا شەوی یەکەمی مانگی (ذي القعدة) ترسێکی زۆر کەوتە دڵیانەوە ئەو ترسە بوو کە خودا بیویستایە هەر کۆمەڵێك سەر شۆڕ بکات دەیخستە دڵیانەوە . ئیدی ملیان کەچ کرد بۆ فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەردنی خۆیان و ماڵ و منالٚ و ژنیاندا ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیدا باڵبەست کران .

ئیدی (عبدالله)ی کوڕی (ابی) کوڕی (سلول) بەدەوری دووڕووانەی خۆی هەستا، زۆرلالآیەوە لەپێغەمبەر ﷺ کە چاوپۆشیان لێبکات ، وتی: ئەی موحەممەد" داوات لێدەکەم چاك بە لەگەڵ هاوپەیمانەکانم . (بنو قینقاع) هاوپەیمانی (خرزج) بوون - پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵی گەرم و گوڕ نەبوو ، (ابی) جارێکی تر وتیەوە ، پێغەمبەر ﷺ ڕووی لێ وەرچەرخاند ، دەستی گرت بەئەڵقەیەکی قەڵغانەکەیەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : بەرم بدەو ، توڕە بوو هەتا دەموچاوی پیرۆزی ڕەش داگەڕا . پاشان فەرمووی: دایکت ڕۆڵەڕۆت بۆ بکات بەرم بدە، بەلآم کابرای دووڕوو هەر سوور بوو ، وتی : نەوەڵلا بەرت نادەم هەتا چاك نەبیت لەگەڵ دۆستەکانمدا ، چوارسەد کەس سەرپەتی و سێ سەدی کلآوپۆش لە هەموو حاڵەتێك بەرگریان لێکردووم . ئێستا تۆ دەتەوێت لە بەرەبەیانێکدا دروێنەیان بکەیت؟ سوێند بێت من کابرایەکم دەترسم شتێکم بەسەردابێت .

ئەم پیاوە دووڕووەکە هێشتا مانگێك بەسەر موسڵمان بونیدا نەگوزەرا بوو . پێغەمبەری خوا ﷺ دڵی ڕاگیرکرد ، بەخشینی بە ئەوو فەرمانی پێدان کە لەمەدینە دەرچن و لەنزیکیەوە نیشتەجێ نەبن ، ئەوەبوو دەرچوون بەرەو (اذرعات)ی شام ، کەمێکیان لەوێ مانەوە ئەوانی تریان لەناوچوون .

پێغەمبەری خوا ﷺ ماڵ و سامانەکەیانی لێ سەندن و دووقەڵغان و سێ شمشێرو سێ ڕمی لێدەرهێنا لەگەڵ پێنجیەکی دەستکەوتەکانیان ، ئەوکەسەش هەستا بەکۆکردنەوەی دەستکەوتی شەڕەکە (محمد)ی کوڕی (مسلمە) بوو [١]

---

[١] زاد المعاد (٢ ٧١ ، ٩١ ، ابن هشام ٢ ٤٧ ، ٤٨ ، ٤٩)

غەزای قاوت (سویق)

لەکاتێکدا کە (صفوان)ی کوڕی (امیه) و (جولەکە) و دووڕووان خەریکی دەسیسەو پیلانگێڕان بوون ، (ابو سفیان) بیری لەکارێکی کەم زیانی ناوبانگ زل دەکردەوە ، کە بەخێرایی بیکات ، تا پلەوپایەی خێڵەکەی پێ بپارێزێت و ، هێزی خۆی دەربخات ، ئاهی کردبوو کە ئاو بەرسەری نەکەوێت تا شەڕ لەگەڵ موحەممەددا نەکات ، دووسەد سواری لەگەڵ خۆیدا بردو تا سوێندەکەی بەجێ بهێنێت لەسەر جۆگە ئاوێکی ڕوو بەشاخی (نیب) دابەزی نزیك بوو لە مەدینە بەڵام نەیوێرا بەڕۆژ هێرش بکاتە سەر مەدینە ، هەستا بەئەنجامدانی کارێك کە لەچەتەگەریی دەچوو ، بەشەو بەشێوەیەکی نهێنی نزیك قەراغی شار بۆوەو ، چووەلای (حیی) کوڕی (اخطب) دای لە دەرگا ، نەیوێرا بیکاتە ژوورەوە ، چوو بۆ لای (سلام)ی کوڕی (مشکم) سەرۆکی (بنی النضیر) و خاوەنی گەنجینەکەیان بوو لەوکاتەدا ، داوای هاتنە ژوورەوەی کرد ، فەرموویان لێکرد ، ڕێزی گرت و شەرابی پێشکەش کرد ، هەواڵەکەی لای کەس نەدرکاند ، دوای ئەوە (ابو سفیان) هاتەوە لای هاوڕێکانی و ، مەفرەزەیەکی ناردن و ، چوونە سەر شوێنێکی قەراغی شاری مەدینە پێیان دەوت (عەریق) لەوێدا باخێکی خورمایان سووتاندو ، پیاوێکی ئەنساری هاوپەیمانێکیان بینی هەردووکیان کوشت و ، ڕایان کردەوە بەرەو مەککە

هەواڵەکە گەیشتەوە بەپێغەمبەر ﷺ دەسبەجێ بەدوایاندا چوو ، بەڵام ئەوان خێرا تر ڕایان کردبوو ، لەڕێگە (قاوت) ێکی زۆریان فرێدا بوو لەگەڵ بڕێکی زۆر خۆراك و شمەك بۆ ئەوەی لە ڕاکردندا سووکەڵە بن ، ئەوەبوو دەربازبوو بوون لەدەستیان، پێغەمبەری خوا ﷺ گەیشتە (قرقرە الکدر)، پاشان گەڕایەوە، موسڵمانان هەموو قاوەتەکەیان کۆکردەوە، ئەم بگرەو بەردەیان ناونا (غەزای قاوت)، ئەم غەزایە لە مانگی ذی‌الحجة ساڵی (٢) کۆچی دوای جەنگی بەدر بەدوو مانگ ڕوویدا ، پێغەمبەر ﷺ لەوشەڕەدا (ابا لبابە)ی کوڕی (عبدالمنذر)ی بەسەر مەدینەوە جێهێشت [١].

---

[١] زاد المعاد ٢ ٩٠ ، ٩١ ، ابن هشام ٢ ٤٤ ، ٤٥

غەزای (ذي امر)

ئەم غەزایە گەورەترین شالاّوی سەربازیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێش جەنگی ئوحودو سەرۆکایەتی کردبێت ، ئەم شالاّوەی لە (محرم)ی ساڵی (٣) ی کۆچیدا ئەنجامدا .

هۆیەکەی ئەوەبوو ، هەواڵگرەکانی مەدینە هەواڵیاندا بەپێغەمبەر ﷺ کە کۆمەڵێکی زۆری خێڵی (بني ثعلبة) و (محارب) کۆبوونەتەوەو، دەیانەوێت بدەن بەسەر شاری مەدینەدا پێغەمبەری خوا ﷺ، لەگەڵ چوارسەدو پەنجا جەنگاوەری پیادەو سوارو بەڕێ کەوت، (عثمان)ی کوڕی (عفان)ی بەسەر مەدینەوە بەجێهێشت.

لە ڕێگەدا کابرایەکیان گرت ناوی (جبار) بوو لە خێڵی (بنی ثعلبة) کرایە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ پێغەمبەری خوا ﷺ بانگی کرد بۆ ئیسلام موسڵمان بوو ، کردی بە هاوەڵی بیلال و بو بەڕێبەری موسڵمانەکان بۆ سەر شوێنی دوژمن.

دوژمنان کە هەواڵی هاتنی سوپاکەی مەدینەیان بیست بە شاخ و داخەدا بلاّوەیان لێکرد، پێغەمبەریش ﷺ بەخۆی و سوپاکەیەوە گەیشتە شوێنی کۆبوونەکەیان کە لەسەر ئاوێك بوو، پێیان دەوت (ذي امر) لەو شوێنەدا هەموو مانگی (صفر)ەکەی بەسەر برد ، لەساڵی (٣)ی کۆچیدا بوو، یان نزیکبوبوەوە لەو ساڵە، ئەم مانەوەیە بۆ ئەوەبوو عەرەبە دەشتەکیەکان هەست بەهێزو دەسەلاّتی موسڵمانەکان بکەن و لێیان بترسن . پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ گەڕایەوە بۆ مەدینە[٢].

کوشتنی (کعب) ی کوڕی (أشرف)

(کعب)ی کوڕی (اشرف) داخ لەدڵترین جولەکە بوو ، دژ بە ئیسلام و موسڵمانان ، زۆر ئازاری پێغەمبەری دەدا ﷺ و بە ئاشکرا دژایەتی دەکرد.

لەتیرەی (طيء)ی - بنی نبهان - بوو، دایکی لەخێڵی (بني النضير) بوو، کابرایەکی دەوڵەمەندی سەرومڕی قۆزی ناو خێڵەکانی عەرەب بوو، یەکێك بوو لە شاعیرەکانیان، قەلاّکەی کەوتبوە باشووری ڕۆژهەلاّتی مەدینە لە پشت ماڵەکانی (بني النضير)ەوە.

---

[٢] ابن هشام ٢،٤٦ ، زاد المعاد ٢ ٩١ ، دەڵێن هەوڵەکەی (دعثور) یان (غورث)ی (محارب)ی لەم غەزایەدا بووە ، بەلاّم ڕاستتر ئەوەیە کە لە غەزایەکی تردا بووە ، بڕوانە صحيح البخاری ٢ ٥٩٣

که هەواڵی یەکەم سەرکەوتنی موسڵمانەکان و کوشتنی پاڵەوانەکانی قورەیشی پێگەیشت لەبەدردا وتبوی : ئەریٚ ئەو هەواڵە ڕاستە؟ ئەوانە پیاوماقوڵ و شای خەڵکین ، وەڵڵاهی ئەگەر موحەممەد ئەوانەی کوشتبیٚ ژێرزەوی بۆ من باشترە لەسەر زەوی .

که هەواڵی سەرکەوتنی موسوڵمانەکانی بیست ، دەستی کرد بەجنێودان و خراپە وتنی پێغەمبەر ﷺ موسڵمانەکان و پیاهەڵدانی دوژمنەکانیان و ، هاندانیان دژ بە پێغەمبەر ، بەوەشەوە نەوەستا ، سواربوو بۆلای قورەیش لەلای (المطلب)ی کوڕی (ابی وداعه السهمی) دابەزی ، دەستی کرد بەخوێندنەوەی شیعرو گریان بۆ کوژراوە موشریکەکانی (قلیب) ، بۆ وروژاندنی غیرەتیان و قوڵترکردنەوەی ڕق و کینەیان دژ بە پێغەمبەرو . بانگی دەکردن بۆ شەڕکردن لەگەڵیدا ، کاتێك لە مەککە بوو (ابو سفیان) و موشریکان پرسیاریان لیٚکرد : ئایا ئاینی ئێمەت بەلاوە خۆشەویستترە یان ئاینەکەی موحەممەدو هاوەڵەکانی ؟ کاممان لەسەر ڕێگەی هیدایەتە ؟ وتی : بەڕاستی ئێوە لەسەر ڕێگەی هیدایەتن ، باشترن ، لەم بارییەوە ئایەت دابەزی ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ أُوتُوا نَصِيباً مِنَ الْكِتَابِ يُؤْمِنُونَ بِالْجِبْتِ وَالطَّاغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا هَؤُلَاءِ أَهْدَى مِنَ الَّذِينَ آمَنُوا سَبِيلاً﴾ النساء ٥٠ واتە : ئایا سەیری کەسانێك ناکەیت کە بەهرەیەکیان لە کتێبی ئاسمانی پێدراوە ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕیان بەفاڵچی و جادووگەریی هەیە . دەربارەی ئەوانەش کە کافرن دەڵێن : ئەوانە چاکترن و ڕێبازی ڕاستریان گرتووە لەوانەی کە باوەڕیان بە ئایینی ئیسلام هێناوە.

پاشان (کعب) بەو شێوەیە گەڕایەوە بۆ مەدینە ، دەستی کرد بە هەرزە گوێی کردن بەرامبەر بەژنانی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ بەو زمانە پیس و خراپەی ئازاری دەدان.

ئیدی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((کیٚ دەتوانێت (کعب)ی کوڕی (اشرف) لەناو بەرێت ؟ چونکە بەڕاستی ئازاری خوداو پێغەمبەری داوە)) (محمد)ی کوڕی (مسلمە) و (عباد)ی کوڕی (بشر) و (ابو نائله) کە ناوی (سلکان)ی کوڕی (سلامە) بوو برای شیری (کعب) بوو ، هەروەها (الحارث)ی کوڕی (اوس) و (ابو عبس)ی کوڕی (حبر) خۆیان تەرخان کرد بۆ ئەو کارە . فەرماندەی مەفرەزەکە (محمد)ی کوڕی (مسلمە) بوو.

ڕیوایەتەکان لەبارەی کوشتنی (کعب)ی کوڕی (اشرف)ە وە دەڵێن :ـ کە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : کێ دەتوانێت (کعب) بکوژێت ، چونکە بەڕاستی ئازاری خوداو پێغەمبەرەکەی داوە؟ (محمد)ی کوڕی (مسلمە) وتی: من ئامادەم پێغەمبەری خوا ، ئایا حەز دەکەی بیکوژم؟ فەرمووی: بەڵێ ، وتی: مۆڵەتم بدەریّ با خۆم بڕۆم قسەیەکی لەگەڵدا بکەم ، فەرمووی: بڕۆ قسەی لەگەڵدا بکە.

(محمد)ی کوڕی (مسلمە) چوو بۆلای (کعب) و پێی وت : بەڕاستی ئەم پیاوە پێغەمبەر ﷺ هاتۆتە لامان وداوای سەدەقەمان لێ دەکات ، شکست وماندووی کردووین.

(کعب) وتی : بێگومان کە ئێوە لێی بێزارن .

(محمد)ی کوڕی (مسلمە) وتی : ئێمە بەم حاڵە شوێنی کەوتووین ، حەز ناکەین بەجێی بهێڵین تابزانین چی لێ بەسەر دێت ؟ ئێستا هاتووین بە قەرز هۆقەیەك یان چەند هۆقەیەککمان بدەیتێ.

(کعب) وتی : باشە ، بارمتەم دەوێت .

(ابن مسلمە) وتی : چیت دەوێت بۆت بارمتە بکەین ؟

وتی : ژنەکانتان.

(ابن مسلمە) وتی : چۆن ژنەکانمان دادەنێین ، لەکاتێکدا تۆ قۆزترین پیاوی عەرەبیت ؟

(کعب) وتی : کوڕەکانتانم لە لا دابنێن.

(ابن مسلمە) وتی : چۆن کوڕەکانمان لای تۆ بێت ، جنێو بە هەریەکێکیان بدرێت و پێیان بوترێت : ئەمە بارمتەی هۆقەیەك یان دوو هۆقەیە. بەلاّم چەکت بۆ بارمتە دەکەین.

بەڵێنی پێدا کە بێتەوە بۆلای . (ابو نائلە)ش هەمان شێوەی (محمد)ی کوڕی (مسلمە)ی کرد ، چوە لای (کعب)و چەند ساتێك شیعریان بۆ یەکتریی خوێندەوە ، پاشان پێی وت : (ابن الْشرف) دایکت سنگت بۆ بکوتێت ، من بۆ شتێك هاتوومە لات ئەمەوێت بۆت باس بکەم ، بەمەرجێك نەیدرکێنیت.

(کعب) وتی : باشە.

(ابو نائلة) وتی : هاتنی ئەم کابرایە مەبەستی (پێغەمبەر بوو ﷺ) بوو بە بەلاّ بۆ ئێمە ، عەرەب کەوتنە دژایەتی کردنمان و ، ئابلۆقەیان لەسەردانایین ،

هەموو ڕێگاکانیان لێگرتین ، تا ماڵ و منداڵمان زایەبوو ماندوو بووین . خۆمان و ماڵ و مناڵمان تیاچووین ، قسەو گفتوگۆ بەردەوام بوو بەو شێوەیەی کە لەگەڵ (ابن مسلمە)دا ڕوویدا (ابو نائلە) لە قسەکانیدا وتی : چەند هاوەڵێکم لەگەڵدایە هەمان ڕاوبۆچوونی منیان هەیە . حەزم کرد بیانهێنم شتیان پێ بفرۆشیت و چاك بیت لەگەڵیاندا.

(ابو نائلە) و (محمد بن مسلمە) لەوەدا کە مەبەستیان بوو سەرکەوتنیان بەدەست هێنا ، ئیدی (کعب) بەلایەوە ئاسایی بوو کە چەکی پێ بدینایەو لەگەڵ ئەوانی‌تریشدا بونایە .

لە شەوێکی مانگەشەوی چواردەی مانگی ڕەبیعی‌یەکەمی ساڵی (٣)ی کۆچی ، مەفرەزەکە لەگەڵ پێغەمبەردا کۆبوەوەوە لەگەڵیان چوو هەتا (بقيع الغرقد) و ڕەوانەی کردن و ، پاشان ئامۆژگاریی کردن و فەرمووی : (بڕۆن بە ناوی خواوە ، خوایە هاوکاریان بکە) . پاشان گەڕایەوە ماڵ و دەستی کرد بەنوێژکردن و پاڕانەوە لە پەروەردگار.

مەفرەزەکە گەیشتە قەڵاکەی (کعب)ی کوڕی (اشرف) ، (ابو نائلە) بانگی لێکرد ، هەستا بێتەخوارەوە بۆلایان ژنەکەی کە هێشتا تازەبووك بوو پێی وت : لەم دڕەنگ وەختەدا بۆ کوێ دەچیت ؟ گوێم لە دەنگێکە دەڵێیت خوێنی لێ دەتکێت.

(کعب) وتی: ئەوە (محمد)ی کوڕی (مسلمە)ی برام و (ابونائلە)ی برای شیریمە ، پیاوی پایەدار ئەگەر بۆکوشتنیش بانگ بکرێت دەڕوات بەدەمیەوە ، پاشان هاتەدەرەوە بۆلایان بۆنی عەتری لەخۆی دابوو ، پرچی بەردابوەوە.

پێشتر (ابو نائلە) بەهاوەڵەکانی وت ، ئەگەر (کعب) هات من قژی دەگرم و بۆنی پێوە دەکەم ، کە بینیتان من بە تەواوی دەستم لەسەری گیربوو ، ئێوە بە شمشێر لێی بدەن ، کە (کعب) دابەزیە ناویان ساتێك قسەی لەگەڵدا کردن ، پاشان (ابو نائلە) پێی وت : (ابن الاشرف) دەکرێت بە شیوی (عجوز) دا کەمێك بچینە خوارەوەو قسەکانی ترمان لەوێ تەواو بکەین ؟ وتی : ئەگەر ئێوە پێتان خۆش بێت قەیدی نیە . دەرچوون و کەوتنە پیاسە کردن ، لە ڕێگەدا (ابو نائلە) وتی : شەو نییە لەم شەوە بۆنخۆشتر ، (کعب) کەیفی دەهات ، وتی : بۆنخۆشترین ژنی عەرەب لای منە ، (ابو نائلە) وتی : مۆڵەتم دەدەیت بۆنێکی سەرت بکەم ؟ وتی : بەڵێ دەستی خستە ناو قژی بۆنی کردو وتی : بە هاوەڵەکانی چەند بۆنی خۆشە.

پاشان کەمێکی تر ڕۆشتن ، ئەنجا (ابو نائله) وتی : ئایا جارێکی تریش بۆنی بکەمەوە ؟ (کعب) وتی : بەڵێ : (ابو نائله) دەستی خستە قژی (کعب) تا توندگرتی و دەستی لێی گیربوو ، وتی: دوژمنی خوا بکوژن ، دایانە بەر شمشێر ، هەرمابوو نەمرد ، ئەنجا (محمد)ی کوڕی (مسلمه) پاچێکی هەڵگرت لە پشتیەوە چەقاندیە سەر سێبەندەی و خۆیدا بەسەریدا تا نووکی پاچەکە لەبەرموسەلانیەوە دەرچوو ، (کعب)ی دوژمنی خوا هاوارێکی ئەوەندە توندی لێ بەرز بووەوەو ، هەموو قەڵاکەی بەخەبەر هێناو مرد ، خەڵکی ناو قەڵا هەموویان ئاگریان داگیرساند ، مەفرەزەکە گەڕایەوە لە کاتی لێدانەکەیدا (الحارث) کوڕی (اوس) سەرە نوکی هەندێك لە شمشێرەکان کەمێك برینداری کردبوو بوو ، خوێنی لەبەر دەچوو ، کاتێك مەفرەزەکە گەیشتەوە (حرة العرض) سەیریان کرد (الحارث) یان لەگەڵدا نیە ، کەمێك وەستان سەیریان کرد واهات ، شوێنی جێگە پێیەکانیی کەوتبوو ، هەڵیانگرت ، تاگەیشتە (بقیع الغرقد) (الله اکبر) یان کردو پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : یاخوا سەرفراز بن ، ئەوانیش وتیان : لەگەڵ تۆدا پێغەمبەری خوا ، ئەنجا سەری دوژمنی خوایان فرێدایە بەردەمی ، سوپاسی خوای کرد لەسەر ناوبردنی (کعب) ، ئەنجا تفی کردە سەر برینەکەی (حارث) چاك بووەوەو ئازاری نەما [1].

کە جولەکە بەکوشتنی (کعب)ی ستەمکاریان زانی ترس و سام و نیشتە دڵە سەختەکانیان و ، تیگەیشتن کە ئیتر پێغەمبەر لە بەکارهێنانی هێزدا سڵ ناکات لە کەسێك کە ئامۆژگاری دادی نەدا ، ڕێز لە بەرژەوەندی کۆمەڵگای ئیسلامەتی و ئاسایش و پەیماننامەکان نەگرێت ، بۆیە کەسیان نەیوێرا ورتەی لە دەمەوە دەبێت لەسەر کوشتنی (کعب) ، بەڵکو بێدەنگ بوون و ، وایان نیشاندا کە پابەندی پەیماننامەکان دەبن و ، ملیان کەچ کردو ، مارە ژەهراویەکان خێرا خۆیان کردەوە بەکونەکانیاندا بۆ خۆشاردنەوە.

بەو شێوەیە پێغەمبەر ﷺ بۆ ماوەیەك یەکلابوەوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو مەترسیانەی پێشبینی دەکرد لەدەرەوەی مەدینەوە ڕووی تێ بکەن ، موسڵمانەکان بەو شێوەیە کەمێك باری سەرشانیان لەناوەوە سووك بوو ، کەدەمێك بوو ئەگەری ئەوەیان دانابوو لە پڕێکدا دەستێك بوەشێنن .

---

[1] درێژەی ئەم بەسەر هاتەمان وەرگرتووە لە (ابن هشام) ٢/٥١، ٥٢ ، ٥٣ ، ٥٤ ، ٥٥، ٥٦ـ ٥٧ ، هەروەها لە ,صحیح البخاری ، ١ ٣٤١ ، ٤٢٥ ، ٢ ٥٧٧ ، هەروەها لە (سنن ابی داود) هەروەها لە (سنن ابی داود) لەگەڵ (عون العبید ، ٢ ٤٢ ، ٤٣ ، و (زاد المعاد، ٢ ٩١

غەزای (بحران)

ئەم غەزایە گروپێکی گەورەی گەڕۆك بوو سێ سەد جەنگاوەر دەبوون ، پێغەمبەری خوا ﷺ سەرۆکایەتی کردن لە مانگی (ربیعی دووەمی) ساڵی (٣)ی کۆچیدا بەرەو شوێنێك ناوی (بحران) بوو ، شوێنێکە لە (حیجاز) سەر بە ناوچەی (نزع)ە مانگی رەبیعی دووەم و پاشان مانگی جەمادی یەکەمیشی لە (ساڵی سێی کۆچی) لەوێ بردە سەر ، پاشان گەڕایەوە بۆ مەدینە ، شەڕی تووش نەبوو[١].

سریەکەی (زید) ی کوڕی (حارثة)

ئەم سریەیە دواترین و سەرکەوتووترین سریەی گەرۆکی شەڕ بوون کە موسڵمانەکان پێش ئوحود پێی هەستابن ، لەمانگی جەمادی دووەمی ساڵی (٣)ی کۆچیدا ڕوویدا.

درێژەی باسەکەم بەم شێوەیە ، دوای جەنگی بەدر قورەیشیەکان کەوتبوونە دڵە ڕاوکێ و پشێوی ، هاوین هات و وەرزی کاروانی ڕەەو شام نزیکتر بوەوە ، خەمێکی کەیان بۆ دروست بوو.

(صفوان)ی کوڕی (امیە) کە بۆ سەرۆکایەتیی کاروانی ئەمساڵی قورەیشیەکان بەرەو شام هەڵبژێردرا بوو ، وتی بەقورەیش: موحەممەدو هاوەڵەکانی ڕێگەی بازرگانیان لێ تێکداوین ، نازانین چی بکەین لەهاوەڵەکانی و ، ئەوانە کەنار دەریا جێ ناهێڵن ؟ خەڵکی کەناری دەریاش لەگەڵیانن و زۆربەشیان چوونەتە ناویانەوە ، نازانین لەکوێوە بڕۆین؟ ئەگەر لێرە دانیشن و هیچ نەکەین ماڵەکەمان دەخوێن و، هیچی نامێنێت ، ژیانی مەککەش بەندە بەبازرگانی هاوینەوە بۆ شام و بەزستانەوە بۆ حەبەشە.

لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە گفتوگۆی زۆر کرا ، (اسود)ی کوڕی (عبد المطلب) بە (صفوان)ی وت : لاشانی ڕێگەی کەنار دەریا بەردەو ڕێگەی عێراق بگرەبەر . ئەوە ڕێگەیەکی زۆر دوورو درێژەو دەبێت بەناو (نجد)دا بڕۆیت بەرەو شام و لە دووریەکی زۆرەوە لای ڕۆژهەڵاتی مەدینە بگریت ، قورەیش هیچیان لە بارەی ئەو ڕێگەیەوە نەدەزانی ، (اسود)ی کوڕی (عبد المطلب) ئامارەی کرد بۆ (صفوان) کە (فرات)ی کوڕی (حیان) لەخێڵی (بنی بکر بن وائل) بکاتە ڕێبەری و ڕێنوینی بکات بۆ ئەو سەفەرە.

---

[١] ابن هشام ٢ ٥٠ ، ٥١ ، زاد المعاد ٢ ٩١ جیاوازی هەیە لەسەر هۆی ئەم جەنگە ، وتراوە کە هەواڵگرانی مەدینە ، هەواڵیان دا بە پێغەمبەر ﷺ کە (بنی سلیم) هێزێکی زۆریان کۆکردۆتەوە بۆ هەڵکوتانە سەر مەدینە و دەوروبەری ، وتراویشە بەڵکو سوپاکەی بۆ قورەیش دەرچووە ، (ابن هشام) و (ابن القیم) باشی ئەم ڕایەیان کردووەو قسەیان لەسەر ڕای یەکەم نەکردوە ، چونکە ماڵەکانی (بنی سلیم) تا کەو ئەوناوچەی (نزع) بەڵکو دەکەونە (نجد) و زۆر دوورن لەناوچەی (نزع) ەوە

کاروانەکەی قورەیش دەرچوو (صفوان)ی کوڕی (امیه) بەرپرسی بوو ، بەڕێگە تازەکەدا چوون ، بەڵام هەواڵی ئەم کاروانەو ئاراستەی ڕێگەکەش گەیشتەوە مەدینە . ئەمەش بەشێوەیەك بوو ، (سلیط)ی کوڕی (نعمان) موسڵمان بوو بوو . لە دانیشتنێکی شەراب خواردنەوەدا دانیشتبوو ـ ئەوکاتە هێشتا شەراب حەرام نەکرابوو . لەگەڵ (نعیم)ی کوڕی (مسعود الاخصی) دا ئەوکاتە هێشتا موسڵمان نەبوو بوو کاتێك کە سەرخۆش دەبێت و ، وردو درشتی ڕێگەی کاروانەکەو نەخشەکەی لەدەم دەرئەچێت . دەسبەجێ (سلیط) خۆی دەگەیەنێتە لای پێغەمبەر ﷺ بەسەرهاتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە .

خێرا پێغەمبەری خوا ﷺ سەد سوارێك کۆدەکاتەوە بە سەرۆکایەتی (زید)ی کوڕی (حارثة الکلبي) سازیان دەکات و ، بەپەلەو لەناکاودا دەدەن بەسەر کاروانەکەدا . لەکاتێکدا کاروانچیان لەسەر کانیاوێکی خاکی (نجد) لایاندا بوو پێی دەڵێن (قردە) دایان بەسەر هەموو کاروانەکەدا ، (صفوان) و پاسەوانەکانی جگە لە ڕاکردن و خۆ قوتار کردن هیچیان بۆ نەمایەوە.

موسڵمانەکان ڕێبەری کاروانەکە (فرات)ی کوڕی (حیان) یان دەستگیر کرد ، وتراوە دوانی تریشی لەگەڵدابووە بڕێکی زۆر دەفری زیویان غەنیمەت کرد کە کاروانەکە هەڵی گرتبوو ، نرخی شتەکان بە سەدهەزار خەمڵێنرا ، پێغەمبەری خوا ﷺ پاش دەرکردنی پێنج یەك هەموو دەستکەوتەکەی دابەشکرد بەسەر بەشداربوانی سریەکەداو لەوێشدا لەسەر دەستی پێغەمبەردا ﷺ ، (فرات)ی کوڕی (حیان) موسڵمان بوو [1].

ئەمە کارەساتێکی سەخت و نەگبەتیەکی گەورەبوو لەدوای بەدر تووشی موشریکان بوو ، ئەوەندەی تر دڵەڕاوکێی قورەیش زیادی کردو خەم و پەژارە دڵی گرتن . ئیدی لەبەردەمیاندا هیچ نەما جگە لەدوو ڕێگە . یان ئەوەیە وازبهێنن لە ملهوڕی و لوتبەرزی خۆیان و ڕێگەی ئاشتی و ئاشتبوونەتەوە بگرنەبەر لەگەڵ موسڵمانەکاندا ، یان دەبێت هەستن بەجەنگێکی سەرانسەریی وەها کە ڕۆڵ و پلەوپایەی جارانیان بۆ بگێڕێتەوەو ، هێزی موسڵمانان سەرکوت بکەن . بەشێوەیەکی دەسەڵاتیان نەهێڵێت لەم شوێن و ئەو شوێندا ، مەککە ڕێگەی دووەمی هەڵبژارد ، داواکاری تۆڵەکردنەوەو خۆ ئامادەکردن بۆ شەڕکردن لەگەڵ موسڵمانەکاندا زیادی کرد بە خۆسازدانێکی تەواوەتی و، بەنیازی هەڵکوتانە سەر موسڵمانەکان لەماڵەکانی خۆیاندا ، ئەمانەو ئەو ڕووداوانەی پێشتریش ڕێ خۆشکەرێکی بەهێزبوون بۆ هەڵگیرسانی شەڕی ئوحود.

---

[1] ابن هشام ٢/ ٥٠ ، ٥١ فقه السیرة ل ١٩٠ ، رحمة للعالمین ٢/ ٢١٩

(غەزای ئوحود) و

خۆ ئامادەکردنی قورەیش بۆ شــەڕی تۆڵەسێن

مەککە ئاگر لەجەرگ و هەناوی بەربوو بەهۆی کارەساتی جەنگی بەدرو ئەو شکستە گەورەو کوژرانی پیاوماقوڵان و پاڵەوانەکانیانەوە، ئارەزووی تۆڵەو هەق سەندنەوەیان لەناخدا دەجولاندن ، تاڕادەیەك گریانیان لەسەر کوژراوانی بەدر قەدەغە کردبوو ، بەخێرایش نەچوون بەدەم دیلەکانیانەوە نەبادا موسڵمانەکان هەست بکەن بەڕادەی خەم و پەژارەی دڵیان.

پاش غەزای بەدر قورەیشیەکان ڕێککەوتن لەسەر هەستان بەجەنگێکی سەرانسەری دژ بەموسڵمانەکان بەشێوەیەك شیفای دڵیان بدات و، ئاگری دەروونیان دامرکێنێتەوە دەستیان کرد بەخۆسازدان بۆ ئەو جەنگە .

(عکرمە)ی کوڕی (ابو جهل) و (صفوان)ی کوڕی (امیه) و (ابوسفیان)ی کوڕی (حرب) و (عبدالله)ی کوڕی (ابی ربیعه) لە هەموو سەرکردەکانی تری قورەیش زیاتر دڵیان گەرم بوو بۆ ئەنجامدانی ئەو شەڕە.

یەکەم کارێك کردیان ئەوەبوو ئەو کاروانەی بەهۆیەوە جەنگی بەدر ڕوویدا دەستیان بەسەراگرت و، وتیان بەو کەسانەی ماڵیانی تێدابوو، ئەی گرۆی قورەیش، موحەممەد تاقیکردونەتەوە چاکترینی کەسەکانی ئێوەی کوشت ، بەم سامانە یارمەتیمان بدەن با جەنگی پێ بکەین لەگەڵ موحەممەددا ، بەڵکو تۆڵەی لێبکەینەوەو ، بەدەمیانەوە هاتن و ، فرۆشتیان بریتی بوو لە هەزار وشترو پارەکەش بایی پەنجا هەزار درهەم بوو . لەم بارەیەوە خوای گەورە ئایەتی ناردە خوارەوە : ﴿ إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ لِيَصُدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَ ﴾ الانفال ٣٦ واتە : بێباوەڕان پارەو ماڵی خۆیان خەرج دەکەن بۆلادان لەڕێگەی خودا ، ئەوانە پارەی خۆیان خەرج دەکەن و ، پاشان لە دواڕۆژدا دەبێتە پەشیمانی بۆیان و ژێریش دەکەون.

پاشان ڕێگەی خۆبەخشی کرایەوە بۆ هەرکەسێك حەزبکات . لە حەبەشی و خێڵی کینانەو تیهامە بۆ شەڕ کردن لەگەڵ موسڵمانەکاندا ، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ڕێگەی هاندانیان گرتەبەر . تاڕادەیەك (صفوان)ی کوڕی (امیه) هەستا بەفریودانی (اباغرە)ی شاعیر کە لە شەڕی بەدردا بەدیلی گیرا بوو . پێغەمبەر ﷺ

بەبێ بەرامبەر بەری دابوو ، پەیمانی لێ وەرگرتبوو کە دژی نەوەستێتەوە (صفوان) کڵاوی نابوە سەر ئەم پیاوەکە هەستێت بەهاندانی خێڵەکان دژ بەموسلمانەکان و ، بەڵێنی پێدابوو کە ئەگەر لە شەڕەکە بەزیندویی هاتەوە دەوڵەمەندی بکات ، ئەگەر مردیش کەفالەتی کچەکانی بکات ، ئیدی (ابو غرە) هەستا بەهاندانی تیرەکان بە شیعرەکانی و هەست و ناخی دەبزواندن ، هەروەها شاعیرێکی تریشیان هەڵبژارد بوو بۆ هەمان کار ناوی (مسافع)ی کوڕی (عبد مناف الجمحی) بوو.

(ابو سفیان) یش پاش گەڕانەوەی لە جەنگی (قاوت) و بێ ئومێد بوونی و زایەکردنی بڕێکی زۆر لە ئاڵف و قاوتی سوپاکەی لە هەموو کەسێك زیاتر هانی خەڵکی دەدا دژ بە موسڵمانەکان

ئەوەی زیاتر قوڕەکەی خەست کردەوە ، ئەگەر ڕاست بێ بڵێین: ئەوەی بڵیسەی ئاگرەکەی زیاترکرد ئەو کارەساتە بوو کە لەم دواییدا بەسەر قوڕەیشدا هات لەڕێگەی سریەکەی (زید)ی کوڕی (حارث) و ئەو زیانە گەورەیە پشتی ئابووریی قوڕەیشی نوشتانەوە، ئەوەندە قاروخەفەتی خستبووە دڵیانەوە سنووری نەبێت ، ئیدی پەلە کردنی قوڕەیش بۆ یەکلایی کردنەوەی مەسەلەکە لەنێوان خۆیان و موسڵمانەکاندا زیاتری کرد.

ژمارە و سەرکردایەتی سوپای قوڕەیش

کەساڵ هاتەوە مەککەییەکان ئامادەیی تەواویان وەرگرتبوو ، سێهەزار جەنگاوەر لە قوڕەیش و هاوپەیمانەکانیان و حەبەشیە موشریکەکان کۆببونەوە ، سەرکردەکانی قوڕەیش پێیان وابوو کە ژنان لەگەڵ خۆیاندا بەرن ، تا ئەوە کاریگەری زیاتر بێت بۆ ڕاکێشانی پیاوان و بەرگری کردن لەحورمەت و شەرەفیان ، ژمارەی ژنان لە شەڕەکەدا (١٥) بوو، بەهۆی سێ هەزار وشترەوە سوپاکەیان گوێزایەوە، دووسەد سوارچاکیش [١] بەدرێژایی ڕێگاکە لەئەم لاولای سوپاکەوە دەڕۆشتن. حەوت سەد قەڵغانی خۆپارێزیشیان پێ بوو.

سوپای مەککە دەکەوێتە جوڵە

پاش ئەم ئامادەگییە ، سوپای مەککە کەوتەرێ بەرەو مەککە، ئاهو حەسرەتە کۆنەکە ئاگری بەردابوو لەجەرگیان و، ئەم شەڕە سوکنایی بەدڵدا دەهێنان .

---

[١] زاد المعاد ٢/٩٢ باسکراوە لە (فتح الباري) یشدا باسی سەد ئەسپ هاتووە ٧/ ٣٤٦

هەواڵگریەکانی پێغەمبەر ﷺ

هەواڵی جووڵەی دوژمنیان پێدەگات

(عباس)ی کوڕی (عبدالمطلب) چاودێری جموجوڵ و ئامادەگی سەربازەکانی قوڕەیشی دەکرد هەرکە ئەم سوپایە کەوتە جووڵە، (عباس) نامەیەکی بەپەلەی نووسی بۆ پێغەمبەر ﷺ، درێژەی دەنگوباسی سوپاکەی تێدا بوو.

نێرراوەکەی (عباس) بەپەلە کەوتەڕێ ، ئەوەندە خێرا ڕۆشت ماوەی نێوان مەککەو مەدینەی بە سێ ڕۆژ بڕی کە پێنج سەد کیلۆمەتر دەبێت . نامەکەی دایە دەست پێغەمبەر ﷺ لە مزگەوتی (قباء) بوو .

(ابی) کوڕی (کعب) نامەکەی بۆ خوێندەوە، فەرمانی پێدا کەنهێنی بپارێزێت و ، بەپەلە گەڕایەوە بۆ مەدینەو باسی مەسەلەکەی لای سەرکردەکانی کۆچکەران و ئەنساریەکان کرد.

خۆ ئامادەکردنی موسڵمانان بۆ حاڵەتی ناکاو

ئاگاهی لەمەدینەدا لێ درا ، پیاوان هەمیشە چەکیان پێ بوو ، لەکاتی نوێژیشدا لێیان نەدەکردەوە نە بادا شتێك ڕوو بدات .

مەفرەزەیەکی ئەنساریەکان کە (سعد)ی کوڕی (معاذ) و (اسید)ی کوڕی (حضیر)یان تێدا بوو هەستان بەپاسەوانی کردنی پێغەمبەر ﷺ بەچەکەوە تا بەرەبەیان لەبەر دەرکەکەیدا دەوەستان .

لەسەر هەموو ڕێگەکانی دەرەوەی مەدینە مەفرەزەی چەکدار دانرابوون . بۆ حاڵەتی ناکاویش چەند گروپێکی موسڵمانەکان . بۆ زانینی جموجوڵی دوژمن . هەڵدەستان بە چاودێری کردنی ئەو ڕێگاوبانەی کە لەوانەبوو موشریکان لێیەوە هێرش بهێنن بۆ سەر موسڵمانەکان .

سوپای مەککە بەرەو قەڵاکانی مەدینە دەکەوێتە ڕێ

سوپاکەی قوڕەیش لەڕێگە سەرەکیە باوەکەی ڕۆژئاواوە کەوتەڕێ ، کەگەیشتنە ناوچەی (الابواء) ، لەوێدا (هند)ی کچی (عتبه) ، ژنی (ابو سفیان) پێشنیاری کرد گۆڕی دایکی پێغەمبەر ﷺ هەڵبدەنەوە ، بەڵام سەرکردەکانی قوڕەیش ڕێگەیان نەداو ، ترسان لە چارەنووسی خراپی هەستان بەو جۆرەکارانە .

پاشان سوپاکەی مەککە کەوتەوە ڕێ تا لە مەدینە نزیك بوەوە ، دۆڵی (العقیق)ی گرتەبەر پاشان لێیەوە لای‌دا بەرەو لای ڕاست، تا لەنزیك ئوحودەوە لەشوێنێکدا کاروانیان خست پێی دەڵێن (عینین) لە ناوەوەی (السبخة)دا . لەسەر

جۆگە ئاوێکی دەمی دۆڵەکەدا کە دەکەوێتە باکوری مەدینەوە . رۆژی هەینی شەشی مانگی شەوالی ساڵی سێیەمی کۆچی لەم شوێنەدا ئۆردویان دروست کرد.

ئەنجوومەنی راوێژکاری پێکهات
بۆ دانانی نەخشەی بەرگری کردن

هەواڵگریەکانی مەدینە هەواڵەکانی مەککەیان یەك لە دوای یەك هێنا ، تادواین هەواڵ کە دروست کردنی سەربازگەکە بوو ، لەوێدا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجومەنێکی باڵای راوێژکاری دانا ، ئاڵوویری راوبۆچونەکانی تێدا کرابوو ، بۆ هەڵوێست وەرگرتن و، هەواڵی خەونێکی خۆی پێراگەیاندن و، فەرمووی: (وەڵڵاهی خودا بەخێری بگێرێت ئەمشەو خەونێکم بینی ، مانگایەکی سەربڕاوم بینی و ، بینیم نوکی شمشێرەکەم کەلێکی تێکەوتبوو ، هەروەها سەیرم کرد دەستم چوو بوو بەقەڵغانێکی پتەودا. ئەنجا پێغەمبەر ﷺ خەونەکەی والێکدایەوە ، کە لەسەر برینی مانگاکە بریتیە لە شەهیدبوونی هەندێك لە هاوەڵەکانی و، کەلبوونی شمشێرەکەش بەپێکرانی پیاوێکی ئال و بەیتی خۆی لێکدایەوە . قەڵغانەکەشی بەشاری مەدینە لێکدایەوە.

پاشان رای خۆی خستە بەردەست هاوەڵەکانی و پێ وابوو کە باشتروایە لە مەدینە نەرۆنە دەرەوەو، خۆیان لەقەڵاکانیدا پەنابدەن، ئەگەر موشریکان لە سەربازگەکەیاندا مانەوە ئەوا جێگەو رێگەیان زۆرخراپ دەبێت و هیچ سوودێکیشی نابێت ، ئەگەر هاتنە ناو مەدینەیشەوە موسڵمانان شەڕی کۆڵان و کۆڵانیان لەگەڵدا دەکەن و ، ژنانیش لەسەرماڵەکانەوە . ئەمە رای پێغەمبەر بوو (عبدالله)ی کوڕی (ابی) کوڕی (سلول) سەرکردەی دووڕوان کە بەسیفەتی یەکێك لە سەرکردەکانی خەزرەج لەوێدا ئامادە بوو، هەمان رای پێغەمبەری هەبوو ، وا دیاربوو هەماهەنگ بوونی رایەکەی لەگەڵ راوبۆچونەکەی پێغەمبەردا لەبەرئەوە نەبوو کە ئەو هەڵوێستە بەراست بزانێت ، بەڵکو بۆ ئەوەبوو تابتوانێت ژێر بەژێری خۆی لە شەڕەکە بدزێتەوەو کەس پێی نەزانێت ، ویستی خوای گەورەش وابوو کەخۆی و هاورێکانی بۆ یەکەمجار لەبەردەم موسڵمانەکاندا ئابڕوویان بچێت و ، ئەو دەمامکەیان بەسەرەوە لاچێت کە بێباوەڕی و دووڕوویییەکەیانی حەشاردابوو ، موسڵمانەکانیشی لە تەنگەتاوترین ساتدا ئەو مارە ژاراویانە ببینن کە لەناو کارژو بەرگ و دەمامکەکانیاندا دەجوڵانەوە .

هەندێك لەو هاوەڵە دڵگەرمانەی کە ڕۆژی بەدریان لەکیس چوو بوو ، داوایان کرد لە پێغەمبەر ﷺ کە بچێتە دەرەوەو ، زۆریان لێکرد تا ڕازی بێت ، تاوای لێهات یەکێکیان وتی : پێغەمبەری خوا ئاواتمان دەخواست بۆ ئەم ڕۆژەو لە خوا دەپاڕاینەوە کە بێتە دی ، ئەوەتا خوای گەورە بۆی هێناوین و نزیك بۆتەوە ، بڕۆ دەرەوە بۆلای دوژمنەکانت ، باوانەزانن لێیان دەترسین.

(حمزە)ی کوڕی (عبد المطلب)ی مامی پێغەمبەر خوا ﷺ سەرمەشقی ئەو دڵگەرمانە بوو ، پێشتریش بڕندەی شمشێرەکەی خۆی لە غەزای بەدرا دیبوو . وتی: بە پێغەمبەری خوا ﷺ : سوێندم بەو کەسەی قورئانی بۆ تۆ ناردووە دەم لە نان نادەم هەتا لە دەرەوەی مەدینەدا شەڕیان لەگەڵدا نەکەم.

پێغەمبەریش ﷺ لەبەردەم ڕای زۆرینەدا ڕایەکەی کشانەوەو ، ڕای گشتی جێگیر بوو ، کە چوونە دەرەوە لە مەدینە ، ڕووبەڕوو بوونەوە لە مەیدانی جەنگدا.

بەش بەشکردنی سوپای ئیسلام و دەرچوونی بۆ مەیدانی جەنگ

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ نوێژی هەینی بۆ خەڵکەکە کرد ، وتارێکی بۆدان و هانی دان بۆ خۆکۆکردنەوەو جیهاد کردن و ، هەواڵی پێدان کە ئەگەر ئارام بگرن سەردەکەون ، فەرمانی پێدان کە خۆیان ئامادە بکەن بۆ دوژمن ، خەڵکی بەوە دڵخۆش بوون .

پاشان نوێژی عەسری پێکردن ، خەڵکی لە هەموولایەکەوە کۆبووبوونەوە ، پاشان چووەماڵەوە ، هەردوو هاوەڵەکەی (ابوبکر) و (عمر)ی لەگەڵدا بوو ، مێزەریان لەسەری پێچاو ، خۆشی چەکی بەست و ، دوو زنجیر بەستی لەبەر کردو شمشێری کردە مل و هاتە دەرەوە بۆ ناو خەڵك .

خەڵك چاوەڕوانی دەرچوونی پێغەمبەریان دەکرد ، (سعد)ی کوڕی (معاذ) و (اسید)ی کوڕی (حضیر)یش بە خەڵکەکەیان وتبوو : ئێوە پێغەمبەرتان ناچارکرد ﷺ بۆ دەرچوون لە مەدینە ، کارەکە بدەنەوە دەستی خۆی ، هەموویان پەشیمان بوونەوە لەو کارەی خۆیان ، کە پێغەمبەر ﷺ هاتە دەرەوە ، عەرزیان کرد : پێغەمبەری خوا بەڕاستی مەبەستمان سەرپێچی کردنی فەرمانی تۆ نەبوو ، چۆنت پێ خۆشە وابکە ، ئەگەر حەز دەکەیت لە مەدینە بمێنیتەوە بەو شێوەیە بکە .

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : هەر پێغەمبەرێك جل و بەرگی شەڕی پۆشی نابێت لای بدات ، تا ئەو کاتەی خودا نێوان ئەوو دوژمنەکەی یەکلا دەکاتەوە[1] .

پێغەمبەر ﷺ سوپاکەی کرد بەسێ بەشەوە :

١. کەتیبەی کۆچکەران ، ئالآکەیانی دایەدەست (مصعب)ی کوڕی (عمیر)ی (العبدری)

٢. کەتیبەی خێڵی ئەوس لە ئەنساریەکان ، ئالآکەیانی دایەدەست (اسید)ی کوڕی (حضیر)

٣. کەتیبەی خێڵی خەزرەج لەئەنساریەکان، ئالآکەیانی دایەدەست (حباب)ی کوڕی (المنذر)

سوپاکە لەهەزار چەکدار پێکهاتبوو ، سەد زنجیربەست و پەنجا ئەسپ سورایان تێدابوو[2] ، وتراویشە کەهیچ ئەسپ سواریان لەگەڵدا نەبوە، (ابن ام کتوم) ی بۆ نوێژکردن بەجێهێشت لە مەدینە بەسەر ئەوانەوە کەمابوونەوە ، ئەنجا فەرمانیدا بەڕێکەون ، سوپاکە بەرەو باکوور کەوتەڕێ ، هەردوو (سعد)ە کە بە زنجیربەندەوە بەبەردەم پێغەمبەردا ڕۆشتن کە لە (ثنیة الوداع) تێنەپەڕین پێغەمبەر ﷺ کەتیبەیەکی چەکداری پۆشتەو پەرداخی بینی بەجیا لەسوپاکە بەڕێوە دەهاتن ، فەرمووی : ئەوانە کێن ؟ هەواڵی درایە ئەوانە جولەکە هاوپەیمانەکانی خەزرەجن[3] ، حەزدەکەن لەگەڵتاندا بەشداری شەڕی موشریکان بکەن ، فەرمووی : ئایا ئەوانە موسڵمان بوون ؟ وتیان : نەخێر ، ئیدی پێغەمبەر ﷺ ڕازی نەبوو یارمەتی لە کافران وەربگرێت بۆ شەڕکردن لەگەڵ موشریکاندا.

نمایش کردنی سـوپاکە

کاتێك گەیشتە شوێنێك پێی دەڵێن: (الشیخان) سەیرێکی سوپاکەی کرد ، هەرچیەکی بینی کەم تەمەن بوو کەبەرگەی ئەو شەڕە ناگرێت گێڕایەوە، ئەوانە ئەم کەسانەیان تێدابوو ، (عبدالله)ی کوڕی (عمر)ی کوڕی (خطاب) و (اسامە)ی کوڕی

---

[1] / ئەحمەدو نەسائی و حاکم و (ابن اسحاق) گێڕاویانەتەوە

[2] / (ابن القیم) لە (الهدی ٢/٩٢) دا ئەمەی وتووە ، (ابن حجر) دەڵێت ئەمە هەڵەیەکی ئاشکرایە ، (موسـی) کوڕی (عقبە) سوورە لەسەر ئەوەی هیچ سوارێکیان لەگەڵدا نەبووە ، (واقدی) یش دەڵێت پێغەمبەر ﷺ ئەسپەکەی (ابی بردە) یان لەگەڵدا بووە ، (فتح الباری) ٧/ ٣٥٠

[3] / (ابن سعد) ریوایەتی کردووە ، تیایدا هاتووە ئەو تاقمە (بنـی قینقاع) بوون ٢/٣٤ ، ڕوونیشە کەپێشتر (بنو قینقاع) لەناوچەکە دەرکرابوون

(زید) و (اسید)ی کوڕی (ظهیر) و (زید)ی کوڕی (ارقم) و (عرابه)ی کوڕی (اوس) و (عمرو)ی کوڕی (حزم) و (ابوسعید الخدری) و (زید)ی کوڕی (حارثة)ی ئەنساری و (سعد)ی کوڕی (حبه)و، لەناویاندا باسی (براء) ی کوڕی (عازب)یش کراوه. بەلاّم بوونی فەرمووده‌کەی لە بوخاریدا بەڵگەیە لەسەر بەشداری کردنی لەو غەزایەدا.

پێغەمبەر ﷺ ڕێگەی دابە (رافع)ی کوڕی (خدیج) و (سمره)ی کوڕی (جندب) هەر چەندە منالیش بوون ، لەبەرئەوەی (رافع) لە تیر هاویشتندا کارامە بوو ، (سمره) وتی : من بەهێزترم لە (رافع) و دەیدەم بە زەویدا ، کە ئەو هەواڵە درا بە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێدان زۆرانبازیەك بگرن ، زۆرانبازیان گرت (سمره) ، (رافع)ی دا بەزەویدا ، ئەنجا پێغەمبەری خوا ﷺ مۆڵەتی بەویشدا بەشداری بکات .

مانەوە لەنێوان ئوحود و مەدینەدا

لەوێدا بوون ئێوارەیان بەسەرا هات ، نوێژی شێوانی کردو ، پاشان نوێژی خەوتنانیشی کردو ، لەوێدا مایەوە . پەنجا پیاوی هەڵبژارد بۆ پاسەوانی سەربازگەکەو دەورو خولی بدەن ، (محمد)ی کوڕی (مسلمه)ی ئەنساری سەرکردەیان بوو ، پاڵەوانی سریەکەی کوشتنی (کعب)ی کوڕی (اشرف) ، (ذکوان)ی کوڕی (عبد قیس) یش بە تایبەتی پاسەوانیی پێغەمبەری دەکرد ﷺ .

یاخی بوونی (عبدالله) ی کوڕی (ابی) و هاوڕێکانی

پێش کەمێك لەهەڵهاتنی بەرەبەیان دەرچوو ، کە گەیشتە (شوط) نوێژی بەیانی کرد ، زۆر نزیکبوو لە دوژمنەوە، دەیبینین و ئەوانیش ئەمیان دەبینی ، لەوێدا (عبدالله)ی کوڕی (ابی) دووڕوو یاخیبوو، بەخۆی و سێسەد جەنگاوەرەوە پاشەکشەی کرد کە دەیکردە سێیەکی سوپاکەو پێیان وتن: نازانین لەسەرچی خۆمان بدەین بەکوشت ؟ خۆی واپیشاندا کە نارەزایە لەسەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ وازی لە ڕاکەی ئەو هێناوەو بەگوێی خەڵکی تری کردووە.

گومانیش نەبوو لەوەدا کەئەو خۆ تاککردنەوەیە لەبەرئەو هۆیە نەبوو پیشانی دا گوایە پێغەمبەر ﷺ وازی لەڕاکەی ئەو هێناوە ، وەگەرنا دەرچوونی لەگەڵ سوپاکەی پێغەمبەردا ﷺ هیچ مانایەکی نەبوو ، بگەرە ئەگەر هۆیەکەی ئەوە بوایە هەر لەسەرەتاوە لەسوپاکەی جیادەبووەوە، بەڵکو مەبەستی سەرەکی لەو یاخی بوونە - لەوکاتە هەستیارەدا - ئەوەبوو پشێوی و شپرزەیی لەناو سوپای

موسڵمانەکاندا بنێتەوەو لەبەرچاو گوێی دوژمنەکانیاندا زۆربەی سوپاکە لە پێغەمبەر ﷺ بتەکێتەوەو، ئەوەشی بەدەوریدا دەمێنێتەوە ورەیان بڕوخێت و ، دوژمنیش لەبەرامبەردا ورەی بەرزبێتەوەو، بەو دیمەنە سەریان بڵندبێت و زوو هەڵمەت بهێنن بۆ لەناوبردنی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵە دڵسۆزەکانی و ئنجا کەش و هەوا بڕەخسێتەوە بۆ گەڕانەوەی سەرۆکایەتی بۆ ئەو دووڕووەو هاوڕێکانی.

خەریکبوو کابرای دووڕوو لەکارەکەیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت دوو کۆمەڵی ناو موسڵمانەکانیش (بنو حارثة) لەخێڵی (اوس) و (بنومسلمة)ش لە (خەزرەج) شکست بهێنن ، بەڵام خوای گەورە ڕاگیری کردن ، پاش ئەو شپرزەییە کە خەریکبوو بگەڕێنەوەو پاشەکشە بکەن دڵیان دامەزرایەوە ، لەوێدا خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِذْ هَمَّتْ طَائِفَتَانِ مِنكُمْ أَنْ تَفْشَلا وَاللَّهُ وَلِيُّهُمَا وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ ﴾ ال عمران.١٢٢ واتە : خەریکبوو دوو دەستە لەئێوە پەشیمان ببنەوە ، بەڵام خوا یارو یاوەریان بوو ، دەبا ئیمانداران هەرپشت بەخوا ببەستن.

(عبدالله)ی کوڕی (حرام) یش - باوکی جابر - هەوڵیدا ئەو دووڕووانە بە ئەرکی خۆیان بیربخاتەوە لەو بارودۆخە ناسکەدا ، شوێنیان کەوت بەتانەو تەشەر لێدان و ، هانیدان بەگەڕانەوە بۆناو سوپاکەو پێی دەوتن : وەرن لەپێناوی خوادا شەڕ بکەن یان هیچ نەبێت بەرگری لەخۆتان بکەن ، وتیان: ئەگەر بمانزانیایە شەڕ دەکەن نەدەگەڕاینەوە ، ئەنجا (عبدالله)ی کوڕی (حرام) وازی لێهێنان و پێی وتن : خوا لەوەولاترتان ببات ، دوژمنانی خوا ، خوای گەورەیش هەرگیز پشتی پێغەمبەرەکەی بەرنادات.

خوای گەورە لەبارەی ئەو دووڕووانەوە فەرموویەتی: ﴿ وَلِيَعْلَمَ الَّذِينَ نَافَقُوا وَقِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا قَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَوِ ادْفَعُوا قَالُوا لَوْ نَعْلَمُ قِتَالاً لَاتَّبَعْنَاكُمْ هُمْ لِلْكُفْرِ يَوْمَئِذٍ أَقْرَبُ مِنْهُمْ لِلْإِيمَانِ يَقُولُونَ بِأَفْوَاهِهِمْ مَا لَيْسَ فِي قُلُوبِهِمْ وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يَكْتُمُونَ ﴾ ال عمران. ١٦٧ واتە : با ئەو دووڕووانە بزانن کەپێیان گوترا وەرن شەڕ بکەن لەپێناوی خوادا ، یان هیچ نەبێت بەرگری بکەن ، وتیان ئەگەر شەڕمان بزانیبایە شوێنتان دەکەوتین ، ئەوانە لەکوفرەوە زیاتر نزیکن تا لە باوەڕ ، ئەوەی بە دەمیان دەیڵێن ئەوە نیە کە لە دڵیاندایە ، خودای گەورە دەزانێت چیان لەناخدا حەشارداوە.

پاشماوەی سوپای ئیسلام بەرەو ئوحود

پاش ئەم یاخی بوون و کشانەوەیە پێغەمبەری خوا ﷺ سوپاکەی هەستاند ـ کە حەوت سەد جەنگاوەر دەبوون ـ بەڕێکەوتن بەرەو دوژمن ، سوپای دوژمن لەنێوان ئەمان وکێوی ئوحوددا لەچەند شوێنێکدا بارگەیان خستبوو، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: چ پیاوێك دەتوانێت لەم نزیکانەوە دەرمان کات لە ڕێگەیەکەوە بەسەریاندا نەڕۆین؟

(ابو خثیمة) وتی: من دەتوانم پێغەمبەری خوا ﷺ پاشان ڕێگەیەکی کورتی هەڵبژاردو بەرەو ئوحود بەناو (حرە)ی (بني حارثة)و مەزراکانیاندا تێدەپەڕیو ، سوپای موشریکانی دەخستە پشتی خۆیەوەو بەدیوی رۆژئاوادا.

سوپای موسڵمانەکان لەو ڕێگەیەدا تێپەڕی بەلای باخی (مربع)ی کوڕی (قیظي) کە دووڕوویەکی کوێر بوو ـ کە هەستی بەهاتنی سوپاکە کرد بەمشت خۆڵی هەوا دەدا بە ڕووی موسڵمانەکانداو ، دەیوت: ئەگەر تۆ پێغەمبەری خوایت ڕێگەت نادەم بچیتە ناو باخەکەمەوە ، چەند موسڵمانێك پەلاماریان دایە بیکوژن ، پێغەمبەر فەرمووی : مەیکوژن ئەو چاوو دڵی کوێر بۆتەوە.

پێغەمبەر ﷺ چووە ناوەوە ، تاگەیشتە شیوەکەی کێوی ئوحود ، بەو شێوەیە سوپای دوژمن کەوتە نێوان موسڵمانەکان و شاری مەدینەوە.

نەخشەی بەرگری

لەوێدا پێغەمبەر ﷺ هێزەکەی کۆکردەوە ، ڕیزی کردن بۆ شەڕ ، مەفرەزەیەکی تیرهاوێژی کارامەی لێ هەڵبژاردن ، پەنجا کەس دەبوون ، (عبدالله)ی کوڕی (جبیر)ی کوڕی (النعمان)ی ئەوسی بەدری کردە بەرپرسیان ، فەرمانی پێدان لەسەر گردێك کۆببنەوەو کەدەکەوێتە بەشی باشووری شیوی (قناة) لەدواییدا بەشاخی تیرهاوێژەکان ناوی دەرکرد ـ دەکەوتە باشووری سوپای موسڵمانەکانەوە ، نزیکەی سەدو پەنجا مەتر لە بارەگای سوپای موسڵمانەکانەوە دوور بوو .

مەبەست لەوەش ئەوچەند وشەیە بوو کەپێغەمبەر ﷺ ئاراستەی تیر هاوێژەکانی کردو فەرمووی بەسەرکردەکەیان : بەتیر هاوێشتن ئەسپ سوارەکانمان لێ دووربخەرەوە ، نەبادا لەپشتەوە بدەن بەسەرماندا ، شەڕمان بردەوە یان ژێرکەوتین شوێنی خۆت بەجێ مەهێڵە نەبادا لەڕێگەکەی تۆوە بدەن بەسەرماندا [1] ، پاشان فەرمووی بە تیر هاوێژەکان : پشتەوەمان بپارێزن . ئەگەر بینیتان کوژراین مەیەن بەدەممانەوە ، ئەگەر بینیشتان دەستکەوت کۆدەکەینەوە بەشداری مەکەن

---

[1] ابن هشام ٢/٦٥ ، ٦٦

[٢] لە ڕیوایەتێکی بوخاریدا هاتووە ، فەرموویەتی: ئەگەر ئێمەتان دی پەلەوەر سەری هەڵکەندین شوێنەکەتان جێ مەهێڵن تا دەنێرم بەشوێنتاندا ، خۆ ئەگەر ئێمەتان دی ئەوانمان فڕاندو چووین بەسەریاندا ، شوێنی خۆتان جێمەهێڵن تا دەنێرم بەدواتاندا [٣] .

بەدانانی ئەو گرووپە لەسەر شاخەکەو پێدانی ئەو فەرمانە توندە سەربازیە ، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو تەنها کەلێنەشی گرت کە لەوانەوە بوو ئەسپ سواری بێ باوەڕەکان دزەی لێوە بکەن بەرەو ڕیزی موسڵمانەکان و گەمارۆیان بدەن.

سەبارەت بەپاشماوەی سوپاکەی ، (منذر)ی کوڕی (عمرو) لەسەر باڵی ڕاست دانا ، (الزبیر)ی کوڕی (عوام) یشی لەسەر باڵی چەپ دانا بە هاوپشتی (مقداد)ی کوڕی (اسود) (الزبیر) کاری ڕووبەڕووبنەوەی ئەسپ سوارەکانی (خالد)ی کوڕی (ولید)ی پێ سپێرا بوو، لەپێشەنگی ڕیزەکانیشدا کۆمەڵێك پیاوی هەڵبژاردەی ئازای لە موسڵمانەکان دانا کەلەناو خەڵکدا بە زبری و پاڵەوانێتی ناویان دەرکردبوو ، ئەوانەی کە سەنگ و قورسایی سەربازییان هەبوو.

بەڕاستی نەخشەکەی پێغەمبەر ﷺ نەخشەیەکی دانایانەی وردبوو ، لێهاتوویی سەرکردەیەتی سەربازی پێغەمبەری تێدا دەردەکەوت ﷺ کە هەرگیز ناکرێت بۆ هیچ سەرکردەیەك هەرچەندە شیاوو لێهاتووبێت بتوانێت نەخشەیەکی پتەوترو وردتر لەوەدا بنێت ، باشترین مەیدانی شەڕەکەی هەڵبژارد ، لەگەڵ ئەوەشدا کەدوای دوژمن چوە ئەوێ ، پشت و لای ڕاستی خۆی بەشاخەکە پاراست ، لای چەپ و پشتی خۆیشی بەوە پاراست . کاتێك کە شەڕ هەڵدەگیرسێت بە پڕکردنەوەی ئەو تەنها کەلێنەی کە لە ڕیزی موسڵمانەکاندا هەبوو ، سەربازگەکەیشی لە شوێنێکی بەرزدا دانا تاپاڵی پێوەبدا ئەگەر هات و توشی شکست بوون و ، پەنا نەبات بۆ هەڵاتن و بکەوێتە دەستی دوژمنەکانی و دیل بکرێن و ئەگەر دوژمنان بۆی سەرکەوتن زیانی گەورەیان پێ بگەیەنێت ، دوژمنەکانیشی ناچارکرد کە لەشوێنێکی نزمدا سەربازگە دابنێن بەشێوەیەك زۆرگران بێت کەهیچ تاڵانیەکی سەرکەوتنەکەیان دەستکەوێت ئەگەر سەرکەوتن و ، بەزەحمەت بتوانن دەربچن ئەگەر ژێرکەوتن ، کەمی ژمارەکەشی بە هەڵبژادنی کۆمەڵە پیاوێکی هەڵبژاردەی ئازاو دیار قەرەبوو کردەوە .

بەو شێوەیە سوپاکەی پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژی شەممە حەوتی مانگی شەوالی (٣)ی کۆچیدا ڕیزی بەست .

---

[٢] (احمد) و (طبراني) و (حاكم) لە (بان عباس)ەوە گێڕاویانەتەوە ، بڕوانە (فتح الباري)٧ ٣٥٠

[٣] صحيح البخاري ، كتاب الجهاد ١/ ٤٢٦

پێغەمبەر ﷺ گیانی ئازایەتی دەکا بەبەری سوپاکەیدا

پێغەمبەر ﷺ فەرمانیدا شەڕ نەکەن هەتا فەرمانیان دەداتێ . دوو زنجیر بەندی پۆشی و هانی هاوەڵەکانیدا بۆ شەڕ کردن و دان بەخۆداگرتن و توندوتۆڵی لە ڕووبەڕوو بوونەوەداو دەستی کرد بەهاندانی هاوەڵەکانی بەگیانی دڵ گەرمی و ئازایەتی ، هەتا شمشێرە بڕندەکەی خۆی دەرهێناو بانگی کردە هاوەڵانی فەرمووی : کێ بەهەقی خۆی ئەم شمشێرە هەڵدەگرێت ؟ چەند پیاوێك هەستان وەری بگرن ، لەوانە (علی) کوڕی (ابي طالب) و (الزبیر)ی کوڕی (عوام) و (عمر)ی کوڕی (خطاب) ، هەتا (ابو دجانە)ی کوڕی (سماك)ی کوڕی (خرشە) بۆی هەستا ، وتی: پێغەمبەری خوا هەقەکەی چیە؟ فەرمووی: ئەوەندە بدەی لە دوژمنان تا لار دەبێتەوە ، وتی : من بەهەقی خۆی هەڵی دەگرم ، پێغەمبەری خوا ﷺ شمشێرەکەی دایە .

(ابو دجانە) پیاوێکی ئازابوو ، لەجەنگدا دزەی دەکرد ، پەڕۆیەکی سووری هەبوو هەرکاتێك لەسەری ببەستایە خەڵکی دەیزانی تامردن شەڕ دەکات، کە شمشێرەکەی وەرگرت بەو پەڕۆسوورە سەری بەست و، دەستیکرد بەخۆ ڕاوەشاندن لەنێوان هەردوو سوپاکەدا ، لەوێدا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەمە ئەو ڕۆشتنەیە کە خودا پێی ناخۆشە جگە لەم شوێنە.

ڕێکخستنی سوپاکەی مەککە

موشریکانیش بەپێی سیستمی ڕیزبەندی سوپاکەیان ڕێکخست سەرکردایەتی گشتی بەدەست (ابی سفیان)ی کوڕی (حرب)ەوە بوو ، کە لە ناوەڕاستی سوپاکەدا وەستابوو ، لای ڕاستەوە (خالد)ی کوڕی (ولید) یان دانا لەو کاتەدا موشریك بوو - لەلای چەپیشەوە (عکرمە)ی کوڕی (ابی جهل) یان دانابوو ، جەنگاوەرانی پیادەش (صفوان)ی کوڕی (امیە) سەرۆکیان بوو ، سەرکردەی تیر هاوێژەکانیشیان (عبداللە)ی کوڕی (ابی ربیعە) بوو.

ئاڵاکەش بەدەست مەفرەزەکەیەوە بوو لەخێڵی (بنی عبدالدار) ئەمەش پلەو پایەی ئەوان بوو هەر لەوکاتەوە (بنو عبد المناف) لەنێوان خۆیاندا ئەو پلەوپایەیان دابەشکرد کەلە (قصی) کوڕی (کلاب)ە وە بۆیان مابوەوە - هەروەکو لەسەرەتادا باسمان کرد - کەس لەوەدا ململانێی لەگەڵدا نەدەکردن ، وەکو پابەندبونێك بەمیراتێکەوە کە پشتاوپشت بۆیان مابوەوە ، بەڵام سەرکردەی گشتی . ابو سفیان - ئەوەی بیرخستنەوە کە لە بەدردا تووشی (قریش) بوو کاتێك کە هەڵگری ئاڵاکەیان (نضر)ی کوڕی (الحارث) بەدیل گیرا ، بۆ ڕق هەستاندن و

ورووژاندنیان وتی : خێڵی (بنی عبد الدار) له ڕۆژی بەردا ئاڵاکەی ئێمەتان سەرشۆڕ کردو بینیتان چیمان بەسەرا هات ، خەڵك دەست له ئاڵاکەی دەوەشێنرێت کە ئەما ئەوانیش نامێنن ، جا یان ئەوەیە ئاڵاکەمان بەرز ڕابگرن ، یان بیدەنەوە دەستی خۆمان ئێمە دەیپارێزین .

(ابو سفیان) لەئامانجەکەیدا سەرکەوتوو بوو ، خێڵی (بنو عبدالدار) زۆر بە توندی لەقسەکەی (ابو سفیان) سەغڵەت بوون خەریکبوو هەستن بۆی و هەڕەشەیان لێکردو، وتیان پێی: ئێمە ئاڵاکەمان دەدەینەوە دەست تۆ ؟ سبەینێ دەبینی لە کاتی شەڕدا چی دەکەین، ئەوەبوو لەشەڕەکەدا مانەوە هەتا تاك و تەرایان کوژرا.

مانۆڕێکی سیاسیانە لەلایەن قورەیشەوە

پێش دەست پێکردنی جەنگەکە قورەیش ویستی دووبەرەکی بخاتە ناو ریزی موسڵمانەکانەوە (ابو سفیان) پیاوێکی نارد بە ئەنساریەکانی وت : وازیان لێ بهێنن با شەڕ لەگەڵ کەس و کارەکانی خۆماندا بکەین و واز لە ئێوە دەهێنین و ، پێویستمان بەشەڕی ئێوە نیە، بەڵام ئەم هەوڵە چ سوودێکی هەیە لەبەردەم باوەڕێکدا کێو بەچۆکدا دەهێنێت ، ئەنساریەکان بەتوندی ڕەتیان دایەوەو قسەی خراپیان پێ وت .

کاتژمێری سفر نزیك بوەوە هەردوولا لەیەکتر نزیك بوونەوە ، قورەیش بۆ هەمان مەبەست هەوڵێکی تریان دایەوە ، بەکرێگیراوێکی خیانەتکار هاتە دەرەوە بەناوی (ابا عامر الفاسق) ناوەکەی (عبد عمرو)ی کوڕی (صیفی) بوو ، بە (راهب) ناودەبرا ، پێغەمبەری خوا ﷺ ناوی‌نا (فاسق) لەجاهلیەتدا سەرۆکی خێڵی (اوس) بوو، کە ئیسلام هات ئەم لێی هەڵگەڕایەوەو ، بەئاشکرا دژایەتی پێغەمبەری کرد ﷺ لەمەدینە چوە دەرەوە بۆلای قورەیش و دژ بە پێغەمبەری خوا ﷺ هانی دەدان بۆ ئەوەی شەڕی لەگەڵدا بکەن، وادەی دابوو بەقورەیشیەکان کە ئەگەر خێڵەکەی بینیان دەست بەجێ شوێنی دەکەون قورەیشیش مەیلیاندا بەلایدا .

یەکەم کەس کە هاتە دەرەوە بۆ موسڵمانەکان لەناو ئەحابیشدابوو لەگەڵ دوو کۆیلەی مەککەییدا ، (ابوعامر) خێڵەکەی ناسیەوەو هاواری لێکردن و ، وتی : ئەی خێڵی ئەوس ، من (ابو عامر)م ، وتیان : خوا لە ئێمەت بسێنێت هەی فاسق ، (ابو عامر) وتی : خێڵەکەم دوای من تووشی شەڕ بوون کە شەڕ دەستی پێکرد بە توندی شەڕی لەگەڵدا کردن و بەردبارانی کردن .

بەم شێوەیە قورەیش لەهەوڵی دووەمیشدا شکستی هێنا ، کەبتوانێت دوو بەرەکی بخاتە نێوان ئیماندارانەوەو ئەم کارەشیان بەڵگەبوو لەسەرئەو ترس وهەیبەتەی کە لەموسڵمانەکانیان دەکرد ، لەگەڵ زۆری و گەورەیی چەك و تفاقی جەنگیان.

هەوڵەکانی ژنانی قورەیش لە دڵ گەرم کردندا

ژنانی قورەیش بەئەندازەی خۆیان لەشەڕەکەدا بەشداریان کرد ، (هند)ی کچی (عتبە) هاوسەری (ابو سفیان) دەیجولاندن ، ژنان بەناو ریزەکاندا دەهاتن و دەچوون و دەفیان لێدەدا ، پیاوانیان دەوروژاند ، هانیان دەدان بۆ شەڕکردن ، باسی قارەمانێتیان بۆدەکردن ، خەڵکە کۆست کەوتوو دڵبریندارەکانیان دەبزواند ، جار جارەش ئالاَ هەڵگەرەکانیان دەدواندو دەیانوت :

وَیها بَني عبـد الدار   وَیها حُماة الادیـار

ضَرباً بِکُلِ بَتّـار

جارێکیش هانی خێڵەکەی خۆیان دەدا بۆ شەڕکردن و شیعریان دەوت :

ان تُقبلـوا نعُـانق   ونَفـرِشُ النمَـارِق

او تُدبـروا نُفـارِق   فـراقَ غَیـر وامِق

یەکەم سووتەمەنی جەنگەکە

هەردوو سوپاکە لێك نزیك بوونەوە ، وردە وردە جەنگ دەستی پێکرد ، یەکەم سووتەمەنی شەڕەکە ئالاَ هەڵگری موشریکان (طلحة) کوڕی (ابي طلحة العبدري) بوو ، ئازاترین سوارچاکی قورەیش بوو ، موسڵمانەکان ناویان نابوو بەرانی کەتیبەکە ، سواری وشترێك بووبوو ، بانگەشەی کرد بۆ شەڕە شمشێر ، لەبەر ئازایەتی کەس نەیوێرا لێی نزیك ببێتەوە ، بەلاَم (الزبیر) بۆی چووە پێشەوە ، نەیهێلاَ دەست بکاتەوە وەك شێر هەڵی کوتایە سەری بۆ سەر وشترەکەی و ، فڕێدایە خوارەوە ، دای بەزەویدا بەشمشێرەکەی سەری بڕی .

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم زۆرانبازیە کەم وێنەیەی بینی (الله اکبر)ی کردو موسڵمانەکانیش بەدوایدا وتیانەوەو ، دەست خۆشی کرد لە (الزبیر)و لەبارەیەوە فەرمووی : هەموو پێغەمبەرێك حەواریەکی هەیە ، حەواریەکەی من (زبیر)ە [1]

---

[1] خاوەنی (السیرە الحلبیە) باسی کردووە ٢/١٨

گەرم بوونی جەنگ لە دەوری ئالاَ هەڵگرەکە و لەناوبردنی

پاشان جەنگ هەڵگیرسا ، شەڕ گەرم بوو لەنێوان هەردوولادا، لە هەموولایەکی مەیدانەکەوە هەرابوو ، قورسایی شەڕەکە بەدەوری ئالاَهەڵگەرەکەی موشریکەکاندا هەڵدەسوڕا ، دوای کوژرانی (طلحة)ی سەرکردەیان یەکێکی دیکە لە (بنو عبدالدار) کەناوی (عثمان) بوو ئالاَکەی هەڵگرت و هاتەناو مەیدانی جەنگەکەوە دەیوت :

ان على أهل اللواء حقــاً ان تخضب الصعدة أوتندقــا

(حمزة) هەڵی کوتایە سەری ، شمشێرێکیدا لەشانی و دەستی پێوە قرتاند تا ناوکی هەڵدرێت و سیەکانی دەرکەوتن.

پاشان (ابو سعد)ی کوڕی (ابو طلحة) ئالاَکەی هەڵگرت (سعد)ی کوڕی (ابی وقاص) یەك تیری دا لە ملی ، زمانی دەرپەڕییە دەرەوەو دەسبەجێ مرد ، وتراویشە (ابو سعد) هاتۆتە دەرەوە بۆ زۆرانبازی (علی) کوڕی (ابي طالب) بۆی چووەتە دەرەوە ، پاش دوولێدان (علی) لێیداوەو کوشتویەتی .

پاشان (مسافع)ی کوڕی (طلحة)ی کوڕی (ابی طلحة) ئالاَکەی بەرزکردەوە ، (عاصم)ی کوڕی (ثابت)ی کوڕی ((ابي الافح) تیرێکی لێداو کوشتی ، پاش ئەوە (کلاب)ی برای ئالاَکەی هەڵگرت (الزبیر)ی کوڕی (عوام) هەڵی کوتایە سەری کوشتی ، پاشان (الجلاس)ی برایان ئالاَکەی هەڵگرت ، (طلحة)ی کوڕی (عبدالله) لێی داو کوشتی وتراویشە (عاصم)ی کوڕی (ثابت)ی کوڕی (ابی الافلح) یەك تیری لێداو کوشتی .

ئەوانە شەش کەس بوون لەیەك ماڵدا ، ماڵی (ابي طلحة) (عبدالله) کوڕی (عثمان) لەخێڵی (بنی عبدالدار) هەموویان بەدەوری ئالاَکەی بێ باوەڕاند کوژران . پاشان (ارطأة) کوڕی (شرحبیل) لە (بنی عبدالدار) ئالاَکەی هەڵگرت ، (علی) کوڕی (ابي طالب) کوشتی ، وتراویشە: (حمزە) کوشتویەتی . پاشان (شریح)ی کوڕی (قارظ) هەڵی گرت ، ئەویش (قزمان) کوشتی ئەو پیاوە دووڕوو بوو لەبەر خێڵگەریی لەگەڵ موسڵمانەکاندا شەڕی دەکرد نەك بۆ ئیسلام ـ پاشان (ابو زید عمرو) کوڕی (عبد مناف العبدری) ئالاَکەی هەڵگرت ، (قزمان) ئەویشی کوشت ، پاشان کوڕێکی (شرحبیل) هەڵی گرت (قزمان) ئەویشی کوشت.

ئەوانە دە کەس بوون لە (بنی عبدالدار) ئاڵا هەڵگربوون - سەروبەر لەناوچوون - کەسیان نەما ئاڵاکە هەڵگرێت ، غولامێکی حەبەشی ناوی (صواب) بوو ئاڵاکەی هەڵگرت ، ئازایەتیەکی کەم وێنەو زیاتری نواند کە پێشتر هەڵیان گرت و کوژران ، شەڕی کرد تا هەردوو دەستی قرتێنرا ، خۆیدا بەسەر ئاڵاکەو بەمل گرتی نەبادا بکەوێت تا ئەوە بوو کوژرا ، ئەم غولامە لەوکاتەدا دەیوت : خوایە ئەریێ هیچ بەهانەیەك ماوە ، بەڕاستی بەهانە نەما.

پاش ئەوەی غولامەکە کوژرا ، ئاڵاکە کەوتە سەرزەوی ، کەس نەما هەڵی بگرێت تاکۆتایی شەڕەکە لە زەویدا بوو.

شەڕ لە شوێنەکانی تردا

لەکاتێکدا کە قورسایی جەنگەکە بەدەوری ئاڵاکەدا بوو، شەڕ لە شوێنەکانی تریشدا گەرم بوو ، گیانی باوەڕ لەناو ئیمانداراندا جۆشی دەخوارد ، وەك شاڵاوی لافاو هەڵمەتیان دەبردو هیچ بەربەستێك لەبەردەمیاندا خۆی ڕانەدەگرت و دەیانوت : (بمرن ، بمرن) ئەمە دروشمیان بوو لەجەنگی ئوحوددا .

(ابو دجانە) بەپەرۆ سوورەکەی سەریەوە هات ، شمشێرەکەی پێغەمبەری خوای بەدەستەوە بوو ﷺ سوور بوو لەسەر پێدانی هەقی شمشێرەکە ، ئەوەندە شەڕی کرد چوە ناویانەوە ، هەر موشرێکێکی پێ بگەیشتایە دەیکوشت ، درزو شلۆقی خستە ناو ڕیزی موشریکانەوە ، (زبیر)* ی کوڕی (عوام) دەڵێت : شتێك لە دڵمدا دروست بوو کاتێك داوام کرد لەپێغەمبەر ﷺ شمشێرەکەم بداتیێ و نەیدامیێ ، کەچی دایە دەست (ابو دجانە) لەدڵی خۆمدا وتم : بەکوڕی (صفیە)ی پوریم و ، لە قورەیشم ، بۆشی هەستام ، پێش ئەویش داوام کرد دای بەو نەیدا بەمن ، وەڵڵاهی دەبێت سەیر بکەم بزانم ئەم پیاوە چی دەکات ؟ شوێنی کەوتم ، پەڕۆ سوورەکەی دەرهێناو ، سەری پیێبەست ، ئەنساریەکان وتیان : ئەریێ وەڵڵا (ابو دجانە) پەرچەمی مردنی بەست (ابو دجانە) بەدەم چوونە ناو سوپاکەوە دەیوت :

انــا الذي عــاهدني خليلي   ونحن بــالسفح لدى النخيل

ان لا اقوم الدهر في الكيول   اضرب بسيف الله والرسول

هەرچی پیێ بگەیشتایە دەیکوشت ، کابرایەکی موشریك هەر بریندارێکی موسڵمانی بدیایە دەچووە سەری و دەیکوشت لەگەڵ (ابو دجانە) لەیەك نزیك بوونەوە . لەخوا پاڕامەوە لەگەڵ (ابو دجانە) شەڕ بکات ، شەڕیان کردو چەند

شمشێرێکیاندا لەیەکتر، کابرای موشریك شمشێرێکیدا لە(ابو دجانە) بە قەڵغانەکەی خۆی پاراست ، ئەنجا (ابو دجانە) یەك شمشێری لێداو کوشتی[1].

پاشان (ابو دجانە) کەوتە تێك و پێك شکاندنی ڕیزەکانی موشریکان ، تا گەیشتە سەرۆکی ژنانی قوڕەیش ، نەیناسی کە ژنە ، (ابو دجانە) دەڵێت : کەسێکم دی دەم و چاوی مردووەکانی دەڕنیەوە ، بۆی وەستام ، شمشێرێکم لێ ڕاست کردەوە بیکوژم ، قیژاندنی ، ژن بوو ، حەزم نەکرد بەشمشێری پێغەمبەری خوا ﷺ ژن بکوژم ، ئەو ژنە (هند)ی کچی (عتبە) بوو ، (زبیر)ی کوڕی (عوام) دەڵێت : (ابو دجانە)م بینی شمشێرەکەی لەسەرسەری (هند)ی کچی (عتبە) بەرز کردەوە لێ بدات، پاشان دەستی گێڕایەوە، منیش لەدڵی خۆمدا وتم : خوداو پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن[2].

(حمزة)ی کوڕی (عبدالمطلب) یش وەك شێری دڕ وروژابوو دەجەنگاو بێ باکانەو چاونەترسانە خۆی فڕێدایە ناوجەرگەی شەڕەکەو ، وەك چۆن پەروپوش لەبەردەم هەوادا پەرش و بڵاو دەکات بەو شێوەیە پاڵەوانەکانی قوڕەیش لەبەردەم (حمزە)دا بە چواردەوردا بڵاوەیان لێ کرد ، لەگەڵ ئەو بەشدارییە کاریگەرییەی کردی لە تەفروتونا کردنی ئالاَ هەڵگرانی موشریکەکاندا ، پاڵەوانەکانی تریشی تەفروتونا کردن تا ئەوەبوو لە ڕیزی پێشەوە شەهید بوو ، بەلاَم نەك لە ڕووبەڕوو بوونەوەی پاڵەواناندا ، بەڵکو وەك لە تاریکی نیوە شەودا پایەداران دەکوژرێن ئاوا شەهید کرا.

کوژرانی شێری خودا (حمزە) ی کوڕی (عبدالمطلب)

بکوژی (حمزة) (وەحشی) کوڕی (حرب) دەڵێت : غولاَمی (جبیر)ی کوڕی (مطعم) بووم ، (ظعیمة)ی کوڕی (عدی) مامی لەڕۆژی بەدردا کوژرا بوو ، کە قوڕەیش کەوتەڕێ بۆ ئوحود (جبیر) پێی وتم : ئەگەر تۆ (حمزە)ی مامی موحەممەدم بۆ بکوژیت ئازادت دەکەم ، دەڵێت : لەگەڵ خەڵکیدا دەرچووم ، من پیاوێکی حەبەشی بووم ڕمباز بووم کە ڕمم فڕێ بدایە کەمجار هەڵەم دەکرد . کە دووسوپاکە بە یەك گەیشتن گەڕام بەشوێن (حمزە)دا ، تا لەناو قەرەباڵغەیەکەدا بینیم وەك شۆڕە سوارێکی لێهاتوو دڕی ئەدا بەڕیزەکان و لەهەرچییەکی دەدا هەڵنەدەسایەوە ، خۆم ئامادەکرد لێی دەم ، خۆم لە پاڵ درەختێکدا یان بەردێکدا حەشاردا تا لێم نزیك بێتەوە پێش من

[1] ابن هشام ٢/ ٦٨ ، ٦٩
[2] هەمان سەرچاوە ٢/ ٦٩

(سباع)ی کوڕی (عبد العزی) لێی نزیك بوەوە ، کە (حمزە) بینی هاواری لێکرد : وەرە هەی کوڕی ژنە خەتەنەچییەکە ـ دایکی (سباع) ژنانی خەتەنە دەکرد ـ وەحشی دەڵێت : یەك شمشێری دا لەملی (سباع) ئەوندە خێرا بوو وامزانی بەری نەکەوت.

دەڵێت : ڕمەکەم ئامادەکرد ، کە قەرەوڵم بۆ گرت تێم گرت ، دای لە کەلەکەی ، هەناوی بڕی و لە پشتیەوە دەرچوو ، ویستی بەرەو ڕووم بێت نەیتوانی و کەوت ، وازم لێهێنا تا مرد ، پاشان چوومە سەری ڕمەکەم دەرهێناو گەڕامەوە نێو سەربازگە ، لەوێ دانیشتم کارم بەکەسی تر نەبوو ، بۆیە ئەویشم کوشت تا ڕزگاربم ، کە گەڕامەوە بۆ مەککە ئازاد کرام[1] .

بـاڵادەست بوون بەسەر ڕەوشەکەدا

لەگەڵ ئەو زیانە زۆرەی بەر موسڵمانان کەوت بە شەهیدبوونی شێری خوداو پێغەمبەرەکەی ﷺ (حمزە)ی کوڕی (عبد المطلب) ، موسڵمانەکان زاڵ بوون بەسەر شەڕەکەدا ، لەو ڕۆژەدا (ابوبکر) و(عمر)ی کوڕی (خطاب) و (علي) کوڕی (ابو طالب) و(الزبیر)ی کوڕی (عوام) و (مصعب)ی کوڕی (عمیر) و (طلحة)ی کوڕی (عبیداللە) و (عبداللە)ی کوڕی (جحش) و(سعد) کوڕی (معاذ) و(سعد)ی کوڕی (عبادە) و(سعد)ی کوڕ (الربیع) و (انس)ی کوڕی (النضر) و چەندینی تر شەڕێکیان دەکرد ورەی دوژمنانی خوای ڕووخاندبوو ، پەرتەوازەی کردبوون.

لە ئامێزی ژنەوە بۆ ناو بریسکەی شمشێرو ڕم

یەکێك لە پاڵەوانە کەم وێنەکانی ئەو ڕۆژە (حنظلة)ی شۆڕاو بوو ـ ناوی (حنظلة)ی کوڕی (ابی عامر)ە ، ئەم (ابو عامر)ە بریتی‌یە لە ڕاهیبە فاسقەکەی پێشتر باسی لێوە کرا ، (حنظلة) تازە ژنی گواستبوویەوە ، کە گوێی لەدەنگی جەنگ بوو ، لەو کاتەدا کەهێشتا تازە زاوا بوو ، دەستبەجێ ژنەکەی بەجێ هێڵاو چوو بۆ جیهاد ، کە گەیشت بەسوپای موشریکان لەمەیدانی جەنگدا ، خۆی کرد بەناو ڕیزەکانیاندا ، تا گەیشتە سەر سەرکردەی موشریکان (ابو سفیان)ی کوڕی (حرب) ، خەریکبوو لەناوی بەرێت ئەگەر خودا شەهید بوونی بەنسیب نەکردایە ، ئەوەبوو کەوتە سەر (ابو سفیان) و بەگیری هێنا تا (شداد)ی کوڕی (اسود) شمشێرێکی لێداو شەهیدی کرد.

---

[1] ابن هشام ٢ ٦٩ ، ٧٠ ، ٧١ ، ٧٢ صحیح البخاری ٢، ٥٨٣ . (وحشی) لەدوای جەنگی (طائف)ەوە موسڵمان بوو، هەربەو ڕمەی دەستی (مسیلمة)ی درۆزنی کوشت و، شەڕی (یرموك) یشی دژ بە ڕۆمەکان بینی

پشکی تیر هاوێژەکان لە شەڕەکەدا

ئەو گروپەی پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر شاخەکە داینابوون دەستی بالأیان هەبوو لە پاراستنی هاوسەنگی شەڕەکە لە بەرژەوەندی موسڵمانان ، ئەسپ سوارەکانی مەککە بەیارمەتی (ابو عامر)ی فاسق سێ جار هێرشیان هێنا بۆ تێکشکاندنی باڵی چەپی سوپای موسڵمانەکان ، تابگەنەوە پشتی موسڵمانەکان و شپرزەو پەرتەوازەیان بکەن و، شکستیان پێ بهێنن ، بەلأم تیرهاوێژەکان تیر بارانیان کردن و نەیانهێلأ نزیك بکەونەوە [1].

شکست خواردنی سوپای موشریکان

بەو شێوەیە شەڕ بەقورسی بەردەوام بوو ، سوپا بچوکەکەی ئیسلام کۆنترۆڵی مەیدانەکەی کرد ، موشریکان ورەیان ڕووخا ، لە هەموولایەکەوە ڕیزەکانیان هەرەسی هێناو تێکشکا ، وەك ئەوە وەهابوو ئەو سێ‌هەزار موشریکە رووبەرووی سی‌هەزار موسڵمان بووبنەوە، نەك چەند سەد جەنگاوەرێك ، موسڵمانەکان جوانترین وێنەی قارەمانێتیان نیشاندا.

هەرچی قورەیشیشە هەموو توانایەکی خۆی خستەگەڕ بۆ وەستاندنی هێرشی موسڵمانەکان هیچ سوودی نەبوو زیاتر سست دەبوون ، شەوکەتیان نەما ، تا وای لێهات کەس نەیدەوێرا لەئالأکە نزیك ببێتەوە دوای کوشتنی (صواب) بۆ ئەوەی هەڵی بگرێت و شەڕکەرەکان بەدەوری خۆیدا کۆبکاتەوە، بۆیە دەستی کردە پاشەکشێ و، پاشان هەلأتن ئەوەی لەبیرچوو کە لەدڵی خۆیدا باس و خواسی تۆڵە سەندنەوەو ، گێڕانەوەی نەمریی بۆ قورەیش دەکرد.

(ابن اسحاق) دەڵێت: پاشان خوای‌گەورە سەرکەوتنی خۆی بۆ ناردنە خوارەوەو ، بەڵێنەکەی بۆ هێنانەدی ، بەشمشێر ڕەدویان کەوتن هەتا لە سەربازگەشدا هەڵیان برین ، ئیتر سەرکەوتن هیچ گومانێکی تێدا نەما ، (عبدالله)ی کوڕی (زبیر) لە باوکیەوە دەگێڕێتەوەو، فەرموویەتی: وەڵڵاهی بەچاوی خۆم (هند) کچی (عتبە)و کارەکەرەکانیم بینی ڕایاندەکردو شپرزە بووبوون و هەرچیان هەبوو لە زۆرو لەکەم فرێیان دابوو... هتد [2] لەفەرموودەیەکی (براء) یشدا لە (صحیح

---

[1] بڕوانە (فتح الباری) ٧ / ٣٦٤
[2] ابن هشام ، ٢ / ٧٧

البخاری)دا هاتووه: کاتێك کەوتینە شەڕ رایانکرد، تاوای لێهات ژنەکانیانم بینی خۆیان بە گوریس بەستبۆوە ، قاچەکانیان بەرز دەکردەوە تا خڕخاڵەکانی پێیان دەرکەوت[٣]، موسڵمانەکان شوێنیان کەوتن ، بەچەك تێیان بەربوون و ،کەوتنە کۆکردنەوەی تالآنی جەنگ.

هەڵە گەورەکەی تیرهاوێژان

لەکاتێکدا کە خەریك بوو سوپا خنجیلانەکەی ئیسلام سەرکەوتنێکی گەورەی تری تۆمار دەکرد بەسەر سوپاکەی مەککە کەهیچی کەمتر نەبوو. لەلایەن زۆرینەی تیر هاوێژەکانەوە هەڵەیەکی گەورە ڕوویدا ڕەوشەکەی تەواو سەرەو لێژ کردەوەو . بووە هۆی گەیاندنی زیانێکی گەورە بەموسڵمانەکان ، خەریکبوو ببێتە هۆی شەهید کردنی پێغەمبەریش ﷺ و . کارێکی خراپی کردە سەر ناوبانگیان و ، ئەو سام و بیمەی هەیانبوو لەدوای جەنگی بەدرەوە.

پێشتریش باسی ئەو فەرمانە توندوتیژانەمان کرد کە پێغەمبەری خوا ﷺ ئاڕاستەی ئەو تیرهاوێژانەی کرد ، بەمانەوە لەجێگەی خۆیاندا لە هەمووحاڵەتێکدا سەرکەوتن بێت یان ژێرکەوتن ، کەچی لەگەڵ ئەو فەرمانە توندو تیژانەشدا ، کاتێك بینیان موسڵمانەکان تالآنی جەنگی بێباوەڕان دەماشنەوە . خۆشەویستی دونیا سواری ملیان بوو ، هەندێکیان بەیەکتریان وت: فریاکەون تالآنیتان لەدەست نەچێت . ئەوە هاوڕێکانتان سەرکەوتن ، چاوەڕێی چی دەکەن ؟

بەلأم (عبیداللە)ی کوڕی (جبیر)ی سەرکردەیان ، گوتەکانی پێغەمبەری خودای بیر خستنەوەو پێی وتن : ئەریّ لە بیرتان چوو پێغەمبەری خوا ﷺ چیّ پیّ فەرموون ؟

بەلأم زۆرینەیان گوێیان نەدایە ئەو بیرخستنەوەیەو ، وتیان : ئێمەش دەڕۆین بۆ لای ئەو خەڵکەو غەنیمەت کۆ ئەکەینەوە[١]. پاشان چل پیاو لەو تیر هاوێژانە کێوەکەیان چۆڵکردو، هاتنە خوارەوە بۆناو سوپاکە بۆ کۆکردنەوەی تالآنی بەو شێوەیە پشتی موسڵمانەکان چۆڵ بوو ، جگە (ابن جبیر)و نۆ کەسی تری هاوەڵی کە لەوێدا مانەوەو بریارپیاندا کەلەوێدا بمێننەوە تا لەناودەچن یان مۆڵەت دەدرێن، ئیدی ئەوانیتر کێوەکەیان بەجێهێشت و هاتنە خوارەوە.

---

[٣] صحیح البخاری ٢/ ٥٧٩

[١] (بخاری) ئەمەی گێراوەتەوە ، لە فەرموودەیەکی (براء) کوڕی (عازب) ەوە ١ ٤٢٦

خالیدی کوڕی وەلید هەڵدەسێت بەئابلوقەدانی سوپای ئیسلامی

(خالد)ی کوڕی (ولید) ئەم دەرفەتە ئاڵتونیەی قۆستەوە ، بەخێراییەکی زۆر بە پشتی شاخەکە سوڕایەوە ، تا گەیشتەوە پشتەوەی سوپای ئیسلام ، زۆری پێنەچوو ، (عبیداللە)ی کوڕی (جبیر) و هاوەڵەکانی لەناوبردو ، پاشان هێرشی بردە سەر موسڵمانەکان لەپشتەوەو ، ئەسپ سوارەکانی هاوڕێی هاوارێکیان کرد موشریکە هەڵاتوەکان زانیان کەشتێکی نوێ ڕووی داوە ، هەڵگەڕانەوە بەڕووی موسڵمانەکانداو ، ژنێکیان کە (عمرة) کچی (علقمە)ی (حارثیة) بوو ئاڵا خۆڵاویەکەی لەسەر زەوی هەڵگرتەوەو ، موشریکانی بەدەوریدا خڕبوونەوەو هاتنەوە پەنایەوەو ، کەوتنە بانگ کردنی یەکتر تاکۆبوونەو بۆ موسڵمانەکان ، خۆیان گرتەوە بۆ شەڕ ، موسڵمانەکانیش لە بەرودواوە ڕێگەیان لێ گیرا ، کەوتنە نێوان ئەوان و دەستکەوانەکەوە .

هەڵوێستی نەبەردانەی پێغەمبەر ﷺ لەبەردەم ئابلوقەکەدا

پێغەمبەری خوا ﷺ لەوکاتەدا لەگەڵ مەفرەزەیەکی بچووکدا بوو ـ کە نۆ کەس بوون لەهاوەڵەکانی[٢] لەپشتەوە سوپای موسڵمانەکاندا بوون[٣] ، چاودێری ئازایەتی موسڵمانەکانی دەکرد کەچۆن موشریکان ڕاودەنێن، لەپڕێکدا لەلایەن ئەسپ سوارەکانی خالیدەوە بەتەواوی درا بەسەریاندا ، تەنها دووڕێگە چارەی لەبەردەمدا بوو، یان ڕزگاری بێت بەخێرایی ـ بەخۆی و هاوەڵەکانیەوە بەرەو پەناگە بێوەکەی خۆی و واز لە سوپا ئابڵووقەدراوەکەی بهێنێت بەرەو چارەنووسی چاوەڕوانکراوی بڕوات، یان خۆی بخاتە بەرمەترسی و هاوەڵەکانی بانگبکات تا لەدەوری کۆببنەوەو بیانکاتە بەربەستێکی بەهێزو لەناو سوپاکەی قورەیشدا دڕیان پێ بدات بەرەو گردۆڵکەکانی ئوحود.

لێرەدا ئازایەتی و لێهاتوویی پێغەمبەر ﷺ دەرکەوت ، بەدەنگی بەرز هاواری کردە هاوەڵانیو فەرمووی: (بەندەکانی خوا) باش دەیزانی کەموشریکان پێش موسڵمانەکان گوێیان لەدەنگی دەبێت ، بەڵام خۆی خستە نێو مەترسیەکەو لەوکاتە ناسکەدا هاواری لێکردن .

---

[٢] لە (صحیح)ی (مسلم) داهاتووە (٢/١٠٧) پێغەمبەر ﷺ لەڕۆژی (ئوحود) دا (٧) ئەنساری و (٢) قورەیشی هەڵبژارد لەگەڵیدا بن

[٣] ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەو حاڵەتە ﴿ والرسول يدعوكم في اخراكم ﴾ ٣/ ١٥٣

پەرتەوازە بوونی موسڵمانەکان لە شەڕەکەدا

موسڵمانەکان کەوتنە ناو ئابڵوقەکەوە هەندێکیان عەقڵ لەکەللەیاندا نەما ، جگە لەخۆیان چی دیان مەبەست نەبوو ، کەوتنە هەڵاتن و ، مەیدانی شەڕەکەیان بەجێ هێشت و ، بێ ئەوەی بزانن چی لەدواوەیە ؟ هەندێك لەوانە تا ناو مەدینە بە ڕاکردن نەوەستابوون ، هەندێکی تریان بەرەو بەرزایی شاخەکە ڕایانکرد ، کۆمەڵێکی تریشیان گەڕانەوە ناو سوپای موشریکان ، لێك پژان و لەیەکتری جیا نەدەکرانەوە . موسڵمانەکان بەهەڵە هەندێکیان لەیەکتری کوشت ، بوخاری لە عائشەوە دەگێڕێتەوە فەرموویەتی : لە ڕۆژی شەڕی ئوحوددا موشریکان بەئاشکرا شکان ، ئیبلیس هاواری کردە موشریکان خەڵکینە بگەڕێنەوە دواوە ، پێشەنگە هەڵاتوەکە گەڕایەوە ، لەگەڵ دواییینەکەدا یەکیان گرتەوەو هاتنەوە دەست (حذیفة) سەیری کرد باوکی بینی هاواری کردە موسڵمانەکان وتی: موسڵمانینە ئاگاتان لە باوکم بێت مەیکوژن ، موسڵمانەکان ئەوەندە شپرزە بوون پێیان نەزانی و کوشتیان ، (حذیفة) وتی : خوا لێتان خۆشبێت ، (عروە) دەڵێت : وەڵڵاهی دوای ئەوەش (حذیفة) هەر پیاوێکی چاك بوو تا وەفاتی کرد [1].

ئەم کۆمەڵەیان بەتەواوی بەیەکدا هاتن و ، پشێویان تێدا دروست بوو ، لە یەکتری وون بوون و ، نەیاندەزانی ڕوو لەکوێ بکەن ، لەو حاڵەتە ناخۆشەدا بوون ، یەکێك هاواری کرد (محمد) کوژرا ، ئیدی عەقڵیان لەسەردا نەماو ، چەکەکانیان فڕێدا ، هەندێکی تریان بیریان لەوە دەکردەوە خۆیان بدەن بە دەستەوە بۆ (عبداللە)ی کوڕی (ابی) سەرکردەی دووڕووەکان ، بۆ ئەوە لە دەست (ابو سفیان) پەنایان بدات.

(انس)ی کوڕی (نضر) بەلای ئەمانەدا تێپەڕی بینی چەکیان فڕێداوە ، پێی وتن : چاوەڕوانی چی دەکەن ؟

وتیان: پێغەمبەری خوا ﷺ شەهید کراوە ، وتی: ئیتر دوای ئەو ژیانتان بۆ چییە ؟

---

[1] صحیح البخاری ١/٥٣٩ ، ٢/٥٨١ فتح الباری ٧/٣٥١ ، ٣٦٢ ، ٣٦٣ ، . جگە لەبوخاری ئەوانی دیکەش گوتویانە کە پێغەمبەر ﷺ ویستی خوێنەکەی بدات ، (حذیفە)وتی : خوێنەکەیم کرد بە سەدەقە بۆ موسڵمانان ، بەو هەڵوێستە (حذیفە)ئەوەندەیتر لای پێغەمبەر ﷺ خۆشەویست بوو ، بڕوانە (مختصر سیرة الرسول) نوسینی شێخ عەبدوڵڵای نەجدی ل ١٤٦

هەستن لەسەر ئەو ڕێگەیە بمرن کە ئەوی لەسەر مرد ، پاشان وتی : خوایە من داوای لێبوردنت لێ دەکەم لەسەر ئەوەی ئەمانە دەیکەن (مەبەستی ئەو کۆمەڵە موسڵمانە بوو) بێ بەریشم لەکاری ئەو موشریکانە ، پاشان چووە پێشەوە (سعد)ی کوڕی (معاذ)ی پێگەیشت ، وتی : بۆ کوێ دەچی (ابو عمر) ؟

(انس) وتی: هەست بەبۆنی بەهەشت دەکەم (سعد) ، لەپاڵ کێوی ئوحوددا هەستی پێ دەکەم ، پاشان خۆی فرێدایە ناو شەڕەکە هەتا شەهیدکرا ، لەبەر زۆری برینەکانی نەناسرایەوە ، دوای شەڕەکە - تاخوشکەکەی بەسەری پەنجەکانیدا ناسیەوە، هەشتاو ئەوەندە برینی جێگەی لێدانی ڕم و شمشێرو تیری پێوەبوو[١].

(ثابت)ی کوڕی (دحدام) یش خێڵەکەی بانگ کردو وتی : ئەی خەڵکی ئەنسار ، کە موحەممەد مرد بێت ئەوە خودا زیندووەو نامرێت ، لەسەر دینەکەتان شەڕ بکەن ، خوا پشتیوانتانەو سەرتان دەخات ، چەند کەسێکی ئەنساری لەگەڵیدا هەستانەوەو هەڵیان کوتایە سەر کەتیبەکەی (خالد) کەوتنە جەنگ لەگەڵیان ، تا (خالد) بە ڕم کوشتی و دوای ئەو هاوەڵەکانیشی کوژران[٢].

پیاوێکی کۆچکەران بەلای ئەنساریەکدا تێپەڕی خەڵتانی خوێن بووبوو ، وتی: فلانەکەس زانیوتە کە موحەممەد شەهیدکراوە؟ کابرای ئەنساری وتی: ئەگەر موحەممەد ﷺ کوژرا بێت ئەوە بۆ خۆی پەیامەکەی گەیاندوە ، ئێوەش لە پێناوی ئایینەکەتاندا شەڕ بکەن[٣].

بەم شێوە قارەمانێتیە موسڵمانەکان ورەیان بەرز بوەوەو هاتنەوە هۆش خۆیان و وازیان لە بیرۆکەی خۆ بەدەستەوەدان و پەیوەندی کردن بە (ابن ابی) یەوە هێناو دەستیان دایەوە چەك و شالاویان کردە سەر تەوژمی موشریکان لەکاتێکدا کە دەیانویست بگەنە بنکەی سەرکردایەتی موسڵمانەکان چونکە بیستبویان هەواڵی شەهید کردنی پێغەمبەر ﷺ درۆیە و هەڵبەستراوە ، ئەمەش هێزو تینی پێدانەوەو توانیان لەو ئابڵوقەیە خۆیان ڕزگار بکەن و . بنکەیەکی پتەو لەمەیدانەکەدا دروست بکەن و شەڕێکی قارەمانانە تۆمار بکەن .

---

(١) زاد المعاد ٢/٩٦،٩٣ (صحیح البخاری) ٢ ٥٧٩

(٢) السیرة الحلبیة ٢/٢٢

(٣) زاد المعاد ٢/ ٩٦

کۆمەڵێکی تریش جگە لە پێغەمبەر ﷺ هیچ خەمێکی تریان نەبوو ، بەخێرایی لەدەوری خڕبوونەوەو لەهەر چوارلاوە پاراستیان . لە سەرووی هەموویانەوە (ابوبکر)ی (صدیق) و (عمر)ی کوڕی (خطاب) و (علی) کوڕی (ابي طالب) و چەند کەسێکی دیکە بوون ئەمانە لەپێشەوەی شەڕکەراندا بوون ، بەڵام کە هەستیان کرد بەبوونی مەترسی لەسەر جەستەی پیرۆزی پێغەمبەر ﷺ کەوتنە ڕیزی پێشەوەی بەرگری کەران .

گەرم بوونی شەڕ بە دەوری پێغەمبەردا ﷺ

لەکاتێکدا کە کۆمەڵێ لەموسڵمانەکان کەوتبوونە ئابلۆقەکەو ، لە هەموو لایەکەوە لێیان دەدرا ، لەملاشەوە شەڕ بەدەوری پێغەمبەردا ﷺ گەرم بووبوو ، پێشتریش وتمان کاتێك موشریکان دەستیان کرد بەئابلۆقەدانی موسڵمانەکان ، پێغەمبەری خوا ﷺ ، جگە لە نۆ کەس کەسێکی دیکەی لەگەڵدا نەبوو ، کە بانگی کردە موسڵمانەکان و فەرمووی : ئادەی وەرن بۆ لام ، من پێغەمبەری خوام ، موشریکان گوێیان لەدەنگی بوو ناسیانەوە ، هاتنە سەری بەهەموو هێزێکیانەوە شاڵاویان بۆ هێنا پێش ئەوەی کەسێك لە موسڵمانەکان بگاتەوە لای ، لەنێوان موشریکان و ئەو نۆ کەسەدا شەڕێکی توند ڕوویدا کەتیایدا وێنەیەك لە پاڵەوانێتی و ئازایەتی و گیانی خۆبەخت کردن دەرکەوت.

(موسلیم) دەگێڕێتەوە لە (انس)ی کوڕی (مالك)ەوە دەڵێت : لە ڕۆژی ئوحوددا پێغەمبەری خوا لەگەڵ نۆ کەسی هاوەڵیدا مایەوە ، حەوتیان ئەنساری و دووانیان کۆچکەران بوون ، کە ئابلۆقەیاندان و زۆریان بۆ هێنان. فەرمووی : کێ دەتوانێت ئەمانەمان لێ دور بخاتەوە ، بەهەشتی بەنسیب دەبێت ؟ یان ئەو دەبێتە هاوڕێی من لە بەهەشتدا ؟ پیاوێکی ئەنساری چووە پێشەوە کەوتە شەڕ هەتا شەهید بوو ، پاشان هاتنەوە سەری بەم شێوەیە شەڕ بەردەوام بوو تا حەوت ئەنسارییەکە شەهید بوون ، پێغەمبەری خوا ﷺ بە هەردوو هاوەڵە قوڕەیشییەکەی فەرموو : (بەڕاستی ویژدانمان نەبوو لەگەڵ هاوەڵەکانی ترماندا) [١].

دوایین شەهیدی ئەو حەوت کەسە (عمارە)ی کوڕی (یزید)ی کوڕی (سکن) بوو ، شەڕی کرد ، برینەکانی زۆریان بۆ هێناو کەوت [٢].

---

[١] صحیح مسلم باب غزوه احد ٢/١٠٧

[٢] پاش ساتێك کۆمەڵێ لەموسڵمانەکان گەڕانەوە بۆلای پێغەمبەر ﷺ و هەڵیان کوتایە سەر ئەو بێباوەڕانەی بەسەر (عمارە)وە بوون ، دەریان هێناو بردیانە لای پێغەمبەر ﷺ قاچی بۆ کرد بەسەرین ، بەو حاڵەوە کاتێ سەری لەسەر ڕانی پێغەمبەر بوو ﷺ کۆچی دوایی کرد ، (ابن هشام) ٢/٨١)

ناخۆشترین کات لەژیانی پێغەمبەردا ﷺ

پاش کەوتنی (عمارە)ی کوڕی (سکن) ، پێغەمبەری خوا ﷺ بەتەنها لەگەڵ دوو قورەیشیەکەدا مایەوە ، لە (صحیحین)دا هاتووە لە (ابی عثمان)ەوە ، دەڵێت: لەو ڕۆژەدا جگە لە (طلحة)ی کوڕی (عبید الله) و (سعد)ی کوڕی (ابی وقاص)[٣] کەس بەدەوری پێغەمبەردا ﷺ نەمابوو ، ئەو ساتەوەختە ناخۆشترین کات بوو لەژیانی پێغەمبەردا ﷺ تێپەڕێت و، دەرفەتێکی ڕەخساویش بوو بۆ موشریکان، موشریکانیش هیچ دوانەکەوتن لە قۆستنەوەی ئەو دەرفەتەدا ، هەڵگەڕانەوە سەر پێغەمبەر ﷺ و بەنیاز بوون لە ناوی بەرن ، (عتبە)ی کوڕی (ابی وقاص) بەردێکی تێگرت کێشای بە دانی پیرۆزیدا دانە خڕێنەکەی خوارەوەی شکاند ، (عبدالله)ی کوڕی (شهاب الزهری) یش نێو چەوانی پیرۆزی بریندار کرد ئەسپ سوارێکی سەرسەخت کە ناوی (عبدالله)ی کوڕی (قمئة) لە دوورەوە هات شمشێرێکی‌دا لەلا شانی پیرۆزی ، تاماوەی یەك مانگ ئازاری هەبوو، بەڵام نەیتوانی زنجیربەندەکانی شانی ببڕێت، پاشان شمشێرێکی تری‌دا لەسەر ڕوومەتی پیرۆزی توندبوو وەکو یەکەمیان بەشێوەیەك ئەڵقەبەندی زنجیرەکەی سەرسنگی پیرۆزی لە ڕوومەتی گیربوو، ئەنجا وتی: دەبخۆ ئەوە منم (ابن قمئة) پێغەمبەری خواش ﷺ لەکاتێکدا کە خوێنی نێوچاوانی دەسڕی فەرمووی : خوا لەت و پەتت بکات[١].

لە (صحیح)یشدا هاتووە ، دانە چوارینەکەی پێغەمبەر ﷺ شکاو ، سەری بریندار بوو ، خوێنی لێ دەچۆڕاو دەیفەرموو : چۆن گەلێك ڕزگاریان دەبێت ئاوا پێغەمبەرەکەیان بریندار بکەن و دانی بشکێنن ، لەکاتێکدا ئەو بۆ لای خوا بانگیان بکات ، خوای گەورە ئایەتی ناردە خوارەوە : ﴿ ليس لك من الامر شيء أو يتوب عليهم أو يعذبهم فانهم ظالمون ﴾[٢] واتە : تۆ هیچ شتێکت لەکاروباری بەندەکان بەدەست نیە ، هەموو شت بەدەستی خوا خۆیەتی ئەگەر تەوبە و پەشیمانی یان لێ وەربگرێت ، یان سزاو ئازاریان بدات (خوا سەربەست و بێباکە) چونکە ئەوانە ستەمکارن .

---

(٣) صحيح البخاری ٥٢٧/١ ، ٥٨١/٢

(١) خوای گەورە دۆعاکەی پێغەمبەری گیراکردو ﷺ لە (ابن عائذ)ەوە دەڵێت جارێکیان (ابن قمئة) بۆ ماڵ دەچوو ، جێگەکەی برد بۆ سەرشاخێك ، مەڕێك شاخی لێ توند دەکات و لەبەرزایی شاخەکەوە فڕێی دەداتە خوارەوەو لەت و پەت دەبێت ، (فتح الباری) ٢٧٢/٧ ـ لای (طبراني یش هاتووە ، خوا بەرانە کێویەکی تێ بەرداو ، بەقۆچ لێ‌ی‌دا تا پارچە پارچەی کردو خستیە خوارەوە (فتح الباری ٧/ ٢٦٦)

(٢) صحيح البخاري ٢/ ٥٨٢ ، هەروەها (صحيح مسلم) ٢/ ١٠٨

لەگێڕانەوەیەکی (طبراني) یدا هاتووە پێغەمبەر ﷺ لەو ڕۆژەدا فەرمووی : خودای گەورە زۆر ڕقی هەستا لەو گەلەی دەم و چاوی پێغەمبەرەکەیان خوێناوی کرد ، پاش کەمێك وەستان فەرمووی : خوایە لە گەلەکەم خۆش ببەو چونکە هیچ نازانن [٣].

بەو شێوەیەش لە (صحیح)ی (مسلم)دا هاتووە فەرموویەتی : پەروەردگارم لە گەلەکەم ببورە چونکە هیچ نازانن [٤] هەروەها (الشفاء)ی قازی (العیاض)دا هاتووە فەرموویەتی : خوایە گەلەکەم هیدایەت بدە چونکە نازانن [٥].

گومانی تێدانیە کە موشریکان مەبەستیان لەناو بردنی پێغەمبەر بوو ، بەڵام هەردوو هاوەڵە قوڕەیشیەکەی (سعد)ی کوڕی (ابی وقاص) و (طلحة)ی کوڕی (عبید الله) قارەمانێتیەکی کەم وێنەیان نیشاندا ، بەهەردووکیانەوە یەك بواریان نەدا موشریکان بێنە پێشەوەو ، کارامەترین تیر هاوێژی عەرەب بوون ، زۆر هەوڵیاندا تا لە کۆتایی‌دا هەموو هەوڵەکانی موشریکانیان لەگەیشتندا بەپێغەمبەر پووچەڵ کردەوە .

پێغەمبەری خوا ﷺ تیرەکانی خۆی هەڵڕشت بۆ (سعد)ی کوڕی (ابی وقاص) و پێی فەرموو : تیربارانیان بکە دایك و باوکم بەقوربانت بێت [١] ئەمەش بەڵگەیە لەسەر شیاوێتی (سعد) ، چونکە پێغەمبەر دایك و بابی پێکەوە نەکردوە بە قوربانی کەس جگە لە (سعد) [٢] .

سەبارەت بە (طلحة)ش ، نەسائی لە(جابر)ەوە بەسەرهاتێك دەگێڕێتەوە ، باس لە کۆبوونەوەی موشریکان دەکات بە دەوری پێغەمبەردا ﷺ کاتێك کەچەند کەسێکی ئەنساری لەگەڵدا بوو ، (جابر) دەڵێت : موشریکان چاویان کەوت بە پێغەمبەری خوا ﷺ بۆی چوون ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : کێ دەتوانێت ئەوانە بگێڕێتەوە ؟ (طلحة) وتی: من ، پاشان (جابر) باسی هاتنە پێشەوەی ئەنساریەکان و یەك لەدوای یەك شەهیدبونیانی کرد بەو شێوەیەی لە ریوایەتەکەی (مسلم) دا هات ، کە هەموو ئەنساریەکان شەهید کران (طلحة) چووە پێشەوە ، (جابر) دەڵێت

---

[٣] فتح الباری ٣٧٣/٧
[٤] صحیح مسلم باب غزوة احد ٢/ ١٠٨
[٥] (کتاب الشفاء بتعریف حقوق المصطفی)٨١/١
[١] صحیح البخاری ٤١٧/١ ، ٢/ ٥٨٠ ، ٥٨١ .
[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو .

: (طلحة) به ئەندازەی یانزە کەس شەڕی کرد تا شمشێرێك درا لە دەستی و پەنجەکانی قرتاند ، وتی : باشە پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو : ئەگەر (بسم الله) ت بکردایە بە بەرچاوی خەڵکەوە فریشتەکان هەڵیان دەگرتی ، دەڵێت پاش ئەوەی خوای گەورە دەستی موشریکانی کۆتا کرد [٣] لەلای (حاکم) لە (الاکلیل) دا هاتووە دەڵێت : لە ڕۆژی (ئوحود) دا سی و نۆ کەس یان سی و پێنج کەس بریندار بوون ، پەنجەی شایەتومان و ناوەڕاستی (طلحە)ش لەکار کەوت [٤] .

(بخاری)یش دەگێڕێتەوە لە(قیس)ی کوڕی (ابی حازم)ەوە، دەڵێت: دەستی (طلحة)م بەئیفلیجی بینی لەڕۆژی ئوحوددا بەرگری پێکردبوو لە پێغەمبەری خوا ﷺ [٥] .

(ترمذي)یش دەگێڕێتەوە ، کە پێغەمبەر ﷺ لەوڕۆژەدا لە بارەیەوە فەرمووی : هەر کەسێك دەیەوێت سەیری شەهیدێك بکات کە بەسەر زەویدا دەڕوات باسەیری (طلحة)ی کوڕی (عبيد الله) بکات [٦] .

(ابو داود)ی (طیالیسي) دەگێڕێتەوە لە (عائشە)ە وە ، کە وتویەتی هەرکاتێك لای (ابوبکر) باسی ڕۆژی (احد) بکردایە دەیفەرموو : ئەو ڕۆژە ڕۆژی (طلحة) بوو [٧] .

هەروەها (ابوبکر) لەبارەیەوە فەرموویەتی :

یـــا طلحة بن عبيد الله قد وجبت لك الجنان وبوأت ألمها العينـــا [٨]

لەوکاتە ناسك و ساتەناخۆش و تەنگەدا خوای گەورە لەپشت پەردەوە سەرکەوتنی نارد ، لە (صحیحین)دا هاتووە لە (سعد)ە وە دەڵێت : ڕۆژی (احد) دوو پیاوی سەرتاپا سپیم بینی لە پاڵ پێغەمبەردا ﷺ شەڕیان دەکردو بەسەختی دەجەنگان . نە پێش و نە پاشی شەڕەکە نەم دیبوون ، لە ڕیوایەتێکدا بە مانا (جبریل) و (میکائیل) هاتوون [٩] .

---

[٣] فتح الباري ٧ ٣٦١ . هەروەها (سنن النسائی) ٢ ٥٢ ، ٥٣

[٤] هەمان سەرچاوەی یەکەم ٧ ٣٦١

[٥] صحیح البخاری ١ ٥٢٧ ، ٢ ٥٨١

[٦] مشکاة المصابیح ٢' ٥٦٦ (چاپی دار الفکر) ، ابن هشام ٢ ٨٦

[٧] فتح الباری ٧ ٣٦٧

[٨] کورتەی (تاریخ دمشق) ٧ ٨٧ لەپەراوێزی (ذور الذهب) ەوە لا ١١٤

[٩] صحیح البخاري ٢ ٥٨٠

سەرەتای کۆبوونەوەی هاوەڵان بەدەوری پێغەمبەردا ﷺ

ئەم ڕووداوانە بەخێراییەکی زۆرو لەیەك چاوتروکاندا ڕوویاندا ، هاوەڵە لێهاتوە لێوەشاوەکانی پێغەمبەر ﷺ کە لەپێشەوە دەجەنگان ، لەگەڵ بینیان ڕەوشەکە گۆڕا ، یان کەگوێیان لەدەنگی پێغەمبەر بوو ﷺ دەسبەجێ چوون بە دەمیەوە ، نەبادا پێش ئەمان تووشی شتێك ببێت ، بەڵام کاتێك گەیشتن ، پێغەمبەری خودایان بەو خوێن و برینەوە بینی و جەستەی شەش شەهیدە ئەنساریەکەشیان بەدی کرد سەیریان کرد حەوتەمیان بەسەختی بریندارەو ، (سعد) و (طلحة)ش قارەمانانە شەڕ دەکەن کەگەیشتن پەرژینێکی ئەستووریان بە چواردەوری پێغەمبەردا ﷺ کێشا بەلاشەو چەکەکانیان توندو تۆڵ لە شاڵاوەکانی دوژمن پاراستیان ، یەکەمین کەسێك کە گەڕایەوە لای ، هاوەڵەکەی غار (ابو بکر الصدیق) بوو ﷺ .

(ابن حبان) لە (عائشە)ە وە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : (ابوبکر الصدیق) فەرمووی : لە ڕۆژی جەنگی ئوحوددا خەڵك بەدەوری پێغەمبەردا نەمان ﷺ ، یەکەم کەس بووم گەڕامەوە بۆ خزمەتی ، پیاوێکم بینی لە نزیکیەوە شەڕی دەکردو پێغەمبەری دەپاراست ، وتم : لەوانەیە (طلحة) بێت ، دایك و بابم بەقوربانت بێت ، یاخوا (طلحة) بێت ، دایك و بابم بەقوربانت بێت ، هێشتا دەستم نەکردبووەوە (ابو عبیدە) گەیشتە لام ، وەك باڵدار باڵی گرتبۆوە ، پێم گەیشتەوە ، تەکانماندا بۆ لای پێغەمبەر ﷺ بینیمان (طلحة) کەوتووە ، گیانی یەکپارچە خوێنە ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بگەنە لای براکەتان ئەوا بەهەشتی مسۆگەرکرد، پێغەمبەر خۆشی ڕوومەتی پیرۆزی تیرێکی بەرکەوتبوو ، دوو ئەڵقەی زنجیر بەندەکەی سنگیشی لە ڕوومەتی پیرۆزیدا چەقی بوون ، چووم دەری بهێنم (ابو عبیدە) وتی : سوێندت دەدەم بەخوا ئەگەر وازم لێ نەهێنی باخۆم دەری بهێنم ، ئەنجا بەدەمی شیرەکەی دەری هێنا نەبادا پێغەمبەر ﷺ ئازاری زۆری پێ بگات . لەئەنجامدا دانێکی (ابو عبیدە) کەوت ، (ابوبکر) دەفەرموێت : چووم ئەڵقەی زنجیر بەندەکە دەربهێنم (ابو عبیدە) بۆ ئەویش سوێندی خوارد کەخۆی دەری بهێنێت ، بەدانی ئەڵقەکەی گرت ڕای کێشاو دەری هێنا، دانێکی تریشی کەوت، پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی فریای براکەتان بکەون ، دەسبەجێ چوینە لای (طلحة) تاچارەسەرێکی بکەین ، دە برین زیاتری پێوەبوو[1] ، ئەمەش

[1] زاد المعاد ٢/٩٥

بەڵگەیەکی ترە لەسەر ئازایەتی و شیاویێتی (طلحة) و ئەو بەرەنگاریەی کردوویەتی لە پێغەمبەر ﷺ .

لەو ئانوساتە دژوارەدا کۆمەڵێك لەموسڵمانە پاڵەوانەکان بەدەوری پێغەمبەردا ﷺ کۆبوونەوە، لەوانە (ابو دجانە) و (مصعب)ی کوڕی (عمیر)و (علی) کوڕی (ابي طالب) و (سهیل)ی کوڕی (حنیف)و (مالك)ی (سنان) باوکی (ابیسعید الخدری) و (ام عمارة نسیبیة)ی کچی (کعب المازنیه) و (قتادة)ی کوڕی (النعمان) و (عمر)ی کوڕی (الخطاب) و (حاطب)ی کوڕی (ابی بلتعە) و (سهیل)ی کوڕی (حنیف) و (ابو طلحة).

زیاد بوونی فشاری موشریکان

هەروەها ژمارەی موشریکان سات لەدوای سات زیاتری دەکردو ، فشارو زۆر بۆهێنانیان قورستر دەبوو ، فشاریان لەسەر موسڵمانەکان زیاتری دەکرد ، تاپێغەمبەر ﷺ کەوتە چاڵێکەوە لەو چاڵانەی (ابو عامر الفاسق) هەڵی کەندبوون ، ئەژنۆی پیرۆزی بریندار بوو ، (علی) دەستی گرت و هێنایە دەرەوەو (طلحة)ی کوڕی (عبید الله) باوەشی پێداکرد تا هەڵی ساندەوە ، (نافع)ی کوڕی (جبیر) دەڵێت: گوێم لێ بوو یەکێك لەکۆچکەران دەیوت : من جەنگی ئوحودم بینیوە ، چاوم لێبوو تیر وەك باران دادەباری بەسەر پێغەمبەردا ﷺ هیچی بەرنەکەوت ، (عبدالله)ی کوڕی (شهاب الزهری)یشم بینی لەو ڕۆژەدا هاواری دەکرد : ئەریٚ موحەممەدم نیشاندەن خوا بمکوژێت ئەگەر بهێڵم دەربچێت ، پێغەمبەری خواش لەپاڵیدا بوو ، کەسی لەگەڵدا نەبوو ، پاشان تێپەڕیی (صفوان) زۆر سەرزەنشتی کابرای کردو پێی وت : لە پاڵتدا بوو کابرا وتی : وەڵڵاهی نەمبینی ، وەڵڵاهی ئەو پیاوە دەستی ئێمەی ناگاتیٚ ، هەر چوارمان بۆی چووین ، بەڵێنماندا و ئاهو سوێندمان کرد کە دەبێت بیکوژین ، کەچی نەمانتوانی[1].

---

[1] زاد المعاد ٢، ٩٧

قارەمانێتی کەم وێنە

موسڵمانەکان لەو ڕۆژەدا قارەمانێتیەکی کەم وێنەو قوربانیەکی گەورەیان پێشکەش کرد ، کە لە مێژوودا ڕووی نەداوە ، (ابو طلحة) (خۆی کردبوو بەپەرژین بۆ پێغەمبەر ﷺ و سنگی بەرز دەکردەوە تا پێغەمبەر ﷺ لەتیری دوژمنان بپارێزێت . (انس) دەڵێت : لە ڕۆژی ئوحوددا خەڵك بەدەوری پێغەمبەردا ﷺ نەمان ، کەچی (طلحة) بە تیرو کەوانەکەی بەرگری لێدەکرد ، کابرایەکی تیرئەندازە بوو، لەو ڕۆژەدا دوو تا سێ کەوانی بەدەستەوە شکا هەرکەسێکی بەلادا بگوزەرایە ، پێغەمبەری خوا ﷺ پیێ دەفەرموو: تیرەکانت هەڵڕێژە بۆ (ابو طلحة) دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ سەیری ناو شەڕەکەی دەکرد (ابو طلحة) دەیوت : دایك و بابم بە فیدات بێت سەرت نەوی کە نەبادا تیرێکت بەر بکەوێت ، گیانم پێش گیانت بە قوربان دەکەم .[٢]

هەر لە (انس)وە دەڵێت: (ابو طلحة) لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ بەیەك قەڵغان خۆیان دەپاراست ، (ابو طلحة) دەستی ڕاست بوو ، کە تیرێکی دەهاویشت پێغەمبەری خوا ﷺ سەری بەرز دەکردەوە بزانێت بەرکوێ دەکەوێت [٣].

(ابو دجانە)ش لەبەردەم پێغەمبەردا ﷺ وەستاو پشتی کردبوو بەقەڵغان ، ئەو هەموو تیرەی بەردەکەوت جوڵەی نەدەکرد.

(حاطب) کوری (ابي بلتعة)ش کەوتە سەر (عتبە)ی کوری (ابی وقاص) کە دانە خرییەکەی پێغەمبەری خوای شکاندبوو شمشێرێکی لێدا سەری لەلاشەی کردەوە، پاشان شمشێری هەڵگرت و ئەسپەکەشی هێنایەوە (سعد)ی کوری (ابی وقاص) زۆر دەگەڕا بەشوێن ئەو برایەیدا تابیکوژێت ، بەڵام دەستی نەکەوت ، ئەوەبوو (حاطب) کوشتی.

(سهل)ی کوری (حنیف) یش یەکێك بوو لە تیرهاوێژە پاڵەوانەکان ، پەیمانی دا بوو بەپێغەمبەر ﷺ هەتا مردن ، ئەویش ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لە دوورخستنەوەی موشریکاندا.

پێغەمبەر ﷺ خۆیشی تیری دەهاویشت ، لە (قتادە)ی کوری (نعمان)ە وە ، دەڵێت: پێغەمبەر ئەوەندە تیری هاویشت تاجەمسەری کەوانەکەی شەقی‌برد ،

---

[٢] صحیح البخاری ٢/ ٩٨١

[٣] هەمان سەرچاوە ١/ ٤٠٦

ئەنجا (قتادە)ی کوڕی (نعمان) هەڵی گرت لەلای ئەوبوو ، لەو ڕۆژەدا چاوی بەسەختی بریندار بوو تا کەوتە بەر ڕوومەتی ، پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵیگرتەوە گێڕایەوە شوێنی خۆی ، لە جاران چاکترو تیژتر دەیبینی.

(عبد الرحمن)ی کوڕی (عەوف) لەو ڕۆژەدا شەڕی کرد تا ناودەمی بریندار بوو دانەکانی دواوەی شکان ، زیاتر لە بیست شوێنەوە بریندار بوو ، هەندێك لەو برینانە بەقاچیەوە بوون شەلیان کردبوو.

(مالك)ی کوڕی (سنان) باوکی (ابی سعید الخدری) خوێنی سەر ڕوومەتی پێغەمبەری خوای مژی ﷺ تاپاکی کردەوە . پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: تفی کەرەوە وتی: وەڵڵاهی تفی ناکەمەوە ، پاشان چوو بۆ شەڕ کردن ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : هەرکەسێك دەیەوێت سەیری مرۆڤێکی بەهەشتی بکات ، با سەیری ئەو پیاوە بکات ، (مالك) لەو شەڕەدا شەهید کرا .

(ام عمارە) ش شەڕی کرد ، لەگەڵ چەند موسڵمانێکی تردا چوونە ڕێگەی (ابن قمئة) ، (ابن قمئة) شمشێرێکیدا لەشانی (ام عمارە) بەسەختی برینداری کرد، ئەویش بەشمشێرەکەی چەند شمشێرێکیدا لە (ابن قمئة). بەڵام ئەو دوو زنجیربەندەی پێوەبوو هیچی لێنەهات. (ام عمارە) مایەوە هەرشەڕی دەکرد تا لەدوانزە شوێندا برینداربوو.

(مصعب)ی کوڕی (عمیر) جەسوورانە شەڕی دەکرد، بەرگری دەکرد لەپێغەمبەر ﷺ دژ بەهێرشەکانی (ابن قمئة) و هاوڕێکانی ، ئاڵای موسڵمانەکانی بەدەستەوە بوو ، دایان لەدەستی ڕاستی لێ بوەوە، ئەنجا بەدەستی چەپی ئاڵاکەی گرت ، لەڕووی بێ باوەڕاندا مایەوە تادەستی چەپیشی بڕا، پاشان خۆیدا بەسەریدا، بەسنگ و ملی ئاڵاکەی گرت تا شەهید کرا ، (ابن قمئة) شەهیدی کرد ، وایدەزانی پێغەمبەری خوایە ﷺ چونکە زۆر لەو دەچوو ، خێرا (ابن قمئة) ڕای کرد بەرەو لای موشریکان و هاواری کرد : موحەممەد کوژرا [1].

---

[1] بڕوانە (سیرة ابن هشام) ٧٢،٢ ، ٨٠ ، ٨١ ، ٨٢ ، ٨٣ ، و (زاد المعاد) ٢/ ٩٧

بلاوبوونەوەی هەواڵی شەهید بوونی پێغەمبەر ﷺ و کاریگەریی لەسەر جەنگەکە

چەند ساتێك بەسەر ئەو هاوارەدا تێنەپەری بوو ، دەسبەجێ هەواڵی کوژرانی پێغەمبەر ﷺ لەناو هەردوولادا بلاوبوەوە ، ئەمە ئەو ساتە بوو کە تیایدا ورەی هەندێك لە ئابلوقەدراوەکان ڕووخا ، ئەوانەی دوور بوون لە پێغەمبەرەوە هێزی ئەژنۆیان شکا ، شلەژان و شپرزەیی کەوتە ڕیزەکانیان و ، پشێوی تێدا دروست بوو هاوکات ئەو هاوارە ورەو جۆشی موشریکانیشی زیاتر بەرز کردەوە شالاوەکانی زیاتر کردن .

چونکە باوەڕیان وابوو گەیشتونەتە ئامانجی خۆیان ، هەندێکی تریشیان خەریکی شێواندنی جەستەی موسڵمانە شەهیدەکان بوون.

پێغەمبەر ﷺ بەردەوامە لەجەنگ و هەڵوێستەکەی وەرگرتەوە

کە (مصعب) شەهیدکرا ، پێغەمبەری خوا ﷺ ئالاکەی دایە دەست (علی) کوڕی (ابی طالب) شەڕێکی ئازایانەی کرد ، هاوەڵەکانی تریش شەڕی قارەمانانەیان کردو بەرگری سەختیان دەکرد .

ئیدی پێغەمبەر ﷺ توانی ڕێگە بە سوپاکەی ببڕێت و لەو گەمارۆدانە ڕزگاریان بکات ، ڕووی تێ کردن ، (کعب)ی کوڕی (مالك) یەکەم کەس بوو ناسیەوەو بەدەنگی بەرز هاواریکرد : موسڵمانینە مژدەبێت پێغەمبەری خوا زیندووە ، ئاماژەی بۆکرد بێ دەنگ بێت ، بۆئەوەی موشریکان بەشوێنەکەی نەزانن ، بەلام دەنگەکە کەوتە بەر گوێی موسڵمانەکان و، خێراهاتن بۆلای و نزیکەی سی کەسێك دەبوون بەدەوریدا خڕبوونەوە.

پاش ئەو کۆبوونەوەیە پێغەمبەر ﷺ دەستی کرد بە پاشەکشەیەکی ڕێك بەرەو لاپاڵی شاخەکە ، ڕێگە بری دەکرد بەناو موشریکە هێرش بەرەکاندا ، موشریکان هێرشەکانیان توندتر دەکرد ، بۆ ڕێگە گرتن لەو پاشەکشێیە بەلام لەبەر دەم بەرەنگاری شێرانەی سەربازانی ئیسلامدا هیچیان بۆ نەکرا .

یەکێك لە ئەسپ سوارە موشریکەکان بەناوی (عثمان)ی کوڕی (عبید الله)ی کوڕی (مغیرە) هات بەرەو ڕووی پێغەمبەرو ﷺ وتی : خوا بمکوژێت گەر بهێڵم دەربازبێت ، پێغەمبەری خوا خۆی هەستا بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی بەلام ئەسپەکەی کەوتە یەکێك لە چاڵەکانەوە، ئەنجا (حارث) کوڕی (ضمّة) چوو بۆی ، شمشێرێکیدا لەقاچی ئەسپەکەی خستیە خوارەوە ، دای بەزەویداو کوشتی و شمشێرەکەی بردو گەڕایەوە بۆلای پێغەمبەر ﷺ .

(عبدالله)ی کوڕی (جابر) کە ئەسپ سوارێکی موشریکان بوو هات بۆ (حارث)ی کوڕی (ضمّة) شمشێرێکیدا لە شانی و برینداری کرد ، موسڵمانەکان هەڵیان گرت ، بەڵام (ابو دجانە) بواری نەدایەوە هەڵی کوتایە سەر (عبدالله) و بەخۆی و پەرۆ سوورەکەی سەریەوە ، بۆی چوو شمشێرێکی لێداو سەری پەڕاند.

لەکاتی ئەم شەڕە سەختەدا ، موسڵمانان بۆ دڵ ئارام بوونەوەیان لەلایەن خواوە خەوەنوچکە دەیبردنەوە . هەروەکو قورئانی پیرۆزیش باسی کردووە (ابو طلحة) دەڵێت : من یەکێك بووم لەوانەی لەڕۆژی ئوحوددا خەوەنوچکە دەیبردمەوە تارادەیەك چەند جارێك شمشێرەکەم لەدەست کەوتەخوارەوە دەکەوت و هەڵم دەگرتەوە، دەکەوت و هەڵم دەگرتەوە[1].

بەو قارەمانێتیە ئەو کەتیبەیە لە پاشەکشەیەکی ڕێکدا توانیان بگەنەوە لاپاڵی شاخەکەو ڕێگە برێکیش بکەن بۆ پاشماوەی سوپاکەیان بەرەو ئەو ڕێگە بێوەیە ، کە شاخەکەی بەپاڵەوەیە ، بەو شێوەیە زیرەکی (خالد) لەبەردەم لێهاتوویی پێغەمبەردا شکستی خوارد.

کوژرانی (ابی) کوڕی (خلف)

(ابن اسحاق) دەڵێت : کە پێغەمبەر ﷺ گەیشتەوە لاپاڵی شاخەکە ، (ابی) کوڕی (خلف)ی بەدی کردو وتی: کوا موحەممەد خوا بمکوژێت ئەگەر نەیکوژم ؟ هاوەڵان وتیان : پێغەمبەری خوا یەکێکمان بەری لێبگرین ؟ فەرمووی وازی لێ بهێنن . کە لێی نزیك بووەوە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕمێکی لە (حارث)ی کوڕی (ضمّة) وەرگرت ، کە لێی وەرگرت ، تەکانێکی ئەوەندە توندیدا موچڕکی دەهێنا بەجەستەدا ، ئەنجا ڕووبەڕووی وەستا ، لەنێو دەفەی شانی و زنجیر بەندەکەیەوە کونێکی بەدی کرد ڕمەکەی تێگرت ، چەقیە شوێنی خۆی و لەسەر ئەسپەکە هەڵیدایە خوارەوەو لە خۆڵەکەدا گەوزاندی ، برینەکەی گەورە نەبوو تەنها ملی ڕووشاند بوو ، خوێنی زۆری تێزا ، وتی : وەڵڵاهی موحەممەد کوشتمی ، پێیان وت: وەڵڵاهی زەندەقت چووە لە موحەممەد ، برینەکەت باش نیە ، وتی : لەکاتی خۆیدا لە مەککە پێی وتوم : من دەتکوژم[2]. وەڵڵاهی ئەگەر تفی لێ بکردمایە دەیکوشتم ، دوژمنی خوا لەکاتی گەرانەوەدا بەرەو مەککە لە (سرف) مرد [3]، لە

---

[1] صحیح البخاي ١/٥٨٢

[2] ئەوە لەکاتێکدا بوو لەمەککەدا کە (ابی) پێی دەگەیشت دەیوت ئەی موحەممەد ئەسپێکم هەیە هەموو ڕۆژێك ئاڵفی زەراتی دەدەمێ ، بەو ئەسپە ڕۆژێك دەتکوژم . پێغەمبەریش دەیفەرموو بەڵکو انشاء الله من دەتکوژم

[3] ابن هشام ٢/٨٤ ، (زاد المعاد) ٢ ٩٧

ریوایەتەکەی (ابی اسود) لە (عروە)وە هاتووە دەڵێت : (ابی) وەکو گا دەیبۆڕاندو دەیوت : سوێند بێت ئەو ئازارەی بە منەوەیە ئەگەر بەهەموو خەڵکی (ذي المجاز) یشەوە بوایە دەمردن[١].

(طلحة) پێغەمبەری خوا هەڵدەسێنێتەوە

لەکاتی پاشە کشە کردنی پێغەمبەردا ﷺ بەرەو شاخەکە بەردێك کەوتە بەردەمی دەستی پێوەگرت بۆ ئەوەی بڕواتە سەری ، نەیتوانی چونکە کەمێك گۆشتی گرتبوو ، دوو زنجیر بەندیشی بەستبوو ، بەسەختیش بریندارکرابوو ، (طلحة)ی کوڕی (عبدالله) چووە ژێر باڵی پیرۆزی و ، هەڵی ساندەوە تا لەسەری وەستاو . فەرمووی : بەڕاستی (طلحة) بەهەشتی حاسڵ کرد[٢].

دوا هێرشی موشریکان

کەپێغەمبەری خوا ﷺ گەیشتەوە بنکەی سەرکردایەتیەکەی لەبناری شاخەکەدا ، موشریکان شالاّوی خۆیان دەست پێکرد بۆ دەست وەشاندنی تەواو لە موسڵمانەکان (ابن اسحاق) دەڵێت : لەکاتێکدا کە پێغەمبەری خوا لەبناری شاخەکەدا بوو، چەند ئەسپ سوارێکی قوڕەیش کە (ابو سفیان) و(خالد)ی کوڕی (وەلید) سەرۆکایەتیان دەکرد بەشاخەکەدا هەڵدەزنان ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : (خوایە مەهێڵە بچنە سەرمانەوە) ، ئەوەبوو (عمر)ی کوڕی (خطاب) لەگەڵ چەند پیاوێکی ئەنساریدا چوون بۆیان و بەرەو خوارەوە ڕاویان نانەوە[٣].

لە (مغازی الاموی)دا هاتووە موشریکان چوونە سەر شاخەکە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی (سعد) : دووریان بخەرەوەو . دەیفەرموو : بەرپەرچیان بدەرەوە - (سعد) وتی : پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : چۆن خۆم تەنها دووریان بخەمەوە ؟ سێجار ئەمەی وتەوە (سعد) لە هەگبەکەیدا تیرێکی دەرهێناو گرتیە پیاوێکیان و کوشتی ، (سعد) دەڵێت : پاشان تیرەکەی خۆشم وەشاند بۆ یەکێکیان و کوشتم ، پاشان چووم و دەرم هێناو گرتمەوە یەکێکی تریان ئەویشم کوشت ، ئیتر لە شاخەکە هاتنە خوارەوەو دابەزین، وتم : ئەمە تیرێکی پیرۆزە، خستمەوە هەگبەکەی خۆم ، ئەو تیرە لای (سعد) مایەوە هەتا مرد، پاشان کەوتەلای کوڕەکانی[٤].

---

(١) مختصر سیرە الرسول ﷺ نووسینی شێخ عەبدوڵلای نەجدی ل ٢٥

(٢) ابن هشام ٢ ٨٦

(٣) هەمان سەرچاوە

(٤) زاد المعاد ٢ .٩٥

شێواندنی جەستەی شەهیدەکان

ئەوە دواین هێرش بوو موشریکان دژ بە پێغەمبەر ﷺ کردیان ، لەکاتێکدا کە ئەوان تەواو نەیاندەزانی پێغەمبەر ﷺ چی لێ بەسەرهاتووە ، نیمچە متمانەیەکیان هەبوو لەکوشتنی ـ بۆیە گەڕانەوە بۆ بنکەکانی خۆیان ، دەستیان کرد بە خۆئامادەکردن بۆ گەڕانەوە بەرەو مەککە ، هەریەکەیان سەرقاڵ بوو بەشتێکەوە بەهەمان شێوە ژنەکانیشیان سەرقاڵی شێواندنی جەستەی شەهیدەکان بوون ، گوێ و لوت و ئەندامەکانی لەشیان دەبڕین و سکیان هەڵدەدڕین ، (هند)ی کچی (عتبە) جگەری (حمزە)ی دەرهێنا . خستیە دەمیەوە بۆی قوت نەدەدرا ، تفی کردەوە ، لە پارچە لوت و گوێی کوژراوەکان تەزبیح و ملوانکەی هۆنیبووەوە [1] .

ڕادەی ئامادەیی پاڵەوانە موسوڵمانەکان بۆ شەڕکردن تا کۆتایی جەنگەکە

لەدوا ساتی جەنگەکەدا دوو شت ڕوویاندا، کە بەڵگەن لەسەر ڕادەی ئامادەگی پاڵەوانە موسڵمانەکان بۆ شەڕ کردن و ڕادەی بەرخۆدانیان لەپێناوی خوادا .

١. (کعب)ی کوڕی (مالك) دەڵێت : من یەکێك بووم لەوانەی دەرچووم و ڕزگارم بوو ، حاڵەتی شێواندنی موسڵمانەکانم لەلایەن موشریکانەوە بینی، خۆم پێنەگیراو گەڕامەوە ، بینیم کابرایەکی موشریك کەلوپەل کۆدەکاتەوەو بەسەر لاشەی موسڵمانەکاندا دەگوزەرێ و دەڵێت: سەری موسڵمانەکان وەك سەروپێ کۆبکەنەوە ، لەو لاشەوە پیاوێکی موسڵمان چاوەڕێی دەکرد دەماخی پۆشیبوو ، بەدوایدا ڕۆشتم ، پاشان سەیری موسڵمان و کافرەکەم کرد بینیم کافرەکە لە سیماو ئامادە باشیدا چاکتر بوو ، چاوەڕێم کردن تا بەیەکگەیشتن موسوڵمانەکە یەك شمشێری لێدا کردی بەدووکەرتەوە ، ئەنجا ڕووی هەڵماڵی و پێی وتم: پێت چۆن بوو (کعب) ؟ من (ابو دجانە)م[2].

---

(١) ابن هشام ٢/ ٩٠

(٢) البداية والنهاية ١٧/٤

٢. چەند ژنە ئیماندارێك دوای كۆتایی جەنگەكە هاتبوونە ناو گۆڕەپانی شەڕەكە ، (انس) دەڵێت (عائشە)ی كچی (ابوبكر) و (ام سلیم)م بینی ڕوویان پۆشیبوو چاوم لە خزمەتكارەنیشیان بوو شەربەی ئاویان پڕدەكردو دەیانخستە سەرشانیان دەیانكرد بەدەمی براكانیانەوە ، پاشان دەگەڕانەوە پڕیان دەكردەوە ، جارێكیتر دەهاتنەوە دەیانكردەوە بەدەمیانەوە[1] (عمر) دەڵێت : (ام سلیم) لە ڕۆژی ئوحوددا شەربەی بۆ پڕ دەكردین لە ئاو[2] ، (ام ایمن) لەناو ئەو ژنانەدا بوو كاتێك بینی هەندێ موسوڵمانی هەڵاتوو دەیانەوێت بەرەو مەدینە بڕۆن ، مشتێك خۆڵ فڕێدەدا بەرەو ڕوویان و ، پێی دەوتن : ئەوە تیرەوكەوان و ئەوە شمشێرەكانتان ، پاشان خۆی دەسبەجێ گەڕایەوە بۆ مەیدانی جەنگ ، ئاوی دەكرد بەدەمی بریندارەكانەوە ، (حبان)ی كوڕی (عرفە) تیرێكی لێدا ، كەوت و گیانی دەركەوت ، دوژمنی خوا دەستی كرد بەپێكەنین ، پێغەمبەر ﷺ ئەوەی زۆر بەلاوە ناخۆش بوو ، تیرێكی بێنووكی دایەدەست (سعد)ی كوڕی (ابی وقاص)ە وە و پێی فەرموو: بیهاوێژە (سعد) تیرەكەی گرتە (حبان) و دای لە ملی، بەپشتاكەوت و گیان و عەورەتی دەركەوت . پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەندە پێكەنی تا دانەخڕێكانی دواوەی دەركەوت ، پاشان فەرمووی بەڕاستی (سعد) تۆڵەی (ام ایمن)ی كردەوەو ، دۆعاكەی گیرا كرد[3] .

پاش گەیشتنی پێغەمبەر ﷺ بە لاپاڵی شاخەكە

كە پێغەمبەر ﷺلەبنكەكەی خۆی بە لاپاڵەكەوە ئارامی گرت ، (علی) كوڕی (ابو طالب) چووە دەرەوە قەڵغانەكەی پڕكرد لە ئاوی (مهراس) ، وتراویشە : بەردێكی كون بووە زۆر فراوان بووە ، وتراویشە : ناوی چاڵاوێكە لە (ئوحوددا) ، لەوێ ئاوی هێنا بۆ ئەوەی پێغەمبەر ﷺ لێی بخواتەوە ، بۆنێكی ناخۆشی هەبوو نەیخواردەوە ، خوێنەكەی دەم و چاوی پێ شۆردو ئاوی كرد بەسەری خۆیداو فەرمووی : تووڕەیی خودا بەر ئەو كەسە كەوت كە دەم و چاوی پێغەمبەرەكەی بریندار كرد[4] .

---

[1] / صحيح البخاري ٤٠٣/١ ، ٥٨١/٢
[2] / هەمان سەرچاوە ٤٠١/١
[3] / السيرة الحلبية ٢٢/٢ .
[4] / ابن هشام ٨٥/٢

(سهل) دەڵێت : وەڵڵاهی من دەزانم کێ بوو برینەکەی پێغەمبەری خوای شۆردو کێ ئاوی دەکرد بەدەستیداو بە چیش تیمارکرا؟ (فاطمە)ی کچی شۆردی (علی) کوڕی (ابی طالب)یش بەقەڵغانەکە ئاوی دەکرد بەدەستیدا کە (فاطمە) بینی ئاوەکە خوێنەکە لانابات و زیاتری دەکات پارچە حەسیرێکی هێناو سوتاندی و نوساندی بەبرینەکەی پێغەمبەرەوە ﷺ ئەنجا خوێنەکە وەستایەوە [1].

(محمد)ی کوڕی (مسلمە) ئاوێکی پاك و سازگاری هێنا ، پێغەمبەری خوا ﷺ تێری لێخواردەوەو نزای خێری بۆ کرد [2]، نوێژی نیوەڕۆشی لەبەرسەختی برینەکەی بەدانیشتنانەوە کردو موسڵمانەکانیش هەر بەدانیشتنەوە نوێژیان لەدوایەوە دابەست [3].

خۆشحاڵبوونی (ابو سفیان) دوای جەنگەکەو قسەکردنی لەگەڵ (عمر)دا

کە موشریکەکان خۆیان سازدا بۆ گەڕانەوە ، (ابو سفیان) هات بەرەو شاخەکە ، بانگی کرد : ئایا (محمد) تان لەناودایە ؟ وەڵامیان نەدایەوە . وتی: ئەی (ابی قحافە) تان لەگەڵدایە ؟ وەڵامیان نەدایەوە ، وتی: ئەی (عمر)ی کوڕی (خطاب) تان لەناودایە ؟ وەڵامیان نەدایەوە - پێغەمبەری خوا ﷺ نەیدەهێشت وەڵامی بدەنەوە ئەنجا (ابو سفیان) وتی : ئەوانەمان لەناو برد ،

(عمر) خۆی پێڕانەگیراو وتی: دوژمنی خوا ناوی هەرکەسێکت برد هەموویان زیندوون ، خوا هێشتوونی بۆ داخی دڵی تۆ ،

(ابو سفیان) وتی: لاشەکانی ئێوەیان شێواندوە من فەرمانم پێنەداون پێشم ناخۆش نەبووە.

پاشان وتی: بەرز بێت (هبل)

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ئەرێ وەڵامی نادەنەوە ؟ وتیان: چی بڵێین ؟ فەرمووی: بڵێن : خودا گەورەترو بڵند ترە.

پاشان (ابو سفیان) وتی : ئێمە (عزى) مان هەیە و ئێوە نیتانە.

---

[1] / صحيح البخاري ٢/ ٥٨٤/٢
[2] / السيرة الحلبية ٣٠/٢
[3] / ابن هشام ٢/ ٨٧ .

پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی : ئایا وەڵامی نادەنەوە ؟ وتیان : چی بڵێین ؟ فەرمووی : بڵێن : خوا خاوەنمانەو ئێوە خاوەنتان نیە.

(ابو سفیان) وتی : لە نازونیعمەتداین و ئەوەمان زۆرباشە ، ئەم ڕۆژە بەڕۆژەکەی بەدر ، جەنگیش سەر بەسەرە ، (عمر) وەڵامی دایەوەو ، فەرمووی : هیچ وەکو یەك نین ، کوژراوەکانی ئێمە لە بەهەشتدان، کوژراوەکانی ئێوەش لە دۆزەخدان.

پاشان (ابو سفیان) وتی : ئەرێ (عمر) گوێم بۆ ڕابگرە ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی بە (عمر) : بڕۆ بزانە چی دەڵێت ؟

(عمر) هات بۆلای (ابو سفیان) ، (ابو سفیان) پێی وت : ئەی (عمر) سوێندت دەدەم بە خوا ، ئەرێ موحەممەدمان کوشتوە یان نەء؟ (عمر) فەرمووی : سوێندم بەخوا ، نەخێر ، ئێستا پێغەمبەری خوا ﷺ گوێی لە قسەکانتە ، (ابو سفیان) وتی : بەڕاستی بەلای منەوە تۆ ڕاستگۆترو چاکتری تا (ابن قمئە)[1] .

بەڵێنی بەیەکگەیشتنەوە لە بەدردا

ابن اسحاق دەڵێت: کە (ابو سفیان) و پیاوەکانی دەوروبەری بڵاوەیان لێکرد بانگی کردە موسڵمانەکان و وتی: وادەمان ساڵی داهاتوو دەبێت لە بەدردا . پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی بەیەکێك لەهاوەڵەکانی ، بڵێ : باشە ، ئەوە لەنێوان ئێمەو ئێوەدا وادەیە[2] .

دڵنیابوون لە هەڵوێستی موشریکەکان

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ (علی) کوڕی (ابی طالب)ی ناردو پێی فەرموو : دوا بەدوایان بڕۆ بزانە بەنیازی چین ؟ چی دەکەن ؟ ئەگەر سواری وشترەکانیان بوون و وازیان لە ئەسپەکانیان هێنا ئەوە بەرەو مەککە دەڕۆن ... خۆ ئەگەر سواری ئەسپەکانیان بوون و وشترەکانیان دایەبەر ئەوە بۆ مەدینە دەڕۆن ، سوێندم بەخوا ئەگەر بەرەو مەدینە بڕۆن ئەوا بەدوایاندا دەڕۆم و ، شەڕیان لەگەڵدا دەکەم ، (علی) دەفەرمووێت: بەدوایاندا دەرچووم و سەیرم کرد بزانم چی دەکەن ، ئەوەبوو لە ئەسپەکانیان دابەزین و سواری وشترەکانیان بوون و ، ڕوەو مەککە گەڕانەوە[3] .

---

[1] / ابن هشام /٩٣ ، ٩٤ ، زاد المعاد ٩٤/٢ ، صحيح البخاری ٥٧٩/٢ .

[2] ابن هشام ٩٤/٢

[3] / ابن هشام ٩٤/٢ ، له (فتح الباری) یشدا هاتوه ، ئەو کەسەی بەدوای موشریکەکاندا چوو (سعد)ی کوڕی (ابی وقاص)ە ، (٧ ٣٤٧)

گەڕان بەدوای شەهیدو بریندارەکـاندا

پاش بلاوە لێکردنی قورەیش موسڵمانەکان کەوتنە گەڕان بەدوای شەهیدو بریندارەکاندا ، (زید)ی کوڕی (ثابت) دەڵێت : لەڕۆژی ئوحوددا پێغەمبەری خوا ﷺ ناردمی تا بگەڕێم بەشوێن (سعد)ی کوڕی (ربیع)دا پێی فەرمووم : ئەگەر بینیت سلاوی منی پێ بگەیەنەو پێی بڵێ : پێغەمبەری خوا ﷺ سلاوت لێدەکات و دەڵێت : حاڵی چۆنە ؟ (زید) دەڵێت : لەناو کوژراو بریندارەکاندا دەگەڕام ، بینیم کەوتوەو لەدوا ساتەکانی هەناسەیدایە ، زیاتر لە حەفتا برینی پێوەیە ، لەنێوان لێدانی ڕم و شمشێرو ، تیردا ، وتم : (سعد) پێغەمبەری خوا ﷺ سلاوت لێدەکات و پێت دەڵێت : حاڵت چۆنە ؟ وتی : سلاو لەپێغەمبەری خوا ﷺ دەکەم ، عەرزی بکە : پێغەمبەری خوا هەست بەبۆنی بەهەشت دەکەم ، بڵێ: بەخزمانی ئەنساریشم: ئەمڕۆ لەبەردەم خوادا هیچ بیانویەکتان نیە ئەگەر دەستی دوژمن بگاتە پێغەمبەرو ئێوەش بە بەرچاوەوە بن ، ئەمەی وت و گیانی پاکی سپارد[١] .

لەنێو بریندارەکاندا (اصیرم) - (عمرو)ی کوڕی (ثابت)یشیان بینی نوزەیەکی تێدامابوو ، ئەم پیاوە پێشتر باسی ئیسلامیان بۆ دەکرد پشتی هەڵدەکرد، دەیانوت: ئەم (اصیرم)ە چی هێناویەتی بۆ شەڕ ؟ کە ئێمە بەجێمان هێشت حەزی بەم کارە نەبوو ، پاشان پرسیاریان لێکرد : چی تۆی هێناوە ؟ ئایا بۆ خێڵگەرایەتی هاتوویت ، یان بۆ بەگری لە ئیسلام ؟ وتی : بۆ بەرگری کردن لە ئیسلام هاتووم، باوەڕم هێنا بەخوداو پێغەمبەرەکەی و ، پاشان بەپاڵ پێغەمبەرەوە ﷺ دەجەنگام ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ئەو پیاوە خەڵکی بەهەشتە ، (ابو هریرە) دەڵێت : ئەم پیاوە فریای یەك نوێژ نەکەوت بیکات بۆ خوا[٢] .

هەر لەناو بریندارەکاندا (قزمان) یان بینی - وەك پاڵەوان لە شەڕەکەدا دەجەنگا ، بەتەنها خۆی ، حەوت تاهەشت موشریکی کوشت - بینیان برینە سەختەکانی خستویانە ، هەڵیانگرت و بردیانە ماڵی (بني ظفر) ، موسڵمانەکان مژدەیان دەدایە ، (قزمان) وتی : وەڵلاهی تەنها بۆ خێڵەکەم ئەمەم کردووە ، ئەگەر ئەوە نەبوایە هەرگیز شەڕم نەدەکرد ، کە برینەکەی زۆری بۆ هێنا خۆی کوشت .

---

(١) زاد المعاد ٢/٩٦

(٢) هەمان سەرچاوە ٢/٩٤ ، ابن هشام ٢/٩٠

که باسی ئەم پیاوە بکرایە لای پێغەمبەری خوادا ﷺ دەیفەرموو : خەڵکی دۆزەخە[1] . ئەمە چارەنووسی هەرکەسێکە لەپێناوی خوادا نەجەنگێت - با لەژێر ئاڵای ئیسلام و لەناو سوپاکەی پێغەمبەری خواداو هاوەڵانیشدا شەڕ بکات.

بەپێچەوانەی ئەوەشەوە لەناو کوژراوەکاندا پیاوێکی تێدابوو لە جولەکەی (بني ثعلبة) بوو ، ئەم پیاوە وتبوی بە جولەکە خزمەکانی : ئەی خێڵی جولەکە وەڵلاهی ئێوە دەزانن کە سەرکەوتنی موحەممەد بەسەر ئێوەدا بەهەق بوو ، پێیان وتبوو : ئەمڕۆ ڕۆژی شەممەیە ، پێی وتبوون : خوا شەممەکەشتان ببڕێت ، ئەنجا شمشێری هەڵگرتبوو تاقمی لەخۆ بەستبوو ، وتبووی : ئەگەر کوژرام ماڵەکەم بۆ موحەممەدە ، چی لێدەکات بابیکات ، ئیتر لەگەڵ سوپای موسڵمانان‌اندا دەرچوو ، شەڕی کرد تاکوژرا ، پێغەمبەری خوا ﷺ لە بارەیەوە فەرمووی : (مخیریق - کە ناوی جولەکەکەیە) باشترین کەسی جولەکە بوو[2] .

کۆکـردنەوەی شەهیدەکان و ئەسپەردەکردنیان

پێغەمبەری خوا ﷺ چووە سەر شەهیدەکان و فەرمووی : من شایەتم بەسەر ئەم شەهیدانەوە ، هیچ کەسێك بریندار نابێت لەپێناوی خوادا ، مەگەر خودا لە ڕۆژی دواییدا زیندووی دەکاتەوە ، خوێن لە برینەکەی دەچۆڕێت ڕەنگەکەشی ڕەنگی خوێنە ، بۆنەکەشی بۆنی (میسك) ە[3] .

هەندێك لە هاوەڵان ویستیان شەهیدەکانیان بگوازنەوە بۆ مەدینە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی‌دا بیانگێڕنەوە لەوێدا بیاننێژن کە شەهید کراون ، نە شۆرێن ، هەر بەو شێوەیە پاش لابردنی تاقم و زنجیربەستەکانیان بە جلەکانیانەوە بیاننێژن ، دوان و سیانی دەخستە یەك گۆڕەوە ، دوو شەهیدی دەخستە یەك جلەوەو ، دەیفەرموو : کامەیان قورئانی زیاتری لەبەربوو ؟ ئەگەر ئاماژەیان بکردایە بۆ هەرکەسێکیان لە گۆڕیچکەکەدا ئەوەیانی پێش دەخست دەیفەرموو : خوایە من شایەتم لە ڕۆژی قیامەتدا بەسەر ئەمانەوە ، (عبداللە)ی کوڕی (عمرو)ی کوڕی (حرام) و (عمرو)ی کوڕی (جموح)ی لەیەك گۆڕدا ناشت بەهۆی ئەو خۆشەویستیەوە کە لە نێوانیاندا هەبوو[4] .

---

[1] / هەمان سەرچاوەی یەکەم ٢ ٩٧، ٩٨ ابن هشام ٢ ٨٨

[2] ابن هشام ٢ ٨٨، ٨٩

[3] هەمان سەرچاوە ٢ ٩٨

[4] / زاد المعاد ٢ ٩٨ ، صحيح البخاري ٢ ٥٨٤

لاشەکەی (حنظلة) یان بۆ نەدەدۆزرایەوە ، بەدوایدا گەڕان ، لەشوێنێکی بەرزدا بینیان کەوتوەو ئاوی لێدەچۆڕێت ، هەواڵ درا بەپێغەمبەر ﷺ فەرمووی بەهاوەڵان ئەوە فریشتەکانن دەیشۆرن ، پاشان فەرمووی : پرسیار بکەن لەخێزانی بزانن چییە ؟ پرسیاریان کرد لەخێزانی ، هەواڵی پێدان ، لێرەوە (حنظلة) ناونرا فریشتە شۆر (غسیل الملائکە).

کاتێك پێغەمبەر ﷺ حاڵی (حمزة)ی مامی بینی چی لێ هاتبوو - کە مامیەتی و برای شیریشیەتی - زۆر بێتاقەت بوو ، (صفیة)ی پوری کە خوشکی (حمزة)یە ویستی براکەی ببینێت ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی بە (زبیر)ی کوڕی ، بە (صفیة) بڵێ با بڕوات ، بابراکەی بەو شێوەیە نەبینێت ، (صفیة) وتی : بۆچی ؟ هەواڵم پیگەیشتوە کە لاشەی براکەمیان شێواندوە ، ئەوە لەپێناوی خوادایە ، ئێمە ڕازین کە لەبەر خوا ئەوەمان بەسەردا هاتوە ، ئارام دەگرم و چاوەڕوانی پاداشتم لەخوا ، پاشان هاتە سەری ، تێر سەیری کرد ، نوێژی لەسەر کردو ، دۆعای خێری بۆ کرد - وتی (انا لله وانا الیه راجعون) و داوای لێبوردنی لەخوا بۆ کرد - پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیدا لەگەڵ (عبدالله)ی کوڕی (جحش)دا - کە خوشکەزاو برای شیریی بوو ئەسپەردە بکرێت.

(ابن مسعود) دەڵێت : هەرگیز پێغەمبەرمان نەدیوە ﷺ ئەوەندە بەکوڵ بگری بەئەندازەی ئەو ڕۆژەی کە بۆ (حمزة) ی کوڕی (عبد المطلب) گریا ، ئەنجا ڕوی کردە قیبلە و ، پاشان لەسەر تەرمەکەی وەستا ، دەستی کرد بەگریان و دەنگی لێ بەرز بوەوە فرمێسك بارانی کرد [1] .

بەڕاستی دیمەنی شەهیدەکان خەمناك و دڵتەزێن بوو ، (خباب) دەڵێت: (حمزة) کفنی نەبوو، بوردەیەکی گوڵەنگ سپی نەبێت ، کەدەدرا بەسەریدا قاچی دەردەکەوت ، کە دەدرا بەسەر قاچیدا سەری دەردەکەوت ، تادرا بەسەریداو قاچەکانیشی بە گەڵای (اذخر) داپۆشرا - گەڵایەکی سەوزی بۆن خۆشە [2] .

(عبد الرحمن) کوڕی (عوف) دەڵێت : (مصعب)ی کوڕی (عمیر) شەهید کرا ، ئەو لە من باشتر بوو ، لە بوردەیەکدا کفن پۆشکرا ، کە سەری پێدادەپۆشرا قاچەکانی دەردەکەوت . کە قاچەکانیان دادەپۆشی سەری دەردەکەوت ، (خباب)یش هەمان شتی گێڕاوەتەوەو ، ئەوەشی تێداهاتوە : پێغەمبەری خوا ﷺ پێمانی فەرموو : بەو بوردەیە سەری داپۆشن و قاچەکانیشی بە گەڵای (اذخر) [3] .

---

(١) (ابن شاذان) ریوایەتی کردوە، بڕوانە (مختصر سیره الرسول ﷺ نوسینی شێخ عەبدوڵڵای نەجدی ل٥٥

(٢) (احمد) ریوایەتی کردوە ، مشکاه المصابیح ١، ١٤٠

(٣) (صحیح البخاری) ٢/٥٧٩ ، ٥٨٤

پێغەمبەر ﷺ وەسف و سەنای خوا دەکات و دەپاڕێتەوە

ئیمامی ئەحمەد گێڕاوێتیەوە ، لە ڕۆژی ئوحوددا کە موشریکان گەڕانەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی بە ئیمانداران : ریز بن هەتا وەسف و سەنایەکی خودای خۆم بکەم ، هەموویان بەچەند ریزێك لە پشتیەوە وەستان . فەرمووی :

(خوایە سوپاسی تۆ دەکەم ، خوایە هەر تۆ دەست دەگریتەوە لەوەی والآت کردوە، والآشی دەکەیت بۆئەوەی گرتووتە ، سەر لەهەرکەسێك بشێوێنیت تازە هیدایەت نادرێت ، گومڕاش نابێت ئەو کەسەی تۆ ڕێنومایی بکەیت ، بەری ناکەوێت ئەو کەسەی تۆ لێی قەدەغە بکەیت ، کەس ناتوانێت ڕێگە بگرێت لەشتێك تۆ ببیەخشیت ، نزیککەرەوە نیە بۆ هەرچییەك تۆ دووری بخەیتەوە ، دوور خەرەوەش نیە بۆ هەرچییەك تۆ بتەوێت نزیکی بخەیتەوە ، خوایە : بەرەکەت و بەزەیی و چاکە و ڕۆزی خۆتمان بەسەردا ببارێنە)).

((خوایە داوای بەهەشتی (نعیم)ی (مقیم)ت لێ دەکەم ، ئەو نیعمەتەی لاناچێت و فەنا نابێت، خوایە: داوای کۆمەکیت لێدەکەم لە ڕۆژی لێقەوماندا ، داوای هێمنایەتیت لێ دەکەم لە ترس و دڵەڕاوکێدا ، خوایە : من پەنادەگرم بەزاتی خۆت لەخراپەی ئەو شتەی پێت داوین یان خراپەی ئەوەی لێت قەدەغە کردووین ، خوایە : ئیمانمان لەلا خۆشەویست بکەو لەدڵەکانماندا بیڕازێنەرەوە ، کوفرو لەسنوور دەرچوون و یاخی بوونیشمان لەلا ناشیرین بکەو، ڕێنوێنیمان بکە، خوایە بەموسڵمانی بمانمرێنە، بە موسڵمانی بمانژێنە، بمانگەیەنە بەساڵحان با سەرشۆڕو سەرلێشێواونەبین ، خوایە: ئەی لەناوبەری ئەو کافرانەی پێغەمبەرەکەت بەدرۆ دەخەنەوەو، ڕێگە دەگرن لە ڕێبازەکەی تۆ ، خوایە سزاو خەشمی خۆتیان بەسەردا ببارێنە ، خوایە بکوژی کافران ئەوانەی ئەهلی کیتابن ، ئەی خوای هەق و ڕاستی ، نزامان قەبوڵ بفەرموو)

گەڕانەوە بۆ مەدینە و هەڵوێستی پڕ لە خۆشەویستی و بۆ خوا بوون

کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ئەسپەردەکردنی شەهیدەکان و وەسف و سەنای خودا بووەوە گەڕایەوە بەرەو مەدینەو ، لەوێدا هەڵوێستە جوانەکانی خۆشەویستی و گیانفیدایی لە ئافرەتە ئیماندارەکانەوە دەرکەوت ، هەروەکو لە پیاوە ئیماندارەکانیشدا لەکاتی شەڕەکەدا دەرکەوت .

له ڕێگەدا (حمنة) کچی (جحش)ی پێگەیشت ، سەرە خۆشی لێکرا بە بۆنەی شەهید بوونی (عبدالله)ی کوڕی (جحش)ی برایەوە ، وتی: (انا لله وانا اليه راجعون) و داوای لێخۆشبوونی بۆکرد، پاشان سەرەخۆشیان لێکرد بەهۆی شەهیدبوونی (حمزة)ی خاڵیەوە ، هەمان شتی کرد، پاشان سەرەخۆشیان لێکرد بەهۆی شەهیدبوونی (مصعب) ی مێردیەوە ، ئەنجا هاواری کرد هەلهەلەی کێشا ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : هاوسەری ئەم ژنە لە شوێنێکی زۆر باشدایە [1].

بەلای ژنێکی تریشدا تێپەڕین لەخێڵی (بنی دينار) بوو ، لە ڕۆژی ئوحوددا مێردەکەی و براکەی و باوکی شەهید بووبوون ، کە سەرەخۆشیان لێکرد، وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ حاڵی چۆنە ؟ وتیان : حاڵی باشە (دایکی فلأنە کەس) ، سوپاس بۆ خوا بەو شێوەیە کە تۆ پێت خۆشە ، وتی :پیشانم بدەن باخۆم ببینم ، نیشانیاندا ، کە بینی ئەنجا وتی : هەموو کارەساتێك دوای تۆ ئاسانە [2] .

دایکی (سعد)ی کوڕی (معاذ)یش بە ڕاکردن دەهات ، لەو کاتەدا (سعد) جڵەوی ئەسپەکەی گرتبوو، وتی بەپێغەمبەر ﷺ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوە دایکمە ، فەرمووی : مەرحەبای لێ بێت ، بۆی وەستا ، کەنزیك بوەوە سەرە خۆشی لێکرد بەهۆی شەهید بوونی (عمرو)ی کوڕیەوە . دایکی (سعد) وتی : ئەوەندە خەمم بوو کە تۆم بینی ، ئیتر هەربەلأیەك بێت ئاسانە ، پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ نزای کرد بۆ کەسوکاری شەهیدانی (ئوحود)و فەرمووی: دایکی (سعد) مژدەت لێبێت و مژدە بدە بە کەسوکاریان، دایکی (سعد) وتی: پێغەمبەری خوا ئێمە ڕەزامەندین، کێ دوای ئەم مژدە خۆشە بۆ مردووی خۆی دەگری ؟ پاشان وتی : پێغەمبەری خوا ، نزایش بکە بۆ ئەوانەی دوای ئەوان ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : خوایە خەمی دڵەکانیان مەهێڵەو کارەساتەکەیان بۆ قەرەبوو بفەرموو ، ئەوانەی دواوەش چاك و خێردار بکە [3].

---

(1) ابن هشام ٢/٩٨

(2) هەمان سەرچاوە ٢/ ٩٩

(3) السيرة الحلبية ٢/٤٧

پێغەمبـەری خوا ﷺ دەگاتەوە مەدینە

پێغەمبەری خوا ﷺ ئێوارەی ئەو ڕۆژە ، ڕۆژی شەممەی حەوتی مانگی شەوالی ساڵی سێی کۆچی گەیشتەوە مەدینە . کە چووەماڵەوە شمشێرەکەی دا بەدەست (فاطمة)ی کچی‌یەوە ، فەرمووی : ((کچم ئەو شمشێرە بشۆ باخوێنەکەی پێوە نەمێنێت ، وەڵلاهی باش بەدەستمەوە هات)) ، هەروەها (علی)ی کوڕی (ابی طالب)یش فەرمووی : ئەم شمشێرەی منیش بشۆ ، بەڕاستی لەگەڵمدا ڕاستگۆ بوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ڕاستە تۆ ڕاستگۆ بوویت لەو شەڕەدا ، بەڕاستی (سهل)ی کوڕی (حنیف) و (ابو دجانه) ش ڕاستگۆ بوون[1] .

ژمارەی کوژراوەکــانی هەردوولا

زۆرینەی سەرچاوەکان لەسەرئەوە ڕێکن کەکوژراوی موسڵمانەکان (٧٠) کەس بووەو ، زۆرینەیان لە ئەنسارەکان بوون ، شەست و پێنج پیاویان لێ شەهید کرا ، چل و یەك کەسیان لە خەزرەج و بیست و چواریان لە خێڵی ئەوس ، جولەکەیەکیش کوژرا ، لەکۆچکەرانیش تەنها چوار پیاو شەهید بوون .

سەبارەت بەکوژراوی موشریکان ، (ابن اسحاق) دەڵێت : بیست و دوو کەسن ، بەڵام پاش ئەنجامدانی ئامارێکی وردو وورد بونەوەیەکی تەواو لەسەر درێژەی شەڕەکەو باسی (مغازی)نووس و (اثر)ناسەکان ، کەئاماژە دەکەن بۆ ژمارەی کوژراوەکانی موشریکەکان لەهەموو قۆناغەکانی شەڕدا، ئەوە دەگەیەنێت ژمارەی کوژراوەکانی موشریکەکان لەجەنگی ئوحوددا سی و حەوت کەسن نەك بیست و دوو، (والله اعلم)[2] .

حاڵەتی نائاسایی لەناو مەدینەدا

شەوی یەك شەممە ، هەشتی شەوالی ساڵی سێ‌ی کۆچی ، موسڵمانەکان لەناو مەدینەدا بەشێوەیەکی نائاسایی ڕۆژیان کردەوە ، ماندوێتی تەواو شەکەتی کردبوون ، بەو شەکەتی و ماندوێتی‌یە ڕێگا دەرەکیەکانی شاری مەدینەیان لە دەرەوە گرتبوو بەتایبەتی پاسەوانێتی پێغەمبەری سەرکردەیان دەکرد ﷺ . گومان و دڵەڕاوکێیان بوو، نەبادا موشریکەکان لەپڕێکدا بدەن بەسەر شاری مەدینەدا .

---

1 ابن هشام ٢ ١٠٠

2 سەیرکە (سیرة ابن هشام) ٢ ١٢٢ ، ١٢٤ ، ١٢٥ ، ١٢٦ ، ١٢٧ ، ١٢٨ ، ١٢٩ ، هەروەها (فتح الباري) ٧ ٣٥١ و غەزای (احد) نوسینی (محمد احمد باشميل) ل ٢٧٨ ، ٢٧٩ ، ٢٨٠

غەزای (حمراء الأسد)

پێغەمبەری خوا ﷺ بیری لە ڕەوشەکە دەکردەوە ، لەوە دەترسا کە موشریکان بیر لەوە بکەنەوە کە ئەوان سوودێکی ئەوتۆیان لەو سەرکەوتنە نەبینی کە لەمەیدانی شەڕدا بەدەستیان هێناو لەوانەیە پەشیمان ببنەوەو جارێکی دی بگەڕێنەوەو بدەن بەسەر شاری مەدینەدا ، بۆیە بڕیاریدا پرۆسەی ڕاوەدونانی سوپای مەککە دەست پێ بکات .

(مغازی) نووسان دەڵێن : پێغەمبەر ﷺ لەناو خەڵکیدا جاڕیداو ، هانیدان بۆ ڕۆشتن بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمن . ئەمەش لەبەیانی ڕۆژی دوای جەنگی ئوحوددا بوو، واتە لەڕۆژی هەشتی مانگی شەوالی ساڵی سیٚی کۆچیدا ، فەرمووی : تەنها ئەو کەسانەمان لەگەڵدا دەرچن کە پێریٚ بەشداری شەڕیان کردبوو ، (عبدالله)ی کوڕی (ابی) وتی : بێم لەگەڵت ؟ فەرمووی : نەخێر ، موسڵمانەکانیش لەگەڵ ئەوەدا برینداریێکی زۆریان هەبوو، لەترس و دڵەڕاوکێدا بوون . هاتن بەدەمیەوە ، وتیان: بەسەرچاوان پێغەمبەری خوا ، (جابر)ی کوڕی (عبدالله)ش داوای مۆڵەتی کرد، وتی: پێغەمبەری خوا، پێم خۆشە لەهەموو ڕووداوو هەڵوێستەکاندا لە خزمەتتدا بم ، ئەو ڕۆژە باوکم بەلای کچەکانەوە بەجێی هێشتم ، مۆڵەتم بدە ، با لەخزمەتتدا بێم ، پێغەمبەر ﷺ مۆڵەتی‌دا.

پێغەمبەری خوا ﷺ و موسڵمانەکان ڕۆشتن ، تاگەیشتنە (حمراء الاسد) ، کە (هەشت میل) لە مەدینەوە دوورە ، لەوێدا سەربازگەیان دانا.

لەوێدا (معبد)ی کوڕی (ابی معبد الخزاعی) هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و موسڵمان بوو ، دەشڵێن : لەسەر بت پەرستی مابووەوە ، بەلاٚم دڵسۆز بوو بۆ پێغەمبەر ﷺ بەهۆی ئەو هاوپەیمانێتیەوە کە لەنێوان (خزاعە) و (بنی هاشم)دا هەبوو ، وتی : ئەی موحەممەد ، بەڕاستی زۆرمان پیٚناخۆش بوو ، ئەو کارەساتە هات بەسەر تۆو هاوەڵەکانتدا ، دەخوازین کە خوا شیفات بدات ، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو : کە بڕوات (ابو سفیان) بەچە ترسێن بکات.

ئەو ترسەی پێغەمبەر ﷺ هەیبوو لە گەڕانەوەی موشریکان جارێکی‌تر بۆ مەدینە ڕاست دەرچوو ، سوپای موشریکان کاتێك لە (روحاء) دادەبەزن ، کە (سی و شەش میل) لەمەدینەوە دوورە، دەکەونە سەرزەنشت کردنی یەکتری ،

هەندێکیان بەوانی تریان دەڵێن : هیچتان نەکرد ، تەنها سامی ئەوانتان شکاند ، پاشان وازتان هێنا لە سەرە گەورەکانیان ، دەتوانن خۆیان کۆکەنەوە بۆتان ، بگەڕێنەوە با لەڕیشەوە دەریان بکێشین .

پێ دەچێت ئەم ڕایە سادە بوو بێت . چونکە بێئاگا بووە لەهێزو توانای هەردوولا ، لەبەرئەوە لێپرسراوێکیان کە (صفوان)ی کوڕی (امیە)یە وتی : خەڵکینە شتی وانەکەن ، لەوە دەترسم ئەوانەش کە دەرنەچووبوون بۆ شەڕ ئەمجارە ئەوانیش بێنە دەرەوە ، بگەڕێنەوە ئەوە بردنەوەی ئەمجارە بۆ ئێوە بوو ، دڵنیانیم لەوەی ئەگەر بگەڕێنەوە سەربکەون ، بەڵام پێش ئەوەی (ابو سفیان) لە بنکەکەی خۆی بجوڵێت (معبد)ی کوڕی (ابی معبد) گەیشتە سەری ، (ابو سفیان) ئەوکاتە نەیدەزانی کە موسڵمان بووە ، پێی وت : هەواڵی چیت پێیە ؟ (معبد) یش کە جەنگێکی دەروونی سەختی کرد لەگەڵ (ابو سفیان)دا وتی: موحەممەدو هاوەڵەکانی بە ژمارەیەکی زۆرەوە کە هەرگیز نەمدیوە بۆتان هاتوون ، داخیان لەدڵدایە بۆ شەڕکردن لەگەڵتاندا ، ئەوانەش کە ئەو ڕۆژە لەگەڵی نەچوو بوون ئەمڕۆ لەگەڵی هاتوونەتە دەرەوە بۆتان . پەشیمانن لەوەی کە بەشداریان نەکردوە ، ئەوەندە ڕق ئەستوورن بەرامبەرتان شتی وەهام نەدیوە.

(ابوسفیان) وتی : دایك و ڕۆڵە ڕۆت بۆ بکات ، ئەوەچی دەڵێت ؟ (معبد) وتی: وەڵڵاهی حەزدەکەم پێش ئەوەی بڕۆیت سەیرێکی پێش و پاشی سوارەکان بکەیت ، یان لەپشتی ئەوگردەوە سەیرێکی پێشەنگی ئەسپەکانی بکەیت.(ابو سفیان) وتی: سوێند بێت ئێستا خۆمان کۆکردۆتەوە تا لە ڕەگ و ڕیشەوە دەریان بهێنین . (معبد) وتی : شتی وانەکەیت ، من بۆ تۆمە.

ئیدی لەوێدا سوپای مەککە وورەی ڕووخا ، ترس و بیمیان لێ نیشت ، کەوتنە سەر ئەوەی بەخێرایی بگەڕێنەوە بۆ مەککە ، بەڵام (ابو سفیان) هەستا بەجەنگێکی پڕوپاگەندەیی دوژمنکارانەو دژ بەسوپای ئیسلامی ، سابەڵکو سوپای ئیسلام وازێ بکات شوێنیان نەکەون ، بێگومانیش کە خۆی لە ڕووبەڕوو بوونەوە لادەدا ، ئەوەبوو کاروانێکی (عبد القس) بەرەو مەدینە دەڕۆیشت ، پێی وتن : دەکرێت ئەم قسەیەم بگەیەنن بەموحەممەد؟ ئەگەر ئەمەتان کرد ، کە هاتن بۆ مەککە ، لە(عکاظ) کاروانەکەتان بۆ باردەکەم لە شەرابی (زبیب) ؟ وتیان : بەڵێ ، باشە.

وتی : بڵێن بە موحەممەد ، کە ئێمە خۆمان کۆکردۆتەوە بۆیان ، بۆ ئەوەی ڕەگ و ریشەی خۆی و هاوڵەکانی لەبن دەرکێشین.

کاروانەکە بەلای پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەکانیدا گوزەران ، لەکاتێکدا کە لە (حمراء الاسد) بوون ، ئەو قسانەیان پیٚ وتن کە (ابو سفیان) پێی وتبوون ، وتیان : خەڵکی بۆتان کۆبوونەتەوە ، خۆتان لادەن ، ئەم قسەیە ئیمانی موسڵمانەکانی زیاتر کردو ، وتیان : ﴿ وَقَالُوا حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ فَانْقَلَبُوا بِنِعْمَةٍ مِنَ اللَّهِ وَفَضْلٍ لَمْ يَمْسَسْهُمْ سُوءٌ وَاتَّبَعُوا رِضْوَانَ اللَّهِ وَاللَّهُ ذُو فَضْلٍ عَظِيمٍ ﴾ آل عمران ١٧٣ - ١٧٤.

پێغەمبەری خوا ﷺ پاش هاتنی بۆ ئەو شوێنە (حمراء الاسد) لە ڕۆژی یەك شەممەدا ڕۆژانی دووشەممەو سیٚ شەممەو چوارشەممەش مایەوە واتە (٩- ١٠- ١١)ی مانگی شەوالی سێی کۆچی ، پاشان گەڕایەوە بۆ مەدینە ، پێش گەڕانەوە بۆ مەدینە (ابا عزە)ی (جحمی) یان گرت - ئەمە ئەو پیاوە بوو کە لە ڕۆژی بەدردا گیراو ، بەهۆی هەژاریی و زۆریی کچەکانییەوە بەبیٚ بەرامبەر بەڕەڵا کرابوو ، بەمەرجێك دوژمنایەتی موسڵمانەکان نەکات ، کەچی پەشیمان بوبوەوە و خیانەتی لە پێغەمبەر کرد ﷺ ، بە شیعر خوێندنەوە هانی خەڵکی دەدا دژ بەموسڵمانەکان هەروەکو پێشتریش باسمان کرد ، لەجەنگی ئوحودیشدا لەگەڵ موشریکاندا چووە دەرەوە بۆ شەڕی موسڵمانەکان ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ گرتی ، وتی: موحەممەد بەرەڵاّم بکەو ، مەمکوژە لەبەر خاتری کچەکانم ، پەیمانت دەدەمیٚ کە جارێکیتر شتی لەو شێوەیە نەکەم ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەرت نادەم بڕۆیتەوە بۆ مەککەو شان ڕاوەشێنێت و بڵێت : دووجار موحەممەدم فریودا ، هەرگیز نابێت مرۆڤی ئیماندار دووجار لەکونێکدا بگەزرێت ، پاشان فەرمانیدا بە (زبیر) یان (عاصم)ی کوڕی (ثابت) و کوشتیان.

هەروەها فەرمانی کوشتنیدا بەسەر سیخوڕێکی مەککەدا ، کە (معاویە)ی کوڕی (مغیرە)ی کوڕی (ابی العاص) بوو ، کە دەکاتە باپیرەی (عبد الملك)ی کوڕی (مروان) لەسەری دایکییەوە ، ئەمەیش لەکاتێکدا بوو کە ڕۆژی (ئوحود) موشریکان دەگەڕانەوە بۆ مەککە ، ئەم کابرایە هات بۆلای (عثمان) کوڕی (عفان)ی ئامۆزای (ڕ) ، (عثمان) لە پێغەمبەری خوا پەنابەری بۆ وەرگرت ، بەمەرجێك ئەگەر دوای سیٚ ڕۆژ بینرا لەناو ببرێت ، کە شاری مەدینە سوپای ئیسلامی تێدا نەما ، ئەم کابرایە

هەرمایەوە ، لەوێ سیخوڕی دەکرد بۆ قوڕەیش و زیاتر لە سێ ڕۆژەکەشی بەسەردا چوو کە سوپاکە گەڕایەوە بۆ مەدینە ، (معاویە) ڕای کرد ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیدا بە (زید)ی کوڕی (حارثة) و (عمار)ی کوڕی (یاسر) شوێنی بکەون ، ئەوانیش شوێنی کەوتن گرتیان و کوشتیان [1].

گومانیشی تێدایە نیە کە غەزای (حمراء الاسد) غەزایەکی سەربەخۆ نیە ، بەڵکو بەشێکە لەغەزای ئوحودو تەواوکەریەتی و لاپەڕەیەك لەلاپەڕەکانی ئەو جەنگە.

ئەوە جەنگی ئوحود بوو بەدوورو درێژی و هەموو قۆناغەکانیەوە ، توێژەرەوانیش چەندین جار بەدوای دوا چارەنووسی ئەو جەنگەدا چوون ، کە ئایا شکست بوە یان نەء؟ ئەوەش کە گومانی تێدا نیە ئەوەیە سەرکەوتنی سەربازیی بۆ موشریکان بوو ، کۆنترۆڵی تەواوی مەیدانی شەڕەکەشیان کرد ، زیانی گیانی ناو موسڵمانەکانیش زۆرترو گەورەتر بوون ، هەندێك لە ئیماندارانیش بەتەواوەتی شکستیان هێناو ، دەورانی شەڕ لە بەرژەوەندی سوپای مەککە بوو . بەڵام هەندێك خاڵ هەیە وامان لێدەکات ، ئەو سەرکەوتنە ناو نەنێین (نصر) یان (فتح).

گومانی تێدانیە ، کەسوپای مەککە نەیتوانی سەربازگەی موسڵمانەکان بگرێت ، زۆرینەی سوپاکەی مەدینەش ڕایان نەکرد - لەگەڵ ئەو هەموو شپرزەیی و پشێویە گشتیەدا کە لەناویاندا کەوتەوە - بەڵکو شەڕی پاڵەوانانە یان کردو لە دەوروبەری سەرکردەیەتیەکەی خۆیاندا مانەوە ، حاڵیش نەگەیشتە ئەوەی سوپای مەککە ڕاویان بنێت ، تەنها سەربازێکی موسڵمان لەو شەڕەدا بەدیلی نەکەوتە دەست موشریکان ، سەرباری ئەوە بێباوەڕان نەیانتوانی دەست بگرن بەسەر تاڵانی و دەستکەوتەکانی موسڵماناندا، ئەنجا کافران نەیانتوانی لاپەڕەی سێیەمی جەنگەکە لەگەڵ موسڵمانەکاندا تەواو هەڵدەنەوە لەکاتێکدا کەهێشتا سوپای موسڵمانەکان لەشوێنی خۆیدا مابوەوەو ، لە مەیدانی شەڕەکەشدا ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ یان سێ ڕۆژ نەمانەوە کە ئەمە نەریتی هەموو سەرکەوتوەکانی ئەو ڕۆژگارە بوو ، بەڵکو بەخێرایی مەیدانی شەڕەکەیان بەجێ هێڵاو پاشەکشەیان کرد ، پێش

[1] درێژەی غەزای ئوحود (حمراء الاسد)مان لەم سەرچاوانە وەرگرت ابن هشام ٢/ ٦٠ تا١٢٩، زاد المعاد ٢ ٩١ تا ١٠٨، فتح الباری٧/ ٣٤٥ تا٣٧٧ لەگەڵ (صحیح البخاری)دا، هەروەها (مختصرسیرەالرسول) نوسینی (شێخ عەبدوڵلای نەجدی ل٢٤٢ تا٢٥٧، لەشوێنی خۆیشیدا خوێنەرمان هەواڵەکەی سەرچاوەی تر کردووە

ئەوەی موسڵمانەکان بەجێی بهێڵن ، زاتیشیان نەبوو بچنە ناو مەدینەوە بۆ تالآنکردنی ماڵ و کەنیزەك ، لەگەڵ ئەوەدا کە چەند هەنگاوێك لە مەیدانی شەڕەکەوە دوور بوو ، بگرە بە تەواوی چۆڵ و هۆڵ بوو .

ئەمانە هەموو ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە ئەوەی بۆ قورەیش هەڵکەوت ، دەرفەتێك بوو، توانیان تیایدا زیانێکی گەورە بەموسڵمانەکان بگەیەنن، کەچی نەیاتوانی سوپای ئیسلام تەفروتوانا بکەن ، بەتایبەتی دوای گەمارۆدانەکە ، زۆرجاریش سەرکردەی دونیا تووشی زیانی لەو جۆرە دەبن کە موسڵمانەکان تووشیان بوو . بۆیە هەرگیز ناکرێت ئەوە ناو بنێین سەرکەوتن و فەتح.

بەڵکو پەلەکردنی (ابوسفیان) بۆ پاشەکشەو گەڕانەوە ، بەهۆی ئەوەوە بوو دەترسا ئەگەر لاپەڕەی کۆتایی شەڕەکە هەڵبداتەوە توشی شکست ببێت ، کەسەیری هەڵوێستی (ابوسفیان) دەکەین لەغەزای (حمراء الاسد)دا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

کەواتە ئەو جەنگە بۆ خۆی جەنگێکی دابڕاو نەبوو، هەر دەستەیەکیان ئەندازەیەك بردنەوەو شکستی بەرکەوت ، پاش هەریەکەیان بەشێوەیەمك لە شەڕ کشانەوە بیٚئەوەی لە گۆڕەپانی شەڕ رابکات و بنکەکەی بەجیٚ بهێڵێت بۆ داگیرکردنی دوژمن ، ئەمەیە مانای جەنگی دانەبڕاو ، ئایەتیش ئاماژە دەکات بۆ ئەوە دەفەرموێت ﴿وَلا تَهِنُوا فِي ابْتِغَاءِ الْقَوْمِ إِنْ تَكُونُوا تَأْلَمُونَ فَإِنَّهُمْ يَأْلَمُونَ كَمَا تَأْلَمُونَ وَتَرْجُونَ مِنَ اللَّهِ مَا لا يَرْجُونَ﴾ النساء ١٠٤ . واتە : کەم و کوڕی مەکەن لە داواکردنی دوژمندا ئەگەر ئێوە ئازارتان پیٚ بگات ئەوانیش وەك ئێوە ئازاریان پیٚدەگات ، بەڵام ئێوە ئومێدێکتان بەخوا خۆتان هەیە کە ئەوان نیانە ، دەبینین ئایەتەکە هەردوو ئۆردوەکەی لەئێش پیٚگەیشتن و ئازاردا بەیەك چواند ، ئەمەش ئەو مانایە دەدا بەدەستەوە کە هەردوو هەڵوێستەکە لە یەك دەچن و ، هەردوولا گەڕانەوە بەبیٚ سەرکەوتن.

قورئان لەبارەی جەنگەکەوە دەدوێت

قورئانی پیرۆز هاتەخوارەوە تیشکی دەخستەسەر هەموو قۆناغە گرنگەکانی ئەم جەنگەو ڕای خۆشی خستەڕوو سەبارەت بەوهۆیانەی ئەم شکستە گەورەیان لێ کەوتەوە ، ئەو لایەنە لاوازانەشی ڕوون کردەوە کە پێشتر لە هەر کۆمەڵێکی ئیمانداری ترداو لەهەڵویستی یەکلاکەرەوەی لەم جۆرەدا هەبوون . هەروەها سەبارەت بەو ئامانجە بەرزە گەورانەی دانراون بۆ ئەوەی ئەم ئومەتە دەستی بکەوێت ، کە جیاوازی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ئەوەیە ﴿ كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ ﴾ آل عمران ١١٠.

هەروەها قورئان باسی دووروانی کردو ئابڕووی بردن ، هەرچی لەناخیاندا بوو لە دژایەتی کردنی خوداو پێغەمبەر ﷺ هێنایە دەرەوە ، ئەو دڵەڕاوکێ و خوت خوتانەی دڵی هەندێك لەباوەڕ لاوازە موسڵمانەکانیشی گرتبوو هەڵمالی ، کە دووڕووان و خێڵی جولەکەی برایان ـ لەپیلان گێڕو فیتنەچیان ـ دەیانوروژاند ، هەروەها ئاماژەشی کرد بۆ حیکمەت و مەبەستە گرنگەکانی جەنگەکە.

لەبارەی شەڕەکەوە نزیکەی شەست ئایەت لە سورەتی ال عمران هاتە خوارەوە کە بە یەکەم قۆناغی جەنگەکە دەست پێ‌دەکات : ﴿ وَإِذْ غَدَوْتَ مِنْ أَهْلِكَ تُبَوِّئُ الْمُؤْمِنِينَ مَقَاعِدَ لِلْقِتَالِ ﴾ ال عمران ١٢١ واتە : کە بەرەبەیان لای ماڵەکەت دەرچویت و جێگەو ڕیزەکانی ئیماندارنت دیاری کرد بۆ شەڕ ، لەکۆتایشدا لێدوانێکی هەمەلایەنە دەدات لەسەر ئاکام و حیکمەتەکانی ئەم جەنگە ، خوای گەورە فەرمویەتی : ﴿مَا كَانَ اللَّهُ لِيَذَرَ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى مَا أَنتُمْ عَلَيْهِ حَتَّى يَمِيزَ الْخَبِيثَ مِنَ الطَّيِّبِ وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُطْلِعَكُمْ عَلَى الْغَيْبِ وَلَكِنَّ اللَّهَ يَجْتَبِي مِنْ رُسُلِهِ مَنْ يَشَاءُ فَآمِنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَإِنْ تُؤْمِنُوا وَتَتَّقُوا فَلَكُمْ أَجْرٌ عَظِيمٌ﴾ ال عمران ١٧٩ واتە : خوا واز لە ئیمانداران ناهێنێت هەر وەکو ئەوەی کە ئێستا ئێوە هەن ، تا پیس و پاك لەیەکتری جیا نەکاتەوە ، نەبوە کە خودای گەورە غەیبتان نیشان بدات ، بەڵکو خودا بەویستی خۆی لەپێغەمبەرەکان هەڵدەبژێرێت ، باوەڕبهێنن بەخواو پێغەمبەرەکەی ، ئەگەر ئیمان بهێنن و لەخوا بترسن پاداشتێکی گەورەتان هەیە.

حیکمەت و وانەکـانی جەنگی ئوحود

(ابن القیم) بەدرێژی باسێکی ئەم بابەتەی کردووە [1] (ابن حجر) یش دەڵێت : زانایان وتویانە : لە بەسەرهاتی ئوحودو ئەو زیانانەدا کە بەموسڵمانەکان گەیشت، دەیان پەندو ئامۆژگاری خودایی گەورەی تێدایە، لەوانە: ئاگادار کردنەوەی موسڵمانەکان لەچارەنووسی هەر یاخی بونێك و چارەڕەشی گوناهکردن و وەك چارەنووسی ئەو تیر هاوێژانەی پێغەمبەر ﷺ لەسەر شاخەکە دایناببوون و پێی فەرمووبوون کە بەجێی نەهێڵن ، لەوانەش نەریتی پێغەمبەران (س) وایە کە تاقی بکرێنەوەو بەڵام سەرەنجام هەر بۆ ئەوانە ، حیکمەتیش لەوەدا ئەوەیە ئەگەر هەمیشە سەرکەون ناحەزیان تێدەکەوێت و، راستگۆ لەدرۆزن جیاناکرێتەوە ، خۆئەگەر هەمیشە شکستیش بهێنن ئەوا مەبەستی ناردنی پێغەمبەران (س) نایەتە دی ، بۆیە حیکمەت وابوو کە هەردوو هەڵوێستەکە کۆبکرێتەوە بۆ جیا کردنەوەی ڕاستگۆ لە درۆزن ، چونکە دووڕوویی دووڕووان لە موسڵمانەکانەوە دیارنەبوو ، کە ئەو بەسەرهاتە ڕووی‌دا ، دووڕووان ناخی خۆیان دەرخست بەگوتارو کردار ، ئیدی هیچ بەنهێنی نەمایەوەو ئیمانداران تێگەیشتن کە لە خانووماڵەکانی خۆیاندا دوژمنیان بۆ پەیدابووە ، خۆیان بۆ ئامادەکردن و خۆپارێزیان لێ کردن ، لەو بەندانەی تریش خوای گەورە چەندین جێگەو پلەوپایەی لە دیوانی شکۆداری خۆیدا ئامادە کردووە بۆ ئیماندارانێك کە بەکردەوە نایگەنێ ، بەڵکو دەبێت تاقیکردنەوەو ئەزمونیش بکرێن تابگەنە ئەو شوێن و پلەوپایانە، هەر لەو پەندانەش شەهیدبوون بەرزترین پلەی ئەولیایە ئەوەتا خوای گەورە بۆی هێنانە پێشەوە ، لەو بەندانەش خوای گەورە دەیەوێت دوژمنانی لەناو بچن ، بۆیە ئەو هۆیانە دەهێنێتە کایەوە بۆ ئەوەی بەهۆی کوفرو دەستدرێژی ستەمکاریانەوە بەدەستی ئەولیاکانی خۆی لەناویان بەرێت بەو شێوەیەش گوناهی ئیماندارانی سڕی و کافرانیشی تەفرو توناکرد [2] .

---

[1] / بڕوانە (زاد المعاد) ٩٩/٢ تا ١٠٨/

[2] / فتح الباری ٣٤٧/٧

سریە و نێرراوەکانی نێوان (ئوحود) و (ئەحزاب)

ئەو کارەساتە کاریگەرییەکی خراپی هەبوو لەسەر ناوبانگی ئیمانداران ، هەیبەتیان نەما لەناودڵاندا ، سەرئێشەو کێشەناوەکی و دەرەکیەکان بۆ سەر ئیمانداران زیاتری کرد ، مەترسی لە هەموولایەکەوە ڕووی کردە مەدینە ، جولەکەو دووڕووەکان و عەرەبە موشریکەکان بەئاشکرا دژایەتی پێغەمبەری خوایان دەکرد ﷺ ، هەندێکیان خەریك بوو دەست لەکۆمەڵی ئیمانداران بوەشێنن ، زیاد لەوەش بە نیاز بوون لەناویان بەرن و ، بنبڕیان بکەن.

هێشتا دوومانگ بەسەر ئەو جەنگەدا تێنەپەڕی بوو ، (بنو اسد) خۆیان سازدا بۆ هەڵکوتانە سەر شاری مەدینە ، پاشان تیرەی (عضل) و (قارە) لە مانگی سەفەری ساڵی چواری کۆچیدا هەستان بە فێڵێك ، بووە هۆی کوژرانی دە هاوەڵی پێغەمبەر ﷺ ، لەهەمان مانگدا (بنو عامر) یش هەستان بەهەمان فێڵ ، بووە هۆی کوژرانی حەفتا هاوەڵی تری پێغەمبەر ﷺ ، ئەو ڕووداوە بە کارەساتی بیری (مؤونة) ناسراوە ، هەر لەو ماوەیەدا (بنو نضیر)ی جولەکەش زاتیان کرد بەئاشکرا دوژمنایەتیان دەربڕی و لە ڕەبیعی یەکەمی ساڵی چواری کۆچیدا داوێکیان نایەوە بۆ شەهید کردنی پێغەمبەر ﷺ ، (بنو غطفان) یش زاتیان دایە بەرخۆیان ، بەنیازبوون لە (جمادی) یەکەمی ساڵی چوارەمی کۆچیدا بدەن بەسەر مەدینەدا .

هەیبەت و سامی موسڵمانەکان کە بەهۆی جەنگی ئوحودەوە ـ بۆ ماوەیەك ـ نەما بوو موسڵمانەکانی خستە بەر مەترسیەوە ، بەڵام دانایی و گەورەیێتی پێغەمبەر ﷺ ، ڕووی ئەو تەوژمانەی وەرچەرخاندو جارێکیتر سام و بیمی بۆ موسڵمانەکان گێڕایەوەو سەرلەنوێ سەری بەرزو بڵندکردنەوە ، یەکەم کارێك کەپێی هەستا ڕاونانەکەی (حمراء الاسد) بوو ، بەمە ئەندازەیەکی زۆری لەناوبانگی سوپاکە پاراست ، ئەم کارە جولەکەو دووڕووەکانی سەرسام و سەرگەردان کرد، پاشان هەستان بەچەند مانۆڕێکی ترو سامی بۆ گێڕانەوە . بەڵکو زیاد لەوەش لەم چەند پەڕەیەی دواییدا چەند باسێکی لەو بارەیەوە تێدایە .

سریەی (ابی سلمە)

یەکەم کۆمەڵێك کە دوای نسکۆکەی ئوحود هەستان دژ بە موسڵمانەکان خێڵی (بنو اسد)ی کوڕی (خزیمە) بوون ، هەواڵگرەکانی مەدینە هەواڵیان هێنا ، کە (طلحة) و (سلمة) هەردوو کوڕەکەی (خویلد) لەگەڵ گوێ مشتەکانیان کۆبونەتەوەو بانگەشەی خێڵی (بنی اسد) دەکەن بۆ جەنگ کردن دژ بە پێغەمبەری خوا ﷺ.

خێرا پێغەمبەر ﷺ سریەیەکی نارد ژمارەیان ـ سەدو پەنجا کەس دەبوو لە کۆچکەران و ئەنسارەکان ، (ابو سلمە) ی کردە سەرۆکیان و ئاڵاکەی دایەدەستی ، (ابو سلمە) لە پڕێکدا دای بەسەر (بنی اسد)دا لەناو خانەو ماڵی خۆیاندا ، پێش ئەوەی ئەوان هێرشەکەیان دەست پێ بکەن پەرتەوازەیان کردن ، موسڵمانەکان ژمارەیەکی زۆر وشترو مەڕیان دەستکەوت و دانیانە بەرو گەڕانەوە بۆ مەدینە بێ ئەوەی تووشی هیچ شەڕێك ببن .

ناردنی ئەم سریەیە لە سەرەتای دەرکەوتنی هیلالی مانگی موحەڕەمی ساڵی چوارەمی کۆچیدا بوو ، کە (ابو سلمە) گەڕایەوە شوێنی خۆی ، شوێنی زامێکی کە لە ئوحوددا برینداربوو بوو سەری هەڵدایەوەو لێی پیس کرد ماوەیەکی پێ چوو پاشان کوشتی [1].

ناردنی (عبدالله) ی کوڕی (انیس)

لەڕۆژی پێنجەمی هەمان مانگدا ـ موحەڕەمی ساڵی چوارەمی کۆچی ـ هەواڵ گرەکان هەواڵیان هێنا کە (خالد)ی کوڕی (سفیان)ی (هندی) خەڵك کۆ دەکاتەوە بۆ جەنگ لەگەڵ موسڵمانەکان ، پێغەمبەری خوا ﷺ (عبدالله) ی کوڕی (انیس)ی بۆ نارد تا لەناوی بەرێت .

(عبدالله) ماوەی هەژدە شەوی پێ چوو هەر نەهاتەوە بۆ مەدینە ، پاشان لە ڕۆژی شەممەدا کە مانگی موحەڕەم حەوت ڕۆژی مابوو گەڕایەوە (خالد)ی کوشتبوو[2]. کەللە سەرەکەی لەگەڵ خۆیدا هێنا بوو ، لەبەردەم پێغەمبەردا داینا ، پێغەمبەری خوا گۆچانێکی دایە ، (عبدالله) وتی : پێغەمەری خوا ﷺ ئەمە نیشانە بێت لەنێوان من و تۆدا لە ڕۆژی قیامەتدا ، کە کاتی مردنیشی نزیك بوەوە وەسێتی کرد کە ئەو دارە بخرێتە نێو کفنەکەیەوە[3].

---

[1] زاد المعاد ٢ ١٠٨

[2] واتە (خالد) ی کوڕی (سفیان) ی (هذلي)

[3] هەمان سەرچاوە ٢ ١٠٩ ، ابن هشام ٢/٦٠٩ ، ٦٢٠

شاندەکەی (رەجیع)

لە مانگی سەفەری هەمان ساڵدا ـ واتە ساڵی چوارەمی کۆچی ، چەند کەسێك لە خێڵی (عضل) و (قارە) هاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و ، وتیان ئیسلامەتیمان تێدایەو ، داوایان کرد کە چەند کەسێکیان بۆ بنێرێت تا فێری ئایینەکەیان بکات و قورئانیان پێ بخوێنێتەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ شەش کەسی لەگەڵدا ناردن ، لە ریوایەتەکەی (ابن اسحاق) و لای (بوخاری) یش هاتووە کە بریتی بوون لە (١٠) کەس و (مرثد)ی کوڕی (ابی مرثد)ی (غنوی) دەکاتە ئەمیریان ، لەگوتەیەکی (ابن اسحاق) و (بخاری)یشدا هاتووە، کە ئەمیرەکەیان (عاصم)ی کوڕی (ثابت) بوە ، باپیرەی (عاصم)ی کوڕی (عمر)ی کوڕی (خطاب) بووە (لەگەڵ شاندەکەدا دەڕۆن ، تادەگەنە ناوچەی (رجیع) کە ئاوێکی خێڵی (هذیل)ە بە رووی (حجان)دا لەنێوان (رابغ) و (جدە) دایە ، تیرەیەکی خێڵی (هذیل)ە بە رووی (حجان)دا لەنێوان (رابغ) و (جدە) دایە ، تیرەیەکی خێڵی (هذیل) یان لێدەنگدان پێیان دەوتن (بنو لحیان) ، نزیکەی سەد کەسێکی تیر هاوێژ شوێنیان کەوتن ، بەشوێنیاندا چوون تاگەیشتنە سەریان ، لە هەموولایەکەوە چواردەوریان دان دە کەسە موسڵمانەکە پەنایان برد بووە لای (فدفد) پێیان وتن : وادەو پەیمانتان دەدەینێ ئەگەر خۆتان بەدەستەوە بدەن کەستان لێ نەکوژین . بەڵام (عاصم) دانبەزی و شەڕی لەگەڵیاندا کرد ، بەتیر حەوت کەسیان لێ کوژرا ، تەنها (خبیب) و (زید)ی کوڕی (الدثنة) و پیاوێکی تریان لێمایەوە ، بێباوەڕان جارێکیتر وادەو پەیمانیان پێدان نەیانکوژن ، ئەنجا خۆیاندا بەدەستەوە ، بەڵام ئەوان بێ پەیمان دەرچوون ، بەپەتی وشترەکانیان هەرسێکیان بەستنەوە ، سێیەم پیاویان وتی : ئەمە سەرەتای پەیمان شکاندنە بەدوای خۆیاندا ڕایان کێشا ویستیان بیدەنە بەر ، لەگەڵیان نەڕۆیشت کوشتیان ، ئەنجا (خبیب) بە بەندەیی لە مەککە مایەوە ، پاشان بڕیاریاندا بیکوژن ، بۆیە لە (حرم) بەرەو (تنعیم) بردیانە دەرەوە کە ویستیان چوارمێخەی بکێشن ، فەرمووی : مۆڵەتم بدەن با دوو ڕکات نوێژ بکەم ، وازیان لێ هێناو دوو ڕکات نوێژەکەی کرد ، پاشان سڵاوی دایەوەو فەرمووی : وەڵڵاهی ئەگەر گومانتان وانەبوایە کە گوایە دەترسم نوێژی زیاترم دەکرد ، پاشان فەرمووی : خوایە قڕیان تێخەی ، کوشت و بڕیان بکەیت ، تاقیان نەهێڵیت لەسەر زەویدا ، پاشان ئەم شیعرەی خوێندەوە [1] .

---

(١) دەقی شیعرەکە بەعەرەبی بەم دێڕە دەست پێ دەکات ، (لقد اجمع الاحزاب حولي والبوا قبائلهم واستجمعوا كل مجمع) بۆ خوێنەری کوردی دڵسۆز دەقی شیعرەکەمان بەکوردی نوسیەوە ، کە ڕێزدار مامۆستا (نوری فارس حەمە خان) لەکتێبی (التاج الجامع للاصول) کوردیەکەی بەشی هەشتەمدا بڵاوی کردۆتەوە

دەست و پـــام بەکۆت لە لەشم بارە — بۆم هەڵخـــــراوە پەتی سێدارە
دوژمن لەدەورم بەبێ شومـــــارە — لـێوە کرۆژەی چوون فیشکەی مارە
خاوخێزانی ئەو گورگە هــــارە — هاتوون بۆ سەیری منی بێچـــارە
کەسی بێکەسان خۆی ئاگـــادارە — لەحاڵی دڵم چەندە زامـــــارە
بۆخۆم غەریبم لەم دوورە شـــارە — ئەڵهـام بینینی ڕووخساری یارە !
هەمیشە دڵم لای کەس و کـــارە — دڵم لە زۆری زۆردار بێـــــزارە !
وەلێ ئەبــ ـــــاتم لە زارا ژارە — لەجێی ڕووی ئازیز چارەی بەدکارە !
سکاڵام لەلای خوای کردگــــارە — تۆڵەم بسێنێت لە چـــی زۆردارە
عەرشی تۆ خودا قیبلـەی هەژارە — تـاقە ڕوانگەی بەندەی بێچــــارە
بێچارەیی من لە عالەم دیـــارە — جـەستەم پڕ لە خار بوە ئە مجارە
ئەوەی ئاوی تۆی لە ئـــاوی زارە — لە سەرە مەرگــــــا شادو ڕزگارە
بۆ ڕەزامەندی تۆ ئەم ئـــازارە — دەکێشم ، باکم نییە لەم بـــارە !
ئەگەر مەیلت بێ گوڵ و گوڵـزارە — کــەلاوە کۆنیش کۆشك و تەلارە !
دەڵێن کافربە سەرت قوتـــارە — گەر وابێت مردن دەکڕم بە پـــارە
چاوم بەوێنەی هەوری بەهـــارە — خونچەی گوڵ بەدەم شەونم لەزارە
لە مەرگ سڵناکەم مردن یەکجارە — سەرم شۆڕ ناکەم بۆ ئەو خوێنخوارە
مادەم بۆئیسلام دەمدەن لەم دارە — بە پێی خۆم دەچمە بەر پێی قەنارە

(ابوسفیان) وتی بە(خبیب) : ئایا حەزدەکەیت ئێستا لەگەردنی موحەممەد بدەین و ، تۆش بڕۆیتەوە بۆ ناو ماڵ و منالی خۆت ؟

فەرمووی : نەخێر سوێندم بەخوا حەز ناکەم لەناو ماڵ و منالی خۆمدا بم و ئەویش یەك دڕکی بەپێدا بچێت.

پاشان لەخاچیانداو پاسەوانیان دانا بەدیاریەوە ، (عمرو)ی کوڕی (امیە)ی (ضمری) هات و شەو بەفێڵێك لاشەکەی لێکردەوەو ، بردی ناشتی ، ئەوکەسەی (خبیب) ی شەهیدکرد (عقبة)ی کوڕی (حارث) بوو ، (خبیب) لەجەنگی بەدردا (حارث)ی باوکی کوشتبوو.

لە (صحیح) یشدا هاتوە کە (خبیب) یەکەم کەس بوو ، دوو ڕکات نوێژی پێش شەهید بوونی داهێنا ، دەڵێن لەکاتی بەند بونەکەیدا بینراوە کە بۆشکێ ترێ و خورمای خواردوە ، لەکاتێکدا ئەو دوو مێوەیە لە هەموو مەککەدا نەبووە.

(زید)ی کوڕی (دثنه)ش، (صفوان)یکوڕی (امیه) لەجیاتی باوکی کوشتیەوه.

قوڕەیش خەڵکیان نارد بۆ هێنانی لاشەی (عاصم) تا بیفرۆشن بە قوڕەیش ، لە شەڕی بەدرا (عاصم) یەکێك لە گەورەکانی قوڕەیشی کوشتبوو ، کە چوونە سەر لاشەکەی دەبینن کۆمەڵێکی زۆر زەردەواڵە بەسەریەوە وەستاون ، بواریان نەدەدا کەس نزیك بێتەوە ، خەڵکەکە هیچیان بۆ نەکراو گەڕانەوە ، پێشتر (عاصم) نزای لای خوا کردبوو کەدەستی موشریك بەرجەستەی نەکەوێت و دەستی ئەویش بەموشریك نەکەوێت کە (عمر) ئەم هەواڵەی (عاصم)ی پێگەیشت ، فەرمووی : خوای گەورە دوای مردنیش جەستەی ئیماندار دەپارێزێت هەروەکو لە ژیانیشدا دەیپارێزێت [1].

کارەساتی بیری (معونە)

لەو مانگەدا کە ڕووداووی (رجیع) ڕوویدا . کارەساتێکی تریش ڕوویدا کە خەمناکترو ترسناکتر بوو لەیەکەم ، ئەو کارەساتە بەکارەساتی بیری (معونة) ناسراوە.

پوختەکەی ئەوەیە کە (ابو براء) (عامر)ی کوڕی (مالك) کە بە (ملاعب الاسنه) بانگ دەکرا ، هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ مەدینە ، پێغەمبەر ﷺ بانگی کرد بۆ ئیسلام موسڵمان نەبوو ناڕازیش نەبوو ، وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر بکرێت هەندێك لە هاوەڵەکانت بنێرە بۆلای خەڵکی (نجد) تاخەڵکی بانگ بکەن بۆ ئاینەکەت ، ئومێدم وایە کە بەدەمتەوە بێن ، فەرمووی : دەترسم خەڵکی (نجد) شتێکیان لێ بکەن ، (ابو براء) وتی : من پەنایان دەدەم . پێغەمبەری خوا چل پیاوی لەگەڵیاندا نارد ـ لە گوتەیەکی (ابن اسحاق) داو لە (صحیح) یشدا هاتووە کە حەفتا کەس بوون ئەوەش کە لە (صحیح)دا هاتووە ڕاستترە (منذر)ی کوڕی (عمرو)ی کردە میریان کە لە خێڵی (بنی ساعده) بوو شۆرەتەکەی (المعتق) بوو ئەوانە لە پیاوە هەڵبژاردەو پیاوماقوڵ و قورئان خوێنەکان بوون ، لەناو مەدینەدا بە ڕۆژ یان داریان دەهێنا دەیانفرۆشت و پارەکەیان دەدا بەموسڵمانەکانی خەڵکی (صفه)و قورئانیان بەوانە دەوتەوەو . شەونوێژیان دەکرد ، ئەم کۆمەڵە گەیشتنە بیری (معونه) ـ ناوچەیەکە دەکەوێتە نێوان هەوارگەی خێڵی (بنی عامر) و سارای (بنی سلیم) لەوێ دابەزین ، پاشان بە (حرام)ی کوڕی (ملحان)دا کە برای (ام سلیم)ە نامەکەی پێغەمبەری خوایان نارد بۆ دوژمنی خوا

---

[1] ابن هشام ١٦٩/٢ تا ١٧٩ (زاد المعاد) ١٠٩/٢ صحیح البخاری ٥٦٨/٢ ، ٥٦٩ ، ٥٨٥

(عامر)ی کوڕی (طفیل) سەیری نەکرد ، فەرمانیدا پیاوێك لەپشتەوە ڕمێکی لێداو شەهیدی کرد ، کە ڕمەکە لەسنگەیەوە دەرچوو ، خوێن فیچقەی کرد ، (حرام) هاواری کرد : (الله اکبر) بە پەروەردگاری کابەی شەریف سەرکەوتم .

پاشان خێرا دوژمنی خوا داوای کرد لە (بنی عامر) دەست بکەن بەشەڕ لەگەڵ ئەوانی تریشدا ، ئەوان نەهاتن بەدەمیەوە لەبەر پەنادانی (ابو براء) ، داوای کرد لە خێڵی (بنی سلیم) لەو خێڵە تیرەی (عصفه) (رعل) و (ذکوان) چوون بەهانایەوە تا گەمارۆی هاوەڵەکانی پێغەمبەریاندا ﷺ دەستیان کرد بە شەڕ تا دواکەسیان شەهید کران. جگە لە (کعب)ی کوڕی (زید)ی کوڕی (نجار) بە برینداری خۆی کرد بوو بە مردوو لەنێوان کوژراوەکاندا ، ئەم پیاوە ژیا تا لە ڕۆژی (خندق) دا شەهید کرا.

(عمرو) کوڕی (امیه الضمری) و (منذر)ی کوڕی (عقبه) لە دەرەوەی سەربازگە بوون ، کەهاتنەوە لەدوورەوە داڵ و قەلەڕەشیان بینی بەسەر سەربازگەوە دەسوڕانەوە ، ((منذر) دابەزی و کەوتە شەڕ لەگەڵ موشریکاندا تا لەگەڵ هاوەڵانی شەهیدکرا . (عمرو)ی کوڕی (امیه الضمری) یش بەدیل گیرا ، کە هەواڵ درا (عمرو) لە خێڵی (بنی مضر)ە (عامر) کێشای بەنێوچاوانی خۆیدا، ڕزگاری کرد لەپای ڕزگارکردنی بەندەیەکدا کە لەگەردنی دایکیدا بوو...

(عمرو)ی کوڕی (امیه الضمری) گەڕایەوە بۆلای پێغەمبەر ﷺ ، هەواڵی ئەو کارەساتە جەرگ بڕەی پێ بوو ، شەهید بوونی ئەو حەفتا هاوەڵە کارەساتی ئوحودی وەبیر هێنایەوە ، ئەوانەی ئوحود لە شەڕێکی ڕوون و ئاشکرادا شەهید بوون ، بەڵام ئەمانەی (معونه) بەهۆی ناپیاویی و پەیمانشکێنیەوە شەهید کران .

کە (عمرو)ی کوڕی (امیه) لە ڕێگەدا بوو گەیشتە (مرمره) لە سەرەوەی (قناة)دا ، لە ژێر سێبەری درەختێکدا دابەزی بحەوێتەوە ، دوو پیاوی خێڵی (بنی کلاب) یش دابەزین لە هەمان شوێندا ، کە نوستن (عمرو) هەردووکیانی کوشت ، پێی وابوو کە هەقی هاوەڵەکانی سەندۆتەوە ، کەچی لە ڕاستیدا ئەو دوانە پەیمانی پێغەمبەریان لە گەردندا بوو ﷺ ، (عمرو) بەوەی نەزانیبوو ، کە هاتەوە هەواڵیدا بە پێغەمبەر ﷺ کەچی کردووە ، فەرمووی : تۆ دوو کەست کوشتوە دەبێت خوێنەکەیان بدەم و سەرقاڵی کۆکردنەوەی فیدیەکەی بم لای موسڵمانان و جولەکە هاوپەیمانەکانیان [1] ، هەر ئەمەش بووە هۆی هەڵگیرسانی غەزای (بنو نضیر) .

---

[1] بڕوانە (سیرة ابن هشام) ٢/١٨٣ تا ١٨٨ ، (زاد المعاد) ٢/١٠٩ ، ١١٠ صحیح البخاري ٢/ ٥٨٤ ـ ٥٨٦

پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر خەفەتی بەم کارەساتەو کارەساتی (رجیع)یش خوارد کە لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمدا ڕوویاندا[٢] ، بەتەواوی خەم و پەژارە دایگرت [٣] ، تا گەیشتە نزاکردن لە ئەو خێڵ و تیرانەی ئەو ناپیاویی و پەیمانشکێنیەیان کردبوو بەرامبەر بەهاوەڵەکانی ، لە (صحیح) داهاتووە لە (انس) ەوە . دەڵێت : پێغەمبەر ﷺ سی بەرەبەیانی لەسەر یەك نزای دەکرد لەو کەسانەی هاوەڵەکانیان شەهید کرد لە بیری (معونە)دا ، لەنوێژی بەیانیدا دۆعای دەکرد لەخێڵی (رعل) و (ذکوان) و (لحیان) و (عصبة)و دەیفەرموو : بەڕاستی (عصبة) لەخواو پێغەمبەرەکەی یاخیبوو، تا قورئانیش لەبارەیانەوە هاتە خوارەوە تا سڕایەوە بەو هەواڵەی لەلایەن خواوە درا بە پێغەمبەر ﷺ کە دەڵێت: شەهیدان وتیان: ئێمە بەخودای خۆمان گەیشتین لێمان ڕازی بوو ئێمە ڕەزامەند بووین ، ئیتر پێغەمبەر ﷺ وازی لە دۆعای (قنوت)ەکەی هێنا[٤] .

غەزای (بنی النضیر)

پێشتر وتمان : کە جولەکە داخی زۆریان لەدڵدا بوو بەرامبەر بە موسڵمانەکان ، بەڵام نەیاندەوێرا شەڕو پێکدادان بکەن، بەڵکو پەنایان دەبردە بەر فێڵ و پیلانی ژێر بە ژێری ، بەئاشکرا ڕقە بەرایەتی و دوژمنایەتیان دەکرد ، چەندین جۆری فێڵ و تەڵەکەیان بەکاردەهێنا ، بۆ ئازاردانی موسڵمانەکان ، دوای ڕووداوی (بنی قینقاع) و کوژرانی (کعب)ی کوڕی (اشرف) زۆر لەخۆیان دەترسان، بێدەنگو سەرکز دانیشتبوون .

بەڵام دوای ڕووداوی (ئوحود) زاتیان دایەبەرخۆیان دەستیان کردەوە بە دوژمنایەتی و پەیمانشکێنی و بەنهێنیش پەیوەندیان کرد بەدووڕوان و موشریکانی مەککەوەو بۆ بەرژەوەندی ئەوان کاریان دەکرد[١] .

پێغەمبەری خوا ﷺ دانی بەخۆدا گرت تادوای کارەساتی (رجیع) و (معونە) کە زاتیان دایەبەرخۆیان و هەستان بەپیلانێك بۆ شەهید کردنی خودی پێغەمبەر ﷺ .

---

[٢] واقدی وتویەتی : هەواڵی هاوەڵەکانی (رجیع) و (معونە) لەیەك شەودا بە پێغەمبەر ﷺ گەیشت

[٣] (ابن سعد) لە (انس)وە دەگێڕێتەوە دەڵێت: هەرگیز نەمدیوە پێغەمبەر ﷺ بەئەندازەی هەواڵی هاوەڵانی بیری (معونە) خەم و پەژارە دڵی گرتبێت، بڕوانە: مختصرسیره الرسول ﷺ نوسینی: شێخ عەبدوڵلای نەجدی.ل٢٦٠.

[٤] (بخاری) ٢/٥٨٦ ، ٥٨٧ ، ٥٨٨

[١] / ئەم باسە لەوێوە وەرگیراوە کە (ابو داود) لە (باب خبر النضیر)دا گێڕاویەتیەوە ٣/ ١١٦ ، ١١٧ . (عون المعبود شرح سنن ابی داود) .

ڕووداوەکەش بەم شێوەیە ، پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ چەند هاوەڵێکدا چوو بۆ لایان تاقسەیان لەگەڵدا بکات بۆ خوێنبایی ئەو دووپیاوەی خێڵی (کیلاب) کە (عمرو) ی کوڕی (امیە) بەهەڵە کوشتبوونی، ئەمەش دەبووە ئەرك لەسەر جولەکە بەپێی بەندەکانی ڕێککەوتننامەکە ، جولەکەکان وتیان: باشە (ابو القاسم) ، لێرە دانیشە تا کارەکەت بۆ جێبەجێ دەکەین ، پێغەمبەری خوا ﷺ لەپاڵ دیوارێکی ماڵە جولەکەیەکدا دانیشت تا لەسەر وادەی خۆیان پارەکە بهێنن ، (ابوبکر) و (عمر) و (علی) و کۆمەڵێکی تریش لە هاوەڵان لەگەڵیدا دانیشتن.

جولەکەکانیش لەملاوە سەریان کرد بەیەکدا ، شەیتان سەرسەختیەکی تری پێکردن ، پیلانیان دانا بۆ شەهید کردنی پێغەمبەر ﷺ ، وتیان : کێ لە ئێوە دەتوانێت ئەم بەردە گەورەیە هەڵگرێت و بەری داتەوە بەسەر سەریداو بیکوژێت...؟ سەرسەختترینیان (عمرو)ی کوڕی (جحاش) وتی: من دەتوانم. (سلام)ی کوڕی (مشکم) پێی وتن شتی وامەکەن ، وەڵڵاهی هەواڵی دەدرێتێ لەبارەی ئەم کارەتانەوە ، ئەمەش پەیمانشکێنیە لەنێوان ئێمەو ئەودا ، بەڵام لەسەر خیانەتەکەیان سوور بوون .

(جبریل) (ع) لەلایەن پەروەردگارەوە دابەزی بۆ سەر پێغەمبەر ﷺ هەواڵی پیلانەکەی پێ فەرموو ، خێرا پێغەمبەر ﷺ لەجێگەکەی خۆی هەستاو چوو بەرەو مەدینە ، هاوەڵەکانی بەدوایدا ڕۆشتن ، وتیان ، پێغەمبەری خوا ﷺ نەمانزانی بۆ هەستایت ؟ ئەویش هەواڵی نیازە خراپەکەی جولەکەی پێدان .

زۆری پێ نەچوو پێغەمبەر ﷺ (محمد)ی کوڕی (مسلمە)ی نارد بۆلای (بنی النضیر) و پێی وتن : (لە مەدینە بڕۆنە دەرەوەو دراوسێیەتیم مەکەن ، دە ڕۆژ بوارتان دەدەمێ ، دوای ئەو ماوەیە هەرکەسێکتان ببینم دەدەم لە ملی) . ئیدی جولەکە جگە لە دەرچوون هیچ دەرفەتێکی تریان نەما ، چەند ڕۆژێك مانەوە بۆ خۆ سازکردن ، بەڵام سەرۆکی دووڕووان (عبداللە)ی کوڕی (ابی) هەواڵی بۆ ناردن کە بمێننەوەو دەرنەچن و بڕۆنە ناو قەڵاکانتانەوەو ، دووهەزار کەسم لەگەڵدایە لەگەڵتان دێن بۆ ناو قەڵاکەتان و خۆیان لەپێناوی ئێوەدا دەدەن بەکوشت : ﴿ لَئِنْ أُخْرِجْتُمْ لَنَخْرُجَنَّ مَعَكُمْ وَلا نُطِيعُ فِيكُمْ أَحَداً أَبَداً وَإِنْ قُوتِلْتُمْ لَنَنْصُرَنَّكُمْ ﴾ الحشر ١١، ئەنجا هاوپەیمانەکانتان (قریظة) و (غطفان) پشتتان دەگرن .

لێرەدا جولەکە ئاهێکیان هاتەوە بەبەرداو ، بڕیاریاندا دوژمنایەتی پێغەمبەر ﷺ بکەن ، (حی) کوڕی (ئەخطب)ی سەرکردەیان چاوی بڕیە ئەو قسانەی سەرکردەی دووڕوان بۆی دەکرد ، بۆیە هەواڵی نارد بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ و پێ وت : ئێمە لەماڵ و حاڵی خۆمان ناڕۆینە دەرەوە چیت لە دەست دێت بیکە.

بێگومان ڕەوشەکە سەبارەت بەموسڵمانەکان زۆرناخۆش بوو ، چونکە بەگژدا چوونی دوژمنان لەوماوە تەنگەتاوە هەڵایساوەدا ئاسان نەبوو ئەنجامەکەی دیار نەبوو . بینیشمان کە چۆن عەرەب لێیان هەڵگەڕانەوەو ، هەموو شاندەکانی پێغەمبەریان شەهید کرد ، پاشان جولەکەی (بنی النضیر) بەهێزو پرچەك بوون ، خۆ بەدەستەوە دانیان ئاسان نەبوو ، دەرفەتی شەڕکردنیش لەگەڵیاندا مەترسی تێدابوو ، ئەو گۆڕانکاریانەش کەدوای کارەساتی بیری (معونە)و پێش ئەوەش هاتبوونە کایەوە موسوڵمانەکانی زۆرتر هەستیار کرد بوو بەرامبەر بەتاوانی تیرۆرو پەیمانشکێنی دوژمنان کە ڕۆژانە بەکۆمەڵ و تاك تووشی دەبوون و ، ڕقیان بەرامبەر بەو تاوانبارانە ئەستوورتر دەبوو ، بۆیە بڕیاریان دابوو شەڕبکەن لەگەڵ جولەکەی (بنی النضیر)دا پاش ئەو نیاز خراپیەی کردیان دژ بە پێغەمبەر ﷺ ، کە ئەنجامەکەی هەرچیەك بێت کە پێغەمبەری خوا ﷺ وەڵامەکەی (حیی) کوڕی (ئەخطب)ی پێگەیشتەوەو خۆی و هاوەڵان بەیەك دەنگ وتیان : (الله اکبر) . پاشان هەستا بۆ تەمێ کردنی (بني النضیر) و (ابن ام مکتوم)ی لەسەر مەدینە داناو چوو بۆیان (علی) کوڕی (ابی طالب) ئاڵای هەڵگرت کە گەیشتە ئەوێ ئابڵوقەی قەڵاکانیدان .

(بنو النضیر) خۆیان خزاندە نێو قەڵاکانیان ، تیایدا دانیشتن و لەوێوە بەردیان دەگرتە موسڵمانەکان ، باخە خورماو بێستانەکانیان کۆمەکی دەرەکیان بوو لەو پشت ئەستوریەدا ، بۆیە پێغەمبەر ﷺ فەرمانیدا بەبڕین و سوتاندنیان ، لەو بارەیەوە (حسان) وتویەتی :

وهان على بني سراة بني لؤي   حريق بالبويرة مستطــيرٌ

بویرە : لەو دێرە شیعریەدا ناوی باخە خورماکانی (بني نضیرة) ، لەو بارەیەوە ئایەت هاتە خوارەوە ﴿ مَا قَطَعْتُمْ مِنْ لِينَةٍ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَائِمَةً عَلَى أُصُولِهَا فَبِإِذْنِ اللَّهِ وَلِيُخْزِيَ الْفَاسِقِينَ ﴾ الحشر ٥ ، واتە : هەر ساقی دارخورمایەك دەبڕن یان دەیهێڵنەوە هەمووی بە ئیزنی خودایە .

(قريظة) نزيك نەكەوتنەوە ، (ابن ابی) و (غطفان) و هاوپەیمانەکانیشیان خیانەتیان لێکردن ، کەسیش هەوڵی نەدا خێرێکیان بۆ ببات ، یان بارێکیان لەسەر کەم بکات، لەبەرئەوە خوای گەورە ژیانی ئەوانەی چواند بەژیانی شەیتان و فەرمووی: ﴿ كَمَثَلِ الشَّيْطَانِ إِذْ قَالَ لِلْإِنسَانِ اكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِّنكَ ﴾ الحشر ١٦ واتە : وەك شەیتانیان لێهات کە وتی بە مرۆۆ کافربە ، کە کافر بوو ئەنجا پێی وت: من بەدەرم لە تۆ.

گەمارۆدانەکە زۆری نەخایاند . تەنها شەش شەو بەردەوامی هەبوو . وتراویشە پانزە شەوی خایاند . تاخوای گەورە دڵی پرکردن لەترس و بیم ، ملیان کەچ کردو خۆیان ئامادە کرد بۆ خۆبەدەستەوەدان و چەك فرێدان . هەواڵیان نارد بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئێمە لە مەدینە دەردەچین . پێغەمبەریش ﷺ ڕازی بوو بەمەرجێك تەنها خۆیان و ژن و منداڵ دەربکەن . هەرچیەکیش وشتر هەڵی بگرێت بیبەن جگە لەچەك .

بەوە ڕازی بوون و ، بەدەستی خۆیان ماڵەکانیان ڕووخاند ، بۆ ئەوەی دەرگاو پەنجەرەکانی لەگەڵ خۆیاندا ببەن ، زیادلەوەش هەندێکیان کۆڵەکەو دارە ڕای ماڵەکانیان هەڵگرت و. منداڵ و ژنەکانیان لەگەڵ خۆیاندا برد، هەمووشتێکیان لە شەش سەد وشتر بارکرد، گەورەکانیان وەکو (حیی)ی کوڕی (اخطب) و (سلام)ی کوڕی (ابی الحقیق) بەرەو (خیبر) ڕۆشتن ، هەندێکیشیان چوون بەرەو شام ، تەنها دوو پیاویشیان موسڵمان بوون کە (یاسین)ی کوڕی (عمرو) و (ابو سعد)ی کوڕی (وهب) بوون ، ماڵەکانی خۆیان بردەوە .

پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی گرت بەسەر چەکی (بنو نضیر)داو ، زەوی و ماڵ و موڵکی لێسەندن ، لەناو چەکەکاندا پەنجا قەڵغان و ، پەنجا زنجیر بەست و سێسەدو چل شمشێریان تێدابوو.

ماڵ و موڵکی (بنو نضیر) تایبەت بوو بۆ پێغەمبەر ﷺ لە کوێدا بخوازێت دایبنێت ، پێنجیەکی نەکرد چونکە خوا هەموویدا بەخۆی و دابەشی نەکرد بەسەر هەموو موسڵماناندا . بەڵکو دابەشی کرد بەسەر کۆچکەرانی یەکەمداو ، سەرو پشکی‌دا بە (ابو دجانە) و (سهل)ی کوڕی (حنیف) لەبەر هەژارییان . پێغەمبەر ﷺ خەرجیەك ماڵی خانەوادەی دەکێشاو ، ئەوەشی کە مایەوە لە چەك و تفاق و کەرەستەی شەڕ لەپێناوی خوادا دەیبەخشی .

غەزای (بنو النضير) لە ڕەبیعی یەکەمی ساڵی چوارەمی کۆچیدا بوو ، بەرامبەر بە (ئۆگستۆس)ی ساڵی ٦٣٥ی زایین ، لەم غەزایەدا خودای گەورە سورەتی (الحشر)ی بە تەواوی ناردە خوارەوەو ڕێبازی دووڕوانی ئابڕوو بردو ، ئەحکامەکانی (فـيء)ی ڕوونکردەوەو هەڵیدا بە باڵای کۆچکەران و ئەنسارداو ڕەوایەتی برین و سوتاندنی دارو زەوی دوژمنی ڕوونکردەوە لەحاڵەتی جەنگداو ئەو کارەی دانەنا بەبەشێك لە بلاو کردنەوەی خراپە لەزەویداو هەروەها ئیمانداارنی ڕاسپارد کە پابەندی لە خوا ترسان و خۆ ئامادە کردن بن بۆ ئاخیرەت . پاشان کۆتایی سورەتەکەی هێنا بەوەسف و سەنای زاتی خۆی و ناوو سیفەتە جوانەکانی .

(ابن عباس) بە سورەتی (الحشر)ی دەوت : سورەتی (النضير)[1] .

غەزای (نەجد)

بەو سەرکەوتنەی موسڵمانەکان بەدەستیان هێنا بەبێ قوربانی لە غەزای (بنو نضير)دا زیاتر دەسەلاتیان ڕەگ و ڕیشەی داکوتا ، دووڕووەکانیش سەریان کزکردو ئیتر نەیانوێرا بەئاشکرا دژایەتی بکەن ، ئەمەش بواری زیاتری ڕەخساند بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ کە یەکلابێتەوە بۆ سەرکوتکردنی ئەو دەشتەکیانەی هەمیشە ئازاری موسڵمانەکانیان دەداو فێری کوشتنی شاندی موسڵمانەکان بووبوون و پەیمانشکێنیان دەکرد[2] ، خەریك بوو زاتی ئەوە بکەن بدەن بەسەر مەدینەشدا.

پێش ئەوەی پێغەمبەر ﷺ هەستێت بە تەمێ کردنی ئەو ئەعرابانە ، هەواڵی بۆهات کە کۆمەڵێکی دەشتەکی لەخێڵی (بنی محارب) و (بنی ثعلبة)ی (غطفان) خۆیان کۆکردۆتەوە بۆ شەڕ ، پێغەمبەر ﷺ خێرا بۆیان چووە دەرەوە بە تانوپۆی نەجدا گەڕاو ، ترس و بیمێکی زۆری خستە دڵی ئەو عەرەبە دەشتەکیە سەرسەختانەوە ، تا جارێکی تر زاتی دەست وەشاندن نەکەن وەك ئەوەی پێشتر دەیانکرد لەگەڵ موسڵمانەکاندا .

---

[1] / ابن هشام ٢/١٩٠ ، ١٩١ ، ١٩٢ ، زاد المعاد ٢ ٧١، ١١٠ ، صحيح البخاري ٢، ٥٧٤ ، ٥٧٥

[2] / وتەیەکی (محمد الغزالی)یە لە (فقه السيره)دا هاتووە ، ل ٢١٤

وای لێهات ئەو عەرەبە دەشتەکیانەی کە فێری تالآنی و چەتەگەری بووبوون لەگەڵ دەیانبیست موسڵمانەکان هاتوون دەترسان و خۆیان دەخزاندە کون و کەلەبەری شاخەکانەوە ، بەو شێوەیە موسڵمانەکان زەندەقی ئەو خێڵە عەرەبە چەتانەیان بردو ترسیان لەدڵیاندا ڕواندو خۆشیان بە بێ وەی گەڕانەوە .

(مغازی) نووس و (سیرەت) نووسەکان لەو بارەیەوە باسی شەڕێك دەکەن موسڵمانەکان لەخاکی (نجد)دا کردویانە لەمانگی ڕەبیعی دووەم یان جەمادی یەکەمی ساڵی چوارەمی کۆچیدا . ئەو غەزایە ناودەنێن غەزای (ذات الرقاع) . ڕوودانی جەنگەکە لەو ماوەیەدا گومانی تێدانیە ئەمەش هەلومەرجی ڕەوشی مەدینە دەیخواست ، وەزری هاتنەوەی شەڕی بەدرو بەڵێنی (ابو سفیان) لەکاتی بلآوە پێکردنی سوپاکەدا نزیك بووبوەوە ، بەجێهێشتنی مەدینە ، لەگەڵ وازهێنان لەعەرەبە دەشتەکەیان بەو هەموو ملهوڕی و سەرسەختیەی خۆیانەوە ، دەرچوون بۆ ئەو شەڕە ترسناکە هەرگیز لە بەرژەوەندی سیاسیانەی جەنگ نەبوو ، بەڵکو پێویست وابوو نینۆکی ئەوانە بقرتێنێت و پێش دەرچوون بۆ هەر شەڕێکی گەورە دەستیان کۆتا بکات .

سەبارەت بە ئەو جەنگەش کەپێغەمبەر ﷺ سەرۆکایەتی کردو، لەمانگی (ڕەبیع) یان (جەمادی یەکەمی) ساڵی چوارەمی کۆچیدا بوو ، بێگومان کە غەزای (ذات الرقاع) نیە چونکە (ابو هریرە) و (ابو موسی)ی (اشعری) هەردووکیان شەڕی (ذات الرقاع) یان دیوە ، (ابو هریرە) بۆ خۆی پێش جەنگی (خیبر) بەچەند ڕۆژێك موسوڵمان بوو ، هەروەها (ابو موسی)ی (اشعری) یش لەخەیبەردا موسڵمان بوو ، کەواتە غەزای (ذات الرقاع) دوای جەنگی خەیبەر ڕوویداوە ، بەڵگەش لەسەر دواکەوتنی ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ نوێژی ترسی تێدا کردووە ، یەکەم نوێژێکی ترسیش کە ئەنجام درا لە غەزای (عسفان) دابوو ، گومانیشی تێدانیە کە غەزای (عسفان) دوای جەنگی (خەندەق) ە ، غەزای خەندەقیش لە کۆتاییەکانی ساڵی پێنجەمی کۆچیدا ڕوویداوە.

غەزای (بەدری دووەم)

که موسڵمانەکان دڕکی عەرەبە دەشتەکیەکانیان دەرکێشاو دەستیان کۆتاکردن ، خۆیان ئامادەکرد بۆ شەڕکردن لەگەڵ دوژمنە هەرە گەورەکەیاندا ، ساڵ هاتەوە ، ژوانی دیاریکراو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ قورەیشدا هاتەوە که لە غەزای ئوحوددا دیاری کرابوو ، مافی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەکانی بوو کە بڕۆنە دەرەوە بۆیان تا ڕووبەڕووی (ابو سفیان) و خێڵەکەی ببنەوەو . جارێکی‌تر شەیپوری شەڕ لێبدەنەوە لەگەڵیاندا[1] .

لە مانگی (شعبان)ی ساڵی (٤)ی (ینایر)ی ساڵی ٦٢٦ی زاینیدا ، پێغەمبەری خوا ﷺ بەخۆی و هەزارو پێنج سەد کەسەوە لە مەدینە دەرچوو ، دە سواری لەگەڵدا بوو (علی) کوڕی (ابو طالب) ئالأکەی هەڵگرتبوو ، (عبدالله)ی کوڕی (رواحه)ی بەسەر مەدینەوە بەجێهێشت ، گەیشتە بەدر ، لەوێ مایەوە چاوەڕوانی موشریکانی دەکرد.

(ابو سفیان)یش بەخۆی و (دوو هەزار) موشریکەوە لە مەککە دەرچوون پەنجا ئەسپ سواریان لەگەڵدا بوو ، تا گەیشتە (مر الظهران) کە قۆناغێك لە مەککەوە دوورە لە (مجنه) دابەزی کە شوێنێکی ئەو ناوچەیەیە .

(ابو سفیان) بەسستی و بێتاقەتی لە مەککەوە دەرچوو ، بیری لەئەنجامی شەڕکردن دەکردەوە لەگەڵ موسڵمانەکاندا ، ترسی لێ نیشتبوو ، سام دای گرتبوو ، کە لە (مر الظهران) دابەزی بەتەواوی ورەی ڕووخا ، فێڵێکی دۆزیەوە بۆ گەڕانەوە ، وتی بە هاوڕێکانی لەخەڵکی قورەیش ، ساڵێك بچن بۆ شەڕ باشە کە ساڵی تێراویی و سەوزایی بێت و درەختی تێدا ئاوبدەن و تێر شیرو ماست بخۆن ، ئەمساڵیشتان ساڵی ووشك و بێئاویە ، من دەگەڕێمەوە ئێوەش بگەڕێنەوە .

پێدەچێت سوپاکەش ترس و سام گرتبێتی ، هەموویان گەڕانەوە ، بێئەوەی یەك کەس نارەزایی بۆ ئەم هەڵوێستە نیشان بدات و سووربێت لەسەر شەڕکردن لەگەڵ موسڵمانەکاندا .

موسڵمانەکانیش بۆ ماوەی هەشت ڕۆژ لە بەدر مانەوە چاوەڕوانی دوژمنیان دەکرد ، هەرچی شمەکێکی بازرگانیان پێبوو فرۆشتیان بەدوو درهەم و

---

[1] وتەیەکی (محمد الغزالی)یە لە (فقه السیره)دا هاتووە ، ل ٣١٥

یەك درهەمیان قازانج کرد ، پاشان گەڕانەوە بەرەو مەدینەو ئیدی جڵەوی دەسەڵات و دەست لەپێشی کەوتەوە دەست خۆیان ، سام و ترسیان لەدڵی خەڵکیدا زیاتری کردو بوونە باڵادەستی ناوچەکە .

ئەم غەزایە بەغەزای (بدر الموعد) یان (بەدری دووەم) یان (بدر الاخرە) یان (بدر الصغری)ش ناوبانگی هەیە[1] .

غەزای (دومة الجندل)

کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە بەدر گەڕایەوە ، ناوچەکە هێمنی و ئاشتی تێدا بڵاو بوەوە ، دەستی بەتاڵ بوو بۆ ڕووکردنە سنوورەکانی عەرەب ، تاهەموو هەڵوێستەکان بۆ خۆی یەکلا بکاتەوەو دۆست و دوژمن دان بەوەدا بنێن .

دوای ڕووداوی بەدری بچووك لەمەدینەدا شەش مانگ مایەوە، پاشان هەواڵی بۆ هات ، کە خێڵەکانی دەوروبەری (دومە الجندل) کە ناوچەیەکی نزیکە لە شامەوە ڕێگریی و چەتەگەری لە کاروانەکان دەکەن و، هەرچیەك بەلایاندا تێپەڕێت ڕاوەڕووتی دەکەن ، خەریکی خۆ کۆکردنەوەن و دەیانەوێت بدەن بەسەر مەدینەدا ، پێغەمبەری خوا ﷺ (سباع)ی کوڕی (عرفظة) (غفاری) بەسەر مەدینەوە داناو، هێشتا مانگی ڕەبیعی یەکەم (٥) شەوی مابوو لەساڵی (٥)ی کۆچیدا بەهەزار سوارەوە بۆیان دەرچوو ، پیاوێکی ڕێبەری لەگەڵ خۆیدا برد لەخێڵی (بني عذرة) ، ناوی (مذکور) بوو.

بە شەو دەڕۆشت و بەڕۆژ خۆی پەنادەدا، بۆئەوەی لەپڕێکدا بدا بەسەر دوژمناندا ، دەمەو شێوان لێیان نزیکبوەوە، هێرشی کردە سەر مەڕومالأت و مۆڵەکانیان، دەستکەوتێکی زۆری دەستکەوت و هەندێکیشیان هەڵهاتن.

خەڵکی ناو (دومة الجندل) هەریەکەیان بەلایەکدا هەڵهاتن کە موسڵمانەکان چوونە سەر شوێنەکانیان کەسی تێدا نەمابوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ چەند ڕۆژێك مایەوە . سریەو تیپی سەربازی بە هەموولایەکدا نارد، کەسی نەدیەوە پاشان گەڕایەوە بۆ مەدینە ، لەو غەزایەدا پێغەمبەر ﷺ ڕێککەوتنی ئاشتی مۆر کرد لەگەڵ (عینە)ی کوڕی (حصن) لە (دومە الجندل) کە شوێنێکی بەناوبانگە لەنزیك شامەوە ، هەتا دیمەشق بە پیادە ڕێ پێنج شەو دەبێت ، لە مەدینەش پانزە شەو دوورە .

---

[1] . بۆ درێژەی باسی ئەم غەزایە بڕوانە (ابن هشام) ٢/٢٠٩ ، ٢١٠ هەروەها (زاد المعاد) ٢/١١٢

بەم دەستپێشخەریە خێراو پلانە ژیرە دەست و بردانە ، پێغەمبەری خوا ﷺ سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە بەرقەرارکرنی ئاسایش و کۆنترۆڵ کردنی ناوچەکەدا . چەرخی ڕۆژگاریش جارێکی دی بە بەرژەوەندی موسڵمانان هەڵگەڕایەوە ، هەموو ئەو سەرئێشە ناوەکیانەش سووك بوون، دووڕووان بێدەنگ بوون و سەریان شۆڕکردو تیرەیەکی تری جولەکەش دەرکران ، ئەعرابە دەشتەکیەکانیش سەریان شۆڕکردو ئەوانی دیکەش خۆیان بەڕواڵەت کردە دۆست و پارێزەری بەڵێن و پەیماننامە ، کەفو کۆی هەڵچوونی قوڕەیشیش دامرکایەوە، دەرفەتێکی باش بوو بۆ موسڵمانەکان رەخسا تا پەیامی خوای جیهانیان بە دەوروبەردا بڵاوبکەنەوە.

غەزای (ئەحزاب)

پاش ئەو شەڕو سریانەی کە زیاتر لە ساڵێکی خایاند هێمنی و ئاسایش بڵاو بوەوەو دورگەی عەرەب هێور بوەوە ، بەڵام جولەکە هەمیشە لە ئاکامی پەیمانشکێنی و خیانەتکاری و پیلانگێرانی خراپی خۆیانەوە تووشی چەندین جۆری سەرشۆڕی و نەهامەتی دەبوون ـ ئەوانە هێشتا هۆشیان نەهاتبوەوە بەبەردا ، پەندیان وەرنەگرتبوو لە هەموو ئەوخیانەت و خراپەکاریانە ، ئەوە بوو پاش دوورخستنەوەیان بۆ خەیبەر چاوەڕوانی ئەنجامی بگرەو بەردەی نێوان موسڵمانەکان و بت پەرستەکانیان دەکرد . کە ڕۆژگاریش بە بەرژەوەندی موسڵمانەکان وەرچەرخاو دەسەڵات و هەژموونی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا سەپاند ، ئیتر جولەکە ناخیان جۆشی دەخوارد ، ڕق و کینەی دڵیان ئەوەندەی تر زیادی دەکرد .

دیسان دەستیان کردەوە بەپیلان گێران دژ بەموسڵمانەکان و خۆیان سازدا بۆ دەست وەشاندنێکی وەها لە موسڵمانەکان کە ئیتر ڕاست نەبنەوە ، بەڵام ئەوان زاتی ئەوەیان نەدەکرد ڕووبەڕوو ئەو کارە بکەن ، نەخشەو پیلانیان دانا بۆ ئەو مەبەستە.

بیست پیاو لەسەرکردەکانی جولەکەو پیاوانی (بني النضير) کەوتنەرێ بۆلای قوڕەیش لەمەککەو هانیاندان بۆ شەڕکردن دژ بەپێغەمبەر ﷺ و پشتیوانی خۆیان دەربڕی و بەڵێنی سەرکەوتنیان پێدان، قوڕەیشیش کەپێشتر بۆ وادەی ساڵانەکەی بەدر نەیوێرا بوو بڕواتە دەرەوە، لێرەدا دەرفەتێکی گونجاوی دەستکەوت بۆ کڕینەوەی ناوبانگی وونبووی خۆی ، بۆیە ڕازی بوون .

پاشان شاندە جولەکەکە چوون بۆلای (غطفان) چییان بە قورەیش وتبوو بە ئەمانیشیان وت ، ئەوانیش هاتن بەدەمیانەوە ، ئەنجا شاندەکە بەناو خێڵ و تیرەکانی عەرەبدا گەڕاو ژمارەیەکی تریشیان ڕازی کرد کەلەگەڵیان بن، بەو شێوەیە سەرکردەکانی جولەکە سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لەجۆشدانی بێباوەڕاندا دژ بەبانگەوازەکەی پێغەمبەر ﷺ .

ئەوەبوو لەباشوورەوە (قورەیش) و (کنانە) و هاوپەیمانەکانیان لە (تهامە) بە سەرکردایەتی (ابو سفیان) لەگەڵ چوار هەزار کەسدا کەوتنەڕێ ، لە (مر الظهران) (بنو سلیم) یشیان پێگەیشت ، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە خێڵەکانی (غطفان) (بنو فزارة) بەسەرکردایەتی (عینیە)ی کوڕی (حصن) و (بنی مرە)ش بە سەرکردایەتی (الحارث)ی کوڕی (عوف) و (بني اشجع) بە سەرکردایەتی (مسعر)ی کوڕی (رخیلة) و (بنو اسد) و چەندین خێڵی تریش لەگەڵیان دەرچوون بەرەو مەدینە.

ئەو هەموو خێڵ و گرۆهانە لەسەر وادەیەکی دیاریکراوی خۆیان بەرەو مەدینە کەوتنە جوڵە .

پاش چەند ڕۆژێك بە چواردەوری شاری مەدینەدا سوپایەکی زەبەلاحی دەهەزار کەسی کۆبوەوەو ژمارەی ئەو سوپایە لەوا نەبوو لە ژمارەی خەڵکی هەموو شاری مەدینە بەژن و پیاوو منداڵیشەوە زیاتر بووبێت .

خۆ ئەگەر ئەو سوپا گەورەیە لەناکاودا بیاندایە بەسەر قەڵاکانی مەدینەدا گەورەترین مەترسی دروست دەکرد لەسەر موسڵمانەکان و تەفروتونای دەکردن و لەوانەش بوو لە ڕەگوڕیشەوە دەریانبکێشێت، بەڵام سەرکردایەتی شاری مەدینە هۆشیاربوو، پێشتر چاوو ڕووی خۆی لەسەر هەموو ڕێگاکان دانابوو، چاوەڕوانی بارو دۆخەکەی دەکرد، داینابوو کەداهاتوو چی لەگۆڕێدایە هێشتا ئەو سوپایە لەجێگەی خۆی نەجولابوو، هەواڵ هات بۆ پێغەمبەر ﷺ دەربارەی ئەو سوپا زەبەللاحە ترسناکە.

دەستبەجێ پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری باڵای پێکهێنا بۆ باسی شێوەی بەرگری کردن لەشاری مەدینە، پاش گفتوگۆکردن لەنێوان سەرکردەو ئەندامانی شورادا، پێکهاتن لەسەر بڕیارێك کەهاوەڵی خۆشەویست (سەلمان - ر -) خستیەڕوو، سەلمان وتی: پێغەمبەری خوا، ئێمە لەوڵاتی فارسدا کە گەمارۆ بدراینایە بە چواردەوری خۆماندا یەغانمان لێدەدا . نەخشەی خەنەك هەڵکەندن پێشتر عەرەب نەیبیستبوو - .

دەستبەجێ پێغەمبەری خوا ﷺ دەستی کرد بەجێبەجێ کردنی نەخشەکە ، ڕای سپارد کە هەر دە پیاو دەبێت چل گەز لەو خەنەکە هەڵکەنن .

موسڵمانەکان بەخێرایی دەستیان کرد بەهەڵکەندنی خەنەك و، پێغەمبەری خواش ﷺ هانیدەدان و لەگەڵیاندا بەشداری دەکرد . (بوخاری) دەگێڕێتەوە لە (سهل)ی کوڕی (سعد)ەوە، دەڵێت: لەخەنەکەکەدا لەگەڵ پێغەمبەری خوادا بووین ﷺ ئەوان هەڵیان دەکەندو ئێمەش بەکۆڵ خۆڵەکەیمان دەبردە دەرەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :

اللهم لاعيش الا عيش الاخرة   فاغفر للمهاجرين والانصار [1]

هەروەها لە(انس)ەوە: پێغەمبەری خوا ﷺ چوو بۆناو خەنەکەکە لە بەرە بەیانێکی ساردا سەیری کرد ئەوەتا (ئەنسار)و(کۆچکەران) خەریکی چاڵ هەڵکەندن ، هیچ کۆیلەیەکیان نەبوو ئەوەیان بۆ بکات ، کە بینی وا بەوشێوەیە شەکەت و ماندوو برسین فەرمووی :

اللهم لاعيش الا عيش الاخرة   فـــاغفر للانصار والمهاجرة

ئەوانیش وەڵامیان دایەوە وتیان :

نحن الذيـــن بايعـــوا محمداً   على الجهـــاد مابقينـــا ابدا [2]

(براء)ی کوڕی (عازب)یش دەڵێت: چاوم لێ بوو پێغەمبەر ﷺ خۆڵی دەگواستەوە لەتاو تەپ و تۆز سنگی پێغەمبەرم نەدەبینی ، ئەو ڕۆژە ، پێغەمبەری خوا ﷺ قژی پیرۆزی زۆربوو ، گوێم لێ بوو جۆشی خواردبوو لەگەڵ شیعرێکی (ابن رواحە)دا کە لەکاتی خۆڵ بارکردندا دەیوت :

اللهم لولا انت مـــاهتدينـــا   و لا تصدقنـــا و لا صلينـــا
فـــانـــزلن سكـــينة علينـــا   وثبت الاقـــدام ان لاقينـــا
ان الالـــى قـــدبغـــوا علينا   وان ارادوا فتنـــة ابيـــنـــا

دەڵێت : ئەم دێڕەی کۆتایی درێژ دەکردەوە ، لە ڕیوایەتێکیدا هاتووە کە ئەم دێڕە هاتوە:

ان الالى قد بغوا علينا   وان ارادوا فتنة ابينا [3]

موسڵمانەکان لەگەڵ ئەوەدا کە بەم گورج و گۆڵیەوە کاریان دەکرد برسێتی هەناوی پێ نەهێشتبوون ، (انس) دەڵێت : خەڵکی خەنەك پڕ بەمشتێك جۆیان بۆ

---

[1] صحيح البخاري (با غزوة الخندق) ٢ ٥٨٨
[2] / هەمان سەرچاوە .
[3] هەمان سەرچاوە ٢/ ٥٨٩

دەهێنرا کە کەمێك زەیت یان بەزیان تێکەڵاو دەکرد لەبەر کۆنی ڕەنگی دەگۆڕاو ، ئەوەندە ڕەق و بۆن ناخۆش بوو لەبەر بینیان دەگیرا[1] .

(ابو طلحة) دەڵێت : دەردەدڵی خۆمان بردە لای پێغەمبەر ﷺ و سکی خۆمان نیشاندا کەیەکی بەردێکمان پێوە بەستبوو لەتاو برسێتی کەچی ئەو کە سکی هەڵدایەوە دوو بەردی لەتاو برسێتی بەستبوو[2] .

لەکاتی هەڵکەندنی خەنەکەدا نیشانەیەکی پێغەمبەرێتی ڕوویدا ، (جابر)ی کوڕی (عبدالله) بینی وا پێغەمبەر ﷺ بەتەواوی لاوازو زەرد هەڵگەڕاوە ، چووە ماڵێ مەرێکی سەربڕی بەژنەکەی وت جامێك جۆی کرد بە ئارد، ئەنجا بەپەنامەکی پێغەمبەری ﷺ ئاگادارکرد ، کە لەگەڵ چەند هاوەڵێکدا تەشریف بهێنن . پێغەمبەری خواش ﷺ هەرچی کەسی ناو خەنەکەکە هەیە بانگی کرد ، کە هەزار کەس دەبوون ، هەموویان لەو خواردنەیان خواردو تێربوون هێشتا پارچە گۆشتەکە لەناو دەفرەکەدا مابوو ، نانەکەش وەك خۆی مابووەوە[3] .

خوشکەکەی (نعمان)ی کوڕی (بشیر) مشتێك خورمای هێنابوو بۆ خەنەکەکە تا باوك و خاڵۆکەی لێی بخۆن . بەلای پێغەمبەری خوادا ﷺ تێپەڕیی داوای خورماکەی لێ کرد ئەویش هەمووی کردە توێشە بەرەیەکەوە ، ئەنجا پێغەمبەر ﷺ خەڵکی خەنەکی بانگ کرد ، هەموویان لێیان خوارد . خوارماکە لە زیادبوندا بوو ، هەموویان لێیان خواردو هەستان ، توێشە بەرەکە ئەوەندە پڕ بووبوو سەرو بەر لێی دەڕژا[4] .

موعجیزەیەکی لەودوانە گەورەتر لە خەنەکەکەدا ڕویدا ، (بوخاری) لە (جابر)ەوە دەگێڕێتەوە ، دەڵێت : لە ڕۆژی هەڵکەندنی خەنەکەکەدا ، تاشە بەردێکی گەورە هاتە بەردەممان ، هاتنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ وتیان : ئەمە تاشە بەردێکی گەورەیە لە خەنەکەکەدا چی بکەین ؟ فەرمووی : من خۆم دادەبەزم ، لەو کاتەدا سکی پیرۆزی لەتاو برسێتی بە بەردێك بەستبوو ، سێ ڕۆژ بوو دەممان لە هیچ نەدابوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ پاچێکی هەڵگرت ، یەك پاچی لێدا وردو خاشی کردو وەك لمی لێهات[5] .

(براء) دەڵێت : لەو ڕۆژەدا لە چاڵێکیاندا بەردێك هاتە ڕێگەمان هەرچییەکیان لێکرد دادی نەدا ، پاچ و چەکوش کاری تێ نەدەکرد ، سکالامان بردە لای پێغەمبەری

---

1 هەمان سەرچاوە ٥٨٨،٢

2 (ترمذي) ریوایەتیکردوە لە (مشكاة المصابيح) ٢ ٤٤٨

3 بوخاری ئەم ڕووداوەی گێراوەتەوە ٢ ٥٨٨ ، ٥٨٩

4 (ابن هشام) ٢ ٢١٨

5 صحيح البخاري ، ٥٨٨،٢

خوا ﷺ ، تەشریفی هێنا پاچێکی هەڵگرت و فەرمووی : (بسم الله) یەك پاچی لێدا ، پاشان فەرمووی (الله اکبر) ئەوا کلیلەکەی ولاتی شامم پێدرا وەڵلاهی چاوم لە کۆشکە سوورەکانیەتی ، پاشان جارێکی تر لێیدایەوە پارچەیەکی تری لێ شکاند ، فەرمووی (الله اکبر) موڵکی فارسم پێدرا ، وەڵلاهی ئێستا چاوم لە کۆشك و تەلارەکانی شاری (مدائن) ە ، پاشان بۆ سێیەم جار لێیدایەوە ، فەرمووی : (بسم الله) ، ئەنجا ئەوی تریشی وردوخاش کردو فەرمووی (الله اکبر) ، کلیلەکانی ولاتی یەمەنم درا بەدەست ، وەڵلاهی لەم جێگەیەی خۆمەوە چاوم لە دەروازەکانی شاری (صنعاء)[1] .

(ابن اسحاق)یش هەمان ئەو ریوایەتە لە(سلمان)ی فارسیەوە دەگێرێتەوە(ر)[2] .

شاری (مەدینە) جگە لە باکووری لە هەموولایەکەوە بەشاخ و بەردەلان و باخ و بێستانی دارخورما گیرابوو ، پێغەمبەری خوا ﷺ وەکو شارەزاییەکی سەربازیی لێهاتوو دەیزانی کە سوپایەکی زەبەللاحی لەو شێوەیە تەنها لە باکورەوە دەتوانێت هێرش بهێنێتە سەر شارەکە بۆیە خەنەکەکەی لە باکورەوە هەڵکەند .

موسڵمانەکان بەردەوام بوون لەسەر هەڵکەندنی خەنەکەکە ، بەدرێژایی رۆژەکە خەریك بوون ، ئێواران دەگەڕانەوەماڵەوە ، تا بەپێی نەخشە دانراوەکەی پێغەمبەر ﷺ خەنەکەکە تەواوکرا ، پێش ئەوەی سوپا زەبەللاحەکەی موشریکان بگاتە قەراغ شاری مەدینە[3] .

قوڕەیش بەچوار هەزار کەسەوە گەیشتنە نزیك مەدینە ، بەکۆمەڵ لە (اسیال)ی ناوچەی (رومە) لەنێوان (جرف) و (زعابە)دا دابەزین ، (غطفان) و شوێنکەوتوانیان لەخەڵکی (نجد)یش بە شەش هەزار کەسەوە هاتن و بەڕووی (ئوحود) دا لە (ذنب لقمي) دابەزین .

﴿ وَلَمَّا رَأَى الْمُؤْمِنُونَ الْأَحْزَابَ قَالُوا هَذَا مَا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَصَدَقَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَمَا زَادَهُمْ إِلَّا إِيمَاناً وَتَسْلِيماً ﴾ الاحزاب ٢٢ واتە : کاتێك ئیمانداران ئەو گرۆهانەیان بینی وتیان: ئەمە ئەو بەڵێنەبوو کە خوداو پێغەمبەرەکەی فەرموویان ، بەڕاستی خوداو پێغەمبەرەکەی ڕاستیان فەرموو : ئەمەش جگە لەباوەڕ بەرزبوونەوەو ملکەچ بوون بۆ خودا، هیچ کاریگەریەکی لێنەکردن.

---

[1] / سنن النسائي ٢/٥٦ ، هەروەها (احمد) لە (مسند) ە کەیدا دەستەواژەکە هی نسانی نیە ، تێیداهاتووە کە لەهاوەڵێکەوە گێڕاوەتەوە

[2] / ابن هشام ٢/ ٢١٩

[3] / هەمان سەرچاوە ٣/٢٢٠ ، ٢٢١

بەڵام دووڕوان و دڵ نەخۆشەکان ، دڵیان کەوتە لەرزە داخورپیان لە ترسی ئەو سوپایە ﴿وَإِذْ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ مَا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ إِلَّا غُرُورًا﴾ الاحزاب ١٢ واتە : دووڕووەکان و ئەوانەی دڵەکانیان نەخۆشە وتیان: ئەوەی خوداو پێغەمبەرەکەی بە ئێمەیان وت جگە لە لەخۆبایی بوون چی دیکە نەبوو .

پێغەمبەری خوا ﷺ سیٚهەزار چەکداری لەگەڵدا بوو ، پشتیان کردە شاخی (سلع) و خەنەکەکەیان خستە نێوان خۆیان و بیٚباوەران ، دروشمیان ئەوەبوو: (سەرناکەون) (ابن ام کتوم)ی بەسەر مەدینەوە بەجێهێشت و ، فەرمانیدا بەژن و منداڵ لە ماڵەکاندا بمێننەوە .

کە موشریکەکان ویستیان هێرش بهێنن و بدەن بەسەر مەدینەدا ، خەنەکێکی پانیان بینی لەبەردەمیاندا هەڵکەنرابوو ، بەناچاری گەمارۆی موسڵمانەکانیاندا ، ئەوان کاتێك دەرچوو بوون هیچ جۆرە خۆ ئامادەکردنێکیان نەکردبوو بۆ ئەو نەخشەیە ، چونکە ئەو پلانە وەکو دەیانوت ـ فێڵێکە پێشتر خێڵەکانی عەرەب نەیانزانیوەو ، بەهیچ شێوەیەك خۆیان بۆ ساز نەدابوو.

موشریکان لە داخ و ڕقی بیٚسنوریاندا بەچوار دەوری خەنەکەکەدا دەهاتن و دەچوون، بەدوای خاڵێکی لاوازدا دەگەڕان ، تالێوەی دزەبکەن ، موسڵمانەکانیش بە وردی چاودێری جموجوڵی موشریکەکانیان دەکرد ، تیربارانیان دەکردن بۆ ئەوەی لێی نزیك نەکەونەوەو ، لێیەوە بکەنە ئەم بەرەوە .

هەندێك لە سوارەکانی قوڕەیش زۆر بێتاقەت بوون بەوە کە بیٚسوود بەدەوری خەنەکەکەدا بێن و بچن و چاوەڕوانی ئەو گەمارۆیە بکەن . ئەوە نەریتی ئەوان نەبوو ، بۆیە کۆمەڵێکیان خۆیان پیٚ ڕانەگیرا لەوانە (عمرو)ی کوڕی (عبدود) و (عکرمە)ی کوڕی (ابو جهل) و (ضرار)ی کوڕی (خطاب) چەند کەسێکی تریان تێدابوو ، ڕێگەیەکی بەرتەسکیان بەدی کرد لەو ڕێگەیەوە کردیانە ئەم بەرەوە ، ئەسپەکانیان کەوتە ناو قوڕاوێك لەنێوان شاخی (سلع)دا ، (علی) کوڕی (ابو طالب) و چەند موسڵمانێکیتر بۆیان چوون و دەرچەکەیان ڵیٚگرتن (عمرو) داوای شەڕە شمشێری کرد (علی) کوڕی (ابو طالب) چووە مەیدانی . وتەیەکی لە دەم دەرچوو کابرای گەرم کرد (عمرو) یەکێك بوو لە پاڵەوانە ئازاکانی موشریکان ، هات ئەسپەکەی خستیە خوارەوە لەداخدا سکی هەڵدڕی و دای لە دەم و چاوی ، ئەنجا چوو بۆ (علی) دەستیان کرد بە شەڕ زۆر یەکتریان هێناو برد ، تا (علی) ﷺ کوشتی ، ئەوانەی کە لەگەڵیدا بوون لەترساندا لەهەمان دەرچەکەوە کەلێی هاتبوون هەڵهاتن ، ئەوەندە ترسان (عکرمە) لەکاتی ڕاکردندا ڕمەکەی لە بیرچوو .

لە ڕۆژەکانی تریشدا موشریکان چەند هەوڵێکی تریاندا بۆ پەڕینەوە لە خەنەکەکەیان بۆ کردنەوەی ڕێگەیەك بۆ پەڕینەوە ، بەڵام موسڵمانەکان بەرگریەکی ئازایانەیان دەکرد ، لەو دورەوە تیر بارانیان دەکردن و نەیاندەهێلاّ لە خەنەکەکە بێنە ئەمبەرەوە تا شکسیتیان پێ هێنان .

بەهۆی سەرقاڵبوونی موسڵمانەکانەوە بەو شەڕە تیرەوە پێغەمبەری خواو ﷺ موسڵمانەکان هەندێك نوێژیان لە کیس چوو ، لە (صحیحین) داهاتووە لە (جابر)ە وە (ر) : (عمر)ی کوڕی (خطاب) لە ڕۆژی خەنەکدا هات و ، دەستی کرد بە قسە وتن بە کافرانی قوڕەیش وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەندە نوێژەکەم دواکەوت خەریك بوو ڕۆژ ئاوابێت پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی : وەڵڵاهی منیش نوێژەکەم بۆ نەکرا ، (جابر) دەڵێت : لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ لە (طحان) دابەزین ، ئەنجا دەستنوێژی شۆردو ئێمەش دەستنوێژمان شوشت . پاش خۆرئاوا بوون نوێژی عەسرمان کرد ، پاشان نوێژی شێوانیشمان کرد[1].

پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ لەدەست چوونی ئەم نوێژانە زۆر بێتاقەت بوو تا نزای کرد لە موشریکان ، لە (بخاری)دا هاتووە لە (علی) یەوە ﷺ دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژی خەنەکدا فەرمووی : خوا ماڵ و گۆڕیان پڕبکات لەئاگر، هەروەکو چۆن سەریان قاڵکردین لە نوێژەکانمان تا خۆر ئاوابوو لەکیسمان چوو[2].

هەروەها لە(مسند)ی پێشەوا ئەحمەدو (شافعی)دا هاتووە، ئەو موشریکانە پێغەمبەری خوایان ﷺ سەرقاڵ کرد لە نوێژی نیوەڕۆو ئێوارەو شێوان و خەوتنان ، ئەوەبوو هەموویانی پێکەوە کرد ، پێشەوا (نووی) دەڵێت : شێوازی کۆکردنەوەی ئەو ریوایەتانە ، بەوەدەبێت کە غەزای خەنەك چەند ڕۆژێکی خایاندوە ، هەندێك نوێژی لە ڕۆژێکدا کردووەو هەندێکی تریشی لەچەند ڕۆژێکی تردا کردووە، تەواو[3].

لێرەوە تێدەگەین کە هەوڵدانی موشریکان بۆ پەڕینەوە بۆ ئەمبەری خەنەکەو بەرگری کردنی موسوڵمانەکان ماوەی چەند ڕۆژێکی خایاندوە ، بەڵام لەبەرئەوەی خەنەکەکە کەوتبوە نێوانیانەوە هیچ شەڕێکی خوێناوی و ڕاستەوخۆ لەنێوانیاندا ڕووی نەدا ، بەڵکو تەنها شەڕەشیرو تیرو ڕمبازی تاکەکەسی هەبوو .

---

[1] صحیح البخاري ٢/٥٩٠ .
[2] هەمان سەرچاوە
[3] (مختصر سیرە الرسول) ﷺ نوسینی شێخ عەبدلڵای نەجدی ل٢٨٧ ، هەروەها شەرحی (مسلم) لەلایەن (نووی)یەوە ١/ ٢٢٧

لەو شەڕەتیرەدا چەند پیاوێك لەهەردوولا كوژران كە بەپەنجەكان دەژمێردرێن شەش كەس لە موسڵمانەكان و دە كەس لە موشریكەكان بە تیر كوژران یەكێك یان دوانیش بە شمشێر كوژران .

لەو تیرئەندازییەدا (سعد)ی كوڕی (معاذ) تیرێك بەربالی كەوت شاڕەگێكی بڕی ، كابرایەكی قوڕەیشی بەناوی (حبان العرفه)وە لێیدا، بۆیە نزای لێ‌كردو فەرمووی: خوایە تۆ دەزانیت هیچ شتێك لەلام ئەوەندە خۆشەویست نیە بەئەندازەی ئەوەی لە پێناوی تۆدا خەبات بكەم و دژ بەكەسانێك پێغەمبەرەكەی تۆیان بەدرۆ خستۆتەوەو شار بەدەریان كردووە ، خوایە وادەزانم كەبەم جەنگە لەنێوان ئێمەو ئەواندا شەڕ كۆتایی پێدێت ، خوایە ئەگەر شەڕێكمان لەگەڵ قوڕەیشدا ماوە بمهێڵە بۆیان ، تا لەپێناوی تۆدا لەگەڵیاندا بجەنگم ، خۆ ئەگەر شەڕ كۆتایی پێدەهێنیت ئەوا ئەم ڕەگی دەمارەم بتەقێنەو باپێیەوە بمرم[1] لەكۆتایی نزاكەیدا فەرمووی : خوایە نەمكوژی هەتا سەرشۆڕی (بنو قريظة) بەچاوی خۆم دەبینم[2] .

لەكاتێكدا كەموسڵمانەكان لەناو بەرەكانی جەنگدا ڕووبەڕووی سەرسەختیەكان دەبونەوە ، لەملاشەوە مارو دوپشكی پیلانگێڕیی لەكونەكانی خۆیدا گێنگڵی دەداو دەیوست بدا بەجەستەی موسڵمانەكانەوە ، بۆیە گەورە تاوانباری (بني نضير) (حيى) كوڕی (اخطب) چووە ماڵەكانی (بنو قريظة) و سەری‌دا لە (كعب)ی كوڕی (اسد القرظي) كە سەرۆكی (بني قريظة) بوو ، مۆركەری گرێبەندو پەیمانی جولەكەی (بنو قريظة) بۆو لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ ، پەیمانی دابوو بەپێغەمبەر ﷺ ، كە ئەگەر هاتوو تووشی شەڕهات پشتی بگرێت هەروەكو پێشتر باسكرا ، (حيى) دای لەدەرگای ماڵەكەی، (كعب) لەسەری داخست، وازی لێ نەهێنا تا دەرگاكەی پی‌كردەوە ، (حيى) وتی : من سەر بەرزیی هەتا هەتایی و دەریای (طام) م بۆهێناوی ، هەموو قوڕەیشم بە پیاوماقوڵ و سەركردەیانەوە هێناوەتە (مجمع الاسيال) لە (رومه) ، (غطفان) و هەموو سەركردەو پیاو ماقوڵەكانی ئەوانیشم لە (ذنب نقمي) دابەزاندوە بەتەنیشت (ئوحود)ەوە، بەڵێن و پەیمانیان پێداوم كەتا لە ڕەگ و ڕیشەوە موحەممەد دەرنەكێشن وازنەهێنن.

(كعب) پێی وت: وەڵڵاهی تۆ زەلیلیی ڕۆژگارو دەریایەكی بێئاوت بۆ هێناوم ، تەنها دەنگی هەیەو ڕەنگی نیە، خوا لەناوت بەرێت (حيى) ! وازم لێ‌بهێنە

---

[1] / صحيح البخاري ٣/ ٥٩١

[2] ابن هشام ٣/٢٣٧

بائەم حاڵەم لێ تێك نەچێت ، من جگە لەڕاستگۆیی و ئەمەکداریی هیچی ترم لە موحەممەد نەدیوە.

(حیی) هەر وازی لێ نەهێناو لەکۆڵی نەبۆوە ، تا(کعب) ڕێگەی‌دا ، بەمەرجێك پەیمانی بداتێ ئەگەر هاتوو قوڕەیش و غەطفان گەڕانەوە، لەگەڵ موحەممەددا هیچیان پێ‌نەکرا ئەوا (حیی)یش لەگەڵ (کعب)دا بچێتە قەڵاکانی ئەوانەوە بۆ ئەوەی وەکو یەك زیانیان بەربکەوێت (کعب)یش خۆی بێ‌لایەن کرد لەو بەڵێن و پەیمانەی کە هەیبوو لەگەڵ موسڵمانەکانداو هەڵیوەشاندەوەو ئیتر چووە ڕیزی موشریکان و بەرەی دژ بە موسڵمانەکانی گرت[1].

بەکردەیش (بنو قریظة) هەستان بەچەند کارێکی سەربازیی ، (ابن اسحاق) دەڵێت : (صفیە)ی کچی (عبدالمطلب) لەناو قەڵایەکدا بوو (حسان)ی کوڕی (ثابت) یشیان لەگەڵدا بوو، (حسان) لەو قەڵایەدا لەگەڵ ژن و منداڵەکاندا دانرابوو ، (صفیة) دەڵێت : پیاوێکی جولەکە بەلاماندا تێپەڕی و بەدەوری قەڵاکەدا هاتوچۆی دەکرد ، (بنو قریظة) کەوتبوونە جەنگ و پەیمانیان شکاندبوو، کەسێکیش نەبوو لەو ناوەدا بەرگریمان لێ بکات ، پێغەمبەری خوا ﷺ و موسڵمانەکان لە سەنگەرەکاندا بەرامبەر دوژمن وەستابوون و ، هەرکەسێك بیدایە بەسەرماندا کەس نەیدەتوانی بیگێڕێتەوە ، وتم بە (حسان) کوڕە ئەوە جولەکەیە بەدەوری قەڵاکەدا دێت و دەچێت دڵنیانیم کە پشتەوەی موسڵمانان ئاشکرا نەکات بۆ بێ‌باوەڕان ، دەبینی کە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵان سەرقاڵن و لێرەنین ، ئادەی (حسان) دابەزە بیکوژە ، کەچی (حسان) وتی : وەڵڵاهی تۆ دەزانی ئەوە بەمن ناکرێت ، (صفیة) دەڵێت : کۆڵەکەیەکم هەڵگرت لە قەڵاکە دابەزیمە خوارەوە ، کێشام بەسەریدا کوشتم پاشان گەڕامەوە ناو قەڵاکەو ، وتم (حسان) دابەزە چەك و تفاقەکەی لێبکەرەوە ، لەبەرئەوە پیاوە من نەمتوانی لێی بکەمەوە ، کەچی (حسان) وتی : پێویستم پێی نیە[2].

ئەم کارە گەورەیەی پوری پێغەمبەر ﷺ ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە پاراستنی ژن و منداڵی موسڵماناندا ، پێدەچێت جولەکەکان وایان زانیبێت کە ئەو قەڵایە پڕە لە

---

[1] / ابن هشام ٢ / ٢٢٠ ، ٢٢١

[2] ابن هشام ٢ ٢٢٨، ئەم فەرمودەیە وا لێکدەدرێتەوە کە(حسان) پیاوێکی ترسنۆك بوبێ. هەندێك لەزانایان ئەو بۆچونەیان بەرپەرچ داوەتەوەو بەخراپی دەزانن، چونکە فەرموودەکە بچڕان لە (اسناد)ەکەیدا هەیە ئەگەر ڕاست بوایە(حسان)ی پێ‌ناشرین دەبوو، خۆ ئەگەر ڕاستیش بێ ئەوە پێدەچێ (حسان) لەو ڕۆژەدا نەخۆش بو بێ، ئەمە باشترین لێکدانەوەیە.

چەکداری سوپای ئیسلام و زەحمەتە کەس بتوانێت بچێتە سەریان . لەکاتێکدا کە هیچ پیاوێکی چەکداری تێدا نەبوو بۆیە نەیانوێرا جارێکی تر ئەوکارە دووبارە بکەنەوە ، بەڵام بە بەردەوامی نامەو قسەیان دەنارد بۆ بت پەرستەکان وەك بەڵگەیەکی کردبێت بۆ دانەپاڵی موشریکان، تاڕادەیەك موسڵمانەکان بیست وشتری ئازوقەی جولەکەیان گرت کە بۆ سوپای موشریکانیان ناردبوو .

هەواڵی پەیمانشکێنیەکە گەیشتە پێغەمبەری خوا ﷺ و موسڵمانەکان ، بۆیە دەستبەجێ دەستی کرد بەلێکۆڵینەوە تاهەڵوێستی (بنو قريظة)ی بۆ ڕوون بێتەوە ، لە ڕووی سەربازییەوە حسابی بۆ بکات ، بۆ لێکۆڵینەوەی هەواڵەکە هەردوو (سعد) ە کە ، (سعد)ی کوڕی (معاذ) و (سعد)ی کوڕی (عبادە)و (عبدالله)ی کوڕی (رواحە)و (خوات)ی کوڕی (جبیر)ی ناردو پێیانی فەرموو : بڕۆن بزانن ئەو هەواڵە ڕاستە ، کە لەبارەی ئەوانەوە پێمان گەیشتوە ؟ ئەگەر ڕاست بوو بە ئیشارەتێك تێم بگەیەنن کەلێی حاڵی ببم و هەواڵەکە لەناو خەڵکدا بڵاومەکەنەوە ، خۆ ئەگەر لەسەر بەڵێن و پەیمانی خۆیان مابوونەوە ئەوا ئاشکرای بکەن بۆ خەڵك . کەمەفرەزەکە نزیکبوونەوە لەجولەکە ، هەڵوێستیان زۆر ناشیرین و بێڕێز بوو، بەئاشکرا دوژمنایەتیان کردن و جنێویاندا بە خۆیان و بە پێغەمبەری خوا ﷺ ، هەروەها وتیان: پێغەمبەری خوا کێیە؟ هیچ بەڵێن و پەیمانێك لەنێوان ئێمەو موحەممەددا نیە، موسڵمانەکان گەڕانەوەو بەئیشارەت تێیان گەیاند کە جولەکە پەشیمان بونەتەوەو پەیمانیان شکاندووە ، وتیان : وەکو (عضل) و (قارە)ن ، واتە پەیمانشکێنیان کردووە (عضل) و (قارە) ئەوانە بوون کە خیانەتکاریەکەی (رجیع) یان ئەنجامدا.

لەگەڵ ئەوەدا کە ویستیان هەواڵەکە بشارنەوە بەڵام خەڵك بەدەمودویاندا تێگەیشتن کە مەسەلەکە چۆنە، هەستیان کرد ڕووبەڕووی مەترسیەکی گەورە دەبنەوە.

بەڕاستی ساتە وەختێکی ترسناك بوو بۆ موسڵمانەکان ، هیچ بەربەستێك نەبوو لەنێوان موسڵمانەکان و جولەکەی (بنو قريظة)دا کە لەپشتەوە لێیان بدەن ، لەبەردەمیشەوە سوپایەکی زەبەللاحی ئەوەندە گەورە وەستابوو ئەستەم بوو بتوانن خۆیانی لێ لابدەن ، ژن و منداڵەکانیشیان لەبەردەم ئەو پەیمانشکێنانەدا بوو بەبێ هیچ بەربەستێك ، بەشێوەیەك بوون هەروەکو خودای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَإِذْ زَاغَتْ الْأَبْصَارُ وَبَلَغَتِ الْقُلُوبُ الْحَنَاجِرَ وَتَظُنُّونَ بِاللَّهِ الظُّنُونَا هُنَالِكَ ابْتُلِيَ الْمُؤْمِنُونَ

وَزُلْزِلُوا زِلْزَالًا شَدِيدًا ﴾ الاحزاب ١٠،١١ واته : چاوەکان ئەبلەق بوون و ، دڵەکانتان هاتبوه گەروو ، گومانی جۆراو جۆرتان هەبوو لە بەرامبەر بەڵێنەکانی خوا بە سەرخستنی ئیمانداران ، ئا لەو کاتەدا ئیمانداران تووشی تاقیکردنەوە بوون و زەمین لەرزەیان پێکەوت، تاهەندێکیان دەیانوت: موحەممەد بەڵێنی گەنجینەی کیسراو قەیسەرمان دەداتێ ، کەچی کەسمان ناوێرێت بڕوات بۆ سەرئاو ، هەندێکی تریشیان لەبەردەم کۆمەڵێك خەڵکی خزمیاندا وتیان : ماڵمان بەدەرەوەیە مۆڵەتمان بدە بابڕۆینەوە ماڵێ ، چونکە لەدەرەوەی مەدینەدان ، هەتا خێڵی (بنو سلمە) خەریکبوو بگەڕێنەوەو شکست بهێنن ، لەبارەی دووڕووەکانەوە ئایەت هاتە خوارەوە : ﴿وإِذْ يَقُولُ الْمُنافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ مَا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ إِلَّا غُرُوراً وَإِذْ قَالَتْ طَائِفَةٌ مِنْهُمْ يَا أَهْلَ يَثْرِبَ لا مُقَامَ لَكُمْ فَارْجِعُوا وَيَسْتَأْذِنُ فَرِيقٌ مِنْهُمُ النَّبِيَّ يَقُولُونَ إِنَّ بُيُوتَنَا عَوْرَةٌ وَمَا هِيَ بِعَوْرَةٍ إِنْ يُرِيدُونَ إِلَّا فِرَاراً﴾ الاحزاب ١٢ ، ١٣ واته : ئا لەوکاتەدا دووڕووەکان و دڵ نەخۆشەکان دەیانوت: بەڕاستی بەڵێنی خواو پێغەمبەرەکەی تەنها لەخۆبایی بوون بوو ، دەستەیەکیش لە دووڕووەکان وتیان : خەڵکی (يثرب) ئەمە شوێنی مانەوەتان نیە ، بگەڕێنەوە بۆ ناوشار ، دەستەیەکیشیان مۆڵەتیان لە پێغەمبەر ﷺ دەخواست و دەیانوت ماڵەکانمان بەدەرەوەیە لەڕاستیدا وانەبوو ، ئەوانە تەنها دەیانەوێت لە مەیدانی جەنگەکە هەڵبێن.

پێغەمبەریش ﷺ کە هەواڵی پەیمانشکێنی (بنو قريظة)ی پێگەیشت جلەکانی‌دا بەسەر خۆیداو بۆ ماوەیەك پاڵکەوت ، تا بەڵاو کارەساتەکە تەواو لەسەر موسڵمانان سەخت بوو ، پاشان هیوای هاتەوە بەبەرداو ، هەستایەوەو فەرمووی : (الله اكبر ، مژدەی سەرکەوتنتان لێ بێت موسڵمانان) پاشان دەستی کرد بەنەخشە دانان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی بارودۆخەکە ، وەکو بەشێکیش لەو نەخشەیە ، مەفرەزەی پاسەوانی دەناردەوە بۆ مەدینە نەبادا لەناکاوداو لەپشتەوە شاڵاو بکرێتە سەرژن و منداڵەکان ، بەڵام هەڵوێستەکە پێویستی بەهاتنە پێشەوەیەکی یەکلاکەرەوە هەبوو ، کە هەموو گرۆهەکانی پێ سەرشۆڕ بکات ، بۆ ئەو مەبەستە ویستی سوڵحێك بکات لەگەڵ (عينيه) کوڕی (حصن) و (حارث)ی کوڕی (عوف) کە هەردووکیان سەرکردەی (غطفان) بوون ، لەسەر سێیەکی بەروبومەکانی مەدینە ، لە بەرامبەر ئەوەدا بەخۆیان و سوپاکەیانەوە بگەڕێنەوە ، موسڵمانەکانیش یەکلابینەوە بۆ سوپاکەی قورەیش ، کە هێزو زەبرو زەنگیان دەناسی و باش تاقیان کردبۆوەو لەناویان بەرن .

پێغەمبەری خوا ﷺ پرسی بەهەردوو (سعد)ەکە کرد، ئەوان وتیان : پێغەمبەری خوا ﷺ (ئەگەر خوا ئەم فەرمانەی پێداویت ئەوا قسەمان نیە ، ئێمە کاتێك خەڵكێكی بت پەرست و گومڕابووین ، ئەوانە نەیانتوانیوە دەنكە خورمایەكی ئێمە بخۆن مەگەر بەئاڵ و وێریان فرۆشتن ، ئێستا پاش ئەوەی خوا بەئیسلام ڕێزی گرتین و هیدایەتی داین و بەتۆوە سەری بەرز كردینەوە ، تازە بچین ماڵی خۆمانیان بدەینێ ؟ وەڵڵاهی جگە لە شمشێر هیچی تریان نادەینێ ، پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵوێستەكەیانی پێ چاك بوو ، فەرمووی : ئەمە ڕاوێژێكە بەئێوەی دەكەم بۆ ئەوەم كرد ، كەبینیم عەرەب لە هەموو لایەكەوە هاتونەتە سەرمان وتم : بەم پێشنیارە كەمێك بارەكە سووك بكەین .

پاشان خوای گەورە كارێكی ڕەخساندو دوژمنی پێ سەرشۆڕ كردو دایمركاندنەوە ، خودا كردی ئەوەبوو پیاوێكی (غطفان)ی بەناوی (نعیم)ی كوڕی (مسعود)ی كوڕی (عامر)ی (اشجعی) (ر) هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و وتی : پێغەمبەری خوا ﷺ من موسڵمان بووم ، كەسوكارم بەموسڵمان بونم نازانن ، فەرمانم پێ بدە بەئارەزووی خۆت بۆت جێبەجێ دەكەم ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی تۆ تەنها پیاوێكی ، دەتوانی كێ پەشیمان بكەیتەوە بیكە ، چونكە شەڕ تەكتیك و فێڵە ، خێرا (نعیم) چوو بۆلای (بنی قریظة) كە لەسەردەمی نەفامیدا دۆستیان بوو . چووە ناویان وتی: خەڵكینە ئێوە دەزانم من ئێوەم چەندە خۆش دەوێت ، دەشزانن چەندە نێوانمان خۆشە ، وتیان : ڕاست دەكەیت ، وتی : حاڵی قوڕەیش وەكو ئێوە نیە ، ئەم شوێنە شوێنی ئێوەیەو ماڵ و موڵك و مناڵی ئێوەی تێدایە ، ناتوانن بەجێی بهێڵن و بڕۆن بۆ شوێنێكی‌تر ، قوڕەیش و (غطفان)یش هاتوون بۆ شەڕی موحەممەدو هاوەڵەكانی ئێوەش پشتان گرتوون ، لەكاتێكدا كەشوێن و ماڵ و ژن و مناڵیان لە شوێنێكی دیكەیە ، ئەگەر دەرفەتێكیان دەست بكەوێت دەی قۆزنەوە ، ئەگەر هیچیان پێ‌نەكرا ئەوا بەجێتان دەهێڵن و دەڕۆنەوە بۆ شوێن و مەنزڵگای خۆیان ، ئەنجا موحەممەد لەپای ئەوەدا تۆڵەتان لێ‌دەكاتەوە ، وتیان : (نعیم) چی بكەین باشە ؟ (نعیم) وتی : لەگەڵیاندا شەڕ مەكەن تا بارمتەیان لێ وەرنەگرن ، وتیان : ئەمە ڕایەكی زۆر باشە .

پاشان (نعیم) چوو بۆلای (قوڕەیش) ، پێی وتن : خۆتان دەزانن كەمن چەندە ئێوەم خۆشدەوێت ؟ وتیان: بەڵێ، وتی: جولەكە پەشیمان بونەتەوە لەو پەیمانشكێنیەی كردیان بەرامبەر بەموحەممەدو هاوەڵەكانی ، بۆیە هەواڵیان داوە

به موحەممەد کە چەند بارمتەیەك لە ئێوە وەربگرن و بیدەن بە موحەممەد ، پاشان دەڕۆنەوە پاڵ ئەو دژ بە ئێوە شەڕ دەکەن ، ئەگەر داوای بارمتە یان لێ کردن نەیاندەنێ ، پاشان چوو بۆ لای (غطفان) و هەمان شتی پێوتن .

شەوی شەممە بوو ، لەمانگی شەوالی ساڵی پێنجەمی کۆچیدا، سوپای قوڕەیش و غەتەفان ناردیان بەشوێن جولەکەی (بنو قریظة)داو پێیان وتن: ئەمە جێگەو مەنزڵگای ئێمە نیە ، هیچمان بەدەستەوە نەما ، هەستن بابدەین بەسەر موحەممەدا ، جولەکە وەڵامیان ناردەوە کە ئەمڕۆ ڕۆژی شەممەیە ، ئێوە باش دەزانن کە پێشینەکانی ئێمە لەو ڕۆژەدا شەڕیان کرد چیان بەسەرهات ، زیاد لەوەش ئێمە شەڕتان لەگەڵ ناکەین تا بارمتەمان بۆ نەنێرن . کە پەیامنێرەکانی جولەکە ئەم هەواڵەیان هێنا ، قوڕەیش و (غطفان) وتیان : وەڵڵاهی (نعیم) ڕاستی پێگوتین ، وەڵامیان ناردەوە بۆ جولەکە کە وەڵڵاهی ئێمە کەستان بۆ نانێرین ، وەرنە دەرەوە با شەڕ بکەین لەگەڵ موحەممەد ، (بنو قریظة)ش وتیان : وەڵڵاهی (نعیم) ڕاستی پێ وتین ، ئیتر هەردوولا پشتی یەکتریان بەردا ، دووبەرەکی کەوتە نێوانیانەوە و ورەیان ڕووخا .

موسڵمانەکانیش لەخوا دەپاڕانەوەو دەیانوت : خوایە لەکەمان بپۆشەو دڵمان ئارام بکەرەوە ، پێغەمبەری خواش ﷺ نزای کرد لە ئەحزاب و فەرمووی : خوایە ، ئەی نێرەری قورئان ، دادگەری خێرا ، خوایە ، ئەحزابەکان سەر شۆڕ بکەیت ، خوایە ژێریان بخەیت و جێگەیان پێ لێژ بکەیت .

خوای گەورە نزای پێغەمبەر ﷺ و موسڵمانەکانی گیرا کرد ، پاش ئەوەی کە دووبەرەکی کەوتە نێو ڕیزی موشریکەکانەوە ، پشتیان لە یەکتری کردو ، خوای گەورە ڕەشەبایەکی توندی بۆ ناردن ، دەوارو خێمەکانی لێ هەڵپێکان و شپرزەی کردن ، هەموو ئاگرەکانی کوژاندنەوەو ، ئارامی لێ هەڵگرتن چەندین سەربازی لە فریشتەکان بۆ ناردن جێگە پێیەکانی پێ لەق کردن و ترس کەوتە دڵیانەوە .

لەو شەوە تاریکە سەرمایەدا ، پێغەمبەری خوا ﷺ (حذیفە)ی کوڕی (یمان) ی نارد هەواڵی سوپای موشریکانی بۆ بهێنێت ، کەچوو بەو حاڵە شپرزەیەوە بەدی کردن ، سەرنجیدا خەریکی خۆسازدانن بۆ ڕۆیشتن ، گەڕایەوە بۆلای پێغەمبەر ﷺ ، هەواڵی ڕۆیشتنی سوپاکەی پێدا ، خودای گەورە بە ڕق و کینەی خۆیانەوە ناچاری گەڕانەوەی کردن وهیچیشیان دەستکەوت نەبوو . خودای گەورە نەیهێشت موسڵمانان تووشی شەڕ بن ، ئەوەبوو بەڵێنی خۆی بەجێهێناو سەری

سەربازەکانی خۆی بڵندکردەوە ، پێغەمبەرەکەی سەرخست و ئەحزابەکانی ژێرخست و پێغەمبەریش ﷺ گەڕایەوە بۆ مەدینە .

غەزای خەنەك لەساڵی پێنجەمی کۆچی لەمانگی شەوالدا ڕوویدا بەپێی ڕاستترین گێڕانەوە ، موشریکان لەو شەڕەدا بۆ ماوەی یەك مانگ یان نزیکەی مانگێك گەمارۆی موسڵمانەکانیانداو ، بەکۆکردنەوەو لێك نزیك کردنەوەی ریوایەتەکانیش دەردەکەوێت کە لەسەرەتای دەستپێکردنی ئابڵوقەکە لە مانگی شەوالدا بوەو کۆتاییەکەشی کەوتۆتە مانگی (ذي القعدة)ەوە ، لای (ابن سعد)یش هاتوە ، کە پێغەمبەر ﷺ لەڕۆژی چوارشەممەی هەفتەی سێیەمی مانگی (ذي القعدة) دا لە خەنەکەکە گەڕایەوە بۆ مەدینە .

غەزای ئەحزاب غەزای کوشتارو زیان نەبوو ، بەڵکو شەڕی دەروونی بوو ، کوشتارێکی خوێناوی ئەوتۆ تێدا ڕووی نەدا ، بەڵام یەکلاکەرەوەترین جەنگیش بوو لە مێژووی ئیسلامیدا ، بەسەر شۆڕیی موشریکان کۆتایی هات و پەیامێکی‌دا بەگوێی دونیادا کە هەموو عەرەب چیتر ناتوانێت ئەو هێزە بچوکە چالاکەی مەدینە لەناو بەرێت ، چونکە هەموو عەرەب نەیاندەتوانی کۆمەڵێکی گەورەتر کۆبکەنەوە کە لە شەڕی ئەحزابدا کۆیان کردبوەوە ، لەبەرئەوە پێغەمبەر ﷺ دوای ئەوەی خوای گەورە بڵاوەی کرد بە سوپای ئەحزاب فەرمووی : ئیتر لەمەودوا ناتوانن بێنە سەرمان بەڵکو ئێمە دەچینە سەریان) [1].

---

[1] صحیح البخاری ٢/ ٥٩٠

غەزای (بني قريظة)

لەو ڕۆژەدا کە پێغەمبەر ﷺ تەشریفی گەڕایەوە بۆ مەدینە ، لە نیوەڕۆدا (جبریل ﷺ) هاتەلای لەو کاتەدا لەماڵی (ام سلمه) خۆی دەشۆرد، پێی فەرموو : دەڵێی چەکت داناوە؟ خۆ هێشتا فریشتەکان چەکیان دانەناوە ، منیش لەسەر داوای ئەوان هاتمەوە لات ، خۆت و هەرکەسێکت لەگەڵدایە هەر ئێستە بکەونە ڕێ بەرەو (بنو قريظة) ، ئەوا منیش لەپێشتەوە دەڕۆم قەڵاکانیان لەژێر پێدا دەلەرزێنم و ، ترس و بیم دەخەمە دڵەکانیانەوە ، جبریل لەکەژاوەیەکی فریشتەییدا بەڕێ کەوت .

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیدا بانگکەرێك بانگ بدا بەگوێ خەڵکیداو بڵێ هەرچی گوێی لێیەو گوێڕایەڵە با لە (بنو قريظة) نەبێت نوێژی عەسر نەکات ، (ابن ام کتوم)ی بەسەر مەدینەوە بەجێهێشت و ئاڵاکەی دایەدەست (علی) کوڕی (ابی طالب) و بەرەو (بنو قريظة) پێشی خست . (علی) کەوتە پێشەوە هەتا لە قەڵاکانیان نزیك بوەوە گوێی لە وتەیەکی ناشیرین بوو وترا بەپێغەمبەری خوا ﷺ .

پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ کاروانێکی کۆچکەران و ئەنساردا کەوتەڕێ ، تا لەسەر بیرێکی (بنی قريظة) دابەزی پێیان دەوت بیری (انا) ، موسوڵمانەکان دەستەو نەزەر لە خزمەتیدا بوون ، کەوتنە ڕێ ، لە ڕێگەدا بوون کاتی نوێژی عەسر هات ، هەندێکیان وتیان : لە (بنو قريظة) نەبێت نوێژ ناکەین ، هەندێکی تریشیان وتیان : مەبەست لەو فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ ئەوە نەبووە کە نوێژ لە (بنو قريظة) بکرێت بەڵکو مەبەستی پەلە کردن بووە بەرەو (بنو قريظة) بۆیە لە ڕێگە نوێژەکەیان کرد ، پێغەمبەری خوا ﷺ سەرزەنشتی هیچ کۆمەڵێکیانی نەکرد .

بەو شێوەیە سوپای ئیسلام بەڕێ کەوت بەرەو (بنو قريظة) ، پۆل پۆل بە پێغەمبەری خوا گەیشتن ﷺ ، بریتی بوون لە سێ هەزار چەکدار ، سی ئەسپ سواریان لەگەڵدا بوو ، لەقەڵاکانی (بنو قريظة) نزیك بوونەوەو گەمارۆیاندان.

کە ئابڵوقەکەیان لەسەر توند بوو ، (کعب)ی کوڕی (اسد)ی سەرکردەیان سێ پێشنیاری خستە بەردەستیان یان موسڵمان بن و بڕۆنە سەر ئاینەکەی موحەممەد ﷺ ، ئەوجا خوێن و ماڵ و ژن و منداڵیان سەلامەت دەبن ، پێشی وتن : دەزانن کە موحەممەد ﷺ پێغەمبەری خوایە ، ئەمە ئەو کەسەیە ئێوە لەکتێبەکەی

خۆتاندا بەدی دەکەن ، یان ئەوەیە بەدەستی خۆیان ژن و منداڵی خۆیان بکوژن و بەشمشێری دەستەوە بێنە دەرەوە بۆ محەممەد ﷺ یان بەسەریدا زاڵ دەبن ، یان سەرلەبەریان دەکوژرێن ، یان ئەوەیە هێرش بکەنە سەر پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵەکانی و لە ڕۆژی شەممەدا لێیان بدەن ، چونکە ئەوان دڵنیان کە ئێمە لە ڕۆژی شەممەدا شەڕ ناکەین ، کەچی ئەوان بەدەم هیچ پێشنیارێکی (کعب)ەوە نەهاتن ، ئیتر (کعب)ی سەرۆکیان بە تووڕەیی و بێزاریەکەوە پێی وتن : لەوەتی لە دایبك بوون پیاوتان تێدا هەڵنەکەوتووە بتوانێت بڕیارێك بدات .

پاش بەرپەرچ دانەوەی هەر سێ پێشنیارەکە (بنو قریظة) هیچی بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێت کە لە قەڵاکانیان دابەزن بۆ حوکم و بڕیاری پێغەمبەری خوا ﷺ ، بەڵام ویستیان پەیوەندیەك بکەن بەهەندێك لە هاوپەیمانە موسڵمانەکانیانەوە ، سا بەڵکو بزانن ئەگەر دابەزین بۆ حوکمی پێغەمبەر ﷺ چیان لێ بەسەردێت ، داوایان کرد لەپێغەمبەر ﷺ ، کە (ابو لبابە) یان بۆ بنێرێت قسەیەکی لەگەڵدا بکەن و ڕاوێژی پێ بکەن ، (ابو لبابە) بەحوکمی ئەوەی ماڵ و منداڵەکەی کەوتبوە ناوچەی ئەوانەوە ، هاوپەیمانیان بووە ، (ابو لبابە) چوو بۆلایان کە بینیان ژن و منداڵەکانیان دەستیان کرد بە هاوارو شین و گریان ، دڵی نەرم بوو بۆیان ، وتیان (ابا لبابە) پێت وایە کە ملکەچ بین بۆ حوکمی موحەممەد ؟ وتی : بەڵێ بەدەستی ئیشارەتی کرد بۆ گەردنی - مەبەستی ئەوەبوو کە سەرتان دەبڕێت - یەکسەر (ابو لبابە) پەشیمان بوەوەو زانی کە خیانەتی کردووە لە خوداو پێغەمبەرەکەی ﷺ ، بۆیە خێرا ئەوێی بەجێهێشت و نەگەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ ، چوو بۆ مزگەوتی مەدینە ، خۆی بەکۆڵەکەی مزگەوتەوەکەوە بەستەوەو سوێندی خوارد کە خۆی نەکاتەوە هەتا خودی پێغەمبەر ﷺ بەدەستی خۆی دەیکاتەوە ، سوێندیشی خوارد هەرگیز نەڕواتە خاکی (بنی قریظة) ، کە هەواڵی بەسەرهاتەکەی گەیشتەوە بەپێغەمبەر ﷺ پێشتریش چاوەڕوانی زۆری (ابو لبابە)ی کردبوو . فەرمووی : ئەگەر بهاتایە بۆ لام لێی خۆش دەبوم ، بەڵام مادام ئەو کارەی کردووە من ئەو کەسە نیم کە بەرەڵڵای بکەم تا خوا تەوبەی لێ قەبوڵ نەکات .

لەگەڵ ئەوەشدا کە (ابو لبابە) پێی وتبوون کەچی (بنو قریظة) بە ناچاریی ملکەچ بوون بۆ فەرمانی پێغەمبەر ﷺ ، لەکاتێکدا کە دەیانتوانی بۆ ماوەیەکی

دوورو درێژ بەرگەی گەمارۆکەش بگرن ، چونکە ئازووقەیان زۆر بوو کانیاو کارێز لە قەڵاکەدا هەبوو ، سەرباری پتەوی قەڵاکەیان و، سەرباری ئەوەش دونیا ساردبوو موسڵمانەکان بەبەر ئەو سەرماوسۆڵەیەوە بوون و شەڕی خەندەق شەکەتی کردبوون و، نەیان دەتوانی درێژە بەکارە جەنگیەکان بدەن ، بەڵام جەنگی (بنی قریظة) جەنگێکی دەروونی بوو ، خوا ترسی خستبوە دڵەکانیانەوە ، ورەیان بە تەواوی ڕووخا بوو ، گەیشتە ڕادەیەك (علی) کوڕی (ابی طالب) و (الزبیر)ی کوڕی (عوام) چوونە پێشەوە ، (علی) ڕووی کردە ئیمانداران و هاواری کرد: ئەی گرۆهی ئیمانداران وەڵڵاهی یان دەبێت وەکو حەمزە شەهیدم بکەن یان قەڵاکەیان دەکەمەوە.

ئیتر جولەکە خۆیان پێڕانەگیراو لە قەڵاکەیان هاتنە خوارەوە بۆ حوکمی پێغەمبەر ﷺ ، دەسبەجێ فەرمانیدا بە گرتنی پیاوەکانیان ، بەسەرپەرشتی (محمد)ی کوڕی (مسلمە) کۆت و زنجیرکران ، ژن و منداڵەکانیش بەجیا لە جێیەکی تردا دانران ، خێڵی (اوس) چوونە خزمەت پێغەمبەر ﷺ وتیان : پێغەمبەری خوا ﷺ خۆت دەزانی چیت کرد بە (بنو قینقاع) ئەوان هاوپەیمانی خێڵی خەزرەجی برامان بوون ، ئەمانیش دۆستی ئێمەن ، چاك بە لەگەڵیاندا ، فەرمووی : ئایا ئێوە ڕازین پیاوێك لەخۆتان فەرمان بدا بەسەریاندا ؟ وتیان : بەڵێ :- فەرمووی : ئەوە بڕیارم دایە دەستی (سعد)ی کوڕی (معاذ) وتیان: ئێمەش ڕازین .

پێغەمبەر ﷺ ناردی بە شوێن (سعد) کوڕی (معاذ)دا ، لە مەدینە بوو ، بەهۆی ئەو برینەوە کە دەماری دەستی بڕی بوو نەیتوانی بوو لەگەڵ موسڵمانان بڕواتە دەرەوە بۆ ئەم جەنگە ، سواری گوێدرێژێك کراو ، هات بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ ، خزمەکانی چوونە لای و پێیان وت : چاك بە لەگەڵ دۆستەکانت ، پێغەمبەری خوا ﷺ تۆی کردووە بە ناوبژیوان تا چاکەیان لەگەڵدا بکەیت ، (سعد) یش بێدەنگ بوو وەڵامی کەسی نەئەدایەوە کە زۆریان بۆ هێنا (سعد) وتی: بەڕاستی کاتی ئەوە هاتوە ئیتر (سعد) گوێ نەداتە لۆمەی لۆمەکاران ، کە گوێیان لەو قسانە بو هەندێکیان بە غەمباری گەڕانەوە بۆ مەدینە .

کە (سعد) گەیشتە لای پێغەمبەر ﷺ فەرمووی بەهاوەڵان : ئادەی هەستن بڕۆن بەدەم گەورەکەتانەوە ، کە دایانبەزاند وتیان : (سعد) (بنو قریظة) بۆ

فەرمانی تۆ هاتنە خوارەوە ، وتی : ئایا حوکم و بڕیاری منیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت ؟ وتیان : بەڵێ ، وتی : بەسەر موسڵمانەکانیشدا؟ وتیان : بەڵێ ، وتی : بەسەر ئەو کەسەشدا کە لێرەیە ؟ لەوێدا ڕووی وەرچەرخاندو بەدەست ئیشارەتی کرد بۆ ئەو ڕوەی پێغەمبەری لێ وەستا بوو ، لەبەر ڕێزو گەورەیی پێغەمبەر ﷺ وای کرد ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : بەڵێ ، فەرمانت جێبەجێ دەکرێت بەسەر منیشدا ، (سعد) وتی: من فەرمان دەدەم بەکوشتنی پیاوەکانیان و ئەسیر کردنی ژن و منداڵەکانیان و دابەش کردنی ماڵ و سامانەکەیان ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بەڕاستی (سعد) بە حوکمی خودا کارت کرد لە سەرووی حەوت چینی ئاسمانەوە.

حوکمەکەی (سعد) دادپەروەری تێدابوو ، (بني قريظة) زیاد لەوەی کە خیانەتی گەورەیان کرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ ، هەزارو پێنج سەد شمشێرو دووهەزار ڕم و سێ سەد قەڵغان و پێنج سەد زنجیر بەست و خودەی سەریان کۆ کردبووەوە بۆ جەنگی موسڵمانەکان ، ئەم شتانە دوای گرتنی قەڵاکەیان کەوتە دەست موسڵمانەکانەوە.

ئەنجا پێغەمبەر ﷺ فەرمانیدا (بنو قريظة) بەندکران لەماڵی کچی (الحارث)دا کە ژنێك بوو لە (بني النجار) لەبازاری مەدینەداو چاڵیان بۆ هەڵکەنرا ، پاشان فەرمانیدا پۆل پۆل نێرران بۆ خەنەکەکان ، لەوێدا درا لەملی هەموویان . ئەوانەیان کە هێشتا مابوونەوەو سەرەیان نەهاتبوو بە (كعب)ی کوڕی (اسد)ی سەرکردەیان دەوت : تۆ بڵێی لەم خەنەکەدا چیمان لێ بکرێت ؟

(كعب) وتی : ئێوە بەهەموو تەمەنتان عاقڵ نابن ، ئەی نابینن بەسەرە بانگتان دەکەن و ئیتر ناگەڕێنەوە ؟ وەڵڵاهی هەمووتان دەکوژن . ژمارەیان شەش سەد تا حەوت سەد پیاو دەبوون درا لەملی هەموویان .

بەو شێوەیە سەری ماری ژاراوی پەیمانشکێنی و خیانەتکاری پان کرایەوە ، ئەوانە پەیمانیان شکاندو لەکاتێکی زۆر ناخۆش و تەنگدا ئەو چەند هەزار کەسەیان هێنایە سەر موسڵمانەکان و بەوکارە بوونە گەورەترین تاوانباری جەنگ و خۆیان شایستەی دادگای کردن و لەناوبردن کرد.

لەناو کوژراوەکاندا شەیتانەکەی (بنو نضير) و یەکێك لە گەورەترین تاوانبارەکانی جەنگی تێدابوو کە (حيي) کوڕی (اخطب) باوکی (صفية)ی خێزانی

پێغەمبەر بووە ﷺ. ئەوەبوو لەگەڵ (بنو قريظة)دا چووبوە ناو قەڵاکەیانەوە ، وەك وەفاداریەك بۆ (کعب)ی کوڕی (اسد) کە لە سەرەتادا هاتەلای و پەیمانشکێنیەکەی جەنگی ئەحزابی پێکرد کەهێنرا بۆ کوشتن ، ملوانکەیەکی لەملدا بوو پارچە پارچەی کردبوو بۆ ئەوەی دەست موسڵمانەکان نەکەوێت ، دەستی بەگەردنیەوە پێچرابوو ، وتی بەپێغەمبەری خوا ﷺ : وەڵڵاهی هەرگیز لەسەر دوژمنایەتی تۆ پەشیمان نیم ، بەڵام هەر کەسێك ململانێ لەگەڵ خوادا بکات ژێردەکەوێت ، پاشان بەدەنگی بەرز وتی : خەڵکینە بۆ فەرمانی خوا قەیدی نیە ، ئەمەش قەزاو قەدەرێکی نوسراوەو ، خوا لەسەر (بنو اسرائیل)ی نوسیوە ، پاشان ملی کەچ کردو درا لە ملی.

لەناو (بنو قريظة) تەنها یەك ژنیان لێ کوژرا ، لەبەر ئەوەی لەسەربانەوە جەنجەڕێکی فڕێدابوو بەسەر (حلاد)ی کوڕی (سوید)داو کوشتبووی ، لەبەرامبەر ئەوەدا کوژرایەوە.

پێغەمبەر خوا ﷺ فەرمانیدا بەکوشتنی هەرپیاوێکیان کە مووی لێ هاتبێت و ، هەرچیەك مووی لێنەهاتبایە وازی لێدەهێنا ، (عطية القرظي) یەکێك بوو لەوانەی مووی لێنەهاتبوو ، وازی لێهێنراو موسڵمان بوو ، ماوەیەکیش لە خزمەت پێغەمبەردا بوو ﷺ.

(ثابت)ی کوڕی (قیس)یش (زبیر)ی کوڕی (باطا)و منداڵەکەی بەخشی ، زبیر چاکەیەکی لای (ثابت) هەبوو ، (ثابت) پێی بەخشیەوەو ، پێی وت : پێغەمبەری خوا ﷺ تۆی لەبەر من بەخشی و ماڵ و منداڵەکەشی بە من بەخشی ، ئەوا دەیاندەمەوە دەست خۆت . بەڵام (زبیر) کەزانی هەموو پیاوەکانی (بنو قريظة) کوژران (ثابت) دەستم دامێنت منیش بگەیەنە بەخزمە کوژراوەکانی ترم ، ئەویش دای لەملی و گەیاندی بە خۆشەویستانی خۆی لە خزمە جولەکەکانی ، (ثابت) کوڕێکی (زبیر)ی لای خۆی هێشتەوە ناوی (عبدالرحمن) بوو ، پاشان موسڵمان بوو ، ماوەیەکیش لە خزمەت پێغەمبەری خوادا بوو ، (ام منذر) (سلمی) کچی (قیس)ی (نجاری) داوای بەخشینی (رفاعه) کوڕی (صموئیل)ی (قرظي) کرد لە پێغەمبەر ﷺ ئەویش بەخشی ، ماوەیەك مایەوەو دوایی موسڵمان بوو، ماوەیەکیش لە خزمەت پێغەمبەری خوادا بوو ﷺ .

جولەكە لە شەوی دابەزینەكەیاندا چەند كەسێكی تریشیان موسڵمان بوون ، گیانی خۆیان و ماڵ و منداڵیان پاراست ، لەو شەوەدا (عمرو) لە قەڵاكە هاتە دەرەوە ، ئەم پیاوە لە پەیمانشكێنیەكەی (بني قريظة)دا بەشداری نەكردبوو لە دژی پێغەمبەری خوا ﷺ ، بۆیە لەكاتی هاتنە دەرەوەدا (محمد)ی كوڕی (مسلمه) سەركردەی پاسەوانەكانی پێغەمبەر بینی كەناسیەوە بەریدا ، پاشان دیار نەما نازانرێت چی لێ بەسەرهات .

پێغەمبەری خوا ﷺ ماڵ و سامانەكەی (بنو قريظة)ی دوای دەرهێنانی پێنجیەك دابەش كرد ، بۆ ئەسپ سوار سێ پشكی دانا ، دوو پشك بۆ ئەسپەكە یەك پشكیش بۆ سوارەكە ، بۆ پیادەش یەك پشكی دانا ، دیلەكانیشی نارد بۆ (نجد) بەسەر پەرشتی (سعد)ی كوڕی (زيد) (انصاری) و لەجیاتیاندا ئەسپ و چەكی هێنا.

لە ژنەكانیان پێغەمبەری خوا ﷺ (ريحانه)ی كچی (عمرو)ی كوڕی (خناقه)ی هەڵبژاردو لەلای بوو هەتا كۆچی دوایی كرد ، ئەمە گوتەی (ابن اسحاق)ە[1] . (كلبی)یش دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم ژنەی ئازاد كردو لە ساڵی (٦)ی كۆچیدا مارەی كرد ، لەكاتی گەڕانەوەی پێغەمبەردا ﷺ لە حەجی ماڵئاوایی كۆچی دوایی كردو لە گۆڕستانی (بقيع) ئەسپەردە كرا[2] .

كە شەڕی (بنو قريظة) كۆتایی هات نزاكەی (سعد)ی كوڕی (معاذ) (ر) هاتە دی ، كە پێشتر لە باسی غەزای ئەحزابدا باسمان لێوە كرد . پێغەمبەری خوا چادێرێكی بۆ هەڵدا لە نزیك مزگەوتەوە بۆ ئەوەی زوو زوو سەری لێ بدا ، كە كێشەی (قريظة) تەواو بوو برینەكەی (سعد) كولایەوە ، (عائشه) دەڵێت : كە خوێنی لێهات خوێنی دەستی ڕۆیشت بۆ ناو خێوەتەكەی (بنی غفار) كە لەناو مزگەوتەكەدا بوو ، (بنی غفار) هاواریان لێهەستا و ، وتیان : ئەری خەڵكی ناوخێوەت ، ئەو خوێنە چیە لای ئێوەوە بەرەو خێوەتەكەی ئێمە دێت ، سەیریان كرد خوێنی (سعد)ە و لە برینەكەی دەچۆڕێت ، لە ئەنجامی ئەم خوێن بەر بوونە (سعد) كۆچی دوایی كرد[3] .

---

[1] / بڕوانە (ابن هشام) ٢٤٥/٢

[2] / تلقيح فهوم اهل الاثر ل ٢

[3] / صحيح البخاري ٢ ، ٥٩١

له (صحيحين) يشدا هاتوه له (جابر)ه وه ، له پێغەمبەری خواوە ﷺ فەرمووی : بەڕاستی عەرشی خوا بەمردنی (سعد)ی کوڕی (معاذ) هاتەلەرزە[1].

(ترمذي) فەرموودیەکی (صحيح)ی له (انس)ه وه هێناوه دەفەرموێ : کە تەرمەکەی (سعد)ی کوڕی (معاذ)یان خستە سەرشان ، دووڕووەکان وتیان : ئەم تەرمە چەندە سووکەڵەیە ! پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : فریشتەکان هەڵیان گرتبوو[2].

له ئابڵوقەدانەکەی (بنو قريظة)دا پیاوێکی موسڵمان شەهید کرا ، ئەویش (خلاد)ی کوڕی (سويد) بوو کە لەسەر قەلاکەوە ژنە جولەکەیەك جەنجەڕێکی فڕێدابوە خوارەوە بەسەریدا ، هەر لەو ئابڵوقەیەدا (ابو سنان) کوڕی (محصن) برای (عكاشه)ش وەفاتی کرد.

(ابو لبابه)ش شەش شەو بەکۆڵەکەکەی مزگەوتەوە مایەوە ، لەکاتی نوێژەکاندا ژنەکەی دەهاتە لای و دەیکردەوە بۆ نوێژ ، پاشان دەگەڕایەوە خۆی دەبەستەوە بەکۆڵەکەکەوە ، پاشان لە پارشێوێکدا هەواڵی وەرگتنی تەوبەکەی (ابو لبابه) درا بە پێغەمبەر ﷺ لەکاتێکدا کە لە ماڵی (ام سلمه) بوو ، لەبەردەم ژوورەکەیدا وەستابوو ، وتی بە (ابا لبابه) : مژدەت لێ بێت خوای گەورە تەوبەی لێ قەبوڵ کردیت ، خەڵکی ورووژان بۆ بەردانی (ابو لبابه) ، ڕازی نەبوو وتی: دەبێت پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی بمکاتەوە ، کاتێك کە پێغەمبەر ﷺ خۆی تەشریفی چوو بۆ نوێژی بەیانی کردیەوەو بەڕەڵلای کرد .

غەزای (بنو قريظة) لە مانگی (ذي القعدة)ی ساڵی (٥)ی کۆچیدا ڕوویدا ، ئابڵوقەدانەکەش ماوەی (٢٥) بیست و پێنج شەوی خایاند[3].

لەغەزای ئەحزاب و (بنو قريظة)دا خوای گەورە چەندین ئایەتی لە سورەتی ئەحزاب ناردەخوارەوە ، تیایدا باسی گرنگترین لایەنی حاڵەتی ئیمانداران و دووڕووان و سەرشۆڕیی ئەحزاب و ئاکامەکانی پەیمانشکێنی جولەکەی کرد بوو.

---

[1] ، صحيح البخاري ١/ ٥٣٦ ، صحيح مسلم ٢، ٢٩٤ ، جامعه الترمذي ٢/٢٢٥

[2] / جامع الترمذي ٢/٢٢٥

[3] / ابن هشام ، ٢/٢٢٧ ، ٢٢٨ ، لەبارەی درێژەی ئەم باسەوە بڕوانە (ابن هشام) ٢/٢٣٣ تا ٢٧٣و (صحيح البخاري) ٢/ ٥٩٠ ، ٥٩١ ، (زاد المعاد) ٢/٧٢، ٧٣ ، ٧٤ (مختصر سيرة الرسول) نوسینی شێخ عەبدوڵلای نەجدی ل ٢٨٧ .

چالاکی سەربازیی دوای ئەو جەنگە

کوژرانی (سلام)ی کوڕی (ابی الحقیق)

(سلامی کوڕی ابی الحقیق) کە شۆرەتەکەی (ابو رافع)ە ، یەکێك بوو لە گەورە تاوانبارەکانی جولەکەو ئەوانەی ئەحزابیان دژ بەموسڵمانەکان کۆکردەوەو بە ئازوقەو ماڵ وسامان کۆمەکی دەکردن[1] ، ئازاری زۆری پێغەمبەری دەدا ﷺ ، کە موسڵمانەکان لە غەزای (بنو قريظة) بوونەوە . خێڵی (خەزرەج) مۆڵەتیان لە پێغەمبەری خوا ﷺ وەرگرت بۆ کوشتنی.

پێشتریش چەند پیاوێکی ئەوسی (کعبی کوڕی اشرف) یان کوشت . خەزرەجیش پێیان خۆش بوو شکۆمەندیان وەکو ئەوەی (ئەوس) دەست بکەوێت. بۆیە پەلەیان بوو لە وەرگرتنی ئەو مۆڵەتە.

پێغەمبەری خوا ﷺ مۆڵەتی پێدان کە بیکوژن و ڕێگەی نەدان دەست لە ژن و منالْ بکەنەوە، مەفرەزەیەکی خەزرەجی کەبریتی بوو لە (٥) کەس دەرچوون، هەموویان لە تیرەی (بنی سلمە)ی (خەزرەجی) بوون ، (عبداللە)ی کوڕی (عتيك) سەرۆکیان بوو.

مەفرەزەکە دەرچوون بەرەو خەیبەرو ڕوویان کردە قەلاَی (ئەبو ڕافع) ، کاتێك خۆر ئاوا بوو کە نزیك بوونەوە لە قەلاَکە ، خەڵك بەرەو حەوانەوەو خەوتن دەچوون ، (عبداللە)ی کوڕی (عتيك) بەهاوەڵەکانی وت: لەشوێنی خۆتان دانیشن . من ئەڕۆم ، قسەی خۆش لەگەڵ کابرای دەرگاواندا دەکەم و دەڕۆمە ژوورەوە . لە دەرگاکە نزیك بووەوە ، پاشان جلەکانی بەخۆیەوە ئالأند وەکو بیەوێت سەر ئاوێك بکات ، لەو کاتەدا خەڵك چووبوونە ژوورەوە ، کابرای دەرگەوان هاواری لێکرد: ئەریْ کابرا گەر دەتەوێت وەرە ژوورەوە چونکە من دەرگاکە دادەخەم.

(عبداللە)ی کوڕی (عتيك) وتی: چوومە ژوورەوەو خۆم حەشاردا ، کە خەڵك هەموو چوونە ژوورەوە ، کابرا دەرگاکەی داخست و کلیلەکانی بەدارێکدا هەڵواسی ، دەڵێت: هەستام کلیلەکانم هێناو ، دەرگاکەم کردەوە ، (ئەبو ڕافع) لەویْ شەوی بەسەر ئەبرد ، لەگەڵ پیرێکی هاوخوانی خۆیا بوو ، کە پیرەکەی بەجێیان هێشت بۆی چوومە سەرەوە ، لە ژوورێکی سەرەوەیا بوو ، ئەچوومە هەر ژوورێك دەرگاکەم لەسەر دائەخرا ، وتم لەدڵی خۆما: ئەوانەی لەگەڵمان چاوەڕوانی دەستی منن تابیکوژم ، چووم و گەیشتمەلای ، لەگەڵ ژنەکەیدا لەژوورێکی تاریکابوون ،

---

(١) بڕوانە (فتح الباري) ٣٤٢/٧

نەمدەزانی لەکوێی ژوورەکەدایە ، بانگم کرد: (ئەبا ڕافع) ، وتی: ئەوە کێیە ؟ هەڵمەتم برد بەرەو شوێنی دەنگەکەو بێئەوەی بزانم لەکوێدایە شمشێرێکم لێدا ، سوودی نەبوو ، هاواری لێ هەستا ، لە ژوورەکە چوومە دەرەوەو کەمێك لە نزیکەوە وەستام ، پاشان چوومەوە ژوورەوە بۆ سەرەوە ، وتم: ئەو دەنگە چی بوو (ئەبو ڕافع)؟ وتی: دایکت بە دۆزەخ چێ ، پیاوێك لەماڵەکەدا شمشێرێکی لێدام. (عبدالله) وتی: یەك شمشێری ترم لێدا خستم ، هێشتا نەمردبوو ، ئەنجا نوکی شمشێرەکەم خستە سەرسکیو خۆمدا بەسەریدا تا نوکەکەی لە پشتیەوە دەرچوو ئیتر زانیم کوشتومە، خێرا گەڕامەوە دەرگاکانم یەك یەك کردەوە تاگەیشتمە پلیکانەیەك قاچم دانا ، وامزانی گەیشتومەتە سەر زەوی ، شەوێکی مانگەشەو بوو کەوتم ، لاقم شکا ، بەمێزەرێك بەستم ، پاشان دەرچووم بەرەو دەرگای دەرەوەو لەوێ وەستام ، وتم: ئەمشەو ناچمە دەرەوەو هەتا نەزانم کوشتومە یان نەء؟

لەگەڵ خوێندنی کەڵەشێری بەیانیدا لەسەر دیواری قەڵاکەوە باوکەڕۆو براڕۆ بۆ (ئەبو ڕافیع) دەستی پێکرد ، ئەیانوت: بازرگانەکەی ڕێی (حیجاز)م ڕۆ ، خێرا گەڕامەوە بۆ لای هاوەڵەکانم ، وتم: ڕزگارمان بوو ، (ئەبا ڕافیع)یش کوژرا ، گەڕاینەوە تاچووینە خزمەت پێغەمبەر ﷺ قسەم لەگەڵدا کردو باسی قاچە شکاوەکەشم بۆ کرد . فەرمووی: قاچت ڕاکێشە ، قاچم درێژ کرد ، دەستی پیرۆزی پێدا هێنا ، ئازاری تیادا نەما.[1]

ئەمە گێڕانەوەی (بخاری)یە ، لە (ابن اسحاق)یشەوە ، ئەڵێت: هەموو ئەندامانی مەفرەزەکە چوونە سەر (ئەبو ڕافع)و بەشدار بوون لەکوشتنیداو ئەو کەسەی بە شمشێرەکەیەوە خۆیدا بەسەریداو کوشتی (عبدالله)ی کوڕی (انیس) بووە. ئەوەشی تێدا هاتووە کە بەشەو کوشتویانەو، لاقی (عبدالله)ی کوڕی (عتیك)یش شکاوەو هەڵیان گرتووەو خۆیان فڕێ داوەتە جۆبارێك تا لێیانەوە دیارنەبن ، جولەکەش مەشخەڵی ئاگرەکانیان دادەگیرسێننو بەدوایاندا دەگەڕێن ، کە نائومێددەبنو دەگەڕێنەوە بۆلای (ئەبو ڕافع)، تاقمی مەفرەزەکەش کە دەگەڕێنەوەو (عبدالله)ی کوڕی (عتیك) هەڵدەگرنو دێنەوە بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ[2].

دەرچونی ئەم سریەیە لەمانگی (ذي القعدة) یان (ذي الحجة) ی ساڵی (٥)ی کۆچیدا بوو[3].

---

(١) صحیح البخاري ٢ ٥٧٧
(٢) ابن هشام ٢ ٢٧٥،٢٧٣
(٣) رحمة للعالمین ٢ ٢٢٣. لەگەڵ ئەو باسانەیا کەلە سەرچاوەکانی تر وەرگیراون لە غەزای ئەحزاب و (قریظة)

سریەی (محمد) ی کوڕی (مسلمه)

دوای تەواوبونی جەنگی (ئەحزاب) و (قریظة) ، ئەم سریەیە کە بریتی بوو لە (٣٠) ئەسپ سوار یەکەم سریە بوو دەرچوو. ئەم سریەیە بەرەو (قرطاء) دەرچوو ، بەلای (ضرية)ی ناوچەی (بکرات)ی خاکی (نجد) تێپەڕی ، ماوەی نێوان (ضرية) و (مەدینە) حەوت شەو ڕێگەیە ، دە شەو لە مانگی (محرم)ی ساڵی (٦)ی کۆچی کەوتنە ڕێ بەرەو ناوەوەی خێڵی (بکر بن کلاب) کە دایان بەسەریاندا خێڵەکە هەڵات ، موسڵمانەکان مەڕو وشترو ماڵاتەکەیان دانەبەر، مانگی (محرم) یەك شەوی مابوو لە شەوەکەیدا گەیشتنەوە مەدینەو (ثمامة)ی کوری (أثال) گەورەی (بنی حنیفە) یان لەگەڵ خۆیاندا هێنا بوو، کە بەنیاز بوو بوو بە فەرمانی (مسیلمە)ی درۆزن پێغەمبەری خوا ﷺ شەهید بکات[1].

موسڵمانەکان گرتبویان کەهێنایان بەیەکێك لەپایەکانی مزگەوتەوە بەستیانەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: چیت ئەوێت ؟ وتی: چاکەم پێیە ، ئەگەر بمکوژیت خاوەن خوێنم هەیە ، خۆ ئەگەر بەرەڵام بکەیت سوپاسگوزارت دەبم ، ئەگەر ماڵ و سامانت ئەوێت ، داوا بکە چەندت ئەوێت پێت ئەدرێت . پێغەمبەری خوا ﷺ بەجێی هێشت ، جارێکی تر پێغەمبەر ﷺ بەلایدا تێپەڕیو هەمان شتی پێ فەرموو ، ئەویش وەك جاری یەکەم وەڵامیدایەوە ، پاشان جاری سێیەمیش لێدوانەکە دووبارە بووەوە ، ئەنجا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (ثمامة) بەرەڵا بکەن. بەرەڵایان کرد ، چوو بۆ باخە خورمایەکی نزیك مزگەوت خۆی شۆرد ، پاشان هاتەوەو موسوڵمان بوو ، وتی: وەڵاهی لە هەموو دنیادا کەسێك نەبوو لە تۆ زیاتر ڕقم لێی بێت ، ئێستا دەمو چاوو ڕووی تۆ بەلامەوە لە هەموو دنیا خۆشەویسترە ، وەڵاهی هیچ ئاینێکیش لە دنیایا نەبووە بەئەندازەی ئاینەکەی تۆ ڕقم لێی بوو بێت ، ئێستا بووە خۆشەویسترین ئاین لەلام ، کاتێکیش ئەسپ سوارەکانی تۆ گرتمیان بەنیازی عومرە بووم. پێغەمبەری خوا ﷺ مژدەی پێداو، فەرمانی دایە عومرەکەی بکات ، کە (ثمامة) هات بۆ مەککە ، قورەیش پێیان وت: (ثمامة) تۆ لەئاینی باپیرانت هەڵگەڕاویتەوە ، وتی: نەخێر وەڵاهی لەگەڵ موحەممەدا بوومو موسوڵمان بووم ، سوێند بێت بەخوا لە (یمامة) وە یەك دەنکە

---

(١) السيرة الحلبية ٢ ٢٩٧

گەنم ناگاتە لای ئێوە هەتا پێغەمبەر ﷺ فەرمانم پێ نەدات . لە یەمامەوە گەنم دەهات بۆ مەککە ، (ثمامة) گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی ، ڕێگەی گرت لە ناردنی گەنم بۆ مەککە ، تا قورەیشی ماندوو بێ تاقەت کرد ، نامەیان نووسی بۆ پێغەمبەر ﷺ ، داوایان لێ کرد لەبەر خاتری خزمایەتی نامە بنووسێت بۆ (ثمامة) ، تا ڕێگە بدات خواردن بڕوات بۆ مەککە ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێدا کە ڕێگە بدات.[1]

غەزای (بنو لحيان)

(بنو لحيان) ئەو خێڵەبوون کە خیانەتیان کرد لە دە هاوەڵەکەی پێغەمبەر ﷺ لە (الرجيع) داو بوونە هۆی شەهید کردنیان ، شوێن و مەنزڵگاکانیان لەناو (حجان)دا بوو ، بەرەو سنوری مەککە ، هێشتا بگرەو بەردەی نێوان موسڵمانەکان و (قريش) و (اعراب) لەگەرمەیدا بوو ، پێغەمبەر ﷺ پێی باش نەبوو کە زۆر بڕۆنە ناوەوەو لەگەڵ دوژمنە هەرە گەورەکە نزیك ببنەوە کاتێك کە شەڕی ئەحزاب کۆتایی هات ، سوپاکە بە سەرشۆڕی گەڕایەوە ، ورەیان دابەزی بوو ، بزێوی و جموجۆڵیان نەمابوو ، تارادەیەك ملکەچی ئەمری واقع بوون ، پێغەمبەر ﷺ لەو قۆناغەدا پێی باش بوو کە کاتی ئەوە هاتووە تۆڵەی ئەو هاوەڵە شەهیدانەی خۆی لە (بنو لحيان) بکاتەوە ، لە مانگی (ربيع الاول)ی ساڵی (٦)ی کۆچیدا بە دووسەد کەسەوە بۆیان چووە دەرەوە ، (ابن ام مكتوم)ی بەسەر مەدینەوە بەجێهێشت ، وای نیشاندا کەبەرەو شام دەڕۆن ، پاشان بەخێرایی ڕۆیشتن تا گەیشتنە ناوچەرگەی (غران) کە دۆڵێکە لەنێوان (امج) و (عسفان)دا ، ئەو شوێنەی هاوەڵەکانی تێدا شەهید بوو ، لەوێدا نزای لێخۆشبوونی بۆ کردن ، (بنو لحيان) بەمەیان زانیو بەرەو شاخ ڕایانکرد ، کەسیان دەست نەکەوت ، دوو ڕۆژ لەوێ مانەوەو بە چوارلادا سریەیان نارد ، کەسیان دەستگیر نەبوو ، ئەنجا ڕۆیشتن بەرەو (عسفان) ، پێغەمبەر ﷺ دە ئەسپ سواری نارد بۆ (كراع الغميم) تا قورەیش بەر گوێی بکەوێت ، پاشان گەڕانەوە بۆ مەدینە ، چواردە شەویان پێ چوو.

---

(١) زاد المعاد ٢ ١١٩، مختصر سيرة الرسول، نووسینی شێخ عەبدوڵلای نەجدی ل٢ ٢٩/٢٩٣

به بەردەوامی ناردنی مەفرەزەو سریەکان

پاشان پێغەمبەر ﷺ بە بەردەوامی کەوتە ناردنی مەفرەزەو سریە بە هەر چوارلادا ، ئەمەش چەند حاڵەتێکە ، لەوانە:

١. سریەی (عکاشە)ی کوڕی (محصن) بە چل کەسەوە دەرچوو بەرەو (غمر) ، کە کانیاوێکی (بنی ئەسەد) ە ، خێڵەکە ڕایانکرد ، لەو سریەیەدا موسڵمانەکان دووسەد وشتریان دەستکەوت و گەڕانەوە بۆ مەدینە.

٢. سریەی (محمد)ی کوڕی (مسلمە) بەرەو (ذی القصة) ، لەمانگی (ربیع)ی یەکەم یان دووەمی ساڵی (٦) کۆچیدا. (ابن مسلمە) لەگەڵ دە پیاودا دەرچوون بەرەو (قصە)و مەنزڵگاکانی (بنی ثعلبة) سەد کەس دەبوون ، ئەوان پێشتر زانیبوویان بۆسەیان دانا بۆ سریەکە ، لەکاتی نوستندا هەموویان شەهیدکردن جگە لە (محمد)ی کوڕی (مسلمە) کە بەبریندار هەڵهاتبوو.

٣. سریەی (ابی عبیدە)ی کوڕی (جراح) بەرەو (ذي القصة) لە مانگی (ربیع)ی دووەمی ساڵی (٦)ی کۆچیدا. پێغەمبەری خوا ﷺ بەدوای شەهید بوونی مەفرەزەکەی (محمد)ی کوڕی (مسلمە)دا ناردنی. چل پیاوی لەگەڵدا بوو ، ڕۆیشتن گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە ، بە شەو دەڕۆشتن ، لەگەڵ بەرەبەیاندا دایان بەسەر (بنی ثعلبة) دا . ناچاریان کردن هەڵبێن بەرەو شاخ ، پیاوێکیان لێ گرتن لەدوایدا موسڵمان بوو . وشترو مەڕو ماڵاتەکەیان لەگەڵ خۆیاندا هێنایەوە بۆ مەدینە.

٤. سریەی (زید)ی کوڕی (حارثة) بەرەو (جموم) ، لە مانگی (ربیع)ی دووەمی ساڵی (٦)ی کۆچیدا ، (جموم) ئاوێکی (بنی سلیم)ە ، لە (مر الظهران) ، (زید) ژنێکی خێڵی (مزینە)ی گرت ناوی (حلیمە) بوو . شوێنی (بنی سلیم)ی نیشاندان ، چوونە سەری و دیل و وشترو مەڕوماڵاتێکی زۆریان دەستکەوت ، کە (زید) گەڕایەوە پێغەمبەری خوا ﷺ ژنە (مزینە) یەکەی ئازاد کردو دای بەشوو.

٥. سریەی (زید) بەرەو (عیص) ، لە مانگی (جمادی الاولی)ی ساڵی (٦)ی کۆچیدا ، بە سەدو حەفتا سوارەوە ، لەو سریەیەدا ماڵ و سامانی قوڕەیش گیرا ، سەرۆکی کاروانەکە (ابو العاص)ی زاوای پێغەمبەر بوو ﷺ ، (ابو

العاص) دەرباز بوو ، هاتە لای (زینب)ی هاوسەری کە کچی پێغەمبەرە ﷺ هانای بۆ برد ، کە داوای ماڵو سامانەکەی بۆ بکات لە پێغەمبەر ﷺ ، ئەویش هەواڵی نارد بۆ پێغەمبەر ﷺ . پێغەمبەریش ﷺ بەخەڵکی وت ماڵو سامانەکە بگێڕنەوە بۆ (ابو العاصی) بێ ئەوەی زۆر بکات لە هیچ کەسێك ، زۆروکەم و گەورەوبچوکیان دایەوە ، (ابو العاصی) گەڕایەوە بۆ مەککە ، هەموو سپاردەکانی دایەوە بەخاوەنەکانیان ، ئەنجا موسڵمان بوو . پاشان کۆچی کرد . دوای ئەوە پێغەمبەر ﷺ زەینەبی بەپێی نیکاحی یەکەم کە سێ ساڵ و نیوی خایاند ، پێدایەوە هەروەکو لە فەرموودەی (صحیح) دا [1] هاتووە . بەپێی نیکاحی یەکەم پێی دایەوە ، چونکە هێشتا ئایەتی حەرامکردنی ژنی موسڵمان لە کافران نەهاتبووە خوارەوە سەبارەت بەوەش گوایە فەرموودە هەیە دەڵێت: بە نیکاحێکی نوێ (زینب)ی پێدرایەوە ، یان پاش شەش ساڵ پێی درایەوە ، ئەوە ڕاست نییە . سەرباری ئەوەی لە ڕووی (سند) یشەوە ڕاست نیە[2]. سەبارەت بەو کەسانەی دەست دەگرن بەو فەرموودە لاوازانەوەو، دەڵێن: (ابو العاص) لەکۆتایی ساڵی هەشتی کۆچیدا پێش فەتح موسڵمان بووە ، پاشان دژەوانەی خۆیان دەبنەوەو ، دەڵێن: زەینەب لەکۆتایی ساڵی هەشتەمی کۆچیدا وەفاتی کرد ، پێشتریش کە بە بەڵگەوە قسەمان کرد لەسەر کتێبی (بلوغ المرام) ، (موسای کوڕی عەقەبە) بۆچوونی وایە کە ئەو ڕووداوە لەساڵی (٧)ی پێش مەسەلەی (ابو بصیرە)و هاوەڵەکانی ڕووی داوە ، بەڵام ئەمە لەگەڵ فەرموودە ڕاست و لاوازەکەشدا یەك ناگرێتەوە.

٦. دیسان سریەیەکی تری (زید) بۆ (طرف) یان (طرق) لە (جمادي الآخرة)ی ساڵی (٦)ی کۆچیدا. (زید) بە (١٥) کەسەوە دەرچوو بۆ (بنی ثعلبة) ، کە گەیشتنە سەریان ڕایان کرد ، لەوە ترسان کە پێغەمبەری خوا ﷺ خۆی دابێتی بەسەریاندا ، (زید) لەو سریەیەدا بیست وشتری دەست کەوت . چوار شەوی پێ چوو.

---

[1] / بڕوانە (سنن ابی داود) لەگەڵ شەرحەکەیدا (عون المعبود) (باب /الی متی ترد علیه إمراتة ازا اسلم بعدها)
[2] / بۆ قسە کردن لەسەر هەردوو فەرموودەکە بڕوانە (تحفة الاحوذي) ٢ ١٩٥،١٩٦

٧. دیسانەوە سریەیەکی تری (زید) بۆ (وادی القری) لە (رجب)ی ساڵی (٦)ی کۆچیدا . (زید) (١٢) پیادەی بردو ڕۆیشت بەرەو (وادی القری) بۆ پەیدۆزی جمو جوڵی دوژمن ئەگەر لەوێ بن ، خەڵکی (وادی القری) هێرشیان کردە سەریان ، نۆ کەسیان لێ شەهید کردن ، سیانیان ڕزگاریان بوو (زید) یەکێك بوو لەو سیانە[1].

٨. سریەی (خبط) کە لە (رجب)ی ساڵی (٨)ی کۆچیدا باسی دەکرێت ، بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکە وایپیشان دەدات کە پێش سوڵحی حودەیبیە بووە ، (جابر) دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ بەسەرۆکایەتی (ابو عبیدة)ی کوڕی (الجراح) لەگەڵ سێسەد سواردا ئێمەی نارد تاچاوەڕوانی کاروانێکی قوڕەیش بکەین ، تووشی برسێتیەکی زۆر بووین ناچاربووین گەڵای (خبط)مان خوارد ، بۆیە سوپاکە ناونرا سوپای (خبط) سێسەر وشتر سەربڕا ، پاشان سیانی ترو ، پاشان سیانی تر ، پاشان (ابو عبیدة) قەدەغەی کرد ، لەناو دەریادا گیاندارێکمان ڕاو کرد ، پێی دەڵێن (عنبر) ، بۆ ماوەی پانزە ڕۆژ لێمان خوارد ، لێی تێر بووین و گیان و جەستەمان هاتە سەر خۆو چاك بووینەوە ، پاشان (ابو عبیدة) باڵی یەکێك لەو گیاندارانەی هەڵگرت ، سەیری کەڵەگەتترین پیاو و بەرزترین وشتری کرد ، خستیە سەری و ، لێمان خوارد ، تاگەیشتینە مەدینە ، چوینە خزمەت پێغەمبەر و ﷺ باسی ئەو گیاندارەمان بۆ کرد ، فەرمووی: (ئەوە ڕۆزی خودایە بۆ ئێوەی ناردووە ، ئەگەر پارچەی گۆشتەکەتان پێماوە بەشمان بدەن ، ئێمەش پارچەیەکمان ناردە خزمەتی.[2] لەبەرئەوە بوو وتمان : کە ڕەوتی ئەم سریەیە وانیشان دەدات کە پێش (حدیبیة) بوو بێت ، چونکە موسڵمانەکان دوای پەیمانی حودیبیە ڕێیان نەگرت لە کاروانەکانی قوڕەیش.

[1] رحمة العالمین ٢/٢٢٦،سەبارەت بە سریەکانیش سەیری سەرچاوەی ناو براو بکە، لەگەڵ (زاد المعاد) ٢، ١٢٠، ١٢١، ١٢٢، هەروەها پەراوێزی (تلقیم فهوم اهل الاثر) / لاپەڕە ٢٨،٢٩

[2] / صحیح البخاری ،٢/٦٢٥، ٦٢٦، (صحیح مسلم) ، ٢/١٤٥، ١٤٦.

غەزای (بنو المصطلق) یان غەزای (مریسیع)
لە شەعبانیساڵی (٦) ی کۆچیدا

ئەم غەزایە هەرچەندە پەڵو پۆی زۆری نەبووە ، لەلایەنی سەربازییەوە ، بەڵام چەند ڕووداوێکی تێدا ڕوویدا ، پشێوی خستە ناو کۆمەڵگای ئیسلامییەوە ، بووە هۆی ئابڕوچوونی دووڕوان ، دانانی چەند دەقێکی یاسایی تەعزیریی کە وێنەیەکی تایبەتی شکۆداری و دەروون پاکی بەخشیە کۆمەڵگای ئیسلامی ، با لە سەرەتاوە باسی ئەم غەزایە بکەین ، پاشان باسی ئەو ڕووداوانە دەکەین.

ئەو غەزایە لەمانگی (شعبان)ی ساڵی شەشی کۆچیدا ڕویداوە (بەپێی ڕاسترین گێڕانەوە)[١]. هۆیەکەشی ئەوە بوو ، هەواڵ گەیشت بەپێغەمبەر ﷺ کە گەورەی خێڵی (بنی المصطلق) (حارث)ی کوڕی (ابی ضرار) خۆی و خێڵەکەی و هەرچییەکی پیّ کۆکرابێتەوە لەگەڵ خۆیدا بەڕێی کردون بۆ شەڕکردن لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ ، پێغەمبەریش ﷺ (بریدە)ی کوڕی (حصیب)ی (اسلمی) نارد بۆ هەواڵ زانین ، چوو بۆلایان ، (حارث)ی کوڕی (ابی ضرار)ی بەدی کردنو گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا ﷺ ، هەواڵەکەی پێدا.

پاش ئەوەی لە ڕاستی هەواڵەکە دڵنیا بوو، هاوەڵانی کۆکردەوەو ، بەخێرایی بۆیان دەرچوو ، دوو شەو لە مانگی شەعبان تێپەڕی بوو ، ئەمجارەیان کۆمەڵێك دووڕوو لەگەڵیدا دەرچوون کە پێشتر لە هیچ غەزایەکدا لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دەرنەچوو بوون ، (زید)ی کوڕی (حارث)ی بەسەر مەدینەوە دانا (وتراویشە

---

[١] / بەڵگە لەسەر ئەو گێڕانەوەیە کە لەڕووداوی (افك)دا هاتوەو دەڵێت" ڕووداوەکە دوای واجب بوونی حیجاب بووە، ئایەتی حیجابیش لەبارەی زەینەبەوە دابەزی ، لەوکاتەدا زەینەب خێزانی پێغەمبەربوو ﷺ، پێغەمبەری خودا لەبارەی (عائیشە) وە پرسیاری لێ کردووە ؟ زەینەب وتی چاووگوێی خۆم دەپارێزم هیچ ناڵێم، (عائیشە) دەڵێت. لەناو هاوسەرەکانیپێغەمبەردا ﷺ تەنها (زەینەب) لە من خانوماتر بوو، سەبارەت بەوەش کە لە ڕووداوی (افك) هەڵبەستنەکەدا هاتووە گوایە (سعدی کوڕی معاذ)و (سعدی کوڕی عبادة) بووە بەکێشەیان لەبارەی درۆ بەستەکانی ڕووداوەکە ، زانراوە کە (سعدی کوری معاذ) دوای غەزای (بنوقریظة) وەفاتی کرد، پێدەچێت ئەمە هەڵەی ڕاوی بێت. (ابن اسحاق) ڕووداوی بوختان هەڵبەستنەکە دەگێڕێتەوە لە (زهری)یەوە لە (عبداللەی کوڕی عبداللەی کوڕی عتبە) وە لە (عائیشە)وە، باسی (سعدی کوڕی معاذ)ی نەکردووە بەڵکو باسی (اسدی کوڕی حضیر) لەئارادایە، (ابومحمدی کوڕی حزم) دەڵێت: ئەمە ڕاستەو هیچ گومانی تێدا نیەو، باسی (سعدی کوڕی معاذ)یشی کردووە (بڕوانە (زادالمعاد ٢/١١٥)). جێگەی سەرسوڕمانە کە (محمد الغزالی) ئەوە دەداتە پاڵ (ابن قیم) کە غەزای (مریسیع)ی بەیەکێك لەغەزاکانی سەدەی پێنجەم داناوە (فقه السیرة ل٢٢٢) لەکاتێکدا کە گوتەکانی لە (الهدی) دا (٢/١١٥) دژ بەوە دەوەستێتەوە

(ابوذر)ی دانا)و ، وتراویشه (ثميلة)ی کوڕی (عبدالله)ی (ليثی) دانا. (حارث)ی کوڕی (ضرار) سیخوڕێکی دانا بوو ، بۆ ئەوەی هەواڵی سوپای ئیسلامی بۆ بهێنن . موسوڵمانەکان گرتیان و کوشتیان .

کاتێك هەواڵی هاتنەکەی پێغەمبەر ﷺ و کوشتنی سیخوڕەکە گەیشتەوە بە (حارث) و هاوڕێکانی ، زەندەقیان چوو زۆر ترسان هەرچی عەرەبێکی دەشتییەکان لەگەڵدا بوو بلاوەیان لێ کرد ، پێغەمبەری خودا ﷺ گەیشتە ناوچەی (مريسيع) کە ناوی ئاوێکە لە ئاوەکانی (بني المصطلق) لە ناوچەی (قديد)دا بەرەو کەناری دەریا ، خێرا خۆیان ئامادە کرد بۆ شەڕ پێغەمبەر ﷺ هاوەڵەکانی ڕیز کرد ، ئالآی کۆچەرانی دایە دەست (ابوبكر الصديق) . ئالآی ئەنسارەکانیشی دایە دەست (سعد)ی کوڕی (عبادة) ، چەند ساتێك تیربارانی یەکتریان کرد ، پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمانیدا بەهێرش کردنێکی تەواو ، سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. موشریکان شکستیان هێنا ، ئەوەی کوژرا کوژراو ژن و منالّ و سامان و وشترو مەڕومالاّتیان کەوتە دەست موسوڵمانەکان ، لە موسوڵمانەکانیش تەنها یەك پیاو شەهید بوو ، ئەویش پیاوێکی ئەنساری بە هەڵە کوشتی وایزانی لە ڕیزی موشریکەکاندایە.

(مغازی) نووس‌و (سیرەت) ناسەکان دەڵێن ، (ابن قيم) دەڵێت: ئەوە هەڵەیە ، شەڕو کوشتار ڕووی نەداوە ، دای بەسەریاندا لەسەر ئاوەکەو دەستی گرت بەسەر ژن و منالّو مالّو سامانیاندا ، هەروەکو لە (صحيح)دا هاتووە: پێغەمبەری خودا ﷺ دای بەسەریانداو ئەوان ڕایانکرد ، ئەنجا فەرمووده‌کەی باس کرد[1]. کۆتایی .

یەکێك لە کۆیلەکراوەکان (جويرية)ی کچی (الحارث) بوو ، کەوتە پشکی (ثابت)ی کوڕی (قيس) ، وە ئەویش بە (مكاتبة) ئازادی کرد ، پێغەمبەری خوا ﷺ پارەی (مكاتبة) کەی بۆداو مارەی کرد ، بەو ژنهێنانە هەموو موسوڵمانەکان و هەرچی کەسیان لە خزم و کەس و کاری (جويريه)و (بنی المصطلق) ئازاد کرد کە موسوڵمان بوون وتیان: تازە ئەوانە بوونە خزمی پێغەمبەر ﷺ[2].

سەبارەت بەو ڕووداوانەش کە لەو شەڕەدا ڕوویاندا ، لەبەرئەوەی کە سەرچاوەکانیان سەرکردەی دووڕوان (عبدالله)ی کوڕی (ابی)ی و هاوڕێکانی بوون ، واباشە کە سەرەتا باسی کردەوەکانیان بکەین لەکۆمەڵگای ئیسلامیدا.

---

[1] / بڕوانه (صحيح البخاری) ، (الكتاب عتق) ٣٤٥/١ ، هەروەها بڕوانه (فتح الباری) ٣٤١/٧

[2] / زاد المعاد ١١٢/٢ . ابن هشام ، ٢٨٩/٢ . ٢٩٠، ٢٩٤، ٢٩٥

ڕۆڵی دووڕوان پێش غەزای (بني المصطلق)

پێشتر وتمان کە (عبدالله)ی کوڕی (ابی) زۆر ڕقی لەئیسلام و موسوڵمانان دەبووەوە ، بەتایبەتی زۆر ڕقی لە پێغەمبەری خودا بووە ﷺ ، چونکە (ئەوس) و (خەزرەج) لەسەر سەرۆکایەتی ئەم ڕێکەوتبوون و یەك دەست بوون بۆ کردنی مەلیکی خۆیان ، لەو کاتەدا ئیسلام چووە ناویانەوەو ، ڕوویان لە (ابن ابی) وەرچەرخاندو ڕوویان کردە پێغەمبەر ﷺ ، بۆیە پێی وابوو ، کە پێغەمبەر ﷺ موڵکەکەی لێ داگیر کردوە.

ئەم ڕق و کینەیەی (ابن ابی) هەر لەسەرەتای کۆچەوە دەرکەوت پێش ئەوەی کە واپیشانی بدات موسوڵمانەو ، پاش ئەوەش کە خۆی وەك موسوڵمانێك نیشادا. جارێکیان پێغەمبەر ﷺ سواری گوێدرێژێك بووبوو ، بۆ زیارەی (سعد)ی کوڕی (عبادة) دەچوو ، بەلای مەجلیسەکەی (عبدالله)ی کوڕی (ابی)دا تێپەڕی (عبدالله) لووتی سوور هەڵگەڕاو وتی: مەیەنە سەرمان ، کە پێغەمبەر ﷺ لە مەجلیسەکەدا قورئانی خوێند ، (عبدالله) وتی: لەماڵەکەی خۆت دانیشەو ، ئەم مەجلیسانەمان لێ مەشێوێنە.[1]

ئەم هەڵوێستەی (عبدالله) پێش ئاشکرا کردنی ئیسلامەتییەکەی بوو ، کە دوای شەڕی بەدریش بەڕواڵەت خۆی وەك موسوڵمان خستە ڕوو . بەبەردەوامی دوژمنایەتی خوداو پێغەمبەر ﷺ و ئیماندارانی دەکردو تەنها بیری لەلای پەرتەوازە کردن و تێکدانی کۆمەڵگای ئیسلامیو سووککردنی گوتاری ئیسلام بوو ، دۆستایەتی لەگەڵ دوژمنانی خوادا دەکرد ، وەك پێشتریش وتمان دەستی وەردایە مەسەلەکەی (بنو قینقاع)ە وە ، بەهەمان شێوە لە شەڕی ئوحوددا ئەو پەیمانشکێنی و خیانەتەی ئاشکرا کرد دژ بەموسوڵمانانو ، هەوڵی ئاژاوەو پشێوی نانەوەیدا لەناو موسوڵمانەکاندا.

یەکێك لەفێڵ و تەڵەکە خراپەکانی ئەم دووڕووە ئەوەبوو، پاش خۆدەرخستنی بەموسوڵمان ، هەموو ڕۆژێکی هەینی کەپێغەمبەری خودا ﷺ دادەنیشت بۆ وتار خوێندنەوە ، دەیووت: خەڵکینە ئەوە پێغەمبەری خودایە لەنێوان ئێوەدا ، ڕێزدارترین و شکۆدارترین کەسە لەلای خوا ، پشتیوانی بکەن ،

---

[1] / ابن هشام ١ ٥٨٤ ، ٥٨٧ ، صحيح البخاري ٩٢٤/٢ ،(صحيح مسلم) ٩/٢

پشتگیری لیّ بکەن ، گوێڕایەڵی بکەن. ئەنجا پێغەمبەری خودا ﷺ هەڵدەساو وتاری دەخوێندەوە. یەکێك لە ڕەفتارە بیّ ئەقڵیەکانی ئەم پیاوە ئەوە بوو کە لەڕۆژی هەینی دوای جەنگی ئوحودداو پاش ئەو خیانەتو پەیمانشکێنیەی ئەنجامی دابوو، هەستاو شتەکانی پێشتری وتەوە ، موسوڵمانەکان لە چوارلاوە چمکی جلەکانیان ڕاکێشاو پێیان وت: دانیشە دوژمنی خوا ، تۆ پیاوی ئەو قسانە نیت ، تۆ ئەو کەسەیت کە ئەو خیانەتو پەیمانشکێنیەت کرد. کابرا بەسەر شان و ملی خەڵکیدا هەنگاوی ناو چووە دەرەوەو بەدەم ڕێگەوە دەیووت: دەڵێی من شتی خراپم وتووە ، من وتوومە پشتی بگرن. کابرایەکی ئەنساری لەبەر دەرگاکەی مزگەوتدا یەخەی گرتو پێی وت: دایك ڕۆڵە ڕۆت بۆ بکات ، بگەڕێوە تا پێغەمبەری خوا ﷺ داوای لیّ خۆشبوونت بۆ بکات. کەچی وتی: وەڵاهی هیچ پێویستیم بەداوای لیّ خۆشبوونی ئەو نیيە.[1]

پەیوەندی هەبوو لەگەڵ (بني نضير)داو پیلانی دەگێڕا لەگەڵیاندا دژ بەموسوڵمانەکان ، تا جارێکیان پێی وتن: ئەگەر ئێوە دەربکرێن ئێمەش لەگەڵتاندا دەردەچین . ئەگەر شەڕتان لەگەڵدا بکرێت ئێمەش پشتیوانیتان لیّ دەکەین . لە شەڕی (ئەحزاب)یشدا خۆیو هاوڕێکانی دەستیان کرد بەپشێوی نانەوە ، ترسو دڵەڕاوکێی خستە ناودڵی موسوڵمانەکانەوە بەشێوەیەك کە خوای گەورە باسی لێوە دەکات لە سورەی (احزاب)دا: ﴿ وَإِذْ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ مَا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ إِلاَّ غُرُورًا ﴾ تا ئایەتی ﴿ يَحْسَبُونَ الأَحْزَابَ لَمْ يَذْهَبُوا وَإِنْ يَأْتِ الأَحْزَابُ يَوَدُّوا لَوْ أَنَّهُمْ بَادُونَ فِي الأَعْرَابِ يَسْأَلُونَ عَنْ أَنْبَائِكُمْ وَلَوْ كَانُوا فِيكُمْ مَا قَاتَلُوا إِلاَّ قَلِيلاً ﴾، واتە: ئەوانە وایاندەزانی کە ئەحزاب ئەویّ بەجیّ ناهێڵن ، خۆ ئەگەر بگەڕێنەوە ، ئەو دووڕووانە حەزیان دەکرد لە بیابانو دەوارنشینەکان بونایەو لەوێوە هەواڵی ئێوەیان بزانیایە . خۆ ئەگەر لەناوتاندا بوونایە ، مەگەر بە کەمی وەگەرنا شەڕیشیان نەدەکرد.

سەرباری ئەوە هەموو دوژمنانی ئیسلام جولەکەو دووڕووان و موشریکان باش دەیانزانی کە هۆی سەرکەوتنەکانی سوپای ئیسلام بریتی نیيە لەهۆی ماددی و ، زۆری چەك و جبەخانەو ژمارەی سەرباز . بەڵکو هۆیەکەی ئەو

[1] ابن هشام ١٠٥/٢

بەهاو ڕەوشت هەڵس و کەوت و جوانانە بوو کەسەراپای کۆمەڵگای ئیسلامیو هەموو کەسێکی پەیوەندیداری بەم ئاینەوە جاوان کرد بوو ، دەیزانی کە چاوگەی ئەو جوانیانە پێغەمبەری خوایە ﷺ کە بەرزترین نمونەی ڕەوشت بوو . بە بەهاو ڕەوشتی جوانی خۆی دونیای سەراسام کرد بوو.

دەیانزانی کە پاش ئیدارەکردنی جەنگەکان لە مەودای پێنج ساڵدا ، زاڵ بوون بەسەر ئەو ئایینەدا بەڕێگای چەك شتێکی ئاستەمە ، بۆیە بڕیاریاندا شاڵاوی جەنگێکی پڕو پاگەندەیی بەرفراوان دژ بەڕەوشتو نەریتی ئەم ئاینە بەرپابکەنو کەسێتی پێغەمبەریان ﷺ کردە یەکەم ئامانجی ئەو شاڵاوە پڕوپاگەندەیە ، دووڕووەکانیش تابووری پێنجەمی ئەو شاڵاوە بوون لەناو ڕیزی موسوڵمانەکاندا ، بەحوکمی ئەوەی دانیشتووی مەدینە بوون ، هەرکاتێکیان بویستایە دەیانتوانی تەماس بکەن بە موسوڵمانەکانەوەو گەمە بەهەست و سۆزی ئاینیان بکەن . (ابن ابی) سەرۆکی دووڕووان و هاوڕێکانی ئەو ئەرکەیان لەئەستۆ گرت. ئەم پیلانە لەدوای جەنگی ئەحزابەوە دەرکەوت ، کاتێك کە پێغەمبەر ﷺ دایکی ئیمانداران (زینب)ی کچی (جحش)ی مارە کرد ، پاش ئەوەی (زید) تەلاقیدا ، نەریتی عەرەب وەهابوو کوڕی بە کوڕکراو (تبنی) وەکو کوڕی باوكو دایکی سەیریان دەکرد ، پێیان وابوو کە ژنی کوڕی بە کوڕکراو حەرامە لەسەر ئەو کەسەی کە کردویەتی بە کوڕی خۆی ، کە پێغەمبەر ﷺ زەینەبی مارە کرد ، دووڕووان دوو کەلێنیان بەدی کرد. کە بۆ ئاژاوەنانەوە دژ بە پێغەمبەر ﷺ ، دەست بدات.

یەکەم / ئەم ژنە پێنجەم ژنی پێغەمبەرە ﷺ. لەکاتێکدا قورئان مۆڵەتی نەداوە بە چوار ژن زیاتر، چۆن ئەم ژنهێنانە ڕاست دەردەچێت؟

دووەم / زەینەب خێزانی بە کوڕکراوەکەی پێغەمبەرە ﷺ ئەمە گوناهێکی هەرە گەورەیە ، بەپێی داب و نەریتی عەرەب ، بۆیە لەو بارەیەوە کەوتنە پڕوپاگەندەو وتی وتی ، دەیان بەسەرهاتو قسەی پڕوپوچیان ڕێکخستو ، وتیان : موحەمەد لەپڕێکدا دیویێتی دڵی پێدا چووەو عاشقی بووە ، کە (زید)ی کوڕیشی بەمەی زانیوە تەلاقی داوە بۆ موحەمەد ئەو پڕوپاگەندەیان بەشێوەیەکی قووڵ و بەر بڵاو کردۆتەوە تائێستاش ئاسەواری لەناو کتێبەکانی تەفسیرو فەرموودەی ئەمڕۆشدا هەر ماوە ، ئەم پڕوپاگەندەیە کاریگەری خراپی هەبووە

لەسەر دڵو دەروونی دەروون نەخۆشەکان تا ئایەت هاتەخوارەوەو ڕوونی کردەوە ، ئاوی بەسەر کەفو کۆی دڵەکاندا کردو ، ئامارژەشی کرد بە بەر فراوانی ئەو پڕوپاگەندەیەی دژ بەپێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجام درا . بەشێوەیەك سەرەتای سورەتی ئەحزابی پێدەکاتەوەو دەفەرموێت: ﴿ يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ اتَّقِ اللَّهَ وَلاَ تُطِعْ الْكَافِرِينَ وَالْمُنَافِقِينَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴾ الأحزاب. واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ ، لەخوا بترسەو بەگوێی کافران و دووڕووان مەکە ، خودای گەورە خۆی زاناو دانایە.

ئەمە چەند ئامارژەیەکی سەرپێیی و، وردە هەڵوێستە لەو کارە دزێوانەی دووڕووان پێش جەنگی (بني المصطلق) پێی هەڵدەسان . پێغەمبەریش ﷺ بەدانبەخۆدا گرتن و ئارام گرتن و نەرمی ڕووبەڕوویان دەبۆوە . بەگشتی موسوڵمانەکانیش بەئارام گرتن خۆیان لە شەڕی نیاز خراپان دەپاراست ، چونکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەهۆی ئابڕو چونییانەوە زیاتر ئاشکرا دەبوون ، هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ أَوَلاَ يَرَوْنَ أَنَّهُمْ يُفْتَنُونَ فِي كُلِّ عَامٍ مَرَّةً أَوْ مَرَّتَيْنِ ثُمَّ لاَ يَتُوبُونَ وَلاَ هُمْ يَذَّكَّرُونَ ﴾ التوبة/ ١٢٦. واتە: ئایا ئەو دووڕووانە نابینن کە هەموو ساڵێك یەك جار یان دووجار تاقی دەکرێنەوەو ئابڕوویان دەچێت و کەچی هەر تەوبەش ناکەن و، بیر ناکەنەوە؟

ڕۆڵی دووڕووان لە غەزای (بني المصطلق) دا

لە شەڕی (بني المصطلق)دا ، دووڕووان لەگەڵ موسوڵمانەکان چوونە دەرەوە ، هەروەکو خوای گەورە فەرموویەتی ﴿ لَوْ خَرَجُوا فِيكُمْ ما زادُوكُمْ إِلاَّ خَبالاً وَلَأَوْضَعُوا خلاَلَكُمْ يَبْغُونَكُمْ الْفِتْنَةَ ﴾ لەو دەرچوونەدا بوارێکی تری گۆبەنگەو ئاژاوەگێڕیان بۆ کرایەوە ، پشێوی‌و ئاژاوەیەکی ترسناکیان لە ڕیزی موسوڵمانەکاندا نایەوەو ، دەستیان کرد بەئاژاوە دژی خودی پێغەمبەر ﷺ ، ئەمەش درێژەی ئەو باسانەیە:

١ـ دووڕووان وتیان: ﴿ لَئِنْ رَجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الأَعَزُّ مِنْهَا الأَذَلَّ ﴾ المنافقون /٨ پاش لێبوونەوە لە جەنگی (مریسیع) ، پێغەمبەر ﷺ لەسەر ئاوەکەی (مریسیع) خێوەتی هەڵدا ، خەڵك هاتن بۆ ئاو بردن ، (عمر)ی کوڕی (خەتاب) ، کابرایەکی کرێگرتەی لەگەڵدا بوو ناوی (جهجاه)ی غەفاری بوو، ئەم پیاوە لەسەر ئاوەکە لەگەڵ (سنان)ی کوڕی (وبر)ی (جهنی)دا بوو بە دەمەقاڵێیان وە شەڕ دروست بوو، کابرای (جهنی) هاواری کردە ئەنسارییەکان ، (جهجاه)یش هاواری کردە کۆچەران ، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموون: ئایا بانگەشە بەدروشمی جاهلی دەکەن ، لەکاتێکدا هێشتا من لەناوتاندام؟ وازی لێ بهێنن ئەمە بۆگەنەو خراپە. ئەم هەواڵە گەیشتەوە بە (عبدالله)ی کوڕی (ابی). لەناو خزمانیدا خۆی تووڕە کرد ، (زید)ی کوڕی (ارقم) کە کوڕێکی مێرد منداڵ بوو لەوێدا دانیشتبوو ، (عبدالله) وتی: ئەمەشیان کرد؟ هاتنە سەرمان‌و ماڵ‌و حاڵیان لێ داگیر کردین ، وەڵڵاهی ئێمەو ئەوان وەك ئەوە وایە ، یەکەم بڵێت: سەگەکەت تێر بکە با بتخوات ، سوێنددەخۆم بەخوا کەگەڕاینەوە بۆ مەدینە دەبێت ڕێزدارەکەمان بێ ڕێزەکەمان شاربەدەر بکات. پاشان ڕووی کردە ئەوانەی دەوروبەری‌و پێی وتن: دەبخۆن دەی ، ئەمە خۆتان بەخۆتان کرد ، هێناتانن بۆ سەر خاك‌و ئاوی خۆتان ، ماڵتان لەگەڵ بەش کردن ، وەڵڵاهی ئەگەر نانیان نەدەنێ لەوێ بار دەکەن‌و دەڕۆن ، (زید)ی کوڕی (ارقم) هەواڵی ئەم قسانەی دا بەمامی ، مامیشی گوتەکانی گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ لەو کاتەدا (عمر) دانیشتبوو ، (عمر) وتی: پێغەمبەری خودا فەرمان بدە بە (عباد)ی کوڕی (بشیر) با بیکوژێت. فەرمووی: (عمر) چی بڵێین ، ئەگەر خەڵکی وتیان محەمەد هاوەڵەکانی خۆی دەکوژێت؟ نا نەخێر شتی وا ناکەم ، فەرمان بدە با بڕۆین و بار بکەین. ئەم بڕیارە لەکاتێکدا بوو کە هەرگیز پێغەمبەری خوا ﷺ تیایدا کۆچ و ڕەوی نەدەکرد ، خەڵکیش لەگەڵیدا هەستان ، (اسید)ی کوڕی (حضیر)ی پێگەیشت سڵاوی لێ کردو عەرزی کرد: قوربان هەرگیز لەم کاتانەدا سەفەر ناکەیت ، خێرە؟ فەرمووی: ئەی پێت نەگەیشتوە ئەو برادەرەتان چی دەڵێت؟ ـ مەبەستی (ابن

ابی) بوو - وتی: چی بووه؟ فەرمووی: (ابن ابی) وتویەتی: کە گەڕاینەوە بۆ مەدینە سوێند بێت ڕێزدارەکەمان بێ ڕێزەکەمان شار بەدەر بکەین ، (اسد) وتی: پێغەمبەری خودا ﷺ تۆ ڕێزداریت ، ئەگەر حەز دەکەیت شار بەدەری بکە ، پاشان وتی: پێغەمبەری خودا ﷺ لەگەڵی نەرمو نیان بە ، وەڵڵاهی کە خوا تۆی بۆ ناردین خەڵکی خەریکی تاج و کورسی دروست کردن بوون بۆ ئەوەی بیکەینە سەرۆکی مەدینە ، ئەو پێی وایە تۆ موڵکەکەت لەو زەوت کردووە.

پاشان ئەو ڕۆژە ، پێغەمبەر ﷺ خەڵکەکەی جوڵاند تا سەر لە ئێوارەو شەوەکەشی تا ڕۆژ بووەوەو بۆ سبەینێ خەویان لێ کەوت ، پاشان دابەزینو ماندوو شەکەت بوونو نوستن ، ئەمەش بۆ ئەوە بوو خەڵکی سەرقاڵ بکات لەو قسەو باسانەو وازبهێنن لە وتی وتی.

(ابن ابی)یش کەزانی (زید)ی کوڕی (ارقم) قسەکانی گێڕاوەتەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ ، هات سوێندی خوارد بۆ پێغەمبەر ﷺ وتی: من شتی وەهام نەگوتووەو ، شتیوا بەدەمی مندا نەهاتوە. هەندێك لەو ئەنسارانەی لەوێدا دانیشتبوون وتیان: پێغەمبەری خوا ، لەوانەیە منداڵە بەهەڵەدا چووبێت ، باش قسەکەی بەگوێدا نەچووبێت و ، هەروا گێڕابێتیەوە ، (زید) وتی: دوای ئەو قسەیە توشی خەمێکی زۆر بووم ، لە ماڵەوە دانیشتم خوای گەورە ئایەتی ناردە خوارەوە: ﴿ إِذَا جَاءَكَ الْمُنَافِقُونَ... ﴾ تا ئایەتی ﴿ هُمْ الَّذِينَ يَقُولُونَ لاَ تُنفِقُوا عَلَى مَنْ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ حَتَّى يَنْفَضُّوا... ﴾ تاائایەتی ﴿لَيُخْرِجَنَّ الأَعَزُّ مِنْهَا الأَذَلَّ ﴾، (زید) دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ ناردی بەشوێنمداو چوومە خزمەتی ، ئایەتەکانی بۆ خوێندمەوە ، فەرمووی: خوای گەورە ڕاستیی قسەکەی تۆی دەرخست.[1]

(عبدالله)ی کوڕی (ابی) دووڕوو. کە یەکێك بوو لە هاوڕێ چاکەکانی پێغەمبەر ﷺ خۆی بێ گوناه کرد لە تاوانەکانی باوکیو ، لە دەروازەی شاری مەدینەدا وەستا، شمشێرەکەی دەرهێنا، کە باوکی هات پێی وت: وەڵڵاهی ڕێگەت نادەم بڕۆی هەتا پێغەمبەری خوا ئیزنت نەدات، ئەوە تۆ زەلیلو سەرشۆڕیتو پێغەمبەریش ڕێزدارو شکۆدارە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی هێناو ئیزنی دا بە (عبدالله) کە ڕێگەی باوکی بکات تا بڕواتە شارەوە ، ئەویش ڕێگەی دا بڕوات ، پێشتریش (عبدالله)ی کوڕی (ابن ابی) مۆڵەتی وەرگرتبوو لە پێغەمبەری خوا ﷺ و عەرزی کردبوو: پێغەمبەری خوا ئەگەر ئەتەوێت بیکوژێت فەرمانم پێ بدە ، وەڵڵاهی سەریت بۆ دەهێنم.[2]

---

[1] / بڕوانە (صحیح البخاری) ٤٩٩/١ ، ٧٢٧/٢ ، ٧٢٨ ، ٧٢٩ ، (ابن هشام) ٢٩٠/٢ ، ٢٩١ ، ٢٩٢

[2] هەمان سەرچاوە (مختصر سیرە الرسول) نوسینی (شیخ عبد الله) ی نەجدی ل ٢٧٧

ڕووداوی هەڵبەستنەکە (حادثة الأفك)

هەر لەو غەزایەدا بوو ڕووداوی هەڵبەستنەکە سەری هەڵدا ، کورتەکەی ئەوەیە (عائشە) لەو سەفەرەدا لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دەرچوو بەهۆی تیروپشکەوە ، پێغەمبەر ﷺ نەریتی وابوو کە دەرچوایە تیروپشکی بۆ هاوسەرەکانی دەکرد. کە لە غەزاکە گەڕانەوە لە چەند شوێنێك دابەزین ، عائیشە بۆ کارێکی پێویستی خۆی چووە دەرەوە ، ملوانکەیەکی خوشکەکەی ون کرد کە لەو سەفەرەدا لە ملی کردبوو ، گەڕایەوە بۆ ئەوەی بیدۆزێتەوە ، ئەوانەش کە کەژاوەکەیان هەڵگرتبوو لەبەر سوکەڵەیی عائیشە ، هەستیان نەکردبوو کە لەناو کەژاوەکەدا نییەو بردبوویانەوە ، چونکە عائیشە لاوازو کەم کێش بوو ، ئەوانەش کەژاوەکەیان هەڵگرتبوو چەند کەسێك بوون ، ئەگەر یەك یان دوو کەسێك بوونایە هەستیان پێدەکرد ، لەم لاشەوە عائیشە گەڕایەوە بۆ مەنزڵگای کەژاوەکەی خۆی ، پاش دۆزینەوەی ملوانکەکە ، سەیری کرد کەسی لێ نەماوە ، لە شوێنی خۆیدا دانیشت ، دەیزانی کە پاش ئەوەی زانیان هەڵیان نەگرتووە دەگەڕێنەوە بۆی ، بەڵام خوا بەخواست و ویستی خۆی کاروباری دونیا هەڵدەسوڕێنێت ، بەسەر عەرشی خۆیەوە. ئەوە بوو (عائیشە) کە گەڕایەوە خەو زۆری بۆهێناو نوست ، بەدەنگە دەنگی (صفوان)ی کوڕی (معطل) خەبەری بۆوە کە دەیووت: (انا لله وانا اليه راجعون) ئەوە ژنەکەی پێغەمبەرە؟ (صفوان) لەکاروانی سوپاکە دواکەوتبوو چونکە پیاوێکی خەواڵو بوو ، کە (عائیشە) ی بینی ناسییەوە ، پێشتر پێش دابەزینی ئایەتی حیجاب بینیبوی ، ئیرتجاعی کردو چۆکی بەحوشترەکەی داداو ، لێی نزیك کردەوە ، (عائیشە) سواری وشترەکە بوو ، بێ ئەوەی یەك گوتەی لەگەڵدا بڵێت: (عائیشە)ش جگە لە وشەی (انا لله وانا اليه راجعون) هیچی تری لێ نەبیست ، پاشان (صفوان) جڵەوی وشترەکەی گرت و ، بردیەوە بۆلای سوپاکە ، کەلە (نحر الظهيرة) لای دابوو ، کە خەڵك ئەوەیان بینی هەرکەس بەویستی خۆی قسەی کرد، دوژمنی خوا (عبدالله)ی کوڕی (أبی)ی دڵ نەخۆش کەلێنێکی دەستکەوت کەلێیەوە ڕقوکینەی پڕ لەدووڕوویی خۆی لێوە بڕژێنێت ، دەستی کرد بەهۆنینەوەی چیرۆکی هەڵبەستراوو ، بڵاوکردنەوەی لەشوێنە قەرەباڵغەکاندا هەرجارەی بەشێوەیەك دەیگێڕایەوە ، هاوڕێکانیشی لێی جەم بوو بوون ، کە گەیشتنەوە شاری مەدینە دووڕوان تەواو دەستیاندایە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەو بوختانی ناشیرین ، پێغەمبەریش ﷺ بێدەنگ بوو هیچی

نەدەوت . پاشان ڕاوێژی کرد بە هاوەڵەکانی - کە وەحی دواکەوت - (علی) وتی: تەڵاقی بدەو ، ژنێکیتر بهێنە ، ئەمەی بە ئاماژە وت نەك بەئاشکرا . (اسامە)و چەند کەسێکی تر وتیان: تەڵاقی مەدەو ، گوێ مەدەرە قسەوباسی دوژمنان. پێغەمبەری خوا ﷺ چووە سەر مینبەرو چاوی دەگێڕا بۆ (عبدالله)ی کوڕی (ابی) نەیبینی. (اسید)ی کوڕی (حضیر) دەردەدڵی خۆی بۆ ڕشت ، (سعد)ی کوڕی (عبادە)ش - کە گەورەی خەزرەج و خێڵەکەی (ابن ابی) بوو - دەمارگیری خێڵایەتی گرتیو بوو بەدەمەقاڵێیان ، پێغەمبەری خوا ﷺ بێدەنگی کردن و پاشان خۆشی بێدەنگ بوو.

(عائیشە) کە گەڕایەوە نەخۆشیەکی سەختی گرت ، بێ ئەوەی لەبارەی ڕووداوی هەڵبەستنەوە (افك) هیچ بزانێت ، ئەوە نەبێت کە کەم لوتفیەکی لە پێغەمبەر هەست پێکرد بوو ، کە ئەگەر جاران بەو شێوەیە نەخۆش بوایە وانەدەبوو . کە چاك بوەوە لەگەڵ دایکی (مسطح) شەو چوونە دەرەوە بۆ دەست بە ئاوگەیاندن . دایکی (مسطح) ساتمەیەکی کرد ، دوعایەکی شەڕی کرد لە کوڕەکەی . (عائیشە) ئەوەی پێ ناخۆش بوو ، دایکی (مسطح) هەواڵەکەی گێڕایەوە بۆ (عائیشە) ، (عائیشە) گەڕایەوەو مۆڵەتی خواست لە پێغەمبەر ﷺ تا بڕواتەوە ماڵی باوکیو لەوێ هەواڵەکە بزانێت ، پاشان هات بۆ ماڵی باوکیو مەسەلەکەی بۆ ڕوون بۆوە ، دەستی کرد بەگریان ، دوو شەوو ڕۆژێك دەگریا ، خەو نەدەچووە چاوی ، فرمێسکەکانی وشك نەدەبونەوە وایدەزانی ئەو گریانە جەرگی دەبڕێت ، پێغەمبەری خوا ﷺ هات بۆ لای (عائیشە)و پاش شایەتمان ، فەرمووی: (عائیشە ، لەبارەی تۆوە ئەوەو ئەوەم پێگەیشتوە ، ئەگەر بێ گوناه بیت ئەوا خوا بێ گوناهیت دەردەخات ، خۆ ئەگەر بەنیازی تاوانێکیش بوو بیت ئەوا داوای لێ خۆش بوون بکەو بگەڕێوە بۆ لای خوای خۆت ، چونکە ئەگەر عەبد گوناهێکی کردو دانینا بەگوناهەکەیداو گەڕایەوە بۆ لای خوا ، ئەوا خوا تۆبەی لێ گیرا دەکات . ئیدی فرمێسکەکانی (عائیشە) کەم بووە ، وتی بە باوكو دایکی وەڵام بدەنەوە ، نەیاندەزانی چی بڵێن ، (عائیشە) وتی: وەڵلاهی دەزانم ، کە ئەو قسەیە چووە بەگوێتانداو ئێستا لەدڵتاندا جێگیر بووەو باوەڕتان پێ کردوە ، ئەگەر پێتان بڵێم " بێگوناهم - خوا دەزانێت کە بێگوناهم - ئێوە باوەڕم پێ ناکەن ، خۆ ئەگەر دان بنێم بەهەرشتێکدا - خوا ئەزانێت کە من بێگوناهم - ئەو کاتە ئێوە باوەڕم پێ دەکەن ، وەڵلاهی هیچ وتەیەکم نییە بەئێوەی بڵێم جگە لەگوتەکەی باوکی یوسف ، کە فەرمووی: ﴿ فَصَبْرٌ جَمِيلٌ وَاللَّهُ الْمُسْتَعَانُ عَلَى

مَا تَصِفُونَ ﴾ واته: ئارام گرتنێكی جوان ، ئارام دەگرم ، خوا یارمەتی دەرم بێت ، بەسەر ئەوەدا ئێوە باسی دەكەن . پاشان ڕۆیشتو نوست . لەو كاتەدا وەحی هاتە خوارەوە . پێغەمبەری خوا ﷺ دڵی خۆش بوو پێدەكەنی ، یەكەم وشە لە دەمی پیرۆزی دەرچوو فەرمووی: عائیشە ، خوای گەورە بێگوناهیی تۆی ڕاگەیاند . دایكی (عائیشە) پێی وت: هەستە بڕۆ بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ . (عائیشە)ش بە نازی بێ گوناهیو بەمتمانەی تەواوی خۆشەویستی پێغەمبەرەوە وتی: وەڵلاهی ناچم بە دەمیەوە ، جگە لە خوا سوپاسی كەس ناكەم.

ئەو ئایەتانەی لە بارەی (افك)ە وە هاتنە خوارەوە بریتی بوون لە ﴿ إِنَّ الَّذِينَ جَاءُوا بِالإِفْكِ عُصْبَةٌ مِنْكُمْ ﴾... تا دە ئایەت.

ئەوانەی بەشداریان كردبوو لە هەڵبەستنی تۆمەتەكەدا ، جەڵدیان لێدرا ، كە بریتی بوون (مسطح)ی كوڕی (اثاثة)و (حسن)ی كوڕی (ثابت)و (حمنە)ی كچی (جحش) ، یەكی هەشتا جەڵدەیان لێدرا ، بەڵام (عبدالله)ی كوڕی (ابی) كە ڕۆڵی گەورەی بینی لە تۆمەتە ترسناكەكەداو قورئان پێی فەرموو: ﴿ وَالَّذِي تَوَلَّى كِبْرَهُ ﴾ هیچ جەڵدەی لێ نەدرا چونكە جەڵدە لێدان كەمكەرەوەی سزای دۆزەخ بوو بۆ ئەو ، خوای گەورەیش هەڕەشەی سزای سەختی كرد لە (ابن ابی) لە قیامەتدا ، یان پێدەچێت لەبەر هەمان هۆی نەكوشتنەكەشی بوو بێت[1].

بەو شێوەیە پاش یەك مانگ ، هەوری گومان و دڵەڕاوكێ و پشێوی لەئاسمانی شاری مەدینەدا ڕەوییەوە . سەركردەی دووڕووان بەشێوەیەك ئابڕووی چوو دوای ئەوە نەیتوانی لەهیچ جێگەیەك سەر بەرزبكاتەوە ، (ابن ابی) دەڵێت: دوای ئەوە هەرچیەك ڕووی بدایەو قسەیەكی بكردایە هاوڕێ و خزمانی پێش هەمووكەس لۆمەو سەرزەنشتیان دەكردو پێیدا هەڵدەشاخان. پێغەمبەری خوا ﷺ بەعومەری فەرموو: ئێستا بارودۆخەكەت پێ چۆنە؟ وەڵڵاهی ئەو ڕۆژەی تۆ وتت بمانكوشتایە دەیان كەسمان لێ ڕاست دەبۆوە ، ئەگەر ئەوانە ئێستا فەرمانیان پێبدرێت خۆیان دەیكوژن . عومەر فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ وەڵڵاهی فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ گەورەترە لە فەرمانی من[2].

---

(١) صحيح البخاري ٣٦٤/١ ، ٦٩٦/٢ ، ٦٩٧ ،٦٩٨، (زا د المعاد) ١١٣/٢ ، ١١٤، ١١٥، (ابن هشام) ٢٩٧/٢ ، تا ٣٠٧

(٢) ابن هشام ٢٩٣/٢

ناردنی مەفرەزەو (سریه) دوای غەزای (مریسیع)

١. سریەی (عبدالرحمان)ی کوڕی (عوف) بەرەو ماڵەکانی (بني كلب) لە (دومة الجندل) ، لە (شەعبانی ساڵی ٦ ی کۆچی)دا ، پێغەمبەری خوا ﷺ (عبد الرحمن)ی دانیشاندو پێی فەرموو: ئەگەر بەگوێیان کردی ئەوا کچی مەلیکەکەیان مارەبکە. (عبدالرحمن) بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەناویاندا مایەوەو بانگی کردن بۆ ئیسلام ، خەڵکەکە ئیسلام بوون و (عبدالرحمن) کچی سەرۆکەکەیانی مارەکرد کە ناوی (تماضر)ی کچی (اصبغ) بوو ، ئەم ژنە بە دایکی (ابو سلمة) ناسرا.

٢. سریەی (علی) کوڕی (ابی طالب) بۆ (بنی سعد)ی کوڕی (بکر) لە ناوچەی (فدك) ، لە مانگی (شعبانی ساڵی ٦ ی کۆچی)دا ، ئەوەش بەو شێوەیە بوو، هەواڵ هات بۆ پێغەمبەر ﷺ کە لەو شوێنەدا کۆمەڵێك کۆبوونەتەوەو دەیانەوێت یارمەتی جولەکە بدەن ، پێغەمبەریش ﷺ (علی) بۆ ناردن بە دووسەد پیاوەوە . (علی) بە شەو دەڕۆیشتو بە ڕۆژ خۆی پەنا دەدا ، پیاوێکی سیخوڕی ئەوانیان گرت ، دانی‌نا بەوەدا کە ئەمان ناردوویانە بۆلای جولەکەی خەیبەر تاپێیان بڵێت پشتیوانیان لێ دەکەین بەمەرجێك خورمای خەیبەریان بدەنێ. سیخوڕەکە شوێنی کۆبونەوەی خێڵی (بنی سعد)ی پێ وتن ، (علی) لەناکاودا دای بەسەریاندا ، پێنج سەد وشترو هەزار سەر مەڕی دەستکەوتو . (بنی سعد)یش بەکەژاوەی ژنەکانیانەوە ڕایان کرد ، سەرۆکەکەیان (وبرا)ی کوڕی (علیم) بوو.

٣. سریەی (ابی‌بکر الصدیق) یان (زید)ی کوڕی (حارثة) بۆ (وادی القری) ، لە (ڕەمەزانی ساڵی ٦ ی کۆچی)دا. تیرەی (فزارە) بەنیازی تیرۆر کردنی پێغەمبەر بوون ﷺ (ئەبوبەکری صدیق)ی بۆ ناردن. (سلمة)ی کوڕی (اكوع) دەڵێت: لەگەڵیدا چوومە دەرەوە ، نوێژی بەیانیمان کردو دامان بەسەریاندا ، چوینە سەر ئاوەکە ، (ابوبکر) چەند کەسێکی لێ کوشتن ، کۆمەڵێکم تێدا بینین کە ژن‌و منالەکانیان لەگەڵدا بوو ، ترسام کە پێش من بگەنە شاخەکە ، تیرێکم هاویشتە بەردەمیان ، کە تیرەکەیان بینی لە پێش خۆیانەوە وەستان ، ژنێکیان لەناودا بوو ناوی (ام قرفة) بوو ، پارچە پێستێکی ناسکی بەسەرەوە بوو ، کچێکی

لەگەڵدا بوو ، هەموویانم دایە بەرو هێنامنن بۆلای (ابوبكر) ، ئەو كچە لە دابەشكردنەكەدا بەر من كەوت ، من دەستم بۆ جلەكانیشی نەبرد ، پێغەمبەر ﷺ هەواڵی كچەكەی (ام قرفة)ی پرسی ، ناردی بۆ مەككەو لەگەڵ دیلێكی موسوڵماندا گۆڕییەوە.[1]

ئەم (ام قرفة)یە شەیتانێكی فێڵباز بوو دەیویست پێغەمبەری خوا ﷺ شەهید بكات ، سی كەسی سوارچاكی خزم و خۆیشی خۆی ساز كردبوو بۆ كوشتنی پێغەمبەر ﷺ ، ئەوەبوو خۆی و هەر سی سوارەكە كوژران و بەسزای خۆیان گەیشتن.

٤. سریەی (كرز)ی كوڕی (جابر)ی (فهری)[2] بۆ (عرنیین) ، لە مانگی (شەوالی ساڵی ٦ی كۆچی)دا ، ئەوەش لەبەرئەوە بوو كۆمەڵێك لەخێڵی (عكل) و (عرینە) خۆیان بەموسوڵمان نیشاندا ، هاتنە مەدینەوەو حاڵیان باش نەبوو پێغەمبەری خوا ﷺ ، ناردنی بۆلای وشتر گەلێكو ، پێی فەرموون: كە لەشیرەكەی بخۆنەوە ، كە چاك بوونەوە شوانەكەی پێغەمبەریان كوشت ﷺ ، ئەنجا هەڵگەڕانەوەو وشترەكانیان دایەبەرو ڕایانكرد ، پێغەمبەریش ﷺ (كرز)ی (فهری) نارد بەشوێنیاندا لەگەڵ (٢٠) هاوەڵدا، ئەنجا نزای كرد لە (عرنی)یەكانو فەرمووی: خوایە سەریان لێ تێك بدەیتو ، دنیایان لێ بەرتەسك بكەیتەوە . خوای گەورە سەری لێتێكدان. دۆزرانەوەو ، دەستو قاچیان بڕراو ، چاویان دەرهێنرا ، لە تۆڵەی ئەو تاوانە گەورەیەی كە كردبوویان ، پاشان فڕێدرانە بەر گەرماكە تا مردن[3] ڕووداوەكەیان لە (صحیح)دا هاتووە لە (انس)ەوە.[4]

سیرەتناسەكان دوایِ ئەوە باسی سریەی (عمرو)ی كوڕی (امیة)ی (ضمری) دەكەن لەگەڵ (سلمة)ی كوڕی (أبي سلمة)دا ، لە مانگی (شەوالی ساڵی ٦ی كۆچی)دا ، ئەو سریەیە ڕۆشتووە بۆ مەككە بەمەبەستی كوشتنی (أبو سفیان) ، چونكە (ابو سفیان) عەرەبێكی دەشتەكی نارد بوو بۆ شەهید كردنی پێغەمبەر ﷺ ، بەڵام هەردوو نوێنەرەكە سەركەوتوو نەبوون لەبەجێهێنانی كارەكەیاندا . دەڵێن: لە ڕێگا (عمرو) سێ كەسی كوشتووە. هەروەها دەڵێن : كە (عمرو) لەو سەفەرەیدا لاشەكەی (خبیب)ی

---

[1] / (صحیح البخاری)دا هاتووە ٨٩/٢ ، وتراوە كە ئەو سریيە لە ساڵی حەوتی كۆچیدا دەرچووە

[2] ئەمە ئەوكەسە بوو كە شاڵاوە ناكاوەكەی كردە سەرمەدینە لەغەزای (صفوان)دا پێش جەنگی بەدر، پاشان موسوڵمان بوو لە ڕۆژی فەتحی مەككەدا شەهید بوو

[3] زاد المعاد ٢ ١٢٢

[4] صحیح البخاری ٢ ٦٠٢

بردۆتەوە . لەڕاستیدا زانراوە کە (خبیب) دوای ڕووداوی (رجیع) بەچەند ڕۆژێك یان چەند مانگێك شەهیدکراوە ، ڕووداوی (رجیع)یش لەمانگی (صەفری ساڵی ٤ی کۆچی)دا ڕووی داوە. نازانم تۆبڵێیت ئەو دووسەفەرە لەسیرەتنوسەکان تێکەڵ بوو‌بێت. یان هەردوو مەسەلەکە لەیەك سەفەردا بووە لەساڵی (٤ی کۆچی)دا ، عەللامە (المنصورفوری) نکۆڵی لەوە دەکات کە ئەو سریەیە سریەی شەڕ یان سریەی شەڕەتیر بووبێت (والله أعلم).

ئەمە ئەو (سریە)و (غەزا)یانە بوون کە لەدوای غەزای (أحزاب)و (بني قریظة)وە ڕوویان داوە ، لەهیچ غەزایەکیاندا شەڕی خوێناوی سەخت ڕووی نەداوە ، ئەوەی ڕووی داوە پێکدادانێکی سووك بووە ، ئەو دەوریاتانەش تەنها بۆ پەیدۆزی‌و چاودێری دوژمن بووە ، یان بۆ دەرس دادانی خێڵێك بووە ، بۆ ترساندنی عەرەبی دەشتەکی و ئەو دوژمنانەی کەهێشتا لە دەرفەت دەگەڕان و جموجۆڵیان دەکرد، پاش تێڕامانیش لە بارو دۆخەکە دەردەکەوێت کەچەرخی ڕۆژگار دوای جەنگی (ئەحزاب) پێشکەوتنی بەخۆوە بینی‌و، دوژمنانی ئیسلام لەورەبەردان‌و ڕووخانی یەکجارەکیدا بوون . هیچ ئومێدێکیان نەمابوو بۆ لێدان‌و ئازاردانی بانگەوازی ئیسلامی، ئەم پێشکەوتنە بەڕوونتر لەپەیمانی حودەیبیەدا دەردەکەوێت ، شەڕ وەستانەکە بۆ خۆی داننان بوو بەهێزو دەستەڵاتی ئیسلامیداو ، ڕازی بوون بەمانەوەی لەخاکی دورگەی عەرەبیدا.

(ڕووداوی حودەیبیە)

لە مانگی (ذی القعدة) ی ساڵی ٦ی کۆچیدا

هۆی عەمرە کردنی حودیبیە

کە ئەو هەموو گۆڕانە ڕوویدا لە بەرژەوەندی موسوڵمانەکان ، وردە وردە سەرەتاکانی فەتحی گەورەو سەرکەوتنی ئیسلام دەرکەوتن . ڕێخۆشکەری کرا بۆ ئەوەی موسوڵمانەکان مافی خۆیان لەخودا پەرستیدا بەجێ بهێنن و بڕۆنە ناو ئەو مزگەوتە پیرۆزەی کە موشریکان شەش ساڵ دەبوو لەموسوڵمانەکانیان حەرام کردبوو.

پێغەمبەری خوا ﷺ خەوێکی بینی ، لەمەدینەدا بوو . خۆی و هاوەڵەکانی چوونە ناو (بیت الحرام) ، کلیلی کابەی پیرۆزی وەرگرتو تەواف و عەمرەیان کردو هەندێکیان قژەسەری هەندێکی تریان کەمکردەوە ، ئەم هەواڵەی فەرموو بە هاوەڵەکانی زۆر دڵیان خۆشبوو، وایانزانی ئەم ساڵ دەڕۆنەوە ناو مەککەوە ، ئەنجا پێغەمبەر ﷺ هەواڵی فەرموو بەهاوەڵەکانی خۆیان سازبدەن بۆ سەفەری عومرە.

خۆ کـۆکردنەوەی موسوڵمانەکــان

خێڵە عەرەبەکانی دەوروبەریش خۆیان سازدا بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا بڕۆن ، زۆریشیان دواکەوتن . پێغەمبەری خوا ﷺ جلەکانی شوشت و سواری (قصواء) بوو ، (ابن ام مکتوم) یان (نمیلة)ی (لیثی) بەسەر مەدینەوە بەجێهێشت . لەسەری مانگی (ذي القعدة)ی ساڵی٦ی کۆچیدا تەشریفی دەرچوو لەمەدینە، (ام سلمة)ی هاوسەری و هەزارو چوارسەد کەس . یان هەزارو پێنج سەد کەسی لەگەڵدا بوو ، چەکی جەنگ کردنی بەتەواوی نەبرد ، مەگەر تفاقی ڕێبواران ، شمشێریش لە کێلان ئاخنرا.

موسوڵمانەکان بەرەو مەککــە دەجوڵێن

پێغەمبەر ﷺ بەرەو ڕووی مەککە کەوتە جوڵە ، کەگەیشتە (ذي الحليفة)، (هدی) یەکەی دیاریکردو . بەرگی ئیحرامی پۆشی بۆ ئەوەی خەڵك دڵنیابن لەوەی کە جەنگ ناکات، پێش خۆی چاودێرێکی ناردبوو لەخێڵی (خزاعە) تاهەواڵی قورەیشی بۆ بهێنێت ، کەگەیشتە (عسفان) چاودێرەکەی گەڕایەوەو وتی: کە من لەوێ هاتمەوە (کعبی) کوڕی (لؤی) حەبەشیەکانی بۆ کۆکردویتەوەو، کۆمەڵێکی تریشی خڕکردۆتەوەو دەیانەوێت شەڕت لەگەڵدابکەن و نەهێڵن بچنە (بیت)ەوە .

پێغەمبەریش ﷺ ڕاوێژی کرد بە هاوەڵەکانی‌و فەرمووی: ئایا پێتان وایە کەبدەین بەسەر حاڵ‌و ماڵی ئەوانەدا کە یارمەتی ئەوانەیان داوەو دەستیان لێ بوەشێنین؟ ئەوجا دەستەو ئەژنۆ دادەنیشن بەخەم و خەفەتەوە دەژین ، خۆ ئەگەر ڕزگاریشیان بێت ئەوا خوا بیانکوژێت ، یان دەتانەوێت ڕووبکەینە (بیت)ە وە ، هەرکەسێك هاتە ڕێمان شەڕی لەگەڵدا بکەین؟ (ابوبکر) فەرمووی : خواو پێغەمبەرەکەی باشتر لێی دەزانن ، ئێمە بۆ عومرە هاتووین ، نەهاتوین بۆ شەڕی کەس . پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئیدی سەری لێ بنێنەوەو دڵئارام بن. ئەوانیش هێواش بوونەوە.

هەوڵدانی قورەیش بۆ ڕێگەگرتن لە موسوڵمانەکان

کە قورەیش هەواڵی دەرچوونی پێغەمبەریان بیست ﷺ کۆبوونەوەیەکیان بەست‌و بڕیاریاندا کە هەرچۆنێك بووە ، ڕێگە بگرن لەوەی کە موسوڵمانەکان بڕۆنە (بیت)ە وە. پاش ئەوەی پێغەمبەر ﷺ پشتی کردە حەبەشیەکان . کابرایەکی خێڵی (بنی کعب) هەواڵی هێنا کە قورەیش لە (ذي طوى) دابەزیوە ، دووسەد سواری (خالد)ی کوڕی (ولید)یش ، لە (کراع الغميم)دا خۆیان ئامادە کردوە ، لەسەر ئەو ڕێگا سەرەکیەی کە دەڕواتەوە بۆ مەککە ، (خالد) ویستی ڕێ لە موسوڵمانەکان بگرێت . بەخۆی‌و دوو سەد سوارەکەیەوە بەرامبەریان ڕاوەستا، کاتێك بینی لە نوێژی نیوەڕۆدا کڕنوش‌و سوژدە دەبەن ، وتی: بەڕاستی بێ‌ئاگا بوون . ئەگەر بماندایە بەسەریاندا لەناومان دەبردن ، پاشان بڕیاریدا کە لەکاتی نوێژی عەسردا بدات بەسەریاندا ، بەڵام خوای گەورە حوکمی نوێژی ترسی نارده خوارەوە . (خالد) ئەو دەرفەتەشی لەکیس چوو.

ڕێگە گۆڕین‌و هەوڵی خۆلادان لە شەڕی خوێناوی

پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگەیەکی خراپ‌و سەختی گرتەبەر بەناو شیوو دۆڵەکاندا ، بەلای ڕاستداو بەپشت (الخمش) دا لەڕێگەیەکەوە کەوتەڕێ لەسەر (ثنية المرار) جێگەوتەی (حودەیبیە) لە خواروی مەککەوەو ، لەو ڕێگە سەرەکیە لای‌دا کە لە (تنعيم)ە وە ڕاستەخۆ دەڕواتە ناو حەرەم ، ئەو ڕێگەی خستەلای چەپی خۆی . کە (خالد) بینی سوپای ئیسلام لەڕێگە سەرەکیەکەی لای داوە بەرەو لای قورەیش دایە غارو ئاگاداری کردن.

پێغەمبەری خوا ﷺ کەوتەڕێ تاگەیشتە (ثنية المرار) لەوێدا وشترەکەی چۆکی دادا ، خەڵکی وتیان: (قصواء) مانی گرتوە ناڕوات. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (قصواء) مانی نەگرتوە ئەوە خوی ئەو نیە ، بەڵام ڕووداوی ساڵی فیلەکە گرتویەتی. پاشان فەرمووی: سوێندم بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە داوای هەر شتێکم لێ بکەن کە ڕێزی تێدا بێت بۆ پیرۆزیەکانی خواوەند دەیاندەمێ. پاشان خوڕیە (قصواء) هەستایەوە ، کەوتەڕێ تاگەیشتە حودەیبیە ، لەسەر ئاوێکی کەم دابەزین و موسوڵمانەکان بەمشت کەم کەم ئاویان لێ دەخواردەوە ، زۆری پێنەچوو هەستان ، خەڵکەکە لەبەر تینوێتی هانایان برد بۆلای پێغەمبەر ﷺ پێغەمبەریش ﷺ تیرێکی لەهەگبەی تیرەکانی دەرهێناو فەرمانی پێدان بیخەنە نێو ئاوەکە ، ئەوەندە ئاوی تێهات تا هەموویانی تێر ئاو کرد ئەنجا ڕۆشتن.

(بديل) دەکەوێتە نێوان پێغەمبەری خوا ﷺ و قوڕیشەوە.

کە پێغەمبەری خوا ﷺ سەقامگیر بوو ، (بديل)ی کوڕی (ورقائ)ی (خزاعی) لەگەڵ چەند کەسێکی (خزاعە)یيدا هاتنە خزمەتیو، خێڵی (خزاعە) نهێنی پۆشی پێغەمبەر بوون ﷺ لەناو خەڵکی (تهامە)دا. (بديل) وتی: کە هاتم (کعب)ی کوڕی (لؤی) بەژمارەیەکی زۆرەوە هاتوونەتە سەر ئاوی حودەیبیەو گڕوگاڵیشیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە، بەنیازن شەڕت لەگەڵدا بکەنو نەهێڵن بڕۆیتە مەککەوە ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئێمە بۆ شەڕ نەهاتووین، بەڵکو هاتووین عومرە بکەین ، شەڕو کوشتاریش قوڕەیشی شەکەتوماندوو کردووە، ئەگەر بیانەوێت وادەیەکیان لەگەڵدا دادەنێم بۆ گفتوگۆ ، با وازبهێنن لە پەیوەندی نێوان منو خێڵە عەرەبەکان ، با ئەوان بەخواستی خۆیان بێت چوونە پەیمانی هەرکەسێك بابڕۆن ، وەگەرنا با کۆبن، خۆ ئەگەر بەوەش ڕازی نەبوون سوێندم بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە، لەسەر ئەم کارە شەڕیان لەگەڵدا ئەکەم تا لەرێیدا لەناوئەچم ، یان خوا سەری دەخات.

(بديل) وتی: ئەم وتەیەی تۆیان پێ دەگەیێنم ، هات بۆ لای قوڕەیش و پێی وتن: من لای موحەممەدەوە هاتووم بۆلاتان ، گوێم لێ گرت گوتەیەکی وت ، ئەگەر پێتان باشە بۆتان باس دەکەم . گەمژەو هەرزەکارەکانیان وتیان: پێویستمان بەگوێگرتن نیە لە قسەکانی ئەو ، ڕیش سپیو پیاو ماقوڵەکانیان وتیان: پێمان بڵێ چی وت؟ (بديل) وتی: ئاوای وتو ئاوای وت ، ئیدی (قوڕەیش) (مکرز)ی نارد

بۆ لای پێغەمبەر ﷺ ، کە پێغەمبەر بینی لە دوورەوە فەرمووی: ئەوە کابرایەکی پەیمان شکێنە. کە هات دەستی کرد بەقسە کردن ، پێغەمبەر ﷺ هەمان ئەو شتانەی پێ فەرموو کە بە (بدیل) و هاوەڵەکانی فەرموو بوو ، (مکرز)یش گەڕایەوە بۆ لای (قوڕیش)و هەواڵەکەی پێدان.

شاندەکانی قورەیش

پاشان کابرایەکی خێڵی (کنانه) ناوی (حلیس)ی کوڕی (علقمه) بوو. وتی: ڕێگەم بدەن بامن بڕۆم بۆلای ، وتیان: بڕۆ. کە هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەکانی ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەوە فلان کەسە لەخێڵێکە زۆر حەزیان لە وشترە ، وشترەکانی نیشاندەن ، نیشانیانداو خەڵکەکە بەدەم هاتنەوە (تلبیه)یان دەکرد ، کە (حلیس) ئەو حاڵەی بینی وتی: (سبحان الله) هیچ مانای نیە ئەمانە نەهێڵرێت بچنە بەیتەوە. ئەنجا گەڕایەوە بۆلای هاوڕێکانیو پێی وتن: ئەو هەموو وشترە قەڵەوو دابەستانەم بینی ، پێم باش نیە ڕێگەیان لێ بگیرێت ، دوای ئەوە گفتوگۆو قسەو باسێك لەو نێوانەدا دەستی پێ کرد.

(عروه)ی کوڕی (مسعود)ی (ثفقی) وتی: ئەو پیاوە ـ واتە پێغەمبەر ﷺ ـ ڕایەکی ژیرانەی خستۆتە بەردەستان پێی ڕازی بن ، ڕێگەی منیش بدەن باقسەیەکی لەگەڵدا بکەم، وتیان: بڕۆ. چووە خزمەتیو قسەی لەگەڵدا کرد ، پێغەمبەری خوا ﷺ قسەیەکی لەجۆری قسەکانی (بدیل)ی پێ وت، (عروه) وتی بە پێغەمبەر ﷺ: موحەممەد ، چۆن مرۆۋ کەسوکاری خۆی ڕیشە کێش دەکات ، ئایا پێش خۆت بیستوتە هیچ کەسێك خزموخوێشی خۆی ڕاماڵێت؟ خۆ ئەگەر ئەوی تریشیان بێت وەڵلاهی من کۆمەڵێك دەمو چاوو هەرچیو پەرچی دەبینم لە پشتتەوەن هەر کە لێت قەوما ڕادەکەنو بیکەس دەمێنیتەوە ، ئەبوبەکر هەڵدایەو وتی: قوڕ بەسەر عەقڵی تۆو (لات)یش ، ئێمە هەڵدێینو ڕادەکەین؟ (عروه) وتی: ئەوە کێ بوو وەلامی دایەوە؟ وتیان: ئەبوبەکرە. وتی: وەڵلاهی چاکەت بەسەرمەوە نەبوایە دەمزانی چۆن وەلامت دەدەمەوە. ئەنجا دەستی کرد بە قسە کردن لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ . کەقسەی دەکرد دەستی دەبرد بۆ ڕیشی پیرۆزی پێغەمبەر ﷺ ، (مغیره)ی کوڕی (شعبه)ش بەپشت سەری پێغەمبەرەوە ﷺ وەستابوو، شمشێرێکی بەدەستەوە گرتبوو ، شتێکی دابوو بەسەریدا، لەگەڵ دەست بردنی (عروه) دا بۆ

ڕیشی پێغەمبەر ﷺ ، خێرا (مغیرە) بەکلکی شمشێرەکەی دەیدا بەسەر دەستی (عروە)داو پێی دەوت: دەستت دوور خەرەوە لە ڕیشی پێغەمبەر ﷺ . (عروە) سەری بەرز کردەوەو وتی: ئەوە کێیە؟ وتیان: (مغیرە)ی کوڕی (شعبە)یە، (عروە) وتی: هەی پەیمانشکێن، ئەریّ من نەبووم پینەو پەڕۆم بۆ دەکردی بۆ پەیمانشکێنیەکەت؟ (مغیرە) لەسەردەمی نەفامی خۆیدا ببوە هاوڕێی چەند کەسێك هەموویانی کوشتبوو ، ماڵو سامانەکەشی بردبوون . پاشان چووە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و موسوڵمان بوو ، پێغەمبەریش ﷺ پێی فەرموو: ئێمە ئیسلامەتیەکەت قبوڵ دەکەین ، بەڵام ماڵ و سامانەکەتمان ناوێت . (مغیرە) برازای (عروە) بوو.

﴿ وَهُوَ الَّذِي كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنْكُمْ ﴾

کاتێك کە گەنجە هەڵەشەو تینو بە جەنگەکانی قوڕەیش بینیان گەورەکانیان حەزیان لە ئاشتیە، بیریان لە نەخشەیەك کردەوە ئەو سوڵحە هەرەس پێ بێنین ، بڕیاریاندا شەو بەدزیەوە بڕۆن و ئاگر بەردەنە سەربازگەی موسوڵمانەکانو ، ئاگری شەڕ هەڵگیرسێنن ، ئەوەبوو هەستان بەجێبەجێ کردنی بڕیارەکەیان ، حەفتا تا هەشتا کەسیان شەو چوون لەشاخی (تنعیم) دابەزین. هەوڵیاندا دزە بکەنە ناو سەربازگەی موسوڵمانەکان، بەڵام (محمد)ی کوڕی (مسلمە) سەرۆکی پاسەوانەکانی پێغەمبەر ﷺ هەموویانی قۆڵ بەست کرد ، پێغەمبەر ﷺ لەبەر مەسەلەی سوڵح کردن لێیان خۆش بوو بەرەڵای کردن. لەوبارەیەوە ئایەت هاتە خوارەوە: ﴿ وَهُوَ الَّذِي كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُمْ بِبَطْنِ مَكَّةَ مِنْ بَعْدِ أَنْ أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ ﴾ الفتح/٢٤. واتە : هەر خوای گەورە بوو ، کە نەیهێشت کافرەکان دەستتان لێ بکەنەوە ، دەستی ئێوەشی گرتەوە لەوان ، دوای ئەوەی کە لەناو جەرگەی مەککەدا سەری خستن بەسەریاندا.

شاندی (عثمان)ی کوڕی (عفان) بۆ لای قورەیش

لەوێدا پێغەمبەر ﷺ پێی باش بوو کە نێرراوێکی خۆی بنێرێت بۆلای قورەیش ، تا ئامانجو مەبەستی خۆیان بۆ قورەیش ڕوون بکاتەوە لەو سەفەرە . (عومەر)ی بانگ کرد تابینێرێت بۆلایان ، پۆزشی هێنایەوەو وتی پێغەمبەری خوا ﷺ من کەسێکم نیە لەناو خێڵی (بنی کعب)دا لەسەرم بکەنەوە ، ئەگەر ئازار بدرێم لەبەرئەوە (عثمان)ی کوڕی (عفان) بنێرە ، خێڵەکەی لەوێیە . تۆ هەرچیەك بفەرموویت دەتوانێت بیگەێنێت . ئەوەبوو پێغەمبەر ﷺ (عثمان)ی نارد بۆلای قورەیش ، فەرمووی: پێیان بڵێ ئێمە نەهاتووین بۆ جەنگ ، بەڵکو هاتوین بۆ عومرە ، بانگەشەیان بکە بۆ سەر ئیسلامەتی ، ئەنجا فەرمانی پێدا کە سەردانی ژن و پیاوە ئیماندارەکانی ناو شاری مەککە بکات و مژدەی فەتحیان بداتێ و پێیان بڵێت کە خوا ئاینەکەی خۆی لە مەککەدا سەردەخات ، تاوای لێ دێت کەس باوەڕەکەی خۆی لەناو شاردا نەشارێتەوە.

(عثمان) دەرچوو لە (بلدح) بەقورەیشیەکان گەیشت وتیان: بۆ کوێ دەڕۆیت ؟ وتی: پێغەمبەر ﷺ بەوەو بەوە ناردومی. وتیان: تێگەیشتین چی دەڵێیت ، بڕۆ بەدەم کارەکەتەوە . (أبان)ی کوڕی (سعید)ی کوڕی (عاص) چوو بە دەمیەوە ، بەخێرهاتنی کردو ئەسپەکەی بۆ زین کردو سواری کردو پەنایداو خستیە پشت خۆی تاگەیشتنە مەککە ، پەیامەکەی پێغەمبەری ﷺ گەیاند بەسەرکردەکانی قورەیش ، کە لێبووەوە پێیان وت: دەتوانی تەواف بکەیت بە دەوری کابەدا ، بەڵام (عثمان) ئەو داوایەی ڕەت کردەوەو وتی: تەواف ناکەم تا پێغەمبەری خوا ﷺ تەواف نەکات.

هەواڵی شەهیدکردنی (عثمان) و بەیعەتی (رضوان)

قورەیش (عثمان) یان لای خۆیان گل دایەوە . لەوانەیە بۆ ئەوە بوو بێت کە لەنێوان خۆیاندا پرس‌وڕا بکەن لەسەر ڕەوشەکەو بڕیارێك بدەن و بە(عثمان)دا وەڵامی نامەکە بنێرنەوە بەڵام گیرخواردنەکە زۆری خایاند. لەناو موسوڵمانەکاندا هەواڵی شەهید بوونی (عثمان) بڵاوبووەوە، پێغەمبەر ﷺ کەئەو هەواڵەی پێگەیشت فەرمووی: ئێرە بەجێ ناهێڵین تا ڕووبەڕووی قورەیش دەبینەوە . پاشان موسوڵمانانی بانگ کرد بۆ بەیعەتدان ، هەموویان بەیعەتیاندا بە پێغەمبەر ﷺ کە لە

دوژمن ڕانەکەن ، هەندێکیشیان بەیعەتی مردنیاندا بەپێغەمبەر ﷺ . یەکەم کەس بەیعەتی‌دا (ابو سنان)ی (اسدی) بوو ، (سلمة)ی کوڕی (اکوع)یش سێ جار بەیعەتی مردنی‌دا بە پێغەمبەر ﷺ ، جارێکیان لە سەرەتاو جارێکیان لەناوەڕستداو دواجاریش لەکۆتاییدا. ئەنجا پێغەمبەر ﷺ دەستی پیرۆزی خۆیشی گرتو فەرمووی: ئەمەش لەجیاتی (عثمان). کە بەیعەتەکە تەواوبوو (عثمان)یش گەڕایەوەو بەیعەتی‌دا بەپێغەمبەر ﷺ ، کەس لەم بەیعەتە دوانەکەوت جگە لە کابرایەکی دووڕوو، ناوی (جدی) کوڕی (قیس) بوو. پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم بەیعەتەی لە ژێر درەختێکدا لەموسوڵمانەکان وەرگرت ، (عمر)ی کوڕی (خطاب) دەستی گرتبوو ، (معقل)ی کوڕی (یسار) یش لق وپۆپی درەختەکەی بەرزدەکردەوە ، بۆ ئەوەی ئازاری پێغەمبەر نەدات ، ئەمەیە بەیعەتی ڕیزوان (بیعة الرضوان) ، کەخودای گەورە لە بارەیەوە ئایەتی ناردە خوارەوە: ﴿ لَقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنْ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ ﴾ الفتح/١٨. واتە: خودای گەورە ڕازی بوو لە ئیمانداران کاتێك لەژێر درەختەکەدا بەیعەتیان بەتۆدا.

بەستنی پەیمانی ئاشتبوونەوەو بەندەکانی

قورەیش هەستی بەتەنگەتاوی ڕەوشەکە کرد . بەپەلە (سهیل)ی کوڕی (عمرو) یان نارد بۆ بەستنی پەیمانەکە ، جەختیان لێ کردەوە کە دەبێت ساڵێکی‌تر بێنەوە بۆ ناو مەککە ، بۆئەوەی خێڵە عەرەبەکان نەڵێن بە زۆرە ملی خۆیان کرد بەمەککەدا. (سهیل) هات ، کە پێغەمبەر ﷺ بینی فەرمووی: ئەم پیاوە هات کار ئاسانیتان بۆ بکات ، مادامەکی ئەمەیان ناردبێت کەواتە قورەیش سوڵحی پێ خۆشە. (سهیل) هاتو قسەی زۆری کرد ، هەردوولا ڕێکەوتن لەسەر ڕێسا سەرەکیەکانی پەیمانەکە ، کە بریتین لە:

١. پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ موسوڵمانەکاندا ئەمساڵ دەگەڕێنەوەو ناڕۆنە مەککەوە ، ساڵی داهاتوو دێنەوە دەڕۆنەوە مەککەو سێ ڕۆژ دەمێننەوە ، چەکی سواریان پێبێت و شمشێر لەکێلاندا بێت ، نابێت قورەیش بەهیچ شێوەیەك ڕێگەیان پێ بگرێت.

٢. وەستاندنی جەنگ لەنێوان هەردوولادا بۆماوەی دە ساڵ ، ژیان و ماڵی خەڵکی تیایدا پارێزراو بێت و کەس دەست درێژی نەکاتە سەر کەسی تر.

٣. هەرکەسێك دەیەوێت ببێتە هاوپەیمانی محەممەد ئازادە هەر کەسێکیش دەیەوێت ببێتە هاوپەیمانی قورەیش ئازادە . هەرخێڵێکیش پاڵ دەدات بە هەر لایەکەوە دەبێتە بەشێك لەو لایەنە، توشی هەر دەستدرێژیەك ببێت دادەنرێت بەدەست درێژی بۆ لایەنە گەورەکە.

٤. هەر پیاوێك بەبێ پرسی خاوەنەکەی بڕواتە لای محەممەد ـ واتە هەڵبێت ـ دەبێت محەممەد بیداتەوە بە قورەیش ، هەرکەسێکیش لای محەممەدەوە رابکات بۆ لای قورەیش ئەوا نادرێتەوە بە محەممەد.

پاشان پێغەمبەر ﷺ (علی) بانگ کرد بۆ ئەوەی پەیمانەکە بنوسێت .

پێی فەرموو بنووسە: (بسم الله الرحمن الرحیم).

(سهیل) وتی: ئێمە نازانین مانای (رحمن) چیە ، بنوسە (باسمك اللهم) .

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی بە (علی): بنوسە (باسمك اللهم) .

پاشان علی نووسی: لەسەر ئەم پەیمانە محەممەدی پێغەمبەری خوا رێکەوت لەگەڵ (سهیل)دا.

(سهیل) وتی: ئەگەر باوەڕمان وابویە کە تۆ پێغەمبەری خوایت ، ڕێگەمان لێ نەدەگرتی بۆ چوونە ناو بەیتەوەو شەڕمان لەگەڵدا نەدەکردیت ، بنووسە (موحەممەد)ی کوڕی (عبدالله).

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: با ئێوەش بەدرۆم بخەنەوە من هەر پێغەمبەری خوام . بەڵام فەرمانی فەرموو بە (علی) کە بنوسێت (موحەممەد)ی کوڕی (عبدالله)و وشەی (رسول الله) بکوژێنێتەوە ، (علی) نەیکوژاندەوە ، ئەنجا پێغەمبەر ﷺ بەدەستی خۆی کوژاندیەوە.

پاشان پەیمانەکە تەواوکرا کە مۆرکرا خێڵی (خزاعة) چوونە ناو هاوپەیمانی پێغەمبەرەوە ﷺ، لەسەردەمی (عبد المطلب)یشەوە هاوپەیمانی (بنی هاشم) بوون، هەروەکو لە سەرەتا ئاماژەمان پێکرد . بۆیە هاتنە ناو ئەم هاوپەیمانێتیە ، ئەمەش درێژەپێدانی ئەو پەیمانە کۆنە بوو، خێڵی (بنوبکر)یش چوونە هاوپەیمانیی قورەیشەوە.

گێڕانەوەی (أبی جندل)

لەکاتی نوسینی نوسراوەکەدا (أبوجندل)ی کوڕی (سهیل) بەکۆتو زنجیرەکەیەوە خۆی کرد بەناو موسوڵماناندا ، لەبەشی خوارووی مەککەوە دەرچوو بوو ڕای کردبوو هەتا مەدینە نەوەستابوو ، (سهیل) کە (ابوجندل)ی بینی . وتی بە پێغەمبەر ﷺ ئەمە یەکەم کەس دەبێت کەداوای دەکەمەوە بەپێی پەیمانەکە. پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: هێشتا تەواومان نەکردوە (سهیل) وتی: وەڵڵاهی هەرگیز دادبینیت لەلا ناکەم ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: مۆڵەتم بدەرێ بابێتە ناومانەوە. (سهیل) وتی: وەڵڵاهی ڕێگەی نادەم بێتە ناوتانەوە. فەرمووی: داوات لێ دەکەم بماندەرەوە. وتی: شتیوا ناکەم

ئەنجا (سهیل) شەپازلەیەکی کێشا بەدەمو چاوی (ابا جندل)دا ، بەرۆکی گرت و بەدوای خۆییدا ڕایکێشا تا بیباتەوە بۆلای موشریکان ، (ابو جندل) بەدەنگی بەرز هاواری کرد: ئەرێ موسوڵمانینە ئێوە ڕازین من بگێڕرێمەوە بۆ ناو موشریکان و لە ئاینەکەم وەرمگێڕنەوە؟! پێغەمبەری خوا ﷺ هەستاو فەرمووی: (ابا جندل) ئارام بگرەو چاوەڕوانی پاداشتی خوابە ، خوا یاربێت ، خوای گەورە چارەسەرێك بۆ تۆو هاوڕێکانت دەدۆزێتەوە . ئێمە تازە بەڵێنو پەیمانمان بەستووە لەگەڵ ئەواندا پەیمانی ئاشت بوونەوەمان بەستوە ، ئێمە ئەو وادەیەمان پێداون ، ئەوانیش بەڵێنیان بەئێمە داوە ، نابێت پەیمانشکێنیان لەگەڵدا بکەین.

(عمر) هەستایە سەرپێو بەپاڵ (ابی جندل)ەوە دەڕۆیشتو پێی دەوت: (ابو جندل) ئارام بگرە، ئەوانە موشریکن، خوێنیان وەك خوێنی سەگ وایە. کلکی شمشێرەکەی لێ نزیك کردەوە ، (عمر) دەڵێت: ئاواتم دەخواست شمشێرەکەی منی بفڕاندایەو بیدایە لەملی باوکی ، (ابوجندل) بەزەیی بەباوکیدا هاتەوەو ، ئەو ئاواتەی (عمر)یش نەهاتە دی.

قوربانی کردن و سەرتاشین بۆ خۆکردنەوە لە عومرە

کە پێغەمبەر ﷺ لە نووسینی پەیمانەکە بوەوە فەرمووی: هەستن ، قوربانی بکەن . دوای سێ جار دووبارە کردنەوەش هەر هەڵنەستان ، کە کەس هەڵنەستا ئەنجا تەشریفی چووە ژوورەوە بۆ لای (أم سلمه) باسەکەی بۆ گێڕایەوە کە خەڵك چیدەکەن ، (أم سلمه) فەرمووی: پێغەمبەری خوا ئەگەر تۆ ئەوەت پێ خۆشە ، هەستە بچۆ دەرەوە ، لەگەڵ کەسدا قسە مەکە تا قوربانیەکەی خۆت سەردەبڕیت ،

ئەنجا بانگ بکە با سەرت بۆ چاك بکەن . پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی هەستاو چووە دەرەوە قسەی لەگەڵ کەسدا نەکرد تا ئەو کارەی کرد ، قوربانیەکەی سەربڕی و سەرتاشەکەی بانگ کرد سەری تاشی ، کە موسوڵمانەکان ئەوەیان بینی هەموویان هەستان قوربانیان کردو دەستیان کرد بەتاشینی سەری یەکتری ، خەریکبوو لە خەمو پەژارەدا یەکتری خوێناوی بکەن . وشترو مانگای حەوتساڵەیان سەربڕی ، پێغەمبەر ﷺ وشترێکی سەربڕی کاتی خۆی هی (ابا جهل) بوو لوتەوانەیەکی زیوی لە لوتدا بوو ، بۆ ئەوەی ڕقی موشریکەکان هەستێنێت ، ئەنجا پێغەمبەری خوا ﷺ سێ جار دوعای خێری کرد بۆ ئەوانەی سەریان تاشیو یەکجاریش بۆ ئەوانەی کورتیان کردەوە ، هەر لەو سەفەرەدا بوو خوای گەورە ئایەتی سەبارەت بە (کعب)ی کوڕی (عجرە) ناردە خوارەوە کە تایبەتە بەفیدیەی ئازار (أذی)، بۆ ئەو کەسانەی بەهۆی (ڕۆژوو) یان (سەدەقە) یان (نسك) سەریان تاشی .

نەگێڕانەوەی ژنانی ئیمانداری کۆچکەر

پاشان چەند ژنێکی ئیماندار هاتن بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ و کەسوکاریان لەسەر دەقی پەیمانەکە هاتن بەدوایاندا تابیاندەنەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕازی نەبوو، بە بەڵگەی بوونی وشەیەك کە لەپەیماننامەکەدا نوسرابوو دەڵێت: (بەمەرجێك هەر پیاوێکی ئێمە هات بۆلای تۆ ، با لەسەر ئاینەکەی تۆش بێت دەبێت بۆمان بگێڕیتەوە)[1]. بۆیە ڕاستەوخۆ ژنان نەکەوتنە بەردەقی ڕێکەوتننامەکە. ئایەتیش لەبارەیانەوە هاتەخوارەوە ﴿ يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا جَاءَكُمْ الْمُؤْمِنَاتُ مُهَاجِرَاتٍ فَامْتَحِنُوهُنَّ ﴾ تاگەیشتە ئایەتی ﴿ بِعِصَمِ الْكَوَافِرِ ﴾ ، ئەنجا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو ژنانەی تاقیکردەوە تابزانێت ئیماندارن یان نەء ، بەم ئایەتە ﴿ يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا جَاءَكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَى أَنْ لاَيُشْرِكْنَ بِاللَّهِ شَيْئًا ﴾... هتد. هەرژنێك دانی بنایە بەم مەرجانەدا ، پێغەمبەر ﷺ پێی دەفەرموو: ئەوا بەیعەتم پێدایت. پاشان نەیدەگێڕانەوە بۆ موشریکان. بەوجۆرە پیاوە موسوڵمانەکان ژنە کافرەکانی خۆیان تەڵاقدا، لەو ڕۆژەدا (عمر) دووژنی هەبوو موشریك بوون هەردووکیانی تەڵاقدا ، (معاویە) یەکێکیانی خواست و، ئەویشیان شووی کرد بە (صفوان)ی کوڕی (أمیە).

---

[1] صحیح البخاری ١/٣٨٠

چی لە بەندەکانی پەیماننامەکە هاتە کایەوە

ئەمە بریتی بوو لە پەیمانی حودەیبیە ، بە لێکدانەوەی بەندەکانیو ورد کردنەوەی پێشینەی ئەو پەیمانە فەتحێکی گەورە دەردەکەوێت بۆ موسوڵمانەکان ، چونکە پێشتر قورەیشیەکان دانیان نەدەنا بەموسوڵمانەکاندا ، بەڵکو ئامانجیان ڕیشە کێش کردنی موسوڵمانەکان بوو ، چاوەڕوان بوون ڕۆژێك لە ڕۆژان کۆتایی تەمەنیان ببینن‌و ، بە هەموو توانایەکەوە هەوڵیاندەدا بانگەوازی ئیسلام شکست پێ بهێنن‌و لەخەڵکی دووربخەنەوە بەو سیفەتەی کە خۆیان بەنوێنەری سەرمەشقەیەتی ئایینیو تەختی دونیایی لەدورگەی عەرەبدا. تەنها بادانەوەیەکیش بەلای ئاشتبوونەوەدا مانای دانپیانان دەگەیێنێت بەموسوڵمانەکانداو ، ئەومانایە دەبەخشێت کە قورەیش ناتوانێت بەرەنگاری موسوڵمانەکان بکات ، پاشان بەندی سێیەمی پەیماننامەکە ئەوە دەگەیەنێت کە قورەیش سەر دەستەیەتی دونیاییو دەستەڵاتە ئاینیەکەی لەبیر چووەو جگە لە بەرژەوەندی خۆی هیچی تری مەبەست نیە ، خۆ ئەگەر خەڵکانی ترو پاشماوەی خەڵکی دوورگەی عەرەبی هەموویان موسوڵمان بن قورەیش بەلایەوە گرنگ نیە ، بەهیچ جۆرێك خۆی لەوە ناگەیەنێت. ئایا ئەمە شکستێکی تەواو نیە بۆ قورەیش؟ سەرکەوتنێکی گەورەو ڕوون نیە بۆ موسوڵمانەکانیش؟ ئەو جەنگە خوێناویانەی لەنێوان موسوڵمانان‌و بێباوەڕاندا ڕوویان دابوو- سەبارەت بە موسوڵمانەکان - ئامانج تیایدا ماڵ تالان کردن و مرۆڤ کوشتن‌و خەڵك لەناو بردن نەبوو ، یان بۆ زۆر بۆ هێنانی دوژمن نەبوو تا موسوڵمان ببێت ، بەڵکو مەبەست لەو جەنگانە بریتی بوو لە دابینکردنی ئازادی تەواو بۆ خەڵك لە هەڵبژاردنی بیروباوەڕو ئایندا ﴿ فَمَنْ شَاءَ فَلْيُؤْمِنْ وَمَنْ شَاءَ فَلْيَكْفُرْ ﴾ واتە: کێ باوەڕ دەهێنێت با باوەڕ بهێنێت و کێ نایەوێت با کافر بێت. بۆ ئەوەی هیچ هێزێك نەکەوێتە نێوان ئەوان و بیروباوەڕەکەیانەوە، ئەو ئامانجەش بەهەموو پێداویستیەکانەوە هاتەدی و بەڕێگەیەکیش کە هەرگیز ناکرێت لە ڕێگەی شەڕو شۆڕەوە ئەو سەرکەوتنە گەورەیە تۆمار بکرێت موسوڵمانەکانیش بە دابین کردنی ئەو ئازادیە سەرکەوتنی گەورەیان لەبواری بانگەوازدا بەدەست هێنا ، لەکاتێکدا پێش وەستانی شەڕ ژمارەی موسوڵمانەکان نەدەگەیشتە سێ هەزار کەس ، کەچی لە ماوەی دوو ساڵدا لەو کاتەدا کە فەتحی مەککە کرا ژمارەی موسوڵمانەکان دە هەزار کەس بوون.

بەندی دووەمی پەیمان نامەکەش بریتی بوو لە بەشی دووەمی ئەو فەتحە گەورەیە، خوای گەورە فەرمووی: ﴿ وَهُمْ بَدَءُوكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ ﴾ دەرچوونی مەفرەزەی موسوڵمانەکانیش بۆ بەئاگا هێنانەوەی قورەیش بوو لەملهوڕیی و دژایەتی کردنی ئایینی خوداو ئاکامی خراپی ئەو ڕێبازەیان ، موسوڵمانەکانیش هەوڵیاندەدا وەکو یەك بن ، هەریەکەیان بەپێی تواناو لێهاتنی خۆی کاربکات چونکە ڕێکەوتن لەسەر وەستانی جەنگ بۆماوەی دە ساڵ سنوور دانانێکە بۆ ئەو سەرسەختیی و سنوور شکێنیەو بەڵگەیە لەسەر شکست هێنانی ئەو لایەنەی شەڕی دەستپێکرد.

خۆ ئەوە بەندی یەکەمیش سنووردانانە بۆ ڕێگەگرتنی قورەیش لە چوونە ناو (بيت الحرام) . ئەوەش شکستێکی تر بوو بۆ قورەیش ، لە پەیمانەکەدا شتێکی تێدا نەبوو ئاوی دڵی قورەیش بدا جگە لەوەی کە سەرکەوتوو بوو لەوەدا کە نەیهێشت موسوڵمانەکان بۆ ئەو ساڵە بڕۆنە (بيت الحرام)ە وە.

قوریش ئەو سێ کەلێنەیدا بەدەستەوە بۆ موسوڵمانەکان و لە بەرابەریدا یەك کەلێنی دەستکەوت ، ئەویش خاڵێکە لە بەندی چوارەمدا هاتووەو زۆر بێ نرخەو بەهایەکی وای نیەو زیانێکی ئەوتۆی بە موسوڵمانان نەدەگەیاند . دیارە کە موسوڵمان مادامێکی بەموسوڵمانەتی مابێتەوە هەرگیز لە خوداو پێغەمبەرەکەی ڕاناکاتو ، لە شاری ئیسلامەتی هەڵنایەت ، لەکاتێکدا ڕادەکات کە بەنهێنی یان ئاشکرا هەڵگەڕابێتەوە لە ئیسلام . خۆ ئەگەر هەڵگەڕابێتەوە ئەوە موسوڵمانان پێویستییان پێی نیە، جیابوونەوەشی لە کۆمەڵگای ئیسلامی باشترە لە مانەوەی تیایدا ، ئەمەش ئەوخاڵە بوو پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی بۆ کرد بە فەرموودەی: هەرکەسێك لە ئێمە بڕواتە لای ئەوان خوا لەوەولاتری ببات[1]. ئەو کەسەش خەڵکی مەککەیەو موسوڵمان دەبێت با نەشتوانێت پەنا بهێنێت بۆ شاری مەدینە. خۆ زەوی خوا بەرفراوانە ، ئایا خاکی حەبەشە بەرفراوان نەبوو بۆ موسوڵمانەکان لەو کاتەشدا کە حەبەشیەکان هیچیان لە ئیسلام نەدەزانی؟ ئەمە ئەو فەرمایشتە بوو کە پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی پێدا: هەرکەسێکیش لای ئەوانەوە بێت بۆلای ئێمە ئەوە خوا دەرووی لێ دەکاتەوە[2].

---

[1] / صحيح مسلم (باب صلح الحديبية) ٢/١٠٥.
[2] / هەمان سەرچاوە

وەرگرتنەوەی نۆ موسوڵمانەکان ئەگەر بەڕواڵەت سەروەریەکی تێدا بێت بۆ قورەیش ، بەلاّم لەناخدا بەڵگەیە لەسەر بێزاریی و ساردبوونەوەو وەڕەس بوونی قورەیش و ترسی زۆریان لەو قەوارە بتپەرستییەی هەیانبوو ، هەروەکو هەستیان بەوە کردبێت کە خەریکە دەکەونە لێواری هەرەسێکی چاوەڕوانکراو ، پێویستە خۆیانی لێ لادەن. لەولاشەوە ڕێگەدانی پێغەمبەر ﷺ بەوەرنەگرتنەوەی نۆ موسوڵمانەکان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دەیەوێت جێگە پێی خۆی زیاتر قایم بکات و متمانەی تەواوی بەخۆی هەیەو لەو جۆرە مەرجانە ناترسێت.

خەمداگرتنی موسوڵمانەکان و گفتوگۆی (عمر) لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ

ئەمە کرۆکی ڕاستەقینەی بەندەکانی شەڕ وەستانە، بەلاّم دوو دیاردە هەبوون ، بوونە هۆی خەمو پەژارەیەکی زۆر بۆ موسوڵمانەکان ، یەکەمیان: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ئێمە دەڕۆینە (بیت)و تەوافی تێدا دەکەین . ئەی بۆچی ئێستا دەگەڕێتەوەو تەوافیش ناکات؟ دووەمیان: ئەو پێغەمبەری خوایە ﷺ و لەسەر ڕاستیە ، خوای گەورەش بەڵێنی سەرخستنی ئاینەکەی داوە ، ئەی بۆچی فشارەکانی قورەیشی قبوڵ کردو ، موسوڵمانەکانیشی ملکەچی خاڵەکانی قورەیش کرد؟

ئەم دوو دیاردەیە گومانو دڵەڕاوکێیان لە دڵی موسوڵمانەکاندا پەیدا کرد. هەستی ئیماندارانی پێ بریندار بوو، بەشێوەیەك خەمی دواڕۆژی پەیماننامەکە موسوڵمانەکانی داگرت. لەوانەیە لەهەموویان غەمبارتر (عمر)ی کوڕی (خطاب) بووبێت ، ئەوەبوو هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ وتی: پێغەمبەری خوا ، ئایا ئێمە لەسەر ڕاستی نینو ئەوانیش لەسەر ناهەق؟ فەرمووی: بەڵێ. وتی: ئایا کوژراوەکانی ئێمە لە بەهەشتدا نینو هی ئەوانیش لە دۆزەخدا؟ فەرمووی: بەڵێ. وتی: کەواتە ئیتر بۆچی ملکەچی لەئاینی خۆماندا بکەین؟ بۆچی بگەڕێینەوە کە هێشتا خودا حوکمی نێوانمانی نەکردووە؟ فەرمووی: کوڕی (خطاب) من پێغەمبەری خودام و سەرپێچی فەرمانەکانی خواناکەم ، خوای گەورە پشتیوانیم دەکاتو ، هەرگیز دەستبەردارم نابێت . وتی: ئەی بەڕێزت نەتفەرموو کە ئێمە دەڕۆینە (بیت)ەوەو تەوافیشی بە دەوردا دەکەین؟ فەرمووی: بەڵێ، بەلاّم ئایا من پێم وتیت کەئەمساڵ ئەڕۆینە بەیتەوە؟ عومەر وتی: نەخێر. فەرمووی: دڵنیابە دێیتەوە (بیت)و تەوافیشی بەدەوردا دەکەیت.

پاشان (عمر) هەستاو چوو بۆلای (ابوبکر) ، هەرچی وتبوو بە پێغەمبەر ﷺ بەویشی وت ، (ابوبکر)یش هەمان وەڵامی پێغەمبەری دایەوە ، ئەمەیشی بۆ زیاد کرد: ئەی (عومەر) دەست بگرە بەچمکی کراسەکەیەوە تا دەمریت ، وەڵڵاهی پێغەمبەر ﷺ لەسەر هەق و ڕاستیە.

پاشان ئایەت هاتە خوارەوە ﴿ إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُبِينًا ﴾ واتە: بەڕاستی ئێمە فەتحێکی گەورەو ڕوونمان بۆ تۆ ئەنجامدا. ئەنجا پێغەمبەر ﷺ ناردی بەشوێن (عومەر)داو ئایەتەکانی بۆ خوێندەوە. وتی: پێغەمبەری خوا بەڕاستی ئەوە فەتحە؟ فەرمووی: بەڵێ. دڵی ئارام بووەوەو گەڕایەوە.

پاشان (عمر) لە هەڵچوونەکەی خۆی پەشیمان بووە. جا دەڵێت: چەندین کارم کرد بۆ سڕینەوەی ئەو کارەم ، بەردەوام خێرم دەکردو ڕۆژووم دەگرت و نوێژم دەکردو بەندەم ئازاد دەکرد لە پای ئەو کارەدا کە لێم وەشایەوەو لە ترسی ئەو قسانەدا کردبووم ، تائاواتم خواست خێری بەدواوە بێت.[1]

چارەسەربوونی قەیرانی ژێردەستەکان

کە پێغەمبەری خوا ﷺ گەڕایەوە بۆ مەدینەو ، سەقامگیر بوو تیایدا ، پیاوێکی موسوڵمان لەوانەی کە لە مەککەدا ئازاردەدران هەڵهات بۆ مەدینە ، ئەویش (ابو بصیر) ی خێڵی (سیف)ی هاوپەیمانی قورەیش بوو ، موشریکان دووپیاویان نارد بەشوێنیدا بۆ لای پێغەمبەر ﷺو پێیان وت: کە لەسەر پەیمانەکە هاتووین بماندەیتەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ (ابو بصیر)ی پێدانەوە . دوو پیاوەکە (ابو بصیر)یان بردو گەڕانەوە تاگەیشتنە (ذي الحليفة) ، لەوێ دابەزین بۆ حەوانەوەو خورماخواردن ، (ابو بصیر) بەیەکێکیانی وت: وەڵڵاهی سەیر ئەکەم شمشێرەکەت زۆرچاکە ، ئەوی تریان لەکێلانەکە دەری هێناو ، وتی: بەڵێ زۆر چاکە ، من چەند جارێك تاقیم کردۆتەوە. (ابوبصیر) وتی: ئادەی پیشانم بدە باسەیرێکی بکەم. کابرای پێ خستە ژێرو بە شمشێرەکە کوشتی. ئەوی تریشیان ڕایکردو گەڕایەوە بۆ مەدینە ، بەڕاکردن خۆی کرد بەناو مزگەوتدا ، کە پێغەمبەر

---

[1] بۆ درێژەی ئەم باسە بڕوانە ، فتح الباري ٤٣٩/٧ تا ٤٥٨ ، صحيح البخاري ٢٧٨/١ ، ٢٧٩ ، ٣٨٠، ٣٨١ ، ٢٩٨/٢، ٦٠٠، ٧١٧. صحيح مسلم ١٠٤/٢ ، ١٠٥ ، ١٠٦ ، ابن هشام ٣٨٠/٢ تا ٣٢٢ ، زاد المعاد ١٢٢/٢ ، ١٢٣ ، ١٢٤ ، ١٢٥ ، ١٢٦ ، ١٢٧ ، مختصر سيرة الرسول ﷺ شێخ عەبدوڵلای نەجدی ل٢٠٧ ، تا٣٠٥. تاريخ عمر بن الخطاب. نوسینی (ابن الجوزي) ل٣٩.٤٠

ﷺ لە دوورەوە بینی فەرمووی: ئەو کابرایە شتێکی لێ بەسەر هاتوە. کە گەیشتە لای پێغەمبەر ﷺ وتی: هاوڕێکەمی کوشت ، منیش ئەکوژرێم. ئەنجا (ابو بصیر) پەیدابوو وتی: پێغەمبەری خوا ، ئیدی خوا ئێمەی لەسەر ئەستۆی تۆدا لابرد ، ئەوە ئێمەت گێرایەوە بۆ لایان‌و خوای گەورە لە دەستیان ڕزگاری کردم. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: دایك ڕۆڵە ڕۆی بۆ بکات ، ئەم پیاوە کەسێکی تری لەگەڵدا بێت شەڕ هەڵئەگیرسێنێت. کە (ابو بصیر) گوێی لەم قسەیە بوو تێگەیشت کە دەیداتەوە دەست مەککەیەکان . بۆیە لەوێ دەرچوو تاگەیشتە (سیف البحر). لەولاشەوە (ابوجندل)ی کوڕی (سهیل) لە دەست موشریکەکان هەڵهات‌و پەیوەندی کرد بە (ابو بصیر)ە وە ، وای لێهات هەر کەسێك لەناو قورەیشدا موسوڵمان بوایە خۆی دەگەیاندە (ابو بصیر) ، تا گروپێکیان لێ دروست بوو ، هەر بیانبیستایە کاروانێکی قورەیش بەرەو شام بەڕێوەیە ئەمان ڕێگەیان پێ دەگرت‌و دەیانکوشتن‌و ماڵ‌و سامانەکەیان بەتالانی دەبرد ، قورەیش بە ناچاری خەڵکیان نارد بۆ لای پێغەمبەر ﷺ و تکای خزمانەیان لێ کرد کە ئەوانە بهێنێتەوە ژێر ڕکێفی خۆی‌و هەر کەسێك پەیوەندی پێیانەوە کرد نەگەڕێتەوە ژیانی سەلامەت دەبێت. ئیتر پێغەمبەر ﷺ ناردی بەدوایانداو هەموویان گەڕانەوە بۆ مەدینە.[١]

موسوڵمان بوونی پاڵەوانەکانی قورەیش

لە سەرەتاکانی ساڵی (٧)ی کۆچیدا پاش ئەم شەڕ وەستانە (عمرو)ی کوڕی (عاص)و (خالد)ی کوڕی (ولید) و (عثمان)ی کوڕی (طلحة) موسوڵمان بوون ، کە هاتنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ئەوە مەککەیە جگەرگۆشەکانی خۆی خستە بەردەستان[٢].

---

[١] / هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٢] / ڕاوبۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر ساڵی موسوڵمان بوونی ئەو هاوەڵانە، زۆرینەی سەرچاوەکانی تایبەت بەناوی کەسێتیەکان ئەڵێن ساڵی هەشتەمە. بەڵام بەسەرهاتی موسوڵمانبوونی (عمرو)ی کوڕی (عاص) لای نەجاشی دیارەو ئەزانرێت، (خالد) و (طلحة)ش کاتێك موسوڵمان بوون کە (عمرو) لە حەبەشە گەڕایەوە دوای ئەو گەڕانەوەیە کەوتەڕێ بەرەو مەدینەو ئەمان لەڕێگەدا بینییان‌و، هەرسێکیان چونە خزمەت پێغەمبەر ﷺ موسوڵمان بوون ، ئەوەش ئەو مانایە ئەگەێنێت کە لە سەرەتاکانی ساڵی (٧)ی کۆچیدا موسوڵمان بوون (والله اعلم)

قۆناغی دووەم

هەنگاوێکی نوێ

پەیمانی حودەیبیە لەسەرەتادا هەنگاوێکی نوێ بوو لەژیانی ئیسلامەتیو موسوڵمانەکاندا . قورەیش کە بەهێزترین دەسەڵاتو سەرسەخترین دوژمنی ئیسلام بوو ، بە پاشەکشە کردنی ئەو هێزە گەورەیە لە مەیدانی شەڕو ئامێز گرتنەوەی بۆ هێمنییو ئاشتی ، بەهێزترین باڵ لە هەر سێ باڵی ئەحزاب تێکشکا - (قورەیش) و (غطفان) و (جولەکە) - کە قورەیش نوێنەری بتپەرستان بوو ، توندوتیژی بتپەرستانی پێ کەم بووە لە دورگەی عەرەبیداو ورەیان ڕووخا ، بۆیە دوای ئەو پەیمانە نابینین (غطفان) شەڕ فرۆشی بکات ، ئەوەی هەبوو تەنها لەلایەنی جولەکەی خەیبەرەوە دەکرا.

جولەکەش لەدوای دەرکردنیان لە(یثرب) خەیبەریان کردە حەشارگەی فێڵو تەڵەکەو پیلانگێڕی ، شەیتانەکانیان لەو قەڵایەدا زاووزێیان دەکردو ئاگری شەڕیان هەڵدەگیرساندو عەرەبە دەشتەکیەکانی دەوری مەدینەیان لە پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵدەگێڕایەوەو بەنیازی لەناوبردنی پێغەمبەر ﷺو موسوڵمانەکان بوون ، یان هیچ نەبێت زیانێکی گەورەیان پێ بگەیێنن ، لەبەرئەوە یەکەم هەنگاوێکی یەکلاکەرەوە کە پێغەمبەر ﷺ بردیە پێشەوە ، بریتی بوو لە ئەنجامدانی شەڕێکی یەکلاکەرەوە دژ بە ئەو حەشارگەی پیلان و ئاشووبگێڕیە.

ئەم قۆناغی شەڕوەستانو پەیمان بەستنەش دەرفەتێکی باشی دا بە موسوڵمانەکان ، بۆ بڵاو کردنەوەو گەیاندنی بانگەوازی ئیسلامیی ، بۆیە چالاکی موسوڵمانەکانیش دوو ئەوەندە زیادی کرد ، چالاکیەکانیشیان لەم ڕووەوە زیاتر خستە سەر لایەنی سەربازی ، بۆیە ئەم قۆناغە دەکەین بە دوو بەشەوە:

١. چالاکی لەبواری بانگەوازدا ، یان نامە نوسین بۆ پاشاو میرەکان.

٢. چالاکی سەربازیی.

پێش ئەوەی باسی چالاکیە سەبازییەکان بکەین لەم قۆناغەدا ، دەچینە سەر باسی نامە نوسین بۆ پاشاو میرەکان ، چونکە بانگەوازی ئیسلامیی لە پێشترە ، بگرە ئەمە ئەو مەبەستو ئامانجەیە کە موسوڵمانەکان لەپێناویدا توشی ئەو هەموو ئازارو چەرمەسەریە بوون.

نامە نووسین بۆ پادشاو میرەکان

لەکۆتاییەکانی ساڵی شەشەمدا کاتێك پێغەمبەر ﷺ لە حودەیبیە گەڕایەوە نامەی نوسی بۆ پاشاکان و تیایدا بانگی کردن بۆ ئیسلامەتی.

کە ویستی نامە بنوسێت بۆ ئەو پاشایانە عەرزی کرا:

هەر نامەیەك مۆری لەسەر نەبێت ئەوان وەری ناگرن ، بۆیە پێغەمبەر ﷺ موستیلەیەکی زیوی لە دەست کردو ئەم نەخشەی لەسەر هەڵکەند : (مُحَمَّدٌ رَسُول الله) ، نەخشەکەش سێ دێڕ بوو، (**محمد**) یەك دێڕ ، (**رسول**) یەك دێڕ ، (**اللــه**) یەك دێڕ ، بەم شێوەیە: (**مُحَمَّدٌ رَسُول اللــه**) .[١]

لەنێو هاوەڵەکانیدا چەند کەسێکی شارەزاو وریای هەڵبژارد بۆ ناردنی نامەکان و ، ناردنی بۆلای پاشاکانی دونیا ، عەلامە شێخ (المنصور فوری) لەسەر ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ ئەو نێرراوانەی لەسەرەتای مانگی (موحەڕەمی ساڵی حەوتەمی کۆچی) دا ناردووە پێش دەرچوونی بۆ خەیبەر بەچەند ڕۆژێك[٢]. ئەمەش دەقی ئەو نامانەو ئاکامەکانیشیانە.

١ـ نامە بۆ (نەجاشی) پادشای حەبەشە

نەجاشی ناوی (أصحمە)ی کوڕی (ابجر) بوو ، پێغەمبەر ﷺ بە(عمرو)ی کوڕی (أمية)ی (ضمیری)دا نامەیەکی لە(کۆتایی ساڵی شەشەم) یان (موحەڕەمی ساڵی حەوتەمی کۆچی)دا بۆ نووسی. (طبري) دەقی نامەکەی باسکردوە، بەڵام سەیر کردنێکی وردی نامەکە دەردەکەوێت کەئەوە دەقی ئەو نامەیە نیە کە لەدوای سوڵحی حودەیبیە نووسیویەتی، پێدەچێت ئەو نامەیە بێت کە بە (جعفر)دا ناردویەتی ئەو کاتەی خۆی و هاوەڵەکانی کۆچیان کرد بەرەو حەبەشە لە سەردەمی مەککەدا ، چونکە لەکۆتایی نامەکەدا باسی ئەو کۆچەرانەی بەم دستەواژەیە کردووە : (ئەوا (جعفر)ی ئامۆزام و چەند کەسێکی ترم لە موسوڵمانان نارد بۆ لاتان ، ئەگەر هاتنە لات دڵدەیان بدەو ئازاریان مەدە) . (بیهقی)یش لە (ابن اسحاق)ەوە باسی دەقی نامەیەك دەکات کە پێغەمبەر ﷺ بۆ (نەجاشی) نوسیوەو دەڵێت: (ئەمە نامەیەکە لەموحەمەدی پێغەمبەرەوە بۆ نەجاشی (أصحم) گەورەی حەبەشە، سڵاو لەو کەسەی شوێنی هیدایەت دەکەوێت، باوەڕ بهێنە بەخواو پێغەمبەرەکەی ، شایەتومان بهێنە کەخودا

---

[١] / صحيح البخاري ٢/ ٨٧٢ ، ٨٧٣.

[٢] / رحمة للعالمين ١٧١/١

یەکەو هاوەڵی نیە ، نە هاوڕێی هەیەو نە ڕۆڵە ، هەروەها شایەتی بدە کە موحەممەد بەندەو پێغەمبەری خوایە ، بەبانگەوازی ئیسلام بانگت دەکەم ، من پێغەمبەری خودام موسوڵمانبە سەلامەت دەبیت ، ﴿ قُلْ يَاأَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَّ نَعْبُدَ إِلاَّ اللَّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴾ خۆ ئەگەر ملکەچ نەکەیت ئەوا گوناهی هەموو نەسرانیەکانی گەلەکەت لە ئەستۆی تۆدایە.

توێژەری پایەبەرز دکتۆر (حميدالله باريس) دەقی نوسراوێکی هێناوە ، کە پێش ماوەیەك دەستی کەوتوە ـ هەروەکو (ابن قيم)یش هێناویەتی بەجیاوازی تەنها یەك وشە ـ دکتۆر ئەرکی زۆری کێشاوە تاگەیشتوە بەو ئەنجامەو سوودی لەداهێنانە نوێیەکانیش وەرگرتووە ، وێنەی نامەکەشی لەکتێبەکەیدا هێناوە بەم شێوەیە:

﴿ بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ ﴾

لە موحەممەدی پێغەمبەری خواوە بۆ نەجاشی گەورەی حەبەشە ، سڵاو لەو کەسەی شوێنی هیدایەت کەوتووە ، پاشان: سوپاسگوزاری خودا دەکەم ، ئەو خوایەی کە (مَلك) و (قُدّوس) و (مُؤمن) و (مُهَيمن) ەوە. هیچ هاوەڵی نیە ، شایەتی دەدەم کە (عیسا)ی کوڕی (مريم) (روح) و (كلمه)ی خوایەو بەخشیوویەتی بە (مريم)ی پاکداوێنی ڕەوشت بەرزو دووگیان بە (عیسی) ، هەروەکو ئادەمی بەدی هێنا ، من ئەم بانگەوازە دەکەم بۆلای یەکتایی خوداو سووربوون لەسەر گوێڕایەڵی کردنی، داوات لێدەکەم شوێنم بکەوە ، باوەڕ بهێنە بەو پەیامەی بۆ من هاتووە ، من پێغەمبەری خوام ﷺ ، ئەوە من خۆت و سەربازەکانت بانگ دەکەم بۆلای خوا ، من پەیامەکەم گەیاندو ئامۆژگاریم کرد ، مۆچیاریم قەبوڵ بکە ، سڵاو لەو کەسەی شوێنی هیدایەت دەکەوێت.[1]

دکتۆری ڕێزدار جەخت دەکاتەوە کە ئەمە دەقی ئەو نوسراوەیە پێغەمبەر ﷺ بۆ نەجاشی نووسیوە لە پاش سوڵحی حودەیبیە ، دەقەکەش پاش لێوردبوونەوە گومانی تێدانیە کەبەڵگەیە ، بەڵام بەڵگەیەك نیە لەسەر ئەوەی ئەو نوسراوە دوای سوڵحی حودەیبیە نوسرا بێت ، ئەوەش کە (بيهقی) لە (ابن اسحاق)ەوە هێناویەتی لەو نوسینانە دەچێت کە پێغەمبەر ﷺ نوسیویەتی بۆ پادشاو میرە نەسرانیەکان لەدوای

---

[1] بڕوانە کتێبی (رسول اكرم كی سياسی زندگی) بەزمانی (ئوردو) ل١٠٨ ، ١٠٩، ١٢٢، ١٢٣، ١٢٤ ، ١٢٥ لە (زاد المعاد)یشدا هاتووە دەقەکە دەڵێت (أسلم انت بدل والسلام على من اتبع الهدى) بڕوانە (زاد المعاد) ٣ ٦٠

حودیبیەوەو ئەم ئایەتەی تێدایە ﴿ قُلْ يَاأَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ ﴾ هتد ، هەروەها نەریتی وابوو کە لەو نووسراوانەدا ناوی (اصحمه) بەڕاشکاوی بهێنێت ، سەبارەت بەو دەقەش دکتۆر (حمیدالله) هێناویەتی ، پێم وایە دەقی ئەو نوسراوە بێت پێغەمبەر ﷺ پاش مردنی (أصحمه) نوسیویەتی بۆ جێنشینەکەی ، ئەمەش هۆی سەرەکی نەنووسینی ناوەکەی (اصحمه)یە. ئەم شێوە ڕیزکردنەش لای من بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوەی لەسەرنیە جگە لەو شایەتیە ناوەکیانەی مانای دەقی نوسراوەکان دەیدات بەدەستەوە. سەیر ئەوەیە دکتۆر (حمیدالله) جەخت دەکات لەسەر ئەوەی گوایە ئەو دەقەی (بیهقی) هێناویەتی لە (ابن عباس)ەوە، دەقی ئەو نامەیەیە کە پێغەمبەر ﷺ دوای مردنی (أصحمه) نوسیویەتی بۆ جێنشینەکەی ، لەکاتێکدا کە ناوی (اصحمه) بەڕوونی لەدەقی نامەکەدا هاتووە (والعلم عند الله)[1]. کە (عمرو)ی کوڕی (امیة)ی (ضمری) نامەکەی پێغەمبەر ﷺ ی دایە دەست نەجاشی ، لێی وەرگرتو خستیە سەر چاوانی و لەسەر تەخت هاتە خوارەوە بۆ سەر زەویەکە ، لەسەر دەستی (جعفر)ی کوڕی (ابو طالب)دا موسوڵمان بوو ، بەو بۆنەیەوە نامەی نوسی بۆ پێغەمبەر ﷺ ئەمەش دەقەکەیەتی:

﴿ بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيم ﴾

بۆ پێغەمبەری خوا ، لە نەجاشی (اصحمه)ەوە سڵاوو ڕەحمەتو بەرەکاتی خوات لێ بێت ئەی پێغەمبەری خوا . سڵاو لەو خوایەی کە هیچ خوایەکی تری نیە ، پاشان:

ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو نامەیەتم پێگەیشت کە بۆت ناردبوومو باسی (عیسی)ت تێدا کرد بوو ، بە پەروەردگاری ئاسمان و زەمین ، بەئەندازەی تاڵە موویەك باسی (عیسا) جیاوازی نیە لەوەی تۆ ، ئەو بەو شێوەیە کەتۆ فەرمووتە ، لەوە تێگەیشتین کە بۆت ناردوین ، ئێمەش ئامۆزاکەتو هاوەڵەکانی تۆمان داڵدەداو لەنزیك خۆمانەوە نیشتەجێمان کردن ، بەڕاستگۆیانەو متمانەوە شایەتی دەدەم : تۆ پێغەمبەری خوایت ، بەیعەتم داوە بەئامۆزاکەتو لەسەر دەستی ئەودا خۆم دایەدەست پەروەردگاری جیهانیان.[2]

---

[1] بۆ درێژەی ئەم باسانە بڕوانە کتێبی دکتۆر (حمیدالله) (رسول اکرم کی سیاسی زیندگی) ل١٠٨ تا١١٤، لە لاپەڕە ١٢١ تا ١٣١

[2] / زاد المعاد ٦١/٣

پێغەمبەری خوا ﷺ داوای کردبوو لە نەجاشی کە (جعفر) و کۆچکەرەکانی بۆ بنێرێتەوە ، ئەویش دوو کەشتی بۆ گرتن و لەگەڵ (عمر)ی کوڕی (امیة)ی (ضمری)دا ناردنیەوە ، کە گەیشتنەوە مەدینە پێغەمبەر ﷺ لە خەیبەر بوو.[1]

نەجاشی لە (رەجەبی ساڵی نۆی کۆچە)دا دوای جەنگی (تەبوك) کۆچی دوایی کرد ، پێغەمبەر ﷺ خەمی بۆ خواردو نوێژی (غائب)ی بۆ کرد. کە مرد پادشایەکی تر هاتە جێگای ، پێغەمبەر ﷺ نامەی بۆ ئەویش نارد بەڵام نازانرێت موسوڵمان بوو یان نەء ؟[2]

٢ـ نامە بۆ (مقوقس)ی پادشای مصر

پێغەمبەری خوا ﷺ نامەی نووسی بۆ (جریج)ی کوڕی (متی)[3] کە شۆرەتەکەی (مقوقس)ە ، پادشای میسرو ئەسکەندەریە بوو ، بەم شێوەیە:

﴿ بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحيم ﴾

لە موحەمەدی بەندەی خوداو پێغەمبەریەوە بۆ (مقوقس) گەورەی قیبتیەکان ، سلاَو لەوکەسەی لەسەر هیدایەتە، پاشان ، بەبانگەوازی ئیسلام بانگت ئەکەم. موسوڵمانبە سەلامەت دەبیت ، موسوڵمانبە ، خودای گەورە دووجار پاداشتت دەداتەوە ، خۆ ئەگەر ملکەچ نەبوویت ئەوا ئۆباڵی هەموو قیبتیەکان لەگەردنی تۆدایە ﴿ قُلْ يَاأَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلاَّ نَعْبُدَ إِلاَّ اللَّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴾.[4]

(حاطب)ی کوڕی (ابي بلتعة)ی هەڵبژارد بۆ گەیاندنی ئەم نامەیە ، کە (حاطب) چووە لای (مقوقس) پێی وت: پێش تۆ کابرایەك لەم وڵاتەدا بانگەشەی خوایەتی دەکرد ، خوا کردنی بەپەندی دونیاو ئاخیرەت ، تۆڵەی پێسەندو تۆڵەشی لێسەندنەوە ، تۆش پەند لەوە وەربگرە ، باکەس پەند لە تۆ وەرنەگرێت.

---

[1] / ابن هشام ٣٥٩/٢

[2] / لەوانەیە ئەمە لەوەوە وەرگیرابێ کە (مسلم) لە (انس) ەوە ڕیوایەتی کردووە ٩٩/٢

[3] / ئەمە لەسەر ڕاو بۆچونی عەللامە (المنصور فوری) لە کتێبی (رحمة للعالمين)دا ١٧٨/١ ، دکتۆر (حميدالله) دەڵێت ئەو کابرایە ناوی (بنيامين) بووە، بڕوانە (رسول اكرم كى سياسى زندگى) ل١٤١

[4] / ئەم دەقە (ابن القيم) لە (زاد المعاد)دا باسی کردووە ٦١/٢، ئەوەش دکتۆر (حميدالله) باسی کردووە کەوێنەی ئەو کتێبەیە ڕوونی کردوە لەهەندێك وشەدا لەگەڵ ئەم دەقەدا جیاوازی هەیە ، دەقەکە دەڵێت (اسلم تسلم يؤتيك الله) هەروەها تێدا هاتووە (إثم القبط) لەجیاتی (إثم اهل القبط)، بڕوانە (رسول اكرم كى سياسى زندگى) ل١٣٦

(مقوقس) وتی: ئێمه ئاینی خۆمان هه‌یه ، وازی لێ ناهێنین مه‌گه‌ر بۆ ئاینێکی له‌وه باشتر.

(حاطب) وتی: ئێمه به‌بانگه‌وازی ئیسلام بانگت ئه‌که‌ین که له‌جێگه‌ی هه‌موو ئاینه‌کانی تره ، پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ خه‌ڵکی بانگ کرد بۆ ئه‌م ئاینه قوره‌یش له هه‌موو که‌س توندتر به‌رپه‌رچیان دایه‌وه ، جوله‌که له هه‌مووکه‌س زیاتر دوژمنی بوون ، نه‌سرانیه‌کان له هه‌مووکه‌س نزیکتر بوون لێیانه‌وه ، سوێند ده‌خۆم که مژده‌دانی (موسا) به‌هاتنی (عیسی) وه‌ك مژده‌دانی (عیسی) وه‌هایه به‌هاتنی (محه‌مه‌د). بانگ کردنی تۆ بۆ لای قورئان وه‌کو بانگکردنی شوێنکه‌وتوانی ته‌ورات وه‌هایه بۆ ئینجیل. هه‌ر پێغه‌مبه‌رێکیش به‌گه‌لێك گه‌یشتبێت بووه به‌میلله‌تی ئه‌و پێغه‌مبه‌ره ، پێویست بووه که گوێڕایه‌ڵی بکه‌ن ، تۆش یه‌کێکیت له‌و که‌سانه به‌ڕۆژگاری ئه‌م پێغه‌مبه‌ره گه‌یشتویت . ئێمه له ئاینی مه‌سیح قه‌ده‌غه‌ت ناکه‌ین ، به‌ڵکو فه‌رمانت پێ ده‌که‌ین.

(مقوقس) وتی: من وردبوومه‌ته‌وه له‌په‌یامی ئه‌م پێغه‌مبه‌ره ، بینیوومه فه‌رمان نادات به‌شتی خراپ، ڕێگه‌یش ناگرێت له‌هیچ کارێکی باش ، نه‌ساحیره‌و نه‌جادووگه‌ری درۆزن ، له‌پاڵ ئه‌وه‌شدا من به‌ڵگه‌ی پێغه‌مبه‌رایه‌تیم تێدا بینیوه به ده‌رخستنی نهێنیه‌کان‌و هه‌واڵدان به شته په‌نامه‌کیه‌کان ، لێم بوه‌سته بیرێکی لێ ده‌که‌مه‌وه.

ئه‌نجا نامه‌که‌ی لێ وه‌رگرت‌وخستیه ناو ده‌فرێکی عاجه‌وه، مۆری کردو دایه ده‌ست که‌نیزه‌کێکی خۆی‌و پاشان نوسه‌رێکی بانگ کردو به عه‌ره‌بی نووسی بۆ پێغه‌مبه‌ر ﷺ :

﴿ بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيم ﴾

بۆ محه‌ممه‌دی کوڕی عبدالله له (مقوقس) گه‌وره‌ی (قبط)ه وه ، سلاْوت لێ بێت ، پاشان ، نوسراوه‌که‌تم خوێنده‌وه ، له‌وه تێگه‌یشتم که تێیدا باست کردووه‌و بانگی بۆ ده‌که‌یت، ده‌شزانم که پێغه‌مبه‌رێك ماوه‌و به‌ڕێوه‌یه ، پێم وابوو که له‌شامه‌وه ده‌ربکه‌وێت. ڕێزم گرت له‌نێرراوه‌که‌ت . دوو که‌نیزه‌کت بۆ ده‌نێرم ، که له‌ناو قیبتیه‌کاندا پله‌وپایه‌یان هه‌یه ، له‌گه‌ڵ جل و به‌رگدا ، هێسترێکیشم بۆ ناردیت تاسواری بیت ، جارێکی‌تر سلاْوت لێ بێت.

لەوە زیاتر هیچی نەوت و موسوڵمانیش نەبوو، دوو کەنیزەکەکەش (ماریە)و (سیرین) بوون ، هێسترەکەش ناوی (دلدل) بوو ، تا سەردەمی (معاویە)ش هەر مابوو[1] ، پێغەمبەریش ﷺ (ماریە)ی کردە کەنیزەکی خۆیو هاوسەریو (ابراهیم)ی لێ بوو ، (سیرین)شی دا بە (حسان)ی کوڕی (ثابت)ی (انصاري).

٣ـ نامە بۆ (کیسرا) ی پادشای فارسەکان

هەروەها پێغەمبەر ﷺ نامەی نووسی بۆ کیسرای پادشای فارسەکان ، بەم شێوەیە:

﴿ بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحيم ﴾

لە موحەممەد پێغەمبەری خوداوە بۆ کیسرای گەورەی فارسەکان ، سڵاو لەو کەسەی شوێنی هیدایەت دەکەوێت و باوەڕدەهێنێت بە خوداو پێغەمبەرەکەی و شایەتیدەدا کە جگە لە (الله) خودایەکی تر نیەو موحەممەدیش بەندەو پێغەمبەریێتی ، من بەبانگەوازی خودایی بانگت دەکەم ، من پێغەمبەری خودام بۆ هەموو خەڵك ، تا زیندوان بێدار بکەمەوەو بەهانەش بەدەست کافرانەوە نەهێڵێت ، موسوڵمانبە سەلامەت دەبیت ، خۆ ئەگەر ملکەچ نەکەیت ئۆباڵی گوناهی هەموو ئاگرپەرستان لە ئەستۆی تۆدایە.

ئەم نامەیەشی دایەدەست (عبدالله)ی کوڕی (حذافة)ی (سهمی) ، دایەدەست لێپرسراوی (بحرین) ، جانازانین لێپرسراوی (بحرین) بەیەکێك لە پیاوەکانی خۆیدا ناردی یان (عبدالله)ی (سهمی) نارد ، هەرکامێکیان بێت کە نامەکە خوێنرایەوە بۆ کیسرا دڕاندی ، بە لەخۆبایی بونێکەوە وتی: چۆن دەبێت بەندەیەکی بێبەها لە ڕەعیەتەکەی خۆم ناوی خۆی لەپێش ناوی منەوە بنووسێت ؟

کە ئەو هەواڵە گەیشتەوە بەپێغەمبەر ﷺ فەرمووی: خوا موڵكو دەسەڵاتی لەناو بەرێت. هەرواش بوو ، کیسرا نامەیەکی نووسی بۆ (بازان)ی سەرکاری لە یەمەن و پێی وت: دوو پیاوی جەربەزەی خۆت بنێرە بۆ ئەو پیاوەی لە حیجازەو بۆم بهێنە. (بازان) دوو پیاوی خۆی ناردو نامەیەکیشی پێدا ناردن بۆ پێغەمبەر ﷺ و تیایدا فەرمانی دابوو بەپێغەمبەر ﷺ کە لەگەڵ هەردوو پیاوەکەیدا بڕوات بۆلای کیسرا. کە گەیشتنە مەدینەو بەپێغەمبەر ﷺ گەیشتن یەکێکیان وتی: شاهانشاه (پادشای شاهان) نامەی نووسیوە بۆ شابازان و فەرمانی پێداوە کەتۆی بۆ بەرێت.

---

[1] / زادالعاد ٦١/٣

ئێمەشی ناردوە تا لەگەڵمان بێیتو، هەڕەشەشیان کرد پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێدان سبەینێ بێنەوە.

لەو کاتەدا ئاشووبێك هەستابوو دژ بە کیسرا لەناو بنەماڵەکەی خۆیدا پاش ئەوەی سەربازەکانی کیسرا لەبەردەم سوپای قەیسەردا تێك شکابوون (شیرەوەیهی) کوڕی کیسرا باوکی خۆی کوشت و دەستی گرت بەسەر موڵکەکەیدا بۆ خۆی، ئەم ڕووداوە لەشەوی سێشەممە پاش تێپەڕبوونی دە ڕۆژدا بوو بەسەر مانگی (جماد الاولی) ی ساڵی حەوتەمی کۆچی)دا.[1]

پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵەکەی بە وەحی پێگەیشت ، کە سبەینێ هاتنەوە ئەم هەواڵەی پێدان ، وتیان: تۆ دەزانی چی دەڵێیت؟ ئێمە کەمتر لەم قسەیەشمان پێ قەبوڵ نەدەکرا ، ئایا ئەمەشت لەبارەوە بنووسین و بیدەین بەپادشای گەورە؟ فەرمووی : بەڵێ ئەم هەواڵەی لەبارەی منەوە پێبدەن و پێی بڵێن: ئەم ئایین و دەسەلاتەی من دەگاتە ئەو شوێنەی کیسرای پێگەیشتوە! لەو شوێنەدا کۆتایی دێت کە سم و ناڵی ئەسپی نەگاتێ و پێیشی بڵێن: ئەگەر موسڵمان ببێت هەرچیەك لەژێر دەستیدایە دەیدەمەوە بەخۆتو دەتکەمەوە بەمیری ڕۆڵەکانی گەلەکەت ، هەردوو پیاوەکە بەبیستنی ئەو وتانە گەڕانەوە و هەواڵەکەیان دا بە(بازان) . زۆری پێنەچوو هەواڵی کوژرانی (کیسرا) گەیشت ، لە نامەیەکدا کە (شیرەوەیهی) نووسیبوی بۆ بازان تیایدا وتبووی: چاوەڕوانی ئەو پیاوە بکە کە پێشتر باوکم نامەی لەبارەوە بۆ نووسیبویت ، جارێ لەسەری بوەستە هەتا فەرمانی منت پێ دەگات . ئەمە بووە هۆی موسڵمان بوونی بازان و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون لە فارسەکانی وڵاتی یەمەن .[2]

٤ ـ نامە بۆ قەیسەری پادشای ڕۆمەکان

بوخاری لەمیانەی فەرموودەیەکی درێژدا دەقی ئەو نامەیەی گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەر ﷺ ناردویەتی بۆ (هەرقل)ی پادشای ڕۆمەکان، ئەمەش دەقەکەیەتی:

﴿ بِسْمِ اللـــهِ الرَّحْمنِ الرَّحيم ﴾

لە موحەممەد بەندەو پێغەمبەری خوداوە بۆ (هەرقل) گەورەی ڕۆمەکان ، سلاّو لەو کەسەی شوێنی هیدایەت دەکەوێت، موسوڵمانبە سەلامەت دەبیت،

---

[1] . فتح الباري ٨ ١٢٧

[2] / محاضرات تاريخ الامم الاسلامية للخضرى ١٤٧/١ . فتح الباري ١٢٧/٨، ١٢٨ . هەروەها بڕوانە · (رحمة للعالمين)

موسڵمانبە خودای گەورە دووچەندانە پاداشتت دەداتەوە، ئەگەر ملت نەدا ئەوا گوناهی هەموو ئەریسییەکان لەگەردنتایە ﴿ قُلْ يَاأَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَاوَبَيْنَكُمْ أَلاَّنَعْبُدَ إِلاَّاللَّهَ وَلاَ نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلاَ يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴾[٢].

بۆ گەیاندنی ئەم نامەیە (دحیە)ی کوڕی (خلیفە)ی (کلبی) هەڵبژارد ، فەرمانی پێدا کە بیداتە دەست گەورەی (بصری) تائەویش بیداتە دەست (هرقل) . بوخاری لە (ابن عباس)ەوە دەگێڕێتەوە کە (ابو سفیان)ی کوڕی (حرب) هەواڵی پێداوە جارێکیان (هرقل) دەنێرێت بە شوێنیاندا ، ئەمان لەکاروانێکی بازرگانیدا دەبن لەشام ، ئەوکاتە بووە کەموڵەتی وەستانی شەڕەکە والأکرابوو، (ابو سفیان)و گرۆهەکەی چوون بۆلای (هرقل) لە(ئیلیاء) بوو[٣] (هەرقل) بانگی کرد بۆ دیوەخانی خۆی و هەموو گەورەکانی ڕۆمی بەدەوردا بوو، بانگی کردن و وەرگێڕێکی بانگ کرد و وتی: کێ لەئێوە لەهەمووتان خزمایەتی نزیکترە لەو پیاوەوە کە دەڵێت من پێغەمبەرم؟

(ابو سفیان) وتی : من ، وتم : من لە هەموویان نزیکترم .

(هەرقل) وتی : خۆی و هاوەڵەکانیم لێ نزیك بکەنەوە . با لەپشتیەوە بوەستن ، پاشان وتی بە وەرگێڕەکەی: من دەمەوێت پرسیار لەو پیاوە بکەم لەبارەی ئەو پیاوەوە کە دەڵێت من پێغەمبەرم ، ئەگەر درۆی لەگەڵدا کردم بەدرۆی بخەنەوە ، (ابو سفیان) دەڵێت: لە شەرمی ئەوەدا نەبوایە کە دەترسام بەدرۆم بخەنەوە درۆم بەدەمەوە دەکرد.

پاشان وتی: یەکەم پرسیار لێی کردم ئەوە بوو: ئەم پیاوە ڕەچەڵەك و بنەماڵەی لەناوتاندا چۆنە؟ وتم : خاوەن بنەماڵەیەکی خانەدانە .

وتی : پێش ئەو کەسی تر لەناوتاندا لەم جۆرە قسانەی ئەوی کردوە؟

وتم : نەخێر .

وتی : ئایا هیچ یەکێك لە باووباپیرانی پادشا بوون؟ وتم: نەخێر.

---

[٢] صحیح البخاری ١ /٤، ٥

[٣] قەیسەر لەوکاتەدا لە (حمص)ەوە هاتبوو بۆ (ئیلیاء) . بیت المقدس . بۆ سوپاسکردنی خوداوەند لەسەر ئەو شکستەی بەسەر فارسەکاندا هێنابووی (بڕوانە صحیح المسلم ٢/٩٩) پێشتر فارسەکان (پەروێز)ی کیسرایان کوشتبو، سوڵحیان لەگەڵ ڕۆمەکاندا کردبوو لەسەر پێدانەوەی هەموو ئەوخاکوزەویانەی لەوڵاتی قەیسەردا داگیریان کردبوو، ئەوخاچەشیان بۆگێڕابونەوە کەنەسرانیەکان دەڵێن گوایە (مەسیح)ی لەسەر خاچ دراوە ، قەیسەر هاتبوو بۆ ئیلیا و(بیت المقدس) لەساڵی (٦٢٩)ی زاینیدا واتە (ساڵی حەوتی کۆچی) بۆئەوەی خاچەکە لەشوێنی خۆیدا دابنێتەوەو سوپاسی خوابکات لەسەرئەو سەرکەوتنە گەورەیە

وتی : ئایا سەردەستەو گەورەکانتان شوێنی کەوتوون یان ژێردەست و لاوازەکانتان ؟ وتم: ژێردەستەکان.

وتی : ئایا زیاد ئەکەن یان کەم دەکەن؟ وتم: زیاد ئەکەن .

وتی : ئایا دوای باوەڕهێنان بەئایینەکەی کەس لێی وەڕس دەبێت و پەشیمان ببێتەوە؟ وتم : نەخێر .

وتی: ئایا پێش ئەم حاڵەتەی پێشتر ئێوە درۆتان لێ دیوە؟ وتم: نەء .

وتی: ئایا پەیمانشکێنی دەکات؟

وتم: نەء . ئێمە ئێستا لەگەڵیدا شەڕمان وەستاندوەو ناشزانین چی دەکات تیایدا .

وتی: هیچ وشەیەکی دیکەم نەدی غەیری ئەم وشەیە شتی لەدڵدا دروست بکات

وتی: شەڕتان لەگەڵدا کردوە؟ وتم: بەڵێ

وتی: چۆن شەڕتان لەگەڵدا کردووە ؟

ابو سفیان دەڵێت وتم : شەڕ بە نۆبە بووە جارێك ئێمە سەرکەوتوین و جارێکیش ئەو

وتی: بەچی فەرمانتان پێ دەدات؟

وتم: دەڵێت تەنها خودابپەرستن ، هاوەڵی بۆ پەیدامەکەن ، واز لە قسەی باوو باپیرانتان بهێنن ، فەرمانمان پێدەدات بەنوێژو دەستو دەم پاکی و پەیوەندی خزمایەتی.

(هرقل) وتی بەوەرگێڕەکە: پێی بڵێ لەبارەی باوان و ڕەچەڵەکیەوە پرسیارم لێ کردیت وتت: خاوەن بنەماڵەو خانەدانە ، پێغەمبەرانیش لەناو خانەوادەوە بنەماڵەو گەلەکانیاندا دەنێرێن ، پرسیارم لێ کردیت ئایا پێشتر کەس ئەم قسانەی ئەوی گوتوە وتت: نەخێر ، وتم: ئەگەر پێشتر کەسێکی دیکە ئەم قسەیەی پێشتر کردبێت ئەوا ئەم لاسایی ئەودەکاتەوە ، پرسیارم کرد ئایا کەسێك هەیە لە باپیرانی ئەم پیاوە پادشا بووبێت ، ئەگەر لەباوو باپیرانیدا پادشا هەبوایە دەمووت: ئەم کابرایە داوای تەختی باووباپیرانی خۆی دەکات ، پرسیارم لێ کردیت ئایا پێشتر درۆتان لێ دیوە ، وتتان: نەخێر ، منیش لەدڵی خۆمدا وتم: مەحاڵە درۆ بەدەم خەڵکیەوە نەکات و بچێت درۆ بەدەم خواوە بکات، پرسیارم لێکردیت ئایا گەورەو سەردەستەکانتان شوێنی دەکەون

یان ژێر دەستەکانتان ، وتت: ژێردەستەکان شوێنی دەکەون ، هەمیشە شوێنکەوتوانی پێغەمبەران ژێردەستەکان بوون ، پرسیارم لێ کردیت: ئایا زۆرتر دەبن یان کەم دەبنەوە ، تۆ وتت: زۆر دەبن ، ئیمانیش بەو شێوەیە هەتا تێرو تەواو دەبێت ، پرسیارم لێ کردیت ئایا پاش چوونە ناو ئایینەکەی کەسی لێ وەڕس دەبێت و پەشیمان ببنەوە؟ وتت: نەخێر، ئیمانیش بەو شێوەیەیە هەتا بەتەواوی خۆشیەکەی دەچێتە دڵەوە ، پرسیاریشم لێکردیت فەرمان بەچی دەدات؟ وتت: فەرمانمان پێ دەدات بە یەك خوا پەرستی و هاوەڵدانەنان بۆ خوداو وازهێنان لە بتپەرستی و فەرمانمان دەدا بە نوێژ کردن و دەم ودەست پاکی و خۆنەگەر ئەم قسانە ڕاست بن ئەوا ڕۆژێك لە ڕۆژان دەگاتە ئەم جێگە پێیەی منیش ، وامدەزانی لەناو ئێوەدا نەبێت ، نەمدەزانی کە لەناو ئێوەدا دەرکەوتوە ، خۆ ئەگەر بمزانیایە دەتوانم بچمەلای هەڵپەم دەکرد بۆ بینینی ، ئەگەر لەگەڵیدا بومایە قاچەکانیم بۆ دەشۆرد. پاشان بانگی کرد نامەکەی پێغەمبەریان بۆهێنا ﷺ و خوێندیەوە ، کە لەخوێندنەوەی نامەکە بوەوە ، بوو بەدەنگە دەنگو گەڕەلاوژێ ، فەرمانیدا کراینە دەرەوە ، لەکاتی کردنەدەرەوەیاندا وتم بەپیاوەکانی: بەڕاستی فەرمانی (ابن ابی کبشە) ی بەجێ هێنا ، ئەو پیاوە پادشای (بنی الأصفر)یش لێی دەترسێت ، متمانەی تەواوم پەیدا کرد بەکارەکەی پێغەمبەر ﷺ و گومانم نەبوو کە سەردەکەوێت تاخوای گەورە ئیسلامەتی خستە دڵمەوە.[1]

(ابو سفیان) ئەم کاریگەریەی نامەکەی پێغەمبەرمان ﷺ بەسەر (هەرقل)ەوە بۆ دەگێڕێتەوە ، کاریگەریەکە ئەوەندە زۆر بوو خەڵاتی (دحیە)ی کوڕی (خلیفە)ی (کلبی) کرد بەپارەو جلوبەرگ ، کە (دحیە) گەڕایەوە گەیشتە (مسمی) لە ڕێگەدا چەند کەسێکی خێڵی (جذام) ڕوتیان کردەوەو هیچیان پێ نەهێشت ، (دحیە)ش پێش ئەوەی بڕواتە ماڵێ چووە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و هەواڵەکەی پێدا ، پێغەمبەر ﷺ خێرا (زید)ی کوڕی (حارثة)ی بە پێنج سەد پیاوەوە نارد بۆ (حسمی) لەپشت (وادی القری) وەیە ، (زید) دای بەسەر خێڵی (حزام)دا ، کوشتارێکی زۆری لێ کردن و مەڕو ماڵاتو ژنەکانی هێنان، هەزار وشترو پێنج هەزار سەر مەڕ بوو لەگەڵ سەد کەنیزەکدا.

لەنێوان پێغەمبەر ﷺ و خێڵی (جذام)دا دۆستایەتی هەبوو ، خێرا (زید)ی کوڕی (رفاعە)ی (جذام)یی کە یەکێك بوو لەسەرانی ئەو خێڵە ناڕەزایی دەربڕی لای پێغەمبەر ﷺ ، چونکە پێشتر خۆی و چەند پیاوێکی تری خێڵەکە موسڵمان بوو

---

[1] / صحیح البخاری ١/ ٤ ، صحیح مسلم ٢/ ٩٧ ، ٩٨ ، ٩٩.

بوون و لەکاتی ڕاووڕووت کردنەکەشدا پشتیوانیان لە (دحیە) کردبوو ، پێغەمبەر ﷺ ناڕەزاییەکەی وەرگرت و فەرمانیدا بەگێڕانەوەی دەستکەوت و کەنیزەکەکان.

زۆرینەی (سیرەت) نووسەکان پێش سوڵحی حودەیبیە باسی ئەم سریەیە دەکەن ، ئەمەش هەڵەیەکی ڕوونە ، گومانی تێدانیە کە ناردنی نامە بۆ قەیسەر دوای سوڵحی حودەیبیە بوو ، لەبەرئەوە (ابن قیم)یش دەڵێت: بێ گومان کە ئەم ڕووداوە دوای سوڵحی حودەیبیە بووە.[1]

٥ ـ نامە بۆ (منـذر) ی کوڕی (ساوی)

پێغەمبەر ﷺ نامەیەکی نووسی بۆ (منذر)ی کوڕی (ساوی) فەرمانڕەوای (بحرین)و تیایدا بانگی کرد بوو بۆ ئیسلام ، نامەکەشی بە (علاء)ی کوڕی (حضرمی)دا بۆ نارد ، (منذر)یش نامەیەکی نووسی بۆ پێغەمبەر ﷺ ئەمە دەقەکەیەتی: (پاشان ، پێغەمبەری خوا ، من نامەکەی بەڕێزتانم خوێندەوە بەسەر خەڵکی بەحرەیندا ، هەندێکیان حەزیان لەئیسلام کردو پێیان خۆش بوو باوەڕیان پێ‌هێنا ، هەندێکیشیان حەزیان لێی نەبوو ، لەخاکی مندا ئاگر پەرست و جولەکە هەن ، لەو بارەیەوە فەرمانی خۆتم پێ بفەرموو). ئەنجا پێغەمبەر ﷺ نامەی بۆ نووسی:

﴿ بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحيم ﴾ ،

لە موحەممەد پێغەمبەری خواوە بۆ (منذر)ی کوڕی (ساوی) ، سڵاوت لێ بێت ، سوپاسی ئەو خودایە دەکەم کە جگە لە خۆی کەس خودا نیە ، شایەتی دەدەم موحەممەد بەندەو پێغەمبەری خوایە ، پاشان من یادی خودات وەبیر دەخەمەوە ، هەرکەسێك ئامۆژگاری بکات ئەوە بۆ خۆیەتی ، هەرکەسێکیش گوێڕایەڵی نێراوەکانم بێت ئەوە گوێڕایەڵی فەرمانی منی کردوە ، هەرکەسێك وتەی باشیان لەگەڵدا بڵێت ئەوە باشی لەگەڵ منیشدا گوتوە ، نێرراوەکانم بەچاکی باسی تۆیان بۆ کردوم ، من تۆم کرد بەتکاکاری گەلەکەت ، واز لە موسڵمانەکان بهێنە با لەسەر ئیسلامەتی خۆیان بمێنەوە ، لە گوناهکارەکانیشیان خۆش بووم لێیان قەبوڵ بکەو تاکو چاکەی زیاتر بکەیت ئێمە لەسەرکاری خۆت دەتهێڵینەوە ، هەرکەسێکیش لەسەر ئایینی جولەکە یان ئاگرپەرستی دەمێنێتەوە ئەوە پێویستە لەسەری (جزیە) بدات.[2]

[1] ، بڕوانە (زاد المعاد) ١٢٢/٢ ،پەراوێزی ,تلقیح مفهوم اهل الأثر) ل ٢٩

[2] ، زاد المعاد ٣ ٦١ ، ٦٢ ئەو دەقەش (د. حمیدالله) هێناویەتی لە وێنەی ئەو کتێبەوە کەدەستی کەوتوە ، لەیەك وشەدا جیاوازە ، تیایدا هاتوە (لا الە غیرە) لەجیاتی (لا الە الا هو)

٦ـ نامە بۆ (هوذة)ی کوڕی (علی) سەرۆکی (یەمامە)

پێغەمبەری خوا ﷺ نامەی نووسی بۆ (هوذة)ی کوڕی (علی) سەرۆکی یەمامە ، ئەمە دەقەکەیەتی:

﴿ بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيم ﴾

لە موحەممەدی پێغەمبەری خواوە بۆ (هوذة)ی کوڕی (علی) سڵاو لەو کەسەی شوێنی هیدایەت دەکەوێت ، بزانە کە ئەم ئاینە تا سمو ناڵی ئەسپ بڕ بکات دەڕوات ، موسڵمانبە سەلامەت دەبیت ، موڵكو دەسەڵاتی خۆتت بۆ دەهێڵمەوە.

(سلیط)ی کوڕی (عمرو)ی (عامری) هەڵبژارد بۆ گەیاندنی ئەم نامەیە ، کە (سلیط) نامە مۆرکراوەکەی پێغەمبەری دایە دەستی ، میوانداری کردو ڕێزی لێ گرت ، نامەکەی بۆ خوێندەوە ، وەڵامی دایەوەو نامەی نووسی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ و تیایدا وتبووی: (ئەمەی تۆ بانگی بۆدەکەیت چەندە جوان و شیرینە ، منیش هەموو عەرەب لە پلەوپایەکەم سڵ دەکاتەوە ، هەندێك دەسکەوتم بدەریێ شوێنت دەکەوم) . خەڵاتێکیشی دا بە (سلیط)و لە ڕستو چنینی (هجر)یش جلوبەرگی دایە ، ئەمانەی هێنایەوە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و هەواڵەکەی پێدایەوە ، پێغەمبەر ﷺ نامەکەی خوێندەوەو فەرمووی : ئەگەر داوای بستێك زەویشم لێ بکات نایدەمێ ، موڵكو ماڵی لەناو دەچێت . کە پێغەمبەر ﷺ لە (فەتح) بووەوە ، (جبریل) هەواڵی دایە کە (هوذة) مردوە . پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : لەم یەمامەیەدا کابرایەکی درۆزن پەیدا دەبێت بانگەشەی پێغەمبەرێتی دەکات ، دوای من دەکوژرێت. یەکێك وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ کێ دەیکوژێت ؟ فەرمووی : تۆو هاوەڵەکانت ، هەرواش بوو.[1]

---

[1] / زادالمعاد ٣ ٦٣

٧ـ نامە بۆ (حارث) ی کوڕی (أبی شمر) ی (غسانی) گەورەی (دیمەشق)

پێغەمبەر ﷺ نامەی بۆ نووسی:

﴿ بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحيم ﴾

لە موحوممەدی پێغەمبەری خواوە بۆ (حارث)ی کوڕی (أبی شمر) ، سڵاو لەو کەسەی شوێنی هیدایەت کەوتوەو ئیمانی پێهێناوەو متمانەی پێکردوە ، بانگت دەکەم کە باوەڕ بهێنی بە تاکو تەنهایی خودای بێ هاوتا ، موڵكو دەسەلاتەکەت بۆ دەمێنێتەوە.

(شجاع)ی کوڕی (وهب)ی هەڵبژارد لەخێڵی (بنی اسد)ی کوڕی (خزیمة) بۆ ناردنی ئەم نامەیە ، کە نامەکەی گەیاندبووە دەستی وتبووی: کێ دەتوانێت موڵكو دەسەلات لە من بسێنێت؟ من دەڕۆمە سەر ئەو ، موسڵمان نەبوو.[1]

٨ ـ نـامە بۆ پادشـای عومـان

پێغەمبەر ﷺ نامەیەکی نوسی بۆ پادشای عومان (جیفر)و (عبد) هەردوو کوڕی (جلند) ئەمەش دەقەکەیەتی:

﴿ بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحيم ﴾

لە موحەممەدی کوڕی عبدالله وە بۆ (جیفر)و (عبد) هەردوو کوڕی (جلند) ، سڵاو لەو کەسەی شوێنی هیدایەت دەکەوێت ، پاش ئەوە ، من بانگتان دەکەم بۆ سەر ئایینی ئیسلام ، هەردوکتان موسڵمان بن سەلامەت دەبن ، من پێغەمبەری خودام بۆ هەموو مرۆڤایەتی ، بۆ ئەوەی زیندوان بێدار بکەمەوەو کافرانیش بەدەردی خۆیان بچن ، ئێوە ئەگەر دان بەئیسلامدا بنێن لەشوێنی خۆتان دەتانهێڵمەوە ، ئەگەر ملکەچ نەکەن بۆ ئیسلام ئەوا موڵك و دەسەلاتتان لەناو دەچێت و ئەسپ سوار دێتە سەرتان بۆ ئێرەو پێغەمبەرێتی منتان بۆ دەردەکەوێت.

(عمرو)ی کوڕی (عاص)ی هەڵبژارد بۆ گەیاندنی ئەم نامەیە ، (عمرو) وتی: دەرچووم تا گەیشتمە (عومان) ، مەبەستم گەیشتن بوو بە (عبد) ، چونکە ئەو لە براکەی ژیرترو هێمنتر بوو ، وتم: من نێرراوی پێغەمبەری خوام ﷺ بۆ لای تۆو براکەت ، وتی: براکەم لە من گەورەترە لە تەمەن و دەسەلاتیشدا ، من دەتگەیەنمە لای ئەو هەتاکو نامەکەت دەخوێنێتەوە .

---

[1] / هەمان سەرچاوە ٦٢/٣ ، محاضرات تاريخ الامم الاسلامية للخضرى ١٤٦/١.

پاشان وتی: بانگەواز بۆچی دەکەیت؟

وتم : بانگەواز دەکەم بۆ یەکتایی خودای بێ شەریكو وازهێنان لە بتپەرستییو شایەتی بدەیت کە موحەممەد بەندەو پێغەمبەری خوایە.

وتی: ئەی (عمرو) تۆ کوڕی پیاو ماقوڵی گەلەکەتی، باوکی تۆ چیکرد؟ ئێمە ئەو دەکەینە دەم ڕاستی خۆمان .

وتم: مردو باوەڕی نەهێنا بە ئایینەکەی پێغەمبەر ﷺ ، حەزم دەکرد باوەڕی پێ بهێنایەو موسڵمان ببوایە ، منیش لەسەر باوەڕەکەی ئەو بووم ، تاخوا هیدایەتی دام .

وتی: لەکەیەوە شوێنی کەوتی؟ وتم: ماوەیەکی کەمە . پرسیاری لێکردم لەکوێ موسڵمان بویت ؟ وتم: لەلای نەجاشی موسڵمان بووم ، هەواڵیشم دایە کە نەجاشی موسڵمان بووە . وتی: کە نەجاشی موسڵمان بوو گەلەکەی چیان لێکرد.

وتم: پێی ڕازی بوون و شوێنی کەوتن .

وتی: ئەی کەشیش و چلەکێشەکانیان شوێنی کەوتن ؟

وتم : بەڵێ .

وتی: (عمرو) بزانە چی دەڵێیت ، چونکە لە درۆ خراپتر نیە لە دنیادا.

وتم: درۆم نەکردوەو درۆکردنیش لەئایینی ئێمەدا گوناهە .

پاشان وتی: وابزانم (هەرقل) بە موسڵمانبوونی نەجاشی نەزانیوە .

وتم: بەڵێ زانیویەتی . وتی: بەچیدا دەزانیت؟

وتم: نەجاشی باجی دەدا بە (هەرقل)، کە موسڵمان بوو، باوەڕی هێنا بە موحەممەد ﷺ، وتی: وەڵڵاهی لەمەودوا یەك درهەم نانێرم بۆ (هەرقل)، قسەکە گەیشتەوە بە (هەرقل) ، (نیاق)ی برای پێی وت: ئاوا بەم ئاسانیە وازدەهێنیت لە کۆیلەیەکی خۆت کە باجت بۆ نانێرێت و باوەڕی بەئایینێکی نوێ هێناوە؟

(هەرقل) وتی: کابرایەکەو حەزی لەو ئایینە کردوەو بۆ خۆی هەڵیبژاردوە ، چی لێ بکەم؟ وەڵڵاهی ترسی لەدەستچوونی دەسەڵاتەکەم نەبوایە منیش وەکو ئەوم دەکرد. (عبد) وتی: ئەی (عمرو) بزانە چی دەڵێیت؟

منیش وتم: وەڵڵاهی ڕاستگۆم لەگەڵتدا .

پاشان وتی ئەو پیاوە فەرمانی چیتان پێدەدات؟

وتم: فەرمان دەدا بەگوێڕایەڵی خواو یاخی نەبوون لێی و فەرمان دەدا بەچاکەو پەیوەندی خزمایەتی و ڕێگە نادا بەزوڵم و دەستدرێژی و شەرواڵ پیسیی و مەی خواردنەوەو بتپەرستی و خاچپەرستی.

وتی: ئەمە چەند جوانە بانگی بۆ دەکات ، ئەگەر براکەم بەگوێی بکردمایە ئێستا سواردەبووین و باوەڕمان بەموحەممەد ﷺ دەهێنا، بەڵام جێگەی داخە براکەم ترسی لە دەستچوونی موڵکەکەی هەیەو حەزیش ناکات بەدوای کەسەوە بێت .

وتم: ئەگەر ئەو موسڵمان ببێت ، پێغەمبەری خوا ﷺ دەیکاتەوە پادشای گەلەکەی خۆی . بۆئەوەی سەدەقە لەدەوڵەمەندەکان وەربگرێت و بیداتەوە بەهەژارەکانی ، وتی: ئەم ڕەوشتە چەندە جوانە ، ئەی سەدەقە چییە؟

منیش هەواڵم پیدا ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە خێرو بێر چی سەپاندوە بەسەر ساماندا تاگەیشتمە باسی وشتر.

وتی: ئەریّ (عمرو) لەو ئاژەڵانەشمان کە دەلەوەڕێنرێن و تێر ئاو دەکرێن؟

وتم: بەڵێ .

وتی: وەڵڵاهی باوەڕناکەم گەلەکەم بەهۆی دووری ماڵەکانیان و زۆریانەوە بەرگەی ئەو داوایە بگرن .

(عمرو) دەڵێت: چەند ڕۆژێك چاوەڕوانیم کرد، ئەم پیاوە هەواڵی منی دەگەیاند بەبراکەی. پاشان ڕۆژێکیان داوای کردم چوومە ژوورەوە بۆلای سەیرم کرد.

وتی: چیت دەوێت ، منیش نامەیەکی مۆر کراوم دایەو کردیەوە ، هەمووی خوێندەوە تاگەیشتە کۆتاییەکەی ، پاشان دایە دەست براکەی ئەویش تاکۆتاییەکەی خوێندەوە ، بەڵام تێبینیم کرد براکەی نەرم و نیانتر بوو .

وتی: هەواڵم بدەریّ بزانم قوڕەیش چیان کرد؟

وتم: شوێنی کەوتون ، هەندێکیان بەحەزی خۆیان و هەندێکیشیان لە ترسی شمشێر .

وتی:کێی لەگەڵدایە؟ وتم: خەڵك شوێنی کەوتون و ئەویان پیّ باشترە لە هەرکەسێکی تر، بە عەقڵ زانیان کە لەپێشتر لە گومڕایی و سەرلێشێواویدا بوون و باوەڕیان پیّ هێناوە ، نابینم جگە لە تۆ کەسێکی دیکە لێرەدا مابێتەوە ، خۆ ئەگەر

تۆش موسڵمان نەبیتو شوێنی نەکەویت ، بەخوا ئەسپ سوار دەگەنە سەرت و تەڕو وشکت کاول دەکەن ، بۆیە موسڵمانبە تا سەلامەت بیت ، دەتخاتەوە سەرکارەکەی خۆتو ئەسپو وڵاخیش نایەنە سەرت .

وتی: وازم لێ بهێنە ، سبەینێ وەرەوە.

گەڕامەوە بۆلای براکەی وتی: (عمرو) ئومێدەوارم موسڵمان ببێت ، ئەگەر لە موڵکەکەی نەترسێت ، بۆ سبەینێ هاتەوە چوومەوە لای ، ڕێگەی نەدا بڕۆمە ژورەوە ، چووم براکەییم هێنا . وتم: نەمتوانیوە بڕۆمە ژورەوە بەڵکو بمگەیەنیتەوە لای .

وتی: بیرم کردەوە لەوەی بانگت بۆ کردم ، ئەگەر من لاوازترین کەسی عەرەبیش بم یەك پیاویشم بەدەوردا نەمێنێت ، ئەسپ سواری ئەو ناتوانێت بگاتە من ، ئەگەر بگەنە ئێرە شەڕێکی وای لەگەڵدا دەکەین کە نەی دی بێت .

وتم: باشە من سبەینێ دەردەچم ، کە دڵنیابوو دەرئەچمو ئەگەڕێمەوە ، لەگەڵ براکەیدا کۆبوەوە .

وتی: ئێمە چین لەچاو ئەوانەدا کە ئەو سەرکەوتوە بەسەریاندا ، نامەشی بۆ هەرکەسێك ناردبێت بەدەمیەوە چووە ، کە ڕۆژ بوەوە ناردیەوە بەشوێنمدا ، هەردووکیان موسڵمان بوون و باوەڕیان هێنا بەپێغەمبەر ﷺ و ڕێگەشیاندا سەدەقە کۆبکەمەوەو بکەومە نێوانیان و یارمەتیەکی زۆریشیان دام دژ بە سەرپێچی کەران.[1]

ڕەوتی ئەم بەسەر هاتە ئەوە دەگەیەنێت کە ناردنی ئەو نامەیە بۆ ئەم دوانە زۆر دواتر بووە لەنامەی پادشاکانی تر ، ڕاستریشە بڵێین دوای فەتح بوە.

بەم نامانە پێغەمبەر ﷺ بانگەوازەکەی خۆی گەیاند بەپادشاکانی سەرزەمین ، هەندێکیان باوەڕیان پێ هێناو هەندێکیشیان بێ باوەڕ بوون ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەری ئەو بێباوەڕانەی قاڵکردو ناوی خۆی و ئایینەکەشی ناسرا لە لایان.

---

[1] زاد المعاد ٢/٦٢، ٦٣

چالاکی سەربازیی پاش پەیمانی حودەیبیە

غەزای (غابە) یان غەزای (ذی القرد)

ئەم غەزایە بریتی بوو لە ڕاونانی پۆلێك خێڵی (فزارة) کە خەریکی چەتەگەرێتی بوون لە سەرە ڕێگەی پێغەمبەری خوادا ﷺ .

ئەمە یەکەم غەزایە کە پێغەمبەر ﷺ ئەنجامی دابێت دوای سوڵحی حودەیبیەو پێش جەنگی خەیبەر ، (بخاری) لەباسێکدا دەڵێت ئەم غەزایە پێش خەیبەر بووە بە سێ ساڵ ، (مسلم)یش ئەوەی گێڕاوەتەوە بە (مسند)ی خۆی لە فەرموودەیەکی (سلمة)ی کوڕی (اکوع)ە وە ، زۆرینەی (سیرەت) نووسان دەڵێن پێش سوڵحی حودەیبیە بووە ، لە (صحیح) یشدا شتێك نیە ڕاستتر بێت لەوەی (سیرەت)ناسان دەیڵێن[1] .

پوختەی ڕیوایەتەکان لە (سلمة)ی کوڕی (أکوع)ەوەیە ، کە پاڵەوانی ئەم غەزایەیەو وتویەتی: پێغەمبەری خوا ﷺ وشترگەلێکی لەگەڵ (رباح)ی غولامیدا ناردە دەرەوە ، منیش ئەسپەکەی (ابو طلحة)م پێبوو لەگەڵیدا بووم ، کە ڕۆژمان کردەوە سەیر دەکەین (عبدالرحمن الفزاری) داویەتی بەسەر وشترگەلەکەداو هەموویانی داوەتە بەرخۆی و شوانەکەشی کوشتوە ، وتم: (رباح) ئەو ئەسپە ببەو بیگەیەنە بە (طلحة)و هەواڵیش بدە بەپێغەمبەر ﷺ. پاشان لەسەر گردێك نووستم و ڕووم لە مەدینە بوو سێجار هاوارم کرد (یا صباحاه) پاشان چووم بەدوای ئاسەواری فەزاریەکاندا و تیرم تێدەگرتن و خۆم کەنار دەداو دەم وت:

أنا ابن الأكـــوع   واليوم يوم الرضـــع

بەردەوام بووم لە تیر هاویشتن و بریندارکردنیان ، هەر کە ئەسپ سوارێکیان بیویستایە بگەڕێتەوە دەچوومە بن درەختەکەو تیرم تێدەگرت و دەم گەڕانەوە ، تاخۆیان کرد بەناو تەنگە بەری شاخێکدا چوومە سەرشاخەکە بۆیان و بەردم بەسەردا گلۆر کردنەوە ، بەم شێوەیە بەردەوام بووم تا وشتر نەما لە وشتر گەلەکەی پێغەمبەر ﷺ نەیخەمە پشتی خۆمەوە ، ئەوان وازیان هێنا ، من هەردوایان کەوتم ، تیرم تێگرتن تا سی بوردەیان لێ بەجێماو سی ڕمیشیان لەبەر بارسووکی

---

[1] بڕوانە (صحیح البخاری)، (باب غزوة ذات قرد)٦٠٣/٢ ، هەروەها (صحیح مسلم) باب غزوه (ذی قرد)و هیتیرش ٢ /١١٣، ١١٤ ، ١١٥ ، (فتح الباری) ٧/ ٤٦٠ ، ٤٦١ ، ٤٦٢

بەجیٚ هیٚشت، هەرچیەکیشیان بەجیٚ دەهیٚلاٚ کۆم دەکردەوەو کەلەکە بەردم بەسەرەوە هەلدەچنی تا پیٚغەمبەر ﷺ و هاوەلاٚن بیناسنەوە ، ئەوان ڕایان کرد تاگەیشتنە تەنگەبەریٚك دابەزین بۆ نان خواردن منیش بەسەر لوتکەکەیەوە دانیشتم ، چوارکەسیان بۆم سەرکەوتن ، وتم: ئیٚوە من دەناسن؟ من (سلمە)ی کوڕی (أکوع)م ، هەرکامیٚکتانم بویٚت دەیکوژم، کەستان من نابینن . لە ترساندا گەڕانەوە ، لەشویٚنی خۆم نەجولاٚم تا ئەسپ سوارەکانی پیٚغەمبەرم دی ﷺ گەیشتنە ناو درەختەکان . یەکەمیان (أخرم) بوو ، بەدوای ئەودا (قتادة)و بەدوای ئەویشدا (مقداد)ی کوڕی (أسود) هاتن ، (عبدالرحمن)ی (فزاری)و (أخرم) بوو بە شەڕیان ، ئەسپەکەی (عبدالرحمن) بریندناربوو ، (عبدالرحمن) کوشتی ، ئەنجا چووە سەر ئەسپیٚکیتر (قتادة) فریایکەوتو کوشتی ، ئەوانیتر هەموویان ڕایانکرد ، ئیٚمەش بەدوایاندا من بەپیٚ ڕامدەکرد ، تادەمەو ڕۆژئاوا بوون لەشیویٚك لایاندا ، ئاویٚکی تیٚدابوو پیٚی دەوترا (ذا القرد) بۆ ئەوەی لیٚی بخۆنەوە ، زۆر تینوویان بوو ، لەسەری هەلم برین نەمهیٚلاٚ دلۆپیٚکی لیٚ بخۆنەوە ، کاتی خەوتنان پیٚغەمبەر ﷺ و ئەسپ سوارەکانم پیٚگەیشتەوە ، وتم: پیٚغەمبەری خوا ئەوانە ئیٚستا تینوو شەکەتن ، ئەگەر سەد پیاوم لەگەلدا بنیٚریت زینی هەموو ئەسپەکانیان لیٚ دەستیٚنمو پەت دەخەمە ملیانەوە ، فەرمووی: (ابن الاکوع) زالٚ بویت وازیان لیٚ بهیٚنە. پاشان فەرمووی: ئیٚستا لە (غطفان) تۆز ئەکەن.

پیٚغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی چاکترین ئەسپ سوارمان (قتادة) بوو ، باشترین پیادەشمان (سلمة) بوو ، دووپشکی پیٚبەخشیم ، پشکی پیادەیەك و پشکی سواریٚك ، لەسەر (عضباء) لە پشتی خۆیەوە داینام و گەڕاینەوە بۆ مەدینە.

لەو غەزایەدا پیٚغەمبەری خوا ﷺ (ابن أم مکتوم)ی بەسەر مەدینەوە دانا ، ئالاٚکەشی دایە دەست (مقداد)ی کوڕی (عمرو).[1]

---

[1] بڕوانە دوو سەرچاوەکەی پیٚشوو ، هەروەها (زاد المعاد) ٢/١٢٠

غەزای (خەیبەر) و (وادی القری)
لە موحەڕەمی ساڵی (٧) کۆچیدا

خەیبەر شارێکی گەورەی پڕ لەقەڵاو باخی خورماو مەزراو کشتوکاڵ بوو، لە دووری شەست یان هەشتا میلەوەیە لە شاری مەدینەو کەوتۆتە بەشی باکوریەوە ، ئێستا گوندێکەو کەش و هەوایەکی بۆگەنی هەیە.

هـۆی غـەزاکـە

کە پێغەمبەر ﷺ دڵنیابوو لە بەهێزترین باڵەکانی سێ حیزبە پیلانگێڕەکە ، بە تەواوی پشتێنی لێیان کردەوە لە دوای شەڕ وەستانەکەوە ، ئەنجا ویستی تەمێیەکی دوو باڵەکەی تریش بکات ، کە بریتی بوون لە جولەکەو خێڵەکانی نەجد ، تا هێمنایەتیو ئاشتی بەتەواوی بەرقەرار بێت لەناوچەکەداو موسڵمانەکانیش دەستیان بێتەوە لە شەڕی خوێناوی و یەکلاببنەوە بۆ گەیاندنی پەیامی خوایی.

خەیبەریش کە حەشارگەی پیلان و نەخشەی ترسناكو مەڵبەندی شەڕ فرۆشی سەربازیی و کوانوی ئاژاوەو ئاشووبگێڕیی بوو بەلای موسڵمانەکانەوە گرنگی زیاتری هەبوو.

ئەمە حاڵی خەیبەر بوو ، لەبیریشمان نەچێت کە جولەکەی خەیبەر بوون هەموو ئەحزابیان دژ بە موسڵمانەکان کۆ کردەوەو هانی (بنو قریظة)شیاندا بۆ خیانەت کردن و پەیمانشکێنی ، پاشان دەستیان کردە پەیوەندی کردن بە دووڕووەکانی تابووری پێنجەمی کۆمەڵگای ئیسلامی غەتەفان و عەرەبە دەشتەکیەکانەوە ، کە باڵی سێیەمی هەرسێ حیزبەکە بوون ، سەرباری ئەوە خۆشیان سازدا بوو بۆ شەڕو کوشتارو بەو کارانەیان لەچەند لایەکەوە موسڵمانانیان تووشی ناڕەحەتیو کارەساتی خوێناوی کرد ، تائەوەی نەخشەیان داڕشت بۆ تیرۆرکردنی خودی پێغەمبەر ﷺ. لەو ئاقارەدا موسڵمانەکانیش ناچاربوون جارناجارە سریەو مەفرەزە بنێرنە سەریانو دەستیان لێ بوەشێننو سەری پیلانگێڕان پان بکەنەوە ، وەکو (سلام)ی کوڕی (ابی الحقیق)و (أسیر)ی کوڕی (زارم). بەڵام گرنگی پێدانی موسڵمانەکان بە جولەکە زۆرلەوانە گەورەتر بووە بۆیە دەستیان لێ نەدەوەشاندن چونکە دوژمنێکی سەرسەختتر لە ئارادا هەبوو کە بریتی بوو لە قوڕەیش بەرامبەر موسڵمانان وەستابوو ، کە ئەو بەرامبەر کێیە کۆتایی هات کەش و هەوا ساز بوو بۆ تەمێ کردنی ئەو تاوانبارانەو کاتی لێپرسینەوەیان نزیك بوو بووەوە.

دەرچوون بەرەو خەیبەر

(ابن اسحاق) دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ دوای گەڕانەوەی لە حودەیبیە مانگی (ذی الحجة)و هەندێك لە مانگی موحەڕەمیش تێپەڕی لە مەدینەدا مایەوە ، هەر لە مانگی موحەڕەمدا بەرەو خەیبەر کەوتە ڕێ.

زانایانی تەفسیر دەڵێن: فەتح کردنی خەیبەر بەڵێنێکی خودایی بوو لە ئایەتدا باسکراوە ﴿ وَعَدَكُمْ اللَّهُ مَغَانِمَ كَثِيرَةً تَأْخُذُونَهَا فَعَجَّلَ لَكُمْ هَذِهِ ﴾ الفتح/٢٠. واتە : خودای گەورە بەڵێنی دەستکەوتێکی زۆری پێداون کە لەدوژمنانی دەستێنن، بەڵام ئەمەی بۆ پێشخستن. (واتە سوڵحی حودەیبیە)، مەبەست لەدەستکەوتە گەورەکەش خەیبەرە.

ژمارەی سوپای ئیسلامیی

کاتێك کە دووڕووان و دەروون نەخۆشەکان لە سوڵحی حودەیبیەدا لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دواکەوتن ، خوای گەورە لەبارەیانەوە فەرمانیدا بە پێغەمبەر ﷺ و فەرمووی: ﴿ سَيَقُولُ الْمُخَلَّفُونَ إِذَا انطَلَقْتُمْ إِلَى مَغَانِمَ لِتَأْخُذُوهَا ذَرُونَا نَتَّبِعْكُمْ يُرِيدُونَ أَنْ يُبَدِّلُوا كَلَامَ اللَّهِ قُلْ لَنْ تَتَّبِعُونَا كَذَلِكُمْ قَالَ اللَّهُ مِنْ قَبْلُ فَسَيَقُولُونَ بَلْ تَحْسُدُونَنَا بَلْ كَانُوا لاَ يَفْقَهُونَ إِلاَّ قَلِيلاً ﴾ الفتح/١٥. واتە: دواکەوتەکان دەڵێن ئەگەر دەرچوون بۆ سەندنی دەستکەوت ڕێگەمان بدەن باشوێنتان بکەوین ، ئەوانە دەیانەوێت کەلامی خودا بگۆڕن ، پێیان بڵێ هەرگیز بەدواماندا نایەن ، خوای گەورەیش پێشتر وای فەرمووە ، ئەوانە دەڵێن ئێوە حەسوودیمان پێ دەبەن ، بەڵام لەڕاستیدا ئەوانە کەمێك نەبێت لە هیچ تێناگەن.

کە پێغەمبەر ﷺ ویستی بڕوات بۆ خەیبەر ، ڕایگەیاند کە شەیدایانی جیهاد نەبێت نابێت کەس لەگەڵیدا بڕواتە دەرەوە ، بۆیە جگە لەو هەزارو چوارسەد کەسەی ژێر درەختەکە کەس لەگەڵیدا نەکەوتە ڕێ.

(سباع)ی کوڕی (عرفطة)ی (غفاری)ی بەسەر مەدینەوە دانا ، بەڵام (ابن اسحاق) دەڵێت : (نميلة)ی کوڕی (عبدالله) ی (ليثي) داناوە ، پێدەچێت ڕای یەکەم لای لێکۆڵەرەوان ڕاستتر بێت.

[1] بڕوانە (فتح الباري) ٧/٤٦٥ (زاد المعاد) ٢/١٢٣

لەوكاتەدا بوو (ابو هريرة) هات بۆ مەدینەو موسڵمان بوو ، چووە لای (سباع)ی کوڕی (عرفطة)ی (غفاری) لە نوێژی بەیانیدا ، کە لە نوێژەکەی بوەوە چووە لای و توێشووی ڕێگەی لێ وەرگرت ، ئەنجا چوو بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ و قسەی لەگەڵ موسوڵمانەکاندا کردو لەپشکی دەستکەوت بەشیاندا.

پەیوەندی کردنی دووڕووان بە جولەکەوە

دووڕووان کاریان بۆ جولەکە دەکرد ، سەرکردەی دووڕووان (عبدالله)ی کوڕی (ابی) هەواڵیدا بەجولەکەی خەیبەر کە موحوممەد بەرەو ئێوە دێ ، ئاگاداربن و هیچ لێی مەترسن ، ئێوە ژمارەتان زۆرەو چەك و تفاقی باشتان هەیە ، کۆمەڵەکەی موحەممەدیش چەند کەسێکی پەرتەوازەی کەمن ، چەك و تفاقێکی کەمیان پێیە. کە خەڵکی خەیبەر بەوەیانزانی (کنانە)ی کوڕی (أبی الحقیق)و (هوذة)ی کوڕی (قیس)یان نارد بۆلای (غطفان) بۆ داوای کۆمەك ، چونکە هاوپەیمانی جولەکەی خەیبەر بوون ، دژ بە موسوڵمانەکان هەموو پیشتیوانیەکیان دەکردن . (غطفان) ئەو مەرجەیان لەسەر جولەکەی خەیبەر دانا کە ئەگەر هاتوو سەرکەوتن بەسەر موسوڵمانەکاندا نیوەی بەروبوومی خەیبەریان بدەنێ.

ڕێگەی چوون بەرەو خەیبەر

پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆشتنیدا بەرەو خەیبەر شاخی (عصر)ی گرتەبەر ، پاشان بەرەو (صهباء)و پاشان چووە چەقێك پێی دەڵێن (رجیع) ، لەو شوێنەوە تا (غطفان) ماوەی شەوو ڕۆژێك پیادە ڕێیە ، کە (غطفان) هەواڵیان پێگەیشت ، کەوتنە ڕێ بەرەو خەیبەر بۆ یارمەتیدانی جولەکە ، کە گەیشتنە نیوەی ڕێگە دەنگوباسێك کەوتە بەرگوێیان وایان زانی موسوڵمانەکان داویانە بەسەر ماڵ و منداڵ و سەروەت و سامانەکەیاندا ، بۆیە خێرا گەڕانەوەو نەیانتوانی هیچ کۆمەکیەکی جولەکەی خەیبەر بکەن.

پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ هەردوو ڕێبەری سوپاکەی بانگکرد ، یەکێکیان ناوی (حسیل) بوو ، تا گونجاوترین ڕێگەیان نیشان بدەن ، لە ڕێگەی باکورەوە ـ واتە لە ڕووی شامەوە ـ خۆیان بکەن بە خەیبەرداو نەهێڵن جولەکەی خەیبەر بەرەو شام یان خێڵی (غطفان) هەڵبێن.

یەکێك لە دوو ڕێبەرەکە وتی: من ڕێگەت نیشان دەدەم پێغەمبەری خوا ﷺ کەوتەڕێ تا گەیشتە چەند ڕیانێك وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ هەریەکێك لەم ڕێگایانە دەکرێت بمانگەیەنێتە شوێنی مەبەست . پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێدا کە

ناوی سەرە ڕێگاکانی پێ بڵێت ، ڕێبەرەکە وتی : یەکێکیان ناوی ڕێگای (حزن) ە ، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگەی نەدا لەوێوە بڕۆن. کابرا وتی: ڕێگەیەکی تریان ناوی (شاش)ە. ئەویشی ڕەت کردەوە. وتی: یەکێکی تریان ناوی (حاطب)ە. لەوێشەوە نەڕۆشت. ئەنجا (حسیل) وتی: تەنها یەك ڕێگەیان ماوە. (عمر) فەرمووی: ناوی چی‌یە؟ کابرا وتی: ناوی (مرحب)ە. پێغەمبەر ﷺ لەو ڕێگەیەوە ڕۆشت.

چەند ڕووداوێك لە ڕێگەدا

[1]. لە (سلمە)ی کوڕی (أکوع)ەوە دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەردا بەشەو دەرچووین بەرەو خەیبەر ، پیاوێکی ناو سوپاکە بە (عامر)ی شاعیری وت: ئەرێ شیعرێکی خۆتمان نادەی بەگوێدا ؟ (عامر) بەدەنگەوە کەوتە شیعر خوێندنەوەو وتی:

اللهم لولا أنت ما اهتدينا ولا تصدقنـــا ولاصلينا
فاغفر فداء لك ما اتقينا وثبت الأقدام إن لاقينـــا
وألقـــين سكـــينة علينا إنا إذا صيح بنا أبينـــا
وبالصياح عولوا علينا

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەوە کێیە ئەو شیعرە دەخوێنێتەوە؟ وتیان: (عامر)ی کوڕی (أکواع)ە. فەرمووی: خوا ڕەحمی پێ بکات. کابرایەك وتی: بەڕاستی ئەو دوعایە بووە ماڵ بەسەریەوە ، خۆزگە زیاتر لەناوماندا بوایە . هاوەڵان دەیانزانی کە پێغەمبەر ﷺ دوعای لێخۆشبوونی تایبەتی کرد بۆ هەرکەسێك شەهید دەکرێت ، ئەوەبوو لە جەنگی خەیبەردا (عامر) شەهید بوو.

[2]. لە ڕێگەدا خەڵکەکە گەیشتنە سەر دۆڵێك بەدەنگی بەرز دەستیان کرد بەوتنی (الله اکبر، الله اکبر، لا إله إلا الله). پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: کەمێك لەسەرخۆ بن ، ئێوە کەسێك بانگ دەکەن کە چاوو گوێی لێتانەو زۆر نزیکە .

[3]. لە (صهباء)ی نزیك خەیبەریشەوە نوێژی (عصر)ی کردو ، بانگی کرد توێشووی خواردنەکە بهێنن ، جگە لە (قاوت) شتێکی دیکەیان پێنەبوو ، فەرمانی دا دانرێت ، خۆی لێی خوارد ، موسوڵمانانیش لێیان خوارد. پاشان تەشریفی هەستاو نوێژی مەغریبی کردو کەمێك وەستا ، خەڵکەکەش وەستان ، پاشان هەستاو بێ دووبارە کردنەوەی دەست نوێژ نوێژی عیشای بۆ کردن.

---

[1] . صحيح البخاري، باب (غزوة خيبر) ٦٠٣/٢ صحيح مسلم، باب غزوة (ذي قرد)و هی‌تریش ١١٥/٢.
[2] هەمان دوا سەرچاوە
[3] صحيح البخاري ٦٠٥/٢
[4] هەمان سەرچاوە ٦٠٣.٢
[5] . مغازي الواقدي (غزوة خيبر) ل١١٢

سوپای ئیسلام بەرەو شوراکانی خەیبەر

ئەو شەوە کە بۆ سبەینێ شەڕی خەیبەری تێدا قەوما ، موسوڵمانەکان لە نزیک خەیبەرەوە شەویان کردەوە ، جولەکە هیچ هەستیان پێنەکردن ، پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر بچوایە سەر هەر کۆمەڵێك تا بەرەبەیان نزیکیان نەدەکەوتەوە ، کە بەرەبەیان بوو نوێژی بەیانی بەتاریکی کرد ، موسوڵمانان سوار بوون ، کە ڕۆژ بوەوە خەڵکی خەیبەر بەبێ ئاگایی بەپاچ و خاکەنازەوە بەرەو مەزراکانیان دەچوون . کە سوپاکەیان بینی هاواریان کرد: ئەرێ وەڵڵا ئەوە موحەممەدە هاتە سەرمان. بەڕاکردن گەڕانەوە بەرەو شار. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (الله اكبر ، خەیبەر وێران بوو ، الله اكبر ، خەیبەر وێران بوو ، هەرکاتێك چووینە مەیدانی کۆمەڵێك ، خوایە ڕۆژێکی خراپیان بەسەردا بهێنێت)[1].

پێغەمبەری خوا ﷺ شوێنێکی دیاری کرد بوو بۆ سەربازگەکەی ، (حباب)ی کوڕی (منذر) وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم دابەزینەت لێرەدا فەرمانی خودایە ، یان هەڵوێستێکی سەربازیە؟ فەرمووی: بەڵکو ئەمە ڕاو هەڵوێستێکی سەربازییە دەکرێت قسەی تێدا بکەین . وتی: پێغەمبەری خوا ، ئەم جێگەیە لە قەڵای (نطاة)ەوە نزیکە. هەموو جەنگاوەرەکانی خەیبەر لەوێدان . ئەوان ئێمە دەبینین و دەڕواننە بەسەرماندا ، لەکاتێکدا ئێمە ئەوان نابینین ، تیریان دەگاتە ئێمە ، بەڵام تیرەکانی ئێمە ناگاتە ئەوان. دڵنیاش نابین لەوان ، زیاد لەوە ئێمە لەناو ئەم دارخورمایانەدا بوار دەدەین شەو بدەن بەسەرماندا. ئینجا ئێرە زەویەکی فشەڵە ، ئەگەر فەرمان بدەیت لەم شوێنە خراپەوە بڕۆینە شوێنێکی‌تر. فەرمووی: ڕایەکەتم پێ باشە. ئەوەبوو چوونە شوێنێکی ترەوە.

کە نزیکبوونەوە لە خەیبەرو ڕوانیان بەسەر شارەکەدا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : بوەستن . سوپاکە وەستا. ئەم نزایەی خوێند:

﴿ اللَّهمَّ رَبَّ السَّمَواتِ السَّبْعِ وَما أَظْلَلْنَ ، وَرَبَّ الأَرْضِينَ السَّبْعِ وَمَا أَقْلَلْنَ ، وَرَبَّ الشَّياطِينِ وَمَا أَضْلَلْنَ ، فَإِنّا نَسْأَلُكَ خَيْرَ هَذِهِ القَرْيَةِ ، وَخَيْرَ أَهْلِها ، وَخَيْرَ ما فِيها ، وَنَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ هَذِهِ القَرْيَةِ ، وَشَرِّ أَهْلِها ، وَشَرِّ مافِيها ، أَقْدِمُوا بِإِسْمِ اللّهِ ﴾ .

[1] / صحيح البخاري، باب (غزوة خيبر) ٢/٦٠٣، ٦٠٤

خۆ سازدان بۆ شەڕو قەڵاکانی خەیبەر

کە شەوی پێکدادانەکە هات ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەم ئاڵایە دەدەمە دەست کەسێك خوداو پێغەمبەری خۆش بوێت و خوداو پێغەمبەریش ئەویان خۆش بوێت. کە ڕۆژ بووەوە هەموو هاوەڵان لە خزمەت پێغەمبەری خوادا ﷺ وەستان ، هەموویان ئاواتیان دەخواست ئاڵاکەی بدرێتە دەست ، فەرمووی: کوا (علی) کوڕی (أبی طالب). وتیان: پێغەمبەری خوا ، چاوی دەئێشێت . فەرمووی: بنێرن بەشوێنیدا. هێنایان. پێغەمبەری خوا ﷺ تفی‌دا لەچاویو دوعای بەسەردا خوێند چاك بووەوە ، وەکو هیچ ئازارێکی نەبووبێت ، ئەنجا ئاڵاکەی دایەدەست، (علی) فەرمووی: پێغەمبەری خوا ﷺ شەڕیان لەگەڵدا دەکەم تا دەیانشکێنین. فەرمووی: لەسەرخۆ بڕۆ ، تادەڕۆیتە مەیدانیان ، پاشان بانگیان بکە بۆ ئیسلام و پێیان بڵێ ئەگەر موسوڵمان ببن ماف و ئەرکەکانیان چی و چۆن دەبێت ، وەڵڵاهی ئەگەر خودا بەهۆی تۆوە هیدایەتی یەك کەس بدات بۆ تۆ باشترە لە موڵکی (حمر النعم).

شاری خەیبەر دوو بەش بوو ، بەشێکیان پێنج قەڵای تێدا بوو:

١. قـەڵای (ناعم).

٢. قـەڵای (صعب)ی کوڕی (معاذ).

٣. قـەڵای (زبیر).

٤. قـەڵای (أبی).

٥. قـەڵای (نزار).

سێ قەڵای یەکەم دەکەوتنە شوێنێکەوە پێی دەوترا (نطاة) ، دوو قەڵاکەی تریش دەکەوتنە شوێنێکەوە پێی دەوترا (شق).

بەشی دووەمیش بە (کتیبە) ناودەبرا ، سێ قەڵای تێدا بوو:

١. قـەڵای (قموص) ، کەبریتی بوو لەقەڵاکەی (بنی ابی‌الحقیق) لەخێڵی (بنی النضیر).

٢. قـەڵای (وطیح).

٣. قـەڵای (سلالم).

لەناو خەیبەردا جگە لەو قەڵاو شوڕایانە هی‌تریش هەبوو، بەڵام بچوك بوون و نەدەگەیشتنە ئاستی قەڵاکانی تر ، لە پتەوی و بەرزیدا.

شەڕە خوێناویەکە لەبەشی یەکەمی قەڵاکاندا بوو، سەبارەت بەبەشی دووەمیش لەگەڵ بوونی ژمارەیەکی زۆری چەکدار لەناویاندا . کەچی بەبێ شەڕ خۆیاندا بەدەستەوە.

١ / هەرلەبەر ئەو ئازارە بوو کەلەسەرەتادا نەیتوانی لەگەڵ سوپاکەدا بکەوێتە ڕێو. دوایی پێیان گەیشتەوە

٢ /صـحیح البخاری (بـاب غـزوة خیبر) ٢/٥٠٥، ٦٠٦ لەهەندێ ریوایەتدا هاتووە کەدوای ئەوەی چەندجارێ هێرشی موسوڵمانەکان شکست دەهێنێت ئەنجا ئاڵاکە دەدرێتە دەست (علی) بەڵام ڕاوبۆچوونی یەکەم لای لێکۆڵەرەوان پەسەندترە

دەستپێکردنی شەڕو ڕزگارکردنی قەڵای (ناعم)

یەکەم قەڵایەك لەنێوەندی هەموو قەڵاکاندا ، کە موسوڵمانەکان هێرشیان کردە سەری قەڵای (ناعم) بوو، چونکە ئەو قەڵایە هێڵی بەرگریی ستراتیژی یەکەمی جولەکە بوو، ئەم قەڵایە ، قەڵای (مرحب)ی پاڵەوان بوو کەزیاتر لەهەزار کەسی تێدا بوو.

(علی) کوڕی (ابی طالب) چووە بەردەم ئەو قەڵایەو بانگی جولەکەی کرد بۆ ئیسلامەتی ، ڕەتیان دایەوەو ، لەگەڵ (مرحب)ی سەرۆکیاندا کەوتنە سنگ دەرپەڕاندن ، کە هاتەدەرەوە چووە مەیدانی شەڕو بانگی کرد بۆ شەڕی یەك بەیەك. (سلمە)ی کوڕی (اکواع) وتی: کە چووینە خەیبەر (مرحب)ی سەرۆکیان شمشێرەکەی گرت بەدەستەوەو ڕای دەوەشاندو دەیوت:

قد علمت خيـــبر أني مـــرحب   شـــاكي السلاح بطـــل مـــجرب

اذا الحـــروب أقبـــلت تلـــهب

ئەوجا (عامر)ی مامم بۆی چوو دەیوت:

قد علمت خيـــبر أنـــي عـــامر   شـــاكي السلاح بطـــل مغـــامر

کەوتنە شەڕ لەگەڵ یەکدا ، شمشێرەکەی (مرحب) چوو بەناو قەڵغانەکەی (عامر)دا ، (عامر) ویستی شمشێرێکی لێبدا ، شمشێرەکەی کورت بوو نەیگەشتێ ، ویستی بیدا لە قاچی کابرای جولەکە بەری نەکەوت ، دەستی هەڵگەڕایەوەو نوکی شمشێرەکەی بەر کلاوەی ئەژنۆی کەوتو وەفاتی کرد . پێغەمبەر ﷺ لەبارەیەوە فەرمووی : ئەو پیاوە دوو پاداشتی هەیە ـ لەگەڵ وتنی ئەم ڕستەیەدا هەردوو پەنجەی پێکەوە لکاند ـ ئەو پیاوە (جاهد)و (مجاهد)ەو کەم کەسی عەرەب هەیە ئەو شەرەفەی وەرگرتبێت.

دوای ئەوە جارێکیتر (مرحب) بانگەشەی کردەوە بۆ شەڕی یەك بەیەكو دەستی کرد بە خۆڕاوەشاندنو شیعر خوێندنەوە:

قد علمت خيـــبر أني مـــرحب ... هتد.

(علی) کوڕی (ابی طالب) بۆی چووە دەرەوە ، (سلمە)ی کوڕی (اکوع) دەڵێت: (علی) فەرمووی:

أنا الذي ســـمتني أمي حيـــدره   كليث غـــابات كـــريه المنظـــره

أو فيـــم بالصاع كيـــل السنـــدره

[1] صحيح مسلم ، باب (غزوة خيبر) ١٢٢/٢ باب (ذي قرد وغيرها) ١١٥/٢، صحيح البخاري (باب غزوة خيبر) ٦٠٣/٢

(علی) شمشێرێکی‌دا لەسەری (مرحب)و کوشتی‌و فەتح‌و ڕزگاری لەسەر دەستیدا پەیدابوو.

کە (علی) لەقەڵاکانیان نزیکبوەوە جولەکەیەك لەسەر قەڵاکەوە سەری دەرکێشاو وتی: تۆ کێیت؟ فەرمووی: من (علی) کوڕی (ابی طالب)م. کابرای جولەکە وتی: سوێندم بەو پەڕاوەی دابەزیوە بۆ سەر موسا ، ئێوە سەرکەوتن بەسەرماندا.

پاشان (یاسر)ی کوڕی (مرحب) هاتە دەرەوەو هاواری کرد: کێ دێتە مەیدانم؟

(زبیر) چووە مەیدانی.

(صفیة)ی دایکی (زبیر) خەم دایگرت‌و وتی بە پێغەمبەر ﷺ : پێغەمبەری خوا کوڕەکەم ، ئەو کوڕەکەم دەکوژێت.پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : بەڵکو کوڕەکەی تۆ ئەو دەکوژێت ، ئەوە بوو (زبیر) (یاسر)ی کوشت.

ئیدی شەڕێکی خوێناوی بەدەوری قەڵای (ناعم)دا بەرپابوو ، چەندین سەرکردەی جولەکەی تێدا کوژراو بەهۆیەوە وەرەی جولەکە ڕووخاو نەیان دەتوانی بەری شاڵاوی موسوڵمانەکان بگرن. سەرچاوەکان دەڵێن کە موسوڵمانان لەو ڕۆژەدا بەرەنگاریەکی زۆر توند کراون . بەڵام لەکۆتاییدا جولەکە نائومێد بوون لە وەستاندنی هێرشی موسوڵمانەکان . وردە وردە لەم قەڵاوە بۆ قەڵای (صعب) کەوتنە ڕاکردن و هەڵاتن ، ئیتر موسوڵمانەکان قەڵای (ناعم)یان گرت.[1]

ڕزگارکردنی قەڵای (صعب) ی کوڕی (معاذ)

لە ڕووی هێزو پتەویەوە قەڵای (صعب) دووەمین قەڵابوو ، موسوڵمانەکان شاڵاویان بردە سەری بە سەرکردایەتی (حباب)ی کوڕی (منذر)ی (انصاری)و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ئابلۆقەیاندا ، لە ڕۆژی سێیەمدا پێغەمبەر ﷺ نزایەکی تایبەتی کرد بۆ گرتنی ئەو قەڵایە.

(ابن اسحاق) دەگێڕێتەوە: کە خێڵی (بنی سهم) هاتنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و عەرزیان کرد: بەڕاستی ماندووبووین و هیچمان بەدەستەوە نەماوە چی بکەین ؟ ئەنجا پێغەمبەری خوا نزای کرد فەرمووی: (خوای گەورە ، تۆ بە حاڵیان

[1] لەنێو سەرچاوەکاندا جیاوازی هەیە لەسەر ئەو کەسەی (مرحب)ی کوشتووەو ئەو ڕۆژەی کەتیایدا کوژراو ڕۆژی گرتنی قەڵاکە، هەندێ لەجیاوازیەکن کەتورنەتە دەقە (صحیح)ەکانیشەوە. ئەم بۆچوونەمان پاش هەڵسەنگاندنی ڕاکان لە ڕیوایەتێکی بوخاریەوە وەرگرتووە

دەزانی ، ئەمانە هێزیان لەبەر براوە ، منیش هیچم لەدەستدا نی‌یە ، بۆیان بکەم ، خوایە گەورەترین قەلاَیان بدەیتە دەست موسوڵمانان ، ئەو قەلاَیەیان کە دەوڵەمەند ترینیانەو زۆرترین خۆراكو گۆشتی تێدایە). ئەو ڕۆژە شالاَویان بردە سەر قەلاَکەو گرتیان ، لە هەموو خەیبەردا قەلاَی تێدا نەبوو بەئەندازەی قەلاَی (صعب) خۆراكو گۆشتی تێدا بێت.

کە پێغەمبەر ﷺ هانی موسوڵمانانی‌دا بۆ هێرش کردنە سەر ئەو قەلاَیە پاش خوێندنی نزاکەی ، (بنو أسلم) لەپێشەوەی هێرش بەرەکاندا بوون ، لەبەردەم قەلاَکەدا شەڕو کوشتارێکی خوێناوی ڕوویدا ، پاشان هەر لەو ڕۆژەدا پێش خۆرئاوا بوون قەلاَکە گیرا ، موسوڵمانەکان لەو قەلاَیەدا چەندین مەنجەنیق و ئاگرپڕژێن‌و کەرەستەی جەنگیان گرت.

بەهۆی برسێتی ئەو ڕۆژەوە کە لە ریوایەتەکەی (ابن اسحاق)دا هاتووە هەندێك لە ئەندامانی سوپاکەی پێغەمبەر ﷺ گوێدرێژیان سەربڕی و خستیانە سەر مەنجەڵ بۆ خواردن ، کە پێغەمبەر ﷺ بەوەی زانی قەدەغەی کرد گۆشتی گوێدرێژ بخۆن.[1]

فەتح کردنی قەلاَی (زبیر)

پاش ڕزگارکردنی هەردوو قەلاَی (ناعم)و (صعب) ، جولەکە لە هەموو قەلاَکانی (نطاة) ڕایانکرد بۆقەلاَی (زبیر) ، ئەم قەلاَیە قەلاَیەکی پتەوی سەختە لەسەر قوللەیەکە ، مرۆڤو ئەسپ ناتوانن بەهۆی سەختیەوە پێیدا سەربکەون ، پێغەمبەری خوا ﷺ ئابلۆقەیدان ، ئابلۆوقەکە سێ ڕۆژی خایاند ، ئەنجا کابرایەکی جولەکە هات‌و وتی: (أبو القاسم) ئەگەر تۆ لێرەدا یەك مانگی تریش ئابلۆقەیان بدەیت هیچ باکیان نی‌یەو گوێ نادەنێ ، چونکە ڕێچکەی ئاوو کانیاویان هەیە لەژێر زەویداو ، شەوانە دەردەچن و لێی دەخۆنەوەو ، دەگەڕێنەوە بۆناو قەلاَکەو بەرگریی دەکەن ، خۆ ئەگەر ئەو سەرچاوەی ئاوەیان لێ ببڕیت چۆك دادەدەن و بۆت دێنە دەرەوە. ئاوەکەیان بڕین ، هاتنە دەرەوەو شەڕێکی سەختیان کردو هەندێك لە موسوڵمانەکانیشیان شەهید کرد ، دە کەسیش لە جولەکە کوژران‌و لەئاکامدا پێغەمبەر ﷺ ئەو قەلاَیەشی ڕزگار کرد.

[1] ابن هشام (بە پوختەیی) ٢ ٣٣٢

فەتح كردنی قەڵای (أبـی)

پاش فەتحکردنی قەڵای (زبير) جولەكە خۆیان كرد بە قەڵای (ابی)داو خۆیان تێدا حەشاردا ، موسوڵمانەكان ئابڵوقەی ئەویشیاندا ، دوو پیاوی جولەكە بەدوای یەكدا هاتنە مەیدانی شەڕی یەك بەیەك ، دوو پیاوی موسوڵمانیان بۆ چوو هەردووكیان كوشتن ، ئەو كەسەی پیاوە جولەكەكەی دووەمی كوشت پاڵەوانی ناودار (أبو دجانە) (سماك)ی كوڕی (خرشە)ی (أنصاری) بوو كە هەموو جارێك پەڕۆ سوورەكەی بەسەریەوە دەبەست ، دوای كوشتنی ئەو جولەكەیە (أبو دجانە) بەرەو قەڵاكە ڕایكرد بۆ فەتحکردنی ، موسوڵمانەكانیش بەدوایدا هێرشیان برد ، لەناو قەڵاكە شەڕێكی خوێناویی ڕوویدا ، لەوێش هەڵیانكەندن‌و ڕایانكرد بەرەو قەڵای (نزار) كەدوا قەڵاگەی بەشی یەكەمی قەڵاكانی خەیبەر بوو.

فەتح كردنی قەڵای (نـزار)

ئەم قەڵایە پتەوترین قەڵای بەشی یەكەم بوو ، جولەكە متمانەی تەواویان هەبوو ، كە هەرگیز ئەو قەڵایە ناگیرێت ، باهەموو تواناییەكیشیان بخەنەگەڕ لەو ڕێگەیەدا ، لەبەرئەوە لەو قەڵایەدا لەگەڵ ژن و منداڵەكانیان دانیشتن ، پێشتر قەڵاكانی دیكەیان لە ژن‌و منداڵ چۆڵ كردبوو.

موسوڵمانەكان ئابڵوقەیەكی زۆر توندیان بەسەر قەڵاكەوە دانا ، بەتوندی فشاریان دەخستە سەریان بەڵام لەبەر ئەوەی قەڵاكە بەشاخێكی بەرزەوە بوو هیچ بوارێك نەبوو بۆ هێرش كردنە سەری ، جولەكەش نەیاندەوێرا لە قەڵاكە بێنە خوارەوە بۆ شەڕكردن لەگەڵ هێزە ئیسلامیەكەدا ، بەڵام بە تیر هاوێشتن‌و بەرد باران بەرەنگاریان دەكرد.

كە موسوڵمانەكان نەیانتوانی قەڵاكەی (نزار) بگرن ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیدا ئاگرپرژێنەكان ئامادەو ساز بكرێن ، پێدەچێت چەند ئاگركۆیەكیان هەڵدابێتە ئەو دیو قەڵاكەوەو دیوارو پایەكانیان لەرزاندبێت و چوونە ناویەوەو. لەناو قەڵاكەدا شەڕێكی قورس ڕوویدا، جولەكە لەوێدا توشی شكستێكی خراپ هاتن، چونكە نەیان توانی لەو قەڵایە ڕاكەن بۆ قەڵایەكی‌تر، هەروەكو لە قەڵاكانی تردا ئەوەیان دەكرد، بەڵكو ئەوەی كەبۆی كرا ڕابكات هەڵات لەو قەڵایەو ژن‌و منداڵەكانی بەجێهێشت بەدوای خۆیدا.

پاش فەتحکردنی ئەو قەڵایەش بەشی یەكەمی قەڵاكانی خەیبەر فەتح كرا ، كە بریتی بوو لە دیوی (نطاة)و (شق) هەر لەو جێگەیەدا چەند قەڵایەكی بچووكی تری

تێدابوو، بەڵام جولەکە کەبینیان ئەو قەڵاسەختە گیرا ، دەستبەجی ئەو قەڵایانەشیان بەجێهێشت . هەڵاتن بەرەو بەشی دووەمی خەیبەر.

فەتح کردنی بەشی دووەمی قەڵاکانی خەیبەر

کە هەردووبەشی (نطاة)و(شق) فەتح کران، پێغەمبەری خوا ﷺ بە سوپاکەیەوە ڕووی کردە خەڵکی کەتیبەو (وطیح) و (سلالم) لە قەڵاکەی (ابی الحقیق) ی خێڵی (بنی نظیر) دا ، هەرچی هەڵاتووەکانی بەشی (نطاة)و (شق) هەبوو ڕایان کردبووە ئەوێ و لەو قەڵایەدا خۆیان توند کردبوو.

(سیرەت)نووسان جیاوازیان هەیە لەوەدا ئایا لەو قەڵایانەدا شەڕ ڕووی دابێت یان نا، چونکە ڕەوتی گێڕانەوەکەی (ابن اسحاق) ڕوونە لەبارەی گرتنی قەڵای (حموص) ەوە. بگرە لەڕەوتی گێڕانەوەکەدا ئەوە دەردەکەوێت کە بەشەڕ گیرابێت و هیچ دانوستان و سوڵحێك نەبووبێت بۆ خۆبەدەستەوەدان .

(واقدی)یش ڕاشکاوانە دەڵێت: قەڵاکانی ئەم سێ بەشە پاش دانوستان گیراون، دەکرێت دانوستانەکە بۆ بە دەستەوەدانی قەڵای (حموص) بووبێت پاش ئەوجەنگە خوێناویە ، دووقەڵاکەی تریش بەبێ شەڕ دراونەتە دەست موسوڵمانان.

هەرچۆنێك بێت کە پێغەمبەر ﷺ هات بۆ ئەم بەشە - کەتیبە - ئابلۆقەیەکی توندی سەپاند بەسەریاندا ، چواردە ڕۆژی خایاند ، جولەکە لە قەڵاکانیان نەهاتنە دەرەوە ، تاگەیشتە ئەوەی پێغەمبەر ﷺ بەئاگرپژێن لێیان بدات ، کە دڵنیا بوون لە تیاچوون داوایان کرد لە پێغەمبەر ﷺ سوڵحیان لەگەڵدا بکات.

دانـــوستــــان

(إبن أبی الحقیق) نامەی نارد بۆ پێغەمبەر ﷺ و تیایدا وتبوی: دەکرێت دابەزمو قسەت لەگەڵدا بکەم؟ فەرمووی: بەڵێ. سوڵحیان کرد لەسەر نەڕشتنی خوێنی ئەوانەی لەناو قەڵاکەدان و دەستبەردار بوونی ژنو منداڵەکان تا لەگەڵیان بڕۆنو ، خۆیانو ماڵومناڵیان دەبێت لەخەیبەر دەرچن و جگە لەبارێك بەئەندازەی کۆڵە پشتێکی مرۆڤ هەرچی ماڵو سامانو خاكو زێڕو زیویان هەیە ، بەجێبهێڵن بۆ پێغەمبەر ﷺ .

[1] / ابن هشام ٢/٣٣١، ٣٣٦، ٣٣٧

[2] بەڵام لەگێڕانەوەکەی (ابی داود)دا موسوڵمانەکان بەڵێنیاندا ڕێگە بدەن جولەکە لەخەیبەر دەربچێت و هەرچی ماڵو سامانێك بە سواری وشتر دەڕوات لەگەڵ خۆیاندا ببەن (بڕوانە . سنن ابی داود . باب ماجاء في حکم ارض خیبر ٢ ٧٦)

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەگەر هەرچییەکم لێ بشارنەوە لە وادەو پەیمانی خوداو پێغەمبەرەکەی بێبەش بن. ئەوانیش لەسەرئەوە سوڵحیان لەگەڵدا کرد ، پاش ئەو سوڵحکردنە هەموو قەڵاکان درانە دەست پێغەمبەر ﷺ و بەو شێوەیە قەڵای خەیبەر فەتح کرا.

کوشتنی (إبن أبی الحقیق) لەسەر پەیمانشکێنی

لەگەڵ بەستنی ئەو ڕێککەوتنەشدا هەردوو کوڕەکەی (ابی الحقیق) ماڵ و سامانێکی زۆریان شاردبوەوە ، بڕێکی زۆر ماڵ و خشڵی (حیی) کوڕی (أخطب) یان حەشاردابوو کە پێشتر لە دەرکردنی (بنو النضیر)دا لەگەڵ خۆیدا هێنابووی بۆ خەیبەر.

(ابن اسحاق) دەڵێت: (کنانة)ی کوڕی (ربیع)یان هێنایە خزمەت پێغەمبەر ﷺ ، کە گەنجینەکەی (بنو نضیر)ی لەلا بوو ، پێغەمبەر ﷺ داوای کرد . نکوڵی کرد کە بزانێت شوێنەکەی لەکوێدایە ، کابرایەکی جولەکە هات وتی: من (کنانة)م چەند جارێك دیوە بە دەوری ئەو کەلاوەیەدا بەیانیان دەهات و دەچوو ، ئەنجا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی بە (کنانة): ئەگەر لەلای تۆ دۆزیمانەوە بتکوژین؟ وتی: بەڵێ. ئەنجا پێغەمبەر ﷺ فەرمانیدا بە هەڵکەندنی شوێنەکە. هەڵکەنرا ، هەندێك لەگەنجینەکەی تێدا دۆزرایەوە ، پاشان هەواڵی بەشەکەی تری لێ پرسی. (کنانة) هیچی نەوت. ئەنجا دایەدەست (زبیر)و فەرمووی: ئازاری بدە تا قسە دەکاتو شوێنی ئەوەکەی ترمان پێدەڵێت. (زبیر) ئەڵقەیەکی کردە ملی (کنانة)و چووە سەرسنگی تەنگە نەفەسی کرد ، ئەنجا پێغەمبەر ﷺ دایەدەست (محمد)ی کوڕی (سلمە)و لەجیاتی (محمود)ی کوڕی (مسلمە)دا دای لە ملی (ئەم محمودە لەژێر قەڵای ناعمدا لەپاڵ دیوارێکدا وەستا بوو جولەکە جەنجەرێکیان دابوو بەسەریدا وەفاتی کردبوو).

(ابن قیم)یش دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرمانیدا بەکوشتنی هەردوو کوڕەکەی (ابی الحقیق) ئەو کەسەش دانیـنا بەدەستی ئەم دووانەدا لە شاردنەوەی گەنجینەکەدا ئامۆزای (کنانة) بوو.

(صفیة)ی کچی (حیی) کوڕی (أخطب) بەکۆیلەیی هێنرا بۆ پێغەمبەر ﷺ ژنی (کنانة)ی کوڕی (أبی الحقیق) بوو، تازە بووك بوو.

---

[1] زاد المعاد ١٣٦/٢

دابەشکردنی دەستکەوتەکانی شەڕ

پێغەمبەری خوا ﷺ ویستی جولەکە لە خەیبەریش دەربکات ، وتیان: ئەی موحەممەد، ڕێگەمان بدە با لەم زەویەدا بمێنینەوەو چاکی بکەین‌و . سەروکاری دەکەین . ئێمە لە ئێوە باشتر زەویەکە دەناسین. پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانیش کورانێکی وەهایان نەبوو سەروکاری ئەو زەویانە بکات ، بۆیە خەیبەری دایەوە بەجولەکە بە مەرجێك لەهەر زەویەکدا نیوەی بەروبومەکەیان هەبێت ، (عبدالله)ی کوڕی (رواحة)ی کردە سەرپەرشتیار بەسەریەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ خەیبەری کرد بە سی‌وشەش پشکەوە ، هەرپشکێك سەد بەش بوو ، بۆیە بەشەکان بوونە سێ هەزارو شەش سەد پشك ، نیوەی ئەوە دانرا بۆ پێغەمبەر ﷺ و موسوڵمانەکان کە بریتی بوو لەهەزارو هەشت سەد پشك ، پێغەمبەری خوا ﷺ وەکو یەکێك لە موسوڵمانان یەك پشکی بەرکەوت . نیوەکەی تری جیاکردەوە کە بریتی بوو لەهەزارو هەشت سەد پشك، پشکێك بۆ لێقەوماوی‌و پێویستیی موسوڵمانان . چونکە دابەشکرا بوو بەسەر هەزارو هەشت سەد پشکداو . نازو نیعمەتێك بوو ڕژا بوو بەسەر خەڵکی حودەیبیەدا ئەوانەی لەوێدا بوون و ئەوانەش نەهاتبوون ، بۆ خۆیان هەزارو چوارسەد کەس بوون ، دووسەد سواریشیان لەگەڵدابوو هەر ئەسپێکیش دوو پشکی بەردەکەوت ، بۆیە دابەشکرا بەسەر هەزارو هەشت سەد پشکدا ، ئەسپ سوار سێ پشك‌و ، پیادەکانیش یەکی یەك پشکیان بەرکەوت.

ریوایەتەکەی (بخاری) لەبارەی زۆریی دەستکەوتەکانی خەیبەرەوە دیارە ، کە (ابن عمر) فەرموویەتی: پێشتر تێر بەسکی خۆمان نەبووین هەتا خەیبەرمان فەتح کرد ، هەروەها ئەو ریوایەتەی بوخاری لە (عائیشە)وە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: کاتێك فەتحی قەڵاکانی خەیبەر کرا، وتمان: ئیتر لەمەودوا تێر خورما دەخۆین . کە پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی گەڕایەوە بۆ مەدینە ، کۆچکەران پاش ئەوەی کە لەخەیبەردا ماڵ و باخی خورمایان دەستکەوت هەموو ئەو بەخششانەیان گێڕایەوە بۆ ئەنسارەکان کە پێشتر لە دارخورماو باخ پێیان دابوون.

---

[1] زاد المعاد ٢/١٣٧، ١٣٨

[2] صحيح البخاري ٢/٦٠٩

[3] زاد المعاد ٢/١٤٨، صحيح مسلم ٢/٩٦

گەڕانەوەی

(جعفر)ی کوڕی (أبي طالب) و ئەشعەریەکان

لەم غەزایەدا بوو کە (جعفر)ی کوڕی (ابو طالب)ی ئامۆزای پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەکانی و (أبو موسی)و ئەشعەریەکانی تریش گەڕانەوە بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ.

(ابو موسی) دەڵێت: ئێمە لە یەمەن بووین کە هەواڵی دەرچوونی پێغەمبەرمان پێگەیشت ، بەکۆچەریی چووینە ئەوێ - منو دوو برای ترم بووین - لەگەڵ پەنجاو ئەوەندە کەسی خزمی خۆمدا، سواری کەشتی بووین ، کەشتیەکە لای نەجاشی دایبەزاندین ، لەوێ گەیشتین بە (جعفر)و هاوەڵەکانی ، (جعفر) وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ ئێمەی ناردووە کە لێرە نیشتەجێ ببین ، ئێوەش لەگەڵ ئێمەدا بن. لەگەڵیان ماینەوە تا لەفەتحی خەیبەردا گەڕاینەوە بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ ، پشکی بەئێمەشدا، لەکاتێکدا پشکی نەدا بەهیچ کەسێك کە لەفەتحی خەیبەردا بەشداریی نەکردبێت ، ئەوە تەنها بۆ سەرنشینانی کەشتیەکە بوو.[1]

کە جەعفەر گەیشت بەخزمەت پێغەمبەر ﷺ پێشوازی لێکردو ماچی کردو فەرمووی : وەڵڵاهی نازانم بەکامیان دڵم خۆش بێت ؟ بەهاتنەوەی (جعفر) یان بە فەتح کردنی (خیبر).[2]

هاتنەوەی ئەوانە دوای ناردنی (عمرو)ی کوڕی (امیە)ی (ضمیری) بوو لە لایەن پێغەمبەرەوە ﷺ بۆ نەجاشیو، داوای فەرموو بوو کە بیان نێرێتەوە بۆی. نەجاشی بە دوو کەشتیدا هەموویانی ناردەوە ، ژمارەیان شانزە پیاو بوو لەگەڵ ئەو ژن و منالانەی لەوێ مابوونەوە ، پێشتریش هەندێکیان گەڕابوونەوە بۆ مەدینە.[3]

---

[1] . صحيح البخاری ٤٤٣/١، هەروەها بڕوانە (فتح الباری) ٧/ ٤٨٤، ٤٨٥، ٤٨٦، ٤٨٧

[2] / زاد المعاد ١٣٩/٢

[3] / محاظرات تاريخ الأمم الإسلامية للخضري ١٢٨/١

ماره کردنی (صفیه)

پاش کوژرانی (کنانة)ی کوڕی (أبی الحقیق)ی هاوسەری (صفیة) بەهۆی پەیمانشکێنیەوە ، کەنیزەکەکان کۆکرانەوە ، بەپێی سیستمی جەنگی ئەوکاتە (دحیە) داوای کرد لەپێغەمبەر ﷺ کەنیزەکێکی پێ ببەخشێت ، فەرمووی: ئەو کەنیزەکە بۆ تۆ. (دحیە)ش (صفیە)ی کچی (اخطب)ی هەڵبژارد ، پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ (صفیة)ی کچی (حیی) کە خانمی (بني قریظة)و (بنی نضیر)ە بەخشیوتە بە(دحیة)ی کوڕی (خلیفة)، ئەو خانمە بۆ تۆ باشترە، فەرمووی: پێی بڵێن بابیهێنێتەوە. هێنایەوە، کەپێغەمبەر ﷺ بینی فەرمووی کەنیزەکێکی تر ببە ، ئەنجا ڕووی کردە (صفیە)و بانگیکرد بۆ ئیسلام ، لەوێدا (صفیة) موسوڵمان بوو. پێغەمبەری خوا ﷺ ئازادی کردو مارەی کرد ، ئازادکردنەکەشی کردە مارەیی بۆی ، کەگەیشتنە بەنداوی (صهباء) بۆی حەڵاڵ بوو ، (أم سلیم) جیازیی بۆ کردو. شەو بۆیان گواستەوەو بوو بەژنی پێغەمبەر ﷺ . وەلیمەیەکی بۆ کرد بەهەندێك خورماو ڕۆنو قاوتو لە ڕێگە سێ ڕۆژ لەلای مایەوە.[1]

نیشانەیەکی سەوزی بەدەموچاوی (صفیە)وە بینی پرسیاری کرد: ئەوە چی‌یە؟ وتی: پێغەمبەری خوا پێش تەشریف هێنانی بەڕێزتان بۆ لای ئێمە ، لە خەومدا مانگم بینی وەکو لەجێگەی خۆی لاچوبێت کەوتە کۆشمەوە ، هیچم لەبارەی تۆشەوە نەدەزانی ، خەونەکەم گێڕایەوە بۆ مێردەکەم ، زللەیەکی‌دا لە دەموچاوم‌و وتی: خەون بەو پادشایەوە دەبینیت کە لە مەدینەیە.[2]

باسی مەڕە ژەهراویەکە

کە پێغەمبەر ﷺ لە خەیبەر سەقامگیر بوو ، (زینب)ی کچی (حارث) ـ هاوسەری (سلام)ی کوڕی (مشکم) مەڕێکی سورەوەکراوی بەدیاری بۆ هێنا . پرسیاری کرد بوو پێغەمبەری خوا ﷺ حەزی لەکام بەشیەتی؟ پێیان وتبوو: باڵەکەی . ژەهرێکی زۆری پێوە کردبوو ، پاشان پارچەکانی تریشی ژەهراوی کردبوو ، ئەنجا هێنابووی بۆ بەردەم پێغەمبەر ﷺ ، کە هێنرایە بەردەمی پێغەمبەر ﷺ یەکەم شت دەستی برد بۆ باڵەکەی ، خستیە دەمی جووی و بۆی قووت نەدراو تفی کردەوە. پاشان فەرمووی: ئەم پارچە

[1] / صحیح البخاري ١/٥٤، ٢/٦٠٤، ٦٠٦ زاد المعاد ٢/١٣٧

[2] / هەمان سەرچاوەی کۆتایی، (ابن هشام) ٢/٣٣٦

ئێسقانە پێم دەڵێت ژەهراویە. پاشان بانگکراو دانی‌نا بەتاوانەکەیدا ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: چی وای لێکردیت ئەوکارە بکەیت؟ ژنەکە وتی: لەدڵی خۆمدا وتم: ئەگەر ئەم پیاوە پادشایەکی دونیایی بێت ڕزگارم دەبێت لەدەستی ، ئەگەر پێغەمبەریش بێت هەواڵی پێدەدرێت ، پێغەمبەری خوا ﷺ لێی خۆش بوو.

لەکاتی خواردنەکەدا (بشر)ی کوڕی (براء)ی کوڕی (معرور) ، پارچەیەکی لێخواردو قوتی‌دا، لەئەنجامدا وەفاتی کرد. گێڕانەوەکان جیاوازن سەبارەت بە بەرەڵلاّ کردن یان کوشتنی ژنەکە ، لەسەرئەوە یەکدەنگن کە یەکەمجار چاوپۆشی لێکردوە ، بەلاّم کە (بشر) وەفاتی کرد لە تۆڵەیدا کوژرایەوە.[1]

کوژراوانی هەردوولا

لە شەڕەکانی خەیبەردا

کۆی شەهیدانی موسڵمانان لە شەڕەکانی خەیبەردا شانزە پیاو بوو ، چوار لە قورەیش و یەکێك لە (أشجع)و یەکێك لە (أسلم) ، یەکێك لەخەڵکی خەیبەرو ئەوانی تریش لەئەنسارەکان بوون.

هەروەها دەگوترێت کە شەهیدی موسڵمانەکان لەو شەڕانەدا (٨) پیاو بووە ، عەللامە (منصور فوری) باسی (١٩) کوژراوی کردوە ، پاشان دەڵێت: پاش بەدوادا گەڕانی زیاتر ناوی (٢٣) کەسم دۆزیوەتەوە ، یەکێکیش بەهۆی خواردنی مەڕە ژاراویەکەوەو لەیەکێکیشدا جیاوازیان هەیە لەوەدا ئایا لە (بدر) یان (خیبر) شەهید کراوە ، ڕاست وایە کە لە (بدر) شەهید کراوە[2] .

ژمارەی کوژراوەکانی جولەکەش (٩٣) کەس بوە .

فەدەك

کە پێغەمبەر ﷺ گەیشتە خەیبەر، (محیصە)ی کوڕی (مسعود)ی نارد بۆ ناو جولەکەی فەدەك ، تا بانگیان بکات بۆ ڕێبازی ئیسلام ، دەستی دەستیان پێ کردبوو ، کە خوای گەورە فەتحی خەیبەری بەخشی بە موسڵمانەکان ، ترس کەوتە

[1] . بڕوانە (زاد المعاد) ١٣٩/٢ ، ١٤٠ ، فتح الباری ٤٩٧/٧ ، بنەڕەتی ئەو بەسەرهاتە بە درێژی لە بوخاریدا باسکراوە ، ٤٤٩/١ ، ٦١٠،٢ ، هەروەها لە (ابن هاشم)دا ٣٣٧،٢ ، ٣٣٨

[2] . رحمة للعالمین ٢٦٨/٢ ، ٢٦٩ ، ٢٧٠

دڵیانەوە خێرا شاندێکیان نارد بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ تاسوڵحیان لەگەڵدا بکات لەسەر نیوەی فەدەك ، بەو شێوەیەی کە لەگەڵ خەڵکی خەیبەردا ڕێککەوت ، پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵیاندا ڕێکەوت ، لەسەر ئەوەی فەدەك تایبەت بێ بۆ خۆی ، چونکە ئەسپ سوارو چەکداری موسڵمانەکان نەیانگرت[1] .

وادی القری

کە پێغەمبەر ﷺ لە خەیبەر بوەوە ، ڕووی کردە (وادی القری) ، کۆمەڵێك جولەکەی تێدابوو ، پاشان هەندێك عەرەبی موشرکیش پاڵیان پێوە دابوون.

کە لێیان نزیك بونەوە ، لە دورەوە جولەکە لە ئامادەباشیدا بوون و تیر بارانیان کردن، (مدعم) غولامێکی پێغەمبەری کوشت ، خەڵکی وتیان: مژدەی لێبێت چووە بەهەشت ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی ، نەخێر ، سوێندم بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەو هەندەشتەی لەڕۆژی خەیبەردا لە غەنیمەت لایدا بۆ خۆی ، کە لەدابەشکردنەکەدا بەری نەکەوتبو ، ئێستا بۆتە ئەڵقەی ئاگر لەگەردنیدایە ، کە خەڵکی ئەوەیان گوێ لێ بوو پیاوێك تاکە نەعلێك یان جوتێك نەعلی هێنا بۆ پێغەمبەر ﷺ ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: نەعلێك یان دوونەعل لە دۆزەخ[2] .

پاشان پێغەمبەر ﷺ هاوەڵەکانی سازدا بۆ شەڕو ڕیزی کردن ، ئالاکەی خۆی دایەدەست (سعد)ی کوڕی (عبادە) ئالایەکی تری دایەدەست (حباب)ی کوڕی (منذر)و یەکێکیش بۆ (سهل)ی کوڕی (حنیف)و یەکێکی تریش بۆ (عبادە)ی کوڕی (بشر) ، ئەنجا بانگی جولەکەیان کرد بۆ ئیسلام ، ڕازی نەبوون ، پیاوێکیان هاتە دەرەوە بۆ شەڕ (زبیر)ی کوڕی (عوام) بۆی چوو کوشتی ، یەکێکی تریش هاتە دەرەوە ئەویشی کوشت ، پاشان یەکێکی دیکە هاتەدەرەوە (علی) کوڕی (ابوطالب) بۆی چوو کوشتی، بەو شێوەیە شەڕی ڕووبەڕوو بەردەوام بوو تا یانزە پیاویان لێ کوشتن . دوای کوشتنی هەر پیاوێك بانگی ئەوانی تری دەکرد بۆ ئەوەی ئیقامەی بەڵگەی لەسەر بکات.

لەو ڕۆژەدا کاتی نوێژ هات ، نوێژی بەهاوەڵەکانی کرد پاشان دەگەڕایەوە بۆ لای جولەکەو بانگی دەکردن بۆلای خوداو پێغەمبەرو ئایینی پیرۆزی ئیسلام ،

---

[1] ، ابن هاشم ٢/٣٣٧، ٣٥٢

[2] صحیح البخاری ٢ ٦٠٨

شەڕ شەوی بەسەردا هاتووو ڕۆژ بوەوە ، دیسان شەڕیان لەگەڵدا کردنەوە ، هێشتا خۆر بە ئەندازەی ڕمێك بەرز نەبوبوەوە خۆیاندا بەدەستەوە ، بێشەڕ گیران ، ماڵو سامانیان بووە دەسکەوت بۆ موسڵمانانو کەلوپەلو کەرەستەیەکی زۆریان گرت.

پێغەمبەر ﷺ چوار ڕۆژ لە(ذی القری) مایەوە ، دەستکەوتەکانی دابەشکرد بەسەر هاوەڵەکانیداو زەوی خورماکانی هێشتەوە بۆ جولەکە، کردنیە سەرکار بەسەر دار خورماکانەوە[1] وەکو حاڵەتی خەڵکی خەیبەری لێکردن.

تـــەیمــاء

کە هەواڵی خۆ بەدەستەوەدانی خەڵکی (خەیبەر) و (فەدەك) و (وادی القری) گەیشتە گوێی جولەکەی (تەیماء) ، هیچ بەرەنگاریەکی موسڵمانەکانیان نەکردو نوێنەری خۆیان نارد بۆ سولح کردن لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ ، پێغەمبەر ﷺ ئەوەی لێ قەبوڵ کردنو لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان مانەوە[2] ، لەو بارەیەوە نوسراوێکی بۆ نووسین ، ئەمە دەقەکەیەتی: (ئەمە نووسراوی موحەمەدی پێغەمبەری خودایە بۆ (بنی عادیا) ، ئەوان بەڵێن و پەیمانیان لەگەردنی ئێمە دایە ، جزیەیان لەسەرە ، نە دوژمنایەتیتان دەکرێت و نە دەردەکرێن ، بەدرێژای ژیانتان لێرە دەمێننەوە.) ئەم نوسراوە (خالد)ی کوڕی (سعید) نووسی[3].

گەڕانەوە بۆ مەدینە

پاشان پێغەمبەر ﷺ گەڕایەوە بۆ مەدینەو، لەشەوەکەیدا درەنگ وەخت بوو لە ڕێگە نوستن فەرمووی بە بیلال: ئێشکگری ئەمشەومان بۆ بکە ، کەچی بیلال لەبەر ماندویی زۆر بەپاڵ وشترەکەیەوە خەوی لێ کەوتبوو ، کەس خەبەری نەبوەوە ، تاخۆر لە هەموویانیدا ، یەکەم کەس کە خەبەری بوەوە پێغەمبەر ﷺ بوو ، پاشان لە شیوەکە چوونە دەرەوە ، چووە پێشەوە ، نوێژی بەیانی بۆ کردن ، وتراوە: کە ئەو بەسەر هاتە لەو سەفەرەدا نەبووە[4].

---

1 زاد المعاد ٢ ١٤٦، ١٤٧

2 / هەمان سەرچاوە٢ ١٤٧

3 ابن سعد

4 / ابن هشام٢ ٣٤٠ بەسەرهاتەکە بلاوە و لەزۆرینەی کتێبەکانی فەرمودودا باسی کراوە بڕوانە (زادالمعاد) ١٤٧/٢

سریەی (أبان)ی کوڕی (سعید)

پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەموو سەرکردەیەکی سەربازی دیکە باشتر دەیزانی کە چۆڵکردنی شاری مەدینە پاش کۆتای هاتنی مانگە حەرامەکان کارێکی گونجاو نیە ، لەکاتێکدا کە دەوروبەری شار بەعەرەبی دەشتەکی گیرابێت و لەوانەیە لەپڕێکدا بدەن بەسەر موسڵمانەکاندا بەمەبەستی تالأنی و چەتەگەرێتی ، لەبەرئەوە سریەیەکی نارد بۆ تۆقاندنی عەرەبە دەشتەکیەکان بەسەرۆکایەتی (أبان)ی کوڕی (سعید) لەوکاتەدا کە هێشتا لە خەیبەر بوو ، (ابان)ی کوڕی (سعید) پاش بەجێهێنانی فەرمانەکەی پێغەمبەر ﷺ گەڕایەوە خزمەتی لە خەیبەر ، کە پێی گەیشتەوە فەتح کرابوو.

ڕای تەواو ئەوەیە کە ئەم سریەیە لە مانگی (صفر)ی ساڵی حەوتەمی کۆچی‌دا دەرچووە ، باسی ئەم سریەیە لە (بوخاری)دا هاتووە[1] ، (ابن حجر) دەڵێت: من باسی ئەم سریەیەم نەبیستوە[2] .

[1] / بروانە (صحیح البخاری) ، (باب غزوە خیبر) ٢/٦٠٨، ٦٠٩

[2] / فتح الباری ٧/٤٩١

پاشماوەی سریەو غەزاکانی ساڵی حەوتەم

غەزای (ذات الرقاع)

کە پێغەمبەر ﷺ لەشکاندنی هەردووباڵی سەرەکی و بەهێزی سێ حیزبەکە بوەوە ، تەواو یەکلابوەوە بۆ باڵی سێیەم ، واتە عەرەبە کەللە شەقەکانی قولاّیی دەشتی نەجد، ئەوانەی کەبەردەوام خەریکی ڕاوەدونان و چەتەگەریی و تالاّنکاریی بوون.

لەبەرئەوەی کە ئەو عەرەبە دەشتەکیانە لەشوێنێکی دیاری کراودا نەبوون ، لە قەلاّو شووورای بەرزدا نەبوون ، بۆیە زاڵ بوون بەسەریانداو سەرکوتکردنیان زۆر گرانتر بوو بەپێوەری شەڕی خەیبەرو مەککەییەکان ، بۆیە جگە لەهەڵمەتی تەمێکردن و ترساندن و ڕاوەدونان هیچ شتێك کاریگەری نەبوو ، موسڵمانەکانیش ساتەو سات لەم جۆرە هەڵمەتانەیان دەبردە سەریان.

بۆ خۆسەپاندنیش بەسەر ئەو کۆمەڵە دەشتەکیانەی خۆیان کۆکردبوەوە بۆ هەڵکوتانە سەر دەوروبەری مەدینە ، پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵمەتێکی تەمێ کردنی کردە سەریان ئەو هەڵمەتە ناسراوە بە غەزای (ذات الرقاع).

زۆرینەی (سیرەت)ناسەکان لەساڵی چوارەمدا باسی ئەم غەزایە دەکەن بەلاّم بەشداری کردنی (ابو موسی)ی (اشعری) و (أبو هریره) لەم غەزایەدا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە لەدوای خەیبەردا ڕوی دابێت ، ڕاستر وایە کە ئەو غەزایە لە مانگی (ڕەبیعی یەکەم)ی ساڵی ٧ی کۆچیدا ڕووی داوە.

پوختەی ڕووداوەکە بەو شێوەیەی کە (سیرەت)ناسان باسی دەکەن ئەوەیە ، پێغەمبەر ﷺ هەواڵی کۆبونەوەیەکی (أنمار) یان (بنی ثعلبة) و (بنی محارب)ی سەر بە (غطفان)ی کەوتە بەرگوێ ، بەخێرایی لەگەڵ چوارسەد کەس یان حەوت سەد کەسی هاوەڵیدا بۆیان دەرچوو ، (ابو ذر) یان (عثمان)ی کوڕی (عفان)ی بەسەر مەدینەوە بەجێهێشت ، چووە ناوەوە بۆ خاكو ئاویانو گەیشتە شوێنێك پێی دەوترێت (نخل) ، دوو ڕۆژ لە مەدینەوە دوورە ، گەیشت بەکۆمەڵێکی (غطفان) بەرامبەر یەك وەستان بەلاّم شەڕ ڕووی نەدا ، پێغەمبەر ﷺ لەو ڕۆژەدا نوێژی ترسی بۆ کردن.

لە (بوخاری)یشدا هاتووە لە (ابو موسی)ی (اشعری)ە وە دەڵێت : لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ چوینە دەرەوە ئێمە شەش کەس بوین وشترێکمان پێ بوو

بەسەرە سواری دەبووین ، قاچەکانمان هەڵقڵیشابوو ، قاچی من قلیشابوو نینۆکەکانم کەوتن ، پەڕۆمان لە قاچ و قولمان دەبەست ، لەبەر ئەو پەڕۆ زۆرەی لە قاچمان دەبەست غەزاکە ناونرا (ذات الرقاع)[1] .

هەروەها تێیدا هاتوە لە (جابر)ەوە: دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەردا بوین ﷺ لە غەزای (ذات الرقاع)دا ، گەیشتینە لای درەختێکی سێبەردار جێمان هێشت بۆ پێغەمبەر ﷺ ، پێغەمبەر ﷺ دابەزیو خەڵکەکەی تریش بڵاوەیان لێکرد بەو ناوەداو دەچوونە ژێر سێبەری دارو درەختەوە ، پێغەمبەریش لەژێر درەختێکدا پاڵی دایەوەو شمشێرەکەی پێدا هەڵواسی ، (جابر) دەڵێت: خەومان لێکەوت ، کابرایەکی موشریك هات ، شمشێرەکەی پێغەمبەری ﷺ دەرهێناو گرتی بەدەستیەوەو وتی بەپێغەمبەر ﷺ: لێم دەترسی؟ فەرمووی: نەخێر ، وتی: چی دەستم دەگرێت ئەگەر بتکوژم؟ فەرمووی: (اللَّهُ).

(جابر) دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ بانگی کردین ، چووینە خزمەتی دەبینین عەرەبێکی دەشتەکی لەپاڵیدا دانیشتوە ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەم کابرایە شمشێرەکەی منی دەرهێنا لەکاتێکدا من نوستبووم ، کە هەستام شمشێرەکەی بەدەستەوە گرتبوو ، پێی وتم: چی دەستم دەگرێت ئەگەر بتکوژم ؟ وتم: (اللَّهُ) ، ئەوە دەبینن دانیشتوە. پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ سەرزەنشتێکی نەکرد.

لە ریوایەتێکی تردا هاتوە ، نوێژ دابەستراو دوورکاتی پێکردن ، پاشان دواکەوتن ، دوو ڕکاتی کرد بۆ کۆمەڵەکەی تریش ، پێغەمبەری خوا ﷺ چوار ڕکاتی کردوو دوو کۆمەڵەکەش یەکی دوو ڕکاتی بۆ کردن.[2]

لە ڕیوایەتەکەی (ابی عوانە)شدا هاتوە: شمشێرەکە لەدەست کابرا کەوتە خوارەوە ، ئەنجا پێغەمبەری ﷺ هەڵی گرت ، فەرمووی: چی ڕێگریت دەکا لە من؟ کابرا وتی: مەردی خودابە ڕەحمم پێ بکە ، فەرمووی: شایەتی دەدەی کە جگە لە (اللَّهُ) خودای تر نیەو منیش پێغەمبەری خودام؟ کابرای ئەعرابی وتی: پەیمانت پێ دەدەم شەڕت لەگەڵدا نەکەمو لەناو کۆمەڵێکیشدا نەبم دژایەتی تۆ بکەن. دەڵێت: بەڕەڵای کرد ، ئەنجا دەشتەکیەکە چوەوە بۆلای خزمانیو وتی: لای پیاوێك بووم باشترین مرۆڤە لە دونیادا[3] .

---

[1] / صحيح البخاری باب (غزوة ذات الرقاع) ٥٩٢/٢ ، (صحيح المسلم)باب (غزوة ذات الرقاع) ١١٨/٢

[2] / صحيح البخاری ١ ٤٠٧ ، ٥٩٣

[3] . مختصر سيرة الرسول ، نووسینی شێخ عبدوڵلای نەجدی ل ٢٦٤ - بڕوانە (فتح الباری) ٧ ٤١٦

له ڕیوایەتەکەی (بخاری)یشدا هاتوە: له (مسدد)ەوە له (أبی عوانە)و ئەویش له (أبی بشیر)ەوە دەڵێت: ئەو کابرایه ناوی (غورث)ی کوڕی (حارث) بوو [1]، (ابی حجر) دەڵێت: بەسەرهاتەکه لای (واقدی) واهاتوە ، که کابرا ناوی (دعثور)ە و دوایش موسڵمان بووه ، بەڵام پێ دەچێت دوو بەسەرهاتەکه له دوو غەزای جیاوازدا ڕوویان دابێت ، (والله أعلم)[2].

لەگەڕانەوەیاندا لەو شەڕە کابرایەکی موشریك سوێندو ئاهی کرد که نەگەڕێتەوە تاخوێنی یەکێك له هاوەڵانی پێغەمبەری ﷺ نەڕژێت ، شەوهات پێغەمبەر ﷺ دوو پیاوی دانا بەچاودێری شەو بۆ ئاگابوون لەجموجوڵی دوژمن، کەبریتی بوون (عباد)ی کوڕی (بشر)و (عمار)ی کوڕی (یاسر) . کابرا تیرێکی گرته (عباد) لەکاتی نوێژدا بوو ، ئەو تیرەی دەرهێناو نوێژەکەی نەبڕی ، تا سێ تیری لێدا ، نوێژەکەی نەبڕی تا سلاوی دایەوە ، ئەنجا هاوەڵەکەی هەستاند . (عمار) وتی: (سبحان الله) ئەی بۆچی بێدارت نەکردمەوە. (عباد) وتی: بەڕاستی له سورەتێکدا بووم دەم خوێند حەزم نەکرد بیبڕم[3].

ئەم غەزایه دەورێکی گەورەی هەبوو لەترس خستنه ناودڵی عەرەبه دەشتەکیەکاندا ، ئەگەر سەیرێکی درێژی ئەو سریانه بکەین لەدوای ئەو غەزایەوە ڕوویانداوە ، دەبینین هیچ یەکێك له تیرەکانی (غطفان) زاتیان نەکرد که دوای ئەو غەزایه سەر بەرز بکەنەوە ، بگرە سەریان شۆڕکردو وردە وردە خۆیان دەدا بەدەستەوەو موسڵمان دەبوون ، بەڵکو دەبینین چەندین تیرەی ئەو خێڵە لەفەتح کردنی مەککەدا بەشداریان کرد لەگەڵ موسڵمانەکانداو شەڕی (حنین)یشیان کردو غەنیمەشیان بەرکەوت ، دوای ئەوەش پیاویان بۆ نێررا بۆ کۆکردنەوەی سەدەقه لەدوای فەتحیشەوە دەیاندا ، بەو شێوەیه هەرسێ باڵەکە تێکشکان و هێمنایەتی و ئاشتی لەناوچەکەدا بەرقەرار بوو ، موسڵمانەکان دوای ئەوە توانیان بەئاسانی هەرچی کەلێن و کەمو کووڕی هەیه بیگرن ، لەپاش ئەو غەزایەوە ڕێخۆشکەری کرا بۆ فەتح کردنی ناوچەکانی ترو شوێنه گەورەکان ، چونکه ناوخۆی وڵات بەرەو ئاڕاستەی بەرژەوەندی موسڵمانەکان دەچوو.

---

[1] / صحیح البخاری ٢ / ٥٩٣ .
[2] / فتح الباری ٧ / ٤٢٨ .
[3] / زاد المعاد ٢ / ١١٢ ، بۆ درێژەی ئەم غەزایه بڕوانه (ابن هشام) ٢ / ٢٠٣ تا ٢٠٩ ، زاد المعاد ٢ / ١١٠ و ١١١ و ١١٢ ، فتح الباری ٧ /٤١٧ ،٤٢٨.

پاش گەڕانەوە لەو غەزایە پێغەمبەری ﷺ بۆماوەی مانگی (شەوال)ی ساڵی (٧) ی کۆچی دانیشت . لەو ماوەیەدا چەند سریەیەکی بە ئەملاو ئەولادا نارد ، ئەمەش درێژەیەتی:

١. سریەی (غالب)ی کوڕی (عبدالله)ی (لیثی) بەرەو (بنی ملوح) لە (قدید) ، لە مانگی (صفر) یان (ڕەبیعی یەکەم)ی ساڵی (٧)کۆچیدا. (بنو ملوح) ئەو خێڵە بوون کە هاوەڵەکانی (بشیر)ی کوڕی (سوید)یان شەهید کرد بوو ، ئەم سریەیەی نارد بۆ تۆڵەکردنەوە لێیان ، بەشەودا دایان بەسەریاندا ئەوەی کوژرا کوژراو مەڕو ماڵاتەکەیان دانەبەر . سوپایەکی گەورە کەوتنە دوای موسڵمانەکان نزیکبونەوە بارانێکی زۆرباری ، لافاوێکی گەورەی هەستاندو نەیهێڵا بگەنە سەر موسڵمانەکان ، موسڵمانەکان بەبێوەیی گەیشتنەوە جێ.

٢. سریەی (حسمی) لە (جمادی دووەم)ی ساڵی (٧)ی کۆچیدا ، باسی لەنامەی پادشاکاندا هات.

٣. سریەی (عمر)ی کوڕی (خطاب) بۆ (تربة) لە مانگی (شعبان)ی ساڵی (٧)ی کۆچیدا ، سی پیاوی لەگەڵدا بوو ، بە شەو دەڕۆشتن و بە ڕۆژ خۆیان حەشار دەدا ، هەواڵ گەیشتە (هوازن) هەڵاتن . (عمر) هاتە سەر ماڵو حاڵەکانیان کەسی نەبینی و گەڕایەوە بۆ مەدینە.

٤. سریەی (بشیر)ی کوڕی (سعد)ی (انصاری) بۆ (بنی مرة) لە ناوچەی (فدك) لە (شعبان)ی ساڵی (٧)ی کۆچیدا ، لەگەڵ سی پیاودا ، بۆیان دەرچوو مەڕو ماڵاتەکەی هێنان ، شەو ئەوان دایان بەسەریانداو تیربارانیان کردن تا هیچ تیریان پێ نەما ، هەموویان کوژران جگە لە (بشیر) لەلای جولەکەیەك خۆی حەشاردا تا چاك بوەوە ، ئەنجا گەڕایەوە بۆ مەدینە.

٥. سریەی (غالب)ی کوڕی (عبدالله)ی (لیثی) لە (ڕەمەزان)ی ساڵی (٧)ی کۆچیدا بۆ (بنی عوال) و (بنی عبد)ی کوڕی (بنی کلبە) لە (میفعە) . وتراویشە کە بۆ (حرقات) بووە لەناوچەی (جحیفە) لەگەڵ سەدو سی پیاودا، هێرش دەکەنە سەریان و هەرچی بەرەنگار دەبێتەوە دەیکوژن و مەڕو ماڵاتەکەیان دێنن، لەو سریەیەدا (أسامەی کوڕی زید) (مرداس)ی کوڕی (نهیك)ی کوشت پاش ئەوەش کە وتی (لااله الا الله) ، پێغەمبەری خوا ﷺ سەر زەنشتی کردو پێی فەرموو: ئەریٚ تۆ دڵت لەت کردبوو تا بزانی ڕاست دەکات یان درۆ؟

٦. سریەی (عبدالله)ی کوڕی (رواحە) بەرەو (خیبر) لە مانگی (شەوال)ی ساڵی (٧)ی کۆچیدا لەگەڵ (٣٠) ئەسپ سواردا ، لەبەرئەوەی (أسیر) یان (بشیر)ی کوڕی (رزام) خەریکی کۆکردنەوەی خێڵی (غطفان) بوو بۆ هێرش کردنە سەر موسڵمانەکان ، هەرچۆنێك بوو (أسیر)یان لەناو هاوەڵەکانیدا لەگەڵ سی کەسدا هێنایە دەرەوەو هانیاندا کەئەگەر بێتو موسڵمان ببێت پێغەمبەری خوا ﷺ دەیکاتە سەرکاری خەیبەر ، کە گەیشتە (قرقرەنیار) لەنێوان هەردوو لادا جیاوازی و دووبەرەکی و گومان خراپی دروست بوو ، بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕو کوژرانی (أسیر)و هەموو هاوڕێکانی.

٧. سریەی (بشیر)ی کوڕی (سعد)ی (أنصاری) بەرەو (یەمەن)و (جبار) کە دوو ناوچەی سەر بە (غطفان) یان (فزارة) و(عذرة) بوون، لە مانگی (شەوال)ی ساڵی (٧)ی کۆچیدا، لەگەڵ سێ سەد چەکداری موسڵماندا ، بۆ ڕووبەڕوو بونەوە لەگەڵ کۆمەڵێك کە خەریك بوون دەیاندا بەسەر شاری مەدینەدا ، شەو دەڕۆشتن و ڕۆژیش خۆیان حەشاردەدا ، خێڵەکە هەواڵی هاتنی (بشیر)یان پێگەیشت هەڵاتن ، مەڕو ماڵاتێکی زۆریان لێ بەجێماو کەوتە دەست موسڵمانەکان ، دوو پیاویشیان لێ بەدیل گیراو (بشیر) هەردووکیانی هێنا بۆ مەدینەو بردنیە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ ، لەوێ موسڵمان بوون.

٨. سریەی (أبی حدرد)ی (أسلمی) بەرەو (غابة) ، (ابن قیم) لەنێوەندی سریەکانی ساڵی حەوتی پێش عومرەی قەزا کردنەوەدا باسی کردوە ، پوختەکەی ئەوەیە کەپیاوێکی خێڵی (جشم)ی کوڕی (معاویە) بەژمارەیەك چەکداری زۆرەوە هاتبوە (غابة)و دەیویست خێڵی (قیس) ڕازی بکات بۆ شەڕی موسڵمانەکان . پێغەمبەری خوا ﷺ (أبا حدرد)ی لەگەڵ دوو پیاوی تردا بۆ ناردن ، (أبو حدرد) نەخشەیەکی جەنگی زۆر مەحکەمی داڕشت بۆ ئەوشەڕە ، بەشێوەیەکی خراپ دوژمنی تێکشکاندو ژمارەیەکی زۆری لە وشترو مەڕومالاّت پێ بەجێهێشتن.[1]

[1] / زاد المعاد ٢ / ١٤٩، ١٥٠ بۆ درێژەی باسی ئەو سریانە بڕوانە (رحمة للعالمین) ٢/ ٢٢٩، ٢٣٠، ٢٣١، (زاد المعاد) ٢، ١٤٨، ١٤٩، ١٥٠، هەروەها (فهوم اهل الاثر) لەگەڵ پەراوێزەکانی ل٣١، (مختصر سیرة الرسول) نوسینی (شیخ عەبدوڵلاّی نەجدی) ل٣٢٢، ٣٢٣، ٣٢٤

عومرەی قەزا کردنەوە

حاکم دەڵێت: هەواڵەکان دەماودەم دەڵێن: لەمانگی (ذو العقدة)دا پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیدا بەهاوەڵەکانی بەرگی عومرە بپۆشن بەمەبەستی قەزاکردنەوەی عومرە ، فەرمانیشی پێدان ئەو کەسەی پەیمانی حودەیبیەی دیوە دوانەکەوێت ، جگە لە شەهیدەکان کەس دوانەکەوت ، چەندین کەسی تریش بەنیازی عومرە کردن لەگەڵیدا بەڕێ کەوتن ، ژمارەیان جگە لە ژن و منداڵ دووهەزار کەس دەبوو.[1]

(عویف)ی (أبا رهم)ی (غفاری) بەسەر مەدینەوە بەجێهێشت ، شەست وشتریشی دایە بەرخۆی ، (ناجیە)ی کوڕی (جندب)ی (أسلمی) کردە سەروکاریان ، هەر لە (ذي الحليفة)وە ئیحرامی عومرەیان کرد ، دەستیان کرد بەوتنی (لبيك اللهم لبيك) ، هەموو موسڵمانان دەیانوتەوە ، بەتەواوی چەکوتفاقی شەڕیان پێبوو، نەبادا قورەیش پەیمانشکێنیەکیان لەگەڵدا بکەن ، کە گەیشتە (يأجج) هەموو کەل و پەلی جەنگی دانا لە شیرو تیرو ڕمو گورزو ، (أوس)ی کوڕی (خول)ی (أنصاری) لەگەڵ دووسەد سواردا بەلایەوە بەجێهێشت ئەنجا بەشمشێری ئەسپ سوارو لە کێلاندا خۆی کرد بەناو شاری مەککەدا.[2]

پێغەمبەری ﷺ بەسواری وشترەکەی (قصواء)ەوە چووە مەککە ، موسڵمانەکان دەوریانداو شمشێرەکانیان هەڵکێشاو (لَبَّيْكَ اللَّهُمَّ لَبَّيْكَ) یان دەوت.

موشریکەکان چوونە دەرەوە بۆ شاخی (قعيقعان) ـ ئەو شاخەی دەکەوێتە باکووری کابەوە ، بۆ ئەوەی موسڵمانەکان ببینن ، لەبەینی خۆیاندا دەیانوت: سەیرکەن کە هاتن هەموویان قەیەغەی شاری (يثرب) قەڵەوی کردون. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانیدا بەهاوەڵەکانی هەرسێ قۆناغەکە بڕن و ئەمسەرو ئەوسەری (رکن) بکەن ، بۆیە فەرمانی بڕینی هەموو قۆناغەکانی پێنەدان لەبەرمانەوە ، بۆیە ئەمەی کرد تا موشریکان هێزەکەی ببینن[3] ، هەروەها فەرمانی پێدان شانی ڕاستیان ڕووت بکەن و بەرگەکە بدەن بەسەر شانی چەپیاندا.

---

[1] ، فتح الباري ٧ ، ٧٠٠
[2] ، هەمان سەرچاوە ، هەروەها (زاد المعاد) ٢ / ١٥١
[3] /صحيح البخاري ٢١٨/١، ٦١٠/٢، ٦١١ ، صحيح المسلم ٤١٢/١

پێغەمبەری خوا ﷺ لە (ثنية) چووە ناو مەککە کە دەڕوانێت بەسەر (حجون)دا ، موشریکان ڕیز بوو بوون سەیریان دەکرد ، بەردەوام بوو لە (تلبية) ، تادەستی گرت بە (رکن)ەوە لە (محجنة)دا ، پاشان تەوافی کرد ، موسڵمانانیش بەدوایدا تەوافیان کرد ، (عبدالله)ی کوڕی (رواحه) لەبەردەم پێغەمبەری خوا ﷺ دەڕۆشت و شمشێرەکەی هەڵکێشابوو دەیوت:

خلـــو بـــنى الكفـــار عن سبيلـــه   خلـــوا فكـــل الخير ف رسولـــه
قد انـــزل الرحمـــن فـــى تنـــزيله   فـــى صحف تتلـــى على رسوله
يـــــارب انـــي مؤمـــن بقيـــلـــه   انـــي رأيـــت الحقّ ف قبولـــــه
بـــــان خـــير القتل فـــي سبيلـــه   الـــيوم نضـــربكم على تنـــزيله
ضربـــــا يزيـــل الهـــام عن مَقيله   ويذهـــلُ الخليـــل عن خليلـــه[1]

لە فەرمودەکەی (انس)دا ، (عمر) فەرمووی: ئەرێ (ابن رواحه) تۆ شەرم ناکەیت لەبەردەم پێغەمبەری خواداو لەناو حەرەمی خوادا شیعر دەخوێنیتەوە؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: عومەر وازی لێ بهێنە ، ئەو شیعرەی (عبدالله) لە تیر هاویشتن خێراترە بۆ سەردڵ و دەروونیان.[2]

ئەنجا پێغەمبەری خوا ﷺ و موسڵمانەکان سێ قۆناغەکەیان بڕی ، کە موشریکان بەو گورج و گۆڵیە بینیانن بە یەکتریان وت: بەئەمانەتان دەوت قەڵەوبون و هیچیان پێ ناکرێت ، وەڵڵا هەر ئەوانە لە فلأنە کەس و فیسارە کەس بەهێزترن.[3]

کە لە تەواف کردن بوەوە ، کەوتە ڕاکردنی نێوان (صفا) و (مروة) ، کە لێبوەوە لە (مروە)دا (هدی)ە کەی وەستان ، فەرمووی: (ئەمە قوربانیەکەیە ، هەموو شوێنێکی تری دەوروبەری مەککەش قوربانیگەیە) ، لە (مروە)دا قوربانیەکەی سەربڕی و سەری چاك کرد ، موسڵمانەکانیش بەهەمان شێوەیان کرد ، پاشان چەند کەسێکی نارد بۆ (يأجج) بۆ ئەوەی بەسەر چەك و تفاقەکانەوە بن و ئەوانی تریش بێن و دروشمی خۆیان ئەنجام بدەن ، ئەوانیش هاتن.

پێغەمبەری خوا ﷺ سێ ڕۆژ لەمەککەدا مایەوە ، کە ڕۆژی چوارەم هات ، موشریکان هاتن بۆ لای (على) وتیان: بڵێ بەهاوەڵەکەت ، وادەکەی تەواو بوو

---

[1] / بەیتی شیعرەکان پەرتەوازەن و لەچەند شوێنێکدا کۆمان کردنەوە
[2] / (ترمذی) ریوایەتی کردوە ،(باب الاستئذان)و (الادب) و (انشاء الشعر)۲/۱۰۷
[3] / صحیح المسلم ١ ٤١٢

بابڕواته دەرەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ چووە دەرەوە لە مەککەوە لە (سرف) دابەزی و لەوێدا ماوەیەك مایەوە.

کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەککە دەرچوو کچۆڵەکەی (حمزە) (ڕ) بە مامە مامە شوێنیان کەوت ، (علی) هەڵیگرت ، لەوێدا لەسەر ئەو کچۆڵەیە (علی) و (جعفر) و (زید) بوو بەقسەو باسیان ، پێغەمبەری خوا ﷺ دای بە (جعفر) ، چونکە پوری هاوسەری (جعفر) بوو.

لەڕێگەی ئەم عومرەیەدا بوو ، پێغەمبەر ﷺ (میمونە)ی کچی (الحارث)ی (عامری) خوازبێنی کرد ، پێغەمبەر ﷺ پێش چوونە ناو مەککە (جعفر)ی کوڕی (أبی طالب)ی نارد بۆ خوازبێنی ، (میمونە) کاری خۆی دایەدەست (عباس) چونکە (أم الفضل)ی خوشکی ، خێزانی (عباس) بوو ، ئەویش ڕازی بوو ، کە لە مەککە دەرچوو (أبا رافع)ی بەجێ هێشت بۆ ئەوەی (میمونە)ی بۆ بگوازێتەوە کە دەڕوات ، لە (سرف) پێغەمبەری خوا ﷺ (میمونە)ی گواستەوە.[1]

ئەم عومرەیە ناونرا عومرەی قەزا، لەبەرئەوەی لەجیاتی عومرەکەی حودەیبیە بوو، یان لەبەرئەوەی بەو پێیە بوو قەزاگەریی یان ئاشتبوونەوەی لەسەرکرا لە حودەیبیەدا ، لێکۆڵەران ڕای دووەم پەسەند دەکەن[2] ، ئەم عومرەیە چوار ناوی هەیە: (عومرەی قەزا ، عومرەی قەزیە ، عومرەی (قصاص) ، عومرەی سوڵح).[3]

دوای گەڕانەوە لە عومرەی قەزا چەند سریەیەکی بە چواردەوردا نارد ، ئەمەش پوختەیانە:

١. سریەی (ابن ابی العوجاء) لەمانگی (ذی الحجة)ی ساڵی (٧)ی کۆچیدا ، لەگەڵ (٥٠) پیاودا ، پێغەمبەری خوا ﷺ ناردنی بۆ خێڵی (بني سليم) ، بۆ ئەوەی بانگیان بکەن بۆ ئیسلامەتی ، وتیان: پێویستمان نیە بەو بانگەوازەی تۆ ، پاشان شەڕێکی سەختیان کرد لەگەڵ موسڵمانەکاندا ، (ابو العوجاء)ی تێدا بریندار بوو ، دوو کەسیش لە دوژمن بەدیلی گیران.

٢. سریەی (غالب)ی کوڕی (عبدالله) بۆ ئەو شوێنەی هاوەڵەکانی (بشير)یان تێدا شەهید کرا لە (فدك) ، لەمانگی (صفر)ی ساڵی (٨)ی ساڵی کۆچیدا لەگەڵ دوو سەد پیاودا ، چەند پیاوێکیان لێ کوشتن و ژمارەیەك وشتریشیان دەستکەوت.

---

[1] / زاد المعاد ١٥٢/٢

[2] / بڕوان (زاد المعاد) ١٧٢/١ و فتح الباري ٥٠٠/٧

[3] / بڕوانە هەمان سەرچاوە

٣. سریەی (ذات أطلح) لەمانگی (ڕەبیعی یەکەم)ی ساڵی (٨)ی کۆچی‌دا ، خێڵی (بنو قضاعة) کۆمەڵێکی زۆریان کۆکردبوەوە بۆ هەڵکوتانە سەر موسڵمانەکان ، پێغەمبەری خوا ﷺ (کعب)ی کوڕی (عمیر)ی (انصاری) لەگەڵ پانزە پیاودا بۆ ناردن ، بەدوژمن گەیشتن ، بانگیان کردن بۆ ئیسلامەتی ، گوێیان پێ نەدابوون‌و تیر بارانیان کردبوون‌و جگە لەپیاوێك هەموویان شەهید کردبوون ، ئەو کەسەش لەنێوان کوژراوەکاندا خۆی کردبوو بە مردوو.[١]

٤. سریەی (ذات عرق) بۆ (بني هوازن) لەمانگی (ڕەبیعی یەکەم)ی ساڵی (٨)ی کۆچی‌دا ، خێڵی (هوازن) جارێکی تریش نیازی کۆکردنەوەی دوژمنانیان هەبوو ، (شجاع)ی کوڕی (وهب)ی (أسد)ی بۆ ناردن لەگەڵ بیست و پێنج پیاودا ، کەمینیان نەدیبوو ، بەڵام ژمارەیەك وشتریان دەست کەوتبوو.[٢]

جەنگی (مُؤتــة)

ئەم جەنگە گەورەترین ڕووبەڕووبونەوەی جەنگی‌یە ، گەورەترین شەڕی خوێناویە موسڵمانەکان لە ژیانی پێغەمبەری خوا ﷺدا ئەنجامیان دابێت ، ئەم جەنگە بووە پێشەکی‌و دەستپێکێك بۆ فەتح کردنی ناوچەکانی نەسرانی نشین ، ئەم جەنگە لە (جەمادی یەکەم)ی ساڵی (٨)ی کۆچیدا ڕووی داوە . بەرامبەر بەمانگی (ئۆگستۆس) یان (سێپتێمبەر)ی ساڵی (٦٢٩)ی زایین.

(مؤتة) گوندێکە دەکەوێتە خوارووی شامەوە ، نێوان (مؤتة) و (بیت المقدس) دوو فەرسەخ ڕێیە.

هۆی جەنگەکە

هۆی ئەم جەنگە ئەوەیە، پێغەمبەری خوا ﷺ بە (حارث)ی کوڕی (عمیر)ی (ازدی)دا نامەیەکی نارد بۆ گەورەی (بصری) ، لەڕێگەدا (شرحبیل)ی کوڕی (عمرو)ی (غسان)ی کە سەرکار بوو بەسەر خاکی (بلقاء)ی شامەوە لەلایەن (قیصر)ەوە دانرابوو، ئەم پیاوە چووە ڕێگەی نێرراوەکەی پێغەمبەر ﷺ ، گرتی‌و بەستیەوەو کوشتی.

---

[١]/ رحمة للعالمین٢/٢٣١

[٢]/ هەمان سەرچاوە لەگەڵ (تلقیح فهوم اهل الأثر) نوسینی (ابن الجوزی) ل٣٣

لەوکاتەدا کوشتنی فروستادەو نێرراو یەکێك بوو لەتاوانە گەورەکان ، وەکو لێدانی شەیپوری شەڕ وابوو ، پێغەمبەر ﷺ ئەمەی زۆر بەلاوە سەخت و ناخۆش بوو ، بۆیە کە هەواڵەکەی پێگەیشت سوپایەکی سێ هەزار کەسی بۆ سازدان[1] ئەمەش گەورەترین سوپای ئیسلامیی بوو جگە لەجەنگی ئەحزاب پێشتر موسڵمانان بەو شێوەیە ژمارەیان زۆر نەبوو.

میرەکانی سوپاو ڕاسپاردەی پێغەمبەر ﷺ بۆیان

پێغەمبەر ﷺ (زید)ی کوڕی (حارثة)ی کرد بەسەرکردەی سوپاو فەرمووی: ئەگەر شەهید بوو (جعفر) دابنێن ، ئەگەر ئەویش کوژرا (عبداللە)ی کوڕی (رواحة) دابنێن[2] ، ئاڵایەکی سپی بۆ دانان و دایە دەست (زید)ی کوڕی (حارثة).[3]

ڕای سپاردن کە بڕۆنە سەرشوێنی شەهید بوونی (حارث)ی کوڕی (عمیر) ، ئەوانەی لەوێدان بانگیان بکەن بۆ ئیسلام ، ئەگەر وەڵامیان دایەوەو هاتن بەدەمتانەوە ئەوە باشە ، وەگەرنا پاش پشت بەستن بەخودا لێیان بدەن و شەڕیان لەگەڵدا بکەن و پێی فەرموون: (بە ناوی خوداوەو لە پێناوی خوادا غەزا بکەن لەگەڵ ئەوانەدا بێ باوەڕن ، پەیمان مەشکێنن و مەدەن بەسەریاندا ، منداڵی شیرەخۆرەو ژن و پیاوی بە تەمەن و بێچەك و خواپەرستانی ناو کڵێساکان مەکوژن ، دارخورماو هیچ دارێکی تر مەبڕن ، هیچ بینایەك مەڕوخێنن).[4]

##ماڵئاوایی کردن لە سوپای ئیسلامیی و گریانی (ابن رواحە)

کە سوپای ئیسلامی خۆی ئامادەکرد بۆ بەڕێکەوتن، خەڵکی ئامادەبوون و خوا حافیزیان کرد لە میرەکان ، پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵان سڵاویان لێکردن ، لەوێدا یەکێك لە سەرکردەکانی سوپا دەستی کرد بەگریان ، ئەویش (عبداللە)ی کوڕی (رواحة) بوو. پێیان وت: چی دەتگریەنێت؟ وتی: سوێندم بەخوا مەسەلەکە خۆشەویستی دنیا نیەو دورکەوتنەوەش نیە لەئێوە. بەڵکو هۆکەی ئەوەیە گوێم لێ بوو جارێکیان پێغەمبەر ﷺ ئایەتێکی خوێندەوە باسی ئاگری دۆزەخی تێدابوو: ﴿وَإِنْ مِنْكُمْ إِلاَّ وَارِدُهَا كَانَ عَلَى رَبِّكَ حَتْمًا مَقْضِيًّا﴾ مریم/ ٧١ (واتە: هیچ یەکێك نیە لە

---

[1] ، زاد المعاد ٢/١٥٥ ، فتح الباری ٧/٥١١

٢ صحیح البخاری (باب غزوة مؤتة من أرض الشام)

٣ (مختصر سیرة الرسول) نوسینی شێخ عەبدوڵڵای نەجدی)

٤ هەمان سەرچاوە ، (رحمة للعالمین)٢ ٢٧١

ئێوە بەدۆزەخدا گوزەر نەکات، ئەمە بڕیارێکی یەکلایی خودایە) منیش بیر دەکەمەوە پاش گوزەرکردن چۆن دەتوانم دەربازبم؟

موسڵمانان وتیان: خوا بتانپارێزێتو لەشەڕ لاتان بدات و بەبێوەیی‌و سەلامەتی‌و دەسکەوتەوە بتانگێڕێتەوە، (عبدالله)ی کوڕی (رواحة) وتی:

لكنّي أسألُ الرحمَـنَ مغفـرةً ... وضربةً ذات فَرْغٍ[1] تَقْذفُ الزَّبَـدا

أو طعنةً بيدى حَـرَّانَ مُجْهزَةَ ... بحربةٍ تنفذُ الاحشاءَ و الكَبِـداً

حتى يقالَ اذا مرّوا على جَدَثي[2] ... أرشده اللهُ من غازٍ ، وقد رَشَـدا

دوای ئەوە سوپاکە کەوتەڕێ ، پێغەمبەریش ﷺ لەگەڵیان بەڕێکەوت بۆ خوا حافیزی لێ کردن ، تاگەیشتە (ثنية الوداع) ئەنجا وەستاو ، خواحافیزی لێ کردن.[3]

بە جوڵەکەوتنی سوپای ئیسلامیی ،
لە پڕدا کەوتن بەسەر بارێکی ترسناکدا

سوپای ئیسلامیی جولاّ بەرەو باکور هەتا گەیشتە (معان) لەخاکی شامدا ، کە پاڵی داوە بە حیجازی باکورەوە ، لەوێدا هەواڵیان بۆ هات کە (هەرقل) بە سەد هەزار چەکداری ڕۆمەوە لە (مآب)ی خاکی (بلقاء) دابەزیوە ، خێڵەکانی (لخم) و (جزام) و (بلقين) و (بهراء) و (بليى) بە سەد هەزاری ترەوە پاڵیان پێوە داوە.

ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری (معان)

موسڵمانەکان هیچ جۆرە ئەژمارێکیان بۆ سوپایەکی زەبەللاحی لەو جۆرە نەکرد بوو ، کە لە زەویەکی دوورە ولاّتدا لەپڕێکدا لێیان پەیدا بێت ، ئایا دەکرێت سوپایەکی بچوکی سی‌هەزار کەسی هێرش بکاتە سەر سوپایەکی بێ شوماری لەبن نەهاتوو کە دووسەد هەزار کەس دەبێت؟ موسڵمانەکان سەریان سوڕمابوو ، بۆیە دووشەو لە (معان)دا مانەوە بۆ بیرکردنەوە لە ڕەوشەکەو ڕاوێژکردن بەیەکتر لەبارەی بارودۆخەکەوە ، وتیان با نامە بنووسین بۆ پێغەمبەر ﷺ ئەویش یان کەسی ترمان بۆ دەنێرێت یان فەرمانێکمان پێدەدات.

---

١ الفرغ ناواخن ، بۆشایی

٢ الجدث گۆڕ

٣ ابن هشام ، ٢ ٢٧٣ ، ٢٧٤ ، زاد المعاد ٢ ١٥٦ مختصر سيرة الرسول ،نووسینی شێخ عبدوڵلاّی نەجدی ل٣٢٧

بەلاّم (عبدالله)ی کوڕی (رواحة) دژی ئەم بۆچوونە بوو ، هانی خەڵکیدا بۆ شەڕو پێی وتن: ئێوە بۆ ئەو مەبەستە دەرچوون کە ئێستا لەسەر دڵتان گرانە ، ئەویش شەهادەتە ، ئێمە بەژمارە شەڕناکەین لەگەڵ دوژمن ، بەم ئایینە شەڕیان لەگەڵدا دەکەین کە خوا بەهۆیەوە ڕێزی لێ گرتووین ، بەڕێکەون ، یان سەرکەوتنە یان شەهید بوون . لەکۆتاییدا ڕا هاتە سەر ڕایەکەی (عبدالله)ی کوڕی (رواحة).

سوپای ئیسلام بەرەو لای دوژمن دەجوڵێت

پاش ئەوەی کە سوپای ئیسلام دووشەوی لە (معان)دا بەسەر برد ، بەرەو خاکی دوژمن کەوتنە جوڵە ، هەتا سوپاکەی (هرقل) یان لە گوندێکی (بلقاء)دا پێگەیشت پێی دەڵێن (مشارف) ، دوژمن نزیك بووەوە ، موسڵمانەکان لایاندا بەلای (مؤتة)دا لەوێ سەربازگەیان داناو ، خۆیان سازکرد بۆ شەڕ ، لای ڕاستەوە (قطبة)ی کوڕی (قتادة)ی (عذری)و لای چەپیشەوە (عبادة)ی کوڕی (مالك)ی (انصاری) یان دانا.

سەرەتای جەنگ و بەدوای یەکداهاتنی سەرکردەکان

لە (مؤتة)دا هەردوولا پێکداهاتن ، شەڕێکی سەخت ڕوویدا ، (سێ هەزار) شەڕکەر دژ بە(دووسەد هەزار) چەکدار وەستاونەتەوە ، شەڕێکی سەرسورهێنەرەو دونیا بەسەرسامیەوە چاوەڕوانی دەکات ، بەلاّم کەگەردەلولی باوەڕ هەڵی کرد ئاکامی سەر سوڕهێنەر دەهێنێتە کایەوە.

ئالاّکە بەدەست (زید)ی کوڕی (حارثة)ەی پیاوە خۆشەویستەکەی پێغەمبەرەوە ﷺ بوو، بەسەختی شەڕی دەکرد ، شەڕێك کەم کەس لە سەربازانی تر دەتوانن ئەو جەنگە بکەن ، مەگەر سەربازانی ئیسلام ، بەردەوام شەڕی کرد تاکەوتە نێو ڕمو تیری دوژمنانەوەو شەهید کرا.

دوای ئەو (جعفر)ی کوڕی (ابو طالب) ئالاّکەی هەڵگرت ، شەڕێکی قارەمانانەی کرد ، تا شەڕ شەکەتی کرد لەسەر ئەسپەکەی (شقراء) کەوتە خوارەوە ، پاشان دەستی کردەوە بەجەنگ تادەستی ڕاستی قرتا ، ئەنجا ئالاّکەی بە دەستی چەپی هەڵگرت ، دەستی چەپیشیان قرتاند ، ئەنجا خۆیدا بەسەر ئالاّکەدا ڕای گرت هەتا دوا هەناسەو شەهید کرا ، دەڵێن: کابرایەکی ڕۆمی شیرێکی لێداوە لەتی کردوە ئەنجا مردوە ، خوای مەزن لەجیاتی هەردوو باڵیدا دووباڵی پێ بەخشی لەبەهەشتدا پێی بفڕێت بۆ هەر شوێنێك خۆی دەیەوێت ، لەبەرئەوە ناونرا:(جعفر الطيار) جەعفەری باڵدار ، جەعفەری دووباڵ.

(بخاری) دەگێڕێتەوە لە (نافع)ەوە دەڵێت: (ابن عمر) چووە سەرلاشەکەی بینی[1] نزیکەی پەنجا برینی پێوەیە بە ڕم و شیر، هیچ کامیان لەپشتەوە بەری نەکەوتوە.

لە ڕیوایەتێکی تریشدا هاتوە، (ابن عمر) دەڵێت: لەو شەڕەدا لەگەڵیاندا بووم، گەڕاین بۆ (جعفر)ی کوڕی (ابو طالب) لەنێو کوژراوەکاندا دۆزیمانەوە، شەست و ئەوەندە برین و شوێنی بەرکەوتنمان بینی بەجەستەیەوە کە ڕم و شمشێر لێیدا بوو[2]. لەڕیوایەتەکەی (العمری)شدا لە (نافع)ەوە ئەم بەشەی[3] لەسەرە: (هەموو ئەو برینانە بەر پێشەوەی جەستەی کەوتبوو).

کە (جعفر)یش شەهید کرا ئیتر (عبدالله)ی کوڕی (رواحة) بەهەمان جۆری قارەمانێتی خۆی فڕێدایەوە ناو گەرمەی شەڕەکەو ئاڵاکەی بردە پێشەوە، بەسواری ئەسپەکەوە دەیویست لە ئەسپەکەی دابەزێت، هاواری دەکردو ئەم شیعرەی دەخوێندەوە:

أَقْسَمْتُ يــا نفسُ لَتَنْزِلَنَّــــهْ — كارهةً أو لَتُطــــاوِعَنَّــهْ

إنْ أجلبَ الناسُ وشدُّوا الرنَّةْ — مالى أراكِ تكرهينَ الجَنَّةْ ؟!

پاشان لە ئەسپەکەی دابەزی، ئامۆزایەکی پارچەیەك گۆشتی بۆ هێناو پێی وت: ئەمە بخۆ بابەرگەی ئەو شەڕە بگریت، ئەوە چەند ڕۆژە تۆ هیچت نەخواردوە، لێی وەرگرت یەك پارچەی لێکردەوە، ئەنجا فڕێی داو شمشێرەکەی هەڵگرت و چووەوە ناو شەڕەکە، جەنگا هەتا شەهید کرا.

ئاڵاکە بەدەستی شمشێرێکی خوداوە

لەوێدا ئاڵاکە کەوتە دەست پیاوێکی خێڵی (بنی عجلان) ناوی (ثابت)ی کوڕی (أرقم) بوو ئاڵاکەی بەرز کردەوەو وتی: موسڵمانینە، ڕێکەون لەسەر پیاوێك ئەم ئاڵایە هەڵگرێت، وتیان: تۆ هەڵی بگرە، وتی: من ناتوانم. موسڵمانان بڕیاریاندا لەسەر ئەوەی (خالد)ی کوڕی (وەلید) هەڵی بگرێت، بەرزی کردەوەو شەڕێکی ئازایانەی کرد. (بخاری) لە (خالد)ی کوڕی (ولید)ەوە دەیگێڕێتەوە، وتویەتی: لە ڕۆژی (مؤتە)دا نۆ شمشێر بەدەستمەوە شکاوە لەکۆتاییدا شمشێرێکی یەمانیم بە

[1] صحيح البخاری (باب غزوة مؤتة من أرض الشام ٢ ٦١١

[2] هەمان سەرچاوە ٢/٦١١

[3] بڕوانە (فتح الباری) ٧ ٥١٢، ڕواڵەتی فەرمودە جیاوازی تەنها لەژمارەکەدایە، هەردوو ڕیوایەتەکە کراون بەیەك بەپێی ژمارەی ئەو تیرانەی بەری کەوتون، بڕوانە هەمان سەرچاوە

دەستەوە مایەوە[1]. لەدەربڕینێکی تردا هاتووە: لە ڕۆژی (مؤتة)دا نۆ شمشێر بە دەستمەوە شەقی برد ، تەنها شمشێرێکی یەمانی بەرگەی گرت بەدەستمەوە.[2]

پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژی (مؤتة)دا بە(وەحی) هەواڵی شەهیدبوونی هاوەڵەکانی پێگەیشت لەمەدینە، پێش ئەوەی خەڵك هەواڵی شەڕەکە بهێنن ، فەرمووی: ئەوە(زید) ئاڵاکەی هەڵگرت و شەهید بوو ، پاشان (جعفر) هەڵی گرت و ئەویش شەهید بوو ، پاشان (عبدالله)ی کوڕی (رواحة) هەڵی گرت و ئەویش شەهید بوو ـ کە ئەمەی دەوت چاوی پیرۆزی فرمێسکی دەباراند ـ تا شمشێرێکی خودا ئاڵاکەی هەڵگرت و ڕزگاریان بوو.[3]

کۆتـــایی جەنگەکـە

لەگەڵ نواندنی ئەو ئازایەتیە کەم وێنەیەدا زۆر سەیر بوو کە سوپایەکی وابچوك لەبەر دەم شاڵاوی یەك لەدوای یەکی ئەو سوپا گەورەیەدا بوەستێت. بۆیە لەو هەلوێستەدا (خالد)ی کوڕی (ولید) لێهاتویی خۆیی دەرخست لە ڕزگارکردنی موسڵمانەکاندا لەو شەڕە قورسەی خۆیان تێئاڵاندبوو.

ریوایەتەکان جیاوازن لەسەر چارەنووسی شەڕەکە ، پاش تێڕامان لە سەرجەم ریواتەکان وادەردەکەوێت ، کە (خالد)ی کوڕی (ولید) بەدرێژایی ئەو ڕۆژە توانیویەتی بەرەنگاری ڕۆمەکان بکات ، لە یەکەم ڕۆژی شەڕدا هەستی کردوە کە پێویستە فێڵێکی جەنگی بەکار بهێنێت دژ بەڕۆمەکان و ترس بخاتە دڵیانەوە ، تابتوانێت موسڵمانەکان کەنار بدات بەبێ ئەوەی بوار هەبێت ڕۆمەکان هێرشی بەرامبەرو ڕاوەدونان بکەن ، چونکە زۆرباش دەیزانی قوتار بوون لەو سوپا زەبەلاحە ئەستەمە ئەگەر موسڵمانەکان پاشە کشە بکەن ، بەدوایاندا ڕۆمەکان هێرش دەهێنن‌و تەفرو تونایان دەکەن.

شـەڕی پاشەکشە

کە ڕۆژی دووەم هات ، باری سوپاکە گۆڕا ، جارێکی تر سازی دانەوە ، شوێنی ڕاست‌و چەپ‌و ناوەڕاستی جێ گۆڕکێ پێ کرد ، کە ڕۆمەکان سەیریان کردن نەیانناسینەوە وایانزانی یارمەتی‌و کۆمەکی نوێیان بۆ هاتووە ، ترسیان لێ نیشت ، ئەنجا (خالد) ورده ورده دەستی کرد بەپاشەکشەیەکی ڕێکوپێك‌و لەسەرخۆ ، لەگەڵ

[1] صحيح البخاري ، باب غزوة مؤتة من أرض الشام ٢/٦١١

[2] هەمان سەرچاوە ٢/٦١١

[3] هەمان سەرچاوە ٢/٦١١

پاراستنی ڕێکی ڕیزەکاندا ، ڕۆمەکان شوێنیان نەکەوتن ، چونکە وایانزانی کە ئەمە فێڵی موسڵمانەکانەو بۆ بۆسەنانەوەیە تا بیانخەنە قوڵایی بیابان و تەفروتونایان بکەن.

بەو شێوەیە سوپای دوژمن بەرەو خاکی خۆی گەڕایەوەو شوێنی موسڵمانەکان نەکەوت ، موسڵمانەکانیش توانیان بەسەلامەتی خۆیان کەناربدەن و بگەڕێنەوە بۆ مەدینە [1].

کوژراوانی هەردوولا

لەو شەڕەدا موسڵمانەکان دوانزە کەسیان لێ شەهید کرا ، ڕۆمەکانیش ژمارەی کوژراوەکانیان نازانرێت ، بەڵام باسی درێژەی شەڕەکە بەڵگەیە لەسەر زۆریی کوژراوەکانیان.

کاریگەریی جەنگەکە

لەو شەڕەدا هەرچەندە موسڵمانەکان نەیانتوانی تۆڵەی خۆیان بکەنەوە ، بەڵام کاریگەریەکی گەورەی هەبوو بۆ ناوبانگی موسڵمانەکان ، هەموو عەرەبی خستە حاڵەتی سەرسوڕمان ئەبڵەق بوونەوە ، چونکە لەو ڕۆژگارەدا ڕۆمەکان گەورەترین و تاکە دەسەڵاتداری سەربازیی دونیا بوون، عەرەب پێیان وابوو کە جەنگ کردن لەگەڵ ڕۆمەکاندا مانای خۆکوشتن و فەوتانە ، بۆیە جەنگکردنی ئەو سوپا بچوکە لەگەڵ ئەو سوپا زەبەلاحەی سەر زەویدا ، کە دووسەد هەزارسوار دەبوون و پاشان گەڕانەوەش بە بێ زیانێکی ئەوتۆ ، بوو بەیەکێك لە شتە سەرسوڕهێنەرەکانی ڕۆژگارو ئەوەی دەردەخست کە سوپای موسڵمانەکان تەرزێکی نوێیە لە سوپاو لەو جۆرە ئاساییە نیە ، کە عەرەب پێی ڕاهاتووە، بێگومان ئەوانە خوا سەریان دەخات و سەرکردەکەیان پێغەمبەری خوایە، بۆیە دەبینین دوای ئەو ڕووداوە ئەو خێڵە سەرسەختانەی کە هەمیشەو هەردەم هەڵدەگەڕان بەڕووی موسڵمانەکاندا ـ موسڵمان بوون ، ئەوەبوو خێڵی (بنو سليم)و (اشجع)و (غطفان)و (ذبيان)و (فزارة)و چەندینی تریش موسڵمان بوون .

ئەو جەنگە سەرەتای دەست پێکردنی شەڕی خوێناوی بوو لەگەڵ ڕۆمەکاندا ، ڕێ خۆشکردن و سەرەتایەك بوو بۆ فەتح کردنی وڵاتەکانی ڕۆم و گرتنی زەویە دورەکان لەلایەن موسڵمانەکانەوە.

---

[1] بڕوانە (فتح الباری) ٧ ٥١٣ ، ٥١٤ و (زاد المعاد) ٢ ١٥٦ و درێژەی شەڕەکە لەو دوو سەرچاوەیەوە وەرگێڕاوە لەگەڵ دوو سەرچاوەکەی پێشتر

سریەی (ذات السلاسل)

کە پێغەمبەر ﷺ هەڵوێستی ئەو خێڵە عەرەبانەی بۆ دەرکەوت کە لە دەورو بەری شامدان و هاوکاری و پشتیوانی ڕۆمەکان دەکەن دژ بەموسڵمانەکان ، هەستی کرد کە پێویستە دانایییەکی تەواو بەکاربهێنێت بۆ تێکدانی نێوان ئەو گرۆهانەو ڕۆمەکان و ببێتە هۆی ئەوەی تا ناچاربن یەکبگرن لەگەڵ موسڵمانەکاندا دژ بە ڕۆمەکان و جارێکی تر کۆمەڵی لەو شێوەیە دژ بە موسڵمانەکان گرد نەکەنەوە.

(عمرو)ی کوڕی (عاصی)ی هەڵبژارد بۆ جێبەجێ کردنی ئەم نەخشەیە ، چونکە نەنکی (دایکی باوکی) سەر بە خێڵی (بلي) بوو ، لە مانگی (جەمادی دوو)ی ساڵی (٨)ی کۆچی‌دا ناردی بۆ ناویان لەدوای جەنگی (مؤتة)ەوە بۆ ئەوەی ڕایانکێشێت ، لەبارەی ئەم ڕۆشتنەی (عمرو)وە دەڵێت: پێدەچێت کە هەواڵگرەکان هەواڵیان هێنابێت گوایە کۆمەڵێکی خێڵی (قضاعة) کۆبونەتەوە تابدەن بەسەر مەدینەدا ، پێغەمبەریش ﷺ (عمرو)ی ناردووە بۆیان ، لەوانەشە هەردوو هۆیەکە پێکەوە بووبێت.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئالآیەکی سپی دایە دەست (عمرو)ی کوڕی (عاص)و ، هاوڕا ئالآیەکی ڕەشیشی لەگەڵدا ناردو لەگەڵ سێ‌سەد کەسی کۆچکەرو ئەنساریدا بەڕێی کردن ، سی ئەسپ سواریان لەگەڵدابوو ، فەرمانی پێدا کە یارمەتی وەربگرێت لە هەر کەسێکی خێڵی (بلي) و (عزرة) و (بلقين) کە بەلایدا بگوزەرێن ، شەو دەجولاو بە ڕۆژ خۆی کەنار دەدا ، کە لەکۆمەڵەکە نزيك بووەوە هەواڵی بۆ هات کە ژمارەیان زۆر زۆرە ، ئەنجا (رافع)ی کوڕی (مکيث)ی (جهنی) نارد بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ و داوای کۆمەکی تری لێکرد ، پێغەمبەریش ﷺ بەسەرکردایەتی (ابو عبيدة)ی کوڕی (جراح) دووسەد سواری تری نارد لە کۆچکەران و ئەنسارەکان کە (ابوبكر)و (عمر) یان تێدابوو ، ئالآی دایەدەستیان و فەرمانی پێدان کۆبن و ڕا جیاواز نەبن ، کە (ابو عبيدة) گەیشتە (عمرو) ویستی ئیمامەت بکا بۆ خەڵك ، (عمرو) وتی: تۆ کۆمەکیت بۆ من هێناوە ، من میری سوپاکەم ، (ابو عبيدة) دەستبەجێ بەگوێی کردو، (عمرو) نوێژی بۆ خەڵکەکە دەکرد.

ڕۆشتن هەتا گەیشتنە ناوچەی (قضاعة) ، چوە ناوی‌و ئەوپەڕی شوێنەکەی گرت ، لەکۆتاییدا کۆمەڵێکی بینی ، هێرشیان کردە سەریان ، ئەوانیش ڕایانکردو شوێنەکەیان بەجێ هێشت‌و بڵاوەیان لێ کرد.

ئەنجا (عەوف)ی کوڕی (مالك)ی (أشجعی) وەك فروستادەیەك نارد بۆلای پێغەمبەر ﷺ و هەواڵەکەی گەڕانەوەو سەلامەتی سوپاکەی پێڕاگەیاندو هەواڵی جەنگەکەی بۆ گێڕایەوە.

(ذات السلاسل) شوێنێکە کەوتۆتە پشت (وادی القری) لەو شوێنەوە بۆ مەدینە (١٠) ڕۆژ پیادەیە ، (ابن اسحاق) یش دەڵێت: موسڵمانەکان لەسەر ئاوێك لایاندا لە خاکی (جذام)دا ، پێی دەڵێن (السلسل) بەو بۆنەیەوە ناونرا بە (ذات السلاسل).[١]

سریەی (أبی قتادة) بۆ (خضرة)

ئەم سریەیە لەمانگی (شعبان)ی ساڵی ٨ی کۆچی‌دا بوو، چونکە (بنی‌غطفان) لە ناوچەی (خضرة)دا خۆیان مۆڵدا بوو (خضرة) زەوی (محارب)ە لەناو نەجددا . پێغەمبەری خوا ﷺ (أبا قتادة)ی بۆناردن لەگەڵ (١٥) پیاودا ، ئەوەبوو هەندێکیان لێ کوشتن‌و چەند کەسێکیشیان لێ گرتن و مەڕومالاتێکی زۆریان گرت ، سریەکە (١٥) شەوی پێچوە.[٢]

---

[١] / بڕوانە (سیرة ابن هشام) ٢/٦٢٣، ٦٢٤، ٦٢٥، ٦٢٦ و (زاد المعاد) ٢/١٥٧

[٢] / رحمة للعالمین ٢/٢٣٣ ، (تلقیح فهوم أهل الأثر) ل ٣٣

غەزای فەتح کردنی مەککە

(ابن قیم) دەڵێت: ڕزگارکردنی مەککە ئەو فەتحە گەورەیە بوو ، کە خودای مەزن بەهۆیەوە ئایین و پێغەمبەرەکەی و سەربازو کۆمەڵەکەی سەرخست و ماڵەکەی خۆی پێ پاککردەوەو کردیە سەکۆی هیدایەتی هەموو جیهانیان و ڕزگارکرد لە دەست موشریکان ، ڕزگارکردنی مەککە ئەو فەتحە بوو کە فریشتەکانی ئاسمان مژدەیان پێدەداو ورشەو جوانی بەئەستێرەکانی ئاسمانیش بەخشی و بەهۆیەوە پۆل پۆل خەڵکان هاتنە سەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام و زەوی پێ ڕووناک بەوەوە.[1]

هۆی غەزاکە

پێشتر لە ڕووداوی (حديبية)دا وتمان کە یەکێك لە بەندەکان ئەوەبوو هەر کەسێك ویستی ، بابڕواتە هاوپەیمانی موحەممەدەوە ﷺ ، هەرکەسێکیش ویستی با بڕواتە هاوپەیمانی قورەیشەوە ، هەر تیرەیەکیش دەڕواتە ناو هاوپەیمانێتی هەر لایەنێك ئەوا دەبێتە بەشێك لەولایەنەو هەردەست درێژیەك بۆ سەری دادەنرێت بە دەستدرێژی بۆ سەر لایەنی سەرەکیی هاوپەیمانێك.

بەپێی ئەو بەندە خێڵی (خزاعه) چوونە ناو هاوپەیمانی پێغەمبەرەوە ﷺ و (بنو بکر)یش چوونە ناو هاوپەیمانیی قورەیشەوە ، هەریەکێك لەو دوو تیرە چوونە پەنای یەکێك لە دوولایەنەکە ، لەنێوان ئەو دوو تیرەیەشدا پێشتر دوژمنایەتی جاهیلیەت هەبوو ، جاروبار دەیاندا بەسەر یەکتریدا ، کە ئیسلام هات و ئەم پەیماننامەیە نوسرا ، هەر یەکێکیان بەئارامی دانیشت ، بەڵام (بنو بکر) ئەم دەرفەتەیان قۆستەوە بۆ سەندنەوەی کۆنە تۆڵەیەك ، (نوفل)ی کوڕی (معاويه)ی (دیلی) لەگەڵ کۆمەڵێك کەسی تیرەی (بنو بکر)دا لە مانگی (شەعبان)ی ساڵی (٨)ی کۆچی‌دا بە شەو دایان بەسەر (خزاعه)دا کە لەکاتێکدا بۆ حەوانەوە لەسەر ئاوێك لایان دابوو ناوی (وتیر) بوو ، چەند پیاوێکیان لێ کوشتن و دەستیان لەیەکتر وەشاند ، قورەیش (بنو بکر)یان پڕ چەك کردبوو ، هەندێك چەکداری تری خێڵی قورەیش تاریکی شەویان بە هەل زانیبوو لەگەڵیاندا بەشداریان کردبوو ، تا ناچاریان کرد بوون بەرەو (حەرەم) هەڵبێن ، کە گەیشتبونە (حەرەم) ، خێڵی (بنو بکر) هاواریان کردە (نوفل) ، وتیان : (نوفل) نەکەیت ئەوا گەیشتینە (حەرەم) ، لە خوا بێ ئاگا مەبە. (نوفل) قسەیەکی زۆر خراپی لەدەم دەرچوو ، وتی: (بنی بکر) لەمڕۆ

---

[1] زاد المعاد ٢ ١٦٠

بەدواوە ئیتر خوا نیە ، بڕۆن تۆڵەی کۆنە قینی خۆتان بکەنەوە ، سوێند دەخۆم ئێوە لە حەرەمدا دزیش دەکەن ، چۆن ئێستە تۆڵەی خۆتانی تێدا ناکەنەوە؟

کە (خزاعە) گەیشتنە مەککە پەنایان برد بۆ ماڵەکەی (بدیل)ی کوڕی (ورقاء)ی (خزاعی) لەگەڵ ماڵی دۆستێکیدا کە ناوی (رافع) بوو.

(عمرو)ی کوڕی (سالم)ی (خوزاعی) بە پەلە خۆی گەیاندە مەدینەو چووە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و لەبەردەمیدا وەستا ، پێغەمبەر ﷺ لەناو مزگەوتدا دانیشتبوو کۆمەڵێك لە موسڵمانانی بەدەوردا بوو ، (عمرو) دەستی کرد بە گوتار خوێندنەوە:

یـــا ربّ إنّي نـــاشدٌ محمَّـــداَ حلفَنـــا وحلفَ أبيه الأ تـــلَدا[1]

قد كنتـــمُ ولداً وكنـــا والداَ[2] ثُـــمَّة أسلمنا ولم نَنْـــزِع يَـــدا

فـــانصُرْ هداكَ الله نصراً أيِّـــدا وادعُ عبادَ الله يـــأتوا مَـــدَدَا

فيهـــم رســـولُ الله قد تجرّدا ابيضَ مثلَ البدر يسموا صُعُدا

ان سِيْمَ خسفـــاً وجهُة تَرَبَّـــدا في فريق كالبحر يجرى مُزْبِـــدا

ان قـــريشاً أخلـــفوك الموعدا ونقضـــوا ميثـــاقَكَ المـــؤَكَّدا

وجعلُوا لـــى فى كـــداءِ رَصَدا وزعموا أن لستُ ادعوا أحَدا

وهم أذلُّ ، وأقـــلُّ عـــــددا هم بَيَّتـــونـــا بـــالوتير هُجَدا

وقتلـــونـــا ركَّعـــاً وسُجَّـــداً[3]

پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: خەمت نەبێت پشتیوانیت لێ دەکرێت.

پاشان هەورێك کەوتە ڕووی ئاسمان ، فەرمووی : ئەو هەورەش سەرەتای سەرکەوتنی (بنی کعب)ە.

پاشان (بدیل)ی کوڕی (ورقاء)ی (خزاعی) لەگەڵ چەندپیاوێکی خێڵی (خزاعە) دا کەوتنەڕێ بەرەو مەدینە ، نەوەستان هەتا گەیشتنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ لە مەدینەوە هەواڵی ڕووداوەکەو کوژراوەکانی خۆیاندایە ، ئەوەشیان پێوت: کە قوڕەیش یارمەتی (بنی بکر)ی داوە لەو هێرشەدا، ئەنجا وەفدەکەی گەڕانەوە بۆ مەککە.

---

[1] / اتلد: واتە کۆن ، ئاماژەدەکات بۆ نوێبەیمانەی لەکۆندا لەنێوان (خزاعە) و (بنی هاشم)دا لەسەردەمی (عبد المطلب) دا ڕووی داوە

[2] / ئاماژەیە بۆ دایکی(عبد المناف) کەناوی (حبی)یەو هاوسەری (قصی)یە ، لە خێڵی خزاعە بە

[3] / لەبەیتێکی تردا دەڵێت قتلنا وقد أسلمنا

(أبو سفيان) دەچێت بۆ مەدینە
بۆ تازەکردنەوەی سوڵحەکە

گومانی تێدانیە ئەو تاوانەی قورەیش‌و هاوپەیمانەکانی ئەنجامیاندا ، پەیمان شکێنیەکی تەواوو پێشێلکردنی پەیماننامەکەی نێوانیان بوو، بێ‌ئەوەی هیچ بەهانەیەك هەبێت ، لەبەرئەوە کە قوریش هەستی بەو پەیمانشکێنیە کرد ، لە چارەنووسی کارەکەو دەستبەجێ ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاریان بەست‌و بڕیاریاندا کە (أبوسفیان)ی سەرکردەیان وەك نوێنەر بنێرن بۆ تازەکردنەوەی سوڵحەکە لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ.

پێغەمبەری خوا ﷺ هەواڵی‌دا بەهاوەڵانی خۆی ، کە لەدوای ئەم پەیمانشکێنیە قورەیش چی دەکات ، فەرمووی: دەبینن (أبو سفیان) خۆی دەگەیەنێتە ئێرە بۆ توند کردنەوەی عەقدەکەو درێژکردنەوەی ماوەی سوڵحەکە .

(أبو سفیان) بەو پێیەی قورەیش بڕیاری‌دا دەرچوو ، لە (غطفان) گەیشت بە (بدیل)ی کوڕی (ورقاء) لەو سەرەوە بەرەو مەککە دەگەڕایەوە ،

پێی وت: (بدیل) لە کوێوە دێیت ؟

(أبو سفیان) دەیزانی کە چووەتە لای پێغەمبەر ﷺ.

(بدیل) وتی: لەناو ئەو شیوەدا بەرەو کەناری دەریا سەردانی (خزاعە)م کرد.

(أبو سفیان) وتی: سەردانی (محمد)ت کردوە؟

(بدیل) وتی: نەخێر.

کە لێك جیابونەوەو (بدیل) چوو بەرەو مەککە ، (أبو سفیان) لەدڵی خۆیدا وتی: ئەگەر (بدیل) گەیشتبێتە مەدینە ئەوا لەئاڵفەکەیدا ناوکی تێدایە ، چوو لەلایەکەوە پشقلی وشترەکەی (بدیل)ی پشکنی سەیری کرد ناوکی تێدایە ،

وتی: سوێند دەخۆم بەخوا چووەتە لای (محمد)و تێی گەیاندووە.

(أبو سفیان) گەیشتە مەدینە ، چووە ماڵی (أم حبیبە)ی کچی ، ویستی لەسەر ڕاخەرەکەی پێغەمبەر ﷺ دابنیشێت ، لەژێریدا دەری کێشا ،

وتی: ئەرێ کچێ بۆ وادەکەیت؟

وتی: ئەوە ڕاخەری پێغەمبەری خوایە ﷺ تۆ پیاوێکی موشریکی پیسی.
(ابو سفيان) وتی: وەڵڵاهی دوای من ، تووشی خراپە بوویت.
پاشان دەرچوو ، هەتا گەیشتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ قسەی لەگەڵدا کرد ، وەڵامی نەدایەوە ، پاشان چوو قسەی کرد لەگەڵ (ابوبكر)دا ، بەڵکو تکا بکات لای پێغەمبەر ﷺ قسەی لەگەڵدا بکات . وتی: من شتی واناکەم .
پاشان چووە لای (عمر)ی کوڕی (خطاب) قسەی لەگەڵدا کرد ، (عمر) پێی وت: من تکاتان بۆ بکەم لای پێغەمبەر ﷺ ؟ وەڵڵاهی ئەگەر دەنکە زەڕاتێکیش مابێت ، لەسەری ، شەڕتان لەگەڵدا دەکەم .
پاشان چووە لای (علی) کوڕی (أبی طالب) (فاطمة) لای دانیشتبوو. (حسن) یش منداڵێکی بچوك بوو گەمەو یاری دەکرد لەو ناوەدا ،
وتی: (علی) تۆ لەهەموویان زیاتر لە من نزیکتری ، بۆ کارێك هاتووم ، نامەوێت بەنائومێدی بگەڕێمەوە ، تکام بۆ بکە لای موحەممەد با قسەم لەگەڵدا بکات ،
(علی) پێی وت: دایکت ڕۆڵە ڕۆت بۆ بکات (ابو سفيان) ، پێغەمبەر ﷺ بڕیاری لەسەر شتێك داوە ، کەسمان ناتوانین قسەی تێدا بکەین ،
ئەنجا لای کردەوە بەلای (فاطمة)دا وتی: ئایا تۆ دەتوانیت کوڕەکەت وا لێ بکەیت پەنای خەڵکی بدات و تا دواڕۆژیش سەرکردەی هەموو عەرەب بێت؟
(فاطمة) وتی: وەڵڵا کوڕەکەی من ناگاتە ئەوە کە بتوانێت پەنای خەڵکی بدات ، کەسیش ناتوانێت بێ فەرمانی بەسەر پێغەمبەر ﷺ پەنای کەس بدات.
لەوێدا هەموو دونیا لەبەرچاوی (ابو سفيان) تاریك بوو ، بە (علی) کوڕی (ابو طالب)ی وت: بەترس و لەرزو بێتاقەتیو نائومێدیەکی زۆرەوە: (ابو الحسن) وادەبینم سەری دونیام لێ هاتۆتەوە یەك ، تکایە ئامۆژگاریم بکەو چی بکەم باشە؟
وتی: وەڵڵاهی نازانم چیت پێبڵێم بەکەڵکت بێت، بەڵام تۆ گەورەی (بنی کنانە) یت هەستە بڕۆ خۆت پەنابدە لەناوخەڵکیداو خۆت بگەیەنەوە بە خاك و ئاوی خۆت.
وتی: جائەوە هیچ سوودێکی هەیە؟
(علی) وتی: نەوەڵڵا باوەڕناکەم، بەڵام جگە لەو قسەیە هیچیتر شك نابەم.

(أبو سفيان) هاتەوە بۆ مزگەوت ، وتی: خەڵکینە ئەوا من خۆم پەناداوە لەناو خەڵکدا . پاشان سواری وشترەکەی بوو ، گەڕایەوە بۆ مەککە.

کەچووە ناو خێڵی قورەیش . وتیان: چیت کرد؟

وتی: چووم بۆ لای (محمد)و قسەم لەگەڵدا کرد ، وەڵڵاهی وەڵامی نەدامەوە ، چووم بۆ لای (ابن أبی قحافه) لای ئەویش هیچم پێ نەکرا ، پاشان چووم بۆ لای (عمر)ی کوڕی (خطاب) بینیم لەهەموویان توندتر بوو ، پاشان چوومە لای (علی) لە هەموویان نەرم و نیانتر بوو ، شتێکی پێ وتم بەگوێم کرد ، وەڵڵاهی نازانم ئەوە دادم دەدات یان نا؟

وتیان: ئەی چی پێ وتی؟

وتی: پێی وتم: کە خۆم حەشار بدەم لەناو خەڵکیدا ، منیش وام کرد.

وتیان: ئایا موحەمەد ڕێگەی ئەوەی پێدایت؟

وتی: نەخێر ،

وتیان: نەگبەت ، بەخوا موحەمەد گاڵتەی بەعەقڵت هاتووە ،

وتی: نەوەڵڵا ، جگە لەوە هیچی ترم بەدەستەوە نەبوو.

خۆ سازدان بۆ غەزاکەو هەوڵی ئاشکرا نەکردنی

لە ڕیوایەتەکەی (طبرانی)دا هاتوە ، کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانیدا بەعائیشە ، سێ ڕۆژ پێش هاتنی هەواڵی پەیمان شکێنیەکە ، فەرمانی پێدا کە کەلوپەلی بۆ بپێچێتەوە ، کەس بەمەی نەدەزانی ، (أبوبکر) چووە لای (عائیشە) وتی: کچێ ئەم خۆ پێچانەوەیە چیە؟

(عائشە) وتی: وەڵڵاهی نازانم .

(أبوبکر) وتی: خۆ ئەمڕۆ ڕۆژی غەزای (بنو الاصفر)یش نیە

ئەنجا وتی: پێغەمبەر ﷺ دەیەوێت بۆ کوێ تەشریف ببات؟

وتی: وەڵڵاهی هیچ نازانم.

لە بەرەبەیانی ڕۆژی سێیەمدا (عمرو)ی کوڕی (سالم)ی (خزاعی) لەگەڵ چل ئەسپ سواردا گەیشتنە مەدینە . هەستاو شیعرەکەی خوێندەوە (یارب انی ناشد محمداً...) ، ئیتر خەڵکەکە بەپەیمانشکێنیەکەیان زانی . پاش (عمرو) یش ، کە (بدیل) هاتو پاشان (أبو سفیان)یش گەیشتە مەدینە ، ئیتر خەڵکەکە بڕوای تەواوی سەبارەت بە پەیمانشکێنیەکە بۆ دروست بوو ، پێغەمبەر ﷺ فەرمانیدا بەخەڵکەکە خۆیان ئامادە بکەنو پێی ڕاگەیاندن کە بۆ مەککە دەڕوات . دوعای کردو فەرمووی: خوایە چاوو دڵیان لە ئاستماندا کوێر بکەیت تا دەدەین بەسەریاندا.

بۆ زیاتر چەواشەکردنو شاردنەوەی حاڵەتەکە ، پێغەمبەر ﷺ سریەیەکی هەشت کەسی نارد بە سەرۆکایەتی (أبی قتادە)ی (ربعی) بۆ ناو (أضم) لەنێوان (ذي خشب)و (ذي مروة)دا کە سێ قۆناغ لە مەدینەوە دوورە . لەمانگی (ڕەمەزان)ی ساڵی(٨)ی کۆچیدا ، بۆ ئەوەی بۆچونێك لای خەڵك دروست بکات کە بەرەو ئەو شوێنە دەڕوات ، هەواڵەکان بەو شێوازە بگاتەوە بە مەککە ، سریەکە کەوتەڕێ ، تاگەیشتە ئەو شوێنەی فەرمانی پێدرابوو ، ئەنجا هەواڵی پێگەیشت کە پێغەمبەر ﷺ بەرەو مەککە ڕۆشتوە ، گەڕانەوەو خۆیان گەیاندەوە بەکاروانەکەی پێغەمبەر ﷺ.[١]

---

[١] ئەم سریە دەگەن بە(عامر)ی کوڕی (اضبط)، بەسڵاوی ئیسلامەتی سڵاویان لێ دەکات ، کەچی (محلم)ی کوڕی (جثامة) لەبەرشتێکی نێوانیان لێیداو کوشتی، وشترەکەی برد لەگەڵ خۆیدا ، خوای مەزن ئایەتی ناردە خوارەوە ﴿ ولا تَقولوا لمنْ ألقي إليكُمُ السّلام لسْتَ مؤمِنا ﴾ ئایەتەکە ، ئەوەبوو (محلم) یان هێنا تاپێغەمبەر ﷺ داوای لێخۆشبوونی بۆ بکات ، کە هاتە بەردەستی فەرمووی خوایە لە (محلم) خۆش نەبیت، ئەمەی سێجار وتەوە ، کە هەستا پێدەچوو بەچمکی کراسەکەی فرمێسکەکانی بسڕێت ، (ابن اسحاق) دەڵێت کەسوکارەکەی دەڵێن دوای ئەوە داوای لێخۆشبوونی بۆ کردوە ، بڕوانە (زاد المعاد ٢/١٥٠) هەروەها ابن هاشم ٢ ٦٢٧ ، ٦٢٨

(حاطب)ی کوڕی (ابی بلتعة)یش بەنهێنی نامەیەکی بۆ قوڕەیش نووسی بوو ، تێیگەیاندبوون کە پێغەمبەر ﷺ بەرەو مەککە دێت ، نامەکەی دا بە ژنێك ناوی (ظعینة) بوو بەڵێنی بەخشیشێکی پێدا بوو ئەگەر بیگەیەنێتە دەست قوڕەیش ، ژنەکە نامەکەی خستە ناو پرچییەوە ، پاشان دەرچوو بەوەحی هەواڵدرا بە پێغەمبەر ﷺ کە (حاطب) چی کردوە، خێرا (علی) و (مقداد)ی نارد بەشوێن ژنەکەداو پێی فەرموون: بڕۆن تا دەگەنە باخچەی (خاخ) ، (ظعینة) لەوێیە نامەیەکی پێیە بۆ قوڕەیشی دەبات ، بە ئەسپ سواری دوای کەوتن تا لە شوێنی دیاریکراودا ژنەکەیان بینی ، پێیان وت: نامەیەکت پێیە؟

ژنەکە وتی: نەخێر، هیچ نامەیەکم پیّ نیە. کەلوپەلەکەی گەڕان هیچی تێدا نەبوو.

(علی) پێی وت: سوێند دەخۆم بەخوا نە پێغەمبەر ﷺ درۆ دەکات و نە ئێمەش ، یان ئەوەیە ئێستا نامەکە دەردەهێنیت و دەماندەیتێ یان بەزۆر لێتدەسێنین ، کە ژنەکە بینی زۆر سوورن لەسەر لێسەندنی نامەکە ،

پێی وتن: ڕوو وەرگێڕە.

(علی) ڕووی وەرگێڕا ، گرێی پرچەکەی کردەوەو نامەکەی تێدا دەرهێناو دایەدەستیان ، ئەوانیش نامەکەیان هێنایەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ ، تیایدا نووسرا بوو: لە (حاطب)ی کوڕی (ابی بلتعة)وە بۆ قوڕەیش)؛ لە نامەکەدا هەواڵی ڕووگەی کەوتنە ڕێی پێغەمبەری ﷺ پیّ ڕاگەیاندبوون ، پێغەمبەری خودا ﷺ (حاطب)ی بانگ کرد ، فەرمووی: ئەمە چییە (حاطب)؟

(حاطب) وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ داوات لێ دەکەم پەلەم لێمەکە ، وەڵڵاهی باوەڕم بەخواو پێغەمبەرەکەی هەیە ، نە هەڵگەڕاومەتەوەو نە دڵم گۆڕاوە ، بەڵام من کابرایەکی بێگانەم لەناو قوڕەیشدا ، کەسوکارو منداڵەکانم لەناویاندان ، کەسێکم نیە پەنایان بداتو لەدەست قوڕەیش بیانپارێزێت ، ئەوانیتر کە لەگەڵتدان هەموویان لە مەککەدا کەسوکاریان هەیە دەیانپارێزن ، پێم وابوو کە ئەو پشتو پەنایەم نەبێت ئەم کارە بکەم بۆ ئەوەی دەست نەبەن بۆ ژنو منداڵەکانم .

(عمر)ی کوڕی (خطاب) وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگەم بدە با لە ملی بدەم ، چونکە ئەوە خیانەتی کردوە لە خواو پێغەمبەرەکەی ﷺو هەڵگەڕاوەتەوە.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: وازبهێنە عومەر ئەمە یەکێکە لەوانەی شەڕی بەدری دیوە ، لەوانەیە خودا لوتفی زۆری لەگەڵ خەڵکی بەدردا کردبێت و فەرمووبێتی: چی دەکەن بیکەن ئەوا من لێتان خۆش بووم

ئەنجا چاوانی (عمر) فرمێسکیان پێدا هاتە خوارەوەو فەرمووی: خوداو پێغەمبەرەکەی ﷺ باشتر دەزانن.[1]

بەو شێوەیە خوای مەزن چاوانی دوژمنانی لەئاستدا کوێر کرد ، هیچ هەواڵێکی خۆسازدانی سوپای موسڵمانان بۆ چوونە سەر مەککەو شەڕکردن نەگەیشتە گوێی قورەیش.

سوپای ئیسلام بەرەو مەککە دەڕوات

دە ڕۆژ لە مانگی ڕەمەزان تێپەڕی بوو لە ساڵی (٨)ی کۆچی ، پێغەمبەری خوا ﷺ مەدینەی بەجێهێشت و بەرەو مەککە کەوتەڕێ ، لەگەڵ دەهەزار هاوەڵی خۆیدا ، بەسەر (مەدینە) شەوە (أبو رهم)ی (غفاری) بەجێهێشت.

کە گەیشتنە (جحفة)یان سەرووی (جحفة) ، (عباس)ی مامی پێگەیشت بەخۆی و ژن و منداڵیەوە موسڵمان بوو بوون و کۆچیان دەکرد ، کە گەیشتنە (أبواء)یش (ابو سفیان)ی کوڕی (حارث)ی ئامۆزای و (عبدالله)ی کوڕی (أبی أمیه)ی پورزای پێگەیشت پشتی تێکردن ، بەهۆی ئەو هەموو جنێوو سوکایەتی و قسە ناشیرینانەوە کە دەیانکرد دژ بە پێغەمبەر ﷺ ، (أم سلمه)ی هاوسەری عەرزی کرد: بائامۆزاکەت و پورزاکەت لە خەڵکی دڵڕەقتر نەبن لەگەڵتدا ، (علی)یش بە (أبو سفیان)ی کوڕی (حارث)ی وت: لە ڕووەوە بچۆ بەرەو ڕووی پێغەمبەر ﷺ و وەکو براکانی (یوسف) چیان وت بە (یوسف) تۆش عەرزی بکەو بڵێ: ﴿ قَالُوا تَاللَّهِ لَقَدْ آثَرَكَ اللَّهُ عَلَيْنَا وَإِنْ كُنَّا لَخَاطِئِينَ ﴾ یوسف/٩١. کەسیش نیە لە دونیا وتار شیرین تر بێت لە پێغەمبەر ﷺ . (أبو سفیان) چوو بەرەوڕووی و بەگوێی (علی) کرد، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ﴿ قَالَ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ يَغْفِرُ اللَّهُ لَكُمْ وَهُوَ أَرْحَمُ الرَّاحِمِينَ ﴾ یوسف ٩٢.

لەوێدا (أبو سفیان) چەند بەیتێکی شیعری خوێندەوە کە دەڵێت:

لَعَمْرُكَ إني حينَ أحمِلُ رايةً ... لتغلبَ خيلُ اللاّتِ خيلَ مُحمّدِ
لَكَالمُدلجِ الحيرانِ أظلَم ليلُهُ ... فهذا أواني حينَ أُهدى فأهتدي
هداني هادٍ غيرُ نفسي ودلَّني ... على اللهِ مَنْ طردتُه كُلَّ مَطْرَدِ

---

[1] بڕوانە (صحیح البخاری) ١ ٤٢٢، ٦١٢.

لەم بەیتەی کۆتاییدا دەڵێت: کەسێك ڕێنومایی منی کردو ڕێی نیشاندام بۆ لای خوا ، کە پێشتر من شاربەدەرم کرد ، پێغەمبەریش ﷺ دەستی خستە سەر سنگی (أبو سفیان)و فەرمووی: أنْتَ طرْدتني كلّ مَطْرد [1].

سوپای ئیسلام لە (مر الظهران) دادەبەزێ

پێغەمبەری خوا ﷺ بەڕێگە ڕۆشتنیشەوە بە ڕۆژوو بوو ، خەڵکەکەش بەڕۆژوو بوون ، تاگەیشتنە ئاوی (کدید) ئاوێکە لەنێوان (عسفان) و (قدید)دا ڕۆژووەکەی شکاند خەڵکیش ڕۆژوویان شکاند [2] ، پاشان لە ڕۆشتن بەردەوام بوو تاگەیشتە (مر الظهران) شیوی (فاطمة) لەخەوتنانندا گەیشتە ئەوێ ، فەرمانیدا بەسوپاکە ، لە هەموولایەکەوە ئاگر هەڵکەن ، دەهەزار مەشخەڵی ئاگر هەڵکرا ، ئەنجا پێغەمبەری خوا ﷺ (عمر)ی کوڕی (خطاب)ی کردە سەرکردەی پاسەوانەکان.

(أبو سفیان) لەبەردەم پێغەمبەری خوادا ﷺ

(عباس)ی مامی پێغەمبەر ﷺ پاش دابەزینی موسڵمانان لە (مر الظهران) سواری هێسترە سپیەکەی پێغەمبەر ﷺ بوو بوو ، دەرچوو بووە دەرەوە سابەڵکو داربڕێك ببینێت یا کەسێك بەدی بکات هەواڵ بدات بەقوڕەیش بۆئەوەی خەڵك بنێرن و داوای پەنادان بکەن ، پێش ئەوەی پێغەمبەر ﷺ بڕواتە ناو مەککەوە.

خوای مەزن چاوی قوڕەیشی کوێرکردو هیچ هەواڵێکیان پێ نەگەیشت ، لە حاڵەتی دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانیدا بوون ، (ابو سفیان) دەرچووە دەرەوە هەواڵێك ببیسێت ، (حکیم)ی کوڕی (حزام)ی لەگەڵدا بوو ، لەگەڵ (بدیل)ی کوڕی (ورقاء)دا.

(عباس) دەڵێت: بەسواری وشترەکەی پێغەمبەرەوە بووم ﷺ گوێم لێ بوو (أبو سفیان) بە (بدیل)ی کوڕی (ورقاء)ی وت لەکاتی گەڕانەوەدا: لە تەمەنمدا چاوم بەئەوەندە ئاگر نەکەوتوەو ئەوەندە سەربازم نەدیوە. دەڵێت: (بدیل) وتی: وەڵڵاهی ئەوە (خزاعە)یە شەڕ چووەتە بنکڵیشەیان . (أبو سفیان)یش وتی: خێڵی خوزاعە زۆر لەوە بچوکترو کەمترن کە ئەو سەربازگەو ئاگرەیان هەبێت.

---

[1] . ئەم (ابو سفیانە) دوای ئەوە موسڵمانەتیەکی باشی دەکرد ، دەڵێن دوای موسڵمانبوونی ، لە شەرم و شکۆدا ، سەری بەرز نەدەکردەوە لە خزمەت پێغەمبەر ﷺ ، پێغەمبەر ﷺ زۆری خۆشدەویست ، شایەتی بەهەشتی بۆداو فەرمووی لەخوا داواکارم ببێتە میراتگری حەمزە ، کەکاتی مردنی هات ، وتی: بە سەرمەوە مەگرین وەڵڵاهی لەوەتەی موسوڵمان بووم وشەیەکی هەڵەم لەدەم دەرنەچوە (زاد المعاد ٢, ١٦٢، ١٦٣)

[2] صحیح البخاری ٢ ٦١٣

(عباس) دەڵێت: دەنگیم ناسی ، هاوارم لێ کرد: (أبا حنظلة) ئەوە تۆی؟ ئەویش دەنگی ناسیم ، وتی: ئەوە تۆی (أبا الفضل)؟ وتم: بەڵێ وتی: چیتە؟ دایكو بابم بەقوربانت بن ، وتم: ئەوە پێغەمبەری خوایە لەناو خەڵکیدا ، سبەینێ بەرەبەیان لەناو قورەیشدا ڕۆژ دەکاتەوە.

(ابو سفیان) وتی: چارە چییە؟ دایكو بابم بەقوربانت بن. وتم: وەڵڵاهی ئەگەر زاڵ بێت بەسەرتدا دەدا لە ملت ، وەرە لە پشتمەوە سواری ئەم هێسترە ببە ، تا بتبەمە خزمەت پێغەمبەرﷺ و داوای پەنات بۆ بکەم . لە دوامەوە سواربوو ، دوو هاوەڵەکەشی گەڕانەوە بۆ مەککە.

(عباس) دەڵێت: بردم لەگەڵ خۆمدا ، بەلای هەرئاگرێکی موسڵماناندا تێدەپەڕین ، دەیانپرسی: ئەوە کێیە؟ کە منیان دەبینی بەسەر هێسترەکەی پێغەمبەرەوە ﷺ دەیانوت: ئەوە مامی پێغەمبەرە بەسەر هێسترەکەیەوە. تا بەلای ئاگرەکەی (عمر)ی کوڕی (خطاب)دا تێپەڕیم ، وتی: ئەوە کێیە؟ ئەمەی وت و هات بۆ لام ، کە (أبو سفیان)ی بینی بەسەر پشتی هێسترەکەوە بوو ، وتی: ئەوە (أبو سفیان) ە هەی دوژمنی خوا؟ سوپاس بۆ ئەو خوایەی بەبێ وادەو پەیمان تۆی هێنایە بەردەستمان . ئەنجا بەڕاکردن چوو بەرەو ڕووی پێغەمبەر ﷺ ، هێسترەکەم دایە غارو پێشکەوت ، لەسەری کەوتمە خوارەوە ، چوومە ژورەوە بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ و بەدوای منیشدا عومەر خۆی کرد بە ژووردا. وتی: پێغەمبەری خوا ، ئەوە (أبو سفیان)ە ڕێگەم بدە با بدەم لە ملی ، دەڵێت: وتم: پێغەمبەری خوا ﷺ من پەنام داوە. پاشان لەخزمەتیدا دانیشتمو دەستم گرت بەسەری (أبو سفیان)ەوەو وتم: دەبێت ئەمشەو ئەم پیاوە ڕزگار بکەم. کە (عمر) لەسەری ڕۆیشت ، وتم: (عمر) لەسەرخۆت بە ، وەڵڵاهی ئەگەر ئەم پیاوە کەسێکی (بنی کعب) بوایە ئەم قسەیەت نەدەکرد، وتی: تۆش لەسەرخۆ بە (عباس) ، وەڵڵاهی موسڵمانبوونی تۆم بەلاوە خۆشتر بوو تا موسڵمان بوونی (خطاب)ی باوکم . ئەگەر موسڵمان ببوایە ، ئەمەش تەنها لەبەرئەوە بوو چونکە دەزانم کە موسڵمان بوونی تۆلای پێغەمبەر ﷺ خۆشترە لە موسڵمان بوونی (خطاب).

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (عباس) لەگەڵ خۆتدا بیبە بۆ ناو خێوەتگەکەی خۆت ، سبەینێ بیهێنەرەوە بۆ لام. دەڵێت: ڕۆشتم. کە ڕۆژ بوەوە بۆ

سبەینێ بردمەوە خزمەت پێغەمبەر ﷺ ، کە بینی فەرمووی: دایکت ڕۆڵە ڕۆت بۆ بکات (ابو سفيان) کاتی ئەوە نەهاتوە ، کە بزانی هیچ خودایەك نیە جگە لە (اللَّهُ) ؟ وتی: دایكو بابم بە قوربانت بن ، چەندە بەحەوسەڵەو ڕێزدارو خزم دۆستیت؟ پێم وایە ئەگەر جگە لە خودا خوایەکی تر هەبوایە دەستبەرداری من نەدەبوو.

فەرمووی: (ابا سفيان) ئەی کاتی ئەوە نەهاتوە کە بزانیت من پێغەمبەری خودام؟ وتی: دایكو باوکم بەقوربانت بێت ، چەندە بەحەوسەڵەو ڕێزدارو خزم دۆستیت؟ سەبارەت بەمەیان هێشتا لەدڵمدا شتێك ماوە. (عباس) پێی وت: دایکت ڕۆڵەڕۆت بۆ بکات موسڵمان بە ، شایەتومان بهێنە ، پێش ئەوەی بدرێت لە گەردنت . لەوێدا (أبو سفيان) شایەتومانی هێنا.

(عباس) وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ (ئەبو سفيان) کابرایەکە حەزی لە ناوبانگە ، پشکێکی بدەرێ . فەرمووی: بەڵێ باشە، هەرکەسێك بڕواتە ماڵی (أبو سفيان) بێوەی دەبێت ، هەرکەسێك دەرگای ماڵەکەی لەسەر خۆی دابخات بێوەی دەبێت ، هەرکەسێك بڕواتە (بيت الحرام) ئەویش بێوەی دەبێت.

سوپای ئیسلام (مر الظهران) بەجێ دەهێڵێت بەرەو مەککە

لەو بەیانیەدا ، سەرلەبەیانی (ڕۆژی چوارشەمە (١٧)ی مانگی ڕەمەزانی ساڵی هەشتەمی کۆچی) ، پێغەمبەر ﷺ (مر الظهران)ی بەجێهێشت بەرەو مەککە ، فەرمووی بە (عباس)ی مامی کە (أبو سفيان) بهێڵێتەوە لە تەنگەبەری شێوەکەی نێو شاخەکەدا تا بەچاوی خۆی سەربازانی خودا ببینێت . (عباس) بەو شێوەیەی کرد کە پێغەمبەر ﷺ فەرموو بووی ، خێڵو تیرەکان هەریەکەیان بەئاڵای خۆیان تێپەڕین هەر لەگەڵ تیرەیەك بەبەردەمیدا تێدەپەڕین (أبو سفيان) دەیپرسی: ئەرێ (عباس) ئەمانە کێن؟

ئەویش بۆ نمونە دەیوت ئەوە : (سليم) ە .

(ابو سفيان)یش دەیوت : ئاخر من چیم داوە لە (سليم)؟

پاشان تیرەیەکی تر تێدەپەڕی ، دەیوت: (عباس) ئەی ئەوانە کێن؟

(عباس) دەیوت : (مزينة)ن . ئەویش دەیوت: من چیم داوە لە (مزينە)؟

تا هەموو تیرەکان تێپەڕین . هیچ تیرەیەك تێنەدەپەڕی (أبو سفيان) پرسیاری لە (عباس) نەکات ئەوان کێن ؟

که هەواڵی دەدایە ، دەیوت : ئاخر من چیم داوە لەفلانەو فیسارە تیرە، من چۆن دەرەقەتی ئەم هەمووە دێم؟

تا پێغەمبەری خوا ﷺ بەکەتیبە سەوزەکەی خۆیەوە گوزەران ، کۆچەران و ئەنسارییەکانی تێدابوو، لە تاو زنجیربەندو شمشێری زۆر بریسكو ورشە بەرچاوی دەبرد ، (أبو سفیان) وتی: (سبحان الله) ئەریٚ (عباس) ئەوانە کێن؟

(عباس) وتی: ئەوە پێغەمبەری خودایە ﷺ لەناو کۆچەرانو ئەنسارەکاندا ، (ابو سفیان) وتی: باوەڕ ناکەم کەس بەرگەی ئەمانە بگرێت .

پاشان وتی: (أبا الفضل) بەڕاستی برازاکەت ئەمڕۆ زۆرگەورە بووە.

(عباس) وتی: (أبا سفیان) ئەوە نازونیعمەتی پێغەمبەرێتیە .

(ابو سفیان) وتی: بەڕاستی وایە.

ئاڵای ئەنسار بەدەستی (سعد)ی کوڕی (عبادە)وە بوو ، کە بەلای (ابو سفیان) دا تێپەڕی ، (سعد) وتی بە (ابو سفیان): ئەمڕۆ ڕۆژی داستان و شەڕە ، ئەمڕۆ موڵكو ماڵتان حەلاڵ دەکەین ، ئەمڕۆ خودا قورەیشی زەلیلو داماو کرد.

کە پێغەمبەر ﷺ بەلای (ابو سفیان)دا تێپەڕی (ابو سفیان) وتی: پێغەمبەری خودا گوێت لیٚ بوو کە (سعد) چی وت ؟

فەرمووی: چی وت؟

وتی: ئەوەو ئەوەی وت .

(عثمان) و (عبدالرحمن)ی کوڕی (عوف) وتیان: پێغەمبەری خوا ﷺ ، پێدەچێت ئەم پیاوە شتێك بقەومێنێت لەناو قورەیشدا.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەڵکو ئەمڕۆ کابەی پیرۆز گەورە ڕادەگیرێت ، لە ئەمڕۆدا خوای مەزن قورەیشی سەربەرز کرد.

پاشان ناردی بە شوێن (سعد) داو ئاڵاکەی لێسەندەوەو دایەدەست (قیس)ی کوڕی .

پێم وایە کە ئاڵاکە لە دەست (سعد) دەرنەچووبێت ، وتراویشە: داویەتیە دەست (زبیر)ەوە.

قورەیش لەناکاودا بەهاتنی سوپای ئیسلام دەزانێت

کە پێغەمبەر ﷺ بەلای (أبو سفیان)دا تێپەڕی ، (عباس) وتی: (أبو سفیان) بڕۆ فریای خزمەکانت بکەوە. (أبو سفیان) بەخێرایی گەڕایەوە بۆ مەککە ، بەدەنگی بەرز هاواری کرد: ئەی خێڵی قورەیش ، ئەوە موحەممەدە سوپایەکی بۆ هێناون ئێوە دەرەقەتی نایەن ، هەرکەسێك بڕواتە ماڵی (أبو سفیان) بێوەی دەبێت. (هند)ی هاوسەری بۆ دەرچوە دەرەوە ، سمێڵی گرت و وتی: ئەم کابرا ڕووهەڵماڵراوە پێپەتیە بکوژن ، خوا لەناوت بەرێت چ پیاوێکیت.

(أبو سفیان) وتی: دایك ڕۆڵە ڕۆتان بۆ بکات ، لەخۆتان بایی مەبن ، سوپایەکی هێناوە ئێوە چاری ناکەن بۆیە هەرکەسێك بڕواتە ماڵی (أبو سفیان) بێوەی دەبێت. وتیان: خوا بتکوژێت ، ماڵەکەی تۆ ئەتوانێت کێ پەنا بدات؟ وتی: هەرکەسێکیش دەرگای ماڵەکەی خۆی دابخات بێوەی دەبێت ، هەرکەسێکیش بڕواتە مزگەوتی (حەرام) بێوەی دەبێت. خەڵکی بلاوەیان لێ کرد بۆ مزگەوت و ماڵەکانی خۆیان . چەند گەنجێکی هەرزەو بێ عەقڵیان هێشتەوەو وتیان: ئەوانە دەنێرینە پێشەوە ئەگەر شتێکیان کرد بۆ قورەیش ئێمەش دەچینە پاڵیان ، ئەگەر هیچیان پێنەکراو گیران ، چیان لێ داوا بکرێت دەیدەین ، ئەنجا گێل و عەقڵ سووکەکانی قورەیش لە دەوری (عکرمە)ی کوڕی (أبو جهل)و (صفوان)ی کوڕی (أمیە)و (سهیل)ی کوڕی (عمرو) لە (خندمە)دا کۆبونەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ موسڵمانەکاندا ، کابرایەکی خێڵی (بنی بکیر)یان لەناودا بوو ناوی (حماس)ی کوڕی (قیس) بوو ، پێشتر خەریکی ئاسنگەری بوو ، شمشێری دروست دەکرد ، ژنەکەی کە بینی خۆی ئامادە دەکات پێی وت: ئەرێ ئەوە بۆچی خۆت ئامادە دەکەیت؟ (حماس) وتی: بۆ شەڕکردن لەگەڵ موحەممەدو هاوەڵەکانی. ژنەکەی وتی: وەڵڵاهی ئەمڕۆ هیچ هێزێك نیە بتوانێت بەرگە بگرێت لەبەردەم سوپاکەی موحەممەدو هاوەڵەکانی. (حماس) وتی: وەڵڵاهی ئاوات دەخوازم کە هەندێکیان بکەمە خزمەتکاری تۆ. پاشان وتی:

إنْ يقبلوا اليومَ فمالي عِلــّةهذا سلاح كــاملٌ وألــّة

وذو غرارين سريعُ السَّلــّة[1]

ئەم پیاوە یەکێك بوو لەو کەسانەی لە (خندمە)دا کۆبووبووە لەگەڵ (عکرمە) و تاقمەکەیدا.

---

[1] / سرع السلة بەخێرای لەکێلان دەرکێشان ذو غرارین دوو نوك

سوپای ئیسلام دەگاتە (ذي طوى)

پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕۆشتن بەردەوام بوو تا گەیشتە (ذي طوى) ، کە نازو ڕێزی سەرکەوتن و فەتحی بینی سەری دانەواند بۆ خودای تاکو تەنها ، بە شێوەیەك خەریك بوو ڕیشی پیرۆزی بەر پشتی وشترەکەی دەکەوت ، لەوێدا سوپاکەی دابەشکرد ، (خالد)ی کوڕی (ولید) بۆ لای ڕاست ، کە خێڵەکانی (سليم) و (أسلم) و (غفار) و (مزينه) و (جهينه) و چەند تیرەیەکی تری عەرەبی تێدابوو ، فەرمانی پێدا کە لەبەشی خوارەوەی مەککەوە بڕواتە ناو مەککەوەو پێی فەرموو: ئەگەر هەرکەسێکی قوڕەیش هاتە ڕێگەتان و شەڕی لەگەڵ کردن لێیان دەن و درویْنەیان بکەن ، تا لە (صفا) پێم دەگەنەوە.

(زبير)ی کوڕی (عوام)یش لەلای چەپەوە بوو ، ئالاکەی پێغەمبەری خوای ﷺ پێبوو ، فەرمانی پێدا کە لەبەشی سەرەوە بڕواتە ناو مەککەوە، لەڕێگەی (كداء)ەوە ، ئالاکەی لە (حجون)دا بچەقێنێت و نەجوڵێت هەتا خۆی پێی دەگاتەوە.

(أبو عبيده)ش دانرابوو بە سەرکردەی پیادەو بێچەکەکان ، فەرمانی پێدا کە بەناو دۆڵەکەدا بڕوات تا دەڕواتە ناو مەککەو لەوێ دەگاتەوە بە پێغەمبەری خوا ﷺ.

سوپای ئیسلام دەڕواتە ناو مەککەوە

هەریەکێك لە کەتیبە سەربازیەکان لەشوێنی دیاری کراوی خۆیانەوە چوونە ژوورەوە ، خالیدیش هەرکەسێك بهاتایەتە ڕێگەیان و بەرەنگاری بکردنایە دەیان کوشت ، دووکەسیش لە هاوەڵەکانی (كرز)ی کوڕی (جابر)ی (فهری) و (خنيس)ی کوڕی (خالد)ی کوڕی (ربيعه) بەهۆی جیابونەوەیان لە سوپاکە کوژران ، هەرزەو عەقڵ ساویلکەکانی قوڕەیشیش ڕووبەڕوی (خالد)و هاوەڵەکانی بوونەوەو بوو بەشەڕی دوراودور ، دوانزە کەسیان لە موشریکان پێکاو لەئەنجامدا موشریکان ڕایانکردو هەڵاتن ، (حماس)ی کوڕی (قيس)یش کە پێشتر چەکی دروست دەکرد بۆ شەڕکردن دژ بەموسڵمانەکان ، هەڵات و خۆی کرد بە ماڵەکەیدا ، وتی بەژنەکەی: دەرگاکە دابخە. ژنەکەی وتی: ئەی ئەو.ڕۆژەت لە چی کە شیعرت دەخوێندەوەو خۆت بادەدا ؟ ئەویش وتی:

إنك لو شهدتَ يومَ الخندمة   إذ فرّ صفوانٌ وفرَّ عكْرِمَهْ
واستَقبلتنا بالسيوف المسلمه   يقطعن كلَّ ساعدٍ وجُمْجُمَهْ
ضرباً فلا يسمع إلاّ غمغمه   لهم نَهيتٌ خلَفنا وهَمْهَمَه [1]
لم تنطقي في اللوم أدنى كلمة

---

[1] همهمة دەنگ و زرنگانەوە

(خالد) بەناو مەککەدا گەڕا تا لە کۆتاییدا لەسەر (صفا) گەیشتەوە بە پێغەمبەر ﷺ .

(زبیر)یش پێشڕەوی کرد ، تا لە مزگەوتی (فەتح)دا ئالاکەی لە (حجون)دا چەقاند ، دوای ئەوە کرایە گومەز ، لە شوێنی خۆی نەجولاً تا پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی هێناو پێی گەیشتەوە.

پێغەمبەر ﷺ دەڕواتە مزگەوتی حەرام و لە بت پاکی دەکاتەوە

ئەنجا پێغەمبەر ﷺ تەشریفی هەستاو ، کۆچکەران و ئەنسارەکانیش بەدەوریدا خۆیان سازدا ، تا چووە ناو مزگەوتەکەوە ، بەرەو (حجر الأسود) چوو ، دەستی پێوەگرت و تەوافی بەیتی کرد ، کەوانێکی بەدەستەوە بوو لە دەوروبەرو سەرو ناوەوەی کابەی پیرۆزدا سێسەدو شەست بتی تێدابوو ، بەکەوانەکەی پێیدا دەکێشان و دەیفەرموو : ﴿ جَاءَ الْحَقُّ وَزَهَقَ الْبَاطِلُ إِنَّ الْبَاطِلَ كَانَ زَهُوقًا ﴾ الإسراء/٨١. هەروەها دەیفەرموو: ﴿ قُلْ جَاءَ الْحَقُّ وَمَا يُبْدِئُ الْبَاطِلُ وَمَا يُعِيدُ ﴾ سبأ/٩٤. بتەکانیش یەکەبەیەکە بەم لاولاداو بەرەو ڕوو دەکەوتن.

بەسەر وشترەکەیەوە تەوافی دەکرد ، هێشتا ئیحرامی نەکردبوو ، تەنها تەوافی دەکرد ، کە تەواوی کرد (عثمان) ی کوڕی (طلحة)ی بانگ کردو کلیلی کابەی لێ وەرگرت ، فەرمانیدا کرایەوە ، چووە ژوورەوە ، چەندین وێنەی تێدا بینی ، وێنەی (ابراهیم)و (اسماعیل)ی تێدا بینی خەریکی تیروپشك بوون ، فەرمووی: خوا ئەمانە بکوژێت ، وەڵڵاهی هەرگیز ئەوان ئەم تیرو پشکەیان نەکردوە ، هەرلەناو کابەدا کۆترێکی بینی لە مۆم دروستڎ کرابوو ، بەدەستی خۆی شکاندی، فەرمانیدا وێنەکانیشیان لابرد.

پێغەمبەر ﷺ لەکابەدا نوێژ دەکات و لەبەردەم قورەیشدا وتار دەخوێنێتەوە

پاشان دەرگاکەی بەسەرخۆیو (اسامە)و (بلال)دا داخست ، ئەنجا ڕووی کردە ئەو دیوارەی ڕووی لە دەرگاکەیەو تائەوەندەی سێ باڵی مابوو بۆ دەرگاکە وەستا ، دوو ستونی ناو کابەی خستەلای دەستی چەپیو یەکێکیشی خستەلای دەستی ڕاستیو سێ شوێنیشی خستە پشتەوەی خۆی و لەو ڕۆژگارەدا کابە

لەسەر شەش ستون ڕاوەستابوون ، پاشان نوێژی کردو بەدەوری (بیت)دا سوڕایەوە ، لە هەموو ڕووەکانیدا (الله أكبر)ی کرد (لا اله الا الله)ی دەخوێندەوە ، ئەنجا دەرگاکەی کردەوە ، مزگەوت پڕبوو لە خەڵك ڕیزبوون و چاوەڕوانیان دەکرد بزانن پێغەمبەر ﷺ چی دەکات ، هەردوو لاشیپانی دەرگاکەی گرت ، ئەوانیش لە خوارەوە دابوون فەرمووی:

جگە لەخوا هیچ پەرستراوێکی تر نیە ، بێ شەریکە ، بەڵێنی خۆی بردە سەر ، بەندەکەی خۆی سەرخست ، هەموو گرۆهەکانی ژێرخست ، هەموو هەق و حسابێك لە ژێر ئەم دوو پێیەی مندایە ، جگە لە زێوانی بەیت و ئاودانی حاجیان ، کوژراوی هەڵەو نیمچە قەستی - قامچی و دار - خوێنبایییەکی قورسی لەسەرە ، کە بریتیە لە سەد وشتر بەمەرجێك چل دانەیان دووگیان بن.

ئەی خەڵکی قوڕەیش ، خوای گەورە نەریتی نەفامی و شانازیی باوو باپیرانی هەڵپێچایەوە ، هەموو خەڵك نەوەی ئادەمن ، ئادەمیش لەگڵ دروست بووە ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿ يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴾ الحجرات/١٣.

﴿ لا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ ﴾

پاشان فەرمووی: خەڵکی قوڕەیش ، ئێوە پێتان وایە من چیتان لێ دەکەم؟ وتیان: خێروچاکە ، برایەکی بەڕێزو برازایەکی بەڕێزیت. فەرمووی: من ئەوەتان پێدەڵێم کە یوسف بەبراکانی خۆی گوت: ﴿ لَا تَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ ﴾ بڕۆن هەمووتان ئازاد بن.

کلیلی بەیت دەدرێتەوە بە خەڵکەکەی

پاشان پێغەمبەر ﷺ لە مزگەوتدا دانیشت ، (علی) چووە خزمەتی ، کلیلەکەی کابەی بەدەستەوە بوو ، وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ دەرگاوانی و ئاودانی حاجیانمان بدەرێ ، خوای مەزن سەلاّواتت لێ بدات .

لە ڕیوایەتێکی تریشدا هاتوە: ئەو کەسەی ئەو قسەیەی وت (عباس) بوو. پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (عثمان)ی کوڕی (طلحة) لە کوێیە؟ بانگ کرا ، پێی فەرموو: کلیلەکەی دەستم بدەرێ (عثمان) ، ئەمڕۆ ڕۆژی چاکەو وەفادارییە.

لە ڕیوایەتەکەی (ابن سعد)یشدا هاتووە لە (الطبقات)دا ، دەڵێت:

لەو کاتەدا کە کلیلەکەی پێدا فەرمووی : وەری بگرن تا هەتاهەتایە ، مەگەر زاڵم وەگەرنا کەس بۆی نیە لێتان بسێنێت ، ئەی (عثمان) ، خوای مەزن ئێوەی کردوە بەئەمینداری سەر ماڵەکەی خۆی ، بەچاکەو حەلاڵ لەو پشکە بخۆن کە لە ڕێگەی ئەم (بیت)ە پیرۆزەوە پێتان دەگات.

(بیلال) لە سەربانی کابەی پیرۆز بانگ دەدات

کاتی نوێژ هات ، پێغەمبەر ﷺ فەرمانیدا بە (بیلال) کە بچێتە سەر کابەی پیرۆزو بانگ بدات ، لەو کاتەدا (ابو سفیان)ی کوڕی (حرب)و (عتاب)ی کوڕی (أسید)و (حارث)ی کوڕی (هشام) لە دەرەوەی کابەدا دانیشتبوون

(عتاب) وتی: خوا ڕێزی لە (أسید)ی باوکم گرت کە زوو مردو گوێی لەم قسە ناخۆشانە نەبوو ،

(حارث)یش وتی: وەڵلاهی ئەگەر بمزانیایە ئەوە هەقە شوێنی دەکەوتم.

(ابو سفیان)یش وتی: وەڵلاهی من ورتەم لە دەمەوە نایەت ، چونکە ئەگەر قسە بکەم پێم وایە کە ئەو دەنکە زیخە بۆی دەگێڕێتەوە.

پێغەمبەر ﷺ چووە دەرەوە بۆ لایان و پێی فەرموون: هەرچیەکتان گوت گوێم لێ بوو. پاشان پێی وتن کە چیان وتووە ،

(حارث) و (عتاب) وتیان: بەڕاستی شایەتی دەدەین تۆ پێغەمبەری خودایت ، چونکە کەس لەوێدا نەبوو ئەم هەواڵەت بداتێ ، جگە لە خودای مەزن

نوێژی سەرکەوتن یان نوێژی شوکرانە

ئەو ڕۆژە پێغەمبەر ﷺ چووە ماڵی (أم هانی) کچی (أبو طالب) ، خۆی شۆرد ، هەشت ڕکات نوێژی لە ماڵی (أم هانی)دا کرد ، چێشتەنگاو بوو ، (أم هانی) وایزانی نوێژی چێشتەنگاوە بەلام نوێژی فەتح بوو ، (ام هانی) لە ماڵەکەیدا پەنای دوو هێوەری خۆی دابوو ، پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: (أم هانی) تۆ پەنای هەرکەسێک بدەیت ئێمەش پەنای دەدەین ، لەکاتێکدا کە (علی) کوڕی (أبو طالب)ی برای ویستبووی هەردوکیان بکوژێت ، (أم هانی)یش دەرگاکەی بەسەردا داخستبوون ، ئەو پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ کرد بوو ، پێغەمبەریش ﷺ ئەو وەلامەی دابوەوە.

حەلاڵ کردنی خوێنی چەند پیاوێکی تاوانبار

پێغەمبەر ﷺ خوێنی نۆکەسی گەورە تاوانباری حەلاڵ کردبوو، فەرمانیدا بەکوشتنیان ئەگەر خۆشیان بەدیواری کابەدا هەڵواسن، ئەوانەش بریتی بوون لە:

١. (عبد العزى) کوڕی (خطل)و
٢. (عبدالله)ی کوڕی (أبی سرح)و
٣. (عکرمە)ی کوڕی (أبو جهل)و
٤. (حارث)ی کوڕی (نفیل)و
٥. (مقیس)ی کوڕی (صبابە)و
٦. (هبار)ی کوڕی (أسود)و

٧ ـ ٨ . دوو کەنیزەکی (ابن خطل)یش کە بە شیعری ناشیرین هەجوی پێغەمبەریان دەکرد ﷺ .

٩. هەروەها (سارە)ی کەنیزەکی تیرەیەك لەخێڵی (عبد المطلب) کە نامەکەی (حاطب)ی هەڵگرتبوو.

سەبارەت بە (ابن أبی سرح) ، (عثمان) هێنایە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و ، تکای بۆکرد ئەویش چاوپۆشی لێکردو خوێنی نەڕشتو ئیسلامبونەکەی لێ قەبوڵ کرد ، پێشتر لێی وەرنەدەگرت سا بەڵکو یەکێك لە هاوەڵانی بیکوژن ، چونکە پێش ئەوەی موسڵمان بوو کۆچی کرد ، پاشان هەڵگەڕایەوەو گەڕایەوە بۆ مەککە.

(عکرمة)ی کوڕی (أبو جهل)یش هەڵات بەرەو یەمەن ، ژنەکەی داوای پەنادانی بۆ کرد لە پێغەمبەر ﷺ ، پێغەمبەریش ﷺ پەنایداو دڵنیای کرد ، ئەنجا چوو بۆلای بۆ یەمەن موسڵمان بوو گەڕایەوەو موسڵمانیەتیەکەشی زۆر باش بوو.

(ابن خطل)یش خۆی هەڵواسیبوو بەدیواری کابەدا ، پیاوێك هات هەواڵی دا بە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : بیکوژە ، چوو کوشتی.

(نمیلە)ی کوڕی (عبدالله)ش (مقیس)ی کوڕی (صبابە)ی کوشت ، (مقیس) پێشتر موسڵمان بوو بوو ، پاشان بەناهەق پیاوێکی ئەنساری کوشتبوو ، ئەنجا هەڵگەڕابوەوەو پەیوەندی کرد بە موشریکەکانەوە.

(حارث)یش لە مەککەدا زۆر ئازاری پێغەمبەری دەدا ﷺ (علی) کوشتی.

(هبار)ی کوڕی (اسود) ئەوکەسە بوو کە لەکاتی کۆچکردنی (زینب)ی کچی پێغەمبەردا ﷺ چوو بووە ڕێگەی ، ئەویش لەدەستی ڕای کردبوو لەسەر بەردێك کەوتبووە خوارەوەو سکەکەی لەبارچوو بۆو ، لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا (هبار) هەڵات ، پاشان موسڵمان بوو موسڵمانێکی باشی لێ دەرچوو.

دوو کەنیزەکەکەش یەکێکیان کوژراو ، ئەوی تریشیان پەنادراو موسڵمان بوو ، هەروەها (سارە)ش پەنادراو لەدواییدا موسڵمان بوو.

(ابن حجر) دەڵێت: (أبو معشر) لەناو خوێن حەڵاڵکراوەکاندا باسی (حارث)ی کوڕی (طلاطل)ی (خزاعی)یشی کردوە، (علی) کوشتویەتی . (حاکم)یش دەڵێت: (کعب) ی کوڕی (زهیر)یش یەکێك بووە لەوانە ، بەسەرهاتەکەشی بەناوبانگە ، دوای ئەوە هات و موسڵمان بوو ، (أرنب)ی کەنیزەکی (ابن خطل)یش کوژرا ، بەپێی ڕیوایەتەکەی (ابن اسحاق) (أم سعد)یش کوژراوە ، ژمارەکە بەتەواوی هەشت پیاوو شەش ژنن ، پێدەچێت (أرنب) و (أم سعد) دوو کەنیزەکەکە بن ، جوداوازی هەیە لە ناوەکانیاندا یان بەپێی شورەت و ناوبانگ ناونرا بن.[1]

موسڵمان بوونی (صفوان)ی کوڕی (أمیە) و (فضالة)ی کوڕی (عمیر)

(صفوان) یەکێك نەبوو لەو کەسانەی خوێنیان حەڵاڵ کرابوو ، بەڵام بەو سیفەتەی کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی قوڕەیش لەخۆی ترساو هەڵات ، (عمیر)ی کوڕی (وهب)ی (جمحی) لای پێغەمبەر ﷺ تکای بۆ کرد تکاکەی لێ قەبوڵ کراو پێغەمبەر ﷺ ئەو مێزەرەی پێ بەخشی کە لەکاتی فتحی مەککەدا بەسەریەوە بوو. کە ڕای کرد (عمیر) چوو بەدوایدا ، دەیویست سواری کەشتی بێت لە (جدە)وە بەرەو (یمن) بڕوات گێڕایەوە ، کە هاتەوە عەرزی پێغەمبەری کرد ﷺ کە دوومانگ مۆڵەتی بداتێ . فەرمووی: چوارمانگ مۆڵەتت دەدەمێ ، پاشان موسڵمان بوو ، پێشتر ژنەکەی پێش خۆی موسوڵمان بوو بوو ، ئەنجا لەسەر نیکاحی یەکەم دایمەزراندنەوە.

(فضالة)ش پیاوێکی بەغیرەت بوو ، لەکاتێکدا کە پێغەمبەر ﷺ تەوافی دەکرد ، هات بۆ کوشتنی ، پێغەمبەریش ﷺ هەواڵی نیازەکەی دڵی پێ وت ، کابرا دەست بەجێ موسڵمان بوو.

---

[1] . فتح الباري ٨/١١و١٢

وتارەکەی پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژی دووەمی فەتحدا

بۆ سبەینێ ڕۆژی دووەمی فەتحی مەککە ، پێغەمبەر ﷺ وتاریدا . وەسف و سوپاسی خودای کرد بەو وەسفەی شایستەی بێت ، فەرمووی: خەڵکینە ، خودای مەزن خاکی مەککەی حەرامکردوە لەو ڕۆژەوە ئاسمانەکان و زەمینی بەدیهێناوە ، لەبەرئەوە تاڕۆژی قیامەت بەحەرامی دەمێنێتەوە ، بۆ هیچ کەسێکی ئیماندار نیە خوێنی تێدا بڕژێت ، یان درەختێکی تێدا ببڕێت . ئەگەر کەسێك ئەوکارەی کردو وتی پێغەمبەریش لەناو مەککەدا کوشتاری کردوە ، بڵێن: خودا ئیزنی داوە بەپێغەمبەر ﷺ و ئیزنی نەداوە بەئێوە. منیش کاتێکێ ڕۆژم بۆ حەلاڵکرا ، دوای ئەوە مەککە وەك جاران حەرام کرایەوە ، با ئەو کەسەی ئامادەیە ئەم هەواڵە بگەیەنێت بەو کەسەی لێرە نیە.

لەڕیوایەتێکیشدا هاتووە: نابێت دڕکێکیشی تێدا دەربهێنرێت و ڕاوی تێدا بکرێت و ونبووی هەڵگیرێتەوە مەگەر کەسێك بیناسێتەوەو داری سەوزی ببڕێتەوە. (عباس) وتی: پێغەمبەری خودا جگە لەگیای (أذخر) چونکە ماڵوحاڵیان بەو گیایە دادەپۆشن. پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: کەواتە جگە لە (أذخر).

خێڵی (خزاعة) پیاوێکی خێڵی (بنی لیث) یان کوشتبوو لە بەرامبەر خوێنێکی سەردەمی جاهیلیدا ، لەو بارەیەوە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: خێڵی (خزاعة) ئیدی کەس مەکوژن پێشتر خەڵکی زۆر کوژراوە ، یەکێکتان کوشتوە دەبێت هەقی بدەم ، لەدوای ئەم ساتە وەختەوە هەرکەسێك کوژرا ، کەس و کاری دوو مافیان هەیە ، یان بکوژەکەی دەکوژرێتەوە یان خوێنەکەی دەدرێت .

لەڕیوایەتێکی تریشدا هاتوە ، کابرایەکی یەمەنی ناوی (أبو شاة) بوو ، هەستاو وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەمەم بۆ بنووسە ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بینووسن بۆ (أبو شاة).[1]

خەمخواردنی ئەنساریەکان بۆ مانەوەی پێغەمبەر ﷺ لە مەککدا

کە بەتەواوی مەککە ڕزگارکرا ، کە خاك و ئاوو نیشتیمانی پێغەمبەرە ﷺ ، ئەنساریەکان لەناو خۆیاندا بوو بەمقۆ مقۆیان وتیان: پێتان وایە دوای ڕزگارکردنی مەککە ئیتر پێغەمبەر ﷺ لە شارەکەی خۆیدا بمێنێتەوە؟

---

[1] / بۆ ڕاستی ئەم ڕیوایەتانە بڕوانە (صحیح البخاری) ١/٢٠٢،٣٢٩،٣٢٨؛٢٤٧،٢١٦،٢٢/٦١٧،٦١٥ ، صحیح مسلم ١/٤٣٩،٤٣٨،٤٣٧ ، (ابن هشام) ٢/٤١٦،٤١٥ . هەروەها (ابو داود) ١/٢٧٦

لەو کاتەدا پێغەمبەر ﷺ بەسەر کێوی (صفا)وە بوو دۆعای دەکرد ، کە لێبوەوە پێی فەرموون: ئەوە چیتان دەوت؟ وتیان: هیچمان نەدەوت پێغەمبەری خوا. وازی لێ نەهێنان تا پێیان وت ، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: پەنا بەخوا ژیان ئەو ژیانەیە کە لەناو ئێوەدا بێت ، مردنیش ئەو مردنەیە کە لەناو ئێوەدا بێت.

بەیعەت وەرگرتن

کە مەککە فەتح کرا ، ڕاستی دەرکەوت بۆ خەڵکی مەککەو زانیان کە سەرکەوتوو نابن ئەگەر موسڵمان نەبن ، بۆیە ملیان بۆ کەچ کردو کۆبونەوە بۆ بەیعەتدان ، پێغەمبەر ﷺ لەسەر (صفا) دانیشت بۆ وەرگرتنی بەیعەت لەخەڵك ، (عمر)ی کوڕی (خطاب)یش لە خوارییەوە بوو ، خەڵکەکەی ڕێك دەکرد لەسەر گوێڕایەڵی و بەگوێکردن بەگوێرەی توانا بەیعەتیاندا بە پێغەمبەر ﷺ.

لە (المدارك)یشدا هاتووە[١] : دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر ﷺ لە بەیعەتی پیاوان بوەوە دەستی کرد بە بەیعەت وەرگرتن لە ژنان ، هێشتا هەر لەسەر (صفا) بوو (عمر)یش لە خوارییەوە بوو بەفەرمانی پێغەمبەر ﷺ بەیعەتیاندا بە(عمر): ئەویش لەجیاتی پێغەمبەر ﷺ لەفەرمانەکان ئاگاداری دەکردن ، (هند)ی کچی (عتبة) هاوسەرەکەی (ابو سفیان) کە هات لە ترسی پێغەمبەرو ﷺ ئەو کارەی کردبووی بە (حمزة) ، سەری خۆی داپۆشی بوو بۆ ئەوەی نەناسرێتەوە ،

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەیعەتتان لەگەڵدا دەبەستم لەسەر ئەوەی هاوەڵ بۆ خودا پەیدانەکەن. (عمر) بەیعەتی‌دا بەژنەکان کە هاوەڵ بۆ خودا پەیدا نەکەن.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: دزیش نەکەن.

(هند) وتی: (ابو سفیان) پیاوێکی ڕژدە، ئەگەر کەمێك لەماڵەکەی ببەم ڕەوایە ؟

(ابو سفیان) وەستابوو ، وتی: ئەوەش کە بردوتە هەر حەڵاڵە ،

پێغەمبەر ﷺ دەستی کرد بەپێکەنین و (هند)ی ناسیەوە ،

فەرمووی: ئەوە تۆ (هند)یت؟

---

[١] / بڕوانە (مدارك التنزيل) نوسینی (النسفي) تەفسیری ئایەتی بەیعەت

وتی: بەڵێ ، پێغەمبەری خوا تکات لیّ دەکەم لە کارەکانی پێشووم بمبورە ، خوا لێت خۆش بێت.

فەرمووی: لەسەر ئەوەش نابێت زینا بکەن ،

(هند) وتی: بۆچی ژنی (حر) زینا دەکات ؟

فەرمووی: نابێت ڕۆڵەکانیان لەناوبەرن ،

، (هند) وتی: بەمناڵی پەروەردەمان کردن ، کەچی بەگەورەیی ئێوە هەمویتان کوشت ، ئێوەو ئەوان باش دەزانن ، شایانی باسە کە (حنظلة)ی کوڕی (ابو سفیان) لە جەنگی بەدردا کوژرا بوو.

بەم قسەیە (عمر) ئەوەندە پێکەنی لەسەر گازی پشت کەوت ، پێغەمبەر ﷺ زەردەخەنەیەکی کرد.

فەرمووی: نابێت بوختان دروست بکەن ،

(هند) وتی: وەڵڵاهی قسە هەڵبەستن و بوختان کاری ناڕەوایە تۆ تەنها بە کاری باش و ڕەوشتی بەرز فەرمانمان پێدەدەیت.

فەرمووی: نابێت لە فەرمانی چاکی پێغەمبەر ﷺ سەرپێچی بکەن.

(هند) وتی: وەڵڵاهی کەهاتین بۆ خزمەتت وانەهاتین کە سەرپێچیت بکەین.

کە هند گەڕایەوەماڵەوە بەدەستی خۆی بتەکەی شکاندو وتی: بەهۆی تۆوە بوغرا بوو بوین.

مانەوەی لە مەککەو کارکردنی تێیدا

پێغەمبەر ﷺ ماوەی نۆزدە ڕۆژ لە مەککەدا مایەوەو دروشمەکانی ئیسلامی بۆ نویّ دەکردنەوەو ڕێنومایی خەڵکی دەکرد بۆ هیدایەت و خواپەرستی ، لەو ماوەیەدا فەرمانی‌دا بە (أبا سعید)ی (خزاعی) کە پایەکانی حەرەم تازە بکاتەوەو سریە بە هەر چوارلادا بنێرێت تاخەڵکی بانگ بکەن بۆ ئیسلامەتی و هەموو بتەکانی دەوروبەری مەککە بشکێنێت ، هەموویان شکێنران و بانگخوازێك لەناو مەککەدا بانگی کرد ، با هەرچی بتێکی هەیە لە ماڵەکەیدا بیشکێنێت.

سریەو نێرراوەکان

١. کە پێغەمبەر ﷺ دوای فەتح دڵنیابوو (خالد)ی کوڕی (ولید)ی نارد بۆ شکاندنی پەیکەری (عزی) ، (ئەو کاتە مانگی ڕەمەزان پێنج ڕۆژی مابوو لە ساڵی (٨)ی کۆچیدا) بۆ ئەوەی بیشکێنێت . پەیکەری (عزی) لە (نخلە) بوو ، ئەم بتە موڵکی (قریش) و هەموو خێڵی (بنی کنانە) بوو . گەورەترینیان بوو . خێڵی (بنو شیبان) زێوانی بوون ، (خالد) بە سی ئەسپ سوارەوە بۆی دەرچوو تاگەیشتە سەری و شکاندی ، کە گەڕایەوە پێغەمبەر ﷺ پرسیاری لێکرد ئایا هیچت بینی؟ وتی: نەخێر. فەرمووی: تۆ بتەکەت بەتەواوی نەشکاندوە بگەڕێوە جارێکیتر بیشکێنە ، ئەمجارە (خالد) بە توڕەییەوە شمشێرەکەی هەڵکێشاو گەڕایەوە . لەوێ ژنێکی ڕەش پێستی ڕووتی سەرپەتی ، هاتە دەرەوە . (زێوانەکە) هاواری لێ کرد ، (خالد) شمشێرێکی لێدا کردی بەدوو کەرتەوە ، پاشان گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ هەواڵەکەی پێدا. فەرمووی: بەڵێ ئەوە (عزی) بوو ، ئیتر نائومێد بوو لەوەی لەمەودوا لە وڵاتی ئێوەدا بپەرسترێت.

٢. پاشان (عمرو)ی کوڕی (عاص)ی نارد بۆ ڕووخاندنی پەیکەری (سواع)یش ، (سواع) بتێکی (هزیل) بوو لە (رهاط) ، سێ میل لە مەککەوە دوورە . کە (عمرو) گەیشتە سەر بتەکە ، زێوانەکە پێی وت: چیت دەوێت ؟ وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێداوم کە بیشکێنم. کابرا وتی: ناتوانیت شتی وابکەیت. (عمر) وتی: بۆچی؟ زێوانەکە وتی: چونکە ڕێگەت نادرێت. (عمر) وتی: سەیرە تۆ هێشتا لەسەر بت پەرستیت؟ دایك ڕۆڵەڕۆت بکات ، ئەو بتە ئەتوانێت ببینێت و ببیستێت؟ پاشان لێی نزیکبوەوەو تێکی شکاند، ئەنجا فەرمانیدا بە هاوەڵەکانی ژووری بتەکەش بڕوخێنن ، هیچیان تێدا نەبینیەوە ، پاشان وتی بە زێوانەکە: ئێستا ڕات چۆنە؟ زێوانەکە وتی: ئەوا منیش ملم کەچ کرد بۆ خودا.

٣. لەهەمان مانگدا (سعد)ی کوڕی (زید)ی (أشهلی) لەگەڵ بیست ئەسپ سواردا نارد بۆ شکاندنی پەیکەری (مناة) لە (مشلل) سەر بەناوچەی (قدید) بوو . بتی (أوس) و (خزرج) و (غسان) و چەند خێڵێکیتر بوو، کە (سعد) گەشتە لای بتەکە زێوانەکانی وتیان: چیت دەوێت؟ وتی: دەمەوێت پەیکەری (مناة) بڕوخێنم ، وتیان: ئەوە تۆو ئەوە (مناة) ، (سعد) چوو بۆ بتەکە ، ژنێکی ڕووتی ڕەش پێستی قژ گژو بژ بەناوی (ویل)ەوە، لە ژوورەکە هاتە دەرەوەو

سنگی دەکوتا، زێوانەکە پێی وت: خەمت نەبێت (مناة) بۆ خۆی تەمێی یاخی بوانی دەکات . (سعد) لێیداو کوشتی، ئەنجا بتەکەشی ڕوخاندو تێك و پێکی شکاند ، لە ژوورەکەیدا هیچیان نەبینی.

٤. کە (خالد)ی کوڕی (ولید) لە ڕووخاندنی پەیکەری (عزی) هاتەوە ، پێغەمبەر ﷺ لە مانگی (شعبان)ی هەمان ساڵدا (٨ی کۆچی) ناردی بۆ خێڵی (بنی جذیمة) بۆ ئەوەی بانگیان بکات بۆ ئاینی ئیسلام نەك شەڕ بکات . لەگەڵ سێ سەدو پەنجا پیاوی کۆچەرو ئەنساری خێڵی (بنی سلیم)دا نارد ، کە گەیشتنە لایان ، بانگیان کردن بۆ ئاینی ئیسلام ، بەڵام ئەوان نەیانزانی بەڕێکوپێکی وەڵامیان بدەنەوە لەجیاتی ئەوەی بڵێن (اسلمنا) واتە: موسڵمان بووین . کەچی وتیان: (صبأنا صبأنا) واتە: بوین بە سابیئە. (خالد) کە لەبارودۆخەکە حاڵی نەبوو کەوتە کوشتو کوشتاریان و هەندێکیانی لێ بەدیل گرتن. هەر دیلێکی دایەدەست پیاوێك و ڕۆژێکیان فەرمانیدا کە هەرکەسەو دیلەکەی خۆی بکوژێت (ابن عمر)و هاوڕێکانی زۆریان پێناخۆش بوو ڕێگەیان نەدا ئەوکارە بکرێت هەتا هاتنەوە خزمەت پێغەمبەر ﷺو بۆیان باسکرد . پێغەمبەر ﷺ دەستی نزای بەرز کردەوەو فەرمووی: خوایە من بێگوناهم لەوەی خالد کردویەتی. دووجار ئەم نزایەی وتەوە.[1]

پیاوەکانی خێڵی (بنو سلیم) بوون کە دیلەکانی خۆیان کوشت نەك کۆچەرو ئەنسارەکان ، پێغەمبەر ﷺ (علی) نارد قەرەبووی هەموو زیانەکانی بۆ کردنەوەو خوێنی هەموو کوژراوەکانیشیدا ، لەکاتی خۆیدا لەنێوان (خالد) و (عبدالرحمن)ی کوڕی (عوف)دا دەمەدەمێ و دەنگ هەڵبڕین ڕوویدا لەسەر ئەوە ، باسەکە گەیشتەوە گوێی پێغەمبەر ﷺ ، بە (خالد)ی فەرموو: خالد ، گوێ بگرە ، وازبهێنە لە هاوەڵەکانم و هەقت نەبێت بەسەریانەوە ، وەڵڵاهی هەموو کێوی ئوحود ئاڵتون بێت و تۆ لەپێناوی خوادا بیبەخشیت ، ناتوانی بگەیت بەتۆزی پێی هاتوچۆی یەکێك لە هاوەڵەکانم.[2]

[1] صحیح البخاری ١/ ٤٥٠ ، ٢/٦٢٢

[2] درێژەی باسی ئەم غەزایەمان وەرگرتوە لە (ابن هشام) ٢/٣٨٩ تا ٤٣٧ و صحیح البخاری ١ کتاب الجهادو کتاب المناسك ٢ ٦١٢ تا ٦١٥، ٦٢٢ و فتح الباری ٨/٣ تا ٣٧ و صحیح مسلم ١/٤٣٧، ٤٣٨، ٤٣٩ ، ٢ ١٠٢، ١٠٣ ، ١٣٠ وزاد المعاد ٢ ١٦٠ تا ١٦٨. هەروەها (مختصر سیرة الرسول ﷺ) نوسینی (عبدالله النجدي) ل٣٢٢ تا٣٥١

ئەوە غەزای فەتحی مەککە بوو ، ئەمەش جەنگی یەکلاکەرەوەو فەتحی هەرەگەورەی موسڵمانان بوو بەسەر قەوارەی بتپەرستیدا ، هیچ بوارو بەهانەیەکی نەهێشت بۆ بتپەرستی لەهەموو دورگەی عەرەبیدا. بەگشتی خێڵە عەرەبەکان چاوەڕوانی ئەوجەنگە سەختەی نێوان موسڵمانان‌و بتپەرستانیان دەکردو دەیانزانی لە جەنگدا کەسێك لەسەر هەق نەبێت ناتوانێت دەورانی شەڕەکە بباتەوە لەکۆتاییدا ، پێشتریش ئەم بڕوایە لەناخیاندا چەسپابوو پێش نیو سەدەو ئەو ڕۆژگارەی خاوەن فیلەکان هاتن بۆ تێکدانی بەیت و هەموویان وەکو کای خوراو تەفروتونا بوون.

سوڵحی حودەیبیە سەرەتای ئەو فەتحە گەورەیە بوو ، لەو قۆناغەدا خەڵك بەئارامی‌و دڵنیاییەوە کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ یەکتریدا ، ئیسلامیان بەیەکتری ناساند ، ئەو ژێردەستانەی ناو مەککەش توانیان بیروباوەڕی خۆیان دەربخەن و بانگەشەی بۆ بکەن ، بەو هۆیەوە زۆرێك لەخەڵك هاتنە ناو ئایینی ئیسلامەوە ، تا ڕادەیەك ئەو سوپا ئیسلامیەی لە غەزاو جەنگەکانی پێشودا ژمارەی نەدەگەیشتە سێ هەزار کەس لەم فەتحەدا بوو بە دە هەزار چەکدار

ئەم غەزا یەکلاکەرەوەیە بوو چاوی خەڵکی کردەوەو پەردەی سەرچاویانی لابرد بۆ بیستنی ئیسلام و بەو هەڵوێستە موسڵمانەکان بەتەواوی کۆنترۆڵی هەڵوێستە سیاسی و ئایینیەکەیان کرد لەپانتایی دورگەی عەرەبیداو بوونە دەسەڵاتداری ئایینی و دونیایی لە ناوچەکەدا.

ئەو ڕەوشەی کە لەدوای سوڵحی حودەیبیەوە دەستی پێ کرد تێرو تەواو بوو گەیشتە ئەنجام ، بەم فەتحە گەورەیە کامڵ بوو ، دوای ئەوە ڕەوشێکی کە دەستی پێ کرد کە بەتەواوی لە بەرژەوەندی موسڵمانەکان بوو. بۆیە لەبەردەم خێڵ و تیرە عەرەبەکاندا هیچ بوارێك نەما ئەوە نەبێت پۆل پۆل بێنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و موسڵمان ببن و بانگەوازەکەشی هەڵگرن بۆ هەموو جیهان ، ئەمەش لە دووساڵی داهاتودا ئامادەگی بۆ کرا.

قۆناغی سێ هەم

دوا قۆناغی ژیانی پێغەمبەری مەزنە ﷺ

ئەم قۆناغە دوا قۆناغی ژیانی پێغەمبەری مەزنە ﷺ ، کە بریتیە لەو ئە نجامانەی بانگەوازە ئیسلامیەکە بەدەستی هێنا پاش جیهادێکی دوورو درێژو دەردەسەری و زەحمەتکێشان و خەم و پەژارەو ئاشووب و چەندین شەڕی خوێناویی ، کە لەمەودای بیست و ئەوەندە ساڵدا تووشی بوو.

فەتح کردنی مەککە مەترسیدارترین دەستکەوت بوو موسڵمانەکان لەو ساڵانەدا بەدەستیان هێنا ، بوو بەخاڵی وەرچەرخان ، کەش و هەوای باری عەرەب گۆڕا ، فەتح کردنی مەککە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان قۆناغی پێش خۆی و قۆناغی پاش خۆی بوو ، قوڕەیش لەدیدی عەرەبدا پاسدارو پشتیوانی ئایین بوون و دەبوایە هەموو عەرەب شوێنی قوڕەیش بکەوتایە ، بۆیە ملکەچکردنی قوڕەیش دواهەناسەی ئایینی بت پەرستی بوو لە دورگەی عەرەبیدا .

دەکرێت ئەم دوو قۆناغە ، بکەین بە دوو ڕووەوە:

- **ڕووی کێبڕکێ و شەڕ کردن.**
- **ڕووی پێشبڕکێی هاتنی گەل و تیرەکان بەرەو ئیسلام.**

ئەم دوو دیوە دوو دیوی پێکەوە گرێدراوی ئەم قۆناغەن ، هەرجارەی یەکێکیان پێش ئەوی تریان دەکەوێت . بەڵام ئێمە ڕیزبەندی بابەتیمان هەڵبژاردو لەبەر ئەوەش بوو کە دیوی شەڕو جەنگ کردن نزیکترە بەقۆناغەکانی پێشوو ، هەروەها گونجاوترە لەوی تر ، بۆیە لە ڕیز بەندیەکەدا پێشمان خست.

غەزای حونەین

فەتح کردنی مەککە گورز وەشاندنێك بوو عەرەبی ڕاچڵەکان و تیرە عەرەبەکانی خستە بەردەم واقیعی حاڵەوەو نەیاندەتوانی بیگۆڕن ، لەبەرئەوە جگە لە چەند تیرەیەکی ملهوڕی سەرسەخت هیچیان بۆ نەمایەوە جگە لەخۆ بەدەستەوەدان لەسەرو هەموویانەوە لق و پۆپەکانی (هوازن) و(ثقیف) ، ئەنجا خێڵەکانی (نصر) و (جشم) و (سعد)ی کوڕی (بکر)و چەند خەڵکێکی (بنی هلال) کە هەموویان لە (قیس عیلان)ن ، ئەم لق و پۆپانە بە لووت بەرزی خۆیاندا دەنازی و پێیان شوورەیی بوو ملکەچی بکەن ، بۆیە چوونە پاڵ (مالك)ی کوڕی (عوف)ی (نصری)و بڕیاریاندا بڕۆن بۆ شەڕی موسڵمانەکان.

کەوتنە ڕێی دوژمن و دابەزینیان لە (أوطاس)

کە فەرماندەی گشتی (مالك)ی کوڕی (عوف) بڕیاری دەرچوونیدا بۆ جەنگی موسڵمانەکان . هەموو ژن و منداڵ و سەروەت و سامان و مەڕوماڵاتی دایەبەر لەگەڵ خۆیدا ، ڕۆشت تاگەیشتە (أوطاس) ـ أوطاس شوێنێکە لە ناوچەی (هوازن)ەو نزیکە لە (حنین)ەوە ، (حنین)یش شیوێکە بەتەنیشت (ذي مجاز)ەوە ، لە ڕووی (عرفات)ەوە یانزە میل لە مەککە دوورە ـ.[1]

شارەزایەکی جەنگ ڕای فەرماندەی گشتی پەسەند ناکات

کە (مالك) لە (أوطاس) دابەزی خەڵکی بەدەوریدا کۆبونەوەو (درید)ی کوڕی (صمە)شیان لەگەڵدا بوو ، ئەم کابرایە پیاوێکی ئازاو شارەزا بوو ،

(درید) پرسی : ئەرێ ئێرە کوێیە؟

وتیان : (أوطاس)ە.

وتی: بەڕاستی بوارێکی باشە بۆ ڕمبازێنی ئەسپ ، نە ئەوەیە سەخت بێت و نە ئەوەشە چاڵ و چۆڵ بێت ، ئەی ئەوە چیە گوێم لە پڕمەی وشترو سەڕەی گوێدرێژەو گریانی منداڵ و باڕەی مێگەلە؟

وتیان (مالك)ی کوڕی (عوف) لەگەڵ ئەم خەڵکەدا ژن و منداڵ و ماڵ و سامانەکەشی هێناون ، (مالك)ی بانگکردو پرسیاری لێکرد کە بۆچی ئەم بەزمەی ناوەتەوە ،

---

[1] بڕوانە فتح الباري

وتی: ویستم له پشت هەموو پیاوێکەوە خاوو خێزانەکەی دابنێم ، بۆ ئەوەی غیرەتی بجوڵێت و شەڕ بکات.

وتی: وەڵڵاهی تۆ بۆ شوانی باشیت ، ئەرێ هەرگیز بووە دۆڕاو هیچی پێ بکرێت ؟ ئەگەر ئەمڕۆ سەرکەویت تەنها پیاوێك بەکەڵکت دێت شمشێری بەدەستەوە بێت ، ئەگەر بشدۆڕێیت حەیاو ئابڕووت دەچێت . پاشان هەواڵی تیرو سەرۆك خێڵەکانی پرسی .

ئەنجا وتی: (مالك) تۆ بەم کارەت هیچت پێ ناکرێت ، ئەمانە دوور بخەرەوە بۆ شوێنی دوور لە قەڵای مەحکەمدا دایانبنێ ، منداڵەکانیش بخەرە سەرپشتی ئەسپ و بیاننێرەوە ، ئەگەر سەرکەوتیت ئەوانیش پێت دەگەنەوە ، خۆ ئەگەر ژێریش کەوتیت ئەوا بەلایەنی کەمەوە ژن و منداڵەکانت پارێزراو دەبن.

بەڵام (مالك) کە سەرکردەی گشتی بوو ئەم داوایەی ڕەتکردەوەو وتی: وەڵڵاهی شتی واناکەم ، تۆ کابرایەکی پیرو خەڵەفاویت ، وەڵڵاهی یان ئەوەیە هەموو (هوازن) لەگەڵم دێن یان سنگ دەخەمە سەر نوکی ئەم شمشێرەو خۆم دەدەم بەسەریدا تا لە پشتمەوە دەردەچێت ، ئیتر حەزی نەدەکرد باس و خواسی (درید) لە مەسەلەکەدا بمێنێت ، بۆیە خەڵکەکە وتیان: ئێمە گوێڕایەڵی تۆین ،

(درید) وتی: بەڕاستی ئەمە ڕۆژێکە من نەمدیوەو لێشم دەرناچێت .

ئەنجا وتی:

يـــا لَيْتَـــني فيهـــا جَـــذَعْ　　أخُـــبُّ فـــيهـــا وأضَـــعْ
أقـــودُ وطـــفـــاءَ الـــزمَعْ　　كَـــأنَّهـــا شـــاةٌ صـــدعْ

سیخوڕەکانی دوژمن

سیخوڕەکانی (مالك) هەواڵی موسڵمانەکانیان بۆ هێنا ، کە گەیشتنەوە قەڵەمی ئەژنۆیان شکابوو ، وتی: کوڕە ئەوە چیتانە ، چیتان لێ بەسەر هاتووە؟

وتیان: چەندین پیاوی سەرتاسپیمان بینی بەسواری ئەسپی ڕەنگ تێرەوە بوون ، کە ئەوەمان بینی هێزو تینمان تێدا نەماو ئەوە دەبینی چیمان لێ هاتووە.

چاودێرەکانی پێغەمبەر ﷺ

هەواڵ هات بۆ پێغەمبەر ﷺ لەبارەی جموجوڵی دوژمنەوە ، (ابا حدرد الاسلمی) نارد بۆ لایان و فەرمانی پێدا ، کە درزە بکاتە ناویان و لەناویاندا بمێنێتەوە تا هەواڵیان دەزانێت و پاشان دەنگوباسیان بهێنێتەوە ، ئەویش وایکرد.

پێغەمبەر ﷺ مەککە بەجێ دەهێڵێت و دەڕوات بۆ (حنين)

(ڕۆژی شەممە شەشی مانگی شەوال ساڵی ٨ی کۆچی) ، پێغەمبەر ﷺ مەککەی بەجێ هێشت ئەوە نۆزدەهەم ڕۆژ بوو کە تەشریفی هاتبووە ناو مەککەوە ، کە دەرچوو دوانزە هەزار موسڵمانی لەگەڵدا بوو ، دە هەزاریان لەوانە بوون کە لەگەڵی دەرچوون بۆ فەتحی مەککە ، دوو هەزاریشیان مەککەیی بوون ، کە زۆرینەیان نۆ موسڵمان بوون پێغەمبەر ﷺ سەد قەڵغانی بەتاقمەکانیانەوە وەرگرت لە (صفوان) و (عتاب)ی کوڕی (أسيد) دانا بەسەر مەککەوە.

کاتی خەوتنان بوو ئەسپ سوارێك هات ، وتی: من سەیری فلانە شاخ و فیسارە دۆڵم کردو بینیم خێڵی (هوازن) هەڵیان داوەو بە ژن و منداڵ و ماڵ و سامانەوە لەوێ خێوەتیان هەڵداوەو دابەزیون . پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : خوا یاربێت سبەینێ ئەوە دەبێتە دەسکەوتی موسڵمانان . بۆ پاسەوانێتی ئەو شەوەش (انس)ی کوڕی (أبي مرثد) ی (غنوي) خۆی ئێشکگریی کرد.[1]

لەڕێگەدا کە بەرەو (حنين) دەچوون درەختێکی سەوزی گەورەیان بینی ، پێی دەوترا (ذات انواط) واتە نیشانەدار، عەرەبە دەشتەکیەکان چەك و تفاقی خۆیان پێدا هەڵدەواسی و ئاژەڵیان لەبەردەمدا سەردەبڕی و لەژێر سێبەرەکەیدا خواپەرستیان دەکرد ، هەندێك لە موسڵمانانی ناو سوپاکە وتیان: پێغەمبەری خوا ﷺ تۆش درەختێك بۆ ئێمە نیشانە بکە هەروەکو ئەوانە درەختێکی نیشانەداری خۆیان هەیە. فەرمووی: (الله اکبر) ، سوێندم بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئێوەش قسەکانی شوێنکەوتوانی موسا دەڵێنەوە کە دەیانوت: تۆش لە زەویدا خودایەك بۆ ئێمە دروست بکە ، هەروەکو ئەوان خودایان هەیە لە زەویدا. ئەنجا فەرمووی: ئێوە خەڵکێکی نەزانن ، ئەوەی ئێوە دەیلێن شوێن پێ هەڵگرتنی خەڵکانی ترە ، وەڵلاهی واتان لێ دێت شوێن هەنگاوەکانی میللەتانی پێش خۆتان دەکەون و گوێ نادەنێ.[2]

هەندێکی تریان کە لایەکی کردەوە بەلای سوپاکە سەریان سوڕما لە زۆری ژمارەی سوپاکەو وتیان: ئیتر لەمەودوا لەبەرکەمی ژمارە شکست ناهێنین ، کە پێغەمبەر ﷺ ئەمەی بەرگوێ کەوت ، زۆری پێ ناخۆش بوو.

---

[1]. بڕوانە (سنن ابی داود)

[2] / (ترمزی) ئەمەی ڕیوایەت کردوە

تیرهاوێژان شالاوی ناكاو دەهێنن

ده شەو لەمانگی (شوال) تێپەڕی بوو سوپای ئیسلام گەیشتە حنین لە شەوی سیٚشەممەدا ، بەڵام (مالك)ی كوڕی (عوف) پێش ئەمان گەیشتبووە شوێنەكەو بەشەودا هەموو چەكدارەكانی لەو شیوەدا حەشار دابوو و كەمین و مەفرەزەكانی بەو دەوروبەردا بڵاوە پێ كردبوو ، فەرمانی پێدابوون لەگەڵ دەركەوتنی موسڵمانەكاندا تیر بارانیان بكەن ، ئەنجا یەك دەستەیی شالاوێكی خێرا بكەنە سەریان.

لە بەرەبەیاندا پێغەمبەر ﷺ سوپاكەی ڕێكخست ، ئاڵاو پەرچەمەكانی دابەش كرد بەسەر سوپادا ، لەگەڵ تاریك و ڕووندا موسڵمانان چوونە ناو شیوی (حنین)ەوەو پێیدا شۆڕ بونەوە ، بێئەوەی بزانن لەناو تەنگەبەری شیوەكەدا كەمین هەیە ، كە بەرەو خوار دەبونەوە لە هەموولایەكەوە تیرباران كران و كەتیبەو پۆلەكانی دوژمن یەكدەستەیی دایان بەسەریاندا ، موسڵمانەكان شپرزە بوون و گەڕانەوە دواوە كەس ئاگای لە كەس نەبوو ، شپرزە بونێكی سەخت بوو (أبو سفیان)ی كوڕی (حرب) كە هێشتا نۆ موسڵمان بوو وتبووی: وەڵڵاهی وابڕوا لە دەریاش ناگرسێنەوە - مەبەستی دەریای سوور بوو -. ئەنجا (جبلە) یان (كلدە)ی كوڕی (جنید) لەناو موشریكاندا هاواری دەكرد: ئەوە جادووەكە بەتاڵ بووەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ لای ڕاستی گرت هاواری كرد: خەڵكینە وەرن لە دەورم كۆببنەوە ، من پێغەمبەری خودام ، من (موحەممەد)ی كوڕی (عەبدوڵڵا)م. لەوكاتەدا جگە لەچەند كەسێكی كۆچكەران و ئال و بەیتەكەی كەسی بەدەوردا نەمایەوە ، هەمووی ڕای كرد.

ئیتر لەوێدا ئازایەتی بێوێنەی پێغەمبەر ﷺ دەركەوت ، بەسواری هێسترەكەیەوە بەتوندی بەرەو كافران دەڕۆیشت و دەیفەرموو:

أنـــا النبي لا كذب أنـــا ابن عبد المطلب

(أبو سفیان)ی كوڕی (حارث)یش جڵەوی هێسترەكەی گرتبوو ، (عباس) پشتی گرتبوو نەیاندەهێشت پێغەمبەر ﷺ بڕواتە ناو جەنگەكەو عەرزیان كرد: پێغەمبەری خوا ﷺ تكایە پەلە مەكە ، ئەنجا پێغەمبەر ﷺ لە هێسترەكەی دابەزی و پاڕایەوە فەرمووی: خوایە سەرخستنی خۆت بنێرە.

گەڕانەوەی موسڵمانەکان و گەرم بوونەوەی شەڕ

پێغەمبەر ﷺ فەرمانیدا بە (عباس) زۆر دەنگی گەورەبوو ، هاوەڵەکانی بانگ بکاتەوە . (عباس) دەڵێت: بەهەموو توانام هاوارم کرد: ئەرێ کوان کوڕانی (سمرە)؟

دەڵێت: وەڵلاهی چۆن ئاژەڵێك سۆزی بۆ بێچوەکەی دەجوڵێت ، کە گوێیان لە دەنگم بوو وتیان: ئەوە هاتینەوە ، ئەوە هاتینەوە.[1]

پیاوی وایان تێدا بوو دەیویست سواری وشترەکەی بێتو بگەڕێتەوە نەیدەتوانی ، خێرا قەڵغانەکەی دەکردەوە ملی و شیرەکەی دەگرتەوە بەدەستەوەو وازی لە وشترەکە دەهێناو بەڕەلای دەکردو بەرەو دەنگەکە دەهات ، تا سەد کەسێکیان لێ هاتەوە ئەنجا دەستیان کردەوە بە شەڕ.

ئەنجا بانگەکە ڕووی کردە ئەنسار ، وتی: ئەرێ خێڵی ئەنسار ، ئەرێ خێڵی ئەنسار ، کەوتە بانگکردنی (بنی الحارث)ی (خزرجی) ئیتر کەتیبەی موسڵمانەکان پۆل پۆل هاتنەوەو گەیشتنەوە ئەو شوێنانەی بەجێیان هێشتبوو ، ئەنجا شەڕ دەستی پێ کردەوە . پێغەمبەر ﷺ سەیری مەیدانی جەنگەکەی کرد کەبینی شەڕ هەڵگیرساوە فەرمووی: (ئێستا شەڕ گەرم بووە). ئەنجا مشتێك خۆڵی هەڵگرت و بەڕووی کافراندا فڕێیداو فەرمووی: (خوایە چاوانیان کوێر بێت). لەو ڕۆژەدا چەکداریان نەبوو گەردو تۆزی ئەو مشتەخۆڵە بەچاویاندا نەچووبێت ، بۆیە شکستیان هێناو بەرەودوا کەوتنە هەلاتن.

شکست هێنان و ڕووخانی دوژمن

هێندەی نەبرد ـ دوای فڕێدانی مشتە خۆڵەکە ـ دوژمن شکستی هێنا ، شکستێکی خراپ ، خێڵی (ثقیف) حەفتایان لێکوژرا ، وەموسوڵمانەکان دەسکەوتێکی زۆریان دەستکەوت ، لە مەڕو مالاَت و چەك .

وە قورئان ئاماژەی بۆ ئەم شەڕە کرد ، دەفەرموێت : ﴿ وَيَوْمَ حُنَيْنٍ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْئًا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ الأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ {٢٥} ثُمَّ أَنَزلَ اللّهُ سَكِينَتَهُ عَلَى رَسُولِهِ وَعَلَى الْمُؤْمِنِينَ وَأَنزَلَ جُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا وَعذَّبَ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَذَلِكَ جَزَاء الْكَافِرِينَ {٢٦} ﴾ التوبة .

---

[1] / صحيح المسلم ٢/١٠٠

که دوژمن شکستی هێنا هەندێکیان چوونە (طائف) ، هەندێکیشیان چوونە (نخلە) ، هەندێکی تریشیان خۆیان گەیاندە (أوطاس) ، پێغەمبەر ﷺ چەند هاوەڵێکی نارد بۆ ڕاوەدونانی ئەوانەی (أوطاس) بەفەرماندەی (أبو عامر الأشعري) ، هەردوولا بوو بە شەڕیان ، جارێکی تر موشریکان ڕایانکرد ، لەو بگرەو بەردەیەدا (أبو عامر)ی فەرماندە شەهید کرا.

کۆمەڵێکی تر کەوتنە ڕاوەدونانی ئەو موشریکانەی هەڵاتن بۆ (نخلة) لەوێ (ربيعة)ی کوڕی (رفيع) (دريد)ی کوڕی (صمة)ی کوشت.

بەڵام زۆرینەی سوپا تێکشکاوەکە پەنایان برد بۆ (طائف) ، پێغەمبەر ﷺ پاش کۆکردنەوەی دەسکەوتەکان بە خودی خۆی چوو بەدوایاندا.

دەسکەوتەکان

دەسکەوتەکان بەم شێوەیە بوون : شەش هەزار دیل ، بیست و چوار هەزار سەر وشتر ، زیاتر لە چل هەزار سەر مەڕ ، چوار هەزار هۆقە زیو. پێغەمبەر ﷺ فەرمانیدا بەکۆکردنەوەیان و لە (جعرانة) مەڵۆی کردن و (مسعود)ی کوڕی (عمر)ی (غفاري) کرد بەچاودێر بەسەریەوە ، دابەشی نەکرد تا لە غەزای (طائف) گەڕایەوە.

لەناو ژنە دیلەکاندا (شيماء)ی کچی (حارث)ی (سعد)ی یان تێدا بوو کە خوشکی شیری پێغەمبەرە ﷺ ، کە هێنرایە بەردەم پێغەمبەر ﷺ ، خۆی پێناساندو بەنیشانەیەکدا ناسیەوەو ڕێزی لێ گرت و کراسەکەی خۆی بۆ ڕاخست و دای نیشاند لەسەری ، پاشان ئازادی کردو گێڕایەوە بۆ لای کەسوکاری.

غەزای (طائف)

لەڕاستیدا ئەم غەزایە درێژکراوەی غەزای (حنين)ە ، چونکە زۆرینەی خێڵی (هوازن) و (ثقيف) لەوانەی لەگەڵ (مالك)ی سەرکردەیاندا بون بەرەو (طائف) چوون و لەوێ خۆیان حەشاردا ، پێغەمبەر ﷺ دوای دەست بەتاڵ بوون لە شەڕی (حنين)و کۆکردنەوەی غەنیمەتەکان لە (جعرانة)دا ، لە هەمان مانگی ساڵی (٨)ی کۆچیدا چوو بۆیان.

(خالد)ی بەهەزار سوارەوە خستە پێشی سوپاکە ، پاشان بەرەو (طائف) کەوتە ڕێ ، لەڕێگەدا بەلای (النخلة اليمانية) تێپەڕی و پاشان بۆ (قرن المنازل)و پاشان بۆ (لية)و لەوێدا قەڵایەکی (مالك)ی کوڕی (عوف)ی لێ بوو پێغەمبەر ﷺ فەرمانیدا ڕوخاندیان ، پاشان بەردەوام بوو لەسەر ڕۆیشتن تاگەیشتە (طائف)و لەنزیك قەڵاکانیانەوە ئۆردوی وەستاندو سەربازگەی داناو ئابڵووقەی خەڵکی ناو قەڵاکەیدا.

گەمارۆکە ماوەیەکی درێژی خایەند، لە ڕیوایەتێکی (أنس)دا هاتوە لە (مسلم)ە وە دەڵێت : ماوەی گەمارۆکە چل ڕۆژ بووە ، لای (سیرەت)ناسەکانیش ماوەکە جیاوازی لەسەرە ، وتراوە : بیست ڕۆژ ، وتراوە : چەند مانگێك ، وتراوە : هەژدە ڕۆژ ، وتراوە : پانزە ڕۆژ ..[1]

لەو ماوەیەدا لەنێوان هەردوولادا شەڕەتیرو ڕمبازیی ڕوویدا ، کە یەکەمجار موسڵمانەکان گەمارۆیاندان ، خەڵکی ناو قەڵاکە وەکو لێشاوی کوللە تیربارانیان کردن ، هەندێك لە موسڵمانەکان بریندار بوونو دوانزە کەسیشیان لێ شەهید بوو ، ناچاربوون کەمێك لە قەڵاکان دور بکەونەوە تا ئەو شوێنەی دەکەوێتە نزیکی (طائف)ی ئێستاوە لەوێدا سەربازگەیان هەڵدا.

پێغەمبەر ﷺ ئاگرپژێنی دابەست بۆ خەڵکی (طائف)و چەند دانەیەك ئاگر کۆیان تێگرتن ، هەتا درزی خستە نێو دیواری قەڵاکەوە ، چەند موسڵمانێك بەژێر دەبابەیەکی تەختەدا چوونە ژوورەوە[2] بۆ ئەوەی دیوارەکە بسوتێنن ، دوژمنیش چەندین پارچە ئاسنی گەرمی سوتێنەریان بۆ هەڵدان ، بەناچاری لە ژێر دەبابە تەختەکەدا هاتنە دەرەوە ئەنجا تیر بارانیان کردن و چەند پیاوێکیان لێ شەهید کردن.

پێغەمبەر ﷺ وەکو بەشێك لەسیاسەتی ناچارکردنی دوژمن بۆ خۆ بەدەستەوە دان ، فەرمانیدا بە بڕینو سوتاندنی دارو ڕەزە مێوەکانیان ، موسڵمانەکان بەشێوەیەکی سەخت زۆربەیان بڕی ، (ثقيف) تکای خزمایەتیو لە خوا ترسانیان لێ کردن کە نەیانبڕن ، پێغەمبەر ﷺ وازی لەوە هێنا.

---

[1] ، فتح الباری ٨،٤٥.

[2] ئەو دەبابەیەی باسی هاتووە لێرەدا وەك دەبابەکانی ئەمڕۆ نەبوە ، بەڵکو لەدارو دروست کراوە ، خەڵك دەچونە ناویەوە پاشان پاڵیان پێوەدەنا بۆ بنی قەڵاکە تا بنکەنی بکەن ، یان لە ڕێگەی کونەکانەوە بڕۆنە ژورەوە

ئەنجا یەکێك لە بانگخوازانی هاواری کرد: هەرکەسێك لەخەڵکی ناو قەڵاکە دابەزێت ئازادە ، بیست و سێ پیاویان[1] لێ هاتە دەرەوە کە (أبو بکرة)یان تێ دابوو ، ئەم پیاوە خۆی دابوو بەسەر قەڵاکەی (طائف)دا ، بەخڕۆکەیەکی بازنەیی خۆی شۆڕ کردبوەوە ئاوی دەهێنا . بۆیە پێغەمبەر ﷺ ناوی (أبو بکرة)ی لێنا ، هەریەکێك لەو پیاوانەشی‌دا بەدەست موسڵمانێك کە نان و ئاوی بداتێ ، ئەمە بەلای خەڵکی ناو قەڵاکەوە زۆر سەخت و ناخۆش بوو.

کە ئابڵوقەکە درێژەی کێشاو قەڵاکەش خۆی نەدا بەدەستەوە ، لەو ئاکامەدا موسڵمانەکان بەهۆی تیرباران و ڕمبازی و فڕێدانی پارچە ئاسنەوە تووشی ئەو زیانانە هاتن ، لەڕاستیدا خەڵکی ناو قەڵاکە بەشی بەرگەگرتنی یەكساڵی گەمارۆدان ئازوقە یان لەلابوو ، پێغەمبەر ﷺ ڕاوێژی کرد بە (نوفل)ی کوڕی (معاویە)ی (دیلی) ، (نوفل) وتی: ئەوانە وەك ڕێوی وەهان لەکونەکانیاندا ، ئەگەر درێژە بە گەمارۆکە بدەیت دەیگریت ، ئەگەر وازیان لێ بهێنیت زیانێکی ئەو تۆت پێناگەیەنن. ئیدی پێغەمبەر ﷺ نیازی کرد کە وازیان لێ بهێنێت و بڕوات، فەرمانیدایە (عمر)ی کوڕی (خطاب) کەبڵێت بەخەڵك: ئێمە سبەینێ خوا یاربێت دەگەڕێینەوە . ئەو بڕیارە لەسەر دڵی موسڵمانەکان زۆر قورس بوو ، وتیان : بگەڕێینەوەو قەڵاکە فەتح نەکەین؟ ئەنجا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : کەواتە سبەینێ پەلامارێکی‌تر بدەن . کە پەلاماریاندا بریندارێکی زۆریان هەبوو، ئەنجا کە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (انشاء الله) سبەینێ دەگەڕێینەوە. پێیان خۆش بوو ملیانداو گەڕانەوە ، پێغەمبەریش ﷺ پێدەکەنی .

کە بارو بارگەیان پێچایەوەو کەوتنە ڕێ ، فەرمووی: بڵێن (آیبون تائبون عابدون ، لربنا حامدون) ، واتە (ئێمە سەر لە نوێ گەڕاینەوەو تەوبەمان کردو خواپەرستیمان کردو سوپاسی خوا دەکەین).

کۆمەڵێك وتیان: پێغەمبەر ﷺ دۆعا بکە لە (ثقیف) . فەرمووی : خوایە ڕێنومایی (ثقیف) بکەیت و بیانهێنیت بۆ لامان .

---

[1] / صحیح البخاری ٢/ ٦٢٠

دابەشكردنی غەنیمەت لە (جعرانە)

پاش هەڵگرتنی گەمارۆكە ، پێغەمبەر ﷺ گەڕایەوە چەند شەوێك لە (جعرانة) مایەوە ، غەنیمەتەكەی دابەش نەدەكرد دەستی پێدەكرد ، سا بەڵكو وەفدی (هوازن) تەوبە بكەن و بێنەوە بەدەم ماڵ و سامانەكەیانەوەو وەری بگرنەوە ، بەلاَم كەس نەهات ، ئەنجا دەستی كرد بە دابەش كردنی ماڵ و سامانەكە ، بەمەبەستی بێدەنگ كردنی سەرۆك خێڵ و گەورەكانی مەككە ، بۆیە دڵە ڕاگیركراوەكان پشكی هەرە گەورەیان بەركەوت لەو دەست كەوتەدا. (أبو سفیان) چل هۆقەو سەد وشتری پێدرا .

وتی: ئەی یەزیدی كوڕم؟ ئەوەندەشی دا بە یەزیدی كوڕی .

وتی: ئەی معاویە كوڕم؟ ئەوەندەشی دا بە (معاویە) .

سەد وشتریشی دا بە (حكیم)ی كوڕی (حزام) ، پاشان (حزام) داوای سەد وشتری تری لێكرد پێیدا .

پاشان دووسەد وشتری دا بە (صفوان)ی كوڕی (امیة) بەم شێوەیە لە كتێبی (الشفاء)دا هاتووە[1]

سەد وشتریشی دا بە (حارث)ی كوڕی (كلدة) ،

بەهەمان شێوە سەركردەكانی قوڕەیش و گەورەی خێڵەكانی تریش هەریەكەو سەد وشتری پێدان ،

بەخەڵكانی تریش پەنجاو چل چلی دەبەخشی تا بڵاو بووەوە لەناو خەڵكیدا كە موحەممەد ﷺ ئەوەندە دەبەخشێت لە هەژاری ناترسێت ، عەرەبی دەشتەكی بە سەریدا داباڕین و داوای موڵكو سامانیان دەكرد ، تا ناچاریان كرد بڕواتە ژێر درەختێكەوە لەوێشدا بوردەكەی سەرشانی پیرۆزی كەوتە خوارەوە ،

فەرمووی : خەڵكینە بوردەكەم بدەنەوە ، سوێندم بەو كەسەی گیانی منی بەدەستە ، ئەگەر بەئەندازەی دارو درەختی هەموو (تهامة) وشترم هەبێت ، دابەشی دەكەم بەسەرتاندا . پاشان دەشبینن كە من نە چروكم و نە ترسنۆك و نە درۆزن .

پاشان چووە پاڵ وشترەكەی چەند تاڵەموویەكی لەپشت ملی وشترەكەی كردەوەو خستیە نێو پەنجەكانیو بەرزی كردەوەو فەرمووی : خەڵكینە من چیمە بەسەر دەستكەوتی ئێوەو بەسەر ئەم تاڵە موانەوە جگە لە پێنجیەك ، ئەوە پێنجیەكەكەشم دایەوە بە ئێوە.

---

[1] (الشفاء تعریف حقوق المصطفی) نوسینی قازی (عیاض) ١ ٨٦

پاش پێدانی پشکی دڵە ڕاگیرکراوەکان ، پێغەمبەر ﷺ فەرمانیدا بە (زید)ی کوڕی (ثابت) کە دەسکەوتەکان و خەڵك کۆبکاتەوە . ئەنجا دابەشی کردن بەسەر خەڵکیدا ، پشکەکانیان وابوو کە هەر پیاوێك چوار وشترو چل سەر مەڕی پێ بڕێت ، ئەگەر ئەسپ سواریش بوو دوانزە وشترو سەد سەر مەڕی پێ بڕێت.

ئەم دابەشکردنە لەسەر سیاسەتێکی ژیرانە داڕێژرا بوو ، چونکە لە دونیادا چەندین کەس هەن بە ورگیان بەرەو ڕاستی دەهێنرێن ، نەك بە عەقڵیان . هەروەکو چۆن ئاژەڵ چەپکێك سێپەرەی بۆ دەگری تا دەیکەیت بە تەویلەکەی خۆیدا ، بۆیە لەم جۆرە کەسانە پێویستیان بەجۆرێك لە شێوازی چاوچنۆکی خستنەبەر هەیە ، تا هۆگری ئیمان و بیروباوەڕ ببن و لە دەوری خڕببنەوە.[1]

ئەنسارەکان دەڕۆنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ

ئەم سیاسەتە لە سەرەتادا لای هەندێك کەس ڕوون نەبوو ، بۆیە لە زۆرلاوە گلەیی و قسەو باس دروست بوو ، ئەنسارەکان لەو کەسانە بوون کە ئەم حاڵەتە کاری تێ کردبوون و بێتاقەت بوون ، چونکە هیچ کەسێکیان غەنیمەی (حنين)یان بەرنەکەوت ، هەر ئەمانیش بوون کە لە کاتی ناڕەحەتی و لێقەوماندا هاواریان لێ کراو هاتن بەدەم پێغەمبەر ﷺوەو هاوکێشەی هەموو شەڕەکەیان لە هەڵاتنەوە گۆڕی بۆ سەرکەوتن ، ئەوە ئێستا دەبینن مشتی هەڵاتوان پڕەو ئەمانیش دەستیان بەتاڵەو هیچیان پێ نەبڕاوە.[2]

(ابن اسحاق) لە (ابو سعيد)ی (خدری)یەوە دەگێڕێتەوە ، دەڵێت: کە پێغەمبەر ﷺ ئەو هەموو دیاری و بەخشیشەی دا بەقوڕەیش و خێڵەعەرەبەکان و هیچ بەرئەنصارەکان نەکەوت ، لەناو ئەنصارەکاندا مقۆمقۆو دڵگرانی دروست بوو تا ئاستی دەنگە دەنگیش بەرزبوەوە ، تا یەکێکیان وتی: وەڵڵاهی ئەوەتا پێغەمبەر ﷺ بە کەس و کارەکەی خۆی گەیشتەوەو ئیتر لا بە لای ئێمەدا ناکاتەوە. (سعد)ی کوڕی (عبادە) چووە خزمەتی و عەرزی کرد: پێغەمبەری خوا ئەنصارەکان لەبەردڵیان گرانە کەتۆ لەو دەستکەوتە تەنها بەشی خزمانی خۆتت داو بەخشیشێکی زۆریشتدا بەخێڵە عەرەبەکان و لەوە هیچ بەر ئەنصارەکان نەکەوت .

[1] ئەمە وتەیەکی شێخ موحەممەدی غەزالیە لە (فقه السيرة)دا هاتووە ل٢٩٨/٢٩٩.
[2] وتەیەکی (الغزالي)یە لە (فقه السيرة) داهاتووە ل٢٩٨/٢٩٩

فەرمووی : ئەی (سعد) ئەوە تۆ قسەی وەها دەکەیت؟
(سعد) وتی : پێغەمبەری خوا ﷺ منیش مرۆڤمو یەکێکم لەخێڵەکەم.
فەرمووی : ئادەی خزمو خێڵەکەتم بۆ کۆبکەرەوە لەشوێنێکدا.
(سعد) چووە دەرەوە هەموو ئەنسارەکانی لەو شوێنەدا کۆکردەوە ، چەند پیاوێکی کۆچەر هاتن ڕێگەیدان بێنەناو ئەنصارەکانەوە ، چەند کەسێکی دیکە هاتن ڕێگەی نەدان ، کە کۆبونەوە (سعد) هات بۆ خزمەتیو وتی: ئەوە خەڵکی ئەنصارەکانت بۆ کۆبۆتەوە ، بفەرموو.
پێغەمبەر ﷺ هاتەلایان ، سوپاسی خودای کردو وەسفو سەنای کرد ، پاشان فەرمووی:
(ئەی کۆمەڵی ئەنصار ، شتێکم لەبارەی ئێوەوە پێگەیشتوە ، کە ئێوە بەرامبەر بە من شتێکتان لەدڵدا بۆ دروست بووە ، وانیە؟
ئایا کە من هاتم ئێوە سەر لێ تێکچوو نەبوون و خوا هیدایەتیدان ؟
هەژار نەبوون و خوا دەوڵەمەندی کردن ؟
دوژمنی یەك نەبوون بەڵام خوا هەمووتانی کردە براو دۆستی یەکتر؟
وتیان : بەڵێ ، خواو پێغەمبەرەکەی خاوەن فەزڵی زیاترو چاکترن.
پاشان فەرمووی: ئەرێ خەڵکی ئەنسار وەڵامم نادەنەوە؟
وتیان : بەچی وەڵامت بدەینەوە؟
وتمان : منەتو ڕێز بۆ خواو پێغەمبەرەکەیەتی.
فەرمووی : وەڵڵاهی ئەگەر بتانەوێت دەڵێن و ڕاستیش دەکەن ،
کە دەڵێن : پێغەمبەر ﷺ تۆ کەهاتیت دوورخرابویتەوە ئێمە متمانەمان پێدایتو باوەڕمان پێهێنایت ، لاوازو زەبوون بویت ، ئێمە سەرمان خستیت ، پەڕاگەندە بویت ئێمە جێمان کردیتەوە ، هەژار بویت دڵمان دایتەوە .
ئەی خەڵکی ئەنسار ئێوە لە دڵتاندا خەفەت بۆ ماڵی دونیا دروست بووە ، ماڵێك کە خەڵك بەدوایدا ڕادەکەن ، تاموسڵمان بن ئەی چۆنە ئێوە بدەمەوە دەست ئیسلامەکەتان ؟
ئەی خەڵکی ئەنسار ئایا ڕازی دەبن کە ئەوان بە وشترو مەڕوماڵاتەوە بڕۆنەوە بۆ ماڵەوەو ئێوەش بە پێغەمبەرەوە بڕۆنەوە بۆ ماڵو حاڵی خۆتان؟

سوێندم بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ، ئەگەر هیجرەت نەبوایە حەزم دەکرد یەکێك بم لە ئەنصارەکان ئەگەر هەموو خەڵك ڕوو لە شوێنێك بکەن‌و ئەنصاریش ڕوو لە شوێنێکی تر بکات ، سوێند بێت کە ڕێگەکەی ئەنصارم هەڵدەبژارد ، خوا ڕەحم بکەیت بە ئەنصارەکان ، بە ڕۆڵەکانیان ، بە ڕۆڵەی ڕۆڵەکانیان).

بە بیستنی ئەم وتە شیرینانە هەموویان دەستیان کرد بەگریان تا فرمێسك ڕیشی شۆردنەوەو وتیان: ئێمە پشکی پێغەمبەرمان دەوێت.

پاشان پێغەمبەری خودا ﷺ هەستاو ئەوانیش بلاْوەیان لێ کرد.[1]

هاتنەوەی وەفدی (هوازن)

پاش دابەشکردنی غەنیمەتەکان وەفدی (هوازن) بەموسڵمانی هاتن ، دوانزە پیاو بوون ، (زەهد)ی کوڕی (ابن صرد) سەرۆکیان بوو ، (أبو برقان)یش کە مامی شیری پێغەمبەر بوو ﷺ لەگەڵیاندا بوو. داوایان لێ کرد کە ژن‌و منداڵ‌و ماڵ‌و سامانەکەیان بداتەوە ، هەندێك قسەی نەرم‌و دڵتەزێنیان بۆ کرد ،

فەرمووی: ئێوە دەزانن چی لای منە ، باشترین قسە لای من ڕاسترینیانە ، ئایا حەز دەکەن ژن‌و منداڵەکانتان وەربگرنەوە یان ماڵ‌و سامانەکانتان؟

وتیان: لای ئێمە هیچ شتێك بەئەندازەی ژن‌و منداڵ خۆشەویست نیە.

فەرمووی: کە نوێژی نیوەڕۆ کرا هەستن‌و بڵێن: خەڵکینە ئێمە پێغەمبەر ﷺ دەکەینە تکاکاری لای ئیمانداران ، ئیماندارانیش دەکەینە تکاکار لای پێغەمبەر ﷺ کە ژن و منداڵەکانمان بدەنەوە ، کە نوێژی نیوەڕۆ کرا ، وەفدەکە قسەکانی پێغەمبەریان ﷺ کرد ، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی : ئەوەی پشکی من و (بني عبدالمطلب)ە بۆ ئێوە ، بۆ خەڵکیش من داوایان لێ دەکەم ، کۆچکەران و ئەنصارەکان وتیان : ئەوەش هی ئێمەیە بۆ پێغەمبەری خوا دەبێت ﷺ ،

بەلاْم (أقرع)ی کوڕی (حابس) وتی: من و (بنو تميم) نایدەینەوە.

(عیینە)ی کوڕی (حصن)یش وتی: من‌و (بنو خزارة)ش نایدەینەوە.

(عباس)ی کوڕی (مرداس)یش وتی: من و (بنو سليم)یش نایدەینەوە.

---

[1] ابن هاشم ٢/ ٤٤٩،٥٠٠ (بخاری)یش لەوشێوەیەی ڕیوایەتی کردوە ٢/ ٦٢٠و٦٢١

بەلاَم (بنو سليم) وتيان: ئەوەی هی ئێمەیە دەیدەین بە پێغەمبەر ﷺ.

(عباس)ی کوڕی (مرداس) پێی وتن: بەڕاستی ڕووی منتان زەرد کرد.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: خەڵکینە ئەمانەی هاتوون بەموسڵمانی هاتوون ، من لە کاتی خۆیدا زۆر لەسەر ژن و مناڵەکانیان وەستامو چاوەڕێم کردن ، ئیختیارم دایە دەست خۆیان کە ئایا ماڵیان دەوێت یان ژنو منالەکانیان وتیان: هیچ شتێك ناگۆڕینەوە بە ژنو منالەکانمان ، هەرکەسێك لە ئێوە کەسێکی ئەمانی لەلایە با بەڕەزامەندی دڵی خۆی بیداتەوە ، هەرکەسێکیش دەست دەگرێت بەمافی خۆیەوەو نایداتەوە ئەوا با بیداتەوە ، بۆ هەرکەسێکیان شەش پشك دادەنێم بۆ ئەو کەسەی دەیداتەوە لەو ماڵ و دەستکەوتەی لەداهاتودا دەستمان دەکەوێت ،

خەڵك وتیان: بەڕاستی دڵی پێغەمبەر ﷺ ڕازی دەکەین .

فەرمووی: من نازانم کێ لە ئێوە ڕازیەو کێ ناڕازیە ، بگەڕێنەوە تا میرەکانتان ڕاوبۆچونەکانی ئێوەمان بۆ دەهێننەوە ، هەموویان بڕیاریاندا ژنو منالەکان بدەنەوە ، جگە لە (عیینە)ی کوڕی (حصن) کە پیرەژنێکی لەلابوو نەیدەدایەوە ، ئەویش لەدواییدا دایەوە ، پێغەمبەریش ﷺ دەستێك جلی کەتانی بۆ کردو ناردیەوە.

عومرە کردن و گەڕانەوە بۆ مەدینە

کە پێغەمبەر ﷺ لە دابەشکردنی غەنیمەتی (جعرانة) بووەوە خۆی سازدا بۆ عومرە کردن ، عومرەی ئەنجامدا ، دوای ئەوە تەشریفی چووەوە بۆ مەدینە پاش ئەوەی (عتاب)ی کوڕی (أسید)ی دانا بەسەر مەککەوە ، کە گەڕایەوە بۆ مەدینە مانگی (ذي القعدة) شەش ڕۆژی مابوو ، لە ساڵی (٨)ی کۆچیدا.

(محمد الغزالی) دەڵێت:خوایە ، ماوەی نێوان ئەو چەندە ساتە چەندە زۆرە کە تیایدا خودا سەرکەوتنی بەخشی بە موسڵمانەکان و تاجی سەرکەوتنی نایەسەر سەری پیرۆزی ، لەگەڵ ئەو کاتەدا کە پێش هەشت ساڵ تەشریفی بردە ناو ئەو شارە شکۆدارەوە؟

بەڕاستی کە تەشریفی برد بۆ مەدینە جێی نەدەبووەوە بەدوای ئارامیدا دەگەڕا ، بیٚ کەس و قەلەندەر بەدوای ماڵێکی ئارام و هۆگرێکی دڵسۆزدا دەگەڕا ، لەو شوێنەدا ڕێز لە خۆی و کەسوکاری گیرا ، پشتیوانیان کرد ، شوێن ئەو نووری هیدایەتەی ئەو کەوتن . لەو پێناوەدا دوژمنایەتی هەموو دونیایان بەهیچ نەزانی، ئەوەتا دوای هەشت ساڵی ڕەبەق لەمەوبەر کە بەترس و لەرزەوە خۆی کرد بەو شارەدا ئێستاکە پێشوازی لیٚ دەکەن ، سەری بەرزەو شاری مەککەش نوچی داوە لەبەردەمیداو سەریان لەبەردەم قاچەکانیدا شۆڕ کردوەو جاهیلیەتیان فڕێداوە . بۆ ئەوەی بە بانگەوازی ئیسلامەتی بەرزو بڵند بێتەوە . لە بەرامبەر ئەوەدا ئەویش لە سەرە ڕۆییەکانیان خۆشبوو ﴿ إِنَّهُ مَنْ يَتَّقِ وَيَصْبِرْ فَإِنَّ اللَّهَ لاَ يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ ﴾ [1] یوسف/٩٠.

---

[1] فقه السیرة ل ٣٠٢ بۆ درێژەی ئەم غەزایە (فەتحی مەککە و حنین و طائف)و هەرچیەك ڕوی داوە تیایدا ، بڕوانە زاد المعاد ج٢ ل ١٦٠ تا(٢٠) هەروەها (ابن هشام) و(وطاوس و الطائق و هیتریش ج٢ ل ٦١٢ تا ٦٢٢ ، هەروەها فتح الباری ج ٨ ل ٣ تا ٥٨

ناردنی سریەکان دوای گەڕانەوەی لە غەزای فەتحی مەککە

پاش گەڕانەوە لەو سەفەرە دوورو درێژە سەرکەوتوە . پێغەمبەر ﷺ لە مەدینەدا دانیشت ، پێشوازی لە شاندەکان دەکردو سەرکارەکانی خۆی دەنارد بە چواردەورداو بانگخوازنی دەنارد بۆ بلاوکردنەوەی ئیسلامەتی و بێدەنگ کردنی ئەو کەسانەی کە هێشتا سەرسەختی و خۆبەزلزانی نەیدەهێشت ملکەچی دینی خودا بن و تەسلیم بن بەو واقعی حالەی عەرەبی تێدا دەژی ، ئەوەش نمونەیەکی بچوکە:

بـــڕواداران

پێشتر وتمان کە پێغەمبەر ﷺ لەکۆتای ڕۆژانی سالی هەشتەمی کۆچیدا گەڕایەوە بۆ مەدینە ، لەگەلّ دەست پێکردنی مانگی (محرەم)ی سالی (٩)ی کۆچیدا ، پێغەمبەر ﷺ بڕوادارانی نارد بۆ لای خێلّ و تیرەکان ، ئەمەش لیستی ناوەکانیانە:

(عیینة)ی	کوڕی	(حصن)	بۆ	(بنی تمیم)
(یزید)ی	کوڕی	(حصین)	بۆ	(أسلم) و (غفار)
(عباد)ی	کوڕی	(بشیر)ی (الأشهلي)	بۆ	(سلیم) و (مزینة)
(رافع)ی	کوڕی	(مکیث)	بۆ	(جهینة)
(عمرو)ی	کوڕی	(عاص)	بۆ	(بنی خزارة)
(ضحاك)ی	کوڕی	(سفیان)	بۆ	(کلاب)
(بشیر)ی	کوڕی	(سفیان)	بۆ	(بەنی کعب)
(ابن اللتبیة)ی		(أزدی)	بۆ	(بنی ذبیان)
(مهاجر)ی	کوڕی	(ابی امیة)	بۆ	(صنعاء) لەوێدا (أسود)ی (عنسی) بۆ دەرچوو کە ئەم لەوێ بوو
(زیاد)ی	کوڕی	(لبید)	بۆ	(حضرموت)
(عدی)ی	کوڕی	(حاتم)	بۆ	(طيء) و (بنی أسد)
(مالك)ی	کوڕی	(نویرة)	بۆ	(بنی حنظلة)
(زبرقان)ی	کوڕی	(بدر)	بۆ	(بنی سعد) بۆ هەندێکیان
(قیس)ی	کوڕی	(عاصم)	بۆ	(بنی سعد) بۆ هەندێکی تریان
(علاء)ی	کوڕی	(حضرمی)	بۆ	(بحرین)
(علی)	کوڕی	(أبی طالب)	بۆ	(نجران)(بەمەبەستی کۆکردنەوەی (صدقة) و (جزیة)

هەموو ئەو سەرکارانە لەمانگی (محرم)ی ساڵی(٩)ی کۆچیدا نەنێرراون، بەڵکو هەندێکیان کەوتونەتە دوای موسڵمان بوونی ئەو خێڵانە ، بەڵێ سەرەتای گەرماوگەرمی ناردنەکە لەمانگی (محرم)ی ساڵی(٩)ی کۆچی‌دا بووە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر سەرکەوتنی بانگەوازی ئیسلامیی لەدوای سوڵحی حودەیبییەوە . بەڵام دوای فەتحی مەککە پۆل پۆل خەڵکی دەهاتنە ناو ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە.

سریەکان

لەگەڵ ناردنی بڕواداراندا بۆ ئەو شوێنانە ، زۆر پێویست بوو کەچەند سریەیەکی ئیسلامی بەمەبەستی بەرقەرارکردنی هێمنی و ئاسایش لەو شوێنەدا بنێرێت ، ئەمەش لیستی ناردنی سریەکانە:

١. سریەی (عیینە)ی کوڕی (حصن)ی (خزاری) لە مانگی (موحەرەم)ی ساڵی (٩)ی کۆچی‌دا ، بۆ (بنی تمیم) لەگەڵ پەنجا ئەسپ سواردا ، هیچ کەسێکی کۆچەرو ئەنساریان لەگەڵدا نەبوو ، هۆیەکەشی ئەوە بوو (بنی تمیم) تیرەو خێڵە عەرەبەکانیان فریودا بوو کە (جزیە) نەدەن.

(عیینە) کە دەرچو شەوڕەوی دەکردو بەڕۆژ خۆی حەشاردەدا تا لەسارادا دای بەسەریاندا ، هەموویان هەڵاتن یانزە پیاوو بیست و یەك ژن و سی منداڵیان لێ بەجێما ، (عیینە) هەموویانی هێنا بۆ مەدینە ، لەماڵی (رملة)ی کچی (حارث) دایبەزاندن.

دە پیاوی سەرکردەیان هاتن بۆ مەدینەو چونە بەردەرکی پێغەمبەر ﷺو هاواریان کرد: ئەی موحەممەد وەرە دەرەوە بۆ لامان ، کەهاتە دەرەوە لێی نەدەبونەوە ، قسەیان لەگەڵدا دەکرد ، لەگەڵیاندا وەستا ، پاشان چوو هەتا نوێژی نیوەڕۆی کرد پاشان لەناو مزگەوتدا دانیشت ، ئەوان ئامادەیی خۆیان پیشاندا لە خۆهەڵکێشان و شانازی کردن بەخودا ، ئەنجا (عطارد)ی کوڕی (حاصب)ی گوتارخوێنی خۆیان خستە پێشەوە دەستی کرد بە قسەکردن ، پێغەمبەر ﷺ فەرمانی‌دا بە (قیس)ی کوڕی (شماس) کە گوتار خوێنی ئیسلام بوو. وەڵامی دایەوە ، پاشان شاعیرێکی تریان پێش خست کە ناوی (زبرقان)ی کوڕی (بدر) بوو دەستی کرد بەخوێندنەوەی شیعری شانازی ، ئەنجا شاعیری ئیسلام (حسان)ی کوڕی (ثابت) دەم و دەست وەڵامی دایەوە.

که هەردوو گوتارخوێن و شاعیرەکە لێبونەوە (أقرع)ی کوڕی (حابس) وتی: گوتارخوێنەکەی ئەوان لە گوتار خوێنەکەی ئێمە کارامەتر بوو ، شاعیرەکەشیان لە شاعیرەکەی ئێمە شاعیرتر بوو ، دەنگیشیان لەدەنگی ئێمە دلێرتر بوو ، وتەیان لە وتەی ئێمە بەرزترە ، پاشان هەموویان موسڵمان بوون پێغەمبەر ﷺ خەلاّتی بەنرخی پێدان و ژن و منالّەکانیشی پێدانەوە.[1]

٢. سریەی (قطبة)ی کوڕی (عامر) بۆ تیرەیەکی (خثعم) لە ناوچەی (تبالة) لە نزیك (تربة)وە ، (لە مانگی (صفر)ی ساڵی (٩)ی کۆچی)دا. (قطبة) لەگەڵ بیست پیاودا دەرچوون بە دە وشترەوە بە نۆرە سواریان دەبوون ، هێرشیان بردە سەریان ، شەڕێکی سەختیان کرد لەگەڵیاندا تا لە هەردوولا کوژراو بریندارێکی زۆر کەوتن ، (قطبة) خۆی یەکێك بوو لە کوژراوەکان ، موسڵمانەکان وشترو مەڕو مالاّتەکەیان دایە بەرو هێنایانەوە بۆ مەدینە.

٣. سریەی (ضحاك)ی کوڕی (سفیان) بۆلای (بني كلاب) لەمانگی (ڕەبیعی یەکەم)ی ساڵی (٩)ی کۆچیدا بۆ ئەوەی ئەو خێڵە بانگ بکەن بۆ ئاینی ئیسلام ، ملیان نەداو شەڕ ڕوویدا ، موسڵمانەکان ڕاویان نان و پیاوێکیان لێ کوشتن.

٤. سریەی (علقمة)ی کوڕی (مجزز)ی (مدلجی) بۆ کەنارەکانی (جدة) لەمانگی (ڕەبیعی دووەم)ی ساڵی (٩)ی کۆچیدا بە سێسەد سوارەوە ، پێغەمبەر ﷺ ناردنی بۆسەر کۆمەڵێك پیاوی حەبەشی کە لەنزیك کەنارەکانی (جدة) کۆ بوو بونەوە بۆ چەتەگەری و ڕێگری دژ بەخەڵکی مەککە ، (علقمە) بۆیان چووە ناوەوە ، تاگەیشتە (جزیرة) کە ئەحباشەکان هەواڵی هاتنی موسڵمانەکانیان بیست ، خێرا ڕایان کرد بوو.[2]

٥. سریەی (علی) کوڕی (أبو طالب) بۆ شکاندنی پەیکەرێکی بتی خێڵی (طیء) ، کە ناوی (قلس) بوو ، لەمانگی (ڕەبیعی یەکەم)ی ساڵی (٩)ی کۆچی ، پێغەمبەر ﷺ بە سەدو پەنجا کەسەوە ناردی بەسواری سەد وشترو

---

[1] بەو شێوەیە (سیرەت) نووسەکان دەڵێن ئەو سریەی لە مانگی موحەرەمی ساڵی (٩)ی کۆچیدا بوە ، ئەمەش بەڕونی قسەی لەسەرە ، ڕەوتی ڕووداوە ئەوە دەچرپێنێت بەگوێدا کە (اقرع)ی کوڕی (حابس) پێشئەوە لەئارادا نەبووە ، بەتایبەتی کەباسی ئەوەیان کردوە (اقرع)ی کوڕی (حابس) ئەوکەسەبور لەکاتی پێدانەوەی دیلە ژنەکانی (هوازن)دا وتی من و(بنوتمیم) نایدەینەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە موسڵمان بوونی (اقرع) لە پێش ناردنی ئەم سریەیەدا بووە

[2] / فتح الباری ٨، ٥٩

پەنجا ئەسپەوە ، ئالآیەکی (سپی) و ئالآیەکی (ڕەش)ی پیٚ بوو ، لەگەلّ بەرەبەیاندا دای بەسەر مالّ و حالّی (حاتەم)داو ڕووخاندیانو مالّو سامانێکی زۆریان دەستکەوت ، لەناو دیلەکاندا خوشکێکی (عدی) کوڕی (حاتم)یان تیٚدابوو ، (عدی)یش بەرەو شام ڕایکرد ، موسلّمانەکان لە خەزێنەی (قلس)دا سیٚهەزار شمشێرو سیٚهەزار قەلّغانیان دۆزیەوە ، لەسەر ڕێگە غەنیمەتەکانیان دابەشکرد، پێنج یەکەکەی پێغەمبەریان جیاکردەوەو بەشەکەی ئالوبەیتی حاتەمیشیان دابەش نەکرد.

که هاتنەوە بۆ مەدینە خوشکەکەی (عدی) کوڕی (حاتم) داوای کرد لە پێغەمبەر ﷺ و وتی : پێغەمبەری خوا ﷺ کەسم دیارنیە هەوالّێك نازانم ، منیش پیرەژنێکی بە تەمەنم ناتوانم خزمەتی کەس بکەم ، ڕزگارم بکە ، خوای گەورە ڕزگارت بکات . پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : کەسەکانت کیٚن؟

وتی: (عدی) کوڕی (حاتم)ە .

فەرمووی : ئەو کەسەیە کە لەخوداو پێغەمبەرەکەی هەلآتوە؟

پاشان ڕۆشت ، بۆ سبەینیٚ هاتەوەو هەمان شتی وتەوە ، پێغەمبەر ﷺ هەمان وەلآمی دایەوە ، بۆ ڕۆژی سێیەم هاتەوە هەمان شتی وتەوە ، پێغەمبەر ﷺ ئازادی کرد ، لە تەنیشتیەوە پیاوێك وەستابوو ، ژنەکە زانی کە (علی)یە ، (علی) پیٚی وت : دووبارە داوای وشترەکەی لیٚ بکە ، ژنەکە داوای کردو پێغەمبەر ﷺ فەرمانیدا پیٚی بدەنەوە.

خوشکەکەی (عدی) کوڕی (حاتم) گەڕایەوە بۆلای براکەی لە شام ، کە بەرەو پیری چوو لەبارەی پێغەمبەرەوە ﷺ پرسیاری لێکرد، ژنەکە وتی: کارێکی لەگەلّدا کردوم باوکیشت بوایە شتی وای نەدەکرد بەخۆشی خۆت بیٚ یان ناحەزی دلّ برۆ بۆ خزمەتی . (عدی)یش بە بیٚ پەناو بیٚ نوسراو چوو بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ.

هێنایان بۆ مالّەکەی پێغەمبەر ﷺ کە لەبەردەمیدا دانیشت ، پێغەمبەر ﷺ سوپاسو وەسفو سەنای خوای کرد ، پاشان فەرمووی : چیە پالّت پێوە دەنێت هەلّبێیت ؟

لەوە هەلّدێیت کە بلّێیت : لااله الا الله ؟

ئایا تۆ خوایەکی دیکە جگە لەخوا دەناسیت؟
وتی: نەخێر.
کەمێکی کە قسەی کرد ، پاشان فەرمووی : لەوە ڕادەکەیت کە دەوترێت (الله أكبر) ؟
ئایا هیچ هێزێك هەیە لەخوا گەورەتر بێت؟
وتی: نەخێر.
فەرمووی : جولەکە تورەیی خوایان بەسەرەوەیە نەسرانیەکانیش گومڕان ، وتی: من موسڵمانێکی حەنیفیم ، ڕووی پێغەمبەر ﷺ گەشایەوە فەرمانیدا لای پیاوێکی ئەنساری دابەزێت ، ئەنجا ڕۆژانە بەیانی و ئێوارە دەهاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ.[١]
لە ڕیوایەتەکەی (ابن اسحاق)یشدا لە (عدی)ەوە هاتووە : پێغەمبەر ﷺ کاتێك لەبەردەم خۆیدا داینا لە ماڵەکەی خۆیدا پێی فەرموو: ئەی (عدی) کوڕی (حاتەم) ئایا تۆ ڕەکوسی نەبویت؟
عدی دەڵێت : وتم بەریّ وەڵڵا ،
فەرمووی : ئایا تۆ چواریەکی غەنیمەت وەرنەدەگرت ؟
دەڵێت : وتم : بەڵیّ .
فەرمووی : لەکاتێکدا کە ئەوە لەئایینەکەی تۆشدا حەڵاڵ نەبوو .
دەڵێت : وتم ئەریّ وەڵڵا . ئەنجا دەڵێت : ئیتر زانیم کە ئەمە پێغەمبەرە چونکە هەر چیەك ئێمە نایزانین ئەو دەیزانی .[٢]
لە ڕیوایەتەکەی (احمد)یشدا هاتووە ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ئەی (عدی) موسڵمانبە سەلامەت دەبیت ،
وتم : من شوێنکەوتوی ئاییبنم ،
فەرمووی : من لە تۆ باشتر لە ئاییینەکەت شارەزایم هەیە ،
وتم: تۆ لە من شارەزاتری لە ئاییینەکەمدا ؟
وتم : بەڵیّ ،

---

[١] زاد المعاد ٢/ ٢٠٥
[٢] ابن هاشم ٥٨١/٢

فەرمووی: ئەوە لە ئایینەکەتدا حەلاڵ نیە ، کە ئەمەی وت چارم نەما ملم کەچ کرد بۆی .[1]

(بخار)یش لە (عدی)ەوە دەگەڕێتەوە دەڵێت : (عدی) وتی: لە خزمەت پێغەمبەر ﷺ دا دانیشتبووم کابرایەك هاتە خزمەتی سکاڵای هەژاری کرد ، یەکێکی‌تر هات سکاڵای ڕێگرو چەتەی کرد ،

فەرمووی : ئەی (عدی) ، ئایا تۆ هەرگیز (حیرە)ت دیوە؟

ئەگەر خوا تەمەنت درێژ بکات دەیبینی سوار کە لەوێوە دێت تەوافی کابە دەکات و جگە لەخوا لەهیچ شتێك ناترسێت ، خۆ ئەگەر تەمەنت درێژتربێت ، دەبینیت کە گەنجینەکانی کیسرا دەکەیتەوە ، ئەگەر تەمەنت درێژبێت مرۆڤ دەگاتە ئاستێك مشتی پڕ لە ئاڵتون یان زیوی خۆی دەکاتەوەو داوا دەکات کێ هەژارە؟

کەچی کەسێك نیە لێی وەربگرێت ... لەکۆتایی فەرموودەکەدا (عدی) دەڵێت : سوارم دەبینی لە حیرەوە دەهات و دەچوو تەوافی کابەی دەکرد جگە لەخوا لەهیچ کەسێك نەدەترسا ، هەروەها یەکێك بووم لەو کەسانەی گەنجینەکانی کیسرامان کردەوە ، خۆ ئەگەر تەمەنتان درێژبێت ئەوەش دەبینین کە پێغەمبەر ﷺ (أبو القاسم) فەرمووی : پڕ بە مشتی زێڕو زیو هەڵدەگرێت .[2]

[1] مسند الامام احمد.
[2] صحيح البخاري . بروان (شكاه المصابيح) ٢ ٥٢٤

غەزای تەبوك

لە (ڕەجەب)ی ساڵی (٩) ی کۆچیدا

غەزای ڕزگارکردنی مەککە بریتی بوو لەغەزای یەکلاکەرەوەی هەق و ناهەق: ئیدی دوای ئەوە هیچ بوارێکی گومانکردنی عەرەب نەما بۆ پەیامەکەی موحەممەد ﷺ ، لەبەرئەوە ڕەوتی ڕووداوەکان بەتەواوی گۆڕان و خەڵك پۆل پۆل دەهاتن و موسڵمان دەبوون ، هەروەکو لەباسی (شاندەکان)دا ئەم ڕاستیە دەردەکەوێت . هەروەها لەو ژمارەیەشدا دیارە کە بەو زۆریە لە حەجی ماڵ ئاواییدا ئامادە دەبن . بۆیە دوای ئەو ڕووداوە موسڵمانان ڕزگاریان بوو لەدەست کێشە ناوەکیەکان و یەکلابونەوە بۆ ناساندنی شەریعەتی خودا بەخەڵك و بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلامی.

هـۆی غـەزاکـە

بەلاَم هێزێك هەبوو بێ هیچ بەهانەیەك شەڕی دەفرۆشت بە موسڵمانەکان، ئەوەش هێزی ڕۆمەکان بوو. بریتی بوو لەگەورەترین هێزی ئەوکاتەی دونیا. پێشتریش زانیمان کە سەرەتای شەڕ فرۆشتنەکە لە کوشتنی فروستادەکەی پێغەمبەرەوە ﷺ دەستی پێکرد، کە ناوی (حارث)ی کوڕی (عمیر)ی (ازدی) بوو بەدەستی (شرحبیل)ی کوڕی (عمرو)ی (غسانی)، لەو کاتەدا کە فروستادەکە نامەیەکی پێغەمبەری پێ بوو ﷺ بۆ گەورەی (بصری)و بەدوای ئەو ڕووداوەدا پێغەمبەر ﷺ سریەکەی (زید)ی کوڕی (حارثة)ی ناردو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی خوێناویان کرد لەگەڵ سوپای ڕۆمەکاندا لە (مؤتة) و نەیانتوانی ئەو تۆڵەیە لەو زاڵمە ملهوڕانە بکەنەوە. هەرچەندە گەورەترین کاریگەری بەجێهێشت لە دڵ ودەروونی عەرەبدا لە دوورو نزیکەوە.

(قیصر)یش چاوپۆشی نەدەکرد لەو کاریگەریەی جەنگی (مؤتة) بەجێی هێشت بۆ بەرژەوەندی موسڵمانەکان و ئەو خەون و ئاواتەی خێڵە عەرەبەکان هەیان بوو بۆ جیابونەوە لەدەسەلاَتی (قیصر)و ڕێکەوتن لەگەڵ موسڵمانەکاندا ، چونکە ئەو مەترسیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەسنوورەکانی نزیکدەبوەوەو هەڕەشەی دەکرد لەو سنوورانەی شام . کەهاوسنوری عەرەب بوون، بۆیە (قیصر) پێی وابوو دەبێ موسڵمانەکان سەرکوت بکرێن پێش ئەوەی گۆبەنگ و ئاشوبێك دروست بکەن لە ناوچە عەرەبیە هاوسنورەکانی ڕۆمدا.

بەڕەچاوکردنی ئەو بەرژەوەندیانە (قیصر) یەك ساڵی پێنەچوو ، دوای شەڕی (مؤتة) دەستی کرد بەسازدانی سوپای ڕۆم و عەرەبە شوێنکەوتوەکانی لە (آل غسان)و چەندینی تریش و ، خۆی ئامادە دەکرد بۆ شەڕێکی خوێناوی یەکلاکەرەوە.

هەواڵی خۆسازدانی ڕۆم و (غسان)یەكان

هەواڵی یەك لەدوای یەك دەهات لەبارەی خۆ ئامادەكردنی ڕۆمەكانەوە بۆ ئەنجامدانی شەڕێكی یەكلاكەرەوە دژ بەموسڵمانەكان. بەشێوەیەك دڵەڕاوكێیەكی هەمیشەیی بۆ دروست كردبوون ، هەردەنگێكی نائاساییان بەرگوێ دەكەوت وایاندەزانی ڕۆمەكانەو دایان بەسەریاندا ، ئەو ڕووداوەش بەسەر (عمر)ی كوڕی (خطاب)دا هات ، ئەم ڕاستیە نیشان دەدات. ئەوەبوو پێغەمبەر ﷺ بۆماوەی یەك مانگ لە ساڵی (٩)ی كۆچیدا جێگەی جیاكردەوە لەخێزانەكانیو نان و ئاوی لەگەڵدا نە دەخواردن ، هاوەڵان وایاندەزانی كە ژنەكانی تەڵاقداوەو لەڕاستی مەسەلەكە حاڵی نەدەبون ، بۆیە خەمو خەفەت هەموویانی داگرتبوو. (عمر)ی كوڕی (خطاب) ئەم بەسەرهاتەمان بۆ دەگێڕێتەوەو دەڵێت: هاوەڵێكی ئەنصارییم هەبوو ئەگەر من دیار نەبوومایە ئەو هەواڵەكانی دەهێنا بۆ من ، ئەگەر ئەو دیارنەبوایە من هەواڵ و دەنگ و باسم بۆ دەبرد ـ ئەم دووانەماڵەكانیان لەبەشی سەرووی مەدینەوە بوو ـ بەنۆبە دەچوونە خزمەت پێغەمبەر ﷺ. (عمر) دەڵێت: باسی مەلیكێكی غەسانیمان بۆ دەكرا كە دەیەوێت لەناكاودا هێرش بهێنێتە سەر شاری مەدینە ، بەتەواوی ڕقمان لێی هەستابوو لێی پڕ بووبووین ، جارێكیان لەپڕێكدا هاوڕێ ئەنصاریەكەم دای لە دەرگا ، وتی: بیكەرەوە، وتم ئەوەچیە مەلیكی غەسانیەكان هاتە سەرمان؟ وتی: كورە خراپتر لەوە ڕووی داوە ، پێغەمبەر ﷺ وازی هێناوە لە ژنەكانی. (فەرموودەكە)[1] .

لەدەربڕینێكی تردا هاتووە ، فەرموویەتی: جارێكیان باسی (آل غسان)مان دەكردو دەمانوت ئەم مەلیكە هەرچی پێپەتی هەیە دەیهێنێتە سەرمان، شەوێ سەرەی هاوڕێكەم بوو بێت بەڵام ئەو شەوە لەپڕێكدا زۆر بەتوندی دای لە دەرگاو وتی: (عمر) نوستوە؟ زەندەقم چوو، خێرا چوومە دەرەوە بەدەمیەوە وتی: شتێكی زۆر خراپ ڕووی داوە ، وتم: چی ڕووی داوە؟ غەسانیەكان هاتوون؟ وتی: نەخێر ، شتێكی لەوە گەورەترو خراپتر ڕووی داوە، پێغەمبەر ﷺ وازی لەهاوسەرەكانی هێناوە (فەرموودەكە)[2]

---

[1] صحيح البخاري ٢/ ٧٣٠

[2] ، هەمان سەرچاوە ١ ، ٣٣٤

ئەم گێڕانەوەیە بەڵگەیە لەسەر ترسناکێتی ئەو قۆناغەی موسڵمانەکانی پێدا تێدەپەڕین ، سەبارەت بە ڕۆمەکان ، ئەوەی زیاتر ئەم حاڵەتەی قورستر دەکرد هەواڵی خۆئامادە کردنی ڕۆمەکان بوو بۆ هەڵکوتانە سەر مەدینە کە لەلایەن دووڕووەکانەوە بلاَو دەکرایەوە. لەگەڵ ئەو سەرکەوتنانەدا کە پێغەمبەر ﷺ لە هەموو بوارەکاندا بەدەستی هێنابوو ، بڕواشیان بەوەی کە دەسەلاَتێك نیە لە دونیا دەرەقەتی بێت بەڵکو هەموو شتێك لەبەردەمیدا دەتوێتەوەو هەرەس دەهێنێت ، لەگەڵ ئەوانەشدا دووڕوان ئومێدیان وابوو کە ئەوەی لە دڵە نەخۆشەکانیاندایە دێتەدی و نیازە شەڕەنگێزیەکان جێبەجێ دەبێت دژ بە ئیسلامو موسڵمانان ، لەبەرئەوەی بەلێکدانەوەی خۆیان هاتنەدی ئەو خەونە نزیك بۆتەوە تۆڕێکی نەخشەو پیلانو سیخوڕیان دروست کرد بوو لە شێوەی مزگەوتێکدا ئەویش مزگەوتی (ضرار) بوو، بۆ ئەوە بنیاتیان نابوو کە جوداوازیو ڕقەبەرێتی بخەنە نێو ڕیزی موسڵمانەکانەوەو پێگەیەك بێ بۆ دوژمنانی خوداو پێغەمبەر ﷺ.

داوایان کرد لە پێغەمبەر ﷺ کە نوێژی تێدا بکات ، مەبەستیان چەواشە کردنی موسڵمانان بوو کە هەست نەکەن بەو پیلانو دەسیسە خراپانەی لەو مزگەوتەدا دژیان دەکێشرێت و ئاگایان نەبێت کەچی لەو مزگەوتەدا دەکرێت و ببێتە پەیکەی کۆبونەوەی دووڕووەکان لە هەموو شوێنێکەوە ، بەلاَم پێغەمبەر ﷺ نوێژکردنی لەو مزگەوتەدا دواخست بۆ دوای گەڕانەوەی لەم شەڕە لەبەر سەرقاڵی بەخۆئامادە کردنەوە بۆیە دووڕوان لەم پیلانە شکستیان هێناو ئابڕوویان چوو ، تائەوە بوو دوای گەڕانەوەشی لەجیاتی ئەوەی نوێژی تێدا بکات ڕووخاندی.

هەواڵە تایبەتیەکان

لەبارەی خۆ ئامادەکردنی ڕۆم و غەسانیەکانەوە

هەواڵەکان بەو شێوەیە دەگەیشتنە موسڵمانەکان ، لەو کەسانەشەوە کە زەیتیان دەهێنا لەشامەوە بۆ مەدینە هەواڵیان پێگەیشت کە (هەرقل) سوپایەکی گەورەی ئامادە کردووە چل هەزار کەس دەبنو سەرکردایەتی داوەتە دەست گەورەیەکی ڕۆمی ، لەگەڵ خۆشیدا خێڵەکانی (لخم)و (جزام) ئەو تیرەو خێلاَنەی هێناوە کە بوون بە نەصرانی لەگەڵیدا ، سەرەتای سوپاکە گەیشتۆتە (بلقاء) بەم شێوەیە قەوارەی تەواوی مەترسیەکە لەبەرچاوی موسڵمانەکاندا بەرجەستە بوو.

زیاتربوونی مەترسی هەڵوێستەکە

ئەوەی کە بارودۆخەکەی مەترسیدارتر کردبوو هاتنی وەرزی گەرما بوو ، خەڵك لەحاڵەتێکی ووشکە ساڵی بێئاویدا بوون ، میوەو بەروبومی باغ‌و بێستان تازە پێدەگەیشت . خەڵکی حەزی لەژێر سێبەری درەخت و باخە بەردارەکانی دەکرد ، پێیان ناخۆش بوو بێنە دەرەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا ماوەکە زۆر دوور بوو ، ڕێگاکەش سەخت و پڕ لە کۆسپ بوو.

پێغەمبەر ﷺ بڕیارێکی یەکلاکەرەوە دەدات

بەڵام پێغەمبەر ﷺ وردتر سەیری بارودۆخ‌و گۆڕانکاریەکانی ناوچەکەی دەکرد ، پێی وابوو کە ئەگەر بێت لەم قۆناغەدا سستی بکات لە غەزاکردنی ڕۆمەکان ، وازیان لێ بهێنێت ڕۆمەکان بەئارەزووی خۆیان بێن و بچن لەو ناوچانەدا ، کە لەژێر سایەی هەژموونی ئیسلامیدا بوون ، ئەوا هەڵدەکشێن بەرەو مەدینەو ئەوجا خراپترین کاریگەری دەبێت لەسەر بانگەوازی ئیسلامی و ناوبانگی سەربازی موسڵمانانی پێ بچوك دەبێتەوە . لەوانەشە جاهیلیەت ، کە لەغەزای (حنین)دا دواهەناسەیدا جارێکیتر ئاهی بێتەوە بەبەرداو لەم لاشەوە دووڕووەکان ئاوات دەخوازن بەلێدانی موسڵمانەکان و لەڕێگەی (أبو عامری فاسق)ەوە پەیوەندی دەکەن بە ڕۆمەکانەوە ، لەوانەیە لە پشتەوە خەنجەری ژاراوی بدەن لە پشتی موسڵمانەکان ، لەو کاتەدا کە ڕۆمەکان لە پێشەوە هێرشە گەورەکەی خۆیان دەهێنن ، بەو شێوەیە هەرچی هەوڵ و کۆششی خۆی و هاوەڵەکانی هەیە شکست دەهێنێت کە لەبڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسلامدا بەکاریان هێناوەو هەموو ئەو دەسکەوتانەشیان لەکیس دەچێت کە لەچەندین شەڕی خوێناوی هەڵوێستی سەربازی و بەدواداچونی سریەکان و سەربازەکاندا بەدەستیان هێناوەو هەمووی دەبێت بە پرزۆڵ .

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەی زۆرچاك دەزانی ، لەبەرئەوە لەگەڵ ئەو هەموو زەحمەت‌و نارەحتییەی تێیدا دەژیا، بڕیاریدا هەستێت بەغەزایەکی یەکلاکەرەوە کە موسڵمانەکان لەسەر سنووری ڕۆمەکان ئەنجامی بدەن و بواریان نەدەنێ ئەوان هەڵکشێن بەرەو ماڵ و حاڵی موسڵمانەکان.

ڕاگەیاندنی خۆسازدان
بۆ شەڕی ڕۆم

که پێغەمبەری خوا ﷺ بڕیاریدا لەسەر غەزاکە لەناو هاوەڵاندا ڕای گەیاند که خۆیان ئامادە بکەن بۆ شەڕ ، ناردی بەشوێن خێڵە عەرەبەکان و خەڵکی مەککەدا ، بۆ هەر شەڕێك بچوایە کەمجار هەواڵی پێشتری دەدا کە بۆ کوێ دەچێت ، بەڵام ئەمجارە لەبەر ترسناکێتی بارودۆخەکەو سەختی هەلومەرجەکە ، ڕای گەیاند کە دەیەوێت بڕوا بۆ شەڕی ڕۆمەکان و بەڕوونی خەڵکی تێگەیاند ، بۆ ئەوەی بەتەواوی خۆیان ئامادەبکەن‌و هانی دان بۆ جیهاد کردن ، بەشێکیش لە سورەتی (براءة) دابەزی بۆ هاندانیان و خۆڕاگرتن لە جەنگدا. پێغەمبەری خوا ﷺ هانیدان کە خێرو صەدەقە بکەن و باشترین ماڵ وسامان خەرج بکەن بۆ ئامادە کردنی سوپاکە.

موسڵمانان پێشبڕکێ دەکەن لە خۆئامادەکردندا

هەرکە موسڵمانەکان گوێیان لێ بوو پێغەمبەری خوا ﷺ بانگی جیهادی لێدا ، دەستبەجێ چوونە خزمەتی بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی ، بەخێراییەکی سەیر دەستیان کرد بەخۆ ئامادەکردن بۆ شەڕ ، لە هەموولایەکەوە خێڵ و تیرەکان دادەبارین بەسەر مەدینەدا ، هیچ موسڵمانێك ڕازی نەبوو لەم شەڕە دوابکەوێت جگە لە دڵ نەخۆشەکان‌و سێ هاوەڵ، تاڕادەیەك هەژارەکان دەهاتنە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺو داوایان لێدەکرد لەسەر وڵاخێك هەڵیان بگرێت بۆ شەڕی ڕۆمەکان ، ئەویش دەیفەرموو ﴿ لاَ أَجِدُ مَا أَحْمِلُكُمْ عَلَيْهِ تَوَلَّوا وَأَعْيُنُهُمْ تَفِيضُ مِنْ الدَّمْعِ حَزَنًا أَلاَّ يَجِدُوا مَا يُنفِقُونَ ﴾ التوبة/٩٢. واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ دەیفەرموو: هیچ نیە ئێوەی پێ بگوازمەوە بۆ ئەو شەڕە ، ئەوانیش بەچاوی فرمێسکاویەوە دەگەڕانەوە لە خەفەتدا ، چونکە هیچیان نەبوو لە پێناوی خوادا بیبەخشن.

هەروەها لەبواری خەرجکردن و سەدەقەو خێریشدا ، موسڵمانەکان پێشبڕکێیان دەکرد ، (عثمان)ی کوڕی (عفان) کاروانێکی لە شامەوە گەڕابوەوە بریتی بوو لە دوو سەد وشتر بەهەموو بارەکانیانەوەو دووسەد ئۆقیە ، هەمووی کرد بەخێرو ئەنجا وشتری بەبارو بارگەیانەوە کرد بەخێر ، پاشان هەزاردیناری هێنا خستیە کۆشی پێغەمبەری خوا ﷺ. پێغەمبەری خوا ﷺ هەڵی دەدایەوەو

دەیفەرموو: (عثمان) لەمەودوا هەرچیەك بكات زیانی پێ ناگات[1] پاشان سەدەقەو خێری تری كردوو بەردەوام بوو تائەندازەی سەدەقەكەی گەیشتە نۆسەد وشترو سەد ئەسپ ، جگە لە پارە . (عبد الرحمن)ی كوڕی (عوف)یش دووسەد ئۆقیە زیوی هێنا ، (ابوبكر)یش هەموو ماڵ و سامانەكەی هێناو جگە لە مافی خوداو پێغەمبەری خوا ﷺ هیچی نەهێشتەوە بۆ ماڵی خۆی. سامانەكەی چوارهەزار درهەم بوو. (ابوبكر) یەكەم كەس بوو كە سەدەقەكەی خۆی هێنا ، (عمر)یش نیوەی ماڵەكەی خۆی هێنا ، (عباس)یش ماڵ و سامانێكی زۆری هێنا . (طلحة) و (سعد)ی كوڕی (عبادة) و (محمد)ی كوڕی (مسلمة) ، هەموویان ماڵ و سامانیان هێنا ، (عاصم)ی كوڕی (عمر)یش نەوەد وەسەق خورمای هێنا . خەڵك كەوتنە بەخشین و خێركردن لەزۆر زۆرو لەكەمیش كەم . كەسی واهەبوو جگە لە مشتێك یان دوومشت گەنم ، هیچی نەبوو ، ئەوەی دەبەخشی ، ژنانیش هەرچیەكیان هەبوو لە بازن و ملوانكەو گوارەو خڕخاڵ و پارچەی ئاڵتون و زیو بەپێی توانا بەخشیان .

كەس دەستی نەگرتەوە ، جگە لەدووڕوان كەس لەو ڕۆژەدا چروك نەبوو: ﴿ الَّذِينَ يَلْمِزُونَ الْمُطَّوِّعِينَ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ فِي الصَّدَقَاتِ وَالَّذِينَ لاَ يَجِدُونَ إِلاَّ جُهْدَهُمْ فَيَسْخَرُونَ مِنْهُمْ ﴾ التوبة/٧٩. واتە: ئەو دووڕوانە لاقرتێ دەكەن بەئیمانداران ، لەو سەدەقەو خێرانەدا كە دەیبەخشن و گاڵتە دەكەن بەوانەی ، كە جگە لەتواناى خۆیان چیدیان نیە بیبەخشن لە پێناوی خوادا.

سوپای ئیسلام بەرەو تەبوك دەڕوات

بەو شێوەیە سوپاكە ئامادەو سازكرا، پێغەمبەری خوا ﷺ (محمد)ی كوڕی (مسلمە)ی بەسەر مەدینەوە بەجێهێشت ، دەڵێن (سباع)ی كوڕی (عرفطە) بووە ، (علی)یشی بەلای ماڵ و منداڵەكەی خۆیەوە بەجێهێشتو فەرمانی پێدا لەناویاندا بێت ، دووڕوان كردیانە قسەوباس ، بۆیە (علی) كەوتەڕێ ، تابگاتەوە بەپێغەمبەر ﷺ ئەویش گێڕایەوە بۆ مەدینەو پێی فەرموو: ئەی (علی) ، ئایا تۆ ڕازی نابیت بەوەی لە پلەی (هارون)دا بی بۆ (موسى)؟ بەلاَم بزانە كە دوای من پێغەمبەری تر نابێت.

[1] جامع الترمزی ، مكاتب عثمان بن عفان ٢١١/٢

پاشان پێغەمبەر ﷺ بەرەو باکووری تەبوك کەوتە ڕێ ، سوپاکە زۆر گەورە بوو سی هەزار شەڕکەر ، هەرگیز پێشتر موسڵمانان بە ژمارەی وەها نەچوونەتە دەرەوە ، لەگەڵ ئەو هەموو سەدەقەو بەخشینەشدا نەیانتوانی بە تێرو تەواوی سوپاکە ساز بکەن . لەناو سوپاکەدا کێشەی کەمی لەتوێش‌و ئازوقەو ئەسپ‌و ولاخ سواریدا هەبوو ، هەژدە کەس بەنۆرە سواری یەك وشتر دەبون ، لەڕێگە گەڵای دارودرەختیان دەخواردو لێوەکانیان وشك هەڵاتبوو ، ناچاربوون بکەونە سەربڕینی وشترەکانیان لەگەڵ کەمییاندا بۆ ئەوەی ئاوی ناو سکیان بخۆنەوە ، لەبەرئەوە ئەو سوپایە ناونرا بە سوپای تەنگانە (جيش العسرة).

سوپای ئیسلام لە ڕێگەدا بەلای ئاسەواری (حجر)دا گوزەران ، کە شوێنەواری کەلاوەی خەڵکی (ثمود)ە ﴿ الَّذِينَ جَابُوا الصَّخْرَ بِالْوَادِ ﴾ واتە (وادی القری) ، خەڵکی لە بیرەکەی ئاویان هەڵگۆزی ، کە ڕۆشتن پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: لەو ئاوە مەخۆنەوەو دەست نوێژیشی لێ هەڵمەگرن ، ئەوەشی تێکەڵاوی هەویرتان کردوە بیدەن بەوشترەکانتان و هیچی لێ مەخۆن ، بۆیە فەرمانی پێدان لەو بیرە بخۆنەوە ، کە وشترەکەی (صالح) لێی دەخواردەوە.

لە (صحیحین)یشدا هاتوە ، لە (ابن عمر)ەوە فەرموویەتی: کە پێغەمبەر ﷺ بەلای (حجر)دا تێپەڕی ، فەرمووی: هەرگیز مەچنە ناو ماڵ و حاڵی کەسانێك زوڵمیان لەخۆیان کردوە ، نەبادا تووشی سزای ئەوان بن ، مەگەر بەگریانەوە بڕۆن ، پاشان سەری خۆی داپۆشی و بەپەلە ڕۆیی تا لە شیوەکە دەرباز بوون.[١]

لە ڕیگادا تینوێتی زۆری بۆ خەڵکەکە هێنا ، سکاڵایان بردە لای پێغەمبەر ﷺ ئەویش دەستی کرد بەپاڕانەوە ، پاش کەمێك خوای مەزن هەورێکی نارد ، باران باری و خەڵکەکە فێنك بونەوەو تێراو بوون‌و هەموو شتەکانیان پڕکرد لە ئاو.

کە لە تەبوك نزیکبوەوە ، فەرمووی: خوا یاربێت سبەینێ دەچینە سەر ئاوی تەبوك ، ئێوە ناچنە سەری تا چشتەنگاو دەبێت و هەرکەسێك گەیشتە سەری بادەست نەخاتە ناوی تاخۆم دێم.

(معاذ) دەڵێت : کەچووین پێش ئێمە دووپیاو چوونەسەر ئاوەکە ڕێچکەیەکی زۆر بچوك ئاوی لێ دەهات . پێغەمبەر ﷺ پرسیاری لێ کردن ئایا دەستتان داوە لەو ئاوە؟ وتیان: بەڵێ .

---

[١] صحيح البخاري باب نزول النبي (ﷺ) بالحجر ٦٣٧/٢

پێغەمبەر ﷺ ئەوەندەی خواویستی سەرزەنشتی کردن ، پاشان مشت بە مشت ئاوەکەی کۆکردەوە تاگۆماوێکی بچوکی لەبەردەم کانیاوەکەدا دروست کرد ، ئەنجا دەمو چاوو دەستی شت ، پاشان ئاوەکەی گێڕایەوە کانیەکە لەپڕێکدا تەقیو ئاوێکی زۆری لێ هاتە دەرەوە خەڵکی ئاویان دەرهێنا ،

پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی بە (معاذ) ، ئەگەر تەمەنت درێژبێت خەریکە بڵێم دەبینیت باخو بێستانێکی زۆر لێرەدا سەوز دەبێتو ئەم ناوە پڕ دەبێت لە سەوزایی.[1]

لەرێگەدا یان کە گەیشتە (تبوك) - بەپێی جیاوازی ڕیوایەتەکان - پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ئەمشەو ڕەشەبایەکی سەخت هەڵدەکات ، با کەس لەئێوە هەڵنەستێت ، هەرکەسێکتان وشتری پێیە بەتوندی بیبەستێتەوە . هەروا بوو شەو ڕەشەبایەکی زۆر توند هەڵی کرد پیاوێك هەستایەوە ڕەشەباکە بردی و لە شاخی (طیء)دا فڕێیدابوو.[2]

نەریتی پێغەمبەر ﷺ لەو سەفەرەدا وابوو کە نوێژی نیوەڕۆو عەسر پێکەوە ، هەروەها نوێژی مەغریبو عیشای پێکەوە کورتو کۆدەکردەوە ، بەپێشو پاش خستن دەیکردن.

سوپای ئیسلام لەناو تەبوکدا

سوپای ئیسلام لە تەبوك دابەزی ، لەوێدا سەربازگەی دامەزراندو خۆی ئامادە کرد بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمن ، پێغەمبەر ﷺ وتارێکی کاریگەری بۆ خوێندنەوە ، کورتو کرمانج بوو ، هانیدان بۆ خێرو بێری دونیاو قیامەت ، مژدەو ئاگاداری پێدان ، ورەی بەرز کردنەوە ، هەرچی کەلێن و کەم و کووڕیان هەبوو ، پڕی کردەوە لە ڕووی ئازووقەو توێشووەوە. لەولاشەوە کە ڕۆمەکان هەواڵی هاتنی سوپاکەی پێغەمبەریان بیستن ﷺ زەندەقیان چوو زاتیان نەکرد بێنە پێشەوە بۆ شەڕ کشانەوە دواوە بەناوچەکانی سنووری خۆیاندا بڵاوەیان لێ کرد ، ئەمەش بۆ بەرز کردنەوەی ناوبانگی سەربازی موسڵمانەکان لەناو دورگەی عەرەب و دەورو بەریدا ڕۆڵی گەورەی هەبوو ، بەو شێوەیە موسڵمانان چەندین دەسکەوتی سیاسی گەورەیان دەستکەوت ، کە ئەگەر شەڕ ببوایە لەوانە بوو دەستیان نەکەوتایە.

---

[1] مسلم / ڕیوایەتی کردوە لە (معاذ)ی کوڕی (جبل)ەوە ٢/٢٤٦

[2] هەرهەمان سەرچاوە

(يحنة)ی كوڕی (روية) هاوەڵی (ايلة) هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ سوڵحی لەگەڵدا كردو جزيەی‌دا بەپێغەمبەر ﷺ ، دوای ئەو خەڵكی (جرباء) و (أزرح)يش هاتن‌و جزيەيان دا . پێغەمبەر ﷺ نووسراوێكی پێدان لايان مايەوە ، هەروەها نوسراوێكی نووسی بۆ هاوەڵەكەی (ايلة) دەڵێت:

﴿ بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحيمِ ﴾

ئەمە نامەی دڵنياكەرەوەيە لەخودای مەزن و محەممەدی پێغەمبەريەوە بۆ (يحنة)ی كوڕی (روية)و كەس و كاری (ايلة) ، كاروان و هاتوچۆو كەشتيەكانيان لە وشكانی و ئاودا لە ژێر پاراستنی خوداو پێغەمبەرەكەيدايە ، ئەم پاراستنە هەموو ئەو كەسانەی شام و كەناری دەرياش دەگرێتەوە كە لەگەڵيدان ، هەركەسێكيان لابدەن ئەوا ماڵەكەی فريای ناكەوێت ، ماڵەكەيان حەڵاڵ دەبێت بۆ خەڵك ، هەروەها نابێت ڕێگەيان لێبگيرێت ئەگەر بيانەوێت بچنە سەر هەرئاوێك يان هيچ ڕێگەيەكيان لێ ناگيرێت بيانباتە سەر وشكاييەك يان دەريايەك.

پێغەمبەر ﷺ (خالد)ی كوڕی (وليد)ی لەگەڵ چوارسەدو بيست كەسدا نارد بۆ لای (اكيدر) لە (دومة الجندل) و پێی فەرموو: لەكاتێكدا پێی دەگەيت ، گاكێوی ڕاو دەكات . (خالد) چوەلای كە بەدووريی ديتنی چاو لەقەڵاكە نزيكبوەوە ، مانگايەك هاتە دەرەوە ، بەشاخەكانی قۆچی دەدا لە دەرگای قەڵاكە ، (أكيد) بۆی هاتە دەرەوە بۆ ڕاوكردنی ـ شەوێكی مانگە شەو بوو ـ لە پەنايەكدا (خالد) گرتی ، هێنايە خزمەت پێغەمبەر ﷺ سوڵحی لەگەڵدا كرد لەسەر دووهەزار وشترو هەشت سەد سەر مەڕو چوارسەد قەڵغان و چوارسەد ڕم ، دانيشی نا بەپێدانی (جزيە) ، سەبارەت بە كێشەی (دوحة) و (تبوك) و (ايلة) و (يماء) يش لەگەڵ (يحنة) سوڵحی پێكردن.

ئيتر خێڵ و تيرەكان بەتەواوی دڵنيابوون ، كەپشت بەستن بەدەسەڵاتە كۆنەكان كاتی بەسەرچوو باوی نەما ، بۆيە بايان دايەوە بەلای موسڵمانەكاندا . بەو شێوەيە سنوورەكانی دەوڵەتی ئيسلامی زيادیان كردو پاڵيانداا بە سنوورەكانی ڕۆمەكانەوە تا ڕادەيەكی زۆر كۆتای هات بە چالاكی سيخوڕەكانی ڕۆم.

گەڕانەوە بۆ مەدینە

سوپای ئیسلام بەسەری بەرزو بڵندەوە گەڕایەوە بۆ مەدینە ، بێ‌ئەوەی تووشی شەڕ ببێت ، لە ڕێگەی گەڕانەوەدا لە ناوچەی (عقبة) دوانزە کەسی دووڕوو ویستیان زەفەرێك بەپێغەمبەر ﷺ ببەن ، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کە پێغەمبەر ﷺ بەسواری وشترەکەیەوە بوو (عمار) جڵەوی وشترەکەی بۆ گرتبوو ، (حذيفة)ی کوڕی (یمان)یش دابویە بەرخۆی ، گەیشتنە (عقبة) خەڵکەکەش گەیشتنە ناو شیوەکە ، دووڕوان ئەمەیان بەهەلزانی، لەکاتێکدا کە پێغەمبەر ﷺو دوو هاوەڵەکەی بەڕێگەدا دەڕۆیشتن گوێیان لەدەنگە دەنگی خەڵك بوو لە پشتیانەوە دەهاتن و دەم وچاویان هەڵبەستبوو ، (حذيفة) بەگۆچانەکەی دەستی کێشای بە دەم و چاوی ولاّخەکانیداو ترساندنی و بەرەولای خەڵکەکە ڕاوی نان وەگەرنا پێغەمبەریان ﷺ دەشێلا ، پێغەمبەر ﷺ ناوی هەردوانزە کەسەکەی‌دا بە (حذيفة)و ئاگاداریشی کرد کە نیازیان چی بووە ، بۆیە بە (حذيفة) دەوترا نهێنی ڕازگری نهێنیەکانی پێغەمبەر ﷺ. لەو بارەیەوە خوای مەزن فەرمووی ﴿وَهَمّوا بِما لَم يَنالوا﴾ واتە: دووڕوان بەنیازی کارێك بوون بۆیان نەچووە سەر.

کە لەدورەوە سیمای شاری مەدینە لە پێغەمبەر ﷺ دەرکەوت فەرمووی: ئای ئەوە (طابة)یەو ئەوەش ئوحودە ، ئەو شاخەیە کە ئێمەی خۆش دەوێت و ئێمەش ئەومان خۆش دەوێت. کەخەڵك بیستیان پێغەمبەر ﷺ گەڕایەوە ژن و مناڵو کوڕوکاڵ لەشار هاتنە دەرەوەو بەجارێك پێشوازیان دەکردو شیعریان دەخوێندەوە دەیانوت:[1]

طلع البدر علينـــا من ثنيـــات الوداع
وجب الشكـــر علينـــا مادعى لله داع

پێغەمبەر ﷺ لە مانگی ڕەجەبدا دەرچو بۆ تەبوك‌و لەمانگی ڕەمەزاندا گەڕایەوە. ئەم غەزایە پەنجا ڕۆژی پێچوو بیست ڕۆژیان لە تەبوك مایەوە ، باقی ڕۆژەکانیش لە ڕۆشتن و هاتنەوەدا بەسەری برد ، ئەم غەزایە دواین غەزای پێغەمبەر بوو ﷺ.

---

[1] / ئەمە ڕای (ابن قيم)ەو پێشتریش باسمان لێوە کرد

دواکەوتوەکان

ئەم غەزایە بەهۆی هەلومەرجی تایبەتی خۆیەوە تاقی کردنەوەیەکی سەخت بوو بۆ موسڵمانان ، ئیمانداارانی لە بیٚ باوەڕان جیا دەکردەوە ، هەروەکو خوای مەزن هەمیشە مرۆڤی واڕاهێناوە ، ئەوەتا دەفەرموێت: ﴿ مَا كَانَ اللَّهُ لِيَذَرَ الْمُؤْمِنِينَ عَلَى مَا أَنْتُمْ عَلَيْهِ حَتَّى يَمِيزَ الْخَبِيثَ مِنْ الطَّيِّبِ ﴾ آل عمران /١٧٩. واتە: هەرگیز نەبووەو ناشبێت ، خودا وازتان لیٚ بهێنێت بیٚ جیاکردنەوەی خراپ لە باش. ئەوەی بۆ ئەم شەڕە دەرچوو تەنها ئیمانداارە ڕاستگۆکان بوون ، تاڕادەیەك دەرنەچوون بوو بەنیشانەی دووڕوویی ، هەرکەسێك لەدواکەوتوەکان بوایە باسیان دەکرد بۆ پێغەمبەر ﷺ لە سەفەرەکەدا ئەویش دەیفەرموو: وازی لیٚ بهێنن ئەگەر خێری تێدابێت خوا پێیانی دەگەیەنێت ، ئەگەر بیٚخێریش بێت ئەوە خوا ڕزگاری کردون لەدەستی. جگە لەبەهانە بەدەستەکان کەس دوانەکەوت یان ئەوانەی دووڕوو بوون ، ئەوانە بەدرۆوە داوای مۆڵەتیان کرد کە دەرفەتیان بداتیٚ دانیشن و نەڕۆن ، هەندێکیشیان باکیان نەبوو ، مۆڵەتیشیان وەرنەگرت و دانیشتن لە مەدینەو نەچوون بۆ ئەو غەزایە ، سیٚکەسی ئیمانداریش کە مرۆڤی ڕاستگۆبوون ، بەشداریان نەکردو بیٚ هیچ هۆیەك دواکەوتن ، ئەم سیانەش ئەو کەسانە بوون کە خودا تاقی کردنەوەو پاشان تەوبەی لیٚ وەرگرتن و لێیان خۆش بوو.

کە پێغەمبەر ﷺ گەیشتە مەدینە تەشریفی بردە مزگەوت ، دوو ڕکات نوێژی کرد ، ئەنجا دانیشتو خەڵك دەورەیان دا ، دووڕووەکان کە ژمارەیان هەشتاو ئەوەندە کەس بوو[١] هاتن و بەچەندین جۆر بەهانەیان دەهێنایەوەو سوێندی درۆیان دەخواردو پاکانەیان دەکرد بۆ پێغەمبەر ﷺ ، ئەویش بەڕو قسەکانی لیٚ وەردەگرتنو بەیعەتی دەدانیٚو داوای لیٚ بوردنی بۆ دەکردن و نهێنی دڵەکانیشی دەدایە دەست خودا.

بەڵام لە سیٚکەسە ئیمانداارە ڕاستگۆکە کە بریتی بوون لە (كعب)ی کوڕی (مالك)و (مراره)ی کوڕی (ربيع) و (هلال)ی کوڕی (اميه) بڕیاریاندا ڕاستگۆبن و

---

[١] (واقدي) دەڵێت ئەوانە کۆمەڵێك دووڕوی ئەنساری بوون ، بەهانە بەدەستەکانی ئەعرابی خێڵی (بني غفار)و ئەوانی تریش ژمارەیان (٨٢) کەس بوو. (عبدالله)ی کوڕی (ابی) و شوێنکەوتوەکانی لەوانەدا نین ، کە لێرە دا باسیان دەکرێت (بڕوانە فتح الباري) ١١٩/٨

هیچ بەهانەیەکی درۆ هەڵنەبەستن ، پێغەمبەر ﷺ فەرمانیدایە یارانی کەس قسەیان لەگەڵدا نەکات ، قسە دابڕینێکی زۆر توندیان لەگەڵدا کراو خەڵکی مامەڵەیان نەدەکرد لەگەڵیاندا . بەرچاویان تەسک بوبوەوەو لەزەویدا جێگەیان بەخۆیان نەدەگرت و بەتەواوی هەناسەیان سوار بوو بوو . بێ تاقەتیەکەیان زیاتری کرد کاتێك کە چل ڕۆژ بەسەر قسە دابڕینەکەدا تێپەڕی فەرمانیان پێ درا کە لەگەڵ ژنەکانیاندا جێگە جیابکەنەوە ، تا دابڕانەکە پەنجا ڕۆژی تەواوی خایاند پاشان خودای مەزن لێیان خۆش بوو بەئایەتی ﴿وَعَلَى الثَّلاَثَةِ الَّذِينَ خُلِّفُوا حَتَّى إِذَا ضَاقَتْ عَلَيْهِمُ الأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ وَضَاقَتْ عَلَيْهِمْ أَنفُسُهُمْ وَظَنُّوا أَنْ لاَ مَلْجَأَ مِنَ اللَّهِ إِلاَّ إِلَيْهِ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ لِيَتُوبُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ التَّوَّابُ الرَّحِيمُ﴾ التوبة/١١٨. واتە: خودا لەو سێ کەسەش خۆش بوو کە دواکەوتن تاوایان لێ هات زەویان لەبەرچاودا بەرتەسك بوەوەو تەواو تەنگە نەفەس بوون ، زانیان کە هیچ پەنایەك نیە جگە لە پەنای خوا ، پاشان خودا تەوبەی لێ وەرگرتن ، بەڕاستی خودا تەوبە لە بەندەکانی وەردەگرێت و بەبەزەییە.

موسڵمانان دڵیان خۆشبوو بەو لێخۆشبونە ، سیانەکەش ئەوەندە دڵخۆش بوون ، پێیان نەدەکەوتە زەوی ، مژدەیان دەداو ڕوویان خۆشیی لێ دەباری و دەستیان کرد بەخێرکردن و دیاری بەخشینەوە ، ئەو ڕۆژە خۆشترین ڕۆژی ژیانیان بوو.

ئەوانەش کە لەبەر بەهانەیەك نەهاتبوون خوای مەزن لەبارەیانەوە فەرموی ﴿لَيْسَ عَلَى الضُّعَفَاءِ وَلاَ عَلَى الْمَرْضَى وَلاَ عَلَى الَّذِينَ لاَ يَجِدُونَ مَا يُنفِقُونَ حَرَجٌ إِذَا نَصَحُوا لِلَّهِ وَرَسُولِهِ﴾ هەردوو ئایەتی سورەتی التوبة/٩١، ٩٢. واتە: لاوازەکان و نەخۆشەکان و ئەوانەی هیچیان نیە لەپێناوی خوادا خەرجی بکەن گوناهیان لەسەرنیە، بەمەرجێك ئەگەر لەبەر خوداو پێغەمبەرەکەی ئامۆژگار بن. کە پێغەمبەر ﷺ لە مەدینە نزیك بوەوە لە بارەیانەوە فەرمووی: لەناو شاری مەدینەدا کۆمەڵێك پیاوهەن چەند هەنگاو ڕۆشتبن ، چەند شیوو دۆڵتان کردبێت بەدڵ لەگەڵتان بوون، بەڵام ئەوان بەهانەیان هەبوو نەیانتوانی بێن . وتیان : ئەوان لە مەدینەشدان؟ فەرمووی: بەڵێ لەو کاتەدا کە لە مەدینە بوون .

ئاسەواری غەزاکە

ئەم غەزایە گەورەترین کاریگەریی هەبوو لەسەر بەر والاَکردن و بەهێز کردنی هەژمونی موسڵمانەکان لە دورگەی عەرەبیدا ، ئیدی بۆ خەڵك دەرکەوت کە لەدورگەی عەرەبدا جگە لە هێزی ئیسلام هیچ هێزێکیتر نیەو ئەو کەمە ئومێدەش کە لەناخی نەفامو دووڕووەکاندا مابوو چاوەڕوانیان دەکرد بێتەدی ئەویش کوژایەوەو بۆ هەتا هەتایی نائومێد بوون ، چونکە هەموو خەونێکی خۆیان بەهاتنی ڕۆمەکانەوە هەڵواسی بوو ، بەلاّم دوای ئەم غەزایە سەریان شۆڕ کرد ، ملکەچی ئەمری واقیع بوون و هیچ چارەیەکیان نەما.

بۆیە ئیتر ئەوەش نەما کە موسڵمانەکان بە نەرم ونیانی مامەڵە لەگەڵ دوو ڕووەکاندا بکەن ، خوای مەزن فەرمانیدا دەستیان لێ توند بکرێتەوە ، تا ئەوەی سەدەقەیان لێ وەرنەدەگیراو نوێژیان لەسەر نەدەکراو لەسەر گۆڕیان کەس نەدەوەستاو نزایان بۆ نەدەکرا ، فەرمانیش درا بەڕووخاندنی شوێنی پیلان و نەخشە گلاّوەکانیان کە مزگەوتی کوێرەوەری بوو ، دروستیان کردبوو بۆ سەر لێ تێکدانی موسڵمانان ، چەند ئایەتێك لەبارەیانەوە دابەزی و بەتەواوی ئابڕووی تکاندن و لەدوای ئەوەوە هیچ شتێکیان بەنهێنی نەمایەوە ، خەریکبوو کە ئایەتەکان ناویشیان بهێنێت.

دەکرێت لەوەشدا کاریگەری ئەم غەزایە تێبگەین ، کە عەرەب هەرچەندە پۆل پۆل دەهاتن و لە هەموولایەکەوە موسڵمان دەبوون بەلاّم دوای ئەم غەزایە ، بەدوای یەکدا هاتنی وەفدی خێڵە عەرەبەکان گەیشتە چڵە پۆپە.[١]

دابەزینی قورئان لەبارەی ناوەڕۆکی غەزاکەوە

ژمارەیەکی زۆر ئایەتی سورەتی (براءة) لەبارەی ناوەڕۆکی غەزاکەوە هاتە خوارەوە ، هەندێکیان پێش دەرچونەکە هاتنە خوارەوە ، هەندێکی تریشیان پاش دەرچوونەکە ، لەو کاتەدا کە لە سەفەردا بوو هەندێکی تریشیان دوای گەڕانەوە بۆ مەدینە ، سورەتەکە باس لە بارودۆخی غەزاکە دەکات و ئابڕووی دووڕووەکان

---

[١] / درێژی ئەم غەزایەمان وەرگرتوە لە (ابن هاشم)٢/٥١٥ ـ ٥٣٧، (زادالمعاد)٣ ٢ (صحیح البخاری)٢/ ٦٣٢ ٦٣٤ ٦٣٦ ٦٣٦ ٦٣٧ ١،٢٥٢`٤١٤ هیتریش، هەروەها (صحیح المسلم) لەگەڵ شەرحی نەوەوی ٢/٢٤٦ ، (فتح الباری) ٨/١١٠ تا ١٢٦، هەروەها(مختصر سیرە) نوسینی شیخ عبدوڵلای نەجدی لە لاپەڕە ٢٩١ تا ٤٠٧

دەبات و ڕێزو قەدری موجاهیدان و دڵسۆزان باس دەکات و تیشك دەخاتە سەر وەرگرتنی تەوبە لە ئیمانداره ڕاستگۆکان ، ئەوانەش کە دەرچون و ئەوانەش کە دواکەوتن ، لەگەڵ چەندین باسی تر.

هەندێ لە ڕووداوە گرنگەکانی ئەو ساڵە

لەو ساڵەدا چەندین ڕووداوی مێژوویی ڕوویاندا کە گرنگی خۆیان هەیە:

١. پاش هاتنەوەی پێغەمبەر ﷺ لە تەبوك (لعان) لەنێوان (عویمر)ی (عجلانی) و ژنەکەیدا ڕوویدا.

٢. ژنە غامدیەکە ڕەجم کرا پاش ئەوەی هاتوودانی نا بەزیناکەیدا ، کاتێك ڕەجم کرا کە کوڕەکەی لە شیر بڕی بووەوە.

٣. (اصحمە)ی (نجاشی) مەلیکی حەبەشە وەفاتی کرد ، پێغەمبەر ﷺ نوێژی غائبی لەسەر کرد.

٤. (أم کلثوم)ی کچی پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کرد ، زۆر خەفەتی پێ خواردو فەرمووی بە (عثمان): ئەگەر سێ کچیشم هەبوایە بەدوای یەکدا مارەم دەکردن لێت.

٥. سەرۆکی دووڕوان (عبدالله)ی کوری (ابی) کوڕی (سلول) دوابەدوای هاتنەوەی پێغەمبەر ﷺ لە تەبوك مرد ، پێغەمبەر ﷺ داوای لێ خۆشبونی بۆ کردو نوێژی لەسەرکرد پاش ئەوەی کە (عمر) زۆر هەوڵیدا کەنوێژی لەسەر نەکات ، دوایش قورئان هاتە خوارەوە پشتیوانی ڕایەکەی (عمر)ی کرد.

حەج کردنی ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێ بێت)

لەمانگی (ذي القعدة) یان (ذي الحجة)ی هەمان ساڵی (٩)ی کۆچیدا ، پێغەمبەری خوا ﷺ (ئەبوبەکری صدیق)ی نارد ﷺ وەك میرێك بۆ حەج . بۆ ئەوەی (مناسك) بۆ موسوڵمانان دابنێت .

پاشان سەرەتاکانی سورەتی (براءة) دابەزی بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەکان ، پێغەمبەر ﷺ (علی) کوڕی (ابو طالب)ی نارد ئەوەی بۆ بکات ، ئەمەش بۆ هاوڕایی کردن بوو لەگەڵ نەریتێکی کۆنی عەرەبدا سەبارەت بە ماڵو خوێن ڕژان ، (علی) لە (عرج) یان (جینان) گەیشت بە (ئەبوبەکر).

(ئەبوبەکر) وتی: یان میر بە یان گوێڕایەڵ ،

علی وتی: نەخێر من گوێڕایەڵ دەبم پاشان دەرچوون .

(ئەبوبەکر) حەجی کرد بۆ موسوڵمانان ، تا ڕۆژی قوربانی هات ، ئەنجا (علی) کوڕی (ابوطالب) لە (حجرة) وەستا ، بانگی کرد لەناو خەڵکیدا بەوەی پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێدابوو ، وادەو پەیمانی پەیماندەرانی دایەوە ، ماوەی چوارمانگ مۆڵەتی پێدان ، چوار مانگیش مۆڵەتی‌دا بەوانەی بەڵێن‌و پەیمانیان لەگەڵدندا نەبوو ، مۆڵەتی ئەوانەش کە هیچ زیانێکیان لە موسوڵمانەکان نەدا بوو کەسیشیان هان نەدابوو دژ بە موسوڵمانەکان ، وەکو خۆیان هێشتەوە.

(ئەبوبەکر)یش ﷺ چەند پیاوێکی نارد بەناو خەڵکیدا جاڕ بدەن: کە ئیتر لە ساڵی داهاتوودا هیچ موشریك و کەسێك بەڕووتی تەواف ناکەن بەدەوری کابەدا.

ئەم بانگەوازە کۆتایی و مەرگی بتپەرستی بوو لەناو دورگەی عەرەبیداو ، نابێت ئیدی لەساڵی داهاتوەوە بوونیان هەبێت [1].

---

[1] / (صحيح البخاري) ١/٢٢٠، ٤٥١، ٢/٦٢٦، ٦٧١، (زاد المعاد) ٣/٢٥، ٢٦، (ابن هشام) ٢/٥٤٣، ٥٤٤، ٥٤٥، ٥٤٦.

سەربوردێك بەسەر غەزاكاندا

کاتێك سەیرێکی غەزاو ناردەکانی پێغەمبەر ﷺ دەکەین ، نە ئێمەو نە هیچ کەسێکی دیکە کە سەیری بارودۆخی شەڕو ئاسەوارەکانی دەکات ناتوانێت نەڵێت: کە پێغەمبەر ﷺ مەزنترین سەرکردەی سەربازی بوەو ، لە هەموویان ژیر ترو قوڵترو وورياتر بووە ، بەڕاستی پێغەمبەر ﷺ لەم ڕووەوە بلیمەتێکی جەنگ بووە ، هەروەکو لە نبوەت و پەیامداریدا سەرکردەی پێغەمبەرانە (علیهم السلام). هەمیشە لەو جێگەیەوە جەنگی کردووە کە عەقڵیەت و لێکدانەوەو بەرنامەی سەربازی مەحکەم بیخوازێت ، لەبەرئەوە لە هیچ جەنگێکدا بەهۆی نەخشەی مەیدانی جەنگەوە نەیدۆڕاندووە ، یان بەهۆی نەخشەیەکی ستراتیژی‌یەوە شکستی نەهێناوە ، بەڵکو لەهەموو ئەوانەدا جۆرێکی تر لە سەرکردەیی پیشانی دونیادا ، کە نەدونیاو نەسەرکردە سەربازیەکان نەیاندیبێت . ئەوەش کە لە (حنين)دا ڕوویدا لاوازی هەندێك کەس بوو، ئەوەی (احد)یش بەهۆی شکاندنی فەرمانەکانیەوە بوو ، کە تیرئەندازەکان شوێنی خۆیان بەجێ هێشت و لە ڕووی سەربازیەوە کەلێنیان کردە سوپاکەوە.

لەهەردوو جەنگەکەشدا (أحد) و (حنين) ، لەکاتی شکستەکەدا بلیمەتی پێغەمبەر ﷺ دەرکەوت ، ڕووی لە دوژمن وەرنەگێڕا ، بەحیکمەت و دانایی خۆی توانی بێئومێدیان بکات و ڕەوتی شەڕەکە بگۆڕێت بۆ سەرکەوتن ، هەروەکو لە (حنين)دا ڕوویدا ، سەرباری ئەو شکستەی کە لەسەرەتادا هات بەسەریاندا ، کە مەحاڵە هیچ سەرکردەیەکی سەربازیی لەبەردەم شکستی وەهادا نەڕوخێت و هەڵنەیەت.

ئەمە پێغەمبەرە ﷺ لە ڕووی سەربازیەوە لە ڕووەکانی تریشەوە پێغەمبەر ﷺ بەو غەزایانە هێمنی و ئاشتی چەسپاند لەناوچەکەداو ، ئاگری ئاشووبی کوژاندەوە ، لووتی دوژمنانی شکاند ، ناچاری سوڵحی کردن و ڕێگەی خۆشکرد بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەوازیی ئیسلامیی ، هەروەها توانی هاوەڵە دڵسۆزو بە وەفاکانی خۆی بناسێت و جیایان بکاتەوە لەوانەی بەڕوو موسوڵمانن‌و بەدڵیش دووڕوو بێوەفان‌و هەرخەریکی پەیمانشکێنیی‌و خیانەتکارین.

لەدوای خۆیشی کۆمەڵێك سەرکردەی چاك‌و شارەزای پێگەیاند کە لە دواییدا لەناوچەی عێراق و فارس ڕۆمەکانیان لەو خاك‌و ئاوە دەرپەڕاندو بە نەخشەو پلانی سەربازی پتەو هەڵیانکەندن.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ بەهۆی ئەم غەزایانەوە توانی شوێن و جێگەو زەوی و کاروپیشە بۆ موسوڵمانەکان بدۆزێتەوە ، تا ڕزگاریان بێت لەگێروگرفتێکی زۆر کە ماڵ و حاڵ و شوێنیان نەبوو بۆ نیشتەجێ بوون ، چەك و جبەخانەو تفاقێکی زۆری بۆ دابین کردن ، ئەمانەی هەموو دەستکەوت بێ‌ئەوەی بەئەندازەی تۆزێك زوڵم و ستەم بکات لە بەندەکانی خوا.

بەڕاستی پێغەمبەر ﷺ ئامانجی لە هەموو شەڕەکاندا گۆڕی ، جەنگ لە جاهیلیەتدا بریتی بوو لە تالانی و کوشت و بڕو هەڵکوتانە سەر زوڵم و دەستدرێژیی و ستەمکردن و تۆڵەسەندنەوەو خۆسەپاندن و تاساندنی لاوازو ماڵ وێران کردن و بینا ڕووخاندن و حورمەت شکێنی و وێرانکردنی کێڵگەو مەزراو چەوساندنەوەی ژن و منداڵ و پەککەوتەکان ، لە ئیسلامدا ئەو جەنگانە بوونە جیهاد کردن لەپێناو چەندین ئامانجی شکۆدارو ، مەبەستی بەرزو ڕێزداری وەهادا کە مرۆڤایەتی لە هەموو کات و شوێنێکدا شانازی پێوە بکات. جەنگ بوو بەو جیهادەی کە مەبەستی ڕزگارکردنی مرۆڤ بوو لە ستەمو دەستدرێژیی، بۆ سیستمی دادپەروەری و ویژدان ، لە سیستمێکەوە کە بەهێزبێت هێزی ژێرپێ دەخست بۆ سیستمێك کە بەهێز تیایدا لاوازبوو تا مافی وەردەگیرێت ، بوو بەجیهادێك لەپێناو ڕزگارکردنی پیاوان و ژنان و منالانی ژێردەست ئەوانەی دەڵێن: خوای ئێمە لەم شارە پڕ لەجەورو ستەمە دەرمان بهێنەو فریاد ڕەسێکمان بۆ بنێرەو ، پشتیوانمان بۆ پەیداکە. ئەو جەنگانە بوون بەجیهادێك بۆ پاککردنەوەی زەوی لە پەیمان شکێنی و خیانەتکاریی و گوناهو دەستدرێژیی ، بۆ بەرقەرار کردنی ئاسایش و ئاشتی و بەزەیی و ڕەچاو کردنی ماف و پیاوەتی.

هەروەها چەندین بنەمای شکۆداری دانا بۆ شەڕ ، کە دەبێت سەرکردەو سەرباز پابەندی بن و لێی دەرنەچن . (سلیمان)ی کوڕی (بریدە) لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە ، دەڵێت: هەرکەسێکی بکردایە بەمیری هەر سوپایەك یا سریەیەك بە تایبەتی ئامۆژگاری دەکرد کە لە خوا بترسێت ، خاتری موسوڵمانەکانی برای بگرێت و پاشان دەیفەرموو: بەناوی خواوە غەزا بکەن ، لەپێناوی خوادا ، شەڕ لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەن کە باوەڕی بەخودا نی‌یە ، غەزا بکەن ، زیادەڕەوی مەکەن ، پەیمانشکێنی مەکەن ، مردوو مەشێوێنن ، منال مەکوژن ، ... (فەرمووده‌که).

ئەنجا فەرمانی دەدا بە ئاسانکاریی‌و دەیفەرموو: ئاسانکار بن قورسکار مەبن ، هێورکەرەوە بن ، ڕەتێنەر مەبن[1]. کە شەو بچوایەتە سەر هەرخێڵێك دەوەستا تا ڕۆژ دەبوەوە ئەنجا هێرشی بۆ دەبردن ، بەتوندی نەهی دەکرد لە (سوتاندن و ، کوشتنی بێچەك‌و کوشتنی ژنان و لێدانیان و تالآن کردن) ، تا فەرمووی: (ماڵی تالآنی حەڵاڵ تر نی‌یە لە گۆشتی مردوو) ، هەروەها نەهی دەکرد لە وێران کردنی مەزراو کێڵگەو ڕەزو بڕینی درەخت ، مەگەر لە زۆر پێویستیدا کە هیچ ڕێگەیەکی‌تر نەبێت. هەروەها لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا فەرمووی: مەدەن بەسەر بریندارەکانیاندا ، کەسێك ڕایکرد شوێنی مەکەون ، هیچ دیلێك مەکوژن ، سوننەتی واداهێنا کە نابێت فروستادەو نێرراوەکان بکوژرێن .. نەهی کرد لەکوشتنی هاوپەیمانەکان و فەرمووی: هەرکەسێك هاوپەیمانێك بکوژێت هەرگیز بۆنی بەهەشت ناکات ، لەکاتێکدا کە بۆنی بەهەشت تا چل ساڵ پێ دەڕوات.

ئەمانەو چەندین بنەمای گەورەی تر ، کەنێوەندی شەڕەکانی لە ئاسەوارە جاهیلیەکان پاك کردەوەو کردی بە جیهادێکی پیرۆز !

[1] / بڕوانە بۆ درێژی ئەم باسە (زاد المعاد) ٢/٦٤، ٦٥، ٦٦، ٦٧، ٦٨ ، هەروەها (الجهاد في الإسلام) نووسینی (أبو الأعلى المودودي) ل٢١٦ تا ٢٦٢

خەڵك بە كۆمەڵ دێنە ناو ئاینی خوداوە

هەروەكو وتمان غەزای فەتحی مەككە شەڕی یەكلاكەرەوە بوو ، بەتەواوی بت پەرستی لەناوبرد ، بەهۆی ئەو فەتحەوە ئیتر عەرەب حەقی لە ناحەق جیا كردەوە ، گومان و دڵەڕاوكێی نەما ، بەخێرایی هاتنە ناوئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە. (عمرو)ی كوڕی (سلمة) دەڵێت: لەسەر ئاوێك بووین شوێنی هاتوچۆی خەڵك بوو ، ئەسپ سوارەكان بەلاماندا تێدەپەڕین و پرسیارمان لێدەكردن: ئەوە خەڵكی چیانە؟ ئەو پیاوە كێیە؟ ـ واتە پێغەمبەر ﷺ ـ ئەوانیش دەیانوت: كابرایەكە دەڵێت من خودا ناردوومیو وەحی بۆ هێناوم. خودا ئەوی ناردووە . ئەم قسەیەم لە زەینی خۆمدا لەبەردەكرد ، هەروەكو لەسەر سنگم بخوێنرێتەوە ، عەرەب بە فەتح موسوڵمان بوون ، دەیانوت: وازی لێبهێنن بزانن خۆی و گەلەكەی چیدەكەن، ئەگەر سەركەوت بە سەریاندا ئەوە پێغەمبەرێكی راستگۆیە ، كە فەتحی مەككە كرا هەموویان هاتنو موسوڵمان بوون ، باوكم پێش خزمەكانم موسوڵمان بوو ، كە لەوێ هاتەوە وتی: وەڵڵاهی بەڕاستی لای پێغەمبەر بووم ﷺ ، فەرموی: نوێژەكانتان لەو كاتەو ئەوكاتەدا بكەن ، نوێژی فلاْن لەكاتی فلاْندا ، كە كاتی نوێژ هات با یەكێكتان بانگ بدات ، ئەوەتان كە زۆرترین قورئانی لەبەرە پێش بكەوێت.. – فەرموودەكە –.[1]

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی فەتحی مەككە چەندە كاریگەریی هەبووە لەسەر پێشخستنی بارودۆخەكە لە بەرژەوەندی موسوڵمانان و بەهێزكردنی ئیسلام و بواردان بە عەرەب بۆ دیاریكردنی هەڵوێستی خۆیانو ملكەچ كردنیان بۆ ئیسلام ، لەدوای جەنگی (تەبوك)یش ئەم خاڵە جەختی زیاتری لەسەر كرایەوە.. بۆیە دەبینین لەو دوو ساڵەدا وەفدەكان بەكۆمەڵ ڕوویان دەكردە مەدینەو خەڵك بەكۆمەڵ كۆمەڵ موسوڵمان دەبوون ، تاڕادەیەك سوپای ئیسلامیی لە غەزای فەتحدا (١٠) هەزار كەس بوو ، لە غەزای تەبوكدا گەیشتە (٣٠) هەزار كەس ، پێش ئەوەی ساڵێك بگوزەرێت بەسەر ئەو فەتحەدا ، پاشان دەبینین لە حەجی ماڵئاواییدا یەك عەشاماتی گەورەی بەئەندازەی دەریایەك خەڵك كە دەگەنە (١٠٠) هەزار یان (١٤٠) هەزار موسوڵمان لە دەوری كۆدەبنەوەو لەخزمەتیدا دەوەستن و تەلبیەو تەكبیرو تەسبیحات و حەمدی خوا دەكەن و هەموو دونیا بەجوڵەیان شەپۆل دەدات و ، دەنگو سەدایان دەگاتە ئاسۆگەكان .

---

[1] / صحيح البخاري ٢/٦١٥، ٦١٦

وەفدەکـــان

ژمارەی ئەو شاندانەی (سیرەت)ناسان باسی دەکەن لە حەفتا وەفد تێ دەپەڕن ، ئێمەش ناتوانین بەدرێژی باسیان لێوە بکەین ، درێژەپێدانیشی سوودێکی ئەوتۆی نی‌یە ، بەڵام بەسەرجەمی ئەوەی پێویستەو گرنگیەکی مێژوویی هەیە باسی دەکەین ، بۆ ئەوەی لە زەینی خوێنەراندا ئەو ڕاستیە تۆمار بکەین ، دەبێت بڵێین کە بەشی زۆری وەفدەکان لە دوای فەتحدا هاتوونەتە مەدینە ، بەڵام چەندین تیرەی تریش هەیە پێش فەتح هاتوون لەوانە:

١. وەفدی (عبدالقیس) ـ ئەم تیرەیە دوو وەفدی هەبوو: یەکەمیان ساڵی پێنجەمی کۆچی یان پێشتر ، پیاوێکیان تێدابوو ناوی (منقذ)ی کوڕی (حیّان) بوو ، بۆ بازرگانی دەهاتە مەدینە ، دوای گەیشتنی پێغەمبەر ﷺ چوو بۆ مەدینە، ئیسلامی ناسی‌و موسوڵمان بوو، نووسراوێکی پێغەمبەری برد بۆ خزم‌و خێڵەکەی ئەوانیش موسوڵمان بوون ، لە مانگی حەرامدا بەسیانزە یان چواردە پیاوەوە هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ ، لەو سەردانەدا پرسیاریان لەبارەی ئیمان‌و خواردنەوەکانەوە کرد . گەورەکەیان (أشجعی عصری) بوو کە پێغەمبەر ﷺ لە بارەیەوە فەرمووی: (ئەی (أشجع) بەڕاستی تۆ دوو خەسڵەتی جوانت تێدایە بەئارام‌و لەسەرخۆیت). شاندی دووەمیشیان لەساڵی وەفدەکاندا بوو، ژمارەیان لەو کاتەدا چل پیاو بوو، (جارود)ی کوڕی (علاء)ی (عبیدی) یان تێدابوو ، پیاوێکی نەسرانی بوو موسوڵمان بوو موسوڵمانێکی باشی لێدەرچوو.[1]

٢. وەفدی (دوس) ـ هاتنی ئەم وەفدە لە سەرەتای ساڵی حەوتەمی کۆچیدا بوو ، ئەوکاتە پێغەمبەر ﷺ لە خەیبەر بوو ، پێشتریش باسی موسوڵمان بوونی (طفیل) ی کوڕی (عمرو)ی (دوسی)مان کرد کە هێشتا پێغەمبەر ﷺ لە مەککەدا بوو ئەم پیاوە چووە خزمەتی و موسوڵمان بوو، پاشان گەڕایەوە بۆ ناو کەس‌و کاری‌و بانگی دەکردن بۆ موسڵمان بوون ئەوانیش دەستی دەستیان پێدەکردن ، تا لێیان نائومێد بوو ، گەڕایەوە بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ و داوای لێکرد نزا بکات لە (دوسی)یەکان ، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: (خوایە هیدایەتی دوسیەکان بدەیت) ، پاشان ئەوانە هەموویان موسوڵمان بوون ، ئەنجا (طفیل) لەگەڵ هەشتا کەسی بنەماڵەی خێڵەکەیدا ، لە سەرەتای ساڵی حەوتەمی کۆچیدا هاتنە مەدینەو چوونە خزمەت پێغەمبەر ﷺ لە خەیبەر.

---

[1] / شرح صحیح مسلم . نووسینی النووی ١/٣٢، فتح الباری ٨/٨٥ ، ٨٦.

٣. **فروستادەی (فروە)ی کوڕی (عمرو)ی (جزامی)** ، ئەم پیاوە سەرکردەیەکی عەرەبی سەر بە ڕۆمەکان بوو ، سەرکاری ئەوان بوو بەسەر هەندێك خێڵی عەرەبەوە ، مەنزڵگای لە (معان)و ناوچەکانی دەوروبەری بوو لەخاکی شامدا ، پاش ئەوەی ئازایەتیی و نەبەردیی و ڕاستگۆیی موسوڵمانەکانی بینی لە جەنگی (مؤتة)دا ، ساڵی (٨)ی کۆچی موسوڵمان بوو ، کە موسوڵمانیش بوو نێرراوێکی خۆی نارده خزمەت پێغەمبەر ﷺ بۆ هەواڵی موسوڵمانبونەکەی و لەگەڵیدا بە دیاری هێسترێکی سپی بۆ نارد ، کە ڕۆمەکان زانیان موسوڵمان بووە گرتیان و بەندیان کرد ، پاشان بڕیاری هەڵگەڕانەوە یان مردنیان دایە دەستی ، بڕیاری دا بمرێت و پەشیمان نەبێتەوە ، بۆیە لە (فلسطین)دا لەسەر ئاوێك پێی دەڵێن (عفراء) لە خاچیانداو سەریان پەڕاند.[1]

٤. **وەفدی (صداء)** - ئەم وەفدە دوای گەڕانەوەی پێغەمبەر ﷺ لە (جعفرانة) هاتنە خزمەتی لەساڵی (٨)ی کۆچیدا ، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ سریەیەکی چوار سەد کەسی بۆ ناردن و ، فەرمانی پێدان بچنە شوێنێکەوە لە (یەمەن) ناوی (صداء)ە ، لەکاتێکدا کە ئەو سریەیە ئۆردوی دامەزراند بوو لە سەرەدەمی (قناة)دا ، (زیاد)ی کوڕی (حارث)ی (صدائی) خێرا خۆی گەیاندە لای پێغەمبەر ﷺ و عەرزی کرد: من نوێنەری هەموو خێڵەکەمم ، ئەو سوپایە بگێڕەوە من خێڵەکەم دەهێنمەوە خزمەتت. پێغەمبەریش ﷺ سوپاکەی لە (قناة) گێڕایەوە. کابرای (صدائي)یش چوو هانی خێڵەکەیدا کە بچنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ ، پانزە پیاویان چوونە خزمەتیی و بەیعەتی ئیسلامەتیان پێدا ، پاشان گەڕانەوە بۆناو خێڵەکەیان و بانگیان کردن بۆ ئایینی ئیسلام و ئیسلامەتیان تێدا بڵاوبووەوە. لە حەجیماڵئاواییشدا سەد پیاویان هاتنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ.

٥. **هاتنەوەی (کعب)ی کوڕی (زهیر)ی کوڕی (أبی سلمی)** - کە یەکێك بوو لە بنەماڵەی شاعیران و هۆنەرترین کەسی عەرەب بوو ، هەجوی پێغەمبەری دەکرد ﷺ ، کە پێغەمبەر ﷺ لە غەزای (طائف) گەڕایەوە ساڵی (٨)ی کۆچیدا ، (بجیر)ی برای نامەیەکی نووسی بۆ (کعب)و تیایدا وتبوی: پێغەمبەر ﷺ هەندێك پیاوی کوشتوە لەو کەسانەی هەجویان کردووەو ئازاریانداوە ، ئەو شاعیرانەی تریش

[1] زاد المعاد ٣/٤٥ ، تفهيم القرآن ٢/١٦٩

که ماون بەچوارلادا ڕایانکردووە ، ئەگەر لەدڵتدا شتێك هەیە بگەڕێرەوە بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ ، چونکە هەر کەسێك بەپەشیمانی بگەڕێتەوە پێغەمبەر ﷺ نایکوژێت ، وەگەرنا بڕۆ سەری خۆت هەڵبگرە . دوای ئەوەش چەندین جار نامەیان بۆ یەکتری نوسی تاوای لێهات (کعب) دونیای لەبەر چاودا تەنگ بوەوە ، بەزەیی بەخۆیدا هاتەوە ، گەڕایەوە بۆ مەدینە ، لای کابرایەکی خەڵکی (جهنیة) دابەزی ، نوێژی بەیانی کرد لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ ، کە نوێژ تەواوبوو، کابرای (جهنی) ئیشارەتی دایەو وتی: هەستە بڕۆ بۆ خزمەتی ، (کعب) هەستاو لەبەردەمی پێغەمبەردا ﷺ دانیشت ، دەستی خستە ناودەستی پێغەمبەری خوا ﷺ نەیدەناسی ، وتی: پێغەمبەری خوا ﷺ (کعب)ی کوڕی (زهیر)ە هاتۆتە خزمەتت تا بەپەشیمانیو موسوڵمانەتی پەنای بدەیت ، ئەگەر بێتە خزمەتت ئەو پەشیمانیەی لێ قبوڵ دەکەیت ؟ فەرمووی: بەڵێ. وتی: من (کعب)ی کوڕی (زهیر)م. کابرایەکی ئەنساری ئامبازی بوو تا مۆڵەت لە پێغەمبەر ﷺ وەربگرێت و بیکوژێت ، فەرمووی: وازی لێبهێنە ، ئەوە بە پەشیمانی هاتوەو وازی لە هەموو ئەو قسانەی پێشوو هێناوە.

ئیتر لەوێدا (کعب) هۆنراوە بەناوبانگەکەی خوێندەوە کە سەرەتاکەی دەڵێت:

بانَتْ سعادُ فقلبي اليومَ متبولُ ... مُتَيَّمٌ إثْرَها ، لم يُفْدَ ، مكبولُ

لەهۆنراوەکەیدا پۆزشو عوزرخواهی دەهێنێتەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ و مەدحی دەکاتو دەڵێت:

نُبِّئتُ أنَّ رسولَ اللهِ أوعـــدَنــيْ ... والعفوُ عِنْدَ رَسول اللهِ مَأمولُ
مهلاً هداك الذي أعْطاك نافلة الـــ ... قرآن فيها مَواعيظٌ وتفصيلُ
لا تأخُذَنّ بأقوالِ الوُشاة ولـــم ... أُذْنِبْ ، ولوكَثُرَتْ فيَّ الأقاويلُ
لَقَـــدْ أقـــومُ مقاماً لو يقومُ به ... أرى وأسمعُ ما لو يسمع الفيلُ
لظلَّ يُرْعدُ ، إلاّ أن يكون لـــهُ ... منَ الرسولِ بـــإذنِ الله تنويلُ
حتى وضَعْتُ يميـــني ما أنازعـــه ... في كَفِّ ذي نقماتٍ قيلُه القيلُ
فلهو أخوفُ عندي إذْ أكلّمـــه ... وقيلَ: إنَّكَ منسوبٌ و مسؤولُ
من ضَيْغَمٍ بِضَراءِ الأرضِ مخدَرهُ ... في بطنِ عثَّرَ غيلٌ دونَهُ غيـــلُ
إنَّ الرسولَ لنورٌ يُسْتضـــاءُ به ... مهنَّدٌ منْ سيوفِ اللهِ مسلـــولُ

پاشان کەوتە پیاهەڵدانی کۆچەرانی قورەیش ، چونکە لەکاتی هاتنیدا ئەمان هیچیان نەوت بەرامبەری ، لە میانەی پیاهەڵدانی کۆچەرەکانیشدا ئاماژە دەکات بۆ ئەنسارییەکان و هەڵوێستی ئەوەیان کەداوای مۆڵەتی کرد بۆ کوشتنی و ، وتی:

يَمشونَ مَشيَ الجمالِ الزُّهْرِ يعصمُهُم ضربٌ إذا عَرَّدَ السودُ التنابيلُ

کە موسڵمان بوو موسوڵمانێکی باشی لێ دەرچوو لە قەسیدەیەکی خۆیدا هەڵیدا بە ئەنسارەکانداو، دەرکی بەو کەم لوتفیەی خۆی کردبوو ، کە لەبارەیانەوە لێی دەرچوو بوو ، لە قەسیدەکەدا دەڵێت:

مَنْ سَرَّهُ كرمُ الحياة فلا يـزلْ في مقنب من صالحي الأنصارِ

ورثوا المكارم كابراً عن كابرٍ إن الخيـارَ هم بنـو الأخيارِ

٦. وەفدی (غدرە) ـ لە مانگی (صفر)ی ساڵی (٩)ی کۆچیدا هاتن ، دوانزە پیاو بوون (حمزە)ی کوڕی (نعمان) یشیان تێدا بوو ، کاتێك کە پرسیاریان لێکرا ئێوە کێن ، قسەکەرەکەیان وتی: ئێمە خێڵی (بنو غدرة)ین ، برای (قصی) ین لەسەری دایکیەوە ، ئێمە ئەو کەسانەین کەپشتی (قصی)مان گرتو لەناو مەککەدا (خزاعة)و (بنی بکر)مان دەرکرد ، خزمایەتیمان هەیە. پێغەمبەری خوا ﷺ پێشوازی لێکردن‌و مژدەی ڕزگارکردنی شامی پێدان‌و، نەهی لێکردن داوای کەهانەت بکەن‌و ئەو قوربانیانە بکەنەوە کە لەسەردەمی جاهیلیدا دەیانکرد. هەموویان موسوڵمان بوون‌و ماوەیك مانەوەو پاشان گەڕانەوە.

٧. وەفدی (بلی) ـ لە مانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی (٩) کۆچیدا بوو ، هاتنە مەدینەو موسوڵمان بوون‌و سێ ڕۆژ مانەوە ، (أبو الضبیب)ی سەرکردەیان پرسیاری کرد ، ئایا میوانداری کردن پاداشتی تێدایە؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بەڵێ ، هەروەها چاکەیەك بکەیت لەگەڵ هەژارێك یان دەوڵەمەندێك سەدەقەیە. لەبارەی کاتی میوانداریشەوە پرسیاری کرد ، فەرمووی: میوانداری سێ ڕۆژە. پرسیاری لەبارەی مەڕومالاتی وێڵەوە کرد. فەرمووی: یان بۆ تۆیە یان بۆ براکەت یان بۆ گورگ. لەبارەی وشتری وێڵیشەوە پرسیاری کرد. فەرمووی چیتە بەسەر وشترەوە؟ وازی لێبهێنە تا خاوەنەکەی دەیدۆزێتەوە.

٨. وەفدی (ثقیف) ـ هاتنیان لەمانگی ڕەمەزانی ساڵی (٩)ی کۆچیدا بوو، پاش گەڕانەوەی پێغەمبەر بوو ﷺ لە جەنگی (تبوك) . بەسەرهاتی موسوڵمان

بوونەکەشیان بەم شێوەیە بووە: (عروة)ی کوڕی (مسعود)ی (ثقفي) سەرۆکیان پاش گەڕانەوەی پێغەمبەر ﷺ لە غەزای (طائف) لە مانگی (ذي القعدة)ی ساڵی (٨)ی کۆچیدا هاتە خزمەتی پێش ئەوەی بگاتە مەدینە ، (عروة) موسوڵمان بوو ، گەڕایەوە بۆلای کەسوکاری ، بانگی کردن بۆ ئیسلامەتی ، وایدەزانی گوێڕایەڵی دەبن ، چونکە پیاوماقوڵێکی قسە بیسراوبوو لەناویاندا ، لە ڕۆڵەکانیان خۆشەویستتر بوو لەدڵیاندا ، کەچی کەبانگی کردن بۆ ئیسلام، لە هەمووڵایەکەوە تیربارانیان کرد تا شەهیدبوو. پاش کوشتنی بەمانگێك مانەوە ، دوایی کۆبونەوەیەکیان کرد لەناو خۆیاندا ، بینیان کە تواناو وزەی ئەوەیان نیە شەڕ بکەن لەگەڵ هەموو عەرەبدا ـ بەتایبەتی ئەوانەی کە بەیعەتیان داوەو موسوڵمان بوون ـ بڕیاریاندا پیاوێك بنێرن بۆ لای پێغەمبەر ﷺ ، بۆ ئەو مەبەستە قسەیان کرد لەگەڵ (عبد یالیل)ی کوڕی (عمرو)دا ، پێیان وت کە ئەو بچێت ، وتی: من ناچم. چونکە دەترسا ئەگەر گەڕایەوە چیان کرد بە (عروة) بەمیشی بکەن ، وتی: شتی واناکەم تاچەند پیاوێکم لەگەڵدا نەنێرن ، دوو پیاویان لە (أحلاف)و سیانیش لە (بني مالك) لەگەڵدا نارد ، بوون بە شەش کەس‌و (عثمان)ی کوڕی (أبي العاص)ی (ثقفي)یان لەگەڵدا بوو ، لە هەموویان گەنجتر بوو.

کە گەیشتنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ کەپرێکی بۆ دروست کردن لەلایەکی مزگەوتەکەوە تا کەمێك گوێیان لە قورئان خوێندن بێت‌و چاویان لەخەڵکی بێت کە نوێژ دەکەن ، مانەوەو گفتوگۆیان بوو لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ ، جیاوازیان بوو لەگەڵیدا ئەویش بانگی دەکردن بۆ ئیسلام ، تا سەرۆکەکەیان داوای کرد لە پێغەمبەر ﷺ کە نوسراوێکیان بۆ بنوسێت بۆ سوڵحی نێوان خۆی و (ثقیف). لەسەرئەوەی مۆڵەتیان بداتێ زینا بکەن و مەی بخۆنەوەو ریبا بخۆن‌و پەیکەرەکەی (لات)یان بۆ بهێڵێتەوەو نەیشکێنێت ، نوێژیان لەسەر لابات ، بەدەستی خۆیان بتەکانیان نەشکێنن. پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ یەکێك لەو داوایانەی قەبوڵ نەکرد. چوونەوە کەوتنەوە راوێژکردن بەیەکتر ، جگە لە ملکەچ بوون بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ چارەیەکی تریان نەبوو ، ملیانداو موسوڵمان بوون ، مەرجیان دانا کە پێغەمبەر ﷺ بۆ خۆی پەیکەری (لات) بشکێنێت و (ثقیف) خۆیان ئەوکارە نەکەن. پێغەمبەر ﷺ ئەوەی لێ وەرگرتن ، نووسراوێکی بۆ نووسین ، (عثمان)ی کوڕی (أبي العاص)ی (ثقفي) کرد بەسەرۆکیان ، چونکە لە هەموویان زیاتر

هەوڵی فێربوون لە ئیسلامو ئایینداریی‌و قورئانی دەداو، هەموو جارێك وەفدەكە ، كە بەیانیان دەهاتنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ (عثمان)یان لەلای كەلوپەل‌و كاروانەكە بەجێ دەهێشت ، كە دەگەڕانەوە لە نیوەڕۆدا (عثمان)ی كوڕی (ابی العاص) دەچووە خزمەت پێغەمبەر ﷺ ، فێری قورئان دەبوو، پرسیاری لەسەر ئایین لێ دەكرد ، ئەگەر بیزانیایە پێغەمبەر ﷺ تەشریفی نووستوە ، دەچووە خزمەت (ابوبكر) بۆ هەمان مەبەست . (ئەم پیاوە (عثمان)ی كوڕی (ابی العاص) لە ڕۆژگارەكانی هەڵگەڕانەوەی عەرەبە دەشتەكیەكاندا زۆر بەبەرەكەت بوو ، كە خێڵی (ثقیف) ویستی هەڵگەڕێنەوە لە ئیسلام پێی وتن: ئەی خێڵی (ثقیف) ئێوە دواین كەس بوون كە موسوڵمان بوون ، تكاتان لێدەكەم یەكەم كەس مەبن بۆ هەڵگەڕانەوە لە ئایین . ئەم قسانە كاری تێكردن و هەڵنەگەڕانەوەو ، لەسەر ئیسلامەتی خۆیان مانەوە).

وەفدەكە گەڕایەوە بۆلای خێڵەكەیان و ڕاستی مەسەلەكەیان ڕانەگەیاند ، بە شەڕی هات‌و نەهات زەندەقیان بردن ، خەم‌و پەژارەیان نیشاندا ، وتیان پێغەمبەر ﷺ داوای لێ كردوین واز لە زیناو مەی خواردنەوەو ریباو چەندین شتی تر بهێنین وەگەرنا شەڕیان لەگەڵدا دەكات ، غیرەتی جاهیلیان تێدا زیندوو بوەوە ، چەند ڕۆژێك مانەوە بە تەمای شەڕ بوون ، پاشان ترس كەوتە دڵیانەوە ، وتیان بە وەفدەكە: بڕۆنەوە بۆلای موحەممەد چی دەوێت بۆی بكەن ، ئیدی وەفدەكە ڕاستی مەسەلەكەیان تێگەیاندن و پێیان وتن ، كە لەسەرچی ڕێكەوتوون لەگەڵیداو خێڵی (ثقیف)یش موسوڵمان بوو.

پێغەمبەریش ﷺ چەند پیاوێكی نارد بۆ شكاندنی پەیكەری (لات)و (خالد)ی كرد بە فەرماندەیان ، (مغیرة)ی كوڕی (شعبة) تەورێكی گرت بەدەستیەوەو وتی: بە هاوەڵەكانی: وەڵڵاهی ئەمڕۆ دەتانخەمە پێكەنین بەدەست (ثقیف)ە وە ، بە تەورەكە دای لە پەیكەرەكە ، ئەنجا خۆی خستە خوارەوەو وەك شێت ڕای كرد ـ گوایە بتەكە دەستی لێوەشاندوە ـ هەموو خەڵكی (طائف) ورووژان‌و وتیان: خوا (مغیرة) بكوژێت ، ئەرێ وەڵڵا دەستی لێوەشاندو كوشتی . ئەنجا (مغیرة) بازێكی‌داو قنج هەستایەوەو كەوتە لاقرتێ پێكردنیان‌و وتی: خوا لەناوتان بەرێت ، ئەمە جگە لە قوڕو بەرد هیچی تر نیە ، ئەنجا دای لەدەرگای ژووری پەیكەرەكەو شكاندی ، چووە سەر دیوارەكەی ، پیاوەكانی تریش لەگەڵیدا سەركەوتن‌و پەیكەرەكەو دارو دیواری بتخانەكەیان لەگەڵ زەویەكەدا تەخت كرد ، بەردی بناغەكەشیان لەبن دەرهێناو هەرچی خشڵ‌و زێڕو زیوو كاڵا هەیە هێنایانە

دەرەوە ، (ثقیف)یەکان ئەبڵەق بوو بوون. (خالد)و مەفرەزەکەی گەڕانەوە بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ بە خشڵ و زێڕو زیوی بتخانەکەوە ، هەر ئەو ڕۆژە دابەشی کرد ، سوپاسی خوای کرد لە سەرخستنی پێغەمبەرەکەی و سەرخستنی ئایینەکەی.[1]

٩. **نامەکانی پادشاکانی یەمەن** - پاش گەڕانەوەی پێغەمبەر ﷺ لە تەبوك نامە هەڵگری پادشاکانی (حمیر) گەیشتن ، بریتی بوون لە (حارث)ی کوڕی (هلال)و (نعیم)ی کوڕی (عبد الكلال)و (نعمان)ی کوڕی (ذی رعین) و (همدان)و (معافر)و فروستادەکەی ئەوان بۆ لای پێغەمبەر ﷺ کە بریتی بوو لە (مالك)ی کوڕی (مرة)ی (رهاوی) ، بە موسوڵمانی و وازهێنان لە کوفرەوە ناردبوونیان ، پێغەمبەریش ﷺ نامەیەکی بۆ نووسین تیایدا مافو ئەرکی ئیمانداارانی ڕوون کردبووەوە، بەڵێنی پاراستنی دابوو بەهاوپەیمانان ئەگەر جزیە بدەن ، چەند پیاوێکی هاوەڵی خۆیشی بۆ ناردن کە (معاذ)ی کوڕی (جبل) میریان بوو.

١٠. **وەفدی (همدان)** - ساڵی (٩)ی کۆچی هاتن پاشگەڕانەوە ﷺ لە تەبوك ، نامەیەکی بۆ نووسین بە ڕوونی ماف و ئەرکەکانی بۆ ڕوون کردنەوە ، (مالك)ی کوڕی (نمط)ی کردە سەرۆکیانو کردی بەسەروکاری هەموو ئەوانەی موسوڵمان بوون ، بۆ ئەوانی تریش (خالد)ی کوڕی (ولید)ی نارد تابانگیان بکات بۆ ئایینی ئیسلام ، شەش مانگ لەناویاندا مایەوەو بانگی کردن وەڵامیان نەدایەوە ، پاشان (علی) کوڕی (أبو طالب)ی نارد ، فەرمانی پێدا کە (خالد)ی بۆ بنێرێتەوە ، (علی) چوو بۆ لای (همدان) ، نووسراوێکی پێغەمبەری خوا ﷺ ی بۆ خوێندنەوە ، بانگی کردن بۆ ئایینی ئیسلام هەموویان موسوڵمان بوون ، (علی) نامەیەکی مژدە ئامێزی نووسی لەبارەی موسوڵمان بوونی (همدان)ەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ ، کە خوێندیەوە سوجدەی برد بۆ خوداو فەرمووی: سڵاو لە (همدان) ، سڵاو لە (همدان).

١١. **وەفدی (بنی فزاره)** - ئەم وەفدە دوای ساڵی (٩)ی کۆچیو پاشگەڕانەوەی پێغەمبەر بوو ﷺ لە تەبوك ، چەند کەسێك بوون هاتن شایەتومانیان هێناو موسوڵمان بوون ، سکاڵای وشکیی و بێ ئاوی وڵاتەکەیان کرد ، پێغەمبەری خوا ﷺ چووە سەر مینبەر ، هەردوو دەستی بەرزکردەوەو دوعای باران بارینی

[1] زاد المعاد ٣/٢٦، ٢٧، ٢٨ . ابن هشام ٣ ٥٣٧ تا ٥٤٢

خوێندو فەرمووی: خوایە وڵاتو خاکی خۆت ئاوبدە ، ڕەحمەتی خۆت ببارێنە، خاکی مردووەکە ببوژێنەرەوە ، خوایەگیان بەباران فریامانکەوە ، ڕزگارکەر بێت ، حەوێنەر بێت ، سەوزایی بهێنێت ، دەم دەمی بێت ، بەر فراوان بێت ، بەپەلە بێت ، دوانەکەوێت ، سوودبەخش بێت و زیان نەدات ، خوایە داوای ئاوی ڕەحمەتت لێ دەکەین ، نەك ئاوی سزاو وێران کردن و نغرۆ کردن و لەناو بردن ، خوایە بارانمان دەوێت ، سەرمان بخەیت بەسەر دوژمناندا.[1]

١٢. وەفدی (نجران) ـ نەجران ناوچەیەکی بەرفراوانەو بەلای ڕاستدا حەوت قۆناغ لەمەککەوە دوورە ، حەفتاوسێ گوندی تێدایە ، بۆ ئەسپ سوارێکی خێرا ماوەکەی یەك ڕۆژە ڕێیە[2]. سەدهەزار چەکداری هەبوو لەسەر ئاییني گاور بوون.

هاتنی وەفدی (نجران) لەساڵی (٩)ی کۆچیدا بوو ، وەفدەکە لە شەست پیاو پێکهاتبوو ، بیستو چواریان پیاو ماقوڵ بوون ، سیانیان سەرکردایەتی خەڵکی نەجرانیان لەئەستۆدا بوو ، یەکێکیان (عاقب) بوو ، میرنشینایەتی و حکومەتداری بەدەستەوە بوو ناوی (عبد المسیح) بوو ، دووەمیان (سید) بوو، مەسەلە فەرهەنگیو سیاسیەکانی لە ئەستۆدا بوو ناوی (أیهم) یان (شرحبیل) بوو ، سێیەمیان (أسقف) بوو سەرۆکایەتی کاروباری ئایینیو ڕۆحانی بە دەستەوە بوو، ناوی (أبو حارثة)ی کوڕی (علقمة) بوو.

کە وەفدەکە لە مەدینە دابەزین ، گەیشت بەپێغەمبەرﷺ ، پرسیاری لێ کرد ، پێغەمبەریش ﷺ پرسیاری لەوان کرد ، پاشان بانگی کردن بۆ ئاییني ئیسلام ، قورئانی بەسەردا خوێندنەوە ملیان نەدا ، پرسیاریان لێکرد کە لەبارەی (عیسی)وە چی دەڵێت؟ ئەو ڕۆژە پێغەمبەر ﷺ وەلامی نەدانەوە تا ئایەت هاتە خوارەوە ﴿ إِنَّ مَثَلَ عِيسَى عِنْدَ اللَّهِ كَمَثَلِ آدَمَ خَلَقَهُ مِنْ تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُ كُنْ فَيَكُونُ ، الْحَقُّ مِنْ رَبِّكَ فَلَا تَكُنْ مِنَ الْمُمْتَرِينَ ، فَمَنْ حَاجَّكَ فِيهِ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَكَ مِنَ الْعِلْمِ فَقُلْ تَعَالَوْا نَدْعُ أَبْنَاءَنَا وَأَبْنَاءَكُمْ وَنِسَاءَنَا وَنِسَاءَكُمْ وَأَنْفُسَنَا وَأَنْفُسَكُمْ ثُمَّ نَبْتَهِلْ فَنَجْعَلْ لَعْنَةَ اللَّهِ عَلَى الْكَاذِبِينَ ﴾ آل عمران ٥٩.

کە ڕۆژ بووەوە پێغەمبەر ﷺ باسی عیسای بۆ کردن لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ئایەتە پیرۆزانەداو، ئەو ڕۆژە وازی لێ هێنان بۆ ئەوەی بیر لە مەسەلەکە بکەنەوە ، دانیان نەنا بەوەدا کە لەبارەی عیساوە فەرمووی. بۆ سبەینێ کە ڕۆژ بووەوە پاش ئەوەی ئەو

---

[1] / زاد المعاد ٣/٤٨
[2] فتح الباری ٨/٩٤

قسانەیان لەبارەی عیساوە ڕەتکردەوە ، باوەڕیان نەهێنا بەئایینی ئیسلامیش ، ئەنجا پێغەمبەر ﷺ بانگی کردن بۆ (مباهلة) و (حسن) و (حسین)ی خستە ئامێزی خۆیی و (فاطمة)ش لەپشتیەوە بوو ، کە بینیان پێغەمبەر ﷺ مەسەلەکەی بەهەند وەرگرتووە ، بۆ خۆیان پێکەوە کۆبوونەوەو ڕاوێژیان کرد ، (عاقب) و (سید) کە بە یەکتریان وت: شتی وانەکەن سوێند بێت ئەگەر پێغەمبەر بێت و نەفرەتکاری بکەین سەرناکەوین و تارۆژی دوایی ئەو نەفرەتە بەر نەوەکانیشمان دەکەوێت ، پاشان ڕایان هاتە سەر ناوبژیوانی کردنی پێغەمبەر ﷺ لە کارەکەیاندا ، هاتنەوەو وتیان: ئێمە ئەوەت دەدەینێ کە داوات کردووە ، پێغەمبەر ﷺ جزیەی لێ قەبوڵ کردن ، سوڵحی لەگەڵدا کردن لەسەر دوو هەزار پارچە چەك ، هەزاریان لە ڕەجەبدا ، هەزاریشیان لە (صفر)دا ، لەگەڵ هەر پارچە چەکێکدا یەك هۆقەو، لەسەر ئەوانە ئەستۆباریی خوداو پێغەمبەرەکەی پێدانو، بەتەواوی‌و ئازادانە لەسەر ئایینەکەی خۆیان ئازادی کردن ، لەوبارەیەشەوە نامەیەکی بۆ نووسین ، داوایان لێ کردن پیاوێکی دەستپاکیان لەگەڵدا بنێرێت ، ئەویش ئەمینداری ئوممەتی لەگەڵدا ناردن کە (أبو عبیدە)ی کوڕی (جراح)ە ، بۆ وەرگرتنی پارەی سوڵحەکە.

پاشان وردە وردە ئیسلامەتیان تێدا بڵاوبوەوە ، دەڵێن: کە (سید) و (عاقب) پاش ئەوەی گەڕاونەتەوە بۆ (نجران) موسوڵمان بوون ، پێغەمبەریش ﷺ (علی) بۆ ناردون ، بۆ ئەوەی سەدەقەو خێرەکانیان بهێنێت ، دیاریشە کە سەدەقەو خێر تەنها لە موسوڵمانان وەردەگیرێت.[1]

١٣. وەفدی (بنی حنیفه) ـ لەساڵی (٩)ی کۆچیدا ، حەڤدە کەس بوون (مسیلمة)ی درۆزنیشیان لەگەڵدا بوو ـ (مسیلمة)[2] ناوی (مسیلمة)ی کوڕی (ثمامة)ی کوڕی (کبیر)ی کوڕی (حبش)ی کوڕی (حارثی) کوڕی (بني حنیفة)یە ـ ، ئەم وەفدە لە ماڵێکی ئەنساری دابەزین ، پاشان هاتنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و موسوڵمان بوون ، ڕیوایەتەکان لەبارەی (مسیلمة)ی درۆزنەوە جیاوازن. پاش تێڕامان لە هەموویان ، وادەردەکەوێت کە (مسیلمة) ئەو ملهوڕی و گوێ پێنەدانەی لێی دەرکەوتووە هۆیەکەی کورسی و دەسەڵات بوەو، لەگەڵ وەفدەکانی تردا نەهاتووە بۆلای پێغەمبەر ﷺ ، پێغەمبەریش ﷺ هەوڵی داوە لەسەرەتاوە بە

---

[1] / فتح الباری ٨/ ٩٤، ٩٥ ، زاد المعاد ٣/ ٣٨، ٣٩، ٤٠، ٤١ ، ڕیوایەتەکانیش لەبارەی وەفدی نەجرانەوە بەیەکدا چوون ، تا ئەوەی هەندێ لێکۆڵەر پێیان وایە هاتنی وەفدی نەجران دووجار بووە ئێمەش چیمان بە پەسەند زانیوە ئەو ڕایەمان داناوە.

[2] / فتح الباری ٨/٨٧

نەرمو نیانی و بەگوفتارو کردار ڕایکێشێت کەزانی هیچ سوودێکی نیەو بێ خێرەو چاوەڕوانی کرد گۆبەنێکی لێ بکەوێتەوە.

پێشتریش پێغەمبەر ﷺ لەخەودا نیشانی درابوو، کە خەزێنەکانی دونیای دراوەتێ ، دووبازنەی ئاڵتونی دەکەوێتە بەردەست ، بەدەستی گەورەبوون، نیگای بۆهات فوویان پێدا بکات ، فووی پێداکردن، نەمان ، والێکی دایەوە کە دوو کەسی درۆزن لەدوای خۆی دەردەکەون، کەئەو هەڵوێستە ناشیرینە لە (مسیلمة) دەرکەوت ، دەیوت: ئەگەر موحەممەد دەسەلاتو پایەی خۆی بدا بەمن دوای خۆی شوێنی دەکەوم. پێغەمبەر ﷺ پارچە پێستەیەکی گرت بەدەستیەوەو ڕۆشت بۆلای (مسیلمة) لەگەڵ وتار بێژەکەیدا کە ناوی (ثابت)ی کوڕی (قیس)ی (شماس) بوو ، ڕۆشت تا بینی لەناو هاوەڵەکانیدایە بەسەر سەریەوە وەستاو قسەی لەگەڵدا کرد. (مسیلمة) وتی: ئەگەر بتەوێت ئێمە ڕێگریت ناکەین ، بەمەرجێك ئەم کارە دوای خۆت بدەیتە دەستی ئێمە. فەرمووی: ئەگەر داوای ئەم پارچە پێستەیەشم لێبکەیت ناتدەمێ ، هەرگیز فەرمانی خوداش نادرێتە دەست تۆ ، ئەگەر پشت هەڵبکەیت خوا لەناوت دەبات، وەڵلاهی لەبەرچاوی من تۆ هەرئەوەیت کە بینیومیت، ئەمەش (ثابت)ە لەجیاتی من وەڵامت دەداتەوە ، پاشان تەشریفی ڕۆشت.[1]

لەدواییشدا ئەوەی پێغەمبەر ﷺ پێشبینی کردبوو هاتە دی ، کە (مسیلمە) گەڕایەوە بۆ یەمامە بیری لەخۆی دەکردەوە ، پڕوپاگەندەیەکی بلاوکردەوە ، گوایە هاوبەشی پێغەمبەرە ﷺ لە پێغەمبەرایەتیدا ، بۆیە بانگەشەی پێغەمبەرێتی کرد، دەستی کرد بەهۆنینەوەی قسەی سەروادار ، مەی خواردنەوەو زینای حەلاڵ کرد ، لەگەڵ ئەوەشدا شایەتی دەدا کە موحەممەد ﷺ پێغەمبەرە. خەڵکانی کەسوکاری کەوتنە ژێر کاریگەری قسەکانیو شوێنی کەوتن ، تا مەسەلەکە گەورە بوو ، وای لێ هات پێیان دەوت (ڕەحمانی یەمامە) لەبەر گەورەیی دەسەلاتی لەناویاندا. نامەیەکی نووسی بۆ پێغەمبەر ﷺ و تێیدا وتبووی: من کراوم بەهاوبەشی تۆ ، نیوەی کاری پێغەمبەرێتی بۆ منە ، قوڕەیشیش نیوەی دەبات. پێغەمبەریش ﷺ بەنامەیەك وەڵامی دایەوەو فەرمووی: ﴿ إِنَّ الأَرْضَ لِلَّهِ يُورِثُهَا مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ ﴾[2] واتە: زەمین موڵکی خودایە بەخواستی خۆی دەیدا بەو بەندەیەی خۆی دەیەوێت ، سەرکەوتنی دوارۆژیش بۆ لەخوا ترسەکانە.

---

[1] بروانە (صحيح البخاری)، (وفد بني حنيفة)، باب (قصة الأسود العنسي) ٢/٦٢٧، ٦٢٨ و فتح الباری ٨ ٨٧ تا ٩٣.
[2] / زاد المعاد ٣/ ٣١، ٣٢

له (إبن مسعود)ەوە ، دەڵێت: (إبن نواحة) و (إبن أثال) هەردوو پەیامنێری (مسیلمة) هاتن بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ ، پێی فەرموون: ئایا ئێوە شایەتی دەدەن کە من پێغەمبەری خودام؟ وتیان: شایەتی دەدەین کە (مسیلمە) پێغەمبەری خوایە. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: باوەڕم هێنا بەخوداو پێغەمبەرەکەی ، ئەگەر پەیامنێرم بکوشتایە ئێستا هەردووکتانم دەکوشت.[1]

لەساڵی (١٠)ی کۆچیدا بوو (مسیلمة) ، داوای پێغەمبەرێتی دەکرد ، لە جەنگی یەمامەدا لەسەر دەستی (ابوبکر الصدیق)دا کوژرا . لەمانگی رەبیعی یەکەمی ساڵی دوانزەی کۆچی ، وەحشی بکوژی (حمزة) کوشتی. پێغەمبەرە درۆزنەکەی دووەم بریتی بوو لە (الأسود العنسي) ، کە لە یەمەن دەرکەوت ، (فیروز) کوشتی ، سەری لەلاشەی کردەوەو پێش وەفاتی پێغەمبەر ﷺ بە شەوو ڕۆژێك ، وەحی بۆ هات و هەواڵەکەیدا بە هاوەڵان . پاشان هەواڵەکە هات بۆ (ابوبکر) لە یەمەنەوە.[2]

١٤. **وەفدی (عامر)ی کوڕی (صعصعە)** - دوژمنی خوا (عامر)ی کوڕی (طفیل)یان تێدا بوو لەگەڵ (أربد)ی کوڕی (قیس) - کە برای (لبید)ە لە دایکیەوە - هەروەها (خالد)ی کوڕی (جعفر)و (جبار)ی کوڕی (مسلم) ، ئەمانە ژیرمەندو فێڵبازی خێڵەکەیان بوون ، (عامر) ئەو کەسە بوو پەیمانشکێنی کرد لەگەڵ هاوەڵانی بیری (معونة)دا ، کە ئەو وەفدە ویستیان بێنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ ، (عامر) و (أربد) رێکەوتن لەسەر شەهید کردنی پێغەمبەر ﷺ . کە هاتن (عامر) قسەی کرد لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ. (اربد)یش لەپشتیەوە بوو. هەندەی بستێك شمشێرەکەی دەرکێشا ، وەستاو نەهاتە دەرەوە هەرچیەکی کرد شمشێرکەی بۆ دەرنەکێشرا ، خوا پێغەمبەرەکەی پاراست ﷺ ، پێغەمبەری خوا ﷺ نزای شەڕی لێکردن ، کە گەڕانەوە بەسواری وشترەکەیەوە هەورە بروسکەیەك لێیداو سوتاندی ، (عامر) یش بۆ داوێن پیسی لای ژنێکی (سلولي) لایدا ، تووشی غوودە بوو مرد ، لە سەرەمەرگدا هاواری دەکردو دەیوت: ئەی هاوار ، من چۆن دەبێت تووشی غوودەی وشتر ببم و لە ماڵی ژنە سەلولیەکیشدا بمرم.

لە (صحیح)ی بوخاریشدا هاتووە دەڵێت: (عامر) هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ وتی بە پێغەمبەر: سەرپشکت دەکەم لەم سێ شتەدا یەکێکیان هەڵبژێرە ، یان

[1] / ئیمامی ئەحمەد ریوایەتی کردووە، مشکاة المصابیح ٢/ ٣٢٧
[2] / فتح الباري ٩٣/٨

ئەوەیە ناوچەی (سهل) بۆ تۆو ناوچەی (مدر) بۆ من ، یان ببمە جێنشینی تۆ . یان ئەوەیە بە (غطفان)ەوە دێمە سەرت بە دووو هەزار وشتر سوارەوە . پاشان دەرچوو لەماڵی ژنێکدا درایەبەر خەنجەر . وتی: ئەی هاوار دەبێت من تووشی غودەی وشتر ببم و لەماڵی ژنێکی خێڵی فلاندا بمرم ، ئادەی ولاخەکەم بۆ بهێنن ، سوار بوو ، بەسەر ئەسپەکەیەوە مرد.

١٥. وەفدی (تجیب) ـ ئەم وەفدە بەسەدەقەی خێڵەکەیانەوە هاتبوون ، ئەو بەشەی کە لەپشکی هەژارانیش زیاتربوو، وەفدەکە سیانزە پیاو بوون ، پرسیاری قورئان و سوونەتەکانیان دەکردو داوایان دەکرد فێر بکرێن. چەند شتێکی تریان داواکرد لە پێغەمبەر ﷺ ، ئەویش بۆی نووسین ، زۆر نەمانەوە ، پێغەمبەر ﷺ مۆڵەتیدان بگەڕێنەوە ، غولامێکیان لای کاروانەکە بوو ناردیانە خزمەتی و وتی: وەڵلاهی من هیچ نازانم ئەوەندە نەبێت داوات لێ دەکەم کە نزام لای خوا بۆ بکەیت تا لێم خۆش ببێت و بەزەیی بێتەوە پێمداو دڵم دەوڵەمەند بکات ، پێغەمبەر ﷺ دوعای خێری بۆ کرد ، بە قەناعەتترین مرۆڤی لێ دەرچوو ، لەکاتی هەڵگەڕانەوەکەشدا دامەزراو بوو ، هانی کەس و کارەکەشی دەدا کە باوەڕ دامەزراو بن و هەڵنەگەڕێنەوە ، خەڵکی ئەم وەفدە لە ساڵی (١٠)ی کۆچیدا . جارێکی تر گەیشتنەوە بە خزمەت پێغەمبەر ﷺ لە حەجیماڵئاواییدا .

١٦. وەفدی (طيء) ـ کە ئەم وەفدە هات (زيد الخيل)یان لەگەڵدا بوو . کە قسەیان کرد لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ باسی ئیسلامی بۆ کردن موسوڵمان بوون و موسوڵمانیەتیەکەشیان باش دەرچوو ، پێغەمبەر ﷺ لە بارەی (زيد)ەوە فەرمووی: باسی چاکەی هیچ پیاوێکی عەرەبم لەلادا نەکراوە ئیلا کە بینیومە هەستم کردووە کەمترە لەوەی بیستوومە ، جگە لە (زيد) کە هەرچی لەبارەوە وتراوە کەمتر بووە لە (زيد) ، بۆیە ناوی نا (زيد الخير) ، زەیدی خێرو بەرەکەت.

١٧. بەو شێوەیە بەبەردەوامی وەفدەکان لەساڵی (٩) و (١٠)ی کۆچیدا دەهاتنە مەدینە ، (غەزا) نووسان و (سیرەت) ناسان لەو وەفدانەدا باسی وەفدی (يمن)یشیان کردووە لەگەڵ (ازد) و (بنی سعد هذيم)ی سەر بە (قضاعة) و (بني عامر)ی کوڕی (قيس) و (بنی أسد) و (بهراء) و (خولان) و (محارب) و (بني حارث)ی کوڕی (كعب) و (غامد) و (بنی المنتفق) و (سلامان) و (بنی عبس) و (مزينة) و (مراد) و (زبيد) و (كندة) و (ذي مرة) و (غسان) و (بنی عيش) و

(نخع) کە دوایەمین وەفد بوون ، لە ناوەڕاستی مانگی موحەڕەمی ساڵی (١١)ی کۆچیدا بە دووسەد پیاوەوە هاتن ـ هاتنی زۆربەی ئەو وەفدانە لەساڵی (٩) و (١٠)ی کۆچیدا بوو ، هەندێکی تریشیان تاساڵی (١١)ی کۆچیی دواکەوتن.

هاتنی هەموو ئەو وەفدانە بەڵگەیە لەسەر قەبوڵ کردنی بانگەوازی ئیسلامیی بەشێوەیەکی تەواو ، بالأدەست بوون بەسەر هەموو دورگەی عەرەبیو دەوروبەریدا ، عەرەب لە هەمووڵایەکەوە بەچاوی رێزەوە سەیری مەدینەیان دەکرد . بەشێوەیەك ناچاردەبوو ملی بۆ بداتو شوێنی بکەوێت ، مەدینە بوو بەپایتەختی دورگەی عەرەبو نەدەکرا پشتگوێ بخرێت ، بەڵام ناکرێت بڵێین کە ئاییندا‌ری بەتەواوی لەدەروونی هەموو ئەوانەدا چەسپاو بوو، چونکە چەندین عەرەبی دەشتەکی دڵڕەقو عەقڵ تەسکیان تێدابوو ، کە بەهۆی گەورەکانیانەوە موسوڵمان بووبوون ، دڵیان بەتەواوی دانەمەزرابوو هێشتا نەفس و حەزەکانیان بەلای هەڵکوتانە سەرو تاڵانیدا دەرۆیشتو فەرمایشتە مەزنەکانی ئیسلامیش هێشتا لە دڵەکانیان تەواو سەقامگیر نەبووبوو. قورئانی پیرۆزیش باسی هەندێکیان دەکات لە سورەتی تەوبەداو دەفەرموێت: ﴿ الأَعْرَابُ أَشَدُّ كُفْرًا وَنِفَاقًا وَأَجْدَرُ أَلاَّ يَعْلَمُوا حُدُودَ مَا أَنزَلَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ (٩٧) وَمِنْ الأَعْرَابِ مَنْ يَتَّخِذُ مَا يُنفِقُ مَغْرَمًا وَيَتَرَبَّصُ بِكُمْ الدَّوَائِرَ عَلَيْهِمْ دَائِرَةُ السَّوْءِ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴾ التوبة/٩٧، ٩٨. باسی هەندێکیشیان بەچاکە دەکاتو دەفەرموێت: ﴿ وَمِنْ الأَعْرَابِ مَنْ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَيَتَّخِذُ مَا يُنفِقُ قُرُبَاتٍ عِنْدَ اللَّهِ وَصَلَوَاتِ الرَّسُولِ أَلاَ إِنَّهَا قُرْبَةٌ لَهُمْ سَيُدْخِلُهُمْ اللَّهُ فِي رَحْمَتِهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ ﴾ التوبة ٩٩.

بەڵام شارنشینەکان لەخەڵکی مەککەو مەدینە و ثقیف و بەشێکی زۆری یەمەن و بەحرەین ، ئیسلامەتی لەناویاندا زۆر بەهێز بوو ، گەورە هاوەڵان و پیاو ماقوڵانی موسوڵمانان لەواندا هەڵکەوتن[1] .

---

[1] / وتەیەکی (خضري بگ) و لە (محاضرات تاريخ الأمم الإسلامية)دا هاتووە، ١٤٤/١
بۆ درێژەی باسی ئەو وەفدانە، بڕوانە (صحيح البخارى ٣١/١، ٦٢٦/٣، ٦٢٧، ٦٢٨، ٦٢٩، ٦٣٠) هەروەها (إبن هشام٢/ ٥٠١ ، ٥٠٢ ، ٥٠٣ ، ٥١٠ ، ٥١١ ، ٥١٢ ، ٥١٣ ، ٥١٤ ، ٥٢٧ ، ٥٢٨ ، ٥٣٩ ، ٥٤٠ ، ٥٤١ ، ٥٤٢ ، ٥٦٠ تا ٥٦١)،(زاد المعاد٢/ ٢٦ تا ٦٠)،(فتح البارى ٨/ ٨٣ تا ١٠٣)،(رحمة للعالمين١/١٨٤ تا ٢١٧)

سەرکەوتن و کاریگەریێتی بانگەوازی ئیسلامیی

پێش ئەوەی باسی دواڕۆژەکانی ژیانی پێغەمبەری مەزن ﷺ بکەین ، پێویستە سەرلەبەر ، سەیرێکی ئەوکارە گەورەیەی بکەین کە کرۆکی ژیانی پێکهێنا بوو ، جیای دەکردەوە لە پێغەمبەرانی تر (علیهم السلام) ، تا خودای گەورە سەری بەرزو بڵند کرد بە تاجی سەروەریێتی سەرەتاو کۆتایی مرۆڤایەتی.

پێغەمبەر ﷺ لەلایەن پەروەردگارەوە فەرمانی پێدرا: ﴿ يا أيّها المزّمّل . قُمْ الليل إلا قليلا ﴾ هەروەها پێی وترا کە ﴿يا أيّها المُدّثر، قُمْ فَأنْذر﴾ هەستا ، بەڵام هەستانێك تا بیست ساڵی ڕەبەق نەحەسایەوە، باری گرانی ئەم پەیامە گەورەیەی هەڵگرت، خەمی ڕێنوێنی مرۆڤایەتی و چەسپاندنی بیروباوەڕو ئاییینی پیرۆزی ئیسلام لە دڵی پیرۆزیدا بوو.

ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی نغرۆکراوی نێو جاهیلیەتی لەئەستۆدا بوو ، ئەو جاهیلیەتەی دەست و قاچی ئەڵقە بەند کردبوون ، پێغەمبەر ﷺ ناخی پاککردنەوە لەو جاهیلیەتە ، ئەنجا دەستیدایە شەڕی بەرەی شیرك ، ئەوان دەیانویست ئەو بانگەوازە سەرکوت بکەن ، پێش ئەوەی ڕەگ دابکوتێت و لق و پۆپەکانی باڵا بکەن ، هێشتا لە شەڕی ناودورگەی عەرەبی نەبووبوونەوە لەباکورەوە هەڕەشەیەکی گەورەتر پەیدابوو.

لەملاشەوە هێشتا شەڕی نێو دەروونەکان هێشتا تەواو نەبوو بوو ، ئەو شەڕەی تا ڕۆژی دوایی شەیتان درێژەی پێدەدات ، سەرمەشقەی خوداناسی و دەروون پاکیی موحەممەدی پێغەمبەرە ﷺ ، سەرۆکایەتی بەرەی جەنگ لەگەڵ شەیتان و بەرەی باکوورو بەرەی دەروندا دەکات ، بەئامۆژگاریە جوانەکانی دڵیان ئیمان پڕژێن دەکات ، بەهێزیان دەکات ، ڕایان دەگرێت .

لەنێوەندی نیوە شەودا هەڵدەستا ، خواپەرستی بۆ خوای خۆی دەکرد ، قورئانەکەی دەخوێند ، لەگەڵیدا دەشنایەوە هەروەکو پەروەردگارە مەزنەکەی فەرمانی پێدا بوو.[1]

بەو شێوەیە پێغەمبەری مەزن ﷺ بۆماوەی بیست ساڵ لەجەنگێکی بەردەوامی سەختدا ، بێ ئەوەی هیچ شتێك لەو ماوەیەدا بتوانێت چاوی پێکەلا بخات لەکارەکەی ، تا ئەوەبوو بانگەوازی ئیسلامیی سەرکەوتنێکی وەهای بە دەست هێنا عەقڵی مرۆڤەکانی سەرسام کرد ، هەموو دورگەی عەرەب سەریان بۆ نەوی کرد ، تەپوتۆزی جاهیلیەتی بەسەرەوە نەما ، عەقڵە نەخۆشەکان چاك

---

[1] في ظلال القرآن ٢٩/١٦٨،١٦٩

بوونەوەو وازیان لە بت پەرستی هێنا ، وایلێهات دەنگی یەکخواپەرستی لە هەموولایەکدا دەنگی دەدایەوە ، بانگی یەکتاپەرستیو نوێژ خوێنی بەناو پانتایی بەرفراوانی بیاباندا پەخش بوەوەو ئەم باوەڕە نوێیە سەرلەنوێ زیندووی کردەوە ، قورئان خوێنان بڵاوەیان کرد بە سەرو خوارداو قورئانیان دەخوێندو خەڵکیان فێری ئەحکامەکانی ئاینی ئیسلام دەکرد.

خێڵ و تیرە جیاکان جارێکیتر یەکیان گرتەوە ، مرۆڤ لەجیاتی بت دەستی کرد بەخواپەرستی ، ئیدی بەهێزو بێهێز نەما ، ئاغاو کۆیلە نەما ، سەردەستی حاکم و ژێر دەستی مەحکوم نەما ، ستەمکارو ستەملێکراو نەما ، خەڵکی هەموویان بوونە بەندەی خوداوەند ، بوونە برای خۆشەویستی یەکتری و گوێڕایەڵی ئەحکامەکانی ئاینی خوا . خوای مەزن لەکەو خراپەی لە کۆڵ کردنەوەو فەخرو شانازی نەهێشت ، کەس شکۆیەتیی نەما بەسەر کەسێکی ترەوە ، هیچ عەرەبێك ڕێزی نیە بەسەر عەجەمێکداو هیچ عەجەمێك ڕێزی نییە بەسەر عەرەبێکدا ، سوور پێست ڕێزی نیە بەسەر ڕەش پێستدا مەگەر بە لەخواترسان ، خەڵك هەموویان ڕۆڵەی ئادەمن ، ئادەمیش خۆی لەگڵ دروست بووە.

بەو شێوەیە بەهۆی ئەم بانگەوازەوە یەکێتی عەرەبیو مرۆڤایەتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دروست بوو ، ئاسوودەیی مرۆڤایەتی لە کاروباری دونیاو ئاخیرەتدا هاتە کایەوە ، چەرخی ڕۆژگار گۆڕا ، چەرخانی زەویش گۆڕا ، ئاڕاستەی مێژوو ڕاست بوەوە ، عەقڵیەتی مرۆڤەکان گۆڕانی بەسەردا هات.

پێش بانگەواز گیانی نەفامی و ویژدانی بۆگەن دەسەڵاتیان پاوان کردبوو ، دڵ و دەروون ژەنگاویی بوو بوو ، هەموو بەهاکان پێوەرەکانیان تێك چوو بوو ، زوڵمو بێدادی بەر واڵا بوو ، شەپۆلێکی دونیاپەرستی و رابواردن لەسەر مافی خەڵك دونیای داگیر کردبوو، تاریکستانی کوفرو بێباوەڕی باڵی بەسەر هەموو جێیەکدا کێشابوو ، لەگەڵ بوونی ئاینە ئاسمانیەکانی تریشدا کە تووشی دەستکاری و دەست تێوەردان بوو بوون . شکستیو لاوازیی سەری تێ کردبوون و توانای ئاڕاستەکردنی مرۆڤەکانیان نەمابوو ، بووبوونە کۆمەڵێك سروتی وشکی بێگیانو جوڵە.

کە ئەم بانگەوازە مەزنە هاتە کایەوەو بەڕۆڵی خۆی هەستا لەژیانی مرۆڤایەتیدا ، گیانی مرۆڤایەتی لە وەهمو ئەفسانەو کۆیلایەتی و فەسادو لادان و

پیسی و بەد ڕەوشتی ڕزگارکرد ، کۆمەڵگای مرۆڤایەتیشی لەستەمو دەست درێژی و لێکهەڵوەشان و هەرەس‌و چینایەتی‌و تاکڕەوی‌و فەرمانڕەواو ملکەچی بۆ کاهینەکان ڕزگارکرد ، هەستا بە بنیاتنانەوەی دونیا لەسەر کۆمەڵێك بنەمای پاك‌و بێگەردو بەسوودو ئازادی‌و نوێ بوونەوەو مەعریفەو باوەڕو متمانەو ئیمان‌و دادپەروەری‌و ڕێزو کاری بەردەوامو داڕشتنەوە بۆ گەشەپێدان‌و پێشخستنی ژیان و پێدانی ماف بە هەموو کەسێکی خاوەن ماف .[1]

بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەوە، دوورگەی عەرەبی ڕاچەنینێکی پیرۆزی وای بە خۆوە بینی ، کە لەسەرەتای دروست بوونیەوە شتی وای بەخۆوە نەبینیبوو ، هەرگیز ئەو بڵند بوونەوەو سەرکەوتنە مێژووییەی لە تەمەنی خۆیدا تۆمار نەکردبوو.

---

[1] وتەیەکی (سید قطب)ە لە پێشەکی کتێبی (ماذا خسر العالم بإنحطاط المسلمین)دا هاتووە ، لاپەڕە/ ١٤

حەجیماڵئاوایی

هەموو کارەکانی بانگەوازو گەیاندنی پەیامی خودایی و بنیاتنانی کۆمەڵگای نوێ لەسەر چەسپاندنی یەکخوایەتی خواو نەفی بت پەرستیو پەیامداری محمد ﷺ تێرو تەواو بوو . هەروەکو دەنگی نهێنی بێتە سەر دڵی پێغەمبەر ﷺ و تێی بگەیەنێت کە ئیتر کاری لەم دونیایەدا تەواو بووە ، تا ڕادەیەك کە (معاذ)ی نارد بۆ یەمەن لە ساڵی (١٠)ی کۆچیدا ، پێی فەرموو: (ئەی معاذ ، لەوانەیە تۆ ساڵێکی تر من نەبینیتەوە ، لەوانەیە کە هاتیتەوە بێیتەوە ناو ئەم مزگەوتەی من و بەلای گۆڕەکەمدا ڕاگوزەر بکەیت). کە (معاذ) گوێی لەم وتەیە بوو، دەستی کرد بە گریان.

خوای مەزن ویستی وابوو کە پێغەمبەرەکەی ﷺ بەرهەمی بانگەوازەکەی ببینێت ، ئەو بانگەوازەی لەپێناویدا بۆ ماوەی بیست ساڵ زەحمەتو دەردەسەری بینی ، ئێستا لە چواردەوری مەککەدا مەجلیسی گرتووەو چاوی بە وەفدی خێڵو تیرە عەرەبەکان دەکەوێت ، تا ئەحکامی حەڵاڵو حەرامەکانی ئایینی لێ وەربگرنو شایەتی ئەوەیان لێ وەربگرێت کە بەڕاستی سپاردەکەی گەیاندو ، پەیامەکەی ڕاگەیاندو ، ئامۆژگاری ئوممەتی کرد.

پێغەمبەر ﷺ مەبەستی هەبوو ، کە ڕایگەیاند دەیەوێت ئەو حەجە گەورەیە بکات ، خەڵکێکی زۆر ڕوویان کردە مەدینە ، هەموویان خوا خوایان بوو بگەن بە پێغەمبەر ﷺ و بەدوایدا بڕۆن.[1] ڕۆژی شەممە مانگی (ذی العقدة) هێشتا چوار ڕۆژی مابوو پێغەمبەر ﷺ خۆی ئامادە کرد بۆ سەفەر[2]، قژی پیرۆزی شانە کردو چەوریی‌دا لەسەری و کراسو شەڕواڵی لەبەرکردو وشتەرەکەی ئامادەکرد بۆ قوربانی ، پاش نیوەڕۆ دەرچوو. پێش ئەوەی نوێژی عەسر بکات گەیشتە (ذا الحلیفة) ، لەوێدا بەدوو ڕکاتی کورتکراوە نوێژی عەسری کرد ، مایەوە تا بەیانی ، بۆ سبەینێ کە ڕۆژ بووەوە فەرموی بەهاوەڵەکانی: ئەمشەو یەکێك لای پەروەردگارمەوە تەشریفی هێناو فەرمووی: لەم شیوە پیرۆزەدا نوێژ بکەو بڵێ: ئەمە عومرەیە لە حەجدا.[3]

---

[1] / (مسلم) ئەوەی لە (جابر)ەوە گێڕاوەتەوە باب حجة النبيّ ١/٣٩٤

[2] / (ابن حجر) بەشێوەیەکی چاك لێکۆڵینەوەی لەوەدا کردووە، لەگەڵ ڕاست کردنەوەی ئەوەی کە هاتووە گوایە مانگی (ذی القعدة) هێشتا پێنج ڕۆژی مابوو پێغەمبەر ﷺ، بڕوانە (فتح الباري) ٨/١٠٤

[3] / (بخاری) ریوایەتی کردووە لە (عمر)ەوە ١/٢٠٧.

پێش ئەوەی نوێژی نیوەڕۆ بکات ، خۆی شۆرد بۆ ئیحرام بەستن ، پاشان عائیشە (ڕەزای خوای لێ بێت) بەدەستی خۆی بۆنی خۆشی کرد بەجلەکانیداو بە بۆنی میسك پڕبۆنی کرد ، بەڕادەیەك پریشکی بۆنەکە بەدەمو چاوو ریشی پیرۆزەیەوە دیاربوو ، هەر پێوەی بوو نەیشۆرد ، پاشان کراس و بوردەکەی لەبەر کردو دوو ڕکات نوێژی نیوەڕۆی کرد ، ئەنجا لە نوێژەگەکەی خۆیدا ئیهلالی عومرەو حەجی هاوجوتی کردو چووە دەرەوە ، سواری (قصواء) بوو، جارێکی تر ئیهلالی کرد . دەنگی بەرز کردەوە . کە لە (بیداء)یش سەقامگیر بوو جارێکیتر ئیهلالی کرد.

پاشان لە ڕۆیشتن بەردەوام بوو تاگەیشتە نزیکی مەککە. لە (ذی طوی) مایەوە ، پاشان چووە ناو مەککەوە ، دوای ئەوەی کە نوێژی بەیانی کردو بۆ ڕۆژی یەك شەممە خۆی شۆرد ، چوار شەو لە (ذی الحجة)ی سالّی (١٠)ی کۆچی تێپەڕی بوو. لە ڕێگە هەشت شەوی پێ چوو ، ئەمەش ماوە بڕینێکی مامناوەندی‌یە ، کە چووە ناو مزگەوتی حەرامەوە تەوافی کرد بەدەوری (بیت)داو سەفاو مەروەی کردو ئیحرامی نەکردەوە چونکە هەردووکیانی پێکەوە گرێدا بوو ، (هدی)یەکانیشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو ، لە بەشی هەرە سەرەوەی مەککە لە (حجون) دابەزی ، لەوێ نیشتەجێ بوو، جگە لە تەوافی حەج هیچ تەوافێکی تری نەکرد.

فەرمانی‌دا بەوانەی کە (هدی)یان پێ نی‌یە ئیحرامەکەیان بکەن بە عومرە. تەوافی بەیت بکەن‌و سەفاو مەروە تەواو بکەن‌و، پاشان بەتەواوی ئیحرام بشکێنن ، دوودڵ بوون ، فەرمووی: ئەگەر بمزانیایە ئەم مەسەلەیە دەبێت (هدی)م نەدەکرد ، ئەگەر (هدی)یشم پێ نەبوایە ئیحرامم دەشکاند. ئەنجا ئەوانەی (هدی)یان پێ‌نەبوو ئیحرامیان شکاندو ، گوێڕایەڵیان کرد.

لە ڕۆژی هەشتی مانگی (ذي الحجة)دا . کە ڕۆژی تەرویەیە . ڕووی کردە (منی) لەوێ نوێژی نیوەڕۆو عەسرو مەغریب‌و عیشاو بەیانیشی کرد . پێنج نوێژەکە . پاشان کەمێك مایەوەو تا خۆرهەڵهات. مۆڵەتی‌دا هەتا چوونە عەرەفە ، بینی گومەزیەکەی لە (نمرة) بۆ دانراوە ، لەوێ دابەزی ، کە لەنێوەڕاستی ئاسمان لاچوو فەرمانی‌دا (قصواء)ی بۆ ڕێکخرا ، هاتە ناو شیوەکەوە ، سەدو بیست‌و چوار هەزار یان سەدو چل‌و چوار هەزار کەسی بەدەوردا خڕ بوەوە ، گوتارێکی بۆدان ، ئەم وتە بەنرخەی بۆ خوێندنەوە:

(خەڵکینە ، بە گوێم بکەن ، چونکە نازانم لەوانەیە ساڵێکیتر لەم شوێنە پیرۆزەدا هەرگیز نەتانبینمەوە)[1]

(خوێن و ماڵ و سامانتان لە یەکتری حەرامە وەکو حەرامی ئەم ڕۆژەتان ، لەم مانگەتانداو لەم شوێنەتاندا ، هەموو کارێکی جاهیلیەت دەخەمە ژێر پێمەوە ، خوێنە ڕژاوەکانی سەردەمی جاهیلیەت مافی داواکردنیان نییە ، یەکەم خوێنێك کە ئەو مافەی لێ دەسە نمەوە ، خوێنی (ابن ربیعة)ی کوڕی (حارث)ە ـ کە شیرەخۆری (بنی سعد) بوو (هذیل) کوشتی ، سووی جاهیلیەت ناهەقە ، یەکەم سوویەکیش کە بەناهەقی دادەنێم سووی (عباس)ی کوڕی (عبد المطلب)ە ، ئەمانە هەمووی ناهەقن).

(ئاگاتان لە ژنان بێت و لە خوا بترسن ، ئێوە بە پەنادانی خودایی ئەوانتان کردووە بە حەڵاڵی خۆتان ، بە وتەیەکی خوایی داوێنیانتان ڕەوا کردووە ، مافی ئێوەیە بەسەریانەوە کەسێك نەهێننە سەرجێگەیان ، ئێوە پێتان ناخۆش بێت ، ئەگەر وایانکرد بەلێدانێك بریندارى نەکات لێیان بدەن ، مافی ئەوانە بەسەر ئێوەوە کە ڕۆزی و کاڵایان بۆ دابین بکەن).

(شتێکم لەناوتاندا بەجێهێشتووە ئەگەر دەستی پێوە بگرن سەرتان لێ ناشێوێت ، ئەویش پەڕاوی خوایە).[2]

(خەڵکینە ، دوای من پێغەمبەری تر نایەت ، دوای ئێوەش ئوممەتێکیتر نییە ، پەروەردگاری خۆتان بپەرستن ، پێنج نوێژەکەتان بکەن ، ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگرن ، زەکاتی ماڵ و سامان بدەن ، بەخۆڕایی خۆتان و حەزی دڵتان بیدەن، حەجی ماڵی خوا بکەن ، بەگوێی فەرمانڕەواکانتان بکەن ، ئەوسا دەڕۆنە بەهەشتی پەروەردگارتانەوە).[3]

(ئێوەش لەبارەی منەوە پرسیارتان لێ دەکرێت ، چی دەڵێن ؟

وتیان : دەڵێین شایەتی دەدەین کە تۆ پەیامت گەیاندو بەئەرکی خۆت هەستاویت و ئامۆژگاریت کردین).

ئەنجا پەنجەی شایەتومانی بەرز کردەوە بۆ ئاسمان و نزمی کردەوە بۆ زەوی و فەرمووی : خوایە شایەتی بفەرموو . ئەمەی سێ جار وتەوە .[4]

---

[1] / ابن هشام ٢/٦٠٣

[2] / صحیح مسلم، باب حجة النبي ﷺ، ١/٣٩٧.

[3] / معدن الأعمال، (ابن ماجه) و (ابن عساكر) ریوایەتیان کردووە، (رحمة للعالمين) ١/٢٦٢

[4] / مسلم ١/٣٩٧

ئەو کەسەی لە عەرەفەدا بەدەنگی وتەکانی پێغەمبەری ﷺ ، بۆ خەڵکەکە دەوتەوە ، (ربیعه)ی کوڕی (أمیه)ی کوڕی (خلف) بوو.[1]

پاش ئەوەی پێغەمبەر ﷺ لە خوتبەکەی بوەوە ، ئایەت هاتە خوارەوە ﴿ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا ﴾ المائدة/٣. کە عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) گوێی لەخوێندنەوەی ئەم ئایەتە بوو ، دەستی کرد بە گریان ، پێیان وت بۆ دەگریت؟

وتی: دوای تێرو تەواو بوون ئیتر ناتەواوی دێت.[2]

دوای خوتبەکە بیلال بانگیداو قامەتی کرد ، پێغەمبەر ﷺ نوێژی نیوەڕۆی بۆ خەڵکەکە کرد ، پاشان قامەتی کردو نوێژی عەسریشی بۆ کردن ، لەو نێوەندەدا هیچ نوێژێکی نەکرد ، پاشان سواری وشترەکەی بوو تاچووە (موقف) ، سکی وشترەکەی لە ڕووی بەردەڵانەکەوە بوو ، شاخی (مشاة)یش لەبەردەمیەوەو خۆیشی ڕووی کردە قیبلە ، بەو شێوەیە وەستا هەتا خۆرئاوا بوو ، میلی خۆر نەماو زەردەپەڕیش تاریك بوو، (اسامة)ی خستە دوای خۆیەوە ، ڕۆیشت تاگەیشتە (مزدلفة) ، بەیەك بانگو دوو قامەت نوێژی مەغریبو عیشای بەکورتی کرد ، لە نێوانیاندا تەسبیحاتی نەکرد ، پاشان پاڵکەوت هەتا بەرەبەیان ، بەرەبەیان نوێژی کرد تا بەبانگو قامەتەکەدا نوێژی بەیانیش کاتی هات ، پاشان سواری (قصواء) بوو ، هەتا گەیشتە (المشعر الحرام) ، ڕووی کردە قیبلە ، پارایەوەو تەکبیری کردو (لا إله إلا الله)ی کرد ، هەروا مایەوە تا بەتەواوی ماندو شەکەت بوو.

لە (مزدلفة)ەوە هات بۆ (منى) پێش ئەوەی خۆرهەڵبێت ، ئەنجا (فضل)ی کوڕی (عباس)ی خستە پشتەوەی خۆی تا گەیشتە ناو (محسر) ، کەمێك جوڵا، پاشان ئەو ڕێگە ناوەڕاستەی گرت کە دەچێتەوە سەر (الجمرة الكبرى) ، تا هاتە ئەو (جمرة)یەی لای درەختەکەدایە . کە بریتىیە لەخودی (الجمرة الكبرى) ، لەوکاتەدا درەختێکی لەپاڵدا بووە ، ناویشی (جمرة العقبة) و (الجمرة الأولى)یە . بەحەوت زیخە بەرد ڕەجمی کرد، لەگەڵ هەڵدانی هەریەك لە دەنکە زیخەکە (الله اکبر)ی دەکرد ، لەناو شیوەکەوە ڕەجمی کرد، پاشان چوو بۆ قوربانیگەکە ،

---

[1] / ابن هشام ٦٠٥/٢

[2] / بوخاری ریوایەتی کردووە لە (ابن عمر)ەوە، بڕوانە (رحمة للعالمين) ٢٦٥/١

بەدەستی خۆی (٦٣) وشتری کرد بەقوربانی ، پاشان ئەوی تری دایە دەست (علی) کە (٣٧) وشتر بوو، سەد دانەی تەواوکردو لە (هدی) یەکەشدا کردیە هاوبەش، پاشان فەرمانیدا کە لە هەر وشترێك پارچەیەکی لێ بکرێتەوەو لە مەنجەڵدا بکوڵێنرێت ، هەردووکیان لێیان خواردو لە شلەکەشیان خواردەوە.

پاشان پێغەمبەر ﷺ سواربوو تەوافی (إفاضة)ی کرد ، لە مەککە نوێژی نیوەڕۆی کرد ، چوە لای (بنی عبدالمطلب) لەسەر ئاوی زەمزەم ئاویان هەڵدەگۆزی ، فەرمووی: بنو (عبد المطلب) دەربهێنن ، منیش ئەگەر خەمی ئەوەم نەبوایە کە زێوانیەکەتان لە دەست بچێت ئەوا لەگەڵ ئێوەدا دەردەچووم . شەربەیەك ئاویان بۆ گرت و لێی خواردەوە.[1]

لەرۆژی قوربانیشدا پێغەمبەر ﷺ رۆژی (١٠)ی ذي الحجة . کە چێشتەنگاو بەرز بوەوە گوتاریدا، لەسەر هێسترێکی سپیبوو (علی)یش دەیوتەوە ، خەڵکەکەش هەندێکیان بەپێوە ڕاوەستابوون و هەندێکیشیان دانیشتبوون ، لەو گوتارەیدا هەندێك شتی گوتارەکەی دوێنێی دووبارە کردەوە ، هەردوو شێخەکە لە (ابی بکرە)ەوە دەگێڕنەوە فەرموویەتی: پێغەمبەر ﷺ ڕۆژی نەحر گوتاری بۆ داین ،

فەرمووی: ڕۆژگار وەرچەرخاوەتەوە وەکو ئەو ڕۆژەی خودای مەزن ئاسمان و زەمینی بەدی هێنا ،ساڵ دوانزە مانگە چواریان حەرامن ، سیان لەو چوارە بەدوای یەکدا دێن (ذو القعدة) و (ذو الحجة) و (محرم) ، (رجب)یش کە دەکەوێتە نێوان (جمادی دووەم) و (شعبان)ەوە.

ئەنجا فەرمووی: (ئەمە چ مانگێکە؟

وتمان: خوداو پێغەمبەرەکەی دەزانن .

بێدەنگ بوو تا وامانزانی ناوێکی تری لێدەنێت . فەرمووی: ئەمە مانگی (ذي الحجة) نىيە؟

وتمان: بەڵێ .

فەرمووی: ئەی ئەم شوێنە کوێیە؟

وتمان: خوداو پێغەمبەرەکەی دەزانن. بێدەنگ بوو، وامانزانی ناوێکی تری لێدەنێت.

فەرمووی : ئەمە (بلد الحرام) نىيە؟

---

[1] (مسلم) ریوایەتی کردووە لە (جابر)ەوە، باب حجة النبي (ﷺ) ١/٣٩٧، ٣٩٨، ٣٩٩، ٤٠٠

وتمان: بەڵێ.

فەرمووی: ئەمە چ ڕۆژێکە؟

وتمان: خواو پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن. بێدەنگ بوو تا وامانزانی ناوەکەی دەگۆڕێت.

فەرمووی : ئەمە ڕۆژی قوربانی نییە؟

وتمان: بەڵێ .

فەرمووی: ئێوە خوێن و ماڵ و سامان و شەرەف و ناموستان لەسەر یەکتری حەرامە وەکو حەرامی ئەو ڕۆژەتان ، لەم بەلەدەتان و لەم مانگە حەرامەتاندا).

(ڕۆژێك دەگەنەوە بە پەروەردگاری خۆتان ، لەبارەی کردەوەکانتانەوە پرسیارتان لێ دەکات ، نەکەن لە دوای من گومڕا ببنەوەو بدەن لە ملی یەکتر).[1]

ئەرێ بانگەوازم گەیاند؟

وتیان: بەڵێ.

فەرمووی: خوایە خۆت شاهید بە . خەڵکینە بائەو کەسەی ئامادەیە بیگەیەنی بەو کەسەی لێرە نییە ، لەوانەیە پێڕاگەیەنراوێك هۆشیارتر بێت لە گوێگرێك.[2]

لەگێڕانەوەیەکدا هاتووە پێغەمبەر ﷺ لەو وتارەدا فەرموویەتی: (هەر تاوانبارێك ئەگەر تاوانی کرد با دەرهەقی خۆی بیکات ، با کەس گوناه دەرهەقی ڕۆڵەکەی نەکات ، ڕۆڵەیەکیش بەرامبەر باوکی نەیکات ، بزانن کە شەیتان نائومێد بووە لەوەی ئەم بتانە لە وڵاتی ئێوەدا بپەرسترێن ، بەڵام دەشێت کە ئێوە لە هەندێك کاردا کە بەکەمی دەزانن بەگوێی ئەو بکەن ، ئەویش پێی ڕازی دەبێت).[3]

ڕۆژانی (تەشریق)یش لە (مینا) مایەوە بۆ ئەنجامدانی مەناسیکەکان و فێرکردنی شەریعەت و یادخستنەوە بە ترسی خوایی ، سوننەتەکانی (هدی) میللەتی ئیبراهیمی بەرقەرار دەکرد ، ئاسەوارو دروشمەکانی بتپەرستی دەسڕیەوە ، لەچەند ڕۆژێکی (تەشریق)یشدا وتاری خوێندەوە، (ابو داود) بەئیسنادێکی باش

---

[1] / (ابو داود) ئەوەی ریوایەت کردووە، باب (اي وقت يخطب يوم النحر) ١/٢٧٠

[2] / صحيح البخاري، باب الخطبة ايام منى ١/٢٣٤

[3] / ترمذي ریوایەتی کردووە ٢/٣٨، ١٣٥، (ابن ماجة) لە (الحج)دا، (مشكاة المصابيح) ١/٢٣٤

دەگێڕێتەوە لە (اسراء)ی کچی (نبهان)ەوە دەڵێت: لە ڕۆژی قوربانیەکەدا پێغەمبەر ﷺ گوتارێکی بۆ داین، فەرمووی: ئەمە ناوەڕاستی ڕۆژانی (تەشریق) نیيە؟[1] گوتارەکەشی لەو ڕۆژەدا لە گوتاری ڕۆژی (نحر) دەچوو ، ئەو گوتارە کەوتە دوای دابەزینی سورەتی (النصر).

لە رۆژی (نحر)ی دووەمدا . سیانزەی مانگی (ذي الحجة) . پێغەمبەر ﷺ مینای بەجێهێشت ، لە (خیف)ی (بني کنانة)ی (أبطح) دابەزی . ڕۆژەکەی لەوێ بەسەر بردو شەوەکەش مایەوە ، هەرلەوێ نوێژی نیوەڕۆو عەسرو مەغریب و عیشای کرد ، پاشان ڕاکشا ، ئەنجا سواربوو بەرەو (بیت) هاتەوە، تەوافی خوا حافیزی کرد.

کە لە مەناسیکەکانی بوەوە ، داوای لەخەڵکی کرد کە بارگە بپێچنەوە بەرەو مەدینەی منەوەرە ، نەك بۆ ئەوەی کەمێك بحەوێتەوە ، بەڵکو بۆ ئەوەی سەر لەنوێ خەبات و زەحمەتکێشان دەست پێبکاتەوە لەپێناوی خوادا.[2]

---

[1] / ابو داود، (باب اي يوم يخطب بمنى) ١/٢٦٩

[2] / بڕوانە بۆ درێژی حەج کردنی پێغەمبەر ﷺ (صحیح البخاری) (کتاب المناسك) ج١و٢/ ٦٣ هەروەها (صحیح مسلم) باب حجه النبی ﷺ وفتح الباری ج٣ لە شەرحی (کتاب المناسك) ج٨/١٠٢ تا ١١٠ و، (ابن هشام) ٢/ ٦٠١ تا ٦٠٥و، (زاد المعاد) ١/١٩٦ تا ٢٤٠

دوایین نێرراو

ئەو ملهوڕیەی دەوڵەتی ڕۆم هەیبوو ماکی مانەوەی لەژیاندا پێ نەمابوو ، هەر شوێنکەوتوویەکی باوەڕی بهێنایە بە ئیسلام بەردەوامی ژیانی بۆ نەدەنوسراو دەیانکوشت ، هەروەکو (فروة)ی کوڕی (عمرو)ی (جذامی)یان شەهید کرد کە والی ڕۆمەکان بوو بەسەر (معان)ەوە.

بەهۆی ئەو زات کردن و ملهوڕیەوە پێغەمبەری خوا ﷺ سوپایەکی گەورەی ڕێکخست لەمانگی (صفر)ی ساڵی ١١ی کۆچیدا)و (اسامە)ی کوڕی (زید)ی کردە سەرکردەی سوپاکە ، فەرمانی پێدان کە سمی وڵاخەکانیان بگەیەننە سنوورەکانی (بلقاء) و (داروم) لە فەلەستین ، بەمەبەستی گێڕانەوەی متمانە بۆ دڵی ئەو عەرەبانەی سەر سنووری ڕۆم کە باوەڕیان هێنابوو بەئاینی ئیسلام ، تاکەس وانەزانێت تۆقاندنو ئەشکەنجەدانی کڵێسا هیچ لێپرسینەوەیەکی نیە ، واتێنەگەن کە هەرکەسێك باوەڕی بە ئیسلام هێنا چارەنووسی لەناوچونە.

خەڵکی بوو بەمقۆمقۆیان لەمەسەلەی کەم تەمەنی (اسامە)دا بۆ سەرکردایەتی سوپاکەو دەستی دەستیان کرد لە ناردنیدا ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەگەر تانە دەدەن لە میرایەتی ئەو ، پێشتریش تانەتان دەدا لە میرایەتی باوکی ، سوێندم بەخودای مەزن ئەو پیاوە شایستە بوو بۆ میرایەتی ئێوە ، خۆشەویسترین کەسیش بوو لەدڵی مندا، ئەم کوڕەش لەدوای باوکی لە هەموو کەس خۆشەویستترە لەلام.[1]

ئەنجا خەڵك لەدەوری (أسامە) کۆبوونەوە ، لەریزی سوپاکەیدا خۆیان ڕێکخست ، تادەرچوون و گەیشتنە ناوچەی (جرف) کە فرسەخێ لەمەدینەوە دوورە ، بەڵام هەواڵی نەخۆش کەوتنی پێغەمبەر ﷺ ناچاری کردن چاوەڕوان بن تابزانن خوای مەزن چی دەکات، ویستی خواوەندیش وەهابوو کە ئەم سوپایە یەکەم نێرراوی سەردەمی جێنشینایەتی (ابوبکر)ی (صدیق) بێت.[2]

---

[1] / صحیح البخاری، باب بعث النبي (ﷺ) اسامە، ٦١٢/٢

[2] / هەمان سەرچاوەی پێشوو، (ابن هشام)، ٦٠٦/٢، ٦٥٠

گەڕانەوە بەرەو لای خوداوەند

پێشهاتەکانی ماڵئاوایی

که بانگەواز تێروتەواو بوو ، ئیسلام بەتەواوی باڵادەست بوو ، وردە وردە پێشهاتەکانی ماڵئاوایی کردن لە ژیانو مرۆڤ لە هەستو نەستی پیرۆزیدا دەردەکەوت ﷺ ، لە وشەو گوفتارەکانیدا ڕەنگی دەدایەوە.

لەمانگی (ڕەمەزان)ی ساڵی (١٠)ی کۆچیدا بۆ ماوەی بیست ڕۆژ ئیعتیکافی کرد ، لەکاتێکدا پێشتر تەنها دە ڕۆژ ئیعتیکافی دەکرد ، جبریل عليه السلام دووجار قورئانی لەگەڵ دەخوێندەوە ،

لەحەجی ماڵئاواییشدا فەرمووی : لەوانەیە ساڵێکیتر من لەم شوێنەدا نەتانبینمەوە ،

لەکاتی (جمرة العقبة)شدا فەرمووی : مەناسیکی حەجی خۆتان لە منەوە وەربگرن ، چونکە لەوانەیە ساڵێکی تر من حەج نەکەم.

لە ڕۆژەکانی تەشریقدا بوو کە سورەتی (نصر)ی بۆ هاتە خوارەوە ، ئیتر زانرا کە ئەوە ماڵئاواییەو هەواڵی خواحافیزی پێدراوە.

لە سەرەتای مانگی (صفر)ی ساڵی ١١ی کۆچیدا) پێغەمبەر ﷺ تەشریفی چووە دەرەوە بۆ کێوی ئوحود ، نوێژی لەسەر شەهیدەکان کرد وەکو خواحافیزی زیندووان بۆ مردووان ، پاشان چووە سەر مینبەرو فەرمووی:

خەڵکینە ، من پێشڕەفتی ئێوەم ، شایەتیتان بۆ دەدەم ، سوێند دەخۆم بەخوای گەورە ئێستا (حوض) دەبینم ، من کلیلی خەزێنەکانی زەویم پێدراوە ، یان فەرمووی کلیلی زەویم پێدراوە ، وەڵڵاهی من لەوە ناترسم کە دوای من هاوەڵ بۆ خوا پەیدا بکەن ، بەڵام لەوە دەترسم کێبڕکێ بکەن لەگەڵ یەکتریدا.[1]

لەنیوە شەوێکیشدا تەشریفی چووە دەرەوە بۆ لای گۆڕستانی (بقیع) ، پێی فەرموون: سڵاوتان لێ بێت ئەی خەڵکی گۆڕستان ، ئەوەی ئێوەی تێدان گەلێ خۆشترە لەوەی خەڵکی تێدایە ، ئەوا ئاشووب ڕووی کردۆتە دونیا وەکو تارمایی شەوی دەیجور ، بەدوای یەکدا دێن ، ئاشووبی دوایین لە یەکەمین خراپترە . ئەنجا مژدەی پێدان و فەرمووی : ئێمەش بەدوای ئێوەدا دێین.

---

[1] / متفق علیه، صحیح البخاري، ٢/٥٨٥

سەرەتای نەخۆشکەوتن

لە ڕۆژی بیست و نۆی مانگی (صفر)ی ساڵی ١١ی کۆچیدا ـ ڕۆژی دوو شەممە بوو ـ پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ جەنازەی مردوویەکدا لەگۆڕستانی (بقیع) بوو، کە گەڕایەوە ـ لە ڕێگەدا ـ تووشی سەر ئێشە بوو، تایەکی قورس گرتی ، بە شێوەیەك تەڕایی جواناوی نێوچەوانی بەسەر پەڕۆکەی سەریشیەوە دیار بوو.

پێغەمبەر ﷺ بەنەخۆشیەکەی (١١) ڕۆژ نوێژی کرد بۆ موسوڵمانان ، لەکاتێکدا کە هەموو ڕۆژەکانی نەخۆشیەکەی (١٣) یان (١٤) ڕۆژ بوو.

دوا هەفتە

نەخۆشی زۆری بۆ پێغەمبەر ﷺ هێنا ، وای لێ هات دەیپرسی لە ژنەکانی: ئەرێ من سبەینێ لەکوێ دەبم؟ من سبەینێ لەکوێ دەبم؟ ژنەکان لەقسەکانی تێگەیشتن ، مۆڵەتیان دایە کوێی پێ‌خۆشە لەوێ بێت ، چووەماڵی (عائیشە) ، (فضل)ی کوڕی (عباس) و (علی) کوڕی (أبو طالب) چوونە ژێرباڵی ، سەری بەستبوو قاچەکانی بەحاڵ دەجوڵا تاگەیشتە ماڵی (عائیشە) ، دوایین هەفتەی ژیانی لە ماڵەکەی عائیشەدا بەسەر برد.

عائیشە ئەو دوعاو ویردانەی دەخوێند کە کاتی خۆی لە پێغەمبەرەوە ﷺ فێری بوو بوو لەبەری کردبوو ، فووی دەکرد بەخۆیداو ، بەمەبەستی بەرەکەت دەستیشی دەهێنا بەسەر پێغەمبەر ﷺ.

پێنج ڕۆژ پێش وەفات کردنی پێغەمبەر ﷺ

ڕۆژی چوارشەممە پێنج ڕۆژ پێش وەفاتکردنی پێغەمبەر ﷺ ، تاکەی پێغەمبەر ﷺ زیادی کردو ئازارەکەی زۆربوو لەهۆش خۆی چوو ، فەرمووی: حەوت شەربە ئاوم بەسەردا بکەن لەچەند بیرێکی جیاواز بن ، تا بڕۆمە دەرەوە لەگەڵیاندا دانیشم. لەسەر شۆرگەکە دایان نیشاند ، ئاوەکەیان کرد بەجەستەیدا ، تا فەرموی: بەسە ، بەسە.

لەوێدا هەستی کرد بەچاك بوون ، تەشریفی چووە مزگەوت – سەری بەستبوو – تا لەسەر مینبەر دانیشت ، گوتاری خوێندەوە – خەڵك لە خزمەتیدا دانیشتبوون – فەرمووی: (نەفرەتی خوا لەجولەکەو نەسرانی، چونکە گۆڕی

پێغەمبەرەکانیان کردە مزگەوت) ، لەریوایەتێکیشدا هاتووە (خوا جولەکەو نەسرانی بکوژێت چونکە گۆڕی پێغەمبەرەکانیان کردە مزگەوت)[1]، هەروەها فەرمووی: (گۆڕەکەی منیش مەکەنە بتێك بۆ پەرستن)[2].

ئەنجا ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ هەر مافێکی تۆڵەسەندنەوە ئەگەر هەبێت و فەرمووی: (هەرکەسێك دارم دابێت لە پشتی ، فەرموو ئەوە پشتی منە با تۆڵەی خۆی بکاتەوە).

پاشان دابەزی و نوێژی نیوەڕۆی کرد ، ئەنجا گەڕایەوەو لەسەر مینبەر دانیشت و گەڕایەوە سەر ئەو وتارەی کە لەبارەی دووبەرکیەوە فەرموو بووی ، کابرایەك وتی: من سێ درهەمم لەلای تۆیە. فەرمووی: ئادەی (فضل) بیدەرەوە. پاشان وەسێتی کرد بەچاك مامەڵەکردن لەگەڵ ئەنسارداو فەرمووی:

(وەسێتتان بۆ دەکەم چاك بن لەگەڵ ئەنسار ، چونکە ئەوە پشتو پەنای منن ، ئەوەی لەسەریان بوو کردیان ، ماوەتەوە ئەوەی کە پێویستە پێیان بدرێت ، چاکەی چاکەکاریان قەبوڵ بکەن ، چاوپۆشی بکەن لەخراپەی خراپەکاریان) ، لە ریوایەتێکی تریشدا هاتووە ، کە فەرموویەتی (خەڵك زۆر دەبن ، ئەنسارەکان کەم دەبنەوە ، تاوەکو خوێی چێشتیان لێ دێت ، هەرکەسێك لەئێوە کارێکی کەوتە دەست زیانی تێدا بێت بۆ کەسێك یان قازانجێکی پێبگەیەنێت ئەوا لە چاکەکارەکەیان قەبوڵ بکات و چاوپۆشی لە خراپە کارەکانیان بکات)[3].

پاشان فەرمووی: (بەندەیەك ، خوای گەورە ڕای داوەتە دەست خۆی لەوەدا کە گوڵێکی ماڵی دونیا بەخواستی خۆی هەڵگرێت ، لەگەڵ ئەو نازو نیعمەتەدا کەلای خۆی هەیە ، بێگومان ئەوەیانی هەڵبژاردووە کەلای خوایە).

(أبو سعید)ی (خدری) دەڵێت: (ابوبکر) گریا ، وتی: باوك و دایکمان دەکەینە قوربانی تۆ ، ئێمە سەرمان سوڕماوە لەوە ، خەڵك وتیان ، سەیری ئەو ریش سپیە بکەن. پێغەمبەر ﷺ هەواڵی بەندەیەك دەدا کە خوا ڕای داوەتە دەستی لەوەدا کە گوڵێکی دونیای پێداوەو ، لەنێوان ئەوەدا کەلای خوایە ! ئەوە دەڵێت:

---

[1] / صحيح البخاري ٦٢/١ ، موطأ الإمام مالك ص٣٦٠
[2] / موطأ الإمام مالك ص٦٥
[3] / صحيح البخاري ، ٥٣٦/١.

باوكو دايكمان بەقوربانت بێت لەڕاستیدا پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو كەسە بوو كە ڕاكەی درابووە دەست و ئامادەبوو بۆ كۆچی دوایی پێغەمبەر ﷺ . ئەبوبەكر هەواڵی پێداین.[1]

پاشان فەرمووی: متمانە پێكراوترین كەسێك لای من لە هاوەڵێتیو ماڵو ساماندا (ابوبكر)ە ، خۆ ئەگەر من جگە لەخوا خۆشەویستێكی ترم هەڵبژاردایە (ابوبكر)م هەڵدەبژارد ، بەڵام ئەمە تەنها برایەتیو خۆشەویستیی ئیسلامە ، هەموو ئەو دەرگایانەش دێنە سەر مزگەوت دایخەن ، جگە لە دەرگای (ابوبكر).[2]

پێش چوار ڕۆژ

ڕۆژی پێنج شەممە چوار ڕۆژ پێش وەفاتی فەرمووی ـ لەو كاتەدا ئازار زۆری بۆ هێنابوو ـ وەرن با نوسراوێكتان بۆ بنوسم كە لەدوای ئەوە تووشی سەرلێشێواوی نەبن ـ لەناو ماڵەكەدا (عمر)و چەند پیاوێكیتر دانیشتبوون ـ عمر وتی: بەخوا ئازارەكە زۆری بۆ هێناوە ، ئێوە قورئانتان لەلایە ، پەڕاوی خوا بەسە . ئالو بەیت جیاوازیان بۆ دروست بوو ، بوو بە قسەو باسیان ، هەندێكیان وتیان: نزیك ببنەوە با پێغەمبەر ﷺ بۆتان بنوسێت . هەندێكیشیان ئەوەی (عمر)یان دەوتەوە. كە بوو بە دەنگە دەنگیان ، فەرمووی: هەستن بڕۆنە دەرەوە.[3]

لەو ڕۆژەدا وەسیەتی بە سێ شت كرد: وەسیەتی كرد جولەكەو نەسرانیو موشریكان لە دورگەی عەرەبدا بكرێنە دەرەوە ، وەسیەتیشی كرد بەمۆڵەتدانی سەردانی وەفدەكان هەروەكو خۆی مۆڵەتی دابوو، بۆ وەسێتی سێیەمیش راوی فەرموودەكە لەبیری چوو ، لەوانەیە وەسیەت بێت دەست گرتن بە قورئان و سوننەتەوە ، یان بەڕێكردنی سوپاكەی ئوسامە ، یان وتی نوێژو پاراستنی مافی موڵكی یەمین.

پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ ئەو ئازارە زۆرەدا كە هەیبو هەموو نوێژەكانی دەكرد بۆ خەڵك تا ئەو ڕۆژە ـ واتە ڕۆژی پێنج شەممە پێش چوار ڕۆژ پێش وەفاتی ـ ئەو ڕۆژە نوێژی مەغریبی بۆ كردنو ، سورەتی (المرسلات)ی تێدا خوێند.[4]

---

[1] / متفق علیه، مشكاة المصابیح ٥٤٦/٢

[2] / متفق علیه، مشكاة المصابیح ٥٤٨/٢ ، صحیح البخاري ٢٢/١، ٤٢٩، ٤٤٩ . ٦٣٨/٢

[3] / بوخاری ریوایەتی كردووە لە (ام فضل)ەوە، باب مرض النبي (ﷺ) ٦٣٧/٢

[4] / متفق علیه، مشكاة المصابیح ١٠٢/١.

لە عیشادا سەختی نەخۆشیەکەی زیاتری کرد ، بەشێوەیەك نەیتوانی لە مزگەوت بڕواتە دەرەوە . عائیشە دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەوە خەڵك نوێژیان کرد؟

وتمان: نەخێر پێغەمبەری خوا ، ئەوان چاوەڕوانی تۆ دەکەن.

فەرمووی: ئاوم لەسەر شۆرگەکە بۆ دابنێن ، ئاومان بۆ دانا ، خۆی شۆردو ، ئەنجا گوڕی دایە خۆی هەستێتەوە کەوت و لەهۆش خۆی چوو ، پاشان هۆشی هاتەوە ، فەرمووی: خەڵك نوێژیان کرد؟

ئەنجا بۆ جاری دووەمو سێیەم وەکو جاری یەکەم کەوتەوە ، هەر کە دەیویست گوڕ بدا بەخۆی و هەستێت لە هۆش خۆی دەچوو ناردی بەشوێن (ابوبکر)دا کە نوێژ بۆ خەڵکی بکات ، (ابوبکر) نوێژی هەموو ئەو ڕۆژانەی کرد بۆ خەڵك[1]، حەڤدە نوێژی لە ژیانی پێغەمبەردا ﷺ بۆ موسوڵمانان کرد.

عائیشە سێ یان چوار جار چووەوە خزمەت پێغەمبەر ﷺ ، بۆ ئەوەی (ابوبکر) پێش نوێژی بۆ خەڵکەکە نەکات ، تا خەڵك بەو هۆیەوە ڕەشبین نەبن ، ڕازی نەبوو ، فەرمووی: ئێوەش دەستە خوشکی ژنەکانی سەردەمی (یوسف)ن ؟ بڵێن با (ابوبکر) پێش نوێژی بۆ خەڵك بکات.

پێش ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ

ڕۆژی شەممە بوو یان یەك شەممە پێغەمبەر ﷺ هەستی بە بارسووکی کرد ، دوو پیاو چوونە ژێر باڵی و چوو بۆ نوێژی نیوەڕۆ ، (ابوبکر) پێش نوێژی دەکرد بۆ خەڵك ، کە پێغەمبەر ﷺ ی بینی ویستی بکشێتە دواوە ، پێغەمبەر ﷺ ئاماژەی بۆ کرد کە بەردەوام بێت . فەرمووی: لە پاڵ (ابوبکر)دا دامنیشێنن ، لای دەستی چەپی (ابوبکر)ەوە دایانیشاند ، (ابوبکر) وەکو پێغەمبەر ﷺ نوێژی بۆ کردن ، خەڵکی گوێیان لە تەکبیرەکانی بوو.[2]

پێش ڕۆژێك

ڕۆژێك پێش وەفاتی پێغەمبەر ﷺ - ڕۆژی یەك شەممە - غولامەکانی ئازاد کرد ، حەوت دیناری هەبوو هەمووی کرد بەخێر ، چەکەکانیشی کرد بەسەدەقە بۆ موسوڵمانان ، لە شەوەکەیدا (عائیشە) زەیتی لە دراوسێکەی خواست بۆ چرا هەڵکردن ، قەڵغانەکەشی بارمتە بوو لای جولەکەیەك بە سێ مشت جۆ.

---

[1] / صحيح البخاري ٥٦/١.
[2] / صحيح البخاري ٩٨/١، ٩٩

دوا ڕۆژەکانی تەمەنی پێغەمبەر ﷺ

(أنس) لە (مالك)ەوە دەگێڕێتەوە:

ڕۆژی دووشەممە لەکاتێکدا کە موسوڵمانان لە نوێژی بەیانیدا بوون – (ابوبکر) پێش نوێژی بۆ دەکردن – لەپڕێکدا پێغەمبەر ﷺ پەردەی ژوورەکەی (عائیشە)ی لادا کە دەیڕوانیە ناو حەرەمی مزگەوت سەیرێکی کردن ، لەکاتێکدا ئەوان نوێژیان دەکرد ، پاشان زەردەخەنەیەکی جوانی بۆ کردن ، ئەبوبەکر هەنگاوی نا بێتە دواوە بۆ ناو ریزی نوێژکەرەکان ، وایزانی پێغەمبەر ﷺ دەیەوێت بێت بۆ نوێژ.

(أنس) دەڵێت: خەریکبوو موسوڵمانان نوێژەکەیان ببڕن لەخۆشی هاتنی پێغەمبەر ﷺ ، بەدەستی پیرۆزی ئیشارەتی کرد کە نوێژەکەتان تەواو بکەن ، ئەنجا پەردەکەی دادایەوەو چووەوە ژوورەوە[1]. دوای ئەوە ئیتر پێغەمبەر ﷺ ئامادەی نوێژی تر نەبوو.

کە خۆری چێشتەنگاو بەرزبوەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ (فاطمة)ی بانگ کردو شتێکی چرپاند بەگوێیدا ، دەستی کرد بەگریان . پاشان بانگی کردەوەو شتێکی تری چرپاندەوە بەگوێیدا ، دەستی کرد بەپێکەنین ، عائیشە دەڵێت: پرسیارمان کرد لەوە – واتە لەدواییدا – (فاطمة) وتی: پێغەمبەر ﷺ چرپاندی بە گوێمداو فەرمووی ، کە لەم نەخۆشیەدا دەمرم ، منیش بەوە گریام ، پاشان چرپاندی بەگوێمداو فەرمووی: کە من دوای خۆی یەکەم کەس دەبم پێی دەگەم ، بەم هەواڵەش دڵخۆش بووم.[2]

هەروەها پێغەمبەر ﷺ مژدەی دا بە (فاطمة) کە خانمی هەموو ژنانی دونیایە[3]. کاتێك کە (فاطمة) ئەو ناڕەحەتی و ئێش و ئازارەی بە پێغەمبەری خواوە بینی ﷺ وتی: ئەی هاوار بۆ باوکم ، پێی فەرموو: فاطمة ، کچم ئیتر لەمەودوا باوکت ئێش و ئازاری نامێنێت.[4]

---

[1] / هەمان سەرچاوە، باب مرض النبي ﷺ ٢/٦٤٠.

[2] / صحیح البخاری ٢/٦٣٨

[3] / هەندێ لە ریوایەتەکان دەڵێن : ئەو گفتوگۆو مژدەدانە لە دوا رۆژەکانی ژیانیدا نەبووە ، بەڵکو لە دوا هەفتەدا بووە ، بڕوانە (رحمة للعالمين) ١/٢٨٢

[4] / صحیح البخاری ٢ ٦٤١

ئەنجا (حسن) و (حسين)ی بانگ کردو ماچی کردن ، وەسیەتی فەرموو ، کە باش بن لەگەڵیاندا ، پاشان هاوسەرەکانی بانگ کردو یادی خودای وەبیر هێنانەوەو ئامۆژگاری کردن.

بەڵام ئێش و ئازار توندبوو زیاتری کرد تائاسەواری ئەو ژەهرە دەرکەوت ، کە لە (خیبر)دا دەرخواردی دراو بوو ، دەیفەرموو: عائیشە" هەتا ئێستا هەست بە تاڵاوی ئەو ژەهرە دەکەم کە لە ڕۆژی خەیبەردا خواردم ، ئێستا دەبینم هەناومی گڕ تێبەرداوە.[1]

ئەنجا ئامۆژگاری کرد بۆ خەڵك و فەرمووی: ئاگاتان لە نوێژەکانتان بێت ، بەزەییتان بێتەوە بە کەنیزەکەکاندا ، ئەمەی چەند جارێك وتەوە.[2]

گیانەڵڵای سەرەمەرگ

ئیتر گیانەڵڵای سەرەمەرگ دەستی پێکرد سەری لەسەر ڕانی عائیشە بوو ، (عائیشە) دەیوت: یەکێك لە نازو نیعمەتەکانی خوا ئەوەبوو کە پێغەمبەر ﷺ لەماڵەکەی من و لە ژووری خۆمداو لەکۆشی خۆمدا وەفاتی کرد ، خوای گەورە هەناسەی ئەوی تێکەڵاو بەهەناسەم کرد لەکاتی وەفاتیدا.

(عبدالرحمن)ی کوڕی (ابوبکر) هاتە ژوورەوە سیواکێکی بەدەستەوە بوو ، من پشتی پێغەمبەرم گرتبوو ﷺ ، بینیم سەیری دەکات ، زانیم کە حەزی لە سیواك کردنە ، وتم: بۆت وەربگرم؟

بەئیشارەتی سەری فەرمووی: بەڵێ.

سیواکم بۆ کرد ، کەمێك زبر بوو وتم: بۆت نەرم بکەمەوە؟

بەسەر ئیشارەتی کردو فەرمووی: بەڵێ.

بۆم نەرم کردەوە. ـ لە ریوایەتێکیشدا هاتووە کە بەجوانترین شێوە سیواکی کرد ـ ، لەبەردەستیدا کوندەیەکی ئاو دانرابوو، دەستی تێدەخست و دەموچاوی پیرۆزی پێ تەڕدەکردو ، دەیفەرموو: (لا أله إلا الله) ئای خوایە کە مردن ساتەوساتی سەختی هەیە – فەرموودەکە –[3].

کە لە سیواك کردنەکەی بوەوە دەستی یان پەنجەی بەرز کردەوە ، چاوی ڕوانیە بنمیچی ماڵەکە ، لێوەکانی دەجولا ، (عائیشە) گوێی بۆ هەڵخست گوێی لێ

---

[1] / هەمان سەرچاوە ٦٣٧.٢

[2] / هەمان سەرچاوە ٦٣٧/٢

[3] / صحيح البخاری، باب مرض النبي ﷺ ٦٤٠/٢

بوو دەیفەرموو: (مع الذين أنعمت عليهم من النبيين والصديقين والشهداء والصالحين ، اللهم اغفر لي ، وارحمني ، والحقني بالرفيق الأعلى)[1].

واتە : خوایە بمخەیتە ڕیزی ئەوانەی نازو نیعمەتت بەسەردا ڕشتن لە پێغەمبەران و شەهیدان و ساڵحان ، خوایە لێم ببورەو ڕەحمم پێ بکە . خوایە بە ڕەفیقی ئەعلا ، خوایە ، ڕەفیقی ئەعلا.

ئەم وتەیەی دوایی سێ جار وتەوە ، دەستی شل بوو گیانی پاك و پیرۆزی سپاردو گەیشت بە ڕەفیقی ئەعلا (إنا لله وإنا إليه راجعون).

ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە لەکاتێکدا ڕووی‌دا کە چێشتەنگاوێکی گەرم بوو ، لە ڕۆژی دووشەممە ١٢ی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ١١ی کۆچی ، تەمەنی پیرۆزی (٦٣) ساڵ و چوار ڕۆژ بوو.

دابارینی خەمەکان بەسەر هاوەڵانیدا

هەواڵی کۆچی پێغەمبەر ﷺ خێرا بڵاوبووەوە ، دونیا لەپێش چاو تاریك بوو ، (انس) دەڵێت: هەرگیز ڕۆژێکم نەدیوە ڕوناکترو جوانتر لەو ڕۆژەی پێغەمبەر ﷺ ی تێدا مرد.[2]

کە وەفاتی کرد (فاطمة) وتی: بابە گیان ، وەڵامی پەروەردگارت دایەوە کە بانگی کردی ، بابە گیان ، جەننەتی فیردەوس جێگاتە ، بابە گیان ، پرسەو سەرەخۆشی بۆ لای جبریل دەبەین[3].

هەڵوێستی عمر

کە عمر هەواڵی وەفاتی پێغەمبەری بیست ﷺ سەرگەردان بوو هۆشی لای خۆی نەما ، هاواری دەکرد: دووڕووەکان دەڵێن پێغەمبەری خوا مردووە ، پێغەمبەری خوا ﷺ نەمردووە بەڵکو چووە بۆ لای پەروەردگاری خۆی ، هەروەکو (موسا)ی کوڕی (عمران) ڕۆشت و بۆ ماوەی چل شەو نەگەڕایەوە ، تا پاش ئەوەی وتیان مرد ئەنجا گەڕایەوە. وەڵڵاهی پێغەمبەریش دەگەڕێتەوە ، ئەوجا دەست و قاچی ئەوانە دەبڕێت کە وتویانە مردووە.

---

[1] / هەمان سەرچاوەو (باب)، دوا گوتەی پێغەمبەر ﷺ، ٢/٦٣٨، ٦٣٢، ٦٤٠، ٦٤١

[2] / (دارمي) ریوایەتی کردووە، (مشكاة المصابيح) ٢/٥٤٧

[3] / صحيح البخاري، باب مرض النبي (ﷺ)، ٢/٦٤١

هەڵوێستی ابوبکر

ابوبکر بەسواری ئەسپەکەی خێرا هاتو دابەزی چووە ناو مزگەوت قسەی لەگەڵ کەسدا نەکرد ، تا چووە ژوورەکەی (عائیشە)و ڕووی کردە تەرمەکەی پێغەمبەر ﷺ کە بەبوردەیەك داپۆشرابوو ، پەردەی لەسەری پیرۆزی هەڵدایەوە ، خۆیدا بەسەریداو ، ماچی کردو دەستی کرد بەگریان ،

پاشان فەرمووی: دایكو بابم بەقوربانت بن ، هەرگیز نابێت تۆ دووجار بمریت ، تەنها جارێکەو ئەوا نۆشیت.

پاشان (ابوبکر) چووە دەرەوە ، هێشتا (عمر) قسەی دەکرد بۆ خەڵك ، ڕووی تێ کردو وتی: عمر دانیشە .

(عمر) دانەنیشت ، ئیتر خەڵك هاتن بەرەو لای (ابوبکر) و (عمر)یان بەجێهێشت ، ئەنجا (ابوبکر) فەرمووی: (أما بعد) هەرکەسێك لە ئێوە موحەممەدی دەپەرست ﷺ ئەوە موحەممەد ﷺ وەفاتی کرد ، هەرکەسێکیش لە ئێوە خودای پەرستووە ، ئەوا خوا زیندووەو هەرگیز نامرێت ، خوای مەزن فەرموویەتی: ﴿ وَمَا مُحَمَّدٌ إِلاَّ رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِيْن مَاتَ أَوْ قُتِلَ انْقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ وَمَنْ يَنْقَلِبْ عَلَى عَقِبَيْهِ فَلَنْ يَضُرَّ اللَّهَ شَيْئًا وَسَيَجْزِي اللَّهُ الشَّاكِرِينَ ﴾ آل عمران/١٤٤.

واتە: (موحەممەد شتێکیتر نیە جگە لە پێغەمبەرێك و پێش ئەمیش چەندین پێغەمبەری تر هەبوون ، ئایا دەکرێت کە مرد یان کوژرا ئێوەش بە ڕوودا هەڵگەڕێنەوە؟ هەرکەسێکیش هەڵگەڕێتەوەو لابدات هیچ زیانێك بەخوا ناگەیەنێت ، خودای مەزنیش پاداشتی سوپاسگوزاران دەداتەوە). (ابن عباس) وتی: وەڵڵاهی وادەهاتە بەرگوێی خەڵك کە ئەم ئایەتە هێشتا نەهاتۆتە خوارەوە ، تا (ابوبکر) خوێندیەوە. ئەنجا خەڵکی لێیان وەرگرت ، هەرچیەکم گوێ لێ دەبوو ئەم ئایەتەی دەوتەوە.

(ابن المسیب) دەڵێت: عمر فەرمووی: وەڵڵاهی هەر ئەوەندە گوێم لەم ئایەتە بوو کە (ابوبکر) خوێندیەوە ، ئیتر قەڵەمی ئەژنۆم شکاو کەوتمە سەر زەوی ، ئیدی زانیم کە پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کردووە.[1]

[1] / صحيح البخاري ٢/٦٤٠، ٦٤١

شۆردن و کفن کردن و
ماڵئاوایی له جەستەی پیرۆزی بەرەو خاك

دوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ پێش ئەوەی کفن و دفنی بکەن لەمەسەلەی جێنشینیدا جیاوازی دروست بوو ، له (سقیفة)ی (بنی ساعدة)دا چەندین گفتوگۆو قسەو باس بەرپابوو لەنێوان کۆچکەران و ئەنساردا. لەکۆتاییدا ڕێککەوتن لەسەر جێنشینایەتی (ابوبکر) ، ئەمە تاکۆتایی ڕۆژی دووشەممە بەردەوام بوو تا شەو داهات و ئاگایان له ئەسپەردەکردنی تەرمی پێغەمبەر ﷺ نەما ، تاکۆتایی شەوی سێ شەممە لەگەڵ سپێدەدا ، جەستەی پیرۆزی لەسەر جێگەکەی خۆی بوو ، بوردەکەی به سەرەوە بوو ، دەرگای لەسەر داخرابوو.

ڕۆژی سێشەممە پێغەمبەریان شۆرد ﷺ بێ ئەوەی جلەکانی لەبەر داکەنن ، (عباس) و (علی) دەیانشۆرد لەگەڵ (فضل) و (قثم) هەردوو کوڕەکەی (عباس) و (شقران)ی غولامەکەی پێغەمبەر ﷺ ، هەروەها (أسامه)ی کوڕی (زید)و (أوس)ی کوڕی (خولی). (عباس) و (فضل) و (قثم) ئەمدیوو و ئەودیویان پێدەکرد. (اسامه) و (شقران)یش ئاویان پێدا دەکرد ، (علی)یش دەیشۆری ، (أوس)یش لەئامێزی گرتبوو.

پاشان کفن پۆشیان کرد له سێ بەرگی سپی خامدا ، نه کراس و نه مێزەری تێدا نەبوو[1]. یەك بەدوای یەك ئاڵاندبوویان له جەستەی پیرۆزی.

سەبارەت بەشوێنی ئەسپەردە کردنەکەشی جیاوازی دروست بوو ، (ابوبکر) وتی: گوێم لێ بوو پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: هەرپێغەمبەرێك لەکوێدا وەفاتی کردبێت لەوێدا نێژرراوە ، ئەنجا (ابو طلحة) جێگەکەی پێغەمبەری ﷺ بەرز کردەوەو ، له شوێنەکەیدا گۆڕیان بۆ هەڵکەندو ، کردیانه گۆڕیچە.

خەڵکی دە کەس دە کەس دەهاتنه ژوورەوە نوێژیان لەسەری دەکرد ﷺ بێ ئەوەی کەس پێش نوێژیان بۆ بکات ، سەرەتا کەسوکاری نوێژیان کرد لەسەری ، پاشان کۆچکەران ، پاشان ئەنسارەکان ، ژنانیش دوای پیاوان نوێژیان کرد لەسەری ، پاشان مێرد منداڵان نوێژیان کرد لەسەری.

---

[1] / متفق علیه، صحیح البخاري ١٦٩/١، صحیح مسلم ٣٠٦/١

ئەوکارە هەموو ڕۆژی سێشەممەی خایاند ، تا شەوی چوارشەممە هات ، (عائیشە) وتی: بە ئەسپەردەکردنی پێغەمبەرمان نەزانی ﷺ تا لە نیوەی شەودا گوێمان لە دەنگی گۆڕ هەڵکەنەکان بوو.[١]

ماڵی پێغەمبەر ﷺ

١. ماڵی پێغەمبەر ﷺ لەمەککەدا پێش کۆچکردن بۆ مەدینە پێکهاتبوو لەخۆی و (خدیجة)ی هاوسەری ، لە تەمەنی بیست‌و پێنج ساڵیدا مارەی کرد ، (خدیجة) لە تەمەنی چل ساڵیدا بوو ، ئەم ئافرەتە یەکەم ژنی پێغەمبەر بوو ﷺ ، ژنی بەسەردا نەهێنا ، چەند کوڕو کچێکی لێ بوو ، کوڕەکان هیچیان نەمان ، کچەکانیش بریتی بوون لە:

(زینب) و (رقیة) و (أم کلثوم) و (فاطمة) ، سەبارەت بە (زینب) لەپێش کۆچدا کوڕی پورەکەی خۆی (ابو العاص)ی کوڕی (ربیع) مارەی کرد. (رقیة) و (ام کلثوم)یش بەدوای یەکدا هاوسەری (عثمان)ی کوڕی (عفان) بوون. (فاطمة)ش (علی) کوڕی (ابو طالب) لەنێوان شەڕی (بەدر) و (ئوحود)دا مارەی کرد . (حسن) و (حسین) و (زینب) و (أم کلثوم) لە (فاطمة)ن.

دیارە کە بۆ پێغەمبەر ﷺ ڕەوا بووە زیاتر لە چوار ژن بهێنێت بۆ چەندین مەبەستی گرنگ. ئەو ژنانەی عەقدی هاوسەرێتی لەگەڵدا بەستوون سیانزە ژن بوون ، نۆیان کە پێغەمبەر ﷺ وەفاتی کرد مابوون . دووانیشیان لە ژیانی خۆیدا وەفاتیان کردووە ، یەکێکیان (خدیجە)یەو ئەویتریشیان دایکی هەژاران (زینب)ی کچی (خزیمە)یە ، دووانیشیانی نەگواستوەتەوە ، ئەمەش ناوی هەموویانە:

٢. (سودة)ی کچی (زمعة) ، پێغەمبەری خوا ﷺ لە (مانگی (شەوال)ی ساڵی ١٠ی پێغەمبەرایەتی)دا مارەی کرد ، پاش وەفاتی خەدیجە بەچەند ڕۆژێك ، (سودة) پێش ئەوەی ببێتە هاوسەری پێغەمبەر ﷺ خێزانی ئامۆزایەکی خۆی بوو بەناوی (سکران)ی کوڕی (عمرو). وەفاتی کرد.

---

[١] / (مختصر سیرة الرسول) نووسینی (شێخ عەبدوڵلای نەجدی ل ٤٧١)، بۆ درێژەی باسی گەیشتنی پێغەمبەر ﷺ بەرەفیقی ئەعلا، بڕوانە: (صحیح البخاری) ، باب مرض النبي ﷺ و چەند (باب)ێکی تری دوایی، لەگەڵ (فتح الباری) و (صحیح مسلم) و (مشکاة المصابیح)ی باب (وفاة النبي ﷺ)، (ابن هشام) ٦٤٩/٢ تا ٦٦٥، هەروەها (تلقیح فهوم اهل الأثر) ل ٣٨و٣٩ هەروەها (رحمة للعالمین) ٢٧٧/١ تا ٢٨٦و دیاری کردنی سەرجەم کاتەکان لەسەرچاوەی دوایین

٣. (عائیشه)ی کچی (ابوبکر)ی (صدیق) ، پێغەمبەری خوا ﷺ لەمانگی (شەوال)ی ساڵی ١١ی پێغەمبەرایەتیدا ، واته یەك ساڵ دوای مارەکردنی (سودە)و ، دوو ساڵو پێنج مانگ پێش کۆچکردن بۆ مەدینه ، له مانگی (شەوال)دا و حەوت مانگ دوای کۆچکردنی بۆ مەدینه ، لەخێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ تەنها عائیشه کچ بوو ، خۆشەویسترین مرۆۋ بوو لەدڵیداو ، ژیرترین ژنی ئوممەتی ئیسلامەو ، بە ڕەهایی زاناترین ئافرەته تا ئێستا هەڵکەوتبێت.

٤. (حفصه)ی کچی (عمر)ی کوڕی (خطاب) ، مێردەکەی لەنێوان جەنگی (بەدر) و (ئوحود)دا وەفاتی کرد ، پێغەمبەر ﷺ له (ساڵی ٣ی کۆچی)دا مارەی کرد.

٥. (زینب)ی کچی (خزیمه) لەخێڵی (بنی هلال)ی کوڕی (عامر)ی کوڕی (صعصعه) ، ناونرا بوو بەدایکی هەژاران ، لەبەر ئەوەی زۆر بەزەیی بەهەژاراندا دەهاتەوە ، هاوسەری (عبدالله)ی کوڕی (جحش) بوو، لەجەنگی (أحد)دا شەهید کرا ، پێغەمبەریش ﷺ له (ساڵی ٤ی کۆچی)دا خواستی ، پاش شووکردنی به پێغەمبەر ﷺ بە دوو مانگ یان سێ مانگ وەفاتی کرد.

٦. (أم سلمة) (هند)ی کچی (أبي امية) ، ژنی (ابو سلمة) بوو ، لەمانگی (جەمادی دووەم)ی ساڵی ٤ی کۆچیدا (ابو سلمه) وەفاتی کرد. له (مانگی (شەوال)ی هەمان ساڵدا پێغەمبەر ﷺ مارەی کرد.

٧. (زینب)ی کچی (جحش)ی کوڕی (رباب)ی خێڵی (بنی أسد)ی کوڕی (خزیمه) ، پورزای پێغەمبەره ﷺ ، له پێشدا خێزانی (زید)ی کوڕی (حارثة) بوو، که لەکاتی سەردەمی جاهیلیدا بە کوڕی موحەممەد ﷺ بانگی لێدەکرا ، تەڵاقیدا ، خوای مەزن ئایەتی نارده خوارەوە گوتار ئاڕاستەی پێغەمبەر ﷺ دەکات ﴿فَلَمّا قَضَى زَيْدٌ مِّنْها وَطَراً زَوَّجْنَاكَها﴾. هەر لەبارەی (زینب)ەوە چەند ئایەتێك دابەزیه خوارەوە ، که مەسەلەی بەکوڕ کردن (تبنی) یەکلادەکاتەوە - پاشتریش باسی دەکەین - ، پاشان پێغەمبەر ﷺ له (مانگی (ذی القعدة)ی ساڵی ٥ی کۆچی‌دا مارەی کرد.

٨. (جویریه)ی کچی (حارث) گەورەی (بنی المصطلق)ی خێڵی (خزاعه) ، لەناو کەنیزەکەکانی (بنی المصطلق)دا بوو کەوته بەر پشکی (ثابت)ی کوڕی (قیس)ی کوڕی (شماس) ، (شماس) عەقدی موکاتەبەی لەگەڵدا بەست ، پێغەمبەر ﷺ پارەی موکاتەبەکەی‌داو له(مانگی (شعبان)ی ساڵی ٦ی کۆچی‌دا مارەی کرد.

٩. (أم حبيبه) (رملة)ی كچی (ابو سفيان) ژنی (عبيدالله)ی كوڕی (جحش) بوو ، لەگەڵیدا كۆچی كرد بۆ حەبەشە لەوێ (عبيدالله) لەئاینی ئیسلام هەڵگەڕایەوەو بوو بەگاورو هەر لەوێش مرد ، بەڵام (أم حبيبه) لەسەر ئاینی خۆی بەدامەزراوی مایەوە. كە پێغەمبەر ﷺ (عمرو)ی كوڕی (امية)ی (ضمری) نارد بەنامەكەیدا بۆ نەجاشی ، لەمانگی (موحەڕەم)ی ساڵی (٧)ی كۆچیدا ، داوای (أم حبيبه)ی كرد بۆ پێغەمبەر ﷺ و نەجاشی لەگەڵ (شرحبيل)ی كوڕی (حسنه)دا ناردیەوە.

١٠.(صفيه)ی كچی (حيی) كوڕی (اخطب) لە (بنو إسرائيل) ، یەكێك بوو لە دیلە ژنەكانی خەیبەرو پێغەمبەر ﷺ هەڵیبژارد ، ئازادی كردو مارەی كرد ، لە دوای فەتحی خەیبەرەوە لە (ساڵی ٧ی كۆچی)دا.

١١.(ميمونة)ی كچی (حارث) خوشكی (أم الفضل) (لبابة)ی كچی (حارث) ، لە (مانگی (ذی القعدة)ی ساڵی٧ی كۆچی)دا لەكاتی عومرەی قەزادا خواستی ، پاش ئەوەی لە ئیحرام بووەوە.

ئەوانە (١١) ژن بوون ، پێغەمبەر ﷺ خواستبووی و هاوسەری بوون و گواستونیەتەوە ، دووانیان لە ژیانی خۆیدا وەفاتیان كردووە (خديجة) و (زينب)ی دایكی هەژاران ، لە ژیانی نۆ ژنەكەی تریدا خۆی وەفاتی كردووە. ئەو دووانەش كە نەیگواستوونەتەوە ، یەكێكیان لە (بنی كلاب) بوو ، ئەوی تریشیان لە (كندة) ئەمەیان ناسراوە بە (جونية) ، ئەم مەسەلەیە ڕاجیاوازیی لەسەرە پێویست بە باسكردن ناكات.

كەنیزەكەكانیشی كە بۆی نێررابوون دووان بوون ، یەكێكیان (مارية)ی (قبطية) بوو كە (مقوقس) بۆی نارد ، لە (ماریە) (ابراهيم)ی بوو ، كە لە منداڵیدا لە شاری مەدینە لە ژیانی خۆیدا ﷺ وەفاتی كرد. لەبەرواری (٢٨ یان ٢٩ی مانگی شەوالی ساڵی ١٠ كۆچی) ـ بەرامبەر بە (٢٧)ی یەنایەری ساڵی ٦٣٢ی زاینی).

كەنیزەكی دووەمیش (رەیحانە)ی كچی (زەید)ی (نضرية) یان (قرظية) بوو ، یەكێك بوو لە كەنیزەكەكانی (بنو قريظة) هەڵیبژارد ، رایەكیش دەڵێت: یەكێك بووە لەو ژنانەی كە ئازادی كردووەو مارەی كرد. (ابن قيم) گوتەی یەكەمی پەسەند كردووە ، (ابو عبيد) دووانی تریشی بۆ زیاد كردووە یەكەم (جميلة) دووەمیشیان كەنیزەكێك بووە (زەینەب) پێی بەخشیوە.[1]

---

[1] / بڕوانە (زاد المعاد) ١/٢٩.

ئەو کەسەی سەیری ژیانی پێغەمبەر ﷺ دەکات ، دەزانێت کە مارەکردنی ئەو ژمارە ژنە لەکۆتایی تەمەنیداو پاش ئەوەی کە سی‌ساڵی تەمەنی گەنجی خۆی لەگەڵ ژنێکدا بەسەر بردووە کە نیمچە پیربووە - (خدیجە) پاشان (سودە) - باش دەزانێت کە ئەو جۆرە ژنهێنانە لەبەر ئارەزووی سێکس و شەهوەت دامرکاندنەوە نەبووە ، بەڵکو کۆمەڵێك هۆی گەورەترو مەزنتر لەئارادا هەبوون ، کە ئامانجی سەرەکی ئەو ژنهێنانە بوون.

خواستنی کچی (ابوبکر) و (عمر) ، هەروەها مارەکردنی (فاطمة)ی کچی خۆی لە (علی) و مارەکردنی (رقیە) و پاشان (ام کلثوم)یش لە (عثمان)ی کوڕی (عفان) ئاماژەیەکی تێدایە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی بەو چوار کەسەوە کە گیانفیدایی و لێبڕانیان بۆ ئیسلام لەکاتی ناڕەحەتیەکاندا ماوە.

نەریتی عەرەب وابوو زۆر ڕێزیان لە ژن‌و ژنخوازی‌و خزمایەتی دەگرت ، خزمایەتی پێگەیەکی گرنگ بوو بۆ نزیکبوونەوە لە تیرەو خێڵە جیاوازەکان ، عەرەب دژایەتی کردنی خزمی بە لەکەیەکی گەورە دەزانی، پێغەمبەر ﷺ بە مارەکردنی ژمارەیەك لە ژنانی (دایکی ئیمانداران) ویستی دوژمنایەتی خێڵەکان بۆ ئیسلام کز بکات‌و ئاگری ڕق و کینەیان بکوژێنێتەوە ، (ام سلمە) لە خێڵی (بنی مخزوم) بوو ، کە تیرەکەی (ابو جهل) و (خالد)ە ، کە پێغەمبەر ﷺ خواستی ئیتر (خالد) ئەو هەڵوێستە توندوتیژەی ڕۆژی (أحد)ی نەما ، ئەوەبوو بەخواست‌و حەزی خۆی هات‌و موسوڵمان بوو، هەروەها (ابو سفیان) پاش شووکردنی کچەکەی بە پێغەمبەر ﷺ ئەو توندوتیژیەی نەما. هەروەها دەبینین (بني المصطلق) و (بني النضير) شەڕ فرۆشتن‌و دوژمنایەتیان نەما کە پێغەمبەر ﷺ (جويرية)و (صفية)ی مارەکرد. بگرە (جويرية) گەورەترین بەرەکەت‌و خێری هەبوو بۆ ڕۆڵەکانی خێڵەکەی‌و خزم‌و خۆیشانی ، چونکە لەگەڵ مارەکردنیدا لەلایەن پێغەمبەرەوە ﷺ هاوەڵانیش سەد بنەماڵەی خزم‌و کەسوکاری (جويرية)یان ئازاد کرد . وتیان چۆن دەبێت خزمانی پێغەمبەر ﷺ کۆیلە بن ، ڕوونیشە ئەو ئازاد کردنە لەسەر ناخ‌و دڵ‌و دەروون چ کاریگەریەکی هەیە.

لەمانەش هەموو زیاتر پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێدرابوو کە دەبێت خەڵکانێك پاك بکاتەوەو هۆشیارو بەئاگا بهێنێتەوە لەبارەی فەرهەنگ‌و ژیارو شارستانی هیچیان نەدەزانی و هیچ بەشداریەکیان نەبوو لە بنیاتنان‌و پشتیوانی کردنی کۆمەڵگادا.

یەکێك لەو بنەما سەرەکیانەی بوونە بەردی بناغەی بنیاتنانی کۆمەڵگای ئیسلامیی ئەوە بوو ، ڕێگەی نەداوە بە پیاوان تێکەڵاو بن لەگەڵ ژناندا ، نەدەکرا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هۆشیار بکرێنەوەو ، ڕەچاوی ئەو بنەمایانەش بکرێت . لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاگا کردنەوەی ئەوان بەئەندازەی پیاوان پێویست بوو ، بگرە زیاتریش بوو.

بۆ ئەو مەبەستە دەبوایە پێغەمبەر ﷺ لە تەمەنی جیاجیا ژن هەڵبژێرێت بۆ ئەنجامدانی ئەو مەبەستەو پەروەردەیەکی پتەوی چاکیان بکاتو فێری ئەحکامەکانی شەریعەتیان بکات ، بە ڕۆشنبیریی ئیسلامیی جۆشیان بدات تا بتوانن ببنە مامۆستا فێرکاری ژنە دەشتەکی و شارنشینەکانو پیرەژنان و کچانی گەنج ، بەم پێیە لەجیاتی پیاوان ئەم ژنانە بەو کارە هەستن.

دایکانی ئیمانداران ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لەگواستنەوەی بارو ڕەوشتی پێغەمبەر ﷺ بۆ خەڵك بەتایبەتی ئەوانەیان کە تەمەنێکی درێژتریان بۆ نوسرا ، وەکو (عائیشە) ، (عائیشە) ژمارەیەکی زۆر لەفەرموودە گوفتاریی و ڕەفتاریەکانی پێغەمبەری باسکردووە ، یەکێك لەو حاڵەتی ژنهێنانەی پێغەمبەر ﷺ پەیوەستە بەنەریتێکی جاهیلی ڕەگو ڕیشەدارەوە ، ئەویش مەسەلەی (تبنی) بە کوڕ کردنە ، لەناو عەرەبدا ئەو کەسەی منداڵێکی بکردایە بەڕۆڵەی خۆی ئەوا ئەو کوڕە هەموو کەسە حەرامکراوەکانی وەکو کوڕێکی ڕاستەقینە لێی حەرام دەکرا. ئەم ڕێسایە لەناو کۆمەڵگاو ناخی تاکەکانی عەرەبدا چەسپاو بوو ، بەشێوەیەك لە ڕەگ دەرهێنانی مەحاڵ بوو ، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەم ڕێسا جاهیلیە دژەوانە بوو لەگەڵ ئەو بنەڕەتو پرنسیپانەدا کە ئیسلام دانی پێدا نابوو لە مەسەلەی هاوسەرێتیی و تەڵاق و میرات و مامەڵەکانی تریدا ، سەرباری ئەوە ئەم ڕێسایە چەندین ئاسەواری خراپ و بەدڕەوشتی لێدەکەوێتەوە ، لەوانەی کە ئیسلام هاتبوو بۆ سڕینەوەیان.

بۆ تێکشکاندنی ئەم ڕێسایە خوای مەزن فەرمانیدا بەپێغەمبەرەکەی ﷺ کە داخوازی (زینب)ی کچی (جحش)ی پورزای بکات ، ئەو کاتە خێزانی (زید) بوو ناکۆکی هەبوو لەنێوانیاندا ، تاگەیشتە ئەوەی زەید ویستی تەڵاقی بدات لەوکاتەدا کە ئەحزاب هاتبوونە سەر مەدینەو موسوڵمانان. پێغەمبەریش ﷺ لەپڕوپاگەندەی دووڕووان و موشریکانو جولەکە دەترساو سڵی دەکردەوە لەو دڵەڕاوکێو گومانو

شتە پڕپوچانەی بڵاویان دەکردەوە دژ بە پێغەمبەر ﷺ ، دەشی زانی ئەمە چەندە کاریگەری هەیە لەسەر دەروونی موسوڵمانە لاوازەکان ، بۆیە حەزی دەکرد (زید) (زینب) تەڵاق نەدات ، تا نەکەوێتە بەردەم ئەو تاقیکردنەوە گەورەیە.

گومانیشی تێدا نی‌یە ئەو دڵەڕاوکێ‌و دوو دڵی‌یە لەگەڵ ئەو ئامانجە سەرەکیەدا ڕێك نەدەکەوت کە پێغەمبەری بۆ نێرراوە ﷺ ، بۆیە خوای مەزن ڕەخنەی لێگرت‌و فەرمووی: ﴿ وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِي أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَاتَّقِ اللَّهَ وَتُخْفِي فِي نَفْسِكَ مَا اللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى النَّاسَ وَاللَّهُ أَحَقُّ أَنْ تَخْشَاهُ ﴾ الأحزاب/٣٧. واتە: (تۆ دەتوت بە (زید) ژنەکەت ڕاگرەو لەخوا بترسە . لەناختدا ئەوەشت حەشار دابوو کە خودا دەری دەخات ، تۆ لەقسەی خەڵك دەترسیت ، لەکاتێکدا کە پێویستە لەخودا بترسیت).

لەکۆتاییدا (زید) تەڵاقی‌دا ، پێغەمبەریش ﷺ لە ڕۆژانی سەپاندنی ئابلۆقەی سەر (بني قريظة)دا مارەی کرد پاش ئەوەی عیددەی بەسەر چوو. خوای مەزن ئەو زەواجەی بەسەردا سەپاندو ، هیچ بوارێکی بۆ نەهێشتەوە کە ڕایەکی تر پەسەند بکات ، تا ئەوەبوو خودای مەزن خۆی ئەوەی ئاشکرا کرد ، ﴿ فَلَمَّا قَضَى زَيْدٌ مِنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَاكَهَا لِكَيْ لاَ يَكُونَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ حَرَجٌ فِي أَزْوَاجِ أَدْعِيَائِهِمْ إِذَا قَضَوْا مِنْهُنَّ وَطَرًا ﴾ الأحزاب/٣٧. واتە: (کە زەید دەستی لە زەینەبی ژنی بووەوەو تەڵاقی‌دا ئێمە ـ خواوەند ـ لەتۆمان مارەکرد تائیماندارانیش تووشی تەنگەتاوی و بێتاقەتی نەبن سەبارەت بە هاوسەری بەکوڕکراوەکانیان ئەگەر هاتوو ویستیان مارەیان بکەن). بۆ ئەوەی ڕێسای (تبنى) بەکرداری بڕوخێنێت هەروەکو بەگوفتار پێشتریش ڕوخاندبووی ﴿ ادْعُوهُمْ لِآبَائِهِمْ هُوَ أَقْسَطُ عِنْدَ اللَّهِ ﴾ الأحزاب/٥. واتە: بەناوی باوکیانەوە (بە کوڕ کراوەکانتان) بانگ بکەن ، چونکە ئەوە دادپەروەرانە ترە لەلای خوا. ﴿ مَا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَا أَحَدٍ مِنْ رِجَالِكُمْ وَلَكِنْ رَسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ ﴾ واتە: (بەڕاستی موحەممەد ﷺ باوکی هیچ یەکێك لەئێوە نەبووە ، بەڵام پێغەمبەری خواو دواییني پێغەمبەرانە).

چەندەها نەریت‌و خوی ڕەگ‌و ڕیشە داکوتاو هەن کە هەرگیز بە وشە ناسڕێتەوە ، بەڵکو پێویستی بەکرداری خاوەنی بانگەوازەکە هەیە ، ئەمەش لەو هەڵوێستەدا دەردەکەوێت کە موسوڵمانان پیشانیاندا لە سوڵحی حودەیبیەدا (عروه)ی کوڕی (مسعود)ی (ثقفي) هەندێك لەو موسوڵمانانەی بینی کە تفی دەمی

پێغەمبەریان دەگرتەوەو ، شەڕیان دەکرد لەسەر ئاوی دەست نوێژی. بەڵێ ، ئەوانە ئەو کەسانە بوون کە پێشبڕکێی چوون بەرەو مەرگیان کرد لەژێر درەختەکەدا. ئەوانە کە هاوچەشنی (ابوبکر) و (عمر)یان تێدا بوو کە ئەوەش هەڵوێستیان بوو ، کەچی دوای تەواو بوونی سوڵحی حودەیبیە کاتێك پێغەمبەر ﷺ فەرمانیدا بەو هاوەڵە گیانبازانە هەریەکەو قوربانی خۆی سەربڕێت کەچی یەك کەسیان هەڵنەستا لەشوێنی خۆیدا. تا پێغەمبەر شپرزە بوو توشی دڵەراوکێ هات ، تا (أم سلمە)ی خێزانی عەرزی کرد تۆ بۆخۆت قوربانیەکەت سەر ببڕە بێئەوەی قسە لەگەڵ کەسدا بکەیت ، وای کرد ، ئەنجا هاوەڵان بەگوێیان کردو خێرا دەستو بردیان کردو قوربانیەکانیان سەربڕی. بەم ڕوداوەدا جیاوازی کاریگەرێتی قسەو کردار دەردەکەوێت لە ڕووخاندنی بیروبڕوا چەسپاوەکاندا.

دووڕووان خوت خوتەی زۆریان وروژاند ، چەندین جۆری پڕوپاگەندەو درۆیان تەنیەوە بۆ ئەم نیکاحە ، هەندێك لەو پڕوپاگەندانە کاریگەریان هەبوو لەسەر دڵی باوەڕ لاوازەکان ، بەتایبەتی کە (زینب) پێنجەم ژنی پێغەمبەر بوو ﷺ ، موسوڵمانەکانیش نەیاندەزانی کە پێغەمبەر ﷺ بۆی هەیە زیاتر لە چوار ژن بهێنێت و، زیدیشیان بە کوڕی پێغەمبەر ﷺ دەزانی و مارەکردنی ژنی بەکوڕکراویش گەورەترین فاحیشە بووە لەکاتی خۆیدا ، خوای گەورە لە سورەتی (الأحزاب)دا بۆ ئارامیی ئاوی دڵ ئایەتی ناردە خوارەوە. ئەنجا هاوەڵان زانیان کە سیستمی تەبەنی هیچ بایەخێکی نیە لە ئیسلامدا ، خوای گەورە دەرفەتی زیاتری داوە بە پێغەمبەر ﷺ کە لەو ژمارەیە زیاتر ژن بهێنێت لەپێناو بەدی هێنانی ئامانجە بەرزو ڕەواکاندا.

پێغەمبەر ﷺ مامەڵەی لەگەڵ هاوسەرەکانیدا لەبەرزترین پلەی ڕێزو شکۆداریی‌و چاکیدا بوو، هەروەکو ژنەکانیشی لە بەرزترین پلەی ڕێزو حورمەت و قەناعەت و ئارامیی و بێفیزیی و خزمەتگوزرایدا بوون ، لەهەستانیاندا بەئەرکی هاوسەرێتی پێغەمبەر ﷺ. لەکاتێکدا کە بەکولەمەرگیەکی وەها دەژیان بەکەس تاقەت نەدەبرا. (انس) دەڵێت: هەرگیز نەمدیوە پێغەمبەر ﷺ نانێکی نەرم‌و ناسك بخوا تا گەیشتەوە بەخوای خۆی ، وە هەرگیز تامی گۆشتێکی مەڕی قەڵەوو بەپێژی نەکردووە[1]. عائیشە دەڵێت: ئێمە لەماڵی پێغەمبەردا ﷺ لەماوەی دوو

---

[1] / صحيح البخاري ٢/٩٥٦.

مانگدا سێجار مانگمان بەشێوەی دەمەداس دەبینی هێشتا لەماڵەکانی پێغەمبەردا ئاگر نەکرابووەوە. ئەنجا (عروة) پرسیاری کرد لە (عائیشە): باشە ئەگەر ماڵتان بەو شێوەیە بوو ئەی بە چی دەژیان؟

عائیشە دەیوت : بە دوو شتە ڕەشەکە دەژیاین " (ئاوو خورما).[١]

لەگەڵ ئەو ژیانی کولە مەرگی و تەنگەتاویەدا جگە لەیەك جار هیچ کاتێك ژنەکان بێتاقەتیان دەر نەبڕیوە ـ ئەوەش وەکو هەستێکی مرۆڤیی حاڵەتێکی ئاسایی بوو ـ بۆ ئەوەش ببێتە هۆیەك بۆ دانانی ئەحکامی نوێ. خوای مەزن ئایەتی ڕا هەڵبژێری بەدوایدا ناردە خوارەوە: ﴿ يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لأَزْوَاجِكَ إِنْ كُنْتُنَّ تُرِدْنَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا وَزِينَتَهَا فَتَعَالَيْنَ أُمَتِّعْكُنَّ وَأُسَرِّحْكُنَّ سَرَاحًا جَمِيلاً ، وَإِنْ كُنْتُنَّ تُرِدْنَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالدَّارَ الآخِرَةَ فَإِنَّ اللَّهَ أَعَدَّ لِلْمُحْسِنَاتِ مِنْكُنَّ أَجْرًا عَظِيمًا ﴾ الأحزاب/٢٩،٢٨.
واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ بڵێ بە هاوسەرانت ئەگەر زینەتو جوانی ماڵی دونیاتان دەوێت وەرن با بتاندەمێ و بەجوانی ئازادتان بکەم ، خۆ ئەگەر خواو پێغەمبەرەکەی و ماڵی ئاخیرەتیشتان دەوێت ئەوا خوای گەورە پاداشتی زۆر گەورەی ئامادە کردووە بۆ چاکەکارانتان). لەبەردەم ئەم دوو هەڵوێستەدا دایکانی ئیمانداران لەبەر زۆر ڕێزی و حورمەتداری خۆیان ، خواو پێغەمبەریان هەڵبژارد ، هیچ کامیان مەیلیان بەلای ماڵی دونیادا نەبوو.

هەروەها لەگەڵ ئەوەدا کە هەوێنی یەکتر بوون چەند حاڵەتێکی کەم نەبێت وەکو پێویستی مرۆڤیی شتێکی وەها نەچوو بە بەینیاندا ، بۆ ئەو شتە بچوکەش خوای مەزن سەرزەنشتی کردن و ئیتر نەگەڕانەوە سەر ئەو حاڵەتە ئەمەش ئەو حاڵەتە بوو کە خوای مەزن لە سورەتی (تحريم)دا باسی کرد ﴿ يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَا أَحَلَّ اللَّهُ لَكَ ﴾ تا کۆتایی ئایەتی پێنجەم.

لەکۆتاییدا بەپێویستی نازانم کە قسەو باس لە مەسەلەی چەند ژنە بکەم ، هەرکەسێك سەیری ژیانی دانیشتوانی ئەوروپا بکات ، ئەوانەی دژی ئەم مەسەلەیە دەوەستن و سەیری ئەو حاڵەتە پڕ لە نەهامەتیەی ئەوان دەکاتو ئەو هەموو ئابڕوو چوونو کارەساتانە دەبینێتو ئەو بەلاو دڵەڕاوکێو لادانەیان دەبینێت پێویستی بە گەڕان و بەڵگەسازی زۆر نابێت ، چونکە ژیانیان ڕاستگۆترین شایەتە لەسەر ڕاستی و ناڕاستی بۆچوونەکانیان.

---

[١] / هەمان سەرچاوەو لاپەڕە

شێوازو ڕەوشتی پێغەمبەر ﷺ

پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ جوانی ڕەوشتیدا ، خوای گەورە جوانی شێوازە پەیکەریشی پێبەخشیبوو ، بەشێوەیەك زمان کۆڵە لە وەسفکردنیدا ، بەبینیی دڵ پڕ دەبوو لە قوڵپی هەنسك. پیاوان خۆیان دەکردە قوربانی ، بەشێوەیەك هیچ پیاوێکی دونیا شتی وای بەخۆوە نەبینیوە ، ئەوانەی لەگەڵیدا بوون تائاستی بۆ توانەوە خۆشیان ویستووە ، باکیان نەبووە لە تیاچوون ، بەمەرجێك نینۆکێکی ئەو ئازاری پێ نەگات. ئەو خۆشەویستیەش بەرەنجامی سەوداسەری ئەو عیشقە پیرۆزە بوو کە لەحاڵەتی ئاساییدا هیچ مرۆڤێك نایگاتێ. لەم چەند باسەشدا ئاماژە بۆ ئەو ریوایەتانە دەکەین کە وەسفی جوانی و تێرو تەواوی پێغەمبەر ﷺ دەکەن .

جوانیی پەیکەرو شێواز

(أم معبد)ی (خزاعیە) لەبارەی پێغەمبەرەوە دەڵێت ـ لەکاتێکدا کە وەسفی دەکات بۆ مێردەکەی لەوکاتەدا کە بەلای خێوەتەکەیدا گوزەراوە: (دەم‌و چاوێکی گەش‌و کراوە ، بە ڕەوشت ، کەڵەگەت ، سەرێکی بچوك ، جوانخاس ، چاوڕەش ، مووی برۆکانی درێژ بوون، دەنگێکی گڕی هەبوو ، گەردنی بەرز بوو، سپێنەی چاوی زۆر بوو ، برژانگی چاوەکانی درێژ بوون ، برۆکانی باریك و درێژبوون و بە یەك گەیشتبوون ، مووەکانی قژی سەری زۆر ڕەش بوون ، کە بێدەنگ دەبوو سام و هەیبەتی هەبوو ، کە قسەی دەکرد گەورەیی و مەزنیی تێدا بەدی دەکرا، کە لە دوورەوە دەهات جوانترین و بەڕەونەقترین بەژن و باڵای هەبوو ، کە نزیك دەکەوتەوە زۆر جوان خاس و ڕەفتارشیرین بوو، گوتەی جوان بوو ، ڕێزدار بوو ، میانەڕەو بوو ، وتە شیرینەکانی وەکو دانەی تەزبیح دەهۆنیەوەو ڕێکی دەخستن ، باڵای مامناوەندی بوو ، لەبەرچاو ئەوەندە کورتە باڵا نەبوو بچوك دەربکەوێت ئەوەندەش بەرزەباڵا نەبوو درێژ دەربکەوێت ، لەنێوان دوو لقی درەختێکدا ناوەنجیەکەیان بوو ، لە هەر سێ لقەکە قەشەنگ تر بوو ، لە هەموویان شکۆدارتر بوو ، چەند کەسێکی هاوەڵی دڵسۆزی لەگەڵدا بوو چوار دەوریان دابوو ، کە قسەی دەکرد هاوەڵەکانی بەوریاییەوە گوێیان لێدەگرت ، کە فەرمانی دەدا خێرا جێبەجێیان دەکرد ، لەلایەن هاوەڵانیەوە گەورەو بەگوێکراوو دەور قەرەباڵغ بوو ، گرژو مۆن نەبوو ، بەرامبەرەکەی نەدەشکاندو تەریقی نەدەکردەوە)[1] .

---

[1] / زاد المعاد ٢/٥٤

(علی) کوڕی (أبو طالب)یش وەسفی پێغەمبەر دەکات ﷺ و دەڵێت: (درێژێکی ناقۆڵا نەبوو ، کورتە بالایەکی گرگن نەبوو ، ناوەندی ناو هاوڕێکانی بوو ، قژی لول و ئاڵۆسکاو نەبوو ، هەروەها خاویش نەبوو ، دەموچاو ئاوساوو ، پیر دیار نەبوو ، ڕەقەڵەو وشکیش نەبوو ، دەموچاوی خڕ هەڵکەوتبوو ، سپیکەلەو چاوڕەش بوو ، برژانگی پێڵوی چاوەکانی درێژ بوون ، پارچە ئێسقانەکانی لەشی وەکو پارچەی جومگەو شانو ئەژنۆ دەرچوو بوو ، مووی سەرسنگی وورد بوو ، توکن نەبوو ، پەنجەکانی دەستو قاچی قەڵەوو خڕپن بوون ، کە دەڕۆیشت واتدەزانی ئاوی ناو ڕێژگەیەکی لێژە ، کەلای دەکردەوە هەموو جەستەی پیرۆزی وەردەگێڕا ، لەناوشانیدا مۆرکی نبوەت هەڵکەنرا بوو ، خاوەنی بەخشندەترین دەست بوو ، خاوەنی ئازاترین دڵ بوو ، خاوەنی ڕاستگۆترین گفت بوو ، لە هەموو کەس زیاتر بەوەفا بوو بۆ وادەو پەیمان ، لەهەموو کەس نەرمو نیانتر بوو ، لە هەموو کەس خۆشخوانتر بوو ، کەسێك یەکەم جار بینیبایە سامی لێ دەنیشت ، کە مامەڵەشی لەگەڵدا دەکرد خێرا خۆشی دەویست). (علی) دەڵێت: (هەرگیز لەپێش و لەپاش ئەو ، کەسم وەك گەورەیی ئەو مرۆڤە مەزنە نەدیوە ﷺ).[1]

لەریواتێکی تری (علی)دا هاتووە دەڵێت: (پێغەمبەر ﷺ سەری گەورە بوو ، ناوشانی قایم بوو ، مووی سەرسنگی تا سەر ناوکی بەخەتێك درێژ بوون ، کە دەڕۆشت وەکو ئاوی سەر ڕێژگەیەکی لێژ دەڕۆیشت).[2]

(جابر)ی کوڕی (سمرە) دەڵێت: (پێغەمبەر ﷺ دەمی گەورە بوو ، چاوی درێژکۆلە بوو ، کەم گۆشت بوو).[3]

(أبو طفیل)یش دەڵێت: (پێغەمبەر ﷺ پیاوێکی سپیکەلەی گەشی مامناوەندی بوو لە هەموو ڕوویەکەوە).[4]

(أنس)ی کوڕی (مالك) دەڵێت: (پێغەمبەر ﷺ لەپی دەستی گەورە بوو ، پێستی دەموچاوی سوورو سپی بوو، سپیەکی تەواوو ئەسمەری تەواویش نەبوو بەمانا گەنم ڕەنگ بوو ، کە وەفاتی کرد هێشتا مووی سەرو ڕیشی پیرۆزی بیست تاڵە مووی سپی تێنەکەوتبوو).[5]

---

[1] / ابن هشام ١/٤٠١، ٤٠٢
[2] / هەمان سەرچاوەی کۆتایی ١/٤٠١، ٤٠٢
[3] / صحیح مسلم ٢/٢٥٨
[4] / هەمان سەرچاوە
[5] / صحیح البخاري ١/٥٠٢

هەروەها دەڵێت: (چەند تاڵەموویەکی سپی لەریشی پیرۆزیدا دەرکەوتبوو) . لە ریوایەتێکی تریشدا هاتووە کە لەسەری پیرۆزیدا چەند تاڵە موویەکی سپی هەبوو.[١]

(ابو جحیفة)ش دەڵێت: (لە ژێر لێویداو بەشی سەرەوەی چەناگەی پیرۆزی پێغەمبەر ﷺ چەند تاڵە موویەکی سپیم بینی).[٢]

(عبدالله)ی کوڕی (بسر) دەڵێت: (لە سەرو چەناگەی پێغەمبەرەوە ﷺ چەند تاڵە موویەکی سپی تێدا بوو).[٣]

(براء)یش دەڵێت: (نێو شانەکانی بەرفراوان بوو ، قژی سەری دەگەیشتە سەر نەرمەی گوێچکەی ، لەناو بوردەیەکی درێژ دامانەی سوردا بینیم هەرگیز هیچ کەسێکم نەدیوە لەو جوانخاس تر بێت).[٤]

لە سەرەتادا بۆ هاوڕایی کردنی ئەهلی کیتاب قژی بەردەدایەوە ، پاشان پرچی گرتەوە.[٥]

(براء) دەڵێت: (پێغەمبەر ﷺ جوانترین ڕوو ، بەرزترین ڕەوشتی هەبوو).[٦]

هەروەها پرسیاری لێ کرا ئایا ڕاستە ڕووی گەشی پێغەمبەر ﷺ وەك شمشێر بریسکەی دەهات؟ وتی: نەخێر ، بەڵکو وەکو مانگ وەها بوو. لە ریوایەتێکی تردا هاتووە: دەمو چاوی پێغەمبەر ﷺ خڕ هەڵکەوتبوو.[٧]

(ربیع)ی کچی (معوذ) دەڵێ: کە دەتبینی دەتوت ئەمە خۆرەو هەڵهاتووە.[٨]

(جابر)ی کوڕی (سمرە) دەڵێت: لە شەوێکی مانگە شەودا سەیری ڕەنگ‌و ڕووی پێغەمبەرم دەکرد ﷺ لەگەڵ ڕووی مانگدا ، ـ لەو کاتەدا بوردەیەکی سوری بەسەر شانەوە بوو ـ بەلامەوە لە مانگ جوانتر بوو.[٩]

(ابو هریرة)یش دەڵێت: هیچ کەسێکم نەدیتوە لە پێغەمبەر ﷺ جوانتر بێت ، دەتوت ڕۆژ لە دەمو چاویدا درەوشاوەتەوە ، کەسیشم نەدیوە لە ڕۆشتندا لەو

---

[١] / هەمان سەرچاوە . (صحیح مسلم) ٢/٢٥٩.
[٢] /صحیح البخاري ١/٥٠١، ٥٠٢
[٣] / هەمان سەرچاوە، ١/٥٠٢
[٤] / هەمان سەرچاوە
[٥] / (صحیح البخاري) ١/٥٠٣
[٦] / هەمان سەرچاوە ١/٥٠٢ . صحیح مسلم ٢ ٢٥٨
[٧] / صحیح البخاري ١/٥٠٢ . صحیح مسلم ٢/٢٥٩
[٨] / (دارمي) ریوایەتی کردووە ، مشکاة المصابیح ٢/٥١٧
[٩] / (ترمذي لە (شمائل)دا ریوایەتی کردووە ل٢، هەروەها (دارمی) مشکاة المصابیح ٢/٥١٨.

خێراتر بڕوات ، واتدەزانی زەوی لەژێر پێیدا لول دەخوات ، ئێمە زۆرمان لەخۆمان دەکرد ، بەلاّم ئەو باکی نەبوو.[1]

(کعب)ی کوڕی (مالك)یش دەڵێت: کە دڵی خۆشبوایە دەمو چاوی دادەگیرسا ، وەکو پارچەیەکی مانگی تابانی لێدەهات.[2]

جارێکیان لای (عائیشە) بوو جوانـاوی دەرکرد ، ئارەقەی نێوچەوانی دەمو چاوی دەبریسکاندەوە ، منیش (کعب) شیعرێکی (ابی کبیر)ی (الهندلی)م بیرکەوتەوە کە دەڵێت:

وإذا نظرت إلى أسرة وجهه   برقت كبرق العارض المتهلل.[3]

کە (ابوبکر)یش دەیبینی ئەم شیعرەی دەخوێندەوە:

أمين مصطفى بالخير يدعو   كضوء البدر زايله الظلام[4]

(عمر)یش ئەم شیعرەی دەخوێندەوە کە (زهیر) لە بارەی (هرم)ی کوڕی (سنان)ەوە وتبوی:

لو كنت من شيء سوى البشر   كنت المضيء ليلــة البدر

پاشان دەیوت: پێغەمبەریش ﷺ ئاوابوو.[5]

کە پێغەمبەر ﷺ تووڕە دەبوو دەموچاوی سوور دەبووەوە ، وەکو دەنکی هەنار لەسەر ڕوومەتی دەرچووبێت.[6]

(جابر)ی کوڕی (سمرە) دەڵێت: قاچەکانی پێغەمبەر ﷺ گونجاو بوو لەگەڵ جەستەیدا ، تەنها بەزەردەخەنە پێدەکەنی ، کە سەیرت دەکرد ، دەتوت ئەمە کلی لەچاو کردووە کلیشی لەچاودا نەبوو.[7]

(إبن عباس) دەڵێت: دانەکانی پێشەوەی بەینیان هەبوو ، کە دەکەوتە قسەکردن دەتوت نوور لە نێو ددانەکانیەوە دێتە دەرەوە.[8]

گەردنیشی وەك بلوری زیو وەها بوو ، برژانگ درێژ ، ڕیش چڕوپڕ ، نێوچەوان پان و برۆکانی بەیەك گەیشتبوون بێتێکەلاّو بوون ، ئێسکی سەر لوتی بەرز بوو ،

---

[1] / (جامع الترمذي) لەگەڵ شەرحی (تحفة الأحوذي) ٣٠٦/٤، مشكاة المصابيح ٥١٨/٢

[2] / صحيح البخاري ٥٠٢/١

[3] / رحمة للعالمين ١٧٢/٢

[4] / (خلاصة السير) ل٢٠

[5] / (خلاصة السير) ل٢٠

[6] / مشكاة المصابيح ٢٢/١، هەروەها (مشكاة المصابيح) لە (أبواب القدر). (باب ما جاء في التشديد في الخوض في القدر) ٥٣/٢

[7] / (جامع الترمذي) لەگەڵ شەرحی (تحفة الأحوذي) ٣٠٦/٤

[8] / (دارمي) ڕیوایەتی کردووە، مشكاة المصابيح ٥١٨/٢

ڕوومەت سفت و جوان بوو ، لەسەر سنگی پیرۆزیەوە تاڵە مووی وردو باریك بەیەك خەت درێژ بوو بوەوە تاسەر ناوکی ، جگە لەوە مووی تر بەسنگ‌و سکیەوە نەبوو . شان و دەستی تووکاوی بوو، جگە لە سنگ و سکی ، سنگی فراوان بوو ، ئێسکی سەر سنگی درێژ بوو ، قاچەکانی ڕێك‌و بێ گرێ بوون ، بۆشایی ژێر قاچی زۆر بەرزبوو، کە هەڵدەستا گوڕی دەدایە خۆی ، هەنگاوی لەسەر خۆی دەناو لە ڕۆشتندا هێمن بوو.[١]

(أنس) دەڵێت: دەستم نەداوە لە هیچ کوتاڵێکی ئاوریشم ناسکترو نەرمتر بێت لەناو لەپی پێغەمبەر ﷺ ، بۆنی هیچ بۆنێکی خۆشم نەکردووە (لەریوایەتێکی تردا) بۆنی هیچ عەنبەرو مسکێکم نەکردووە لە بۆنی پێغەمبەر ﷺ خۆشتر بێت.[٢]

(ابو جحیفة) دەڵێت: دەستی پێغەمبەرم گرت ﷺ ، خستمە سەر نێوچەوانم ، لە بەفر ساردتر بوو ، لە بۆنی میسك خۆشتر بوو.[٣]

(جابر)ی کوڕی (سمرە) ـ ئەوکاتە منداڵ بوو ـ دەڵێت: دەستی خستە سەر ڕوومەتم هەستم کرد بە ساردی و بۆنی خۆشی دەستی وەك ئەوەی تازە لە جەوەنەی عەتر فرۆشێکەوە دەری هێنابێت.[٤]

(أنس) وتی: جواناوی پێغەمبەر ﷺ وەك مرواری وەها بوو. (أم سلمە) دەڵێت: لە هەموو بۆنێك ، بۆنی خۆشتر بوو.[٥]

(جابر) دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ بەهەر ڕێگەیەکدا بڕۆشتایەو لەدواییدا کەسێکی دیکە بەوێدا بگوزەرایە بەبۆنە خۆشەکەیدا دەیزانی پێغەمبەر ﷺ بەوێدا تێپەڕیوە.[٦]

لەناو دەفەی شانیدا مۆرکی نبوەت بەئەندازەی هێلکەی کۆترێك بەدەستی پەروەردگار هەڵکەنرابوو ، لە ڕەنگی جەستەی بوو . لەسەر شانی چەپیەوە بوو بەخاڵی ورد ورد دیاری کرابوو.[٧]

---

[١] خلاصة السیر ل١٩، ٢٠
[٢] صحیح البخاري ٥٠٢/١ ، صحیح مسلم ٢ ٢٥٧
[٣] / صحیح البخاري ٥٠٢/١
[٤] / صحیح مسلم ٢٥٦/٢
[٥] / هەمان سەرچاوە
[٦] / (دارمی) ریوایەتی کردووە مشکاة المصابیح ٢. ٥١٧
[٧] / صحیح مسلم ٢٥٩،٢، ٢٦٠

تەواویی دڵ و دەروون و بەها ڕەوشتیەکانی

پێغەمبەری خوا ﷺ زمان پاراوو ڕەوانبێژ بوو ، لە شوێنی خۆیدا چاك بێژو سروشت ئاسان و قسە ڕۆشن و کورتو کرمانجو نەستەق بوو ، بێ‌خۆ سەغڵەتکردن ، لەقسەدا کورتبڕو مانابەخشو پەندئامێزو زانای فۆنەتیکەکانی عەرەب بوو ، هەرخێڵێکی بەشێوە ئاخاوتنی خۆی بانگ دەکردو بە لەهجەی خۆی گفتوگۆی لەگەڵدا دەکردن ، بیر تیژیی و سەلیقەی بیابانی تێدا بوو ، وشەو ڕستە جوان و بە ڕەونەقەکانی پشتیوانێکی چاك بوون بۆ ئەو نیگایەی بۆی دەهات.

ئارامیی و دان بەخۆداگرتن و لێبوردن لەکاتی دەسەڵاتداو دان بەخۆداگرتن لەکاتی ناخۆشیدا ئەو ئەدەبە بوو ، کەخوای مەزن فێری کردبوو ، هەموو ژیرمەندو ئارامێکی دونیا هەڵەیەکی بووە ، یان کەوتنێکی بووە ، بەڵام پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ زۆریی ئازارەکانیشیدا ئارام بوو، سەرباری هەموو ئەو جەهالەت و نەفامیە هەردانی بەخۆدا گرتبوو.

(عائیشە) دەڵێت: هەرگیز پێغەمبەر ﷺ دوو هەڵوێستی نەخراوەتە بەردەم و ئاسانەکەی هەڵنەبژاردبێت بەمەرجێك گوناه نەبووبێت ، ئەگەر گوناه بوایە لەهەموو کەس زیاتر دوور دەبوو لێی ، هەرگیز بۆ نەفسی خۆی تووڕە نەبووە مەگەر لەبەر شکاندنی سنوورێکی خوایی تووڕە ببوایەو تۆڵەی بسەندایە،[1] لە هەمووکەس خۆش مەشرەب ترو لە هەموو کەسێك درەنگتر تووڕە دەبوو.

ئەوەندە دەست بەخشندەو خاوەن کەرەم بوو ، کەسی پێنەدەگەیشت ، بەخششێکی وەهای دەدا کە هەرگیز ترسی هەژار کەوتنی نەبێت ، (ابن عباس) دەڵێت: بەخشندەترین کەس بوو، لەمانگی ڕەمەزاندا بەخشندەیەتیەکەی دەگەیشتە چڵەپۆپە ئەوکاتەی (جبریل) دەهاتەلای ، (جبریل) هەموو شەوێکی ڕەمەزان دەهات بۆلای ، قورئانی پێدەوتەوە ، پێغەمبەری خوا ﷺ لەوەشا لە ڕەشەبای خێرا ، دەستی خێراتر بوو بۆ فێرکردن[2] ، (جابر) دەڵێت: داوای هیچ شتێکی لێ نەکراوەو بڵێ: نا.[3]

ئەوەندە ئازاو نەبەردو قارەمان بوو باس ناکرێت ، لە هەموو کەس بەغیرەتتر بوو ، ئامادەی هەڵوێستە قورسەکان بوو ، زیاتر لە جارێك لەکاتی شەڕدا تەنها خۆی

---

[1] / صحيح البخاري ٥٠٣/١

[2] / هەمان سەرچاوە ٥٠٢/١.

[3] / هەمان سەرچاوە ٥٠٢/١.

ماوەتەوەو پاڵەوانان دەوریان چۆڵ کردووە ، هیچ ئازایەك نی‌یە لە دونیادا راکردنێکی نەبێت ، تەنها ئەم نەبێت خوا پاراستویەتی . (علی) دەڵێت: کە زۆرمان بۆ دەهات و دەکەوتینە لەرزەوە پەنامان دەبرد بۆلای پێغەمبەر ﷺ ، کەس نەبوو بەئەندازەی ئەو لە دوژمنەوە نزیك بێت[1]، (انس) دەڵێت: شەوێکیان لە پرێکدا خەڵکی مەدینە بەدەنگێك راچڵەکین ، خەڵك چوون بەرەو ڕووی دەنگەکە ، کە چوون پێغەمبەر ﷺ لەو سەرەوە دەگەڕایەوە ، پێش ئەمان چوو بووە شوێنی دەنگەکە ، بەسەر ئەسپە پشت ڕووتەکەی (ابو طلحة)ەوە بوو ، شمشێرەکەی کردبووە گەردنی و دەیفەرموو: هیچ نەبووە.. هیچ نەبووە.[2]

لە هەمووکەس زیاتر بەشەرمو حەیا بوو ، (ابو سعید)ی (خدری) دەڵێت: لە کچێکی سەرو عوزرشۆری ناوکەژاوە بە شەرمتر بوو، هەرشتێکی پێ‌ناخۆش بوایە بە دەموچاویدا دەردەکەوت[3]. چاوی نەدەبڕیە چاوی کەس ، چاوی دادەخست زۆربەی کات سەیری زەوی دەکرد تا ئاسمان ، زۆربەی سەیرکردنی تێڕامان بوو ، هیچ کەسێك ساتە وەختێکی وەهای لێ نەدەبینی دڵی ئازار بدات ، باسی خراپەی هەرکەسێکی بۆ بهاتایە ناوی نەدەبرد ، بەڵکو دەیفەرموو: ئەرێ ئەوە چی‌یە هەندێك کەس ئاواو ئاوا دەکەن ، باشترین کەس بوو ئەم شیعرەی (فرزدق) بیگرێتەوە:

یغضـــي حيـــاء ويغضـــى من مهـــابته فلا يكلـــم الا حين يبتسم

گورجو گۆڵترین کەسو پاکترین کەسو ڕاستگۆترین کەسو سپاردە ناسترین کەس بوو، رکابەرو ئەو کەسانەی گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکرد دانیان ناوە بەو ڕاستیەدا ، پێش بەپێغەمبەر بوونی ، پێیان دەوت (موحەممەدی دەست پاك) ، لە سەردەمی جاهیلیەتیشدا ناوبژیوانی پێ‌دەکرا. (ترمذي) دەگێڕێتەوە لە (علی) یەوە کە (ابو جهل) جارێکیان وتویەتی بەپێغەمبەر ﷺ: ئێمە ناڵێین تۆ درۆزنیت ، بەڵکو دەڵێین ئەوەی هێناوتە درۆیەو ڕاست نی‌یە. خوای مەزنیش ئایەتی ناردە خوارەوەو فەرمووی: ﴿ فَإِنَّهُمْ لاَ يُكَذِّبُونَكَ وَلَكِنَّ الظَّالِمِينَ بِآيَاتِ اللّهِ يَجْحَدُونَ ﴾[4] الأنعام/٣٣. واتە: (ئەوانە تۆ بەدرۆ ناخەنەوە بەڵکو زاڵمان بەئایاتی خوا نکوڵی دەکەن).

---

[1] / بڕوانە (الشفاء)ی (قاضي عياف) ٨٩/١، بەهەمان شێوە (اصحاب السنن)و (صحاح) گێڕاویانەتەوە.
[2] / صحيح مسلم ٢٥٢/٢، صحيح البخاري ٤٠٧/١
[3] / صحيح البخاري ٥٠٤/١.
[4] / مشكاة المصابيح ٥٢١/٢.

هەروەها (هرقل) پرسیاری کرد لە (ابو سفیان) و وتی: ئایا تۆمەتی درۆتان دەخستە شوێنی پێش ئەوەی ئەم بانگەشەیە بکات ؟

وتی: نەخێر.

پێغەمبەر ﷺ لەهەموو کەسێك زیاتر بێ فیزبوو ، لەخۆ بەزلزانینەوە زۆر بەدوور بوو ، حەزی نەدەکرد وەکو پادشاهان خەڵك لەبەری هەستێت ، سەردانی هەژارانی دەکرد ، لەگەڵ هەژاران دادەنیشت ، بەدەم بانگهێشتی کۆیلەکانەوە دەچوو ، لەناو هاوەڵەکانیدا وەکو یەکێك لەوان دادەنیشت.

(عائیشە) دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ بەدەستی خۆی نەعلەکانی پاکدەکردەوە جلەکانی خۆی دەدوریەوە ، بەدەستی خۆی لە ماڵەکەدا کارەکانی دەکرد ، وەکو هەرکەسێکی ئاسایی جلەکانی خۆی چاك دەکردو شیری دەدۆشی و خۆی خزمەتی خۆی دەکرد.[1]

لە هەموو کەس زیاتر بەوەفا بوو لەگەڵ پەیمانەکانیداو ، زیاتر بوو لە سیلەی رەحمدا ، گەورەتر بوو لە بەزەیی هاتنەوەدا بەخەڵکیدا ، لە هەموو کەس زیاتر خۆشخوان بوو ، لە هەموو کەس زیاتر دوور بوو لە بەدخوییەوە ، دەم پیس و هەرزە گۆو نەفرەتکەر نەبوو ، لە بازاڕدا دەنگی بەرز نەدەکردەوە ، لە پاداشتی خراپەدا چاکەی دەکرد ، لێبوردەو چاوپۆشیکەر بوو ، ڕێگەی نەدەدا کەس لە دوایەوە بڕوات ، لەکاتی خواردن و دانشتندا فیزی نەدەکرد بەسەر خزمەتگوزارو غولامەکانیدا ، هەرکەسێك خزمەتی بکردایە زۆر خزمەتی دەکرد ، هەرگیز بە خزمەتگوزارەکەی نەوتووە ئۆف لە دەستت ، هەرگیز سەرزەنشتی خزمەتگوزارەکەی نەکردووە لەسەر کردن یان نەکردنی کارێك ، حەزی بەدانیشتن بوو لەگەڵ هەژاراندا ، شوێن تەرمەکانیان دەکەوت ، بەچاوی کەمەوە سەیری هیچ نەدارێکی نەدەکرد لەبەر هەژاریی.

لە یەکێك لە سەفەرەکانیدا فەرمانیدا بە سەربڕینی مەڕێك ، پیاوێك وتی: من سەری دەبڕم. یەکێکی تر وتی: من کەوڵی دەکەم. یەکێکی تریش وتی: من لێی دەنێم.

ئەویش فەرمووی: منیش چیلکەو دارتان بۆ کۆدەکەمەوە. وتیان: نەخێر پێغەمبەری خوا ﷺ ئێمە کارەکەی تۆ دەکەین. فەرمووی: دەزانم کە ئێوە کاری من

---

[1] / هەمان سەرچاوە ٢/٥٢٠.

دەكەن ، بەڵام پێم ناخۆشە خۆم لە ئێوە جیا بكەمەوە ، خوای مەزن پێی ناخۆشە یەكێك لەبەندەكانی خۆی لەهاوەڵەكانی جیا بكاتەوە . بۆیە هەستاو دارو چیلكەی كۆكردەوە.[1]

با بزانین (هند)ی كچی (ابی هاله) چۆن وەسفی پێغەمبەرمان بۆ دەكات ﷺ ، (هند) دەڵێت: پێغەمبەر ﷺ هەمیشە لە حاڵەتی خەمێكی قوڵدا بوو ، بیركردنەوەی بەردەوامی هەبوو ، حەوانەوەی نەبوو ، بەپێی پێویست قسەی دەكرد ، بێ دەنگی زۆر بوو ، بە گەرووی كۆتایی بەرستە دەهێنا ، نەك بەئەملاولای دەمی ، كورت و كرمانج قسەی دەكرد ، رستە رستە قسەی دەدوا بێكەمو كورتیو زیادەرەوی ، رەوشت بەرز بوو ، نە رەقو نە شل رەوبوو ، بەهەموو نیعمەتێكی دەزانی ، باكەمیش بوایە ، باسی هیچی بە خراپە نەدەكرد ، بەخراپ باسی هیچ خواردنێكی بەچاكو خراپ نەدەكرد، لەتوورەییدا نەدەمركایەوە تامافی ئەوشتەی وەرنەگرتایە كە بۆی توورە بووە. هەرگیز بۆ نەفسی خۆی تورە نەدەبوو ، كە ئاماژەی دەكرد بەهەموو دەستی ئیشارەتی دەدا ، ئەگەر سەری سوورمابایە لە شتێك ، دەستی ئەم دیوو ئەو دیوو دەكرد ، ئەگەر بێزار بوایە پشتی هەڵدەكرد ، ئەگەر دڵی خۆشبوایە رووی دەكرایەوە ، زۆرترین حاڵەتی پێكەنینی زەردەخەنە بوو.

زمانی دەگرت مەگەر لەشتێك خۆی مەبەستی بوایە ، هۆگری هاوەڵانی بوو ، لێیان جیانەدەبوەوە ، رێزی لەگەورەی هەموو خێڵێك دەگرتو دەیكردەوە بە سەرۆكی خێڵەكەی خۆی ، پێش ئەوەی رووبەرووی هەركەسێك بێتەوە ئاگاداری دەكردەوە.

هەواڵی هاوەڵانی دەپرسی ، هەواڵی كەسانێكی لە كەسانی تر دەپرسی ، ئافەرینی چاكەی دەكرد ، سەرزەنشتی خراپەشی دەكرد ، میانجیگەر بوو ، راجیاواز نەبوو ، ئەوەندە گوێی نەدەخەواند بێزاریی و بێتاقەتی دروست كات ، ئامادەگی بۆ هەموو حاڵەتێك هەبوو ، لە هەقدا كەموكوور نەبوو ، لەوە تێنەدەپەری ، ئەوانەی لێیەوە نزیك بوون باشترین كەسی ناو خەڵك بوون . باشترینیان لای ئەو ئەوانە بوون كە زۆرتر ئامۆژگاری دەكرد ، گەورەترین كەسیان بەلایەوە ئەوەیان بوو كە بەباشترین شێوە بەدەمەوە چوونو پشتیوانی خەڵكیان دەكرد.

[1] / خلاصة السير ل٢٢

هەستان و دانیشتنی بەیادی خواوە بوو ، شوێنی تایبەتی نەبوو بۆ دانیشتن ، بۆ هەر مەجلیسێك بچوایە گەیشتە کوێ لەوێدا دادەنیشت ، هەر بەوەش فەرمانی دەدا ، مافی بەهاونشینانی خۆی دەدا ، تاهیچ یەکێکیان هەست بەوە نەکات کە ڕێزی یەکێکیان دەدا بەسەر یەکێکی تردا ، هەرکەسێك بۆ پێویستیەك بهاتایە خزمەتی ، لەگەڵیدا دەچوو هەتا ئەو بێتاقەت دەبوو دەڕۆیشت. هەر کەسێکیش داوای شتێکی لێ بکردایە بەوتەیەکی جوان یان کارئاسانیەك وەڵامی دەدایەوە، ڕەوشت بەرزی و ڕووخۆشیەکەی بەشی هەموو کەسێکی دەکرد ، بوو بوو بەباوکی خەڵك . لەخزمەتیدا ئەوانیش بووبوونە دۆستو نزیك ، بەتەقواو بوون و ڕێزو قەدریان هەبوو ، مەجلیسی پێغەمبەر ﷺ هەمووی ئارامیی و شەرمو دان بەخۆداگرتن و سپاردەناسی بوو، دەنگی تێدا بەرز نەدەکرایەوە ، زیادەڕەوی تێدا نەدەکرا ، سۆزدارییان لەگەڵ یەکتردا بە لە خواترسان دەکرد ، ڕێزیان لەگەورە دەگرت ، بەزەییان بە بچوکدا دەهاتەوەو ، پێداویستی خەڵکیان دابین دەکردو هۆگریی خەڵکی غەریبەیان دەکرد.

هەمیشە پێغەمبەر ﷺ ڕووخۆش ، ئاسانگیر، دڵنەرم بوو، توندو ڕەق و دەنگە دەنگکەرو هەرزەگۆو ڕەخنەگرو بۆڵە بۆڵکەر نەبوو ، شایەر پیاهەڵدەر نەبوو ، هەرشتێکی بەدڵ نەبوایە پشتگوێی دەخستو لێی نائومێد نەدەبوو ، وازی لە سێ شت هێنا بوو: ریابازی ، زۆر وتن ، خۆخستنە ناو باسی خەڵك. سێ شتی خەڵکیشی واز لێ هێنابوو: باس نەکردنی خراپەی خەڵك ، عەیبە نەوتنی خەڵك. بەدوای عەیبە گەڕانیاندا ، لەشتێکدا قسەی دەکرد کە ئومێدی پاداشتی پێی هەبوایە. کە قسەی دەکرد هاوخوانانی بێدەنگ دەبوون و گوێیان دەگرت ، کە بێدەنگ دەبوو ئەنجا قسەیان دەکرد ، لەحزوریدا شەڕە قسەیان نەدەکرد ، لەخزمەتیدا هەرکەسێك قسەی بکردایە بێدەنگ دەبوون تا لێ دەبوەوە ، قسەیان قسەی یەکەمیانە . بەشتێك پێدەکەنی کە ئەوانیش پێی پێبکەنن ، بەشتێك سەری سوڕدەما کە ئەوانیش وابوونایە ، کەسی غەریبە کە دەهاتو قسەی ڕەقی دەکرد ، ئارامی لەسەر دەگرتو ئازاری نەدەداو دەیفەرموو: ئەگەر کەسێکتان دی پێویستی پێتان هەبوو بۆی جێبەجی بکەن. سوپاسی ئەو کەسەی دەکرد چاکەیەکی لەگەڵدا بکردایە.[1]

[1] / بڕوانە (شفاء) نووسینی (القاضي عیاض) ١/١٢١، ١٢٢، ١٢٤، ١٢٥، ١٢٦ هەروەها بڕوانە (شمائل الترمذي).

(خارجە)ی کوڕی (زید) دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەجلیسدا بەرێزترین کەس بوو، زۆرکەم قسەی دەکرد ، پێویست نەبوایە قسەی نەدەکرد ، هەرکەسێك بەناشیرینی قسەی لەگەڵدا بکردایە تەنها پشتی تێدەکرد ، پێکەنینی تەنها زەردەخەنە بوو ، قسەکانی ڕستە ڕستەو بەپێز بوو ، زیادەڕەوی و کەمو کورتی تێدا نەبوو ، هاوەڵانیشی لە خزمەتیدا تەنها بە زەردەخەنە پێدەکەنین ، وەکو ڕێزدانان و قەدر زانینێك بۆ پێغەمبەر ﷺ .[١]

پێغەمبەر ﷺ سەرجەم سیفاتی مرۆڤی تێروتەواوی تێدا بوو، خودا پەروەردەی کردبوو، باش پەروەردەی کردبوو، تاوەکو وەسفو سەنایەك بانگی دەکاتو دەفەرموێت: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ ﴾ القلم/٤. ئەم سیفەتە جوانانە بوو خەڵکی ئاشوفتەی ئەو زاتە پیرۆزە کردبوو ، لەدڵاندا شیرینی کردبوو ، کردبوویە سەرکردەیەك دڵانی بۆلای خۆی کەمەند کێش دەکرد ، ملهوڕیی خێڵەکەی نەرم کردو وای لێ کردن پۆل پۆل بێنە ناو ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە.

ئەو سیفەتانەش کە باسمان کرد چەند باسێکی کەم بوون لە دیمەنە کامڵ و تێرو تەواوەکانی پێغەمبەر ﷺ ، بەڵام زاتی ئەو حەقیقەتە ئەوە شتێکە بەهیچ دەرك ناکرێت ، کێ دەتوانێت لەناخی کەسێك تێبگات کە لەتەواویدا گەیشتبێتە چڵە پۆپەو ، بە نووری پەروەردگاری ڕۆشن بووبێتەوە ، وای لێ هاتبێت ڕەوشتی ببێتە یەك پارچە قورئان ؟

اللَّهُم صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إبْرَاهِيمَ ، إنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيد .

اللَّهُم بَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ ، كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إبْرَاهِيمَ ، إنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيد .

١٣٩٦/١١/١٣ کۆچی

١٩٧٦/١١/٦ زایینی

صفي الرحمن المباركفوري

زانکۆی سەلەفی (بنارس) / هیندستان

---

[١] / هەمان سەرچاوە ١٠٧/١

سەرچاوەکان

گرنگترین مەرجەعەکان:

(١)إخبار الكرام بأخبار المسجد الحرام، شهاب الدين أحمد بن محمد الأسدي المكى، (١٠٦٦)ى كۆچى، چاپى سەلەفى، بنارس/ هيندستان، ١٣٩٦/ ١٩٧٦ز.

(٢)الأدب المفرد، محمد بن اسماعيل البخاري (٢٥٦ك)، چاپى ئەستەنبوڵ، ١٣٠٤ك.

(٣)الإعلام، خيرالدين الزركلي، چاپى دووەم. قاهيره، ١٩٥٤ز

(٤)البدايه والنهايه، اسماعيل بن كثير الدمشقى، چاپخانەى (السعادة)، ميسر، ١٩٣٢ز.

(٥)بلوغ المرام من أدلة الأحكام، أحمد بن حجر العسقلاني، (٧٧٣ ـ ٧٨٤ك)، چاپخانەى (القيومى)، كانفور/ هيندستان، ١٣٢٣ك.

(٦)تاريخ أرض القرآن، السيد سليمان الندوي، ١٣٧٣ك، معارف، بريس أعظم كده/ هيندستان، ١٩٥٥ز، چاپى چوارەم.

(٧)تاريخ الإسلام، شاه ئەكبەر خان نەجيب ئابادى، كتێبخانەى رەحمەت ديوبەند يۆيى/ هيندستان

(٨)تاريخ الأمم والملوك

(٩)تأريخ عمر بن الخطاب، أبو الفرج عبدالرحمن بن الجوزي.

(١٠) تحفة الأحوذي، أبو العلي عبدالرحمن المباركفورى (١٣٥٣ ك ـ ١٩٣٥ز) ، (جيد برقى برسى) ، دەهلى/ هيندستان ، ١٣٤٦ ـ ١٣٥٣ ك.

(١١) تفسير إبن كثير ، اسماعيل بن كثير الدمشقى.

(١٢) تفهم القرآن، پرۆفيسۆر (أبو الأعلى المودودي) ، مركزى مكتبه جماعت اسلامى/ هيندستان

(١٣) تلقيح مفهوم أهل الأثر، أبو الفرج عبدالرحمن بن الجوزي ، (٥٩٧ك)، (جيد برقى برسى)، دەهلى/ هيندستان

(١٤) جامع الترمذي ، أبو عيسى محمد بن عيسى الترمذي ، (٢٠٩ك ـ ٢٧٩ك)، كتێبخانەى رەشيديه لە دەهلى/ هيندستان.

(١٥) الجهاد في الإسلام، (اوردو)، پرۆفيسۆر (أبو الأعلى المودودى)، اسلامك ببليكشنز لميد لاهور (پاكستان)، چاپى چوارەم، ١٩٦٧ز

(١٦) خلاصة السير، رحب الدين أبو جعفر أحمد بن عبدالله الطبري ٦٧٤ك، (دلى برنئيك برسى دەهلى)، هيندستان، ١٣٤٣ك.

(١٧) رحمة للعالمين، محمد سليمان سلمان المنصورفوري، (١٩٣٠ز)، حنيف/ بكديودلى.

(١٨) رسول اكرم كى سياسى زيندگى، دكتور حميد الله، باريس (سالم كمبينى) ديبنديوبى/ هيندستان/ ١٩٦٣ك.

(١٩) الروض الأنف، أبوالقاسم عبدالرحمن بن عبدالله الهيلي (٥٠٨ ـ ٥٨١ك)، چاپخانەى جمالى، ميسر، ١٣٣٢ك، ١٩١٤ز.

(٢٠) زاد المعاد، شمس الدين ابوعبدالله محمد بن بكر بن أيوب المعروف بابن القيم، (٦٩١ ـ ٧٥١ ك) .

(٢١) سفر التكوين.

(٢٢) سنن ابن ماجة، ابو عبدالله محمد بن يزيد ابن ماجة القزويني (٢٠٩ ـ ٢٧٣ك)
(٢٣) سنن أبي داود، أبو داود سليمان بن الأشعث السجستاني (٢٠٢ ـ ٢٧٥ك)، ج١، چاپخانەی مەجیدی، كانفور/ هیندستان، ١٢٧٥ك، كتێبخانەی رەحیمی (دیوبندیوبی)/ هیندستان
(٢٤) سنن النسائی، ابو عبدالرحمن احمد بن شعیب النسائی (٢١٥ ـ ٣٠٣ك)، كتێبخانەی سەلەفی، لاهور/ پاكستان
(٢٥) السيرة الحلبية، ابن برهان الدين.
(٢٦) السيرة النبوية، ابو محمد عبدالملك بن هشام بن ايوب الحميري (٢١٣ يان ٢١٨ك)، ١٩٥٥ز
(٢٧) شرح شذور الذهب، ابومحمد عبدالله جمال الدين بن يوسف المعروف بابن هشام الأنصاري (٧٠٨ـ٧٦١).
(٢٨) شرح صحيح مسلم، ابوزكريا محيالدين بن شرف النووي (٦٧٦ك)، كتێبخانەی رەشیدیە، دەهلی/ هیندستان، ١٣٧٦ك.
(٢٩) شرح المواهب الدنيه، الزرقاني، نوسخەیەكی كۆنە، سەرەتاكانی داخوراوە.
(٣٠) الشفا بتعريف حقوق المصطفى، القاضي عياض، .چاپخانەی عوسمانی، ئەستەمبوڵ، ١٣١٢ك.
(٣١) صحيح البخاري، محمد بن اسماعيل البخاري (٢٥٦ك)، كتێبخانەی رەحیمی، دیوبند/ الهند، ١٣٨٤ ـ ١٣٨٧ك
(٣٢) صحيح مسلم، مسلم بن الحجاج القشيري، كتێبخانەی رەشیدیە، دەهلی/ هیندستان، ١٣٧٦ك.
(٣٣) صحيفة حبقوق.
(٣٤) صلح الحديبية، محمد بن أحمد باشميل، چاپی دووەم/ دار الفكر، ١٣٩١ك ـ ١٩٧١ز
(٣٥) الطبقات الكبرى، محمد بن سعيد، چاپخانەی بریل/ لیدن، ١٣٢٢ز.
(٣٦) عون المعبود شرح أبي داود، أبو الطيب شمس الحق العظيم آبادي، چاپی یەكەم، هیندستان
(٣٧) غزوة أحد، محمد احمد باشميل، چاپی دووەم.
(٣٨) غزوة بدر الكبرى، محمد أحمد باشميل، چاپی سێیەم، ١٣٧٦ك ـ ١٩٧٦ز
(٣٩) غزوة خيبر، محمد احمد باشميل، چاپی دووەم، دار الفكر، ١٣٩١ك ـ ١٩٧١ز
(٤٠) غزوة بني قريظة، محمد أحمد باشميل، چاپی یەكەم، ١٣٧٦ك ـ ١٩٦٦ز.
(٤١) فتح الباري، احمد بن علي بن حجر العسقلاني (٧٧٣ ـ ٨٥٢ك)
(٤٢) فقه السيرة، محمد الغزالي، دارالكتاب العربي، میسر، چاپی دووەم، ١٣٧٥ك ـ ١٩٥٥ز
(٤٣) في ظلال القرآن، سيد قطب.
(٤٤) القرآن الكريم.
(٤٥) قلب جزيرة العرب، فؤاد حمزة.
(٤٦) ماذا خسر العالم بإنحطاط المسلمين، سەیید ئەبولحەسنی نەدەوی، قاهیرە، ١٣٨١ك ـ ١٩٦١ز.
(٤٧) محاظرات تأريخ الأمم الإسلامية، شيخ موحەممەد خضری بەگ، ١٣٨٢ك
(٤٨) مختصر سيرة الرسول، شيخ الإسلام محمد بن عبدالوهاب التميمي النجدي، (م/ ١٢٠٦)

(٤٩) مختصر سيرة الرسول، الشيخ عبدالله بن محمد النجدي آل الشيخ، (م/ ميسر). ١٢٤٢ك

(٥٠) مدارك التنزيل، تفسير النسفي، النسفي.

(٥١) مرقاة المصابيح، ج٢، الشيخ ابو الحسن عبيدالله الرحماني المباركفوري ، نامي بريس لكنؤ/ هيندستان ، ١٣٧٨ك ـ ١٩٥٨ز.

(٥٢) مروج الذهب ، أبو الحسن علي المسعودي، چاپخانەی (الشرق الإسلاميه)، قاهيره.

(٥٣) المستدرك، ابوعبدالله محمدالحاكم النيسابوري، (دائرة المعارف العثمانية)، حيدر آباد/ هيندستان

(٥٤) مسند احمد، الإمام احمد بن حنبل الشيباني، ٢٦٤ك.

(٥٥) مسند الدارمي، أبو محمد عبدالله بن عبدالرحمن الدارمي، ١٨١ ـ ٢٥٥ك.

(٥٦) مشكاة المصابيح، ولي الدين محمد بن عبيدالله التبريزي، كتێبخانەی رەحیمیه، ديوبنديوبى/ هيندستان

(٥٧) معجم البلدان، ياقوت الحموي.

(٥٨) المواهب الدينية، قسطلاني.

(٥٩) موطأ الإمام مالك، الإمام مالك بن انس الأصبحي (م ١٦٩ك)، كتێبخانەی رەحیمیه، ديوبنديوبى/ هيندستان

(٦٠) وفاء الوفاء، على بن أحمد السمهودى .

فەرهەنگۆکی کتێبەکە

بابەت	لاپەڕە

وتەی بەڕێز شێخ موحەممەد علی حەرەکان ٣
وتەی نووسەر ٧

جێگەوتەی عەرەب و تیرەکانی

شوێنی عەرەب ٩
تیرەکانی عەرەب ١٠
حوکمداریی و میرنشینایەتی لەناو عەرەبدا ١٧
مەلیکی یەمەن ١٨
مەلیکی حیرە ٢١
مەلیکی شام ٢٣
میرنشینی لە حیجازدا ٢٤
فەرمانڕەوایی لە ناوچەکانی تری عەرەب نشیندا ٣١
بارودۆخی سیاسی ٣٢
ئایینەکانی عەرەب ٣٣
بارودۆخی ئایینی ٤٢

چەند دیمەنێك لە کۆمەڵگای عەرەبی

سەردەمی نەفامیی ٤٣
بارودۆخی کۆمەڵایەتی ٤٣
بارودۆخی ئابووری ٤٦
ڕەوشت ٤٧

ڕەچەڵەکی پێغەمبەر ﷺ و بنەماڵەکەی

ڕەچەڵەکی پێغەمبەر ﷺ ٥٠
بنەماڵەی پێغەمبەرێتی ٥١
لە دایك بوون و چل ساڵ پێش پێغەمبەرێتی ٥٨
لە دایك بوون ٥٨
لەناو (بنی سعد)دا ٥٩
بەرەو دایکە بەسۆزەکەی ٦٢
بەرەو لای باپیرە سۆزدارەکەی ٦٢
بۆ ئامێزی مامە بە بەزەییەکەی ٦٣
داوای باران بارینی پێ دەکەن ٦٣
بوحەیرانی ڕاهیب ٦٤
جەنگی فوججار (الفجار) ٦٤
پەیمانی (فضول) ٦٥
ژیانی کوێرەوەری ٦٦

خوازبێنی خەدیجە (ڕەزای خوای لێ بێت) ٦٦
بنیاتنانی کابەو کێشەی ناوبژیوانیەکە ٦٨
ژیننامەیەکی خێرای پێش بوون بە پێغەمبەر ﷺ ٧٠
ئەشکەوتی (حەراو) و سێبەری پێغەمبەرێتی و پەیامی ئاسمان ٧٢
جبریل ﷺ بە نیگاوە دادەبەزێت ٧٣
پچڕانی وەحی ٧٧
جبریل جارێکی تر وەحی دەهێنێتە خوارەوە ٧٧
چەندێك باسێك لە ڕوونکردنەوەی بەشەکانی وەحیدا ٧٨
فەرمانی بانگەوازکردن بۆلای خواوەند ، باسەکانی ٨٠
ڕۆڵ و قۆناغەکانی بانگەواز ٨٣

قۆناغی یەکەم:

جیهـادی بانگـەواز

سێ ساڵ بەسەر بانگـەوازی نهێنیدا

ئەوەی یەکەم ٨٥
نوێژ ٨٧
هەواڵەکە بە سەرجەمیی دەگاتە قورەیش ٨٨

قۆناغـی دووەم:

بانگـەواز بەئاشکـرا

یەکەم فەرمانی .. ئاشکرا کردنی بانگەواز

بانگەواز لەنێو خزماندا ٩٠
لەسەر کێوی سەفا ٩٢
بەدەنگی بەرز گوتنی حەق و دژەکاری موشریکان ٩٣
شاندێکی قورەیش بۆ لای ئەبو تالیب ٩٤
ئەنجوومەنی ڕاوێژکاریی ڕێگە گرتن لە حاجیان بۆ گوێ نەگرتن لە بانگەواز ٩٤
چەند شێوازێکی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی بانگەواز ٩٧
ئەشکەنجەدان ١٠٠
ماڵەکەی ئەرقەم ١٠٨
کۆچی یەکەم بەرەو حەبەشە ١٠٩
داوێکی قورەیش بۆ کۆچکەرانی حەبەشە ١١٢
قورەیش هەڕەشە لە (ابوطالب) دەکات ١١٥
جارێکی تر قورەیش لەبەردەم (ابوطالب)دا ١١٦
بیرۆکەی ستەمکاران بۆ لەناوبردنی پێغەمبەر ﷺ ١١٦
موسوڵمان بوونی (حەمزە) ﷺ ١١٩
موسوڵمان بوونی (عومەر)ی کوڕی (خەطاب) ﷺ ١٢٠
نوێنەری قورەیش لەبەردەم پێغەمبەری خوادا ﷺ ١٢٥

(ئەبو طالب) (بەنی هاشم) و (بەنی عبدالمطلب) کۆ دەکاتەوە ١٢٧
پەیوەندی دابڕینی گشتی ١٢٨
پەیماننامەی ستەم و دەست درێژی ١٢٨
سێ ساڵ لە شیوی (ابو طالب) دا ١٢٩
هەڵوەشاندنەوەی پەڕەی پەیمانەکە ١٣٠
دواین شاندی قورەیش بۆ لای (ابو طالب) ١٣٢

ساڵی ماتەمینی

کۆچی دوایی ئەبو طالب ١٣٤
دوا ماڵئاوایی (خدیجه) ١٣٥
داباڕینی خەمەکان ١٣٦
خوازبێنی (سوده)ی کچی (زمعه) ١٣٧
هۆیەکانی دان بەخۆدا گرتن و دڵ قایم بوون ١٣٧

قۆناغی سێیەم :

بانگەوازی ئیسلام لە دەرەوەی مەککە

پێغەمبەر ﷺ لە (طائف)دا ١٤٧
بانگ کردنی خێڵ و تاکەکان بۆ ئیسلام ١٥٢
ئەو خێڵانەی باسی ئیسلامی بۆ کردن ١٥٢
ئیماندارانی خەڵکی مەککە ١٥٣
شەش شنەبای فێنك لە خاکی (یەثریب)ەوە ١٥٨
خواستنی (عائیشە) لەلایەن پێغەمبەرەوە ﷺ ١٦٠
شەورەوی و بڵند بوونەوە ١٦٠
بەیعەتی عەقەبەی یەکەم ١٦٧
نوێنەری ئیسلام لە مەدینەدا ١٦٨
سەرکەوتنێکی کەم وێنە ١٦٨
بەیعەتی عەقەبەی دووەم ١٧١
{ سەرەتای گفتوگۆو لێکدانەوەی (العباس) بۆ مەترسی بەرپرسیارێتیەکە } ١٧٢
بەندەکانی بەیعەتەکە ١٧٣
جەخت کردنەوە لەسەر مەترسیدارێتی بەیعەتەکە ١٧٤
بەستنی بەیعەتەکە ١٧٥
دوانزە نەقیبەکە ١٧٥
نەقیبەکانی خەزرەج ١٧٥
نەقیبەکانی ئەوس ١٧٦
فێڵبازێك پەیماننامەکە ئاشکرا دەکات ١٧٦
ئامادەگی ئەنسارەکان بۆ لێدانی قورەیش ١٧٧
قورەیش نارەزایی دەردەبڕێت بۆ سەرۆکەکانی (یثرب) ١٧٧

دڵنیا بوونی هەواڵەکە لای قورەیش و ڕاوەدونانی بەیعەتدەران ... ١٧٨
سەرەتاکانی کۆچ ... ١٧٩
لە (دار الندوە) (پەرلەمانی قورەیش) ... ١٨٢
قسەوباسی پەرلەمانی و یەکدەنگی لەسەر بڕیارێکی زاڵمانە بۆ شەهیدکردنی پێغەمبەر ... ١٨٤
کۆچکردنی پێغەمبەر ﷺ ... ١٨٥
گەمارۆدانیماڵەکەی پێغەمبەر ﷺ ... ١٨٦
پێغەمبەر ﷺ ماڵەکەی بەجێ دەهێڵێت ... ١٨٧
لە ماڵەکەوە بۆ ئەشکەوت ... ١٨٨
لەناو ئەشکەوتدا ... ١٨٨
کەوتنەڕێ بەرەو مەدینە ... ١٩٠
دابەزین لە (قباء) ... ١٩٦
چوونە ناو مەدینە ... ١٩٨

ژیان لەناو مەدینەدا

قۆناغی یەکەم:

بارودۆخی ئەو کاتەی مەدینە لەکاتی کۆچکردنەکەدا ... ٢٠١
بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی نوێ ... ٢٠٩
بنیاتنانی مزگەوتی پێغەمبەر ﷺ ... ٢١٠
بە برا کردنی موسوڵمانانەکان ... ٢١١
بەڵگەنامەی هاوپەیمانێتی ئیسلامی ... ٢١٣
کاریگەری هۆ دەروونیەکان لە کۆمەڵگادا ... ٢١٥
پەیماننامەیەك لەگەڵ جولەکەدا ... ٢١٨
بەندەکانی پەیماننامەکە ... ٢١٩
خەباتی خوێناوی شەڕفرۆشتنی قورەیش بە موسوڵمانەکان لەدوای کۆچەوەو
پەیوەندی کردنیان بە (عبدالله)ی کوڕی (ابی) یەوە ... ٢٢٠
ڕاگەیاندنی ڕێگە گرتن لە زیارەتی کابە ... ٢٢١
قورەیش هەڕەشە لە کۆچکەران دەکات ... ٢٢١
مۆڵەتدا بە شەڕکردن ... ٢٢٢
غەزاو سریەکانی پێش بەدر ... ٢٢٤

غەزای گەورەی بەدر

(یەکەم جەنگی یەکلاکەرەوەی ئیسلام)

هۆیەکانی غەزاکە ... ٢٣٢
هێزی سوپای سوپای ئیسلام و دابەشکردنی سەرکردایەتیەکان ... ٢٣٢
سوپای ئیسلام بەرەو بەدر دەجوڵێت ... ٢٣٣
جاردەرێك لە مەککەدا ... ٢٣٤
خەڵکی مەککە خۆیان ساز دەکەن بۆ شەڕ ... ٢٣٤
ژمارەی سوپای مەککە ... ٢٣٤

گیروگرفتی هۆزەکانی (بنی بکر) ٢٣٥
سوپای مەککە دەکەوێتە جووڵە ٢٣٥
کاروانەکە دەرباز دەبێت ٢٣٥
بڕیاردانی سوپای مەککە بەگەڕانەوەو دروست بوونی دووبەرەکی تیایدا ٢٣٦
تەنگاویی هەڵوێستی سوپای ئیسلامی ٢٣٦
ئە نجومەنی ڕاوێژکاریی ٢٣٧
سوپای ئیسلام درێژە بە ڕۆشتنی دەدات ٢٣٨
پێغەمبەر ﷺ هەڵدەستێت بە پرۆسەیەکی دیدەوانی ٢٣٩
بەدەستخستنی گرنگترین زانیاری لەبارەی سوپاکەی مەککەوە ٢٤٠
باران بارین ٢٤١
سوپای ئیسلامیی پێشڕەوی دەکات بۆ گرنگترین خاڵە سەربازیەکان ٢٤١
بنکەی سەرکردایەتی ٢٤١
سازدانی سوپاکەو بەسەربردنی شەو ٢٤٢
سوپای مەککە لە مەیدانی شەڕداو کەوتنەوەی دووبەرەکی لەناویاندا ٢٤٣
هەردوو سوپاکە لە یەکتر دەردەکەوتن ٢٤٥
کاتی سفرو یەکەمین سووتەمەنی جەنگ ٢٤٦
شەڕەشمێر ٢٤٦
شاڵاوی گشتی ٢٤٧
پێغەمبەر ﷺ لە خوا دەپاڕێتەوە ٢٤٨
دابەزینی فریشتەکان ٢٤٨
هێرشی دژەوانە ٢٤٩
ئیبلیس لە گۆڕەپانی جەنگ پاشەکشە دەکات ٢٥٠
شکستی کەمەر شکێن ٢٥١
مانەوەی (ابو جهل) ٢٥١
کوژرانی (ابو جهل) ٢٥١
چەند دیمەنێکی ئیمانیی لەو جەنگەدا ٢٥٣
تەرمەکانی هەردوولا ٢٥٧
مەککە هەواڵی ژێرکەوتنەکەی پێ دەگات ٢٥٨
مەدینە هەواڵی سەرکەوتنی پێدەگات ٢٦٠
سوپاکەی پێغەمبەر ﷺ بەرەو مەدینە بەڕێ دەکەوێت ٢٦١
شاندەکانی پیرۆزبایی ٢٦٢
مەسەلەی دیلەکان ٢٦٣
قورئان لەبارەی شەڕەکەوە دەدوێت ٢٦٥
چالاکی سەربازی لەنێوان بەدرو ئوحوددا ٢٦٧
غەزای (بنی سلیم) لە (کدر)دا ٢٦٨
پیلانێك بۆ تیرۆر کردنی پێغەمبەر ﷺ ٢٦٩
غەزای (بنو قینقاع) ٢٧١

نموونەیەك لە فرتوفێڵی جولەكە ... ٢٧١
بنی قینقاع) پەیمان دەشكێنن ... ٢٧٣
ئابلوقەدان و خۆبەدەستەودان و دەركردن ... ٢٧٥
غەزای قاوت (سویق) ... ٢٧٦
غەزای (ذي أمر) ... ٢٧٧
كوشتنی (كعب)ی كوڕی (أشرف) ... ٢٧٧
غەزای (بحران) ... ٢٨٢
سریەی (زید)ی كوڕی (حارثة) ... ٢٨٢
(غەزای ئوحود) و خۆ ئامادەكردنی قوڕەیش بۆ شەڕی تۆڵەسێن ... ٢٨٤
ژمارەو سەركردایەتی سوپای قوڕەیش ... ٢٨٥
سوپای مەككە دەكەوێتە جوڵە ... ٢٨٥
هەواڵگریەكانی پێغەمبەر ﷺ ... ٢٨٦
خۆئامادە كردنی موسوڵمانان بۆ حاڵەتی ناكاو ... ٢٨٦
سوپای مەككە بەرەو قەڵاكانی مەدینە دەكەوێتە رێ ... ٢٨٦
ئە نجومەنی راوێژكاریی پێكهات بۆ دانانی نەخشەی بەرگریی كردن ... ٢٨٧
بەش بەشكردنی سوپای ئیسلام و دەرچوونی بۆ مەیدانی جەنگ ... ٢٨٨
نمایش كردنی سوپاكە ... ٢٨٩
مانەوە لەنێوان ئوحودو مەدینەدا ... ٢٩٠
یاخی بوونی (عبدالله)ی كوڕی (أبی)و هاوڕێكانی ... ٢٩٠
پاشماوەی سوپای ئیسلام بەرەو ئوحود ... ٢٩٢
نەخشەی بەرگری ... ٢٩٢
پێغەمبەر ﷺ گیانی ئازایەتی دەكا بەبەری سوپاكەیدا ... ٢٩٤
رێكخستنی سوپاكەی مەككە ... ٢٩٤
مانۆڕێكی سیاسیمە لەلایەن قوڕەیشەوە ... ٢٩٥
هەوڵەكانی ژنانی قورەیش لە دڵ گەرم كردندا ... ٢٩٦
یەكەم سووتەمەنی جەنگەگە ... ٢٩٦
گەرم بوونی جەنگ لە دەوری ئالاّ هەڵگرەكەو لەناوبردنی ... ٢٩٧
شەڕ لە شوێنەكانی تردا ... ٢٩٨
كوژرانی شێری خوا (حمزە)ی كوڕی (عبدالمطلب) ... ٢٩٩
بالآدەست بوون بەسەر رەوشەكەدا ... ٣٠٠
لەئامێزی ژنەوە بۆ ناو بریسكەی شمشێرو رم ... ٣٠٠
پشكی تیرهاوێژەكان لە شەڕەكەدا ... ٣٠١
شكست خواردنی سوپای موشریكان ... ٣٠١
هەڵە گەورەكەی تیرهاوێژان ... ٣٠٢
(خالید)ی كوڕی (ولید) هەڵدەستێ بە ئابلوقەدانی سوپای ئیسلامی ... ٣٠٣
هەڵوێستی نەبەردانەی پێغەمبەر ﷺ لە بەردەم ئابلوقەكەدا ... ٣٠٣
پەرتەوازەبوونی موسوڵمانەكان لەمەیدانی شەڕدا ... ٣٠٤

گەرم بوونی شەڕ بەدەوری پێغەمبەردا ﷺ ٣٠٦
ناخۆشترین کات لە ژیانی پێغەمبەردا ﷺ ٣٠٧
سەرەتای کۆبوونەوەی هاوەڵان بەدەوری پێغەمبەر ﷺ ٣١٠
زیادبوونی فشاری موشریکان ٣١١
قارەمانێتی کەم وێنە ٣١٢
بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهید بوونی پێغەمبەر ﷺ و کاریگەریی لەسەر جەنگەکە ٣١٤
پێغەمبەر ﷺ بەردەوامە لە جەنگ و هەڵوێستەکەی وەرگرتەوە ٣١٤
کوژرانی (أبی) کوڕی (خلف) ٣١٥
(طلحة) پێغەمبەر ﷺ هەڵدەستێنێتەوە ٣١٦
دوا هێرشی موشریکان ٣١٦
شێواندنی جەستەی شەهیدەکان ٣١٧
ڕادەی ئامادەیی پاڵەوانە موسوڵمانەکان بۆ شەڕکردن تا کۆتایی جەنگەکە ٣١٧
پاش گەیشتنی پێغەمبەر ﷺ بەلا پاڵی شاخەکە ٣١٨
خۆشحاڵبوونی (أبو سفیان) دوای جەنگەکەو قسەکردنی لەگەڵ عومەردا ٣١٩
بەڵێنی بەیەکگەیشتنەوە لە بەدردا ٣٢٠
دڵنیابوون لە هەڵوێستی موشریکان ٣٢٠
گەڕان بەدوای شەهیدو بریندارەکاندا ٣٢١
کۆکردنەوەی شەهیدەکان و ئەسپەردەکردنیان ٣٢٢
پێغەمبەر ﷺ وەسف و سەنای خوا دەکات و دەپاڕێتەوە ٣٢٤
گەڕانەوە بۆ مەدینەو هەڵوێستی پڕ لە خۆشەویستیو بۆ خوا بوون ٣٢٤
پێغەمبەر ﷺ دەگاتەوە مەدینە ٣٢٦
ژمارەی کوژراوانی هەردوولا ٣٢٦
حاڵەتی نائاسایی لەناو مەدینەدا ٣٢٦
غەزای (حمراء الأسد) ٣٢٧
قورئان لەبارەی جەنگەکەوە دەدوێ ٣٣٢
حیکمەت و وانەکانی جەنگی ئوحود ٣٣٣
سریەو نێرراوەکان نێوان (ئوحود) و (ئەحزاب) ٣٣٤
سریەی (ابو سلمە) ٣٣٥
ناردنی (عبدالله)ی کوڕی (أنیس) ٣٣٥
شاندەکانی (رەجیع) ٣٣٦
کارەساتی بیری (معونە) ٣٣٨
غەزای (بنوالنضیر) ٣٤٠
غەزای نەجد ٣٤٤
غەزای بەدری دووەم ٣٤٦
غەزای دومە الجندل ٣٤٧
غەزای ئەحزاب ٣٤٨
غەزای (بنو قریظة) ٣٦٢

چالاکی سەربازی دوای ئەو جەنگە

کوژرانی (سلام)ی کوڕی (أبی الحقیق) ... ٣٦٩
سریەی (محمد)ی کوڕی (مسلمه) ... ٣٧١
غەزای (بنو لحیان) ... ٣٧٢
بە بەردەوامی ناردنی مەفرەزەو سریەکان ... ٣٧٣
غەزای (بنو المصطلق) یان (مریسیع) ... ٣٧٦
ڕۆڵی دووڕووان پێش غەزای (بني المصطلق)دا ... ٣٧٨
١ـ گوتەی دووڕووان : ﴿ لَئِنْ رَجَعْنَا إِلَى الْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ الْأَعَزُّ مِنْهَا الْأَذَلَّ ﴾ ... ٣٨٢
٢ـ ڕووداوی هەڵبەستنەکە (حادثة الأفك) ... ٣٨٤
ناردنی مەفرەزەو (سریە) دوای غەزای (المریسیع) ... ٣٨٧

ڕووداوی حودەیبیە

هۆی عەمرە کردنی حودیبیە ... ٣٩٠
خۆکۆکردنەوەی موسوڵمانان ... ٣٩٠
موسڵمانان بەرەو مەککە دەجوڵێن ... ٣٩٠
هەوڵدانی قورەیش بۆ ڕێگەگرتن لە موسوڵمان ... ٣٩١
ڕێگە گۆڕین هەوڵی خۆلادان لە شەڕی خوێناوی ... ٣٩١
(بدیل) دەکەوێتە نێوان پێغەمبەر ﷺ و قورەیشەوە ... ٣٩٢
شاندەکانی قورەیش ... ٣٩٣
﴿ هُوَ الَّذِي كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنْكُمْ ﴾ ... ٣٩٤
شاندی (عثمان)ی کوڕی (عفان) بۆلای قورەیش ... ٣٩٥
هەواڵی شەهید کردنی (عثمان)و بەیعەتی رضوان ... ٣٩٥
بەستنی پەیمانی ئاشتبوونەوەو بەندەکانی ... ٣٩٦
گێڕانەوەی (ابی جندل) ... ٣٩٨
قوربانی کردن و سەرتاشین و بۆ خۆکردنەوە لە عومرە ... ٣٩٨
نەگێڕانەوەی ژنانی کۆچکەر ... ٣٩٩
چی لە بەندەکانی پەیماننامەکە هاتە کایەوە ... ٤٠٠
خەمداگرتنی موسوڵمانەکان و گفتوگۆی (عمر) لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ ... ٤٠٢
چارەسەر بوونی قەیرانی ژێر دەستەکان ... ٤٠٣
موسوڵمان بوونی پاڵەوانانی قورەیش ... ٤٠٤

قۆناغی دووەم :

هەنگاوێکی نوێ ... ٤٠٥
نامە نووسین بۆ پادشاو میرەکان ... ٤٠٧
١ـ نامە بۆ (نەجاشی) پادشای (حەبەشە) ... ٤٠٧
٢ـ نامە بۆ (مقوقس) پادشای (مصر) ... ٤١٠
٣ـ نامە بۆ (کیسرا) پادشای (فارسەکان) ... ٤١٢
٤ـ نامە بۆ (قەیسەر) پاشای (ڕۆمەکان) ... ٤١٣

٥ـ نامه بۆ (منذر)ی کوڕی (ساوی) ٤١٧
٦ـ نامه بۆ (هوذة)ی کوڕی (علی) سەرۆکی (یەمامە) ٤١٨
٧ـ نامه بۆ (حارث) کوڕی (أبی شمر)ی (غسانی) گەورەی (دیمەشق) ٤١٩
٨ـ نامه بۆ پادشای (عومان) ٤١٩

چالاکی سەربازیی پاش پەیمانی حودەیبیە

غەزای (غابە) یان غەزای (ذي القرد) ٤٢٣
غەزای (خەیبەر) و (وادی القری) ٤٢٥
هۆی غەزاکە ٤٢٥
دەرچوون بەرەو خەیبەر ٤٢٦
ژمارەی سوپای ئیسلامیی ٤٢٦
پەیوەندی کردنی دووڕووان بە جولەکەوە ٤٢٧
ڕێگەی چوون بەرەو خەیبەر ٤٢٧
چەند ڕووداوێك لە ڕێگەدا ٤٢٨
سوپای ئیسلامیی بەرەو شوراکانی خەیبەر ٤٢٩
خۆسازدان بۆ شەڕو قەڵاکانی خەیبەر ٤٣٠
دەست پێکردنی شەڕو ڕزگار کرتنی قەڵای (ناعم) ٤٣١
ڕزگارکردنی قەڵای (صعب)ی کوڕی (معاذ) ٤٣٢
فەتح کردنی قەڵای (زبیر) ٤٣٣
فەتح کردنی (أبی) ٤٣٤
فەتح کردنی (نزار) ٤٣٤
فەتح کردنی بەشی دووەمی قەڵاکانی خەیبەر ٤٣٥
دانوستان ٤٣٥
کوشتنی (ابن أبی الحقیق) لەسەر پەیمانشکێنی ٤٣٦
دابەشکردنی دەستکەوتەکانی شەڕ ٤٣٧
گەڕانەوەی (جعفر)ی (کوڕی (أبي طالب) و نەشعەریەکان ٤٣٨
مارەکردنی (صفیە) ٤٣٩
باسی مەڕە ژەهراویەکە ٤٣٩
کوژراوانی هەردوولا لە شەڕەکانی خەیبەردا ٤٤٠
فەدەك ٤٤٠
(وادی القری) ٤٤١
تەیماء ٤٤٢
گەڕانەوە بۆ مەدینە ٤٤٢
سریەی (ابان)ی کوڕی (سعید) ٤٤٣

پاشماوەی سریە و غەزاکانی ساڵی حەوتەم

غەزای (ذات الرقاع) ٤٤٤
عومرەی قەزا کردنەوە ٤٤٩

جەنگی (مؤتة) ٤٥٢
هۆی جەنگەکە ٤٥٢
میرەکانی سوپاو ڕاسپاردەی پێغەمبەر ﷺ بۆیان ٤٥٣
ماڵئاوایی کردن لە سوپای ئیسلامیی و گریانی (ابن رواحه) ٤٥٣
بەجوڵە کەوتنی سوپای ئیسلامیی و لە پڕدا کەوتن بەسەر بارێکی ترسناکدا ٤٥٤
ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی (معان) ٤٥٤
سوپای ئیسلام بەرەو لای دوژمن دەجوڵێت ٤٥٥
سەرەتای جەنگ و کوژرانی بەدوای یەکدا هاتنی سەرکردەکان ٤٥٥
ئاڵاکە بەدەستی شمشێرێکی خوداوە ٤٥٦
کۆتایی جەنگەکە ٤٥٧
شەڕی پاشەکشە ٤٥٧
کوژراوانی هەردوولا ٤٥٨
کاریگەری جەنگەکە ٤٥٨
سریەی (ذات السلاسل) ٤٥٩
سریەی (ابی قتاده) بۆ (خضرة) ٤٦٠
غەزای فەتحی مەککە ٤٦١
هۆی غەزاکە ٤٦١
(ابو سفیان) دەچێ بۆ مەدینە بۆ تازەکردنەوەی سوڵحەکە ٤٦٣
خۆ سازدان بۆ غەزاکە و هەوڵی ئاشکرانەکردنی ٤٦٦
سوپای ئیسلامیی بەرەو مەککە دەڕوات ٤٦٨
سوپای ئیسلامیی لە (مرالظهران) دادەبەزێ ٤٦٩
(ابو سفیان) لەبەردەم پێغەمبەری خوادا ﷺ ٤٦٩
سوپای ئیسلامیی (مر الظهران) بەجێدەهێڵێت بەرەو مەککە ٤٧١
قورەیش لەناکاودا بەهاتنی سوپای ئیسلام دەزانێت ٤٧٣
سوپای ئیسلام دەگاتە (ذي طوى) ٤٧٤
سوپای ئیسلام دەڕواتە ناو مەککەوە ٤٧٤
پێغەمبەر ﷺ دەڕواتە مزگەوتی حەرام و لە بت پاکی دەکاتەوە ٤٧٥
پێغەمبەر ﷺ لە کابەدا نوێژ دەکات و لەبەردەم قورەیشدا وتار دەخوێنێتەوە ٤٧٥
﴿ لَاتَثْرِيبَ عَلَيْكُمُ الْيَوْمَ ﴾ ٤٧٦
کلیلی بەیت دەدرێتەوە بە خەڵکەکەی ٤٧٦
(بیلال) لە سەربانی کابەی پیرۆز بانگ دەدات ٤٧٧
نوێژی سەرکەوتن یان نوێژی شوکرانە ٤٧٧
حەڵاڵ کردنی خوێنی چەند پیاوێکی تاوانبار ٤٧٨
موسوڵمان بوونی (صفوان)ی کوڕی (أمیه) و (فضالة)ی کوڕی (عمیر) ٤٧٩
وتارەکەی پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژی دووەمی فەتحدا ٤٨٠
خەمخواردنی ئەنسارییەکان بۆ مانەوەی پێغەمبەر ﷺ لە مەککەدا ٤٨٠
بەیعەت وەرگرتن ٤٨١

مانەوەی لە مەککەداو کارکردنی تێیدا ٤٨٢
سریەو نێرراوەکان ٤٨٣

قۆناغی سێیەم

غەزای حونەین ٤٨٧
کەوتنە ڕێی دوژمن و دابەزینیان لە (أوطاس) ٤٨٧
شارەزایەکی جەنگ ڕای فەرماندەی گشتی پەسەند ناکات ٤٨٧
سیخوڕەکانی دوژمن ٤٨٨
چاودێرەکانی پێغەمبەر ﷺ ٤٨٨
پێغەمبەر ﷺ مەککە بەجێ دەهێڵێت و دەڕوات بۆ (حنین) ٤٨٩
تیرهاوێژان شاڵاوی ناکاو دەهێنن ٤٩٠
گەڕانەوەی موسوڵمانەکان و گەرم بوونەوەی شەڕ ٤٩١
شکستهێنان و ڕووخانی دوژمن ٤٩١
دەستکەوتەکان ٤٩٢
غەزای (طائف) ٤٩٢
دابەشکردنی غەنیمەت لە (جعرانە) ٤٩٥
ئەنسارەکان دەڕۆنە خزمەت پێغەمبەر ٤٩٦
هاتنەوەی وەفدی (هوازن) ٤٩٨
عومرە کردن و گەڕانەوە بۆ مەدینە ٥٠٠
ناردنی سریەکان دوای گەڕانەوە لەغەزای فەتحی مەککە ٥٠١
بڕوادان ٥٠١
سریەکان ٥٠٢
غەزای (تەبوك) لە ڕەجەبی ساڵی (٩)ی کۆچیدا ٥٠٧
هۆی غەزاکە ٥٠٧
هەواڵی خۆسازدانی ڕۆم و (غسان)یەکان ٥٠٨
هەواڵە تایبەتەکان لەبارەی خۆسازدانی ڕۆمەکان و غەسانەوە ٥٠٩
زیاتر بوونی مەترسی و هەڵوێستەکە ٥١٠
پێغەمبەر بڕیارێکی یەکلایی دەدات ٥١٠
ڕاگەیاندنی خۆسازدان بۆ شەڕی ڕۆم ٥١١
موسوڵمانەکان پێشبڕکێ دەکەن لە خۆ ئامادە کردندا ٥١١
سوپای ئیسلام بەرەو تەبوك دەڕوات ٥١٢
سوپای ئیسلام لەناو تەبوکدا ٥١٤
گەڕانەوە بۆ مەدینە ٥١٦
دواکەوتووەکان ٥١٧
ئاسەواری غەزاکە ٥١٩
دابەزینی قورئان لەبارەی ناوەڕۆکی جەنگەکەوە ٥١٩
هەندێ لە ڕووداوە گرنگەکانی ئەو ساڵە ٥٢٠

منتدى اقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com